# دیدی دروست بۆ فەرمووده
# پێگە و کارپێکردنی

[بەرگی یەکەم]

# دیدی دروست بۆ فەرمووده
# پێگە و کارپێکردنی

## بەرگی یەکەم

توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستی
ئینستتیوتی ژیار بۆ پەروەردە و گەشەپێدانی مرۆیی
بەهاوبەشی لەگەڵ زانکۆی هەڵەبجە

**پێداچوونەوە و ئامادەکردنی بۆ چاپ**

**د. دیاری ئەحمەد ئیسماعیل ـ د. بەختیار نەجمەدین شەمسەدین**
**د. حسێن محەمەد ئیبراهیم ـ د. سەردار ڕەشید حەمەساڵح**

**دیدی دروست بۆ فەرمووده**

**پێگە و کارپێکردنی**

**[بەرگی یەکەم]**

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە ( ٧١ )

- نووسینی: کۆمەڵێک توێژەر
- بابەت: ئایینی
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- هەڵەچن: وریا عەلی
- چاپ: یەکەم – ٢٠١٩ – ناوەندی ڕینوێن

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (٨٦٣ )ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

**ناوەرۆك**

پێشەکی ........................................ ١٣

## [تەوەری یەکەم: بنەمادۆزی بابەتەکانی پەیوەست بە فەرموودە]

**هەڵوێستی هاوەڵان لە حوجییەتی سوننەت** ........................................ ٢١

پێگەی سوننەت لە ڕێبازی کۆششکردن (اجتهاد)ی هاوەڵاندا: ........................................ ٢٢

پێگەی سوننەت لە ڕێبازی کۆششکردن (اجتهاد)ی هاوەڵاندا: ........................................ ٢٣

داکۆکیی هاوەڵان لە کارکردن بە سوننەت بە زارەکی: ........................................ ٢٦

کارکردنی هاوەڵان بە سوننەت بە کرداریی: ........................................ ٣٢

لێکۆڵینەوەی هاوەڵان لە فەرموودەکان: ........................................ ٣٧

هاوەڵان و قورئان و سوننەت و عەقڵ: ........................................ ٤٥

کۆتایی ........................................ ٥٣

سەرچاوەکان ........................................ ٥٤

**پەیوەندی ڕوونکاریی نێوان قورئان و فەرموودە** ........................................ ٦٠

پەیوەندی جەختکاریی نێوان قورئان و فەرموودە (السنة المؤكدة للقران) ........................................ ٦٢

زیادە ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردن (بيان التوضيح والتفسير أو التفصيل): ........................................ ٦٥

ئەو فەرموودانەی کە چەند حوکمێك لەخۆدەگرن و لە قورئاندا نین: ........................................ ٧٨

ڕوونکردنەوەی کۆتایهاتنی حوکم (النسخ): ........................................ ٨٣

پەیوەندەی ڕوونکاریی پێچەوانەیی نێوان قورئان و فەرموودە: ........................................ ٨٧

کۆتایی: ........................................ ٨٩

سەرچاوەکان ........................................ ٩٠

**پێگەی فەرمووده لە تەشریعدا** ......................................... ٩٦

فەرمووده چییە؟: ....................................................... ٩٨

پێگەی فەرمووده لە تەشریعدا: .......................................... ٩٨

کۆتایی ...................................................................... ١٢٤

سەرچاوەکان ................................................................ ١٢٥

**گرنگیی ڕیوایەت لە خوێندنەوەی قورئاندا ڕیوایەتی ( حەفص لە عاصیم )ەوە بە نموونە١٢٩**

پاراستنی قورئان: ........................................................... ١٣١

ڕەسمی موصحەف: ......................................................... ١٤٠

کۆتایی ...................................................................... ١٥٨

سەرچاوەکان ................................................................ ١٥٩

**ڕوونکردنەوەی فەرمووده بۆ ئایەتە ناڕوونەکانی قورئان** ......................... ١٦٣

چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ قورئاندا: ............................................. ١٦٥

بوونی قورئان بە بەڵگە ...................................................... ١٦٧

پێکهاتەی قورئان ............................................................ ١٦٧

پێناسەی فەرمووده و بوونی بە بەڵگە و پێگەی فەرمووده ......................... ١٦٩

لە ناو قورئاندا و ئیش و کاری فەرمووده بەرامبەر بە قورئان: ..................... ١٦٩

کاری فەرموودەی پێغەمبەر ................................................... ١٧٧

نموونەی چەند وتەیەك کە لە قورئاندا بە ناڕوونی هاتووە و فەرموودەی پێغەمبەر ڕوونی
کردووەتەوە: ................................................................ ١٨١

کۆتایی ...................................................................... ١٨٥

سەرچاوەکان ................................................................ ١٨٦

**ڕۆڵی زانستی "عِلَل الحدیث" لە پاراستنی سوننەت ........................ ١٨٩**
چەمك و پلەوپایەی زانستی "علل الحدیث" ........................ ١٩٠
جۆرەكانی عیللە: ........................ ١٩٥
ڕێگاكانی ناسینەوەی عیللە: ........................ ١٩٧
ڕۆلی زانستی "علل الحدیث" لە پاراستنی سوننەت ........................ ٢٠٣
كۆتایی ........................ ٢١٣
سەرچاوەكان ........................ ٢١٥

**ڕوونكردنەوەی فەرمووده بۆ ئایەتە ناڕوونەكانی قورئان ........................ ٢١٨**
ئایەتە موتەشابیهەكان و حیكمەتی بوونیان لە قورئاندا ........................ ٢١٩
جیاوازیی نێوان (متشابە) و (مشكل): ........................ ٢٢١
حیكمەت لە بوونی موتەشابیه لە قورئاندا: ........................ ٢٢٥
ئایا دەكرێت واتای ئایەتە موتەشابیهەكان بزانرێت؟ ........................ ٢٢٦
جۆرەكانی ئایەتە موتەشابیهەكان لە قورئاندا: ........................ ٢٢٨
ڕێگەكانی تێگەشتن لە ئایەتە موتەشابیهەكان: ........................ ٢٢٩
ڕۆڵی فەرمووده لە لابردنی ئیشكالی ئایەتەكاندا: ........................ ٢٣٠
ئایا پێغەمبەری خودا هەموو ئایەتەكانی قورئانی تەفسیر كردووە؟ ........................ ٢٣٣
بوارەكانی ڕوونكردنەوەی سوننەت بۆ ئایەتەكان: ........................ ٢٤٠
كۆتایی ........................ ٢٤٧
سەرچاوەكان ........................ ٢٤٨

**ڕۆڵی ڕیوایات لە تێگەیشتنی قورئاندا** ........................................ ٢٥١
(ڕووداوەکانی سیرە وەکو نموونەیەك) ........................................ ٢٥١
قورئانی مەککی: ........................................ ٢٥٤
قورئانی مەدەنی ........................................ ٢٥٨
کۆتایی ........................................ ٢٧٥
سەرچاوەکان ........................................ ٢٧٥

**زانستی (الجرح والتعديل) بەرهەم و لێکەوتەکانی** ........................................ ٢٧٦
زانستی جەرح و تەعدیل، سەرەتا و پوختەیەکی مێژوویی: ........................................ ٢٧٨
مێژووی زانستی جەرح و تەعدیل و دیارترین دامەزرێنەرانی ........................................ ٢٨٠
هۆکاری دەرکەوتنی ئەم زانستە: ........................................ ٢٨١
ڕێبازی زانایانی پێشین لە پیادەکردنی ئەم زانستە: ........................................ ٢٨٢
بەکارهێنانەکانی زانستی جەرح و تەعدیل: ........................................ ٢٨٦
شێوازەکانی خراپ بەکارهێنانی ئەم زانستە: ........................................ ٢٩٠
لێکەوتەکانی زانستی جەرح و تەعدیل: ........................................ ٢٩٧
راجیایی زانایانی سەردەم دەربارەی چۆنیەتی پیادەکردنی جەرح و تەعدیل ........................................ ٣٠١
کۆتایی ........................................ ٣٠٨
سەرچاوەکان ........................................ ٣١١

**ڕێکاری زانستیی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سوننەت** ........................................ ٣١٦
واقیعی ئەمڕۆی فەرموودەکانی پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر): ........................................ ٣١٨
چەند ڕێکارێکی دروست بۆ مامەڵە لەگەڵ فەرموودە کێشە لەسەرەکان: ........................................ ٣٢٤
کۆتایی ........................................ ٣٤٨
سەرچاوەکان ........................................ ٣٤٩

**تێگەیشتنی دروست بۆ فەرمووده لەبەر ڕۆشنایی پۆلێنکردن و زانینی مەبەستەکانی** ... ٣٥٢
بۆچوونی زانایان لەسەر پۆلێنکردنی وتە و کردارەکانی پێغەمبەر : ........ ٣٥٥
بەڵگەی سوننەت لەسەر پۆلێن و جۆراوجۆری وتە و کردارەکانی پێغەمبەر : ........ ٣٥٩
پۆلێنکردنی سوننەتی پێغەمبەر به پێی پێگە و دۆخ و مەبەستەکانی ........ ٣٧٦
تەشریعی گشتی و ناتەشریعی: ........ ٣٧٧
ئەو گوفتار و کردارانەی دەچنە چوارچێوەی تەشریعی تایبەتەوە ........ ٣٨٠
کۆتایی ........ ٣٩٧
سەرچاوەکان ........ ٣٩٨

**ڕووماڵ و خوێندنەوەی هەمەلایەنە وەك میتۆدێکی زانستی بۆ تێگەیشتنی دروستی فەرموودەکان** ........ ٤٠٢
گرنگیدان به فەرموودەکان له ڕووی زمانەوانیەوە ........ ٤٠٣
گرنگیدان به کات و شوێن و هۆکاری هاتنی فەرموودەکان ........ ٤٠٩
مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو فەرموودانەی له ڕوکاردا واتایان نەگونجاو دیاره ........ ٤١٤
کاریگەریی پۆلێنکردنی فەرموودەکان له لێکدانەوەدا ........ ٤١٨
کۆتایی ........ ٤٢١
سەرچاوەکان ........ ٤٢٢

**پێوەرەکانی تێگەیشتن له فەرمووده** ........ ٤٢٦
پێوەره زانستییەکانی زوبانی عەرەبی: ........ ٤٢٧
پێوەره زانستییەکانی بنەما فیقهییەکان: ........ ٤٤٢
پێوەرەکانی زانستی فەرموودەناسیی: ........ ٤٥١
کۆتایی ........ ٤٦٠
سەرچاوەکان ........ ٤٦٢

**چەند تێگەیشتنێکی هەڵە لەبارەی پابەندبوون بە سوننەتەوە** ........................ ٤٦٦
چەند هەڵەیەك لەبارەی سوننەتەوە بەهۆی لاوازیی تێگەیشتنەوە: .................... ٤٨٥
کۆتایی .......................................................... ٥٠٠
سەرچاوەکان ...................................................... ٥٠٢

**ڕۆڵ و گرنگی زانینی هۆکاری هاتنی فەرمووده لە تێگەیشتنی دروست بۆ فەرمووده** ..... ٥٠٦
پێناسەی هۆکاری هاتنی فەرمووده ..................................... ٥٠٨
بنەماکانی تێگەیشتن لە فەرمووده .................................... ٥٠٩
ڕۆڵی زانینی هۆکاری هاتنی فەرمووده لە تێگەیشتنی دروستی فەرمووده ............ ٥١٧
وابەستەکردنی دەقە ڕەهاکان (تقييد المطلق) .............................. ٥٢٠
ڕوونکردنەوەی ناڕوونی (بيان المجمل): .................................. ٥٢٢
وەستان لەسەر ئەو هۆیەی کە بۆتە مایەی تەشریعی حوکمەکە ..................... ٥٢٤
کۆتایی .......................................................... ٥٢٦
سەرچاوەکان ...................................................... ٥٢٨

## [تەوەری دووەم: وەڵامی گومانەکان]

**پێگەی ئافرەت لە دووتوێی چەند دەقێکی شێوێنراودا** ........................ ٥٣٣
فەرموودەی (إِنَّ الْمَرْأَةَ خُلِقَتْ مِنْ ضِلَعٍ، وَإِنَّ أَعْوَجَ شَيْءٍ فِي الضِّلَعِ أَعْلَاه) ............ ٥٤١
فەرموودەی (مَا رَأَيْتُ مِنْ نَاقِصَاتِ عَقْلٍ وَدِينٍ أَذْهَبَ لِلُبِّ الرَّجُلِ الْحَازِمِ مِنْ إِحْدَاكُنَّ): .... ٥٤٦
فەرموودەی (لَوْ كُنْتُ آمِرًا أَحَدًا أَنْ يَسْجُدَ لِغَيْرِ اللَّهِ لَأَمَرْتُ الْمَرْأَةَ أَنْ تَسْجُدَ لِزَوْجِهَا): ..... ٥٥٥
فەرموودەی (يَقْطَعُ الصَّلَاةَ الْمَرْأَةُ وَالْحِمَارُ وَالْكَلْبُ): ........................ ٥٦١
فەرموودەی (إِنَّمَا الشُّؤْمُ فِي ثَلَاثَةٍ: الْمَرْأَةِ وَالْفَرَسِ وَالدَّارِ) .................... ٥٦٩
فەرموودەی (إِنَّ الْمَرْأَةَ تُقْبِلُ فِى صُورَةِ شَيْطَانٍ، وَتُدْبِرُ فِى صُورَةِ شَيْطَانٍ) ............ ٥٧٨
کۆتایی .......................................................... ٥٨٣
سەرچاوەکان ...................................................... ٥٨٦

**مەترسییەکانی نادیدەگرتنی سوننەت لە سەر خودی قورئانی پیرۆز.......................... ٥٩٠**
مەترسییەکانی نادیدەگرتنی ئەصڵی دووەم (سوننەت)....................................... ٥٩٣
حوکمە شەرعی و شوێنەوارەکانی ئەنجامی نادیدەگرتنی سوننەت............................ ٦٣٦
لە ڕوانگەی خودی قورئانی پیرۆزەوە:.................................................... ٦٣٦
شوێنەوار و کاریگەرییە شەرعییەکان کە جێگیر دەبن لە کاتی فەرامۆشکردنی بەڵگەی سوننەت...................................................................................... ٦٤١
کۆتایی.................................................................................... ٦٤٦
سەرچاوەکان............................................................................. ٦٤٨

**گومانی تەنها پابەندبوون بە قورئانی پیرۆز و بەرپەرچدانەوەی لە ڕوانگەیەکی ئیسلامییەوە........................................................................................ ٦٥٦**
گومانی بێپێویستبوونی قورئان بە فەرموودە و زەرەر و زیانەکانی بۆ سەر ئیسلام:.... ٦٥٨
ڕەواندنەوەی ئەم گومانانە لە ڕێگەی قورئان و فەرموودە و عەقڵەوە:................. ٦٦٤
کۆتایی.................................................................................... ٦٨١
سەرچاوەکان............................................................................. ٦٨٤

**گومانەکانی سەر صەحیحی بوخاری و موسلیم لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانەی شیکاری فیقهیە . ٦٩٠**
تەخریجی فەرموودەکە و ڕوونکردنەوەیەکی پێویست و گرنگ دەربارەی وەڵامدانەوەی گومانەکانی سەر فەرموودەی ئوم حەرام و ئوم سولەیم:...................... ٦٩٣
وەڵامی زانایانی شەریعەت سەبارەت بە تانە و گومانەکان:............................ ٧٠١
چەند هەڵوێستەیەك دەربارەی ئەم فەرموودەیە........................................ ٧١٧
کۆتایی.................................................................................... ٧٢٤
سەرچاوەکان............................................................................. ٧٢٦

**دیدی موعتەزیلە بۆ فەرمووده و جێکەوتەکانی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ........ ٧٣٠**
کورتەیەك سەبارەت بە موعتەزیلە و گرنگترین تایبەتمەندییەکانیان ........ ٧٣١
بنەماکانی هزری موعتەزیلە: ........ ٧٣٣
دیدی موعتەزیلە بۆ ژیریی و دەق و فەرمووده بەتایبەتی ........ ٧٣٦
دووەم: دیدی موعتەزیلە بۆ دەق و فەمووده: ........ ٧٤٢
جێکەوتی دیدی ئەوان (موعتەزیلە) لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا: ........ ٧٥٩
کۆتایی ........ ٧٦٣
سەرچاوەکان ........ ٧٦٥

# پێشەکی

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سوپاس و ستایشی بێ سنوور بۆ پەروەردگاری جیهانیان، درووود و میهر و بەخشش بۆ سەر گیانی پاکی پێشەوای مرۆڤایەتی، مامۆستای مەزنی قوتابخانەی ژیان، سەرمەشقی ڕەوشت بەرزی و ئاکارە جوانەکان، لەسەر هاوەڵ و شوێنکەوتووان و هەڵگرانی پەیامەکەی تا ڕۆژی پەسڵان.

لای هەمووان ئاشکرایە کە بەشێکی زۆر لەژیانی پیرۆزی پێغەمبەری ئیسلام سەرچاوەی دووەمی وەرگرتنی ئیسلام و یاسادانانە و جێگە و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە لە گشت ڕوویەکەوە؛ هەر بۆیە خوای گەورە لەچەندین دەقدا جەخت لەسەر گرنگی جێبەجێکردنی سوننەت و فەرمانەکانی دەکاتەوە و هەڕەشە لەسەرپێچی کردن و پشتگوێ خستنیان دەکات.

هەر لەژێر ڕۆشنایی ئەو دەقانەشدایە کە زانایانی ئیسلام گرنگی زۆریان بەم سەرچاوە مەزن و ڕەسەن و بەهادارە داوە و خزمەتی زۆریان پێکردوە و لەپێناو پاراستنی پێگە و پیرۆزییەکەیدا چەندین زانستی شەرعی پەیوەست بەدەرخستنی پیرۆزی فەرموودەکان و پاراستنیان بونیاد ناوە کەسەدەها پێودانگی زانستی لەخۆدەگرێت و مرۆڤ دەتوانێت لەڕێگەیانەوە لە ڕاستی و دروستی ئەو سەرچاوە ڕەسەنەی ئیسلام تەواو دڵنیا بێت و لەپەند و ئامۆژگارییەکانی بەهرەمەند بێت.

لەوانە زانستەکانی پەیوەست بە نووسینەوە و شێواز و مەرجەکانی گێڕانەوە و گەیاندن و وەرگرتن و کارپێکردن و دیاریکردنی ڕێسا وڕێبازەکانی تێگەیشتن و هەڵێنجاندنی حوکم و ڕێکارەکانی گونجاندن لەنێوان فەرموودە جیاوازەکان و دیاری کردنی ڕیزبەندیان لەڕووی کارپێکردنەوە. ئەمانە و دەیەها زانستی تری گەورە و گرنگ کە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەیانەوە بەدڵنیایی تەواوەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم سەرچاوە مەزنەی شەریعەت بکات و لێی تێبگات.

سەرەڕای هەموو ئەمانە کەچی ئێستا خەڵکانێکی بەدبەخت و سەرلێشێواو و نەخوێندەوار وکاڵفام لەژێر پەردەی قورئانیبوون و بڕواداریدا زۆر بەخوێنساردی و نابەبەتییانە دەم لەبابەتی فەرموودە دەکوتن بەکۆمەڵێک پێودانگی زۆر ناشەرعی و نازانستی قسەی لەبارەوە دەکەن، بەبیانووی جۆراو جۆر لەپێگەو

پیرۆزییەکەی کەم دەکەنەوە و ڕەتی دەکەنەوە، هەر بۆ نموونە هەر فەرموودەیەک لەگەڵ عەقڵی کورتبینی ئەوان، یاخود بەناو بنەماکانی مافی مرۆڤ، یاخود هەندێک تیۆر و ئەزموونی زانستی ناجێگیر و نەسەلماو، یاخود مافی یەکسانی نێوان ژن و پیاو نا جۆر ونا تەبا بێت ئەوان فەرموودەکە ڕەت دەکەنەوە و گومانی لەسەر درووست دەکەن و کاری پێ ناکەن، لەکاتێکدا ئەمانە هیچیان پێودانگی شەرعی و پێوەری زانستی نین بۆ بڕیاردان لەسەر وەرگرتن یاخود ڕەتکردنەوەی فەرموودە، ئەو جۆرە هەڵسەنگاندن و بڕیارانە دوورن لەهەموو میتۆدێکی زانستی و بڕواداری و خزمەتێکی بێبەرامبەرە بەدوژمنانی ئیسلام.

ئەم بۆچونەیش جگە لەوەی ناتەبایە لەگەڵ دەیان دەقی قورئان و کۆدەنگی زانایان و بنەما سەرەکییەکانی باوەڕی تاکی موسوڵمان؛ کەلێنێکی گەورەش لەزۆر چەمکی شەرعیدا دروست دەکات کەتا ئێستا ئەو فەرموودانە پڕیان کردونەتەوە، هاوکات زیادە ڕۆییەکی بێ بنەمایە لە بەگەڕخستنی عەقڵ و زاڵکردنی بەسەر نەقڵدا.

لەبەرامبەر ئەم بۆچونەشدا هەندێک جار و لەپەرچەکرداردا خەڵکانێکی دیکە سۆزدارانە زێدەڕۆیی لە پیرۆزکردنی واتای هەموو جۆرە فەرموودەیەک دەکەن، ڕاڤەی ڕواڵەتی و سەرکێڵانە بۆ زۆرێک لە دەقەکانی دەخەنەڕوو، بەبێ ئاوڕدانەوە لە ڕاستی و دروستی فەرموودەکە و تێگەیشتن لە هۆکاری هاتن و گوتنیان و خوێندنەوەی دۆخ و هەلومەرجییان و بەرژەوەندییە باڵاکانی شەریعەت وخەلیقەتکار بەڕووکەشەکەی دەکەن.

بەداخەوە ئەم دوو بۆچونەیش پێکەوە و بەدوو ئاراستەی دژ بەیەک دەرەنجام لەپێگەی فەرموودە کەم دەکەنەوە و پیرۆزییەکانی لەناخی باوەڕداراندا کاڵ دەکەنەوە و ڕاستییەکانیان لەپێش چاو دەشێوێنن. بۆیە ئێمە لە ئینستتیوتی ژیار بۆ پەروەردە و گەشەپێدانی مرۆیی وەک ڕێکخراوێکی ئەکادیمی و زانستی و ژیار دۆست لەسۆنگەی هەستکردنمان بەبەرپرسیارێتی بەرامبەر بەخودا و خەڵک و وەک وەفایەک بۆ ئەو سەروەرە فریادڕەسە و دەمکوتکرنی نەیار و ناحەزانی بەئەرکی سەرشانی خۆمان زانی دەستپێشخەربین لە بەستنی کۆنفرانسێکی زانستی سەبارەت لە فەرموودە بە هاوبەشی لەگەڵ زانکۆی هەڵەبجە، تا بتوانین لەڕێگەی توێژینەوەی زانستیی ڕەسەن و هاوسەنگ و دوور لە لایەنی سۆزداری

و دەمارگیری کوێرانە، یاخود بڕیاری سەرپێی پێشوەختە و نابەبەتییانە مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ ئەم سەرچاوە مەزن وپڕ بەهایەی شەریعەت بکەین و وەڵامی زۆرێک لەو پرسیار و گومانانە بدەینەوە کە لەم ڕووەوە دۆستانی نەزان یاخود دوژمنانی زۆرزان دەیانوروژێنن.

بۆ ئەم مەبەستەیش لیژنەی زانستیی هاوبەشی ڕێکخراو و زانکۆ لە مانگی شەشی ساڵی ٢٠١٧ وردەکاری و ڕێنمایی سازدانی کۆنفرانسەکەیان گەڵاڵەکرد و پرۆشەرێکی زانستییان ڕاگەیاند کە شەش تەوەری سەرەکیی لەخۆگرتبوو لەژێر ناونیشانەکانی: (پێگەی فەرمووده لە تەشریعدا، پێوەرە زانستییەکانی کۆکردنەوەو نوسینەوەی فەرموودە، پێوەرە زانستییەکانی تێگەیشتن و کارپێکردنی فەرموودە، قسەکردن لەسەر پێوەرە زانستی و نازانستییەکانی بڕیاردان لەسەر فەرموودە، خوێندنەوەیەکی زانستییانە بۆ خوێندنگەو کەسایەتی و میتۆد و ئامانجی ڕەخنەگران لە فەرموودە، سەلماندنی فەرموودە وپێگە پیرۆزەکەی لە ڕێی بەڵگە زانستییەکانەوە)، دوابەدوای ڕاگەیاندنی پرۆژەکە و بڵاوکردنەوەی پرۆشەری تایبەت بەکۆنفرانسەکە لە ناوەندە ئەکادیمی و زانستییەکاندا (٨٩) پوختەی توێژینەوە گەیشتە دەستمان و دوای تاووتوێکردنی پوختەکان لە لایەن لیژنەی زانستییەوە (٨٠) پوختە پەسەندکران، دوای وەڵامدانەوەی پوختەکان و دیاریکردنی زیاتر لە (٣) مانگ بۆ نووسینی توێژینەوەکان (٦٠) توێژینەوە گەیشتە دەستی لیژنەکەمان، پاش گرتنە بەری ڕێکارە ئەکادیمی و زانستییەکان بۆ هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکان (٤٤) لەو توێژینەوانە پەسەند کران. دواتر لە ڕۆژانی چوار شەممە و پێنج شەممەی (٢٨ – ٣/٢٩/ ٢٠١٨) کۆنفرانسەکە لە زانکۆی هەڵەبجە سازدرا و لە (٥) دانیشتندا (٢٧) توێژینەوەی هەڵبژاردە پێشکەشکران، کە سوپاس بۆ خودا توانرا بە کۆی توێژینەوەکان و تێچێن و گفتوگۆی ئامادەبووان خزمەتێکی گەورە بە سوننەتی پەیامبەری ئازیزمان (درووودی خودای لەسەر) بکرێت و دەیان بابەتی گرنگی تایبەت بە فەرموودە بە زمانی شیرینی کوردی شەنوکەو بکرێن.

هەرچەندە دەتوانین بڵێین ئەم کۆنفرانسە داهێنانێکی نمونەیی و ناوازەبوو کە بۆ یەکەمجارە لەکوردستان بەم شێوازە زانستییە و بە زمانی کوردی قسە لەسەر ئەم پرسە هەستیارەی شەریعەت بکرێت کەچی ئەوەی جێی سەرنج بوو ئەوە بوو هیچ کام لەو بەناو قورئانییانە یان سەرکێڵ و ڕوکەشبینانە نەیانتوانی بۆ

ساغکردنەوەی بیرۆکە نازانستی و لەرزۆکەکانیان تەنانەت یەک توێژینەوەیش بۆ کۆنفرانسەکە بنووسن بەمەیش ئەو ڕاستییە لای هەمووان ئاشکرابوو کە بۆچوونەکانی ئەوانە زۆر لەوە لاوازتر و کەمترە کە ڕووی کۆنفرانسێکی ئاوها زانستی و ئەکادیمی هەبێت.

لەکۆتاییدا جێی خۆیەتی سوپاسی هەوڵ و ماندووبونی تەواوی ئەو بەڕێزانە بکەین کە هاوکاری سەرخستنی ئەم کۆنفڕانس و پڕۆژە زانستییە بوون بە تایبەتی:

**سەرۆکایەتیی زانکۆی هەڵەبجە و ئەنجومەنی زانکۆ.**

**ئەندامانی لیژنەی زانستی و ئامادەکاری کۆنفڕانس.**

**بەرپرس و ئەندامانی لقی هەڵەبجەی شەهیدی ئینستتیوتی ژیار.**

**سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆلینەوەی فکری کە ئەرکی چاپکردنی تەواوی توێژینەوە پەسەندکراوەکانیان لە دووتوێی کتێبێکی دوو بەرگیدا گرتە ئەستۆ.**

ئـــەم کتێبـــەی لەبەردەســـتدایە تـــەواوی توێژینـــەوەکانن کـــە نێـــردراون بـــۆ کۆنفڕانسەکە و قەبوڵ کراون لەلایەن لیژنەی زانستییەوە، پاش پێداچونـەوەیان و گونجاندنیان لەگەڵ ڕیتم و شـێوازی کتێب لەلایـەن لیژنەیـەکی پسـپۆڕەوە، هـەوڵی تەواو دراوە تایبەتمەندییەکانی توێژەران لەبەرچاوبگیرێت.

تکاکـارین لەقـاپی ڕەحمەتـی پەروەردگـاری باڵادەسـت پاداشـتی خێـری ئەو بەڕێزانە و هەموو ئەوانەیش بداتەوە کەبەشداربوون لەسـەرخسـتنی کۆنفرانسـەکە بەشێوەیەک لە شێوەکان.

**پرۆفیسۆر دکتۆر خالد محمد صالح**

**سەرۆکی ئینستتیوتی ژیار و سەرۆکی لیژنەی زانستیی کۆنفڕانس**

**ڕۆژی چوارشەممە - ٢٠١٩/٣/٦**

**لیژنەی زانستی کۆنفڕانس:**

| | |
|---|---|
| پ. د. خالد محمد صالح | سەرۆک |
| پ. ی. د. بختيار نجم الدين شمس الدين | بڕیاردەر |
| پ. د. عماد محمد كريم | ئەندام |
| پ. ی. د. عثمان محمود سعيد الله | ئەندام |
| پ. ی. د. هاشم إسماعيل إبراهيم | ئەندام |
| پ. ی. د. هاشم عمر أحمد | ئەندام |
| پ. ی. د. كمال محمد أبوبكر | ئەندام |
| پ. ی. د. إبراهيم عبد الرحمن محمد | ئەندام |
| د. عبد الواحد محمد صالح | ئەندام |
| د. عبد الدائم معروف محمد | ئەندام |
| د. رسول حسن رسول | ئەندام |
| د. عارف غفور أحمد | ئەندام |
| د. محمود عبد الله محمود | ئەندام |
| م. ی. صباح رسول محمود | ئەندام |
| م. ی. طارق جبار محمد | ئەندام |

**لیژنەی ئامادەکاری کۆنفڕانس:**

| | |
|---|---|
| پ. ی. د. كامل عزيز عبد الله | سەرۆک |
| م. ی. عدنان نوري أحمد | بڕیاردەر |
| پ. ی. د. نەریمان عبدالله علي | ئەندام |
| د. حسين محمد صالح | ئەندام |
| د. عبد الستار كريم شريف | ئەندام |
| د. ناصح كريم عبدالله | ئەندام |
| د. عمر حمه رشيد | ئەندام |
| د. حسين محمد نوري | ئەندام |
| م. ی. بختيار عبدالله شريف | ئەندام |
| م. ی. ماكوان جميل مصطفى | ئەندام |
| م. ی. نهاد خالد عبد القادر | ئەندام |
| م. زانا عبد الرحمن عبد الله | ئەندام |
| م. نوزاد علي وەسمان | ئەندام |
| مافناس: ڕێبین علي محمد | ئەندام |

# تەوەری یەکەم

# بنەمادۆزی بابەتەکانی پەیوەست بە فەرموودە

# هەڵوێستی هاوەڵان لە حوجییەتی سوننەت

**پ.د. عیماد محەمەد کەریم**
**زانکۆی گەرمیان/ کۆلێجی پەروەردە/**
**بەشی زمانی عەرەبی**

لای هەمووان ئاشکرایە، کە هاوەڵانی پەیامبەری ئازیز (دروودی خوای لەسەر) پێشین و پێشەنگی ئوممەتن، پایەبەرزتر و بهترینن لە پاش ئەو، زانا و شارەزاترن لە شەرع و سەرچاوەکانی، بۆیە جێی خۆیەتی بۆ زانینی پلە و پایەی سوننەت چاو لە ئەوان بکەین و هەڵوێستیان بە ڕێبازی خۆمان بزانین، ئەمەش باشترین ڕێگایە بۆ یەکلاکردنەوەی جیاوازی ڕاکان و بڕینەوەی جەدەل و مشتومڕ لەم بارەیەوە.

## پێگەی سوننەت لە ڕێبازی کۆششکردنی ( اجتهاد ) هاوەڵاندا :

**پێناسەی سوننەت و هاوەڵ:**

**پێناسەی سوننەت:** وشەی (سنه) لە زمانی عەرەبیدا بە واتای (الطريقة والسيرة المستمرة، سواء أكانت حسنة أم سيئة)(١) دێت. واتە: شێواز و ڕێ و ڕەسمی بەردەوام، چاك بێت یان خراپ.

**لە زاراوەشدا:** مەبەستمان پێی هەموو ئەو بابەتانەیە جگە لە قورئان، کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) تەشریعی کردووە بۆ ئوممەتەکەی بە گوفتار و کردار، ئەڵبەتە (إقرار) جێگیرکردن یان دانپیانان بە پێی ئەم پێناسەیە لەگەڵ کرداردا تێکەڵە(٢).

پێناسەی هاوەڵ (الصحابی): لای فەرموودەناسان هەموو موسڵمانێك دەگرێتەوە، کە پێغەمبەری بینیبێت، بەڵام لای زۆرێك لە ئوصولناسان هاوەڵ بەو کەسە دەگوترێت، کە ماوەیەك لە خزمەتی پێغەمبەردا بووبێت، بە شێوەیەك دروست بێت کە پێی بوترێت هاوەڵ، ئەم بۆچوونەش زیاتر لەگەڵ واتای زمانەوانی وشەکەدا گونجاوە، بەڵام پێناسەی یەکەم باوترە و ڕەچاوی گەورەیی پێغەمبەر و سەرڕاستی هاوەڵان دەکات.(٣)

---

١ بڕوانە: لسان العرب (١٣/ ٢٢٦)، تهذيب اللغة (١٢/ ٢١٠).

٢ بڕوانە: قواطع الأدلة (١/ ٣٠)، إرشاد الفحول (١/ ٩٥).

٣ بڕوانە: مقدمة ابن الصلاح (٢٩٣– ٢٩٤).

## پێگەی سوننەت لە ڕێبازی کۆششکردن (اجتهاد)ی هاوەڵاندا:

ئیستقراکردنی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی فەرموودە و فیقهـ بۆمان دەردەخات بە شێوەی موتەواتەر[1] کە سوننەت لە ڕێبازی کۆششکردن (اجتهاد)ی هاوەڵاندا ڕۆڵێکی گرنگ و پێگەیەکی بەرز و بڵندی هەیە، هەر لەبەر ئەوەی بۆ هەڵێنجاندنی حوکمی شەرعی و چارەسەرکردنی کێشەکان شان بە شانی قورئان جێگای بایەخیان بووە، ئەوەتا لە کاتی ڕوودانی هەر کێشەیەك سەرەتا پەنایان بۆ قورئان بردووە، ئەگەر بەڵگەیان دەست بکەوتایە، کاریان پێدەکرد، بەڵام لە کاتی نەبوونی بەڵگەی قورئانیی هانایان بۆ سوننەت دەبرد، ئەگەر بەڵگەیان لە سوننەتیش دەست نەکەوتایە، ئەو کات ئیجتیهادیان پەیڕەو دەکرد، ئەم ڕێبازە بوو بە جێگای کۆدەنگی هەموو زانایانی پاش هاوەڵان بە شێوەیەکی کردەیی.

وێڕای کارپێکردنی زانایانی پێشین و پاشین (السلف والخلف)، کۆمەڵێك ڕیوایەتیش هەن، ڕاستیی چەسپاوی ئەم ڕێبازە دەسەلمێنن و پاڵپشتی دەکەن، لای خوارەوە هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

١ ـ قوبەیسەی کوڕی زوئەیب دەڵێت: داپیرە هاتە خزمەتی ئەبوبەکری صدیق، داوای میراتی خۆی دەکرد، ئەبوبەکر پێی وت: نە لە قورئان بەشت هەیە و نە لە سوننەتیش، بگەڕێرەوە تاکو پرسیار لە خەڵك دەکەم، پاش ئەوە پرسیاری لە خەڵك کرد، موغیرەی کوڕی شوعبە وتی: من حازر بووم، کە پێغەمبەر (درוودی خوای لەسەر) شەش یەکی بە داپیرە دا[2]. ئەم فەرموودەیە بە ڕاشکاویی

[1] موتەواتیر: زاراوەیەکە بە واتای گێڕانەوەی کۆمەڵێکی زۆرە لە کۆمەڵێکی زۆرەوە هەر لە سەرەتای سەنەدی فەرموودەکەوە تا کۆتایی سەنەدەکەی، بە شێوەیەك مەحاڵ بێت لای عەقڵ، کە ئەمانە کۆك بن لەسەر درۆ، ئەشبێتە دوو بەشەوە: موتەواتیر بە وشە و موتەواتیر بە واتا. بڕوانە: مقدمة ابن الصلاح (٢٦٧)، نزهة النظر (٣٧) لاپەڕەکانی دواتریشی.

[2] ئیمامی تورمزی ڕیوایەتی کردووە، بڕوانە: سنن الترمذي: (٣/ ٤٩١)، ژمارەی فەرموودە (٢١٠١)، دەشڵێت ئەم فەرموودەیە: (حسن صحیح)ە. لەڕاستیدا ئەم فەرموودەیە لە ڕووی سەنەدەوە پچڕانی

دەریدەخات، کە سوننەت لە ڕێبازی کۆششکردن (اجتهاد)ی ئەبوبەکردا سەرچاوەیە بۆ هەڵێنجاندنی حوکمی شەرعی وەك قورئانی پیرۆز.

٢ـ ئەبوبەکری صدیق (خوا لێی ڕازی بێت) هەر کات بابەتێك بۆی بهاتایەتە پێش، سەرەتا تەماشای قورئانی دەکرد، ئەگەر بەڵگەی تێدا دەستبکەوتایە، کاری پێدەکرد، ئەگینا تەماشای سوننەتی دەکرد، بە بوونی بەڵگە تیایدا کاری دەکرد، ئەگەر لەمیش نەبوایە، ئەوا خەڵکی کۆدەکردەوە و پرسیاری لێدەکردن... عومەری کوڕی خەتتابیش هەر ئەم ڕێبازەی پەیرەو دەکرد[1]. ئەم ڕیوایەتە بە ڕوونی بۆمان دەردەخات، کە بێگومان سوننەت سەرچاوەی حوکمی شەرعییە، لە ئەگەری نەبوونیدا پرۆسەی کۆششکردن (الاجتهاد) دێتە پێش.

٣ـ عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێت) نامەیەکی ئاڕاستەی شورەیحی قازی بەناوبانگ کرد، تیایدا وتی: "ئەگەر بەڵگەت لە کتێبەکەی خوادا ـ قورئان ـ بینی، کاری پێبکە و گوێ لە هیچی تر مەگرە، ئەگەر نا ئەوا تەماشای سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بکە و کاری پێبکە، لە کاتی نەبوونی بەڵگە لە هەردووکیاندا کار بە کۆدەنگی هاوەڵان بکە"[2].

٤ـ عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرمووێت: "هەر کەس کاری قەزایی تووشبوو، ئەوا با بە بەڵگەکانی قورئان کار بکات، کە لە قورئان

---

تێدایە، بەڵام زۆر لە زانایان بە (حسن)ی دەزانن، وێڕای ئەمەش موستەنەدی کۆدەنگی هاوەڵان و شوێنکەوتووانیشە، کەواتە ئەگەر تەسلیمی ئەوەش بین، کە لاوازە، بە کۆدەنگییەکە لاوازییەکە نامێنێت و دەبێت بە بڕاوە (قطعي)، بڕوانە: الإجماع (٧٢)، مسند أحمد (٢٩/ ٥٠٠)، الهامش رقم (١)، جامع الأصول (٩/ ٦٠٨) پەراوێزی ژمارە (١).

[1] بڕوانە: السنن الكبرى، للبيهقي: (١٠/ ١٩٦) ژمارە (٢٠٣٤١)، سنن الدارمي: (١/ ٢٦٢)، موحەقیق دەڵێت: پیاوەکانی سەنەدەکەی باوەڕپێکراون، بەڵام مەیمونی کوڕی مەهران ئەبوبەکری نەبینیوە.

[2] بڕوانە: مصنف ابن أبي شيبة (٤/ ٥٤٣)، سنن الدارمي (١/ ٢٦٥)، المعجم الكبير للطبراني (٩/ ١٨٧)، الأحاديث المختارة للمقدسي (١/٢٣٩)، وقال: صحيح، مسند الفاروق لابن كثير (٢/ ٥٤٨).

بەڵگەی دەستنەکەوت، با بە بەڵگەکانی سوننەت کار بکات"[1]. ئەم فەرموودەیەش بۆمان دەسەلمێنێت، کە ئەمە نەریتی هاوەڵان بووە لە بواری کۆششکردندا.

٥ـ زەیدی کوڕی سابت (خوا لێی ڕازی بێت) لە وەڵامی مەسلەمەی کوڕی موخەلەددا، کە پرسیاری چۆنییەتی حوکمکردنی لێکرد، وتی: "حوکم بە کتێبی خوا ـ قورئان ـ بکە، ئەگەر بەڵگەت دەست نەکەوت، حوکم بە سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بکە"[2].

٦ـ عوبەیدوڵڵای کوڕی ئەبی زید دەفەرموێت: بیستم لە ئیبن عەبباسەوە، کە هەر کات پرسیاری لێکرا و بەڵگەی لە قورئاندا هەبوو، کاری پێدەکات، ئەگەر بەڵگەی لە قورئاندا دەست نەکەوت، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) چی لەو بارەوە وتبێت، کاری پێدەکات[3].

٧ـ کاتێك پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) موعازی کوڕی جەبەل دەنێرێت بۆ یەمەن، پرسیاری لێدەکات: "ئەگەر کێشەیەکت ڕووبەڕوو کرایەوە، چۆن حوکمی تێدا دەکەیت؟". ئەویش وتی: حوکم بە کتێبی خوا دەکەم، فەرمووی: "ئەگەر لە کتێبی خوادا نەبوو؟". وتی: حوکم بە سوننەتی پێغەمبەر دەکەم، فەرمووی: "ئەی ئەگەر نەبوو؟". وتی: کۆشش دەکەم و درێغی ناکەم، پاش ئەوە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: "سەنا و ستاییش بۆ خوا، کە پەیامنێری پەیامنێرەکەی موەفەق کرد، بۆ ئەوەی کە ڕەزامەندی پێغەمبەری تێدایە"[4].

---

[1] بڕوانە: مصنف ابن أبی شیبە (٤/ ٥٤٤)، مصنف عبدالرزاق (٨/ ٣٠١)، سنن النسائی (٨/ ٢٣٠)، ئیبن حەجەری عەسقەلانی سەنەدەکی بە (صحیح) دەزانێت، بڕوانە: فتح الباری (١٣/ ٢٨٨).

[2] بڕوانە: السنن الکبری، للبیهقي (١٠/ ١٩٧) ژمارە (٢٠٣٤٥).

[3] بڕوانە: السنن الکبری، للبیهقي (١٠/ ١٩٧) ژمارە (٢٠٣٤٦).

[4] بڕوانە: مسند أحمد (٣٦/ ٣٣٣، ٣٨٢، ٤١٧)، سنن أبی داود (٣٠٣)، سنن الترمذي (٣/ ٩، ٦٠٨)، ئەم فەرموودەیە لە ڕووی زانستی حەدیسەوە پچڕانی تێدایە و بە لاواز دەزانرێت، بەڵام زۆرێك لە زانایان وەك خەتیبی بەغدادی و ئەبوبەکری ڕازی و ئیبن العربی و ئیبن القیم بە دروستی دەزانن، دەڵێن: چونکە

کەواتە دوو فاکتەر دڵنیامان دەکەنەوە، کە سوننەت سەرچاوەیە بۆ هەڵێنجاندنی حوکمی شەرعی لە ڕێبازی کۆششکردنی هاوەڵاندا، یەکەم: تەواتوری کرداری زانایانە، دووەم: ئەم فەرموودانە و فەرموودەی هاوشێوەکانیانە.

سەبارەت بە پلە و پایەی سوننەتیش لە نێوان سەرچاوەکانی تردا، زۆر لە زانایان ئاستی دووەمی بۆ دادەنێن لە پاش ئاستی قورئان، بەڵام هەندێك لە زانایان دەڵێن: قورئان و سوننەت یەك ئاستیان هەیە و بۆچوونی یەکەم ڕەتدەکەنەوە، پاساو بۆ ڕواڵەتی (زاهیری) ڕیوایەتەکانی سەرەوەش دەهێننەوە، بەوەی کە گوایە گەڕانەوە بۆ قورئان ئاسان و مویەسەرە، لەبەر ئەوە یەکەمجار تەماشای قورئان دەکەن ئینجا سوننەت[1]، هەرچەندە ئەم بۆچوونە بۆچوونێکی وردە، بەڵام بەپێی تێگەیشتنی من ڕواڵەتی زاهیری ڕیوایەتەکانی سەرەوە سەرخەری ڕای یەکەمە.

## داکۆکیی هاوەڵان لە کارکردن بە سوننەت بە زارەکی:

مەبەستمان لەم باسەدا دەرخستنی هەڵوێستی هاوەڵانە لە دادکۆکیکردن لە پابەندبوون بە سوننەتەوە، بەڵام تەنها بە شێوەی زارەکی، چونکە پابەندبوونی کرداریی، بابەتی باسەکەی دوای ئەمەیە. دیارە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی کتێبەکانی سوننەت، ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرمان بۆ دەسەلمێنێت، کە هاوەڵان لە هەموو کەس پەرۆشتر بوون لە بیستن و کۆکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، بۆ نموونە عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێت) ئەفەرمووێت: من و پیاوێکی ئەنصاری ڕێککەوتین بە نۆرە بچینە خزمەتی

---

زانایان پێی ڕازی بوون و ئیحتیجاجیان پێکردووە، ئەم فەرموودەیەش وەك کۆمەڵێك فەرموودەی تر وایە، کە زانایان بە کۆمەڵ کاریان پێکردوون، بەشێوەیەك کارپێکردنەکەیان جێگای سەنەدی گرتووەتەوە، هەروەها هاوەڵانی موعاز کەسی تانەلێدراویان تێدا نییە. بڕوانە: الفقيه والمتفقه (١/ ٤٧١)، إعلام الموقعين (١/ ١٥٥)، مسند الإمام أحمد (٣٦/ ٣٣٣) پەراوێزی ژمارە (٢).

[1] بڕوانە: حجية السنة (٣٨٣)، لاپەڕەکانی دواتریشی.

پێغەمبەر، من ڕۆژێك و ئـەویش ڕۆژێکـی تـر، هـەر یـەك لـە ئێمـە چـی دەبیستێت، ئەویتری لێ ئاگادار بکاتەوە[1].

هەروەها گەیاندنی فەرمانەکانی پێغەمبەریان بە دین زانیوە، ئەمەش وەك بەرجەستەکردنێك بۆ فەرموودەی "فلیبغ الشاهد منکم الغائب"ە[2]، واتە: ئەوەی ئامادەیە با ئەوەی ئامادەنەبووە ئاگادار بکاتەوە، هەروەها فەرموودەی "نضر الله امرأ سمع منا حدیثًا فحفظه حتی یبلغه، فرب مبلغ أحفظ له من سامع"[3]، واتە: (خوا ڕووی ئەو کەسە سپی بکات، کە فەرموودەیەکمان لێدەبیسێت و وەکو خۆی لەبەری دەکات، تاوەکو دەیگەیەنێت بە کەسی تر، چونکە دەکرێ ئەوەی پێی دەگات لە گوێگر تێگەیشتووتر بێت)، هەر لەبەر ئەوەیە دەبینین بە پەرۆشەوە هەموو هەلێکیان دەخستەگەڕ بۆ گەیاندنی سوننەتەکان بە خەڵکی، بەشێوەیەك ئەگەر بە دوای فەرموودەکانی ئەم بابەتەدا بگەڕێین و کۆیان بکەینەوە، دەگەنە پلەی تەواتری واتایی (مەعنەوی)، بۆ دەرخستنی ئەم ڕاستییە لێرەدا چەند فەرموودەیەك وەك نموونە دەخەینە ڕوو:

١ـ عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت) فەرمووی: (زوبەیر پێی ڕاگەیاندم کە پیاوێکی ئەنصاری سکاڵای لە زوبەیر لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە بارەی ئاودانی دار خورماوە کرد، پاش ئەوەی داوای لە زوبەیر کرد، ئاوەکە پێش خۆی بەر بداتەوە و زوبەیر ڕازی نەبوو، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: (ئاوی دارەکانی خۆت بدە و پاشان ئاوەکە بەربەرەوە بۆ دراوسێکەت)، ئەنصارییەکە تووڕەبوو وتی بە پێغەمبەر: لەبەر ئەوەی پورزاتە ئەو

---

[1] ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە، بڕوانە: صحیح البخاری (١/ ٢٩)، ژمارەی فەرموودە (٨٩).

[2] ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە، بڕوانە: صحیح البخاری (٢/١٧٦)، ژمارەی فەرموودە (١٧٤١).

[3] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە و فەرموودەیەکی دروستە، بڕوانە: مسند الإمام أحمد (٧/ ٢٢١)، پەراوێزی ژمارە (١).

حوكمەت بۆ دا؟، پێغەمبەریش ڕەنگی تێکچوو و فەرمووی: (زوبەیر ئاوی دارەکانت بدە و ئاوەکە بگرەوە، تاکو پێویستی خۆت دابین دەکەیت، ئەوجا ئاوەکە بەربدەرەوە)، زوبەیر وتی: پێموایە ئایەتی: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حتى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ...﴾ (النساء: ٦٥)، واتە: (بەڵام نەخێر سوێند بە پەروەردگارت ئەمانە نابنە خاوەن بڕوا، مەگەر وەختێ لە کێشەکانی نێوانیان تۆ بکەن بە قازی و لە دڵەوە بە هەر فەرمانێ تۆ بیدەی ڕازی بن و بەتەواوی ملکەچی بن) لەسەر ئەمە هاتە خوارەوە[1].

ڕووی گرتن بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە لەوەدایە، کە زوبەیر دەفەرموێت: پێموایە ئایەتی باسکراو لەسەر ئەم بابەتە هاتە خوارەوە، کە بە ڕوونی دەیسەلمێنێت، سوننەت لای هاوەڵان سەرچاوەی هەڵێنجاندنی حوکمە شەرعییەکانە و بە لایەنەوە پابەندبوون بە بڕیارەکانی پێغەمبەر واجببووە، ئەگەر بشوترێت: مەبەست لە ئایەتەکە ملکەچبوونە تەنها بۆ قورئان، لە وەڵامدا دەڵێین: هەرچەندە شێوەی ئایەتەکە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نییە، بەڵام خۆ دەوروبەری (سیاقی) ئایەتەکە گشتییە، گشتیش بەبێ بەڵگەی تایبەتکردن، تایبەت ناکرێت.

٢ـ عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (خوا لێیان ڕازی بێت) دەفەرموێت، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: "ڕێ لە چوونی ژنان بۆ مزگەوت بە شەوان مەگرن"، کوڕێکی عەبدوڵڵا وتی: بە خوا ڕێگایان پێنادەین بیکەنە بەهانەی لادەریی و فەساد، عەبدوڵڵا لە سینەی کوڕەکەی دا و وتی: من باسی فەرموودەی پیغەمبەرت بۆ دەکەم، تۆش دەڵێیت نەخێر! ![2]. هەڵوێستی عەبدوڵڵا بۆمان

---

[1] ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە، بڕوانە: صحیح البخاری (٣/ ١١١)، ژمارەی فەرموودە (٢٣٥٩)، هەروەها ئیمامی موسلمیش ڕیوایەتی کردووە، بڕوانە: صحیح مسلم (٤/ ١٨٢٩)، ژمارەی فەرموودە (٢٣٥٧).

[2] ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە (١/٣٢٧)، ژمارەی فەرموودە (٤٤٢).

دەردەخات، کە پەیڕەوکردنی سوننەت ئەرکی سەرشانی موسڵمانانە و نابێت سەرپێچی بکرێت.

٣ـ عوقبەی کوڕی خالید دەڵێت: حەسەنی بەسری وتی: کاتێك عیمرانی کوڕی حوصەین (خوا لێی ڕازی بێت) باسی سوننەتی دەکرد، لەو کاتەدا پیاوێك پێی وت: باوکی نوجەید باسی قورئانمان بۆ بکە، عیمرانیش پێیوت: تۆ و هاوڕێکانت قورئان دەخوێننەوە، ئەتوانی باسی نوێژ و ئەوەی لە نوێژدا دەکرێت و کات و سنوورەکانیم بۆ بکەیت؟، ئەتوانی باسی زەکاتی زێڕ و حوشتر و مانگا و جۆرەکانی سامانم بۆ بکەیت؟، بەڵام من لە خزمەتی پێغەمبەردا حازر و ئامادە بووم و ئێوە بوون و ئامادەییتان نەبووە، پاشان وتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە زەکاتدا ئەوە و ئەوەی لەسەرمان فەرز کرد، ئەوجا پیاوەکە وتی: زیندووتکردمەوە، خوا زیندووت بکاتەوە، حەسەن ئەفەرمووێت: ئەو پیاوە نەمرد تاکو بوو بە یەکێك لە زانا مسوڵمانەکان[1]. ئەم فەرموودەیە بە ڕاشکاوی دەلالەت لەوە دەکات، کە هاوەڵان سوننەتیان بە حوجە زانیوە، ئەم پیاوەش کە سەرەتا بەرهەڵستی کردووە هاوەڵ نەبووە، بەڵام لەکاتێك ڕاستیی بۆ دەرکەوت پێوەی پابەندبوو.

٤ـ عەبدوڵڵای کوڕی بورەیدە لە عەبدوڵڵای کوڕی موغەففەلەوە دەیگێڕێتەوە: ڕۆژێك عەبدوڵڵا پیاوێکی بینی، بە پلتوك بەرد دەوەشێنێت، نەهی لێکرد و وتی: بە دڵنیاییەوە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نەهیی لە ئەمە کردووە و فەرموویەتی: "بێگومان ئەمە نە نێچیر دەستەبەر دەکات و نە ئازاری دوژمن دەدات، بەڵام دەکرێت ددان بشکێنێت و چاویش دەربێنێت"، عەبدوڵڵای کوڕی بوریدە دەڵێت: پاشان عەبدوڵڵا ئەو پیاوەی بینییەوە هەر ئەو کارە دەکات، لەو

---

[1] حاکمی نەیسابوری ڕیوایەتی کردووە، بڕوانە: المستدرك (١/ ١٩٢)، ئیمامی زەهەبیش لە تەعلیقاتدا دەفەرمووێت: عوقبە ـ کە پیاوێکی کەم ڕیوایەتە ـ جێی متمانەیە و خواناسە، هەروەها بڕوانە: مفتاح الجنة (٣٤).

کاتەدا پێیوت: من باسی نەهیی پێغەمبەرت بۆ دەکەم، تۆش هەر سووریت لەسەر ئەم کارە، سوێند بەخوا هەتاهەتایە قسەت لەگەڵدا ناکەم[1]. دیارە بەلای عەبدوڵڵاوە سوننەت حوجەیە و موسڵمان دەبێت کاری پێبکات، ئەگینا بۆچی ئەوەندە لێی تووڕە دەبێت؟!

٥- موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرمووێت: "ئێوە نوێژێك دەکەن، بە دڵنیاییەوە لە ماوەی هاوەڵیمان بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نەمانبینیوە بیکات، بگرە بێگومان نەهیی لێکردووە"[2].

٦- تاووس دەڵێ: پرسیارم لە ئیبن عەبباس کرد دەربارەی دوو ڕکاتی دوای نوێژی عەسر، ئەویش نەهیی لێکرد، تاووس وتی: هەر دەیانکەم و وازناهێنم، ئەوجا ئیبن عەبباس فەرمووی: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ﴾ (الأحزاب: ٣٦)، واتە: (ئەگەر خوا و پێغەمبەرەکەی هەر فەرمانێکیان دا، هیچ پیاو و ژنێکی خاوەن باوەڕ ناتوانن پەسەندی نەکەن)[3].

هەردوو فەرموودەی پێنجەم و شەشەم ئەوە دەسەلمێنن، کە سوننەت حوجەیە و جەدەل و گفتوگۆش هەڵناگرن.

٧- عیمرانی کوڕی حوصەین (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: بیستم لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر): "حەیا و شەرم هەر هەمووی خەیرە"، بەشیری کوڕی کەعب: وتی: ئێمە لە هەندێ کتێبدا - مەبەستی کتێبی دانایی (الحكمە)یە - هەندێ لە شەرم سەنگینییە و هەندێکیشی لاوازییە، دەستبەجێ عیمران بە تووڕەییەوە پێی وت: من باسی فەرموودەی پێغەمبەرت بۆ دەکەم، تۆش بە هەندێ پەڕاو

---

[1] ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە، بڕوانە: صحيح مسلم (٣/ ١٥٤٧)، ژمارەی فەرموودە (١٩٥٤).

[2] ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە، بڕوانە: صحيح البخاري (١/ ١٢١) ژمارەی فەرموودە (٥٨٧).

[3] بڕوانە: مسند الشافعي (٢٤٢)، مسند البزار (١١/ ١٤١)، شرح معاني الآثار (١/ ٣٠٥)، الفقيه والمتفقه (١/ ٣٨٠)، معرفة السنن والآثار (١/ ١٢٩).

بەرهەڵستی دەکەیت[1]. دیارە هەڵوێستی عیمران ئەوە دەسەلمێنێت، کە سوننەت حوجەیە، بە جێگیربوونی نابێت بەرهەڵستی بکرێت و رەتبکرێتەوە.

٨ـ عەلقەمە دەڵێت: ئافرەتێك لە بەنی ئەسەد هات بۆ لای ئیبن مەسعود و پێی وت: پێم گەیشت، کە تۆ نەفرەتت لەوە و لەوە و لە خاڵ دروستکەر و لە خاڵ بۆ دروستکراو کردووە، منیش بە دڵنیاییەوە هەموو قورئانم لەمپەڕ بۆ ئەو پەڕ خوێندەوە، ئەوەی تۆ باسی دەکەیت تیایدا نەمبینی، گومانی زۆرم هەیە، کە خێزانت جۆرێك لەو شتانە بکات، دەستبەجێ عەبدوڵلا پێی وت: بڕۆماڵەوە، تەماشایان بکە، کە ڕۆشتە ماڵەوە و تەماشای کرد، هیچی نەبینی، ئەوجا عەبدوڵلا پێی وت: ئەم ئایەتەت خوێندوەتەوە: ﴿مَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾ (الحشر: ٧)، واتە: (پێغەمبەر هەرچی پێداون وەریبگرن و نەهیی لە هەرچیش کردووە، وازی لێبهێنن)، وتی: بەڵێ، ئەویش وتی: دەی ئەوەیە[2]، واتە: ئەوەیە کە تۆ بە شوێنیدا دەگەڕێیت. ئەم هاوەڵە بەڕێزە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە سوننەت بە پێی قورئان حوجەیە و دەبێ کاری پێبکەین و شوێنی بکەوین.

وابزانم، بۆ گەیاندنی پەیامی ئەم باسە ئەوەندە فەرموودە بەسن[3]، ئەوەش گرنگە لێرەدا بوترێت من تەنها ئەو فەرموودانەم باسکردووە کە بەرهەڵستکار تیایدا لە ئارادا بووە، ئەگینا دەیان فەرموودەی تر هەن، گەواهیدەرن لە سەر ئەم بابەتە، کە هاوەڵان ڕاستەوخۆ بە زارەکی باسیان کردوون، پێویستە ئەوەش بوترێت، کە هیچکام لە ئەوانەی بەرهەڵستکاربوون، هاوەڵ نەبوون و شارەزایی پێویستیان

---

[1] ئیمامی بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیانکردووە، بڕوانە: صحیح البخاری (٨/ ٢٩)، ژمارەی فەرموودە (٦١١٧)، صحیح مسلم (١/ ٦٤)، ژمارەی فەرموودە (٦٠).

[2] بڕوانە: مسند الحمیدي (١/ ٢٠٧)، الكفاية في علم الرواية (١٢)، جامع بيان العلم وفضله (٢/ ١١٨١).

[3] بۆ ئاشنابوون بە فەرموودەی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە کتێبی (الفقيه والمتفقه) و (الكفاية في علم الرواية) هەردووکیان لە دانانی خەتیبی بەغدادین، هەروەها کتێبی (جامع بيان العلم وفضله) لە دانانی (ابن عبد البر) و کتێبی (مفتاح الجنة في الاحتجاج بالسنة) لە دانانی ئیمامی سیوتیی.

نەبووە، لەبەر ئەوە دەبینین، ئەو هاوەڵانە ڕاستییان بۆ ڕوون دەکەنەوە، ئەگینا هیچ هاوەڵێك نەبووە، سوننەتی بۆ باسبکرێت و رەتیبکاتەوە، ئەمانیش کە ڕاستییان بۆ دەرکەوت، نکوڵیان لێنەکرد، ئیمامی شافیعی دەفەرمووێت: نەمزانیوە کەسێك هەبێت لە هاوەڵان یان لە شوێنکەوتووان (التابعین) خەبەرێکی لە پێغەمبەرەوە پێگەیشتبێت و پێی ڕازی نەبووبێت و کاری پێنەکردبێت و بە سوننەتی نەزانیبێت[1].

بە کورتی لەم باسەدا بۆمان دەرکەوت، کە هاوەڵان بە شێوەی زارەکی داکۆکیان لە حوجییەتی سوننەت کردووە و داوای کارپێکردن و پابەندبوونیان پێوەی کردووە، هەڵویستی توونديشيان هەبووە بەرامبەر سەرپێچیکەرانی.

## کارکردنی هاوەڵان بە سوننەت بە کرداریی:

بابەتی ئەم باسە زۆر دەوڵەمەندە، زانیارییەکانی بە سەدان مەزندە دەکرێت، بە شێوەیەك کتێبەکانی فەرموودە و کتێبەکانی فیقهـ لێوان لێون لە نموونەی کارکردنی هاوەڵان بە سوننەت، چ لە بابەتی تەهارە، یان لە بابەتەکانی نوێژ و زەکات و ڕۆژوو و حەج، یان لە بابەتەکانی مامەڵەکردن و ئەحکامە کەسییەکان و... هتد.

لێرەدا پاڵپشت بە چەند نموونەیەك دەکەین، کە گەواهیدەرن لە سەر ڕادەی وەستانی هاوەڵان لە سنووری سوننەت و لانەدانیان لێی، بە شێوەیەك هەر کات سوننەتێکیان بۆ باس بکرابایە، دەستبەجێ کاریان پێدەکرد و پێوەی پابەند دەبوون و وازیان لە ڕای خۆیان دەهێنا، وەك لای خوارەوە بۆمان دەردەکەوێت:

١ـ عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێت) ئەفەرمووێت: پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر) فەرمووی: "بە دڵنیاییەوە خوا نەهیتان لێدەکات سوێند بە

---

[1] بڕوانە: مفتاح الجنة في الاحتجاج بالسنة (٣٤- ٣٥).

باو و باپیرانتان بخۆن". له ڕیوایەتی ئیمامی موسلیمدا: "هەر کەس ویستی سوێند بخوات، با سوێند بە خوا بخوات، یان سوێند نەخوات و بێدەنگ بێت"، ئیمامی عومەر فەرمووی: (سوێند بە خوا لەو ڕۆژەی بیستم لە پێغەمبەر نەهی لێدەکات، سوێندم پێنەخوارد، نە بە خۆم و نە لە غەیری خۆمیش گێڕاومەتەوە)[1]. تەماشای ڕادەی پابەندیی ئەم ئیمامە بەڕێزە بە سوننەتەوە بکە، تەنانەت خۆی لە گێڕانەوەشی پاراستووە، وەك ئیحتیاتکردنێك.

٢ـ تاووس دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: لەگەڵ ئیبن عەبباسدا بووم، کاتێك زەیدی کوڕی سابت پرسیاری لێکرد: فەتوا دەدەی ژنی زێستان تەوافی ویداع نەکات و لە مەککە دەربچێت؟، ئیبن عەبباس وتی: ئەگەر کار بەوە ناکەیت، پرسیار لە فلان ژنی ئەنصاری بکە، بزانە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمانی ئەوەی پێکردووە، ـ واتە: ئایا داوای لێکردووە، دەبێت ئەو تەوافە بکات؟ ـ تاووس وتی: پاش کەمێك زەید گەڕایەوە بۆ لای ئیبن عەبباس بە پێکەنینەوە و پێیوت: هەرچی تەماشا دەکەم تۆ ڕاست دەکەیت[2]. لێرەدا دەبینین بە ڕاشکاوی چۆن زەید واز لە ڕای خۆی دەهێنێت، کاتێك فەرمانی پێغەمبەری پێدەگات، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە سوننەت حوجەیە لای ئەم هاوەڵە بەڕێزە، هەربۆیە ملکەچی بوو.

٣ـ سەعیدی کوڕی جوبەیر دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: وتم بە ئیبن عەبباس: نەوفی بەکالی بەدڵنیاییەوە بۆچوونی وایە، کە موسای هاوەڵی خیزر موسای بەنی ئیسرائیل نییە، دەستبەجێ ئیبن عەبباس وتی: درۆی کرد دوژمنی خوا، ئوبەی کوڕی کەعب پێی وتم ئەو لە پێغەمبەری بیستووە، ئەوجا چیرۆکی موسا و خیزری

---

[1] ئیمامی بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیانکردووە، بڕوانە: صحیح البخاری (٨/ ١٣٢)، فەرموودەی ژمارە (٦٦٤٧)، صحیح مسلم (٣/ ١٢٦٦)، فەرموودەی ژمارە (١٦٤٦).

[2] ئیمامی موسلیم ڕیوایەتیکردووە، بڕوانە: صحیح مسلم (٢/ ٩٦٣)، فەرموودەی ژمارە (١٣٢٨).

باسکرد[١]. ئیمامی شافیعی دەفەرمووێت: ئیبن عەبباس لەگەڵ ئەو هەموو زانایی و خۆپارێزییە موسڵمانێکی بە درۆخستەوە و بە دوژمنی خوای ناوزەدکرد، کاتێك شتێکی وت پێچەوانەی خەبەری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بوو[٢]. ئەمەش دەلالەت لە ئەوە دەکات، کە سوننەت لای ئەم هاوەڵە بەڕێزە حوجەیە و بەلایەوە دەبێت موسڵمان گوێڕایەڵی بێت.

٤ـ قوبەیصەی کوڕی زوئەیب دەڵێت: داپیری هاتە خزمەتی ئەبوبەکری صدیق، داوای میراتی خۆی دەکرد، ئەبو بەکر پێیوت: نە لە قورئان بەشت هەیە و نە لە سوننەتیش، بگەڕێرەوە تاکو پرسیار لە خەڵك دەکەم، پاش ئەوە پرسیاری لە خەڵك کرد، موغیرەی کوڕی شوعبە وتی: من ئامادە بووم، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) شەش یەکی بە داپیرە دا، ئەبوبەکر فەرمووی: کەسی ترت لەگەڵدایە گەواهی لە سەر ئەمە بدات؟، ئەوجا محەمەدی کوڕی مەسلەمەی ئەنصاری هەستا و هەر ئەو قسەیەی موغیرەی کرد، ئەوجا ئەبوبەکر ئەو بڕەی پێدا [٣]. ئەمە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە، کە ئەم هاوەڵە بەڕێزانە سوننەت بە حوججە دەزانن و پێوەی پابەندبوون و لێی لایان نەداوە.

٥ـ ئیمامی ئەحمەد و ئیمامی تورمزی دەیگێڕنەوە، کە ئیمامی عومەر فەرموویەتی: خوێنی کوژراو لەسەر پشتە (عصبە)، ژنیش میراتی لە خوێنی مێردەکەی نییە، تاکو زەحاکی کوڕی سوفیانی کیلابی پێی ڕاگەیاند، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بۆی نوسیووە: "بەشەمیراتی ژنەکەی ئەشیەم لە

---

[١] ئیمامی بوخاری ڕیوایەتیکردووە، بڕوانە: صحیح البخاری (٦/٨٨)، فەرموودەی ژمارە (٤٧٢٥).

[٢] بڕوانە: مفتاح الجنة (٣١).

[٣] پێشتر ئەم فەرموودەیە تەخریج کرا، بڕوانە: لاپەڕە (٣).

خوێنی مێردەکەی بدە"، ئەوجا عومەر لە ڕاکەی خۆی گەڕایەوە[1]. تەماشاکە چۆن ئەو ئیمامە بەڕێزە دەستبەجێ لە کاتی بیستنی فەرمانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) واز لە ڕای خۆی دەهێنێت، بەبێ چەند و چۆن.

٦ـ ئیبن عەبباس دەیگێڕێتەوە لە ئیمامی عومەر و دەڵێت: عومەر پرسیاری لە هاوەڵان کرد دەربارەی فەرمانی پێغەمبەر لە بابەتی کوشتنی کۆرپەلە لە سکی دایکیدا، لەو کاتەدا حەمەلی کوڕی مالیك هەستا و وتی: من لە نێوان دوو ئافرەتدا بووم، یەکێکیان بە عەمودێك لە ئەوی تری دا و لەگەڵ کورپەلەکەی کوشتی، لەبەر ئەوە پێغەمبەر فەرمانیدا بە پێدانی کۆیلەیەك بە کەس و کەسوکاری کوژراوەکە وەك خوێنی کۆرپەلەکە، ئیمامی عومەر فەرمووی: الله ئەکبەر، ئەگەر ئەمەمان نە بیستایە، فەرمانمان بە شتێکیتر دەکرد[2]. ئەم فەرموودەیەش دەیسەلمێنێت، کە هاوەڵان ملکەچی سوننەت بوون و بە بوونی، ڕای خۆیان وەلا ناوە.

٧ـ ئیمامی بوخاری دەفەرمووێت: عومەر سەرانەی لە مەجوسەکان وەرنەدەگرت، تاکو عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف شایەتی دا، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) سەرانەی لێوەردەگرتن[3]. ئەمەش بەڵگەیەکی ترە، بە ڕاشکاوی بۆمان دەردەخات، کە ئەگەر سوننەت هەبێت هاوەڵان ئیجتیهاد و ڕای خۆیان پەکدەخست و کاریان بە سوننەت دەکرد.

---

[1] بڕوانە: مسند الإمام أحمد (٢٥/ ٢٤)، سنن الترمذي (٣/ ٤٩١)، ژمارەی فەرموودە (١٤١٥)، ئیمامی تورمزی فەرمووی: حديث صحيح والعمل على هذا عند أهل العلم، واتە: ئەم فەرموودەیە دروستە و جێی کارپێکردنە لای زانایان.

[2] بڕوانە: سنن أبي داود (٣/ ٤٩١)، ژمارەی فەرموودە (٤٥٧٢)، المعجم الكبير (٤/ ٨)، لەفزی فەرموودەکە هی تەبەرانییە، ئەلبانی لەفزی ئەبی داود بە دروست دەزانێت.

[3] بڕوانە: صحيح البخاري (٤/ ٩٦)، ژمارەی فەرموودە (٣١٥٧).

٨ـ فورەیعەی کچی مالیك دەڵێت: کاتێك باسی بەسەرهاتی خۆمم کرد بۆ ئیمامی عوسمانی کوڕی عەففان، کە پێغەمبەر فەرمانی پێکردم لەماڵەکەی خۆم بمێنمەوە، تا عیددەکەم تەواو دەبێت، عوسمان گوێڕایەڵی ئەم فەرمانە بوو و کاری پێکرد [1].

٩ـ ئیمامی عەلی دەفەرمووێت: "من پیاوێکم ئەگەر ڕاستەوخۆ فەرموودەیەکم لە پێغەمبەر ببیستایە، سودم لێدەبینی، بەوەی کە ویستی خوای لەسەر بوو، ئەگەر ناڕاستەوخۆش لە یەکێك لە هاوەڵانی فەرموودەیەکم ببیستایە، سوێندم دەدا و باوەڕم پێدەکرد"[2].

ئەم دوو فەرموودەی دواییەش دەچنە پاڵ فەرموودەکانی تر و ناوەڕۆکیان قایم و تۆکمە دەکەن، گومان و دوودڵیش دوور دەخەنەوە لە ڕاستیی پابەندی و ملکەچیی هاوەڵان بە سوننەتەوە.

وەك پێشتر باسمان کرد، نموونەکان ئێگجار زۆرن، ناکرێ لێرەدا هەموویان بێنە باسکردن، وابزانم ئەوەی باسکران بەسن بۆ سەلماندنی مەبەست، کە دەرخستنی هەڵوێستی هاوەڵانە لە مامەڵەکردن لەگەڵ سوننەتدا [3].

لێرەدا دەکرێت بەرهەڵستکارێك بڵێت: ئەمانەی تۆ باسیان دەکەیت، هەموو ڕیوایەتن، منیش باوەڕم بە ڕیوایەت نییە!، لە وەڵامدا دەڵێین: هەرچی بابەتی دین هەیە بە قورئان و سوننەتەوە بە ڕیوایەت سەلماون، هەروەها مێژووی گەلان، ڕووداوەکانی جیهان هەموو لە ڕێگای ڕیوایەتەوە پێمان گەیشتوون و دەگەن، کەواتە ئینکارکردنی ڕیوایەت بە ڕەها، کارێکی نەگونجاوە لە حوکمی عەقڵ و لۆژیکدا.

---

[1] ئیمامی ئەبو داود ڕیوایەتیکردووە، بڕوانە: سنن أبی داود (٢/ ٢٩١)، ژمارەی فەرموودە (٢٣٠٠) ئەلبانی بە دروستی دەزانێت.

[2] هەمان سەرچاوە (٢/٨٦)، ژمارەی فەرموودە (١٥٢١) ئەلبانی بە دروستی دەزانێت.

[3] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: المحلي لابن حزم، الاستذكار لابن عبد البر، المغني لابن قدامة، المجموع للنووي، فتح الباري لابن حجر العسقلاني.

شایەنی باسە لێرەدا بوترێت: وەرگرتنی هەندێ ڕیوایەت، کە لەگەڵ هەوا و ئارەزوودا دەگونجێت و ئینکارکردنی ئەوانی تر کارێکی دووفاقەیە و لای خاوەن هۆش و عەقڵی ڕەسەندا جێگای قبوڵ نییە، بەتایبەت لە ئوممەتێك کە خاوەنی بەهاترین داهێنانە لەم ڕووەوە، ئەویش داهێنانی عیلمی سەنەدە، کە جێگای شانازیی ئەم ئوممەتەیە، دوکتۆر ئەسبرنگەری ئەڵمانیی دەڵێت: "مافی خۆیانە مسوڵمانان هەرچۆنێك دەیانەوێت شانازی بە زانستی ڕیجال (علم الرجال) بکەن، چونکە نابینرێت ئوممەتێك هەبێت ـ نە لە ڕابوردوو نە لە ئێستا ـ ژیاننامە و بەسەرهاتی پیاوەکانیان لە ماوەی دوازدە سەدەدا تۆمارکردبێت وەك ئەوان، دەتوانین ژیاننامەی پێنج سەد هەزار زانا لە بەناوبانگەکان لە ڕێگای کتێبەکانیانەوە دەستبخەین"[١].

## لێکۆڵینەوەی هاوەڵان لە فەرموودەکان:

لە کاتی چوونە خزمەتی فەرموودەکاندا، هەندێ فەرموودە بەرچاو دەکەون، کە هاوەڵان لە ئاستیاندا وەستاون و لێکۆڵینەوەیان لە ناوەڕۆکیان، یان لە ڕاویەکانیان کردووە و دەستبەجێ وەریان نەگرتوون، ئەڵبەتە ئەم فەرموودانە ئەوەندە کەمن لە چاوی وەرگیراوەکاندا، کە هەر قابیلی بەراوردکردن نین، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بووترێت لێکۆڵینەوە و دڵنیابوونەوە لە هەواڵ بە ڕەها کارێکی نەرێنیی نییە، بەتایبەت هەواڵێك، کە پەیوەندی بە ئایین و باوەڕ و چارەنووسی خەڵکەوە بێت. لەم باسەدا هەوڵ دەدەین، چەند نموونەیەك لەو فەرموودانە لە بابەتە جیاوازەکاندا بخەینە بەرباس، بۆ زانینی هۆکار و مەبەستی ئەو هەڵوەستەکردنە، بەم شێوەی لای خوارەوەیە:

١ـ کاتێك عائیشە (خوا لێی ڕازی لێ بێت) باسی بۆ کرا، کە گوێدرێژ و سەگ و ژن بە تێپەڕبوونیان لە بەردەم نوێژکەردا نوێژەکەی پێدەبڕن، فەرمووی: ئێمەتان

---

[١] سيرة الإمام البخاري (١/ ٣٨).

شوبهاند به گوێدرێژ و سەگ، سوێند به خوا بینیم پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نوێژ دەکات و منیش له نێوان ئەو و قیبلەدا لەسەر جێگەکەدا ڕاکشابووم، ئەگەر پێویستیەکم بۆ بهاتایەتە پێش، حەزم نەدەکرد دابنیشم و عەزێتی پێغەمبەر بدەم، لەبەر ئەوە بە ئەسپایی و لەسەرخۆ لە نزیك قاچەکانییەوە دەچوومە دەرەوە[1].

ئەڵبەتە ئەوەی کە بۆی باسکرا، فەرموودەیەکە ئەبو زەڕ دەیگێڕێتەوە و دەفەرمووێت: (ئەگەر هەر کەس لە ئێوە هەستا بۆ نوێژکردن، با بە ئەندازەی بستێك پەرژین (ساتر) لە پێش خۆی دابنێت، ئەگەر ئەو ساترەی لە پێشدا نەبێت، ئەوا گوێدرێژ و ژن و سەگی ڕەش نوێژەکەی پێدەبڕن)[2].

پێش هەموو شتێك پێویستە بووترێت: ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە عائیشە فەرموودە ڕەتدەکاتەوە، چونکە هەر خۆی (٢٢١٠) دوو هەزار و دوو سەد و دە فەرموودەی لێ ڕیوایەتکراوە، (٤٧٠) چوار سەد و حەفتا فەرموودەی بوخاری و مسولیم کۆکن لەسەر ڕیوایەتکردنیان، (١٧٤) سەد و حەفتا و چواریشی بوخاری بە تەنها ڕیوایەتیکردون، (٦٨) شەست و هەشتیشی مسولیم بە تەنها ڕیوایەتیکردون[3]. کەواتە هەڵوێستەکەی بەرامبەر هاوەڵەکەیە نەك پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر). بە ڕوونتر عائیشە ئەم دەقە دەگێڕێتەوە بۆ هاوەڵەکە، یان بۆ تێگەیشتنی ئەو کە دەکرێ هەڵە بێت، یان بۆ ڕادەی بیستنی لە فەرموودەیەك کە زانیاریی زیاتری تێدایە و هاوەڵەکە یان پێی نەگەیشتووە، یان فەرامۆشی کردووە، کەواتە بە هی پێغەمبەری نازانێت، نموونەی زۆرمان هەیە لەم بارەیەوە، لەم باسەدا ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەین.

---

[1] بڕوانە: صحيح مسلم (١/ ٣٦٦)، فەرموودەی ژمارە (٥١٢).

[2] بڕوانە: صحيح مسلم (١/ ٣٦٥)، فەرموودەی ژمارە (٥١٠).

[3] بڕوانە: الإجابة لإيراد ما استدركته عائشة على الصحابة (٤٠).

بەڵگەش بۆ ئەمە زۆربەی فوقەهاکان دەڵێن: نوێژ بە هیچ نابڕدرێت، ئیمامی ئەحمەد نەبێت، کە بە لایەوە سەگی قەترانی نوێژ دەبڕێت، چونکە فەرموودەی تر هەیە، داکۆکی لەوە دەکات، کە هیچ نوێژ نابڕێت، چەند پاساوێکیش بۆ فەرموودەکەی ئەبو زەڕ دەهێننەوە، پەسەندترینیان حەملکردنی فەرموودەکەیە لەسەر بڕینی خشوع و ئامادەیی دڵ، نەك بڕین بە واتای پوچەڵکردنەوە[1]، بەمەش هیچ تێگیرانێك لە نێوان ئەم و قسەکەی عائیشەدا نامێنێت.

٢ـ ئیمامی شەعبی لە فاتیمەی کچی قەیس دەگێڕێتەوە و دەڵێت: چووم بۆ لای فاتیمە و پرسیارم لە بارەی فەرمانی پێغەمبەر لێکرد، کە لەسەری دەریکرد، دەڵێت: فاتیمە وتی: مێردەکەی تەڵاقی بڕاوەی دا، دیسان وتی: لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) شکاتم کرد و داوای جێگا و نەفەقەم لێکرد، بەڵام پێغەمبەر نە جێگای بۆ بڕیاردام و نە نەفەقەش، فەرمانی پێکردم لە ماڵی ئیبن ئومی مەکتوم عیددە بگرم[2]. ئیمامی عومەر (ڕەزای خوای لەسەر بێت)، کە ئەم قسەی فاتیمەی بیست، فەرمووی: واز لە کتێبی خوا و فەرموودەی پێغەمبەر ناهێنین بۆ ئافرەتێك، نازانین بابەتەکەی لەبیرە یان لە بیری چووەتەوە[3].

عائیشەش لە بارەی ئەم فەرموودەیەوە دەڵێت: فاتیمە خێری ناگات، کە ئەم قسەیە دەکات، مەبەستی: نە جێگای بۆ هەیە و نە نەفەقە[4]، لە ڕیوایەتێکی تردا، دەڵێت: ئەوە فاتیمە چییەتی، با لە خوا بترسێت[5]، لە ڕیوایەتێکی تریشدا، بە محەمەدی کوڕی قاسیم، ڕاویی فەرموودەکە، دەڵێت: ئەگەر ئەم قسەیە نەگێڕیتەوە

---

[1] بڕوانە: المغني (٢/ ١٨٣– ١٨٥)، المجموع شرح المهذب (٣/ ٢٥٠– ٢٥١).

[2] بڕوانە: صحيح مسلم (٢/ ١١١٧)، ژمارەی فەرموودە (١٤٨٠).

[3] بڕوانە: صحيح مسلم (٢/ ١١١٨)، ژمارەی فەرموودە (١٤٨٠).

[4] بڕوانە: صحيح البخاری (٧/ ٥٨)، ژمارەی فەرموودە (٥٣٢٥).

[5] بڕوانە: صحيح البخاری (٧/ ٥٧)، ژمارەی فەرموودە (٥٣٢٣).

هیچ زەرەر ناکەیت[1]، مەبەستی قسەکەی فاتیمەیە، لە ڕیوایەتێکی تردا دەیگێڕنەوە، کە عائیشە بە گلەییەکی زۆرەوە، دەیگوت: فاتیمە لە شوێنەکەی ترسی هەبوو، کە زەرەری بەربکەوێت، بۆیە پێغەمبەر فەرمانی پێکرد، کە شوێنەکەی بگوازێتەوە[2]، دیارە قسەی لە خەزورانی نەدەگێڕایەوە، ئەوەتا هەر خۆی لە ڕیوایەتێکدا، دەڵێت: ترسم هەیە بێنە سەرم[3].

ڕەخنەی ئەم دوو هاوەڵە بەڕێزە ـ وەك ڕوون و ئاشكرایە ـ لە فەرموودەی پێغەمبەر نییە، بەڵكو لە فاتیمەی كچی قەیسە، ئیمامی عومەر گومانی لە زەین و تێگەیشتنی هەیە، بەڵگەش لە سەر ئەوە هەر لە درێژەی قسەكەیدا دەفەرموێت: واز لە كتێبەكەی خوا و فەرموودەی پێغەمبەر ناهێنین، هەروەها دونیایەك فەرموودە هەن، كە ئەم ئیمامە بەڕێزە پەیڕەوی كردوون. سەبارەت بە ڕەخنەكەی عائیشەش خۆ دیارە ڕەخنە لە تێگەیشیتنی فاتیمە دەگرێت، كاتێك بە گشتگیری دەڵێت: پێغەمبەر سوكنا و نەفەقەی بۆ بڕیارنەدام، عائیشە ڕوونی دەكاتەوە، كە شوێنگۆڕكێكە ڕوخسەت بووە، لەبەر ئاسایشی خودی فاتیمە، ئەگینا تەڵاقدراوی بات سوكنای بۆ هەیە.

بە كورتی ئەم هەڵوەستەكردنە ڕەخنەیە لە تێگەیشتنی فاتیمە، نەك لە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، هەردووكیشیان تەنها ڕەخنەیان لە سكوناكە بووە[4]، هەر لەبەر ئەوەیە، كە دەبینین زۆربەی فوقەهاكان ڕایان وایە، كە

---

[1] بڕوانە: صحيح البخاری (٧/ ٥٧)، ژمارەی فەرموودە (٥٣٢١).

[2] بڕوانە: صحيح البخاری (٧/ ٥٨)، ژمارەی فەرموودە (٥٣٢٥).

[3] بڕوانە: صحيح مسلم (٢/ ١١٢١)، ژمارەی فەرموودە (١٤٨٢).

[4] بڕوانە: الإجابة لإيراد ما استدركته عائشة على الصحابة (١٣٨)، لەبەر ئەوە پاساوی حەنەفییەكان لاوازە، كە دەڵێن: عومەر پێی وابووە نەفەقەشی بۆ هەیە، چونكە نە ئایەتی جێباس ئەوە دەگەیەنێت و نە فەرموودەی دروستیش هەیە ڕەتی ئەم فەرموودەیە لەم بارەیەوە بكاتەوە.

**تەڵاقدراوی بڕاوە (تەڵاقی سێ بە سێ) سوکنای بۆ هەیە، بەڵام هەموویان دەڵێن: نەفەقەی بۆ نییە، جگە لە ئەبوحەنیفە و هەندێکی تر[1].**

**٣ـ ئەبو داودی تەیالیسی دەیگێڕێتەوە لە مەکحول: وترا بە عائیشە، ئەبو هورەیرە دەڵێت: شووم لە سێ شتدایە، ماڵ و ژن و ئەسپ، عائیشەش، وتی: ئەبوهورەیرە فەرموودەکەی بە چاکی لەبەرنەکردووە، چونکە لە ڕاستیدا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، دەیفەرموو: "خوام دا بەگژی جولەکەدا، دەڵێن: شووم لە سێ شتدایە: لە ماڵ و ژن و ئەسپدا"، کۆتایی فەرموودەکەی بیست و سەرەتاکەی نەبیست[2]. لە مسونەدی ئیمام ئەحمەددا: عائیشە کە ئەمەی بیست زۆر توڕەبوو و وتی: سوێند بەو زاتەی فورقانی بۆ محەمەد دابەزاند، پێغەمبەر قەت ئەمەی نەوتووە، بەڵام وتوویەتی: لە سەردەمی نەفامیدا، ئەم سێ شتەیان بە شووم زانیوە[3]. دیارە فەرموودەکەی ئەبوهورەیرە و چەند هاوەڵێکی تر ڕیوایەتی دەکەن، لەوانە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر، وەك لای بوخاری بە لەفزی: "تەنها شووم لە سێ شتدایە، ئەسپ و ژن و ماڵ"[4] هاتووە، لای موسلیمیش بە لەفزی: "لە ئیسلامدا نە درم هەیە[5] نە شوومیی، تەنها شووم لە سێ شتدا هەیە، ژن و ئەسپ و ماڵ"[1] هاتووە.**

---

[1] بڕوانە: الاستذكار (٦/ ١٦٥– ١٦٦)، المحيط البرهاني (٣/ ٥٥٣)، المغني (٨/ ١٦٤– ١٦٥)، المجموع شرح المهذب (١٨/ ١٦٤).

[2] بڕوانە: مسند أبى داود الطيالسي (٣/ ١٢٤).

[3] بڕوانە: المسند (٤٣/ ١٥٨– ١٥٩)، موحەقیق سەنەدەکەی بە دروست زانیوە و دەڵێت: لەسەر مەرجی ئیمامی موسلیمە، ئەمەش چارەسەری پچڕانی سەنەدەکەی مەکحول دەکات، چونکە مەکحول نەگەیشتووە بە عائیشە.

[4] بڕوانە: صحيح البخارى (٤/ ٢٩)، ژمارەی فەرموودە (٢٨٥٨).

[5] مەبەست لێرەدا نەفیکردنی درم نییە، چونکە ئەمە شتێکی حاشا هەڵنەگرە و لە دەقی تردا باسکراوە و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا دیاریی کراوە، بەڵام نەفیکردن بۆ ڕاستکردنەوەی بیروباوەڕێکی

هەندێك لە فەرموودەناسان فەرموودەکەی عائیشە بە لاواز دەزانن، لەبەر ئەوە گوێ بە قسەکەی نادەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کێشەیەك هەر بەرۆکیان دەگرێت، ئەویش تێگیرانی ئەم فەرموودەیەیە لەگەڵ ئایەتی: ﴿مَا أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ﴾ (التغابن: ١١)، واتە: (هەر بەڵا و مسویبەتێك کە تووشتان دەبێت، بە ئیزنی خوا نەبێت تووشتان نابێت)، کەواتە هەموو شتێك لە ژێر مەشیئەتی خوادایە. ئەی باشە ئەم سێ شتە چۆن لە ژێر ڕکێفی ئەم یاسایەدا دەچنە دەر؟، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ڕاڤەکاران چەند بۆچوونێکیان هەیە، هەندێك زاهیری فەرموودەکە وەردەگرن و دەڵێن: ئەم سێ شتە هەڵاوردە کراون (استثناء) لە شتەکانی تر، هەندێکی تر دەڵێن: مەبەست لە شوومی ماڵ، بەرتەسکی و دراوسێی خراپە، مەبەست لە شوومی ئافرەت، منداڵنەبوونی و خراپییەتی، مەبەستیش لە شوومی ئەسپ، بەشداریی پێنەکردنییەتی لە غەزا و جیهاددا. هەندێکی تر دەڵێن: ئەم فەرموودەیە نەسخکراوەتەوە بەو ئایەتەی، کە باسمانکرد و ئایەتە هاوشێوەکانی، هەندێکیش دەڵێن: مەبەست پێی چەسپاندنی نەبوونی شوومیە، دەربڕینی ڕستەکە وەك گریمانە وایە، کە شوومی نییە، ئەگەر هەبووایە، دەبوو لەو سێ شتەدا بووایە، ئەم بۆچوونە ڕیوایەتی: "ئەگەر شوومی لە شتێکدا بووایە، ئەوا لە ژن و بارگیر و مەسکەن دەبوو"[٢] پاڵپشتی دەکات، فەرموودەی: "لە شادی و بەختەوەری کوڕی ئادەم: بارگیری صالح و چاك و ئافرەتی صالح و چاك و ماڵی صالح و چاکە"یش[٣] بەهێزی دەکات، هەروەها فەرموودەی: "شوومی نییە، دەکرێ موبارەکیی لە ژن و

---

چەوتی سەردەمی نەفامییە، کە وایاندەزانی بەبێ ئیزنی خوا ئەو جۆرە نەخۆشیانە کاریگەرییان هەیە. بڕوانە: صحيح البخاري (٧/ ١٢٨، ١٣٠، ١٣٩)، ژمارەی فەرموودە (٥٧١٧)، (٥٧٢٨)، (٥٧٧٤).

[١] بڕوانە: صحيح مسلم (٤/ ١٧٤٧)، ژمارەی فەرموودە (٢٢٢٥).

[٢] بڕوانە: سنن الترمذي (٤/ ٤٢٤)، باب ما جاء في الشؤم، أبواب الأدب.

[٣] بڕوانە: مسند الإمام أحمد (٣/ ٥٥)، ئیسنادەکەی درووستە.

ئەسپ و ماڵدا بێت"[1] پشتگیری دەکات، ئەمەش لەگەڵ بۆچوونەکەی عائیشەدا گونجاوە[2]، کە ئیمامی تەحاوی بە بۆچوونێکی دروستی دەزانێت[3].

بەڵام لە دروستیی فەرموودەکەی عائیشەش هیچ جۆرە ئیشکالییەتێکمان بۆ دروست نابێت، چونکە گومان لەوەدا نییە، کە عائیشە سوننەت ڕەتناکاتەوە، تەنها مەبەستی ڕوونکردنەوەی چاك لەبەرنەکردنی ئەم فەرموودەیەیە لە لایەن ئەبوهورەیرەوە، ئەمەش شتێکی مومکینە و هیچ لە بەهای ئەبوهورەیرە کەم ناکاتەوە، چونکە ئەوە ناگەیەنێت، کە عائیشە متمانەی بە ڕیوایەتی ئەو نییە، بەتایبەت هەموومان باش دەزانین، کە هاوەڵان مەعصوم نین و دەکرێت هەڵە بکەن، هەر لەبەر ئەوەیە زانایان فەرمووده لە ڕووی ڕیوایەتەوە دەکەن بە دوو بەشەوە، موتەواتیر و ئاحاد، ئەمەی کۆتاییش لە ڕووی ژمارەی ڕاویەکانەوە دەیکەن بە سێ بەشەوە[4].

٤ـ ئیبن عەبباس دەفەرمووێت: کاتێك عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) وەفاتی کرد، پرسیارم لە عائیشە کرد، عومەر دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر)، کە ئەو فەرموویەتی: "بێگومان خوا سزای مردوو دەدات، بە گریانی کەسوکاری بۆی"، عائیشە فەرمووی: خوا لە عومەر خۆشبێت، سوێند بە خوا پێغەمبەر وای نەفەرمووە، بەڵام فەرموویەتی: "بێگومان خوا سزای کافر زیاد دەکات بە گریانی کەسەکانی بۆی"، ئەم ئایەتەی قورئان بۆ سەلماندنی ئەوە بەسە: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ (الأنعام: ١٦٤)[5]. محەمەدی کوڕی قاسم، دەڵێت: کاتێك عائیشە پێیگەیشت، کە عومەر و ئیبن عومەر وا دەڵێن، فەرمووی:

---

[1] بڕوانە: شرح معاني الآثار (٢/ ٢٤٩– ٢٥٥).

[2] بڕوانە: شرح النووي على مسلم (١٤/ ٢٢١– ٢٢٢)، عمدة القارئ (١٤/ ١٥٠)، تحفة الأحوذي (٨/ ٩٢).

[3] بڕوانە: شرح النووي على مسلم (١٤/ ٢٢١– ٢٢٢)، عمدة القارئ (١٤/ ١٥٠)، تحفة الأحوذي (٨/ ٩٢).

[4] بڕوانە: نزهة النظر (٢٧٥).

[5] بڕوانە: صحيح البخاری (٢/ ٨٠)، ژمارەی فەرموودە (١٢٨٨).

ئیوە باسی دوو کەسەم بۆ دەکەن درۆزن نین و کەسیش بە درۆزنیان نازانێت، بەڵام ئەوە بیستنە دەکرێت هەڵە بکات[1]. ئەم قسەی عائیشەیە ڕوونە، کە سوننەت حوججەیە و قابیلی ڕەتکردنەوە نییە، بەڵام دەکرێت، ڕاوی هەڵە بکات لە بیستندا، ئەمەش واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە متمانە بە ڕاوی نەمێنێت.

٥- ئیمامی ئەبوبەکر و ئیمامی عومەر هەردووکیان خەبەری موغیرەی کوڕی شوعبەیان قبوڵ نەکرد، تاوەکو محەمەدی کوڕی مەسلەمە پاڵپشتی کرد، هەروەها عومەر خەبەری ئەبو مسوای ئەشعەری قبوڵ نەکرد، تاکو ئەبو سەعید پاڵپشتیکرد، زاهیری ئەم ڕیوایەتانە ئەوە دەگەیەنێت، کە خەبەری تاکە کەس جێی قبوڵکردن نییە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، چونکە دەیان خەبەری تاکە کەسیمان هەیە، کە بێ چەندوچۆن وەرگیراون و کاریان پێکراوە، بۆ نموونە: عومەر خەبەری زەحاکی کوڕی سوفیانی بە پێدانی بەشە میرات بە ژن لە خوێنی مێردەکەی قبوڵکرد و خەبەری عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوفی لە بابەتی تاعوون و وەرگرتنی سەرانە لە مەجووسەکان قبوڵ کرد، عوسمانیش خەبەری فەریعەی کچی سینانی لە بابەتی گرتنی عیددەی مردنی مێرد لە ماڵەکەی خۆیدا قبوڵ کرد[2]، هەموو ئەمانە ئەو بیرۆکەیە پوچەڵ دەکەنەوە[3]، وێڕای ئەمە خۆ خەبەری دوو کەسیش هەر ئاحادە!!!، کەواتە بۆچی ئەو وەستانە؟ دیارە هۆکارێك هەبووە وای لێکردووە ئەو هەڵوێستە بنوێنێت.

---

[1] بڕوانە: صحيح البخاري (٢/ ٦٤١)، ژمارەی فەرمووده (٩٢٩).

[2] بڕوانە: فتح الباري (١٣/ ٢٣٥).

[3] بۆ زیاتر شارەزابوون لەم بارەیەوە بڕوانە: الرسالة (٨١– ٢٠٠)، الكفاية في علم الرواية (٢٦– ٢٨)، مكانة السنة في التشريع (١٦٩– ١٨٥، ٢٦٤) لاپەڕەکانی دواتریش.

## هاوەڵان و قورئان و سوننەت و عەقڵ:

لەم باسەدا دوو ئیشکالیەت ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، یەکەم: عەرزکردنی سوننەتە بەسەر قورئاندا. دووەم: حوکمکردنی عەقڵە بەسەر سوننەتدا، ئایا لە بەرامبەریاندا هەڵوێستی هاوەڵان چۆن و چ بووە؟، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە، باسەکە دابەش دەکەین بەسەر دوو لقدا، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

### لقی یەکەم: هاوەڵان و قورئان و سوننەت:

لە ڕێبازی کۆششی هاوەڵاندا لەگەڵ قورئاندا کاریان بە سوننەتیش کردووە و هەرگیزاو هەرگیز فەرامۆشیان نەکردووە، کەواتە ئەم ئیشکالیەتە لە پای چ؟، ئەڵبەتە لای زانایانی قاڵبوو و ڕاساڵدا مەترەح نییە، بەڵام لە پەراوێزی مێژوودا و لە سەردەمی ئەمڕۆدا هەندێ قاڵ و سەدا هەیە، باس لەوە دەکەن، کە دەبێت فەرموودەکان عەرزبکرێن بەسەر قورئاندا، ئەوەی موافقی بوو، وەردەگیرێت، ئەوەش موخالفی بوو، ڕەتدەکرێتەوە، پشتئەستوورن بە فەرموودەیەك، گوایە لە پێغەمبەرەوە سەرچاوەی گرتووە، دەقەکەی: "ما جاءكم عني فأعرضوه علي كتاب الله، فما وافقه فأنا قلته، وما خالفه فلم أقله"، واتە: (هەرچیتان لە منەوە پێگەیشت، عەرزی بەسەر قورئاندا بکەن، ئەگەر موافقی بوو، ئەوا من وتوومە، ئەگەر موخالیفی بوو، ئەوا من نەموتووە)[1].

لێکۆڵینەوە لە ڕاستیی و چەسپاویی ئەم فەرموودەیە دەیسەلمێنێت، کە دانراو و هەڵبەستراوە، ئیمامی شافیعی دەفەرموێت: کەس ئەم فەرموودەیەی ڕیوایەت نەکردووە، کە ڕیوایەتی لە زۆر یان لە کەم، جێگای پەسەندیی بێت[2]. ئیبن عەبدولبەڕ لە عەبدولڕەحمانی کوڕی مەهدییەوە دەیگێڕێتەوە، کە ئەم فەرموودەیە

[1] بڕوانە: معرفة السنن والآثار (١/ ١١٦)، جامع بيان العلم وفضله (٢/ ١١٩١)، الإبانة الكبرى (١/ ٢٦٥).

[2] بڕوانە: معرفة السنن والآثار (١/ ١١٧).

زەندیقەکان و یاخیبووەکان هەڵیانبەستووە، پاشان ئیبن عەبدولبەڕ دەڵێت: نەسەلماوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئەم وشانەی وتبێت، چونکە زانایان دەڵێن: نە لە ڕێگایەکی دروستەوە هاتووە و نە لاواز، لەبەر ئەوە دژی وەستاون، هەروەها دەڵێن: لە کاتی عەرزکردنی بەسەر قورئاندا، بۆمان دەردەکەوێت، کە خودی خۆی پێچەوانەی قورئانە، چونکە قورئان بە ڕەها فەرمان بە گوێڕایەڵی پێغەمبەر دەکات و شوێنکەوتنیشی بە ئەرك دادەنێت[1].

ئیبن ئەلبەتەش لە ئیبن ساجییەوە دەیگێڕێتەوە، کە باوکی وتوویەتی: ئەم فەرموودەیە هەڵبەستراوە و دراوەتە پاڵ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، هەروەها دەڵێت: عەلی کوڕی مەدینی وتویەتی: ئەم فەرموودەیە ئەصڵ و ئەساسی نییە، پاشان ئیبن ئەلبەتە دەڵێت: سوننەتی پەسەند و قورئانی پیرۆز ڕەتی دەکەنەوە[2].

ڕەتکەران ڕێگایەکی تر دەگرنە بەر، ئەویش بە بەڵگە وەرگرتنی ڕواڵەت و زاهیری هەندێك فەرموودەیە، دەیانەوێت لە ڕێگایەوە بیسەلمێنن، کە هاوەڵان ڕەتی سوننەتیان کردووەتەوە و تەنها قورئانیان پێبەسبووە، لێرەدا دوو نموونە دەخەمە ڕوو، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم دەنگۆیە، وەك لای خوارەوە هاتووە:

١- ئیمامی بوخاری لە ئیبن عەبباسەوە دەیگێڕێتەوە، کە فەرموویەتی: لە کاتی سەرەمەرگی پێغەمبەردا کۆمەڵێك پیاو لە ماڵیاندا بوون، پێغەمبەر فەرمووی: "وەرن با نووسراوێکتان بۆ بنووسم، لە پاش من تووشی گومڕایی نابن"، یەکێك لە ئامادەبووان وتی: پێغەمبەر ئێش و ئازاری زۆرە، ئازاری مەدەن، ترستان نەبێت، قورئانمان هەیە، لە گومڕایی دەمانگێڕێتەوە، کتێبەکەی خوا لەو کارەدا کەفیلمانە، لەبەر ئەوە جیاوازی ڕا کەوتە نێوان ئامادەبووانەوە، هەندێکی تر وتیان: با

---

[1] بڕوانە: جامع بيان العلم وفضله (٢/ ١١٩١).

[2] بڕوانە: الإبانة الكبرى (١/ ٢٦٥).

تێنووسی بۆ ئامادە بکەین، تا لە گومڕایی بمانپارێزێت، هەندێکی تر، شتی تریان وت، دووبەرەکی و غەڵبەغەڵب دروستبوو، جا پێغەمبەر فەرمووی: "هەڵسن بڕۆنە دەرەوە"[١]، لە ڕیوایەتی مسولیمدا: هەندێك وتیان: خۆ تووشی خەڵەفان نەبووە، پرسیاری لێبکەن، پێغەمبەر فەرمووی: "وازملێبهێنن، من باشم، وەسێتان پێدەکەم بە سێ شت: موشریکەکان لە دوورگەی عەرەبی وەدەرنێن، پێشوازیی لە شاندەکان بکەن، بەو شێوەی من پێشوازیم لێکردوون و ئەوەی من پێمداون ئێوەش بیاندەنێ"، ڕاوی دەڵێت: ئیبن عەبباس باسی سێهەمی نەکرد، یان باسی کرد، بەڵام من لەبیرم چووە[٢]، ڕاستتر وایە، کە سێهەم شت، فەرمانکردنە بە ناردنی سوپاکەی ئوسامە[٣].

لێرەدا بە دڵنیاییەوە دەڵێم: مەبەست ڕەتکردنەوەی سوننەت نییە، بە هیچ شێوەیەك، چونکە هەر ئەو هاوەڵە بەڕێزانە، لە سەرووی هەموویانەوە عومەری کوڕی خەتتاب، کە ناوی لە ڕیوایەتەکەدا لە ڕێگایەکی ترەوە هاتووە، لە هەموو کەس پابەندتر بوون بە سوننەتەوە، بە پەرۆشەوە بیستوویانە و بە پەرۆشەوە گەیاندوویانە و بە پەرۆشیشەوە کاریان پێکردووە، بەڵگەش هەر لەم فەرموودەیەدا ئەوەیە، کە ئەو سێ فەرمانە لە هەندێ ڕێگای ترەوە هاتوون، بە چاکی جێبەجێکران، کەواتە هۆکاری ڕوودانی ئەو جیاوازییە چیبوو؟، زانایان کۆمەڵێك هۆکار باس دەکەن، بە لای منەوە، بەهێزترینیان ئەوەیە، کە ئەرك نەبووە لەسەر پێغەمبەر باسی بکات، کەواتە فەرمانی داواکردنی تێنووس، بۆ ئیرشاد و ڕێنمایی بووە، چونکە ئەگەر ئەرك بوایە دەیگەیاند و گوێی بە کەس نەدەدا، ئەگینا ئەوە دەبێتە کەموکوڕی لە تەبلیغ و گەیاندندا، پێغەمبەریش لەوە مەعسوم و پارێزراوە،

---

[١] بڕوانە: صحيح البخاري (٦/ ٩)، ژمارەی فەرموودە (٤٤٣٢).

[٢] بڕوانە: صحيح مسلم (٣/ ١٢٥٧)، ژمارەی فەرموودە (١٦٣٧).

[٣] بڕوانە: فتح الباري (٨/ ١٣٥).

بەتایبەت حاڵەتی تر هەبووە، کە غەڵبەغەڵب و دووبەرەکیی ڕوویداوە، پێغەمبەر ئەو قسەیەی کە ویستوویەتی بیکات، گەڕاندوویەتییەوە و باسی نەکردووە، وەك دیاریکردنی شەوی قەدر، هەروەها پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) چەند ڕۆژێکیتر ماوە و قسەی تری کردووە، ئەگەر ئەرك بوایە، باسی دەکرد، یان بە لانی کەمەوە، بە کەسانێکی دیاریکراوی دەگوت[1].

هەروەها فەرموودەیەکی تر هەیە، بە هەمان شێوە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی بە عائیشە: "بانگی ئەبوبەکرم بۆ بکە... با نووسراوێك بنووسم"[2]، بەڵام پاشتر ئەو نووسراوەی نەنووسیوە، چونکە ئەمەش هاوشێوەی ئەویتر ئەرك نەبووە لەسەری بیگەیەنێت و زانیویەتی خوا لەم بارەیەوە چی تەقدیر کردووە هەر ئەوە دەبێت.

بێگومان مەبەستیش لە (کتێبەکەی خوا کەفیلمانە)، لەو بابەتەدا بووە، کە پێغەمبەر ویستی باسی بکات، نەك بە واتای ڕەها، بەڵگەش وەك وتمان، هیچکام لە هاوەڵان کە ئامادەبووی ئەم ڕووداوە بوون و غەیری ئەمانیش بۆچوونی وایان نەبووە.

٢ـ بە بەڵگەوەرگرتنی وتەی "تەنها باسی قورئانمان بۆ بکە[3]"!!، کە هەندێك لە بیسەرانی فەرموودە لە کاتی باسکردنییەوە لە لایەن هەندێ هاوەڵەوە وتوویانە. دیارە ئەو کەسانەی کە ئەم سەرنجەیان هەبووە، بە زۆری ـ دەشتوانم بڵێم هیچکامیان ـ هاوەڵ نەبوون و کێشەی کەم تێگەیشتنیان هەبووە، هەر لەبەر ئەوەیە دەبینین کاتێك ڕاستییان بۆ دەرکەوتووە، شوێنی کەوتوون، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە دەبینین چۆن هاوەڵان بە پەرۆش و دڵسۆزییەوە ڕاستیی پێگەی

---

[1] بڕوانە: فتح الباری (١/ ٢٠٨– ٢٠٩) (٨/ ١٣٣– ١٣٥).

[2] ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە، بڕوانە: صحیح مسلم (٤/ ١٨٥٧)، ژمارەی فەرموودە (٢٣٨٧).

[3] بڕوانە: لاپەڕە ( ).

سوننەت بە خەڵك دەگەیەنن و داکۆکی لیٚ دەکەن، باشترین گەواهیش ئەم فەرموودە دروستەیە، کە میقدادی کوڕی مەعدی یەکروب ڕیوایەتی دەکات و دەفەرموویٚت: پیٚغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: "بزانن من قورئان و هاوشیٚوەی قورئانم بۆ هاتووە"[(١)]، مەبەستی سوننەتە، ئەمە و ویٚڕای چەندین ئایەت و فەرموودەی تر، کە داکۆکی لە حوجییەت و بەڵگەیی سوننەت دەکەن[(٢)].

**لقی دووەم: هاوەڵان و سوننەت و عەقڵ:**

عەقڵ لە شەرعدا پیٚگەی گرنگی هەیە، بەڵام لە بەرامبەری سروشدا (الوحي) ئامڕازی تیٚگەیشتنە و دەبیٚت سنووری خۆی تیٚنەپەڕیٚنیٚت، چونکە ئەو لە زانستی ڕەهاوە سەرچاوە دەگریٚت، ئەمیش لە جیهانیٚکی سنووردارەوە. ئەگەر ژیاننامەی هاوەڵان بە وردی بخویٚنینەوە، ئەو هاوکیٚشەیەمان بە جوانی بۆ بەرجەستە دەبیٚت، سەهلی کوڕی حەنیف، کە یەکیٚکە لە داناکانی عەرەب و هاوەڵیٚکی بەڕیٚزە، دەفەرموویٚت: "بەگومانەوە تەماشای ڕاوبۆچوونەکانتان لە بەرامبەر سروشدا بکەن، چونکە لە ڕۆژی ئەبوجەندەلدا[(٣)]، ئەگەر لە توانامدا بوایە، بڕ بەدڵ ڕەتی قسەی پیٚغەمبەرم دەکرد"[(٤)]، مەبەستی: بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت، کە قسە و کرداری ئەو ڕاست و دروستە و بۆچوونی من هەڵە و کورتبینە، چونکە پیٚغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بیٚت) بە ڕیٚنمایی سروش کارەکانی پیٚوانە دەکرد.

---

[١] بڕوانە: مسند الإمام أحمد (٢٨/ ٤١٠– ٤١١)، موحەقیق دەڵیٚت: فەرموودەیەکی درووستە.

[٢] بڕوانە کتیٚبی: حجية السنة، د. عبد الغني عبد الخالق.

[٣] مەبەستی ئەو ڕۆژەی کە پیٚغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بیٚت) ئەبو جەندەلی ڕادەستی موشـریکەکان کردەوە .

[٤] بڕوانە: صحيح البخاري (٥/ ١٢٨) ژمارەی فەرموودە (٤١٨٩).

هەر سەهلی کوڕی حەنیف لە فەرموودەیەکی تردا دەفەموویت: ئـەی خەڵکینـە، بە گومانەوە تەماشای ڕاوبۆچوونەکانتان بکەن، چونکە ئێمە لە ڕۆژی حودەیبیەیەدا لە خزمـەتی پێغەمبـەردا بـووین، ئەگـەر بوارمـان بوایـە، شـەڕمان دەکـرد، هـەتاکو عومەری کوڕی خەتتاب هات و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، باشە ئێمە لەسەر حـەق نین و ئەوانیش لەسەر ناڕەوایەتی؟ فەرمووی: بەڵێ، پاشان عومەر پرسیاری کـرد و وتی: ئەی کوژراوەکانی خۆمان لە بەهەشت نین و کوژراوەکانی ئەوانیش لە دۆزەخ؟ فەرمووی: بەڵێ، ئەوجا عومەر فەرمووی: ئەی باشە بۆ سەرشـۆڕی لـە دینەکەمانـدا قبـوڵ بکـەین؟ بۆچـی بگەڕێینـەوە پـێش ئـەوەی خـوا ڕاسـتی خۆمـان و ئـەوان دەربخات؟ پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) فـەرمووی: "ئـەی کـوڕی خـەتتاب، بەدڵنیاییـەوە مـن پێغەمبـەری خـوام و خـواش هـەرگیز دەسـتبەردارم نابێـت و ونم ناکات"، پاش ئەوە عومەر چووە لای ئەبوبەکر و هەمان قسەی پێوت، ئەبوبەکریش وتی: ئەو پێغەمبەری خوایە و خواش هەرگیز دەسـتبەرداری نابێـت و ونـی ناکـات، پاشـان سـورەتی (الفـتح) هاتـە خـوارەوە و پێغەمبــەر (دروودی خـوای لەســەر) خوێندیەوە بۆ عومەر، عومەریش پرسیاری کرد: ئەی پێغەمبەری خوا ئەمە فەتح و سەرکەوتنە؟ فەرمووی: "بەڵێ"[1].

ئیمامی عەلی کوڕی ئەبوتالیبش دەفەرموێت: "ئەگەر ئایین بە ڕا بوایە، دەبوو ژێرپێ مەسح بکرابایە، بەڵام من بینیم پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) مەسحی بەسەر سەرووی خوفەکەیدا[2] کرد"[3].

---

[1] بڕوانە: صحيح البخاري (٤/ ١٠٣) ژمارەی فەرموودە (٣١٨٢).

[2] خوف جۆرە جۆرابێکە لە چەرم دروست دەکرێت.

[3] بڕوانە: مسند الإمام أحمد (٢/ ١٣٩)، سنن أبي داود (١/ ٤١)، ژمـارەی فـەرموودە (١٦٢)، موحـەقیقی موسنەد و ئەلبانیش بە دروستیان زانیوە.

ئەم دەقانە بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن، کە هاوەڵان یەقینی تـەواویان بـە سـوننەت هــەبووە و پێـوەی پابەنـدبوون و لــە سـنوورەکانی لایـان نـەداوە، ئــەزموون و بەسەرهاتەکانی خۆیان وەك دیارییەکی بەنرخ دەخەنە پێش چاوی بڕوادارانی پـاش خۆیان، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن، کە عەقڵ بەرهەڵسـتی دەقـی شـەرعیی پێناکرێـت و دەبێت لە هەوڵ و کۆششی بێوچاندا بێت بۆ جێبەجێکردنی، چـونکە بەرژەوەنـدیی ڕاسـتەقینەی هــەردوو دونیــا لەوەدایــە، لەبــەر ئــەوەی عــەقڵ تــەنها دیوێــك دەخوێنێتەوە، بـەڵام سـروش هـەموو دیوەکـانی لا ڕوون و دیـارن. بەمـەش بۆمـان دەردەکەوێت، کە هاوەڵان بە ڕای خۆیان بەرهەڵستی دەقی سوننەتیان نـەکردووە، ئەو ڕیوایەتانەش کە وادەزانرێن بەرهەڵست ئامێزن، لەڕاستیدا وا نـین، بـۆ نموونـە: ئیبن عەبباس دەیگێڕێتەوە، کـە پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) فەرموویـەتی: خـوای پــەروەردگاری بینیـوە[1]، عائیشــەش کـە پرسـیاری ئـەم بابەتــەی لێکـرا، فەرمووی: توکی سەرم وەستا لەم قسەیە، سێ شت هەر کەس باسـیان بکـات، درۆ دەکـات، لـەم سـیانە باسـی ئـەوەی کـرد، کـە هـەر کـەس بڵێـت، پێغەمبـەر خـوای پەروەردگاری بینیوە، بێگومان درۆی کردووە[2]. مرۆڤ کە ڕواڵەتی ئـەم فەرموودانـە دەبینێـت، دەڵێـت: ئـەوەتا عائیشـە سـوننەت بـە ڕای خـۆی ڕەتدەکاتـەوە، بـەڵام ڕاسـتیی هـەرگیز وا نییـە، چـونکە بـە کۆکردنـەوە و لێکۆڵینـەوە لـە هـەموو ئـەو ڕیوایەتانە، کە لەم بابەتە دەدوێن، ئەنجامێکی ترمان بـۆ دەردەخـەن، سـەرەتا نـە سەلماوە، نە لە ڕێگای ئیبن عەبباسەوە و نە لە ڕێگای کەسی ترەوە، کە پێغەمبەر

---

[1] بڕوانە: مسند الإمام أحمد (٤/ ٣٥١)، موحەقیق دەڵێت: ئەم فەرموودەیە ناگاتە پێغەمبەر، قسەی ئیبن عەبباس خۆیەتی، واتە فەرموودەیەکی مەوقوفە.

[2] بڕوانە: صحیح البخاری (٦/ ١٤٠– ١٤١)، ژمارەی فەرموودە (٤٨٥٥).

فـــەرمووبێتی خـــوای پـــەروەردگاری بینیـــووە، ئـــەو فـــەرموودەی ســـەرەوەش، بەرزکردنەوەی بۆ پێغەمبەر نەسـەلماوە و قەتیسـە لەسـەر ئـیبن عـەبباس، هـەموو ڕیوایەتەکانی تریش بۆمان دەردەخەن، کە ئەمە بۆچوونی ئیبن عەبباسە[1]، بە دوو شێوازیش لێی دەگێڕنەوە، جارێك بە ڕەها و جارێکی تریش بە پێوەندی (مقید) بـە قەیدی بینـینی دڵ[2]، ئەڵبەتـە ئاشـکرایە، کـە هـاوەڵان مەعسـوم نـین و دەکرێـت هاوەڵێکی تر ڕای جیاوازی هەبێت، لەگـەڵ ئەوەشـدا دەکرێـت هـەردوو بۆچـوونەکە لەوەدا کۆبکرێنەوە، کە ئیبن عەبباس بینیی دڵ جێگیر دەکات و عائیشـەش ڕەتـی بینینی چاو دەکاتەوە[3].

[1] بڕوانە: مجموع الفتاوى (٦/ ٥٠٩– ٥١٠)، وێڕای پەراوێزی پێشووتر.

[2] بڕوانە: رؤية الله، للدارقطني (٣٥٠)، المستدرك علي الصحيحين (١/ ١٣٣).

[3] بڕوانە: مجموع الفتاوى (٦/ ٥٠٩–٥١٠).

# کۆتایی

هاوەڵان بە کۆدەنگی سوننەت بە سەرچاوەی حوکمی شەرعی دەزانن، لە کارکردنیشیان بە سوننەت، جیاوازییان لە نێوان سوننەتی گوفتاریی و کرداریی نەکردووە، هەروەها جیاوازیان لە نێوان فەرموودەی موتەواتەر و ئاحادیش نەکردووە و کاریان بە هەموویان کردووە، زۆریش بە پەرۆش بوون، بۆ لەبەرکردنی و گەیاندنی. لێکۆڵینەوە و هەڵوەستەکردنی هەندێك لە هاوەڵان، لە بەرامبەر هەندێك فەرموودەدا، واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەو هاوەڵانە سوننەتیان پێ قبوول نییە، بەڵام ڕاستی ئەو هەڵوێستە دەگەڕێتەوە بۆ یەکێك لەم هۆکارانە:

١ـ باش لەبەرنەکردنی فەرموودەکە لە لایەن ڕاوییەوە.

٢ـ بیستنی هەندێك لە فەرموودەکە و نەبیستنی ما باقییەکەی.

٣ـ ناوەڕۆکی ئەو فەرموودەیە ئیجتهادی هاوەڵی ڕاوی بووە، نەك وتەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، مەبەست ڕەتکردن بۆ ئیجتهادی هاوەڵەکەیە، نەك بۆ سوننەت.

هاوەڵان کاریان بە سوننەت کردووە، بەبێ ئەوەی عەرزی بکەن بەسەر قورئاندا، هەندێك فەرموودەش، کە بە ڕواڵەت پێچەوانەی ئەم ڕاستییەیە، لە لێکۆڵینەوە دەردەکەوێت، ناوەڕۆکی ئەو فەرموودانە ئیجتیهادی هاوەڵەکەیە، نەك فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر). هاوەڵی ڕەخنەگریش کە هانا بۆ قورئان دەبات، تەنها بۆ سەلماندنی بۆچوونی خۆیەتی، نەك ڕەتکردنەوەی سوننەت.

هاوەڵان لە کاتی نەبوونی بەڵگە لە قورئان و سوننەتدا، بۆ دیاریکردنی حوکمی شەرعی پەنایان بۆ ئیجتیهادکردن بردووە، بەڵام هەرکات بەڵگەی سوننەتیان پێگەشتبێت، وازیان لە ڕای خۆیان هێناوە و پابەند و ملکەچی سوننەت بوون.

هاوەڵان زۆر بە توندیی مامەڵەیان لەگەڵ سەرپێچیکەرانی سوننەتدا کردووە، بە شێوەیەك هەندێك جار بڕیاری پچڕاندنی پەیوەندیان لەگەڵیان داوە.

## سەرچاوەکان

١ـ الإبانة الكبري، أبي عبد الله عبيد الله بن محمد بن محمد بن حمدان العُكْبَري المعروف بابن بَطَّة العكبري (ت ٣٨٧هـ)، تحقيق: رضا معطي، وعثمان الأثيوبي، ويوسف الوابل، والوليد بن سيف النصر، وحمد التويجري، دار الراية للنشر والتوزيع/ الرياض، د.ط، د.ت.

٢ـ الإجابة لإيراد ما استدركته عائشة على الصحابة، بدرالدين الزركشي، تحقيق: سعيد أفغاني وتعليق وتخريج: د. عصمت الله، مجمع البحوث الإسلامية، الجامعة الإسلامية العالمية، إسلام آباد، د.ط، د.ت.

٣ـ الإجماع، محمد بن إبراهيم بن المنذر، تحقيق: فؤاد عبد المنعم أحمد، دار المسلم، ط١، ١٤٢٥هـ/ ٢٠٠٤م.

٤ـ الأحاديث المختارة أو المستخرج من الأحاديث المختارة مما لم يخرجه البخاري ومسلم في صحيحيهما، ضياء الدين أبو عبد الله محمد بن عبد الواحد المقدسي (ت ٦٤٣هـ)، دراسة وتحقيق: أ.د. عبد الملك بن عبد الله بن دهيش، دار خضر للطباعة/ بيروت ـ لبنان، ط٣، ١٤٢٠هـ/ ٢٠٠٠م.

٥ـ إرشاد الفحول إلى تحقيق الحق من علم الأصول، للعلامة محمد بن علي بن محمد الشوكاني (ت: ١٢٥٠هـ)، تحقيق: الشيخ أحمد عزو عناية، دار الكتاب العربي، ط١، ١٤١٩هـ/ ١٩٩٩م.

٦ـ الاستذكار الجامع لمذاهب فقهاء الأمصار، أبي عمر يوسف بن عبد الله بن عبد البر النمري القرطبي (ت: ٤٦٣هـ)، تحقيق: سالم محمد عطا، ومحمد علي معوض، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٠م.

٧ـ إعلام الموقعين عن رب العالمين: ابن القَيم الجوزية (٦٩١ـ٧٥١هـ)، تحقيق: عصام فارس الحرستاني وحسان عبد المنان، دار الجيل، بيروت، ١٤١٩هـ/ ١٩٩٨م.

٨ـ تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي، محمد عبد الرحمن بن عبد الرحيم المباركفوري أبي العلا (١٣٥٣هـ)، دار الكتب العلمية، بيروت، د.ط، د.ت.

٩ـ تهذيب اللغة، محمد بن أحمد بن الأزهري الهروي، أبي منصور (ت ٣٧٠هـ)، تحقيق: محمد عوض مرعب، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط١، ٢٠٠١م.

١٠ـ جامع الأصول في أحاديث الرسول، مجد الدين أبي السعادات المبارك بن محمد بن محمد بن محمد ابن عبد الكريم الشيباني الجزري ابن الأثير (المتوفى: ٦٠٦هـ)، تحقيق: عبد القادر الأرناؤوط ـ التتمة: تحقيق بشير عيون، مكتبة الحلواني ـ مطبعة الملاح ـ مكتبة دار البيان، ط١، د.ت.

١١ـ جامع بيان العلم وفضله، أبي عمر يوسف بن عبد الله بن محمد بن عبد البر بن عاصم النمري القرطبي (ت ٤٦٣هـ)، تحقيق: أبي الأشبال الزهيري، دار ابن الجوزي، المملكة العربية السعودية، ط١، ١٤١٤هـ/ ١٩٩٤م.

١٢ـ حجية السنة، د. عبد الغني عبد الخالق، دار السعداوي ـ دار التربية، د.ط، د.ت.

١٣ـ الرسالة، أبي عبد الله محمد بن إدريس الشافعي (ت: ٢٠٤هـ )، تحقيق: أحمد شاكر، مكتبه الحلبي ـ مصر، ط١، ١٣٥٨هـ/ ١٩٤٠م.

١٤ـ رؤية الله، أبي الحسن علي بن عمر بن أحمد بن مهدي بن مسعود بن النعمان بن دينار البغدادي الدارقطني (ت ٣٨٥هـ)، قدم له وحققه وعلق عليه وخرج أحاديثه: إبراهيم محمد العلي، أحمد فخري الرفاعي، مكتبة المنار، الزرقاء ـ الأردن، د.ط، سنة ١٤١١هـ.

١٥ـ سنن أبي داود، أبي داود سليمان بن الأشعث السجستاني (ت: ٢٧٥هـ)، دار الكتاب العربي ـ بيروت، د.ط، د.ت، مذيل بأحكام الألباني.

١٦ـ سنن الترمذي (الجامع الصحيح )، محمد بن عيسي أبي عيسي الترمذي السلمي (ت: ٢٧٩هـ)، تحقيق: أحمد محمد شاكر وآخرون، دار إحياء التراث العربي ـ بيروت، د.ط، د.ت، مذيل بأحكام الألباني.

١٧ـ السنن الكبري وفي ذيله الجوهر النقي لابن التركماني، أبي بكر أحمد بن الحسين بن علي البيهقي (ت: ٤٥٨هـ)، مجلس دائرة المعارف النظامية الكائنة في الهند ببلدة حيدر آباد، ط١، ١٣٤٤هـ.

١٨ـ سنن النسائي (المجتبي من السنن)، أحمد بن شعيب أبي عبد الرحمن النسائي (ت: ٣٠٣هـ)، تحقيق: عبدالفتاح أبو غدة، مكتب المطبوعات الإسلامية ـ حلب، ط٢، ١٤٠٦/ ١٩٨٦، مذيل بأحكام الألباني.

١٩ـ سيرة الإمام البخاري، عبدالسلام المباركفوري (١٢٨٩ـ ١٣٤٢هـ)، ترجمة وتعليق: عبدالعليم بن عبدالعظيم البستوي، دار عالم الفوائد ـ مكة المكرمة، ط١، ١٤٢٢هـ.

٢٠ـ شرح النووي علي صحيح مسلم (المنهاج في شرح صحيح مسلم بن الحجاج)، لأبي زكريا يحيى بن شرف بن مري النووي (ت: ٦٧٦هـ)، دار إحياء التراث العربي ـ بيروت، ط٢، ١٣٩٢هـ.

٢١ـ شرح معاني الآثار، لأحمد بن محمد بن سلامة بن عبدالملك بن سلمة أبو جعفر الطحاوي، تحقيق: محمد زهري النجار، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط١، ١٣٩٩هـ.

٢٢ـ صحيح البخاري (الجامع الصحيح المختصر)، محمد بن إسماعيل البخاري (ت: ٢٥٦هـ)، تحقيق: د. مصطفي ديب البغا، دار ابن كثير، اليمامة ـ بيروت، ط٣، ١٤٠٧هـ/ ١٩٨٧م.

٢٣ـ صحيح مسلم (الجامع الصحيح)، لأبي الحسين مسلم بن الحجاج القشيري النيسابوري (ت: ٢٦١هـ)، دار الجيل ـ بيروت، دار الآفاق الجديدةـ بيروت، د.ط، د.ت.

٢٤ـ عمدة القاري شرح صحيح البخاري، أبي محمد محمود بن أحمد بن مسوي بن أحمد بن حسين الغيتابي الحنفي بدر الدين العيني (ت ٨٥٥هـ)، دار إحياء التراث العربي ـ بيروت، د.ط، د.ت.

٢٥ـ فتح الباري شرح صحيح البخاري، لأبي الفضل أحمد بن علي بن حجر العسقلاني (ت: ٨٥٢)، دار المعرفة ـ بيروت، ١٣٧٩هـ.

٢٦ـ الفقيه والمتفقه، للإمام أبي بكر أحمد بن علي بن ثابت الخطيب البغدادي (٣٩٢ـ ٤٦٣هـ)، صححه وعلق عليه: الشيخ إسماعيل الأنصاري. المكتبة العلمية ـ دمشق، د.ط، د.ت.

٢٧ـ قواطع الأدلة في الأصول، للإمام أبي المظفر منصور بن محمد بن عبد الجبار السمعاني (ت: ٤٢٦ ـ ٤٨٩هـ)، تحقيق: محمد حسن محمد حسن إسماعيل الشافعي. دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط١، ١٤١٨هـ/ ١٩٩٧م.

٢٨ـ الكفاية في علم الرواية، أبي بكر أحمد بن علي بن ثابت بن أحمد بن مهدي الخطيب البغدادي (ت: ٤٦٣هـ)، تحقيق: أبي عبد الله السورقي، إبراهيم حمدي المدني، المكتبة العلمية ـ المدينة المنورة، د.ط، د.ت.

٢٩ـ لسان العرب: محمد بن مكرم بن منظور الأفريقي المصري، دار صادر ـ بيروت، ط١، د.ت.

٣٠ـ مجموع الفتاوي: أحمد بن عبد الحليم بن تيمية الحراني أبي العباس (ت: ٧٢٧هـ). د.ن، د.ط، د.ت.

٣١ـ المجموع شرح المهذب، أبي زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي (ت: ٦٧٦هـ)، دار الفكر ـ بيروت، د.ط، د.ت.

٣٢ـ المحلي بالآثار، أبي محمد علي بن أحمد بن سعيد بن حزم الأندلسي القرطبي الظاهري (ت: ٤٥٦هـ)، دار الفكر ـ بيروت، د.ط، د.ت.

٣٣ـ المحيط البرهاني في الفقه النعماني، أبي المعالي برهان الدين محمود بن أحمد بن عبد العزيز بن عمر بن مَازَةَ البخاري الحنفي (ت: ٦١٦هـ)، تحقيق: عبد الكريم سامي الجندي، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ط١، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٤م.

٣٤ـ المستدرك علي الصحيحين، محمد بن عبد الله أبو عبد الله الحاكم النيسابوري (ت: ٤٠٥)هـ، تحقيق: مصطفي عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط١، ١٤١١هـ/ ١٩٩٠م، تعليقات الذهبي في التلخيص.

٣٥ـ مسند أبي داود الطيالسي، أبي داود سليمان بن داود بن الجارود الطيالسي البصري (ت: ٢٠٤هـ)، تحقيق: د. محمد بن عبد المحسن التركي، دار هجر ـ مصر، ط١، ١٤١٩هـ/ ١٩٩٩م.

٣٦ـ المسند، أحمد بن حنبل أبي عبد الله الشيباني (ت: ٢٤١هـ)، مؤسسة قرطبة ـ القاهرة، د.ط، د.ت، الأحاديث مذيلة بأحكام شعيب الأرناؤوط عليها.

٣٧ـ مسند البزار (البحر الزخار)، لأبي بكر أحمد بن عمرو البصري البزار (ت: ٢٩٢هـ)، المنشور علي موقع المكتبة الشاملة، http:/ / www.alsunnah.com

٣٨ـ مسند الدارمي المعروف بـ(سنن الدارمي)، أبي محمد عبد الله بن عبد الرحمن بن الفضل بن بَهرام بن عبد الصمد الدارمي، التميمي السمرقندي (ت ٢٥٥هـ)، تحقيق: حسين سليم أسد الداراني، دار المغني ـ المملكة العربية السعودية، ط١، ١٤١٢هـ/ ٢٠٠٠م.

٣٩ـ مسند الحميدي، أبو بكر عبد الله بن الزبير بن عيسي بن عبيد الله القرشي الأسدي الحميدي المكي (ت: ٢١٩هـ)، حقق نصوصه وخرج أحاديثه: حسن سليم أسد الدَّارَانيّ، دار السقا، دمشق ـ سوريا، ط١، ١٩٩٦م.

٤٠ـ مسند الإمام الشافعي، الشافعي أبي عبد الله محمد بن إدريس بن العباس المطلبي القرشي المكي (ت: ٢٠٤هـ)، رتبه علي الأبواب الفقهية: محمد عابد السندي، تصحيح السيد يوسف علي الزواوي الحسني، السيد عزت العطار الحسيني، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، د.ط، ١٣٧٠هـ ـ ١٩٥١ م.

٤١ـ مسند أمير المؤمنين أبي حفص عمر بن الخطاب رضي الله عنه وأقواله علي أبواب العلم، أبي الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي البصري ثم الدمشقي (ت: ٧٧٤هـ)، تحقيق: عبد المعطي قلعجي، دار الوفاء ـ المنصورة، ط١، ١٤١١هـ/ ١٩٩١م.

٤٢ـ المصنف، أبي بكر عبد الرزاق بن همام الصنعاني (ت: ٢١١هـ)، تحقيق: حبيب الرحمن الأعظمي، المكتب الإسلامي ـ بيروت، ط٢، ١٤٠٣هـ.

٤٣ـ المصنف، أبي بكر عبد الله بن محمد بن أبي شيبة العبسي الكوفي (ت: ٢٣٥هـ)، تحقيق: محمد عوامة، طبعة الدار السلفية الهندية القديمة، د.ط، د.ت.

٤٤ـ المعجم الكبير، سليمان بن أحمد بن أيوب أبي القاسم الطبراني (ت: ٣٦٠هـ)، تحقيق: حمدي بن عبد المجيد السلفي، مكتبة العلوم والحكمـ الموصل، ط٢، ١٤٠٤هـ/ ١٩٨٣هـ.

٤٥ـ معرفة السنن والآثار، أحمد بن الحسين بن علي بن مسوي الخُسْرَوْجِردي الخراساني، أبي بكر البيهقي (ت: ٤٥٨هـ)، تحقيق: عبد المعطي أمين قلعجي، جامعة الدراسات الإسلامية (كراتشي ـ باكستان)، دار قتيبة (دمشقـ بيروت)، دار الوعي (حلب ـ دمشق)، دار الوفاء (المنصورة ـ القاهرة)، ط١، ١٤١٢هـ/ ١٩٩١م.

٤٦ـ المغني في فقه الإمام أحمد بن حنبل الشيباني، عبد الله بن أحمد بن قدامة المقدسي أبي محمد (٦٢٠هـ)، دار الفكر ـ بيروت، ط١، ١٤٠٥هـ.

٤٧ـ مفتاح الجنة في الاحتجاج بالسنة، عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي (ت: ٩١١هـ)، الجامعة الإسلامية، المدينة المنورة، ط٣، ١٤٠٩هـ/ ١٩٨٩م.

٤٨ـ مقدمة ابن الصلاح (معرفة أنواع علوم الحديث)، عثمان بن عبد الرحمن، أبو عمرو، تقي الدين المعروف بابن الصلاح (ت: ٦٤٣هـ)، تحقيق: نور الدين عتر، دار الفكر ـ سوريا، دار الفكر المعاصر ـ بيروت، د.ط، ١٤٠٦هـ ـ ١٩٨٦م.

٤٩ـ السنة ومكانتها في التشريع الإسلامي: مصطفي بن حسني السباعي (ت: ١٣٨٤هـ)، المكتب الإسلامي، دمشقـ سوريا، بيروت ـ لبنان، ط٣، ١٤٠٢هـ/ ١٩٨٢م.

٥٠ـ نزهة النظر في توضيح نخبة الفكر في مصطلح أهل الأثر، أبي الفضل أحمد بن علي بن محمد بن أحمد بن حجر العسقلاني (ت: ٨٥٢هـ)، تحقيق: عبد الله بن ضيف الله الرحيلي، مطبعة السفير ـ الرياض، ط١، ١٤٢٢هـ.

# پەیوەندی ڕوونکاریی نێوان قورئان و فەرمووده

د. مەحمود عەبدوڵڵا مەحمود
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان

ئاشکرایە فەرموودەی پێغەمبەرمان (درودی خوای لەسەر) سەرچاوەی دووەمی تەشریعە لە ئیسلامدا، زانایانی مسوڵمان یەکدەنگن لەسەر پێگەی تەشریعی فەرموودە و کارپێکردنی، دەیان دەقی قورئانی پیرۆز فەرمان بە شوێنکەوتنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و گوێڕایەڵیی کردنی دەکەن، تەنانەت خوای پەروەردگار بڕوای بڕوادار و خۆشویستنی بۆ خودا پەیوەست دەکات بە شوێنکەوتنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و ملکەچبوونی بڕیارەکانی.

لەبەر ئەوەی قورئانی پیرۆزیش، وەك سەرچاوەی سەرەكی تەشریع و بنەما ناكرێت هەموو وردەكاری و ڕوونكردنەوەی بڕیارە شەرعییەكان لەخۆبگرێت، خوای پەروەردگار ئەركی ڕوونكردنەوەی قورئانی پیرۆز و ڕاڤەی ئایەتەكانی بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) سپاردووە، تەنانەت بواری بڕیاردان لە حوكمی نوێیشی پێ داوە.

ئاشكرایە ڕوونكردنەوەیش جۆراوجۆرە، لەوانە: زێدە ڕوونكردنەوە، ڕوونكردنەوەی دەقە مانا ناڕوونەكان، تایبەتكردنی گشتگیرەكان، سنووردراركردنی ڕەهاكان، تەنانەت تەشریعكردنی ئەو بڕیارانەی مسوڵمانان ناتوانن لە قورئان هەڵێنجانی بۆ بكەن. هەموو ئەمانە دەخوازن كە سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) سەرچاوەی تەشریعی و پابەندكاربن، لەبەر ئەمە بەدرێژایی مێژووی ئیسلام مسوڵمانان هاوڕابوون لەسەر وەرگرتنی ڕوونكردنەوەكانی فەرموودە بۆ قورئان و بڕوایان بە پەیوەندی ڕوونكاری نێوان ئەم دوو سەرچاوە سەرەكییەی تەشریع هەبووە. یەكێك لەو پرسانەی بەدرێژایی مێژوو كۆدەنگی مسوڵمانانی لەسەر بووە، پێگەی پیرۆزی فەرموودە و وەرگرتنی بووە هەم لە بواری ڕوونكاری قورئان و هەم بڕیاردانی نوێ، ئەم بابەتەیش زەرورەتێكی شەرعی و عەقڵییە، یەكەمیان لەبەر ئەوەی دەیان دەقی قورئانی فەرمان بە شوێنكەوتنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و وەرگرتنی فەرمانەكان و دووركەوتنەوە لە قەدەغەكراوەكانی دەكات، بەڵكو چەندین دەقی قورئانی ئایندری دەبەستێتەوە بە ملكەچبوونی تەواو بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و ڕازی بوونی تەواو بە بڕیارەكانی.

دووەمیشیان لەبەر ئەوەی چەندین ئایەتی قورئانی، تەنها ئاماژە بە حوكمەكان دەدەن و ڕوونكاری تەواویان باس ناكەن، لەكاتێكدا ئاشكرایە جێبەجێكردنی حوكمەكان بێ زانینی تەواوی زانیاری لەسەر ووردەكاریەكانیان نابێت، كەوابوو،\ یان دەبێت لە جێبەجێكردنی حوكمەكان بگەڕێین، یاخود دەبێ پشت بە

ڕوونکردنەوەکانی فەرمووده ببەستین، ئاشکرایه لە ڕووی عەقڵیەوە یەکەمیان ئەستەمە، چونکە بەواتای ئەنجام نەدانی ئەو ئەرك و فەرمانانە دێت، کە بۆ ئەنجامدان تەشریعکراون، کەوابوو کارکردن بە فەرمووده تەنها ڕێگەیە. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا پشت بەخوا جۆرەکانی ڕوونکاری فەرمووده بۆ قورئان بە نموونەوە دەخەینەڕوو.

**پەیوەندی جەختکاریی نێوان قورئان و فەرمووده ( السنة المؤكدة للقرآن )**

یەکێك لە پەیوەندییە ڕوونکارییەکانی نێوان قورئان و فەرمووده بریتیە لە جەخت و دووپاتکردنەوەی فەرمووده بۆ حوکمە قورئانییەکان، ئەم جۆرە لە فەرمووده لە ئەساسدا گرفتی لەسەر نییە و کۆی زانایان هاوڕان لەسەر ئەم ئەرکەی فەرمووده، لە ڕووی ئوصولییشەوە ئەم جۆرە فەرموودانە کەمترین قسەیان لەسەر کراوە، لەبەر ئەوەی بڕیارەکانیان نویێ نین و دووپاتکردنەوەی بڕیارە قورئانیەکانن. بۆ نموونە: بە چەندین دەقی قورئانی پیرۆز نوێژکردن و ڕۆژووگرتن و زەکات دان و چەندین حوکمی دیکە واجب بووە لەسەر مسوڵمان، لە هەمان کاتدا چەندین فەرموودەی پێشەوامان (دروودی خوای لەسەر) دووپاتی ئەم حوکمانە دەکەنەوە. بۆ زێدە ڕوونکردنەوەیش ئەم نموونانە دەخەینەڕوو:

١ـ خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿وَلِلَّهِ عَلَي النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا﴾ (آل عمران: ٩٧)، واتە: (خوای گەورە فەرزی کردووە لەسەر ئادەمیزاد حەجی ماڵی خوا ئەوانەی توانای جەستەیی و داراییان هەیە). پەیامبەری مەزن (دروودی خوای لەسەر) هەمان واتا دووپات دەکاتەوە بە فەرموودەی: "بُنِيَ الْإِسْلَامُ علي خَمْسٍ: شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إلا الله وَأَنَّ مُحَمَّدًا رسول اللَّهِ، وَإِقَامِ الصَّلَاةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَالْحَجِّ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ"[1]، واتە: (ئیسلام بنیاتنراوە لەسەر پێنج

---

[1] أخرجه البخاري في صحيحه، كتاب الإيمان (١/ ١٢) رقم الحديث (٨)، ومسلم في صحيحه، باب بيان أركان الإسلام ودعائمه العِظام (١/ ٤٥) رقم الحديث (١٦). واللفظ للبخاري.

پایە: بڕوابوون بە دڵ و بە دانپیادانان بە زوبان، کە هیچ پەراستراوێك شیاوی پەرستن نییە جگە لە (الله) و محەمەد پێغەمبەری خودایە، ئەنجامدانی نوێژەکان، زەکاتدان، حەجکردن و بەڕۆژووبوونی مانگی ڕەمەزان). ئەم جۆرە لە دووپاتکردنەوەی حوکم، وەك ئیبن قەییم دەفەرموێت: "کاتێکە فەرموودە هەمچونی قورئان بێت لە باسکردنی حوکمێکدا، ئەمەش بۆ جەختکردنەوە و دووبارەکردنەوەیە"[1].

٢- بەهەمان شێوە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلَّا أَنْ تَكُونَ تِجَارَةً عَنْ تَرَاضٍ مِنْكُمْ﴾ (النساء: ٢٩)، واتە: (ماڵی یەکتری مەخۆن لە نێوان یەکتریدا بە بەتاڵ وحەرام، مەگەر لە ڕێگەی بازرگانیدا و بە ڕەزامەندی یەکتری نەبێت). پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "لَا يَحِلُّ مَالُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ إِلَّا بِطِيبِ نَفْسِهِ"[2]، واتە: (نابێت و حەڵاڵ نییە بۆ هیچ کەسێك ماڵ و سامانی مسوڵمانێکی دیکە بخوات مەگەر بە ویست و ڕەزامەندی خودی کەسەکە نەبێت). ئەم فەرموودەیە تاکیدی ئایەتەکەی پێش خۆی دەکات.

٣- هەروەها قورئانی پیرۆز باس لە پێویستی باوەڕ بە خودا و فریشتەکان و پەڕتووکە ئاسمانیەکان و پەیامبەران دەکات، وەك دەفەرموێت: ﴿آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ﴾ (البقرة: ٢٨٥)، واتە: (پێغەمبەر باوەڕی تەواوی هەیە بەو قورئانەی لەلایەن پەروەردگاریەوە بۆی هاتووە، هەروەها ئیماندارانیش، هەریەکەیان باوەڕی تەواوی بە خوای گەورە و بە فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرانی هەیە، بە زمانی حاڵ و بە گوفتار دەڵێن: هیچ جیاوازی ناکەین لەنێوان هیچ کام لە پێغەمبەرانی خوادا و دەڵێن: پەروەردگارا

[1] بڕوانە: إعلام الموقعين، ابن القيم (٢/ ٣٠٧).

[2] أخرجه أحمد في مسنده (٥/ ٧٢) رقم الحديث (٢٠٧١٤).

ئێمە گوێڕایەڵ و ملکەچین بۆ فەرمانەکانت، پــەروەردگارمان داوای لێخـۆش بوونـت دەکەین، سەرەنجام هەر بۆ لای تۆیە گەڕانەوە). بە هەمان شێوە لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوادا (دروودی خوای لەسـەر) فەرموودەگـەلێك هەیـە، کـە پشـتگیریی دەکـات لـە مانـای ئایەتەکـە، یـەك لـە نموونـەکانیش فەرموودەکـەی جبریلـە، کـە عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لەسەر بێـت) دەیگێڕێتـەوە و دەفـەرمووێت: "دانیشتبووین لە خزمەتی پێغەمبەری خودادا (دروودی خوای لەسەر)، لـەو کاتـەدا پیاوێـك هاتــە ژوورەوە پۆشـاکێکی زۆر سـپی لەبــەردا بـوو، قـژی زۆر ڕەش بـوو، کاریگـەری سـەفەری پێـوە دیـار نـەبوو، کەسـیش لـە ئێمـە نەیدەناسـی، هـات و ئەژنۆکانی نووساند بە ئەژنۆکانی پێغەمبەرەوە و دەستەکانی خستە سەر ڕانـەکانی پێغەمبــەر (دروودی خـوای لەسـەر)، پاشـان وتـی: ئـەی محەمـەد هـەواڵم بـدەرێ لەبارەی ئیمان و باوەڕەوە. پێغەمبەری خـودا (دروودی خـوای لەسـەر) فـەرمووی: "بـاوەڕ بریتییـە لـەوەی بـاوەڕت هـەبێت بـە خـودا و فریشـتەکانی و کتێبـەکانی و پێغەمبەرەکانی و ڕۆژی دوایـی و قـەدەر باشـەکەی و خراپەکـەی". پیاوەکـە وتـی: ڕاستت گووت. عومەر دەفـەرمووێت: سـەرمان سـوڕما پرسـیاری لێکـرد و گوتیشـی ڕاست دەکەیت..."[1]. بەهەمان شێوە ئەم فەرموودەیـە دووپاتکـەرەوەی بەشـێکی زۆر لە واتای ئایەتە پیرۆزەکەیە.

٤ـ خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَكَذَلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَى وَهِيَ ظَالِمَةٌ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ﴾ (هود: ١٠٢). لەم ئایەتەدا پەروەردگار ئاماژە بەوە دەدات، کە چۆن گەلانی ستەمکاری ئاوەدانیەکانی پێشووی سزاداوە بە هەمان شێوە سزای ئەو گەلانەش دەدات کاتێك ستەم لەخۆیان دەکەن بە بێباوەڕبوونیان بە خودا و

---

[1] أخرجه مسلم في صحيحه، كِتَاب الْإِيمَانِ، بَاب بَيَانِ الْإِيمَانِ وَالْإِسْلَامِ وَالْإِحْسَانِ وَوُجُوبِ الْإِيمَانِ بِإِثْبَاتِ قَدَرِ اللَّهِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَي وَبَيَانِ الدَّلِيلِ علي التَّبَرِّي مِمَّنْ لَا يُؤْمِنُ بِالْقَدَرِ وَإِغْلَاظِ الْقَوْلِ فِي حَقِّهِ (١/ ٣٦) رقم الحديث (٨).

پشتگوێخستنی پەیامی پێغەمبەرانی خودا. پێشەوا بوخاری لە ئەبو مسوای ئەشعەریەوە (ڕەزای خودای لێ بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: "إِنَّ اللَّهَ لَيُمْلِي لِلظَّالِمِ حتى إذا أَخَذَهُ لم يُفْلِتْهُ". قال: ثُمَّ قَرَأَ: ﴿وَكَذَلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذا أَخَذَ الْقُرَى وَهِيَ ظَالِمَةٌ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ﴾.[1] واتە: (بێگومان خوای پەروەردگار ماوەی ستەمکار دەدات لە دونیادا، بەڵام کاتێك ویستی لەناوی بدات ڕزگاری ناکات. پاشان هەمان ئایەتی خوێندنەوە).

لەم نموونانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بەشێك لە فەرموودە پشتگیر و جەختکەرەوەی مانای ئایەتە قورئانییەکان.

## زیادە ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردن (بيان التوضيح والتفسير أو التفصيل):

هەرچەند چەندین ئایەت لە قورئاندا ئاماژە بەوە دەدەن، کە مەبەستەکانی قورئان ڕوون و ئاشکران، بەڵام کۆدەنگی زانایانی لەسەرە، کە بەشێك لە حوکمە قورئانیەکان بە کورتی باسکراون و فەرموودە وردەکاریەکانی باسکردوون، جگە لەوەی کە چەندین وشە و دەستەواژە لە قورئانی پیرۆزدا بەکارهاتوون کە بێ گەڕانەوە بۆ فەرموودە ڕەنگە هەڵە ڕاڤەیان بکەین. قورئانی پیرۆزیش پێمان دەفەرموێت کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە و ڕاڤەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هەیە، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ﴾ (النحل: ٤٤)، واتە: (ئەم قورئانەمان بۆ تۆ نازڵکردووە ئەی پێغەمبەر تا بۆیان ڕوون بکەیتەوە ئەو پەیامەی بۆیان دابەزیوە). بۆیە بێ گەڕانەوە بۆ فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە مەبەست و وردەکاری زۆرێك لە ئایەتەکان تێناگەین، بۆیە قورئان و فەرموودە دوو سەرچاوەی لێکدانەبڕاون و لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی فەرموودەکانەوە ئێمە داخوازی ئایەتەکان تێدەگەین. دیارە

[1] أخرجه البخاري في صحيحه، بَاب قَوْلِهِ: ﴿وَكَذَلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذا أَخَذَ الْقُرَي وَهِيَ ظَالِمَةٌ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ﴾ (٤/ ١٧٢٦)، رقم الحديث (٤٤٠٩).

ئەو دەقانەی قورئانی پیرۆز، کە ڕوونکردنەوەیان پشت دەبەستێت بە فەرموودە چەند جۆرێکن، بۆیە ڕوونکردنەوەی فەرموودەش بۆیان جۆراوجۆرە، کە بریتین لە:

**أ- زێدە ڕوونکردنەوەی دەقە قورئانیەکان:**

ئەم دەستەواژە ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئەم دەقە قورئانیانە ناڕوون نین، بەڵام دەکرێ فەرموودە تەواو ڕوونی بکاتەوە بۆ لادانی هەرجۆرە گرفتێك لە مەبەستەکەیدا، لە نموونەی ئەم جۆرە: خوای گەورە لە قورئاندا فەرمان دەکات بە باوەڕدار هەرکات ویستی نوێژ بکات دەستنوێژ بگرێت و دەفەرموێت: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ﴾ (المائدة: ٦)، واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کاتێك ویستتان هەستن بۆ نوێژ ئەوا دەستنوێژ بگرن بەم شێوەیە: دەموچاوتان بشۆن و دەستتان لەگەڵ ئانیشکەکان و مەسحی سەرتان بکەن و قاچەکانتان بشۆن تا دەگاتە دوو قولەپێکان). بەڵام لەبەر ئەوەی لە ڕووی زمانەوانیەوە ناکۆکی هەیە، ئایا لە ڕستەدا دوای (إلى) حوکمی پێش خۆی هەیە یان جیاواز؟ - واتە ئایا ئەم پیتە بە واتای گەیشتن بە کۆتایی مەبەستە وەك لە ئایەتی: ﴿ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ﴾ (البقرة: ١٨٧) هاتووە، یاخود بە واتای لەگەڵ بوونە، واتە ڕستەی دوای خۆی لەگەڵ پێشی یەك بڕیار دەیانگرێتەوە؟ قورئانی پیرۆز لێرەدا ئەم زێدە ڕوونکردنەوەی نەداوە، بەڵام پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "وَيْلٌ لِلْأَعْقَابِ من النَّارِ"[١]. ئەم فەرموودەیە ڕوونی دەکاتەوە، کە "إلى" لەم ئایەتەدا بە واتای "لەگەڵ" بەکارهاتووە، پێچەوانەی بەکارهێنانی لە ئایەتی ڕۆژوودا، کەواتە

---

[١] أخرجه البخاري في صحيحه، باب غسل الرجلين ولا يمسح على القدمين (١/ ٧٢) رقم الحديث (١٦٤)، ومسلم في صحيحه، باب وجوب غسل الرجلين بكمالهما (١/ ٢١٣) رقم الحديث (٢٤٠).

قولەپێ دەبێت بشۆرێت و یەکێکە لە ئەندامانی دەستنوێژ، کەوابوو ئانیشکیش هەمان حوکمی هەیە، وەك پێشەوا شافیعی دەفەرموێت: "ودلَّ النبي ـ صلي الله عليه وسلم ـ على أن الكعبين والمِرفقَين مما يُغسَلُ، لأن الآية تحتمل أن يكونا حدَّين للغَسل، وأن يكونا داخلَين في الغسل"[1]، واتە: (پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕوونی کردۆتەوە کە قولەپێکان و ئانیشکەکان دەبێت بشۆردرێن، چون دەکرێ ئایەتەکە بە واتای ئەوەبێت ئەو دووانە سنووری شۆردنەکە بن، یاخود لەناو شۆردنەکەدا بن).

بەهەمان شێوە، تەرتیبی دەستنوێژ لەم ئایەتەدا بە فەرمووده زێدە ڕوونکردنەوەی پێدراوە، هەرچەندە قورئانی پیرۆز تەرتیبێکی باسکردووە، بەڵام ئایا ڕەچاوکردنی ئەم تەرتیبە پێویستە یاخود نا؟ چونکە (عطف)ەکان بە پیتی (و)ە. لەڕووی زمانەوانیشەوە ئەم پیتە ڕیزبەندی ناگەیەنێت و تەنها بۆ کۆکردنەوەیە، واتە کاتێك بڵێیت: "دخل أحمد ومحمود"، مەرج نییە ئەحمەد یەکەم کەس بووبێت، هەروەك لە چەند ئایەتی قورئانیشدا کاتێك (عطف) بە (و) کراوە ڕەچاوی ڕیزبەندی نەکراوە، وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِنَ النَّبِيِّينَ مِيثَاقَهُمْ وَمِنْكَ وَمِنْ نُوحٍ وَإِبْرَاهِيمَ وَموسى وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ وَأَخَذْنَا مِنْهُمْ مِيثَاقًا غَلِيظًا﴾ (الأحزاب: ٧)، ئاشکرایە کە پێغەمبەر محەمەد (دروودی خوای لەسەر) دوای پێغەمبەر نوح و هەموو پێغەمبەرانی دیکە ـ سەلامی خوایان لێ بێت ـ بووە، بەڵام لێرەدا کاتێك بۆ ئێمە نەگێڕدراوەتەوە، کە پێشەوامان هەرگیز پێچەوانەی تەرتیبی ئایەتەکە دەستنوێژی گرتبێت دەگەینە ئەوەی ڕەچاوکردنی ئەم تەرتیبە پێویستە.

---

[1] بڕوانە: الرسالة، الشافعي (١/ ٢٨).

**ب ـ ڕاڤه و ڕوونكردنهوهى دهقه قورئانییهكان:**

زانایانی ئوصولی فیقهـ له باسی دهقه ناڕوونهكاندا چهند جۆرێكیان باسكردووه، بهپێی جیاوازیان له پۆلێنكردنهكه، به پێی ڕێبازی موتهكهلمین و حهنهفیهكان ـ كه خاڵی هاوبهشی نێوان ههموو جۆرهكان ههبوونی ئهندازهیهكه له ناڕوونی و پێویست بوونیانه به ڕوونكردنهوه ـ. دیاره زۆرینهی ئهو دهقه قورئانیانهی ناڕوونیهكیان تێدایه فهرمووده ڕوونی كردوونهتهوه، بهتایبهت ئهگهر له بواری حوكمی شهرعیدا بن، بۆیه مسوڵمانان جیاوازیان نهبووه لهوهی فهرمووده ئهركی ڕوونكاری قورئانی پێ دراوه، پێشهوا شافیعی دهفهرموێت: "إن الله قد وضع رسوله موضع الإبانة عنه، وفرض على خلقه اتباع أمره"[1]، واته: (خوای گهوره پێغهمبهرهكهی داناوه به ڕونكاری قورئان و لهسهر مرۆڤهكان پێویستی كردووه شوێن فهرمانهكانی بكهون). ههروهك له ڕاڤهی چهند ئایهتێكی پهیوهندیدار به پێگهی پێغهمبهرهوه (دروودی خوای لهسهر)، دهفهرموێت: "وفيه الدلالةُ على مَوضعِ رسولِ الله من كتابِ الله ودينه، واتباعِهِ له وقيامِهِ بِتَبْيِينِهِ عن الله"[2]. واته: (ئاماژهی تێدایه لهسهر پێگهی پێغهمبهر (دروودی خوای لهسهر) له كتێبهكهی خوا و دینهكهی و شوێنكهوتنی بۆ قورئان و ههستان به ڕوونكردنهوهی له خواوه).

دیاره لهبهر ئهوهی له گرنگترین جۆرهكانی ناڕوونی بریتیه له بهكارهێنانی وشهیهك، كه مهبهست لێی ڕوون نهبێت، یاخود بهكارهێنانی وشهكان به واتای نوێ و مهبهستێكی زاراوهیی شهرعی جگه له واتا زمانهوانیهكهیان، وهك: وشهكانی: (صلاة، زكاة،...)، یاخود باسكردنی حوكمێك به كورتی و ڕوونهكردنهوهی ههموو وردهكاریهكانی. زانایان له باسی ڕوونكردنهوهی قورئان به فهرمووده زیاتر گرنگیان

---

[1] الرسالة (١/ ٢٣٢).

[2] الرسالة، الشافعي (١/ ١١١ وما بعدها).

بەم باسانە داوە و دەیان نموونەیان باسکردووە، کە بێ ڕاڤەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) تێگەیشتنیان ئەستەم بووە.

بۆیە بێ گەڕانەوە بۆ فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە مەبەست و وردەکاری زۆرێك لە ئایەتەکان تێناگەین، بۆیە قورئان و فەرموودە دوو سەرچاوەی لێك دانەبڕاون. لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی فەرموودەکانەوە ئێمە داخوازی ئایەتەکان تێدەگەین، بەنموونە نوێژ گرنگترین پەرستشە و پایەی ئیسلامە، باوەڕدار لە شەو و ڕۆژێکدا پێنج جار ئەنجامی دەدات، لەکاتێکدا قورئانی پیرۆز تەنها ئاماژەی بەوەداوە کە نوێژکردن واجبە، جگە لەمە لە هیچ ئایەتێکی قورئاندا وردەکارییەکانی نوێژکردن لە چەندێتی و چۆنیەتی و کاتەکانی و بەتاڵکەرەوەکانی باس نەکراوە، بەڵکو لە ڕێگەی فەرموودەی کرداری و گوفتاری پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) ئەم وردەکارییانە ڕوونکراونەتەوە.

بەهەمان شێوە، بابەتەکانی زەکات و حەج و مامەڵەکان، زۆرینەی ڕوونکردنەوەکانیان لە فەرموودەوە وەرگیراوە، بۆیە بێ گەڕانەوە بۆ فەرموودە دەکرێ دەیان ڕای جیاواز و تەنانەت پاشاگەردانی دروست ببێت لە بابەتێکی وەك زەکات بەنموونە، کەی واجب دەبێت؟ لە چماڵێکدا واجبە؟ چۆن دەردەکرێت؟ ماوەی نێوان زەکاتدان چەندە؟ وەك دەبینین بەناو قورئانییەکان کە پێیان وایە قورئان بەسە بۆ تێگەیشتن لە حوکمە شەرعییەکان، لەم پرسەدا ڕای وایان هەیە کە جێی سەرسوڕمانە، بۆ نموونە هەندێکیان دەڵێن: زەکات هەموو ڕۆژێ واجبە دەربکرێت لەو داهاتەی مسومان لەو ڕۆژەدا پەیدای دەکات!.

بۆیە لەم پرسە گرنگانەدا، خوای گەورە ئەم ڕوونکردنەوەی بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) جێهێشتووە، کە پێشەوامان نوێژە فەرزەکان و کاتەکانیان و ژمارەیان و چۆنیەتیان و هەموو وردەکاریەکانی ڕوونکردووەتەوە. پێشەوا شافیعی لە باسی ئەم جۆرە ڕوونکردنەوەی قورئان بۆ فەرموودە پاش ئەوەی ئەو

ئایەتانە باس دەکات، کە بە کورتی فەرمانیان بە هەندێك لە پەرستشەکان کردووە، دەفەرموێت: "ثم بين على لسان رسوله ـ صلي الله عليه وسلم ـ عدد ما فرض من الصلوات ومواقيتَها وسُنَنَها، وعددَ الزكاةِ ومواقيتَها، وكيف عَمَلُ الحج والعُمرة... ولهذا أشباه كثيرة في القرآن والسنة"[1]، واتە: (پاشان لەسەر زوبانی پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر) ژمارەی نوێژە فەرزەکان و کاتەکانیان و سوننەتەکانیانی ڕوون کردووەتەوە، هەروەها زەکات لە ڕووی ژمارە و کاتەکانیانەوە و چۆنێتی ئەنجامدانی کارەکانی حەج و عومرە.. نموونەی ئەمەش لە قورئاندا زۆرە).

بەهەمان شێوە لە نموونەی بەکارهێنانی وشەیەك بەدەر لە واتا زانراوەکەی خۆی، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ أُولَئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ وَهُمْ مُهْتَدُونَ﴾ (الأنعام: ٨٢). وشەی (ظلم) لە زمانەوانیدا بە کۆمەڵێك مانای جیاواز دێت، دیارترین مانای بریتییە لە (ستەم)، بەڵام ئەگەر لەم ئایەتەدا بە ستەم لێکی بدەینەوە تووشی هەڵەیەکی گەورە دەبین، تەنانەت کاریگەری بۆ سەر تێگەیشتنی حوکمەکانی بیروباوەڕ دەبێت، چونکە ماناکە بەم شێوازە دەبێت: (ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و باوەڕەکەیان بە ستەم دانەپۆشیوە ـ ستەم ناکەن ـ ئەوانە ئارامییان بۆ هەیە لە ڕۆژی دواییدا و ڕێنموونی کراون لە دونیا و ڕۆژی دواییدا). پێچەوانەکەیشی (مفهوم المخالفة) واتە: ئەوانەی ئیماندارن و ستەم دەکەن ڕێنوێنی کراو نین لە دونیا و ڕۆژی دواییدا. بەپێی ئەم مانایەش بێت هەر مسوڵمانێك ستەم بکات قیامەت لەدەست دەدات، ئەمەش پێچەوانەی کۆی ئەو بەڵگانەیە، کە دەیسەلمێنن تاوانی گەورە نابێتە هۆی لەدەستچوونی بەهەشت و ڕزگارنەبوون لە سزا. بەڵام کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ فەرموودە دەبینین ئەم واتایە لێرەدا مەبەست نیە: کاتێك ئایەتی ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ أُولَئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ وَهُمْ مُهْتَدُونَ﴾ دابەزی، هاوەڵان وتیان: ئەریٰ کەس هەیە لە ئێمە ستەم نەکات؟

---

[1] الرسالة، الشافعي (١/ ٣١).

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: "ليس كما تَقُولُونَ، ولم يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ "بِشِرْكٍ" أو لم تَسْمَعُوا إلى قَوْلِ لُقْمَانَ لِابْنِهِ: ﴿يا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ﴾ (لقمان: ١٣)"[1]. واتە: (بەو شێوەیە نییە کە ئێوە دەیڵێن، (بظلم) واتە: هاوبەش بڕیاردان، ئایا ئێوە فەرمودەی (لقمان)تان بۆ کوڕەکەی نەبیستوە: (کوڕە ئازیزەکەم هاوبەش بۆ خوا بڕیار مەدە، چون هاوبەش بڕیاردان ستەمێکی گەورەیە). لە فەرموودەکەوە دەرکەوت کە وشەی (ظلم) بە مانای هاوبەشدانان دێت.

## ڕوونکردنەوەی گۆڕانکاریی (بيان التغيير)

دیارە ئەم جۆرە ڕوونکردنەوەیە لای زۆربەی زانایان لە جۆری دووەم واتە (بيان التفصيل أو التفسير) باسکراوە، بەڵام زانایانی حەنەفی ئەم ڕوونکردنەوەیان بە گۆڕانکاریی هەژمارکردووە و لە ڕیزی ڕاڤەی ناڕوونەکاندا باسیان نەکردووە[2]. هەرچەند زانایانی حەنەفی خۆیان یەك هەڵوێست نین لەسەر ئەم جۆرە ڕوونکردنەوەیە، بەڵام بە ڕواڵەتی دەستەواژەکە بێت ڕای ئەوانەیان بەهێزە، کە هەموو جۆرە تایبەتکردنێکی دەقی گشتگیر، یاخود سنووردارکردنی ڕەها بە بەشێك لەم ڕوونکردنەوەیە هەژمار دەکەن[3]، چونکە تایبەتکردن و سنووردارکردن لەگەڵ ئەوەش ڕوونکردنەوەن، بەڵام گۆڕانکارییان تێدایە، بۆیە ئێمەیش لێرەدا لەسەر ئەو بۆچوونە دەڕۆین.

---

[1] أخرجه البخاري في صحيحه (٣/ ١٢٦٦) رقم الحديث (٣١٨١)، ومسلم في صحيحه، بَاب صِدْقِ الْإِيمَانِ وَإِخْلَاصِهِ (١/ ١١٤)، رقم الحديث (١٢٤).

[2] بڕوانە: تسهيل الوصول، المحلاوي، (١١٩)، وكشف الأسرار، علاء الدين البخاري (٣/ ١٧٨).

[3] قال كمال ابن الهمام: "ومن بيان التغيير تخصيص العام وتقييد المطلق، لأنه مبين أن كلًا منهما غير جار علي عمومه وإطلاقه، ولزم منه تغيير كل عما هو المتبادر لسامعه من الشمول لسائر أفراده". ينظر: التقرير والتحرير، ابن أمير الحاج (٣/ ٤٨)، وتيسير التحرير، أمير بادشاه (٣/ ٣).

دیارە هەروەك جۆرەكانی پێشوو ئەم ڕوونكردنەوانە تایبەت نین بە فەرموودەوە، بەڵكو هەندێكجار دەقە گشتگیر و ڕەهاكانی قورئان هەر بە دەقی قورئانی بەشێكیان لێ تایبەت یاخود سنووردار كراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی توێژینەوەكەمان تایبەتە بە نێوانی قورئان و فەرمووده تەنها باسی تایبەتكردن و سنووردارکردنی قورئان بە فەرمووده دەكەین.

ئاشكرایە ئەمجۆرە لە پەیوەندی نێوان قورئان و فەرمووده زۆرترین قسە و باسی لەسەر كراوە، هەرچەند وەك بنەما هەموو زانایان كۆكن كە فەرمووده دەتوانێت ئەم ڕۆڵە ببینێت و بە كردارییش بینیویەتی، بەڵام لە ڕووی تیۆری و پڕاكتیكیەوە زۆرترین ڕاجیایی زانایان لەم پرسەدا بووە، لەبەر ناكۆكیان لە كۆمەڵە بابەتێكی گرنگی پەیوەندیدار بەم باسانەوە، لەوانە: واتای دەقە گشتگیر و ڕەهاكانی قورئان ئایا بەو گشتگیری و ڕەهاییە بڕاوە و یەقینین، یان گومان هەیە كە واتاكەیان هەمووانی مەبەست نەبێت؟ پاشان ئایا هەموو فەرموودەیەكی درووست دەتوانێت ئەم ڕوونكردنەوە بكات، یاخود لەبەر بوونی گۆڕانكاریی لە سیفەتی ڕوونكردنەوەكەدا تەنها فەرموودەی موتەواتیر و مەشهوور ئەم ئەركەیان پێ دەسپێردرێت، دواتر ئایا ئەم گۆڕانكارییە هەمووی لە چوارچێوەی تایبەتكردن و سنووردارکردن دەمێنێتەوە، یاخود هەندێكی دەچێتە بازنەی (سڕینەوە ـ نسخ)ی دەقەكان؟ ئەگەر لەم بازنەیەدا بێت ئایا فەرمووده دەكرێ حوكمی دەقە قورئانیەكان نەسخ بكاتەوە؟ ئەمە و چەندین باس و خواسی دیكە وایكردووە پرسی (تخصیص الكتاب وتقییده بالسنة) زۆرترین ناكۆكی هەڵبگرێت.

دیارە وەك ئاماژەمان پێدا، لێرەدا ئێمە تەنها باسی ئەوە دەكەین، كە لە ڕووی ڕاستاندنەوە هەموو زانایان كۆكن كە فەرمووده ئەم ئەركەی پێ سپێردراوە، ئێمەیش تەنها چەند نموونەیەك بۆ ئەمە دەخەینەڕوو و درێژەی بابەتەكە پرسێكی

ئوصولیه و له سەرچاوەکانی ئەو زانستەدا باسکراون[1]. بۆیه لێرەدا تەنها باسی تایبەتکردن و سنووردارکردنی دەقە قورئانیەکان بە فەرموودە دەکەین.

أـ تایبەتکردنی دەقە گشتگیرەکان:

چەندین نموونەی گشتگیری قورئانیمان هەیه که به فەرمووده تایبەت کراون، لەوانە:

١ـ خوای گەوره له قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ..﴾ (النساء: ١١)، واته: (خوا ئامۆژگاریتان دەکات دەربارەی میراتی ڕۆڵەکانتان، بۆ نێریك له میرات به وێنەی بەشی دوو مێیه). به ڕواڵەتی ئەم ئایەته پیرۆزه ئەم خاوەن بەشانە گشت کات بەشە میراتی خۆیان دەبەن. بەڵام فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) به ڕوونکردنەوەیەك که جۆرێك گۆڕانکاریی لەخۆ دەگرێت ـ لەبەر دەرکردنی هەندێك میراتگر له میرات ـ ڕاڤەیەکی دیکه دەداته ئایەتەکه، پێشەوامان دەفەرموێت: "لَا يَرِثُ الْمُسْلِمُ الْكَافِرَ ولا الْكَافِرُ الْمُسْلِمَ"[2]، هەروەها دەفەرموێت: "لَيْسَ لِقَاتِلٍ شَيء"[3] کەواته جیاوازی ئایین و کوشتن هۆکاری بێبەش بوونن له میرات.

---

[1] بۆ درێژەی ئەم بابەته و ڕوونکردنەوەی زیاتر سوود لەم سەرچاوانه ببینه: المعتمد في أصول الفقه، أبو الحسين البصري (١/ ٢٥٥)، والفقيه والمتفقه، الخطيب البغدادي (١/ ٣١٠)، والتبصرة في أصول الفقه، أبو إسحاق الشيرازي (١/ ١٤٠)، وقواطع الأدلة في الأصول، السمعاني (١/ ١٨٥)، والمحصول في علم الأصول، الرازي (٣/ ١٢٠)، والإحكام في أصول الأحكام، الآمدي (٢/ ٣٤٧)، والعقد المنظوم في الخصوص والعموم، القرافي (٢/ ٣٠٣)، ورفع الحاجب عن مختصر ابن الحاجب، السبكي (٣/ ٣١٧)، وشرح التلويح على التوضيح، التفتازاني (٢/ ٣٩)، والتقرير والتحرير، ابن أمير الحاج (٢/ ٢٩١)، وإرشاد الفحول، الشوكاني (١/ ٢٦٧).

[2] أخرجه البخاري في صحيحه (٦/ ٢٤٨٤) باب ميراث الأسير، رقم الحديث (٦٣٨٣)، ومسلم في صحيحه (٣/ ١٢٣٣) كتاب الفرائض، رقم الحديث (١٦١٤).

[3] أخرجه مالك في الموطأ (٢/ ٨٦٧) باب ما جاء في ميراث العقل والتغليظ فيه، رقم الحديث (١٥٥٧)، وعبد الرزاق في مصنفه (٩/ ٤٠٢) رقم الحديث (١٧٧٨١)، وأحمد في مسنده (١/ ٤٩) رقم الحديث (٣٤٨)،

٢ـ له باسى مامەڵەدا خواى گەورە دەفەرموێت: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلَّا أَنْ تَكُونَ تِجَارَةً عَنْ تَرَاضٍ مِنْكُمْ﴾ (النساء: ٢٩)، هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا﴾ (البقرة: ٢٧٥)، بە ڕواڵەتی ئەم دوو ئایەتە پیرۆزەیش تەنها سوود (ربا)ى قەرز و خواردنی ماڵی خەڵکی بێ ڕەزامەندی خاوەنەکەی حەرامە، لەکاتێکدا بە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) گۆڕینەوەی چەندین کانزا و کاڵا لە کاتی نایەکسانی یان دواخستنی وەرگرتنی لایەکیان، دەچنە خانەی ڕیبا و حەرامن، وەك دەفەرموێت: "لَا تَبِيعُوا الذَّهَبَ بِالذَّهَبِ إلا مِثْلًا بِمِثْلٍ ولا تُشِفُّوا بَعْضَهَا علي بَعْضٍ ولا تَبِيعُوا الْوَرِقَ بِالْوَرِقِ إلا مِثْلًا بِمِثْلٍ ولا تُشِفُّوا بَعْضَهَا علي بَعْضٍ ولا تَبِيعُوا منها غَائِبًا بِنَاجِزٍ"[1]. هەروەها چەندین جۆر مامەڵەی قەدەغەکردووە کە زیان لەخۆدەگرن، وەك "فرۆشتنی زیادەی ئاو، ئەو مامەڵانەی خەڵەتاندنیان تێدایە، فرۆشتنی بێچووی ناو سك، شیری ناو گووان،

---

والنسائي في السنن الكبري (٤/ ٧٩) باب توريث القاتل، رقم الحديث (٦٣٦٨)، والدارقطني في سننه (٤/ ٩٥) كتاب الفرائض والسير، رقم الحديث (٨٤)، والبيهقي في السنن الكبري (٦/ ٢٢٠) رقم الحديث (١٢٠٢٠). والحديث روي بلفظ: "الْقَاتِلُ لَا يَرِثُ" أخرجه ابن ماجة في سننه (٢/ ٨٨٣) باب القاتل لا يرث، رقم الحديث (٢٦٤٥)، والترمذي في سننه (٤/ ٤٢٥) باب ما جاء في إبطال ميراث القاتل، رقم الحديث (٢١٠٩)، وقال: "هذا حديث لا يصح، لا يعرف إلا من هذا الوجه، ـ فيه ـ إسحاق بن عبد الله بن أبي فروة قد تركه بعض أهل الحديث منهم أحمد بن حنبل، والعمل على هذا عند أهل العلم". والطبراني في المعجم الأوسط (٨/ ٢٩٨) رقم الحديث (٨٦٩٠). قال ابن الملقن: "قال يحيى بن معين: رجاله كلهم ثقات إلا إسحاق. وقال البيهقي: إسحاق لا يُحْتج به، إلا أن له شواهد تقويه". ينظر: البدر المنير في تخريج الأحاديث والآثار الواقعة في الشرح الكبير، سراج الدين أبي حفص عمر بن علي بن أحمد الأنصاري الشافعي المعروف بابن الملقن، دار الهجرة للنشر والتوزيع، الرياض ـ السعودية ١٤٢٥هـ-٢٠٠٤م الطبعة: الأولى، تحقيق: مصطفي أبو الغيط وعبد الله بن سليمان وياسر بن كمال (٧/ ٢٢٨)، وحسنه الألباني في صحيح الجامع (٥٤٢١).

[1] أخرجه البخاري في صحيحه (٢/ ٧٦١) باب بيع الفضة بالفضة، رقم الحديث (٢٠٦٨)، ومسلم في صحيحه (٣/ ١٢٠٨) باب الربا، رقم الحديث (١٥٨٤).

میوه پێش پێگەیشتن، مامەڵە بەسەر مامەڵەی خەڵکەوە، قۆرغکاری... و چەندان جۆری دی، کە فەرموودە قەدەغەی کردوون و هیچیان لە دەقە قورئانیەکان وەرناگیرێن، بۆیە پێشەوا شافیعی دەفەرموێت: "فدلت السنة على أن الله جل ثناؤه أراد بإحلال البيع ما لم يُحرِّم منه، دون ما حرَّم على لسان نبيه. ثم كانت لرسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ في بيوع سِوى هذا سُنَنًا"[1]، واتە: (سوننەت دەلالەتی کردووە، کە خوای گەورە بە حەڵاڵکردنی فرۆشتن ئەوانەی ویستووە کە قەدەغەی نەکردوون، نەك ئەوانەی قەدەغەی کردوون لەسەر زوبانی پێغەمبەرەکەی، پاشان پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) لە چەند فرۆشتنێکی تردا بڕیار و یاسا و ڕێسای هەبووە.

**ب ـ سنووردارکردنی دەقە ڕەهاکان:**

پەیوەندییەکی دیکەی ڕوونکاری نێوان قورئان و فەرموودە بریتیە لە سنووردارکردنی دەقە قورئانیە ڕەهاکان بە فەرموودەی پێشەوامان (دروودی خوای لەسەر)، هەمان ئەو وردەکاریانەی لە جۆری یەکەمدا (تایبەتکردنی دەقە گشتگیرەکان) باسمانکرد لە ڕاجیایی زانایان لەسەر وردەکاریی و مەرجیان بۆ فەرموودە، لێرەشدا دووپات دەبێتەوە، چەند نموونەیەکی قورئانیمان هەیە کە بە ڕواڵەت ڕەهان، بەڵام بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕەهاییەکەیان سنووردارکراوە، لەوانە:

١ـ پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُنَّ وَلَدٌ فَإِنْ كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْنَ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِينَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ﴾ (النساء: ١٢)، واتە: (بۆ ئێوە هەیە نیوەی ئەو میراتەی کە ژنەکانتان بەجێیان هێشتووە ئەگەر ئەو ژنانە منداڵیان نەبوو، جا ئەگەر منداڵیان هەبوو ئەوە بۆ ئێوە چواریەك هەیە لەوەی ژنەکانتان بەجێیان هێشتووە، لە پاش دەرکردنی وەسیەتێك کە

---

[1] الرسالة، الشافعي (١/ ١٧٣) وما بعدها.

کردبێتیان یان دانەوەی قەرزێك کە لەسەریانە). دیارە ئەم ئایەتە پیرۆزە وەصیەتی بە ڕەهایی باسکردووە و ڕەنگە مرۆڤ وای بۆ بچێت، کە ئازاد و دەستکراوەیە لەماڵی خۆیدا هەرچۆن بڕیار بدات و ببەخشێت و وەصیەت بکات، بەڵام کاتێك لە فەرموودەکان دەنوارین بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ئایەتەکە بۆ تەشریعی ئەوە دانەبەزیوە، کە بە مرۆڤ بفەرموێت هەرچۆن و هەرچەندت بوێت دەتوانی وەصیەت بکەیت، بەڵکو بۆ ئەوە دابەزیوە کە بە میراتگرەکان بڵێ مافی ئێوە بەمجۆرەیە بەمەرجێ پێش دابەشکردنی لەنێو خۆتاندا وەصیەت و قەرزی مردووەکەی لێ دەرکەن، بێ ئەوەی ئاماژە بکات بۆ ڕێژەیان، پاشان فەرموودە پێمان دەڵێت کە ڕەوا نییە لە یەك لەسەر سێی ماڵ زیاتر بکەینە وەصیەت، چون لەبری وەصیەتکردن و بەخشینی گەر داینێین بۆ میراتگرەکانمان و ئەوان بێ نیاز بکەین خێری زیاترەو کارێکی باشترە، هەروەك لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە، پێشەوا بە سەعدی کوڕی ئەبو وەقاصی فەرموو ـ کاتێك نەخۆش بوو و تەنها یەك کچی هەبوو و دەیویست وەصیەت بە هەموو ماڵەکەی بکات: "الثُّلُثُ وَالثُّلُثُ كَثِيرٌ أَوْ كَبِير"[1] واتە: (یەك لەسەر سێی بکەرە وەصیەت، ئەم ئەندازەیش زۆرە یان گەورەیە). پێشەوا شافیعی لەم بارەیەوە دەفەرموێت: "فأبان النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ أن الوصايا مقتصر بها على الثلث لا يتعدى، ولأهل الميراث الثلثان"[2]. واتە: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ڕوونی کردوەتەوە، کە وەصیەت لە سێیەك تێناپەڕێت و دوو لەسەر سێی بۆ میراتگرەکانە.

٢ـ سەبارەت بە حەڵاڵبوونی ژن بۆ پیاو، دوای سێ جار تەڵاق و جیابوونەوەی یەکجاریی، پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّى تَنْكِحَ

---

[1] أخرجه البخاري في صحيحه (٣/ ١٠٠٧) باب الوصية بالثلث، رقم الحديث (٢٥٩٣)، ومسلم في صحيحه (٣/ ١٢٥٠) باب الوصية بالثلث، رقم الحديث (١٦٢٨).

[2] الرسالة، الشافعي (١/ ٦٦).

زَوْجًا غَيْرَهُ فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يَتَرَاجَعَا إِنْ ظَنَّا أَنْ يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ﴾ (البقرة: ٢٣٠)، واتە: (ئەگەر مێردەکەی تەڵاقی سێهەمی دا ئەوا ئیتر ئەو ئافرەتە بەو پیاوە حەڵاڵ نییە تاوەکو نیکاحێکی تر نەکات، جا ئەگەر مێردی دووەم تەڵاقی دا ئەوا گوناه نییە لەسەر ژنەکە و مێردەکەی یەکەم کە بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر ئەگەر زانیان کە لە سنووری خوا دەرناچن. ئەم ئایەتە بەمەرجی داناوە ئافرەتەکە نیکاحێکی دی بکات، وشەی نیکاحیش هەرچەند لە ڕووی زمانەوانییەوە بە واتای "سەرجێی" بەکارهاتووە، بەڵام لە ڕووی زاراوەیی و مەبەستی شەرعییەوە بۆ گرێبەستی هاوسەرگیریی بەکاردێت، گەر وابێ دەبێ بۆ مێردی پێشینی ڕەوابێت بیخوازێتەوە گەر — دوای تەواوبوونی ماوەی چاوەڕێکردنی جیابوونەوە ـ تەنیا گەر گرێبەستی لەگەڵ پیاوێکی دی کردبوو لێی جیابوبۆوە، ئەمەش لەگەڵ ڕواڵەتی ئایەتەکە ناتەبا نییە، بەڵام بە گەڕانەوەمان بۆ فەرمووده بۆمان دەردەکەوێت، کە وشەی "نکاح" لەم ئایەتەدا بەو ڕەهاییە مەبەست نییە و سنووردار کراوە بە سەرجێی، چونکە پێشەوامان (دروودی خوای لەسەر) بە ئافرەتێکی فەرموو، کە ئەم دۆخەی هەبوو: "لَا تَحِلِّينَ حتى تَذُوقِي عُسَيْلَتَهُ وَيَذُوقَ عُسَيْلَتَكِ"[1]. ئاشکرایە ئەمەیش بەتەنها گرێبەست نایەتە دی.

٣ـ خوای باڵا دەست دەفەرموێت: ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ﴾، واتە: (یاساغکراوە لەسەر ئێوە خواردنی هەموو ئاژەڵێکی مردارەوەبوو لەگەڵ هەموو خوێنێك). لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: "أُحِلَّتْ لَكُمْ مَيْتَتَانِ وَدَمَانِ، فَأَمَّا الْمَيْتَتَانِ، فَالْحُوتُ وَالْجَرَادُ، وَأَمَّا الدَّمَانِ، فَالْكَبِدُ وَالطِّحَالُ"[2]. واتە: (دروستە و

---

[1] أخرجه البخاري في صحيحه (١/ ١٦٠) باب إذا طلقها ثلاثا ثم تزوجت بعد العدة زوجا غيره فلم يمسها، رقم الحديث (٥٠١١)، ومسلم في صحيحه (٢/ ١٠٥٥) باب لا تحل المطلقة ثلاثا لمطلقها حتى تنكح زوجا غيره ويطأها ثم يفارقها وتنقضي عدتها، رقم الحديث (١٤٣٣).

[2] أخرجه أحمد في مسنده (٢/ ٩٧) رقم الحديث (٥٧٢٣)، وابن ماجه في سننه (٢/ ١١٠٢) رقم الحديث (٣٣١٤)، والبيهقي في السنن الكبري (١/ ٢٥٤) رقم الحديث (١١٢٨). هذا الحديث ضعيف عند أهل الحديث،

حەڵاڵە بۆ ئێوە خواردنی دوو ئاژەڵی مردارەوەبوو و دوو خوێن، مردارەوەبووەکان بریتین لە: ماسی و کوللە، خوێنەکانیش بریتین لە: جگەر و سپڵ). لای هەموو مسوڵمانان خواردنی ئەمانە دروستن، ئەگەرچی دەچنە نێو قەدەغەکراوانی ئایەتەکەیشەوە، بەڵام چونکە لای کۆی زانایان فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) سەرچاوەی دووەمی تەشریعە بۆی هەیە ئەم سنووردارکردنە بکات.

## ئەو فەرموودانەی کە چەند حوکمێك لەخۆدەگرن و لە قورئاندا نین:

یەکێکی دی لەو پەیوەندییانەی فەرموودەکان دەبەسنەوە بە قورئانەوە ئەوەیە، کە کۆمەڵێك حوکم هەیە لە قورئاندا تەشریع نەکراون و جێهێڵراون بۆ سوننەت، زانایان لەم بابەتەدا دوو بۆچوونیان هەیە[1]:

**بۆچوونی یەکەم: فەرموودە تەشریعی سەربەخۆ دەکات.**

بۆچوونی دووەم: فەرموودە حوکمی سەربەخۆ تەشریع ناکات و ئەوەی هەیە تێگەیشتنی تەواوەتیی پەیامبەرە (دروودی خوای لەسەر) بۆ قورئان.

ئەوانەی باوەڕیان وایە کە فەرموودە هەندێکجار سەربەخۆ دەبێت لە حوکمدا، بریتین لە زۆرینەی زانایان، کە کۆمەڵێك بەڵگە دەهێننەوە، لەوانە:

- خوای گەورە لە کۆمەڵێك دەقی قورئانیدا فەرمانی کردووە، کە گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر) بکرێت و ملکەچی حوکمەکانی ببین، بە چەند بەڵگەیەك، لەوانە:

- خوای گەورە وەسفی پێغەمبەرەکەی دەکات بەوەی: ﴿الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِنْدَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ يَأْمُرُهُمْ بِالْمَعْرُوفِ

---

لكن قال الحافظ: "الرِّوَايَةُ الْمَوْقُوفَةُ التي صَحَّحَهَا أبو حَاتِمٍ وَغَيْرُهُ هِيَ فِي حُكْمِ الْمَرْفُوعِ، لِأَنَّ قَوْلَ الصَّحَابِيِّ أُحِلَّ لنا وَحُرِّمَ عَلَيْنَا كَذَا، مِثْلُ قَوْلِهِ أُمِرْنَا بِكَذَا وَنُهِينَا عن كَذَا، فَيَحْصُلُ الِاسْتِدْلَال بِهَذِهِ الرِّوَايَةِ لِأَنَّهَا فِي مَعْنَي الْمَرْفُوعِ وَاَللَّهُ أَعْلَمُ". تلخيص الحبير (١/ ٢٦).

[1] الرسالة، الشافعي (١/ ٩٢).

وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ﴾ (الأعراف: ١٥٧). ئەم ئایەتە حەڵاڵکردنی شتە پاکەکان و حەرامکردنی شتە پیسەکان دەداتە پاڵ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەبێ ئەوەی باسی ئەوە بکات، کە لە قورئاندا باسکراوە یان باسنەکراوە، چونکە فەرموودە و قورئان لەلایەن خوداوە وەحی کراون.

- بەڵگەش لە فەرموودەکاندا کە بە ڕاشکاوی ئەم مانایەی تێدایە: فەرموودەکەی ئەبو هورەیرەیە کە دەفەرموێ: (خَطَبَنَا رسول اللَّهِ - صلى الله عليه وسلم - فقال: "أَيُّهَا الناس قد فَرَضَ الله عَلَيْكُمْ الْحَجَّ فَحُجُّوا". فقال رَجُلٌ: أَكُلَّ عَامٍ يا رَسُولَ اللَّهِ. فَسَكَتَ حتى قَالَهَا ثَلَاثًا، فقال رسول اللَّهِ - صلى الله عليه وسلم -: "لو قلت نعم لَوَجَبَتْ وَلَمَا اسْتَطَعْتُمْ". ثُمَّ قال: "ذَرُونِي ما تَرَكْتُكُمْ فَإِنَّمَا هَلَكَ من كان قَبْلَكُمْ بِكَثْرَةِ سُؤَالِهِمْ وَاخْتِلَافِهِمْ علي أَنْبِيَائِهِمْ فإذا أَمَرْتُكُمْ بِشَيْءٍ فَأْتُوا منه ما اسْتَطَعْتُمْ وإذا نَهَيْتُكُمْ عن شَيْءٍ فَدَعُوهُ")[1]. کۆی ئەم فەرموودە لە وەڵامی واجب نەبوونی حەج لە هەموو ساڵێکدا و لەوەی فەرمووی گەر بموتبا بەڵێ واجب دەبوو، لەوەی دەفەرموێ کاتێك فەرمانم بە شتێك پێکردن، یاخود شتێکم لێ قەدەغەکردن، ئاماژەی بەهێزی تێدایە لە سەربەخۆیی فەرموودە لە حوکمکردن.

کۆمەڵی دووەم پێیان وایە ئەو حوکمانە وەردەگرێت، کە لەو فەرموودانەدا هاتووە، بەڵام بناغەی حوکمەکە لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوە، پاشان فەرموودەکان دێن ئەو مانایانە ڕوون دەکەنەوە، نەك ئەوەی فەرموودەکە سەربەخۆ بێت لەو حوکمەدا [2]. گرنگترین ئەو بەڵگانەی کە پشتیان پێ بەستووە، بریتین لە:

- خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِنْ شَيْءٍ﴾ (الأنعام: ٣٨)، واتە: (لەم کتێبەدا (قورئان) هیچ شتێکمان فەرامۆش نەکردووە). ئەم ئایەتە

---

[1] أخرجه مسلم في صحيحه، باب فرض الحج مرة في العمر (٢/ ٩٧٥) رقم الحديث (١٣٣٧).

[2] الرسالة، الشافعي (١/ ٩٢).

بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە قورئان هەموو حوکمەکانی ئیسلام لەخۆ دەگرێت، ئەگەر بڵێین وا نییە، ئەوا دەبێت بڵێین قورئان هەندێ شتی واز لێهێناوە.

ـ خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ﴾ (النحل: ٤٤)، ئەم ئایەتەش ئەرکی ڕوونکردنەوە و ڕاڤەی قورئان بە پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر) دەسپێرێت نەك تەشریعی سەربەخۆ.

وەڵامی زانایانی ڕێبازی یەکەم بۆ ئەم تێگەیشتنانە ئەوەیە، کە قورئان هیچ شتێکی لە دیندا فەرامۆش نەکردووە لەو ڕووەوە کە بنەماکانی داناوە و بە کورتی ئاماژەی بە هەمووو شتێك کردووە، بەڵام بە درێژی باسی لە کۆیان نەکردووە، هەروەها دوو جۆر ڕوونکردنەوە (تبيين) هەیە: ڕوونکردنەوەیەکیان لە ڕێی دەقەوەیە، ڕوونکردنەوەیەکیش لە ڕێگەی بەڵگەیەکی دیکەوەیە جگە لە قورئان، کە یەکێك لەوانە: فەرموودەکانی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر)، هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾ (الحشر: ٧)، واتە: (ئەوەی پێغەمبەر پێی دان وەری بگرن، ئەوەی لێیشی یاساغ کردن وازی لێ بهێنن).

**چەند نموونەیەك بۆ ئەم تەوەرە:**

١ـ لە پرسی حەڵاڵ و حەرامدا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ (البقرة: ١٧٣)، واتە: (ئەوەی خوای گەورە لێی یاساغ کردوون مردارەوەبوو و خوێن و گۆشتی بەراز و ئەوەی بە ناوی جگە لە خواوە سەربڕرا بێت، جا ئەگەر کەسێك ناچار بوو بەبێ یاخی بوون و بێ زیادەڕەویی، ئەوە هیچ گوناهێکی لەسەر نییە، بەڕاستی خوا لێبوردەی میهرەبانە).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿قُلْ لَا أَجِدُ فِي مَا أُوحِيَ إِلَى مُحَرَّمًا عَلَي طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلَّا أَنْ يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنْزِيرٍ فَإِنَّهُ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ

فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ (الأنعام: ١٤٥)، واته: بڵێ نابینم لەوەی کە سرووشم بۆ کراوە هیچ خۆراکێك یاساغ بێت بۆ کەسێك کە بیخوات جگە لە مردارەوەبوو، یان خوێنێکی ڕژاو، یان گۆشتی بەراز، چونکە بێگومان پیسە، یان ئاژەڵێك لە کاتی سەربڕینیدا ناوی جگە لە خوای لەسەر هێنرابێت، جا ئەگەر کەسێك ناچار بوو بەبێ یاخی بوون و بێ زیادەڕەوی ئەوە بەڕاستی خوا لێبوردەی میهرەبانە).

لە ئایەتی سورەتی (المائدة)دا دەفەرموێت: ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ وَأَنْ تَسْتَقْسِمُوا بِالْأَزْلَامِ﴾ (المائدة: ٣)، واتە: (لەسەرتان یاساغ کراوە مردارەوەبوو و خوێن و گۆشتی بەراز و ئەوەی بە ناوی جگە لە خوا سەربڕرابێت، ئاژەڵی خنکاو و لێدراو هەتا گیانی دەرچووبێت و ئەوەی لە بەرزی کەوتبێتە خوار و مردبێت، شۆخ لێدراو و ئەوەی دڕندە لێی خواردبێت جگە لەوەی کە سەرتان بڕیبێت پێش مردن، ئەوەی لەسەر بەردەکان (ئەوانەی بە پیرۆز ناودەبران و دادەنران) سەردەبڕرێن بۆ داواکردنی بەش بەخت و نیازگرتنەوە).

دیـارە خواردنـە حـەرامکراوەکانی قورئـان ئەمانـەن کـە ژمارەیـان کـەم و سـنووردارە، بـەڵام پێغەمبـەری سـەروەرمان (دروودی خـوای لەسـەر) ژمـارەی قەدەغـەکراوەکان زۆر زیـاتر لەمـە دیـاری دەکـات، بـەجۆرێك ڕێگـری دەکـات لـە خـواردنی هـەر ئـاژەڵێکی کەڵبـەدار، یـاخود هـەر باڵندەیـەکی چـڕنوکدار، هـەروەك هـاوەڵان دەفـەرموون: (نهـی الـنبي ـ صـلى الله عليـه وسـلم ـ عـن كـل ذِي نَـابٍ مـن

السِّبَاعِ)[1]. له ڕیوایەتی مسولیمیشدا: (نهى رسول اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ عن كل ذِي نَابٍ من السِّبَاعِ وَعَنْ كل ذِي مِخْلَبٍ من الطَّيْرِ)[2]. دەبینین بە پێی فەرموودەی یەکەم خواردنی هەموو ئاژەڵێکی کەڵبەدار و بەپێی فەرموودەی دووەم هەموو باڵندەیەکی چڕنوکداریش قەدەغەکراوە، کەوابوو ئەمجۆرە لە پەیوەندییە تەشریعێکی زیادەی تێدایە کە لە قورئاندا نەبوو، ئەمەش لەجۆری تایبەتکردنی گشتگیر یاخود سنووردارکردنی ڕەهاکان نییە، چونکە لەواندا سنووری فراوانی بڕیارەکان کەمدەکرێنەوە، بەواتای هەندێك لە تەکلیفلێکراوەکان یاخود هەندێك لە بڕیار لەسەردراوەکان دەردەچن، بەڵام لێرەدا جۆری بڕیارەکان زیاد دەبن.

٢ـ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ڕێگری کردووە کە ئافرەت لەگەڵ پوری ـ خوشکی باب یان دایك ـ لەیەك کاتدا هاوسەری کەسێك بن: (نهى رسول اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ أَنْ تُنْكَحَ الْمَرْأَةُ على عَمَّتِهَا أو خَالَتِهَا)[3]. لەکاتێکدا قورئان دوای حەرامکراوەکان دەفەرموێت: ﴿وَأُحِلَّ لَكُمْ ما وَراءَ ذلِكُمْ أَنْ تَبْتَغُوا بِأَمْوالِكُمْ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسافِحِينَ﴾ (النساء: ٢٤)، واتە: (جگە لەوانەی کە باسکران حەڵاڵن بۆتان کە ماڵ و سامانتان هاوسەرگیرییان لەگەڵ بکەن بەمەرجێك داوێنپاك بن و داوێنپیس نەبن). دیارە لە قەدەغەکراوە قورئانییەکاندا ئەمەی تێدا نییە، بۆیە گەر تەنها سەیری ئایەتەکان بکەین وا بڕیار دەدەین، کە کۆکردنەوەی پور لەگەڵ برازا یان

---

[1] أخرجه البخاري في صحيحه، بَاب أَكْلِ كل ذِي نَابٍ من السِّبَاعِ (٥/ ٢١٠٣)، رقم الحديث (٥٢١٠)، ومسلم في صحيحه، بَاب تَحْرِيمِ أَكْلِ كل ذِي نَابٍ من السِّبَاعِ وَكُلِّ ذِي مِخْلَبٍ من الطَّيْرِ (٣/ ١٥٣٣) رقم الحديث (١٩٣٢).

[2] أخرجه مسلم في صحيحه، بَاب تَحْرِيمِ أَكْلِ كل ذِي نَابٍ من السِّبَاعِ وَكُلِّ ذِي مِخْلَبٍ من الطَّيْرِ (٣/ ١٥٣٤) رقم الحديث (١٩٣٤).

[3] أخرجه البخاري في صحيحه، بَاب لَا تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ على عَمَّتِهَا (٥/ ١٩٦٥) رقم الحديث (٤٨١٩)، ومسلم في صحيحه، بَاب تَحْرِيمِ الْجَمْعِ بين الْمَرْأَةِ وَعَمَّتِهَا أو خَالَتِهَا في النِّكَاحِ (٢/ ١٠٢٩) رقم الحديث (١٤٠٨).

خوشـکەزا لـە ﴿مـا وَراءَ ذلِکُـمْ﴾ن، کـە دەبـێ حـەڵاڵ بـن، بـەڵام بـە فـەرموودە قەدەغەکراون و لە حەڵاڵەکان وەدەرنراون.

ئەمانە و گەلێك نموونەی دیکەش، کـە لـە قورئانـدا ئاماژەیـان بـۆ نـەکراوە، لـە فەرموودەکاندا بە ڕوونی باسیان لێوە کراوە، وەك (سەرفیترە، میراتی نەنك، سزای بـەکارهێنانی سەرخۆشـکەرەکان،...) کـە پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) بـۆ هاوەڵانی بەڕێزی ڕوون کردووەتەوە بە وتە و کرداری پیرۆزی، بە درێژایی مێژوویش زانایان لەسەر ئەمانە ناکۆك نەبوون وەریانگرتوون.

## ڕوونکردنەوەی کۆتـایهاتنی حوکم (النسخ):

یەکێکی دی لەو پەیوەندیانەی لە نێوان قورئان و فەرموودەدا هەن بابەتی نەسخە، زۆرینەی زانایان پێیان وایە کە دروستە قورئان بە فەرموودە نەسخ بکرێتەوە[1]، بەڵام پێشەوا شافیعی پێی وایە قورئان تەنها بە قورئان نەسخ دەکرێتەوە[2]. یەك لە گرنگترین بەڵگەکانی شافیعی بریتیە لە ئایەتی: ﴿وَإِذا تُتْلى عَلَيْهِمْ آياتُنا بَيِّناتٍ قالَ الَّذِينَ لا يَرْجُونَ لِقاءَنَا ائْتِ بِقُرْآنٍ غَيْرِ هذا أَوْ بَدِّلْهُ قُلْ ما يَكُونُ لِي أَنْ أُبَدِّلَهُ مِنْ تِلْقاءِ نَفْسِي إِنْ أَتَّبِعُ إِلاَّ ما يُوحي إِلَيَّ﴾ (يونس: ١٥)، شافیعی لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت: "فأخبر الله أنه فرض على نبيه اتباع ما يوحي إليه، ولم يجعل له تبديله من تلقاء نفسه، وفي قوله: ﴿قُلْ ما يَكُونُ لِي أَنْ أُبَدِّلَهُ مِنْ تِلْقاءِ نَفْسِي﴾ بيان ما وصفت من أنه لا يَنسخُ كتابَ الله إلا كتابُهُ، كما كان المبتدِئَ لفرضه، فهو المُزيلُ المُثبتُ لما شاءَ منه جل ثناؤه، ولا يكون ذلك لأحد من

---

[1] بڕوانە: الفصول في الأصول، الجصاص (٢/ ٣٢٦)، وأصول البزدوي (١/ ٢٢١)، والمعتمد في أصول الفقه، أبو الحسين البصري (١/ ٣٦٤)، والتبصرة، أبو إسحاق الشيرازي (١/ ٢٧٣)، والبرهان في أصول الفقه، إمام الحرمين (٢/ ٨٥١)، وقواطع الأدلة في الأصول، السمعاني (١/ ٤٥٢)، والإحكام في أصول الأحكام، الآمدي (٣/ ١٦٦)، والتفسير الكبير، الرازي (٣/ ٢١٠).

[2] بڕوانە: أصول الفقه، أبو زهرة (٢٦٥).

خلقه"[١]. واته: (خوا ڕایگەیاندووە کە پێویستی کردووە لەسەر پێغەمبەرەکەی شوێن ئەوە بکەوێت کە سرووشی بۆ دەکرێت و ڕێی پێنەداوە بە گۆڕینی لە لایەن خودی خۆیەوە و لە فەرموودەی خوادا ﴿قُلْ ما يَكُونُ لِي أَنْ أُبَدِّلَهُ مِنْ تِلْقاءِ نَفْسِي﴾ ڕوونکردنەوەی ئەوەیە کە باسم کردووە کە هیچ شتێك جگە لە قورئان قورئان نەسخ ناکاتەوە، هەروەکو چۆن هەر خۆی سەرەتا فەرزی کردووە، چونکە هەر خوای گەورە لابەر و چەسپێنەرە بۆ ئەوەی کە بیەوێت و ئەم کارە بۆ هیچ یەکێك لە بەندەکانی ڕێپێدراو نییە.

بەهەمان شێوە شافیعی ئایەتی: ﴿ما نَنْسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنْسِها نَأْتِ بِخَيْرٍ مِنْها أَوْ مِثْلِها أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَلي كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ (البقرة: ١٠٦) دەکاتە بەڵگە و دەڵێت: "فأخبر الله أن نسخ القرآن وتأخير إنزاله لا يكون إلا بقرآن مثله"[٢]، واتە: (خوا ڕایگەیاندوە کە نەسخی قورئان و دواخستنی دابەزاندنی بەس بە قورئانێکی هاوشێوەی خۆی دەبێت).

بەشێك لە حەنبەلیەکان دەڵێن: ئیمامی ئەحمەدیش لەم پرسەدا هاوڕای شافیعی بووە، هەندێکیش لە حەنبەلیەکان، لەوان قازی ئەبو یەعلای بەغدادی، ئەم ڕایەیان پەسەند کردووە[٣].

لەبەرانبەردا، زۆرینەی زانایان بە بەڵگەی ئەوەی سەرچاوەی قورئان و فەرموودە هەر یەکن و نیگای خوداین، وتوویانە: دروستە یەکدی نەسخ بکەنەوە، پاشان خاوەنی ئەم بۆچوونە لەنێو خۆیاندا ڕاجیاییان هەیە لەسەر ئەوەی ئایا تەنها فەرموودەی موتەواتیر قورئان نەسخ دەکاتەوە یان هەموو فەرموودەیەکی دروست دەکرێ ئەم کارە بکات ئەگەر "ئاحاد"یش بێت؟ زۆرینەیان ڕایان وایە تەنها بە

---

[١] بڕوانە: الرسالة، الشافعي (١/ ١٠٦).

[٢] بڕوانە: الرسالة، الشافعي (١/ ٨٦).

[٣] بڕوانە: العُدة في أصول الفقه، الفراء (٢/ ١٩).

فەرموودەی موتەواتیر نەسخی قورئان دەكرێت، بەڵام حەنەفیەكان پێیان وایە بە فەرموودەی مەشهووریش دروستە[1]. هاوكات هەندێك لە موعتەزیلە و زاهیرییەكان پێیان وایە دروستە نەسخی قورئان بە فەرموودەی ئاحاد بكرێت[2].

سەبارەت بە نموونەی ئەم پرسە زۆرێك لە زانایان ئاماژەیان بە ئایەتی: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ إِنْ تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَي الْمُتَّقِينَ﴾ (البقرة: ٢٨٠) كردووە كە دەڵێن: ئەم ئایەتە نەسخ بووەتەوە بە فەرموودەی[3] "لَا وَصِيَّةَ لِوَارِثٍ"[4]. هەرچەند پێشەوا شافیعیش هاوڕایە كە ئەم ئایەتە نەسخ بووەتەوە، بەڵام ئەو پێی وایە ئەم ئایەتە بە ئایاتی میرات نەسخ بووەتەوە، نەك بەم فەرموودەیە. ئەبو جەعفەری نەححاس دەڵێ: "فمن قال إن

---

[1] كۆمەڵی زانایان فەرموودەیان دابەشكردوە بۆ دوو جۆر: موتەواتیر و ئاحاد، بەڵام حەنەفیەكان جۆری سێیەمیان لە نێوان ئەو دوو جۆرەدا زیاد كردووە بە ناوی مەشهوور، كە لای كۆمەڵی زانایان لە جۆرەكانی فەرموودەی ئاحادە، بۆیە كۆمەڵی ئوصولیەكان وتوویانە: "حەنەفیەكان ڕایان وایە كە دروستە قورئان بە فەرموودەی ئاحاد نەسخ بكرێتەوە".

[2] بڕوانە: الفصول في الأصول، الجصاص (١/ ١٦٣)، والإحكام في أصول الأحكام، ابن حزم (٤/ ٥٠٥)، والمعتمد في أصول الفقه، أبو الحسين البصري (١/ ٣٩١)، والبرهان في أصول الفقه، إمام الحرمين (٢/ ٨٥١)، وروضة الناظر، ابن قدامة (١/ ٨٦).

[3] بڕوانە: الناسخ والمنسوخ، النحاس (١/ ٨٨)، وأحكام القرآن، الجصاص (١/ ٢٠٥)، وأصول البزدوي (١/ ٢٢٢)، والناسخ والمنسوخ، المقري (١/ ٤٠)، والمعتمد، أبو الحسين البصري (١/ ٣٩٩)، وقواطع الأدلة في الأصول، السمعاني (١/ ٤٥١)، والكشاف، الزمخشري (١/ ٢٤٩). ولابد من الإشارة إلى أنه ذهب بعضهم إلى أنها نسخت بآيات المواريث، ولكن بما أنه لا يوجد تعارض بينها وبين آيات المواريث قال أكثرهم: نسخها الحديث المذكور.

[4] أخرجه الشافعي في المسند (١/ ٢٣٤)، وعبد الرزاق في المصنف (٩/ ٧٠) رقم الحديث (١٦٣٧٦)، وابن أبي شيبة في المصنف (٦/ ٢٠٨) رقم الحديث (٣٠٧١٧)، وابن ماجه في سننه (٢/ ٩٠٦) باب لا وصية لوارث، رقم الحديث (٢٧١٤)، والترمذي في سننه (٤/ ٤٣٣) بَاب مَا جَاءَ لَا وَصِيَّةَ لِوَارِثٍ، رقم الحديث (٢١٢٠) وصححه، والطبراني في المعجم الأوسط (٨/ ٨) رقم الحديث (٧٧٩١)، والدارقطني في سننه (٤/ ٩٨) رقم الحديث (٩٢)، والبيهقي في الكبري (٦/ ٢٦٤) رقم الحديث (١٢٣١٦).

القرآن يجوز أن ينسخ بالسنة قال: نسخها (لَا وَصِيَّةَ لِوَارِثٍ)، ومن قال من الفقهاء لا يجوز أن ينسخ القرآن إلا قرآن قال نسختها الفرائض"[1]، واته: (ئەوانەی دەڵێن دروستە قورئان نەسخ بکرێتەوە بە فەرموودە دەڵێت: فەرموودەی (لا وصية لوارث) نەسخی کردووەتەوە و ئەو زانایانەی دەڵێن نابێت قورئان نەسخ بێتەوە بە جگە لە قورئان دەڵێن ئایەتەکانی دابەشکردنی میرات نەسخی کردووەتەوە.

بۆیە پێشەوا شافیعی پێی وایە ڕۆڵی فەرموودە لێرەدا ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییەیە، کە ئەم ئایەتە نەسخ بووەتەوە نەك خودی فەرموودە نەسخی کردبێتەوە، وەك دەفەرموێت: "الناسخ والمنسوخ الذي تدل عليه السنة... فأنزل الله ميراث الوالدين ومَن ورث بعدهما ومعهما من الأقربين، وميراثَ الزوجِ من زوجته، والزوجةِ من زوجها. فكانت الآيتان محتملتين لأنْ تُثْبِتَا الوصيةَ للوالدين والأقربين، والوصيةَ للزوج، والميراث مع الوصايا، فيأخذونَ بالميراثِ والوصايا، ومحتملة بأنْ تكون المواريث ناسخة للوصايا. فلما احتملتِ الآيتان ما وصفنا كان على أهل العلم طلبُ الدلالةِ من كتاب الله، فما لم يجدوه نصًّا في كتاب الله، طلبوه في سنة رسول الله - صلي الله عليه وسلم -، فإنْ وجدوه فما قَبِلُوا عن رسول الله فَعَنِ الله قَبِلُوُة، بما افْتَرَضَ من طاعته. ووجدنا أهل الفُتْيَا وَمَنْ حَفِظْنَا عنه من أهل العلم بالمغازي، من قريش وغيرهم لا يختلفون في أن النبي قال عام الفتح: "لَا وَصِيَّةَ لِوَارِثٍ"... فكان هذا نقلَ عامةٍ عن عامة، وكان أقوى في بعض الأمر من نقل واحد عن واحد. وكذلك وجدنا أهل العلم عليه مُجْمِعِينَ... فاستدللنا بما وصفتُ على أن المواريثَ ناسخة للوصية للوالدين والزوجة"[2].

توێژەر پێی وایە، گەر بە وردی لە ڕای زۆرینەی زانایان و شافیعیش بنوارین، دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە ڕای شافیعی بەهێزترە و فەرموودە لە هیچ بوارێکدا

---

[1] الناسخ والمنسوخ للنحاس (١/ ٨٨).

[2] الرسالة، الشافعي (١/ ١٣٧).

قورئانی سەربەخۆ نەسخ نەکردووەتەوە، گەر شتێکی وا بەدی بکرێت وەك شافیعی دەفەرموێت ناسخەکە هەر قورئان بووە و فەرموودە ڕوونی کردووەتەوە، تەنانەت ئەم نموونەی باسمانکرد دەکرێ هەر لە پرسی ناسخ و مەنسوخ وەدەربنرێت، بەوەی بڵێن وەصیەت بۆ دایك و باب و کەسی نزیك کاتێکە کە لە میرات بێبەش بن و بە یاسای میرات میرات نەگرن، ئەمەش پێی دەوترێ "وەصیەتی واجب" و کارکردن پێی زۆر گرنگە و بڕیاری نەسخبوونەوەی گرفتی گەورە دروست دەکات، بۆیە زۆرێك لە زانایان لەوانە: ئیبن عەبباس، حەسەنی بەصری، قەتادە، جابری کوڕی زەید، تاووس، زوهری، زەححاك، مەسروق، ئەبو میجلەز، ئیسحاقی کوڕی ڕاهویە، مسولیمی کوڕی یەسار، عەلائی کوڕی زیاد، ئیبن جەریری تەبەری، داود و ئیبن حەزمی زاهیری، پێیان وایە ئەم ئایەتە نەسخ نەبووەتەوە و وەصیەت بۆ کەسی نزیکی بێ بەش لە میرات واجبە[1].

## پەیوەندەی ڕوونکاریی پێچەوانەیی نێوان قورئان و فەرموودە:

هەروەك پێشتر باسمانکرد، تەنها باسی ڕوونکردنەوەی فەرموودە بۆ قورئان دەکەین، بەڵام تەنها وەك ئاماژە دەڵێین: زۆرێك لە زانایان بڕوایان بە پەیوەندی ڕوونکاری پێچەوانەییش هەیە، واتە قورئان فەرموودە ڕوون بکاتەوە ـ بە هەموو جۆرەکانی ڕوونکاری ـ خاوەنی (المسودة) دەڵێت: "يجوز تخصيص عموم السنة بخاص الكتاب، وبه قال جماعة الفقهاء والمتكلمين. وخرج ابن حامد وجهًا بالمنع، وإليه ذهب بعض الشافعية، قال ابن برهان: هو قول بعض المتكلمين، ولفظ الحلواني، وقال بعض أصحابنا: لا يجوز ذلك. قال القاضي: ذكر شيخنا أبو عبد الله

[1] بڕوانە: تفسير الطبري (٢/ ١٢٠)، والنكت والعيون، الماوردي (١/ ٢٣٢)، والمحلي، ابن حزم (٩/ ٣١٤)، والتفسير الكبير، الرازي (٥/ ٥٤)، والمغني، ابن قدامة (٦/ ٥٥).

روایتین إحداهما: لا یجوز... والثانیة: یجوز تخصیص عام السنة بالقرآن"[1]. واتە: (دروستە ئەوەی لە فەرموودەدا گشتیە تایبەت بکرێت بە قورئان و ئەمە ڕای کۆمەڵێك لە زانایانی فیقهـ ـ و زانایانی کەلامە. حەلوانی دەڵێت: هەندێك لە هاوەڵانمان دەڵێن: دروست نییە. قازی دەڵێت: مامۆستامان ئەبو عەبدوڵڵا دوو ڕای لێوە باسکراوە، یەکەمیان: دروست نییە... دووەمیان: دروستە تایبەتکردنی دەقە گشتگیرەکانی فەرموودە بە قورئان.

دیارە بەڵگەی ئەوانەی ڕێگری لە ڕوونکاری قورئان بۆ فەرموودە دەکەن ئەوەیە، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕوونکاری قورئانە و ئەم ئەرکە بەو سپێردراوە، ئەگەر پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕوونکاری قورئان بێت ناکرێ قورئانیش ڕوونکاری فەرموودە بێت[2].

دیارە لەبەر درێژەنەدان بە بابەتەکە باسی ئەو نموونانە ناکەین، کە ڕێگەپێدەرانی ئەم ڕوونکاریە پێچەوانەییە باسیانکردووە، تەنها دەڵێین دوای وردبوونەوە لە گشتیان ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە کە ئەو نمونانەی باسکراون لاوازن و لەڕاستیدا فەرموودەکان خۆیان ڕوونن و ئەو ئایەتانەی ئەوان وەك ڕوونکاری فەرموودە باسیانکردوون هیچ زیادە ڕوونکردنەوەیەکیان تێدا نییە لەوەی لە فەرموودەکاندا هاتووە.

---

[1] المسودة، آل تیمیة (١/ ١١٠).

[2] التبصرة، أبو إسحاق الشیرازي (١/ ١٣٦).

## کۆتایی:

کۆی زانایانی مسوڵمان کۆکن لەسەر بەڵگەبوونی فەرموودەکانی پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر)، بە گوفتاری و کرداری و پەسەندکراوەکانیەوە. قورئان بە تەنیا بەس نییە بۆ تێگەیشتن لە تەواوی حوکمە شەرعییەکان و کارنەکردن بە فەرموودە گرفتێکی گەورە بۆ مسوڵمان دروست دەکات و بۆشاییەکی گەورە لە تەشریعدا دروست دەکات.

سروشتی قورئان وایە کە بڕیارە شەرعیەکانی بە کورتی تێدایە و لە زۆر بوارێکیشدا تەنها بنەماکان ئاماژە پێدەدا، بۆیە کاری ڕوونکاری سپێردراوە بە پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر)، ئەمەش دەخوازێت، کە فەرموودە سەرچاوەیەکی سەرەکی تەشریع بێت و پابەندبوون پێوەی پێویستیەکی شەرعی بێت. پەیوەندیی ڕوونکاری نێوان قورئان و فەرموودە جۆراوجۆرن، کە گرنگترینیان بریتین لە: دووپات و جەختکردنەوەی فەرموودە بۆ قورئان، زێدە ڕوونکردنەوەی فەرموودە بۆ قورئان، ڕاڤەکردنی فەرموودە بۆ ئایەتە مەبەست ناڕوونەکان، تایبەتکردنی فەرموودە بۆ دەقە گشتگیرەکان، سنووردارکردنی فەرموودە بۆ دەقە ڕەهاکان، گۆڕانکاریی چۆنیەتی و چەندێتی هەندێك لە حوکمە قورئانیەکان.

سەبارەت بە ڕوونکاریی کۆتایهاتنی حوکمێك (بیان انتهاء مدة الحکم ـ النسخ) ئەوەی لای توێژەر ڕای پەسەندترە ئەوەیە، کە فەرموودە نەسخی قورئان ناکات، مەگەر ڕوونی بکاتەوە کە فلان حوکمی قورئانی نەسخ بووەتەوە، نەك فەرموودە خۆی نەسخی بکاتەوە. بە ڕای توێژەر کاری قورئان نییە ڕاڤە و ڕوونکردنەوەی فەرموودە بکات، بۆیە ڕوونکاری پێچەوانە هەرچەند لای زۆرێك لە زانایان جێگیرە، بەڵام لە نموونەکاندا دەردەکەوێت کە بەو جۆرە نییە، چونکە کاری فەرموودەیە قورئان ڕوون بکاتەوە، نەك پێچەوانەکەی.

قورئانی پیرۆز تەشریعکردنی هەندێك حوکمی جێهێشتووە بۆ پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر)، بۆیە لەنێو فەرموودەکاندا، فەرموودەگەلێك هەن کە حوکمی نوێ بڕیار لێ دەدەن زیاد لەو حوکمانەی کە لە قورئاندا تەشریع کراون.

# سەرچاوەکان

دوای قورئانی پیرۆز

١ـ أحكام القرآن، أحمد بن علي الرازي الجصاص أبو بكر (ت ٣٧٠هـ) دار إحياء التراث العربي ـ بيروت، ١٤٠٥، تحقيق: محمد الصادق قمحاوي.

٢ـ الإحكام في أصول الأحكام، علي بن أحمد بن حزم الأندلسي أبو محمد (ت ٤٥٦هـ)، دار الحديث ـ القاهرة، ١٤٠٤هـ، ط١.

٣ـ الإحكام في أصول الأحكام، علي بن محمد الآمدي أبو الحسن (ت ٦٣١هـ) دار الكتاب العربي ـ بيروت، ١٤٠٤هـ، ط١، تحقيق: د. سيد الجميلي.

٤ـ إرشاد الفحول إلى تحقيق الحق من علم الأصول، محمد بن علي بن محمد الشوكاني (ت١٢٥٠هـ)، دار الفكر ـ بيروت، ١٤١٢هـ/ ١٩٩٢م، ط١، تحقيق: محمد سعيد البدري أبو مصعب.

٥ـ أصول البزدوي: كنز الوصول الى معرفة الأصول، لعلي بن محمد البزدوي الحنفيي (ت ٣٨٢هـ)، مطبعة جاويد بريس ـ كراتشي.

٦ـ أصول الفقه، الشيخ محمد أبو زهرة، دار الفكر العربي.

٧ـ إعلام الموقعين عن رب العالمين، أبو عبد الله شمس الدين محمد بن أبي بكر بن أيوب بن سعد الزرعي الدمشقي (ت ٧٥١هـ) دار الجيل ـ بيروت، ١٩٧٣م، تحقيق: طه عبد الرؤوف سعد.

٨ـ البدر المنير في تخريج الأحاديث والآثار الواقعة في الشرح الكبير، سراج الدين أبي حفص عمر بن علي بن أحمد الأنصاري الشافعي المعروف بابن الملقن، دار الهجرة للنشر والتوزيع، الرياض ـ السعودية، ١٤٢٥هـ/ ٢٠٠٤م، ط١، تحقيق: مصطفي أبو الغيط وعبد الله بن سليمان وياسر بن كمال.

٩ـ البرهان في أصول الفقه، عبد الملك بن عبد الله بن يوسف الجويني أبو المعالي (ت ٤٧٨هـ) الوفاء، المنصورة ـ مصر، ١٤١٨هـ، ط٤، تحقيق: د. عبد العظيم محمود الديب.

١٠ـ التبصرة في أصول الفقه، إبراهيم بن علي بن يوسف الفيروز آبادي الشيرازي أبو إسحاق، دار الفكر ـ دمشق، ١٤٠٣هـ، ط١، تحقيق: د. محمد حسن هيتو.

١١ـ تسهيل الوصول، محمد عبد الرحمن عبد المحلاوي، مطبعة جامعة دمشق، ط١، ١٣٨٤هـ/ ١٩٦٤م.

١٢ـ التفسير الكبير أو مفاتيح الغيب، فخر الدين محمد بن عمر التميمي الرازي الشافعي (ت ٦٠٤هـ)، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ١٤٢١هـ/ ٢٠٠٠م، ط١.

١٣ـ التقرير والتحبير على التحرير في أصول الفقه الجامع بين اصطلاحي الحنفية والشافعية، شرح العلامة المحقق ابن أمير الحاج الحلبي، دار الكتب العلمية ـ بيروت.

١٤ـ التقرير والتحرير في علم الأصول، لابن أمير الحاج (ت ٨٧٩هـ)، دار الفكر ـ بيروت، ١٤١٧هـ/ ١٩٩٦م.

١٥ـ تلخيص الحبير في أحاديث الرافعي الكبير، أحمد بن علي بن حجر أبو الفضل العسقلاني، المدينة المنورة، ١٣٨٤هـ/ ١٩٦٤م، تحقيق: السيد عبد الله هاشم اليماني المدني.

١٦ـ تيسير التحرير، محمد أمين المعروف بأمير بادشاه، دار الفكر ـ بيروت.

١٧ـ جامع البيان عن تأويل آي القرآن، محمد بن جرير بن يزيد بن خالد الطبري أبو جعفر (ت ٣١٠هـ)، دار الفكر ـ بيروت، ١٤٠٥هـ.

١٨ـ الجامع الصحيح المختصر، محمد بن إسماعيل أبو عبد الله البخاري الجعفي، دار ابن كثير، اليمامة ـ بيروت، ١٤٠٧هـ/ ١٩٨٧م، ط٣، تحقيق: د. مصطفي ديب البغا.

١٩ـ الجامع الصحيح سنن الترمذي، محمد بن عيسى أبو عيسى الترمذي السلمي، دار إحياء التراث العربي ـ بيروت، تحقيق: أحمد محمد شاكر وآخرون.

٢٠ـ الرسالة، الإمام محمد بن إدريس أبو عبد الله الشافعي (ت ٢٠٤هـ)، القاهرة، ١٣٥٨هـ/ ١٩٣٩م، تحقيق: أحمد محمد شاكر.

٢١ـ رفع الحاجب عن مختصر ابن الحاجب، تاج الدين أبي النصر عبد الوهاب بن علي بن عبد الكافي السبكي (ت ٦٤٦هـ)، عالم الكتب، لبنان ـ بيروت، ١٤١٩هـ/ ١٩٩٩م، ط١، تحقيق: علي محمد معوض، عادل أحمد عبد الموجود.

٢٢ـ روضة الناظر وجنة المناظر، عبد الله بن أحمد بن قدامة المقدسي أبو محمد، جامعة الإمام محمد بن سعودـ الرياض، ١٣٩٩هـ، ط٢، تحقيق: د. عبد العزيز عبد الرحمن السعيد.

٢٣ـ سنن ابن ماجه، محمد بن يزيد أبو عبد الله القزويني، دار الفكر ـ بيروت، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي.

٢٤ـ سنن البيهقي الكبري، أحمد بن الحسين بن علي بن مسوى أبو بكر البيهقي، مكتبة دار الباز ـ مكة المكرمة، ١٤١٤هـ/ ١٩٩٤م، تحقيق: محمد عبد القادر عطا.

٢٥ـ سنن الدارقطني، علي بن عمر أبو الحسن الدارقطني البغدادي، دار المعرفة ـ بيروت، ١٣٨٦هـ، ١٩٦٦م، تحقيق: السيد عبد الله هاشم يماني المدني.

٢٦ـ السنن الكبري، أحمد بن شعيب أبو عبد الرحمن النسائي، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ١٤١١هـ/ ١٩٩١م، ط١، تحقيق: د.عبد الغفار سليمان البنداري، سيد كسروي حسن.

٢٧ـ شرح التلويح علي التوضيح لمتن التنقيح في أصول الفقه، سعد الدين مسعود بن عمر التفتازاني الشافعي (ت ٧٩٢هـ)، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ١٤١٦هـ/ ١٩٩٦م، تحقيق: زكريا عميرات.

٢٨ـ صحيح مسلم، مسلم بن الحجاج أبو الحسين القشيري النيسابوري، دار إحياء التراث العربي ـ بيروت، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي.

٢٩ـ العدة في أصول الفقه، القاضي أبي يعلي محمد بن الحسين الفراء البغدادي الحنبلي (ت ٤٥٨هـ)، تحقيق: محمد عبد القادر أحمد عطا، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ط١، ١٤٢٣هـ/ ٢٠٠٢م.

٣٠ـ العقد المنظوم في الخصوص والعموم، شهاب الدين أحمد بن إدريس القرافي (ت ٦٨٢هـ)، دراسة وتحقيق: أحمد الختم عبد الله، المكتبة المكية، ط١، ١٤٢٠هـ/ ١٩٩٩م.

٣١ـ الفصول في الأصول، أحمد بن علي الرازي الجصاص (ت ٣٧٠هـ)، وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية ـ الكويت، ١٤٠٥هـ، ط١، تحقيق: د. عجيل جاسم النشمي.

٣٢ـ الفقيه والمتفقه، أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت الخطيب البغدادي (ت ٤٦٢هـ)، دار ابن الجوزي ـ السعودية، ١٤٢١هـ، ط٢، تحقيق: أبو عبد الرحمن عادل بن يوسف الغرازي.

٣٣ـ قواطع الأدلة في الأصول، أبو المظفر منصور بن محمد بن عبد الجبار السمعاني (ت ٤٨٩هـ)، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ١٤١٨هـ/ ١٩٩٧م، تحقيق: محمد حسن إسماعيل الشافعي.

٣٤ـ الكتاب المصنف في الأحاديث والآثار، أبو بكر عبد الله بن محمد بن أبي شيبة الكوفي، مكتبة الرشد ـ الرياض، ١٤٠٩هـ، ط١، تحقيق: كمال يوسف الحوت.

٣٥ـ الكشاف عن حقائق التنـزيل وعيون الأقاويل في وجوه التأويل، أبو القاسم محمود بن عمر الزمخشري الخوارزمي (ت ٥٣٨هـ)، دار إحياء التراث العربي ـ بيروت، تحقيق: عبد الرزاق المهدي.

٣٦ـ المحصول في أصول الفقه، القاضي أبي بكر بن العربي المعافري المالكي، دار البيارق ـ عمان، ١٤٢٠هـ/ ١٩٩٩، ط١، تحقيق: حسين علي اليدري، سعيد فودة.

٣٧ـ المحلى، علي بن أحمد بن سعيد بن حزم الظاهري أبو محمد، دار الآفاق الجديدة ـ بيروت، تحقيق: لجنة إحياء التراث العربي.

٣٨ـ مسند الإمام أحمد بن حنبل أبو عبد الله الشيباني، مؤسسة قرطبة ـ مصر.

٣٩ـ المسودة في أصول الفقه، عبد السلام، عبد الحليم، أحمد بن عبد الحليم آل تيمية، المدني ـ القاهرة، تحقيق: محمد محيي الدين عبد الحميد.

٤٠ـ المصنف، أبو بكر عبد الرزاق بن همام الصنعاني، المكتب الإسلامي ـ بيروت، ١٤٠٣هـ، ط٢، تحقيق: حبيب الرحمن الأعظمي.

٤١ـ المعتمد في أصول الفقه، محمد بن علي بن الطيب البصري أبو الحسين، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ١٤٠٣هـ، ط١، تحقيق: خليل الميس.

٤٢ـ المعجم الأوسط، أبو القاسم سليمان بن أحمد الطبراني، دار الحرمين ـ القاهرة، ١٤١٥، تحقيق: طارق بن عوض الله بن محمد، عبد المحسن بن إبراهيم الحسيني.

٤٣ـ المغني في فقه الإمام أحمد بن حنبل الشيباني، عبد الله بن أحمد بن قدامة المقدسي أبو محمد، دار الفكر ـ بيروت، ١٤٠٥هـ، ط١.

٤٤ـ موطأ الإمام مالك، مالك بن أنس أبو عبد الله الأصبحي، دار إحياء التراث العربي ـ مصر، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي.

٤٥ـ الناسخ والمنسوخ، أحمد بن محمد بن إسماعيل المرادي النحاس أبو جعفر (ت ٣٣٩)، مكتبة الفلاح ـ الكويت، ١٤٠٨هـ، ط١، تحقيق: د. محمد عبد السلام محمد.

٤٦ـ الناسخ والمنسوخ، هبة الله بن سلامة بن نصر المقري (ت ٤١٠هـ)، المكتب الإسلامي ـ بيروت، ١٤٠٤هـ، ط١، تحقيق: زهير الشاويش، محمد كنعان.

٤٧ـ النكت والعيون "تفسير الماوردي" أبو الحسن علي بن محمد بن حبيب الماوردي البصري (ت ٤٥٠هـ)، دار الكتب العلمية، بيروتـ لبنان، الطبعة: لا توجد، تحقيق: السيد ابن عبد المقصود بن عبد الرحيم.

# پێگەی فەرمووده لە تەشریعدا

**پ.ی.د. عومەر محەمەد ئەمین حەسەن**
**زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان**

ئاشکرایە لای هەموان، کە ئایینی ئیسلامی پیرۆز ئایینی مرۆڤایەتی و مرۆڤ دۆستیە و دوا ئایینی خودایە کە ناردوویەتی بۆ گرۆهی ئادەمیزاد و خزمەتکردن بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی، هەر ئایینێکیش لەم ئاستە بەرز و بڵندەدا بێت دەبێت خاوەنی بنەما و بناغەیەکی پتەو و بەهێز و پەسەند بێت، سەرچاوەکانی باوەڕ پێکراو و جێگەی متمانە بن، ئەم سەرچاوانەش کە ئایینی ئیسلام بە پلەی یەکەم پشتی پێ بەستوون:

**یەکەم:** قورئانی پیرۆزە، کە کتێب و فەرموودەی خودایە و بەڕاستی و دروستی و بە دڵنیایەوە و دەست بە دەست و سەردەم بە سەردەم، بە پاکی و بێگەردی گەیشتووە بە ئێمە و بە سەرچاوەی یەکەمی شەریعەتی ئیسلامی دەناسرێت و بەکارهێنراوە و کاری پێ دەکریت، دیارە ئەم سەرچاوەیەش کە قورئانی پیرۆزە، جێگەی متمانەیە و گومان لە ڕاست و دروستیدا نییە و پێویستی بە هەڵوێستە لەسەرکردن نییە.

دووەم: فەرموودە و سوننەتەکانی پێغەمبەرە (دروودی خودای لەسەر بێت)، کە بە پلەی دووەم دێن وەك سەرچاوەی شەریعەتی ئیسلام، گومانی ئەوەشیان لێ دەکرێت دەستکاری و کەموکورتیان تێدا ڕوویدا بێت، لەبەرئەوە پێویستە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت و بە وردی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، هەر لەبەر ئەوەشە بابەتی زۆر لە مەیدانی فەرموودەکانی پێغەمبەردا هاتووەتە کایە و قسەیان لە بارەوە کراوە و بۆچوونی جیاواز لە بارەی پەسەندی و ناپەسەندی و ڕاست و دروستی فەرموودەکانی هاتووەتە ئاراوە و وتووێژی بابەتیانەیان بۆ ئەنجام دراوە.

## فەرمووده چییه؟:

**فەرمووده:** به وته و كار و كردەوه و بێدەنگی لەسەر كارێك دەبێت و دەوترێت كه پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێت) فەرموویەتی، یان كردویەتی، یان به ئاگاداری ئەو كرابێت و بێدەنگی لەسەری كردبێت[1]. هەروەها هەڵسوكەوت و جوڵه و بێدەنگی و له بەخەبەری و خەوتنیشدا دەگرێتەوه[2].

## پێگەی فەرمووده له تەشریعدا:

ئەگەر گەڕانێك بەناو فەرموودەكانی پێغەمبەری مەزندا (درودی خودای لەسەر بێت) بكەین، دەبینین كه فەرموودەكانی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێت) چەند كاریگەر و بەرهەمدارن له شەریعەتی ئیسلامدا به گشتی له بواری ڕوونكردنەوه و شیكردنەوەی ئایەتەكانی قورئانی پیرۆزدا و له هەموو لایەنەكانیدا تایبەتمەندی خۆی هەیه، لەبەرئەوه هەر كاتێك بمانەوێت باس له بابەتێكی شەرعی، یان ئایەتێك له ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز بكەین، ناكرێت دەستبەرداری فەرموودەكانی پێغەمبەری خودا ببین و فەرامۆشیان بكەین. قورئانی پیرۆزیش خۆی ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنێت و دەفەرموێت: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾ (الحشر: ٧)، واته: (هەر شتێك كه پێغەمبەری خودا پێتانی ڕادەگەیەنێت و فەرمان به كردنی دەكات ئەوا بیكەن و ئەنجامی بدەن و هەر شتێكیش فەرمانتان به نەكردنی دەكات مەیكەن و خوتانی لی بپارێزن).

له ئایەتێكی تردا دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا﴾ (النور: ٥٤)، واته: (ئەگەر گوێڕایەڵی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێت) بكەن ئەوا هیدایەت و ڕێنمایی

---

[1] علوم الحديث ومصطلحه، د. صبحي صالح إبراهيم (١/ ٣)، تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي، السيوطي (٢٣/١).

[2] فتح المغيث بشرح ألفية الحديث، شمس الدين السخاوي (٢٢/١)، حجية السنة النبوية ومكانتها في التشريع الإسلامي، عبدالقادر بن حبيب السندي (٩١/١).

وەردەگرن). بێگومان کاتێك باسی فەرموودە و پلە و پایەکەی دەکەین لە تەشریعدا مەبەستمان حوکم و فەرمانە شەرعیەکەیەتی، کە پەیوەستە بە کار و کردەوەکانی مرۆڤی مسوڵمان و ئەو کەسەی کە ئاقڵ و ژیری پێگەیشتبێت و تێگەیشتبێت، واتە گەیشتبێتە ئەو تەمەنەی کە یاسای ئیسلام بە بەرپرسی بزانێت و داوای جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەری خودای لێ بکرێت و دەبێ پابەندیش بێت پێیانەوە، جا ئەم فەرمانانە چ لە بواری پێویست و واجبدا بن، یان لە بواری رێگری لێکردن و خۆپاراستن و خۆگری لە کردندا بن، یان لە بواری چاکە و خێر و پاداشتدا بن.

لێرەدا دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین، کە ئاخۆ کار و کردەوەکانی پێغەمبەری خودا وەك مرۆڤێك، هەموویان بۆ ئێمە پێویستە پەیرەویان لێ بکەین، یان هەر لە ئەوانە پەیرەوی دەکەین و پابەند دەبین پێیانەوە، کە لە بواری تەشریعدا کردویەتی و بۆ ئێمە دەبن بە فەرمان و یاسا لە ئیسلامدا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئیمامی حەرەمین دەفەرموێت: "ئەو کار و کردەوە سروشتیانەی کە هەموو مرۆڤێك وەك مرۆڤ دەیانکات، یان خۆدورخستنەوەیان لێ ناکرێت، وەك هەڵسان و دانیشتن و خەوتن و ئارامی و جوڵە و چەندین هەڵسوکەوتی مرۆیی، ئەمانە هەمووی پێویست بە شوێنکەوتن و پابەندبوون پێیانەوە پێویست نییە و پێویست ناکات"[(١)].

دەربارەی پلەو پایەی فەرموودە لە تەشریعی ئیسلامیدا گومان نییە، کە فەرموودە پلە و پایەیەکی گرنگی هەیە لە تەشریعی ئیسلامدا و زانایانی کۆن و تازە - خودا لێیان ڕازی بێت — کۆ و گردن لەسەر ئەوە کە فەرموودەیەك کە بە ڕاست و

---

[١] السنة کلها تشریع، موسی شاهین (٢٥٦/١). ئیمامی حەرەمین: ناوی (عبد الملك بن عبدالله بن یوسف)ە، بە ئەبو موحەمەدی جوەینی ناسراوە، لە مانگی موحەڕەمی ساڵی (٤١٠ك) لەدایکبووە، زانستە ئایینی و شەرعیەکانی لای باوکی فێربووە، سەردانی مەککەی پیرۆزی کردووە و چوار ساڵێك لەوێدا ماوەتەوە بە مامۆستا و موفتیەتی، دوایی گەڕاوەتەوە نەیسابور بە کاری دەرس وتنەوەوە خەریك بووە تا کۆچی دوایی کردووە، لە ساڵی (٤٧٨ ك) بەخاکسپێردراوە/ طبقات الشافعیة (٢٥/١).

دروستی وەرگیرا بێت دەبێت بە بەڵگە و تەشریع و یاسا بۆ هەمووان لە هەموو شتێکدا و نکۆڵی لێ ناکرێت و بە بەڵگەوە سەلمێنراوە بە قورئانی پیرۆز و فەرموودە و کۆدەنگی مسوڵمانان، وەك:

**أـ بەڵگەکانی قورئانی پیرۆز لەسەر پلە و پایەی فەرموودە لە تەشریعدا:**

ئەگەر سەرنج بدەینە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دەبینین بەڵگەی زۆرمان هەیە لەسەر پلە و پایەی فەرموودە لە تەشریعدا، لەوانە:

١. خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿أَمْ يَحْسُدُونَ النَّاسَ عَلَى مَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ فَقَدْ آتَيْنَا آلَ إِبْرَاهِيمَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَآتَيْنَاهُمْ مُلْكًا عَظِيمًا﴾ (النساء: ٥٤)، واتە: (ئایە جولەکەکان حەسودی بە پێغەمبەر و یارانی دەبەن لەسەر ئەو پلە و پایەی کە خودا پێی داون، ئێمە بەخشیوومانە بە ئیبراهیم و نەوە و نەژادی و شوێنکەوتووانی کتێب و پەڕاوی خۆمان لەگەڵ ژیریی و پێغەمبەرایەتیدا)[1]. زۆرێك لە ڕاڤەکارانی قورئانی پیرۆز وشەی (الحكمة)یان لە ئایەتەکەدا بە پێغەمبەرایەتی و فەرموودە ڕاڤە کردووە و هەندێکیش دەڵێن حیکمەت سوننەیە و بەس، کەواتە بە قورئانی پیرۆز پێغەمبەرایەتی و گرنگی فەرموودەکانی سابیتە.

٢. ئایەتی ﴿مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ﴾ (النساء: ٨٠)، واتە: (هەر کەسێك گوێڕایەڵی فەرمانەکانی پێغەمبەر بکات ئەوا گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودای کردووە)، هەر کەسێکیش یاخی ببێت لە فەرمانەکانی پێغەمبەر و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی نەکات، ئەوا یاخی بووە لە فەرمانەکانی خودا، چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) ئەوەی دەیڵێت هەڵقوڵاوی دڵ و دەروون و حەز و ئارەزووی خۆی نییە، بەڵکو هەمووی لە خوداوەیە و بە فەرمانی ئەوە و دەیخاتە دڵیەوە)[2]. هەروەها

---

[1] تفسير الطبري جامع البيان في تأويل القرآن، محمد جرير الطبري (٨/ ٤٨٠)، وتفسير القرطبي ـ الجامع الأحكام القرآن (٥/ ٢٥١ ـ ٢٥٢).

[2] تفسير ابن كثير (١/ ١٨٤) و (٢/ ٣٦٣)، وتفسير ابن عباس (١/ ٧٢).

چەندین ئایەتی ترمان هەیە دەیسەلمینن، کە فەرموودە پلە و پایەیەکی بەرز و بڵندی هەیە لە شەریعەتی ئیسلامیدا و ناکرێت پشتگوێ بخرێت، چونکە سەرچاوەی دووەمە لە تەشریعی ئیسلامیدا و ڕونکەرەوەی کتێبی خودایە کە قورئانە. زۆرێك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز کە بەڕەهایی هاتوون، فەرموودە ڕوونکەرەوەیە بۆیان و کۆیکردوونەتەوە و بەستونیەتەوە بە مەبەستە سەرەکیەکەی خۆیان کە خودا بۆی دابەزاندوون[1].

دیارە لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە، ئێمە بڕوا و بۆچوونمان وەها بێت، کە سوننەت و فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بەڵگەی شەرعین و ناکرێت فەراموش بکرێن، ئیتر لە هەرچی بەشێکی فەرموودە بن و بەهەر شێوە و شێوازێك و ڕێگایەك گەیشتوون بە ئێمە بە مەرجێك ڕاست و دروست بن و مەرجەکانی ڕاست و دروستییان تێدا بێت و گوماناوی نەبن و دڵنیابین کە فەرموودەی پێغەمبەرن[2].

٣. قورئان دەفەرمووێت: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ (الحشر: ٧)، واتە: (هەرچیەك لە پێغەمبەرەوە بۆتان هات و پێتان وترا وەری بگرن و هەرچیەکتان لەوەوە لێ قەدەغەکرا وازی لێ بێنن و مەیکەن). هەر لەبەر گرنگی فەرموودەیە مسومانان بە گشتی زۆر گرنگییان پێ داوە، پەیڕەوی فەرموودە و کار و کردەوە و هەڵسوکەوتی پێغەمبەریان کردووە، پابەند بوون بە هەموو ئەو شتانەی لەوەوە هاتبن، چونکە قورئان دەفەرمووێت: ﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ (آل: عمران ٣١)، واتە: (پێیان بڵێ ئەگەر خوداتان خۆش دەوێت ئەوا دوای من بکەون و پەیڕەوی لە من بکەن، دڵنیاش بن خودا زۆر لێبووردە و بە

[1] حجية السنة النبوية ومكانتها في التشريع الإسلامي (١/ ٩٥).
[2] محاضرات الدكتور محمد الطرهوني (١/ ١١).

بەزەییە، لە تاوانەکانتان دەبورێت). بۆ زیاتر گرنگیدان بە گوێڕایەڵی و دواکەوتنی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) پێویستە ئەوە بزانین کە ژیانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بە دوو قۆناغدا تێپەریوە:

قوناغی یەکەم: سەردەمی پێش بونیەتی بە پێغەمبەر، کە بریتییە لە سەردەمی منداڵی و لاوێتی کە ژیانێکی ئاسایی و سادە و ساکار بووە و هەڵسوکەوت و ڕەوشتێکی تایبەت و جیاواز لە هاوتەمەن و هاوەڵانی خۆی هەبووە، گەنجێکی بیرمەند و وریا و ڕەوشت بەرز و بەئەمەك و وەفادار بووە، دوور بووە لە خراپە و خراپەکاری و داوێنپیسی و خواردنی مەشروب و هەموو کارێکی دزێو و خراپ، وەك ئەوە بڵێیت هەر لە تەمەنی منداڵیەوە خوای گەورە ئامادەی کردووە بۆ پێغەمبەرایەتی و بە ئەمین و دەستپاك و راستگۆ ناوی دەرکردبوو، لەگەڵ ئەمانەشدا هەمووی هێشتا نەگەیشتبوو بە پلە و پایەی پێغەمبەرایەتی، نامە و قورئانی بۆ دانەبەزیبوو، فەرموودە و کار و کردارەکانی نەبوو بوون بە تەشریع و یاسا بۆ خەڵکی[1].

قوناغی دووەم: سەردەمی دوای بوونی محەمەد بە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)، دیارە لەم سەردەمەدا بارودۆخ و ژیانێکی تر هاتە کایەوە بۆ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بارگرانی و قورسایەکی تر کەوتە سەرشانی، ئەرکی پێغەمبەرایەتی پێ سپێردرا، چونکە هەر ئەو شیاوی ئەو ڕاسپاردە گەورەیە بوو ﴿اللَّهُ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُ﴾ (الأنعام: ١٢٤).

لەم سەردەمەی پێغەمبەراتیەدا خودا نامەی خۆی بۆ نارد، کاری ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی پێ سپارد، وتە و کار و کرداری بوو بە یاسا و فەرمان بۆ خەڵکی. دەکرێت بڵێین هەرچی لە پێغەمبەرەوە دەرچووبێت و ڕایگەیاندبێت بە خەڵکی بە

[1] صحيح البخاري (٣) كتاب الوحي باب كيف بدء الوحي، ومسلم (١٦٠) كتاب الإيمان، والسيرة لابن هشام (١/ ١٢٨).

مەبەستی تەشریع و یاسا، وەك خودا فەرمانی پێ کردبێت بە کردنی یان نـەکردنی، ئـەوا تەشـریع و یاسـایە و نابێـت نکـولی لـێ بکرێـت، جـا چ لـە قورئانـدا بێـت یـان پێغەمبەر لە لایەن خۆیەوە بێت، چونکە هەردووکی هەر بـە وەحـی و سروشـە و لـە خوداوەیە و گومانیش نییە کە لە ڕێگەی فـەرموودەوە چـەندین فـەرمان و حـوکمی شـەرعی باسـکراون کـە قورئـان باسـی نـەکردوون، بـۆ نموونـە: حـەرامکردن و قەدەغەکردنی گۆشتی گوێدرێـژی خۆمـاڵی، نەکوشـتنەوەی مسـوڵمان لـە بەرامبـەر کوشتنی کافردا، چەندین مامەڵە و کڕین و فرۆشتن کە بە فەرموودە قەدەغە کـراون و قورئـانیش باسـی نـەکردوون. کەواتـە فـەرموودە سـەرمایەیەکی گـەورەی لـەبن نـەهاتووی تەشـریعە لـە شـەریعەتی ئیسـلامیدا، بـەڵام ئەگـەر فـەرموودە و کـار و کردوەکـانی پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێـت) وەك مرۆڤێکـی ئاسـایی بـۆ مەبەست لێیان تەشریع نەبوو ئەوا دەکرێت بە تەشریع و یاسا بۆ مسوڵمانان ئەژمار نەکرێن[1].

**ب ـ بەڵگەکانی فەرموودە لەسەر پلە و پایە و گرنگی فەرموودە:**

ـ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) دەفەرموێت: "أَلا إِنِّي أُوتِيتُ الْقُرآنَ وَمِثْلَهُ مَعَهُ"[2]، واتە: (من قورئانم پێ دراوە، بە قەدەری قورئانیش وێنەی قورئان لەگەڵیدا)، کە مەبەست لێی فەرموودەکانیەتی.

ـ ئەبو هورەیرە بۆمان دەگێڕێتەوە، دەڵێت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرموویەتی: "مَنْ أَطَاعَنِي فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ، وَمَنْ عَصَانِي فَقَدْ عَصَى اللَّهَ وَمَنْ أَطَاعَ الْأَمِيرَ فَقَدْ أَطَاعَنِي، وَمَنْ عَصَى الْأَمِيرَ فَقَدْ عَصَانِي"[3]، واتە: (هەر کەسێك

---

[1] السنة ومكانتها في التشريع، رقية نياز (١/ ٦٢).

[2] حديث صحيح/ رواه الإمام أحمد (٤/ ١٣٠– ١٣١)، وأبـو داود بـرقم (٤٦٠٤) في كتـاب السـنة، بـاب لـزوم السنة وصححه ابن حبان (١/ ١٨٩) برقم (١٢).

[3] حديث صحيح/ رواه الإمام أحمد (٤/ ١٣٠– ١٣١)، وأبـو داود بـرقم (٤٦٠٤) في كتـاب السـنة، بـاب لـزوم السنة وصححه ابن حبان (١/ ١٨٩) برقم (١٢).

گوێڕایەڵی من بکات ئەوا بێگومان گوێڕایەڵی خودای کردووە و هەرکەسێك یاخی بێت و بێفەرمانی من بکات ئەوا بێگومان بێفەرمانی خودای کردووە، هەر کەسێك گوێڕایەڵی ئەمیر و گەورەی بکات، بێگومان گوێڕایەڵی منی کردووە، هەر کەسێك بێفەرمانی ئەمیر و گەورەی بکات، بێگومان بێفەرمانی منی کردووە).

ـ عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود بۆمان دەگێڕێتەوە، دەفەرموێت: سمعت رسول الله ـ صلي الله عليه وسلم ـ يقول: "نَضَّرَ الله امرءًا سمِعَ منَّا حديثًا فحفظه حتى يُبَلِّغَه، فُربَّ مُبَلَّغ أحفظُ له من سامع"[1]، واتە: (بیستوومە لە پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر بێت) فەرموویەتی: خودا ڕووسپی و بەختەوەر بکات کەسێك کە فەرموودەیەك لە من دەبیستێت و وەریدەگرێت، تاوەکو لە دوایدا وەك خۆی دەیگەیەنێت بە کەسانی تر، چونکە لەوانەیە کەسانێك کە فەرموودەکەیان پێ گەیەنراوە باشتر وەریانگرتووە لەو کەسانەی کە گوێگربوون بۆی[2].

ـ پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێت) فەرموویەتی: "فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ، تَمَسَّكُوا بِهَا، وَعَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ"[3]، واتە: (لەسەر بەرنامە و ڕێڕەوی من بڕۆن لە کار و کردارتاندا لە بیر و باوەڕ و ڕەوشتاندا، لە خواپەرستی و فەرمانتاندا، بۆ ئەوە سەرفیراز و بەختەوەر بن، لە دوای منیش لەسەر ڕێڕەو و بەرنامە و کار و کردەوەی یارانی من بڕۆن بەتایبەت خەلیفە و

---

[1] أخرجه أحمد في مسنده (١/ ٤٣٦)، والترمذي في العلم، باب ما جاء في الحث علي تبليغ السماع (٥/ ٣٤) وقال حسن صحيح.

[2] ئەم فەرموودەیە ئیمامی سیوتی لە (مفتاح الجنة في الاحتجاج بالسنة)دا دەفەرموێت موتەواتیرە لە لاپەڕە (٦): حجية السنة النبوية ومكانتها في التشريع (١/ ١٠١).

[3] رواه ابن ماجة في سننه (٤٢) (١/ ١٥)، حديث صحيح بطرقه، وأحمد (١٧١٤٢)، وفي صحيح ابن حبان برقم (٥) (١/ ٢٠٥)، وقالوا إسناده صحيح.

جێنشینەکانم)[1]، واتە دڵسۆز و بەئەمەك بن بۆ ڕێڕەوی پێغەمبەر و یارانی و کەمتەرخەمی تێدا مەکەن.

ـ لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: "تَرَكْتُ فِيكُمْ شَيْئَيْنِ لَنْ تَضِلُّوا بَعْدَهُمَا: كِتَابَ اللَّهِ وَسُنَّتِي"[2]، واتە: (من لە دوای خۆم دوو شتم بۆ ئێوە جێهێشتوە کە هەرگیز گومڕا و سەرلێشیواو نابن لە دوای ئەو دوو شتە ئەگەر پەیڕەویان بکەن، یەکێکیان کتێبی خودایە ـ کە قورئانی پیرۆزە ـ، دووەمیشان سونەت و فەرموودەکانی منە).

## ج ـ کۆدەنگی مسوڵمانان:

هەروەها بۆ زانینی ڕا و بۆچوونی مسوڵمانان لەسەر گەورەیی فەرموودە و پلە و پایەی لە تەشریعدا، دەبینین کە مسوڵمانان لە سەردەمی پێغەمبەرەوە تا ئەمڕۆ هەموویان کۆن لەسەر ئەوە کە فەرموودە بەڵگەی شەرعیە و سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی تەشریعی ئیسلامی و کەسیش پێچەوانەی ئەم ڕایەی نییە. ئەم کۆدەنگیەش لە زۆر کەسەوە گوازراوەتەوە و بیستراوە" زانای ناودار "القاسمی" دەڵێت: "زانایانی لێکۆڵینەوە کۆن کە فەرموودەی ڕاست و دروست دەبێت بە بەڵگەی شەرعیی لەسەر هەموو گەلی مسوڵمان"[3]. هەروەها دەکرێت ئەوە بڵێین لە ناسینی فەرموودە بە بەڵگە، ئاقڵ و ژیرییش دەوری خۆی هەیە و پێمان دەڵێت، کە

---

[1] شرح رياض الصالحين، محمد بن صالح العثيمين (٢/ ٢٨٣).

[2] أخرجه الدار قطني في السنن (٤/ ٢٤٥)، والبيهقي في السنن الكبري (١٠/ ١١٤)، وصححه الحاكم في المستدرك (١/ ٩٣) (١/ ١٧٢ / ١٧٢) برقم (٣١٩)، والجامع الصحيح للسنن والمسانيد، صهيب عبدالجبار (١/ ٣٤٧).

[3] السنة النبوية ومكانتها، رقية نياز . "القاسمي" محمد جمال الدين، ولد في دمشق سنة (١٢٨٣هـ/ ١٨٦٦م)، كان إمام الشام في عصره، سلفي العقيدة، لا يقول بالتقليد، عالما بارعا في شتى العلوم، له مصنفات كثيرة، منها: محاسن التأويل في تفسير القرآن الكريم، وقواعد التحديث من فنون مصطلح الحديث. رحل إلى مصر وزار المدية، ثم عاد وتوفي في دمشق عام (١٣٣٢هـ/ ١٩١٤م): الأعلام للزركلي (٢/ ١٣٥).

قورئانی پیرۆز یاسا و بەرنامەی خودایە و زۆر کورت و پڕمانایە و زۆرێك لە فەرمانەکانی مانا و مەبەستی سەرەکیان ڕوون نییە، بەڵام پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بە فەرموودە و کار و کردارەکانی خۆی بۆمانی ڕوون کردوونەتەوە، بۆ نموونە: واجبات و فەرزەکان وەك نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج و چەندین شتی تر، خوای گەورە تەنها فەرمانی پێ کردوون دەبێت بکرێن، بەڵام شێوە و شێوازی ئەنجامدان و جێبەجێکردنیان لە قورئاندا باس نەکراوە و ڕوون نەکراوەتەوە، بەڵام پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بە کردار و گوفتاری خۆی بۆمانی ڕوون کردوونەتەوە، چونکە خودا ئەو پلە و پایەی داوە بە ئەو و بەس.

د. پێگەی فەرموودە و کارپێکردنی لای هاوەڵانی پێغەمبەر و شوێنکەوتووانی و کۆی زانایان:

دەکرێ ئەم بابەتە لە چەند تەوەرێکدا باس بکەین:

١ـ پێگەی فەرموودە و کارپێکردنی لای هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت):

کاتێك سەیری هەڵوێستی هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) دەکەین دەبینین، کە چەند گرنگیان داوە بە فەرموودە و پابەندبوون پێوەی و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بوون، هەوڵیان داوە هەموو هەڵسوکەوتێکیان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەرامبەر بێت بە فەرموودە و شوێنکەوتنی پێغەمبەر، مەگەر تەنها ئەو شتانە نەبێت کە تایبەتمەندیان هەبووە بە خودی پێغەمبەر خۆیەوە.

هاوەڵان بە شێوەیەك پابەندبوون بە فەرموودە و هەڵسوکەوتی پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر بێت)، هەرچیەك کە ئەو کردبای دەیانکرد و هەرچیەکیش

ئەو نەیکردبا نەیان دەکرد[1]. هەتاوەکو جاری وا هەبووە ئەوەندە خواستی ئامادەبوونی کۆڕ و کۆمەڵ و گوفتار و کرداری پێغەمبەر بوون سەرە و نۆرەیان بۆی دادەنا، تاوەکو ئامادەبن و گوێبیستی ئەو بن، ئەوەتا عومەری کوڕی خەتتاب دەڵێت: من و دراوسێیەکم تۆزێ دوور بووین لە مزگەوتی پێغەمبەر (دروودی خودای لە سەر بێت)، سەرەمان بۆ یەکتری دادەنا بۆ بینینی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)، ڕۆژێك ئەو دەهات ئامادەی کۆڕ و کۆبوونەوەی دەبوو، ڕۆژێکیش من دەهاتم، بەو شێوەیە ئامادەی کۆڕ و کۆبوونەوە و گفتوگۆی پێغەمبەر دەبوین[2].

دیارە ئەو ئەحکام و یاسا شەرعییانە، کە لە قورئانی پیرۆز وەردەگیران و سوودمەند دەبوون لێیان، هەمووی لە ڕێگەی پێغەمبەر و فەرموودەکانیەوە بووە، هەرکات ئایەتێکی قورئان دەهاتە خوارەوە، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بۆی شی دەکردنەوە و ڕوونی دەکردەوە، یان کە بە ڕەهایی دەهات ئەو بۆی دیاریی دەکردن مەبەستە تایبەتیەکەی چیە و لە چیا کورت دەبێتەوە، بۆ نموونە: وەك فەرمان بە نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج، ئەم فەرمانانە بە کورتی دابەزیوون و پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بۆی ڕوون کردوونەتەوە، شێوە و شێوازی جێبەجێکردنەکانیانی پێ وتوون و ڕێژەکەی بۆ دیاریی کردوون[3]. گومانیش نییە خودا خۆی ڕایگەیاندووە، کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) ڕوونکەرەوە و شیکەرەوەی قورئانی پیرۆز بووە، وەك دەفەرموێت: ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (النحل: ٤٤).

---

[1] ئەم باسە بوخاری لە کتێبەکەیدا دەیگێڕێتەوە لە بابی (الأذان) وەك (فتح الباری) باسی دەکات (١١/٢/ ٦٣١).

[2] تدوين السنة النبوية نشأته وتطوره، أبو ياسر محمد بن مطر الزهراني (٢٧/٢٦/١).

[3] سەرچاوەی پێشوو (١/ ٢٥).

هەوڵ و تێکۆشانی یاران و هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) پیرۆز بووە بۆ پارێزگاری کردن بووە لە فەرموودە و گواستنەوەی بۆ گەلی مسوڵمانان بە شێوەیەکی ڕاست و تەندروست و وەرگرتنی بە بەڵگەی شەرعی. ئەم هەڵوێستەشیان هەر بۆ پارێزگاریکردن لە فەرموودە و بەجێهێنانی فەرمان و فەرموودەکانی پێغەمبەر بووە بۆ ئەوان[1]. ئەوەتا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) دەفەرمووێت: "نضَّرَ اللهُ إمْرءًا سَمِعَ مَقالَتِي فَحَفِظَها ووَعاها فَأَدَّاها كَما سَمِعَها، فَرُبَ مُبَلَغٍ أوْعَي مِنْ سامِعٍ"[2]. لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرمووێت: "ألا لِيُبلَغْ الشاهِدُ مِنْكُمْ الغائِبَ"[3]، واتە: (ئەوەتان کە ئامادەیە و گوێبیستی قسەکانی منە با بیانگەیەنێت بە ئەوانەی کە ئامادە نین).

یارانی پێغەمبەر گوێبیستی فەرموودە و فەرمانەکانی پێغەمبەر بوون، بە ئەمانەت و پاکی و ڕاستی گەیاندویانن بە مسوڵمانانی دوای خۆیان، هەر لەبەر ئەوەش بووە کاتێ جێنشینەکانی پێغەمبەر، بەتایبەت ئەبوبەکر و عومەر، هەر فەرموودەیەکیان دەبیست لە یەکێك لە یارانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بۆ زیاتر متمانەپێکردن، داوای شایەتیان دەکرد لەو کەسەی کە فەرموودەکەی لایە، ئەوەش بۆ زیاتر گرنگیدان بووە بە فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)، لەکاتێکدا لە ناو هاوەڵانی پێغەمبەریشدا جیاوازیی هەبووە لە هەڵگرتن و گێڕانەوەی فەرموودە، هیوایان هەبووە فەرموودەی زۆری لابووە، هیواشیان هەبووە زۆر کەمی لابووە[4].

---

[1] سەرچاوەی پێشوو (١/ ٧٥)، رواه الترمذي (٢٦٥٧) (٥/ ٣٤).

[2] الترمذي (٢٦٥٧) (٥/ ٣٤).

[3] أخرجه ابن عبد البر في جامع بيان العلم وفضله عن أبي بكرة (١/ ٤١).

[4] السنة ومكانتها للسباعي، ط المكتب الإسلامي (١/ ٦٢).

هاوەڵان (خودا لێیان ڕازی بێت) هەرچیەك لە پێغەمبەرەوە هاتبێت و بیسترابێت بە دوایەوە بوون و وەریانگرتووە بێ جیاوازیی لە نێوان ئەو فەرمانانەی، کە لە ڕێگەی وەحی و سروشەوە هاتووە، یان ئەوانەی لە ڕێگەی پێغەمبەرەوە گەیشتبێت پێیان، بەڵکو پرسیاریشیان نەکردووە ئایا ئەم فەرمان و یاسایە قورئانە یان فەرموودەیە، بەشێوەیەکی گشتی فەرموودەکانیان وەرگرتووە و بە دوای کردارەکانی کەوتوون بێ لێکۆڵینەوە[1]، بۆ نموونە:

أ- ئیمامی بوخاری گێڕاویەتەوە: (عَنْ نَافِعٍ، عَنِ ابْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ اتَّخَذَ خَاتَمًا مِنْ ذَهَبٍ أَوْ فِضَّةٍ، وَجَعَلَ فَصَّهُ مِمَّا يَلِي كَفَّهُ، وَنَقَشَ فِيهِ: مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ، فَاتَّخَذَ النَّاسُ مِثْلَهُ، فَلَمَّا رَآهُمْ قَدِ اتَّخَذُوهَا رَمَى بِهِ وَقَالَ: "لاَ أَلْبَسُهُ أَبَدًا". ثُمَّ اتَّخَذَ خَاتَمًا مِنْ فِضَّةٍ، فَاتَّخَذَ النَّاسُ خَوَاتِيمَ الفِضَّةِ قَالَ ابْنُ عُمَرَ: فَلَبِسَ الخَاتَمَ بَعْدَ النَّبِيِّ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ أَبُو بَكْرٍ، ثُمَّ عُمَرُ، ثُمَّ عُثْمَانُ، حَتَّى وَقَعَ مِنْ عُثْمَانَ فِي بِئْرِ أَرِيسَ)[2]، واتە: (پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) مسوتیلەیەکی ئاڵتونی کردبوو ناوی (محمد رسول الله)ی لەسەر هەڵکەندبوو، خەڵکیش پەیڕەوی ئەویان کرد، هەموویان مسوتیلەی وەهایان دروست کرد، کاتێك ئەو خەڵکەی بینی هەمووی شوێن ئەو کەوتوون، پێغەمبەریش داینا و فڕێیدا، وتی: نایکەمەوە دەستم، دوای ئەوە مسوتیلەیەکی زیوی کڕی، خەڵکیش هەمووی مسوتیلەی زیوویان کڕی و شوێن ئەو کەوتن.

ب ـ هەروەها پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) لە سەرەتاوە ڕووگەی بۆ نوێژکردن (بيت المقدس) بوو بۆ ماوەی (١٧) مانگ، بەڵام حەزی خۆی وا بوو ڕووگەی بگۆڕێت و ڕوو بکاتە کەعبە، ئەوە بوو ڕۆژێك لە نوێژی عەسردا بوو فەرمانی بۆ هات ڕووگەی بگۆڕێت، پێغەمبەریش هەر لە نوێژەکەدا ڕووی خۆی

---

[1] الوجيز في أصول الفقه الإسلامي، د. محمد مصطفي الزحيلي (١/ ٢١٧).

[2] صحيح البخاري، كتاب اللباس، باب خاتم الفضة (٥٨٦٦) (٧/ ١٥٦).

سوڕاند و ڕووی کردە کەعبە، وەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە: (عَنِ البَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صَلَّي اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ صَلَّي نَحْوَ بَيْتِ المَقْدِسِ، سِتَّةَ عَشَرَ أَوْ سَبْعَةَ عَشَرَ شَهْرًا، وكَانَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ يُحِبُّ أَنْ يُوَجَّهَ إِلى الكَعْبَةِ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ: ﴿قَدْ نَرَى تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاءِ﴾، فتوجه نحو الكعبة. وقال السفهاء من الناس، وهم اليهود: ﴿مَا وَلَّاهُمْ عَنْ قِبْلَتِهِمُ الَّتِي كَانُوا عَلَيْهَا قُلْ لِلَّهِ الْمَشْرِقُ وَالْمَغْرِبُ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾، فَصَلَّي مَعَ النَّبِيِّ ـ صَلَّي اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ رَجُلٌ، ثُمَّ خَرَجَ بَعْدَ مَا صَلَّي، فَمَرَّ عَلَى قَوْمٍ مِنَ الأَنْصَارِ فِي صَلَاةِ العَصْرِ نَحْوَ بَيْتِ المَقْدِسِ، فَقَالَ: هُوَ يَشْهَدُ: أَنَّهُ صَلَّي مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ، وَأَنَّهُ تَوَجَّهَ نَحْوَ الكَعْبَةِ، فَتَحَرَّفَ القَوْمُ، حَتَّى تَوَجَّهُوا نَحْوَ الكَعْبَةِ"[١]. پیاوێك لە نوێژخوێنەكان دوای نوێژ ڕۆیشتە دەرەوە و ڕووی كردە مزگەوتێك و بینی خەڵكەكە نوێژ بەرەو (بیت المقدس) دەكەن، وتی خەڵكینە من نوێژم لای پێغەمبەر كردووە ئێستا فەرمانی بۆ هات بە گۆڕینی ڕووگەی بۆ كەعبە، خەڵكەكەش بە گشتی لە نوێژەكەدا ڕوویان سوڕاند و ڕوویان كردە كەعبە.

**ج ـ هەروەها ئەبوبەكر لە میراتی نەنك پەشیمان بووەوە و بە فەرموودە كاری كرد و هاوەڵانیشی كۆ بوون لەگەڵیدا ڕێگرییان نەكرد[٢].**

چەندین نموونەی تریش هەیە لەسەر كۆبەندی هاوەڵانی پێغەمبەر لەسەر بەڵگەبوونی فەرموودە و كارپێكردنی، هەروەك چۆن هەموویان هاوڕابوون لەسەر كۆبوونەوەیان لە دەوری پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)، ئاگاداری هاتنی قورئانی پیرۆز بوون، بە وردی گوێبیستی پێغەمبەر بوون لە كاتی شیكردنەوە و گەیاندنی مانا و مەبەستەكانی قورئان بە مسوڵمانان و گەیاندن و بڵاوكردنەوەشی

---

[١] صحيح البخاري، كتاب الصلاة، باب التوجه إلى القبلة (٣٩٩) (١/ ٨٨).

[٢] الموطأ للإمام مالك (٢/ ٥١٣) كتاب الفرائض، باب ميراث الجدة، وسنن أبي داود (٢٨٩٤) كتاب الفرائض، باب ميراث الجدة، والترمذي (٢١٠١) كتاب الفرائض، ميراث الجدة.

لە لایەن هاوەڵانی بە مسوڵمانان بە گشتی لە وڵاتی مسوڵماناندا. لە سەرووی ئەمانەشەوە خودای گەورە ئامادەباشی و توانایەکی وای تێدا دروست کردبوون کە شوێنکەوتەی پێغەمبەر بن و لە بەرنامەکەی ئەو لا نەدەن، چونکە بە ڕاستی ئەم فەرمان و بەرنامەیە کارێکی گەورە و بەهێزە و پێویست دەکات بە دڵسۆزیی و ئەمانەتەوە بیپارێزن، لە نوشستی و نەمان دەربازی بکەن. ئەگەر ڕووداو و پێشهاتێکی تازەش هاتبێتە پێشەوە ئەوا هاوەڵان ئامادەبوون بە کۆی دەنگ و بە بیر و هۆشی خۆیان و پابەندبوونیان بە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا ڕاوێژی لەسەر بکەن و بڕیاری پێویستی بۆ بدەن(١).

**٢ـ فەرموودە لای شوێنکەوتووانی هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر):**

هەڵوێستی شوێنکەوتووانی هاوەڵانی پێغەمبەریش هەمان هەڵوێستە، لەسەر ڕێگە و ڕێچکەی هاوەڵانی پێغەمبەر دەڕۆن، جیاواز نین لە پیادەکردن و پابەندبوونیان بە فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر بێت).

ئاشکرایە شوێنکەوتوانیش ئەم ئایین و بەرنامەیان لە هاوەڵانی پێغەمبەر وەرگرتووە و درێغیان نەکردووە لە پارێزگاری لێکردن و نووسینەوە و تۆمارکردنی و هاندانی گرۆهی مسوڵمانان لە سەر وەرگرتن و بەدەمەوەهاتنی فەرموودە. دەڵێن عامیری شەعبی وتوویەتی هەرکات شتێکت بیست بینووسەرەوە، هەتا ئەگەر لەسەر دیوارێکیش بێت، چونکە ئەوە باشترە لەوەی کە لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە، چونکە ڕۆژێك دێت پێویستت پیٚ دەبێتەوە(٢).

---

١ السنة النبوية ومكانتها، رقية نيار (١/ ١٨– ١٩).

٢ تدوين السنة النبوية نشأته وتطوره (٨١/١)، وتقييد العلم للخطيب البغدادي، إحياء السنة النبوية– بيروت (١/١٠٠).

دیارە لەم سەردەمەشدا گرنگی زۆر دراوە بە فەرموودە و لەبەرکردنی و نووسینەوەی و پارێزگاریی لێکردنی، ئەوەتا خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دەڵێت: "کرۆکی فەرماندان و فەرمانڕەوایی ئەوەیە، کە بە دوای کتێبی خودا بکەویت کە قورئانە و لەسەر حوکمی ئەو بڕۆیت، لە دوای ئەو پەیڕەوکردنی فەرموودەی پێغەمبەر و کار پێکردنیەتی لە فەرمانڕەواییدا"[1].

ئیمام ئیسحاقی ڕاهەوەی دەڵێت: "هەر کەس لە پێغەمبەرەوە شتێکی پێ بگات دان بە ڕاستی و دروستیدا نرابێت و ڕەتی بکاتەوە بێ ئەوەی بەڵگە و سەلمێنەرێکی هەبێت لەسەر رەتکردنەوەی و خۆی بە دور بگرێت لێی، ئەوە بێباوەڕە[2].

### ٣ ـ پێگەی فەرموودە و کارپێکردنی لای زانایان:

ئەگەر لایەك بکەینەوە لە هەڵوێستی زانایانی ئیسلام بەرامبەر بە پێگەی فەرموودە لای ئەوان، دەبینین چوار پێشەوا و سەروەر هەن لە بواری شەریعەتی ئیسلامیدا (ئەبو حەنیفە و مالیك و شافیعی و ئیمام ئەحمەد)، کە ئەوان لە هەموو کەسێك زیاتر پابەندن بە وەرگرتنی فەرموودەوە و دەستیان پێوە گرتووە و نکوڵی لێ ناکەن، بەتایبەت ئەگەر ئەو فەرموودەیە ڕاست و دروست بێت، مەرجەکانی ڕاست و دروستی تێدا هەبێت، چونکە زانایان بۆ پەسەندکردنی فەرموودە و وەرگرتنی چەند مەرجێکیان داناوە، لەبەر ئەوە دەبینین لە دوای سەردەمی هاوەڵانی پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لە سەربیت) چەندین پێشهات و ئاڵوگۆر هاتە کایەوە، کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی ناڕەوای کردووەتە سەر فەرموودە، لەبەر ئەوە هەندێ لە زانایان دەڵێن فەرموودە ئەگەر لەو بابەت و بەشە بێت، کە

---

[1] مفتاح الجنة في الإحتجاج بالسنة للإمام السيوطي (٢١).

[2] الإحكام في أصول الأحكام (٨٩).

ڕاستەوخۆ و دەست بەدەست بە ڕێگەیەکی متمانەپێکراو و تەواتور گەیشتبێت بە چینی دوای خۆی، کە پێی دەڵێن موتەواتەر، ئەوە پەسەندە و جێگەی گومان نییە، وەك ئەوە وایە ڕاستەوخۆ لە پێغەمبەرەوە وەرگیرابێت بێ گۆڕانکاری و دەستکاریکردن. هەندێکیش لە زانایان مەرجی قورستریان داناوە بۆ وەرگرتنی فەرموودە، دیارە زانایانیش هەرگیز لە فەرموودەی ڕاست و دروست لانادەن بۆ قسەی کەسانێکی تر، وەك ئاماژە بۆ هەندێك لە ڕا و بۆچوونەکانیان دەکەین:

أ- ئیمام ئەبو حەنیفە (خودا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: "وریا بن ئاگادارتان دەکەمەوە، کە قسە مەکەن لە دین و ئایینی خودادا بە ڕا و بۆچوونی خۆتان و بەس، پێویستە لەسەرتان دوای فەرموودە بکەون، هەرکەسێ لە فەرموودە لابدات گومڕا دەبێت"[1]. هەروەها دەڵێت: "ئەگەر لە خەبەری ئاحاددا فەرموودەیەك هەبوو پێچەوانەی کتێبی خودا بوو، ئەوە ڕاست نییە و هەڵبەستراوە"، یان دەڵێت: "خەڵکی هەموویان لە خێر و چاکەدان تا لە ناویاندا کەسانێك هەبن بە دوای فەرموودەوە بن و گرینگی پێ بدەن، خۆ ئەگەر داوای زانستیش بکەون بەبێ فەرموودە ئەوا سوودمەند نابن"[2].

ب ـ ئیمامی مالك (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: "دوای ئەو بەرنامە و یاسایانە بکەون کە پەروەردگارتان بۆی دابەزاندوون، هەروەها ئەوەش کە لە پێغەمبەرەکەتانەوە بۆتان هاتووە، ئەوەشی لێی تێنەگەیشتن پرسیار لە زاناکانتان بکەن، موناقەشە و چەلەحانیان لەگەڵدا مەکەن، چونکە دەمەدەمە لە ئاییندا پاشماوە و کاوێژی دووڕووەکانە[3]. هەروەها دەڵێت: "ئەوەی من دەیڵێم و بۆتانی باس دەکەم، ئەگەر لەگەڵ کتێبی خودا و فەرموودەدا یەکبوو جیاوازیی لە نێوانیاندا

---

[1] السنة النبوية ومكانتها، رقية نيار (١/ ٢١) وقواعد التحديث (٥٢).

[2] أثر الحديث في اختلاف الأئمة (١٩).

[3] قواعد التحديث (٢٣).

نەبوو، وەریبگرن و پشتی پێ ببەستن، ئەگەر پێچەوانەی بوو فەرامۆشی بکەن و وازی لێ بهێنن"[١].

ج ـ ئیمامی شافیعی ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت: "هەر شتێك پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەر بێت ڕەت ئەکرێتەوە و وەرناگیرێت، تەنانەت هیچ هاوکێشە و ڕایەکیشی لەگەڵدا هاوپێچ ناکرێت، لەبەر ئەوە خودای پەروەردگار بیانووی بۆ نەهێشتوینەتەوە بۆ وەرگرتنی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)"[٢]. هەروەها دەفەرموێت: "فەرموودە ڕێڕەو و مەزهەبی منە، هەرچیەك پێچەوانەی ئەو بوو بیدەن بە دیواردا و وازی لێ بهێنن" [٣].

د ـ ئیمامی ئەحمەد دەڵێت: "ئایا کەس بۆی هەیە قسە بکات لە قسەی پێغەمبەردا". هەروەها دەڵێت: "ئێوە وریابن خاوەن ئاسار و سوننەت فەرامۆش مەکەن"[٤]. ئیمامی شەوکانیش دەڵێت: "بزانن ئەوانەی پرس و ڕایان وەردەگیرێت لە زانایان دەڵێن سوننەتی پێغەمبەر سەربەخۆیەتی خۆی هەیە لە تەشریعی ئەحکامدا و نابێت بە پاشکۆی هیچ بەرنامەیەك، هاوتای قورئانی پیرۆزە لە بابەتی حەڵاڵکردن یان حەرامکردندا"[٥]. ئیمامی ئیبن حەزم دەڵێت: "ئەگەر یەکێك بڵێت من تەنها کار بە قورئان دەکەم و ئیشم بە فەرموودە نییە، ئەوا کۆدەنگی هەیە لەسەر ئەوە، کە ئەو کەسە بە بێباوەڕ ئەژمار دەکرێت"[٦].

---

[١] الإعتصام بالكتاب والسنة للشاطبي (٥٠٥).

[٢] الأم (٢/٢٢٦) و (٧/ ٢٧٣)، والرسالة (٢١٧– ٢١٩).

[٣] سير أعلام النبلاء للذهبي (١٠/ ١٨٢).

[٤] قواعد التحديث (٥٢) و (١١/ ٢٣١) والسنة النبوية ومكانتها، رقية نياز (١/ ٢١).

[٥] إرشاد الفحول إلى تحقيق الحق من علم الأصول: الشوكاني (١/ ٩٦–٩٧).

[٦] الإحكام في أصول الأحكام لإبن حزم (١/٩٩ ).

**٤ـ پێگەی فەرموودە لەلایەن مسوڵمانانەوە بەگشتی:**

مسوڵمانان بەگشتی، هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە (درووودی خوای لەسەر) کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە فەرموودە، بەڵگەی شەرعییە و سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی شەریعەتی ئیسلامی. ئەم ڕایەش کەس پێچەوانەی نەوەستاوەتەوە، مەگەر کەسانێک نەبێت کە لە ڕیزی مسومانان دەرچووبن. ئەم کۆدەنگیەش لەلایەن زۆرێك لە زانایان و لێکوڵەرەوان گوازراوەتەوە و پەسەند کراوە[١].

**دەقی ڕەها و سنووردار چیە لە قورئاندا؟ لەگەڵ چەند نموونەیەك**

دەقی ڕەها بەو دەقانە دەوترێت، کە وشەکانی مانایەکی گشتگیری دەبەخشن و لەگەڵ هاوتا و وێنەی خۆی، واتە مەبەستەکەی دیاریکراو نییە، تایبەتمەند نەکراوە بە شتێك، یان بەشێکی دیاریکراو، کە بە عەرەبی پێی دەوترێت (مطلق)، بۆ نموونە وشەی (رَقَبَة) واتە: مل، یان ئەستۆ، یان گەردن. یان وەك وشەی (رجل) واتە: پیاو. یان وشەی (صبی) واتە: منداڵ. چەندین وشە و ڕستەی لەم شێوەیە هەیە[٢]. بەڵام لە بەرابەری ئەم ڕەهاییە سنووردار دێت واتە (مقید)، بە مانای بەستراوە بە شتێکی تایبەت و دیاریکراو و سنووردار، واتە دیاریکراو بێت و گشتگیری نەبەخشێت، یان بڵاو نەبێت، وەك هەمان ئەو وشانەی سەرەوە کە سنووردار بکرێن، وەك ئەوە بڵێین (رقبة مؤمنة) یان بڵێیت (رجل صالح) یان (رجل فاسق).

لە قورئانی پیرۆزدا دەقی زۆرمان هەیە لەو بابەتە کە بە ڕەهایی هاتوون، بەڵام فەرموودە ئەم ڕەهاییەی لە هەندێ شوێندا سنووردار کردوون، بۆ نموونە: خودا دەربارەی دابەشکردنی ماڵ و سامانی مردوو ـ واتە میرات ـ دەفەرموێت: ﴿وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُنَّ وَلَدٌ فَإِنْ كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْنَ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِينَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَكُمْ وَلَدٌ فَإِنْ كَانَ لَكُمْ

---

[١] سەرچاوەی پێشوو.

[٢] بيان المختصر، الأصفهاني (٢/ ٤٧٥)، والسنة النبوية ومكانتها، نور قاروت (١/ ٤٣).

وَلَدٌ فَلَهُنَّ الثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُمْ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ تُوصُونَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ وَإِنْ كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَالَةً أَوِ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ فَإِنْ كَانُوا أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ فَهُمْ شُرَكَاءُ فِي الثُّلُثِ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصَي بِهَا أَوْ دَيْنٍ غَيْرَ مُضَارٍّ وَصِيَّةً مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَلِيمٌ﴾ (النساء: ١٢)، واتە: ئەگەر خوشك و براكان ژمارەیان زیاتر بوو، ئەوا هەموویان هاوبەشی یەك دەبن لە سێیەكی ئەوماڵەی كە مردووەكە جێی هێشتووە، دوای ئەوەی وەسیەت و قەرزەكانی لێ دەردەكرێت بێ ئەوە زیان بە هیچ لایەك بدات و بكەوێت. لەناو ئایەتەكەدا وشەی (وصية) وشەیەكی ڕەها (مطلق)ە، شێوەكەی و ماناكەی بڵاو و نادیارە و نەبەستراوەتەوە بە شتێك، یان ژمارە و كۆمەڵێكی تایبەت، بەڵام فەرموودە هاتووە ئەو ڕەهاییەی نەهێشتووە و مەبەستەكەی دیاریی كردووە و بەستویەتیەوە بە ڕێژەی سێیەك، واتە یەك لەسەر سێ، وەك لەم چیرۆكەدا باسكراوە كە سەعدی كوڕی ئەبو وەقاس نەخۆش دەكەوێت و دەڵێت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) سەردانی دەكردم، ئەمەش لە ساڵی حەجی ماڵئاواییدا بوو، پێم وت ئەی پێغەمبەری خودا من نەخۆشیەكەم هێز و توانای لێ بڕیوم و زۆر گرانە، منیش خاوەنی ماڵ و سامانم، كەسیش نییە میراتم لێ ببات تەنها كچێكم هەیە، ئایا بۆم هەیە دوو لەسەر سێی ماڵ و سامانەكەم بكەم بە خێر و بیبەخشمەوە؟ پێغەمبەریش لە وەڵامیدا فەرمووی: نا بۆت نییە دوو لەسەر سێی بكەیت بەخێر. وتم: ئەی نیوەی بكەم بە خێر؟ فەرمووی: نا بەڵكو ئەوە بكە بە خێر "الثُّلُثُ، وَالثُّلُثُ كَثِيرٌ. إِنَّكَ أَنْ تَذَرَ وَرَثَتَكَ أَغْنِيَاءَ، خَيْرٌ مِنْ أَنْ تَذَرَهُمْ عَالَةً يَتَكَفَّفُونَ النَّاسَ"[١]، واتە: (بۆت هەیە سێ یەكی ماڵەكەت بكەیت بە خێر و وەسیەت، هەر چەندە سێیەكیش زۆرە، تۆ ئەگەر

[١] رواه البخاري (٢٧٤٢) كتاب الوصايا، ومسلم (١٦٢٨) كتاب الوصية، السنة النبوية ومكانتها، نور قاروت (١/ ٤٣- ٤٤) (١/ ٣٦).

میراتبەرەكانت بە دەوڵەمەندی جێ بهێڵیت لە دوای خۆتەوە باشترە لەوەی بە هەژاریی جێیان بهێڵیت و دەست لە خەڵك پان بكەنەوە و سواڵ بكەن).

هەروەها فەرموودەی تریش هاتووە بۆ سنووردارکردنی وشەی وەسیەت (وصیه) لە ئایەتەكەدا، هەروەك نابێت ئەوەی وەسیەتی بۆ ئەكرێت میراتبەر بێت، دەفەرمویت: "لَا وَصِيَّةَ لِوَارِثٍ"[1]، واتە: (وەسیەت ناكرێت بۆ میراتبەر). زانایانیش لەو بارەوە لێدوانیان هەیە و فەرموویانە ئەگەر ڕەزامەندی میراتبەرانی لەسەر بوو خاوەن ماڵەكە دەتوانێت لە سەرووی سێیەكەوە بیكات بە خێر.

هەروەها دەقی تری زۆرمان هەیە لە قورئانی پیرۆزدا كە ڕەهای و بێسنووری دەبەخشن، بەڵام فەرموودە هاتووە سنوورداری كردوون، بەستونیتەوە بە شتی تایبەت و مەبەستە سەرەكیەكەی بۆ دیاریی كردوون. یەكێكی تر لەو دەقانە ئەم ئایەتەیە كە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا﴾ (المائدة: ٣٨)، واتە: (هەر كەسێ دزی بكات پیاو بێت یان ئافرەت ئێوە ـ ئەی حاكم و دادوەرەكان ـ لە تۆڵەی دزیكردنەكەی دەستی ببڕن). وشەی (الید) وشەیەكی ڕەها و بێسنوورە، دیاری نەكراوە كە كام دەستە و كوێی دەست ئەبڕدرێت، چونكە دەستی مرۆڤ لە شانیەوە بۆ سەری پەنجەكانی پێی دەڵێن دەست (ید)، ڕاست بێ یان چەپ. فەرموودە هاتووە ئەم بێسنووریەی ماناكەی سنووردار كردووە و بەستویەتیەوە بە مانایەكی تایبەت و دیاریكراو، وەك فەرموویەتی مەبەست لە دەست دەستی ڕاستە نەك دەستی چەپ، ئەوەشی دیاری كردووە كە بڕینی دەستەكە دەبێت لە بازنەی دەستەوە بێت، كە پێی دەڵێن (كوع) واتە مەچەك، نەك سەرووتر یان خوارتر، ئەمەش ئەو فەرموودەیەیە، كە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) چۆن ئەم فەرمانەی جێبەجێ كردووە: ئیمام ئەحمەد و بەیهەقی گێڕاویانەتەوە: (أُتيَ بِسارِقٍ إلى النَبي ـ صلى الله

---

[1] صحيح البخاري (٤/ ٤) باب لا وصية لوارث، وجامع الأصول (١/ ١٤٩)، أخرجه ابن حبان في صحيحه (٢١٢٠ ) (١١/ ٤٩٢)، ومسند الشافعي (٦٧٥) (١٨٩/٢).

عليه وسَلم ـ، فَقَطَعَ يَدهُ مِنْ مَفْصَلْ الكَفِ ـ أي الرَسغ ـ ومن يد واحدة)[1]، واته: (دزێكيان هێنا بووه خزمەت پێغەمبەر، پێغەمبەریش دەستی بڕیی لە مەچەكیەوە)، كەواتە ئەگەر فەرموودە نەبوایە و ڕوونی نەكردبایەتەوە، كە چۆن دەستی دز دەبڕێت و كام دەستە و لە كوێیەوە، نەماندەتوانی فەرمانی ئەم ئایەتە قورئانیە جێبەجێ بكەین بە شێوەیەكی ڕاست و دروست. هەروەها لە دەربارەی نوێژەوە دەفەرمووێت: ﴿وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَارْكَعُوا مَعَ الرَّاكِعِينَ﴾ (البقرة: ٤٣). ئەگەر بە وردی سەیری مانا و مەبەستی ئەم ئایەتە پیرۆزە بكەین، بە شێوەیەكی گشتی پێمان دەڵێت نوێژ بكەن، بەڵام دیاریی نەكراوە چ نوێژێك و چەند ڕكات و واجب بێت یان سونەت، كێ دەیكات و كێ نایكات، ژن بێت یان پیاو، لە كاتی ئاشتیدا بێت یان جەنگ و شەڕ و ئاژاوەدا، ئەم لایەنانە هەمووی پێویستیان بە ڕوونكردنەوە و سنووردارکردن هەیە و پێغەمبەری مەزن بۆ وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە وەڵامی داوەتەوە و دیاری كردووە بۆمان و سنوورداری كردوون و بە فەرموودە جیای كردونەتەوە.

هەروەها دەربارەی زەكات دەفەرموێت: ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ إِنَّ صَلَاتَكَ سَكَنٌ لَهُمْ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ (التوبة: ١٠٣). دەربارەی زەكات، قورئانی پیرۆز تەنها ئاماژە بە دەركردنی زەكات دەكات و بەس، دیاریی نەكردووە لە چی شتێكدا زەكات دەدرێت و چەندە یان چەند نییە و لە خەلەوخەرمان و دانەوێڵە و لە بەروبوومی دار و درەخت كامیانە و لە ئاژەڵ و گیانلەبەرەكاندا چ جۆرێك زەكاتی لەسەرە، هەموو ئەو شتانە پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر) بە دڵنیایەوە بە فەرموودە بۆی دیاریی كردووین، سنوورداری كردوون و ڕوونی كردووەتەوە. خۆ ئەگەر پێغەمبەر ئەمانەی دیاریی نەكردبایە، نەدەزانران و گرفت بۆ مسوڵمانان دروست دەبوو[2].

---

[1] مصنف ابن أبي شيبة (٩/ ٥١٢) (٢٨٨٥٦)، وشرح معاني الآثـار، الطحـاوي (٤٥٩٦) (٣/ ١٦٨)، والفـتح السماوي بتخريج أحاديث القاضي البيضاوي (٢/ ٥٦٣).

[2] الرسالة للإمام الشافعي (١/ ١٨٦– ١٩٥).

لەبارەی حەجەوە دەفەرموێت: ﴿وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا﴾ (آل عمران: ٩٧)، واتە: (دەربارەی حەج و واجبات و سونەتەکانی و شێوە و شێوازی بەجێهێنانی ئەم ئەرکە خوداییە، لە لایەن پێغەمبەرەوە بە فەرموودە و هەڵسوکەوتی پێغەمبەر دیاری کراوە، کە چۆن و بە چ شێوەیەك جێبەجێ دەکرێت، خۆئەگەر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بە فەرموودە و کردارەکانی خۆی ئەرك و واجبات و سونەتەکان و کاروبارەکانی ئەنجامدانەکەی دیاریی نەکردبایە، نەماندەتوانی ئەم واجبە پیرۆزە بەجێ بهێنین.

ئەم سنووردارکردنەی دەقە گشتییەکانی قورئانی پیرۆز بە فەرموودە، لە هەموو یاسا و ڕێسا و فەرمانەکاندا کە قورئانی پیرۆز باسی کردبن بەدی دەکرێت، وەك لایەنی خواردن و خواردنەوە و کڕین و فرۆشتن و تەواوی مامەڵەکانی تر، هەروەها کاروباری شارستانی و ژنخوازی، لە سزا و مافەکانیشدا بە گشتی بەدی دەکرێت و ڕوویداوە. کەواتە سنووردارکردنی ڕەهایی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، بەشێکە لەو بەیان و ڕوونکردنەوەیەی کە پێغەمبەر پێی سپێراوە لەلایەن خوداوە، وەك دەفەرمووێت: ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (النحل: ٤٤).

## بەشێکی تر لە ڕوونکردنەوەی قورئانی پیرۆز لەلایەن پێغەمبەرەوە لە ڕێگەی تایبەتمەندیکردنی دەقە قورئانییەکان، واتە (تخصیص) کردنیان

دەربارەی سنووردارکردنی قورئانی پیرۆز بە فەرموودە، لەڕاستیدا ڕێژەیەکی زۆری نییە، بەڵکو لە ڕێگەی تایبەتمەندیکردن (تخصیص)ەوە زۆرترە، واتە خودا توانا و هێزی ڕاڤە و ڕوونکردنەوەی قورئانی پیرۆزی داوە بە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)، جا چ لە ڕێگەی زیادکردنی فەرمانێکی تازە بێت بە فەرموودە، یان لە ڕێگەی تایبەتمەندیکردنی دەقەکانی قورئان بێت، واتە دەقی گشتیمان هەیە

که ژماره و کەسانێکی زۆر ئەگرێتەوە، وەك ئەوە بڵێین وشەی قوتابی، واتە هەر کەسێك ئەم سیفەتەی تیا بێت لەهەر شوێنێك بێت، هەر وڵاتێك بێت، لەهەر پلەیەکی خوێندندا بێت، نێر بێت یان مێ، ئەم وەسفە دەیگرێتەوە، ئەمە گشتییە، بەڵام کە هاتی بەستتەوە بە زانکۆیەك، یان خوێندنگەیەك، تایبەتمەندی پەیدا دەکات و ئەم گشتیەتیەتەی نامێنێت و دەڵێن تایبەتمەندکراوە، واتە (تخصیص) کراوە و ئەندامەکانی لێ کەم کراونەتەوە.

لەبارەی تایبەتمەندکردنی دەقە گشتییەکانی قورئانی پیرۆز و فەرمانەکانی بە فەرموودە، زانایان ڕای جیاوازییان هەیە لەو بارەیەوە و دەڵێن ئەگەر فەرموودەکە لە بەشی موتەواتیر بوو، ئەوا هەموویان هاوڕان کە تایبەتمەندییەتی قورئانی پێ دەکرێت و کێشەی نییە، بەڵام ئەگەر فەرموودەکە لە جۆری موتەواتیر نەبوو، بەڵکو لە جۆری تاکەکان (آحاد) بوو، ئەوا بەلای چوار مەزهەبە فیقهیەکەوە، کاری تایبەتمەندیەتی قورئانی پێ دەکرێت، ئەمەش ڕایەکی پەسەندە بە لایانەوە[1]، بۆ نموونە: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ﴾ (النساء: ١١)، ئەم ئایەتە مانایەکی گشتی هەیە و پێمان دەڵێت دابەشکردنی میرات بەم شێوەیە دەبێت، مناڵەکانتان ئەگەر کوڕ بوون ئەوا لە ماڵی میراتەکەتان دوو بەش دەبەن و کچەکان یەك بەش، واتە کوڕ دوو قاتی کچ دەبات و وەردەگریت، یان بە مانایەکی تر نێر دوو قاتی مێینە دەبات. گشتیەتی ئەم ئایەتە کەسی لێ جیا نەکراوەتەوە، بەڵام لەڕاستیدا کۆمەڵێ خەڵك لە گشتیەتی ئەم ئایەتە بە فەرموودە جیا کراونەتەوە، ئایەتەکە تایبەتمەندیەتی خۆی وەرگرتووە، بۆ نموونە پێغەمبەرانی لێ جیا کراونەتەوە بە فەرموودە، وەك پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) دەفەرموێت: "إِنَّا مَعَاشِرَ الْأَنْبِيَاءِ لَا نُورَّثُ مَا تَرَكْنَا فَهُوَ

[1] الإحكام في أصول الأحكام للآمدي (٢/ ٤٧٢).

صَدَقَةٌ"[1]، واتە: (ئێمەی گرۆهی پێغەمبەران میراتمان لێ نابرێت، کەس بۆی نییە وەری بگرێت، ئەوەی لێمان بەجێ دەمێنێت دەکرێت بە خێر و دابەش دەکرێت بەسەر هەژاراندا). هەروەها کۆمەڵێ کەسانی دیکەش لە گشتیەتی ئەم ئایەتە جیا دەکرێنەوە و تایبەتمەندییەکی تری پێ دەدرێت، وەك ئەوە کەسێك میراتلێبراوەکەی خۆی بکوژێت بۆ ئەوە زوو میراتەکەی دەست بکەوێت، وەك دەفەرموێت: "لَا يَرِثُ الْقَاتِلُ"[2]، واتە: (بکوژی میراتلێبراو میرات وەرناگرێت)، چونکە کوشتنەکە دەبێت بە هۆی ئەوە بێبەشی دەکات لە میراتەکەی.

هەروەها کەسانێکی دیکەش هەن لە گشتیەتی ئەم ئایەتە جیا کراونەتەوە بە فەرموودە، وەك ئەوە کافر لە مسوڵمان و مسوڵمان لە کافر میرات لە یەکتری وەرناگرن، وەك ئەوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "لاَ يَرِثُ الْمُسْلِمُ الكَافِرَ وَلاَ الكَافِرُ الْمُسْلِمَ"[3]. لەم حاڵەتەدا گەر فەرموودە نەبوایە دابەشکردنی میراتەکە وەك خۆی و مەبەستەکەی جێبەجێ نەدەبوو، بەیان و ڕوونکردنەوەکەی وەك پێویست نەدەبوو، نە دەکرا، هەر لەبەر ئەوەشە، کە زانایان وتوویانە باشترین ڕاڤەی ئایەتی قورئان ئەوەیە، کە بە دەقی ئایەتی قورئانی پیرۆز ڕاڤە بکرێت، لە دوای ئەوە باشترین ڕاڤەی ئایەتی قورئان ئەوەیە، کە بە فەرموودەی پێغەمبەر ڕاڤە بکرێت، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) زاناترین کەسە بە مەبەست و مورادی خودا لە ئایەتەکاندا.

[1] رواه البخاري (٦٧٢٦) (٦٧٣٠)، مسند الربيع (١/ ٢٦١) (٦٦٩) باب في المواريث، (٨/ ١٤٩– ١٥٠) في باب الفرائض، ومسلم (١٣٧٨)، وفتح الباري (٦/ ٢٨٩/ ٣٣٥ / ٢٣٩).

[2] رواه الإمام أحمد في مسنده (١/ ٤٩)، وأبو داود في كتاب الديات، والترمذي/ كتاب الفرائض الباب (١٧)، وسنن ابن ماجة (١٤).

[3] صحيح البخاري (٦٧٦٤) (٨/ ١٥٦)، وصحيح مسلم (١٦١٤) (٣/ ٢٣٣) باب لا يرث المسلم الكافر، كتاب الفرائض.

نموونەیەکی ترمان هەیە، خودا دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ أُولَئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ وَهُمْ مُهْتَدُونَ﴾ (الأنعام: ٨٢). ئەم ئایەتە دەفەرموێت: ئەوانەی لە ئاسایش و ئارامیدا دەژین مسوڵمان و باوەڕدارەکانن، ئەو باوەڕەی کە هەیانە لەگەڵ زوڵم و ستەمکاریدا تێکەڵاوی ناکەن، ئەمانەن لە ئارامیدا دەژین و ڕێنمایی ڕاستەقینەیان وەرگرتووە. دوای هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە، هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پرسیاریان کرد لە پێغەمبەر و وتیان جا کێ هەیە لە ئێمە ستەمی نەکردبێت؟ پێغەمبەریش لە وەڵامدا فەرمووی وەك ئێوە باسی مانای ئەم ئایەتە دەکەن و تێی گەیشتون وا نییە، بەڵکو مانای (لم يلبسوا إيمانهم بظلم) واتە ئیمانیان شیرکی تێکەڵاو نەبووە، ئەی ئێوە ئامۆژگاریەکەی لوقمانتان نەبیستوە بۆ کوڕەکەی کاتێ کە خودا بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ وَهُوَ يَعِظُهُ يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ﴾ (لقمان: ١٣). کەواتە پێغەمبەریش ڕاڤە و تەفسیری ئایەتەکەی بەو شێوەیە کردووە، چاودێری تایبەتمەندیەتی تێدا کردووە و گشتیەتی تێدا نەماوە.

یەکێکی تر لەو دەقە قورئانیانە ئەوەیە، کە خوای گەورە ژمارەی ئەو ئافرەتانە دیاری دەکات، کە لەسەر پیاو حەرام و قەدەغەکراون: ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ﴾ (النساء: ٢٣) تا کۆتایی ئایەتەکە، کە دەفەرموێت: ﴿وَأُحِلَّ لَكُمْ مَا وَرَاءَ ذَلِكُمْ﴾ (النساء: ٢٤) کە دەفەرموێت جگە لەوانەی بۆمان باسکردن هەموویتان بۆ حەڵاڵ و ڕەوان، ئەم گشتیەتە لە ئایەتەکەدا تایبەتمەندکراوە بەو فەرموودەیە، کە ئەبوهورەیرە گێڕاویەتەوە لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) کە فەرموویەتی: "لَا تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ عَلَى عَمَّتِهَا، وَلَا عَلَى خَالَتِهَا"[1]، واتە: (ئافرەت بەسەر پوری خۆی نایەت و مارە ناکرێت)، جا ئەو پورەی چ خوشکی باوکی بێت چ خوشکی دایکی بێت، هەر مارە نابڕێت، هەروەها گشتیەتی ئەم ئایەتە بە

[1] رواه البخاري، كتاب النكاح (٤٥) (٧/ ٢٢) (٧/ ١٢)، ومسلم (١٤٠٨) كتاب النكاح.

فەرموودەیەکی تریش تایبەتمەند کراوە و ژمارەی کەمکراوەتەوە، وەك دەفەرمویت: "لاَ يُجْمَعُ بَيْنَ المَرْأَةِ وَعَمَّتِهَا، وَلاَ بَيْنَ المَرْأَةِ وَخَالَتِهَا "[1]، واتە: (ناکرێت ئافرەت کۆبکرێتەوە لەلای پیاوێك لەگەڵ پوریدا).

هەروەها نموونەیەکی ترمان هەیە دەفەرمویت: ﴿وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا﴾ (البقرة: ٢٧٥)، واتە: (کڕین و فرۆشتن وەك مامەڵەیەکی ئاسایی حەڵاڵ و ڕەوایە، بەڵام کڕین و فرۆشتن بە سوو حەرامە). لەم ئایەتەدا وشەی (البیع) جۆرەها کڕین و فرۆشتن و معامەلە دەگرێتەوە، کەوابێت مانایەکی گشتی هەیە، بەڵام لە فەرموودەدا هاتووە، کە چەندین جۆری کڕین و فرۆشتن هەیە و جیایکردوونەتەوە بە ناڕەوا و حەرامی داناون و دروست نییە مامەڵەیان پێوە بکرێت.

[1] رواه البخاري (٥١٠٩) (٧/ ١٢)، وأخرجه مسلم في كتاب النكاح (١٤٠٨) (٥/ ١٩٦٥) (٢/ ١٠٢٨).

# کۆتایی

فەرموودە سەرچاوەیەکی گرنگی تەشریعی ئیسلامییە و بە پلەی دووەم دێت لە دوای قورئانی پیرۆز. بوونی فەرموودە بە بەڵگەی شەریعەتی ئیسلام سەلمێنراوە بە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودە و کۆبەندی مسوڵمانان و زانایانی ئیسلام و ڕەتکردنەوەی ئەم ڕاستییە بە کوفر و بێباوەڕی دادەنرێت.

ناکرێت فەرموودە پشتگوێ بخرێت و لە قورئان جیا بکرێتەوە، چونکە شیکەرەوە و تەواوکەری قورئانی پیرۆزە.

هەرچی لە پێغەمبەر وەرگیرابێت و بینرابێت، ناکرێت بە تەشریع و یاسا بۆ مسوڵمانان، چونکە ئەوەی بۆ تەشریع هاتووە یاسا و ڕێسای خۆی هەیە و هەمووشی لە یەك پلە و پایەدا نییە.

گرنگی زۆر دراوە بە فەرموودە و پلە و پایەیەکی بەرزی هەیە لە تەشریعدا و لەناو مسوڵماناندا بەگشتی، بەڵام دەبێت بە وریایەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە بەدرێژایی مێژوو هەر لەدوای سەردمی خولەفای ڕاشیدینەوە تا ئەمڕۆش، هەوڵی دەستکاریکردنی فەرموودە و ئاڵوگۆڕکردنی دراوە، بەڵام بەهیمەتی دڵسۆزانی ئایین و بەرنامەکەی خوا، بە کۆششی زانایان و خەمخۆرانی فەرموودە، پارێزگاری زۆری لێ کراوە و بە پوخت و خاوێنی ماوەتەوە و بە ڕاست و دروستی گەیشتووە بە ئێمە.

# سەرچاوەکان


١ـ أثر الحديث في اختلاف الأئمة، أبجدية العلوم، أبو الطيب محمد بن صديق خال القنيوجي (ت ١٣٠٧هـ)، دار ابن حزم ط١، ١٤٣٣هـ/ ٢٠٠٢م.

٢ـ إرشاد الفحول إلى تحقيق الحق من علم الأصول، محمد بن علي الشوكاني اليمني (ت ١٢٥٠هـ)، تحقيق: الشيخ أحمد عزو، دار الكتاب العربي، ط ١، ١٤١٩هـ/ ١٩٩٩م.

٣ـ الأم، الشافعي أبو عبد الله محمد بن إدريس بن العباس بن عثمان بن شافع القرشي المكي (ت ٢٠٤هـ)، دار المعرفة ـ بيروت، ١٤١٠هـ/ ١٩٩٠م.

٤ـ الإحكام في أصول الأحكام، للآمدي أبو الحسن سيد الدين علي بن أبي علي الآمدي (ت ٦٣١هـ)، تحقيق: عبد الرزاق عفيفي، المكتب الإسلامي، بيروت ـ لبنان.

٥ـ الإعتصام بالكتاب والسنة، إبراهيم بن مسوي الشاطبي (ت٧٩٠هـ)، تحقيق: سليم بن هلال، دار العودة، ط١، ١٤١٢هـ/ ١٩٩٢م.

٦ـ البحث عن الحديث في اختصار علوم الحديث، إسماعيل القرشي، أبو الفداء (ت ٧٧٤هـ)، تحقيق: أحمد شاكر.

٧ـ بيان المختصر شرح مختصر بن الحاجب، محمود بن عبد الرحمن أبي القاسم الأصفهاني (ت ٧٤٩هـ)، تحقيق: محمد مظهر، دار المدنيـ السعودية.

٨ـ تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي، عبد الرحمن أبي بكر جلال الدين السيوطي (ت ٩١١هـ) تحقيق: أبو قتيبة نطر محمد الفارابي، دار طيبة.

٩ـ تفسير الطبري ـ جامع البيان في تأويل آي القرآن، محمد بن جرير الطبري (ت ٣١٠هـ) تحقيق: أحمد شاكر، مؤسسة الرسالة، ط١، ١٤٢٠هـ/ ٢٠٠٠م.

١٠ـ تفسير القرطبي ـ الجامع لأحكام القرآن، أبو عبد الله محمد بن أحمد القرطبي (ت ٦٧١هـ)، تحقيق: أحمد البردوني، دار الكتب المصريةـ القاهرة.

١١ـ جامع بيان العلم وفضله، أبو عمر يوسف بن عبد الله بن محمد القرطبي (ت ٤٦٣هـ)، تحقيق: أبي الأشبال الزهري، دار ابن الجوزي ـ السعودية.

١٢ـ الجامع الصحيح للسنن والمسانيد، صهيب عبد الجبار، نشر ٢٠١٤م.

١٣ـ حجية السنة النبوية ومكانتها في التشريع الإسلامي، عبد القادر بن حبيب الله السندي، الجامعة الإسلامية ـ المدينة المنورة، ط٨، مجلة عدد٢، سنة ١٣٩٥هـ/ ١٩٧٥م.

١٤ـ تفسير ابن كثير- تفسير القرآن العظيم، أبو الفداء إسماعيل بن عمر الدمشقي (ت ٧٧٤هـ)، تحقيق: سامي ابن سلامة، دار الطيبة، ط٢، ١٤٢٠هـ/ ١٩٩٩م.

١٥ـ تفسير ابن عباس، عبد الله ابن عباس (ت ٦٨هـ) دار الكتب العلمية ـ لبنان.

١٦ـ الرسالة، أبو عبد الله محمد بن إدريس بن العباس الشافعي القرشي المكي (ت ٢٠٤هـ)، تحقيق: أحمد شاكر.

١٧ـ السنة النبوية ومكانتها، رقية بنت نصر الله نياز، مجمع ملك فهد لطباعة المصحف ـ المدينة المنورة.

١٨ـ السنة النبوية ومكانتها، محمد بن عبدالله باجمعان، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف ـ المدينة المنورة.

١٩ـ السنة النبوية ومكانتها، نور بنت حسن قاروت، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف ـ المدينة المنورة.

٢٠ـ السنة كلها تشريع، مسوى بن شاهين (ت ١٤٣٠هـ)، مجلة كلية الشريعة ـ جامعة قطر.

٢١ـ السنة، أبو سليمان بن الأشعث بن إسحاق الأزدي السجستاني (ت ٢٧٥هـ)، تحقيق: محمد محي الدين، المكتبة العصرية ـ بيروت.

٢٢ـ السنن الكبرى، أحمد بن الحسين بن علي بن مسوى البيهقي (ت ٤٥٨هـ)، تحقيق: محمد عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

٢٣ـ السنة ومكانتها في التشريع الإسلامي، مصطفى بن حسني السباعي (ت ١٣٨٤هـ) المكتب الإسلامي: دمشق ـ سوريا، ط٣/ ١٤٠٢هـ/ ١٩٨٢م، بيروت.

٢٤ـ السيرة النبوية، عبد الملك بن هشام (ت ٢١٣هـ)، تحقيق مصطفى السقا، شركة مكتبة مصطفى البابي الحلبي بمصر، ط٢، ١٣٧٥هـ/ ١٩٥٥م.

٢٥ـ سنن ابن ماجة، أبو عبد الله محمد بن يزيد القزويني (ت ٢٧٣هـ)، تحقيق: محمد فؤاد، دار إحياء الكتب العربية، فيصل عيسي.

٢٦ـ سنن الدار قطني، أبو الحسن علي بن عمر بن أحمد الدار قطني (ت ٣٨٥هـ)، تحقيق: شعيب الأرنؤط، حسن عبد المنعم، مؤسسة الرسالة، بيروت ـ لبنان، ط١، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٤م.

٢٧ـ سير أعلام النبلاء، شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد الذهبي (ت ٧٤٨هـ)، دار الحديث، القاهرة، ط١٤٢٧هـ/ ٢٠٠٦م.

٢٨ـ شرح رياض الصالحين، محمد بن صالح العثيمين (ت ١٤٢١هـ)، دار الوطن ـ الرياض، ط ١، ١٤٢٦هـ.

٢٩ـ شرح اختصار علوم الحديث، عبد الكريم بن عبد الله الخضر، والمؤلف الأصل هو الإمام ابن كثير (ت٧٧٤هـ).

٣٠ـ شرح معاني الآثار، أبو جعفر أحمد بن محمد بن سلامة المصري المعروف بالطحاوي (ت ٣٢١هـ)، تحقيق: محمد زهري النجار.

٣١ـ صحيح البخاري، جامع المسند الصحيح المختصر، محمد بن إسماعيل أبو عبد الله البخاري الجعفي، تحقيق: محمد زهير بن ناصر الناصر، دار طوق النجاة، ط١، ١٤٢٢هـ.

٣٢ـ صحيح ابن حبان، محمد بن حبان بن أحمد بن حبان بن معاذ بن مَعْبدَ، التميمي، أبو حاتم الدارمي البُستي (ت ٣٥٤هـ)، حققه وخرج أحاديثه وعلق عليه: شعيب الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة ـ بيروت ط١، ١٤٠٨هـ/ ١٩٨٨م.

٣٣ـ صحيح مسلم، المسند الصحيح المختصر، مسلم بن الحجاج أبو الحسن القشيري النيسابوري (ت ٢٦١هـ)، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي ـ بيروت.

٣٤ـ طبقات الشافعيين، أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي البصري ثم الدمشقي (ت ٧٧٤هـ)، تحقيق: د. أحمد عمر هاشم، د. محمد زينهم محمد عزب، مكتبة الثقافة الدينية، نشر: ١٤١٣هـ/ ١٩٩٣م.

٣٥ـ علوم الحديث ومصطلحه، عرض: د. صبحي إبراهيم الصالح (ت ١٤٠٧هـ): دار العلم للملايين، بيروت ـ لبنان، ط١٥، ١٩٨٤م.

٣٦ـ فتح الباري شرح صحيح البخاري، أحمد بن علي بن حجر أبو الفضل العسقلاني الشافعي، دار المعرفة ـ بيروت، ١٣٧٩هـ.

٣٧ـ فتح المغيث بشرح ألفية الحديث للعراقي، شمس الدين أبو الخير محمد بن عبد الرحمن بن محمد بن أبي بكر بن عثمان بن محمد السخاوي (ت ٩٠٢هـ)، تحقيق: علي حسين علي، مكتبة السنة ـ مصر، ط ١، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٣م.

٣٨ـ قواعد التحديث من فنون مصطلح الحديث، محمد جمال الدين بن محمد سعيد بن قاسم الحلاق القاسمي (ت ١٣٣٢هـ)، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

٣٩ـ مسند الشافعي، أبو عبد الله محمد بن إدريس بن العباس بن عثمان بن شافع بن عبد المطلب بن عبد مناف المطلبي القرشي المكي (ت ٢٠٤هـ)، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، نشر: ١٤٠٠هـ.

٤٠ـ المستدرك على الصحيحين، أبو عبد الله الحاكم محمد بن عبد الله بن محمد بن حمدويه بن نُعيم بن الحكم الضبي الطهماني النيسابوري (ت ٤٠٥هـ)، تحقيق: مصطفى عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط١، ١٤١١هـ/ ١٩٩٠م.

٤١ـ مصنف في الأحاديث والآثار، أبو بكر بن أبي شيبة، عبد الله بن محمد بن إبراهيم بن عثمان بن خواستي العبسي (ت ٢٣٥هـ)، تحقيق: كمال يوسف الحوت، مكتبة الرشد ـ الرياض، ط١، ١٤٠٩هـ.

٤٢ـ مفتاح الجنة في الاحتجاج بالسنة، عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي (ت ٩١١هـ)، الجامعة الإسلامية ـ المدينة المنورة، ط٣، ١٤٠٩هـ/ ١٩٨٩م.

٤٣ـ موطأ الإمام مالك، مالك بن أنس بن مالك بن عامر الأصبحي المدني (ت ١٧٩هـ)، صححه ورقمه: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي، بيروت ـ لبنان، نشر: ١٤٠٦هـ/ ١٩٨٥م.

٤٤ـ الوجيز في أصول الفقه الإسلامي: أ.د. محمد مصطفي الزحيلي: دار الخير للطباعة، دمشق ـ سوريا، ط ٢، ١٤٢٧هـ/ ٢٠٠٦م.

# گرنگیی ڕیوایەت لە خوێندنەوەی قورئاندا ڕیوایەتی ( حەفص لە عاصیم )ەوە بە نموونە

پ.ی.د. دیاری ئەحمەد ئیسماعیل
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی پزیشکی
بەشی نەشتەرگەری

ئاشکرایە قورئان و سوننەت دوو سەرچاوەی سەرەکیی ئیسلامن. سوننەتیش ڕوونکەرەوەی قورئانە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَنزَلْنَا إِلَيكَ ٱلذكرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيهِمۡ وَلَعَلَّهُم يتَفَكَّرُونَ﴾ (النحل: ٤٤). تەنانەت ئەوانەشی کە سوننەت ڕەت دەکەنەوە، زۆریان بەڵگەکەیان ئەوەیە کە کێ دەڵێت ئەو فەرموودانە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وتوویەتی؟ واتە گومانیان هەیە، یان گومان دەخەنە سەر ڕاستێتیی سەرچاوەی سوننەت، بە بیانووی ئەوەی قورئان هەر لە سەرەتاوە نووسراوەتەوە، بەڵام سوننەت دوایی نووسراوەتەوە، کاتێك نووسراوەتەوە کە زۆربەی لەبیرکراوە و چەندین زیادەی خراوەتە سەر. باس لەوە ناکەین کە هەندێك گرووپ نایانەوێت پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە هیچ شێوەیەك، هیچ ڕایەك، یان ڕوونکردنەوەیەکی هەبێت لە قورئاندا، بەڵکو ئەو تەنها گەیەنەرێك بووە ! !

زانینی شێوازی نوسینەوەی موصحەف (رسم المصحف) وەنەبێت بەتەنها بەس بێت بۆ ڕاست خوێندنەوەی ئەو وشانە، چونکە پێدەچیت بوترێت خەتی عەرەبی پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە ـ وەك هەموو زمانەکانی تر ـ، لەبەرئەوە ئەو شێوازی نووسینەوەیەی، کە کاتی خۆی پێی نووسراوە، ئەگەر بزانرێت، ئەوکات دەتوانرێت بەتەواوی هەموو وشەکان بەڕاستیی بخوێنرێتەوە! بەڵام دوای گەڕانەوە بۆ ئەم ڕاستیانە و دیقةتگرتن لەو موصحەفانەی لەبەردەستماندایە، کە هەموویان ـ بەپێی کۆدەنگی زانایان ڕاست و دروستن، بۆمان دەردەکەوێت چەندین وشە هەیە ڕێکنایەتەوە لەگەڵ ئەو بنەمایەدا ـ بنەماکانی ڕەسمی موصحەف ـ بەڵکو هەندێ جار مانای وشەکە بەپێچەوانەوە دەخوێنرێتەوە، کە کاریگەریی دەبێت لەسەر ڕاڤە و مانا و مەبەستی وشە و ئایەتەکان، بەڵام لەبەر بوونی ڕیوایەت، ئەو وشانە هەردەبێت بەو شێوازە بخوێنرێتەوە، کە تا ئێستا قورئانخوێنان لەسەری کۆکن، بەڵکو تەنانەت بچووکترین فەقێ یان حافیزی قورئان، ئەگەر وشەیەکی قورئان بگۆڕدرێت، تەنها بە گوێلێبوونی، دەزانێت کە ئەو خوێندنەوەیە هەڵەیە.. نەك تەنها قورئانخوێن و خوێندکاری زانستە شەرعییەکان، بەڵکو تەنانەت خەڵکی ئاسایش، کە ئەوەش گەورەیی قورئان و ڕاستێتی حەقیقەتی ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ (الحجر: ٩) دەردەخات.

لەگەڵ ئەوەی سوننەت بە ڕیوایەت جێگیر دەبێت، ڕیوایەتیش پێش ئەوەی بنووسرێتەوە لەناو سنگی حافیزەکانی جێگیر بووە، جا کاتێك گومان بخرێتە ناو ڕیوایەتەکان بەگشتی بەو بەڵگەیەی، کە جیاوازە لە قورئان، چونکە قورئان جگە لەوەی بە ڕێگەی موتەواتیر پێمان گەیشتووە، لەهەمانکاتدا هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) نووسراوەتەوە، ئەگەر چی بەشێوەیەکی تەواویش نەبێت، پاشان لە ماوەیەکی کەمدا و دوای چەند ساڵێك لە سەردەمی خەلیفە ئەبوبەکردا هەمووی لە دووتوێی موصحەفێکدا نووسراوەتەوە، لەبەر ئەوە

سەنەدێکی بەهێزی نووسراوی هەیە، بەڵام فەرمووده وا نییە، چونکە نەك هەموو، بەڵکو زۆر کەمی لە سەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) نووسراوەتەوە و هەر دەماودەم گێڕدراوەتەوە، نووسینەوەیان دواکەوتووە، لەبەر ئەوە گرەنتی نییە کە ڕاست بن! تا دوایی لەم جۆرە گومانانە، کە بە سوننەت دەستپێدەکەن، دواتریش بۆ تانەدانە لە قورئان.

بەڵام کاتێك سەیری قورئان دەکەین، دەبینین لەگەڵ ئەوەشی هەمووی بە نووسراویی هەیە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت هەندێ وشەی وەك خۆی بخوێنرێتەوە ئەگەر ڕیوایەت پشتی نەگرێت، بۆیە ئەگەر تەنها پشت بە نووسراو ببەسترێت ئەو کات دەبێت هەندێك لە قورئانیش، یان وازی لێبهێنرێت، یان بەهەڵە بخوێنرێتەوە!

## پاراستنی قورئان:

### پاراستنی قورئان لە دڵەکاندا:

سەنەد یەکێکە لە گەورەترین تایبەتمەندیی ئوممەتی ئیسلام، واتە ڕیوایەتکردن لە یەکترییەوە بە زنجیرەیەکی نەپچڕاو، تا دەگاتە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر). ئیبن سەلاحی شارەزووری دەڵێت: "بە سەنەدگەیاندن (الإسناد) تایبەتمەندییەکی بەرزی ئەم ئوممەتی محەمەدییەیە و سوننەتێکی گەورەیە لە سوننەتە تەئکیدلێکراوەکان.. هەروەك عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك وتوویەتی: بەسەنەدگەیاندن لە دینەوەیە و ئەگەر بەسەنەدگەیاندن نەبوایە هەرکەس چی بویستایە دەیووت".[1]

---

[1] علوم الحديث، لابن صلاح (٢٥٥– ٢٥٦)، لە کتێبی: معاني الأحرف السبعة، عبد الرحمن بن أحمد بن حسن الرازي (٥٩).

له سەرەتای دابەزینی سروشەوە، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) زۆر مەبەستی بووە، کە چی وەردەگرێت لە جبریل لە بیری نەچێتەوە، تەنانەت لە سووربوونی لەسەر ئەو کارە جاری وا هەبووە پەلەی کردووە و لە کاتی دابەزینی سروشدا دەمی جولاندووە، بۆیە خوای گەورەی پێی فەرموو: ﴿لَا تُحَرِّكْ بِهِ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِ (١٦) إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُ وَقُرْآنَهُ (١٧) فَإِذَا قَرَأْنَاهُ فَاتَّبِعْ قُرْآنَهُ﴾ (القيامة: ١٦ ـ ١٨). واتە: (زوبانت مەجولێنە بە خوێندنی قورئانەکەت لەگەڵ (جوبرەئیل)دا بۆ ئەوەی پەلەی پێ بکەیت و بە پەلە وەری بگری نەوەك هەندێکت لەبیر بچێ، پەلە مەکە و خەمی لەبیرچوونت نەبێت، چونکە لەسەر ئێمەیە کۆکردنەوەی لە سنگتدا و دامەزراندنی لە زوبانتا، کەواتە بوەستە و کاتێ لە ڕێی جوبرەئیلەوە خوێندمانەوە ئینجا تۆ شوێنی بکەوە و بەدوای ئەودا بیخوێنەوە).[1]

هاوەڵانیش لە دەمی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) قورئانیان وەرگرتووە: عوبادەی کوڕی صامیت دەڵێت: (كانَ رَسُولُ اللّهِ ـ صلى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ ـ يَشْغَلُ، فَإِذَا قَدِمَ رَجُلٌ مُهَاجِرٌ عَلى رَسُولِ اللّهِ ـ صَلى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ ـ دَفَعَهُ إلى رَجُلٍ مِنَّا يُعَلِّمُهُ القُرآنَ)[2]. واتە: (هەرکاتێك پیاوێك کۆچی بکردایە بۆ مەدینە، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەیدایە دەست یەکێکمان تا قورئانی فێر بکات)، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هاوەڵان گرنگییەکی زۆریان داوە بە قورئان خوێندنەوە و لەبەرکردنی.

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود (خوای لێ ڕازی بیت) دەڵێت: (وَاللّهِ لَقَدْ أَخَذْتُ مِنْ فِي رَسولِ اللّه ـ صَلَى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ بِضْعًا وَسَبْعِينَ سُورَةً)[3]، واتە: (سوێند بە خوا

---

[1] تەفسیری قورئانی پیرۆز، عوسمان عەبدولعەزیز (١٠/ ٤٠٣).

[2] پێشەوا ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە بە ژمارە (٢٢٨١٨) و سەنەدەکەی (حسن)ە، هەروەها حاکیم لە (المستدرك)دا بە ژمارە (٥٥٢٧): (وقال: صحيح الإسناد ولم يخرجاه) .

[3] پێشەوا بوخاری ڕیوایەتی کردووە بە ژمارە (٤٦٤٣): كتاب فضائل القرآن، باب القراء من أصحاب النبي.

حەفتا و ئەوەندە سورەتم لە دەمی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) وەرگرتووە). هەروەها دەڵێت: (كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ وأُنْزِلَتْ عَلَيْهِ وَالمُرسَلاتِ، وإنَّا لَنَتَلَقَّاها مِنْ فِيهِ)[1]. واتە: (لەگەڵ پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) بووین کە سورەتی (والمرسلات) هاتە خوارەوە، ئێمەش لە دەمی ئەوەوە وەرمانگرت).. هەروەها لە ئیبن عومەرەوە دەگێڕنەوە کە وتوویەتی: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صَلَى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ يُعَلِمُنَا القُرآنَ، فإِذَا مَرَّ بِسُجُودِ القُرآنِ سَجَدَ وَسَجَدْنَا مَعَهُ)[2]. واتە: (پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) خۆی قورئانی فێر دەکردین، ئەگەر بگەیشتایە ئایەتێك سوجدەی تیلاوەی تێدابووایە سوجدەی دەبرد و ئێمەش سوجدەمان دەبرد).

تەنانەت جارێك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەچێت بۆ لای ئوبەی کوڕی کەعب، پێی دەفەرموێت: "إنِّي أمِرْتُ أنْ أقْرَأَ عَلَيْكَ سُورَةَ كَذَا وكَذَا". واتە: (فەرمانم پێ کراوە فلانە سورەت و فلانە سورەتت بۆ بخوێنمەوە)، لە ڕیوایەتێکدا دەفەرمووێت: ("إنِّي أقْرِئُكَ القُرْآنَ"، قَالَ: آللَّهُ سَمَّانِي لَكَ؟ قَالَ: "نَعَم"، فَبَكي أُبِّي)[3]. واتە: (من قورئانت بۆ دەخوێنمەوە. ئوبەییش وتی: بەڕاستی خوای گەورە ناوی منی لات هێناوە؟ فەرمووی بەڵێ. جا ئوبەی دەستیکرد بە گریان).

ئیبن جەزەری دەڵێت: "پشتبەستن لە گواستنەوەی قورئاندا بە لەبەرکردنی بووە لە دڵەکاندا، نەك بە نووسینی موصحەفەکان. ئەمەش بەرزترین تایبەتمەندی ئەم ئوممەتەیە، کە خوا پێی بەخشیوە، لە فەرموودەی دروست (صحیح)ی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) کە مسولیم ڕیوایەتی کردووە، هاتووە: (إِنَّ رَبِّي

[1] پێشەوا بوخاری ڕیوایەتی کردووە بە ژمارە (٤٦٤٦): تفسير القرآن (٤٦٤٦)، هەروەها پێشەوا موسلیم: السلام (٢٢٣٤).

[2] پێشەوا موسلیم ڕیوایەتی کردووە بە ژمارە (٥٧٥): كتاب المساجد، باب سجود التلاوة.

[3] پێشەوا بوخاری ڕیوایەتی کردووە بە ژمارە (٤٩٦١): تفسير القرآن العظيم، هەروەها پێشەوا موسلیم بە ژمارە (١٣٣٧): صلاة المسافرين وقصرها.

قَالَ لِي قُمْ فِي قُرَيْشٍ فَأَنْذِرْهُمْ، فَقُلْتُ لَهُ أَيْ رَبِّ إِذَنْ يَثْلَغُوا رَأْسِي حَتَى يَدَعُوهُ خُبْزَةً، فَقَالَ: إِنِّي مُبْتَلِيكَ وَمُبْتَلٍ بِكَ، وَمُنْزِلٌ عَلَيْكَ كِتَابًا لَا يَغْسِلُهُ المَاءُ، تَقْرَؤُهُ نَائِمًا وَيَقْظَانَ..)[1]، واته: (پەروەردگارم پێی وتم ڕاپەڕە لەناو قوڕەیشدا و ئاگاداریان بکەرەوە، پێم وت: جا پەروەردگارا سەرم دەشکێنن (لەناوم دەبەن)، خوای گەورە فەرمووی: تاقیت دەکەینەوە و ئەوانیش بە تۆ تاقی دەکەمەوە و، کتێبێکت بۆ دادەبەزێنم بە ئاو ناشۆردرێتەوە، هەمیشە لەیادتا دەمێنێتەوە بەئاگابوون و بە نوستوویش و بە سانایی دەیخوێنیتەوە..). خوای گەورە ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێت، کە قورئان بۆ پاراستنی پێویستی بەوە نییە لە پەڕەیەکدا بنوسرێتەوە، کە بە ئاو بشۆردرێتەوە، بەڵکو لە هەموو حاڵەتێکدا بخوێنرێتەوە وەك لە وەسفی ئوممەتەکەیدا هاتووە (أناجيلُهم صدورهم) ئەوەش بە پێچەوانەی ئەهلی کتێبەکانە، کە ناتوانن کتێبەکانیان بپارێزن ئەگەر نەنووسرابێتەوە لە کتێبدا، ناتوانن لەبەر بیخوێننەوە بە تەماشاکردن نەبێت"[2].

چەندین هاوەڵ قورئانیان لەبەربووە، لە کۆچکەران: ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان، عەلی، تەڵحە، سەعد، ئیبن مەسعود، حوزەیفە، سالم، ئەبو هورەیرە، ئیبن عومەر، ئیبن عەبباس، عەمری کوڕی عاس و عەبدوڵڵای کوڕی، موعاویە، ئیبن زوبەیر، عەبدوڵڵای کوڕی سائیب، عائیشە، حەفصە، ئوم سەلەمە و ئوم وەرەقە.. لە پشتیوانانیش: زەیدی کوڕی سابت، موعازی کوڕی جەبەل، ئوبەی کوڕی کەعب، ئەبو دەرداء، موجەممەعی کوڕی حاریسە، ئەنەسی کوڕی مالیك و ئەبو زەیدی ئەنساری (خوایان لێ ڕازی بێت)[3]. دیارە ژمارەی ئەوانەی، کە قورئانیان

---

[1] پێشەوا موسلیم ڕیوایەتی کردووە بە ژمارە (٢٨٦٥): الجنة ونعيمها وأهلها.

[2] مناهل العرفان في علوم القرآن، محمد عبد العظيم الزرقاني (١/ ١٧٥).

[3] تاريخ القرآن وغرائب رسمه وحكمه، محمد طاهر بن عبد القادر الكردي المكي الخطاط (٦٩– ٧٠)، هەروەها: مناهل العرفان (١/ ١٧٤).

لەبەربووە زۆر بوون، بۆ نموونە ئەوانەی لە هەردوو ڕووداوی بیری مەعونە و شەڕی یەمامە شەهید کران گەیشتبوونە (١٤٠) لە هاوەڵان.ئەو قورئانەی کە لەبەردەستماندایە ئێستا، لە دووتوییی پەڕتوکێکدا نوو سراوەتەوە کۆدەنگی هەموو مسوڵمانانی لەسەرە، کە ئەو قورئانەیە عوسمان (خوای لێ ڕازی بێت) کۆیکردووەتەوە، ئەویش لەبەر موصحەفەکەی ئەبوبەکر نووسیویەتییەوە.

پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر)، هەموو ساڵێك لە مانگی ڕەمەزاندا موڕاجەعەی قورئانی دەکردەوە لەگەڵ جبریلی ئەمیندا و هەموو قورئانی بۆ دەخوێندەوە، لە دوا ساڵی تەمەنیدا دوو جار ئەو موڕاجەعەیە کرایەوە.. ئیبن عەبباس دەڵێت: (كانَ رَسولُ اللهِ ـ صلَى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ ـ أجْوَدَ النَّاسِ، وكانَ أجْوَدَ مَا يكونُ في رَمَضانَ، حِينَ يلْقاهُ جِبريلُ، وكانَ يلْقاهُ في كُلِّ ليلة مِنْ رَمَضانَ، فَيدارسُهُ القُرآنَ، فَلرَسولُ اللهِ أجْوَدُ بِالخَيرِ مِنَ الريحِ المُرسَلَة)[1]. واتە: (پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر) لە هەموو کەس بەخشندەتر بووە، بەتایبەتی لە ڕەمەزاندا، کە لەگەڵ جبریل بەیەکدەگەیشتن، هەموو شەوێك بەیەك دەگەیشتن لە ڕەمەزاندا و قورئانی لەگەڵ موڕاجەعە دەکردەوە..).. ئەبو هورەیرە دەڵێت: (كَانَ يُعْرَضُ عَلى النَّبِيِ ـ صلَى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ الْقُرْآن كُلَّ عَامٍ مَرَّةً، فَعُرِضَ عَليهِ مَرَّتَينِ فِي الْعَامِ الذي قُبِضَ فِيهِ..)[2]. واتە: (هەموو ساڵێك جبریل جارێك موڕاجەعەی هەموو قورئانی دەکردەوە بۆ پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر)، بەڵام لەو ساڵەی کە کۆچی دوایی کرد دوو جار قورئانی لەگەڵ دەورکردەوە).

---

[1] پێشەوا بوخاری ڕیوایەتی کردووە بە ژمارە (١٨٠٣): کتاب الصوم، هەروەها پێشەوا موسلیم بە ژمارە (٤٢٧٥): الفضائل.

[2] پێشەوا بوخاری ڕیوایەتی کردووە بە ژمارە (٤٧١٢).

**پاراستنی قورئان لە دێڕەکاندا:**

جگە لە لەبەرکردن و دەماودەمکردنی لە لایەن هاوەڵان، پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) هەر لە سەرەتای دابەزینی سروشەوە، ئەو ئایەتانەی دادەبەزین، داوای لە هاوەڵان دەکرد کە بیاننوسنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش نووسەرانی سروشی هەبوو، لەبەردەستیدا قورئانیان دەنوسییەوە، کە ژمارەیان دەگەیشتە نزیکی (٦٠) کەس، لەوانەش: ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان و عەلی لە کۆچکردووەکان، زەیدی کوڕی سابت و ئوبەییش لە پشتیوانان (خوایان لێ ڕازی بێت). ئەمە جگە لەوەی هاوەڵان خۆیان ـ ئەوەی نووسین و خوێندنەوەی دەزانی ـ موصحەفیان بۆ خۆیان دەنووسی.. بەم شێوەیە هیچ ئایەتیك دانەبەزیبوو، کە لە سەردەمی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) خۆیدا بە نووسراوی نەپارێزرابێت، نووسەرەکانی سروشیش ئەو هاوەڵانە بوون، کە بە فەرمی لەبەردەستی پێغەمبەری خوادا (دروودی خوای لەسەر) قورئانیان دەنووسییەوە.

لەو بەڵگانەش کە قورئان هەر لەسەرەتای هاتنەخوارەوەیەوە نووسراوەتەوە:

ـ ئیبن عومەر دەگێڕێتەوە: (أنَّ رَسول اللهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ نَهَي أنْ يسَافَرَ بِالقُرآنِ إلى أرْض العَدّوِ)[1]. واتە: (پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) قەدەغەی کرد لێمان بە قورئانەوە بچینە ناو زەوی دوژمن) دیارە قورئانی نووسراوەیە، چونکە مەبەستی فەرموودەکە قورئانی ناو سنگ نییە.

ـ ئەبو سەعیدی خودری دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: "لا تَكْتُبُوا عَنِّي، وَمَنْ كَتَبَ عَنِّي غَيرَ القُرآنِ فَلْيمْحُهُ"[2]. واتە: (هیچ مەنووسنەوە لەوەی کە دەیڵێم تەنها قورئان نەبێت، ئەگەر شتی ترتان نووسیوە

[1] پێشەوا بوخاری ڕیوایەتی کردووە بە ژمارە (٢٨٢٨): الجهاد والسير، هەروەها پێشەوا موسلیم بە ژمارە (١٨٦٩): الإمارة.

[2] پێشەوا موسلیم ڕیوایەتی کردووە بە ژمارە (٣٠٠٤): الزهد والرقائق.

بیسڕنەوە). ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) خۆی فەرمانی کردووە بە نووسینەوەی قورئان.

ـ بەڕاءدەڵێت: (لمَّا نَزَلتْ: ﴿لا يسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنْ الْمُؤمِنِينَ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللهِ﴾. قَال النَّبِي ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "ادْعُ لي زَيدًا وَلْيجِئْ بِاللوْحِ وَالدَّوَاة وَالْكَتِفِ، أَوْ الْكَتِفِ وَالدَّوَاة"، ثمَّ قَال: "اكْتُبْ لا يسْتَوِي الْقَاعِدُونَ.."..)[1]. واتە: (کاتێك کە ئەم ئایەتە دابەزی ﴿لا يسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنْ الْمُؤمِنِينَ..﴾ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: زەیدم بۆ بانگ بکەن با (لەوح) و مرەکەب و دەفەی شانی ئاژەڵ، یان شان و مرەکەب بێنێت، پاشان فەرمووی بنووسە: ﴿لا يسْتَوِي الْقَاعِدُونَ..﴾..).

لە ژیانی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) قورئان هەمووی لە دووتوێی پەرتووکێکدا کۆنەکرابووەوە، بەڵکو بڵاوبوو. لەهەمانکاتدا بەشێك لە هاوەڵان هەندێك لە قورئانیان لای خۆیان نووسیبووەوە. مەککی ئەبوتالب دەڵێت: "هەندێك لە هاوەڵان موصحەف تایبەتی خۆیان هەبووە، هەندێکیان لە لێواری پەڕەکانی چەند وشەیەکی تەفسیریان لەسەر دەنووسی"[2]. زەیدی کوڕی سابت دەڵێت: "پێغەمبەر وەفاتی کرد و قورئان هێشتا لە شتێکی تایبەتدا کۆنەکرابووەوە"[3]، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ:

١ـ نەبوونی ترسی دروستبوونی جیاوازیی لە نێوان هاوەڵاندا لە قورئاندا، ئەویش لەبەر بوونی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە نێوانیاندا و زۆر لە هاوەڵان قورئانیان لەبەر بووە، وەك زەرقانی دەڵێت: مسوڵمانان لەسەر خەیر بوون و قورئانخوێنان زۆر بوون، تا ئەو کاتەش ئیسلام زۆر بڵاونەبووبووەوە و بواری

---

[1] پێشەوا بوخاری ڕیوایەتی کردووە بە ژمارە (٤٦٠٦): تفسير القرآن.

[2] الإبانة عن معاني القراءات، أبي محمد القيرواني (٣١).

[3] الإتقان في علوم القرآن، السيوطي (١/ ١٦٤).

فیتنەش نەبوو، زیاتریش پشت بە لەبەرکردن دەبەسترا نەك نووسین، پێداویستی نووسینیش زۆر ئاسان دەست نەدەکەوت[1].

٢ـ لەترسی ئەوەی نەوەك لە ژیانی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) ئایەت هەبێت نەسخ بکرێت، وەك لە کتێبی (الإتقان)دا هاتووە، کە خەتتابی دەڵێت: (کۆنەکردنەوەی قورئان لە ناو پەرتووکێك لە سەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) لەبەر ئەوە بووە، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) چاوەڕێی ئەوەی کردووە کە لەوانەیە ئایەت هەبێت نەسخ بکرێتەوە، جا کاتێك دابەزینی قورئان وەستا بە کۆچکردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، خوای گەورە ئیلهامی جێنشینەکانی پێغەمبەری کرد، کە ئەو کارە بکەن تا وەعدی خوای گەورە بێتەجێ کە پەیمانی داوە قورئانەکەی بپارێزێت[2].

٣ـ قورئان بە یەك جار نەهاتەخوارەوە، بەڵکو بەش بەش لە ماوەی زیاد لە بیستساڵ.

٤ـ ڕیزبەندی ئایەت و سورەتەکان بە پێی هاتنەخوارەوە نەبوو، بەڵکو بەپێی هۆکارەکانی دابەزین (أسباب النزول) بووە[3]. وەك زەرکەشی دەڵێت: قورئان لە سەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) لە دووتوێی کتێبێکدا نەنووسراوەتەوە لەبەر ئەوە بووە، تا ناچار نەبن زوو زوو بیگۆڕن، لەبەر ئەوە دواکەوت تا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وەفاتی کرد[4]. دیارە ڕیزبەندی ئایەتەکان بە پێی هاتنەخوارەوە نەبووە، بەڵکو بەپێی ئەوە بووە، کە لە (اللوح المحفوظ)دا هەیە، ئەگەر بە دوای یەکدا بەپێی هاتنەخوارەوە بنووسرایە ئایەت و

---

[1] مناهل العرفان (١/ ١٧٩).

[2] تاريخ القرآن (٤٠).

[3] مناهل العرفان (١/ ١٧٩).

[4] البرهان في علوم القرآن، الزركشي (١/ ٢٣٥).

سوورەتەکان تێکەڵ دەبوون، بۆیە دواخرا و ماوەی نێوان دوا ئایەت، کە دابەزیبووە و کۆچی دوایی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) زۆر کورت بووە، کە نەتوانراوە قورئان لە دووتوێی پەرتووکێکدا بنووسرێت[1].

بەڵام قورئان هەمووی لە سەردەمی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) خۆیدا نووسراوەتەوە، تەنیا ئەوەندە هەیە کە لە یەك موصحەفدا نەبووە، پاشانیش لە سەردەمی ئەبوبەکردا (خوای لێ ڕازی بێت) کۆکراوەتەوە، بەو مانایەی ئەو پارچانەی کە قورئانیان لەسەر نووسرا بووەوە لە یەك شوێندا کۆکرانەوە، پاشانیش لە سەردەمی عوسماندا (خوای لێ ڕازی بێت) نوسخەی لێ گیراونەتەوە و شێوازی نووسینی یەکخراوە و نێردراون بۆ شارە گەورەکان، تا خەڵکی سەرچاوەیەکی ڕاست و دروستی قورئانیان بە نووسراوی لەبەردەمدا بێت و تەنها پشت بە لەبەرکردن نەبەستن.

کۆکردنەوەی قورئان لەم قۆناغەدا کارێکی تاکڕەوی عوسمان نەبوو، بەڵکو ڕەزامەندیی گەورە هاوەڵانی لەسەر بووە، نەك وەك ئەوەی کە هەندێك بڵاوی دەکەنەوە.. ئەبوبەکری ئەنباری لە سوەیدەوە، لە غەفلەوە، دەگێڕێتەوە، وتوویەتی: "گوێم لە عەلی کوڕی ئەبو تالیب بووە، دەیوت: خەڵکینە لە خوا بترسن، زیادەڕەوی مەکەن لە عوسماندا، پێی مەڵێن قورئانی سوتاندووە، سوێند بە خوا ئەو کارەی کردووە بە ئامادەبوونی گەورە هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)".. عومەری کوڕی سەعید دەڵێت: عەلی وتوویەتی: "ئەگەر والی بوومایە لە کاتی عوسماندا، منیش هەر ئەوەم لە موصحەفە زیادەکان دەکرد کە عوسمان کردی"[2].

---

[1] جمع القرآن الكريـم حفظًا وكتابـة، أ.د. علي بن سليمان العبيـد (٢٨).

[2] مناهل العرفان: ١/ ١٨٨).

هەر لەبەرئەوەی بەتەنها نووسین بەس نییە بۆ دروست خوێندنەوەی قورئان، خەلیفە عوسمان، لەگەڵ هەر موصحەفێکدا کە دەینارد بۆ شارە گەورەکان، قورئانخوێنێکی بەتوانای لە هاوەڵان لەگەڵدا دەنارد، بۆ ئەوەی ببێت بە مامۆستایان و مەرجەعیان بێت.. زەیدی کوڕی سابتی دانا لە مەدینە، عەبدوڵڵای کوڕی سائیبی نارد بۆ مەککە، موغیرەی کوڕی شیهاب بۆ شام، عامیری کوڕی عەبدی قەیس بۆ بەسرە، ئەبو عەبدولڕەحمانی سولەمیش بۆ کوفە [1].

## ڕەسمی موصحەف:

لەبەر ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا باس لەوە دەکەین، ئەگەر شارەزایش هەبێت لە زانستی ڕەسمی موصحەف و بنەماکانیشی لە خوێندنەوەی ئەو موصحەفانەی کە لەبەردەستایە جێبەجێ بکرێت، هێشتا چەندین وشە هەیە ناتوانرێت بە ڕاستی بخوێنرێتەوە، لەبەر ئەوە بەکورتی باسی ڕەسمی موصحەف، یان ڕێنووسی قورئانیی دەکەین.

**ڕێنووسی قورئانیی:** بریتیە لەو شێوازی نووسینەی کە لە نووسینەوەی قورئاندا بەکارهاتووە هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) و پاشانیش لە نووسینەوەی موصحەفەکانی سەردەمی عوسماندا، ڕێنووسەکەی جیاوازە لە ڕێنووسی ئاسایی. ئەو زانستەی کە لەم بابەتە دەکۆڵێتەوە پێی دەوترێت: (علم الإملاء ـ علم الخط ـ علم الهجاء ـ علم هجاء المصاحف ـ علم الضبط).

لە کاتی هاتنی ئیسلامدا، عەرەب نەتەوەیەکی نەخوێندەوار بوون بەگشتی، لە مەککەدا تەنها (١٧) پیاو هەبووە کە توانای خوێندن و نووسینیان هەبوو، بەڵام لە مەدینە ژمارەیان زیاتر بووە[2]. لەو کاتەدا جۆرە خەتێکی نووسین باو بوو پێی

---

[1] مناهل العرفان (١/ ٢٨٣).

[2] فتوح البلدان، أحمد بن يحيي البلاذري (٤٧٧، ٤٧٩).

وتراوە خەتی عەرەبیی باکوور، کە لە خەتی نەبەتی (النبطي)یەوە وەرگیراوە، کە ئەویش کاتی خۆی لە خەتی ئارامیەوە وەرگیراوە، پاشان پێی وتراوە خەتی حیجازی. بۆ تێگەیشتن لە خەتی نوسینی قورئان، پێویست دەکات ئاماژە بە تایبەتمەندییەکانی خەتی حیجازی بکریت[1]. لە تایبەتمەندییەکانی خەتی حیجازی[2]:

- نەبوونی نیشانەکانی جوڵە (سەر و بۆر و ژێر).
- لێکچوونی هەندێك پیت لە شێوەدا.
- حەزفکردنی پیتەکانی مەد (ا — و ـ ی) لە زۆربەی وشەکاندا.
- نووسینی ئەلیف بەشێوەی (ی).
- نووسینی (ت)ی مێینە (تاء التأنيث) بە دوو شێوە (ت ـ ه).
- نووسینی (و)ێکی زیادە لە کۆتایی هەندێك وشەدا.

پاش زانینی تایبەتمەندیەکانی خەتی حیجازی، ئەگەر سەیری تایبەتمەندییەکانی ڕێنووسی قورئانیی بکەین، دەبینین چەند لێکچوونێکی سەرەکی بەدی دەکرێت لە نێوانیاندا، ئەگەری ئەوە بەهێز دەکات، کە خەتی حیجازی کاریگەریی هەبووبێت لەسەر ڕێنووسی قورئانیی، بەڵام گەر سەیری قورئان بکەین، دەبینین نووسینی قورئان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، واتە مەرج نییە هەمیشە ئەو بنەمایانەی تێدا دووبارە بووبێتەوە، بۆ نموونە: وشەی (نعمة) بێ (إضافة)[3] (٨) جار بە تای درێژ (نعمَت) و (٢٣) جاری تر بە تای خڕ نووسراوە (نعمَة).

حوکمی پابەندبوون بە ڕێنووسی قورئانییەوە[4]:

---

[1] رسم المصحف دراسة لغوية تاريخية، غانم قدوري الحمد (٤٥– ٥٠).

[2] الميسر في علم رسم المصحف وضبطه، أ.د. غانم قدوري الحمد (٢١).

[3] بۆ نموونە: (نعمَتِيَ)، (بِنِعمَتِه)، (نِعمَتَهُ)، (نِعمَتَكَ).

[4] بنواڕە: مزايا الرسم العثماني وفوائده، د. طه عابدين طه (٣٠– ٣٤).

زانایان لەم بارەیەوە دەبن بە چەند بەشێکەوە:

ڕای یەکەم: پێویستە پابەند بین بە ڕێنووسی عوسمانیەوە و نابێت موخالەفەی بکرێت: ئەمەش ڕای زۆرینەی زانایانی پێشین و ئەوانی دواییشە، دیارە ئەمەشیان ڕای پەسەندە:

- لە پێشەوا مالیکیان پرسی: پێت چۆنە ئەگەر موصحەفێك بنووسین لەسەر شێوازی نووسینی ئەو سەردەمە؟ فەرمووی: "بەڕاستی نازانم، دەبێت هەروەك نووسینی پێشین بنووسرێتەوە" [1].

- ئەبو عەمری دانی دەڵێت: "هیچ کام لە زانایانی ئوممەت ڕایەکی غەیری ئەوەیان نەبووە"[2].

- پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەڵێت: "موخالەفەکردنی خەتی موصحەف عوسمانی حەرامە" [3].

- بەیهەقی لە (شعب الإيمان)دا دەڵێت: "هەرکەس موصحەفێك بنوسێت دەبێت پارێزگاریی ئەو پیتانە بکات، کە کاتی خۆی موصحەفەکانی پێ نووسراوە و نابێت موخالەفەیان بکات، یان شتێکی لێ بگۆڕێت، چونکە ئەوان زاناتر و ڕاستگۆتر بوون و لە ئێمە زیاتر ڕاسپاردەیان پاراستووە.."[4].

- لە فەتوای دەستەی باڵای گەورە زانایانی سعودیە، ژمارە (٧١)ی (٢١/١٠/١٣٩٩ك)دا هاتووە: "پارێزگاریکردنی نووسینەوەی موصحەف بە ڕێنووسی عوسمانی زەرورە، ئەوە شوێنکەوتنی عوسمان و عەلی و هاوەڵانی ترە و کارکردنە

---

[1] المقنع في رسم مصاحف الأمصار ونقطها، الإمام أبو عمرو الداني (٦٨).

[2] هەمان سەرچاوە (٦٨).

[3] البرهان في علوم القرآن (١/ ٣٧٩).

[4] شعب الإيمان، البيهقي (٤/ ٢١٩).

به کۆدەنگیان[١] "، هەروەها مەجمەعی فیقهی لە مەککە[٢] و خانەی فەتوا لە میسر[٣] پشتگیریی ئەم فەتوایەیان کردووە.

ڕای دووەم: جائیزە قورئـان بـە ڕێنووسـی نـوێ بنووسـرێت، چـونکە ڕێنووسـی قورئانیی تەوقیفی نییە، بەڵکو کارێکە هاوەڵان لەسەری ڕازی بـوون، لەوانـە: ئـیبن خەلدون و قازی ئەبوبەکری باقیلانی، وەك لە کتێبی (الانتصـار)دا باسـی کـردووە، هەروەها هەندێك لە زانا هاوچـەرخەکان پێیـان وایـە ئـەم جـۆرە نووسـینە خـەڵکی دەخاتــە هەڵــەوە و ناڕەحــەتیان دەکـات و هـیچ بەڵگەیـەك نییـە لـە قورئـان، یـان سوننەت، یان کـۆدەنگی ئوممـەت، لەسـەر ئـەوەی کـە واجبـە ڕێنووسـی قورئـانیی بەکاربێت.

ڕای سێیەم: نووسینی موصحەفەکان بە ڕێنووسی ئاسایی بنووسرێت بۆ عامـەی خـەڵك بــە مەبەسـتی فێربــوون و هێشـتنەوەی ڕێنووسـی عوسمـانی و تــەنها وەك کلتــوورێکی بۆمــاوە لــە هاوەڵەکانــەوە و ئــەو جــۆرە موصــحەفانە تایبــەت بــن بــە زانایانەوە[٤].

ڕای چوارەم: پێویستە قورئان بە ڕێنووسی ئاسایی بنووسرێتەوە، تا نەزانـەکان نەکەونــە هەڵــەی گــۆڕینی قورئــان. ئــەم ڕایــەش دەگەڕێننــەوە بــۆ عیــززی کــوڕی عەبدولسەلام[٥].

---

[1] //www.alifta.net/Fatawa/fatawaChapters.aspx?languagename=ar&View=Page&PageID=741&PageNo=1&BookID=1

[2] https: //islamqa.info/ar/٩٧٧٤١

[٣] فتاوي دار الإفتاء المصرية، دار الإفتاء المصرية، موقع وزارة الأوقاف المصرية:
http: //www.islamic-council.com

[٤] بنواڕە: مناهل العرفان (١/ ٢٧٠-٢٧١).

[٥] دکتۆر ئەیمەن سوید دەڵێت: بە دوای ئەم فەتوایەی عیززی کـوڕی عەبدولسـەلامدا گـەڕام نەمبینیـەوە. پێشتریش دکتۆر غانم قەددوری بەدوایـدا گـەڕاوە و نەیبینیوەتـەوە، وەك لـە کتـێبی (رسـم المصـحف)دا

ئایا ڕێنووسی قورئانیی بە وەحییە، واتە (توقیفی)ە؟ یان ئیجتیهادی هاوەڵان بووە؟

هەندێك پێیان وایە لەلایەن خواوەیە، واتە (توقیفی)یە.. بە بەڵگەی ئەوەی لەگەڵ هاتنەخوارەوەی ئایەتەکاندا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمانی دەکرد بە هاوەڵان، کە ئایەتەکان بنووسنەوە بە ئامادەبوونی خۆی و پێی دەووتن، کە فلانە ئایەت بخەنە فلانە شوێنەوە، تەنانەت هەڵەکانیشی بۆ ڕاستکردوونەتەوە. زەیدی کوڕی سابت دەڵێت: (كُنْتُ أَكْتُبُ الْوَحْيِ عِنْدَ رَسُولِ اللهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ، وكَانَ يشْتَدُّ نَفَسَهُ ويعْرَقُ عَرَقًا شَدِيدًا مِثل الْجُمَانِ، ثمَّ يسَرَّى عَنْهُ، فَأَكْتُبُ وَهُوَ يمْلِي عَلَي، فَمَا أَفْرَغُ حتى يثقُل، فَإِذا فَرَغْتُ قَالَ: «اقْرَأْ» فَأَقْرَأَهُ، فَإِنْ كَانَ فِيهِ سَقْط أَقَامَهُ)[1] واتە: (قورئانم لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەنووسیەوە، هەناسەی توند دەبوو و ئارەقێکی زۆری دەکردەوە وەکو یاقوت، پاشان لێی دەبووەوە، ئینجا دەمنوسیەوە و ئەویش پێی دەوتمەوە، کە تەواو دەبووم لە نوسینەوە، دەیفەرموو: بخوێنەوە، منیش دەمخوێندەوە، ئەگەر هەڵەیەکی تێدابووایە بۆی ڕاست دەکردمەوە). تەنانەت دەوترێت: "ئەگەر لە نووسینەوەی قورئاندا هەر تێبینیەك هەبووبایە، خوای گەورە پێغەمبەری (دروودی خوای لەسەر) لێ ئاگادار دەکردەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە جۆرە شێوازێکی دی نەبوبێت لە نووسینەوەدا کە لەبەردەم پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) نەنوسرابێتەوە، لەبەر ئەوەش بووە کە زەید لە کۆکردنەوەی قورئاندا تەنها ئەو نووسراوانەی قەبوڵ بووە، کە لەبەردەم پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) نووسرابێتەوە"[2].

---

ئاماژەی پێ کردووە: "وقد حاولت العثور على رأي ابن عبد السلام هذا في أحد كتبه الثلاثة المطبوعة: (الفوائد)، و(الإشارة)، و(قواعد الأحكام) فلم أوفق".

[1] تەبەرانی ڕیوایەتی کردووە بە ژمارە (٤٨٨٨): المعجم الكبير (٥/ ١٤٢)، وقال الهيثمي في مجمع الزوائد: رواه الطبراني بإسنادين، ورجال أحدهما ثقات (٨/ ٢٥٧).

[2] د. طه عابدين طه: مزايا الرسم العثماني وفوائده (١٣).

**چەند نموونەیەك لە ڕیوایەتی (حفص) كە خوێندنەوەیان بە ڕیوایەت نەبێت ناكرێت**

لەكۆی ڕیوایەتەكانی قورئان، تەنها (١٠) خوێندنەوە (قراءة) وەرگیراوە لەلایەن مسوڵمانانەوە و كۆدەنگیان لەسەرە، زانایان مەرجەكانی ڕاستیی خوێندنەوە (صحة التلاوة)یان دیاریكردووە، ئینجا دەبێت وەربگیرێت، ئەوانیش بریتین لە سێ مەرج[1]:

١. بوونی سەنەدی دروستی نەپچڕاوی موتەواتیر[2] بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر).

٢. گونجانی لەگەڵ شێوازێك لە شێوازەكانی زمانی عەرەبی.

٣. لانەدات لە خەتی موصحەفی پێشەوا عوسمان.

بەڵام گرنگترینیان بوونی سەنەدێكی نەپچڕاوی ڕاستی موتەواتیرە تا دەگاتە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر).

ڕیوایەتی موتەواتیر بۆ خوێندنەوەی قورئان بەشێوازێكی ڕاست و دروست، مەرجی سەرەكییە، تەنانەت ئەگەر وشەیەك لەڕووی زمانەوانییەوە (بەبێ ڕیوایەت) بتوانرێت بخوێنرێتەوە، دروست نیە.. ئەصمەعی لە مازینی پرسیوە: "ڕات چیە لەسەر خوێندنەوەی ئەم ئایەتە ﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ﴾؟" مازینی وتی: "سیبەوەیهی پێیوایە خوێندنەوەی (كُل) باشتر وایە بە (مرفوع)ی بخوێنرێتەوە، نەك بە (منصوب)ی بەپێی ڕێزمانی عەرەبی. چونكە (فعل)ەكە ڕاناوی پێوە نەنوسراوە و هیچ شتێك پەیوەندی بە (فعل)ەكەوە نیە. بەڵام كۆی قورئانخوێنان

---

[1] قطر من غيث النفع في أصول وكلمات القراءات السبع، د. محمد نبهان مصري (١٠).

[2] (موتەواتیر: بریتیە لەو هەواڵەی كە چەند كەسێك دەیگوێزنەوە، لە كۆمەڵێكی دیكە، كە زانستمان هەیە بە ڕاستگۆییان، ناكرێت پشتیوانی یەك بن لەسەر درۆ. دەبێت ئەم مەرجە لە هەموو ئەوانەدا هەبێت كە دەیگێڕنەوە، لە سەرەتاوە تا كۆتا)، بنوارە: التقييد والإيضاح شرح مقدمة ابن صلاح للحافظ زين الدين عبدالرحيم العراقي. لە كتێبی: علوم الحديث، د. عبد الكريم زيدان و د. عبد القهّار داود عبد الله.

(القراء) کۆدەنگن لەسەر خوێندنەوەی بە (منصوب)ی و ئێمەش هەروای دەخوێنینەوە، چونکە قورئانخوێندنەوە لە سوننەتەوە وەرگیراوە"[1][2].

ئەصمەعی دەڵێت: "ئەبو عەمر پێی وتم: "ئەگەر لەبەر ئەوە نەبێت، کە نابێت قورئان بخوێنرێتەوە بەبێ ئەو ڕێگەیەی کە قورئانخوێنان خوێندوویانەتەوە، فلانە وشە و فلانە وشەم بە فلانە شێوە دەخوێندەوە" لەبەر ئەوە ئەبو عەمر پێچەوانەی ڕا نەحویەکانی خۆی دەکرد، لەبەر پابەندبوون بەو خوێندنەوەیەی کە بە ڕیوایەت جێگیر بووە" [3].

ئیبن خالەوی لە (الحجة)دا دەڵێت: "تەنها ئەبو عەمری بەصری پیتی (ر) دەغم دەکات لە پیتی (ل)دا، لەگەڵ ئەوەی لای بەصرییەکان ئەو شتە لاوازە"[4]. واتە ئەبو عەمر، کە یەکێکە لە (١٠) قورئانخوێنەکان و لە هەمان کاتدا زانایەکی نەحویی بووە، پێچەوانەی ڕا نەحوییەکانی خۆی و قوتابخانەی بەصرەی کردووە و، لە قورئان خوێندنەوەدا پابەند بووە بە ڕیوایەتەوە.

دەربارەی ڕیوایەتی حەفصی کوڕی سولەیمانی کوڕی موغیرەی کوفی (٩٠ ــ ١٨٠ك)، کە قورئانی لە پێشەوا (عاصم) وەرگرتووە، ئەویش لە ئەبو عەبدولڕەحمانی سولەمی، لە عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب.. لە کوفە و بەغداد و مەککەش

---

[1] واتە بە ڕیوایەتە.

[2] رسم المصحف العثماني، عبدالفتاح إسماعيل شلبي، ورقة ٣٦. لە کتێبی: القرءات القرآنية وما يتعلق بها، د. فضل حسن عباس: ٣٧٩. سأل الأصمعي المازني فقال: "ما تقول في قوله عز وجل: (إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ) القمر: ٤٩"؟ فقال المازني: "يذهب سيبويه إلى أن الرفع فيه أقوي من النصب في العربية لاشتغال الفعل بالضمير، وأنه ليس هاهنا شيء هو بالفعل أولى، ولكن أبت عامة القراء إلاّ النصب. فنحن نقرؤها لذلك اتباعًا، لأن القراءة سنّة".

[3] القراءات في نظر المستشرقين والملحدين، عبد الفتاح عبد الغني القاضي (٧٧).

[4] هەمان سەرچاوە (٧٧).

قورئانی وتووەتەوە[1].. لە قوتابییەکانیشی (عمرو بن الصباح، عبید بن الصباح، أبو شعیب القواس، حمزه بن القاسم، حسین بن محمد المروذي، وخلف الحداد)[2].

بۆیە تەرکیزمان کردووەتە سەر ڕیوایەتی حەفص[3]، چونکە ئەم ڕیوایەتە، لەم کاتەدا، بڵاوترین و ناسراوترین ڕیوایەتە کە زۆربەی جیهانی ئیسلامی قورئانی پێ دەخوێنن، تەنها لە چەند شوێنێکی کەم نەبێت، بۆ نموونە لە وڵاتانی تونس و جەزائیر و مەغریب بە ڕیوایەتی (ورش عن نافع) قورئان دەخوێنن، لە لیبیاش بە ڕیوایەتی (قالون عن نافع)، لە هەندێ شوێنی سودانیش بە ڕیوایەتی (الدوری عن أبی عمرو). تەنانەت لای هەندێك کەس ـ تەنانەت هەندێك لە ڕۆشنبیرانیش ـ وایە کە تەنها ڕیوایەتی حەفص قورئانی پێ دەخوێنرێتەوە و ئەم موصحەفەش کە لەبەردەستماندایە تەنها بەو ڕیوایەتە نووسراوە!

ئەگەر خوێندنەوەی قورئان تەنها بە پشتبەستن بە ئەوەی لە موصحەفەکاندا نوسراوەتەوە ببەسترێت بێ ڕیوایەت، ئەوا چەندین وشە هەیە لە شکڵدا لەیەك دەچن، بەڵام لە شوێنە جیاوازەکاندا وەك یەك ناخوێنرێنەوە، واتە لەگەڵ زانینی بنەماکانی نووسینەوەی موصحەفیش (رسم المصحف)، سەیر دەکەین ناتوانین ئەو بنەمایانە جێبەجێ بکەین بەسەر هەموویاندا.. لەوانەیە شێوەی نووسینەکەیان وەك یەك بێت، بەڵام بە جۆرێکی جیاواز بخوێنرێتەوە، لەوانەیە ماناکانیشیان جیاواز بێت، یان بە دوو دیالێکتی عەرەبی جیاواز، کە پێی دەوترێت (فیه لغتان) هەردووکیان یەك مانایان هەبیت، بەڵام لەبەر ڕیوایەتەکە لە هەندێ شوێندا بەجۆرێك و لە هەندێ شوێنی تردا بە جۆرێکی تر دەخوێنرێتەوە، خوێندنەوەیەك کە هیچ

---

[1] غاية النهاية في طبقات القراء، ابن الجزري الشافعي (١/ ٢٢٩–٢٣٠).

[2] تأريخ القراءات والقراء، د. محمود أحمد الأطرش (١٠٨).

[3] بێگومان ئەگەر توێژینەوە لە ڕیوایەت و قیرائەتەکانی دیکە بکرێت، نهێنی زیاتر و بەڵگەی زیاترمان دەست دەکەوێت.

خیلافێکی تێدا نییە لای زانایان.. یان ئەگەر بەپێی نووسراوەکە بخوێنرێتەوە، ئەوە ماناکەی بەپێچەوانەوە دەردەچێت، نەرێ (النفي) دەبێت بە ئەرێ (الإثبات)، یان بەپێچەوانەوە.

هەروەها چەندین وشە هەیە لە قورئاندا، لەگەڵ ئەوەی موصحەفەکان لە سەرەتاوە نە نوقتەیان بۆ کرابوو نە سەر و بۆر، ئەو وشانە دەکرێت بە جۆرێکی تریش بخوێنرێتەوە ـ بە دانانی نوقتەکان لە شوێنی تردا، یان بە گۆڕینی سەر و بۆرەکەیان ـ ماناکانیشان دروستن و لە لایەنی زمانەوانیشەوە دروستە، بەڵام تەنها بە یەك شێواز دەخوێنرێنەوە، نەك لە ڕیوایەتی (حفص)دا، بەڵكو لە هەموو قیرائەتەکانی تریشدا.

**یەکەم: پیتەکانی سەرەتای هەندێك سورەت:**

سەرەتا ئەو پیتانەی سەرەتای هەندێك سورەت هەن: (الم، المص، الر، المر، كهيعص، طه، طسم، طس، يس، حم، عسق، ص، ق، ن)، بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت بخوێنرێنەوە ئەگەر ڕیوایەت نەبێت.

دووەم: لەو نموونانەی بە یەك شێواز نووسراون، بەڵام لە خوێندنەوەدا جیاوازن، ئەگەر بە خوێندنەوەکەی تریش بخوێنرێتەوە هەڵە دەرناچێت لە لایەنی مانای کۆتایی، یان لە لایەنی زمانەوانییەوە:

* ﴿مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ﴾ (الفاتحة: ٤): کە بە (ملك) نووسراوە، بەڵام بە (مَالِكِ) دەخوێنرێتەوە. دەکرێت بوترێت کە ئەمە بە بۆنەی تایبەتمەندیی خەتی حیجازیە کە قورئانی پێ نووسراوە، کە پیتەکانی مەدد نانوسرێت! بەڵام ئەگەر سەیر بکەین ئەم وشەیە بەم ڕێنووسە (ملك) (١٢) جار هاتووە لە قورئاندا، جگە لەوەی کە بە (الـ)ەوە، واتە (الملك) کە (١١) جار هاتووە، کە لە (٩) شوێندا (يوسف: ٤٣، ٥٠، ٥٤، ٧٢و ٧٤، طه: ١١٤، المؤمنون: ١١٦، الحشر: ٢٣، الجمعة: ١) بە (المَلِك)

هاتووه به مانای (پادشا)، له (٢) شوێنیشدا (الحاقة: ١٧، الفجر: ٢٢) به (المَلَكُ) واته (فریشته)[١]:

﴿وَقَالُواْ لولا أُنزِل عَليه مَلك﴾ (الأنعام: ٨)، ﴿وَلا أَقُولُ لكُم إِنِّي مَلـكٌ﴾ (الأنعـام: ٥٠)، ﴿أَو جَاءَ مَعَهُ مَلَكٌ﴾ (هود: ١٢)، ﴿وَلا أَقُولُ إِنِّي مَلك..﴾ (هود: ٣١)، ﴿إِنْ هَذَا إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ﴾ (يوسف: ٣١)، ﴿لولا أُنزِل إِليه مَلـك﴾ (الفرقـان: ٧)، ﴿قُـلْ يَتَوَفَّـاكُمْ مَلَكُ الْمَوْتِ﴾ (السجدة: ١١)، ﴿وَكَمْ مِـنْ مَلَـكٍ فِـي السَّمَاوَاتِ﴾ (الـنجم: ٢٦): كـه لـه هەموویاندا به مانای (فریشته) دێت. لەم ئایەتەشدا به مانای (پادشا) دێت: ﴿وَكَانَ وَرَاءَهُم مَّلِك يأْخُـذ كُـل سَـفِينَة غَـصبا﴾ (الكهـف: ٧٩). لـەم شـوێنانەدا ماناكانیـان ڕوونه، بەڵام لەم شوێنانەی خوارەوەدا دەكرێت به (مَلِك) و (مَالِك)یش بخوێنرێنەوه و ماناكەشیان تێك ناچن، بەڵام له دووانیاندا به (مَالِك) دەخوێنرێنەوه: ﴿مَالِكِ يَـوْمِ الدِّينِ﴾ (الفاتحة: ٤): دەكرێت به (مَلِكِ يومِ الدِّينِ)[٢] و ﴿قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ..﴾ (آل عمران: ٢٦): دەكرێت به (قُلِ اللهُمَّ مَلِكَ المُلكِ) بخوێنرێنـەوه.. لـه دانەیەكیانـدا بـه (مَلِك): ﴿مَلِكِ النَّاسِ﴾ (النـاس: ٢) و دەكرێـت بـه (مَالِـكِ النَّـاسِ) بخوێنرێتـەوه[٣]، بەڵام تەنها بەو شێوانه دەخوێنرێتەوه، لەبەر ڕیوایەت.

* وشەی (تخرجون) (٤) جار له قورئاندا هاتووه، لەم ئایەتانەدا بـه (تُخرَجُـونَ) دەخوێنرێتەوه: ﴿قَال فِيهَا تَحيونَ وَفِيهَا تَمُوتُونَ وَمِنهَا تُخرَجُونَ﴾ (الأعـراف: ٢٥)، ﴿وَيُحْيِي الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَكَذَلِكَ تُخْرَجُونَ﴾ (الروم: ١٩)، ﴿فَأَنْشَرْنَا بِـهِ بَلْـدَةً مَيْتًـا كَذَلِكَ تُخْرَجُونَ﴾ (الزخرف: ١١)، بەڵام لەم ئایەتەدا به (تَخرُجُـونَ) دەخوێنرێتـەوه:

---

١ یەكجاریش به (يَا مَالِكُ) هاتووه له سورەتی (الزخرف: ٧٧)دا: ﴿وَنَادَوْا يَا مَالِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ..﴾.

٢ له قیرائەی تردا به (مَلِكِ يَومِ ٱلدِّينِ) دەخوێنرێتەوه، وەك له قیرائەكانی (نافع، ابن كثير، أبو عمرو، ابـن عامر، حمزة، وأبو جعفر). تەنانەت لەو قیرائانەشـدا ئایەتەكـەی سـورەتی (آل عمـران) هـەر بـه (مَالِـك) و ئایەتەكـەی سـورەتی (النـاس) بـه (مَلِـك) دەخوێندرێنـەوه. بنـواڕه: البـدور الزاهـرة في القـراءات العشـر المتواترة من طريقي الشاطبية والدرة، عبد الفتاح القاضي (١٥).

٣ بنواڕه: القراءات في نظر المستشرقين والملحدين (٤٦– ٤٧).

﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ تَقُومَ السَّمَاءُ وَالْأَرْضُ بِأَمْرِهِ ثُمَّ إِذَا دَعَاكُمْ دَعْوَةً مِنَ الْأَرْضِ إِذَا أَنْتُمْ تَخْرُجُونَ﴾ (الروم: ٢٥)، وەك دیارە هەردوو بەکارهێنانەکە - لەگەڵ بوونی جیاوازییەکی کەم لە ماناکانیاندا[1] - دەتوانرێت بەکاربهێنرێت و مەبەستەکانیش بگەیەنن، بەڵام لەبەر ئەوەی قورئان بە ڕیوایەت نەقڵ دەکرێت، بە هیچ شێوازێك کەس ناتوانێت بیگۆڕێت!

* لەو نموونانەش، کە وشەکە لە زمانی عەرەبیدا بە دیالێکتی جیاواز دەخوێنرێنەوە و هەمان مانایان هەیە، بەڵام ناتوانرێت یەکێکیان بخرێتە شوێنی ئەوی تر، چونکە ڕیوایەت ڕێی پێ نادات:

* وشەی (کرها) (٧) جار لە قورئاندا هاتووە، لەم ئایەتانەدا بە (کَرها) دەخوێنرێتەوە: ﴿وَلَهُ أَسْلَمَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا﴾ (آل عمران: ٨٣)، ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَحِلُّ لَكُمْ أَنْ تَرِثُوا النِّسَاءَ كَرْهًا..﴾ (النساء: ١٩)، ﴿قُلْ أَنفِقُواْ طوعًا أو كَرهًا..﴾ (التوبة: ٥٣)، ﴿وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا..﴾ (الرعد: ١٥)، ﴿فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا..﴾ (فصلت: ١١). بەڵام تەنها لەم ئایەتەدا بە (کُرهًا) دەخوێنرێتەوە: ﴿وَوَصَّيْنَا الْإِنْسَانَ بِوَالِدَيْهِ إِحْسَانًا حَمَلَتْهُ أُمُّهُ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا..﴾ (الأحقاف: ١٥)، لە کاتێدا لە هەموو شوێنەکاندا بەیەك ڕێنووس نووسراوە، هەروەها ماناکانیشیان لە یەکەوە نزیکن[2] ، ئەگەر لە شوێنی یەکتریش بەکار بێت جیاوازییەکی وای نابێت و ماناکەی دروستە، بەڵام لەبەر ئەوەی پێچەوانەی ڕیوایەت دەبێت، کارەکە دروست نییە.

* وشەی (رشدا) (٧) جار لە قورئاندا هاتووە، لەم ئایەتانەدا بە (رُشدًا) دەخوێنرێتەوە: ﴿فَإِن ءَانَستُم مِّنهُم رُشدًا..﴾ (النساء: ٦)، ﴿أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمتَ رُشدًا﴾ (الكهف: ٦٦)، بەڵام لەم ئایەتانەدا بە (رَشَدا) دەخوێنرێنەوە: ﴿وَهَيِّئ لَنَا

---

[1] بنوارە: تفسير القرآن بالقراءات القرآنية العشر (٤/ ١٧٣– ١٧٥).

[2] القراءات في نظر المستشرقين والملحدين (٦٢).

مِن أمرِنَا رَشَدًا﴾ (الكهف: ١٠)، ﴿لِأَقْرَبَ مِنْ هَذَا رَشَدًا﴾ (الكهف: ٢٤)، ﴿أم أَرَادَ بِهِم رَبُّهُم رَشَدًا﴾ (الجن: ١٠)، ﴿فَمَنْ أَسْلَمَ فَأُولَئِكَ تَحَرَّوْا رَشَدًا﴾ (الجن: ١٤)، ﴿قُل إِنِّي لا أَملِكُ لكُم ضرًّا ولَا رَشَدًا﴾ (الجن: ٢١)، لەگەڵ ئەوەی ماناکانیشیان وەك یەکن، بەڵام هیچ کامیان ناتوارێت بخرێتە شوێنی ئەوی دیکە، قورئان بە ڕیوایەت نەقڵ دەکرێت.

* وشەی (الحزن) (٢) جار لە قورئاندا هاتووە، لەم ئایەتەدا بە (الْحُزْنِ) دەخوێنرێتەوە: ﴿وَابْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ الْحُزْنِ..﴾ (یوسف: ٨٤)، بەڵام لەم ئایەتەدا بە (الْحَزَنَ) دەخوێنرێتەوە: ﴿وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَذْهَبَ عَنَّا الْحَزَنَ..﴾ (فاطر: ٣٤)، دیارە ماناکان وەك یەکن.

* وشەی (کسفا) (٥) جار لە قورئاندا هاتووە، لەم ئایەتانەدا بە (کِسَفًا) دەخوێنرێتەوە: ﴿أَوْ تُسْقِطَ السَّمَاءَ كَمَا زَعَمْتَ عَلَيْنَا كِسَفًا..﴾ (الإسراء: ٩٢)، ﴿فَأَسْقِطْ عَلَيْنَا كِسَفًا مِنَ السَّمَاءِ..﴾ (الشعراء: ١٨٧)، ﴿وَيَجْعَلُهُ كِسَفًا فَتَرَى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَالِهِ..﴾ (الروم: ٤٨)، ﴿أَوْ نُسْقِطْ عَلَيْهِمْ كِسَفًا مِنَ السَّمَاءِ..﴾ (سبأ: ٩)، بەڵام لەم ئایەتەدا بە (کِسفا) دەخوێنرێتەوە: ﴿وَإِنْ يَرَوْا كِسْفًا مِنَ السَّمَاءِ سَاقِطًا..﴾ (الطور: ٤٤). وەك شێخ عەبدولفەتتاح قازی دەڵێت: "لە زمانی عەرەبیدا لەم شوێنەشدا جائیزە، کە سینەکە بە فەتحە بخوێنرێتەوە و سیاقی ئایەتەکەش ئەوە هەڵدەگرێت"[1].

سێیەم: لەو نموونانەی ئەگەر بەپێی نووسراوەکە بخوێنرێتەوە ئەوە ماناکەی بەپێچەوانەوە دەردەچێت:

* ﴿لَأُعَذِّبَنَّهُ عَذَابًا شَدِيدًا أَوْ لَأَذْبَحَنَّهُ أَوْ لَيَأْتِيَنِّي بِسُلْطَانٍ مُبِينٍ﴾ (النمل: ٢١): بڕگەی (لَأَذْبَحَنَّهُ) دەبێت بە (لا أذبحَنَّهُ) بخوێنرێتەوە بەپێی ئەم ڕێنووسە، واتە (سەری نابڕم)، بەڵام کۆدەنگی هەموو قورئانخوێنانی لەسەرە کە دەبێت بە (لأذبحَنَّهُ) بخوێنرێتەوە، واتە (دەبێت سەری ببڕم). لەم بارەیەوە شێخ تاهیری

---

[1] بنواڕە: تفسير القرآن بالقراءات القرآنية العشر، مجموعة من المؤلفين (٣/ ٢١١-٢١٢).

کوردی دەڵێت: (ئەگەر یەکێك بڵێت: باشە چی دەڵێن دەربارەی ئەو ڕیوایەتەی، کە لە یەحیای کوڕی یەعمور و عیکریمەی خزمەتکاری ئیبن عەبباس دەیگێڕنەوە لە عوسمانەوە: گوایە کاتێك کە موصحەفەکان نووسرایەوە و پیشانیاندا، هەندێ هەڵەی تێدا بوو ـ لە نەحو و ئیعرابدا ـ وتی: (اتركُوها فإنَّ العربَ ستُقيمُها أو ستُعْرِبُها بِلسانها)، لەم ڕیوایەتەوە ئەوە دەردەکەوێت کە هەڵە لە نووسینەوەی قورئاندا ڕووی دابێت. دەڵێم: ئەم هەواڵە لای ئێمە نابێتە بەڵگە لە دوو ڕێگەوە: یەکەمیان لەگەڵ بوونی تێکەڵی لە سەنەدەکەیدا و ناڕێکی (اضطراب) لە لەفزەکانیدا، ڕیوایەتێکی (مرسل)ە[1] ، چونکە یەعمور و عیکریمە هیچیان لە عوسمانیان نەبیستووە و نەشیان بینیوە، هەروەها زاهیری لەفزەکانی نەفیی ئەوە دەکەن کە لە عوسمانەوە بێت، لەبەر بوونی تانە (الطعن) لەسەر عوسمان و لەگەڵ بوونی پێگەی بەرزی عوسمان لە ئیسلامدا و هەوڵدانی زۆری لە گەیاندنی ئامۆژگاری و هەوڵدانی و کارکردنی بۆ چاکسازیی ئوممەت، مومکین نییە شتی وای وتبێت لەکاتێکدا هەستاوە بە کۆکردنەوەی قورئان لەگەڵ تێکڕای هاوەڵە خاوەن تەقواکان بۆ نەهێشتنی جیاوازیی لە خوێندنەوەی قورئاندا، ئینجا بێت ئەم هەڵانە بەجێبهێڵێت تیایدا بۆ دوای خۆی، کە گومانی تێدا نییە ئەوانەی لە دوای خۆی دێن لەو شارەزاتر نین و شایەت نەبوون بە سەریەوە، دەردەکەوێت کە ئەمە گوتارێکە نابێت کەس بڕوای پێ بێت. جا ئەگەر وتیان: باشە دەڵێیت چی ئەگەر ئەم ڕیوایەتە ڕاست بێت و عوسمان وای وتبێت؟ دەڵێم: دەبێت مەبەستی عوسمان هەڵەی خوێندنەوە بێت نەك نووسینەوەی (رسم المصحف)، چونکە ئەگەر تەنها بەپێی نووسراوەکە بخوێنرێتەوە ـ واتە بەبێ ڕیوایەت ـ ئەوا مەعنا و لەفزەکان دەگۆڕڕێت، نابینیت (أَوْ لاأذبَحَنَّهُ) و (لاأوْضعُوا) و (مِنْ نَبَأَيْ المُرْسلينَ) و (سَأُوْريكُم)، و (الربَوا)

---

[1] هو ما رواه التابعي كبيرًا كان صغيرًا عن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ. لە کتێبی: معجم مصطلحات الحديث النبوي، أ.د. رشيد عبدالرحمن العبيدي (٢٨٦).

و نموونەکانیان، کە ئەلیف و یا و واویان بۆ زیاد کراوە لە نووسینەوەکەیاندا، ئەگەر یەکێك بیانخوێنێتەوە و ئاگاداری ڕاستی (رسم المصحف) نەبێت ئەوا ئەرێ دەبوو بە نەرێ و پیت، یاخود وشەی زیادە دەچووە سەر وشەکان، کەواتە هەڵەیان دەکرد لە شتێکدا، کە شارراوە نییە لەوانەی کە گوێیان لە قورئان بووە لەگەڵ ئەوەی (رسم)ەکە ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە، کەواتە بزانە عوسمان، کە لەسەر ئەو بەناو هەڵانە قسەی نەکردووە مەبەستی پێی خوێندنەوەی بووە کە عەرەب خۆیان دەزانن بیخوێننەوە، چونکە بە زمانی خۆیان هاتۆتە خوارەوە..)[1].

**چوارەم: نموونەی ئەو وشانەی لە زمانی عەرەبیدا دەکرێت بە شێوەیەك زیاتر بخوێنرێتەوە، بەڵام لە قورئاندا تەنها بە یەك شێواز دەخوێنرێنەوە:**

نەك لە ڕیوایەتی (حفص)دا، بەڵکو لە هەموو قیرائەتەکانی تریشدا[2]:

* وشەی (مكث) لە سورەتی (الإسراء: ١٠٦)دا: ﴿وَقُرْآنًا فَرَقْنَاهُ لِتَقْرَأَهُ عَلَى النَّاسِ عَلَى مُكْثٍ وَنَزَّلْنَاهُ تَنْزِيلًا﴾ (الإسراء١٠٦) دەکرێت بە (مُكث) و (مَكث) و (مِكث)یش بخوێنرێتەوە، بەڵام تەنها بە (ضمة) دەخوێنرێتەوە. بەڵام فیعلی (مَكَث) لە سورەتی (النمل: ٢٢)دا: ﴿فَمَكَثَ غَيْرَ بَعِيدٍ فَقَالَ أَحَطْتُ بِمَا لَمْ تُحِطْ بِهِ وَجِئْتُكَ مِنْ سَبَإٍ بِنَبَإٍ يَقِينٍ﴾، لە ڕیوایەتی (حفص)دا بە (فَمَكَث) دەخوێنرێتەوە، بەڵام لە قیرائەی تردا هەیە بە (فَمَكُث) دەخوێنرێتەوە[3].

* وشەی (خطف) لە سورەتی (الصافات: ١٠)دا: ﴿إِلَّا مَنْ خَطِفَ الْخَطْفَةَ فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ ثَاقِبٌ﴾ تەنها بە (خَطِفَ) دەخوێنرێتەوە لە بابی (خَطِفَ يَخْطَفُ: عَلِمَ يعْلَمُ)،

---

[1] المقنع للإمام الدّاني. لە کتێبی: تاريخ القرآن، الكردي (٦٦– ٦٧)، هەروەها: إتقان البرهان في علوم القرآن، د. فضل حسن عباس (٢/ ١٧٠).

[2] بنواڕە: القراءات في نظر المستشرقين والملحدين (٦٥– ٧١).

[3] لە قیرائەکانی تردا، جطة لة (عاصم) و (أبو جعفر)، بنواڕە: البدور الزاهرة (٢٣٤).

لەگەڵ ئەوەی لەڕووی زمانەوانییەوە هەڵە نابێت، ئەگەر بە (خَطفَ) بخوێنرێتەوە لە بابی (خَطفَ يخْطفُ: عَمَدَ يعْمَدُ).

* وشەی (الرضاعة) تەنها بە فەتحەی عەینەکە دەخوێنرێتەوە، لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی زمانەوانیەوە بە فەتحە و کەسرەش ڕاستە بخوێنرێتەوە: ﴿لِمَنْ أَرَادَ أَنْ يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ﴾ (البقرة: ٢٣٣)، ﴿وَأَخَوَاتُكُمْ مِنَ الرَّضَاعَةِ..﴾ (النساء: ٢٣)[1].

پێنجەم: نموونەی ئەو وشانەی دەکرێت ئیعرابی کۆتایی وشەکە بە شێوازێکی تر بخوێنرێتەوە و مانایەکی تەواویش بدات، بەڵام لای هەموو قاریئەکان تەنها بەیەك شێوە دەخوێنرێتەوە:

* خوێندنەوەی (كَيدُ) بە مەنصوبی (كَيدَ) لەم ئایەتەدا: ﴿إِنَّمَا صَنَعُوا كَيْدُ سَاحِرٍ..﴾ (طه: ٦٩): فەرراو دەڵێت: "ئەگەر (كيد) بە نەصب بخوێنرێتەوە ئەوا ڕاست دەردەچێت، بەڵام هیچ کام لە پێشەوایانی قیرائەت لە دەکە و لە چوارەکەی تریش وای ناخوێننەوە"[2].

* هەروەها فەڕاله خوێندنەوەی (إن) لەم ئایەتەدا ﴿فَلَعَلَّكَ بَاخِعٌ نَفْسَكَ عَلَى آثَارِهِمْ إِنْ لَمْ يُؤْمِنُوا بِهَذَا الْحَدِيثِ أَسَفًا﴾ (الكهف: ٦) دەڵێت: "ئەگەر بە (أن)یش بخوێنرێتەوە ڕاست بوو، بەڵام قوڕائەکان هەموویان بە کەسرە (إِن) دەیخوێننەوە"[3].

شەشەم: نموونەی هەندێك وشە، کە بە دوو شێوە نووسراوە لە موصحەفەکەدا، بەڵام بە یەك شێوە دەخوێنرێتەوە:

---

[1] لەهەمان کاتدا ئەگەر سەیری ئەم دوو ئایەتە بکەین، وشەی (الرضاعة) لە هەر دانەیەکیاندا بە شێوەیەك نووسراوە: (الرَّضَاعَةَ) و (ٱلرَّضَعَةِ).

[2] معاني القرآن، الفراء (٢/ ١٨٦).

[3] هەمان سەرچاوە (٢/ ١٣٤).

* وشەی (الْأَيْكَةِ) (٤) جار هاتووە لە قورئاندا: دوو جار بە (الايكە) نوسراوە: ﴿وَإِنْ كَانَ أَصْحَابُ الْأَيْكَةِ لَظَالِمِينَ﴾ (الحجر: ٧٨)، ﴿وَأَصْحَابُ الْأَيْكَةِ وَقَوْمُ تُبَّعٍ﴾ (ق: ١٤). دوو جاریش بەم شێوەیە نووسراوە (لـيكة): ﴿كَذَّبَ أَصْحَابُ الْأَيْكَةِ الْمُرْسَلِينَ﴾ (الشعراء: ١٧٦)، ﴿وَأَصْحَابُ الْأَيْكَةِ..﴾ (ص: ١٣)، کە دەکرێت بە (لـيكـة)ش بخوێنرێتەوە، بەڵام هەموویان لە ڕیوایەتی (حفص) هەر بە (الأيكَة) دەخوێنرێنەوە، تەنانەت لە کاتی دەستپێکردنیشدا (الابتداء) لە دوو ئایەتەکەی (الشعراء) و (ص)دا دەبێت (ا)ەکەی بۆ دابنرێتەوە.

* وشەی (ربا) (٨) جار هاتووە لە قورئاندا: هەمووی بە (ربوا) نوسراوە، بە زیادکردنی پیتی (و): ﴿الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا..﴾ (البقرة: ٢٧٥)، ﴿يَمْحَقُ اللَّهُ الرِّبَا وَيُرْبِي الصَّدَقَاتِ..﴾ (البقرة: ٢٧٦)، ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَذَرُوا مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا..﴾ (البقرة: ٢٧٨)، ﴿لَا تَأْكُلُوا الرِّبَا أَضْعَافًا مُضَاعَفَةً..﴾ (آل عمران: ١٣٠)، ﴿وَأَخْذِهِمُ الرِّبَا وَقَدْ نُهُوا عَنْهُ﴾ (النساء: ١٦١). بەڵام لەم ئایەتەدا بە (ربا) نووسراوە: ﴿وَمَا آتَيْتُمْ مِنْ رِبًا لِيَرْبُوَ فِي أَمْوَالِ النَّاسِ فَلَا يَرْبُو عِنْدَ اللَّهِ وَمَا آتَيْتُمْ مِنْ زَكَاةٍ تُرِيدُونَ وَجْهَ اللَّهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُضْعِفُونَ﴾ (الروم: ٣٩).. بەپێی ڕێنووسی قورئانیی و تایبەتمەندی خەتی حیجازی کە قورئانی پێ نووسراوە، هەندێ وشە پیتی (و)ی بۆ زیاد دەکرێت، وەکو (الصَّلوة) (صَلوتَكَ)، (أَصَلوتُكَ)، (الزَّكَوة)، (زَكَوة)، (الربَواْ)، کە لە هەمووشیاندا ئەو (و)ە ناخوێنرێتەوە. بە نیسبەت ئایەتەکەی سورەتی (الروم): لەهەمان ئایەتدا وشەی (زَكَوه) بە (و) نووسراوە، کەواتە یاساکە هەیە، بەڵام لە وشەی (ربا) ئەوە ڕەچاو نەکراوە، دەشتوانرا بە (ربَوًا) بنووسرێت!. کەواتە هەر دەبێت بەپێی ڕیوایەت بزانین چۆن دەخوێنرێتەوە.

* وشەی (شَيء) (٥٢) جار لە قورئاندا هاتووە: هەمووی بە (شَيء) نووسراوە، بەڵام لەم ئایەتەدا بە زیادکردنی (ا) نوسراوە: ﴿وَلَا تَقُولَنَّ لِشَيْءٍ إِنِّي فَاعِلٌ ذَلِكَ غَدًا﴾ (الكهف: ٢٣)، بەڵام هەر بە (شَيء) دەخوێنرێتەوە.

**حەوتەم: هەندێك وشە تەنها یەك جار بەیەك شێواز دەخوێنرێنەوە، لەكاتێكدا هەمان مەرج لە شوێنەكانی تردا هەیە، بەڵام تەنها لەو شوێنەدا بەو شێوەیە دەخوێنرێتەوە:**

**كە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی قورئان دەبێت بە ڕیوایەت بخوێنرێتەوە:**

* تەنها یەك وشە بە (إمالة[١]) دەخوێنرێتەوە لە ڕیوایەتی حەفصدا، ئەویش وشەی (مَجْرَاهَا)یە لە سورەتی (هود: ٤١)دا: ﴿بِسْمِ اللَّهِ مَجْرَاهَا وَمُرْسَاهَا..﴾ (مَجراهَا) لەسەر وەزنی (فَعلي)یە، لە هەندێك قیرائەتدا ئەو وشانەی لەسەر ئەم وەزنەیە ئیمالە دەكرێت[٢]، لە ڕیوایەتی (حفص)دا چەندین وشە لەسەر ئەم وەزنەیە، بەڵام تەنها ئەم دانەیەیان پێویستە ئیمالە بكرێت، دیارە لەبەر ئەوەی ڕیوایەتەكە وایە.

* وشەی (لا تَأمَننا) لە سورەتی (یوسف: ١١)دا: ﴿قَالُوا يَا أَبَانَا مَا لَكَ لَا تَأْمَنَّا عَلَى يُوسُفَ وَإِنَّا لَهُ لَنَاصِحُونَ﴾: ئەم وشەیە لە بنچینەدا (لا تَأْمَنُنَا)یە، لە كاتی خوێندنەوەیدا تەنها بە دوو شێواز جائیزە بخوێنرێتەوە[٣]:

١ـ بە ڕەوم[٤]: واتە بە خوێندنەوەی ٢\٣ی بۆری (ن)ی یەكەم[١] بە خێرایی.

---

[١] ئیمالە بریتییە لە لاركردنەوەی دەنگی (ێ) بەرەو (ی)، هەر بۆیە نیشانەكراوە بەو خاڵە ڕەشەی لە ژێر (ڕ)كەدایە لە موصحەفە نوێكاندا، وەك یارمەتیدەر. لەبەر (إمالة)كەش پیتی (ر)كە بە باریكی دەخوێنرێتەوە.

[٢] بنواڕە: التيسير في القراءات السبع، أبو عمرو الدانيّ (٢٦٦– ٢٦٧).

[٣] بنواڕە: البدور الزاهره (١٦١).

[٤] ڕەوم: واتە دەرخستنی ٢\٣ی جووڵەكە (بۆر یان ژێر)، بەشێوەیەك ئەگەر یەكێك دووربێت گوێی لێنابێت.

٢ـ به ئیشمام[٢]: واته خوێندنەوەی به (ن)ێكی زەنەدار به مینگەوە، پاشان تەنها لێوەكان بەرەو پێشەوە دەچن، وەك لەكاتی خوێندنەوەی (و)دا ڕوو دەدات.

* وشەی (فِيهِ) (١٢٠) جار له قورئاندا هاتووە و (ه)كەی نابێت به مەدد بخوێنرێتەوە، ئەوەی پێی دەڵێن (مد الصله)، بەڵام له یەك شوێندا دەبێت به مەدد (مد الصلة الصغرى) بخوێنرێتەوە: ﴿وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا﴾ (الفرقان: ٦٩).

* هەمزەی دووەمی وشەی (أأعجَمِي) لەم ئایەتەدا: ﴿ءَاعجَمِي وَعَرَبِي..﴾ (فصلت: ٤٤) به تەسهیل[٣] دەخوێنرێتەوە، لەبەر ئەوەش ئەو خاڵە ڕەشە لەسەر (ا) نووسراوە له موصحەفە نوێكاندا، وەك یارمەتیدەر، بەڵام هەمزەی یەكەمیان تەحقیق دەكرێت.

---

[١] لەبەر نزیكیی دوو (ن)ەكە مینگە هەر دەردەكەوێت و كەمێك لێو هەر بەرەو پێش دەچێت.. بۆ تێگەیشتن لێی پێویست دەكات له دەمی مامۆستای شارەزاوە وەربگیرێت ڕاستەوخۆ. بنواڕە: كتاب الجامع الفريد في صناعة التجويد، السّنهوري (٤٤٠).

[٢] واته جووڵانی لێو بەرەو پێشەوە، وەك چۆن دەجولێت له كاتی دەربڕینی پیتی (و)دا، بەبێ دەرچوونی دەنگ، واته یەكێك ئەگەر چاوی له دەمی خوێنەر نەبێت هەستی پێناكات. بنواڕە: كتاب الجامع الفريد في صناعة التجويد (٤٤٠).

[٣] تەسهیل: دەنگێكە لەنێوان مەخرەجی هەمزە و فەتحەدا.

# کۆتایی

ڕیوایەت ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزدا، ئەگەر پشت بە ڕیوایەت نەبەستین، ئەستەمە بتوانین لە چەندین هەڵەی ئاشکرا خۆمان قوتار بکەین، بۆیە بەوانەی ڕەددی فەرموودە دەکەنەوە بە بیانووی ئەوەی کۆی بابەتی فەرموودە پشت دەبەستێت بە ڕیوایەت و ڕیوایەتیش ئەگەری ڕاست و پێچەوانەکەی هەیە، دەڵێین:

یەکەم: هەرچەندە قسەکە بە ڕواڵەت دەکرێت وا بێت، بەڵام لە واقیعدا وا نییە، چونکە زانایانی بواری فەرموودە هێندە گرنگیان بە سەنەدی فەرموودەکان و کەسایەتی نێو سەنەدەکان داوە، کە ئەو ئەگەرە پوچەڵ دەکاتەوە.

دووەم: ئەم بیانوو و ئەگەرە دەکرێت سەربکێشێت بۆ قورئان، چونکە وەك ئاماژەمان پێدا چەندین زانستی گرنگی قورئان و تەنانەت خوێندنەوەیشی پشتی بە ڕیوایەت بەستووە. کەواتە دروستکردنی گومان بەم جۆرە و بەم ڕەهاییە و شوێنکەوتنە کوێرانەیەی نەیاران وا دەکات بڕواداران تووشی دوودڵی بکات بەرانبەر بە دوو سەرچاوە سەرەکییەکەی ئایینەکەی. ئاشکرایە ئیمانداری ڕاستەقینەی خەمخۆر نایەوێت ئەم گومانانە بڵاوبکاتەوە.

پاراستنی دەقی قورئانیی، لەگەڵ نووسینەوەدا لەناو دڵەکانیشدا پارێزراوە، بە جۆریك هیچ کەسێك و لە هیچ سەردەمێکدا، نەیتوانیوە لە دەقەکانی زیاد بکات یان کەم بکات. ئەو قورئانەی لەبەر دەستماندایە ئێستا، لە دووتوێی پەڕتووکێکدا نووسراوەتەوە کۆدەنگی هەموو مسوڵمانانی لەسەرە، بەڵام قورئان خوێندنەوە بەبێ ڕیوایەت، تەنها بە زانینی بنەماکانی ڕەسمی موصحەف، مەحاڵە.

هەردوو سەرچاوەی سەرەکی ئیسلام بە ڕیوایەت پێمان گەیشتووە، گومان خستنە سەر یەکێکیانەوە ڕێخۆشکەرە بۆ گومان خستنە سەر ئەوەی تریان. بێگومان مەبەستمان ڕیوایەتی دروستە، نەك هەڵبەستراو. گەر خوێندنەوە و وەرگرتن بە ڕیوایەت نەبوایە، ئەوا هەڵە لە خوێندنەوەی قورئاندا ڕووی دەدا و بەهۆیەوە هەڵە لە تەفسیر و مانای ئایەتەکان و مەبەستەکانیاندا ڕووی دەدا.

## سەرچاوەکان


١ـ القرآن الكريم.

٢ـ مسووعة الحديث الشريف/ قرص حاسوبي، مؤسسة سليمان بن عبد العزيز الراجحي الخيرية، ١٤٢٨هـ.

٣ـ الإبانة عن معاني القراءات، أبي محمد مكي بن أبي طالب القيسي القيرواني ثمّ الأندلسي القرطبي، تحقيق: فرغلي سيد عرباوي، ط١، لبنان، ٢٠١١.

٤ـ إتقان البرهان في علوم القرآن، د. فضل حسن عباس، دار النفائس، الأردن، ط٢، ٢٠١٠م/ ١٤٣٠هـ.

٥ـ الإتقان في علوم القرآن، جلال الدين عبدالرحمن بن أبي بكر السيوطي، حققه وعلّق عليه وخرّج أحاديثه: فوّاز أحمد زمرلي، دار الكتاب العربي، بيروت ـ لبنان، ١٤٢٧هـ/ ٢٠٠٧م.

٦ـ البدور الزاهرة في القراءات العشر المتواترة من طريقي الشاطبية والدرة، عبد الفتاح القاضي، ط١، شركة مكتبة ومطبعة البابي الحلبي وأولاده بمصر، ١٤٠١هـ/ ١٩٨١م.

٧ـ البرهان في علوم القرآن، الإمام بدر الدين محمد بن عبد الله الزركشي، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم، دار المعرفة، بيروت ـ لبنان، ١٩٧٢م/ ١٣٩١هـ.

٨ـ تأريخ القراءات والقراء، د. محمود أحمد الأطرش، دار الإيمان، ط١، الاسكندرية، بدون تاريخ.

٩ـ تأريخ القرآن وغرائب رسمه وحكمه، محمد طاهر بن عبد القادر الكردي المكي الخطاط، شركة ومطبعة مصطفي الباجي وأولاده بمصر، ط٢، ١٩٥٣م/ ١٣٧٢هـ.

١٠ـ تفسير القرآن بالقراءات القرآنية العشر، مجموعة من المؤلفين، منشورات الجامعة الإسلامية ورابطة علماء فلسطين ـ غزة، روابي القدس للطباعة والنشر والتوزيع، ط١، لبنان ـ صيدا، ٢٠١٠.

١١ـ تەفسیری قورئانی پیرۆز، عوسمان عەبدولعەزیز، چ٢، بەیروت ـ لوبنان، ٢٠١٠.

١٢ـ التيسير في القراءات السبع، أبو عمرو عثمان بن سعيد الداني، دراسة وتحقيق: فريد محمد بن عزّوز، ط١، دار ابن كثير، ١٤٣٤هـ/ ٢٠١٣م.

١٣ـ جمع القرآن الكريـم حفظًا وكتابة، أ.د. علي بن سليمان العبيـد، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية.

١٤ـ رسم الـمصحف دراسة لغوية تاريخية، غانم قدوري الحمد، ط١، ١٤٠٢هـ/ ١٩٨٢م.

١٥ـ رسم المصحف العثماني، عبدالفتاح إسماعيل شلبي، دار الشروق، بدون تأريخ.

١٦ـ شعب الإيمان، البيهقي، تحقيق: عبد العلي عبد الحميد حامد، مكتبة الرشد، الرياض، ١٤٢٣هـ/ ٢٠٠٣م.

١٧ـ علوم الحديث، د. عبد الكريم زيدان ود. عبدالقهّار داود عبدالله، مطبعة عصام، بغداد، ط٢، ١٩٩٠م.

١٨ـ غاية النهاية في طبقات القراء، شمس الدين ابن الجزري الشافعي، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ٢٠٠٦م/ ١٤٢٧هـ.

١٩ـ فتوح البلدان، أحمد بن يحيي البلاذري، ط. القاهرة، بدون تأريخ.

٢٠ـ القراءات القرآنية وما يتعلق بها، د. فضل حسن عباس، دار النفائس للنشر والتوزيع، الأردن، ط١، ١٤٢٨هـ/ ٢٠٠٨م.

٢١ـ القراءات في نظر المستشرقين والملحدين، عبد الفتاح عبد الغني القاضي، دار السلام، القاهرة، ط١، ١٤٢٦هـ/ ٢٠٠٥م.

٢٢ـ قطر من غيث النفع في أصول وكلمات القراءات السبع، د. محمد نبهان مصري، دار ابن حزم، بيروت ـ لبنان، ط١، ٢٠١٠م/ ١٤٣١هـ.

٢٣ـ كتاب الجامع الفريد في صناعة التجويد، الشيخ زين الدين السّنهوري، تحقيق: د. مولاي محمد الإدريسي، ط١، ١٤٣٠هـ/ ٢٠١٠م، دار ابن حزم، بيروت ـ لبنان.

٢٤ـ مزايا الرسم العثماني وفوائده، د. طه عابدين طه، العدد ١٣، مجلة البحوث والدراسات القرآنية، السنة الأولي، العدد٢.

٢٥ـ معاني الأحرف السبعة، شيخ الإسلام أبو الفضل عبد الرحمن بن أحمد بن حسن الرازي، تحقيق: أ.د. حسن ضياء الدين عتر، دار النوادر، سورية ـ لبنان ـ الكويت، ط١، ١٤٣٣هـ/ ٢٠١٢م.

٢٦ـ معاني القرآن، أبو زكريا يحيي بن زياد الفراء، ط٣، عالم الكتب، بيروت، ١٩٨٣م.

٢٧ـ معجم مصطلحات الحديث النبوي، أ.د. رشيد عبد الرحمن العبيدي، ديوان الوقف السني، بغداد، ٢٠٠٦م/ ١٤٢٧هـ.

٢٨ـ المعجم المفهرس لألفاظ القرآن الكريم، محمد فؤاد عبد الباقي، انتشارات إسلامي، طهران، ط٩، ١٣٧٨هـ ش.

٢٩ـ المقنع في رسم مصاحف الأمصار ونقطها، الإمام أبو عمرو الداني، تحقيق: فرغلي سيد عرباوي، دار الفاروق الحديثة للطباعة والنشر، القاهرة، ط١، ١٤٢٩هـ/ ٢٠٠٨م.

٣٠ـ مناهل العرفان في علوم القرآن، محمد عبدالعظيم الزرقاني، دار إحياء التراث العربي، ط٢، بيروت ـ لبنان، بدون تاريخ.

٣١ـ الميسر في علم رسم المصحف وضبطه، أ.د. غانم قدوري الحمد، مركز الدراسات والمعلومات القرآنية بمعهد الإمام الشاطبي ـ جدة، ط١، ١٤٣٣هـ/ ٢٠١٢م.

# ڕوونکردنەوەی فەرموودە بۆ ئایەتە ناڕوونەکانی قورئان مامەڵەکردن وەك نموونە


**د. عبد الستار كريم سعيد**
**زانكۆی جیهان/ هەولێر**
**كۆلێژی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دبلۆماسییەت**


خوای گەورە زانا و دانایە لە هەڵبژاردنی پێغەمبەران لە هەر سەردەمێك، پێغەمبەری ئازیزمان (دروودی خوای لەسەر) خوای گەورە هەڵیبژاردووە و کەسێکی متمانەپێکراو (أمين)ە لە هەموو ڕوویەکەوە، پێغەمبەرانیش (دروودی خوایان لەسەر بێت) دوورن لەوەی، کە سەرپێچی بکەن و پارێزراون (معصوم).

خوای گەورە قورئانی دابەزاندووە ببێتە پەیڕەو و پرۆگرامی ژیانی هەموو خەڵك تا ڕۆژی دوایی، ئەو قورئانە هیچ گومانێك نییە لەلای مسوڵمانان، کە هەمووی کەلامی خوایە و بەتەواوەتی دابەزیوە و هیچ شتێکی لێ زیاد نەکراوە و کەم نەکراوە، چونکە خوای پاك و بێگەرد دەفەرموێت: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ (الحجر: ٩)، واتە: (ئێمە قورئانمان دابەزاندووە و خۆمان دەیپارێزین).

قورئان هەر لە سەردەمی دابەزینیەوە، تاكو ئێستا نەیاری هەیە و دژایەتی دەكرێت بە هەموو جۆرێك، جۆرێكیان: بە ئاشكرا و بەبێ پەردە دوژمنایەتی خۆیان دەربڕیوە، وەك: خاچپەرستان و مولحید و...هتد، جۆرەكەی تریان: دووڕووەكانن كە بە ڕووكەش خۆیان وا نیشان دەدەن خزمەت بە مسوڵمانان دەكەن، بەڵام لەڕاستیدا زیانیان لە جۆری یەكەم زۆر زیاترە، چونكە لەناو مسوڵمانان متمانەیان پێدەكرێت و ئیش و كارەكانیان بە ڕووكەش بۆ خزمەتی ئیسلامە.

لەم چەند ساڵەی دواییدا كەسانێك بانگەشەی ئەوە دەكەن، كە قورئان بەسە بۆ حوكم و یاسا و خواپەرستی، پێویست بە سوننەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ناكات تێكەڵی شەرع بكرێت، ناویان خۆیان ناوە (قورئانییەكان)، ئەم كۆمەڵە هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە وڵاتی هیند پەیدابوون، بەڵام پاش چەند ساڵێك ئەم بۆچوونە خاوبوویەوە لەناو مسوڵمانان، وا ئێستا جارێكی تر لێرە و لەوێ سەری هەڵداوەتەوە و كوردستانیش بێبەش نەبووە لەم جۆرە كەسانە.

قورئان بە زمانی عەرەبی دابەزیووە و زۆرێك لە دەقەكانی پێویستیان بە ڕوونكردنەوە هەیە لەلایەن پێغەمبەرەوە. هەندێك لە دەقەكان پوخت (مجمل) و ناڕوونی تێدایە دەبێت ڕوون بكرێتەوە، ئەگینا مسوڵمانان لە مراز و مەبەستی خوای گەورە تێناگەن، بۆ نموونە: خوای گەورە لە چەندین دەقی قورئاندا فەرموویەتی: ﴿أَقِيمُوا الصَّلَاةَ﴾، وشەی (الصَّلَاةَ) لە ڕووی زمانەوانییەوە واتە: نزا و پاڕانەوە، جا عەرەب خۆیان ئەگەر وا تێبگەن، ئەم ئایەتە مانای نزا و پاڕانەوەیە بێ ئەوەی هیچ كەسێك ڕوونكردنەوەیان بۆ بكات گوناهیان ناگات، چونكە هەر ئەوەندەی تێدەگەن لە مانا زمانەوانییەكە، بەڵام پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، كە خوای گەورە ڕایسپاردووە بە ڕوونكردنەوە و شیكردنەوەی قورئان، لێرەدا دەفەرموێت: "صَلُّوا كَمَا رَأَيْتُمُونِي أُصَلِّي"[1]، واتە: (نوێژ بكەن هەروەك من دەبینن، كە چۆن نوێژ دەكەم)، جا لێرەدا ئەم دەقە قورئانیانەی كە دەفەرموێت: ﴿أَقِيمُوا الصَّلَاةَ﴾ واتە: ئەو نوێژەی كە باوە لە ناومان و بە (الله أكبر) دەست پێدەكات و

١ رواه البخاري، رقم الحديث (٦٣١) (١/ ١٢٨).

به (السلام عليكم ورحمة الله) کۆتایی دێت و کڕنووش و سوژدەی تێدایە و....هتد، خوای گەورە درێژە و چۆنیەتی نوێژی لە قورئان باس نەکردووە، بۆیە فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە سەرچاوەی دووەم دادەنرێت بۆ وەرگرتی حوکمی شەرعی بەپێی ئەم دەقە قورئانییە، کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ﴾ (النساء ٥٩)، واتە: (گوێڕایەڵی خوا بکەن و گوێرایەڵی پێغەمبەر بکەن). بۆیە پێگەی فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) پارێزراوە بە فەرمانی خوای گەورە، هەر لە سەردەمی خولەفای ڕاشدین، تاکو ئێستاکە زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەم بۆچوونە، کە فەرموودە لە دوای قورئان حوکم و یاسای شەرعی لێ وەردەگیرێت، چونکە ئەگەر فەرموودە وەك سەرچاوە هەژمار نەکرێت، بۆشاییەکی گەورە بۆ مسوڵمانان دروست دەبێت، بەشێکی زۆر لە ئەحکامی شەرعی ـ بەتایبەتی موعامەلات ـ لە سوننەت وەرگیراوە.

## چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ قورئاندا:

**پێناسەی قورئان:** لە ڕووی زمانەوانییەوە: قورئان چاوگ (مصدر)ە، بە مانای خوێندن دێت لە بکەری ـ قرأ ـ کە لە سەرچاوەوە بە دوو مانا دێت:

یەکەم: خوێندن، بە مانای چاودێریکردنی وشەکان بە چاو، یان بە لەبەرکردن، بە دەنگ بێت یان بێدەنگ. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَا تُحَرِّكْ بِهِ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِ * إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُ وَقُرْآنَهُ * فَإِذَا قَرَأْنَاهُ فَاتَّبِعْ قُرْآنَهُ﴾ (القيامة: ١٦ـ ١٨)، واتە: (پەلە مەکە و زوبانت مەجووڵێنە بۆ ئەوەی پەلە بکەیت لە وەرگرتندا، بەڕاستی لەسەر ئێمەیە کۆکردنەوە و خوێندنەوەی، جا کاتێك ئێمە دەیخوێنینەوە تۆش شوێنمان بکەوە لە خوێندنەوەدا).

دووەم: قورئان بە مانای کۆکردنەوە و بەیەکتر لکان دێت، چونکە ئایەت و سورەتەکانی لە خۆگرتوە[1].

---

١ ابن منظور: لسان العرب: مادة قرأ (١/ ١٥٧). والفراهيدي، كتاب العين: مادة قرء (٧٦٦)، وابن الأثير، النهاية في غريب الحديث والأثر: مادة قرأ (٤/ ٣٠).

**پێناسەی قورئان لەلای زانایانی ئوسوڵی فیقھ:**

١ـ پێناسەی ئیمامی بەزدەوی: "قورئان ھاتووەتە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) و نووسراوەتەوە لەنێوان دوو بەرگدایە، کۆمەڵێکی زۆر لە پێغەمبەریان وەرگرتووە و بۆ کەسانی تریان گێڕاوەتەوە"[١].

٢ـ پێناسەی ئیمامی شەوکانی: "قسە و فەرموودەی خوایە ھاتۆتە خوارەوە بۆ محەمەد (دروودی خوای لەسەر)، کۆمەڵێکی زۆر دەیخوێننەوە و بۆ کەسانی تر دەیگێڕنەوە"[٢].

٣ـ پێناسەی پێشەوا (الخضري): "کیتاب واتە قورئان، بە زمانی عەرەبی دابەزیوە بۆ سەر محەمەد (دروودی خوای لەسەر) بۆ بیرکردنەوە و تێڕوانین، ژمارەیەکی زۆر بۆ کەسانی تریان گێڕاوەتەوە، نووسراوەتەوە لە نێوان دوو بەرگدا، بە سورەتی (الفاتحة) دەست پێ دەکات و بە سورەتی (الناس) کۆتایی دێت"[٣].

بەڵام باشترین پێناسە بۆ قورئان، خودی قورئان خۆیەتی، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّهُ لَتَنْزِيلُ رَبِّ الْعَالَمِينَ * نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الْأَمِينُ * عَلَى قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ الْمُنْذِرِينَ * بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُبِينٍ﴾ (الشعراء: ١٩٢ـ ١٩٥)، واتە: (ئەم قورئانە دابەزیوە لەلای خوای گەورەوە، لە ڕێگەی جوبریل (سەلامی خوای لەسەر بێت) کە باوەڕپێکراوی خوایە، بۆ سەر دڵی تۆ ـ ئەی محەمەد ـ تا ببیکەیتە ئاگادارکردنەوە بۆ خەڵك، بە زوبانی عەرەبی).

---

١ البزدوي، أصول فخر الإسلام (٣٦– ٣٧).

٢ الشوكاني، إرشاد الفحول إلى تحقيق الحق من علم الأصول (٣٠).

٣ الخضري، أصول الفقه (٢٠٧).

## بوونی قورئان به به‌ڵگه

زانایانی مسوڵمان هەر هەموویان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی قورئان سەرچاوەی یەکەمە بۆ شەرع و یاسا، هەروەك ئیبن حەزم دەفەرموێت: "ولا خلاف بين أحد من الفرق المنتمية إلى المسلمين من أهل السنة والمعتزلة والخوارج والمرجئة والزيدية في وجوب الأخذ بما في القرآن"[1]، واتە: (هیچ ڕایەکی جیاواز نییە لە نێوان هیچ کۆمەڵێك، کە سەر بە مسوڵمانەوە بن لە ئەهلی سوننە و جەماعە و موعتەزیلە و خەواریج و مورجیئە و زەیدی، کە واجبە ئەوەی لە ناو قورئاندایە دەبێت وەربگیرێت و بکرێت بە بەڵگە).

## پێکهاتەی قورئان

زانایانی مسوڵمانان حوکمەکانی قورئانیان دابەشکردووە بە چەند شێوەیەك، واتە قورئان لەم بەشانە پێك دێت:

یەکەم: ئەو حوکمانەی باسی بیروباوەڕ دەکات، وەك ئیمان بە خوا و بە فریشتەکان و کتێبەکان و پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی و... هتد.

دووەم: ئەو حوکمانەی باسی خوڕەوشت دەکات، جا خوڕەوشتی جوان بێت، تا مسوڵمان خۆی پێ جوان بکات، یان خوڕەوشتی خراپ و ناشرین بێت، تا مسوڵمان بیناسێت و لێی دووربکەوێتەوە.

سێیەم: باسی ئوممەت و پێغەمبەرانی ڕابردوو، تا پەند و ئامۆژگاریان لێ وەرگیرێت.

چوارەم: چۆنیەتی دروستبوونی زەوی و ئاسمانەکان و چۆنیەتی بەڕێوەچوونیان، تا بزانرێت دەسەڵاتی خوای گەورە چەندە بەهێزە.

---

١ ابن حزم، الإحكام في أصول الأحكام (١/ ١٣٧).

پێنجەم: ئەو حوكمانەی باسی كردەوەی مرۆڤ دەكات لە كردار و گوفتاردا، كە زانایان ناویان ناوە زانستی فیقهـ، وەك:

أـ حوكمەكانی پەرستش: وەك نوێژ و ڕۆژوو و...هتد، واتە هەر شتێك، كە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبێت لە نێوان خوا و بەندەدا.

ب ـ حوكمەكانی مامەڵەكردن: ئەو شتانە دەگرێتەوە، كە پەیوەندی نێوان تاك لەگەڵ تاك ڕێك دەخات، یان تاك لەگەڵ كۆمەڵ ڕێك دەخات، یان كۆمەڵ لەگەڵ كۆمەڵ ڕێك دەخات، هەروەك زانایانی ئەم سەردەمە ڕێكیانخستووە و ناویان بردووە بەم شێوەیە:

١ـ یاساكانی باری كەسێتی: مارەبڕین، جیابوونەوە، میرات... هتد.

٢ ـ حوكمە مەدەنییەكان: كڕین و فرۆشتن، بەكرێدان، بارمتە... هتد.

٣ ـ حوكمە جینائییەكان: ئەویش پەیوەندی هەیە بە كەتن و ئەو سزایانەی كە دێتە سەری.

٤ـ حوكمەكانی مورافە: ئەویش پەیوەندی هەیە بە داد، شایەدی و سوێندخواردن.

٥ـ حوكمە دەستوورییەكان: ئەویش ڕۆشنكەرەوە و دیاركردنی نیزامی حوكمە، ئەرك و ماف بۆ بەرپرس و كۆمەڵگا.

٦ـ حوكمە دەولیەكان: ئەویش پەیوەندی نێوان وڵات لەگەڵ دەرەوەی خۆی ڕێك دەخات لە كاتی خۆشی و ناخۆشی.

٧ـ حوكمەكانی ئابووری: ئەویش ڕێكخەری دەستكەوت و سەرفكردنی لە وڵات دەكات[1].

---

١ زیدان، الوجیز في أصول الفقه (١٥٥)، والخن، الكافي الوافي في أصول الفقه (١١٢ـ ١١٣).

## پێناسەی فەرموودە و بوونی بە بەڵگە و پێگەی فەرموودە لە ناو قورئاندا و ئیش و کاری فەرموودە بەرامبەر بە قورئان:

### پێناسەی فەرموودەی پێغەمبەر:

پێناسەی (السنة) لە ڕووی زمانەوانیەوە: واتە: ڕێگا، جا ئەو ڕێگایە چاك بێت یان خەراپ. سونەتی خوای گەورە: واتە حوکم و ڕێگای خوا لەسەر بەندەکانی، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلًا﴾ (فاطر: ٤٣)، واتە: ڕێگاکانی خوا گۆڕانکاریی بەسەردا نایەت بۆ ئەو ئوممەتانەی کە هاتنی سزای خوایان بە ڕاست نەدەزانی.

### پێناسەی سوننەت لەلای زانایانی ئوسوڵی فیقه:

هەموو شتێك کە هاتووە لە لای پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) بۆ ئێمە، جگە لە قورئان، وەك گوفتار و کردار و بێدەنگبوونی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە کردار و گوفتاری کەسانی تر[(١)].

### شیکردنەوەی پێناسەکە:

هەموو شتێك کە هاتووە لە لای پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر)، واتە: ئەو شتانەی کە پێش بوونی بە پێغەمبەر هەژمار ناکرێت بە سوننەت. (جگە لە قورئان) واتە: قورئان ئەژمار ناکرێت بە سوننەت ئەگەرچی ئێمە قورئانمان لە پێغەمبەر وەرگرتووە، قورئان کەلامی خودایە.

(گوفتار) واتە: هەر شتێك بە زوبان گوتبێتی، کە پەیوەندی هەبێت بە دینی خواوە، لە فەرمانکردن بە چاکە، یان قەدەغەکردنی خراپە. یان وەڵامی پرسیارێکی دابێتەوە، یان حوکمێکی قورئانی شیکردبێتەوە، وەك دەفەرموێت: "إِنَّما الأعمالُ بِالنِّيات"[(٢)]، یان: "لاَ يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ، حَتَّى يُحِبَّ لِأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ"[(١)].

---

١ ابن قدامة المقدسي، روضة الناظر وجنة المناظر في أصول الفقه (١/ ٢٧٤) بتصرف.

٢ رواه مسلم، باب قَوْلِهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ : «إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّةِ»، رقم الحديث (٥٠٣٦) (٥/٢٠٠).

(کردار) واتە: ئەو کردارانەی لێی بینراوە وەك پێغەمبەرێك، کە پەیوەندی هەبووبێت بە شەرع و دینی خواوە، وەك چۆنیەتی دەستنوێژ شوشتن و نوێژکردن و حەجکردن. (بێدەنگبوونی پێغەمبەر لە کردار و گوفتاری کەسانی تر) واتە: لە سەردەمی ئەو کەسێك قسەیەك بکات یان کردارێك بکات، جا خۆی گوێی لێ بێت و ببینێت، یان بۆی باس بکەن و پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بێدەنگ بێت. ئەو بێدەنگبوونە واتە ئەو قسەیە یان ئەو کردارە دروستە.

## بوونی فەرموودە بە بەڵگە

فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەبێت بە بەڵگەی شەرعی و واجبە کە کاری پێ بکرێت، چونکە بە سەرچاوەی دووەم ئەژمار دەکرێت، هەروەك بەڵگە لە قورئان و سوننەت و یەکدەنگی زانایان لەسەر ئەوەیە.

**یەکەم: بەڵگەی قورئان بۆ بوونی سوننەت بە بەڵگە:**

١ــ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾ (الحشر: ٧)، واتە: (ئەوەی پێغەمبەر فەرمانتان پێ دەکات وەریگرن و، ئەوەی لێتان قەدەغە دەکات ئێوەش وازی لێ بێنن).

٢ــ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (النحل: ٤٤)، واتە: (ئێمە قورئانمان بۆ تۆ دابەزاندووە تا بۆ مسوڵمانانی ڕوون بکەیتەوە).

٣ــ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ (النساء: ٦٥).

---

١ رواه البخاري، كتاب الإيمان، باب من الإيمان أن يحب لأخيه ما يحب لنفسه، رقم الحديث (١٣) (١/ ١٢)، ومسلم، كتاب الإيمان، باب الدليل على أن من خصال الإيمان، رقم الحديث (١٧٩) و (١٨٠) (١/ ٤٣).

خوای گەورە سوێند دەخوات، کە هیچ کەسێك باوەڕدار نییە، مەگەر ئەو کەسە ملکەچی فەرمان و حوکمی پێغەمبەر بێت و هیچ گومانێکی لە دڵدا نەمێنێت.

٤ـ خوای گەورە فەرمانی کردووە بە مسوڵمانان کاتێك تێکدەگیرێن لە شتێکدا، دەبێت بگەڕێنەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەر: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾ (النساء: ٥٩). لەم ئایەتەدا خوای گەورە داوا لە مسوڵمانان دەکات کە بۆ چارەسەری ناکۆکیەکانیان بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، واتە قورئان و بۆ لای پێغەمبەر، واتە سوننەت. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا خوا داوامان لێ دەکات بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەیەکی گوماناوی و دەست تێوەردراو و بێ کەڵك!!

٥ـ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يَحُولُ بَيْنَ الْمَرْءِ وَقَلْبِهِ وَأَنَّهُ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ﴾ (الأنفال: ٢٤)، واتە: (ئەی کۆمەڵی ئیمانداران وەڵامی خوا و پێغەمبەر بدەنەوە کاتێك کە بانگتان دەکەن و فەرمانتان پێ دەکەن لەو فەرمانانەی کە سروش کراوە بۆیان و باش بزانن کە دڵەکان لەبەردەستی خوای گەورەیە و بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە).

٦ـ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ﴾ (الأعراف: ١٥٧)، واتە: (پێغەمبەر شتە پاکەکانتان بۆ حەڵاڵ دەکات و شتە پیسەکانتان بۆ حەرام دەکات)، واتە: پێغەمبەر لەلای خواوە دەسەڵاتی پێدراوە کە بۆ حەڵاڵکردن و حەرامکردن، جا ئەمە تەنها لە ڕێگەی سوننەوە دەبێت.

**دووەم: بەڵگەی فەرموودەی پێغەمبەر بۆ بوونی سوننەت بە بەڵگە:**

١ـ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "تَرَكْتُ فِيكُمْ أَمْرَيْنِ، لَنْ تَضِلُّوا مَا تَمَسَّكْتُمْ بِهِمَا: كِتَابَ اللَّهِ وَسُنَّةَ نَبِيِّهِ"[١]، واتە: (دوو شتم بۆ ئێوە بەجێهێشتووە لە دوای خۆم، ئەگەر دەستی پێوە بگرن ڕێگا بزر ناکەن و سەرلێشێواو نابن، ئەویش: قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەکەیەتی).

٢ـ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "يُوشِكُ الرَّجُلُ مُتَّكِئًا عَلَى أَرِيكَتِهِ، يُحَدَّثُ بِحَدِيثٍ مِنْ حَدِيثِي، فَيَقُولُ: بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ كِتَابُ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ، فَمَا وَجَدْنَا فيهِ مِنْ حَلَالٍ اسْتَحْلَلْنَاهُ، وَمَا وَجَدْنَا فِيهِ مِنْ حَرَامٍ حَرَّمْنَاهُ، أَلَّا وَإِنَّ مَا حَرَّمَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ مِثْلُ مَا حَرَّمَ اللَّهُ"[٢]، واتە: (نزیکە پیاوێك لەسەر پێخەفەکەی پاڵیدابێتەوە، کاتێك فەرموودەیەکی بۆ باس دەکرێت دەڵێت: نێوان ئێمە و ئێوە تەنها قورئانە، ئەوەی قورئان بە حەڵاڵی زانیوە بە حەڵاڵی دەزانین، ئەوەشی بە حەرامی زانیوە بە حەرامی دەزانین، بەڵام ئێوە چاك بزانن ئەوەی پێغەمبەر حەرامی کردبێ وەك ئەوە وایە خودا حەرامی کردبێت).

٣ـ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "كُلُّ أُمَّتِي يَدْخُلُ الْجَنَّةَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، إِلَّا مَنْ أَبَى"، قَالُوا: وَمَنْ يَأْبَى يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: "مَنْ أَطَاعَنِي دَخَلَ الْجَنَّةَ، وَمَنْ عَصَانِي فَقَدْ أَبَى"[٣]، واتە: (هەموو ئوممەتی من دەچنە بەهەشت لە ڕۆژی دواییدا، تەنها کەسانێك نەبێت، کە خۆیان نایانەوێت بچن بۆ بەهەشت. وتیان: کێ هەیە کە نەیەوێت بچێت بۆ بەهەشت ئەی پێغەمبەری خوا؟ پێغەمبەر (دروودی

---

١ رواه الإمام أحمد، مسند الإمام أحمد (٢/ ٨٩٩) رقم الحديث (١٥٩٤). قال الألباني: حسن، سلسلة الأحاديث الصحيحة وشيء من فقهها وفوائدها، رقم الحديث (١٧٦١).

٢ رواه ابن ماجة، سنن ابن ماجة، رقم الحديث (١٢) (١/ ٦).

٣ رواه البخاري، كتاب الاعتصام بالكتاب والسنة، باب الاقتداء بسنن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ، (٦/ ٢٦٥٥)، رقم الحديث (٦٨٥١)، ومسلم، كتاب الأمارة، باب وجوب طاعة الأمراء في غير معصية (٦/ ١٣)، رقم الحديث (٤٨٥٤).

خوای لەسەر) فەرمووی: هەر کەسێك گوێڕایەڵیم بکات دەچێتە بەهەشت و هەرکەسێك گوێڕایەڵیم نەکات نایەوێت بچێت بۆ بەهەشت).

٤ـ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "مَنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي"[١]، واتە: (هەرکەسێك پشت لە سوننەت و ڕێگای من بکات لە من نییە).

**سێیەم: یەکدەنگی زانایان لەسەر بە بەڵگەبونی سوننەت:**

١ـ هەر لە سەردەمی یارانی پێغەمبەر، تاکو ئێستا زانایان یەکدەنگن، کە سوننەتی پێغەمبەر بە بەڵگەی دووەم ئەژمار دەکرێت، هەروەك زانایان فەرموویانە: "إذا صحَّ الحديث فهو مذهبي"[٢]، واتە: (هەر فەرموودەیەك ڕاست و دروست بێت کە لە پێغەمبەر وەرگیرابێت ئەوە مەزهەبی منە)، هەروەك لە سەردەمی یەکەم خەلیفە ئەبوبەکر (خوای لێ ڕازی بێت): (عَنْ مَيْمُون بْن مِهْرَانَ قَالَ: كَانَ أَبُو بَكْرٍ إِذَا وَرَدَ عَلَيْهِ الْخَصْمُ نَظَرَ فِي كِتَابِ الله فَإِنْ وَجَدَ فِيهِ مَا يَقْضِي بَيْنَهُمْ قَضَى بِهِ، فَإِنْ لَمْ يَكُنْ فِي الْكِتَابِ وَعَلِمَ مِنْ رَسُولِ اللهِ ـ صلى الله عَليه وسَلم ـ فِي ذَلِكَ الأَمْرِ سُنَّةً قَضَى بِهِ، فَإِنْ أَعْيَاهُ خَرَجَ فَسَأَلَ الْمُسْلِمِينَ وَقَالَ: أَتَانِي كَذَا وَكَذَا فَهَلْ عَلِمْتُمْ أَنَّ رَسُولَ اللهِ ـ صَلى الله عَليهِ وسَلم ـ قَضَى فِي ذَلِكَ بِقَضَاءٍ؟ فَرُبَّمَا اجْتَمَعَ إِلَيْهِ النَّفَرُ كُلُّهُمْ يَذْكُرُ مِنْ رَسُولِ اللهِ ـ صَلى الله عَليهِ وسَلم ـ فِيهِ قَضَاءً، فَيَقُولُ أَبُو بَكْرٍ: الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي جَعَلَ فِينَا مَنْ يَحْفَظُ عَلَى نَبِيِّنَا، فَإِنْ أَعْيَاهُ أَنْ يَجِدَ فِيهِ سُنَّةً مِنَ النَّبِيِّ ـ صَلى الله عَليهِ وسَلم ـ جَمَعَ رُؤُوسَ النَّاسِ وَخِيَارَهُمْ فَاسْتَشَارَهُمْ، فَإِذَا أَجْمَعَ رَأْيُهُمْ عَلَى أَمْرٍ قَضَى بِهِ)[٣]، واتە: (لە سەردەمی پێشەوا ئەبوبەکردا (خوای لێ ڕازی بێت) کاتێك

---

١ رواه البخاري، كتاب النكاح، باب الترغيب في النكاح، رقم الحديث (٥٠٦٣) (٧/ ٢)، ومسلم، كتاب النكاح، باب استحباب النكاح لمن تاقت نفسه، رقم الحديث (٣٤٦٩) (٤/ ١٢٩).

٢ ابن عابدين، رد المحتار على الدر المختار (١/ ٣٨٥).

٣ رواه الدارمي، مسند الدارمي المعروف بسنن الدارمي (١٤٣).

کێشەیەکی بهاتبایەتە بەردەست، بۆ چارەسەرکردنی، تەماشای قورئانی دەکرد و حوکمی پێدەکرد، ئەگەر لە قورئاندا دەستی نەکەوتبایە و شتێکی لە پێغەمبەر بزانیبا، حوکمی پێ دەکرد، بەڵام ئەگەر هیچی لە سوننەتی پێغەمبەریش لەلا نەبا دەچووە دەرەوە پرسیاری لە مسوڵمانان دەکرد، بەڵکو ئەوان شتێکیان لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بیستبێت و بیزانن، بە مسوڵمانانی دەوت: شتێکی وام هاتووەتە بەردەست، ئایا ئێوە هیچتان لە پێغەمبەر نەبیستوە و نەزانیوە چۆن حوکمی داوە لەم جۆرە؟ جاری وا هەبوو هەندێك لە مسوڵمانان لەگەڵی کۆ دەبوونەوە و ئەوەی لایان هەبوو لە حوکمی پێغەمبەر پێیان ڕادەگەیاند. جا پێشەوا ئەبوبەکر دەیوت: سوپاس بۆ ئەو خوایەی، کە لە ناو ئێمەی داناوە کەسانێك، کە فەرموودەی پێغەمبەریان ئەزبەر کردووە و پاراستوویانە، ئەگەر لەناو مسوڵمانانیش هیچی دەست نەکەوتبایە لە سوننەتی پێغەمبەر، ئەو کاتە پیاوە زاناکانی کۆدەکردەوە و پرسوڕای پێ دەکردن، کاتێك لەسەر شتێك ڕێك دەکەوتن ئینجا حوکمی پێ دەکرد).

یارانی پێغەمبەر بەم شێوەیە کاریان دەکرد و هیچ کامێکیان ڕەخنەی لەوی تر نەگرتووە، تا وای لێهاتووە زانایان یەکدەنگ بوون بۆ ئەم کارە. پێشەوا شەوکانی دەفەرموێت: "إن ثبوت حجية السنة المطهرة واستقلالها بتشريع الأحكام ضرورة دينية ولا يخالف في ذلك إلا من لا حظ له في دين الإسلام[1]، واتە: (بە بەڵگەبوونی سوننەت و سەربەخۆییبوونی بۆ حوکمی شەرعی، بووە بە پێویستیەکی ئایینی و هیچ کەسێك لە زانایان سەرپێچی ناکەن، مەگەر کەسانێك کە بەشی نییە لە ئایینی ئیسلامدا).

---

١ الشوكاني، ارشاد الفحول (٩٧).

## پێگەی فەرمووده لەناو قورئاندا

### ١ـ پێگەی فەرمووده لە قورئاندا:

فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە پایەی دووەم ئەژمار دەکرێت، واتە واجبە گەڕانەوە بۆ قورئان پاشان بۆ فەرموودە، بۆ زیادە مانا و دەوڵەمەندکردنی. لەکاتێکدا ئەگەر هیچ بەڵگەیەکمان لە قورئان دەستنەکەوت، ئەو کاتە پێویست دەبێت کە بگەڕێینەوە بۆ لای فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)، ئەمەش بەم بەڵگانە:

أـ هەموو ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز کە داوامان لێ دەکات کە گوێڕایەڵی پێغەمبەر بکەین لە پێشدا داوامان لێ دەکات کە گوێڕایەڵی خوا بکەین، هەروەك دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ﴾ (النور: ٥٤).

ب ـ هەروەها پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) یەکێك لە هاوەڵانی نارد بۆ یەمەن ناوی مەعاز بوو[١]: (عَنْ رِجَالٍ مِنْ أَصْحَابِ مُعَاذٍ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ـ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ بَعَثَ مُعَاذًا إِلَى الْيَمَنِ، فَقَالَ: "كَيْفَ تَقْضِي؟". فَقَالَ: أَقْضِي بِمَا فِي كِتَابِ اللَّهِ. قَالَ: "فَإِنْ لَمْ يَكُنْ فِي كِتَابِ اللَّهِ؟". قَالَ: فَبِسُنَّةِ رَسُولِ اللَّهِ ـ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ. قَالَ: "فَإِنْ لَمْ يَكُنْ فِي سُنَّةِ رَسُولِ اللَّهِ ـ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ؟". قَالَ: أَجْتَهِدُ رَأْيِي. قَالَ: "الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي وَفَّقَ رَسُولَ رَسُولِ اللَّهِ"[٢]، واتە: (پێغەمبەر

---

١ ئەگەر چی زانایانی فەرموودە ئەم فەرموودەیە بە بەهێز نازانن، واتە (چەعیف)ە، بەڵام زانایانی (أصول الفقه) پشتی پێ دەبەستن بۆ بەڵگەی سوننەت کە ببێ بە بەڵگە پاش قورئان.

٢ رواه أبو داود، سنن أبي داود، رقم الحديث (٣٥٩٢) (٥/ ٤٤٤)، ويقول الشيخ شعيب الأرنؤوط: إسناده ضعيف لإبهام أصحاب معاذ وجهالة الحارث بن عمرو، لكن مال إلى القول بصحته غير واحد من المحققين من أهل العلم، منهم الفخر البزدوي في "أصوله" والجويني في "البرهان"، وأبو بكر بن العربي في "عارضة الأحوذي"، والخطيب البغدادي في "الفقيه والمتفقه"، وابن تيمية في "مجموع الفتاوى" (١٣/ ٣٦٤)، وابن كثير في مقدمة "تفسيره"، وابن القيم في "إعلام الموقعين"، والشوكاني في "جزء له مفرد" خصصه لدراسة

(دروودی خوای لەسەر) کاتێك مەعازی کوڕی جەبەلی نارد بۆ یەمەن پێی فەرموو: چۆن حوکم دەکەیت؟ مەعاز گوتی: حوکم بە قورئان دەکەم. پێغەمبەر فەرمووی: ئەگەر لە قورئاندا نەبوو؟ مەعاز گوتی: بە فەرموودەی پێغەمبەر حوکم دەکەم. پێغەمبەر فەرمووی: ئەگەر لە فەرموودەی پێغەمبەریشدا نەبوو؟ مەعازی گوتی: خۆم ئیجتیهاد دەکەم. پێغەمبەر فەرمووی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە نێردراوی نێردراوی خۆی سەرکەوتوو کردووە).

ج - پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: "عَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الْمَهْدِيِّينَ الرَّاشِدِينَ تَمَسَّكُوا بِهَا وَعَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ"[1]، واتە: (دەستبگرن بە سوننەتی من و لە دوای خۆم دەستبگرن بە سوننەتی خەلیفەکانی ڕاشیدین، بە شێوەیەك بە ددانەکانتان بیگرن).

---

هذا الحديث، أشار إليه هو في "فتح القدير"، ونقل الحافظ في "التلخيص" (٤/ ١٨٢) عن أبي العباس ابن القاص الفقيه الشافعي تصحيحه كذلك. وأجابوا عن دعوى جهالة الحارث بن عمرو بأنه ليس بمجهول العين، لأن شعبة بن الحجاج يقول عنه: إنه ابن أخي المغيرة بن شعبة، ولا بمجهول الوصف، لأنه من كبار التابعين ولم ينقل أهل الشأن جرحًا مفسرًا في حقه، والشيوخ الذين روى عنهم هم أصحاب معاذ، ولا أحد من أصحاب معاذ مجهولًا، ويجوز أن يكون في الخبر إسقاط الأسماء عن جماعة، ولا يدخله ذلك في حيز الجهالة، وإنما يدخل في المجهولات إذا كان واحدًا، وشهرة أصحاب معاذ بالعلم والدين والصدق بالمحل الذي لا يخفى، وقد خرج البخاري (٣٦٠) الذي شرط الصحة، حديث عروة البارقي: سمعت الحي يحدثون عن عروة، ولم يكن ذلك الحديث في المجهولات.

١ رواه ابن ماجة، كتاب السنة، باب في لزوم السنة، رقم الحديث(٤٦٠٩)، ج٤/ ص٣٢٩.

## کاری فەرموودەی پێغەمبەر

### ١ـ جەختکردنەوەی هەندێك لەو حوکمانەی کە لە قورئان هاتووە:

وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلَّا أَنْ تَكُونَ تِجَارَةً عَنْ تَرَاضٍ مِنْكُمْ﴾ (النساء ٢٩)، واتە: (ماڵی یەکتری مەخۆن لەنێوان یەکتریدا بە بەتاڵ و حەرام، مەگەر لە ڕێگەی بازرگانیدا و بە ڕەزامەندیی یەکتری). پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "لَا يَحِلُّ مَالُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ إِلَّا بِطِيبِ نَفْسِهِ"[١]، واتە: (نابێت و حەڵاڵ نییە بۆ هیچ کەسێك ماڵ و سامانی مسوڵمانێکی تر بخوات، مەگەر بە ویست و ڕەزامەندی ئەو نەبێت). ئەم فەرموودەیە جەخت لە ئایەتەکەی پێشی خۆی دەکات.

### ٢ـ فەرموودە دەبێتە ڕاڤە و ڕوونکردنەوەی قورئان:

هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَقِيمُوا الصَّلَاةَ﴾، واتە: (نوێژ ئەنجام بدەن)، بەڵام چۆنیەتی نوێژکردن و کاتەکانی هیچ باس نەکراوە لە قورئاندا. پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "صَلُّوا كَمَا رَأَيْتُمُونِي أُصَلِّي"[٢]، واتە: (نوێژ بکەن هەروەك من دەبینن، کە چۆن نوێژ دەکەم)، جا لێرەدا ئەم دەقە قورئانیەی کە دەفەرموێت: ﴿أَقِيمُوا الصَّلَاةَ﴾ واتە: ئەو نوێژەی کە باوە لە ناومان و دەست پێدەکات بە (اللّهُ أكبر) و کۆتایی دێت بە (السَّلَامُ عَلَيكُم وَرحمَةُ الله) و کڕنووش و سوژدەی تێدایە و....هتد، ئەمە لە پێغەمبەرەوە وەرمانگرتووە.

یاخود خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا﴾ (آل عمران: ٩٧). واتە: (خوای گەورە حەجی لەسەر ئێوە واجب کردووە بۆ ئەو کەسانەی کە توانایان هەیە بچن)، بەڵام چۆنیەتی جێبەجێکردنی حەجی ماڵی

---

١ رواه الدار قطني، سنن الدار قطني، كتاب البيوع، رقم الحديث (٢٨٨٥) (٣/ ٤٢٤)، وصححه الألباني رقم (١٧٦١) إرواء الغليل في تخريج أحاديث منار السبيل (٦/ ١٨٠).

٢ رواه البخاري، كتاب الأذان، باب الأذان للمسافر إذا كانوا جماعة، رقم الحديث (٦٠٥)، (١/ ٢٢٦).

خوا لە قورئاندا باس نەکراوە، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) باسی دەکات بۆ مسوڵمانان دەفەرموێت: "لِتَأْخُذُوا مَنَاسِكَكُمْ"[1]، واتە: (ئەی مسوڵمانینە واجباتی حەج لە من وەربگرن و فێری بن)، چونکە پێغەمبەر بە کردەوە چۆنیەتی حەجکردنی بۆ مسوڵمانانی ڕاڤەکرد و شیکردەوە.

## ٣ـ بەستنەوە و سنووردارکردنی ئەو ئایەتانەی کە ڕەهان:

هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ إِنْ تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ﴾ (البقرة: ١٨٠)، واتە: (واجبە لەسەرتان هەرکەسێکتان لەسەرەمەرگدا سامان و ماڵ و داراییەکەی لە پاش بەجێماوە با وەسیەت بکات). پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) سەردانی سەعدی کرد، کاتێك نەخۆش بوو: (عَنْ عَامِرِ بْنِ سَعْدٍ عَنْ أَبِيهِ قَالَ عَادَنِى رَسُولُ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ فِى حَجَّةِ الْوَدَاعِ مِنْ وَجَعٍ أَشْفَيْتُ مِنْهُ عَلَى الْمَوْتِ فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ بَلَغَنِى مَا تَرَى مِنَ الْوَجَعِ وَأَنَا ذُو مَالٍ وَلاَ يَرِثُنِى إِلاَّ ابْنَةٌ لِى وَاحِدَةٌ أَفَأَتَصَدَّقُ بِثُلُثَىْ مَالِى؟ قَالَ: "لاَ". قَالَ قُلْتُ أَفَأَتَصَدَّقُ بِشَطْرِهِ؟ قَالَ: "لاَ، الثُّلُثُ وَالثُّلُثُ كَثِيرٌ»[2]، واتە: سەعد گوتی ئەی پێغەمبەر خوا زۆر نەخۆشم خەریکە ئەمرم و ماڵ و سامانێکی زۆرم هەیە و تەنها یەك کچم هەیە، کە میراتم لێ بگرێت، ئایا ڕێگەم پێدەدەیت، کە دوو لەسەر سێی ماڵەکەم بکەم بە وەسیەت؟ پێغەمبەر فەرمووی: "نەخێر". وتم: ئەی ڕێگەم پێدەدەیت نیوەی ماڵەکەم بکەم بە وەسیەت؟ پێغەمبەر فەرمووی: "نەخێر". وتم: ئەی ڕێگەم پێدەدەیت، کە یەك لەسەر سێی ماڵەکەم بکەم بە وەسیەت؟ پێغەمبەر فەرمووی: "یەك لەسەر سێ، یەك لەسەر سێ زۆریشە"). لەم فەرموودەیەدا وادیارە پێغەمبەر

---

١ رواه مسلم، كتاب الحج، باب استحباب رمى جمرة العقبة يوم النّحر راكبًا، رقم الحديث (٣١٩٧) (٤/ ٧٩).

٢ رواه البخاري، كتاب الوصايا، باب الوصية بالثلث، رقم الحديث (٢٥٩٣) (٣/ ١٠٠٧)، ومسلم، كتاب الوصية، باب الوصية بالثلث، رقم الحديث (٤٢٩٦) (٥/ ص٧١).

(دروودی خوای لەسەر) ڕازی بوو و ڕێگەی دا کە یەك لەسەر سێی ماڵ بکرێت بە وەسیەت، ئەگەر چی لە قورئاندا هیچ دیاری نەکراوە و هەموو زانایان کار بەو یەك لەسەر سێیە دەکەن بێ جیاوازی و نکوڵی کردن.

## ٤ـ تایبەتکردنی ئەو دەقانەی کە گشتگیرن:

هەروەك خوای باڵادەست دەفەرمویت: ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ﴾ (المائدة ٣)، واتە: (یاساغکراوە لەسەر ئێوە خواردنی هەموو ئاژەڵێکی مردارەوەبوو لەگەڵ هەموو خوێنێك). لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەری خوا دەفەرمویَت: "أُحلَّتْ لَكُمْ مَيْتَتَانِ وَدَمَانِ، فَأَمَّا الْمَيْتَتَانِ، فَالْحُوتُ وَالْجَرَادُ، وَأَمَّا الدَّمَانِ، فَالْكَبِدُ وَالطِّحَالُ"[١]، واتە: (دروستە و حەڵاڵە بۆ ئێوە خواردنی دوو ئاژەڵی مردارەوەبوو و دوو خوێن، مردارەوەبووەکان بریتین لە: ماسی و کوللە و خوێنەکان بریتین لە: جگەر و سپڵ). لای هەموو مسوڵمانان گۆشتی ماسی و کوللە دروستە بخورێت، هەروەها جگەر و سپڵ و هیچ کەسێك لە زانایان نکوڵی لەوە ناکەن، ئەگەرچی ئەم دەقە لە فەرموودەی پێغەمبەر وەرگیراوە، نەك لە قورئان.

## ٥ـ هێنانەکایەوەی هەندێك حوکم کە لە قورئاندا باس نەکراوە:

بۆ نموونە: جارێکیان پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پارچەیەك زێڕی بەدەستی ڕاستیەوە گرت و ئاوریشمی بە دەستی چەپیەوە و فەرمووی: "إنَّ هَذينِ حَرامٌ عَلى ذُكُورِ أمَّتي حِلٌّ لإناثِها"[٢]، واتە: (ئەم دوو شتە یاساغ و قەدەغەیە لەسەر پیاوانی ئوممەتی من و ڕێگەپێدراو و دروستە بۆ ئافرەتان). ئەم یاسایە لە قورئاندا باس نەکراوە و ئاماژەشی پێ نەکراوە، بەڵام فەرموودەی پێغەمبەر ئەمەی باس کردووە.

---

١ رواه ابن ماجة: سنن ابن ماجه، باب: الكبد والطحال، رقم الحديث (٣٣١٤) (٢/ ١١٠١).

٢ رواه ابن ماجه، كتاب اللباس، باب لبس الحرير والذهب للنساء، رقم الحديث (٣٥٩٥) (٢/ ١١٨٩).

## پێناسەی (البیان) و (المجمل) لەگەڵ چەند نموونەیەك لە مامەڵەکردن کە لە قورئاندا بە ناڕوونی هاتووە و فەرموودەی پێغەمبەر ڕوونی کردووەتەوە

### پێناسەی (البیان) و (المجمل):

(البیان) لە ڕووی زمانەوانییەوە: بان الشيء بيانًا: اتضح فهو بَيِّنٌ[١]. وبمعنى الوضوح والانكشاف، يقال: بان الشيء بيانًا، إذا اتضح وانكشف، وأبان الشيء، إذا أوضحه وأظهره[٢]، واتە: ڕوونکردنەوە بە واتای دیاری کردن و دەرخستن، دەوترێت: شتێك ڕوونکرایەوە و دیارکرا، ئەگەر ڕوون و ئاشکرا بێت، شتێکی ڕوون کردەوە، واتە ئاشکرای کرد و بەدیاری خست.

پێناسەی (البیان) لەلای زانایانی ئوسوڵی فیقهـ: "إظهار المعنى وإيضاحه للمخاطب مفصلا مما يلتبس به ويشتبه من أجله. كما يقال: "بانَ الأمرُ إذا ظهرَ""[٣]، واتە: بەدیارخستنی واتا و ڕوونکردنەوەی بۆ گوێگر بەدرێژی لەو شتانەی، کەوا لێی پەشۆکاوە و نادیارە. هەروەك دەوترێت: ئەم کارە ڕوون بوویەوە کاتێك بەدەردەخرێت. ئیمام (محمد الأمين الشنقيطي) دەڵێت: "هو إخراج الشيء من الإشكال إلى الوضوح"[٤]، واتە: دەرخستنی شتێك لە ناڕوونی بۆ ئاشکراکردن و ڕوونی.

### (المجمل) لە ڕووی زمانەوانییەوە:

پێناسەی ئیمامی سەرخەسی: "لفظ لا يفهم المراد منه إلا باستفسار من المجمل وبيان من جهته يعرف به المراد"[٥]، واتە: وتەیەکە کە لە مەبەستەکەی تێناگەین

---

١ الرازي، مختار الصحاح، باب (بَيَنَ) (٤٣).

٢ ابن منطور، لسان العرب، (١٣/ ٧٩). و ابن فارس، معجم المقاييس في اللغة (١٦٤).

٣ أبو يعلى، العدة في أصول الفقه (١/ ١٠٠ـ ١٠١).

٤ الشنقيطي، مذكرة في أصول الفقه، الناشر: مكتبة العلوم والحكم، المدينة المنورة (٢٢٠).

٥ السرخسي، أصول السرخسي (١/ ١٦٨).

مەگەر لە ڕێگەی ڕوونکردنەوە لەلای بێژەر، ڕوونکردنەوەی شتە نادیارەکە لەلایەن بێژەر دەبێتە هۆی ڕوون بوونەوەی شتە نادیارەکە.

پێناسەی ئیمامی غەزالی: "اللفظ الصالح لأحد معنيين الذي لا يتعين معناه لا بوضع اللغة ولا بعرف الاستعمال"[١]، واتە: ئەو وتەیەی کە گونجاوە بۆ دوو مانا کە نازانرێت کام مانای مەبەستە، نە لە ڕێگەی زمانەوانیەوە نە لە ڕێگەی بەکارهێنانیەوە.

## نموونەی چەند وتەیەك کە لە قورئاندا بە ناڕوونی هاتووە و فەرموودەی پێغەمبەر ڕوونی کردووەتەوە:

**نموونەی یەکەم:** خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ﴾، واتە: (خوای گەورە کڕین و فرۆشتنی ڕێگە پێداوە). ئەم ئایەتە ماناکەی ڕوون نییە، چونکە وا دەخوازێت کە هەموو کڕینێك دروست بێت و ڕێگە پێدراو بێت، هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَحَرَّمَ الرِّبَا﴾ واتە: (سوو حەرامە)، وا دەخوازێت کە هەموو کڕین و فرۆشتنێك حەرام و قەدەغە بێت، چونکە: سوو بەمانای زیادبوون دێت و هەموو کڕین و فرۆشتنێك مەبەست لێی زیادبوونی دەستمایەیە. جا سەرەتای ئایەتەکە هەموو کڕین و فرۆشتنێکی ڕێگە پێدا و کۆتایی ئایەتەکە هەموو کڕین و فرۆشتنێکی قەدەغە کرد، جا نازانرێت حەڵاڵ و حەرام کامەیە، چونکە ئەو مانایەی، کە لە سوو تێدەگەین واتە: زیادەیەکی ڕەها، بەڵام ئەمە مەبەست نییە، بەڵکو ئەوەی مەبەستە زیادەیەك بێ بەرامبەر لە کڕین و فرۆشتنی ئەو شتانەی کە دیاری دەکرێت و هاوشێوەی هەیە، بەڵام ئەمانە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بۆمان ڕوون دەکاتەوە لە ڕێگەی فەرموودەکانیەوە[٢]. (عن عُبَادَةَ بْنَ الصَّامِتِ قَالَ إِنِّى

١ الغزالي، المستصفى (٣٥٤).

٢ الشاشي، أصول الشاشي (٨٦)، الواحدي، التفسيرُ البَسيط (٤/ ٤٦٥).

سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ - صلى الله عليه وسلم - يَنْهَى عَنْ بَيْعِ الذَّهَبِ بِالذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ بِالْفِضَّةِ وَالْبُرِّ بِالْبُرِّ وَالشَّعِيرِ بِالشَّعِيرِ وَالتَّمْرِ بِالتَّمْرِ وَالْمِلْحِ بِالْمِلْحِ إِلاَّ سَوَاءً بِسَوَاءٍ عَيْنًا بِعَيْنٍ فَمَنْ زَادَ أَوِ ازْدَادَ فَقَدْ أَرْبَى)[١]، واته: عوبادەی کوڕی صامت دەفەرموێت گوێبیستی پێغەمبەر بووم (دروودی خوای لەسەر)، کە ڕێگەی نەدا و قەدەغەی کرد فرۆشتنی زێڕ بە زێڕ، زیو بە زیو، گەنم بە گەنم، جۆ بە جۆ، خورما بە خورما، خوێ بە خوێ، مەگەر تەنها وەك یەك بێت، هەر کەسێك زیادە بدات، یان زیادە وەرگرێت، ئەوە سووی ئەنجام داوە).

زانایان جۆرەکانی سوویان کردووە بە سێ جۆر، لە ژێر ڕۆشنایی فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)[٢]:

یەکەم: سووی زیادە (ربا الفضل)، ئەمەش فرۆشتنی ماڵێکە کە سووی تێدا ئەنجام دەدرێت لەگەڵ هەندێك زیادە، وەك: فرۆشتنی کیلۆیەك گەنم بە کیلۆیەك و سەد غرام. پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "لا تَبيعُوا الذَّهَبَ بِالذَّهَبِ إلا مِثْلًا بِمِثل وَلَا تُشفُّوا بَعضها عَلى بَعض وَلا تَبيعُوا الوَرقَ بِالوَرق إلاَّ مِثْلًا بِمِثل وَلَا تُشفُّوا بَعضها عَلى بَعض وَلا تَبيعُوا مِنها غَائِبًا بناجزٍ"[٣]، واتە: (زێڕ بە زێڕ نەفرۆشن مەگەر تەنها وەك یەك بێت و زیادە وەرنەگرن لەسەر یەکتری، زیو بە زیو نەفرۆشن مەگەر تەنها وەك یەك بێت و زیادە وەرنەگرن لەسەر یەکتری، نابێت - لە شتومەکەکانی کە سووی تێدا ئەنجام دەدرێت - ئێستا بە قەرز بفرۆشن).

دووەم: سووی دواخستن (ربا النساء) ئەمەش فرۆشتنی ماڵێکە، کە سووی تێدا ئەنجام دەدرێت لەگەڵ ماڵێکی هاوشێوەی خۆی بۆ کاتێکی تر، وەك: فرۆشتنی

---

١رواه مسلم، كتاب المساقاة، باب الصرف وبيع الذهب بالورق نقدا، رقم الحديث (٤١٤٥) (٥/ ٤٣).

٢ السغدي، النتف في الفتاوى (٤٨٤).

٣ رواه البخاري، كتاب البيوع، باب بيع الفضة بالفضة، رقم الحديث (٢٠٦٨) (٢/ ٧٦١)، ومسلم، كتاب المساقاة، باب الربا، رقم الحديث (٤١٣٩) (٥/ ٤٢).

کیلۆیەك گەنم بە کیلۆیەك گـەنم یـان کیلۆیـەك گـەنم بـە کیلۆیـەك و سـەد غـرام بـۆ ماوەی مانگێك، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسـەر) دەفەرموێت: "ولا تبيعُوا منها غائبًا بنَاجز"، واتە: (نابێـت ـ لـە شـتومەکەکانی کـە سـووی تێـدا ئـەنجام دەدرێـت ـ ئێسـتا بـە قـەرز بفرۆشـن). بـە بەڵگـەی ئـەم فەرموودەیەش کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "مثلًا بمثـل، یـدًا بید"، واتە: (وەك یەك بێت و دەست بەدەست بیدەن بە یەکتر لە دانیشتنی کڕین و فرۆشـتنەکە). هـەروەها پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) دەفـەرموێت: "فـإذا اختلفتْ هـذه الأصـناف فبيعـوا کيـف شـئتُم، إذا کـان يـدًا بيـدٍ"[1]، واتـە: (ئەگـەر جۆرەکان جیا بوون هەر چۆنیك بتانەوێت بیفرۆشن، بەمەرجێك دەسـت بـە دەسـت بێت).

سێیەم: سووی قەرز: وەك بەقەرزدانی کیلۆیەك گەنم بۆ ماوەیەك بە کیلۆیەك و سەد غرام، واتە زیادەیەکی لەگەڵ بێت، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "إلا هاءَ وهاءَ"[2]، واتە: (بیدە و وەرگرە)، پێویستە دان و وەرگرتنی شتەکان لەو شوێنە بێت کە گرێبەستەکەی لێ ئەنجام دراوە و دوانەخرێت.

**نموونەی دووەم:** وتەی (الرهن) خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ كُنْتُمْ عَلَى سَفَرٍ وَلَمْ تَجِدُوا كَاتِبًا فَرِهَانٌ مَقْبُوضَةٌ﴾ (البقرة: ٢٨٣)، واتە: (ئەگەر لە کاتی مامەڵەکردندا لە سەفەر بوون و بنوستان دەست نەدەکەوت با لەبەینی ئێوەدا لە جیاتی ئەم قەرزە، کە بەسەر کەسێکی ترەوەیە با بارمتە (رهن) لە نێوانتاندا هەبێت و ماڵە بارمتەکراوەکە وەربگرن). ئەم ئایەتە ناڕوونە، چونکە تەنها باسی ئەو بارەی کردووە کە مرۆڤ لە کاتی سەفەردایە، بەڵام باسی ئەو بارەی نەکردووە،

---

١ رواه مسلم، کتاب المساقاة، باب الصرف وبيع الذهب بالورق نقدا، رقم الحديث (٤١٤٧) (٥/ ٤٤).

٢ رواه مسلم، کتاب المساقاة، باب الصرف وبيع الذهب بالورق نقدا، رقم الحديث (٤١٤٣) (٥/ ٤٣).

كە لە سەفەردا نەبێت (في الحضر)، بەڵام پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئەمەی ڕوونكردووەتەوە بە كردەوەی خۆی، هەروەك دایكمان عائیشە بۆمان دەگێڕێتەوە: "تُوُفِّيَ رَسولُ الله صلى الله عليه وسَلم وَدِرْعُهُ مَرْهُونَةٌ عِنْدَ يَهُودِيّ بِثَلاثِينَ صَاعًا مِن شَعير"[1]، واتە: كاتێك پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) كۆچی دوایی كرد، قەڵغانەكەی لای جوویەك بە بارمتە دانابوو لە بەرامبەر سی ڕبە جۆ وەریگرتبوو).

**نموونەی سێیەم:** خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا تَدَايَنْتُمْ بِدَيْنٍ إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى فَاكْتُبُوهُ وَلْيَكْتُبْ بَيْنَكُمْ كَاتِبٌ بِالْعَدْلِ....﴾ (البقرة: ٢٨٢)، واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بە خوا كاتێك كە قەرزتان دا بە یەكێ یاماڵێكتان فرۆشت بە پارەیەك تا كاتێكی دیاریكراو، ئەو مامەڵە و قەرزە بنووسن تا لە بیرتان نەچێتەوە و كەس زیانی لێ نەكەوێت با نووسەرێكی باش بە شێوەیەكی ڕاست و عادلانە بۆتان بنووسێت..). ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ كردنی مامەڵەی سەلەم، واتە: فرۆشتنی كاڵایەك كە هێشتا بەرهەم نەهاتووە، لەگەڵ ئەوەش لە شەرعدا نابێت شتێك بفرۆشرێت، تا لەبەرچاو نەبێت و بەرهەم نەهاتبێت، بەڵام لەبەر پێویستی خەڵك، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئەم جۆرە مامەڵەیەی ڕێگەپێدا كە دروستە بكرێت، فەرمووی: "مَنْ أَسْلَفَ فَلاَ يُسْلِفْ إِلاَّ فِى كَيْلٍ مَعْلُومٍ وَوَزْنٍ مَعْلُومٍ"[2]، واتە: (هەر كەسێك مامەڵەی سەلەمی كرد با نەیكات، مەگەر بە كێشانە و پێوانەیەكی دیاریی كراو نەبێت).

---

١ رواه البخاري، كتاب الجهاد والسير، باب ما قيل في درع النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ، والقميص في الحرب، رقم الحديث (٢٧٥٩) (٣/ ١٠٦٣).

٢ رواه مسلم، كتاب المساقاة، باب السلم، رقم الحديث (٤٢٠٣) (٥/ ٥٥).

# کۆتایی

قورئـان بـه سەرچـاوەی یەکـەم هـەژمار دەکرێـت بـۆ حوکمـە شـەرعییەکان، فـەرموودەی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) بـە سەرچـاوەی دووەم هـەژمار دەکرێت، لەگەڵ ئەوەش زۆربەی حوکمەکانی قورئان، یان ڕەهایە پێویستیان بە دیاریکرن هەیە، یان گشتگیرە پێویستی بە جیاکردنەوە هەیە، یان ناڕوونە پێویستی بە ڕوونکردنەوە و ڕاڤە هەیە، جا فەرموودە بە باشترین شێوە ڕوونی کردووەتەوە.

وشە پوختەکانی قورئان ماناکەی شاراوەیە، بۆ تێگەیشتن پێویستی بە ڕوونکرنەوە و ڕاڤە هەیە، جا فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە باشترین شێوە ئەو کارەی کردووە بۆ شیکرنەوەی حوکمە ناڕوونەکانی قورئان. تێگەیشتنی تەواو و ڕاست و دروست بۆ قورئان، پێویستی بەوە هەیە کە بگەڕێیتەوە بۆ لای فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، چونکە فەرموودە لەگەڵ قورئاندا لە یەك سەرچاوەوەیە بۆ داڕشتنی حوکمی شەرعی. ڕوونکردنەوەی حوکمە ناڕوونەکان، بەردەوام دەکەوێتە دوای دابەزینی حوکمەکان، بەڵام دواناکەوێت لە کاتی پێویستی کارکردن بە حوکمەکان.

فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەچەند شێوەیەك هاتووە بۆ ڕوونکردنەوەی حوکمە پوخت و ناڕوونەکانی قورئان، هەندێکجار بەشێوەی گوفتار، هەندێکجار بەشێوەی کردار، هەندێکجاریش بەشێوەی گوفتار و کردار بەیەکەوە. ئەحکامی موعامەلات زۆربەی حوکمەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بۆ ئێمەی دیاری کردووە و ڕوونی کردووەتەوە.

# سەرچاوەكان


١ـ القرآن الكريم.

٢ـ ابن الأثير، مجد الدين أبو السعادات المبارك بن محمد بن محمد بن محمد ابن عبد الكريم الشيباني الجزري ابن الأثير (ت ٦٠٦هـ)، النهاية في غريب الحديث والأثر، تحقيق: طاهر أحمد الزاوى ـ محمود محمد الطناحي، الناشر: المكتبة العلمية ـ بيروت، ١٣٩٩هـ/ ١٩٧٩م.

٣ـ ابن حزم، أبو محمد علي بن أحمد بن سعيد بن حزم الأندلسي القرطبي الظاهري (ت ٤٥٦هـ)، الإحكام في أصول الأحكام، تحقيق: الشيخ أحمد محمد شاكر، قدم له: أ.د. إحسان عباس، الناشر: دار الآفاق الجديدة ـ بيروت.

٤ـ ابن عابدين، محمد أمين بن عمر بن عبد العزيز عابدين الدمشقي الحنفي (ت ١٢٥٢هـ)، رد المحتار على الدر المختار، الناشر: دار الفكر ـ بيروت، ط٢، ١٤١٢هـ/ ١٩٩٢م.

٥ـ ابن فارس، أحمد بن فارس بن زكريا، معجم المقاييس في اللغة، تحقيق: شهاب الدين أبو عمر، دار الفكر ـ بيروت، ط٢، ١٤١٨هـ/ ١٩٩٨م.

٦ـ ابن ماجة، أبو عبد الله محمد بن يزيد القزويني، سنن ابن ماجة، تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي، الناشر: دار إحياء الكتب العربية ـ فيصل عيسى البابي الحلبي.

٧ـ ابن منظور، محمد بن مكرم بن علي، أبو الفضل جمال الدين ابن منظور الأنصاري الرويفعى الإفريقى، لسان العرب، (ت ٧١١هـ، الناشر: دار صادر ـ بيروت، ط٣، ١٤١٤هـ.

٨ـ أبو داود، أبو داود بن الأشعث بن اسحاق بن بشير بن شداد بن عمرو الأزدي السجستاني، سنن أبي داود، تحقيق: شعيب الأرنؤوط ـ كامل قرة بللي، الناشر: دار الرسالة العالمية، ط١، ١٤٣٠هـ/ ٢٠٠٩م.

٩ـ ابن قدامة، أبو محمد موفق الدين عبد الله بن أحمد بن محمد بن قدامة المقدسي، روضة الناظر وجنة المناظر في أصول الفقه على مذهب الإمام أحمد بن حنبل، ط٢، مؤسسة الريان للطباعة والنشر والتوزيع ـ بيروت.

١٠ـ أبو يعلى، القاضي أبو يعلى، محمد بن الحسين بن محمد بن خلف ابن الفراء (ت ٤٥٨هـ)، ، العدة في أصول الفقه، حققه وعلق عليه وخرج نصه: د. أحمد بن علي بن سير المباركي، ط٢، ١٤١٠هـ/ ١٩٩٠م.

١١ـ الألباني، محمد ناصر الدين الألباني (ت ١٤٢٠هـ)، إرواء الغليل في تخريج أحاديث منار السبيل، إشراف: زهير الشاويش، الناشر: المكتب الإسلامي ـ بيروت، ط٢، ١٤٠٥هـ/ ١٩٨٥م.

١٢ـ الألباني، أبو عبد الرحمن محمد ناصر الدين بن الحاج نوح بن نجاتي بن آدم الأشقودري الألباني (ت ١٤٢٠هـ)، سلسلة الأحاديث الصحيحة وشيء من فقهها وفوائدها، الناشر: مكتبة المعارف للنشر والتوزيع، الرياض، ط١.

١٣ـ الإمام أحمد، أحمد بن حنبل أبو عبد الله الشيباني، مسند الإمام أحمد بن حنبل، الناشر: مؤسسة قرطبة ـ القاهرة.

١٤ـ البخاري، الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ وسننه وأيامه = صحيح البخاري، المؤلف: محمد بن إسماعيل أبو عبد الله البخاري الجعفي، تحقيق: محمد زهير بن ناصر الناصر، الناشر: دار طوق النجاة، ترقيم: محمد فؤاد عبد الباقي، ط١، ١٤٢٢هـ.

١٥ـ البزدوي، علي بن محمد، أصول فخر الإسلام البزدوي، وضع حواشيه: عبد الله محمود عمر، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط١، ١٤١٨هـ/ ١٩٩٧م.

١٦ـ الخضري، محمد الخضري، أصول الفقه، دار الحديث القاهرة، ط١، ١٤٢٢هـ/ ٢٠٠١م.

١٧ـ الخن، د. مصطفى سعيد، الكافي الوافي في أصول الفقه، مؤسسة الرسالة، ط١، ١٤٢١هـ/ ٢٠٠٠م.

١٨ـ الدار قطني، أبو الحسن بن عمر بن أحمد بن مهدي الدار قطني، سنن الدار قطني، حققه وضبط نصه وعلق عليه: شعيب الأرنؤوط، حسن عبد المنعم شلبي، عبد اللطيف حرز الله، أحمد برهوم، الناشر: مؤسسة الرسالة، بيروت ـ لبنان، ط١، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٤م.

١٩ـ الدارمي، أبو محمد عبد الله بن عبد الرحمن بن الفضل بن بَهرام بن عبد الصمد الدارمي، التميمي السمرقندي (ت ٢٥٥هـ)، مسند الدارمي المعروف بسنن الدارمي، تحقيق: نبيل هاشم الغمري، الناشر: دار البشائر ـ بيروت، ط١، ١٤٣٤هـ/ ٢٠١٣م.

٢٠ـ الرازي، زين الدين أبو عبد الله محمد بن أبي بكر بن عبد القادر الحنفي الرازي (ت ٦٦٦هـ)، مختار الصحاح، تحقيق: يوسف الشيخ محمد، الناشر: المكتبة العصرية ـ الدار النموذجية، بيروت ـ صيدا، ط٥، ١٤٢٠هـ/ ١٩٩٩م.

٢١ـ زيدان، د. عبد الكريم، الوجيز في أصول الفقه، مؤسسة قرطبة، طباعة ونشر وتوزيع، بدون طبعة وسنة الطبع.

٢٢ـ السغدي، أبو الحسن علي بن الحسين بن محمد السُّغْدي، حنفي (ت ٤٦١هـ)، النتف في الفتاوى، تحقيق: المحامي د. صلاح الدين الناهي، الناشر: دار الفرقان ـ مؤسسة الرسالة، عمان ـ الأردن، بيروت ـ لبنان، ط٢، ١٤٠٤هـ/ ١٩٨٤م.

٢٣ـ الشاشي، نظام الدين أبو علي أحمد بن محمد بن إسحاق الشاشي (ت ٣٤٤هـ)، أصول الشاشي، الناشر: دار الكتاب العربي ـ بيروت.

٢٤ـ الشنقيطي، محمد الأمين بن محمد المختار بن عبد القادر الجكني (ت ١٣٩٣هـ)، مذكرة في أصول الفقه، الناشر: مكتبة العلوم والحكم ـ المدينة المنورة، ط٥، ٢٠٠١ م.

٢٥ـ الشوكاني، محمد بن علي بن محمد بن عبد الله الشوكاني اليمني (ت ١٢٥٠هـ)، إرشاد الفحول إلى تحقيق الحق من علم الأصول، تحقيق: الشيخ أحمد عزو عناية، دمشق ـ كفر بطنا، قدم له: الشيخ خليل الميس والدكتور ولي الدين صالح فرفور، الناشر: دار الكتاب العربي، ط١، ١٤١٩هـ/ ١٩٩٩م.

٢٦ـ الفراهيدي، أبي عبد الرحمن الخليل بن أحمد الفراهيدي، كتاب العين، الناشر: دار ومكتبة الهلال، تحقيق: د. مهدي المخزومي و د. إبراهيم السامرائي.

٢٧ـ مسلم، أبو الحسين مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري النيسابوري، الجامع الصحيح المسمى صحيح مسلم، الناشر: دار الجيل ـ بيروت / دار الأفاق الجديدة ـ بيروت.

٢٨ـ الواحدي، التفسيرُ البَسِيط، المؤلف: أبو الحسن علي بن أحمد بن محمد بن علي الواحدي، النيسابوري، الشافعي (ت ٤٦٨هـ)، تحقيق: أصل تحقيقه في (١٥) رسالة دكتوراه بجامعة الإمام محمد بن سعود، ثم قامت لجنة علمية من الجامعة بسبكه وتنسيقه، الناشر: عمادة البحث العلمي ـ جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية، ط١، ١٤٣٠هـ.

# ڕۆڵی زانستی "عِلَل الحديث" له پاراستنی سوننەت

**م. ی. عیمران محەمەد مزوری**
**زانکۆی سەلاحەددین/ کولێژی زانستە ئیسلامییەکان**

زانستی فەرموودەناسی یەکێکە لە زانستە خۆماڵی و جێ شانازییەکانی ئوممەتی ئیسلام بۆ پاڵفتەکردن و جیاکردنەوەی دروست و نادروستی ڕیوایاتی مێژوویی و لە سەرووی هەمووشیانەوە فەرموودەکانی پێغەمبەر (درووردی خوای لەسەر)، کە لەلایەن زانایانی مسوڵمانان بنەما و بنچینەکانی ئەم زانستە داڕێژراوە و داهێنراوە، نە لە کۆن و نە لە ئێستادا هیچ ئوممەتێك و گەلێك پێی نەگەیشتووە، هەر ئەم زانستە و کۆششە نەبڕاوەکانی فەرموودەناسانیش وایکردووە کە سونەتی پێغەمبەر (درووردی خوای لەسەر) لە دەستی تەحریف و تەزویر پارێزراو بێت و بە ساغکراوەیی بگاتە دەستمان.

یەکێك لە زانستە پڕ بەهاکانی فەرمووودەناسیش بریتییە لە زانستی "علل الحدیث"، کە بە وردی و دیققەتەکەی جیادەکرێتەوە لە زانستەکانی تری فەرموودەناسی، هەروەها کارکردنی تایبەتی لەسەر ئەو فەرموودانەی کە لە ڕووکەشدا وا دەردەکەون کە ڕاست و دروستن، بەڵام لە پەنهانیاندا هەندێ خەلەل و کەلێن لە سەنەد، یان مەتنیاندا هەیە، کە تەنها ئەو زانایانە دەتوانن دەرکی پێ بکەن، کە ئاوێتەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بوون، ئەمەش ئەو گومانەی هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناس و قوتابیەکانیان لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێن فەرموودەناسەکان تەنها بە پشتبەستن بە ڕووکەشی سەنەدی فەرموودەکان حوکمی لەسەر دەدەن بە صەحیح یان زەعیف.

## چەمك و پلە پایەی زانستی "علل الحدیث"

زانستی "علل الحدیث" یەکێکە لە زانستەکانی فەرموودەناسی، بەڵکو لە گرنگترین و وردترین زانستەکانە، کە بەهۆیەوە فەرموودە دروست و نادروستەکان جیادەکرێنەوە.

**پێناسەی زانستی "علل الحدیث":**

**لە ڕووی زمانەوانیەوە:** وشەی "عِلل" کۆی "علة"یە و بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فرمانی "علّ". وشەی "علة" بە سەرنجدان لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی دەردەکەوێت وەك ئەوەی ئیبنولفارس لە "معجم مقاییس اللغة"[1] باسی دەکات کە بە سێ جۆر مانا دێت لە زمانی عەرەبیدا:

١. بەمانای " المرض" واتە: نەخۆشی، بۆ نموونە دەوترێت "أصیب بعلة" واتە: تووشی نەخۆشیەك بوو.

---

[1] معجم مقاییس اللغة (٤/ ١٢).

٢. بەمانای "عائق يعوق" واتە: کۆسپێکە یان ڕووداوێکە کە بەندە سەرقاڵ دەکات و بەهۆیەوە ئاگای لە مەبەست و کارە سەرەکیەکەی نامێنێت.

٣. بەمانای "تکرار أو تكرير" واتە: دووبارەبوونەوە، یان دووبارەکردنەوە، بۆ نموونە "شرب عَلَلًا بعد أن نَهَل" واتە دووەمجار ـ یان چەند جاری تر بەدوایەکدا ـ خواردیەوە دوای ئەوەی جاری یەکەم خواردیەوە.

**لە زاراوەی فەرموودەناسیدا:** دوو مانای هەیە، مانایەکی تایبەت و مانایەکی گشتی:

**مانا تایبەتەکەی:** ئیبن صەلاحی شارەزوری، لە پێناسەکەیدا دەفەرمووێت: "عبارة عن أسباب خفية غامضة قادحة فيه"[١]، واتە: (چەند هۆکارێکی شاراوە و پەنهانن کە دەبنە هۆی لەکەدارکردن و لاوازکردنی فەرموودەکە). بە واتایەکی تر: لە دیوی شاراوەی فەرموودەکە هۆکارێك، یان چەند هۆکارێك هەن کە دەبێتە هۆی لاوازکردنی. پێش ئەویش حاکیمی نیسابوری، بەئاشکرا ئاماژەی بەم مانایە کردووە و دەفەرمووێت: "وإنما يعلل الحديث من أوجه ليس للجرح فيها مدخل، فإن حديث المجروح ساقط واهٍ، وعلة الحديث يكثر في أحاديث الثقات أن يحدثوا بحديث له علة فيخفي عليهم علمه فيصير معلولًا"[٢]، واتە: (فەرموودە لە چەند ڕوویەکەوە لەکەدار "لاواز" دەکرێت بە بێ ئەوەی هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ جەرحی ڕاوی فەرموودەکە، چونکە فەرموودەی ڕاوی مەجروح هەر لە سەرەتاوە لاواز و ڕەتکراوەیە، بەڵام عیللە لە فەرموودەی ڕاویە جێباوەڕ (ثقات)ەکان زۆر بەدی دەکرێت، بە جۆرێك فەرموودەیەك دەگێڕنەوە و عیللەیەکی تێدایە کە لایان ئاشکرا نییە و دەرکی پێ ناکەن، بەم شێوەیە فەرموودەکە دەبێتە فەرموودەکی مەعلول و لاواز.

---

[١] علوم الحديث (٩٠).

[٢] معرفة علوم الحديث (١١٢).

**فەرموودەی مەعلول " مُعَل"**: فەرموودەی " مُعَلَّل یان مَعلُول یان مُعَل" هەرسێ ناوی بۆ بەکاردێت، بەڵام ڕاسترینیان لە ڕووی زمانەوانیەوە سێهەمەکەیانە ـ واتە: مُعَل ـ چونکە لە — أعلَّ ـ وەرگیراوە[1]. بەو فەرموودەیە دەوترێت کە هۆکارێکی شاراوەی تێدایە، وا دەکات فەرموودەکە لاواز بێت و ڕەتبکرێتەوە، واتە هەر فەرموودەیەك بۆ ئەوەی پێی بلێین "مُعل" ئەوا دوو مەرجی پێویستە:

١. هۆکارێکی شاراوە و نادیاری تێدا بێت، چونکە هۆکارەکانی لاوازبوونی فەرموودە دوو جۆرن، ئاشکرا و شاراوە. کە یەکەمیان هەر کەسێك لە بواری فەرموودەناسی کار بکات و شارەزا بێت، دەتوانێت دەرکیان بکات، وەك پچڕان (عدم الاتصال) لە سەنەدی فەرموودەکەدا، یان بوونی ڕاویەکی لاواز لە سەنەدەکەیدا، بەڵام دووەمیان واتە: شاراوەکان، تەنها ئەو فەرموودەناسانە دەتوانن دەرکی بکەن کە ئاوێتەی فەرموودە و فەرموودەناسی بوون، تێیدا قاڵ بوونەتەوە، بە دیققەت و وردبینیان دەتوانن ئەو هۆکار و عیلەلانە بدۆزنەوە.

٢. دەبێت ئەم هۆکارە شاراوەیە لەکەدارکەر بێت، واتە فەرموودەکە لاواز بکات، چونکە هەندێك جار فەرموودە عیللەی تێدایە، بەڵام قادح ـ لەکەدارکەر ـ نییە و فەرموودەکە لاواز ناکات، وەك ئەوەی ڕاویەکی جێی باوەڕ (ثقة) فەرموودەیەك ڕیوایەت بکات لەو لاوە کەسێکی لاواز و مەجروح فەرموودەکە بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی (ثقة)کە بگێڕێتەوە، ئەوە کاریگەریی بەسەر فەرموودەی (ثقة)کەوە نییە[2].

جێی ئاماژەیە لێرەدا کە پێوەر لای زانایانی "المتقدمین" بۆ عیللە، بریتییە لە هەڵەکردن لە ڕیوایەتکردنی فەرموودە، جا دەکرێت شاراوە بێت و دەکرێت ئاشکرا بێت، وەك لە مانا گشتیەکە بەدەردەکەوێت، بەڵام وەسفکردنی بە شاراوە (خفي) ئەوە لایەنە زۆرەکەیەتی کە زۆربەی عیللەکان لە جۆری شاراوە و نادیارن، بەڵام

---

[1] شرح التبصرة والتذكرة (١/ ٢٧٣).

[2] علوم الحديث أصيلها ومعاصرها (٢٤١).

تەسکردنەوەی مانای عیللە لە تەنها جۆری شاراوەدا ئەمە کاری زانایانی "المتأخرین"ە و بۆچوونێکی ورد و دەقیق نییە[1].

**مانا گشتیەکە:** بریتییە لە هەر عیللەیەك کە ببێتە هۆی لاوازکردنی فەرموودەکە، جا چ شاراوە بێت یان ئاشکرا، نەك تەنها ئەمە، بەڵکو بوونی هەر جیاوازیەك لەنێوان ڕیواتەکانی فەرموودە ئەگەر لەکەدارکەر ـ قادح ـ بێت یان نەبێت ـ غیر قادح ـ لای زانایانی فەرموودەناس هەر بە عیللە ناوی هێنراوە، بەڵکو نەسخیش لای هەندێ زانا بە عیللە ناونراوە، وەك ئیبن صەلاح لەم بارەوە دەفەرموویێت: عیللە بۆ جگە لەوەی کە باسمان کرد ـ مەبەستی هۆکارە شاراوەکانی لاوازکەری فەرموودەیە- بەکاردێت بۆ هۆکارانەی کە ماون و دەبنە هۆی لەکەدارکردنی فەرموودەکە، کە لە باری سەحیحی دەریدەکەن بۆ باری لاوازی، ڕێگرن لە کارپێکردنی وەك ئەوەی وشەی "عیللە" لە بنەڕەتدا دەیخوازێ، بۆیە لە کیتابەکانی "علل الحدیث"دا جۆرەکانی جەرحکردنی ڕاوی دەبینرێت بە "کذب ـ درۆکرن ـ و غفلة ـ بێ ئاگایی ـ و سوء الحفظ ـ خراپی لەبەرکردن و یادگە " و هاوشێوەکانیان لە جۆرەکانی جەرحکردنی ڕاوی ـ کە ئەم هۆکارانە لە جۆری هۆکاری ئاشکران ـ و ئیمامی تورمزی نەسخی فەرموودەشی بە جۆرێك لە عیللەی فەرموودە ناوناوە"[2]. حافزی عێراقی دەڵێت: "ئەگەر مەبەستی تورمزی ئەوە بێت کە نەسخ هۆکارە بۆ کارپێنەکردنی فەرموودەکە، ئەوە قسەیەکی ڕاستە"[3]. دەبێت مەبەستەکەی تورمزیش هەر ئەوەبێت نەك ئەوەی کە نەسخ فەرموودەکە لاواز دەکات. "هەندێك لە زانایان[4] عیللەیان بەکارهێناوە بۆ ئەو جیاوازییانەش کە

---

[1] المنهج النقدي عند المتقدمين من المحدثين وأثر تباين المناهج (٤٥١ ـ ٤٥٣).

[2] علوم الحديث (٩٢).

[3] شرح التبصرة والتذكرة (١/ ٢٩٠).

[4] مەبەست لێرەدا (أبو يعلي الخليلي)يە کە لە (الإرشاد في معرفة علماء الحديث ١/ ١٦٠) باسی کردووە.

له نێوان ڕیوایەتەکان ڕوو دەدات و لەکەدارکەر نین، وەك ئەوەی کە فەرموودەیەك بە مورسەلی دەهێنێت ـ مورسەل: بەو فەرموودە دەوترێت کە تابیعی ڕاستەخۆ لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕیوایەت بکات، کە ئەمەش جۆرێکە لە فەرموودەی لاواز ـ لەکاتێکدا ڕاویەکی باوەڕپێکراو بە مسونەدی ـ واتە بە سەنەدێکی موتتەصیل هێناویەتی ـ واتە ئیرسالەکەی ئەو نابێتە هۆی لاوازکردنی فەرموودە مسونەدەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك عیللە باسیان کردووە ـ تەنانەت ئەو زانایانە فەرموویانە: لە جۆرەکانی فەرموودەی صەحیح هەیانە صەحیحێکی مەعلولە! وەکو هەندێك لە زانایان ـ کە مەبەست ئیمامی حاکیمی نەیسابوریە لە (معرفة علوم الحديث)دا وای وتووە ـ فەرموویانە: لە فەرموودەی صەحیح هەیە کە صەحیحێکی شازە!"[1]. ئەو جۆرەی کە ئێمە مەبەستمانە لەم توێژینەوەماندا باسی لێوە بکەین جۆری یەکەمیەتی.

### زانستی "علل الحديث":

بەپێی ئەو پێناسەی کە زانایان بۆ فەرموودەی مەعلول کردوویانە، دەتوانین بڵێین: زانستی "علل الحديث" بریتیە لەو زانستەی کە باس لەو ڕێگا و بنەمایانە دەکات کە بەهۆیەوە دەتوانرێت هۆکارە شاراوە لەکەدارکەر (قادح)ەکانی ناو فەرموودەکان دیاری بکرێن و بدۆزرێنەوە[2].

---

[1] علوم الحديث (٩٢).

[2] مدخل علم علل الحديث (٦).

## جۆرەکانی عیللە:

بەپێی ئەو باسانەی کە زانایانی فەرمووده‌ناس کردوویانە دەربارەی عیللە، دەتوانین بەم شێوازەی خوارەوە عیللەکان دابەش بکەین:

١. بەپێی کاریگەرییەکەی دابەش دەکرێت بۆ:

أـ عیللەی لەکەدارکەر (قادح): ئەو عیللەیەیە کە دەبێتە هۆی لاوازکردنی فەرموودەکە.

ب ـ عیللەی نا لەکەدارکەر (غیر قادح): واتە نابێتە هۆی لاوازکردنی فەرموودەکە.

٢. بەپێی شوێنەکەی لە فەرموودەدا:

أـ عیللەی ئیسناد: ئەو عیللەیەی کە لە ئیسنادی فەرموودە بەدی دەکرێت.

ب ـ عیللەی مەتن: واتە ئەو عیللەیەی لە مەتن یان دەقی فەرموودەکە بەدی دەکرێت.

٣. بەپێی شوێنەکە و کاریگەرییەکەی بە یەکەوە:

أـ عیللەی ئیسناد، کە دەکرێت قادیح بێت، یان قادیح نەبێت، ئەگەر قادیحیش بێت، دەکرێت تەنها قەدح لە ئیسنادەکە دروست بکات بێئەوەی کاریگەریی بۆ سەر مەتن یان دەقی فەرموودەکە هەبێت و دەکرێت ببێتە هۆی لاوازکردنی مەتنەکەش.

ب ـ هەمان قسەی سەرەوە دەربارە مەتنەکەش ڕاستە[1].

**هۆکارەنی عیللە لە فەرموودەدا:**

چەند هۆکارێکی جوراوجۆر هەن کە دەبنە هۆی دروستبوونی عیللە لە فەرموودەدا، گرینگترینیان ئەمانەن:

**١. هەڵەکردن و تووشی وەهم بوون لە گێڕانەوەی فەرموودە (الخطأ والوهم):** ئەمە هۆکارێکی گشتگیرە و هیچ ڕاوییەك لە هەر ئاستێکی زانستی و بەئاگایی و (حفظ)دا بێت لێی سەلامەت نەبووە، ئەگەر جارێکیش بێت تووش بووە، وای بۆ

---

[1] علوم الحديث (٩٠– ٩٢)، فتح المغيث بشرح ألفية الحديث (١/ ٢٨٧– ٢٨٩).

چەند جار، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی سروشتی مرۆڤ، کە هیچ لە هەڵە و کەموکورتی بێبەری نییە. ئیبن مەعین ئاماژە بەم ڕاستییە دەکات و دەفەرمووێت: "من لم يخطيء في الحديث فهو كذاب"[1]، واتە: (ئەوەی تووشی هەڵە نەبێت لە گێڕانەوەی فەرموودەدا ئەوە مرۆڤێکی درۆزنە)، مەبەستی ئەوەیە کەسێك ئەم بانگەشەیە بکات و بڵێ من هەرگیز تووشی هەڵە نەبووم لە گێڕانەوەی فەرموودەدا، ئەوە درۆ دەکات. هەر ئەم هۆکارەشە وای کردووە کە کاری سەرەکی ئەم زانستە ببێتە لێکۆڵینەوە لە فەرموودەی کەسانی جێی باوەڕ (ثقات).

٢. **بوونی خەلەل لە زەبت و یادگە (خفة الضبط) لای هەندێ ڕاوی:** لەگەڵ ئەوەی کەسێکی دادپەوەر (عادل) و ڕاستگۆ (صادق)ە لای زانایانی فەرموودەناس، ئەمەش وا دەکات گەلێ جار تووشی هەڵە بێت لە گێڕانەوەی فەرموودەدا.

٣. **تووشبوون بە تێکەڵکردن (الاختلاط):** ئەمەش ئافەتێکی عەقڵیە تووشی هەندێك ڕاوی دەبێت بە هۆی بەتەمەندا چوون، یان هۆکاری تر وەك خەمێکی زۆر، یان سووتان و لەناوچوونی پەڕتووکەکانی، ئەمانە وای لێ دەکەن کە لە کاتی گێڕانەوەدا فەرموودەکان تێکەڵ بکات و وەك خۆی نەیگەیەنێت.

٤. **کەم مانەوە و هاوڕێیەتیکردنی لەگەڵ ئەو شەیخەی کە فەرموودەی لێ ڕیوایەت دەکات (قصر الصحبة):** ئەمەش هۆکاریکی ترە لە تووشبوون بە هەڵە لە گێڕانەوەی فەرموودەدا، ئەمە بابەتێکی زۆر جێی سەرنجە لای فەرموودەناسان، کاتێك دوو ڕیوایەتی جیاواز، یان ڕیواتێکی غەریب لە شەیخێکەوە ڕیوایەت دەکرێت، سەیری ئەو ڕاوییە دەکەن، کە ڕیوایەتەکەی هێناوە چەندە هاوڕێیەتی ئەو شەیخەی کردووە و لەگەڵی ماوەتەوە و بەراوردی دەکەن لەگەڵ ڕیوایەتی ئەو قوتابیانەی تری، کە بۆ ماوەیەکی زۆر مولازیمی شەیخەکە بوون، ئینجا لەوێوە هەڵەی ڕاوی یەکەم دیاری دەکەن و دەرك بە عیللەی فەرموودەکەی دەکەن.

---

[1] شرح علل الترمذي (١/ ٩٤).

**٥. کورتکردنەوە یان ڕیوایەتکردنی بە مانا (الاختصار والرواية بالمعنى):** کورتکردنەوە و ڕیوایەتکردن بەمانا پێویستی بە شارەزایی و پسپۆڕی هەیە لە بواری جۆراوجۆردا، لە سەرەوەی هەموویان زمانی عەرەبی و بنەما و زانستەکانی بە جۆرێك بتوانێت هەمان مانای فەرموودەی بگەیەنێت ئەگەر ویستی بە تەعبیری خۆی ڕیوایەتی بکات، بەڵام کەسانێك هەن لەو ئاستەدا نین، بۆیە کاتێك فەرموودە بەمانا ڕیوایەت دەکات ناتوانێت هەمان مانا بگەینێت و بە کەموکورتیەوە ڕیوایەتی دەکات و ماناکەی تێکدەدات[١].

## ڕێگاکانی ناسینەوەی عیللە:

لەبەر ئەوەی عیللە هۆکارێکی شاراوە و نادیارە، ناتوانرێت بەئاسانی دەرك بکرێت، بۆیە دەبێت هەندێ ڕێگا و بنەما هەبن کە بەهۆیەوە بتوانرێت ئەم هۆکارە شاراوانە دیاری بکرێن و بدۆزرێنەوە. بە وردبونەوە لە کار و گوفتاری زانایان لەبارەی دۆزینەوەی عیللەی فەرموودە، بۆمان دەردەکەوێت کە دوو ڕێگای سەرەکی هەن، یان بە دوو قۆناغی سەرەکیدا تێدەپەڕێت:

**١. کۆکردنەوەی ڕیوایەتەکانی فەرموودەکە:** سەرەتا بۆ دۆزینەوەی عیللە لە هەر فەرموودەیەك پێویستە هەموو ڕیوایەت و ڕێگاکانی فەرموودەکە کۆبکرێتەوە. زانایانی فەرموودەناس زۆر گرنگییان بەم بابەتە داوە پێش ئەوەی حوکم لەسەر هەر فەرموودەیەك بدەن بەوەی کە صەحیحە یان زەعیفە، بۆ نموونە: ئیمامی عەلی کوڕی مەدینی دەفەرمووێت: "الباب إذا لم تُجمع طرقه لم يتبين خطئه"[٢]، واتە: (لە هەر بابێك یان مەسەلەیەکی شەرعی ئەگەر هەموو ئەو ڕیوایەت و فەرموودانەی لەو

---

[١] بۆ درێژەی ئەو هۆکارانە بگەڕێوە سەر پێشەکیەکەی (د. همام عبد الرحيم) بۆ پەڕتووکی: شرح علل الترمذي (١/ ٩٣- ١١٩).

[٢] علل الدارقطني ٤٦/١.

بارەوە هاتوون کۆنەکرێنەوە ئەوا هەڵە و کەموکورتیەکەی بەدەرناکەوێت). ئیمامی یەحیای کوڕی مەعین دەفەرمووێت: "لو لم نكتب الحديث من مائة وجه ما وقعنا علي الصواب"[1]، واتە: (ئەگەر هەر فەرموودەیەك لە سەد ڕووەوە نەمان نوسیبایەوە ئەوا لایەنە ڕاستەکەی فەرموودەکەمان بۆ بەدەرنەدەکەوت). ئیمامی ئەبو حاتەمی ڕازی دەفەرمووێت: "لو لم يكتب الحديث من ستين وجهًا ما عقلناه"[2]، واتە: (ئەگەر هەر فەرموودەیەك لە شەست ڕووەوە نەنووسرابایەوە، ئەوا بەتەواوی لە بارودۆخی فەرموودەکە تێنەدەگەیشتین کە ئایا صەحیحە یان نا).

٢. **بەراوردکرن لە نێوان ڕیوایەتەکاندا:** دوای کۆکردنەوەی ڕیوایەتەکانی فەرموودەکە، قۆناغی دووەم دەست پێدەکات، کە ئەویش بریتییە لە بەراوردکرن لەنێوان ڕیوایەتەکان بۆ دۆزینەوەی خاڵی کۆك و خاڵی ناکۆکی نێوانیان و دیارکردنی جۆری ناکۆکیەکە و سەرچاوەکەی، ئینجا بڕیاردان لەسەری و دۆزینەوەی هەر عیللەیەك کە لە فەرموودەکەدا بوونی هەبێت. ئیبن حەجەری عەسقەلانی دەفەرمووێت: "ڕێگای زانینی سەلامەتی فەرموودە لە عیللەی قادح وەکو ئەوەی کە ئیبن صەلاح لە (الخطيب)ی نەقڵ کردووە، ئەوەیە کە ڕێگا و ڕیوایەتەکانی فەرموودەکە کۆبکرێنەوە، ئەگەر ڕاویەکان هەموویان کۆك و یەکسان بوون لە چۆنیەتی ڕیوایەتی فەرموودەکە ئەوە دەبێتە بەڵگەی سەلامەتی فەرموودەکە لە عیللەی قادح، ئەگەر جیاوازیش بوون ئەوا دەشێ عیللەکە بەدیار بکەوێت، چونکە لە ڕاستیدا بنەمای دەرخستنی عیللەی فەرموودە بەندە لەسەر دیاری کردن و ڕوونکردنەوەی جیاوازی نێوان ڕیوایەتەکان"[3].

---

[1] شرح الموقظة (١٠٠).

[2] التبصرة والتذكرة (٢/ ٢٣٣).

[3] النكت على كتاب ابن الصلاح (١/ ١١٤).

"تفرد" واتـە: تـەنهایی بـوونی یـەكێك لـە ڕاویـەكانی فەرموودەكـە لـە شـێواز و چۆنیەتی گێڕانەوەی فەرموودەكە لەنێوان هەموو ڕاویـەكانی تـر لەگـەڵ جیـاوازی و موخالەفەی فەرموودەی ڕاویەكانی تر، یەكێكن لە نیشانە هـەرە دیارەكـانی بـوونی عیللە لە فەرموودەدا، كە لە ئەنجامی بەراوردكردنی ڕیوایەتەكان دەركی پێدەكرێت و بەدەردەكـەوێت. ئـیبن صـەلاح ئامـاژە بـەم ڕاسـتیە دەكـات و دەفـەرمووێت: "تـەنهایی بـوونی ڕاوی و جیـاوازی لەگـەڵ ئـەوانی تـر لـە چـۆنێتی گێڕانـەوەی فەرموودەدا یارمەتیدەرێكی زۆر باشە بـۆ دەرككردنـی عیللـەی فـەرموودە، ئەمـە و لەگـەڵ نیشـانە و بەڵگـەی تـر كەسـی شـارەزا و پسـپۆڕ لـە بـواری فەرموودەناسـی بەئاگادێنێت لە بارەی فەرموودەی (موصـول) كـراو كـە لەڕاسـتیدا (مرسـل)ە و بـە (مرفـوع) هێنـراو كـە لـە ڕاسـتیدا فـەرموودەی (موقـوف)ە، یـان تێئـاخنینی فەرموودەیەك لە فەرموودەیەكی تر، یان وەهم و هەڵەی تر كە لـە ڕاوی (متفـرد)وە دێت جگە لەوەی باسكرا، بەجۆرێك ئەمـە وا لـە فەرموودەناسـەكە دەكـات كـە ڕای بچێتە سەر ئەوەی كە فەرموودەكە مەعلولە و حوكمی بەسـەردا دەدات یـان دوودڵ دەبێت لە بارەیەوە و هیچ حوكمێكی لەسەر نادات، ئەمانە هـەمووی ڕێگـرن لـە بـە سەحیح دانانی هـەر فەرموودەیـەك لـە كـاتی تێـدا بـەدیكردنی ئـەوەی كـە باسمـان كرد"[1].

بێگومان ناسینەوە و دەرككردن بە عیللەی فەرموودە پێویستی بە توانایی و لێهاتوویی و پسپۆڕی هەیە لە بواری فەرموودەناسی، واتە هەموو كەسێك و هەموو زانایەك ناتوانێت بەم كارە هەڵسێت ئەگەر زۆر بە وردی و قوولی ڕۆنەچووبێت لە زانستەكانی فەرموودە و ئاوێتەی بنەما و ڕێسا و یاساكانی نەبووبێت، وەك ئیبن ڕەجەبی حەنبەلی لەم بارەوە دەفەرمووێت: "ڕەخنەگرە كارامەكان لەبەر زۆری مومارەسەیان لە بواری فەرموودە و ناسینی پیاوەكان (ڕاویەكان) و فەرموودەكانی

---

[1] علوم الحديث (٩٠).

هەر یەکێکیان، ئەوان تێگەیشتنێکی تایبەتیان هەیە کە بە هۆیەوە دەزانن و تێدەگەن کە ئەم فەرموودەیە لە فەرموودەی فلان کەس یان ڕاوی دەچێت لە هی فیسار ناچێت، بەم ڕێگایەش عیللەی فەرموودەکان دیاری دەکەن، ئەمە کارێکە کە بە گوزارشتێك ناتوانرێت چوارچێوەکەی دیاریی بکات، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەهلی خۆی و ئەو تێگەیشتن و مەعریفەیە کە ئەوان پێی تایبەت کراون و بەهۆیەوە لە زانایانی تر جیا دەکرێنەوە"[1].

دەتوانین بڵێین نموونەی زانا تێگەیشتوو و توانادار لەسەر دەرککردن بە عیللە وەك نموونەی پزیشکی کارامە و لێزان وایە کە تەنیا بە بینینی نەخۆش دەتوانێت جۆری نەخۆشیەکەی دیاریی بکات، زانایانی بواری ناسینەوەی عیللەی فەرموودە تەنها بە بیستن و بینینی فەرموودەکە دەزانن کە هی چ ڕاویەکە و عیللەکەشی چیە، تەنانەت هەندێك لەو زانایانە دەیانفەرموو تەنها بە بۆنکرد دەتوانین فەرموودەی ڕاست و ناڕاست جیابکەینەوە، واتە تا ئەم ئاستە بەرزە ئاوێتەی فەرموودەکان بوون کە بۆنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە فەرموودەکانی بکەن و جیای بکەنەوە لەوەی کە هی ئەو نییە و بۆنی ئەوی لێ نایەت (دروودی خوای لەسەر).

**پلەوپایەی زانستی "علل الحديث":**

زانستی عیلەلی فەرموودە لە گرنگترین و بە بەهاترینی زانستەکانی فەرموودەناسینە، ڕێز و پلەوپایەی لای زانایانی فەرموودەناس لە هەموو زانستەکانی تر گەورەتر و بەرزترە، وەك ئیبن سەلاح دەفەرمووێت: "ناسین و دەرککردن بە عیللەی فەرموودە لە بەڕێزترین و وردترین و پایەبەرزترین جۆرەکانی زانستەکانی فەرموودەناسینە"[2]. ئیبن کەسیر ئاماژە بەمە دەکات و دەفەرمووێت: "وهو فن خفي على كثير من علماء الحديث، حتى قال بعض حفاظهم: "معرفتنا بهذا

[1] شرح علل الترمذي (٢/ ٨٦١).

[2] علوم الحديث (٩٠).

كهانة عند الجاهل"، وإنما يهتدي إلى تحقيق هذا الفن الجهابذة النقاد منهم يميزون بين صحيحه وسقيمه، ومعوجه ومستقيمه، كما يميز الصيرفي البصير بصناعته بين الجياد والزيوف، والدنانير والفلوس، فكما لا يتماري هذا، كذلك يقطع ذاك بما ذكرناه، ومنهم من يظن، ومنهم من يقف، بحسب مراتب علومهم وحذقهم واطلاعهم على طرق الحديث، وذوقهم حلاوة عبارة الرسول ـ صلي الله عليه وسلم ـ التي لا يشبهها غيرها من ألفاظ الناس"[1].

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی ئەم پلە و ڕێزەی ئەم زانستە بریتیە لەوەی کە پێویستی بە ڕەنج و کۆششی زۆرە، تاوەکو دەرك بە عیللە شاراوەکانی فەرموودەکە دەکرێت و دەدۆزرێتەوە، وەك خەتیبی بەغدادی دەفەرمووێت: "هەندێ فەرموودە هەیە کە عیللەکەی پەنهان دەبێت کە ناتوانرێت دەرك بکرێت تەنها دوای تێفکرینێکی قوڵ و تێپەڕینی کاتێکی درێژ نەبێت"[2]. ئیبن مەدینی لەم بارەوە دەفەرمووێت: "هەندێ جار دوای تێپەڕبوونی چل ساڵ ئینجا پەییم بردووە بە عیللەی فەرموودەیەك"[3]. هە لەبەر ئەمەش کاتێك زانای ڕەخنەگر دەرکی بە عیللەی فەرموودەیەك کردووە زۆر دڵخۆش و شاد بووە، عەبدولڕەحمانی کوڕی مەهدی دەفەرمووێت: "ئەگەر عیللەی فەرموودەیەك بزانم و بناسم لام خۆشەویسترە لە نووسینەوەی بیست فەرموودە کە لام نییە و نەمبیستووە"[4].

ئەو خاڵەی لە هەمووی گرنگترە لەم زانستەدا ئەویش کارکردنە لەسەر فەرموودەی (ثقات)، واتە ڕاویە جێباوەڕەکان لە گێڕانەوەی فەرموودەدا، ئەوانەی کە لە ڕووکەشدا هیچ گرفتێك لە فەرموودەکانیان بەدی ناکرێت، بەڵام زانای

---

[1] الباعث الحثيث شرح اختصار علوم الحديث (٦٤).

[2] الجامع لأخلاق الراوي (٢/ ٢٩٦).

[3] هەمان سەرچاوە (٢/ ٢٥٧).

[4] هەمان سەرچاوە (٢/ ١٩١).

پسپۆڕی بواری زانستی عیلەلی فەرموودە تەنها بە ڕووکەش هەڵناخەڵەتێت و بەڵکو دەچێتە بنج و بنەوانیەوە و خوێندنەوەیەکی تەواوی هەمەلایەنەی ناوەکی و دەرەکی بۆ دەکات، ئینجا بڕیاری کۆتایی دەدات لەسەر فەرموودەکە کە ئایا سەلامەتە لە عیللە یان نا، چونکە وەك ئاشکرایە هیچ کەسێك لە هەڵە و کەموکورتی بەدەر نییە چەندە شارەزا و زانا و دانا بێت، وەك ئیبن مەعین ئاماژە بەم ڕاستیە دەکات و دەفەرمووێت: "من سەرسوڕمانی نامگرێت کاتێك ڕاویەك فەرموودە دەگێڕێتەوە و هەڵە دەکات، بەڵکو ئەوەی جێی سەرسوڕمانی منە کەسێك لە ڕیواتکردندا ڕاست بکات و تووشی هەڵە نەبێت"[1]. واتە نییە کەسێك لە هەر ئاستێکی مەعریفی و حیفظ و ئاگاییدا بێت تووشی هەڵە و کەم و کورتی نەبێت لە گێرانەوەی فەرموودەدا، هەر لەبەر ئەمەشە کە زانایانی فەرموودەناس گرنگیەکی تایبەتیان بە فەرموودەی (ثقات) ڕاویە جێباوەڕەکان داوە بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و دیاریکرنی لایەنی ڕاست و ناڕاستیان، دۆزینەوەی هەر هەڵە و کەموکورتیەك کە ڕاویە جێباوەڕەکان لە کاتی ڕیوایەتکردن تێی کەوتوون، ئەمەش ئەو گومانەی هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسان و هاوئاوازەکانیان لە کۆمەڵگای ئیسلامی ڕەت دەکاتەوە کە ئەڵێن فەرموودەناسان تەنها بە پشتبەستن بە خوێندنەوەی ڕووکەشی فەرموودە و سەنەدەکەی حوکمی لەسەر دەدەن بە صەحیح یان بە زەعیف، بەڵام واقیعی فیعلی فەرموودەناسەکان تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ ئەم بۆچوونەی ئەوان بۆ کەسێك کە بە وردی و تێفکرینێکی قوڵەوە سەیری بکات.

---

[1] شرح علل الترمذي (١/ ٤٣٦).

## ڕۆلی زانستی "علل الحدیث" له پاراستنی سوننەت

دوای ڕوونکردنەوەی چەمکی "علة" و جۆرەکانی و هەندێ لە بنەماکانی زانستی "علل الحدیث" و پلە و پایەکەی لە نێو زانستەکانی فەرموودەناسی، لێرەدا هەوڵدەدین هەندێك نموونەی بەرجستەی ئەم زانستە لای زانایانی فەرموودەناس بخەینەڕوو، کە چۆن و بە چ شێوازێکی سەرسوڕهێنەر توانیویانە عیللەی فەرموودەکان بدۆزنەوە و سوننەت لە تەحریف و زیادی و کەمی بپارێزن، وەك پێشتر باسمان کرد کاری سەرەکی زانستی "علل الحدیث" بریتیە لە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی فەرموودەی ڕاویە (ثقات)ەکان، ئەوەی کە لە ڕووکەشدا هیچ عەیبێکی نییە و کەسانێك کە شارەزای ئەم زانستە نەبن بە زاهیری ئیسنادەکە هەڵدەخەڵەتێن و تەسحیحی فەرموودەکە دەکەن. لێرەوەیە ڕۆڵی گەورەی زانستی (علل الحدیث)مان بۆ دیار دەبێت لە پاراستنی سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، ئەویش بە لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی هەڵە و کەموکورتی فەرموودەی (ثقات)ەکان، تاوەکو (ثقة)ەکەیان نەبێتە هۆی دانەپاڵی وتەیەك یان کردارێك بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کە هی ئەو نییە.

لەبەر ئەوەی کە عیللە دەکرێت بە دوو جۆری سەرەکی، وەك لە باسی یەکەم ئاماژەمان پێدا، کە بریتین لە "عیللەی سەنەد و عیللەی مەتن"، بۆیە ئێمەش لەسەر ئەم بنەمایە نموونەکان دابەش دەکەین و باسیان دەکەین:

**یەکەم: نموونەی عیللەی سەنەد:**

عیللەی سەنەد وەك ئەوەی زانایانی فەرموودەناس باسیان کردووە، لە چەند شێوە و شێوازیك بەدەردەکەوێت، لێرەدا لەبەر ئەوەی توێژەنەوەکەمان ئەوە هەڵناگرێت کە هەموو جۆرەکان باس بکەین، بۆیە ئیکتیفا دەکەین بە باسکردنی دوو نموونە:

**١. بەهەڵەداچوون (وَهْم) لە مەرفوعکردنی فەرموودەیەکی مەوقوف، یان بە مەوصول هێنانی فەرموودەیەکی مورسەل یان بە پێچەوانەوە:**

مەرفوع: بەو فەرموودەیە دەوترێت کە دەدرێتە پاڵ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، بەڵام مەوقوف بریتییە لەو قسە و گوفتارەی کە لە هاوەڵی پێغەمبەر ڕیوایەت دەکرێت.

مەوصول: ئەو فەرموودەیەیە کە سەنەدەکەی پچڕان (انقطاع)ی تێدا نەبێت، بەڵام مورسەل: ئەو فەرموودەیەیە کە لە لای تابیعیەوە پچڕان لە سەنەدەکەی هەیە، بە جۆرێك کە تابیعی ڕاستەوخۆ لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕیوایەت دەکات و نازانرێت واسیتەی نێوان ئەو و پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) چ کەسێکە، سەحابەیە یان لە تابیعیەکی تر فەرموودەکەی ڕیوایەت کردووە، کە ئەمە جۆرێکە لە پچڕان لە سەنەدی فەرموودە، جۆری تریش هەن وەك "مُعضل" کە دوو ڕاوی بەدوای یەکدا لە هەر شوێنێکی سەنەدەکە (سەرەتا ـ ناوەند ـ کۆتایی) ناو نەبرێن (ساقط) بن. "منقطع" کە لە هەر شوێنێکی سەنەدەکە پچڕان هەبێت و بەهەر شێوازێك بێت پێی دەوترێت "الحدیث المنقطع"[١].

گەلێك جار ڕاویە (ثقات)ەکان تووشی وەهم دەبن، بەهەڵەدا دەچن لە گێڕانەوەی فەرموودە بەوەی فەرموودەیەکی مەوقوفە دەیکات بە مەرفوع، یان مورسەلە یان (مُعضل)ە، یان (مُنقطع)ە، دەیکات بە مەوصول، بەڵام زانایانی وردبین و شارەزا لە ڕێگای ناسینی ئاست و پلەی ڕاویە (ثقات)ەکان و لە ڕووی هێزی "حفظ" و پلەی جێباوەڕیان لەلای فەرموودەناسان و نزیکی و شارەزایی ڕاویەکان لەو مامۆستا (شێخانەی) کە فەرموودەکەی لێ ڕیوایەت دەکەن، هەر زوو دەرك بەو هەڵەیە دەکەن و دەیدۆزنەوە و بەسەریاندا تێناپەڕێت.

---

[١] بۆ ئەو پێناسانەی کە باسکران بگەڕێوە بۆ پەرتووکی: شرح نزهة النظر (١٥٨و ١٦٢و٢٠١و ٢١٧).

بۆنموونە: ئیبن ئەبی حاتەم دەڵێت: ئیبن ئەبی حاتەم لەبارەی حوکمی ئەو فەرموودەیەی کە لە عەممارەوە ڕیوایەتکراوە ئەویش لە پێغەمبەرەوە کە دەفەرمووێت: "ثَلَاثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ، فَقَدْ وَجَدَ حَلَاوَةَ الْإِيمَانِ: الْإِنْفَاقُ مِنَ الْإِقْتَارِ، والْإِنْصَافُ مِنْ نَفْسِكَ، وبَذلُ السَّلَامِ لِلْعَالَمِ"[1]، لە باوکی خۆی ئەبو حاتەم و هەروەها ئەبو زەرعە دەپرسێت، ئەوانیش هەردووکیان دەڵێن ڕیوایەتکردنی فەرموودەکە بە مەرفوعی هەڵەیە، بەڵکو ڕاستیەکەی فەرموودەیەکی مەوقوفە، واتە وتەی عەممارە نەك هی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، چونکە زۆربەی ڕاویە مەشهوورەکان وەك سوفیانی سەوری و شوعبەی کوڕی حەججاج، بە مەوقوفی هێناویانە.

ئینجا ئیبن ئەبی حاتەم دەپرسێت: ئەم هەڵەیە ـ واتە بە مەرفوع ڕیوایەتکردنی فەرموودەکە ـ لە کێیەوە هاتووە؟ ئەبو حاتەمی باوکی دەڵێت: وا دەزانم لە عەبدولڕەزاق یان لە مەعمەرەوە بێت، چونکە هەردووکیان زۆر هەڵە دەکەن[2].

وەك دەبینین ئەگەرچی عەبدولڕەزاق و مەعمەر دوو ڕاوی جێی باوەڕن، بەڵام ئەبو حاتەم و ئەبو زەرعە بەهۆی شارەزاییان لە ڕیوایەتەکانی فەرموودەکە و ڕاویەکانی و بەراوردکردنی ڕیوایەتەکان بۆیان دەرکەوتووە کە فەرموودەکە بە هەڵە دراوەتە پاڵ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە کە فەرموودەیەکی مەوقوفە، ئەگەرچی ڕاویەکان جێی باوەڕیشن بەڵام لێرەدا بەهەڵەدا چوون، جێی باوەڕییەکەیان نەبووەتە هۆی ئەوەی کە زانایانی فەرموودەناس بەهەڵەدا ببات و تەصحیحی فەرموودەکە بکەن بە مەرفوعی.

**٢. پوچەڵکردنەوەی بیستنی ڕاشکاو (إبطال السماع الصريح) یان ناڕاشکاو بە عەنعەنە (المتوهم بالعنعنة):**

---

[1] رواه البزار في مسنده (٤/ ٢٣٢) برقم (١٣٩٦).

[2] علل الحديث لابن أبي حاتم (٥/ ٢١٥).

له مەرجەکانی فەرموودەی صەحیح ئەوەیە کە دەبێت ئیسنادەکەی موتتەصیل بێت، واتە پچڕانی تێدا نەبێت، ئەصلیش وایە لای زانایان کە ئەگەر ڕاوییەکی جێی باوەڕ بە ئاشکرا و ڕاشکاوی بڵێت لە فلان کەس بیستوومە، واتـە ئـەو دەسـتەواژانە بـەکاربهێنێت لـە ڕیوایەتەکەیـدا کـە ئامـاژەن بـۆ گوێلێبـوونی ئاشـکرا، وەك دەستەواژەی "حدثنا، أخبرنا، سمعت" ئەوا ئیعتیبار بۆ قسـەکەی دەکرێـت و لێـی قبوڵ دەکرێت، هەروەها ئەوەشـی کـە دەسـتەواژەی ناڕاشـکاو بـەکاردەهێنێت کـە بریتیە لە "عن" و "أن"، واتە بڵێت: "عن فلان قال كذا"، یان "أن فلانًا قال كذا"، ئـەو فەرموودەیـەی بـەم شـێوازە ڕیوایـەت دەکرێـت پێـی دەوترێـت "المعـنعن" و "المؤنن"، ئـەم دەسـتەواژەیە ئیحتیمـالی بیسـتن و نەبیسـتنی لـێ دەکرێـت، واتـە ڕاشـکاو نییـە لـە سـەماع و بیسـتنی ڕاسـتەوخۆ، بۆیـە ئـەو ڕاویانـەی کـە بـەم دەستەواژەیە فەرموودە ڕیوایەت دەکەن سەرەڕای ئەوەی دەبێ (ثقة) بێـت، دەبـێ دوو مەرجی تێدا بێت:

یەکەم: لە تەدلیس بێبەری بێت (تەدلیس بریتیە لەوەی کە ڕاوی لە کەسێك کە فەرموودەی لێ بیستووە ئەو فەرموودەیەش کە لێی نەبیستووە لێی ڕیوایەت دەکات، بەڵام وای نیشان دەدات کە لێی بیستووە، بەم شێوەیە بەرامبەرەکانی هەڵدەخەڵەتێنێت).

دووەم: ئامارژە هەبێت لە ژیانی هەردووکیان کە دەشێت بە دیداری یەکتر گەیشتبن[1].

بەڵام هەندێ جاری واهەیە ڕاویەکە ثقەیە، بە دەستەواژەی ڕاشکاو فەرموودەکە ڕیوایەت دەکات، یان بە دەستەواژەی ناڕاشکاو ڕیوایەت دەکات و تەواوی مەرجەکانی لێ قبوڵ کردنی تێدایە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا زانای

---

[1] تدريب الراوي (١/ ٢٤٤).

فەرموودەناسی وردبین ئەم بیستنە (سماع) ڕەت دەکاتەوە و پووچەڵی دەکاتەوە و ئاشکرای دەکات کە لە نێوان ڕاویەکان بیستنی ڕاستەوخۆ (سماع مباشر) نییە.

بۆ نموونە ئیمامی ئەحمەد لەبارەی یەکێك لەم جۆرە سەنەدانە دەفەرموێت: "البهي ما أراه سمع من عائشة إنما يروي عن عروة عن عائشة، قال وفي حديث زائدة عن السدي عن البهي، قال: حدثتني عائشة، قال: وكان ابن مهدي سمعه من زائدة وكان يدع منه "حدثتني عائشة" ينكره"[١].

(البهی) ناوی "عبدالله"یە یەکێکە لە ڕاویە جێ باوەڕەکان و هاوسەردەمی دایکی ئیمانداران عائیشە خانە (ڕەزای خوای لێ بێت)[٢]، بەڵام فەرموودەی ڕاستەوخۆی لێ نەبیستووە، بەڵکو لە ڕێگای "عروة" لە "عائشە" وەرگرتووە، بۆیە ئەو لەو فەرموودانەی کە دەڵێت: "حدثتني عائشة" ئەوە هەڵەیە، چونکە وەك پێشتر باسمان کرد ئەم دەستەواژەیە کاتێ بەکاردێت کە ڕاستەوخۆ لە سەرەوەی خۆی بیستبێتی، بەڵام "البهی" بیستنی ڕاستەوخۆی نییە لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت)، وەك ئەم فەرموودەیە: عن زَائِدَةَ، قَال: حَدَّثنا السُّدِّي، عَنْ عَبْدِ الله الْبَهِي، قَال: حَدَّثَتْنِي عَائِشَةَ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ـ صَلَّي اللهُ عَلَيهِ وسَلَّمَ ـ كَانَ فِي الْمَسْجِدِ، فَقَال لِلْجَارِية: "نَاوِلِينِي الْخُمْرَة"، قَالتْ: أَرَادَ أَنْ يبْسُطهَا، فَيصَلِّي عَليهَا، قَالتْ: إِنَّهَا حَائِض، قَال: "إِنَّ حَيضهَا ليسَ فِي يدِهَا"[٣].

ئیمامی ئەحمەد دەڵێت: عەبدولڕەحمانی کوڕی مەهدی ئەم فەرموودەیەی لە زائدەوە بیستووە، بەڵام دەستەواژەی "حدثتني" لەنێوان (البهی) و عائیشە (ڕەزای خوای لێبیت) نەدەوت و ئینکاری ئەوەی دەکرد، واتە کە (البهی) ڕاستەوخۆ

---

[١] شرح علل الترمذي (٢/ ٥٩٣).

[٢] تهذيب التهذيب (٦/ ٩٠).

[٣] رواه أحمد (٤١ /٢٦٩)، برقم (٢٤٧٤٧).

له عائیشه خان بیستبێتی، بەڵکو له نێوانیاندا کەسێکی تر هەیە، ئەویش وەك ئیمامی ئەحمەد ئاماژەی پێکردووه "عروة" یه.

وەك دەبینین لەگەڵ بوونی مەرجی زاهیری له قبولکردنی، بەڵام له بەر بوونی عیللەیەك له سەنەدەکەیدا ئەویش نەبوونی سەماع له نێوان (البهی) و عائیشه (ڕەزای خوای لێ بیت)، ئیمامی ئەحمەد و عەبدولڕەحمانی کوڕی مەهدی ئەم سەنەدەیان بەم شێوازه ڕەت کردووەتەوە. بێگومان دەرك کردنی ئەم عیللەیه پێویستی به شارەزاییەکی تەواو ورد هەیه به بارودۆخی دیار و نادیاری ڕیوایەتەکانی "عبدالله البهی".

ئەوەی جێی ئاماژەیه ئەم فەرموودەیەی باسمان کرد له ڕێگای ترەوە به سەنەدی صەحیح هاتووه، بەڵام ئەوەی مەبەسته لێرەدا ئاشکراکردنی حاڵەتێکی شاراوەیه له ڕیوایەتەکانی "عبد الله البهی" که لەوانەیه هەموو کەس دەرکی نەکات، ئەویش ڕەتکردنەوەی سەماعه له نێوان ئەو و عائیشەدا (ڕەزای خوای لێ بیت).

**دووەم: نموونەی عیللەی مەتن "دەق":**

چۆن ڕاویه (ثقات)ەکان له گێڕانەوەی سەنەدەکان تووشی هەڵە و وەهم دەبن، بەهەمان شێوه له مەتنی فەرموودەکانیش زۆرجاری وا هەیه تووشی هەڵە و کەموکورتی دەبن، که ئەویش بەهەمان شێوەی سەنەد شێوازی جیاوازی هەیە، لێرەدا دوو نموونه باس دەکەین:

**١. گۆڕینی مانای له کاتی گێڕانەوەی فەرمووده بەمانا "الرواية بالمعنى" کاتێ ڕاویەکه زانا نەبێت به زمانی عەرەبی:**

گێرانەوەی فەرمووده بەمانا "الرواية بالمعنى" کارێکی ڕێپێدراوه لای زۆربەی زانایانی فەرموودەناس، بەڵام بەچەند مەرجێك، یەکێ لەو مەرجانه ئەوەیه دەبێت ڕاویەکه شارەزایی تەواوی به زمانی عەرەبی و بنەماکانی هەبێت، به جۆرێ بزانێت چۆن مانای ڕستەکان دەگۆڕێت، توانای ئەوەی هەبێت ئەگەر ویستی فەرموودەیەك

بەماناوە ڕیوایەت بکات هەمان مانا بە تەعبیری خۆی ببەخشێت بەبێ ئەوەی کەم و زۆری تێدا بکات، یان ماناکەی بگۆڕێت، ئەگەرنا بۆی دروست نییە ئەم کارە بکات[1].

جا یەکێ لەو هەڵانەی کە هەندێ ڕاوی جێی باوەڕ تێیکەوتوون ئەوەیە کە لە کاتی گێڕانەوەی فەرموودەیەك بە ماناوە، لەبەر ئەوەی شارەزایی تەواوی بە زمانی عەرەبی نییە، مانای فەرموودەکە وەك خۆی ناگەیەنێت، یان دەیگۆڕێت، بۆ نموونە ئیبن ئەبی حاتەم دەڵێت: "پرسیارم لە ئەبو زورعە کرد لەبارەی ئەو فەرموودەیەی کە ڕیوایەت کراوە لە: أبي الأحوص عن سماك، عن القاسم بن عبد الرحمن عن أبيه، عن أبي بردة، قال: قال رسول الله ـ صلي الله عليه وسلم ـ: "اشْرَبُوا فِي الظُّرُوفِ، وَلَا تَسْكَرُوا"[2]، واتە: (لەو دەفر و قاپانەی کە سرکە و مەی تێدا دەگیرێتەوە بخۆنەوە، بەڵام خۆتان سەرخۆش مەکەن). ئەبو زورعە لە وەڵامدا وتی: ئەبو ئەلئەحوص لەم فەرموودەیەدا تووشی هەڵە بووە، لە ئیسنادەکەیدا ناوی یەکێ لە ڕاویەکانی هەڵگێڕاوەتەوە (تصحيف) ئەویش "بريدة"يە ئەو بە "بردة" هێناویەتی، هەر لەئەنجامی ئەم هەڵەیەشدا ئیسنادەکەی هەڵگێڕاوەتەوە، وتوویەتی: "عن أبيه، عن أبي بردة"، کە ڕاستیەکەی بەم شێوەیەیە: "ابن بريدة، عن أبيه". هەڵەیەکی تر لەمە ناشرینتر ئەوەیە کە مەتنی فەرموودەکەی هەڵگێڕاوەتەوە و گۆڕانکاری تێدا کردووە کە وتوویەتی: "اشربوا في الظروف ولا تسكروا"، کە لەڕاستیدا ئەم فەرموودەیە لە "ابن بريدة عن أبيه" لە زۆر ڕێگاوە ڕیوایەت کراوە، دەقەکەی بەم شێوازەیە: "نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيَارَةِ الْقُبُورِ، فَزُورُوهَا، وَنَهَيْتُكُمْ عَنْ لُحُومِ الْأَضَاحِيِّ فَوْقَ ثَلَاثٍ، فَأَمْسِكُوا مَا بَدَا لَكُمْ، وَنَهَيْتُكُمْ عَنِ النَّبِيذِ إِلَّا فِي سِقَاءٍ، فَاشْرَبُوا فِي الْأَسْقِيَةِ

---

[1] تدريب الراوي (١/ ٥٣٢).

[2] رواه النسائي (٨/ ٣١٩)، برقم (٥٦٧٧)، والدارقطني (٥/ ٤٦٦)، برقم (٤٦٧٦).

كُلِّهَا، وَلَا تَشْرَبُوا مُسْكِرًا"[١]، واته: (قەدەغەم کردبوون لە سەردانی گۆڕستان، لەمەودوا سەردانی بکەن و، قەدەغەم کردبوون لە هەڵگرتنی گۆشتی قوربانی زیاتر لە سێ ڕۆژ، ئێستا دەتوانن هەرچەندەی حەزتان لێیە هەڵیگرن و، قەدەغەم کردبوون لە دروستکردنی سرکە لە ناو ئەو دەفرانەی کە مەی تێدا دەگیرێتەوە تەنها جۆرێکی تایبەت نەبێت ئەویش (سقاء)ە ـ کە لە پێستێکی تەنك دروست دەکرێت زوو سرکەکە ناکات بە مەی وەك ئەو دەفرانەی تر کە لە قوڕ و دار دروست دەکرێن ـ، بەڵام بۆ لەمەودوا دەتوانن لە هەموو جۆرە دەفرەکان بخۆنەوە، بەڵام ئەگەر خواردنەوەکە بوو بە سەرخۆشکەر، مەیخۆنەوە). لە هەندێ ڕیوایەتدا فەرموویەتی: "وَاجْتَنِبُوا كُلَّ مُسْكِرٍ"[٢]، واته: (خۆتان بە دوور بگرن لە هەموو خواردنەوەیەکی سەرخۆشکەر)، بەڵام لە هیچ ڕیوایەتێك نەیفەرمووە: "وَلَا تَسْكَرُوا"[٣]، واته: (خۆتان سەرخۆش مەکەن)، هەروەها ئیمامی نەسائی و دارەقوتنی ئاماژەیان بەم عیللەیە کردووە[٤].

بەو مانایەی دەتوانن مەی بخونەوە تا ئەو ئاستەی کە سەرخۆش نەبن، بەڵام کە گەیشتە ئاستی سەرخۆشی ئەوە حەرام دەبێت. هەر ئەم هەڵەیەش لە ڕیوایەتکردن وای لە هەندێ لە ئەهلی بیدعە کردووە کە بڵێن خواردنەوەی مەی دروستە بەمەرجێ نەگاتە ڕادەی سەرخۆشکردن، بەڵام کە گەیشتە ئاستی سەرخۆشی ئەوە حەرام دەبێت[٥]، بەڵام زانایانی فەرموودەناس ئەم سیحرەیانی بەتاڵ کردووەتەوە بە وردبینی و لێزانی و شارەزاییان لە جیاکردنەوەی فەرموودەی دروست و نادروست.

---

١ رواه مسلم (٢/ ٦٧٢)، برقم (٩٧٧).

٢ رواه أحمد (٧/ ٣٤٢)، برقم (٤٣١٩).

٣ علل الحديث (٤/ ٤٣٨).

٤ سنن النسائي (٨/ ٣١٩)، وعلل الدارقطني (٦/ ٢٦).

٥ ناسخ الحديث ومنسوخه للأثرم (٢٠٧)، وذخيرة العقبي في شرح المجتبي (٤٠/ ٢٩٩).

٢. له فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ناچێت:

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، زانایانی عیلەلی فەرموودە هێندە ئاوێتەی فەرموودەی پێغەمبەرن (درودی خوای لەسەر) کە تەنیا بە بیستن دەزانن کە ئایا لە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەچێت یان نا؟ لە ڕووی وشە و ئوسلوب و شیرینی و پڕمانایی گۆفتارەکانی. ئیبن ڕەجەبی حەنبەلی دەڵێت: "فەرموودەناسان ئەو قسە و گوفتارانەی لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەچێت و ئەوەشی لەو ناچێت، دەیناسن و جیای دەکەنەوە"[1].

ئەبو حاتەمی ڕازی دەڵێت: "پێوەری فەرموودەی صەحیح ئەوەیە کە ڕاویەکانی دادپەروەر (عادل) بن و قسەیەك بێت لە فەرموودەی پێغەمبەر بچێت. فەرموودەی زەعیفیش بەوە دەناسرێتەوە کە تەنیا یەك ڕاوی ڕیوایەتی کردبێت لە کاتێکدا کە دادپەروەریشی ساغ نەبووبێتەوە لە ڕیوایەتکردنیدا"[2].

لە نموونەکانی ئەم بابەتەش ئیبن ڕەجەبی حەنبەلی لە (شرح علل الترمذي)[3] ئەم فەرموودەیەی وەك نموونە هێناوەتەوە: عن أبي حَفْصٍ عُمَر بْن يزيدَ الرَّفَّا الْبَصْرِيّ، ثنا شُعْبَةُ، عَنْ عَمْرو بْنِ مُرَّة، عَنْ شَقيقِ بْنِ سَلمَةَ، عَنْ عَبْدِ الله، قَال: قَال رَسُولُ اللهِ ـ صَلَّى اللهُ عَليهِ وسَلَّمَ ـ: "مَا بَالُ أَقْوامٍ يشَرِّفُونَ الْمُتْرَفِينَ، وَيسْتَخِفُّونَ بِالْعَابِدِينَ، ويعْمَلُونَ بِالْقُرْآنِ مَا وافَقَ أَهْواءَهُمْ، ومَا خَالفَ أَهْواءَهُمْ تَركُوهُ، فَعِنْدَ ذلِكَ يؤْمِنُونَ بِبَعْض وَيكْفُرُونَ بِبَعْض، يَسْعَوْنَ فِيمَا يدْرَكُ بِغَير السَّعْي مِنَ الْقَدَر الْمَقْدُور، والْأَجَلِ الْمَكْتُوبِ، والرِّزْقِ الْمَقْسُومِ، ولا يسْعَوْنَ فِيمَا لا يدْرَكُ إِلَّا بِالسَّعْي مِنَ الْجَزَاء الْمَوْفُور، والسَّعْي الْمَشْكُور، والتِّجَارَة الَّتِي لا تَبُورُ"[4]. تەعلیقی فەرموودەناسان لە

---

[1] شرح علل الترمذي (٢/ ٨٧٢).

[2] الجرح والتعديل (١/ ٣٥١).

[3] شرح علل الترمذي (٢/٨٧٠).

[4] رواه الطبراني في المعجم الكبير (١٠/ ١٩٣)، برقم (١٠٤٣٢)، وأبو نعيم في حلية الأولياء (٤/ ١٠٩).

سەر ئەم فەرموودەیە ئەوەیە کە دەڵێن: ئەمە زیاتر لە وتـەی حیکایـەت خوانـەکان دەچێت، واتە: لە هی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ناچـێت، بۆیـە بـە لایانـەوە غەریبە کە لە سەندەکەیدا "شـعبة" هەیـە، کـە یەکێکـە لـە پێشـەوا گـەورە و جـێ باوەڕەکان لە فەرموودەدا، بۆیە (العُقَیلي) دەڵێت: "ئـەم فەرموودەیـە لـە نێـو ئـەو فەرموودانەی "شعبة" ڕیوایەتی کـردووە هـیچ ئەسـڵ و ئەساسـێکی نییـە". ئینجـا دەڵێت: "ئەمە بـەلای منـەوە لـە قسـەی (عبـد الله بـن المسـور الهـاشمی المـدائنی) دەچێت، کە کەسێکە فەرموودەی بەدەم پێغەمبەرەوە هەڵدەبەست"[1]، واتە بوونی ناوی "شعبە" لە سەنەدەکەدا هەڵەیە، بەڵکو دراوەتە پاڵی و فەرموودەکە هـی ئـەو نییە.

ئەم نموونەیە ئەوەمان پێ دەڵێت کە فەرموودەناسەکان چۆن شارەزایی فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بوون، ئاواش شارەزای فەرموودە هەڵبەستراوەکان و ئەو کەسانەش بوون کە ئەم کارە قێزەونەیان دەکرد، بەڵکو قسەکانیشیان دەناسیەوە. نەك تەنها ئەمە، بەڵکو تاك بەتاکی فەرموودەی کەسە جێی باوەڕەکانیش شارەزا بوون، کە چەند فەرموودەیان گێڕاوەتەوە و هەر یەکێ لەو فەرموودانە لە کێی گێڕاوەتەوە و کێش لەوی گێڕاوەتەوە. بەم شارەزاییە بەرفراوانەیان دەیانتوانی عیللە شاراوە و پەنهانەکانی نێو فەرموودەکان بدۆزنەوە و سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بپارێزن لە هەر دەستکاری و لێکەمکردن و زیادکرنێك.

---

[1] الضعفاء الکبیر للعقیلي (٣/ ١٩٥).

# کۆتایی

عیللەی فەرمووده مانایەکی تایبەت و مانایەکی گشتی هەیە، بە مانا تایبەتەکەی بەو هۆکارە شاراوەیە دەوترێت کە لە نێو فەرموودەدا هەیە و وای لێدەکات لە پلەی صەحیحی دایبەزێنێت بۆ لاوازیی. بەمانا گشتیەکەی بە هەموو ئەو هۆکارە ئاشکرایانە دەوترێت کە دەبنە هۆی لاوازکردنی فەرموودە و ئەوانەشی نابنە هۆی لاوازکردنی، وەك نەسخ. عیللە لە سەنەدی فەرموودە و لە مەتنی فەرموودەش دروست دەبێت و پەیدا دەبێت.

فەرموودەی عیللەدار (معلول) بەو فەرموودە دەوترێت کە لە ڕووکەشکدا هیچ عەیب و خەلەلێکی نییە، واتە صەحیحە، بەڵام لە پەنهانیدا هۆکارێك هەیە کە دەبێتە هۆی لاوازکردنی. زانستی عیلەلی فەرموودە باس لەو ڕێگا و بنەمایانە دەکات کە بەهۆیەوە دەتوانرێت عیللە شاراوە و پەنهانەکانی نێو فەرموودەکان بدۆزرێنەوە.

ئەم زانستە بەوە جیادەکرێتەوە کە کاری سەرەکی بریتیە لە لێکوڵینەوە و کارکردن لە سەر فەرموودەی ڕاویە "ثقات"ەکان و دۆزینەوەی هەڵە و کەموکورتیەکانیان لە ڕیوایەتکردندا. بەم پێیە زانستی عیلەلی فەرموودە ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە پاراستنی سوننەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، چونکە ئەو فەرموودانە کە بەلای کەسانی ئاساییەوە لە زانستی فەرموودەدا بە صەحیح و ڕاست هەژمار دەکرێت و دەدرێتە پاڵ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) زانایانی عیللەناس خاڵی لاوازی دیار دەکەن و پێغەمبەری (درودی خوای لەسەر) لێ بێبەری دەکەن.

زانایانی بلیمەت و فەرمووودەناسی بەتوانا بە ڕووکەشی جوانی سەنەدی فەرمووودەکان ناخەڵەتێن، بەڵکو تا تەواوی فەرمووودەکە نەپشکنن لە لایەنی سەنەد و مەتنەوە و لە ڕووی ئاشکرا و پەنهانیەوە، بڕیاری کۆتایی لەسەر فەرمووودەکە نادەن. ئەمەش ئەو گومانە نابەجێیەی هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناس و هاوئاوازەکانیان لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا بە درۆ دەخاتەوە کە دەڵێن فەرمووودەناسەکان تەنیا بە پشتبەستن بە ڕووکەش و زاهیری سەنەدی فەرمووودەکان حوکمیان لەسەر دروستیی و نادروستیی فەرمووودەکان داوە.

لەم خاڵانەی سەرەوەدا بۆمان بەدەردەکەوێت کە زانستی عیلەلی فەرمووودە خاوەنی قسەی کۆتایی و یەکلاکەرەوەیە لە قبوڵکردنی یان ڕەتکرنەوەوی هەر فەرمووودەیەك، بەو پێیەی سەلامەتی فەرمووودە لە عیللەی لەکەدارکەر (العلة القادحة) یەکێکە لە مەرجەکانی فەرمووودەی صەحیح و قبوڵکراو.

# سەرچاوەکان

١ـ الباعث الحثيث شرح اختصار علوم الحديث، أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي البصري ثم الدمشقي (ت ٧٧٤هـ)، المحقق: أحمد محمد شاكر، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ط٢.

٢ـ تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي، عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي (ت ٩١١هـ)،حققه: أبو قتيبة نظر محمد الفاريابي، دار طيبة.

٣ـ تهذيب التهذيب، أبو الفضل أحمد بن علي بن محمد بن أحمد بن حجر العسقلاني (ت ٨٥٢هـ)، مطبعة دائرة المعارف النظامية، الهند، ط١، ١٣٢٦هـ.

٤ـ الجامع لأخلاق الراوي وآداب السامع، أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت بن أحمد بن مهدي الخطيب البغدادي (ت ٤٦٣هـ)، المحقق: د. محمود الطحان، مكتبة المعارف ـ الرياض.

٥ـ الجرح والتعديل، أبو محمد عبد الرحمن بن محمد بن إدريس بن المنذر التميمي، الحنظلي، الرازي ابن أبي حاتم (ت ٣٢٧هـ)، طبعة مجلس دائرة المعارف العثمانية بحيدر آباد الدكن ـ الهند، دار إحياء التراث العربي ـ بيروت، ط١، ١٢٧١هـ/ ١٩٥٢ م.

٦ـ حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، أبو نعيم أحمد بن عبد الله بن أحمد بن إسحاق بن مسوى بن مهران الأصبهاني (ت ٤٣٠هـ)، السعادة بجوار محافظة مصر، ١٣٩٤هـ/ ١٩٧٤م.

٧ـ ذخيرة العقبى في شرح المجتبى، محمد بن علي بن آدم بن مسوى الإثيوبي الوَلَّوِي، دار المعراج الدولية للنشر، ط١، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٣م.

٨ـ شرح التبصرة والتذكرة، أبو الفضل زين الدين عبد الرحيم بن الحسين بن عبد الرحمن بن أبي بكر بن إبراهيم العراقي (ت ٨٠٦هـ)، المحقق: عبد اللطيف الهميم ـ ماهر ياسين فحل، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ط١، ١٤٢٣هـ/ ٢٠٠٢م.

٩ـ شرح الموقظة للذهبي ـ الجزء الأول (الحديث الصحيح)، أبو المنذر محمود بن محمد بن مصطفى بن عبد اللطيف المنياوي، المكتبة الشاملة، مصر، ط١، ١٤٣٢هـ/ ٢٠١١م.

١٠ـ شرح علل الترمذي، زين الدين عبد الرحمن بن أحمد بن رجب بن الحسن، السَلامي، البغدادي، ثم الدمشقي، الحنبلي (ت ٧٩٥هـ)، المحقق: د. همام عبد الرحيم سعيد، مكتبة المنار، الزرقاء ـ الأردن، ط١، ١٤٠٧هـ/ ١٩٨٧م.

١١ـ شرح نزهة النظر، وحيد الدين العلوي الكجراتي الهندي (ت ٩٩٨هـ)، اعتنى به: الشيخ نفيس أحمد مصباحي، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط١، ٢٠١١م.

١٢ـ الضعفاء الكبير، أبو جعفر محمد بن عمرو بن مسوى بن حماد العقيلي المكي (ت ٣٢٢هـ)، المحقق: عبد المعطي أمين قلعجي، دار المكتبة العلمية ـ بيروت، ط١، ١٤٠٤هـ/ ١٩٨٤م.

١٣ـ علل الحديث لابن أبي حاتم، أبو محمد عبد الرحمن بن محمد بن إدريس بن المنذر التميمي، الحنظلي، الرازي ابن أبي حاتم (ت ٣٢٧هـ)، تحقيق: فريق من الباحثين بإشراف وعناية د.سعد بن عبد الله الحميد و د. خالد بن عبد الرحمن الجريسي، مطابع الحميضي، ط١، ١٤٢٧هـ/ ٢٠٠٦م.

١٤ـ علل الدارقطني "العلل الواردة في الأحاديث النبوية"، أبو الحسن علي بن عمر بن أحمد بن مهدي بن مسعود بن النعمان بن دينار البغدادي الدارقطني (ت ٣٨٥هـ)، تحقيق وتخريج: محفوظ الرحمن زين الله السلفي، دار طيبة ـ الرياض، ط١، ١٤٠٥هـ/ ١٩٨٥م.

١٥ـ علوم الحديث، عثمان بن عبد الرحمن، أبو عمرو، تقي الدين المعروف بابن الصلاح (ت ٦٤٣هـ)، المحقق: نور الدين عتر، دار الفكر- سوريا، دار الفكر المعاصر ـ بيروت، ١٤٠٦هـ/ ١٩٨٦م.

١٦ـ فتح المغيث بشرح ألفية الحديث للعراقي، شمس الدين أبو الخير محمد بن عبد الرحمن بن محمد بن أبي بكر بن عثمان بن محمد السخاوي (ت ٩٠٢هـ)، المحقق: علي حسين علي، مكتبة السنة ـ مصر، ط١، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٣م.

١٧ـ مدخل علم علل الحديث، د. منصور بن محمد الصقعوب، دون: ط.ن.

١٨ـ مسند الإمام أحمد بن حنبل، أبو عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل بن هلال بن أسد الشيباني (ت ٢٤١هـ)، المحقق: شعيب الأرنؤوط ـ عادل مرشد، وآخرون، إشراف: د. عبد الله بن عبد المحسن التركي، مؤسسة الرسالة، ط١، ١٤٢١هـ/ ٢٠٠١م.

١٩ـ مسند البزار، أبو بكر أحمد بن عمرو بن عبد الخالق بن خلاد بن عبيد الله العتكي المعروف بالبزار (ت ٢٩٢هـ)، المحقق: محفوظ الرحمن زين الله، وعادل بن سعد، وصبري عبد الخالق الشافعي، مكتبة العلوم والحكم ـ المدينة المنورة، ط١، ٢٠٠٩م.

٢٠ـ المعجم الكبير، سليمان بن أحمد بن أيوب بن مطير اللخمي الشامي، أبو القاسم الطبراني (ت ٣٦٠هـ)، المحقق: حمدي بن عبد المجيد السلفي، مكتبة ابن تيمية ـ القاهرة، ط٢، ١٤١٥هـ/ ١٩٩٤م.

٢١ـ معجم مقاييس اللغة، أحمد بن فارس بن زكرياء القزويني الرازي، أبو الحسين (ت ٣٩٥هـ)، المحقق: عبد السلام محمد هارون، دار الفكر، ١٣٩٩هـ/ ١٩٧٩م.

٢٢ـ معرفة علوم الحديث، أبو عبد الله الحاكم محمد بن عبد الله بن محمد بن حمدويه بن نُعيم بن الحكم الضبي الطهماني النيسابوري المعروف بابن البيع (ت ٤٠٥هـ)، المحقق: السيد معظم حسين، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط٢، ١٣٩٧هـ/ ١٩٧٧م.

٢٣ـ المنهج النقدي عند المتقدمين من المحدثين وأثر تباين المنهج، حسن فوزي حسن الصعيدي، رسالة ماجستير، جامعة عين شمس، كلية التربية، ٢٠٠٠م.

٢٤ـ ناسخ الحديث ومنسوخه، أَبُو بَكْرٍ أَحْمَدُ بنُ مُحَمَّدِ بنِ هَانِئ الإِسْكَافِيُّ الأَثْرَم الطَّائِيُّ وَقِيْلَ: الكَلْبِيّ (ت ٢٧٣هـ)، المحقق: عبد الله بن حمد المنصور، ط١، ١٤٢٠هـ/ ١٩٩٩م.

٢٥ـ النكت على كتاب ابن الصلاح، أبو الفضل أحمد بن علي بن محمد بن أحمد بن حجر العسقلاني (ت ٨٥٢هـ)، المحقق: ربيع بن هادي عمير المدخلي، عمادة البحث العلمي بالجامعة الإسلامية، المدينة المنورة ـ المملكة العربية السعودية، ط١، ١٤٠٤هـ/ ١٩٨٤م.

# ڕوونکردنەوەی فەرموودە
# بۆ ئایەتە ناڕوونەکانی قورئان

**م. ئاسۆ ڕەزا ئەحمەد**
**زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان**

گومانی تێدا نییە، کە فەرموودە لە دوای قورئانی پیرۆز بە دووەم سەرچاوەی وەرگرتنی ئەحکامە شەرعییەکان دادەنرێت. بە هۆی ئەو پێگە گرنگەیەوەیە زانایان بایەخێکی تەواویان پێداوە لە ڕووی کۆکردنەوە و نووسینەوە و گێڕانەوەی و دانانی بنەمای ورد بۆ ناسینەوەی فەرموودەی ڕاست لە ناڕاست، هەروەها دانانی بنەما بۆ چۆنێتی کارپێکردنی، یەکێك لە سەرەکیترین ئەرکی فەرموودەش بریتییە لە: ڕوونکردنەوەی ئەحکامەکانی قورئان، کە بە شێوەیەك لە شێوەکان پێویستیان بە ڕوونکردنەوەیە و بە ئاسانی عەقڵی مرۆۋ پەییان پێ نابات.

## ئایەتە موتەشابیهەکان و حیکمەتی بوونیان لە قورئاندا

**وشەی (متشابە) لە زمانی عەرەبیدا:**

لە کتێبەکانی زمانەوانیدا هاتووە: "المشتبهات من الأمور: المشكلات، والمتشابهات: المتماثلات[1]، واتە: ئەو وشانەیە کە لە واتادا لە یەك نزیکن و بەو هۆیەوە ماناکەیان ناڕوون دەبێت.

**وشەی (متشابە) لای زانایان:** دەربارەی واتای (متشابە)، زانایان چەند ڕایەکیان هەیە، لێرەدا هەوڵ دەدەم پوختەی ڕاکانیان باس بکەم:

١. ئەو ئایەتانەن کە نەسخبوونەتەوە، ئەمەش رای ئیبن عەبباس و قەتادەیە.

٢. ئەو ئایەتانەن ماناکانیان ئاڵۆز و ناڕوونن، ئەوەش ڕای موجاهیدە.

٣. ئەو ئایەتانەیە چەند واتایەك هەڵدەگرێت، ئەوەش ڕای محەمەدی کوڕی جەعفەری کوڕی زوبەیرە.

٤. ئەو ئایەتانەیە، کە دووبارە نەبوونەتەوە و تەنها یەکجار هاتوون.

٥. جابیری کوڕی عەبدوڵڵای ئەنصاری پێی وایە: ئەو ئایەتانەیە کە واتاکەی نازانرێت.

٦. ئەو ئایەتانەن کە تەنها خودا واتاکانیان دەزانێت، وەك: هاتنی ڕۆژی قیامەت و پیتە پچڕ پچڕەکان.

٧. ئەو ئایەتانەن کە مرۆڤ باوەڕی پێیەتی، بەڵام ئیشی پێناکات.

٨. پێشەوا ئەحمەدیش ڕای وایە کە: ئەو ئایەتانەن بە تەنها خۆیان واتا ناگەیەنن و پێویستیان بە دەقێکی ترە تا واتا ببەخشن.

٩. ئەو ئایەتانەیە کە بۆ تێگەشتن لە واتاکەی پێویست بە لێوردبوونەوە دەکات.

---

[1] لسان العرب، ابن منظور (١٢/ ٥٠٣)، حرف الهاء، فصل الشين، الصحاح تاج اللغة وصحاح العربية، الجوهري (٦/ ٢٢٣٦)، باب الهاء، فصل الشين.

١٠. ڕایەکی تریش پێی وایە: ئەو ئایەتانەن، کە هەواڵ و چیرۆکن نەك حوکمی شەرعی.[١]

بە ڕای توێژەر باشترین پێناسە بریتییە لە: ئەو وشەیە، کە بە تەنها خۆی مانا نابەخشێت، بەڵکو پێویستی بە نیشانە و بەڵگەیەکی ترە تا واتاکەی دیاری بکات[٢].

**موتەشابیه لە قورئاندا:** ئەم وشەیە لە قورئاندا بە دوو واتا هاتووە و وەسفی قورئانی پێکراوە:

یەکەم: وشەکانی قورئان هەمووی ڕەوانن و دەستەواژەکانیشی لە لوتکەی ڕەوانبێژیدان و ڕوونتر مانا دەبەخشن و ڕستەکانیشی بە جوانترین شێواز داڕێژراون. پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُتَشَابِهًا مَثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ ذَلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ﴾ (الزمر: ٢٣)، واتە: (خوا جوانترین و پیرۆزترین فەرمایشتی ناردووەتە خوارەوە کە ئەم قورئانەیە (لە جوانی داڕشتندا) بابەتەکانی لە یەك دەچن، هەندێك باسیشی بە شێوازی جیاواز تێدا دوبارە بووەتەوە، جا کارکردی ئەم قورئانە ئەوەیە کە: تەزوو دەهێنێت بە گیان و پێستی ئەو کەسانەدا، کە ترسی پەروەردگاریان لە دڵ و دەرووندا هەیە، پاشان گیان و پێست و دڵیان نەرم و ئامادە و چالاك دەبێت بۆ یادی خوا و خواپەرستی، ئا ئەوە هیدایەت و ڕێنمونیی خوایە کە هەرکەس شایستە بێت، هیدایەت و ڕێنمویی دەکات بۆ ئەو پلە و پایە بەرزانە، ئەوەش ڕێبازی خوا ون بکات کەس نییە ڕێنمویی بکات)[٣].

دووەم: زۆرینەی ئایەتەکانی قورئان ماناکەیان ڕوون و ئاشکران، هەندێکیان موتەشابیهن، واتە: لە یەکتری دەچن و بەو هۆیەوە واتاکەی لای هەندێك کەس

---

[١] بڕوانە: النكت في القرآن الكريم، أبي الحسن المجاشعي (١/ ١٧٣-١٧٤)، دراسات في علوم القرآن، د. فهد بن عبدالرحمن الرومي (٥١١- ٥١٢).

[٢] بڕوانە: علم أصول الفقه، عبد الوهاب خلاف (١٧١).

[٣] تەفسیری ئاسان، بورهان محەمەد ئەمین (٤٦١).

ناڕوونە، پەروەردگار دەفەرمویت: ﴿هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ﴾ (آل عمران: ٧)، واتە: (ئەو خودایە زاتێکە کە قورئانی بۆ سەر تۆ (ئەی محەمەد) ناردە خوارەوە، بەشێك لە ئایەتەکانی دامەزراو و پایەدار و ڕوون و ئاشکران، ئەوانە بنچینە و بناغەی قورئانەکەن، هەندێکی تریشیان واتای جۆراوجۆر هەڵدەگرن و بە ئاسانی نازانرێن)[1].

## جیاوازیی نێوان (متشابە) و (مشكل):

لە ڕووی زمانەوانییەوە هەردوو زاراوەکە نزیکن لە یەکەوە، کە هەردووکیان واتای شاراوەیی و نادیاری دەبەخشن، بەڵام لە ڕووی زاراوەسازییەوە لای زانایانی فەرموودە و ئوصولّی فیقهـ و زانستەکانی قورئان، ئەم تێبینیەم لا دروست بووە: زاراوەی (متشابە) تایبەتە بە ئایەتەکانی قورئان، ئەگەر هەندێك جار بۆ دەقی تریش بەکاربهێنرێت. نووسراوی زۆرمان هەیە دەربارەی (متشابە القرآن)، بەڵام هەردوو دەستەواژەی (متشابە الحدیث) یان (الأحادیث المتشابهة) نەهاتووە ئەوەندەی من ئاگادار بم، بەڵام وشەی (مشكل) گشتیترە و بۆ دەقەکانی قورئان و فەرموودە بەکارهاتوون. گەڕانێك بە دوای دانراوی زانایان لەو بارەوە (مشكل القرآن) دەبینرێت، هەروەها (مشكل الحدیث)یش بەهەمان شێوە. ئەوەتا فەرموودەناسان لە پێناسەی (مشكل)دا دەڵێن: ئەو فەرموودانەن، کە بە سەنەدێکی وەرگیراو لە پێغەمبەری خوداوە (دروودی خوای لەسەر) دەگێڕدرێنەوە، بەڵام ماناکانی پێچەوانە و دژن بە کۆمەڵێك بنەمای شەرعی نەگۆڕ، بەڵام لە پێناسەی (متشابە)دا دەڵێن: ئەو دەقانەن کە چۆنیەتیەکەیان نازانرێت و تەنها خودا خۆی واتا ڕاستەکانیان دەزانێت[2].

---

[1] تەفسیری ئاسان (٥٠).

[2] بڕوانە: المقارنة بین المشكل والمتشابه في القرآن الکریم (١٠١ ـ ١٠٢).

## ئایا بوونی موتەشابیهـ لە قورئاندا گونجاوە لەگەڵ تێگەشتنی ئاسان بۆ قورئان؟

لە چەند شوێنێکی قورئاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە قورئان ئاسانە بۆ تێگەشتن، وەکو ئایەتی: ﴿وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِنْ مُدَّكِرٍ﴾ (القمر: ١٧)، واتە: (بێگومان ئێمە قورئانمان ئاسانکردووە بۆ خوێندنەوە و تێگەشتن و ئامۆژگاری وەرگرتن، جا ئایا کەسێك هەیە درکی حەقیقەت و ڕاستی بکات و پەندی وەرگرتبێت)[١]، هەروەها ئایەتی: ﴿فَإِنَّمَا يَسَّرْنَاهُ بِلِسَانِكَ﴾ (مریم: ٩٧)، واتە: (جا بێگومان ئێمە ئەم قورئانەمان ئاسانکردووە و هەر بە زمانی تۆ ڕەوانەمان کردوە)[٢]. دیارە مەبەستی ئەو ئایەتانە ئەوەیە کە: قورئان لەسەر شێوازی قسەکردنی عەرەب هاتووە و لەو شێوازە دەرنەچووە، کەواتە تێگەشتن لەو قورئانە پێویستی بە شارەزابوونە لە شێوازی قسەکردنی عەرەب، بەو شێوەیەش ئاسان دەبێت بۆ تێگەشتن. هەرچەندە ئایەتەکانی موعجیزەن و ئایاتی موتەشابیهی تێدایە، کە مرۆڤ دەستەپاچەن لە هێنانی نموونەی وەك ئەو، بەڵام ئەوانە ڕێگر نابن لە تێگەشتن و وردبوونەوە لە واتاکانی[٣].

## ئایا موتەشابیهـ لە قورئاندا هەیە؟ حیکمەت چییە لە بوونیدا؟

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ﴾ (آل عمران: ٧). موفەسیرەکان لە لێکدانەوەی ئەم ئایەتەدا دەڵێن: (محكمات) واتە ئەو ئایەتانەی، کە مانایان ڕوونە و پێویستیان بە ڕوونکردنەوە نییە، ئەو ئایەتانەش زۆرینەی قورئان پێکدەهێنن و بناغەن بۆ لێکدانەوەی ئایەتە موتەشابیهەکان. موتەشابیهەکانیش بریتین لەو ئایەتانەی، کە

---

[١] تەفسیری ئاسان (٥٢٩).

[٢] تەفسیری ئاسان (٣١٢).

[٣] بڕوانە: الموافقات في أصول الشريعة (٦٢٦).

واتاكانى لاى زۆر كەس ناڕوونە، بە هۆى ئەوەى كە موجمەلن، يان بە پێچەوانەوە لە ماناكەى تێدەگەن[1].

دواى وردبوونەوە لە ئايەتەكەى سەرەوە چەند راستيەكمان بۆ دەردەكەوێت:

أ. قورئان بۆ تێگەشتن ئاسانە.

ب. زۆربەى زۆرى ئايەتەكانى موحكەمن، واتە: ماناكانيان ڕوونن.

ت. هەندێكى كەمى ئايەتەكان مانايان ڕوون نييە و پێويستيان بە لێبوردبونەوە هەيە.

پ. دەبێت لە ژێر رۆشنايى ئايەتە موحكەمەكان، لێكدانەوە بۆ موتەشابيهەكان بكرێت.

نەوەوى دەڵێت: "زۆربەى ئەو ئايەتانەى كە باس لە لقەكانى ئايين دەكەن، بە شێوەى موجمەل هاتوون، ڕوونكردنەوەشيان لە فەرموودەكانداية"[2]. سەيد قوتب لە تەفسيرى ئەم ئايەتەدا دەڵێت: "ئەم قورئانەى بۆ سەر پێغەمبەرەكەى دابەزيوە، ڕاستييەكانى باوەڕ و ڕێبازەكانى شێوە ژيانى ئيسلامى لەخۆ گرتووە، هەروەها كۆمەڵێك بابەتى نادياريش لەخۆ دەگرێت، كە عەقڵى مرۆڤ بەو ئامێرە تايبەتانەى پێيدراوە، ناتوانێت دركيان پێبكات، تەنها ئەو برە نەبێت، كە دەقەكان ئاماژەيان پێكردووە، بەڵام بنەما وردەكانى بيروباوەڕ و شەريعەت زۆر ڕوون و ئاشكران و مەبەستەكانيان ديارن، جگە لە بابەتە ناديارەكان و ئەو بابەتانەى كە تەنها سەرچاوەيان دەقە، وەك لەدايكبوون و ژيانى عيسا پێغەمبەر، ئەو ئايەتانەى كە باوەڕمان پێى هەيە و مانا نزيكەكەى مەبەستە، چونكە لە سەرچاوە ڕاستەكەوە هاتووە و دركردن بە چۆنێتى ئەو ڕووداوانە ئاستەمە، چونكە بە سروشتى خۆيان لە سەرووى دركردنى مرۆڤەوەن"[3].

---

[1] بڕوانە: تيسير الكريم الرحمن، عبد الرحمن السعدى (١/ ١٢٢).

[2] المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج (١/ ٤).

[3] في ظلال القرآن، سيد قطب (١/ ٣٦٩).

ناوەڕۆکی ئایەتە موحکەمەکان وەك لە وتەکانی سەرەوەدا دەردەکەوێت، بریتییە لەو ئایەتانەی لە بیروباوەڕ دەدوێن، ئایەتەکانی تەشریع، ئادابەکان و ئامۆژگارییەکان. ئیبن عەبباس دەڵێت: "ئەو ئایەتانەن کە باس لە یەکتاپەرستی خوا دەکەن و لە هەموو شەریعەتە ئاسمانیەکاندا هاتوون و یاساغکردنی خراپەکارییەکان"[١]. کەواتە ئایەتە موتەشابیهەکان لە بنەما گشتییەکانی شەریعەتدا نین، بەڵکو لەو ئایەتانەن، کە باسی لقەکانی شەریعەت دەکەن.

تەبەری پێیوایە کە لە ڕووی لێکدانەوەی واتاوە قورئان سێ جۆرە:

جۆری یەکەم: تەنها خودا واتاکەی دەزانێت و زانیاری بە هیچ دروستکراوێك نەداوە، نموونەش بەو ڕووداوانە دەهێنێتەوە، کە لە قورئاندا هاتوون، وەك: کاتی هاتنی ڕۆژی دوایی، کاتی دابەزینی پێغەمبەر عیسا لە ئاسمانەوە بۆ زەوی، کاتی هەڵهاتنی خۆر لە خۆرئاواوە و فووکردن بە کەڕەنا (صور)، نموونەی تریش.

جۆری دووەم: ئەو ئایەتانەن، کە تەنها لە ڕێگەی پێغەمبەری خوداوە ماناکەی دەزانین و بێ ڕوونکردنەوەکانی ناکرێت ماناکەی بزانین.

جۆری سێیەم: ئەو ئایەتانەیە، کە زانایانی تایبەتمەند بە بوارەکانی زمان و ئیعراب و بوارەکانی تر دەیزانن، لە ڕێگەی ئەوانەوە خەڵکانی تریش ماناکەی فێر دەبن[٢].

زەرکەشیش، بە هەمان شێوە دەربارەی پۆلێنکردنی ئایەتەکانی قورئان، لە ڕووی زانینی واتاکانیەوە دەڵێت: "قورئانی پیرۆز دابەش دەکرێت بۆ کۆمەڵە ئایەتێك، کە خۆی ڕوونە و پێویستی بە ڕوونکەرەوەی جگە لە خۆی نییە، ئەوەش لە قورئاندا زۆرە، کۆمەڵێك ئایەتی تریش کە خۆی لە خۆیدا ڕوون نییە و پێویستی بە ڕوونکەرەوە هەیە لە ئایەتێکی تردا، یان لە ڕێی فەرموودەوە کە بۆ ڕوونکردنەوە دانراوە"[٣].

---

١ بڕوانە: التحرير والتنوير (٣/ ١٥٥).

٢ بڕوانە: تفسير الطبري (١/ ٨٧– ٨٨).

٣ البرهان في علوم القرآن (٢/ ١٨٣–١٨٤).

**حیکمەت لە بوونی موتەشابیە لە قورئاندا:**

بە سەرنجدانم لە قسەی زانایان لە کۆن و نوێدا، کۆمەڵێك حیکمەتی بوونی ئەو ئایەتانەم لە قورئاندا دەرهێنا، ئەوانیش بریتین لە:

١. هاندانێکە بۆ مرۆڤ تا عەقڵ و ژیری خۆی بخاتە گەڕ و وردبێتەوە لە دەقەکان، وەك دەفەرموێت: ﴿ كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ (ص: ٢٩)، واتە: (ئەم قورئانە کتێبێکی پیرۆزە، دامانبەزاندووە بۆ لای تۆ، بۆ ئەوەی ئایەتەکانی لێك بدەنەوە و بیری لێ بکەنەوە و بۆ ئەوەی خاوەن بیر و هۆشەکان پەند و ئامۆژگاری وەربگرن و تێفکرن)[١]. سیوتی لەو بارەیەوە دەڵێت: "لە ئایەتی موتەشابیهدا هاندانی زاناکانی تێدایە تا لە وردەکاری و لایەنە شاراوەکانی زانست وردببنەوە"[٢].

٢. شێوازێکە بۆ تاقیکردنەوەی باوەڕی مرۆڤ، تا دەربکەوێت لە کوێدا سنووری خۆی دەزانێت و خۆی ناخاتە بوارێکەوە کە توانای بە سەردا ناشکێت، وەك زانینی کاتی هاتنی ڕۆژی دوایی و زۆر نموونەی تر. قازی باقەللانی لەو بارەیەوە دەڵێت: "خودا هێنانەوەی موتەشابیهی بۆ مەبەستی تاقیکردنەوەی بەندەکانی و پێشخستنی ئەوانەیە کە زانستیان هەبووە بە چەند پلەیەك"[٣].

٣. دەرکەوتنی ڕووەکانی ئیعجاز لە قورئاندا، چونکە هەر ئایەتێك کە ماناکەی دیار نەبێت، بە هۆی گەڕان بەدوای واتاکەیدا ئەو ڕووە ئیعجازییانە باشتر و ڕوونتر دەردەکەون.

---

[١] تەفسیری ئاسان (٤٥٥).

[٢] الإتقان في علوم القرآن (٣/ ٣٥).

[٣] الانتصار للقرآن (٢/ ٧٨٦).

٤. نیشاندانی بەزەیی خودایە بۆ بەندەکانی کە تواناکانیان سنووردارە و بەرگەی هەندێك زانیاری ناگرێت، وەك: دۆزەخ و جۆرەکانی سزا تیایدا و کاتی هاتنی ئەجەلی مرۆڤ و زۆر زانیاری تر[١].

٥. دەستکەوتنی پاداشت بە هۆی ماندووبوون لە گەڕان بەدوای ماناکەیدا. سیوتی دەڵێت: "بۆ گەشتن بە واتاکەی، ماندوبوون و هەوڵدانی زۆری دەوێت، بەو شێوەیەش شایانی پاداشتی زیاتر دەبێت"[٢].

٦. بۆ زانینی واتای ئەو ئایەتانە مرۆڤ ناچار دەبێت چەند زانستێکی تر فێر بێت، تا بتوانێت ئیشکالی ئایەتەکان لاببات.

٧. پەروەردەکردنی مسوڵمان لەسەر خۆبەکەمزانین، کاتێك بۆی دەردەکەوێت کە زانیاریی دەربارەی ئەو ئایەتە لا نییە[٣].

## ئایا دەکرێت واتای ئایەتە موتەشابیهەکان بزانرێت؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ڕاجیاوازیەك هەیە لە نێوان زانایاندا. لەکاتێکدا کەسانی وەك ئیبن عەبباس و موجاهید و نەوەوی و زۆر لە زانایانی تر لەسەر ئەو ڕایەن کە کەسانی ڕۆچوو لە زانستە شەرعیەکاندا واتای ئایەتە موتەشابیهەکان دەزانن، هەتا ئیبن عەبباس (ڕەزای خوای لیّ بیّ) دەڵێت: "من لەو کەسانەم کە واتاکانیان دەزانم"[٤]. موجاهیدیش، لە تەفسیری ئایەتەکەدا دەربارەی (الراسخون في العلم) دەڵێت: "ئەوان لێکدانەوەکەی دەزانن و باوەڕیشیان پێی هەیە"[٥].

---

١ دراسات في علوم القرآن الكريم (٥٢٥).

٢ معترك الأقران في إعجاز القرآن (١/ ١٢٠)، هەروەها بڕوانە: دراسات في علوم القرآن الكريم (٥٢٣).

٣ مشكل القرآن الكريم (١٠٦-١٠٩).

٤ بڕوانە: المسائل المشتركة بين علوم القرآن وأصول الفقه وأثرها في التفسير (١٤٦- ١٤٨).

٥ تفسير الطبري (٥/ ٢٢٠).

له پاڵ ئەو ڕایەی سەرەوەدا ڕایەکی تریش هەیە کە پێیوایە تەنها خودای گەورە واتای موتەشابیهـ دەزانێت، خاوەنی ئەو ڕایەش هەر یەك لە ئیبن مەسعود و ئیبن عومەر و عائیشە و عوروەی کوڕی زوبەیر و مالیك و زۆربەی زانایانن. هۆکاری ئەم ڕاجیاییەش بۆ چۆنیەتی خوێندنەوەی ئایەتی: ﴿وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا﴾ (آلعمران: ٧) دەگەڕێتەوە، کە کۆمەڵی یەکەم پێیانوایە وەستان لەسەر وشەی (الله) واجب نییە، بەڵام کۆمەڵەکەی تر بە واجبی دەزانن.

بە وردبوونەوە لە ئایەتە موتەشابیهەکان بۆمان دەردەکەوێت کە سێ جۆرن:

جۆری یەکەم: (المتشابه الحقيقي = موتەشابیهی ڕاستەقینە): ئەو ئایەتانەیە کە باس لە بابەتە نادیارەکانی وەك هاتنی ڕۆژی دوایی و نیشانەکانی و...هتد دەکات. ئەم جۆرەیان تەنها خودا خۆی دەیانزانێت و ژیری مرۆڤ لەو بوارەدا سنووردارە. دیارە ڕای دووەمیش مەبەستیان لەم جۆرەی موتەشابیهە کە تەنها خودا واتاکانیان دەزانێت.

جۆری دووەم: (المتشابه الإضافي): ئەو ئایەتانەن کە وشەیەکی نامۆی تیایە، ئەو ئایەتانە لە توانای مرۆڤدایە کە بیزانێت.

جۆری سێیەم: (المتشابه الخفي): ئەو ئایەتانە تەنها ئەو کەسانە دەیزانن کە بەهرەی هەڵێنجاندن و وردبوونەوەی ئایەتەکانیان پێدراوە، وەکو ئەو ئایەتانەی کە لە واتایەك زیاتری هەیە.

وای تێ دەگەم کە ئایەتەکە ئاماژەیە بۆ جۆری سێیەم، کاتێك دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ﴾ (آل عمران: ٧)، واتە: (لێکدانەوەی ئەو جۆرە ئایەتە هەر خوا خۆی بە تەواوی دەیزانێت، جا ئەو کەسانەی لە زانستدا ڕۆچوون دەڵێن..)[١].

---

[١] تەفسیری ئاسان (٥٠)، بڕوانە: معترك الأقران في إعجاز القرآن (١/ ١١٠).

## جۆرەکانی ئایەتە موتەشابیهەکان لە قورئاندا:

یەکەم: موتەشابیه لە وشەکەدا، لەوانەیە وشەکە کەم بەکار بێت، یان ناڕوون بێت، وەك وشەی (أَبًّا) لە ئایەتی: ﴿وَفَاكِهَةً وَأَبًّا﴾ (عبس: ٣١)، یان بۆ چەند واتایەك بەکار بێت، وەك وشەی (عسعس) لە ئایەتی: ﴿وَاللَّيْلِ إِذَا عَسْعَسَ﴾ (التكوير: ١٧)، کە بە واتای هاتن و ڕۆشتنیش بەکار دێت.

دووەم: موتەشابیه لە واتادا: وەك وێناکردنی بابەتە نادیارەکانی وەسفی بەهەشت و دۆزەخ و ناڕەحەتییەکانی ڕۆژی دوایی، کە لە دەقەکانی قورئاندا باسکراوە.

سێیەم: موتەشابیه لە وشە و واتادا، لە ڕووی چەندێتیەوە، کە دەقی گشتی و تایبەت دەگرێتەوە، وەك ئایەتی: ﴿فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ﴾ (التوبة: ٥)، واتە: (هاوەڵگەرانی پەیمانشکێن بکوژن)[1] ، یان چۆنیەتیەوە، کە دەقەکە بۆ فەرزبوون بێت، یان مەندوب بوون، وەك ئایەتی: ﴿فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ﴾ (النساء: ٣)، واتە: (لە ئافرەتانی تر کە حەڵاڵن بۆتان، ژن مارە بکەن)[2] ، یان لە ڕووی کاتەوە، وەك ناسیخ و مەنسوخ، نموونەش ئایەتی: ﴿اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ﴾ (آل عمران: ١٠٢)، واتە: (پارێزگاربن بە شێوەیەکی وا کە شایستەی ئەو زاتە بێت)، یان لە ڕووی شوێنەوە، وەك ئایەتی: ﴿وَلَيْسَ الْبِرُّ بِأَنْ تَأْتُوا الْبُيُوتَ مِنْ ظُهُورِهَا﴾ (البقرة: ١٨٩)، واتە: (چاکە و چاکەکاریش ئەوە نییە کە لە پشتەوە خۆتان بکەن بە ماڵاندا)، چونکە هەر کەسێك لە خووی دانیشتوانی دورگەی عەرەب شارەزا نەبێت، لێکدانەوەی ئایەتەکەش نازانێت، یا لە ڕووی ئەو مەرجانەی کە کرداری پێ دروست دەبێت، یا فاسید دەبێت، وەك مەرجەکانی نوێژ و هاوسەرگیریی.[3]

---

[1] تەفسیری ئاسان (١٨٧).

[2] تەفسیری ئاسان (٧٧).

[3] مفردات ألفاظ القرآن (٢٥٥).

## ڕێگەکانی تێگەشتن لە ئایەتە موتەشابیهەکان:

بۆ تێگەشتن لەو ئایەتانە و لابردنی ئیشکالەکانی، زانایان کۆمەڵێك ڕێگەیان باسکردووە، لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێدەدەم:

یەکەم: پێویستە شوێنی ئیشکالەکە لە ناو ئایەتەکەدا بزانرێت.

دووەم: زانینی هۆی دابەزینی ئایەتەکە ئیشکالەکە لا دەبات. لەو بارەیەوە زەرکەشی کۆمەڵێك سوودی هۆی دابەزینی ئایەت باس دەکات، یەکێك لەو سوودانە: زانینی واتای ئایەتەکە[1].

سێیەم: تێگەشتنی ئایەتەکە لە ڕوانگەی ئایەتە موحکەمەکان و گەڕانەوەی بۆ زانایان لەو بارەیەوە. ئایەتەکەی سورەتی (آل عمران)یش بە ڕوونی باسی دەکات کە هەرکەسێك لە ڕوانگەی ئایەتە موحکەمەکانەوە لێکدانەوەی بۆ موتەشابیهەکان کرد، ئەو کەسە لەسەر ڕێگەی ڕاستییە و هیدایەت دراوە.

چوارەم: کۆکردنەوەی ئەو ئایەتانەی کە لە یەك بابەت دەدوێن، تا واتاکەی ڕوونتر بێت، وەك موفەسیرەکان باسی دەکەن: باشترین و تەواوترین تەفسیر بریتیە لە تەفسیری قورئان بە خودی قورئان خۆی، هەمان یاسا و ڕێساش بۆ فەرموودە دەشێت، واتە: کۆکردنەوەی ئەو فەرموودانەی باسی یەك بابەت دەکەن تا واتاکە ڕوونتر دەربکەوێت.

پێنجەم: وردبوونەوە لە شوێنی ئایەتەکە و ئایەتەکانی پێش و دوایی کە پەیوەندییان پێکەوە هەیە، هاوەڵان و شوێنکەوتووانیان زۆر ئیشیان لەسەر ئەم خاڵە کردووە بۆ لێکدانەوەی هەندێك ئایەت[2].

شەشەم: پشتبەستن بە فەرموودە ڕاستەکان بۆ لابردنی ئیشکالەکە.

حەوتەم: کاریگەری ئیعرابی ئایەتەکە و ڕوانین لە شوێنی وشە لە ئایەتەکەدا.

---

[1] البرهان في علوم القرآن (٢٨).

[2] بڕوانە: مشكل القرآن الكريم (٣٦٩– ٣٧٥).

هەشتەم: پشتبەستن بەو یاسایانەی کە زانایانی تەفسیر دایانناوە بۆ لابردنی ئیشکالی ئایەتەکان.

نۆیەم: نەسخ، واتە: ئەگەر زانرا کە دوو دەق ناسخ و مەنسوخی یەکترن، ئەوە ئیشکال لە تێگەشتنیان نامێنێت.

دەیەم: وەستان لە بڕیاردان بەسەر ئایەتەکەدا و گێڕانەوەی واتاکەی بۆ لای خودا[1].

## ڕۆڵی فەرموودە لە لابردنی ئیشکالی ئایەتەکاندا:

بێگومان یەکێك لە ئەرکەکانی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) لە پاڵ ئەرکی گەیاندنی ئەو پەیامەی کە لە لای خوداوە بۆی هاتووە وەك خۆی (التبليغ)، بریتییە لە ڕوونکردنەوەی ئایەتەکانی قورئان وەك لە قورئانی پیرۆزدا بە ڕوونی هاتووە: ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (النحل: ٤٤)، واتە: (ئێمە قورئانمان بۆ تۆ دابەزاند، تا بۆ خەڵکی ئەوە ڕوون بکەیتەوە کە بۆیان هێنراوەتە خوارەوە، بۆ ئەوەی بیرێك بکەنەوە و تێفکرن). هەروەها لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ إِلَّا لِتُبَيِّنَ لَهُمُ الَّذِي اخْتَلَفُوا فِيهِ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ (النحل: ٦٤)، واتە: (ئێمە ئەو قورئانەمان دانەبەزاندووەتە سەر تۆ، تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە هەرچی ئەو خەڵکە کێشەی لە سەر هەیە لە بابەتەکانی دنیا و ئایین بۆیان ڕوونبکەینەوە و بیکەینە هۆی هیدایەت و ڕەحمەتیش بۆ ئەو کەسانەی کە ئیمان و باوەڕ دەهێنن). ئەم ڕوونکردنەوەیەش بە وتە دەبێت، هەروەها بە کردار و بە ئیقراریش.

گرنگی فەرموودە لەوەدایە کە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ لێکدانەوەی ماناکانی قورئان، بە هۆی فەرموودەوە مەبەستەکانی پەروەردگار لە قورئانەکەی تێدەگەین،

---

[1] بڕوانە: مشكل القرآن الكريم (٣٣٣– ٤٠٩).

چونکە پێغەمبـەری خـودا (دروودی خـوای لەسـەر) باشـترین کەسـە کـە تەفسـیری ئایەتـەکانمان بـۆ بکـات. خـاڵێکی تـر هەیـە کـە هەنـدێك ئایـەتی قورئـان بـە ڕوونکردنـەوەی پێغەمبـەری خـودا (دروودی خـوای لەسـەر) نـەبێت واتاکـانی دەرناکەوێت.

ئیبن کەسیر لە تەفسیری ئەو ڕوونکردنەوەیەی پێغەمبەری خوادا (دروودی خوای لەسەر) دەڵێت: "لەبەر ئەوەی کە شارەزایت بە واتای ئەوەی بۆت هاتووەتە خوار و سوریشیت لە سەری و شوێنیشی کەوتیت و بە هۆی ئەوەی کە ئێمە دەزانین تۆ باشترینی دروستکراو و گەورەی نەوەکانی ئادەمیت، تۆش درێژە دەدەیت بە ناڕوونەکانی و ئایەتە موشکیلەکانی ڕوون دەکەیتەوە"[1].

دەتوانین پێناسەی لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەکانی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) بۆ قورئان بکەین بەو شێوەیە: بریتیە لەو وتە و کردار و تەقریرانەی کە لە پێغەمبەری خوداوە گێڕدراوەتەوە دەربارەی ڕوونکردنەوەی واتاکانی قورئان[2]. شاتیبی دەڵێت: "هەڵێنجاندن لە قورئان بێ سەیرکردنی لێکدانەوە و ڕوونکەرەوەکەی کە سوننەتە ناکرێت"[3]. ئیبن تەیمیەش دەڵێت: "هاوەڵان و شوێنکەوتووەکانیان و هەموو پێشەواکانی ئایین، کۆکن لەوەدا کە سوننەت قورئان لێکدەداتەوە و ڕوونی دەکاتەوە)[4].

ئەو پرسیارەی کە پێویستی بە وەڵامدانەوەیە: چ پێویستمان بە فەرموودەیە لەکاتێکدا قورئان وتەی خودایە و لە لایەن ئەوەوە هاتووە؟ ئایا قورئان بە تەنها بەس نییە بۆ تێگەشتن لە ئەحکامەکانی ئایین؟ لەوبارەیەوە عەبدوڵڵا جکرالوی، کە

---

[1] تفسير القرآن العظيم (٤/ ٥٧٤).

[2] بڕوانە: التفسير النبوي (٥٥).

[3] الموافقات (٣/ ٣٦٩).

[4] مجموع الفتاوي (١٧/ ٤٣٢).

یەکێکە لە هەڵگرانی ئەو بۆچوونە دەڵێت: "قورئانی پیرۆز بە درێژی هەموو شتێکی لە بوارەکانی ئایین لە هەموو ڕوویەکەوە باسکردووە، کەواتە چ پێویستیەکمان بە وەحییەکی ترە کە سوننەتە؟.... کتێبەکەی خودا تەواوە و پێویستی بە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی محەمەد یان جێبەجێکردنی کرداری ڕێساکانی نییە"[1]. ئەوە یەکێکە لەو گومانانەی کە ڕووبەڕووی فەرموودە دەبێتەوە. ئەو کەسانەی ئەو ڕایەیان هەیە، ئەو دوو ئایەتە دەکەنە بەڵگەی قسەکانیان، کە بە هەڵە لێکدانەوەی بۆ دەکەن، ئایەتەکانیش بریتین لە:

١. پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِنْ شَيْءٍ﴾ (الأنعام: ٣٨)، واتە: (دڵنیابن هیچ شتێك نییە پشتگوێمان خستبێت لە کتێبە تایبەتەکەی (اللوح المحفوظ)دا). سەرجەم موفەسیرەکان دەڵێن: وشەی (الکتاب) لەوێدا، مەبەستی (اللوح المحفوظ)ە، کە تۆمارێکە بۆ ورد و درشت و هەموو ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویداوە و ڕوودەدات، نەك قورئان. ئەو لێکدانەوەیە دروستترە و لەگەڵ ڕستەی پێش خۆیدا ڕێك دەبێتەوە کە باسی بارودۆخ و ڕزق و ڕۆزیی و تەمەن و بەختەوەری و بەدبەختی بوونەوەرەکانی تر دەکات، کە هەموو ئەمانە ئەرکی (اللوح المحفوظ)ە، وەك دەفەرموێت: ﴿وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّا أُمَمٌ أَمْثَالُكُمْ﴾ (الأنعام: ٣٨)، واتە: (هیچ زیندەوەر و گیانلەبەرێك نییە بەسەر زەویدا بڕوات و هیچ باڵندەیەك بە باڵەکانی بفڕێت و ئەوانیش گەلێك نەبن وەك ئێوە).

٢. هەروەها دەفەرمووێت: ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِكُلِّ شَيْءٍ﴾ (النحل: ٨٩)، واتە: (قورئانیشمان بۆ تۆ دابەزاندووە ڕوونکەرەوەی هەموو شتێکە). لەم ئایەتەدا وشەی گشتگیری (کل شيء) بەکارهاتووە، بەڵام ناکرێت بە گشتگیریەکەی کار بکەین و بڵێین: قورئان ڕوونکەرەوەیە بۆ هەموو شتێك، کاروبارێکی دنیایی بێت یا ئایینی. بە دڵنیاییەوە ئەو قسە و ڕایە نادروستە کە بوترێت قورئان هەموو

---

[1] القرآنيون وشبهاتهم حول السنة (٢١٠).

هەواڵێکی تێدایە، کەواتە: گشتگیری لە ئایەتەکەدا مەبەست نییە، هەرچەندە ئایەتەکە لە قورئان دەدوێت.

بە تێڕوانینی ئایەتەکان لەو بارەیەوە ئەم ڕاستییانەمان بۆ دەردەکەوێت کە فەرموودە وەحییە لە لایەن خواوە وەك قورئان، لە چەندین ئایەتدا بەتایبەتی باسی گوێڕایەڵیکردنی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) دەکات، وەك: (النساء: ٦٥)، (النور: ٦٢)، (آل عمران: ٣١)، (الأعراف: ١٥٨)، (الحشر: ٧). کەواتە گوێڕایەڵیکردنی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) واجبە. لەم سەردەمەدا ئەو گوێڕایەڵیە بە شوێنکەوتنی فەرموودەکانی جێبەجێ دەبێت.

## ئایا پێغەمبەری خودا هەموو ئایەتەکانی قورئانی تەفسیر کردووە؟

لە بابەتەکانی سەرەوە ئاماژەمان دا کە: پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) ڕوونکەرەوەی قورئانە و تەفسیری ئایەتەکانی کردووە. بۆ تەواوکردنی بابەتەکە گرنگە بزانین کە ئەو بڕە تەفسیرەی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) کە بەدەستمان گەیشتووە چەندە، ئایا هەموو قورئانی لێکداوەتەوە، یان نا؟

لە کاتی گەڕانم بەدوای وتەی زانایانی تەفسیر و زانستەکانی قورئان و فەرموودەناسانیش، بۆم دەرکەوت کە لەو بارەیەوە دوو ڕا هەیە:

ڕای یەکەم: هەندێك لە زانایان پێیانوایە کە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) هەموو ئایەتەکانی قورئانی تەفسیر کردووە، مەبەستیشیان ئەو ئایەتانەیە کە پێویستی بە لێکدانەوەیە، چونکە زۆربەی ئایەتەکانی قورئان ڕوون و ئاشکران و پێویستیان بە ڕوونکەرەوە نییە.

ڕای دووەم: پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) هەموو قورئانی تەفسیر نەکردووە، بەڵکو تەنها چەند ئایەتێکی کەمی تەفسیر کردووە، ئەوەش ڕای سیوتییە، پشت بە گێڕانەوەیەك دەبەستێت لە دایکە عائیشەوە کە دەڵێت: "مَا كَانَ النَّبِيُّ ـ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ يُفَسِّرُ شَيْئًا مِنَ الْقُرْآنِ إِلا آيًا عَلَمَهُنَّ إِيَّاهُ جِبْرَائِيلُ"، واتە

(پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) تەنها چەند ئایەتێکی تەفسیر کردووە، ئەویش جوبرائیل فێری کردووە[1]. بەڵام وەك فەرموودەناسان دەڵێن: ئەو قسەی عائیشە لاوازە. ئیبن حیببان دەڵێت: "لە سەنەدەکەیدا محەمەدی کوڕی جەعفەری زوبەیر هەیە کە هەڵە دەکات و ڕیواتەکانی پێچەوانەی ڕیوایەتی کەسانی ترە"[2].

**من ڕای یەکەمیان بە پەسەند دەزانم، لەبەر سێ هۆکار:**

١. ئەو وتەیەی کە دەدرێتە پاڵ دایکە عائیشە لاوازە و بۆ بابەتێکی وا ناکرێتە بەڵگە.

٢. ئەرکی ڕوونکەرەوەی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) بەو شێوەیە تەواو دەبێت کە هەموو ئەو ئایەتانە تەفسیر بکات کە پێویستیان بە ڕوونکردنەوەیە.

٣. لە کتێبەکانی تەفسیر و فەرموودەدا ژمارەیەکی زۆر فەرموودە بەرچاو دەکەوێت کە لێکدانەوەی پێغەمبەری خودان بۆ ئایەتەکانی قورئان.

ئەو بڕەش کە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) بە پێویستی نەزانیوە لێکدانەوەی بۆ بکات، یا خۆیشی واتاکەی نەزانیوە و ماناکەی تەنها لای خوای زانا و دانا بووە، بریتین لە:

أ. لێکدانەوەی زمانەوانەی بۆ ئەو ئایەتانەی کە هاوەڵان واتاکەیان زانیوە، چونکە قورئان بە زمانی ئەوان هاتووە و ئەوان واتاکەیان زانیوە، پێغەمبەری خوداش (دروودی خوای لەسەر) بەپێویستی نەزانیوە لێکدانەوەی ئەو وشانەیان بۆ بکات، ئەگەر بۆ کتێبەکانی تەفسیر و گێڕانەوەکانی لە کتێبەکانی فەرموودەدا بگەڕێین، هیچ وشەیەکی وامان بەرچاو ناکەوێت لەو بارەیەوە، کەواتە: پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) تەفسیری وشە بە وشەی قورئانی نەکردووە.

---

[1] تفسير الطبري (١/ ٧٨- ٧٩).

[2] الثقات (٧/ ٣٩٦)، هەروەها بڕوانە: السلسلة الضعيفة، الألباني (٦٥٦٩).

ب. ئەو ئایەتە موتەشابیهانەی کە باس لە بابەتی پەنهان و نادیار دەکەن، کە زانست و زانیارییەکەی تەنها لای خودایە. زانینی ئەو بابەتانەش پەیوەست نەکراوە بە هیچ حوکمێکی شەرعیەوە کە پاداشت و سزای لەسەر بنیات نرابێت. مسوڵمان چ سوودێك دەبینێت لە زانینی کاتی هاتنی ڕۆژی دوایی، یا هاتنی نیشانەکانی، ئەوەش هۆکارە کە هاوەڵانیش (ڕەزای خوایان لێبێت) پرسیاریان لەو بارەیەوە نەدەکرد[١].

**جۆرەکانی ڕوونکردنەوەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بۆ ئایەتەکان:**

لە پێناسەی فەرموودەدا زانایان بەو شێوەیە پێناسەی دەکەن، کە هەموو ئەو وتە و کردارانەیە کە دەدرێنە پاڵ پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر)[٢]. ئەو ڕوونکردنەوانەش بەشێکن لە فەرموودە، کەواتە: ڕوونکردنەوەکان (٣) بەشن:

**یەکەم: ڕوونکردنەوە بە وتە:** نموونە: پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ﴾ (الفاتحة: ٧)، واتە: (نەمانخەیتە سەر ڕێبازی ئەوانەی کە خەشم و قینیان لێگیراوە، هەروەها نەمانخاتە سەر ڕێبازی ئەوانەش کە سەرگەردان و گومڕان). لە ڕوونکردنەوەی ئەو ئایەتەدا پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) بە دەربڕینێکی ڕاشکاوانە دەفەرموێت: عَنْ عَدِيِّ بْنِ حَاتِمٍ، أَنَّ النَّبِيَّ ـ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ قَالَ: "الْمَغْضُوبُ عَلَيْهِمْ: الْيَهُودُ، وَالضَّالُّونَ: النَّصَارَى"، واتە: (الْمَغْضُوبِ عَليهِم: جوولەکانن، الضَّالِّينَ: گاورەکانن"[٣].

**دووەم: ڕوونکردنەوە بە کردار:** عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا قَالَ لَمَّا نَزَلَتْ ﴿وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ﴾ (الشعراء: ٢١٤)، صَعِدَ النَّبِيُّ ـ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ عَلَى الصَّفَا، فَجَعَلَ يُنَادِي: يَا بَنِي فِهْرٍ، يَا بَنِي عَدِيٍّ، لِبُطُونِ قُرَيْشٍ حَتَّى اجْتَمَعُوا،

---

[١] بڕوانە: تطور تفسير القرآن قراءة جديدة، د. محسن عبد الحميد (١٧ـ ٢٠).

[٢] البحر الذي زخر في شرح ألفية الأثر، السيوطي (٣٩٧).

[٣] الإحسان في تقريب صحيح ابن حبان، ذكر افتراق اليهود والنصاري فراقا مختلفة، برقم (٤٢٤٦)، قال شعيب الأرناؤوط محقق الكتاب: حسن لغيره.

فَجَعَلَ الرَّجُلُ إِذَا لَمْ يَسْتَطِعْ أَنْ يَخْرُجَ أَرْسَلَ رَسُولًا لِيَنْظُرَ مَا هُوَ، فَجَاءَ أَبُو لَهَبٍ وَقُرَيْشٌ فَقَالَ: "أَرَأَيْتَكُمْ لَوْ أَخْبَرْتُكُمْ أَنَّ خَيْلًا بِالْوَادِي تُرِيدُ أَنْ تُغِيرَ عَلَيْكُمْ، أَكُنْتُمْ مُصَدِّقِيَّ؟". قَالُوا: نَعَمْ، مَا جَرَّبْنَا عَلَيْكَ إِلَّا صِدْقًا. قَالَ: "فَإِنِّي نَذِيرٌ لَكُمْ بَيْنَ يَدَيْ عَذَابٍ شَدِيدٍ". فَقَالَ أَبُو لَهَبٍ: تَبًّا لَكَ سَائِرَ الْيَوْمِ أَلِهَذَا جَمَعْتَنَا؟ فَنَزَلَتْ ﴿تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ * مَا أَغْنَى عَنْهُ مَالُهُ وَمَا كَسَبَ﴾[1] ، واته: كاتێك ئايەتى ﴿وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ﴾ دابەزى، پێغەمبەرى خودا (دروودى خواى لەسەر) سەركەوتە سەر تەپۆلكەى سەفا و بانگى يەك بەيەكى خزمەكانى لە تيرەكانى قورەيش كرد: ئەى بەنى فەهر، ئەى بەنى عەدى، هەتا هەموويان كۆبوونەوە، هەر كەسێك خۆى نەهاتايە، كەسێكى لە شوێنى خۆى دەنارد تا بزانێت هەواڵەكە چييە، ئەبولەهەب و قورەيش هاتن، پێغەمبەرى خودا فەرمووى: ئەگەر پێتان بڵێم: سوپايەك لەو ديو دۆڵەوەيە دەيەوێت بيدات بە سەرتاندا، ئايا باوەڕم پێ دەكەن؟ وتيان: بەڵێ، چونكە درۆمان لێ نەبينيويت. فەرمووى: كەواتە، من بۆ لاى ئێوە نێردراوم و لە سزايەكى توند ئاگادارتان دەكەمەوە. ئەو فەرموودەيەش ڕوونكردنەوەيە بە كردار بۆ واتاى هەردوو وشەى (إنذار) و (عشيرة).

**سێيەم: ڕوونكردنەوە بە ئيقرار و ڕازيبوون:** عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ قَالَ: جَاءَ حَبْرٌ إِلَى النَّبِيِّ - صلى الله عليه وسلم - فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ أَوْ يَا أَبَا الْقَاسِمِ إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى يُمْسِكُ السَّمَوَاتِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى إِصْبَعٍ، وَالأَرَضِينَ عَلَى إِصْبَعٍ، وَالْجِبَالَ وَالشَّجَرَ عَلَى إِصْبَعٍ، وَالْمَاءَ وَالثَّرَى عَلَى إِصْبَعٍ، وَسَائِرَ الْخَلْقِ عَلَى إِصْبَعٍ، ثُمَّ يَهُزُّهُنَّ فَيَقُولُ: أَنَا الْمَلِكُ أَنَا الْمَلِكُ. فَضَحِكَ رَسُولُ اللَّهِ - صلى الله عليه وسلم - تَعَجُّبًا مِمَّا قَالَ الْحَبْرُ، تَصْدِيقًا لَهُ، ثُمَّ قَرَأَ: ﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ

[1] أخرجه البخاري، ٤٤٩٢، كتاب التفسير، سورة الشعراء.

وَالسَّماوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ (الزمر: ٦٧)[1]. ئیبن مەسعود دەڵێت: جولەکەیەك هات و وتی: لە ڕۆژی دواییدا خودا ئاسمانەکان دەخاتە سەر پەنجەیەکی و زەوییەکانیش لەسەر پەنجەیەکی، ئاو و خۆڵیش لە سەر پەنجەیەکی، دروستکراوەکانیش لە سەر پەنجەیەك، پاشان ڕایان دەوەشێنێت و دەفەرموێت: من پاشام، من پاشام. ئیبن مەسعود دەڵێت: پێغەمبەری خودام بینی (دروودی خوای لەسەر) پێکەنی وەك ڕازیبوونێك بە وتەکەی، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَالسَّماوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ واتە: (خوانەناسان قەدری خوایان وەك پێویست نەگرت، ڕێزیان بۆ دانەنا، بە مەرجێك هەر هەموو گۆی زەوی پڕ مشتێکی ئەو زاتەیە لە ڕۆژی قیامەتدا، ئاسمانەکانیش بە دەستی ڕاست و دروستی خودا پێچراون، پاکی و بێگەردی بۆ ئەو پەروەردگارە مەزنەی شایستەی ئەوە نییە نەفامان هاوەڵی بۆ بڕیار بدەن و قەدری نەزانن). ئەم ڕووداوەش ڕوونکردنەوەی پێغەمبەری خوایە (دروودی خوای لەسەر) بە ئیقرار بۆ واتای ئەو ئایەتە.

### دابەشکردنێکی تری ڕوونکردنەوەکانی پێغەمبەری خودا

یەکەم: ڕوونکردنەوە بە ڕاشکاویی و بە وتە (البيان اللفظي الصريح)، وەك تەفسیرکردنی وشەی (الظلم) لە ئایەتی: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ﴾ (الأنعام: ٨٢) بە هاوبەشدانان بۆ خودا: عَنْ عَلْقَمَةَ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بن مَسعود رضى الله عنه قَالَ: لَمَّا نَزَلَتْ هَذِهِ الآيَةُ ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ﴾ (الأنعام: ٨٢)، شَقَّ ذَلِكَ عَلَى أَصْحَابِ النَّبِيِّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ، وَقَالُوا: أَيُّنَا لَمْ يَلْبِسْ إِيمَانَهُ

---

[1] أخرجه البخاري (٦٩٧٨)، في التوحيد، باب كلام الرب عز وجل يوم القيامة، ومسلم (٢٧٨٦)، في صفة القيامة والجنة والنار.

بِظُلْمٍ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "إِنَّهُ لَيْسَ بِذَاكَ، أَلاَ تَسْمَعُونَ إِلَى قَوْلِ لُقْمَانَ ﴿إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ﴾[1].

دووه‌م: لێكدانه‌وه و ڕوونكردنه‌وه‌ی بابه‌تیانه (البيان الموضوعي)، واته به گه‌ڕان به‌و فه‌رموودانه‌ی كه له‌و بابه‌تانه ده‌دوێن كه ئایه‌ته‌كه باسی كردووه، بێئه‌وه‌ی فه‌رمووده‌كه ڕاسته‌وخۆ لێكدانه‌وه بێت بۆ ئایه‌ته‌كه، نموونه: ئایه‌تی: ﴿ادْعُوهُمْ لِآبَائِهِمْ هُوَ أَقْسَطُ عِنْدَ اللَّهِ فَإِنْ لَمْ تَعْلَمُوا آبَاءَهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ وَمَوَالِيكُمْ﴾ (الأحزاب: ٥)، واته: (ئه‌و كوڕانه به ناوی باوكی خۆیانه‌وه ناویان به‌رن و بانگیان بكه‌ن، ئه‌وه په‌سه‌نده لای خوا، ئه‌گه‌ر باوكیانتان نه‌ده‌ناسی، خۆ برای دینیتانن، سه‌ر به ئێوه‌ن و له ئێوه‌ن). ئه‌م ئایه‌ته باسی منداڵێك ده‌كات كه كرابێت به ناوی كه‌سێكه‌وه. به گه‌ڕان به دوای ئه‌و فه‌رموودانه‌ی له‌و بابه‌ته ده‌دوێن، ڕوونكردنه‌وه‌یه‌كمان له‌سه‌ر ئه‌و ئایه‌ته بۆ ده‌رده‌كه‌وێت: عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِىِّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ قَالَ: "لاَ تَرْغَبُوا عَنْ آبَائِكُمْ، فَمَنْ رَغِبَ عَنْ أَبِيهِ فَهُوَ كُفْرٌ "[2]، واته: ئه‌بوهوره‌یره له پێغه‌مبه‌ری خواوه (دروودی خوای له‌سه‌ر) كه ده‌فه‌رموێت: "پشت مه‌كه‌ن له باوانی خۆتان، هه‌ر كه‌سێك پشت له باوانی خۆی بكات، ئه‌وه بێباوه‌ڕ بووه).

سێیه‌م: لێكدانه‌وه‌ی زمانه‌وانی پێغه‌مبه‌ری خودا (دروودی خوای له‌سه‌ر) بۆ وشه‌یه‌ك كه له قورئاندا هاتووه (البيان اللغوي): عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ قَالَ: خَرَجَ عَلَيْنَا رَسُولُ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ فَقَالَ: "مَا لِى أَرَاكُمْ رَافِعِى أَيْدِيكُمْ كَأَنَّهَا أَذْنَابُ خَيْلٍ شُمْسٍ اسْكُنُوا فِى الصَّلاَةِ؟" قَالَ: ثُمَّ خَرَجَ عَلَيْنَا فَرَآنَا حَلَقًا، فَقَالَ: "مَا لِى أَرَاكُمْ عِزِينَ؟" قَالَ: ثُمَّ خَرَجَ عَلَيْنَا فَقَالَ: "أَلاَ تَصُفُّونَ كَمَا تَصُفُّ الْمَلاَئِكَةُ عِنْدَ

---

[1] رواه البخاري، كتاب الظلم، باب ظلم دون ظلم (١/ ٢١،٣٢).

[2] البخاري (٦٣٨٦)، الفرائض، باب من ادعي إلى غير أبيه، ومسلم (٦٢)، في الإيمان، باب بيان حال إيمان من رغب عن أبيه.

رَبِّهَا؟" فَقُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَكَيْفَ تَصُفُّ الْمَلاَئِكَةُ عِنْدَ رَبِّهَا؟ قَالَ: "يُتِمُّونَ الصُّفُوفَ الأُوَلَ وَيَتَرَاصُّونَ فِى الصَّفِّ"، واتە: پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) هاتە لامان و فەرمووی: بۆچی دەتانبینم کە دەستەکانتان بەرزکردووەتەوە وەك کلکی ئەسپی تووڕە؟ لە نوێژدا هێمن بن. دەڵێت: پاشان هاتە لامان و بینی کە کۆمەڵ کۆمەڵین، فەرمووی: ئەوە بۆ بە کۆمەڵ کۆمەڵ دەتانبینم؟ پاشان هاتە لامان و فەرمووی: بۆ ڕیز نابن وەك فریشتەکان لای پەروەردگاریان ڕیز دەبن؟ وتمان: ئەوان چۆن ڕیز دەبن؟ فەرمووی: ڕیزی یەکەم تەواو دەکەن و ڕیزەکانیشیان ڕێکە[1]. ئەم فەرموودەیەش لێکدانەوەیە بۆ وشەی (عزين) لە ئایەتی: ﴿فَمَالِ الَّذِينَ كَفَرُوا قِبَلَكَ مُهْطِعِينَ * عَنِ الْيَمِينِ وَعَنِ الشِّمَالِ عِزِينَ﴾ (المعارج: ٣٦- ٣٧)، واتە: (ئاخۆ ئەوانەی بێبڕوا بوون چیانە، کە تۆ دەرکەوتیت، بە پەلە دێن بۆ لات، بەلای ڕاست و چەپدا خۆیان ون دەکەن و لە دورەوە پۆل پۆل بە دەوری یەکدا کۆدەبنەوە).

چوارەم: پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) لە ڕووداوێکدا ئایەتێك بە بەڵگە دەهێنێتەوە، نموونە: عَنْ عَبْدِ اللَّهِ رضى الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "مَنِ اقْتَطَعَ مَالَ امْرِئٍ مُسْلِمٍ بِيَمِينٍ كَاذِبَةٍ، لَقِىَ اللَّهَ وَهْوَ عَلَيْهِ غَضْبَانُ". قَالَ عَبْدُ اللَّهِ: ثُمَّ قَرَأَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ مِصْدَاقَهُ مِنْ كِتَابِ اللَّهِ جَلَّ ذِكْرُهُ ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَأَيْمَانِهِمْ ثَمَنًا قَلِيلًا أُولَئِكَ لَا خَلَاقَ لَهُمْ فِي الْآخِرَةِ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ﴾[2] ، ئیبن مەسعود دەڵێت: پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: هەر کەسێك بە سوێندێکی درۆ ماڵی مسوڵمانێك داگیر بکات، کاتێك بە خودا گەشت، خوا لێی توڕەیە. عەبدوڵڵا دەڵێت: پاشان پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) وەك پاڵپشتێك بۆ فەرموودەکەی ئەم

---

[1] مسلم (٤٣٠)، كتاب الصلاة، باب الأمر بالسكون في الصلاة.

[2] البخاري (٧٠٠٧)، في التوحيد، باب قوله تعالى: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ * إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ﴾ (القيامة: ٢٢- ٢٣)، ومسلم (١٣٨)، في الإيمان، باب وعيد من اقتطع حق مسلم بيمين فاجرة.

ئایەتەی خوێندەوە کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَأَيْمَانِهِمْ ثَمَنًا قَلِيلًا أُولَئِكَ لَا خَلَاقَ لَهُمْ فِي الْآخِرَةِ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ وَلَا يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾، واتە: (بەڕاستی ئەوانەی کە پەیمانی خوا و سوێنەکانیان بە نرخێکی کەم دەفرۆشن، ئەوانە لە دوارۆژدا هیچ بەشێکیان نابێت لە سۆز و میهرەبانی خودا، هەروەها لە ڕۆژی قیامەتدا خوا نایاندوێنێت و تەماشایان ناکات، خاوێنیان ناکات و سزای پڕ ئێش و ئازاریش بۆیان ئامادەیە).

## بوارەکانی ڕوونکردنەوەی سوننەت بۆ ئایەتەکان:

ڕوونکردنەوەی فەرموودە کۆمەڵێك بوار دەگرێتەوە کە زانایان باسیان لێوە کردووە، ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم: ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتانەی بە کورتی هاتوون (بیان المجمل):**

بەڵقینی دەڵێت: "مەبەستمان لە موجمەل ئەو وشەیە، کە لە قورئاندا هاتووە و فەرموودە ڕوونی کردوەتەوە"[1]. هەروەها دکتۆر عەبدولکەریم زەیدانیش، لە پێناسەی موجمەلدا دەڵێت: "موجمەل وشەیەکی پەنهانە، کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە لە لایەن خاوەنی قسەکەوە"[2]. سەرجەم زانایانی (علوم القرآن) لە سەر ئەو ڕایەن کە وشەی موجمەل پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە، لە قورئاندا بوونی هەیە. هەروەها دەڵێن: ئەمە شێوازێکی زمانی عەرەبیە، کاتێك قسە دەکەن بە موجمەلی، دوای ئەوە ڕوونی دەکەنەوە، قورئانیش بە زمانی عەرەبی هاتووە، کەواتە شێوازی قسەکردنی ئەوان دەگرێتەبەر. زەرکەشی لەو بارەیەوە دەڵێت: "لە

---

[1] مواقع العلوم (٤٨٤).

[2] الوجيز في أصول الفقه (٢٧٩).

قورئان و فەرموودەشدا وشەی موجمەل هەیە لە سەر دروسترین ڕا... لە قورئانیشدا وشەی موجمەل لەو بارەیەوە زۆرە"[1].

تەنها داودی زاهیری پێیوایە، کە نابێت لە قورئاندا وشەی موجمەل هەبێت، چونکە بە ڕای ئەو قسەی موجمەل بێ ڕوونکردنەوە لە بارەیەوە قسەیەکی بێسوودە و نابێت کەسە ڕەوانبێژەکان قسەی وا بکەن، چ جای ئەوەی کە لە قورئاندا هەبێت[2].

دیارە ڕای یەکەم پەسەندتر و بەجێترە، چونکە: ئەگەر قسەیەك بە موجمەلی باس کرا، پاشان ڕوونکردنەوەی لەسەر درا، ئەو شێوازە سوودی زۆرە و کاریگەرترە لەسەر بەرامبەر، دەروونی مرۆڤیش دوای بیستنی موجمەل ئامادەیە بۆ بیستنی ڕوونکەرەوەکەی.

نموونەش: ئەو فەرموودانەیە، کە بە درێژی باسی حوکمەکانی نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج دەکەن. پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَوْقُوتًا﴾ (النساء: ١٠٣)، واتە: (ئەوە نوێژ بە چاکی و تەواوی ئەنجام بدەن، چونکە بەڕاستی نوێژ لەسەر ئیمانداران فەرزە لە کاتی دیاریکراودا دەبێت ئەنجام بدرێت). تێبینی دەکەین، کە ئایەتەکە تەنها باسی فەرزبوونی نوێژ دەکات، کات و ژمارەی نوێژەکان و ڕکاتەکان و چۆنیەتی و مەرجەکانی باس نەکراوە، کەواتە ئایەتەکە موجمەلە، ڕوونکردنەوەی ئەوەش لە فەرموودەکاندایە کە ئەو ئەرکەی گرتووەتە ئەستۆ و بە ڕاشکاوی باسی کردوون، وەك ئەم نموونەیە: عن عبادة بن الصامت قال: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ـ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ يَقُولُ: "خَمْسُ صَلَوَاتٍ افْتَرَضَهُنَّ اللَّهُ عَلَى عِبَادِهِ، فَمَنْ جَاءَ بِهِنَّ وَقَدْ أَكْمَلَهُنَّ وَلَمْ يَنْتَقِصْهُنَّ اسْتِخْفَافًا بِحَقِّهِنَّ، كَانَ لَهُ عِنْدَ اللَّهِ عَهْدٌ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ. وَمَنْ جَاءَ بِهِنَّ وَقَدِ انْتَقَصَهُنَّ اسْتِخْفَافًا

---

[1] البرهان في علوم القرآن (٢/ ٢٠٩).

[2] بڕوانە: المسائل المشتركة بين علوم القرآن وأصول التفسير وأثرها في التفسير (٣٣٢).

بِحَقِّهِنَّ، لَمْ يَكُنْ لَهُ عِنْدَ اللَّهِ عَهْدٌ، إِنْ شَاءَ عَذَّبَهُ وَإِنْ شَاءَ رَحِمَهُ"[١]، واته: (پەروەردگار پێنج نوێژی فەرزکردووە بە سەر بەندەکانیدا، هەر کەسێك بەتەواوی بیانکات و لێیان کەم نەکات و بە کەم تەماشایان نەکات، ئەو کەسە لای خودا پەیمانێکی هەیە کە بیخاتە بەهەشتەوە، هەر کەسیش مافی خۆی نەداتێ، ئەوە هیچ پەیمانێکی لای خوا نییە، ویستی لەسەر بێت، سزایان دەدات و بیەوێت میهرەبانیان لەگەڵدا دەنوێنێت).

بە ڕای توێژەر لەوانەیە بوونی ئەو ئایەتە موجمەلانە لە قورئاندا، تا پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) ڕوونکردنەوەی لەسەر بدات، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

أ. ئەو بابەتە موجمەلانە پێویستیان بە پراکتیزەکردن و کرداریە و ئەنجامدانی بە کرداری لە لایەن پێغەمبەری خوداوە (درودی خوای لەسەر) کاریگەری زیاترە.

ب. سپاردنی ئەرکی ڕوونکردنەوەکە بە پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر)، ڕێزدانانە بۆ خودی پێغەمبەری ئازیز، هەروەها تا لە کەسانی تر جیابکرێتەوە، لەبەرئەوەی دەتوانێت ئەو ئایەتە موجمەلانە ڕوون بکاتەوە.

**دووەم: سنووردارکردنی ئەو بابەتانەی بە ڕەهایی هاتوون (تقييد المطلق):**

مطلق: بریتییە لەو وشەیەی نەبەستراوەتەوە بە هیچ وەسفێکەوە. جورجانی دەڵێت: "بریتییە لەو وشەیەی کە بۆ تاکێکی دیارینەکراو بەکاردێت"[٢]. نموونە: پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ (المائدة: ٣٨)، واته: (دەستی پیاوی دز و ئافرەتی دز

---

[١] أخرجه ابن حبان في صحيحه، كتاب الصلاة، باب فضل الصلوات الخمس (٥/ ٢٣) رقم (١٧٣٢)، وقال محققه الشيخ شعيب أرناؤوط: رجاله ثقات، رجال الشيخين.

[٢] التعريفات (٢١).

ببڕن لە سزای کاری ناڕەوایاندا، ئەمەش تۆڵەیەکە لە لایەن خواوە، خوا بالاّدەست و دانایە). ئەم ئایەتە ڕەهایە لە بڕینی دەستی دزدا بەبێ دیاریکردنی ئەو ئەندازە ماڵەی دەستی لەسەر دەبڕدرێت، ئەوەش لە فەرموودەکاندا بە ڕوونی دیاریکراوە، وەك دیاریکردنی بڕەکەی لەم فەرموودەیەدا: عَنْ عَائِشَةَ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ قَالَ: "لاَ تُقْطَعُ يَدُ السَّارِقِ إِلاَّ فِى رُبْعِ دِينَارٍ فَصَاعِدًا"[1]، واتە: (لە چارەکە دینارێك و بەرەو ژوور کەمتر دەستی دز نابڕدرێت).

**سێیەم: تایبەتکردنی دەقێکی گشتگیر (تخصيص العام):**

کۆمەڵێك دەقی گشتگیر هاتوون، بەڵام هەندێك فەرموودە ئەو دەقانە تایبەت دەکەن، نموونەشمان: عَنْ أَنَسٍ: أَنَّ الْيَهُودَ كَانُوا إِذَا حَاضَتِ الْمَرْأَةُ فِيهِمْ لَمْ يُؤَاكِلُوهَا وَلَمْ يُجَامِعُوهُنَّ فِى الْبُيُوتِ فَسَأَلَ أَصْحَابُ النَّبِىِّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ النَّبِىَّ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى: ﴿وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ﴾ (البقرة: ٢٢٢) إِلَى آخِرِ الآيَةِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "اصْنَعُوا كُلَّ شَىْءٍ إِلاَّ النِّكَاحَ"[2]، واتە: ئەنەس (خوا لێی رازی بێت) دەڵێت: جولەکەکان ئەگەر ئافرەتیان بکەوتایەتە بێنوێژی، نانیان لەگەڵ نەدەخوارد، لە ماڵدا لەگەڵی دانەدەنیشتن، هاوەڵان لە پێغەمبەریان (دروودی خوای لەسەر) پرسی لەو بارەیەوە، ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لە سەری: ﴿وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ...﴾، واتە: (پرسیارت لێدەکەن لە بارەی بێنوێژییەوە، بڵێ ئەوە ئازارە، لەو کاتەدا لە ئافرەتەکان نزیك مەکەون.. تا کۆتایی ئایەتەکە). پێغەمبەری خوداش (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: هەموو شتێکی لەگەڵدا بکەن جگە لەسەرجێیی. ئەگەر ئێش بە گشتگیری ئایەتەکە بکەین،

[1] مسلم، كتاب الحدود، باب حد السرقة ونصابها (٤٤٩٤).

[2] أخرجه مسلم، كتاب الحيض، باب جواز غسل الحائض رأسها وترجيله وطهارة سؤرها، الرقم (٧٢٠) (١/ ١٦٨).

دووركەوتنەوە لە هاوسەر، خواردن و خواردنەوە و تێكەڵبوون و سەرجێییش دەگرێتەوە، بەڵام فەرموودەكە ئەو دووركەوتنەوە و دوورەپەرێزییە تایبەت دەكات بە سەرجێییەوە. بەو شێوەیەش فەرموودەكە ئایەتەكەی تایبەت كرد.

**چوارەم: ڕوونكردنەوەی ئایەتە ناڕوونەكان (توضيح المشكل):**

لە بەشی یەكەمی ئەم توێژینەوەیەدا باسی موشكلەمان كرد، ئەوەی گرنگە لێرەدا ڕوونكردنەوەی فەرموودەیە بۆ ئەو ئایەتانە. نموونە: كاتێك هەندێك لە هاوەڵان بە هەڵە تێگەشتن لە وشەی (الخيط الأبيض والخيط الأسود) لە ئایەتی: ﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ﴾ (البقرة: ١٨٧)، واتە: (بخۆن و بخۆنەوە هەتا بە ڕوونی بەرەبەیان و سپێدەتان بۆ دەردەكەوێت و لە ڕۆژهەڵاتەوە دیاردەدات و تاریكی شەو لا دەبات)، بە واتای هێڵی ڕەش و سپی لێكی دایەوە، پێغەمبەری خوداش (دروودی خوای لەسەر) بۆیان ڕوون دەكاتەوە كە مەبەستی ئایەتەكە: ڕووناكبوونەوەی ڕۆژ و تاریكی شەوە: عَنْ عَدِىِّ بْنِ حَاتِمٍ رضى الله عنه قَالَ: لَمَّا نَزَلَتْ ﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ﴾، قَالَ لَهُ عَدِىُّ بْنُ حَاتِمٍ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّى أَجْعَلُ تَحْتَ وِسَادَتِى عِقَالَيْنِ: عِقَالًا أَبْيَضَ وَعِقَالًا أَسْوَدَ، أَعْرِفُ اللَّيْلَ مِنَ النَّهَارِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "إِنَّ وِسَادَتَكَ لَعَرِيضٌ إِنَّمَا هُوَ سَوَادُ اللَّيْلِ وَبَيَاضُ النَّهَارِ"[(١)]، واتە: (كاتێك ئەو ئایەتە دابەزی، عەدی كوڕی حاتەم پێی وت: ئەی پێغەمبەری خوا، من لە ژێر سەرینەكەمدا دوو پەت دادەنێم، پەتێكی سپی و پەتێكی ڕەش، بەو شێوەیە شەو لە ڕۆژ جیا دەكەمەوە، پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: سەرینەكەت پانە، بەڵكو تەنها مەبەستەكە تاریكی شەو و ڕووناكی ڕۆژە).

---

[١] مسلم، كتاب الصيام، باب بيان أن الدخول في الصوم يحصل بطلوع الفجر، وأن له الأكل وغيره حتى يطلع الفجر، رقم (١٠٩٠).

**پێنجەم: ڕاڤەکردنی زاراوەیەکی دیاریکراو کە پێویستە شیبکرێتەوە، تا هاوەڵان لە ماناکەی تێبگەن (تعيين المبهم):**

هەندێك ناوی کەس و شوێن بە نادیاری و دیاری نەکراوی لە قورئاندا هاتوون، لەناو فەرموودەکاندا ناوەکە دیاریکراوە، نموونە: مەبەست لە دەستەواژەی (الصلاة الوسطي) لەم ئایەتەدا ناڕوونە، کە دەفەرموێت: ﴿حَافِظُوا عَلَى الصَّلَوَاتِ وَالصَّلَاةِ الْوُسْطَى وَقُومُوا لِلَّهِ قَانِتِينَ﴾ (البقرة: ٢٣٨)، واتە: (کەمتەرخەمی مەکەن و پارێزگاری لە ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکانتان بکەن، بە تایبەتی نوێژی ناوەند)، بەڵام ئەم فەرموودەیە ئەو ناڕوونیەمان بۆ لا دەبات: عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بن مسعود رضي الله عنه قَالَ: حَبَسَ الْمُشْرِكُونَ رَسُولَ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ عَنْ صَلاَةِ الْعَصْرِ حَتَّى احْمَرَّتِ الشَّمْسُ أَوِ اصْفَرَّتْ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "شَغَلُونَا عَنِ الصَّلاَةِ الْوُسْطَى صَلاَةِ الْعَصْرِ، مَلأَ اللَّهُ أَجْوَافَهُمْ وَقُبُورَهُمْ نَارًا"[١]، واتە: (عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود دەڵێ: موشریکەکان ڕێگەیان نەدا، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نوێژی عەسر بکات، هەتا خۆر سوور هەڵگەڕا یا زەرد بوو، ئینجا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: خەریکیان کردین لە نوێژی ناوەڕاست، نوێژی عەسر، خوای گەورە ناوسکیان و گۆڕەکانیان بە ئاگر بئاخنێ).

بۆمان دەردەکەوێ کە چەندین دەق لە قورئاندا بە موجمەلی هاتوون و فەرموودە ڕوونی کردوونەتەوە و چەندین وشەی موشکەل لە قورئاندا هەیە و فەرموودە ئیشکالەکەی لابردووە و زۆر دەقی قورئانی بە ڕەهایی هاتوون و فەرموودە سنووردارکردوون و چەندین دەقی گشتگیری قورئانیشمان هەیە و

[١] أخرجه مسلم، كتاب المساجد، باب الدليل لمن قال: الصلاة الوسطى هي صلاة العصر، الرقم (١٤٢٤) (٢/ ١٠٦).

فەرمووده تایبەتی کردوون، هەروەها لە فەرموودەکاندا بابەتە نادیارەکانی هەندێك ئایەتیش دیاری دەکات.

لەبەر هەموو ئەم هۆکارانەیە، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ فەرموودە، ناتوانین وەك پێویست سوود لە قورئان وەربگرین، جگە لەوەی دەیان ئایەتی قورئان فەرمان بە وەرگرتنی فەرموودە دەکات، وەك: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ﴾ (محمد: ٣٣)، واتە: (ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، گوێڕایەڵی فەرمانی خوا و فەرمانی پێغەمبەر بن).

بۆمان دەردەکەوێت کە فەرموودە سەرچاوەیەکی سەرەکی تەشریعە وەك قورئانی پیرۆز، چونکە ئەویش وەحییە لەلایەن خوداوە بۆ پێغەمبەری ئازیزمان (دروودی خوای لەسەر)، پەروەردگارمان دەفەرموێت: ﴿رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ (البقرة: ١٢٩). وشەی حیکمەت کە لە ئایەتەکەدا هاتووە بە واتای فەرموودە دێت[(١)].

---

[١] بڕوانە: الرسالة، الشافعي (٧٨).

## كۆتـايى

ئايەتەكانى قورئان تيايانداية كە واتاكانى ڕوونن و پێويستيان بە وردبوونەوە نييە، هەندێكيشيان موتەشابيهن و بۆ تێگەشتن لە ماناكانى پێويستى بە لێوردبوونەوە هەيە. يەكێك لە ئەركە سەرەكيەكانى پێغەمبەرى خودا (دروودى خواى لەسەر)، لە پاڵ ئەركەكانى تريدا، ڕوونكردنەوەى ماناكانى قورئانە.

ڕوونكردنەوەى فەرموودە بۆ قورئان بريتيە لە ڕوونكردنەوەى ئەو بابەتانەى بە كورتى هاتوون (بيان المجمل)، تەقييدكردنى ئەو بابەتانەى بە ڕەهايى هاتوون (تقييد المطلق)، تايبەتكردنى دەقێكى گشتى (تخصيص العام)، ڕوونكردنەوەى ئايەتە ناڕوونەكان (توضيح المشكل) و دياريكردنى بابەتە ناديارەكان (تعيين المبهم).

# سەرچاوەکان

١. الإحسان في تقريب صحيح ابن حبان، محمد بن حبان البستي، ترتيب: الأمير علاءالدين الفاسي، حققه وخرج أحاديثه: شعيب الأرناؤوط، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط١، ١٩٨٨م.

٢. الإتقان في علوم القرآن، عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٤م.

٣. الاكليل في استنباط التنزيل، السيوطي، تحقيق: سيف الدين عبد القادر الكاتب، دار النشر: دار الكتب العلمية ـ بيروت، ١٤٠١هـ/ ١٩٨١م.

٤. الانتصار للقرآن، محمد بن الطيب بن محمد بن جعفر بن القاسم، القاضي أبو بكر الباقلاني المالكي، تحقيق: د. محمد عصام القضاة، الناشر: دار الفتح ـ عَمَّان، دار ابن حزم ـ بيروت، ط١، ١٤٢٢هـ/ ٢٠٠١ م.

٥. البحر الذي زخر في شرح ألفية الأثر، الحافظ جلال الدين، أبو الفضل عبدالرحمن بن أبي بكر السيوطي، تحقيق: أبي أنس أنيس بن أحمد بن طاهر الأندنوسي، مكتبة الغرباء الأثرية، السعودية، د.ت.

٦. البرهان في علوم القرآن، الإمام بدر الدين محمد بن عبدالله الزركشي، تحقيق: أبي الفضل الدمياطي، دار الحديث، القاهرة، ٢٠٠٦م.

٧. التحرير والتنوير، الشيخ محمد الطاهر بن عاشور، دار النشر: دار سحنون للنشر والتوزيع ـ تونس، ١٩٩٧م.

٨. تطور تفسير القرآن قراءة جديدة، د. محسن عبد الحميد، سلسلة بيت الحكمة، بغداد، ١٩٨٩م.

٩. التعريفات، علي بن محمد بن علي الزين الشريف الجرجاني (ت ٨١٦هـ)، ضبطه وصححه جماعة من العلماء، دار الكتب العلمية بيروت ـ لبنان، ط١، ١٤٠٣هـ/ ١٩٨٣م.

١٠. التفسير النبوي، مقدمة تأصيلية مع دراسة حديثية لأحاديث التفسير النبوي الصحيح، خالد بن عبدالعزيز الباتلي، دار كنوز أشبيليا للنشر والتوزيع، الرياض، ط١، ١٤٣٢هـ/ ٢٠١١م. أصل الكتاب رسالة دكتوراه من جامعة الإمام محمد بن سعود.

١١. التفسير النبوي للقرآن، الشيخ سلمان بن فهد العودة، منشور على الانترنيت.

١٢. تەفسیری ئاسان، بورهان محەمەد ئەمین، چ٢، د.ت.

١٣. تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان، عبد الرحمن بن ناصر بن عبد الله السعدي، المحقق: عبد الرحمن بن معلا اللويحق، مؤسسة الرسالة، ط١، ١٤٢٠هـ/ ٢٠٠٠م.

١٤. جامع البيان في تأويل آي القرآن، محمد بن جرير بن يزيد بن كثير بن غالب الأملي، أبو جعفر الطبري، تحقيق: أحمد محمد شاكر، مؤسسة الرسالة، ط١، ٢٠٠١م.

١٥. الجامع الصحيح المختصر، محمد بن إسماعيل البخاري، تحقيق: د. مصطفي ديب البغا، دار ابن كثير، اليمامة ـ بيروت، ط٣، ١٩٨٧م.

١٦. الجامع الصحيح، مسلم بن الحجاج النيسابوري، دار الجيل، بيروت، ودار الأفاق الجديدة ـ بيروت، د.ت.

١٧. الحديث والمحدثون، محمد محمد أبو زهوو، دار الفكر العربي، ١٣٧٨هـ.

١٨. دراسات في علوم القرآن الكريم، فهد بن عبدالرحمن بن سليمان الرومي، ط١٤، الرياض، ٢٠٠٥م.

١٩. الرد على من ينكر حجية السنة، أبو الكمال ـ أو أبو الحسن ـ عبد الغني بن محمد عبد الخالق بن حسن بن مصطفي المصري القاهري، مكتبة السنة، ط١، ١٩٨٩ م.

٢٠. السلسلة الضعيفة، محمد ناصر الدين الألباني، مكتبة المعارف ـ الرياض، د.ت.

٢١. السنن، الإمام الحَافظ أبي عبد الله محمَّد بن يزيد بن ماجة القزويني، حققه وضبط نصه، وخرج أحاديثه، وعلق عليه: شعيب الأرنؤوط، عادل مرشد، محمَّد كامل قره بللي، عَبد اللّطيف حرز الله، دار الرسالة العالمية، د.ت.

٢٢. الصحاح تاج اللغة وصحاح العربية، أبو نصر إسماعيل بن حماد الجوهري الفارابي (ت ٣٩٣هـ)، تحقيق: أحمد عبد الغفور عطار، دار العلم للملايين ـ بيروت، ط٤، ١٤٠٧هـ/ ١٩٨٧م.

٢٣. علم أصول الفقه، عبد الوهاب خلاف، مكتبة الدعوة- شباب الأزهر (عن الطبعة الثامنة لدار القلم)، د.ت.

٢٤. في ظلال القرآن، سيد قطب، دار الشروق، د.ت.

٢٥. قواعد التحديث من فنون مصطلح الحديث، محمد جمال الدين بن محمد سعيد بن قاسم الحلاق القاسمي، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

٢٦. لسان العرب، ابن منظور، دار صادر ـ بيروت، ط٣، ١٤١٤هـ.

٢٧. مجموع الفتاوى، تقي الدين أبو العباس، أحمد بن عبد الحليم بن تيمية الحراني، تحقيق: عبدالرحمن بن محمد بن قاسم، الناشر: مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف، المدينة المنورة، ١٩٩٥م.

٢٨. المسائل المشتركة بين علوم القرآن وأصول الفقه وأثرها في التفسير، رسالة دكتوراه مقدمة من: فهد بن مبارك بن عبدالله الوهبي لنيل درجة الدكتوراه من جامعة أم القري، السعودية، ١٤٣٠هـ.

٢٩. مشكل القرآن الكريم، عبد الله بن حمد المنصور، دار ابن الجوزي، السعودية، ١٤٢٦هـ.

٣٠. معترك الأقران في إعجاز القرآن، عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي (ت ٩١١هـ)، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ط١، ١٤٠٨هـ/ ١٩٨٨م.

٣١. المفردات في غريب القرآن، أبو القاسم الحسين بن محمد المعروف بالراغب الأصفهاني، المحقق: صفوان عدنان الداودي، دار القلم، الدار الشامية، دمشق ـ بيروت، ط١، ١٤١٢هـ.

٣٢. المقارنة بين المشكل والتشابه في القرآن الكريم، د. محمد أحمد عيد الكردي، مجلة جامعة الشارقة للعلوم الشرعية والإنسانية، المجلد:٣، العدد:٢، جمادي الأولي، ١٤٢٧هـ/ يونيو ٢٠٠٦م.

٣٣. المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج، أبو زكريا محيي الدين يحيي بن شرف النووي، دار إحياء التراث العربي ـ بيروت، ط٢، ١٣٩٢هـ.

٣٤. الموافقات في أصول الشريعة، إبراهيم بن مسوى بن محمد اللخمي الغرناطي الشهير بالشاطبي، المحقق: أبو عبيدة مشهور بن حسن آل سلمان، الناشر: دار ابن عفان، ط١، ١٤١٧هـ/١٩٩٧م.

٣٥. مواقع العلوم في مواقع النجوم، جلال الدين عبد الرحمن بن عمر بن رسلان البلقيني، دراسة وتحقيق: د. أنور محمود المرسي خطاب، دار الصحابة للتراث ـ طنطا، ٢٠٠٧م.

٣٦. النكت في القرآن الكريم، أبي الحسن علي بن فضال المجاشعي، دراسة وتحقيق: د. عبد الله عبد القادر الطويل، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط١، ٢٠٠٧م.

٣٧. الوجيز في أصول الفقه، د. عبدالكريم زيدان، مؤسسة قرطبة للطباعة والنشر، د.ت.

# ڕۆڵی ڕیوایات لە تێگەیشتنی قورئاندا
# ( ڕووداوەکانی سیرە وەکو نموونەیەك )

**د. کەریم ئەحمەد داودی**

ماوەیەکە کۆمەڵێك پەیدا بوون لە کوردستاندا بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن بۆ تیگەیشتن و پیادەکردنی ئیسلام، جگە لە قورئان پێویستیمان بە هیچ شتێکی تر نییە لە فەرموودە و ڕیوایەت و قسەی زانایان، بە بیانووی ئەوەی کە قورئان کیفایەتە و لە پاڵ قورئاندا پێویستیمان بە هیچ شتێك نییە بە بەڵگەی ئەوەی خوا لە قورئاندا فەرموویەتی: ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ﴾ (النحل: ٨٩)، هەروەها بە بیانووی ئەوەی کە خوا پاراستنی قورئانی گرتووەتە ئەستۆ، بەڵام پاراستنی سوننەتی نەگرتۆتە ئەستۆ و فەرموودەیەکی زۆر بەسەر زمانی پێغەمبەرەوە هەڵبەستراوە و ڕاست و ناڕاستی تێکەڵ بووە.

ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر ئیسلام و ڕووخاندنی کۆڵەکەی دووەمیەتی، کە پەیڕەویکردنە لە فەرمانەکانی پێغەمبەر و چاوکردنە لە سوننەتەکانی کە قورئان لە زیاتر لە شەست ئایەتدا فەرمانی پێداوین بە گوێڕایەڵیکردنی و هۆشیاری داوینەتێ لە سەرپێچیکردنی، بە ڕوونی دەفەرموێت: ﴿وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (النحل: ٤٤).

سەرەڕای ڕوونی ئەم بابەتە، کەچی هێشتا ئەم کۆمەڵە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن، کە بەبێ فەرموودە و سوننەتەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەتوانین لە ئیسلام تێبگەین و پیادەی بکەین لە ژیانماندا، بۆیە ئەرکی ئایینی پێویستی دەکات لەسەر زانایان و بیرمەندانی ئیسلامی لە ڕووی ئەم بیدعەتە مەترسیدارە بوەستن و ڕاستییەکان بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە و لە ڕێی بەڵگەکانی قورئان و فەرموودە و ژیریی و واقیعەوە ئەو بیرۆکەیە هەڵوەشێننەوە و ڕێی ڕاست نیشانی خەڵکی بدەن و دینی خوا سەربخەن. ئەوانەی دەیانەوێت ئەم بیدعەتە بڵاو بکەنەوە، پشت بە نەزانیی خەڵك دەبەستن، بە دووریشی نازانین دەستی دەرەکی لە پشتیانەوە بێت و کۆمەکییان بکات، بۆیە پێویستە لەسەر خەمخۆرانی ئیسلام لە ڕووی ئەم مەترسییەی هەڕەشە لە ئاینەکەیان دەکات بوەستن و ڕاستییەکان بۆ خەڵکی دەربخەن.

کاری ئێمە لەم توێژینەوەیەدا، بریتییە لە هێنانەوەی هەموو ئەو ئایەتانەی ئاماژەیان تێدایە بە ڕووداوەکانی سەردەمی پێغەمبەر (درووودی خوای لێبێت)، پاشان هاتووین ڕاڤەیەکی کورتمان کردووە، ئەگەر واتاکەی ڕوون بووبێت ڕاڤەمان نەکردووە، دوایی هاتووین کۆمەڵێك پرسیارمان وروژاندووە دەربارەی درێژەی ئەو ڕووداوانە کە لە ئایەتەکاندا نین و لە ڕێگەی ریوایەتەکانەوە ڕوون کراونەتەوە، پێویستیشمان بە سەرچاوەی زۆر نەبووە جگە لە یەك دوو تەفسیری کوردی و کتێبێکی تەفسیر بە ڕیوایەت. بۆ تەفسیرە کوردییەکە تەفسیرەکانی مامۆستا هەژار و مامۆستا مسوتەفا خورەم دڵم لەبەردەستدا بوو، بۆ تەفسیر بە ڕیوایەتیش ئیکتفام کرد بە تەفسیری

بەغەوی بە ساغکردنەوەی (عبد الرزاق المهدی)، کە لە پەراوێزەکەیدا ئاماژەی بە زۆرێك لەو تەفسیرانە داوە، کە لەسەر ئەو ڕووداوانە ڕیوایەتیان هێناوەتەوە. سەرەتا سورەتە مەککییەکانمان هێناوەتەوە، کە کەمترین ئاماژەیان تێدایە بۆ ڕووداوەکانی سەردەمی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، ئەویش لەبەر سروشتی ئەو قۆناغە، دوای ئەوە ئایەتە مەدەنییەکانمان هێناوەتەوە و لەسەر ئەو ئایەتانەی باسی ڕووداوەکان دەکەن هەڵوێستەمان کردووە و کۆمەڵێك پرسیارمان وروژاندووە.

ئەگەر کتێبەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر و مێژوو و فەرموودە بەلاوە بنێین، کە سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکانن لەسەر ژیانی پێغەمبەر و هاوەڵانی و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە، کە هەموویان پشت بەریوایەت دەبەستن و بە لۆژیکی قورئانییەکان پشتیان پێ نەبەسترێت چونکە خوا ـ بە قسەی ئەوان ـ نەیپاراستوون و تەنها پشت بە قورئان ببەستین، زانیارییەکی ئەوتۆمان لەسەر ئەو لایەنانە دەست ناکەوێت کە ئاماژەمان پێدان، چونکە قورئان کتێبی مێژوو و ژیاننامە نییە، بەڵکو کتێبی هیدایەتە، ئەو شتانەی باسی کردووە لە مێژوو و ڕووداوەکانی سەردەمی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) تەنها بۆ خزمەتی ئەو مەبەستە باسی کردوون و درێژەی پێنەداون، بۆیە زانیارییەکی ئەوتۆمان لەو ڕووەوە دەست ناکەوێت و وێنەیەکی تەواومان لا دروست نابێت لەسەر ئەو ڕووداوانە. ئیشی ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە کە ئەم ڕاستییە بسەلمێنین و دەریخەین کە تەنانەت ئەو بەشەی ژیانی پێغەمبەر و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە کە قورئان باسی کردوون و ئاماژەی پێداون پێویستییان بە ڕیوایات هەیە بۆ تێگەیشتن لێیان چ جای ئەو بەشەی کە قورئان باسی نەکردووە. قورئان بە سورەتە مەککی و مەدەنییەکانیشەوە — کە ئەمیشیان لە ڕێگەی ریوایەتەکانەوە جیاکراونەتەوە ـ دەربارەی پێغەمبەر و ڕووداوەکانی سەردەمەکەی شتێکی کەممان بۆ باس دەکات کە بەس نەبێت بۆ ناسینی پێغەمبەر، یان شارەزابوون لە وردەکارییەکانی ژیانی و ڕووداوەکانی سەردەمی.

## قورئانی مەککی:

قورئان پێمان ناڵێت ناوی باوك و باپیر و مامەکانی و عەشیرەتی و ناوی دایکی و خاڵەکانی و پورەکانی چییە؟ ناڵێ لە کوێ و لە چ کاتێکدا لە دایك بووە؟ ناڵێ سەردەمی منداڵی چۆن بەسەر بردووە. تەنها ئەوەندە دەڵێ هەتیو و هەژار بووە و پێش بوون بە پێغەمبەر ڕێی ڕاستی نەزانیوە ﴿أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَآوَى * وَوَجَدَكَ ضَالًا فَهَدَى * وَوَجَدَكَ عَائِلًا فَأَغْنَى" (الضحى: ٦ـ ٩). ناڵێ کەی باوکی مردووە، دوای باوکی کێ بەخێوی کردووە، ئایا برا و خوشکی هەبووە یان نا؟ دایکی لە ژیاندا ماوە یان ئەویش مردووە؟ چونکە (يتيم) لە عەرەبیدا زیاتر بە باوك مردوو دەوترێت. قورئان ناڵێ محەمەد (دروودی خوای لەسەر) چ ئیشێکی کردووە پێش پێغەمبەرایەتی و لە چ ساڵێکدا ژنی هێناوە و کێی هێناوە و چەند منداڵی بووە و منداڵەکانی ناویان چییە؟ چەندیان کوڕبوون و چەندیان کچ؟ کوڕەکانی ناویان چییە و چەند ژیاون؟ چەند کچی هەبووە و ناویان چییە و چەند ژیاون و مێردیان بە کێ کردووە؟ قورئان پێمان ناڵێ چەند ژنی هێناوە و چۆن هێناونی و لە کوێ هێناونی و تەمەنیان چەند بووە و لە چ تەمەنێکدا هێناونی و ناویان چییە و کچی کێ بوونە؟.

قورئان پێمان ناڵێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پێش پێغەمبەرایەتی چۆن بووە؟ ئایا بتپەرستی کردووە یان نا؟ ئایا مەشروبی خواردووەتەوە یان نا؟ بە ڕواڵەتی ئایەتەکە بێت کە دەفەرموێت: (وَوَجَدَكَ ضَالًا فَهَدَى)، کە ئەگەر ئاشنای پێغەمبەر نەبین دەبێ بەم شێوەیە ڕاڤەی بکەین: (بینیتی گومڕای ڕێنمایی کردی)! بەڵام ریوایات پێمان دەڵێ پێغەمبەر نە بتپەرستی کردووە، نە مەشروبی خواردووەتەوە، نە وەکو گەنجانی تر خەریکی ڕابواردن بووە، بەڵکو کەسێکی خاوەن کەسایەتی بەهێز بووە و جیاواز لە هاوتەمانەکانی خۆی ژیاوە و نەبینراوە سوجدە بۆ هیچ بتێك ببات. کەواتە لەبەر ڕۆشنایی ناسینی پێغەمبەر لە ڕێگەی

ریوایەتەکانەوە ئایەتەکە وا ڕاڤە دەکرێت: (بینی وێڵ و سەرگەردانی بە دوای ڕاستیدا ئەویش ڕێنمایی کردی).

قورئان ناڵێت محەمەد لە چەندساڵیدا وەحی بۆ هاتووە و لە کوێ بۆی هاتووە و چۆنچۆنی دابەزیوە بەسەریدا و چی بەسەردا هاتووە کاتی دابەزینی وەحی و هەڵوێستی لەو بارەیەوە چۆن بووە و چی کردووە و چەند لە مەککە ماوەتەوە و کێ چووە بە دەم بانگەوازەکەیەوە؟

قورئان ئاماژە دەدات بەوەی بێباوەڕەکان دەیانوت محەمەد خەڵکانێکی غەیرە عەرەب هەن فێری دەکەن و دەرسی دادەدەن، لەکاتێکدا کە زمانی قورئان زمانێکی عەرەبی پاراوە، بەڵام ئەوانەی فێرکردنی محەمەد دەدرێتە پاڵیان زمانیان عەرەبی نییە، بەڵام پێمان ناڵێ ئەو کەسانە کێ بوون و ئیشیان چی بووە؟ هەروەکو دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ لِسَانُ الَّذِي يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِيٌّ وَهَذَا لِسَانٌ عَرَبِيٌّ مُبِينٌ﴾ (النحل: ١٠٣).

قورئان باسی ئەوە دەکات کە گەلەکەی دژایەتییان کردووە و گاڵتەیان پێکردووە و تۆمەتی جۆراوجۆریان داوەتە پاڵی، سەرێ ویستوویانە مسواوەمەی لەگەڵدا بکەن، خوا هۆشیاری لەو بارەوە داوەتێ: ﴿وَدُّوا لَوْ تُدْهِنُ فَيُدْهِنُونَ﴾ (القلم: ٩). هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ كَادُوا لَيَفْتِنُونَكَ عَنْ الَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ لِتَفْتَرِي عَلَيْنَا غَيْرَهُ وَإِذًا لاتَّخَذُوكَ خَلِيلًا * وَلَوْلا أَنْ ثَبَّتْنَاكَ لَقَدْ كِدْتَ تَرْكَنُ إِلَيْهِمْ شَيْئًا قَلِيلًا * إِذًا لأَذَقْنَاكَ ضِعْفَ الْحَيَاةِ وَضِعْفَ الْمَمَاتِ ثُمَّ لا تَجِدُ لَكَ عَلَيْنَا نَصِيرًا﴾ (الإسراء: ٧٣ـ ٧٥).

یان ویستوویانە بیکوژن، خوا بەڵێنی پاراستنی پێداوە، لە ئەنجامدا دەریان کردووە لە شارەکەی خۆی بۆ شاریکی تر، بەڵام ناڵێ ئەم کۆچەی لە چ ساڵێکدا بووە و ژمارەی مسومانان چەند بووە و چۆن کۆچیان کردووە و ئەو کەسە کێ بووە کە کۆچی لەگەڵدا کردووە، بەڵام دواتر لە قورئانی مەدەنیدا دەڵێ بڕوادارانی ئەو شارە تازەیە کە ناویان دەنێ ئەنصار مامەڵەی باشیان لەگەڵدا کردوون.

هەروەها لە بەشێك لەو سورەتانەی کە بە مەککی ناسراون، ئاماژە بۆ هەندێك ڕووداو دەدەن و هەڕەشە لە هەندێك کەس دەکات، کە ئەگەر ڕیوایەت نەبێت نازانی کێن و چییان کردووە؟ وەکو ئەوەی کە دەفەرموێت: ﴿ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا * وَجَعَلْتُ لَهُ مَالًا مَمْدُودًا * وَبَنِينَ شُهُودًا * وَمَهَّدْتُ لَهُ تَمْهِيدًا * ثُمَّ يَطْمَعُ أَنْ أَزِيدَ * كَلاَّ إِنَّهُ كَانَ لآيَاتِنَا عَنِيدًا * سَأُرْهِقُهُ صَعُودًا * إِنَّهُ فَكَّرَ وَقَدَّرَ * فَقُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ * ثُمَّ قُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ * ثُمَّ نَظَرَ * ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ * ثُمَّ أَدْبَرَ وَاسْتَكْبَرَ * فَقَالَ إِنْ هَذَا إِلاَّ سِحْرٌ يُؤْثَرُ * إِنْ هَذَا إِلاَّ قَوْلُ الْبَشَرِ * سَأُصْلِيهِ سَقَرَ﴾ (المدثر: ١١- ٢٦)، ئیتر ئەمە کێیە و کەی ئەو قسانەی کردووە؟ پێمان ناڵێت، بەڵکو ڕیوایات وردەکارییەکەیمان پێ دەڵێت.

لە سورەتی (المسد)دا باسی پیاوێك و ژنەکەی دەکات بەناوی (أبو لهب) و هەڕەشەیان لێدەکات بێئەوەی بڵێ ئەوانە کێن و چییان کردووە: ﴿تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ * مَا أَغْنَى عَنْهُ مَالُهُ وَمَا كَسَبَ * سَيَصْلَى نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ * وَامْرَأَتُهُ حَمَّالَةَ الْحَطَبِ * فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِنْ مَسَدٍ﴾ (المسد: ١- ٥).

لە سورەتی (القلم)دا باسی کەسێکی دەوڵەمەند دەکات و هەڕەشەی لێدەکات کە سەری لووتی داخ بکات، ئەو کەسە کێیە؟ ڕیوایەتەکان پێمان دەڵێن: ﴿فَلا تُطِعْ الْمُكَذِّبِينَ * وَدُّوا لَوْ تُدْهِنُ فَيُدْهِنُونَ * وَلا تُطِعْ كُلَّ حَلاَّفٍ مَهِينٍ * هَمَّازٍ مَشَّاءٍ بِنَمِيمٍ * مَنَّاعٍ لِلْخَيْرِ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ * عُتُلٍّ بَعْدَ ذَلِكَ زَنِيمٍ * أَنْ كَانَ ذَا مَالٍ وَبَنِينَ * إِذَا تُتْلَى عَلَيْهِ آيَاتُنَا قَالَ أَسَاطِيرُ الأَوَّلِينَ * سَنَسِمُهُ عَلَى الْخُرْطُومِ﴾ (القلم: ٨- ١٦).

لە سورەتی (عبس)دا گلەیی لە کەسێك دەکات کە ڕووی وەرگێڕاوە لە ئاستی کوێرێك کە داوای ڕێنمایی لێکردووە، دوایی ڕوو دەکاتە پێغەمبەر و گلەیی لێدەکات، بێئەوەی باسی بکات ئەو کوێرە کێ بووە و دواتر پێغەمبەر چی بەرامبەر کردووە و ئەوانە کێ بوون کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) قسەی لەگەڵ دەکردن و ئەیویست باوەڕی پێ بێنن؟: ﴿عَبَسَ وَتَوَلَّى * أَنْ جَاءَهُ الأَعْمَى * وَمَا

يُدْرِيكَ لَعَلَّهُ يَزَّكَّى * أَوْ يَذَّكَّرُ فَتَنْفَعَهُ الذِّكْرَى * أَمَّا مَنْ اسْتَغْنَى * فَأَنْتَ لَهُ تَصَدَّى * وَمَا عَلَيْكَ أَلاَّ يَزَّكَّى * وَأَمَّا مَنْ جَاءَكَ يَسْعَى * وَهُوَ يَخْشَى * فَأَنْتَ عَنْهُ تَلَهَّى﴾ (عبس: ١ـ ١٠).

له سورەتی (الإسراء)دا باسی ئەوە دەکات کە خوا شەورەوی بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کردووە لە (المسجد الحرام)ەوە بۆ (المسجد الأقصى) کە خوا بەرەکەتی بەسەردا ڕشتووە، ئیتر ئەوە کەی بووە و چۆن بووە؟ وردەکارییەکانی لە ریوایەتەکاندا باسکراوە: ﴿سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلًا مِنْ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾ (الإسراء: ١).

له سورەتی (الفيل)دا باسی ڕووداوێك دەكات، تێیدا خوا خاوەن فیلەكانی لەناوبردووە، ئیتر ئەوە كەی بووە و چۆن بووە و لەسەر چی بووە؟ ئەوە ڕیوایات ڕوونی دەكاتەوە: ﴿أَلَمْ تَرَى كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ * أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ * وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ * تَرْمِيهِمْ بِحِجَارَةٍ مِنْ سِجِّيلٍ * فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَأْكُولٍ﴾ (الفيل: ١ـ ٥).

له سورەتی (البروج)دا باسی كۆمەڵێك بڕوادار دەكات لەسەر ئەو باوەڕەیانە خەنەقیان بۆ لێدراوە و كوژراون، وردەكارییەكان ڕیوایەتەكان باسی دەكەن: ﴿وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الْبُرُوجِ * وَالْيَوْمِ الْمَوْعُودِ * وَشَاهِدٍ وَمَشْهُودٍ * قُتِلَ أَصْحَابُ الأُخْدُودِ * النَّارِ ذَاتِ الْوَقُودِ * إِذْ هُمْ عَلَيْهَا قُعُودٌ * وَهُمْ عَلَى مَا يَفْعَلُونَ بِالْمُؤْمِنِينَ شُهُودٌ * وَمَا نَقَمُوا مِنْهُمْ إِلاَّ أَنْ يُؤْمِنُوا بِاللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ * الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ * إِنَّ الَّذِينَ فَتَنُوا الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَتُوبُوا فَلَهُمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمْ عَذَابُ الْحَرِيقِ﴾ (البروج: ١ـ ١٠).

## قورئانی مەدەنی

لە قورئانی مەدەنیشدا ئاماژە بە کۆمەڵێك ڕووداو هەیە، دیسانەوە ئەگەر ڕیوایەتەکان نەبن وێنەیەکی ڕوونمان لا دروست نابێت، لەوانە بۆ نموونە:

١. لە سورەتی (آل عمران)دا لە ئایەتی (١٢٠) بەدواوە باسی شەڕێك دەکات تا ئایەتی (١٧٥)، ئەگەر ڕیوایەتەکان نەبن نازانین ئەو شەڕە چی بووە و لە کویێ و لە چ ساڵێکدا ڕوویداوە و وردەکارییەکانی چین و دەرئەنجامەکەی چۆن بووە؟ ﴿وَإِذْ غَدَوْتَ مِنْ أَهْلِكَ تُبَوِّئُ الْمُؤْمِنِينَ مَقَاعِدَ لِلْقِتَالِ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ (آل عمران: ١٢١)، واتە: (ئەوسا کە تۆ ـ سەر لە بەیانـ کەسوکاری خۆت جێ هێشت و جێگەت بۆ خاوەن باوەڕان لە شەڕدا دیاری دەکرد، خوا دەیبیست و دەیزانی)، ئەمە چ شەڕێکە ئەم ئایەتە باسی دەکات و کەی ڕوویداوە و لە نێوان کێ و کێدا؟.

﴿إِذْ هَمَّتْ طَائِفَتَانِ مِنْكُمْ أَنْ تَفْشَلا وَاللَّهُ وَلِيُّهُمَا وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلْ الْمُؤْمِنُونَ﴾ (آل عمران: ١٢٢)، واتە: (لەو کاتەشدا کە دوو دەستە هەر لە خۆتان خەریکی ورە بەردان بوون، هەر خودا دەهانایان هات، باوەڕداران کاروباریان دەبێت هەر بە خوا بسپێرن)، ئەو دوو دەستەیە کێ بوون و بەسەرهاتەکەیان چی بوو؟

[وَلَقَدْ نَصَرَكُمْ اللَّهُ بِبَدْرٍ وَأَنْتُمْ أَذِلَّةٌ فَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ (آل عمران: ١٢٣)، واتە: (وا خودا لە شەڕی بەدردا سەری خستن، هەرچەند لاواز و بێدەسەڵات بوون، جا لە خوا بترسن و بەڵکو شوکرانە بژێر بن)، ئەم شەڕی بەدرە کەی ڕوویدا و لە نێوان کێ و کێدا و ئەنجامەکەی چی بوو و وردەکارییەکانی چی بوون و بە چ بۆنەیەکەوە، خوا لێرەدا باسی دەکات؟.

﴿إِنْ يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِثْلُهُ وَتِلْكَ الأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَتَّخِذَ مِنْكُمْ شُهَدَاءَ وَاللَّهُ لا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ﴾ (آل عمران: ١٤٠)، واتە: (ئەگەر برینێك بە ئێوە گەیشتبێ برینێك بە دوژمنیشتان گەیشت، ئێمە ئەو ڕۆژگارانە لە نێوان خەڵکیدا دەساودەس دەکەین)، ئەو برینە چییە بە مسومانان

گەیشتووە و قەبارەکەی چەندە و لە کوێ و کەیدا پێیان گەیشتووە؟ ئەی ئەو برینەی بە بەرامبەر کەوتووە کەی بووە و لە کوێدا بووە؟.

﴿وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ اللَّهُ وَعْدَهُ إِذْ تَحُسُّونَهُمْ بِإِذْنِهِ حَتَّى إِذَا فَشِلْتُمْ حَتَّى إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَازَعْتُمْ فِي الأَمْرِ وَعَصَيْتُمْ مِنْ بَعْدِ مَا أَرَاكُمْ مَا تُحِبُّونَ مِنْكُمْ مَنْ يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنْكُمْ مَنْ يُرِيدُ الآخِرَةَ ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ لِيَبْتَلِيَكُمْ وَلَقَدْ عَفَا عَنْكُمْ وَاللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ﴾ (آل عمران: ١٥٢)، واتە: (خودا ئەو بەڵێنەی بە ئێوە دابوو بە ڕاستی گێڕا کاتێك ئێوە فەرمانی ئەو ئەوانتان دەکوشت، دواتر کە سست بوون و ناکۆك بوون و سەرپێچیتان کرد دوای ئەوەی خوا ئەوەی نیشان دان حەزتان لێیە، هەندێکتان دونیای دەوێ و هەندێکیشتان دواڕۆژ، خوا ئێوەی بەخشی و گوزەشتی لێکردن، خوا خاوەنی چاکەیە لەسەر بڕواداران)، پرسیارەکە ئەوەیە: ئەو ناکۆکییە چی بوو کەوتە نێوانیان و لەسەر چی بوو؟ پاشان یاخیبوونەکە چی و چۆنچۆنی بوو؟.

پاشان باسی هەڵهاتنەکەیان دەکات و دەفەرموێت: ﴿إِذْ تُصْعِدُونَ وَلا تَلْوُونَ عَلَى أَحَدٍ وَالرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ فِي أُخْرَاكُمْ فَأَثَابَكُمْ غَمًّا بِغَمٍّ لِكَيْلا تَحْزَنُوا عَلَى مَا فَاتَكُمْ وَلا مَا أَصَابَكُمْ وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ (آل عمران: ١٥٣)، واتە: (یادکەن ئەو کاتەی بە هەڵات هەڵات بە ئێرە و ئەوێدا دەچوون و ئاوڕتان لە کەس نەدەدایەوە و پێغەمبەر لە پشتەوە بانگی دەکردن خوا لە سزای ئەوە تووشی خەم لە دوای خەمی کردن بۆ ئەوەی خەفەت نەخۆن بۆ ئەوەی لە دەستتان چوو و ئەوەی بەسەرتاندا هات، خواش ئاگادارە بە کردەوەکانتان).

بە کورتی، لە ئایەتی (١٢١) تا (١٧٥) باسی شەڕی ئوحود و مولابەساتەکانی دەکات، بەڵام وێنەکە بە ڕیوایەت نەبێت ڕۆشن و تەواو نابێت. لە ئایەتەکانەوە ئەوەندە دەزانین کە مسومانان چوون بۆ شەڕێك دوای شەڕی بەدر، بەڵام چ ساڵێك و لە کوێ و ژمارەی لەشکرەکان چەند بووە و وردەکاری شەڕەکان چۆن بووە؟ نازانین، تەنها ئەوەندە دەزانین لە ئەنجامی بێگوێیی پێغەمبەر و مشتومڕی ناوخۆی هاوەڵان شەڕەکەیان دۆڕاندووە، زیانەکان چەندن و چەند شەهید و بریندariyan

هەبووە نازانرێت، هەروەها پێمان ناڵێت ئەو خەڵکە کێن کە هێزیان بۆ کۆکردوونەتەوە و کەی بووە؟.. هتد.

٢. لە سورەتی (النساء)دا: لە ئایەتی (١٠٥) تا (١١٣) کۆمەڵێك ڕێنمایی تێدایە بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ئەگەر ڕیوایەتەکان نەبن نازانین بۆچی قورئان بەو شێوەیە لەگەڵ پێغەمبەر ئاخاوتن دەکات و، لایەنێك لە گەورەیی ئەم ئیسلامەمان بۆ دەرناکەوێت ئەویش سەروەری یاسایە و یەکسانی خەڵکە بەرامبەر یاسا، سەرەڕای جیاوازی ئایینیان. ئایەتەکان دەفەرموون: ﴿إِنَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ بِمَا أَرَاكَ اللَّهُ وَلا تَكُنْ لِلْخَائِنِينَ خَصِيمًا * وَاسْتَغْفِرْ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَحِيمًا * وَلا تُجَادِلْ عَنْ الَّذِينَ يَخْتَانُونَ أَنفُسَهُمْ إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ مَنْ كَانَ خَوَّانًا أَثِيمًا * يَسْتَخْفُونَ مِنْ النَّاسِ وَلا يَسْتَخْفُونَ مِنْ اللَّهِ وَهُوَ مَعَهُمْ إِذْ يُبَيِّتُونَ مَا لا يَرْضَى مِنْ الْقَوْلِ وَكَانَ اللَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطًا * هَاأَنْتُمْ هَؤُلاءِ جَادَلْتُمْ عَنْهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فَمَنْ يُجَادِلُ اللَّهَ عَنْهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَمْ مَنْ يَكُونُ عَلَيْهِمْ وَكِيلًا * وَمَنْ يَعْمَلْ سُوءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُ ثُمَّ يَسْتَغْفِرْ اللَّهَ يَجِدْ اللَّهَ غَفُورًا رَحِيمًا * وَمَنْ يَكْسِبْ إِثْمًا فَإِنَّمَا يَكْسِبُهُ عَلَى نَفْسِهِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا * وَمَنْ يَكْسِبْ خَطِيئَةً أَوْ إِثْمًا ثُمَّ يَرْمِ بِهِ بَرِيئًا فَقَدْ احْتَمَلَ بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا * وَلَوْلا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكَ وَرَحْمَتُهُ لَهَمَّتْ طَائِفَةٌ مِنْهُمْ أَنْ يُضِلُّوكَ وَمَا يُضِلُّونَ إِلاَّ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَضُرُّونَكَ مِنْ شَيْءٍ وَأَنزَلَ اللَّهُ عَلَيْكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُنْ تَعْلَمُ وَكَانَ فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا﴾ (النساء: ١٠٥ـ ١١٣).

٣. لە سورەتی (المائدة)دا خودای گەورە لە ئایەتی (١١)دا دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ هَمَّ قَوْمٌ أَنْ يَبْسُطُوا إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ فَكَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلْ الْمُؤْمِنُونَ﴾. مەبەست لەو کۆمەڵە کێیە کە ویستیان دەستدرێژی بکەنە سەر مسوڵمانان و خوا دەستی گێڕانەوە؟ ئەمە ئاماژەیە بۆ چ ڕووداوێك و کەی ڕوویداوە؟

٤. لە سورەتی (الأنفال)دا دوو کۆمەڵ ئایەت باسی شەڕ دەکەن لە نێوان بڕواداران و بێبڕواکان، ئەگەر ڕیوایەتەکان نەبن نازانین هەردووکیان باسی یەك شەڕ دەکەن کە شەڕی بەدرە، بە گوێرەی ڕیزبەندی سورەتەکانیش بێت دەبێت ئەم شەڕانەی ئەم سورەتە باسی دەکات دوای ئەو شەڕانە بن کا لە سورەتی (آل عمران)دا هاتووە، چونکە ئەم سورەتە زۆر کەوتووەتە دوای سورەتی (آل عمران)ەوە. خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئەم سورەتە وشەی فەتحی تێدا هاتووە کە ئەگەر ڕیوایەت نەبێت لەگەڵ ئەو فەتحەی لە سورەتی (الفتح) و ئەوەی سورەتی (النصر)دا تێکەڵ دەبن: ﴿إِنْ تَسْتَفْتِحُوا فَقَدْ جَاءَكُمْ الْفَتْحُ﴾ (الأنفال: ١٩).

ئێستاش با بێینە سەر ئایەتەکان کەمێك بە درێژی: کۆمەڵەی یەکەم لە ئایەتی (٥)ەوە دەست پێدەکات تا ئایەتی (١٩). کۆمەڵەی دووەمیش لە ئایەتی (٤١)ەوە دەست پێدەکات تا ئایەتی (٤٩)، لەگەڵ کۆمەڵێك ئایەتی تر لە هەمان سورەتدا ئەحکامی غەنیمە و دیلی شەڕ و پەیماننامەی نێوان بڕواداران و بێبڕواکان ڕوون دەکەنەوە.

کۆمەڵی یەکەم: خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿كَمَا أَخْرَجَكَ رَبُّكَ مِنْ بَيْتِكَ بِالْحَقِّ وَإِنَّ فَرِيقًا مِنْ الْمُؤْمِنِينَ لَكَارِهُونَ * يُجَادِلُونَكَ فِي الْحَقِّ بَعْدَ مَا تَبَيَّنَ كَأَنَّمَا يُسَاقُونَ إِلَى الْمَوْتِ وَهُمْ يَنظُرُونَ * وَإِذْ يَعِدُكُمْ اللَّهُ إِحْدَى الطَّائِفَتَيْنِ أَنَّهَا لَكُمْ وَتَوَدُّونَ أَنَّ غَيْرَ ذَاتِ الشَّوْكَةِ تَكُونُ لَكُمْ وَيُرِيدُ اللَّهُ أَنْ يُحِقَّ الْحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ وَيَقْطَعَ دَابِرَ الْكَافِرِينَ * لِيُحِقَّ الْحَقَّ وَيُبْطِلَ الْبَاطِلَ وَلَوْ كَرِهَ الْمُجْرِمُونَ * إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّي مُمِدُّكُمْ بِأَلْفٍ مِنْ الْمَلائِكَةِ مُرْدِفِينَ * وَمَا جَعَلَهُ اللَّهُ إِلاَّ بُشْرَى وَلِتَطْمَئِنَّ بِهِ قُلُوبُكُمْ وَمَا النَّصْرُ إِلاَّ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ * إِذْ يُغَشِّيكُمْ النُّعَاسَ أَمَنَةً مِنْهُ وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُمْ مِنْ السَّمَاءِ مَاءً لِيُطَهِّرَكُمْ بِهِ وَيُذْهِبَ عَنكُمْ رِجْزَ الشَّيْطَانِ وَلِيَرْبِطَ عَلَى قُلُوبِكُمْ وَيُثَبِّتَ بِهِ الأَقْدَامَ * إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى الْمَلائِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُوا الَّذِينَ آمَنُوا سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُوا الرُّعْبَ فَاضْرِبُوا فَوْقَ الأَعْنَاقِ وَاضْرِبُوا مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ * ذَلِكَ

بِأَنَّهُمْ شَاقُّوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَمَنْ يُشَاقِقْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَإِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ * ذَلِكُمْ فَذُوقُوهُ وَأَنَّ لِلْكَافِرِينَ عَذَابَ النَّارِ * يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا لَقِيتُمْ الَّذِينَ كَفَرُوا زَحْفًا فَلا تُوَلُّوهُمْ الأَدْبَارَ * وَمَنْ يُوَلِّهِمْ يَوْمَئِذٍ دُبُرَهُ إِلاَّ مُتَحَرِّفًا لِقِتَالٍ أَوْ مُتَحَيِّزًا إِلَى فِئَةٍ فَقَدْ بَاءَ بِغَضَبٍ مِنْ اللَّهِ وَمَأْوَاهُ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ * فَلَمْ تَقْتُلُوهُمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ قَتَلَهُمْ وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ رَمَى وَلِيُبْلِيَ الْمُؤْمِنِينَ مِنْهُ بَلاءً حَسَنًا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ * ذَلِكُمْ وَأَنَّ اللَّهَ مُوهِنُ كَيْدِ الْكَافِرِينَ * إِنْ تَسْتَفْتِحُوا فَقَدْ جَاءَكُمْ الْفَتْحُ وَإِنْ تَنتَهُوا فَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ وَإِنْ تَعُودُوا نَعُدْ وَلَنْ تُغْنِيَ عَنكُمْ فِئَتُكُمْ شَيْئًا وَلَوْ كَثُرَتْ وَأَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ (الأنفال: ٥ـ ١٩).

**ئەم چەند ئایەتە ئەم پرسیارانە لەخۆ دەگرن:**

ئەم شەڕە کەی بووە و لە نێوان مسومانان و کێدا بووە و بۆچی هەندێك لە مسومانان پێیان ناخۆش بووە؟ ئەو دوو کۆمەڵە کێن کە خوا بەڵێنی دابوو بە مسومانان بۆیان ببێت و مەبەست لە کۆمەڵە بێ دڕکەکە کێیە و چییە؟ ئایەتی (١٩) لەگەڵ کێ ئاخاوتن دەکات؟ مسومانەکان، یان بێباوەڕەکان؟ مەبەستیشی لە فەتح چییە؟ ئایا هەمان ئەو فەتحەیە کە لە سورەتی (الفتح) و (النصر)دا هاتووە، یان جیاوازە؟

کۆمەڵی دووەم: ﴿وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ إِنْ كُنتُمْ آمَنْتُمْ بِاللَّهِ وَمَا أَنزَلْنَا عَلَى عَبْدِنَا يَوْمَ الْفُرْقَانِ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ * إِذْ أَنْتُمْ بِالْعُدْوَةِ الدُّنْيَا وَهُمْ بِالْعُدْوَةِ الْقُصْوَى وَالرَّكْبُ أَسْفَلَ مِنْكُمْ وَلَوْ تَوَاعَدتُّمْ لاخْتَلَفْتُمْ فِي الْمِيعَادِ وَلَكِنْ لِيَقْضِيَ اللَّهُ أَمْرًا كَانَ مَفْعُولًا لِيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَنْ بَيِّنَةٍ وَيَحْيَا مَنْ حَيَّ عَنْ بَيِّنَةٍ وَإِنَّ اللَّهَ لَسَمِيعٌ عَلِيمٌ * إِذْ يُرِيكَهُمْ اللَّهُ فِي مَنَامِكَ قَلِيلًا وَلَوْ أَرَاكَهُمْ كَثِيرًا لَفَشِلْتُمْ وَلَتَنَازَعْتُمْ فِي الأَمْرِ وَلَكِنَّ اللَّهَ سَلَّمَ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ * وَإِذْ يُرِيكُمُوهُمْ إِذْ الْتَقَيْتُمْ فِي أَعْيُنِكُمْ قَلِيلًا وَيُقَلِّلُكُمْ فِي أَعْيُنِهِمْ وَيُقَلِّلُكُمْ فِي أَعْيُنِهِمْ لِيَقْضِيَ اللَّهُ أَمْرًا كَانَ مَفْعُولًا وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ

الأُمُورُ * يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً فَاثْبُتُوا وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ * وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ * وَلا تَكُونُوا كَالَّذِينَ خَرَجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بَطَرًا وَرِئَاءَ النَّاسِ وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَاللَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ * وَإِذْ زَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ وَقَالَ لا غَالِبَ لَكُمُ الْيَوْمَ مِنَ النَّاسِ وَإِنِّي جَارٌ لَكُمْ فَلَمَّا تَرَاءَتِ الْفِئَتَانِ نَكَصَ عَلَى عَقِبَيْهِ وَقَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِنْكُمْ إِنِّي أَرَى مَا لا تَرَوْنَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ وَاللَّهُ شَدِيدُ الْعِقَابِ * إِذْ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ غَرَّ هَؤُلاءِ دِينُهُمْ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَإِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ (الأنفال: ٤١ـ ٤٩).

ئـەم کۆمەڵـە ئايەتـە باسـی شـەڕێك دەكـات مسـومانان تێيـدا سـەركەوتوون و دەسکەوتی مادديیان هەبووە، ئيتر ئەم شەڕە کەی بووە و لە کوێ بووە و لە نێوان مسومانان و كێی تردا بووە؟ ئايا جياوازە لەو شەڕەی لە کۆمەڵـە ئايـەتی يەكەمـدا هاتووە، يان هەمان شەڕە؟ ئينجا جياوازە لەو شـەڕەی لـە سـورەتی (آل عمـران)دا هاتووە يان هەمان شەڕە؟ يان دوای ئەوە، ئەگەر دوای ئەوە بە چەند دوای ئـەوە؟ مەبەسـت لـە (يـوم الفرقـان) و (العـدوة الـدنيا) و (العـدوة القصـوى) چـييە؟ وردەكارييەكانی شەڕەكە چييە؟ ڕيوايەتەكان بۆمان باس دەكەن.

٥ـ لە سورەتی (التوبە)دا: ﴿لَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ فِي مَوَاطِنَ كَثِيرَةٍ وَيَوْمَ حُنَيْنٍ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنْكُمْ شَيْئًا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ الأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُمْ مُدْبِرِينَ * ثُمَّ أَنزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَى رَسُولِهِ وَعَلَى الْمُؤْمِنِينَ وَأَنزَلَ جُنُودًا لَمْ تَرَوْهَا وَعَذَّبَ الَّذِينَ كَفَرُوا وَذَلِكَ جَزَاءُ الْكَافِرِينَ * ثُمَّ يَتُوبُ اللَّهُ مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ عَلَى مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ (التوبة: ٢٥ـ ٢٧). ئەم شەڕە کەی و لە کوێ ڕوويداوە و لە نێوان مسومانان و كێدا بووە و ژمارەی مسومانان چەند بووە وا تووشی لەخۆباييبوونی كردن؟ دوايی كە مسومانان هەڵهاتن چۆن گەڕانەوە گۆڕەپانەكانی شەڕ و دەرئەنجامی شەڕەكە گۆڕا؟ ئەمانەش هەموو ڕيوايەتەكان بۆمانی باس دەكەن، ئايا

ئەم شەڕە لە دوای ئەو شەڕانە بووە کە لە سورەتی (الأنفال)دا باسکراوە، یان پێش ئەوە بوو؟ ئەگەر دوای ئەو بوو، بەچەند ساڵ دوای ئەو شەڕە بوو؟

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ فَلا يَقْرَبُوا الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ بَعْدَ عَامِهِمْ هَذَا وَإِنْ خِفْتُمْ عَيْلَةً فَسَوْفَ يُغْنِيكُمْ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ إِنْ شَاءَ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ (التوبة: ٢٨)، ئەمە ئاماژەیە بۆ چی ساڵێك کە دەفەرموێت دوا ئەم ساڵەیان؟

﴿إِلاَّ تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ اللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُوا ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا فَأَنزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُ بِجُنُودٍ لَمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ الَّذِينَ كَفَرُوا السُّفْلَى وَكَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ (التوبة: ٤٠)، واتە: ئەگەر ئێوە سەرینەخەن ئەوا خوا سەریخست کاتێك لە ئەشکەوتەکەدا بوون و بە هاوڕێکەی دەوت نیگەران مەبە خوامان لەگەڵدایە)، ئەو دەرکردنە کەی بووە؟ هاوڕێکەی کێ بووە؟ ئەو ئەشکەوتە کام ئەشکەوت بووە؟ گریمان لە ڕێی ئەوەی خەڵکی پشتاوپشت باسی ئەو ئەشکەوتەیان کردووە، خۆ ناوی هاوەڵەکەی و کاتی دەرکردنەکەی و کێ دەریکردن نەزانراوە!

﴿لَوْ كَانَ عَرَضًا قَرِيبًا وَسَفَرًا قَاصِدًا لاتَّبَعُوكَ وَلَكِنْ بَعُدَتْ عَلَيْهِمْ الشُّقَّةُ وَسَيَحْلِفُونَ بِاللَّهِ لَوْ اسْتَطَعْنَا لَخَرَجْنَا مَعَكُمْ يُهْلِكُونَ أَنفُسَهُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ * عَفَا اللَّهُ عَنْكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَتَعْلَمَ الْكَاذِبِينَ﴾ (التوبة: ٤٢ـ ٤٣)، واتە: (ئەگەر دەسکەوتێکی نزیك و ئاسان بوایە دوات دەکەوتن، بەڵام ڕێگاکەیان بەلاوە دوورە و سوێند دەخۆن بەخوا ئەگەر بمانتوانیبا لەگەڵتاندا دەردەچووین، ئەوانە خۆیان دەفەوتێنن، خواش دەزانێ ئەوان درۆ دەکەن).

مەبەست لەو کەسانە کێیە کە بیانوویان بە دووری ڕێگاکە دەهێنا بۆ نەچوون لەگەڵ بڕواداران؟ قورئان لێرەدا باسی کێ دەکات؟ ئەی ئەو جێگایە کوێیە کە ئەو جۆرە خەڵکە بە دووریان دەزانی؟ ئەی لە چ ساڵێکدا بوو؟

﴿يَحْلِفُونَ بِاللَّهِ مَا قَالُوا وَلَقَدْ قَالُوا كَلِمَةَ الْكُفْرِ وَكَفَرُوا بَعْدَ إِسْلامِهِمْ وَهَمُّوا بِمَا لَمْ يَنَالُوا وَمَا نَقَمُوا إِلاَّ أَنْ أَغْنَاهُمْ اللَّهُ وَرَسُولُهُ مِنْ فَضْلِهِ فَإِنْ يَتُوبُوا يَكُنْ خَيْرًا لَهُمْ وَإِنْ يَتَوَلَّوْا يُعَذِّبْهُمْ اللَّهُ عَذَابًا أَلِيمًا فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَمَا لَهُمْ فِي الأَرْضِ مِنْ وَلِيٍّ وَلا نَصِيرٍ﴾ (التوبة: ٧٤)، واته: (سوێند به خوا دەخۆن نەیانوتووە، له ڕاستیشدا وشەی کوفر بەدەمیاندا هاتووە و بێباوەڕ بوون دوای مسومانێتییان و نەگەیشتن بەو نیازەی کردبوویان، ڕقیان لێیان نەدەبووەوە لەبەر ئەوە نەبێ که خوا و پێغەمبەرەکەی له چاکە و بەخششی خۆی دەوڵەمەندی کردن، ئەگەر تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە ئەوە باشترە بۆیان، ئەگەر پشتیش هەڵکەن و بێنیازیی خۆیان دەرخەن ئەوە خوا سزایەکی بە ئازاریان دەدات له دونیا و دوارۆژ و لەسەر زەویدا کەسێکیان دەست ناکەوێت یارمەتییان بدات و سەریان بخات)، ئەوانە کێ بوون که سوێندیان خواردووە هیچیان نەوتووە؟ ئەو شتە چییە که وتوویانە و نکوڵی لێدەکەن و بووەتە مایەی بێباوەڕبوونیان؟ ئەو نیازە چی بوو کردبوویان و پێی نەگەیشتن؟.

﴿فَرِحَ الْمُخَلَّفُونَ بِمَقْعَدِهِمْ خِلافَ رَسُولِ اللَّهِ وَكَرِهُوا أَنْ يُجَاهِدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَقَالُوا لا تَنفِرُوا فِي الْحَرِّ قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّا لَوْ كَانُوا يَفْقَهُونَ﴾ (التوبة: ٨١)، واته: (دواخراوەکان خۆشحاڵ بوون به مانەوەیان له دوای پێغەمبەری خوا و حەزیان نەکرد به سامان و گیانیان جیهاد بکەن له پێناوی خوادا و وتیان له گەرمادا مەچن بۆ جەنگ، بڵێ ئاگری دۆزەخ گەرمترە ئەگەر تێبگەن)، ئەوە کام جەنگە و کەی و له کوێ بووە که هەندێك کەس نەڕۆیشتوون و حەزیان نەکردووە لەگەڵ پێغەمبەر بچن بۆ جەنگ؟ ئەو دواکەوتووانە کێن؟

﴿وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مَسْجِدًا ضِرَارًا وَكُفْرًا وَتَفْرِيقًا بَيْنَ الْمُؤْمِنِينَ وَإِرْصَادًا لِمَنْ حَارَبَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ مِنْ قَبْلُ وَلَيَحْلِفُنَّ إِنْ أَرَدْنَا إِلاَّ الْحُسْنَى وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ * لا تَقُمْ فِيهِ أَبَدًا لَمَسْجِدٌ أُسِّسَ عَلَى التَّقْوَى مِنْ أَوَّلِ يَوْمٍ أَحَقُّ أَنْ تَقُومَ فِيهِ فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَنْ يَتَطَهَّرُوا وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُطَّهِّرِينَ * أَفَمَنْ أَسَّسَ بُنْيَانَهُ عَلَى تَقْوَى مِنْ اللَّهِ وَرِضْوَانٍ خَيْرٌ

أَمْ مَنْ أَسَّسَ بُنْيَانَهُ عَلَى شَفَا جُرُفٍ هَارٍ فَانْهَارَ بِهِ فِي نَارِ جَهَنَّمَ وَاللَّهُ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ * لا يَزَالُ بُنْيَانُهُمْ الَّذِي بَنَوْا رِيبَةً فِي قُلُوبِهِمْ إِلاَّ أَنْ تَقَطَّعَ قُلُوبُهُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ (التوبة: ١٠٧ـ ١١٠)، ئەو مزگەوتەی دروستکراوە دیارە لە سیاقی ئایەتەکان کە دووڕووەکان دروستیان کردووە، بەڵام کەی و لە کوێ؟ هەڵوێستی پێغەمبەر و مسومانان چی بوو بەرامبەر ئەو مزگەوتە و بنیاتنەرانی؟ درێژەی ڕووداوەکە چۆنە؟

﴿لَقَدْ تَابَ اللَّهُ عَلَى النَّبِيِّ وَالْمُهَاجِرِينَ وَالأنصَارِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ فِي سَاعَةِ الْعُسْرَةِ مِنْ بَعْدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٍ مِنْهُمْ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ إِنَّهُ بِهِمْ رَءُوفٌ رَحِيمٌ﴾ (التوبة: ١١٧)، واتە: (خوا لە پێغەمبەر و ئەو کۆچکەر و پشتیوانانە خۆش بوو کە لە کاتی ناڕەحەتییەکەدا دوای پێغەمبەر کەوتن دوای ئەوەی خەریکبوو دڵی هەندێکیان لابدات لە ڕاستی، پاشان خوا لێیان خۆش بوو، خوا بەوان بەسۆز و بە بەزەییە)، مەبەست لەو کاتی ناڕەحەتییە کەیە؟ ئەوانەی خەریك بوو دڵیان بگۆڕێت کێ بوون و دڵ گۆڕانەکە چۆن بوو؟

﴿وَعَلَى الثَّلاثَةِ الَّذِينَ خُلِّفُوا حَتَّى إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمْ الأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنفُسُهُمْ وَظَنُّوا أَنْ لا مَلْجَأَ مِنْ اللَّهِ إِلاَّ إِلَيْهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ﴾ (التوبة: ١١٨)، مەبەست لەو سێ کەسەی دواخران کێ بوو و کێ دوای خستن؟ چیرۆکەکەیان چییە؟

٦ـ لە سورە (الحج)دا: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ * الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍّ إِلاَّ أَنْ يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَنْ يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ * الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلاةَ وَآتَوْا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنْ الْمُنْكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الأُمُورِ﴾ (الحج: ٣٩ـ ٤١)، ئەم ئیزن دانە بە شەڕکردن کەی بووە؟ بە گوێرەی ڕیزبەندی ئایەتەکانی سورەتەکە بێت دوای تەشریعکردنی فەریزەی حەجە، جا ئایا وایە؟

٧ـ له سورەتی (النور)دا: ﴿إِنَّ الَّذِينَ جَاءُوا بِالإِفْكِ عُصْبَةٌ مِنْكُمْ لا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَكُمْ بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَكُمْ لِكُلِّ امْرِئٍ مِنْهُمْ مَا اكْتَسَبَ مِنَ الإِثْمِ وَالَّذِي تَوَلَّى كِبْرَهُ مِنْهُمْ لَهُ عَذَابٌ عَظِيمٌ * لَوْلا إِذْ سَمِعْتُمُوهُ ظَنَّ الْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بِأَنفُسِهِمْ خَيْرًا وَقَالُوا هَذَا إِفْكٌ مُبِينٌ * لَوْلا جَاءُوا عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَإِذْ لَمْ يَأْتُوا بِالشُّهَدَاءِ فَأُولَئِكَ عِنْدَ اللَّهِ هُمْ الْكَاذِبُونَ * وَلَوْلا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ لَمَسَّكُمْ فِي مَا أَفَضْتُمْ فِيهِ عَذَابٌ عَظِيمٌ * إِذْ تَلَقَّوْنَهُ بِأَلْسِنَتِكُمْ وَتَقُولُونَ بِأَفْوَاهِكُمْ مَا لَيْسَ لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ وَتَحْسَبُونَهُ هَيِّنًا وَهُوَ عِنْدَ اللَّهِ عَظِيمٌ * وَلَوْلا إِذْ سَمِعْتُمُوهُ قُلْتُمْ مَا يَكُونُ لَنَا أَنْ نَتَكَلَّمَ بِهَذَا سُبْحَانَكَ هَذَا بُهْتَانٌ عَظِيمٌ * يَعِظُكُمْ اللَّهُ أَنْ تَعُودُوا لِمِثْلِهِ أَبَدًا إِنْ كُنتُمْ مُؤْمِنِينَ * وَيُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ الآيَاتِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ * إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَنْ تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لا تَعْلَمُونَ * وَلَوْلا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ وَأَنَّ اللَّهَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ * يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ وَمَنْ يَتَّبِعْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ فَإِنَّهُ يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَلَوْلا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ مَا زَكَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ أَبَدًا وَلَكِنَّ اللَّهَ يُزَكِّي مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ * وَلا يَأْتَلِ أُوْلُوا الْفَضْلِ مِنْكُمْ وَالسَّعَةِ أَنْ يُؤْتُوا أُوْلِي الْقُرْبَى وَالْمَسَاكِينَ وَالْمُهَاجِرِينَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلْيَعْفُوا وَلْيَصْفَحُوا أَلا تُحِبُّونَ أَنْ يَغْفِرَ اللَّهُ لَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ (النور: ١١ـ ٢٢).

ئەم چەند ئایەتە باسی ئەوە دەکەن چەند کەسێك لە مسومانان درۆیەکیان هەڵبەستووە بۆ هەندێك کەس و یەکێکیان بەشی زۆری ئەو تاوانەی گرتووەتە ئەستۆ، ئیتر پێمان ناڵێ ئەو درۆ هەڵبەستراوە چییە و کێ هەڵی بەستووە و بەرامبەر بە کێ بووە و دەرئەنجامەکەی چی بووە؟ کاریگەرییە نەرێنی و ئەرێنییەکانی چی بووە؟ بۆچی قورئان وابایەخی دەداتێ؟ ئەمانە هەمووی لەڕێی ریوایەتەوە زانیومانە.

٨ـ له سورەتی (الروم)دا: ﴿الم * غُلِبَتْ الرُّومُ * فِي أَدْنَى الأَرْضِ وَهُمْ مِنْ بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ * فِي بِضْعِ سِنِينَ لِلَّهِ الأَمْرُ مِنْ قَبْلُ وَمِنْ بَعْدُ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ * بِنَصْرِ اللَّهِ يَنصُرُ مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ * وَعْدَ اللَّهِ لا يُخْلِفُ اللَّهُ وَعْدَهُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمُونَ﴾ (الروم: ١ـ ٦).

ئەم ئایەتانە ئاماژە بە دۆڕانی ڕۆم دەدات لە شەڕێکدا لە شوێنێکی نزیك یان نزمدا، دەڵێ پاشان لە ماوەی کەمتر لە دە ساڵدا ڕۆمەکان سەردەکەونەوە، لەو ڕۆژەشدا مسوڵمانان خۆشحاڵ دەبن بە سەرخستنی خوا، ئەوە پەیمانێکە خوا داویەتی و خواش لە پەیمانی خۆی پاشگەز نابێتەوە...هتد. ئەو شەڕەی ڕۆم لەگەڵ کێدا بووە و لە چ شوێنێکدا بووە و بۆچی مسوڵمانان لەو ڕۆژەدا خۆشحاڵ دەبن؟

٩ـ له سورەتی (الأحزاب)دا: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَاءَتْكُمْ جُنُودٌ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا وَجُنُودًا لَمْ تَرَوْهَا وَكَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا * إِذْ جَاءُوكُمْ مِنْ فَوْقِكُمْ وَمِنْ أَسْفَلَ مِنْكُمْ وَإِذْ زَاغَتْ الأَبْصَارُ وَبَلَغَتْ الْقُلُوبُ الْحَنَاجِرَ وَتَظُنُّونَ بِاللَّهِ الظُّنُونَ * هُنَالِكَ ابْتُلِيَ الْمُؤْمِنُونَ وَزُلْزِلُوا زِلْزَالًا شَدِيدًا * وَإِذْ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ مَا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ إِلاَّ غُرُورًا * وَإِذْ قَالَتْ طَائِفَةٌ مِنْهُمْ يَا أَهْلَ يَثْرِبَ لا مُقَامَ لَكُمْ فَارْجِعُوا وَيَسْتَأْذِنُ فَرِيقٌ مِنْهُمْ النَّبِيَّ يَقُولُونَ إِنَّ بُيُوتَنَا عَوْرَةٌ وَمَا هِيَ بِعَوْرَةٍ إِنْ يُرِيدُونَ إِلاَّ فِرَارًا * وَلَوْ دُخِلَتْ عَلَيْهِمْ مِنْ أَقْطَارِهَا ثُمَّ سُئِلُوا الْفِتْنَةَ لآتَوْهَا وَمَا تَلَبَّثُوا بِهَا إِلاَّ يَسِيرًا * وَلَقَدْ كَانُوا عَاهَدُوا اللَّهَ مِنْ قَبْلُ لا يُوَلُّونَ الأَدْبَارَ وَكَانَ عَهْدُ اللَّهِ مَسْئُولًا * قُلْ لَنْ يَنْفَعَكُمْ الْفِرَارُ إِنْ فَرَرْتُمْ مِنْ الْمَوْتِ أَوْ الْقَتْلِ وَإِذًا لا تُمَتَّعُونَ إِلاَّ قَلِيلًا * قُلْ مَنْ ذَا الَّذِي يَعْصِمُكُمْ مِنْ اللَّهِ إِنْ أَرَادَ بِكُمْ سُوءًا أَوْ أَرَادَ بِكُمْ رَحْمَةً وَلا يَجِدُونَ لَهُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَلِيًّا وَلا نَصِيرًا * قَدْ يَعْلَمُ اللَّهُ الْمُعَوِّقِينَ مِنْكُمْ وَالْقَائِلِينَ لإِخْوَانِهِمْ هَلُمَّ إِلَيْنَا وَلا يَأْتُونَ الْبَأْسَ إِلاَّ قَلِيلًا * أَشِحَّةً عَلَيْكُمْ فَإِذَا جَاءَ الْخَوْفُ رَأَيْتَهُمْ يَنْظُرُونَ إِلَيْكَ تَدُورُ أَعْيُنُهُمْ كَالَّذِي يُغْشَى عَلَيْهِ مِنْ الْمَوْتِ فَإِذَا ذَهَبَ الْخَوْفُ سَلَقُوكُمْ بِأَلْسِنَةٍ حِدَادٍ أَشِحَّةً عَلَى الْخَيْرِ أُوْلَئِكَ لَمْ يُؤْمِنُوا فَأَحْبَطَ اللَّهُ أَعْمَالَهُمْ

وَكَانَ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرًا * يَحْسَبُونَ الأَحْزَابَ لَمْ يَذْهَبُوا وَإِنْ يَأْتِ الأَحْزَابُ يَوَدُّوا لَوْ أَنَّهُمْ بَادُونَ فِي الأَعْرَابِ يَسْأَلُونَ عَنْ أَنْبَائِكُمْ وَلَوْ كَانُوا فِيكُمْ مَا قَاتَلُوا إِلاَّ قَلِيلًا * لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا * وَلَمَّا رَأَى الْمُؤْمِنُونَ الأَحْزَابَ قَالُوا هَذَا مَا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَصَدَقَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَمَا زَادَهُمْ إِلاَّ إِيمَانًا وَتَسْلِيمًا * مِنْ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُمْ مَنْ قَضَى نَحْبَهُ وَمِنْهُمْ مَنْ يَنْتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا * لِيَجْزِيَ اللَّهُ الصَّادِقِينَ بِصِدْقِهِمْ وَيُعَذِّبَ الْمُنَافِقِينَ إِنْ شَاءَ أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَحِيمًا * وَرَدَّ اللَّهُ الَّذِينَ كَفَرُوا بِغَيْظِهِمْ لَمْ يَنَالُوا خَيْرًا وَكَفَى اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ الْقِتَالَ وَكَانَ اللَّهُ قَوِيًّا عَزِيزًا﴾ (الأحزاب: ٩ـ ٢٥).

ئەم کۆمەڵە ئایەتە باسی ئەوە ئەکات، چەند لایەنێك لە هەموو لایەکەوە هێرشیان هێناوەتە سەر مسوڵمانان و زۆر ناڕەحەتیان کردوون و دووڕووەکان و دڵنەخۆشەکان خەریکی ڕووخاندنی ورەی مسوڵمانان بوون، دوایی خوا پلانی هێرشبەرەکانی پوچەڵکردەوە و بە دەستبەتاڵی گەڕانەوە و مسوڵمانان لەو تاقیکردنەوەیە بە سەرکەوتوویی دەرچوون. ئەم ڕووداوە کەی بووە و ئەو لایەنانەی هێرشیان بردە سەر مسوڵمانان کێ بوون و درێژەی ئەو ڕووداوە چییە؟ ئەوە ڕیوایەتەکان پێمان دەڵێن.

﴿وَأَنْزَلَ الَّذِينَ ظَاهَرُوهُمْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مِنْ صَيَاصِيهِمْ وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمْ الرُّعْبَ وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمْ الرُّعْبَ فَرِيقًا تَقْتُلُونَ وَتَأْسِرُونَ فَرِيقًا * وَأَوْرَثَكُمْ أَرْضَهُمْ وَدِيَارَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ وَأَرْضًا لَمْ تَطَئُوهَا وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرًا﴾ (الأحزاب: ٢٦ـ ٢٧)، واتە: (ئەوانەش کە یارمەتییان دان لە ئەهلی کیتاب خوا هێنانیە خوارەوە لە قەڵاکانیان و ترسی خستە دڵیان، هەندێکتان لێ دیل دەکردن و هەندێکیشتان دەکوشتن، زەوییەکانیان و خانووەکانیان و سامانەکانیان و زەوییەك پێتان تێ نەخستبوو خودا هەمووی دا بە ئێوە، خوا توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە)، ئەو

ئەهلی کیتابە کێ بوون کە یارمەتی دوژمنانیان دا؟ مەبەست لە زەوییەش کوێیە کە مسوڵمانان پێیان تێنەخستبوو؟

﴿وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا لِكَيْ لا يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِي أَزْوَاجِ أَدْعِيَائِهِمْ إِذَا قَضَوْا مِنْهُنَّ وَطَرًا وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولًا﴾ (الأحزاب: ٣٧)، واتە: (ئەوسا ئەو کەسەی خودا چاکەی لەگەڵ کرد و تۆش چاکەت لەگەڵ کردووە دەوت دەس لە ژنی خۆت بەرمەدە و لە خوا بترسە، شتێکت لە دڵی خۆتدا دەشاردەوە، کە خوا هەر ئاشکرای دەکرد، لە خەڵکی دەترسی لەکاتێکدا خوا شیاوترە لێی بترسی، جا کاتێك زەید لە هاوسەری خۆی بە ئارەزوو گەیشت، ئەومان لە تۆ مارە کرد بۆ ئەوەی بڕواداران لە خواستنی ژنی بەکوڕکراوی خۆیان دوای ئەوەی تەڵاقیان دەدەن حەرەجیان تووش نەبێ)، ئەو کەسەی ـ کە بە سیاقی ئایەتەکە دەردەکەوێ ناوی زەیدە ـ کێیە کە خوا و پێغەمبەری خوا چاکەیان لەگەڵدا کردووە؟ ئافرەتەکە کێیە و ناوی چییە؟ ئەم ڕووداوە کەی ڕوویداوە و درێژەی باسەکە چۆنە و دەرهاویشتەکانی چی بوو لەناو کۆمەڵگەدا؟.

١٠ـ لە سورەتی (الفتح)دا: ﴿إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُبِينًا * لِيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ وَيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَيَهْدِيَكَ صِرَاطًا مُسْتَقِيمًا * وَيَنْصُرَكَ اللَّهُ نَصْرًا عَزِيزًا * هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ السَّكِينَةَ فِي قُلُوبِ الْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوا إِيمَانًا مَعَ إِيمَانِهِمْ وَلِلَّهِ جُنُودُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا * لِيُدْخِلَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَيُكَفِّرَ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَكَانَ ذَلِكَ عِنْدَ اللَّهِ فَوْزًا عَظِيمًا * وَيُعَذِّبَ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْمُشْرِكِينَ وَالْمُشْرِكَاتِ الظَّانِّينَ بِاللَّهِ ظَنَّ السَّوْءِ عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَلَعَنَهُمْ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا * وَلِلَّهِ جُنُودُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا﴾ (الفتح: ١ـ ٧).

سورەتی (الفتح) بە ناوەکەیدا دیارە باسی سەرکەوتنێك ئەکات بەسەر بێباوەڕەکاندا و ناوی مەککەش هاتووە تێیدا. خوا دەستی بڕواداران و بێباوەڕەکانی گرتۆتەوە نەیهێشتووە شەڕ ڕوو بدات. دەتوانرێ گومان ببرێت ئەمە باسی فەتحی مەککەیە، بەڵام ئایا وایە؟ بەپێی ڕیوایەتەکان ئەم سورەتە دوای ئاشتینامەی حودەیبییە دابەزیوە و خوا بە سەرکەوتنی ناوبردووە و بەشێك لە باسەکانی لەسەر ئەو بابەتەیە، بەڵام بەبێ ڕیوایەتەکان هەرگیز خەیاڵت بۆ ئەو شتانە ناچێت.

﴿سَيَقُولُ الْمُخَلَّفُونَ إِذَا انطَلَقْتُمْ إِلَى مَغَانِمَ لِتَأْخُذُوهَا ذَرُونَا نَتَّبِعْكُمْ يُرِيدُونَ أَنْ يُبَدِّلُوا كَلامَ اللَّهِ قُلْ لَنْ تَتَّبِعُونَا كَذَلِكُمْ قَالَ اللَّهُ مِنْ قَبْلُ فَسَيَقُولُونَ بَلْ تَحْسُدُونَنَا بَلْ كَانُوا لا يَفْقَهُونَ إِلاَّ قَلِيلًا﴾ (الفتح: ١٥)، ئەو دەستکەوتانە چین کە قورئان ئاماژەیان پێدەدات و بەجێماوان داوایان دەکرد بچن لەگەڵ بڕواداراندا؟

﴿لَقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنْ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنْزَلَ السَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَابَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا * وَمَغَانِمَ كَثِيرَةً يَأْخُذُونَهَا وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا﴾ (الفتح: ١٨ـ ١٩)، واتە: (خوا لەو بڕوادارانە خۆش بوو کاتێك لەژێر دارەکەدا پەیمانیان بە تۆ دەدا و زانی چی لە دڵیاندایە، لەبەرئەوە ئارامیی دابەزاند بەسەریاندا و پاداشتی دانەوە بە سەرکەوتنێکی نزیك و بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی زۆر)، ئەم پەیماننامەیە کەی بووە و لەسەر چی بووە؟ بۆچی پێغەمبەر ئەو بەڵێنەی لێوەرگرتن؟ مەبەست لەو دەستکەوتانە چیی بوو؟

﴿وَعَدَكُمْ اللَّهُ مَغَانِمَ كَثِيرَةً تَأْخُذُونَهَا فَعَجَّلَ لَكُمْ هَذِهِ وَكَفَّ أَيْدِيَ النَّاسِ عَنْكُمْ وَلِتَكُونَ آيَةً لِلْمُؤْمِنِينَ وَيَهْدِيَكُمْ صِرَاطًا مُسْتَقِيمًا * وَأُخْرَى لَمْ تَقْدِرُوا عَلَيْهَا قَدْ أَحَاطَ اللَّهُ بِهَا وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرًا﴾ (الفتح: ٢٠ـ ٢١)، واتە: (خوا بەڵێنی دەستکەوتێکی زۆری پێدان دەستتان کەوێت، بەڵام ئەمەی بۆ پێشخستن و دەستی خەڵکی لێگرتنەوە لەوەی پەلامارتان بدەن بۆ ئەوەی ببێتە نیشانەیەك بۆ بڕواداران

و ڕێنموویيتان بکات بۆ ڕێگەیەکی ڕاست. دەسکەوتی تریش ئێوە دەسەڵاتتان بەسەریدا نەبوو، خوا دەسەڵاتی بەسەردا هەیە و خوا بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە)، مەبەست لە: ئەمەی بۆ پێشخستن چییە؟ مەبەست لەو خەڵکەش کێیە کە لە سیاقی ئایەتەکەوە وا دەردەکەوێت نیازی پەلاماردانی بڕوادارانیان هەبووە؟ بە چی شتێکدا ئەوە بەڵگە و نیشانەیەك بوو بۆ مسوڵمانان؟ ئەی مەبەست لە دەسکەوتی تر کامەیە کە مسوڵمانان توانایان بەسەریدا نەبوو، بەڵام خوا پێی دان؟

﴿وَهُوَ الَّذِي كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنْكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُمْ بِبَطْنِ مَكَّةَ مِنْ بَعْدِ أَنْ أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ وَكَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا * هُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوكُمْ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَالْهَدْيَ مَعْكُوفًا أَنْ يَبْلُغَ مَحِلَّهُ وَلَوْلا رِجَالٌ مُؤْمِنُونَ وَنِسَاءٌ مُؤْمِنَاتٌ لَمْ تَعْلَمُوهُمْ أَنْ تَطَئُوهُمْ فَتُصِيبَكُمْ مِنْهُمْ مَعَرَّةٌ بِغَيْرِ عِلْمٍ لِيُدْخِلَ اللَّهُ فِي رَحْمَتِهِ مَنْ يَشَاءُ لَوْ تَزَيَّلُوا لَعَذَّبْنَا الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا﴾ (الفتح: ٢٤ـ ٢٥)، واتە: (هەروەها خودا بوو کە نەیهێشت شەڕ ببێت لە نێوان ئێوە و بێبڕواکاندا دوای ئەوەی ئێوە دەسەڵاتتان پەیداکرد بەسەریاندا و خودا ئەوەی دەیکەن دەیبینێ. ئەوە ئەوان بوون کە باوەڕیان نەهێنا و ڕێگرییان لێکردن بچنە مزگەتی حەرام و لەوەی ئەو قوربانییانەی ئامادەتان کردووە بگاتە جێی خۆی.....هتد)، ئەم ئایەتە باسی کەی دەکات؟ سەرەتاکەی دەڵێ ئێوە دەسەڵاتتان بەسەردا پەیداکردن لە دواییشدا دەڵێ نەیانهێشت قوربانییەکانتان بگەیەننە جێی خۆی.

١١ـ لە سورەتی (المجادلة)دا: ﴿قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ * الَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنْكُمْ مِنْ نِسَائِهِمْ مَا هُنَّ أُمَّهَاتِهِمْ إِنْ أُمَّهَاتُهُمْ إِلاَّ اللاَّئِي وَلَدْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنْكَرًا مِنَ الْقَوْلِ وَزُورًا وَإِنَّ اللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ * وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنْ نِسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَتَمَاسَّا ذَلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ * فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَتَمَاسَّا فَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِسْكِينًا

ذَلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (المجادلة: ١ ـ ٤)، واته: (خودا گوێی لەو ئافرەتە بوو کە دەربارەی مێردەکەی لەگەڵ تۆ دەمەقاڵەی دەکرد و سکاڵای لە دەستی مێردەکەی دەکرد و خودا گوێی لەو گفتوگۆیەتان بوو)، ئەو ئافرەتە کێیە؟

١٢ـ لە سورەتی (الحشر)دا: ﴿هُوَ الَّذِي أَخْرَجَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مِنْ دِيَارِهِمْ لأَوَّلِ الْحَشْرِ مَا ظَنَنْتُمْ أَنْ يَخْرُجُوا وَظَنُّوا أَنَّهُمْ مَانِعَتُهُمْ حُصُونُهُمْ مِنْ اللَّهِ فَأَتَاهُمْ اللَّهُ مِنْ حَيْثُ لَمْ يَحْتَسِبُوا وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمْ الرُّعْبَ يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُمْ بِأَيْدِيهِمْ وَأَيْدِي الْمُؤْمِنِينَ فَاعْتَبِرُوا يَا أُولِي الأَبْصَارِ * وَلَوْلا أَنْ كَتَبَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ الْجَلاءَ لَعَذَّبَهُمْ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابُ النَّارِ * ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ شَاقُّوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَمَنْ يُشَاقِّ اللَّهَ فَإِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ * مَا قَطَعْتُمْ مِنْ لِينَةٍ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَائِمَةً عَلَى أُصُولِهَا فَبِإِذْنِ اللَّهِ وَلِيُخْزِيَ الْفَاسِقِينَ * وَمَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْهُمْ فَمَا أَوْجَفْتُمْ عَلَيْهِ مِنْ خَيْلٍ وَلا رِكَابٍ وَلَكِنَّ اللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُ عَلَى مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ (الحشر: ٢– ٦).

ئەم چەند ئایەتە باسی دەرکردنی بێبڕواکانی ئەهلی کیتاب دەکات و دەڵێت ئێوە گومانتان نەدەبرد ئەوان دەربچن و ئەوانیش گومانیان دەبرد قەڵاکانیان بیانپارێزێ لە ئێوە، بەڵام خوا لەلایەکەوە بۆیان هات کە گومانیان نەدەبرد و ترسی هاویشتە دڵیان و خانووەکانیان بەدەستی خۆیان و بڕواداران دەڕوخاند.. هتد. هۆکارەکەشی دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەوان دژایەتی و دوژمنایەتی خوا و پێغەمبەریان کرد. مەبەست لەو بێبڕوایانەی ئەهلی کتاب کێیە و دژایەتیکردنیان بۆ خوا و پێغەمبەر چۆن چۆنی بووە و بۆ کوێ چوون؟

١٣. لە سورەتی (التحریم)دا: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاةَ أَزْوَاجِكَ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ * قَدْ فَرَضَ اللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَانِكُمْ وَاللَّهُ مَوْلاكُمْ وَهُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ * وَإِذْ أَسَرَّ النَّبِيُّ إِلَى بَعْضِ أَزْوَاجِهِ حَدِيثًا فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِ وَأَظْهَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ عَرَّفَ بَعْضَهُ وَأَعْرَضَ عَنْ بَعْضٍ فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِ قَالَتْ مَنْ أَنْبَأَكَ هَذَا قَالَ نَبَّأَنِي

الْعَلِيمُ الْخَبِيرُ * إِنْ تَتُوبَا إِلَى اللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا وَإِنْ تَظَاهَرَا عَلَيْهِ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ مَوْلاهُ وَجِبْرِيلُ وَصَالِحُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمَلائِكَةُ بَعْدَ ذَلِكَ ظَهِيرٌ * عَسَى رَبُّهُ إِنْ طَلَّقَكُنَّ أَنْ يُبْدِلَهُ أَزْوَاجًا خَيْرًا مِنْكُنَّ مُسْلِمَاتٍ مُؤْمِنَاتٍ قَانِتَاتٍ تَائِبَاتٍ عَابِدَاتٍ سَائِحَاتٍ ثَيِّبَاتٍ وَأَبْكَارًا﴾ (التحريم: ١ـ ٥)، ئەو شتە چییە کە پێغەمبەر لەسەر خۆی حەرام کردبوو بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خێزانەکانی؟ ئەو شتە چییە کە پێغەمبەر لای هەندێك لە خێزانەکانی وەکو نهێنییەك باسی کردووە؟ ئەو خێزانانەی کامانە بوون کە لەو ڕووداوانە بەشدارن؟

١٤. لە سورەتی (النصر)دا: ﴿إِذَا جَاءَ نَصْرُ اللَّهِ وَالْفَتْحُ * وَرَأَيْتَ النَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ اللَّهِ أَفْوَاجًا * فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَاسْتَغْفِرْهُ إِنَّهُ كَانَ تَوَّابًا﴾ (النصر: ١ـ ٣). ئەم سورەتە کەی دابەزیوە و باسی چ فەتحێك دەکات؟

# کۆتایی

لەم توێژینەوەدا گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە بە هیچ شێوەیەك ناتوانین بێنیاز بین لە ڕیوایەتەکان، چ ئەوانەی لە پێغەمبەرەوە بۆمان گێڕڕاوەتەوە، یان ئەوانەی لە هاوەڵان و شوێنکەوتووەکانیانەوە بۆمان گێڕڕاوەتەوە، ئەوەتا بۆ زانینی وردەکارییەکانی ئەو ڕووداوانەی قورئان باسیان لێوە دەکات لە سەردەمی دابەزینی قورئاندا لە ڕێی ڕیوایەتەکانەوە نەبێت نایانزانین، ئەمەش بوارێکە لە بوارە زۆرەکانی قورئان کە پێویستییان بە ڕیوایەتەکان هەیە بۆ زانینیان و تێگەیشتن لێیان.

# سەرچاوەکان


١ـ قورئانی پیرۆز.

٢ـ تەفسیری قورئانی پیرۆز، وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار.

٣ـ تەفسیری شنەی ڕەحمەت، مسوتەفا خوڕڕەم دڵ.

# زانستی (الجرح والتعدیل) بەرهەم و لێکەوتەکانی

م. ی. سەربەست عوسمان بەکر
م.ی. خالد عثمان عەلی
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان

ئاشکرایە کە زانستی (الجرح والتعدیل) لە سەردەمی پێش نووسینەوە و سەربەندی نووسینەوەی فەرموودە و گێڕانەوەکاندا سەریهەڵدا، وەك زانستێکی تایبەت بە پیاوانی (سەنەد)ی گێڕانەوە و فەرموودە، بۆ پاراستن و پاڵفتەکردنی فەرموودە لەوەی کە گێڕانەوەی پیاوانێکی تێکەڵ بێت کە فەرموودە نەبێت و هەڵبەستراو بێت، یاخود بۆ پارێزکاری لە وەرگرتنی گێڕانەوەی کەسانێك کە شایانی لێوەرگرتنی فەرموودە نەبن. ئەم زانستە بەشێوەیەکی تەواو کرداری سوود و گرنگیی تایبەت بە خۆی هەبوو بۆ ناساندن و ناسینەوەی گێڕانەوەکان و جیاکردنەوەی فەرموودە درووستەکان (صەحیحەکان) و هەروەها ئاشکراکردنی فەرموودە لاوازەکان، کە بوو بە جۆرێك لە پاراستنی فەرموودە وەك بەشێك لە وەحی و سەرچاوەی دووەمی تەشریع.

بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامانە کە هەندێکجار ئەم زانستە ـ هەر لە کۆنەوە ـ بە خراپ بەکارهێنراوە، بە مەبەستی ناشیرینکردنی کەسانێك و جوان پیشاندانی کەسانێکی دی کە هیچ لایەکیان شایانی ئەو پاڵدانە نەبن، دیارە ئەم حاڵەتەش پاڵنەرەکانی ئیرەیی و هەوا و ئارەزوو و نادادی و مەزهەبییو ناوچەگەری و نەتەوەیی و خێڵایەتی و خۆپەسەندی و... هتد ڕۆڵی سەرەکی تێدا بینیوە، وەك ئەوەی لەنێوان هاوتاکان (الأقران) و مەزهەبگەرا و شوێنکەوتەی دەستە و تاقمە جیاوازەکاندا بەرامبەر بەیەکدی ڕوویدەدا و چەندین دەرەنجامی نەخوازراوی لێدەکەوتەوە، هەر لە ناشیرینکردنی زانایانی پەرێزپاك و نانەوەی پشێوی و دووبەرەکی و لێکترازانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە.

بەڵام پاش نووسینەوەی فەرموودە و گێڕانەوەکان و کۆتاییهاتنی سەردەمی گێڕانەوەی زارەکی و دەماودەم، ئەم بابەتە کەوتە ژێر پرسیاری جددی و زانستییەوە لەلایەن بەشێکی زۆر لە زانایانی پایەبڵندی بوارەکەوە، کە ئایا بۆ هەموو سەردەم و باسوخواس و کەس و بابەتێك (جەرح و تەعدیل) پێویستە، یاخود نا؟ ئایا ئەم زانستە وەك زانستێکی پەیوەست بە پیاوانی گێڕانەوە لەگەڵ بەسەرچوونی کاتی گێڕانەوە و نووسینەوەی فەرموودە و گێڕانەوەکان بەسەرچووە و کۆتایی پێهاتووە، یاخود هێشتا بەردەوام و زیندوو و کارپێکراوە؟ ئایا (جەرح و تەعدیل) پەیوەندی بە دادگا و دادبینی و مامەڵە داراییەکان و هاوسەرگیری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەوە هەیە؟ یاخود بابەتێکی تەواو زانستییە و بۆ تەنها بواری فەرموودە و گێڕانەوەکان بەکاردێت؟ ئایا ئەو کەسانەی لەم بوارەدا قسە دەکەن، دەبێت کێ بن؟ تەنها زانایانن، یاخود هەرکەسێکی ئاسایی کە بیەوێت پێوانە و کێشانەی کەسیی پێبکات؟

## زانستی جەرح و تەعدیل، سەرەتا و پوختەیەکی مێژوویی:

### پوختەیەکی مێژوویی زانستی جەرح و تەعدیل

بە مەبەستی شارەزابوون لە زانستی جەرح و تەعدیل (بریندارکردن و ڕاستاندن)، پێویستە پێناسە و شیکاری زمانەوانی و زاراوەسازیی بکەین، هەروەها لە مێژووی ئەم زانستە ورد ببینەوە، بە قسەکردن لەسەر دیارترین دامەزرێنەرانی و هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئەم زانستە.

### ڕاستێتی (حەقیقەتی) جەرح و تەعدیل

**وشەی جەرح لە زمانەوانیدا:** (جرح) هەر کاریگەرییەکە لە لاشەیەکدا بە هەر جۆرە چەکێك، بە واتای بریندارکردن[١]. ناوێکیش کە لەم فرمانەوە وەردەگیرێت (جُرح) برینە، کۆکراوەکەشی (جُروح) برینەکانە[٢]، هەندێکیش لە زانایانی زمان دەڵێن: "جُرح: هەر برینێکە لە جەستەدا بە ئاسنێك، یان بریندارکەرێك، هەروەها (جَرح) بە واتای بریندارکردنێك بە زمان لە مانا و نامووس و کەسایەتی و...هتد[٣].

**وشەی جەرح لە زاراوەدا:** وەسفی گێڕەرەوەیەك لە دادگەرییەکەی و بیرمانەوەیدا، بە شێوەیەك کە پتەونەبوونی گێڕانەوەی، یان لاوازبوونی، یان لێوەرنەگرتنی دەربخات، کەسێکیش کە بە پتەونەبوونی گێڕانەوەکانی وەسف بکرێت (کەسێکی ڕاستگۆیە کە بیر و یادگەی لەبەرکردنی خراپ بێت) گێڕانەوەکانی بە بوونی نزیککەرەوەیەك بەهێز دەبێت کە ببێتە هۆی یەکلاکەرەوەی لایەنی لەبەرکردنی بۆ ڕووداوێکی دیاریکراو. کەسی وەسفکراویش بە لاوازی گێڕانەوەکانی لە یەکێك لەم سێ بارە تێپەڕنابێت: یەکێکیان: لاوازکردنێکی ڕەها، کە لەم بارەدا

---

[١] لسان العرب، ابن منظور (٥٨٧– ٥٨٨).

[٢] صحاح تاج اللغة، أبو نصر الفارابي (١/ ٣٥٨).

[٣] تاج العروس، الزبيدي (٦/ ٣٣٧– ٣٣٨).

ئەگەر بەتەنها بێت گێڕانەوەکەی وەرناگیرێت، مەگەر بەدواداچوونێکی وەك خۆی بەهێزی بکات، بەمەش دەگاتە پلەی (حسن لغیره: باش بەهۆی ڕیوایەتێکی ترەوە). دووەمیان: لاوازکردنێکی پابەندکراو بە گێڕانەوەی هەندێك زانایان، یان هەندێك ناوچە و کات، بەمەش لاوازکردنەکە تەنها پەیوەستە بەو بابەتەوە کە پێوەی پابەندکراوە نەك هیچ شتێکی دی. سێیەمیان: لاوازکردنێکی ڕێژەیی، ئەمەش بە شێوەی ڕێز بەسەردادانی دوو گێڕەرەوە، یان زیاتر بەسەر یەکتردا، کە نابێتە هۆی لاوازکردنی رەها، بەڵکو حوکم بەسەردادانی بەپێی هەر نزیککەرەوەیەك لەبارەکەیدا جیاواز دەبێت لەو ڕێز بەسەردادانەدا، هەروەها کەسی وەسفکراو بەوەی کە گێڕانەوەکەی وەرناگیرێت، ئەوە زۆر لاوازە و کەسی وەك ئەم نە هێز دەداتە کەسی تر و نە بە کەسی تر بەهێز دەبێت[1].

**تەعدیل لە مانەوانیدا:** وشەی تەعدیل واتا ڕاستاندن، وشەیەکی تاکە و ئەگەر چاوگ نەبێت بە (تعدیلات: ڕاستاندنەکان) کۆدەکرێتەوە و دەبێتە چاوگی (عدّلة)[2]، واتا ڕێککردنەوە و ڕاستکردنەوە و هاوکێشکردنی شتێك بە شتێکی دی[3].

**تەعدیل لە زانستی زاراوەسازیدا:** وشەی تەعدیل و ڕاستاندن لای زانایانی فەرموودە لە بەرامبەر تەجریح و برینداركردن دێت، ماناکەی دەبێتە تەزکیە و بەچاکزانین و وەسفکردنی گێڕەرەوەیەك بە دادگەر، کاتێك دەڵێن: "فلان کەس زۆر جێی متمانەیە" کەواتە ڕاستاندنیان بۆ کردووە[4]، ئەمەش وەسفکردنی گێڕەرەوەکەیە لە دادگەری و لەبەرکردنیدا تا ئەوەندەی ئیدی گێڕانەوەکانی لێوەربگیرێت[5].

---

[1] ضوابط الجرح والتعديل، عبد العزيز محمد (٣/ ٢٣).

[2] معجم اللغة، أحمد مختار (٢/ ١٤٦٨).

[3] لسان العرب، ابن منظور، (مادة: عدلة).

[4] معجم المصطلحات الفقهية، محمود عبد الرحمن (١/ ٤٩٦).

[5] خلاصة التأصيل، شريف حاتم (٦).

دەشكرێت (جەرح و تەعديل) وەك زانستێكی تايبەت پێناسە بكەين بەوەی: زانستێكە كە تيايدا لێكۆڵينەوە لە بريندارکردن و ڕاستاندنی گێڕەرەوەكان دەكرێت، بە دەستەواژەی تايبەتمەند و لە سۆنگەی پلەبەندی ئەو دەستەواژانەوە و دەبێتە لقێك لە زانستی پياوانی فەرموودە[1].

## مێژووی زانستی جەرح و تەعديل و ديارترين دامەزرێنەرانی

زانايانی بەڕێزی ئەم بوارە چەندين پەڕاو و پەرتووكی بەپێزيان لەم زانستەدا نووسيوە، يەكەم كەسيش گرنگی بەم زانستە داوە لە پێشەوايانی پێشين، پێشەوا شوعبەی كوڕی حەجاج بووە[2]، پاشان يەحيای كوڕی سەعيدی قەتتان و هەريەك لە خوێندكارەكانی يەحيای كوڕی موعين و عەلی ئيبنولمەدينی و ئەحمەدی كوڕی حەنبەل و عەمری كوڕی ئەبيلفەلاس و ئەبو خەيسەمە و خوێندكارەكانيان، هەريەك لە ئەبو زەرعە و ئەبو حاتەم و پێشەوايان بوخاری و مسوليم و ئەبو ئيسحاق و خەڵكانێكی زۆر دوای ئەمان، وەك پێشەوا نەسائی و ئيبن خوزەيمە و تيرميزی و دولابی و عەقبەلی، كە ئەميان دانراوێكی زۆر بە نرخی لە ناسينی لاوازەكاندا هەيە.

دەربارەی ناونيشانی كتێبە بەنرخەكانيش، كتێبی (الكامل)ی ئەبو ئەحمەدی كوڕی عەدی، كە بەيەكێك لە باشترين و ناوازەترين كتێبەكانی ئەم زانستە دادەنرێت و كتێبەكەی ئەبولفەتحی ئەزدی، هەروەها كتێبەكەی ئەبو محەمەدی كوڕی ئەبو حاتەم و، كتێبی (الضعفاء)ی دارەقوتنی، بە هەمان ناونيشان لای پێشەوا حاكيم و چەندين كتێب و پەڕاو و دانراوی تر لەم بوارەدا[3].

---

[1] الحيطة في ذكر الصحاح الستة، أبو الطيب القنوحي (١/ ٨٣).

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو (٨٤).

[3] ميزان الاعتدال، شمس الدين الذهبي (١– ٢).

## هۆکاری دەرکەوتنی ئەم زانستە:

باشترین دەستنیشانکردنێك بۆ هۆکارەکانی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئەم زانستە، ئاماژەکەی پێشەوا مسولیمە کە لەم چەند دێڕەدا پوختی دەکەینەوە: "گوێم لێبوو حەسەنی کوڕی عیسا وتی: ئیبنولموبارەك پێی وتم: ئەگەر چوویتە لای جەریر ئەوا تەواوی زانستەکەی بنووسەرەوە، تەنها فەرموودەی سێ کەس نەبێت، فەرموودەی عوبەیدەی کوڕی موعەتتیب و سەری کوڕی ئیسماعیل و محەمەدی کوڕی سالم مەنووسەرەوە، مسولیم فەرمووی: لێکچووی زۆری تر هەیە کە لەم قسانەی خاوەن زانستانی بەڕێز دەچێت دەربارەی تۆمەتباران لە گێڕەرەوەکانی فەرمووده و هەواڵدانیان لەبارەی نەنگییەکانیانەوە، کە ئەگەر باسیان بکەین و بە دوایاندا بچین زۆر درێژە دەکێشێت، بەڵام ئەوەی باسمانکرد بەسە بۆ کەسێك کە بفامێ و تێبگا لە ڕێبازی زانایان، کە چییان فەرمووە و چۆنیان ڕوونکردووەتەوە و بگرە خۆیان پێوە پابەستکردووە کە بێن و پەردە لەسەر نەنگی گێڕەرەوەکانی فەرمووده و هەواڵبەرەکان لابدەن و فەتوایان لەو بارەوە لەسەر بدەن کاتێك پرسیاریان لێکراوە، ئەمەش لەبەر گەورەیی مەترسییەکەی، چونکە هەواڵەکان لەبارەی ئایینەوە حەڵاڵ و حەرام و فەرمان و ڕێگری و هاندان و ترسان دەهێنن، جا ئەگەر گێڕەرەوەکەیان جێی ڕاستگۆیی و ئەمانەت نەبوو، پاشان کەسێك هات و ئەیناسی و گێڕانەوەی لێوە کرد و ئەو نەنگییانەی تیایدایە ڕوونی نەکردەوە بۆ کەسانی تر کە لەبارەی ئەو نەگییانەوە نایناسن، ئەوا ئەم کەسە گوناهبارە بەم کردارەی و خەڵەتێنەری خەڵکە گشتییەکەی مسوڵمانانە، چونکە ناتوانرێت هیچ دڵنیاییەك بدرێت کە کەسانێك ئەم هەواڵانە ببیستن و کاری پێبکەن یان کار بە بەشێکی بکەن، کە ڕەنگە بەتەواوی یان زۆربەی درۆ و بێ بنەماش بن"[١].

---

[١] صحيح مسلم (١/ ٢١).

**ڕێبازی زانایانی پێشین لە پیادەکردنی ئەم زانستە:**

تاوەکو زانستی جەرح و تەعدیل ببێتە زانستێکی لەبەرچاوگیراو لای پێشەوایانی فەرموودە، ئەوا پێویستە چەند شەرت و مەرجێکی پێویستی تێدا بێتەدی کە خودی ئەو پێشەوا بەڕێزانە دایانناوە بۆ جەرح و بریندارکردنێکی دروست و تەعدیل و ڕاستاندنێکی باوەڕپێکراو، هەرکەسێکیش لە کتێبەکانی پیاوانی فەرموودە و زاراوەناسی وردبێتەوە زۆر بە ڕوونی دەبینێت کە دوو باسی بەرچاو هەیە، ڕێباز و ڕێچکە و ڕووگەی زانایان دیاری دەکەن لە شەرت و مەرجیان بۆ وەرگرتن و باوەڕپێکردنی هەر بریندارکردن و ڕاستاندنێك. ئەو دوو باسەش بریتین لە:

**١- ڕوونی و ناڕوونی لە جەرح و تەعدیلدا:** مەبەست لە ناڕوونی ئەوەیە کە کەسی بریندارکار (جارح)، یان ڕاستێنەر (معدل) حوکمەکەی خۆی بەسەر گێڕەرەوەیەکی فەرموودەدا بدات، بێئەوەی هۆکاری ئەم حوکمدانەی ڕوونبکاتەوە، بۆ نموونە بڵێت: فڵان کەس لاوازە یان فەرموودەی لێ وەرناگیرێت، بێئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەیەك بۆ ئەم حوکمەی بدات، هەروەها بۆ ڕاستاندنیش بڵێت: فڵان کەس متمانەپێکراوە، یان گێڕانەوەی چاکە، بەبێ ڕوونکردنەوەی وتەکەی و وتنی هۆکار.

هەروەها مانای ڕوونی لە جەرح و تەعدیلدا ئەوەیە کە بەتەواوی هۆکاری حوکمدانەکە ڕوونبکرێتەوە، بۆ نموونە بڵێت: فڵان کەس دادگەر نییە، چونکە بینیومە شەرابی دەخواردەوە، یان فڵان کەس متمانەپێکراوە، چونکە هاوەڵیم کردووە و نەمبینیوە هیچ گوناهێك بکات.

زانایانیش لەسەر پێویستبوونی ڕوونکردنەوە لە جەرح و تەعدیلدا جیاوازبوون بە چەند ڕێبازێکەوە، لەوانە:

- کۆمەڵێ زانایان (جمهور) رایان وایە کە بریندارکردن وەرناگیرێت بێ ڕوونکردنەوە، بەڵام ڕاستاندن بە ناڕوونیش وەردەگیرێت، واتا بەبێ وتنی

هۆكارەكەی[1]، ئەمەش بەهۆی ئەوەی كە هۆكارەكانی ڕاستاندن زۆر زۆرن و ئەگەر پێویست بێت زانایەك هۆكاری ڕاستاندن بۆ كەسێك باس بكات ئەوا پێویستە بڵێت: (ئاوا و ئاوای دەكرد ـ هەموو ئەو سیفەتانە بژمێرێت كە پێویستە لە ڕاستێنراوێكدا هەبێت ـ و ئەمە و ئەوەی نەدەكرد ـ هەموو ئەو سیفەتانە بژمێرێت كە پێویستە لە ڕاستێنراوێكدا نەبێت ـ)[2]، بەڵام پێویستی وتنی هۆكاری بریندارکردن لەوەوەیە كە خەڵكی جیاوازن لەو شتانەدا كە دەبنە هۆی بریندارکردن.

- گرووپێك لە زانایان ڕایان وایە كە بریندارکردن بەبێ وتنی هۆكار وەردەگیرێت، بەڵام ڕاستاندن بەبێ ڕوونكردنەوە وەرناگیرێت[3]، بەڵگەشیان بۆ ئەم ڕایەیان ئەوەیە كە بریندارکردن و ڕاستاندن لە پێشەوایەكی شارەزا بە هۆكارەكانی ئەم باسە وەردەگیرێت، بۆیە بریندارکردن پێویستی بە وتنی هۆكار نییە، بەڵام ڕاستاندن لەبەر ئەوەی هۆكارەكانی زۆرن و زۆر خۆ والێكردن و خۆ وا خۆدەرخستنی تێدا دەكرێت، كە وا دەكات هەندێكجار كەسی ڕاستێنەر (موعەددیل) پەلە بكات لە حوكمدانی بە ڕاستاندنی كەسێكدا بەهۆی ڕووكەشیەوە[4].
- قازی ئەبوبەكری باقللانی و هەندێك لە زانایان نە لەبریندارکردن و نە لە ڕاستاندندا ڕوونكردنەوە و وتنی هۆكار بە مەرج ناگرن، بنەمای ئەم حوكمەشیان لەسەر ئەوەیە كە ڕاستێنەر و بریندارکار پاش جێگیربوونی دادگەری و قوڵی بڕوای، هەر خۆی لەسەر حاڵی گێڕەرەوەكە قسە دەكات، هەموو زانایانیش كۆڕان لەسەر وەرگرتنی هەواڵ لە كەسی دادگەرەوە[5].
- بۆچوونی زانایانێكی تریش لەسەر ئەوەیە كە هیچ یەكێك لە ڕاستاندن و

---

[1] تدريب الراوي، السيوطي (١/ ٣٠٥).

[2] فتح المغيث، السخاوي (١/ ٢٩٩).

[3] فتح المغيث، السخاوي (١/ ٣٠١).

[4] هەمان سەرچاوە.

[5] شرح النووي على مسلم (٢٢١).

بریندارکردن بیٚ ڕوونکاری وەرناگیرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی هۆکارەکانی بریندارکاری و ڕاستاندن لە کەسێك بۆ کەسێکی دی جیاوازن، وەك ئەوەی لە ئەبو جەعفەری مەدائینییەوە دەگێڕڕێتەوە کە وتوویەتی: "بە شوعبە وترا بۆ فەرموودەی فلان کەست وازلێهێناوە، فەرمووی بینیم بە سواری بارگیرێکەوە ڕای دەکرد، منیش فەرموودەیم وازلێهێنا"[1]، ئەمەش بریندارکردنێکی شوعبەیە بە شتێك کە بریندارکردن هەڵناگرێت، یان کاتێك بە ئەحمەدی کوڕی یونسیان وت (عەبدوڵلای عومەری) لاوازە، ئەویش وتی تەنها رافزییە دڵ پڕ لە قینەکان بە لاوازی دەزانن لەبەر باو و باپیرانی، خۆ ئەگەر ڕیش و خەنەکردن و شێوەی ببینیت دەزانیت جێی متمانەیە[2]، لێرەدا ئەحمەدی کوڕی یونس بە ڕوانین لە ڕیش و خەنە و شێوەی ڕاستاندنی بۆ کرد، کە زانایان بەمە ڕاستاندن ناکەن.

- ئیبن عەبدولبەڕ ڕای وایە کە بریندارکردن دەرهەق کەسێك وەرناگیرێت کە ڕاستاندنەکەی لای زانایان چەسپابێت، وەك دەڵێت: "کاتێك دەڵێن فلان کەس درۆزنە، ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە بریندارکردنی بۆ بچەسپێت، تا ئەو کاتەی ئەوەی لە بارەیەوە وتراوە ڕوون نەبێتەوە"[3]، ئەمەش لەوەوە دێت کە ئەم زانایە ڕێبازی وایە کە گێڕانەوەی ڕاستێنراوان لە کەسانێکی ترەوە دەبێتە ڕاستاندن بۆ ئەوانیش.

- ئیمام ئەحمەد و ئیبن تەیمیە و ئیبن حەجەر ڕێبازیان وایە کە بریندارکردن پێویستە ڕوون بکرێتەوە ئەگەر لەبەرامبەر کەسێکدا وترا کە پێشتر ڕاستاندنی بۆ چەسپابێت، بەڵام بۆ کەسانێك کە ڕاستاندنیان بۆ نەچەسپاوە پێویست نییە

---

[1] الکفایة، الخطیب البغدادي (١٣٨).

[2] المعرفة والتاریخ، یعقوب الفسوي (٢/ ٦٦٥).

[3] التمهید، ابن عبد البر (٢/ ٣٤).

بریندارکردنەکە روون بکرێتەوە[1].

- **خـەتیبی بەغـدادی و هەنـدێك زانـای هـاوڕای پێیـان وایـە بریـندارکردن بـە** ناڕوونیش وەردەگیرێت لە کەسی شارەزاوە، بەڵام لـە کەسـی ئاسـاییەوە تـەنها بـە ڕوونکردنەوەوە وەردەگیرێت[2].

**٢ـ بەمەرجگرتنی ژمارە و پێچەوانەکەی:**

لەو باسانەی ڕاجیایی زانایانی فەرموودەی تێدایە، بابەتی بەمەرجگرتنی ژمارەی بریندارکاران، یاخود ڕاستێنەرانە بۆ کەسی مەبەست، کە زانایان تیایدا بوون بە دوو دەستەوە:

**دەستەی یەکەم:** پێیان وایە کە بریندارکردن و ڕاستاندن بێ شایەتی دوو کەس یان زیاتر جێگیر نابێت، چونکە بریندارکردن و ڕاستاندن شایەتییە و پەروەردگاریش شایەتیی بە دوو پیاو یان پیاوێك و دوو ئافرەت جێگیرکردووە.

**دەستەی دووەم:** ڕایان وایە کە بریندارکردن و ڕاستاندن بە وتەی تەنها کەسێك وەردەگیرێت، ئەم ڕایەیان لەوەوە دێت کە قسەکردن لەسەر گێڕەرەوەکان بە هەواڵدان دادەنێن نەك شایەتیدان، **هەواڵدانیش لە تەنها کەسێك وەردەگیرێت ئەگەر** متمانە پێکراوبوو، ئەمەش ڕای نەوەوی و ئیبن صەلاح و ئیبن حەجەر و سیوتی و کۆمەڵی (جمهور) زانایانە[3].

لێرەدا گرنگە بزانین لە کاتی دژیەك وەستانەوەی بریندارکردن و ڕاستان بۆ تەنها کەسـێك، ئـەوا بریـندارکردن لەپێشـترە و ڕاسـتاندنەکە وەلادەنرێـت، چـونکە ڕاستێنەرەکە باس لە لایەنێکی دیاری کەسەکە دەکات، بـەڵام بریـندارکار بـاس لـە

---

[1] تهذيب التهذيب (٧/ ٢٣٧)، تدريب الراوي، السيوطي (١/ ٣٠٨)، مقدمة فتح الباري، ابن حجر (٤٢٩).

[2] الكفاية، الخطيب البغدادي (١٣٥).

[3] شرح النووي علي مسلم (١/ ١٢٥)، مقدمة ابن صلاح (٢٢٣)، ميزان الاعتدال، شمس الدين الذهبي (٨/ ٥)، تدريب الراوي، السيوطي (١/ ٣٠٨).

لایەنێکی کەسەکە دەکات کە لـە ڕاسـتێنەر شـاراوە بـووە، کەواتـە بریندارکردنەکـە هەواڵدانێکە لە شـاراوەیەك و زانینێکـی زیـاترە، بۆیـە پێویسـتە وەربگیرێـت، ئەمـە لەکاتێکدایـە کـە پێویســتە هۆکـاری بریندارکردنەکـە ڕوونبکرێتــەوە، هەرچـەندە ڕاستێنەرەکان زۆریش بن، ئەمەش ڕای کۆمەڵی (جمهور) زانایانە و هەر ئاوا کاریـان پێکردووە[1].

## بەکارهێنانەکانی زانستی جەرح و تەعدیل:

ئاشکرایە ئەم زانستەش وەك هەر زانست و داهێنـان و بـەکارهێنراوێکی تـر، لای تەواوی مرۆڤەکان بە هەردوو لایەنی باش بـەکارهێنان و خـراپ بەکارهێنانـدا دیـوی جیاوازی هەیە، ناکرێت بەوپەڕی ڕەهایی و دڵنیاییەوە تەماشا بکرێت و ببێتە بنەما بـۆ هـەر هەڵسـەنگاندنێك، یـاخود بڕیـاردانێکی کۆتـایی کەسـانێك لەسـەر تـەواوی دەوروبـەریان، ئەمــەش هــەردوو لقــی زانســتەکە دەگرێتــەوە. بەمانایــەکی تــر بریندارکردن و ڕاستاندن کاری هەرکەسێك نییە، پێویستە سەرەڕای بوونی تـەواوی مەرج و پێداویستییەکانی بەکارهێنانی ئەم زانستە، ئەوەش بزانرێت کە بۆچی و لـە چ پێناوێکـدا بریندارکردن یـاخود ڕاسـتاندن بـۆ کەسـێك دەکرێـت؟ لـە کـام بـواردا پێنووس و گوفتار دەخرێتەگەڕ بۆ ناساندن.

لێرەوە دەچینە سەر ئەو بابەتەی کە بە درێژایی مێژووی مسوڵمانان و بەتایبەت لە سەرەتای ناولێنانی ئەم زانستەوە تا ئێستا، بە هەردوو دیوی درووست و نادرووستدا بەکارهێنراوە.

---

[1] الكفاية، الخطيب البغدادي (١٠٦) بەدەستکارییەوە.

**بەکارهێنانە دروستەکانی ئەم زانستە**

بەکارهێنانی درووستی ئەم زانستە لە چەند روویەکەوەیە:

١ـ بەمەبەستی پاراستنی فەرموودە لە هەر باس و بابەت و شتێکی نادرووست کە تێکەڵی کراوە، یان هەوڵی تێکەڵکردنی دراوە و دەدرێت، وەك یەکێك لە بنەماکانی هاتنەدی مەبەستی ڕوونی ئایەتی ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ (الحجر: ٩)، واتە: (بە دڵنیاییەوە ئێمە زیکرمان دابەزاندووە و بە دڵنیاییەوە هەر ئێمە پارێزەری ئەو زیکرەین)، کە ئاشکرایە وشەی زیکر لێرەدا قورئان و فەرموودە دەگرێتەوە، چونکە فەرموودە، یاخود سوننەت، هاوشێوەی قورئانی پیرۆز، بە سرووش بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هاتووە، هەروەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيكَ الذِّكْرَ لِتُبَينَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (النحل: ٤٤)، واتە: (ئێمە زیکرمان بۆ تۆ دابەزاندووە تا ڕوونکردنەوە بکەیت بۆ خەڵك ئەوەی بۆیان دابەزێنراوە، بەڵکو بیربکەنەوە). هەروەها پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى * إِنْ هُوَ إِلاَّ وَحْي يوحَى﴾ (النجم: ٣ـ ٤)، واتە: (لە ئارەزووەوە قسە ناکات. بێگومان ئەو قسانەی سرووشە و ئاڕاستەکراوە)، کەواتە پەروەردگار زیکر دەپارێزێت. گوفتارەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ناوی زیکری لێنراوە لەلایەن پەروەردگارەوە و هیچ کاتێکیش فەرموودەکان لە ئارەزووەوە نەبوون و سرووشێکی دابەزێنراون.

دەبێت ئەوەش بزانین کە ناکرێت دوور لە فەرموودە کار بە قورئانی پیرۆز بکەین، چونکە فەرموودە ڕوونکەرەوەی قورئانی پیرۆز و مەبەستی پەروەردگارە بۆ هەر ئایەتێکی گشتگیر و هەر دەستەواژەیەکی فراوان یاخود تایبەت و دەستنیشانکەر و تەواوکار و شیکەرەوەیە بۆی. لە گرنگترین ئامڕازەکانی پاراستنی فەرموودەش میهرەبانی و ڕێنمایی پەروەردگارە بۆ تەواوی گەلی ئیسلام، بە داهێنان و دانانی زۆر وردی زانستی بریندارکردن و ڕاستاندن، لەلایەن زۆرێك لە

زانایانی پایەبەرزی مسومان و پێشینی چاك و ڕوون و ڕۆشنکردنەوەی بنەماکانی، تا ئەوەی کە تەواوی مسوڵمانان لە گشت سەردەمەکاندا بە باش وەریانگرتووە.

٢ـ ئەم زانستە بۆ لێکۆڵینەوە لە گێڕەرەوەکانی فەرموودە بەکاردێت، بۆ ئەوەی ئەو گێڕەرەوانە بناسرێن کە فەرموودەیان لێوەردەگیرێت و جێی متمانەی زانایانن، جیابکرێنەوە لەو گێڕەرەوانەی کە لاوازن و فەرموودەیان لێ وەرناگیرێت، زانستێکە کە لە گێڕەرەوەکانی فەرموودە دەدوێت و لەسەریان بنیاتنراوە و وردترین و هەستیارترین بابەتی زانستی فەرموودەیە، لە هەر لقێکی تری ئەو زانستە بەرز و بالاتر و بەنرخترینیانە و بەهۆی ئەم زانستەوەیە فەرموودەیەك وەردەگیرێت یان بە پێچەوانەوە، ئەویش بە هەڵسەنگاندنی پاڵپشت (سەنەد)ی فەرموودەکە، کە بریتییە لە کۆی پیاوانێك کە گێڕانەوەکان لە پێغەمبەرەوە (درוودی خوای لەسەر) دەگێڕنەوە و دەگوێزنەوە.

٣ـ پێویستە بەکارهێنانی ئەم زانستە بەگوێرەی ئەو مەرجانە بێت کە زانایانی ئەم بوارە بە مەرجیان گرتووە، کە دەبێت لەو کەسەدا بێتەدی کە ڕاستاندن یاخود بریندارکردن دەکات، کە لەم چەند خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە:

أـ پێویستە کەسی ڕاستێنەر و بریندارکار شارەزابێت بە هۆکار و بەکارهێنراوەکانی زانستەکە: هەروەك ئیبن حەجەر دەڵێت: "بەچاکزانین لە کەسی شارەزا بە هۆکارەکانی بەچاکزانین وەردەگیرێت، نەك لە کەسێك کە شارەزا نەبێت، تاوەکو تەنها بە ڕووکەش بەچاکزانین نەکات بەبێ شارەزایی و تاقیکردنەوە"[١]، هەروەها خەتیبی بەغدادی دەڵێت: "ئەوەی کە تایبەتمەندییەکانی کەسی فەرموودە گێڕەرەوەی ڕاستاڵی پێ دەناسرێتەوە دوو بەشە، بەشێکیان هەموو کەس ئەتوانێت پەی پێبەرێت، وەك سەرڕاستی لە کڕین و فرۆشتن و ئەمانەتپارێزی و گەڕاندنەوەی سپاردە و دەنجامدانی فەرزەکان و خۆ دوورگرتن لە تاوان، بەشی دووەمیان ئەو

---

[١] شرح النخبة، ابن حجر (١/ ١٧٦).

بابەتەیە کە پێویستە لە کەسی گێڕەرەوەدا هەبێت، وەك بەئاگایی و بیرتیژی و زانینی چۆنێتی دەربڕینی فەرموودە و مەرجەکانی و خۆپارێزی لە وتنی شتێك کە لە فەرموودەکان نەبێت، ئەمانە تەنها کەسانی شارەزا بە بواری ئەم زانستە دەیزانن و ڕێپێدراو نییە لەم بارەیەوە بۆ قسەی خەڵکی ئاسایی بگەڕێینەوە، ئیدی کەسانێك کە زانایانی ئەم بوارە ڕاستاڵیی بۆ بکەن و بڵێن دەتوانین پشت بە گێڕانەوەکانی ببەستین، ئەوا فەرموودەی لێوەردەگیرێت، هەرکەسێکیش پێچەوانەی ئەمەیان لەسەری وت، ئەوا پێویستە لێی بوەستین"[1].

ب ـ پێویستە کەسێکی ڕاستاڵی بە ئاگا بێت: هەر وەك ئیبن حەجەر دەڵێت: "پێویستە ڕاستاندن و بریندارکردن لە کەسێك وەرنەگیرێت مەگەر زۆر ڕاستاڵ و بەئاگا بێت، ئاگاییەك کە بتوانێت بەرپرسیارێتی بەدواگەڕان و چەسپاندنی ئەو حوکمانەی هەبێت کە لێوەی دەردەچێت"[2]. مەرجی ڕاستاڵییش هەر سێ تایبەتمەندیی (تەقوا و وەرع و ڕاستگۆیی) دەگرێتەوە، هەربۆیە کەسانێك کە ئەم تایبەتمەندییانەیان تێدا نەبووبێت بریندارکردن و ڕاستاندنیان لێوەرنەگیراوە، هەروەها ئیمامی زەهەبی دەڵێت: "قسەکردن لەسەر گێڕەرەوەکان پێویستی بە وەرعێکی تەواو و بێبەریبوون لە ئارەزوو لایەنگیری هەیە"[3].

ج ـ دووربوون لە دەمارگیری: زانایان ئەم تایبەتمەندییەیان بە مەرج گرتووە کە کەسی بریندارکار دەرمارگیریی نەبێت لەسەر بریندارکراوەکەی و کینەیەك وای لێنەکات کە سنووربەزێنی بەرامبەر بکات[4]، هەروەها عیززی کوڕی عەبدوسسەلام دەڵێت: "هیچ شاهیدێك بۆی نییە بە دوو تاوان کەسێك بریندار بکات، ئەگەر دوو

---

[1] الكفاية، الخطيب البغدادي (٩٢– ٩٣).

[2] شرح النخبة، ابن حجر (١/ ١٧٧).

[3] ميزان الاعتدال، شمس الدين الذهبي (٤/ ١).

[4] الرفع والتكميل في الجرح والتعديل، اللكنوي (١٢٤، ١٢٦).

تاوان له كەسێكدا بینرا دروست نییه به تاوانه گەورەكەیان بریندارى بكات كه پێویستى پێى نییه و، ئەگەر هەردوو تاوانەكه وەك یەك بوون ئەوا دانەیەكیان باس دەكات[1].

د ـ شارەزایى زمانى عەرەبى و بەكارهێنانەكانى و ناسینى زاراوەكانى ئەم زانسته: بۆ ڕێگریكردن لەوەى وشەیەك بۆ شوێنى نەشیاو بەكارنەیەت و بریندارکردنەكه به بەكارهێنانى وشەیەك له زانایانەوه نەگوێزێتەوه كه بۆ ئەو مەبەسته بەكارنەهێنراوه و بەهەڵەدا نەچێت له دانانى دەستەواژه خەیاڵبەرەكاندا، "بەتایبەت لەو كاتانەدا كه بریندارکارەكه ڕێى دەكەوێته ڕەخنەگرتن له قسه و گێڕانەوەكانى گێڕەرەوەكەش، هەر بۆیه ئەگەر شارەزایى زمان و وشەكان نەبێت چۆن دەتوانێت ڕەخنەى لێ بگرێت"[2].

## شێوازەكانى خراپ بەكارهێنانى ئەم زانسته :

له شێوازەكانى خراپ بەكارهێنانى ئەم زانسته، دوو نموونەى زۆر بەرچاو وەردەگرین، كه دیارترین ڕوانگەن بۆ خراپ بەكارهێنانى زانستەكه و لەجێى پێویستدا نەبوونى بریندارکردن و ڕاستاندنى زانایان و كەسایەتییه بەناوبانگەكان بۆ یەكتر و ڕێبازى یەكدى، ئەو دوو بەكارهێنانەش بریتین له:

**یەكەم: قسەى هاوتاكان (الأقران):**

لەبەرئەوەى حوكمدان بەسەر فەرموودەدا كه درووست بێت یان لاواز، لەسەر چەند شتێك وەستاوه، ئەوانیش ڕاستاڵى (عەدالەت)ى گێڕەرەوه و چەسپاوى لەبەركردن و نووسراوەكانیان، یان بەپێچەوانەوه، لەمەشدا هەندێك له پیاوانى فەرموودە ڕاستاندن یان بریندارکردنیان بۆ یەكدى كردووه، كه گرنگه لەسەر

---

[1] قواعد الأحكام، العز بن عبد السلام (١/ ٩٧).

[2] أصول الجرح والتعديل، نور الدين عتر (٩٥).

بریندارکردنی یەکدی لە نێوان هاوتاکاندا بدوێین، کە زۆر جار ئیرەیی و خۆپەسەندی ڕۆڵی کاریگەری لەم بوارەدا بینیوە.

ئیبن عەبدولبەڕ لە کتێبی (جامع بیان العلم وفضله)دا، لە بابی (حوکمی قسەی زانایان لەسەر یەکدی) چەند فەرموودە و شوێنەوارێکی باسکردووە لەوانە: لە زوبەیری کوڕی عەوامەوە: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: "نەخۆشی گەلانی پێش خۆتان بۆتان کشاوە، ئیرەیی و ڕقلێبوونەوە، ڕقلێبوونەوەکە تاشێنەرە، ناڵێم موو ئەتاشێت، بەڵکو ئایین دەتاشێت"، هەروەها لە ئیبن عەبباسەوە، فەرموویەتی: "گوێ لە زانستی زانایان بگرن و بڕوا بە قسەیان لەسەر یەکدی مەکەن، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە زۆرتر لە بەرانەکانی نێو یەك تەویلە ئیرەیی بەیەك دەبەن"، هەر لە ئیبن عەبباسەوە کە فەرموویەتی: "زانست وەرگرن لە هەر کوێ بینیتانەوە، بەس قسەی زانایان لەسەر یەکدی وەرمەگرن، چونکە ئیرەیی بەیەك دەبەن وەك ئیرەیی بەرانەکانی نێو هەمان تەویلە"[1].

لە حەسەنی کوڕی ئەبو جەعفەرەوە دەگێڕنەوە، وتی لە مالیکی کوڕی دینارم بیست کە دەیوت: "بەگوێی قسەی زانایان و قورئانخوێنان دەکرێت لە هەموو شتێکدا تەنها لە قسەکردنیان لەسەریەك نەبێت، هەر بەڕاستی ئەوان ئیرەیی بەرترن لە بەران، شەکێکی قۆچ وەشێنیان بۆ دابنێ ئەمیان لێرەوە قۆچی لێ دەدا و ئەویان لەوێوە"، هەروەك عەبدولعەزیزی کوڕی حازم دەڵێت: گوێم لە باوکم بوو دەیوت: "لە سەردەمی پێشوودا ئەگەر زانایان بگەیشتنایە بە کەسی لە خۆیان زاناتر، ئەوا ڕۆژی دەستکەوتیان بوو، خۆ ئەگەر بە هاوشانی خۆیان بگەیشتنایە ئەوا هەندێك شتیان پێکەوە تاوتوێ ئەکرد، ئەگەریش بە لەخۆیان کەمتر بگەیشتنایە، خۆیان بەسەردا ڕانەدەدا، تا ئەم سەردەمە داهات، وای لێهاتووە پیاو

---

[1] جامع بيان العلم وفضله (٢/ ٢٩٣).

سەروو خۆی نەنگ دەكات تا لێی دابڕێت و خەڵك ببینن كە ئەم پێویستی بەو نییە، لەگەڵ هاوشانی خۆیشی دانانیشێت و خۆشی ڕادەدات بەسەر لەخۆی خوارتردا، ئیتر خەڵكی بەمە تیاچوون".

هەر بۆیە ئیبن عەبدولبەڕ لە دوای باسكردنی ئەو فەرموودە و ئەو پەڕانەی سەرەوە دەڵێت: "قسەی ڕاست و دروست لەم بابەدا ئەوەیە كە هەر كەسێك ڕاستاڵییەكەی پشتڕاست بووەوە و دەستپاكیی لە زانستدا چەسپا و متمانە و گرنگیپێدانی بە زانست ڕۆشن بووەوە، ئیتر ئاوڕ بەلای قسەی هیچ كەسێكدا نادرێتەوە لەسەری، مەگەر بۆ بریندارکردنی بەڵگەیەکی ڕوون و دادگەرانە بهێنێت بە پێوەرەكانی بوونی شایەت و لێڕوانین، بەڵام ئەگەر كەسێك لەم زانستەدا بە پێشەوا نەناسرابوو، هەروەها ڕاستاڵیی لەبارەوە نەزانرابوو، پاشان گێڕانەوەكانی درووست نەبوون بەهۆی لەبەرنەكردن و باش نەزانینەوە، ئەوا هەر بەو چاوە سەیر دەكرێت كە زانایان لەسەری كۆدەنگ دەبن، بەڵگەش لەسەر ئەوەی كە تانە لەسەر كەسێك وەرناگیرێت كە كۆمەڵی زانایان بە پێشەوایان زانیوە ئەوەیە كە پێشین قسەی زۆریان لەسەر یەكدی كردووە لەكاتی هەڵچووندا و هەندێكیشیان بە ئیرەیی ئەژمار دەكرێن، هەروەك پێشتر وتەی ئیبن عەبباس و مالیكی كوڕی دینار و ئیبن حازممان هێنایەوە. ئەمەو لە چەند ڕێیەكەوە بە درووستی لە ئیبن موعینەوە ئەگێڕڕێتەوە، كە زۆرجار قسەی لەسەر ئیمامی شافیعی دەكرد، تا گەیشتە ئەوەی ئیمام ئەحمەدی كوڕی حەنبەل ڕێگریی لێكرد و وتی: بە هەردوو چاوانت كەسی وەك شافیعیت نەبینیوە. هەروەك لە موغیرەوە دەگێڕنەوە كە وتوویەتی: حەمماد وتی بە عەتا و تاووس و موجاهید گەیشتووم، منداڵەكانتان لەوان زانیاریدارترن، بگرە منداڵی منداڵەكانیشتان، موغیرە وتی: ئەمە لە سنوور دەرچوونی حەممادە، ئیبن عەبدولبەڕ وتی: موغیرە ڕاستی وتووە، چونكە ئەبو حەنیفە نزیكترین كەس بووە لە

حەمماد و فەزلی عەتائی ئەدا بەسەر حەممادا[1].

هەروەها ئیمامی زەهەبی ئاماژەی بەوە داوە کە "قسەی هاوتاکان لەسەر یەکتری گوێی پێنادرێت، بەتایبەت ئەگەر وا بۆت دەرکەوت کە لەبەر دژایەتی یان ڕێبازگەری یاخود ئیرەییە، کە هیچ کەس لێی ڕزگار نابێت مەگەر خودای گەورە بۆخۆی بیپارێزێت، نەشمزانیوە سەردەمێك هەبووبێت کە خەڵکەکەی لەمە بێوەی بووبن جگە لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان، خۆ ئەگەر بتەوێت چەندین تیانووس لەو بابەتە پڕدەکەمەوە"[2]. هەر ئیمامی زەهەبی دەگێڕێتەوە کە: قەتادە لای یەحیا باسکرا، یەحیا وتی: خەڵکی شاری بەصرە لە خراپە دەرناچن تا قەتادەیان تێدا بێت، منیش دەڵێم ـزەهەبیـ: قسەی هاوتاکان دەپێچرێتەوە و ناگێڕڕێتەوە، کاتێك شتێکی وا باسکرا ئەوا زانای فەرموودەناس لێی وردەبێتەوە ئەگەر باسی تری بەدواوە بوو، ئەگەرنا پشتی تێدەکات"[3].

دووبـارە ئیمـامی زەهــەبی دەڵێـت: ئیبراهیمـی کـوڕی مـونزیر لـە محەمـەدی کـوڕی فولەیحەوە دەڵێت: مالیك ڕێگریی لیَ دەکردم لە دوو کەڵـە پیـاوی قورەیشـی، خۆیشـی لە (موطأ)دا زۆری لێوە گێڕاونەتەوە و هـەردووکیان لـەو کەسانەشـن کـە وتـەکانیان بـە بەڵگە بهێنرێتەوە، جا زۆر کەس ڕزگاری نەبووە لە قسـەی هەنـدێك لـە خـەڵك، هـەروەك ئەوەی لە ئیبراهیمەوە دەگێڕڕێتەوە لەسەر شوعبی و قسـەی شـوعبی لەسـەر عیکریمـە و... هتـد، تـا گەیشـتووەتە ئـەوەی هەنـدێکیان قسـەیان لەسـەر خـود و نـەفس و ناموسیش کردووە، بەڵام زانایان ئاوڕیان لەم بابەتانـە نەداوەتـەوە مەگـەر بـە بەڵگـە و ڕوونکردنـەوەوە بووبێـت، هـیچ کـاتیش ڕاسـتاڵی (عەدالـەت)ی کەسـێکیان لەبەرچـاو نەکـەوتووە تـەنها بـە بەڵگـەی زۆر ڕوون و چەسـپاو نـەبێت... دەڵـێم ـ زەهـەبی ـ هـیچ کاتێك بێگەردی لە هەڵەی بچووك ناخەینە پـاڵ پێشـەوایانی برینـدارکردن و ڕاسـتاندن و

---

[1] سەرچاوەی پێشوو (٢/ ٢٩٦).

[2] میزان الاعتدال، شمس الدين الذهبي (١/ ١١١).

[3] سير أعلام النبلاء، شمس الدين الذهبي (٥/ ٢٧٥).

ناڵێین هەرگیز بە هەناسە توندی قسەیان لەسەر کەسێك نەکردووە کە لە نێوانیاندا لێککەوتن هەبووبێت، بەڵام ئەوە زانراوە کە قسەی هاوتاکان لەسەر یەکدی بەفیڕۆ دەدرێت و وەرناگیرێت، ئەیٚ زۆر جاریش ئەگەر پیاوێك کۆمەڵێکی بەدڵ بوو ئەوا لە قسەکانیدا لەسەریان خۆشگۆیی هەست پێدەکرێت[١].

**دووەم: دەمارگیریی ڕێبازگەری:**

کاتێك قسەی هەندێك لە گەورە پیاوانی ئەم بوارە دەخوێنینەوە کە بریندارکردنی بۆ هەندێك ڕێباز (مەزهەب) تێدایە، ڕەنگە خەیاڵمان بۆ ئەوە بچێت کە ناکرێت قسەکانیان ڕاستیی تێدا نەبێت، بەتایبەت کە ئەگەر ژیاننامەکانیان بخوێنینەوە دەزانین کە خاوەن پێگەی زانستی و ئیمانی بوون، ئیدی دوور ئەبێت بەلامانەوە کە تانە و بریندارکردنەکانیان بیٚ هۆکار و بیٚ سەرچاوە بوو بێت، بەڵام پاش پشکنین و بەدواداچوون لە زۆربەی حەڵەتەکاندا تەواو پێچەوانەکەیمان دەستدەکەوێت، بەتایبەت کە بزانین لەم کارەیاندا هیچ پێوەرێکی زانستی و بگرە هەندێك جار هیچ لە خواترسانێکیش نەبووە لە تۆمەتبارکردنی بەرامبەرەکانیاندا.

بۆیە وەك چۆن لە هەریەك لە کتێبە بەناوبانگەکانی (مقدمة ابن صلاح: ٥١)، (سیوتی: تدریب الراوی: ١/ ٣٠٨)، (سەخاوی: فتح المغیث: ٢/ ١٢١)، (ئەبولفەزڵی عێراقی: التقیید والإیضاح: ١٤٠)، (ئەبولفەزڵی عیراقی: شرح التبصرة والتذكرة، بەیتی ٢٧٠: ١/ ٣٣٦)، (لەکنەوی: رفع التكمیل: ٤٠٩)، (خەتیبی بەغدادی: الكفایة: ١٠٧) و (زەهەبی: رواه الثقات: ٢٣)دا هاتووە، لەبەر زۆریی حاڵەتی بریندارکردن بەهۆکاری مەزهەبگەرایی، ژمارەیەك لە زانایانی فەرموودە، لە نێویاندا بوخاری و مسولیم ڕایان وایە تانەی ڕووننەکراوە نابێتە بەڵگە، تەنانەت پێشەوا نەسائی لەگەڵ ئەوەی لە زانایانی زۆر توندە لە بابەتی بریندارکردن و ڕاستاندن، بەڵام هەندێك

---

[١] هەمان سەرچاوە (٧/ ٤١).

کەسی جیاکردووەتەوە لەوانەی کە بوخاری و مسولیم بە بەڵگەیان داناون[1]، بۆ کارکردن بە گێڕانەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە کۆدەنگ نەبوون لەسەر وازلێهێنانی[2]، بەم هۆیەوە زۆربەی زانایان بریندارکردنی هاوتاکان بە بەڵگە وەرناگرن، چونکە سەرچاوەی زۆربەی بریندارکردنەکانیان دژیەکی و ئیرەیی و ڕێبازی جیاوازبووە.

لەم بارەیەوە پێشەوا زەهەبی پاش پیاهەڵدانێکی شایستە و بەجێ بۆ پێشەوا شافیعی، گێڕانەوەکان لە یەحیای کوڕی موعینەوە باس دەکات، کە لە محەمەدی کوڕی وەززاحەوە دەڵێت: لە یەحیام پرسی دەربارەی شافیعی، وتی جێی متمانە نییە، تا دەگاتە ئەوەی دەڵێت ـ زەهەبی ـ: قسەکانی ئیبن موعین لەسەر شافیعی لە تێڕامان و لێکۆڵینەوەوە نەبوو، بەڵکو تەنها زمان نەپاراستن و ئارەزوو و دەرمارگیری بوو، چونکە ئیبن موعین لە حەنەفییە توندەکان بوو لەسەر ڕێبازەکەی، هەروەها ئەب عوبەید و ئەحمەدی کوڕی عەبدوڵڵای عەجلی ڕایان نەشیاو بوو لەسەر شافیعی، تەنانەت عەجلی ئەیووت: شافیعی متمانەپێکراوە و خاوەن ڕای خۆیەتی و هیچ فەرموودەیەکی لا نییە و خەریکبوو دەبوو بە شیعە، ئەم قسەیەشی لەوەوە بوو کە پێشەوا شافیعی لە دێڕە شیعرێکدا فەرموبووی:

**گەر ڕافزبوون بێت خۆشەویستی ئالی محەمەد**

**با مرۆڤ و جن شایەت بن ئەمن ڕافزیم**

هەندێکیش لە دژەکانی لە گەورە پیاوانی مالیکی هەر ڕایان لەسەر پێشەوا شافیعی وابوو کە دەیانووت خەریکبوو ببێت بە شیعە، ئەمەش لەبەر ئەوەی لە هەندێك بابەتی لاوەکیدا هاوڕابوو لەگەڵ فەقیهە شیعەکاندا کە ئەوانیش لەوانەدا لاڕێ نەبووبوون و پێکابوویان، وەك دەنگ هەڵبڕین بە (بسم الله)ی ناو نوێژ و

---

[1] النكت علي كتاب ابن صلاح، ابن حجر (١/ ٤٨٢).

[2] علوم الحديث، ابن صلاح (٣٣).

خوێندنی قنوتی بەیانیان، بەڵام ئەمە زێدەڕەوییە لەسەر پێشەوا شافیعی بوترێت، پەلەکردنە لە بڕیاردان و سنووربەزێنییەکی ڕوونە بەرامبەری[1].

هەر لە بابەتی ڕێبازگەری و ئەو دەمارگیرییەی کە هەر لایەك بۆ ڕێبازەکەی خۆی دەریدەبڕی، کار گەیشتە ئەوەی کە هەندێك لە حەنبەلییەکان کەوتنە کافرکردنی ئەشعەرییەکان، وەك (ئەبو حاتەمی کوڕی خامۆش) گەورە زانای حەنبەلییەکانی شاری (ڕەی) دەیوت: هەرکەسێك حەنبەلی نەبێت مسومان نییە[2].

لەو کەسانەش کە زۆرجار بە پاڵنەری هەوا و ئارەزوو، یان دەمارگیری بڕیاریان دەدا، ئەبو ئیسحاقی جوزجانییە، کە پێشەوا ئیبن حەجەری عەسقەلانی لەبارەیەوە دەڵێت: کەسێك بە وردی تەماشای هەڵوێستەکانی ئەبو ئیسحاقی جوزجانی بکات دەربارەی خەڵکی کوفە، شتی زۆر سەیر دەبینێت، چونکە زۆر تووندڕەو بووە لە سوننە بوونیدا و زۆربەی خەڵکی کووفەش لەسەر ڕێبازی شیعە بوون، ئیدی بە زمانێکی بریندارکارانە قسەی دەرکرد و لێنەئەوەستا، بۆیە دەبینی کەسانێکی وەك ئەعمەش و ئەبو نەعیم و عوبەیدوڵڵای کوڕی مسوا و گەورە پیاوانی فەرموودە و پایەکانی هەڵگری زانستی گێڕانەوە زۆر بریندار دەکات[3].

---

[1] رواه الثقات، الذهبي (٣٠).

[2] ذيل طبقات الحنابلة، زين الدين سلام البغدادي (١/ ١٢٠).

[3] لسان الميزان، ابن حجر (١/ ١٦).

## لێکەوتەکانی زانستی جەرح و تەعدیل:

بۆ دڵنیابوون لە لێکەوتە زانستییەکانی ئەم زانستە لە بوارە جیاوازەکانی زانستی فەرموودە، وەك ناسینی پیاوانی گێڕەرەوە و ناسینی سەنەد و زانینی پلەکانی فەرموودە پیرۆزەکان و ئەو کتێبە بەنرخانەی تێیاندا کۆکرانەوە، پاشان تێگەیشتن لە ڕاجیایی زانایانی سەردەم دەربارەی چۆنێتی پیادەکردنی ئەم زانستە لەم سەردەمە.

**لێکەوتە زانستیەکانی زانستی جەرح و تەعدیل**

تاوەکو بە تەواوی لە زانستی بریندارکردن و ڕاستاندن تێبگەین، پێویستە لە بەرهەمەکانی زانستەکە و لێکەوتەکانییەوە بڕوانینە گرنگییەکەی بۆ بواری فەرموودەناسی و ناسینەوەی پیاوانی فەرموودە و هەر بوارێکی دی کە ئەم زانستەی بۆ بەکارهێنراوە، کە پاش بەدواداچوونی ورد دەتوانین گرنگترین لێکەوتە زانستیەکانی ئەم زانستە لە چەند بوارێکدا ببینین:

**١. ناسینی پیاوانی گێڕەرەوەی فەرموودە:**

لەم ڕێگەیەوە توانرا قسە لەسەر زۆربەی هەرە زۆری گێڕەرەوەکان بکرێت و بریندارکردن و ڕاستاندنیان بۆ بکرێت، پاشان لە ڕووی پلەبەندییان بەم زانستە بکرێن بە چەند بەشێکەوە:

**یەکەم:** کۆمەڵێکن کە زانایان کۆدەنگن لەسەر متمانەپێکراوییان و هەر بۆخۆیان بەڵگەن لەسەر ڕاستێتی گێڕانەوەکانیان و هیچ کەس تانەی لە ڕاستاڵی و باوەڕپێکراوییان نەداوە، نموونەشیان وەك (مالیکی کوڕی ئەنەس، سوفیانی سەوری، سوفیانی کوڕی عویەینە، شوعبەی کوڕی حەججاج، ئەبو عەمری ئەوزاعی، لەیسی کوڕی سەعد، حەممادی کوڕی زەید، عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك، یەحیای کوڕی سەعیدی قەتتان، عەبدولڕەحمانی کوڕی مەهدی، وەکیعی کوڕی جەڕڕاح، یەزیدی کوڕی هارون، عەففانی کوڕی مسولیم، ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، عەلی

کوڕی مەدینی و یەحیای کوڕی موعین)[1].

**دووەم:** کۆمەڵێکن بە پێچەوانەی یەکەمەوە، زانایان هاودەنگن لەسەر متمانە پێنەکراوییان و بە ئاشکرا تۆمەتبارن بە درۆکردن، ئەم جۆرە هەموو ڕاوییەك دەگرێتەوە کە گشت پێشینان ڕێککەوتوون لەسەر وازلێهێنانیان و نابنە بەڵگەی ڕاستیی گێڕانەوەکانیان، واتە هەموو ئەو کەسانەی لە خوار پلەی متمانەپێکردنەوەن، جا ئیدی ئەگەر متمانەپێکراوێکی وا بێت کە بە تەنیا متمانەکەی لەدەستبدات، یاخود (ناسراوی و نەناسراوی بکات: واتا هەندێکجار فەرموودەی ناسراو دەهێنێت و هەندێکجار فەرموودەی نەناسراو دەهێنێت، بەم پێیەش فەرموودەکانی پێویستی بە بەرامبەرکردن و خستنەڕوو هەیە لەگەڵ فەرموودەی کەسانی باوەڕپێکراو)، یان کەسێکی لاوازە، یان زۆر لاوازە، یان وازلێهێنراو، یان تۆمەتبارە، یان هەرکەسێکی تری لەم شێوەیە کە ڕەخنەگرانی ئەم بوارە ڕێککەوتوون لەسەر بە بەڵگەنەبوونیان بەتەنیا یاخود بەهیچ شێوەیەك لە شێوەکان. ئیمامی نەسائی دەڵێت: "درۆزنە ناسراوەکان کە فەرموودەیان دادەنا چوار کەسن، ئیبن ئەبی یەحیا لە مەدینە، واقیدی لە بەغداد، موقاتیل لە خوراسان، محەمەدی کوڕی سەعیدی لەخاچدراو لە شام"[2].

**سێیەم:** هەڵواسراوە بە هەردوو جۆری پێشتر و جۆری دواتری لێدەبێتەوە، کەسانێکن کە بە شەرت و مەرجی تایبەتەوە دەبنە بەڵگە، هەروەك ئەوەی زانایان کەسانێك بە لاواز دادەنێن بە لایەنی هەندێك لە مامۆستا یان خوێندکارەکانییەوە، یان بە لایەنی گێڕانەوەکانی لە یادگەی خۆیەوە، یاخود بەلایەنی ئەوەی کە دوای لێتێکەڵبوونی گێڕاویەتییەوە، کەوابوو جگە لەم حاڵەتانە کەسێکی متمانەپێکراوە، بۆ نموونە زانایان زوهەیری کوڕی محەمەدیان بە لاواز زانیوە لەو گێڕانەوانەی کە

---

[1] الكفاية، الخطيب البغدادي (٨٦، ٨٧).

[2] تدريب الراوي، السيوطي (٣٣٨).

شامییەکان لێیان گێڕاوەتەوە، هەروەها چەند کەسێکی تریشیان بە لاواز داناوە لەبەر هەندێك لە مامۆستاکانیان، یان لەو گێڕانەوانەی کە دوای لێتێکەڵبوون گێڕاویانەتەوە، ئیدی دواتر بە ڕەهایی ئەم لاوازییەیان باس دەکرێت و خەڵکی وا دەزانن، کە زانایان ئەم پیاوانەیان لە هەموو شتێکدا بە لاواز داناوە[١].

**چوارەم:** کەسانێکن کە زانایان ڕاجیاییان هەیە لەسەر بەڵگەبوونیان، بەشێك لە زانایان لە پلەی بەڵگەبووندا دایان دەنێن، بەشەکەی دی لەو پلەیەدا دایان نانێن، وەك جابری ئەلجوعەفی، کەسیری کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەوف، محەمەدی کوڕی ئیسحاق و عیکریمەی خزمەتکاری ئیبن عەبباس[٢].

**٢. ناسینی سەنەد:**

دەکرێت بوترێت لێرەشدا سەنەدی فەرموودەکان بەهۆی ناسینی گێڕەرەوەکانەوە لێکجیاوازن، بۆ نموونە هەندێك فەرموودە ناوی ڕاسترین سەنەد (أصح الأسانيد)یان وەرگرتووە، ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی چۆنێتی گێڕانەوەکە، بۆ نموونە بەڕای ئیمامی بوخاری ڕاسترین سەنەد ئەو سەنەدەیە، کە بەم شێوەیە بێت: (مالك عن نافع عن ابن عمر)[٣]، هەروەها ئیسحاقی کوڕی ڕاهەوەی دەڵێت: "ڕاسترین سەنەد بریتیە لە سەنەدی (الزهری عن سالم عن أبيه"[٤]، یان ڕاسترین سەنەد لە ئەبو هورەیرەوە ئەو سەنەدەیە، کە بەم شێوەیە بێت (الزهري عن سعيد بن المسيب عن أبي هريرة)[٥].

---

[١] التنكيل بما في تأنيب الكوثري من الأباطيل، عبد الرحمن اليماني (١/ ٢٤٥).

[٢] شرح العلل، ابن رجب (١/ ٢٢٣- ٢٢٨).

[٣] الاقتراح في بيان الاصطلاح، ابن دقيق العيد (١/ ٦).

[٤] النكت، بدر الدين الزركشي (١/ ١٢٩).

[٥] المقنع في علوم الحديث، ابن ملقن (١/ ٥٠).

**٣. ناسینی پلەی فەرموودە:**

زانایانی فەرموودە بە پشتبەستن بە ناسینی گێڕەڕەوەکانی فەرموودە و دواتر ناسینی سەنەدەکان، توانییان پلەی فەرموودەکانیش بناسنەوە لەڕێی ئەو زانیارییە وردانەی، کە بە هۆی زانستی جەرح و تەعدیلەوە لەبەردەستدابوو، بەو پێیە فەرموودە کرا بە سێ بەشی سەرەکیەوە:

**یەکەم: ڕاست (الصحیح):** بریتییە لەو فەرموودە پاڵدراوەی، کە پاڵدانەکەی دەگاتەوە بە خودی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە گەیاندنی دەقی فەرموودەکە لە کەسی ڕاستاڵی چەسپاوەوە بۆ کەسی ڕاستاڵی چەسپاو، تا کۆتایی گەیاندنەکە و نابێت شاز و بە عیللەتیش بێت[1].

**دووەم: باش** یان جوان **(الحسن): هەروەك ئیبن حەجەر دەڵێت: "هەر** فەرموودە و هەواڵێکی تاکە کەسییە، کە کەسێکی ڕاستاڵی تەواو چەسپاو بە پاڵدانێکی گەیەنراو و بێ کێشە بیگێڕێتەوە، بەمەش دەبێتە فەرموودەی ڕاست، خۆ ئەگەر تەواو چەسپاوییەکەی کەمبووەوە ئەوا دەبێتە فەرموودەی باش[2].

**سێیەم: لاواز (الضعیف):** ئەمەش چەندین بەش و جۆری جیاوازی هەیە، بەوە پێناسە دەکرێ هەر فەرموودەیەکە، کە تایبەتمەندییەکانی فەرموودەی ڕاست و فەرموودەی باشی تێدا نەبێت[3].

**٤. ناسینی کتێبەکانی فەرموودە:**

وەك هەردوو کتێبە بەنرخەکەی پێشەوایان بوخاری و مسولیم، هەروەها کتیبەکانی تری فەرموودە، کە وەك ئاماژەمان پێکرد بە هۆی ناسینی گێڕەڕەوەکانەوە توانرا سەنەدەکان بناسرێتەوە، لە ڕێگەی ناسینی

---

[1] الباعث الحثیث، ابن کثیر (٢/ ٢١).

[2] نزهة النظار، ابن حجر (٢٠٥).

[3] مقدمة ابن صەلاح (٤١).

سەنەدەکانیشەوە کە هۆکارێکە بۆ ناسینی فـەرموودە، فـەرموودەکانیش ناسـێنراو ڕاسـت و لاوازیـان لێکجیاکرایـەوە، پاشـان بـەهۆی ناسـینی گێـڕەرەوە و سـەنەد و فەرموودەکانەوە تـوانرا باشـترین کتێبـەکانی فـەرموودە بناسـرێت، کـە باشـترین و ڕاسـترینیان (صـەحیحی بوخـاری) و (صـەحیحی مسـولیم)ن، پاشـان (سـونەنی ئەربەعـە) و هـەتا دوایـی، کـە بەڕاسـتی ئەمـە دەسـکەوتێکی گەورەیـە لـە بـواری فەرموودەدا و بەهۆیەوە سەرچاوەی دووەمی تەشریع لە ئیسلامدا پارێزرا، ئەمـەش بە باشترین لێکەوتەی زانستیی زۆر گرنگی زانستی جەرح و تەعدیل دادەنرێت.

## راجیایی زانایانی سەردەم دەربـارەی چۆنیەتی پیادەکردنی جەرح و تەعدیل لەم سەردەمەدا

ئاشکرایە بریندارکردن، بابەتێکی قورسە و مافی پەروەردگار و پاشان مافی مرۆڤەکانی تێدایە، ڕەنگە سەرەڕای زیانمەندیی ڕۆژی دوایی، زیانمەندیی ئەم دنیاشی پێوەبێت و ببێتە هۆی لێکدووری و دڵڕەنجانی نێوان خەڵکی، هەربۆیە بۆ پێویستییەکی شەرعی ڕێی پێدراوە و زانایان حوکمیانداوە، کە لەسەروو پێویستییەوە درووست نییە بریندارکردن بکرێت و نابێت تەنها بریندارکردن لەسەر کەسێك باس بکرێت، کە هەردوو باری ڕاستاندن و بریندارکردنی تێدا بێت، هەروەها وتوویانە نابێت کەسێك بریندار بکرێت، کە بریندارکردنی پێویست نییە، بەتایبەت ئەو زانایانەی کە لەباری زانستی فەرموودە و گێڕانەوەدا پێویست نین، مەگەر بە پێویستییەکی زۆر گرنگی شەرعی[1].

پاشان دەربارەی حوکمی بریندارکردنی گێڕەرەوەکان و ڕاستاندنیان و ئەوەی پێویستە لە چەسپاندن و بەدواداچوونی کردار و گوفتاریان و ڕێگرییەکانی پەلەکردن لە بریندارکردنی بێ پێویستی و ئەو بابەتانەی، کە درووست نییە لە

---

[1] الرفع والتكميل، اللكنوي (٥٧).

بریندارکردن باس بکرێت، یان درووستە و غەیبەت نییە، ئیمامی نەوەوی لە (ریاض الصالحین) و ئیمامی غەززالی لە (إحیاء علوم الدین)، جگە لەم دوو زانایەش چەندانی دی لە کتێبەکانیاندا وتوویانە، کە غەیبەتکردنی کەسێك زیندوو بێت یان مردوو، بۆ مەبەستێکی شەرعی کە نەکرێت پێی بگەین تەنها بەو غەیبەتە نەبێت، ئەوا دروستە لە شەش باردا[1]:

١- لابردنی زوڵم: دروستە مسوڵمان بچێتە لای قازی و دەسەڵاتدار و غەیبەتی کەسێك بکات و بڵێت فڵان بەو شێوەیە زوڵمی لێکردووم.

٢- پشت پێبەستن بۆ گۆڕینی خراپەیەك و گەڕاندنەوەی لاڕێیەك: کە غەیبەتی کەسێك بکات و بڵێت فڵان هەڵەیەکی ئاوا دەکات تکایە ڕێی لێبگرە.

٣- فەتوا وەرگرتن: کە غەیبەت بکات و بڵێت کەسێك بەو شێوەیە زوڵمی لێکردووم، چارەم چییە.

٤- ئاگادارکردنەوەی مسوڵمانان لە خراپە و ئامۆژگاریکردنیان: ئەمەش وەك بابەتی ژنخوازی و هاوبەشی و ئەمانەتدانان و مامەڵە و بریندارکردنی شایەت لای قازی و بریندارکردنی گێڕەرەوەی فەرموودە، کە بە کۆدەنگی زانایان ڕێگەپێدراوە، بگرە پێویستە، یان ئەگەر فێرخوازێکی بینی کە بۆ لای بیدعەچی و لاڕێیەك دەچێت و زیان دەکات، ئەوا ئەو بارەی بۆ ڕووندەکاتەوە بە مەرجێك مەبەستی ئامۆژگاری بێت و ئیرەیی و بەکەمزانین ئەم کارەی پێنەکات.

٥- باسکردنی کەسێك کە لاڕێی و بیدعەچێتییەکەی ئاشکرا و بێباکانە ئەنجام بدات، ئیدی باسی ئەم لایەنەی دەکرێت، بەبێ باسکردنی هیچ عەیبێکی تری.

٦- پێناسکردن: وەك ئەوەی کەسێك بە تایبەتمەندییەك بناسرێتەوە لە (نابینایی و شەلی و کوێری و گۆجی و...هتد).

ئەمانە شەش هۆکارن بۆ بە بریندار باسکردنی کەسانێك و شێوەیەکن لە شێوە

---

[1] هەمان سەرچاوە (٥٢– ٥٦).

ڕێگەپێدراوەکانی غەیبەتکردن و هەڵدانەوەی عەیب و عار، بەو مەرج و پێویستییانە، بەڵگەکانیان لە کتێبەکانی فەرموودەناسیدا بەدرێژی باسکراوە.

جگە لەوەی هەندێك لە زانایانی پێشوو دەربارەی ڕاستاندن و بریندارکردن ڕایان وایە کە ئەم زانستە کاتی نەماوە، وەك ئیبنولموڕابیت دەڵێت: "هەموو هەواڵەکان نووسراونەوە و بریندارکردن سوودی نەماوە" کە مەبەستی لە پیاوانی سەردەمە کۆتاییەکانی ناو سەنەدەکانە[1]، لەم سەردەمەشدا بە وردبوونەوە لە وتەی زانایانی سەردەم، بۆمان دەردەکەوێت زیاتر زانایانی وڵاتی سعودیە و ئەو زانایانەی کە تا ڕادەیەك وەك ئەوان بیردەکەنەوە، زیاتر لەوانی دی لە بواری بریندارکردن و ڕاستاندندا قسەیان کردووە، ئێمەش لێرەدا وتەکانی ئەو زانایانەی سەردەم دەهێنینەوە کە زۆرترین قسەیان هەیە لەم بوارەدا، گرنگترین دابەشکردنیان بریتییە لە:

**یەکەم:** دەستەیەکن لە زانایان پێیان وایە ئەم زانستە تایبەتە بە گێڕەرەوەکانی فەرموودە، ئەوانیش لە کاتی خۆیدا قسەیان لەسەر کراوە و کۆتایی هاتووە و ئەو قسانەی ئێستا لەسەر زانایان و بانگخوازان دەکرێت ناچێتە ژێر بنەماکانی زانستی جەرح و تەعدیلەوە، هەروەك شێخ (صالح ئەللحیدان) لە وەڵامی پرسیاری (ئایا ڕاستاندن و بریندارکردن لە ئەهلی سوننە لەلایەن بانگخوازان و خوێندکارانی زانستە شەرعییەکانەوە، لە ڕێبازی ئەهلی سوننە و جەماعەیە؟ وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: "بریندارکردن و ڕاستاندنی زانستیی و گوفتاریی کاتی تەواو بووە، لەو کاتەوە کە سوننەت لە ڕێگەی دەماودەمەوە لە زانایەکەوە بۆ زانایەکی تر دەگوێزرایەوە، بەڵام ئێستا زانستەکان تۆمارکراون و سوننەتیش تۆمارکراوە، ئەوەی ماوە تەنها پرسیارکردن و قسەکردنە لەسەر کەسەکان، ئایا مامۆستا و موفتییەکی پێ متمانە دەدرێت؟! کە کەسێك لادانێکی لە بۆچوون و هەواڵدان و فتوادانێکدا لێ دەرکەوت،

---

[1] الرفع والتكميل، اللكنوی (٥٠).

خەڵکیی لێ ئاگادار دەکرێتەوە، بەڵام پاش ئامۆژگاریکردن و لێك تێگەیشتن لەگەڵی، بەڵام هاوتاکان لەنێوخۆیاندا ڕەنگە هەندێکیان لەسەر ئەوانی دیکە شتی ناڕەوا بڵێن، ئەمەش تازە نییە و بابەتێکی زۆر کۆنە، خۆ ڕەنگە مرۆڤ لەگەڵ کەسێکی دی ڕاجیابێت، ئیدی وا ببینێت ئەم ڕاجیاییەیان لاڕێییە و بەرامبەرەکەی بە لاڕێ ببینێت، بەڵام زانایانی پێشوو هەموو بابەتێکی لەم شێوەیەیان وەلاناوە"[1].

هەروەها شێخ (صالح بن فەوزان ئەلفەوزان) لە وەڵامی چەند پرسیارێکدا دەڵێت: "لەم سەردەمەدا ڕاستاندن و بریندارکردن بوونی نییە، ئەوەی ئێستا غەیبەت و قسە هێنان و بردنە لە بانگخوازان و زانایان[2]، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە وەڵامی بیدعەچی و لادەران نەدرێتەوە، بەڵکو ڕاستاندن و بریندارکردن ئەم غەیبەت و قسەلۆکەی ئێستای نێوان قوتابی زانستە شەرعییەکان نییە، بەڵکو لە زانستی ئیسنادی فەرموودەیە، کە تایبەتمەندیی پێشەوایان و گێڕەرەوانی فەرموودەیە، کە لەم سەردەمەدا لە ناسەرەوەی سەنەدەکان و بەڕاست و لاواز دانەریان کەس ناناسین، خۆ ئەگەر ئێستا کەسێك ئەم کارە بکات و بڵێت بۆ دەرخستنی هەڵەکانی زانایان باسیان ئەکەین، ئەوا دەبێتە غەیبەت و قسەلۆك، ئیتر چۆن دەکرێتە ڕاستاندن و بریندارکردن! ئەمە قسە هەڵبەستنە بە پەروەردگارەوە و بە هیچ شێوەیەك دروست نییە[3]. ئەمەش لە گەورەترین غەیبەتەکانە، لەڕاستیدا ڕاستاندن و بریندارکردن لە زانستی فەرموودەیە و بۆ بەدواداچوونی گێڕەرەوەکانە بۆ پاراستنی فەرموودە لە درۆ و هەڵبەستن و دانان، پێویستیشە مسوڵمان زاری خۆی لە (تەکفیر و تەفسیق و تەبدیع) بپارێزێت، خۆ پەروەردگار بەمانە ڕاینەسپاردووە، بەپێچەوانەوە دەبێت فێر بێت و بانگەواز بکات و دڵان پێکەوە ببەستێتەوە و

[1] صالح ئەللحێدان: وتاری: فەتوا شەرعییە ڕاستەکان، پێگەی فەرمی.

[2] صالح بن فەوزان ئەلفەوزان: وانەی: شەرحولسوننەی بەربەهاری.

[3] صالح بن فەوزان ئەلفەوزان: پێگەی فەرمی: فەتوای ژمارە (٧٧٣٩).

خۆشەویستی مسوڵمانان بڵاوبکاتەوە، ئەی ئەگەر ئیشی سەرەکی ببێتە فڵان کافرە و فڵان موبتەدیعە و فڵان وایە، بەڕاستی ئەمە کارەساتە، ئەگەریش کەسێك هەبوو بە کتێب و بەرهەمەکانی گومڕایی دەنایەوە، ئەوا تەنها گومڕایی ناو کتێبەکانی ڕووندەکەیتەوە و حوکم بەسەر خۆیدا نادەیت، بەڵام بڵێ فڵان کتێبی ئەمە و ئەوەی تێدایە و پێویستە مسوڵمانان ئاگاداربن و پێی هەڵنەخەڵەتێن، تا ئێرە قەیناکە، واز لە کەسەکە ئەهێنیت بۆ پەروەردگار"[1].

**دووەم:** پێیان وایە کە ڕاستاندن و بریندارکردن پەیوەست نییە تەنها بە گێڕەرەوەکانی فەرموودەوە و بەردەوامە هەتا ڕۆژی دوایی، ئەو قسانەی ئێستا لەسەر زانایان و بانگخوازان دەکرێت دەچێتە ژێر بنەماکانی زانستی ڕاستاندن و بریندارکردنەوە، چونکە بۆ پاراستنی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە. دیارترین ئەو کەسانەش کە باوەڕیان وایە شێخ (ڕەبیع بن هادی مەدخەلی)یە، لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵێت: "ئەگەر بڵێین ڕاستاندن و بریندارکردن تایبەتە بە سەردەمی گێڕەرەوەکان، ئەوا ئەمە لە گاڵتەجاڕییەکانە، لە کاتێکدا بیدعە و بێدینی و ڕێبازەکانی شیوعیەت و سۆفیگەری و حیزبە گومڕاکان لەزیادبووندایە و ئیسلام ڕاوەستاوە و بوار ڕەخسێنراوە بۆ خەڵکی کە هەرچی بیانەوێت بیڵێن و بیکەن و بە کەس ناوترێت ئەمە هەڵەیە و ئەمە باش نییە و کەس ناڵێت ئەم کەسە خراپەکار و ئەمیان چاکەکارە، بەڵام پێشینان چەندین کتێبیان لە بواری بیروباوەڕدا داناوە و ڕەخنەیان لە بیدعەکاران و گومڕایان گرتووە و ناوی چەندین کەس و گرووپیان بردووە، ئایا ئەمەش هەر دەکاتە تەواوبوونی ئەو زانستە؟! دەڵێم ـ مەدخەلی ـ: بیدعەکارانی سەردەمی پێشین موناقەشەیان لەگەڵ دەکرا و گومڕاییان دەردەخرا، ئێستا دروست نییە! حەرامە! قسەکردن لەسەر بیدعەچی و عەلمانی و لە دین دەرچووان و ڕافزی و سۆفی حەرامە؟! ئەی ماشائەڵڵا، ئەمە بانگەشەیە بۆ یەکدینی

---

[1] پێگەی فەرمیی شێخ (صالح بن فەوزان ئەلفەوزان).

یان چی؟! ئەمە گومڕاییە، پێویستە جەرح و تەعدیل بمێنێت و خراپییەکانی پێ دووربخرێتەوە لە دینی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر). پێویستە شمشێرەکان لەوە زیاتر هەڵبکێشرێن بۆ بەرزکردنەوەی وتەی پەروەردگار و بەتاڵکردنەوەی کوفر و ناڕاستییەکان، تا دەگاتە ئەوەی کە دەڵێت ـ مەدخەلی ـ: ڕاستاندن و بریندارکردن دەمێنێت تا رۆژی دوایی، خەڵکی دەیانەوێت سوود لەم زانستە وەرگرن، تۆش پێیان دەڵێیت: ئەم زانایە بەڕێزە و لەسەر سوننەتە و تەزکییەی دەکەیت، ئەم زانایەش ڕافزییە، ئەمەشیان سۆفییە و باسی یەکبوونی (وەحدەتولوجود) دەکات، ئەمە عەلمانی و ئەویش شیوعییە، کە خۆی بە ئیسلام داپۆشیوە، ئەم وایە و ئەو وایە، پێویستە لەسەرت کە روونکردنەوە بدەیت، ئەمە واجبە و لە جیهادکردنە و هەرگیز ناپچڕێت و تایبەت نییە بە گێڕەرەوەکان"[1]. بۆیە وادەردەکەوێت لای ئەم بەشەیان، کە هەموو ئەو قسانەی ئێستا لەسەر زانایان و بانگخوازان دەکرێت دەچێتە ژێر بنەماکانی زانستی ڕاستاندن و بریندارکردنەوە.

**سێیەم:** کۆمەڵێکی تر لە زانایانی سەردەم پێیان وایە ڕاستاندن و بریندارکردن پەیوەستە بە گێڕەرەوەکانی فەرموودەوە و ماوە و ئیشی پێدەکرێت ـ وەك زیاتر وردبوونەوە لە ڕاست و دروستی فەرموودەکانـ، یەکێك لە دیارترینی ئەو زانایانەش شێخ (عەبدوڵڵا بن باز)ە، کە لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی بەردەوامبوونی ڕاستاندن و بریندارکردن، دەڵێت: "زانستی پیاوانناسی و تێڕامان لە فەرموودەکان ماوە و تێنەپەڕیوە و هەر هەیە، فێرخوازان پێویستە لەسەریان کە گرنگیی پێ بدەن و پێداچوونەوە بە فەرموودەکاندا بکەن، دروست لە نادروستیان لێك جیابکەنەوە و خەڵکی بۆ ئاڕاستە بکەن، لەسەر ئەوە نەوەستن، کە فلان و فلان چۆن باسکراون، وەك مونتەقا و بلوغولمەرام و چوار کتێبەکەی سونەن و مسونەدی ئیمام ئەحمەد، پێویستە ـفێرخوازـ سەنەدەکان پێدابچێتەوە و گرنگیی پێ بدات و

[1] پێگەی فەرمی: شێخ ڕەبیع بن هادی مەدخەلی.

دروست و نادروستی لێك جیابكاتەوە، تا سوود بە خۆی و خەڵكیش بگەیەنێت، ئەمە ئیشی فێرخوازە"[1]. بەم پێیە شێخ عەبدوڵلا بن باز ڕای وایە ڕاستاندن و بریندارکردن تەنها لە بواری لێکۆڵینەوەی زیاتر و بەردەوامیی سەنەدی فەرموودەدا ماوە و بەردەوامە، وەك لێکۆڵینەوەكانی شێخی ئەلبانی و شوعەیب ئەرنائوت و عەبدولقادر ئەرنائوت و ئەحمەد شاكیر و محەمەد شاكیر و هاوتاكانیان.

بەكورتی، بە پشتبەست بە بۆچوونی زانایانی پێشین و بەم دابەشبوونەی زانایانی سەردەم بۆ سێ لایەن، دەتوانین بڵێین سەرجەم زانایان هاوڕان لەسەر ئەوەی، كە دەبێت وەڵامی هەڵەی گرووپ و كەسە گومڕاكان بدرێتەوە بۆ ئەوەی مسوڵمانان گومڕا نەكەن، بەڵام ئەوەی لەسەری ناكۆكن ئەوەیە ئاخۆ ئەو وەڵامدانەوەیە بە پێی یاسا و بنەماكانی زانستی ڕاستاندن و بریندارکردن بێت، یان بە شێوازی دیكە، كە كۆمەڵی دووەم لە زانایان پێیان وایە بێگومان دەبێت بە پێی یاساكانی ڕاستاندن و بریندارکردن بێت و، كۆمەڵی یەكەمیش پێی وایە ئەو وەڵامدانەوانە پێیاندەوترێت ئامۆژگاری (النصیحة) یان بەپێی بنەماكانی (الرد علی المخالف) وەڵامی كەسانی پێچەوانە دەدرێتەوە.

كەواتە هەروەك لە قسەكەی لحیدانەوە دەردەكەوێت، دەتوانین ڕاستاندن و بریندارکردن بكەین بە دوو بەشەوە، یەكەم: ئەوەی پەیوەندی بە قسەكردن لەسەر گێڕەرەوەكانی فەرموودەوە هەیە، ئەوا لە كاتی خۆیدا هەموو گێڕەرەوەكان قسەیان لەسەر كراوە و كۆتایی هاتووە. دووەم: ئەوەی ئێستا لەسەر هەر كەسێكی دوای ئەو سەردەمە دەوترێت جەرح و تەعدیل نییە و دەبێت بەو ڕێزبەندییە ـ كە پێشنیازی كردووە، ئەگەر كەسێك لادانێكی لە بۆچوون و هەواڵدان و فتوادانێكدا لێ دەركەوت، خەڵكیی لێ ئاگادار دەكرێتەوە، بەڵام پاش ئامۆژگاریكردن و لێك تێگەیشتن لەگەڵی ـ چارەسەر بكرێت، نەك بەو شێوە ڕەهایەی كۆمەڵەی دووەم لە

[1] پێگەی فەرمی شێخ عەبدوڵلا بن باز.

زانایانی سەردەم. لەبیریشمان نەچێت کە بنەمای ئامۆژگارییەکانی پێشەوامان (دروودی خوای لەسەر): نهێنی و نیانی و پەنهانی و گشتانی بووە، لەپێناو هاوکاریکردنی کەسی هەڵەکار بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی بەبێ ئەوەی کەسانی تر پێی بزانن و تاوەکو تووشی ڕووگیربوون، یاخود ملنەدان و سووربوون نەبێت لەسەر هەڵەکەی، هەروەك هەموو جارێك بۆ ڕاستکردنەوە دەیفەرموو "ئەوە چییە هەندێکتان واو وا دەکەن؟!".

## کۆتایی

- زانستی بریندارکردن و ڕاستاندن، زانستێکە کە تیایدا لێکۆڵینەوە لە بریندارکردن و ڕاستاندنی گێڕەرەوەکان دەکرێت، بە دەستەواژەی تایبەتمەند، لە سۆنگەی پلەبەندی ئەو دەستەواژانەوە، لقێکە لە زانستی پیاوانی فەرموودە و مافی هەر کەسێکی ئاسایی نییە کە بیەوێت پێوانە و کێشانەی کەسیی پێبکات.
- کۆمەڵی زانایان (جمهور) ڕایان وایە کە بریندارکردن وەرناگیرێت بەبێ ڕوونکردنەوە، بەڵام ڕاستاندن بە ناڕوونیش وەردەگیرێت، واتا بەبێ وتنی هۆکارەکەی و پێویستی وتنی هۆکاری بریندارکردن لەوەوەیە کە خەڵکی جیاوازن لەو شتانەدا کە دەبنە هۆی بریندارکردن، کاتێك دەڵێن فلان کەس درۆزنە، ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە بریندارکردنی بۆ بچەسپێت، تا ئەو کاتەی ئەوەی لە دەربارەی وتراوە ڕوون نەبێتەوە.
- بریندارکردن و ڕاستاندن بە وتەی تەنها کەسێك وەردەگیرێت و ئەم ڕایەیان لەوەوە دێت کە قسەکردن لەسەر گێڕەرەوەکان بە هەواڵدان دادەنێن نەك

شایەتیدان، هەواڵدانیش لە تەنها کەسێك وەردەگیرێت ئەگەر متمانەپێکراوبوو، ئەمەش ڕای نەوەوی و ئیبن صەلاح و ئیبن حەجەر و سیوتی و کۆمەڵی (جمهور) زانایانە.

- هاوتاکان لەنێو خۆیاندا ڕەنگە هەندێکیان لەسەر ئەوانی دیکە شتی ناڕەوا بڵێن، ئەمەش تازە نییە و بابەتێکی زۆر کۆنە، خۆ رەنگە مرۆڤ لەگەڵ کەسێکی دی ڕاجیابێت، ئیدی وا ببینێت ئەم ڕاجیاییەیان لاڕێییە و بەرامبەرەکەی بە لاڕێ ببینێت، بەڵام زانایانی پێشوو هەموو بابەتێکی لەم شێوەیەیان وەلاناوە.
- پێویستە بەکارهێنانی ئەم زانستە بەگوێرەی ئەو مەرجانە بێت کە زانایان لەسەری ڕێککەوتوون، وەك: شارەزایی بە هۆکار و بەکارهێنراوەکانی زانستەکە، ڕاستاڵی بە ئاگایی بەکارهێنەر، شارەزایی زمانی عەرەبی و بەکارهێنانەکانی و ناسینی زاراوەکانی ئەم زانستە.
- زانستی جەرح و تەعدیل چەند لێکەوتەی زانستیی زۆر بەسوودی هەبووە، وەك: ناسینی پیاوانی گێڕەرەوەی فەرموودە، ناسینی سەنەد و باشترین سەنەدەکان، ناسینی پلەی فەرموودە لە دروست و لاواز و جۆرەکانیان و ناسینی کتێبەکانی فەرموودە.
- هەندێك لە زانایانی پێشوو دەربارەی ڕاستاندن و بریندارکردن ڕایان وایە کە ئەم زانستە کاتی نەماوە.
- لە دیارترین ڕای زانایانی سەردەمیش ئەو ڕایەیە کە دەڵێت: "بریندارکردن و ڕاستاندنی زانستیی و گوفتاریی، کاتی تەواو بووە، لەو کاتەوە کە سوننەت لە ڕێگەی دەماودەمەوە لە زانایەکەوە بۆ زانایەکی تر دەگوێزرایەوە، بەڵام ئێستا زانستەکان تۆمارکراون و سوننەتیش تۆمارکراوە، کە کەسێك لادانێکی لە بۆچوون و هەواڵدان و فتوادانێکدا لێ دەرکەوت، خەڵکیی لێ ئاگادار دەکرێتەوە، بەڵام پاش ئامۆژگاریکردن و لێکتێگەیشتن لەگەڵی.

- لای هەندێکی تر جەرح و تەعدیل دوو جۆرن: ئەوەی لەسەر گێڕەرەوەکانی فەرمووده وتراوه، که ئەمەیان کۆتایی هاتووه و سەرجەم گێڕەرەوەکانی فەرمووده سەدان ساڵ پێش ئیستا قسەیان لەسەر کراوه و کۆتایی هاتووه، مەگەر کەسێکی وەك شێخ ئەلبانی و هاوشێوەکانی بێن لێکۆڵینەوەی زیاتر بکەن. ئەوەشی که لەسەر گێڕەرەوەکانی فەرمووده نییه، بەڵکو لەسەر بانگخوازان و مامۆستایانه، که بەلای هەندێکەوه پێی وتراوه جەرح و تەعدیل، جەرح و تەعدیل نییه و بەڵکو نابێت به پێی یاساکانی جەرح و تەعدیل مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.
- غەیبەتکردنی مسوڵمانان حەرامه و به دەقی فەرموودەی پەروەردگار له ئایەتی (١٢)ی سورەتی (الحجرات)، که غەیبەتکردنی مسوڵمان وەك خواردنی گۆشتەکەیەتی به مردوویی. لەکاتی زۆر پێویستدا زانایان بۆ چەند بابەتێکی زۆر گرنگ ڕێیان پێداوه، وەك: لابردنی زوڵم، پشت پێبەستن بۆ گۆڕینی خراپەیەك، گەڕاندنەوەی لاڕێیەك، فەتوا وەرگرتن، پێناسکردن، ئاگادارکردنەوەی مسوڵمانان له خراپه و ئامۆژگاری کردنیان و باسکردنی کەسێك که لاڕێی و بیدعەچێتییەکەی ئاشکرا و بێباکانه ئەنجام بدات.

# سەرچاوەکان

١ـ ابن منظور: لسان العرب، تحقيق: عبد الله علي الكبير ومحمد أحمد حسب الله وهاشم محمد شاذلي، د.ط، د.ت، دار المعارف، القاهرة ـ مصر.

٢ـ أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي البصري ثم الدمشقي: الباعث الحثيث الى اختصار علوم الحديث، تحقيق: أحمد محمد شاكر، ط٢، د.ت، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

٣ـ أبو نصر الفارابي: الصحاح تاج اللغة، تحقيق: أحمد عبد الغفور عطار، ط٤، ١٩٨٧، دار العلم للملايين، بيروت ـ لبنان.

٤ـ أحمد أبو الفضل بن علي بن محمد بن أحمد بن حجر العسقلاني: النكت على كتاب ابن الصلاح، تحقيق: ربيع بن هادي المدخلي، ط١، ١٩٨٤، مطابع الجامعة الإسلامية، المدينة المنورة ـ السعودية.

٥ـ أحمد أبو الفضل بن علي بن محمد بن أحمد بن حجر العسقلاني: تهذيب التهذيب، ط١، ١٩٠٥، مطبعة دائرة المعارف النظامية، الهند.

٦ـ أحمد أبو الفضل بن علي بن محمد بن أحمد بن حجر العسقلاني: لسان الميزان، تحقيق: دائرة المعارف النظامية ـ الهند، ط٢، ١٩٧١، مؤسسة الأعلمي للمطبوعات، بيروت ـ لبنان.

٧ـ أحمد أبو الفضل بن علي بن محمد بن أحمد بن حجر العسقلاني: مقدمة فتح الباري شرح صحيح البخاري، رقم كتبه وأبوابه وأحاديثه: محمد فؤاد عبد الباقي، أخرجه وصححه وأشرف على طبعه: محب الدين الخطيب، عليه تعليقات عبد العزيز بن عبد الله بن باز، ط١، ١٩٥٨، دار المعرفة، بيروت ـ لبنان.

٨ـ أحمد أبو الفضل بن علي بن محمد بن أحمد بن حجر العسقلاني: نزهة النظر في توضيح نخبة الفكر في مصطلح أهل الأثر، تحقيق: عبد الله بن ضيف الله الرحيلي، ط١، ٢٠٠١، مطبعة سفير، الرياض ـ السعودية.

٩ـ أحمد أبو بكر بن علي بن ثابت بن أحمد بن مهدي الخطيب البغدادي: الكفاية في علم الرواية، تحقيق: أبو عبد الله السورقي وإبراهيم حمدي المدني، د.ط، د.ت، المكتبة العلمية، المدينة المنورة ـ السعودية.

١٠ـ أحمد مختار عبد الحميد عمر: معجم اللغة العربية المعاصرة، بمساعدة فريق عمل، ط ١، ٢٠٠٨، عالم الكتب، القاهرة ـ مصر.

١١ـ السيد صديق أبو الطيب حسن القنوحي: الحطة في ذكر الصحاح الستة، ط١، ١٩٨٥، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

١٢ـ السيد محمد مرتضى الحسيني الزبيدي: تاج العروس من جواهر القامسو، تحقيق: حسين نصار ، ط١، ١٩٦٩، مطبعة حكومة الكويت ـ الكويت.

١٣ـ الشريف حاتم بن عارف العوني: خلاصة التأصيل في علم الجرح والتعديل، د.ط، د.ت، دار عالم الفوائد، مكة الكرمة ـ السعودية.

١٤ـ عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي: تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي، تحقيق: أبو قتيبة نظر محمد الفاريابي، د.ط، د.ت، دار طيبة، القاهرة ـ مصر.

١٥ـ عبد الرحمن بن يحيى بن علي بن محمد المعلمي العتمي اليماني: التنكيل بما في تأنيب الكوثري من الأباطيل، مع تخريجات وتعليقات: محمد ناصر الدين الألباني وزهير الشاويش وعبد الرزاق حمزة، ط٢، ١٩٨٦، المكتب الإسلامي، بيروت ـ لبنان.

١٦ـ عبد الرحمن زين الدين بن أحمد بن رجب بن الحسن السَلامي البغدادي ثم الدمشقي الحنبلي: ذيل طبقات الحنابلة، تحقيق: عبد الرحمن بن سليمان العثيمين، ط١، ٢٠٠٥، مكتبة العبيكان، الرياض ـ السعودية.

١٧ـ عبد الرحمن زين الدين بن أحمد بن رجب بن الحسن السَلامي البغدادي ثم الدمشقي الحنبلي: شرح علل الترمذي، تحقيق: نورالدين عتر، ط١، ١٩٧٩، دار الملاح، دمشق ـ سوريا.

١٨ـ عبد الرحيم زين الدين أبو الفضل بن الحسين بن عبد الرحمن بن أبي بكر بن إبراهيم العراقي: التقييد والإيضاح شرح مقدمة ابن الصلاح، تحقيق: عبد الرحمن محمد

عثمان محمد عبد المحسن الكتبي صاحب المكتبة السلفية بالمدينة المنورة، ط١، ١٩٦٩، المكتبة السلفية، المدينة المنورة ـ السعودية.

١٩ـ عبد الرحيم زين الدين أبو الفضل بن الحسين بن عبد الرحمن بن أبي بكر بن إبراهيم العراقي: شرح التبصرة والتذكرة ـ ألفية العراقي، تحقيق: عبد اللطيف الهميم وماهر ياسين فحل، ط١، ٢٠٠٢، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

٢٠ـ عبد العزيز أبو محمد عز الدين بن عبد السلام بن أبي القاسم بن الحسن السلمي الدمشقي الملقب بسلطان العلماء: قواعد الأحكام في مصالح الأنام، راجعه وعلق عليه: طه عبد الرؤوف سعد، ط٢، ١٩٩١، مكتبة الكليات الأزهرية، القاهرة ـ مصر.

٢١ـ عبد العزيز بن محمد بن إبراهيم العبد اللطيف: ضوابط الجرح والتعديل مع ترجمة إسرائيل بن يونس ـ دراسة تحليلية ـ، ط٣، ٢٠١٢، مكتبة العبيكان، الرياض ـ السعودية.

٢٢ـ عثمان أبو عمرو بن عبد الرحمن الشَّهْرُزُوْرِيُّ المعروف بابن الصلاح: علوم الحديث لابن الصلاح، ط١، ٢٠٠٤، دار الفكر المعاصر، بيروت ـ لبنان.

٢٣ـ عثمان بن عبد الرحمن أبو عمرو تقي الدين المعروف بابن الصلاح: معرفة أنواع علوم الحديث ـ مقدمة ابن الصلاح، تحقيق: نور الدين عتر، ط١، ١٩٨٦، دار الفكر، دمشق ـ سوريا ودار الفكر المعاصر، بيروت ـ لبنان.

٢٤ـ عمر أبو حفص سراج الدين بن علي بن أحمد المعروف بابن الملقن الشافعي المصري: المقنع في علوم الحديث، تحقيق: عبد الله بن يوسف الجديع، ط١، ١٩٩٢، دار فواز للنشر، الرياض ـ السعودية.

٢٥ـ محمد أبو الخير شمس الدين بن عبد الرحمن بن محمد بن أبي بكر بن عثمان بن محمد السخاوي: فتح المغيث بشرح ألفية الحديث للعراقي، تحقيق: علي حسين علي، ط١، ٢٠٠٣، مكتبة السنة، القاهرة ـ مصر.

٢٦ـ محمد أبو الفتح تقي الدين بن علي بن وهب بن مطيع القشيري المعروف بابن دقيق العيد: الاقتراح في بيان الاصطلاح، د.ط، د.ت، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

٢٧ـ محمد أبو عبد الله بدر الدين بن عبد الله بن بهادر الزركشي الشافعي: النكت على مقدمة ابن الصلاح، تحقيق: زين العابدين بن محمد بلا فريج، ط١، ١٩٩٨، دار أضواء السلف، الرياض ـ السعودية.

٢٨ـ محمد أبو عبد الله شمس الدين بن أحمد بن عثمان بن قَايْماز الذهبي: ميزان الاعتدال في نقد الرجال، تحقيق: علي محمد البجاوي، ط١، ١٩٦٣، دار المعرفة للطباعة والنشر، بيروت ـ لبنان.

٢٩ـ محمد شمس الدين أبو عبد الله بن أحمد بن عثمان بن قَايْماز الذهبي: سير أعلام النبلاء، تحقيق: مجموعة من المحققين بإشراف شعيب الأرناؤوط، ط٣، ١٩٨٥، مؤسسة الرسالة، دمشق ـ سوريا.

٣٠ـ محمد شمس الدين أبو عبد الله بن أحمد بن عثمان بن قَايْماز الذهبي: الرواة الثقات المتكلم فيهم بما لا يوجب ردهم، تحقيق: محمد إبراهيم الموصلي، ط١، ١٩٩٢، دار البشائر الإسلامية، بيروت ـ لبنان.

٣١ـ محمد عبد الحي أبو الحسنات بن محمد عبد الحليم الأنصاري اللكنوي الهندي: الرفع والتكميل في الجرح والتعديل، تحقيق: عبد الفتاح أبو غدة، ط٣، ١٩٨٦، مكتبة المطبوعات الإسلامية، حلب ـ سوريا.

٣٢ـ محمود عبد الرحمن عبد المنعم: معجم المصطلحات والألفاظ الفقهية، د.ط، د.ت، دار الفضيلة، القاهرة ـ مصر.

٣٣ـ مسلم أبو الحسين بن الحجاج بن مسلم القشيري النيسابوري: صحيح مسلم، د.ط، د.ت، دار الجيل ودار الأفاق الجديدة، بيروت ـ لبنان.

٣٤ـ نور الدين عتر: أصول الجرح والتعديل، ط١، ٢٠٠٧، دار اليمامة، بيروت ـ لبنان.

٣٥ـ يحيى أبو زكريا محيي الدين بن شرف النووي: المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج، ط٢، ١٩٧١، دار إحياء التراث العربي، بيروت ـ لبنان.

٣٦ـ يعقوب أبو يوسف بن سفيان بن جوان الفارسي الفسوي: المعرفة والتاريخ، تحقيق: أكرم ضياء العمري، ط٢، ١٩٨١، مؤسسة الرسالة، بيروت ـ لبنان.

٣٧- يوسف أبو عمر بن عبد الله بن محمد بن عبد البر بن عاصم النمري القرطبي: التمهيد لما في الموطأ من المعاني والأسانيد، تحقيق: مصطفى بن أحمد العلوي ومحمد عبد الكبير البكري، ط١، ١٩٦٦، وزارة عموم الأوقاف والشؤون الإسلامية، دار البيضاء - المغرب.

٣٨- يوسف أبو عمر بن عبد الله بن محمد بن عبد البر بن عاصم النمري القرطبي: جامع بيان العلم وفضله، تحقيق: أبي الأشبال الزهيري، ط١، ١٩٩٤، دار ابن الجوزي، الرياض - السعودية.

٣٩- يوسف أبو عمر بن عبد الله بن محمد بن عبد البر بن عاصم النمري القرطبي: جامع بيان العلم وفضله، تحقيق: أبو عبد الرحمن فواز أحمد زمرلي، ط١، ٢٠٠٣، مؤسسة الريان ودار ابن حزم، بيروتـلبنان.

٤٠- الشيخ صالح اللحيدان: الفتوى الشرعية الصحيحة - الضوابط والتجاوزات:
https://www.sahab.net/forums/index.php?app=forums&module=forums&controller=topic&id=130711

٤١- الشيخ صالح بن فوزان الفوزان: (درس شرح السنة للبربهاري، ٢٠٠٦/٢/١٣)
http://emadfarrag.com/index.php/answers_ shobohat/440_2013_07_16_13_07_29

٤١- الموقع الرسمي للشيخ ربيع بن هادي المدخلي،
http://www.rabee.net/show_fatwa.aspx?id=١٢٨.

٤٢- الموقع الرسمي للشيخ عبد الله بن باز، http://www.binbaz.org.sa/mat/ ١٩٣٥٩.

# ڕێکاری زانستیی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سوننەت

## چەند ڕێکارێکی زانستیی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقە کێشە لەسەرەکانی فەرموودە

**پ.ی.د. حسێن محەمەد ئیبراهیم**

**زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان**

پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) گەورە و پێشەنگمانە، فەرموودەکانی ڕێز گیراو و پەیڕەو و دامەزرێنەری حوکم و یاساکانی ئیسلامن وەك قورئانی پیرۆز، تەواوکەری ڕێنماییە خواییەکانن بۆ مرۆڤایەتی، هەرکەس بەشێوەیەکی گشتی باوەڕی بەتەواوی فەرموودەکان نەبێت ئەوە بەدەرچوو لە ئیسلام ئەژمار دەکرێت. زانایانی فەرموودە تەواوی کاتە بەنرخەکانی خۆیانیان سەرف کردووە بۆ خزمەتکردن و ڕاڤەی فەرموودەکان و جیاکردنەوەی ڕاست و دروست لە درۆ و لاوازەکانیان، هەموو هەوڵێکیان بەخەرج داوە تاوەکو یاسا و ڕێسای درووست و تەواو دابمەزرێنن بۆ چۆنیەتی پاڵفتەکردنی فەرموودەکان و گێڕەرەوەکانیان، تاوەکو مسوڵمانان و هەڵێنجەرانی ئەحکام و واعز و خواناسان بە ئاسودەیی مامەڵە لەگەڵ دەقەکانیاندا بکەن و بەرجەستەیان بکەن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا.

دیاره دامەزراندنی زانستی فەرمووده (علم الحدیث) کۆتایی کارەکانیان نەبوو، بەڵکوو بۆ پراکتیزەکردنی ئەم زانستە چەندین زانستی لاوەکی تریان بەرهەمهێنا، لەوانە زانستی ناسینی گێڕەرەوەکان (علم معرفة الرجال)، زانستی نەخۆشیەکانی فەرمووده (علم علل الحدیث)، زانستی چۆنیەتی ڕاڤەکردنی فەرمووده ڕاجیا لەسەرەکان (علم مختلف الحدیث) کە ئەم توێژینەوەیەمان تیشك خستنێکە لەسەر ئەم بابەتەی سێیەم، هەروەها ئاشنابوونە بە میکانیزمی گونجاو بۆ ڕاڤەکردنی فەرمووده ڕاجیا و کێشە لەسەرەکان لە ڕووی مەبەست و ماناوە.

ئەم بابەتە بابەتێکی هەستیارە و قسە و باس و لێکۆڵینەوەی زۆر هەڵدەگرێت، کە بەپێی توانا هەوڵ دەدەین لەبەر ڕۆشنایی زانستی فەرموودەدا و بەکورتی تیشك بخەینە سەر بەشێك لەو هەوڵ و دەرچانەی کە دەکرێن وەك میتۆدێکی زانستی ڕەچاو بکرێن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی فەرموودەکانی پێغەمبەری خودادا (دروودی خوای لەسەر)، بەتایبەت دەقە ئاڵۆزەکان و ئەو دەقانەی کە لە ڕووی مانا و ڕووکەشەوە تێکگیرانی هەیە لەگەڵ دەقەکانی تر، یان لەگەڵ واقع و زانست و مێژوو.. هتد، یاخود هەست بە ناڕوونی دەکرێت تیایاندا، ئەم کارەش دەچێتە چوارچێوەی چەسپاندنی ڕا پەسەندکانی زانایانی فەرموودەی پێشین سەبارەت بە فەرموودەکان، وەڵامێکی ناڕاستەوخۆشە بۆ ئەو هەرزە خوێندکار و نەزان و سەرکێڵ و بەناو نوێخواز و عەقڵگەرایانە کە بەبێ میتۆد و بەشێوەیەکی نابەجێ فەرموودەکان ڕەت دەکەنەوە و ڕاڤەیان دەکەن.

**واقیعی ئەمڕۆی فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر):**

بە تێڕوانین لە واقیعی ئەمڕۆی لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە فەرموودەی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) لە هەندێ ڕووەوە دەتوانین بڵێین پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەت لە بەچاپگەیاندنی کتێبەکانی فەرموودە بەشێوەیەکی ورد و جوان و شایستە، تا ڕاددەیەکی باش تەحقیقکردنیان لە ڕووی ساغکردنەوەی دەق و نووسین و وشەوە، بەڵام لەهەندێك ڕووی ترەوە لەم چەرخەدا فراوانکردن و پێشکەوتنێکی دیار نابینرێت کە زیاتر بێت لەوەی زانایانی کۆن هێناویانە لە بوارەکانی زیادکردن و ڕاستاندنی زانستی فەرموودە، ڕاڤەی فەرموودە و گرنگیدانی زیاتر بە دەقەکانی، بەتایبەت کە سەیری لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە دەق (متن)ی فەرموودەکان دەکەین دەبینین زۆر کەم لێکۆڵینەوەی دروست و ڕەسەن کراون لە سەریان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆکار، کە گرنگترینیان ـ بە بۆچونی بەندە ـ کەمی فەقیهـ و زانایانی واقیعی و شەرعزانە، کە ئیشی ئەوانە دەقی فەرموودەکان تاوتوێی بکەن، هەروەها بوونی هەندێ زانا لە زانستی فەرموودەدا کە ڕووکەشانە مامەڵە لەگەڵ دەقی فەرموودەکاندا دەکەن، قسە لە فیقهـ و ئیجتهادی تازە دەکەن بەبێ گەڕانەوە بۆ یاسا و بنەما ئوصولییەکان.

ئەگەر سەیری لێکۆڵەرەوەکانی دەق (متن)ی فەرموودە بکەین لەم سەردەمەدا، دەبینین لە ڕووی مامەڵەکردنەوە لەنێوان زیادەڕەوی (إفراط) و کەمتەرخەمی (تفریط) و توندی و شلیدا خۆیان دەبیننەوە، هەندێ لە زانا و توێژەری تازەش لەو نێوەندەدا کار بۆ بنیاتنانی قوتابخانەیەکی نوێ دەکەن کە تێکۆشانی زانایانی کۆن بە هەند وەردەگرن و بە جورئەتەوە ڕەخنە لە هەندێك لە دەقە موخالیف و نەشیاوەکان دەگرن کە لەگەڵ قورئان، واقیع و مێژوو و هێڵە پانەکانی شەریعەت نایەنەوە. بۆ نموونە هەندێك لە زانایانی سەردەم ئەوەندە دەستیان گرتووە بە

دەقەکانەوە، دەبینین هەر بەحاڵ ڕیوایەتێك بگاتە پێغەمبەری خودا بە پێی یاساکانی (زانستی ناسینی گێڕەرەوەکان (علم الرجال) ئەوە خەڵك مولزەم دەکەن پێوەی بەبێ تێڕوانین لە دەقەکەی، کە ئاخۆ لەگەڵ ئایەت و فەرموودەکانی تر، یان لەگەڵ هێڵە پانەکانی شەریعەتدا دەگونجێت یان نا، ئەگەر نەشگونجێت ئەوە تەئویلی دەکەن بە زۆر و دەیگونجێنن بە هەر شێوەیەك بێت، بەبێ گوێدانە ڕای ئەو زانا پێشینانەی کە فەرموودەکەیان بە لاواز داناوە، هەروەها بەبێ کۆکردنەوەی ڕیوایەتەکان لەو بوارەدا ڕاستەوخۆ خۆیان و خەڵکی پێوە پابەند دەکەن.

لە بەرامبەردا خەڵکانێك پەیدابوون لە نووسەر و بەناو ڕۆشنبیر و زانای ئیسلامی، کە هەموو فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر)، یان هەندێکی ڕەت دەکەنەوە، ئەمانیش چەندەها تاقم و کەسایەتین و هەریەکە میتۆدێکی تایبەتی خۆی هەیە و تەنها بە خۆی و تاقمەکەی دەناسرێنەوە، هەر لە قورئانیەکانەوە بیگرە کە باوەڕیان بە فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا نییە و بە موئامەرە و کودەتایەکی مێژوویی دەزانن بۆ پشتکردنە قورئان، تا هەندێ بەناو بانگخواز و بەناو زانا کە پێیان وایە سونەتی پێغەمبەری خودا تایبەتە بە سەردەمی خۆیەوە و فەتوای پێغەمبەری خودان لە بازنەی حەڵاڵدا بوون، دەکرێ ئێمە ئەمڕۆ چاو بخشێنینەوە پیایدا و ڕۆڵی فەرموودە و تەشریعەکانی فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) دەبێ لەم سەردەمەدا بدرێت بە پەرلەمان و هەیئە تەشریعیەکان.. زۆر قسەی نەشیاوی تریش، هەروەها هەندێکی تر زانستی جەرح و تەعدیل ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن فەرموودەکان تەنها بە قورئان دەپێورێن ڕاستی و نادروستی دەچەسپێنرێن، هەروەها هەندێکیان دەڵێن قەول و تەقریر بە فەرموودەی پێغەمبەر دانانرێن و حوکمی شەرعیان لێوەرناگیرێن.. هتد، زۆر بۆچوونی نادروستی تر ئەگەر بمانەوێ باسیان بکەین بەم توێژینەوەیە تەواو نابێت.

لێرە و لەوێش لەو نێوەندەدا هەندێك بۆچوونی دروست و میانڕەو دەبینین و

دەبیستین کە بەشێوەیەکی واقیعی پشت بەستوو بە قسەی زانایان و میتۆدەکانی زانایانی فەرموودە، کار دەکەن لەسەر دروستکردنی قوتابخانەیەکی نویێ بۆ مامەڵەی دروست و شیاو و واقیعیانە لەگەڵ فەرموودەکان، ڕێکار و میکانیزمی نوێ بەرهەم دێنن بۆ مامەڵە لەگەڵیان، بە جورئەت و ئەدەبەوە زانستیانە ڕەخنە لە هەندێ ڕیوایەت دەگرن و ڕێز لە بۆچوونی زانایانی پێشین و پێش خۆیان دەگرن، میتۆدەکان هەڵناوەشێننەوە کە زانایانی فەرموودە شەونوخونیان کردووە لەسەر دامەزراندنیان، بەڵکو پشت ئەستوور بە بۆچونەکانیان ڕووی ڕاستەقینەی هەندێ ڕیوایەتی ناڕاست و نەشیاو و نەگونجاو هەڵدەماڵن، هەر فەرموودەیەك ڕێگەی دەربازبوونی هەبێت بۆ نەگونجانەکانی دروست مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و بە هەوا و ئارەزوو ڕەتی ناکەنەوە.

ئەوەی شارەزاییشی ببێت لە فەرموودە و زانستی فەرموودە، دەزانێت کە ئیشکال لە هەندێك لە فەرموودە گێڕدراوەکان لە پێغەمبەری خوداوە هەیە و ناتوانرێت ئینکاری بکرێت و نادیدە بگیرێت، زانستەکانی فەرموودەیش هەر بۆ چارەسەرکردنی ئەوە دانراون و بەشێکی گرنگیان تێدایە کە هەندێك بە زانستێکی سەربەخۆ ناوزەدی دەکەن بەناوی (علم علل الحدیث) واتە زانستی نەخۆشی ڕیوایەتەکانی فەرموودە، هەروەها لە بواری ڕاڤەی هەندێك فەرموودەشدا ئیشکال هەیە، هەر بۆیە کۆمەڵێك زانای پایەبەرزی وەك ئیبن قوتەیبە و ئیبن تەیمیە و ئیبن فەورەك[1] و غەیری ئەمانەش چەند کتێبێکیان داناوە سەبارەت بە (مختلف الحدیث)، واتە ئەو فەرموودانەی کە ڕاجیایی و ئیشکال هەیە لە مەبەست و

---

[1] ناوی ئەبوبەکری کوڕی حەسەنی کوڕی فەورەکە، یەکێکە لە زانایانی ئەهلی کەلام و ئوصول و ئەدەب و نەحو، ماوەیەك لە عێراق زانستی بڵاوکردووەتەوە، پاشان چووە بۆ نەیسابور، نزیکەی سەد کتێبی دانراوی هەبووە لە زانستە ئیسلامییەکاندا، لە ساڵی (٤٠٦ك) وەفاتی کردووە. بڕوانە: وفیات الأعیان (٤/ ٢٧٢).

ماناكانیان، هەروەها لە دووتوێی كتێبەكانی دانراو لە بوارەكانی فیقهـ و بنەماكانیدا چەندین بۆچوون و یاسای جوان هەن لەم بوارەدا، ئەمەش شتێكی ئاساییە، چونكە وەك دوایی باسی دەكەین، هەندێ لە فەرموودەكانی پێغەمبەر بەدەر لە ڕووداو و قسەو باس و كەسی بەرامبەر و كاتی وتنی فەرموودەكە گێڕدراونەتەوە، لەگەڵ ئەوەی كە زۆرێكیان بە مانا گێڕدراونەتەوە، دیارە ئەمانەش زۆرجار ئیشكال و ڕاجیایی دروست دەكەن، هەروەها هەندێك لە فەرموودەكان تیكەڵ بوون لەگەڵ وتەی حەكیمەكان و زاناكانی بەنوئیسرائیل، تا ئێستاش هەندێكی نەتوانراوە بە تەواوی یەكلا بكرێنەوە، یان بە تەئویل و لادانی ماناكەی، ڕاڤەی بۆ كراوە.. هتد.

ئەم ئیشكالانە و چارەسەركردنەكانی لە فەرموودەدا، سەرەتاكانی دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی هاوەڵانی پێغەمبەر (خودا لێیان ڕازی بێت)، هەندێ لە هاوەڵان وەك ئیمامی ئەبوبەكر و ئیمامی عومەر و دایكی مسوڵمانان عائیشە و ئیبن عەبباس و ئیبن مەسعود، چەند ڕیوایەتی ڕاویەكانیان لە پێغەمبەری خوداوە ڕەت كردۆتەوە، یان گومانیان بووە لە ڕاستی و دروستی ئەو فەرموودانە، یان ڕاستیان كردۆتەوە بۆ ڕاویەكانیان. دیارە ئەمانەش هەمووی بە سەنەدی صەحیح بۆ ئێمە گێڕدراونەتەوە، تەنانەت هەریەكەیان بە مەنهەجێكی تایبەت دەناسرێنەوە بۆ مامەڵەیان لەگەڵ فەرموودەكانی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر)[1].

ئەگەر سەیری فوقەها و زانایانی فەرموودەش بكەین، هەموو ڕیوایەتێكیان وەرنەگرتووە، ئەوەتا حەنەفیەكان پاش ڕاست و دروستی فەرموودەی ئاحاد لە ڕووی سەنەدەوە، چەند مەرجێكیان داناوە بۆ كاركردن بە دەقەكانی[2]، هەروەها مالیكیەكانیش چەند مەرجێكیان هەیە بۆ كاركردن بە فەرموودەی ئاحاد، كە گرنگترینیان ئەوەیە "نابێت فەرموودەكە پێچەوانە بێت لەگەڵ هەڵسوكەوتی خەڵكی

---

[1] بڕوانە: مقاييس نقد متون السنة، د. مسفر عزم الله الدميني (٥٥– ١٠٨).

[2] بڕوانە: منهج الحنفية في نقد الحديث (١٥٥ وما بعده).

شاری مەدینە کە پێغەمبەر و هاوەڵانی تێدا ژیاون"[1]. ئەگەر سەیری ڕای زانایانی ئەهلی فەرموودەش بکەین، دەبینین زۆربەیان یەکڕان لەسەر ئەوەی کە فەرموودە صەحیحەکان لە ڕووی سەنەدەوە دەتوانرێت ڕەخنە لە دەقەکانیان بگیرێت و ڕەت بکرێنەوە ئەگەر نەگونجاو بوون لەگەڵ قورئان، یان واقیع و مێژوو، یان یاسا و هێڵە پانەکانی شەریعەت[2].

کەواتە دەتوانین بڵێین دەرگای ڕەتکردنەوە، یان کارنەکردن بە هەندێ فەرموودەی صەحیح دانەخراوە بەسەر ئەهلەکەیدا، کە قوڵ بوونەتەوە لە زانستەکانی شەریعەت و شارەزاییان هەیە لە زانستی فەرموودە، با فەرموودەکە صەحیحیش بێت، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەم کارەش بە هەوا و ئارەزوو نابێت و بەکەمترین موخالەفە نابێت، هەروەها وەك ئەو لادەرانە نابێت کە بە هەوا و ئارەزوو مامەڵە لەگەڵ فەرموودەکاندا دەکەن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی پرەنسیپ و بنەما زانستیەکان، کە زانایان ڕەچاویان کردووە و بەشێوەیەکی نادروست فەرموودە ڕەت دەکەنەوە، هەروەها دەبێ لە بیریشمان نەچێت ئێمە ئەمڕۆ لەبەردەم هەندێ فەرموودەداین کە لە صیحاحەکاندا هاتوون کێشەیان دروست کردووە ـ وەك دوایی ئاماژەیان پێدەکەینـ، ئەگەر زانایانی پێش ئێمە بوونیان ببوایە لەم چەرخەدا نەقدیان دەکرد و ڕەتیان دەکردەوە بەبێ دودڵی، چونکە زۆرێك لە هاوشێوەکانیان نەقد کردووە و ڕەتیان کردوونەتەوە و کاریان پێنەکردووە.

لەڕاستیدا کتێب و لێکۆڵینەوەی زۆر جوان هەن لە بواری مامەڵەکردن لەگەڵ فەرموودەی نەگونجاودا کە لەلایەن زانایانی کۆن و هاوچەرخەوە نووسراون، بەڵام زۆرێك لەو نووسینانە وەك پێویست کاریان پێناکرێت، وەك بڵێی ئێمە لەبەردەم زاهریەتێکی تازەدا بین و بەوشێوەیە غەرق کرابین هەرچیمان بۆ ڕیوایەت کرا ئەوە

---

[1] بڕوانە: أصول فقه الإمام مالك (٢/ ٧٣٣).

[2] ئیبن قەیم کتێبێکی ناوازەی هەیە لەم بوارەدا بەناوی (المنار المنيف في الصحيح والضعيف).

وەری بگرین، بەبێ وردبوونەوە و بەراوردکردنی لەگەڵ ئایەت و فەرموودەکان و ژیریی و مێژوو و هێڵە پانەکانی شەریعەت. ئەم غەزوە زاهریە تازەیە شکستی زۆری بەسەر مسوڵمانانندا هێناوە لە ڕووی مەعریفی و سیاسی و فەرهەنگیەوە، تەنانەت هێرشی گەورەی ڕۆژهەلاتناس و بێباوەڕەکانیشی ئاسان کردووە لە ڕووی هزری و زانستیەوە، هەروەها ئەو خەڵکانەش زۆر زیانیان داوە لە ئیسلام و فەرموودە کە بەناوی قورئانیی و دژە فەرموودەوە یان بە ناوی عەقلانیەتەوە دەیانەوێت بە عەقڵ و هەوا و ئارەزووی خۆیان، هەندێ لە فەرموودەکان ڕەت بکەنەوە کە بە بۆچوونی خۆیان ناگونجێن لەگەڵ قورئان و شەریعەت، هەموو میتۆدەکانی پێش خۆیان وەلادەنێن و بۆ خۆیان بە هەوا و ئارەزوو و بەشێوەیەکی تاکیی نائەکادیمی کەوتوونەتە وێزەی فەرموودەکان هەرچی بەدڵیان نەبێت ڕەتی دەکەنەوە.

کەواتە دەبێ لەم سەردەمەدا ئێمە چی بکەین لە نێوان ئەم دوو جۆرە خەڵك و لێکۆڵینەوانەدا؟ لەبەردەم ئەو هەندە فەرموودانەدا کە بە ڕووکەش یان بە تەواوی ناگونجێن لەگەڵ قورئان و هێڵە پانەکانی شەریعەتدا؟ چۆن بتوانین پارێزگاری لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا و مانا و ئامانجەکانی بکەین لە بەرامبەر ئەو زاهرییەتە کوێرە و ئەو خەڵکە دژە فەرموودە بێ میتۆدانەدا؟ چۆن چەند ڕێکارێکی گرنگ بگرینەبەر بۆ خوێندنەوەی هاوچەرخیانە بۆ فەرموودەکان و خۆمان دامالێن لە سەرکێڵی ڕووکەشبینی لە دەق و فەرموودەکاندا؟ چۆن خۆمان لەو ئیشکالانە ڕزگار بکەین کە لە هەندێك فەرموودەدا هەن؟ یاخود لەم چەرخەدا دەرکەوتوون؟ ئایا پێویست نییە جارێکی تر چاو بە ڕا و بڕیاری زانایانی فەرموودە بخشێنینەوە لەسەر ئەم جۆرە فەرموودانە؟ ئایا ناکرێ هەندێك میتۆد و بنەما زیاد بکەین لەسەر میتۆدی زانایانی پێشین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم جۆرە فەرموودانەدا؟

لێرە و لەوێ هەندێك بۆچوونی دروست و میانڕەو دەبینین و دەبیستین کە بەشێوەیەکی واقیعی پشتبەست بە قسەی زانایان و میتۆدەکانی زانایانی فەرموودە

کار لەسەر دروستکردنی قوتابخانەیەکی نویٚ بۆ مامەڵەی دروست و شیاو و واقیعیانە لەگەڵ فەرموودەکان دەکەن، ڕێکار و میکانیزمی نویٚ بەرهەم دێنن بۆ مامەڵە لەگەڵیان، بە جورئەت و ئەدەبەوە زانستیانە ڕەخنە لە هەندیٚ ڕیوایەت دەگرن و ڕێز لە بۆچوونی زانایانی پێشین و پێش خۆیان دەگرن، میتۆدەکان هەڵناوەشێننەوە کە زانایانی فەرموودە شەونخونیان کردووە لەسەر دامەزراندنیان، بەڵکو پشت ئەستوور بە بۆچوونەکانیان ڕووی ڕاستەقینەی هەندیٚ ڕیوایەتی ناڕاست و نەشیاو و نەگونجاو هەڵدەماڵن، هەر فەرموودەیەك ڕێگەی دەربازبوون هەبێت بۆ نەگونجانەکانی دروست مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و بە هەوا و ئارەزوو ڕەتی ناکەنەوە، زۆرلێکردن ناکەن لە دەق و ماناکانیان تا بەهەر شێوەیەك بێت بیگونجێنن.

## چەند ڕێکارێکی دروست بۆ مامەڵە لەگەڵ فەرموودە کێشە لەسەرەکان:

دارشتنەوە و هێنانەوە کایە و تۆمارکردنەوەی ڕێکار و میتۆدەکان کارێکی پێویستن لەم سەردەمەدا بۆ کاری حوکمدان لەسەر ئەم جۆرە فەرموودانە، من لێرەدا دەمەویٚ بەکورتی ئاماژە بە هەندێك لەو ڕێکارە میانڕەو و دروست و زانستیانە بکەم کە گرنگن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو فەرموودانەی ئاڵۆزن، یان کێشە هەیە لە مانا و واقیعی بوونەکەیاندا، کە بە شێوەیەك لە ڕووکەشدا، یان لە ناوەڕۆکدا ناگونجێن لەگەڵ دەقەکانی تری قورئان و فەرموودە، یان هێڵە پانەکانی شەریعەت، یان ژیریی و مێژوو.. هتد، چەند نموونەیەکی گرنگیش دەخەمە ڕوو لەگەڵیاندا. ئەمەش وەنەبێت تەنها داهێنانی خۆم بن، بەڵکو کاری زانایانی پێشوون لەم بوارەدا بە دامەزراندنەوەی نویٚ، بە تێڕوانین لەو کتێب و نوسراوە ڕەسەنانەی لە بواری مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە فەرموودانە نووسراون، بەبیٚ ئەوەی دەربچن لە سنووری سووری زانستەکانی فەرموودە. هەوڵیش دەدەم بە "دە" خاڵ ئەم ڕێکارانە بخەمەڕوو:

**یەکەم: چاوخشاندنەوە بە سەنەدی فەرموودە بە چاوێکی زانستیانەی دوور لە دەمارگیریی:**

یەکەم هەنگاوی زانستیی بۆ زانینی ڕاستیی فەرموودەکان، ڕاستیی فەرموودەکەیە لە ڕووی سەنەدەوە، ئەمە بناغەی کارەکەیە، قسە لەسەر فەرموودەیەك نییە کە زەعیف یا مەوزوع بێت، بۆیە ئەمە یەکەم هەنگاوە بۆ هەڵسەنگاندنی فەرموودە و وەرگرتنی ئەحکام و ئامۆژگاری لێی. ئەگەر بمانەوێت خوێندنەوە و پێداچوونەوە لە ڕاستیی فەرموودەیەکدا بکەینەوە کە ئاڵۆزی و نەگونجان هەیە لە دەقەکەیدا، دەبێ سەرەتا و پاش داماڵینی خۆمان لە هەموو مەیل و دەمارگیرییەك، جارێکی تر پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوە بە یەکەیەکەی ڕیوایەت و ڕاویەکانی فەرموودەکە و ئەوەی پەیوەندی پێیانەوەیە بکەینەوە، چاوخشاندنەوە بە کەلێنە پشتگوێخراوەکانی بواری سەنەدەکەی بکەینەوە.

هەندێ جار لە هەندێ لە چەرخدا ئاسانکاریی کراوە لە بەڕاست دانانی هەندێ فەرموودە لە ڕووی سەنەدەوە لەلایەن هەندێ لە زانایان و دەسەڵاتدارانەوە، چاو نوقێنراوە لە هەندێ کەموکوڕی ڕاوییەك، لەبەر هۆکارێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی، یان دەمارگیری مەزهەبی، یان تایفی، یاخود گونجاوی ئەو فەرموودەیە بۆ ئەو واقیعە کە ئەو زانایە، یان چەند زانایە تیایدا ژیاون، کاتێك ئەو فەرموودەیە کێشەیەکی کەمی هەبووبێ لە ڕیوایەت، یان لە ڕاویەکانیدا، ئەمە لەم چەرخەشدا بەدی دەکرێت! دیارە ئەم کارە لەگەڵ ئەوەی کە شیاو نییە لە ڕووی زانستیەوە مەرجیش نییە بۆ هەموو سەردەمێك گونجاو بێت، چونکە ڕەنگە هەندێ سەردەم مسوڵمانان گیربخۆن بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم فەرموودەیە.

یاخود هەندێ ڕیوایەت لەلایەن هەندێك لە زانایانی پێشینی بواری فەرموودە ڕەت کراونەتەوە بە بەڵگە و بنەمای زانستی، بەڵام قەبوڵ کراون لەلایەن هەندێکی ترەوە، ڕەنگە لەبەر هەندێك کاریگەری ناڕاستەوخۆی پێداویستی کۆمەڵگا بووبێت،

یان هەر هۆکارێکی تر، کە ڕەنگە لەم چەرخەدا هیچ یەکێك لەو بابەتانە بوونی نەبێت.

هەندێکجار دەمارگیری مەزهەبی، یاخود هەندێك بۆچوونی سیاسی، ڕەنگە ببنە هۆکار بۆ بەلاواز زانینی ڕاوییەك یان قەبوڵکردنی[1]. هەر بۆیە هێنانەوەی بابەتەکە بۆ سەر ڕێڕەوە ڕاستەکەی خۆی، دەبێت دووبارە وردبوونەوە بکەینەوە لە سەنەدی فەرموودەکان، بە یەکلاکردنەوەی دەبێت بەیەك میتۆدێکی گونجاوی زانایانی ڕەسەنی شارەزای پێشین و سەردەم، ئەمەش کاری یەکەمی زانا و لێکۆڵەرەوانە لەم بوارەدا. هەربۆیە کاتێك ئیشکالێکمان بۆ دروست بوو لە فەرموودەیەك لە ڕووی دەق و ماناوە — بەتایبەت لەم چەرخەدا ـ پێویستە پێش هەموو هەنگاوێك جارێکی تر چاو بخشێنینەوە بە سەنەد و ورد بینەوە لە چۆنیەتی گێڕانەوەی لە پێغەمبەری خوداوە، سەیری هەڵسەنگاندنی زانایان بۆ ڕاویەکان و تەواوی ڕیوایەتەکانی ئەم فەرموودەیە بکەینەوە، بەم کارەمان زۆرجار ڕێگای هەنگاوی تر کورت دەکەینەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقێکی ئاڵۆز، یان بە ڕووکەش نەگونجاو لەگەڵ واقیع، یان دەقەکانی تر، یان مێژوو و شتە سەلمێنراوەکان.

نموونە زۆرە لەم بوارانەدا، لێرەدا بەکورتی نموونەیەك دێنینەوە لەسەر گرنگی چاوخشاندنەوە بە سەنەد، کە چۆن کێشەی فەرموودە ئاڵۆزەکانی پێ چارەسەر دەبێت: لە ئەنەسەوە ڕیوایەت کراوە کە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: "اللَّهُمَّ أَحْيِنِي مِسْكِينًا، وَأَمِتْنِي مِسْكِينًا، وَاحْشُرْنِي فِي زُمْرَةِ الْمَسَاكِينِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ". ئەم فەرموودەیە ئیمامی تیرمزی و ئیبن ماجە ڕیوایەتیان کردووە[2].

---

١ وەك ئەوەی هەندێك لە فەرموودەناسانی مەزهەبی شافیعی ئیمامی ئەبو حەنیفەیان بە زەعیف زانیوە و دەڵێن فەرموودەی لێ وەناگیرێت. بڕوانە: الكامل في ضعفاء الرجال (٧/ ٥– ١٢)، تأريخ بغداد (١٣/ ٣٩٥ وما بعده).

٢ بڕوانە: سنن االترمذي، باب (ما جاء أن فقراء المهاجرين يدخلون الجنة قبل أغنيائهم) رقم (٢٣٥٢)، وابن ماجة باب (محاسبة الفقراء) رقم (٤١٢٦).

ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی فەرموودەکە بکەین جۆرێك لە ناهاوسەنگی دەبینین، دەکرێ پێغەمبەری خودا ئاواتی کەمدەرامەتی یاخود فەقیری و بێدەسەڵاتی بە ئاواتخواستبێت؟! جگە لەوەی پێچەوانەی چەندین فەرموودەیە کە پێغەمبەری خودا خۆی پاراستووە لە کەمدەرامەتی و برسێتی و لە دوعاکانیدا سابت بووە کە پێغەمبەری خودا داوای دەوڵەمەندی کردووە بەشێوەیەك کە پێویستی بە خەڵك نەبێت. ئەگەر بەپێی ئەم فەرموودەیەش مامەڵە بکەین، ئێمەش ئەو دوعایە بکەین داوای ئەوە دەکەین کە هەردەم مسوڵمانان لاواز و کەمدەرامەت و داماو بن! بۆیە لە یەکەم سەیرکردنی ئەم فەرموودەیەدا شتێك لە دڵماندا دروست دەبێت، بەڵام کاتێك ورد دەبینەوە لە سەنەدی فەرموودەکە، دەبینین هەموو ڕیوایەتەکانی ئەم فەرموودەیە لاوازن، وەك زانایانی فەرموودە دەفەرموون[1]، هەرچەندە کەمێك لە زانایانیش بە ڕاستیان لەقەڵەم داوە، بەڵام چونکە ڕاوییەکانی کێشە هەیە لەسەریان.

چەندین نموونەی ترمان هەیە کە چاوخشاندنەوە بە سەنەدی فەرموودەکە

---

١ زانای بەناوبانگ ئیبن کەسیر لە کتێبی "البداية والنهاية" (٦/ ٧٥) دەفەرموێت: "فأمَّا الحديث الذي رواه ابن ماجة عن أبي سعيد أن رسول الله ـ صلَّى الله عليه وسلَّم ـ قال: "اللهم أحيني مسكينًا . . . الحديث" فإنَّه حديث ضعيف، لا يثبت من جهة إسناده، لأن فيه يزيد بن سنان أبا فروة الرَّهاويّ وهو ضعيف جدًا، والله أعلم . وقد رواه التّرمذيّ من وجه آخر عن أنس . . . ثم قال: هذا حديث غريب. قلت (ابن كثير): وفي إسناده ضعف، وفي متنه نكارة، والله أعلم" انتهى.

هەروەها ئیبن حەجەر لە کتێبی "التَّلْخِيص" (٣/ ١٠٩) لە دوای ئەوەی فەرمووودەکە نەقلْ دەکات، دەفەرموێت: "رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ وَاسْتَغْرَبَهُ. وَإِسْنَادُهُ ضَعِيفٌ. وَفِي الْبَابِ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ رَوَاهُ ابْنُ مَاجَهْ، وَفِي إِسْنَادِهِ ضَعْفٌ أَيْضًا، وَلَهُ طَرِيقٌ أُخْرَى فِي الْمُسْتَدْرَكِ مِنْ حَدِيثِ عَطَاء عَنْه، وَرَوَاهُ الْبَيْهَقِيُّ مِنْ حَدِيثِ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ" انتهى.

هەروەها لەبارەی ئەم فەرموودەیەوە لە شێخ ئیبن تەیمیەیان پرسی، فەرمووی: "هذا يُرْوَى، لكنه ضعيف لا يثبت، ومعناه: أحيني خاشعا متواضعا، لكن اللفظ لم يثبت" انتهى. "مجموع الفتاوى" (١٨/ ٣٥٧).

**دەبێتە چارسەر بۆ یەکلاکردنەوەی و لەبەر ئەوەی کێشەی سەنەدی فەرموودەکە وادەکات کە بچێتە ڕیزی فەرموودە لاوازەکانەوە[1].**

---

[1] بۆ نموونە: بەشێك لە زانایان ئەو فەرموودەیە ڕەت دەکەنەوە کە باس لە ژمارەی دابەشبوونی موسوڵمانان دەکات، کە دەڵێت دەبن بە (٧٣) فیرقەوە هەموویان لە ئاگردان تەنها یەکێکیان نەبێت، کە لە ڕیوایەتی موعاویەدا هاتووە دەڵێت ئەو فیرقەیەش بریتیە لە (الجماعة) واتە ئەوەی لەگەڵ جەماعەت و دەسەڵاتدارانی موسوڵمانن، دەقی فەرموودەکە لە زۆربەی ریوایەتەکاندا بەم شێوەیەیە "افترقت اليهود على إحدى– أو اثنتين – وسبعين فرقة، والنصارى كذلك، وتفترق أمتي على ثلاث وسبعين فرقة، كلهم في النار إلا واحدة". قالوا: من هي يا رسول الله؟ قال: "ما أنا عليه وأصحابي"، وفي رواية معاوية "وهم الجماعة".

دەڵێن ئەم فەرموودەیە ئیشکالی زۆری هەیە لە ڕووی ماناوە، زۆر پرسیاری هەڵگرتووە کە هەندێکیان وەڵامی گونجاویان نییە، لەوانە:

– دەرکەوتووە کە جولەکە و گاورەکان زۆر زیاتر لە (٧٢) فیرقە دابەش بوون.

– ئایا ئەم فیرقانە فیرقەی عەقیدەیین، یان سیاسی، یان فیقهی، یان چی؟

– ژمارەی فیرقەکان لەناو موسوڵماناندا نەگەیشتۆتە ئەو ژمارە زۆرە، مەگەر زۆر (تكلف) لە مێژوو بکەین و فیرقەکان زۆر ورد بکەینەوە، ئەو کاتەش زیاتر دەبن لەو ژمارەیە، ئیتر ئەم فیرقانە چۆنن و کێن؟!

– وشەی (أمتي) واتە گەلەکەم، ئایا مەبەست پێی هەموو ئوممەتەکەیەتی هەتا ڕۆژی قیامەت، یان پێش قیامەت، یان لە چەرخێك لە چەرخەکاندا؟! ئەگەر تا قیامەت بێت، دیارە زۆر لەوە زیاترن.

– ڕستەی (كلهم في النار) واتە دەچنە جەهەننەم بەئەبەدی یان نا؟ ئەم فیرقانە بە موسوڵمان ئەژمار دەکرێن یان نا؟!

– ئەو فیرقەیەی نەجاتی دەبێت کێن؟ ئایا لە هەموو چەرخ و زەمانەکانن، یان لە چەرخێکی دیاری کراودا؟.

کاتێك کە لە ڕووی ماناوە ئەم ئیشکالانە دەبینرێن، یەکەم هەنگاو بۆ دڵنیابوون لە ڕای ئەو زانایانە و یەکلاکردنەوەی فەرموودەکە، دەبێت سەیری سەنەدی ریوایەتەکانی ئەم فەرموودەیە بکەین. ئەو زانایانەی فەرموودەکە ڕەت دەکەنەوە دەڵێن: هیچ یەکێك لە ڕیوایەتەکانی خاڵی نییە لەو ڕەخنانەی کە فەرموودەی پێ ڕەتدەکرێتەوە، هەموو ڕیوایەتێکی ئەم فەرموودەیەش یەکێك لە ڕاویەکانی جێگەی مشتومڕی زانایانی فەرموودەیە و قسەی لەسەرە. هەربۆیە بەشێك لە زانایانی کۆن و نوێ فەرموودەکە بە لاواز دادەنێن. لێرەدا دەرفەت نییە باسی کێشەی سەنەدەکەی بکەین، بەڵام توێژەرێکی بەتوانا

تـەواوی ڕیوایەتـەکانی لـە نامیلکەیەکـدا کۆکردووەتـەوە و بەراوردکاریـەکی وردی کـردووە، لـە کۆتاییـدا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم فەرموودەیە لەسەر پێـی خـۆی ناوەسـتێ، نـە لـە ڕووی مـەتن و نـە لـە ڕووی سـەنەدەوە، هـەموو ڕیوایەتـەکانی کێشـەیان تێدایـە، ئـەویش (د. محمـد یحیـی عـزان)ە لـە توێژینەوەیەکیـدا بـەناوی (حـدیث افـتراق الأمـة تحـت المجهـر): (لـە تـۆڕی ئینتـەرنێت بەئاسـانی ئـەم توێژینەوەیە بەردەست دەبێت).

هەروەها شێخ حەسەن سەقاف دەڵێت: "إن نصَّ حديث الافتراق هو: "افترقت اليهود على إحدى وسبعين فرقة، وتفرَّقت النصارى على اثنتين وسبعين فرقة وتفترق أمتي على ثلاث وسـبعين فرقـة" رواه أحمـد بـن حنبل في مسنده (٢/ ٣٣٢) وغيره، وفي رواية ابن ماجه (٣٩٩٣) وأحمد وغيرهما: "كلـها في النـار إلا واحـدة وهي الجماعة"، وفي رواية للطبراني: "ما أنا عليه اليوم وأصحابي".

وقد روي هذا الحديث من عدة طرق كما بينته بإسهاب في كتابي (من فكـر آل البيـت صـحيح شـرح العقيـدة الطحاويـة) (٦٢٩-٦٣٤)، وأختصـر مـا ذكرتـه هنـاك في نقـده علـى طريقـة أهـل السـنة وحسـب مـوازينهم الحديثية فأقول:

١- رُوِيَ هذا الحديث عن أبي هريرة مرفوعًا، وفي إسناده محمد بن عمرو بن علقمة وهو ضعيف . قال يحيى بن سعيد ومالك: ليس هو ممن تريد، وقـال ابـن حبـان: يخطـىء، وقـال ابـن معـين: مـا زال النـاس يتقـون حديثه، وقال ابن سعـد: يُسْتَضْعَف.

٢- وروي عـن معاويـة مرفوعًـا، وفي السـند أزهـر بـن عبـد الله الهـوزني، أحـد كبـار النواصـب الـذين كـانوا ينتقصـون سـيدنا عليًـا ولـه طامـات وويـلات. قـال الأزدي: يتكلّمـون فيـه وأورده ابـن الجـارود في كتـاب الضعفاء.

٣- وروي عن أنس بن مالك من سبعة طرق كلها ضعيفة لا تخلو من كذاب أو وضاع أو مجهول. انظر كتابنا (صحيح شرح الطحاوية) حاشية ٣٧١ ص٦٢٩.

٤- وروي عن عوف بن مالك مرفوعًا، وفي سند روايته عباد بن يوسف وهو ضعيف، أورده الذهبي في ديوان الضعفاء برقم (٢٠٨٩).

٥- وروي عن عبد الله بـن عمـرو بـن العـاص مرفوعًـا عنـد الترمـذي في السـنن (٥/ ٢٦)، وفي إسـناده عبـد الرحمن بن زياد الإفريقي، وهو ضعيف .

٦- وروي عن أبي أمامة مرفوعًا عند ابن أبي عاصـم في (السنة) (١/ ٢٥)، وفي إسناده قطن بن نسير، وهـو ضعيف منكر الحديث.

٧- وروي عن ابن مسعود مرفوعًا عند ابن أبي عاصم في سننه، وفي سنده عقيل الجعدي. قـال الحـافظ ابـن حجر في (لسان الميزان) (٤/ ٢٠٩): قال البخاري منكر الحديث.

٨- وروي عن سيدنا علي كرّم الله وجهه ممن رواه ابن أبي عاصم في كتابه (السنة) (٢/ ٤٦٧) برقم (٩٩٥)، وفي إسناده ليث ابن أبي سُلَيم، وهو ضعيف جدًا، وحاله معروف عندهم. قال ابن حجر في التقريب برقم (٥٦٨٥): اختلط جدًا ولم يتميَّز حديثه فَتُرِك.

زۆرێکیش لە زانایان تەنها ڕەخنە لەو زیادەیە دەگرن کە لە ریوایەتەکەی ئیمام ئەحمەد و ئیبن ماجەدا هاتووە (كُلُّهَا فِي النَّار إلاّ واحِدة وهم الجَماعَة).

هەروەها هەریەك لە ئیبن حەزم و ئیبن ئەلوەزیر ئەم فەرموودەیە ڕەت دەکەنەوە، دەڵێن هیچ یەك لە ڕیوایەتەکانی صەحیح نین، ڕاویەکانی کێشەیان هەیە. بڕوانە: الفصل في الملل والأهواء والنحل (٣/ ١٣٨) لابن حزم، العواصم والقواصم في الذب عن سنة أبي القاسم (٣/ ١٧٠). ئیمامی شەوکانیش دەفەرموێ ئەوەندەی کە دەڵێت (كُلُّهَا فِي النَّار إلاّ واحِدة - یان إلا فرقة -) صەحیح نییە: فتح القدير للشوكاني (٢/ ٢٩٤). لە زانایانی هاوچەرخیش هەریەك لە شێخ قەرەزاوی و شێخ حەسەن سەققاف و شێخ زاهید کەوسەری فەرموودەکە بە لاواز دەزانن. بڕوانە: تنبيه الحذاق إلى بطلان حديث الإفتراق.

لەبەرامبەردا زۆرێك لە زانایانی کۆن و نوێش ئەم فەرموودەیە بە (حسن) یان بە (صحيح) ئەژمار دەکەن، لەبەر زۆری ڕیوایەتەکانی کە یەکتر بەهێز دەکەن و بە هەموویان پلەکەی بەرز دەکەنەوە، کەسیشیان نایشارنەوە کە لە یەکە یەکەی ڕیوایەتەکانیدا کێشەی ڕاوییەك، یان چەند ڕاویەك هەیە. لەو زانیانەش زانای سەلەفی بەناوبانگ شێخ ئەلبانی و شێخ ئیبن باز و شێخ ئیبن عوسەیمین و تەواوی زانایانی ئەو قوتابخانەیە. بڕوانە: سلسلة الأحاديث الصحيحة وشيء من فقهها وفوائدها (١/ ٤٠٢).

ئەوەی من مەبەستمە لێرەدا ئەوە نییە کە ئەم فەرموودەیە صەحیحە یان لاوازە، چونکە کاری بڕیاردان لەم مەسەلەیەش وەك هەموو ئیجتهاد و ڕادۆزییەکی تر وایە، تەنها لایەکیان پێکاویەتی، بەڵام وەك بینیمان ئەو زانایانەی سەر بە قوتابخانەی سەلەفیەتن ئەم فەرموودەیە بە صەحیح دادەنێن، چونکە بەشێك لە ئەفکار و ئیعتیقادی خۆیانیان لەسەر بینا کردووە، بە پێچەوانەشەوە ئەو زانایانەی کە لەسەر ڕەوتی صۆفی و هەندێ قوتابخانەی میانڕەو ئەژمار دەکرێن کار بۆ بە لاواز دانانی ئەم فەرموودەیە دەکەن، بۆیە دووبارە وردبوونەوە لە سەنەدی ئەم جۆرە فەرموودانە و یەکلاکردنەوەیان بە بێلایەنی کارێکی پێویستە و یەکێکە لە میتۆدە زانستیە گرنگەکان.

جا بۆیە یەکەم کار کە بیکەین پێویستە جارێکی تر بە خۆدامالین لە هەموو کاریگەری هزر و قوتابخانەیەکەوە لێکۆڵینەوە لە سەنەدی فەرموودە ئالۆزەکان بکەین، بگەڕێینەوە بۆ ڕای زانایانی کۆن و نوێ لەسەر سەنەدی فەرموودە کێشە لەسەرەکە، ئەگەر سەنەد تەواو نەبوو پێویست ناکات ئێمە لەم جۆرە فەرموودانەدا قسەوباس لەسەر مەتن بکەین و باسی ئیشکال و نەگونجانەکانی بکەین..

**دووەم: وردبوونەوە لە پێچەوانە وەستانەوەی ڕاستەقینەی فەرمووده لەگەڵ قورئان، یان سەلمێنراوە یەکلاکراوەکانی ئیسلام:**

زانایان بەگشتی دەڵێن: "ئەگەر فەرموودەیەك هات و بەتەواوی و بێگومان و دودڵی پێچەوانەی قورئان و موحتەوای زانیاریەکانی قورئان بوو، نەدەکرا بەشێوەیەك ڕاڤەی بۆ بکرێت و کۆ بکرێتەوە لەگەڵ ئەو دەقەی قورئاندا، یاخود دەکرا بەڵام زۆرلێکردنێکی زۆری پێوە دەبوو لە ڕووی زمانەوانی یاخود ماناوە، ئەوە ئەم فەرموودەیە وەرناگیرێت و ڕەت دەکرێتەوە، با لە ڕووی سەنەدیشەوە صەحیح بێت و هەرکەسێکیش ڕیوایەتی کردبێت"[١].

ڕەنگە کەسێ بپرسێت ئایا ڕیوایەتی وا هەیە؟ چۆن ڕیوایەتی وا لەناو کتێبەکانی فەرموودەدا ماوە؟ لە وەڵامدا دەڵێین ڕەنگە بە ڕووکەش ئەم جۆرە فەرموودانە بەڕێژەیەك هەبن لەناو کتێبەکانی فەرموودەدا، بەڵام هەندێك لە زانایان تەئویلیان کردوون و بەشێوەیەك ڕاڤەی بۆ دەکەن کە پێچەوانە ناوەستێتەوە لەگەڵ قورئاندا، بەشێکی تریش ئەم جۆرە فەرموودانە ڕەت دەکەنەوە.

لەڕاستیدا هەر پێچەوانەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەقەکانی قورئان ئەو فەرموودەیە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، وەنەبێ زانایانی پێشینی فەرموودەش دەرکیان بەم جۆرە فەرموودانە نەکردبێت و قسەیان لەبارەیانەوە نەکردبێت، وەك دوایی ئاماژەی پێدەدەین، بەڵام نەگونجانی ڕووکەش لە هەندێك فەرموودەدا نابێتە هۆی ڕەتکردنەوەی فەرموودەکە، بەڵکو دەکرێ زانایانی ئەهلی فەرموودە بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕاڤەی بکەن کە لەو ئیشکالە دەربچین. کەواتە یەکێکی تر لەو ڕێکارە زانستییانە ئەوەیە کە ئێمە بە هەوا و ئارەزوو یان نەگونجانێکی ڕووکەشی لەگەڵ قورئاندا، نابێت فەرموودە ڕەت بکەینەوە، بەڵکو دەکرێت کار

---

١ تدريب الراوي للسيوطي (١/ ٢٧٤ وما بعدها)، الموضوعات لابن الجوزي (١/ ١٠٦)، الكفاية في علم الرواية للخطيب البغدادي (٢/ ٥٥٧)، تحرير علوم الحديث لعبد الله بن يوسف الجديع (١/ ٦٩٨).

**لەسەر هەندێك ڕێكاری تر بكەین بۆ لابردنی ئەو نەگونجانە كە لە خاڵەكانی تردا باسیان دەكەین، لەوانە كۆكردنەوەی هەموو ڕیوایەتەكان و كاركردن بەو ڕیوایەتەی كە دەقەكەی هیچ نەگونجانێك دروست ناكات لەگەڵ دەقەكانی قورئاندا.**

**هەروەها نابێت قورئان بكەین بە حەكەم بەسەر فەرموودەوە، وەك هەندێك لە لادەرانی ئەمڕۆ بانگەشە بۆ ئەم ڕێكارە دەكەن، بە كەمترین جیاوازیی فەرموودە ڕەت دەكەنەوە بێئەوەی بگەڕێنەوە سەر ڕاڤەی هەردوو دەقەكە[1].**

**بەڵام لە ڕاستیدا ئەم مەسەلەیەش دانەخراوە، زانایانی پێشینیش لە دوا وردبونەوە لە فەرموودەكان هەندێك فەرموودەی پێچەوانەیان دەستنیشان كردووە كە ئەمانە گونجاونین لەگەڵ دەقەكانی قورئاندا و پێویستە ڕەتبكرێنەوە با لە ڕووی سەنەدیشەوە تەواو و گونجاو بن، با ئیمامی بوخاری یان مسولیم ڕیوایەتیشیان كردبێت. بۆ نموونە: فەرموودەی دانە پاڵ و بەملدادانی گوناهی مسوڵمانان بەسەر جولەكە و گاوراندا: لە صەحیحی مسولیمدا هاتووە لە ئەبو بوردەوە ئەویش لەباوكیە، ئەویش لە پێغەمبەری خوداوە (دروودی خوای لەسەر) گێڕاویەتەوە:**

---

[1] لە تۆڕی ئەنتەرنێتدا یەكێك ئەو فەرموودەیەی ئیمامی بوخاری ڕەت كردبۆوە كە گێڕاویەتەوە "إذا دعا الرجل امرأته إلى فراشه، فأبت أن تجيء، لعنتها الملائكة حتى تصبح" صحيح البخاري (٤/ ١١٦) باب (إذا قال أحدكم: آمين والملائكة في السماء، آمين ..الخ)، گوایە ئەم فەرموودەیە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو مافانەی خودا لە قورئاندا بە ئافرەتی داوە و دەڵێت: پێچەوانەیە لەگەڵ ئایەتی (ومن آياته أن خلق لكم من أنفسكم أزوجا لتسكنوا إليها، وجعل بينكم مودة ورحمة) (الروم: ٢١)، هەروەها دەڵێ: "فالمودة والحب والعدل والرحمة ضمان لعدم ممارسة الإكراه والاستعباد والاغتصاب". بڕوانە: بابەتی: (حديث مخالف لنصوص القرآن الكريم) كە بڵاوكراوەتەوە لە ڕۆژنامەی ئیلكترۆنی میسری بەناونیشانی "شباب مصر"، لە ١٩/ تەمووز ٢٠١٧ بڵاوكراوەتەوە. ڕۆژی ڕوانین: ٢/ ١٢/ ٢٠١٧.

لەڕاستیدا ئەگەر بەم جۆرە مامەڵە لەگەڵ دەقەكاندا بكرێت هەموو فەرموودە تەنانەت قورئانیش دەخرێنە بەر ڕەخنەی هەوا و ئارەزووەكانەوە، بەڵام زانایانی ئیسلام زۆر بەجوانی باسی ئەم جۆرە بابەتانەیان كردووە، ئەم فەرموودەیەش چەندین حیكمەتی جوانی بۆ خێزانەكان و كۆمەڵگا گرتووەتە خۆی كە ئێستا دەرفەت نییە باسی بكەین.

"يَجِيءُ يَومَ القِيامَةِ ناسٌ مِنْ المُسلِمينَ بِذنوبٍ أمثالَ الجِبالِ، فَيغفِرُها اللهُ لَهُم، ويَضَعُها عَلى اليَهودِ والنَّصارى"[1]. لەڕاستیدا ئەم فەرموودەیە پێچەوانە دەوەستێتەوە لەگەڵ چەند ئایەتێك لە قورئان، لەوانە ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ إِلَّا عَلَيْهَا وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى ثُمَّ إِلَى رَبِّكُمْ مَرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾ (الأنعام: ١٦٤). هەر بۆیە ئیمامی بەیهەقی ئەم فەرموودەیەی بە لاواز لەقەڵەم داوە، چونکە پێچەوانەی قورئانە[2]. هەروەها شێخ ئەلبانی سەبارەت بە ئەو بەشەی فەرموودەکە (ويضعها على اليهود والنصارى) دەفەرمووێ (شاذ منكر) واتە، نامۆیە زەعیفە و مونکەرە[3]. زۆرێك لە زانایانی تری فەرموودە، ئەم فەرموودەیە ڕەت دەکەنەوە هەر لەبەر ئەوەی کە پێچەوانەیە لەگەڵ قورئان، هەرچەندە ئیمامی مسولیمیش ڕیوایەتی کردووە. هەندێك لە زانایانیش وەك ئیمامی نەوەوی ڕاڤەیەکی تایبەت بۆ فەرموودەکە دەکات کە پێچەوانە نەوەستێت لەگەڵ قورئاندا، بەڵام لەڕاستیدا زۆرلێکردنێکی دیاری پێوەیە[4].

---

[1] ئەم فەرموودەیە ئیمامی موسلیم لە صەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووە، باسی (وەرگرتنی تۆبەی بکوژ، با خەڵکیشی زۆر کوشتبێت) ژمارە (٢٧٦٧)..

[2] بڕوانە کتێبی: فتح الباري شرح صحيح البخاري (١١/ ٣٩٨).

[3] بڕوانە: السلسلة الضعيفة والموضوعة (٣/ ٤٨١).

[4] دەڵێت: "وأما رواية يجيء يوم القيامة ناس من المسلمين بذنوب، فمعناه أن الله تعالى يغفر تلك الذنوب للمسلمين ويسقطها عنهم ويضع على اليهود والنصارى مثلها بكفرهم وذنوبهم فيدخلهم النار بأعمالهم، لا بذنوب المسلمين، ولا بد من هذا التأويل لقوله تعالى (ولا تزر وازرة وزر أخرى)، وقوله (ويضعها) مجاز، والمراد يضع عليهم مثلها بذنوبهم، كما ذكرناه، لكن لما أسقط – سبحانه وتعالى – عن المسلمين سيئاتهم، وأبقى على الكفار سيئاتهم، صاروا في معنى من حمل إثم الفريقين لكونهم حملوا الإثم الباقي وهو إثمهم، ويحتمل أن يكون المراد آثاما كان للكفار سبب فيها بأن سنوها، فتسقط عن المسلمين بعفو الله تعالى، ويوضع على الكفار مثلها لكونهم سنوها، ومن سن سنة سيئة كان عليه مثل وزر كل من يعمل بها" بڕوانە: شرح النووي على مسلم (١٧/ ٨٥).

فەرموودەیەکی ترمان هەیە سەبارەت بە دروستکردنی ئاسمان و زەوی، تیایدا ئاماژە بەوە دەکات کە زەوی و ئاسمانەکان بە (٧) ڕۆژ دروست کراون، پێچەوانەی ئەوەی لە قورئاندا هاتووە کە لە ماوەی (٦) ڕۆژدا دروست کراون. دەقی فەرموودەکە بەم شێوەیەیە: "خَلَقَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ التُّرْبَةَ يَوْمَ السَّبْتِ، وَخَلَقَ فِيهَا الْجِبَالَ يَوْمَ الْأَحَدِ، وَخَلَقَ الشَّجَرَ يَوْمَ الاثْنَيْنِ، وَخَلَقَ الْمَكْرُوهَ يَوْمَ الثُّلَاثَاءِ، وَخَلَقَ النُّورَ يَوْمَ الْأَرْبِعَاءِ، وَبَثَّ فِيهَا الدَّوَابَّ يَوْمَ الْخَمِيسِ، وَخَلَقَ آدَمَ عَلَيْهِ السَّلَامُ بَعْدَ الْعَصْرِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ، فِي آخِرِ الْخَلْقِ، فِي آخِرِ سَاعَةٍ مِنْ سَاعَاتِ الْجُمُعَةِ، فِيمَا بَيْنَ الْعَصْرِ إِلَى اللَّيْلِ"[١]. ئەم فەرموودەیە زۆرێك لە زانایانی کۆن و هاوچەرخ ڕەتیان کردووەتەوە، دەڵێن پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو ئایەتانەی باسی دروستکردنی زەوی و ئاسمان دەکەن لە (٦) ڕۆژدا، لەوانە خودای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ﴾ (ق: ٣٨)، یان دەفەرموێ: ﴿قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَنْدَادًا ذَلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾ (فصلت: ٩).

پوختەی ئەو ڕەخنانەی لەم فەرموودەیە گیراون ئەمانەن:

١. لە فەرموودەکەدا باسی دروستکردنی ئاسمان ناکات، تەنها دروستکردنی زەوی بە (٧) ڕۆژ داناوە. بەڵام دەقی ئایەتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە زەوی و ئاسمانەکانی هەمووی بە (٦) ڕۆژ دروست کردووە.

٢. دروستکردنی زەوی بە (٧) ڕۆژ داناوە، بەڵام لە قورئاندا ئاماژە بەوە دەکات کە بە زەوی بە (٢) ڕۆژ دروست کراوە وەك لە ئایەتەکەی سەرەوە هاتووە.

٣. ئەم فەرموودەیە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو فەرموودە و دەقانەی کە دەڵێت یەکەم ڕۆژی دروستکردنی زەوی و ئاسمانەکان ڕۆژی یەکشەممە بووە نەك شەممە.

هەربۆیە زۆرێك لە زانایانی کۆن و نوێ ئەم فەرموودەیان ڕەتکردووەتەوە لەوانە

---

[١] ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە لە صەحیحەکەیدا (٤/ ٢١٤٩) لە بابەتی (سەرەتای دروستکردنی بوونەوەر و ئادەم).

(شیخ الإسلام) ئیبن تەیمییە[1] و ئیبن کەسیر[2] و چەندین زانای تر.

هەندێك لە زانایانیش فەرموودەکە ڕەت ناکەنەوە، بەڵکو بە شێوەیەك ڕاڤەی دەکەن کە پێچەوانە نەوەستێتەوە، لەوانە شێخ ئەلبانی ڕەحمەتی خوایان لێ بێت[3]. زۆر نموونەی ترمان هەیە، کە دەکرێت ئەو فەرموودانە ڕەت بکرێنەوە لەبەر پێچەوانەبونیان لەگەڵ قورئاندا، بەڵام بەو پێوەرە ڕاستەقینەیە، بە گەڕانەوە بۆ ڕای زانایانی پێشین، نەك بە نیەتی خراپ و دروستکردنی گومان.

## سێیەم: ڕەچاوکردنی سیاقی وتنی فەرموودە:

لە کتێبەکانی فەرموودە هەندێکجار فەرموودەکان، یاخود ڕیوایەتێکیان بەبێ سیاقەکەی نەقڵ کراوە، ئەمەش لەبەر ڕەچاوکردنی زۆر ئیعتیبار کە پەیوەندی هەیە بە زانستی فەرموودەوە، لەوانە ڕەنگە گێڕانەوەی ئەو سیاقە ڕاست نەبوبێت لای خاوەن کتێبەکە، یاخود ئەو ڕیوایەتە هەر بەوشێوەیە هاتبێت لە ڕاویەکانەوە یان.. زۆر بەهانە و پاساوی تر کە زانایانی فەرموودە پێی ئاشنان، بەڵام زۆربەی

---

[1] لە کتێبی: مجموع الفتاوي دا (١٨/ ١٨-١٩)) دەفەرموێ: " فإن هذا – أي هذا الحديث– طعن فيه من هو أعلم من مسلم، مثل يحيى بن معين ومثل البخاري وغيرهما وذكر البخاري أن هذا من كلام كعب الأحبار، وطائفة اعتبرت صحته مثل أبي بكر ابن الأنباري وأبي الفرج ابن الجوزي وغيرهما والبيهقي، وغيره – أي غير البيهقي– وافقوا الذين ضعفوه، وهذا هو الصواب" لأنه قد ثبت بالتواتر أن الله خلق السماوات والأرض وما بينهما في ستة أيام وثبت أن آخر الخلق كان يوم الجمعة فيلزم أن يكون أول الخلق يوم الأحد وهكذا هو عند أهل الكتاب وعلى ذلك تدل أسماء الأيام وهذا هو المنقول الثابت في أحاديث وآثار أخر، ولو كان أول الخلق يوم السبت وآخره يوم الجمعة لكان قد خلق في الأيام السبعة، وهو خلاف ما أخبر به القرآن ".

[2] البداية والنهاية لابن كثير(١/ ١٨).

[3] بڕوانە: مختصر العلو للعلي العظيم: للذهبي، حققه واختصره: محمد ناصر الدين الألباني (١١٢). دەڵێت: "أن هذه الأيام السبعة غير الأيام الستة المذكورة في القرآن ولا علاقة بينهما، وأن الحديث يتحدث عن شيء من التفصيل الذي أجراه الله على الأرض، فهو يزيد على القرآن، ولا يخالفه".

فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا مولابەساتی کاتی وتنی خۆیان هەیە، ئەو فەرموودانەی کە لە سیاقێکی تایبەتدا نەوتراون زۆر کەمن، وەك قورئان نییە کە زۆرجار چەند ئایەتێك بەیەکەوە دێن و مانایەکی گشتیان هەیە و بۆ هەموو کەس و شوێن و کاتەکان دەگونجێ، بۆیە کاتێك کە حوکم لە فەرموودەیەکی پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) وەردەگرین، یان مانای دەکەین و پەند و ئامۆژگاریەکانی بەکاردێنین، دەبێ بچینەوە ئەو زەمان و شوێن و ئەو ملابەساتانە بێنینە بەرچاوی خۆمان کە لەو واقعەیەدا بووە. جاری وا هەبووە پێغەمبەری خودا بۆ کەسێك قسەی کردووە لە حاڵەتی شەڕ، یان سەفەر، یا نەخۆشی، یا هەر حاڵەتێکی نائاسایی تر، مەرج نییە بۆ حاڵەتی ئاساییش هەمان فەتوای بووبێت، یاخود بە پێچەوانەوە. هەروەها هەمان فەتوای ببێت بۆ ئافرەتێك، یان بۆ پیاوێك.. یاخود لەپێش وتنی ئەو فەرموودەیە ڕووداوێك ڕوویداوە ئینجا پێغەمبەری خودا ئەو فەرموودەیەی فەرمووە کە ئاماژەیە بۆ ئەو واقیع و ڕووداوە، نەك بۆ هەموو کاتێك. خوێندنەوەی ئەم واقیع و مولابەساتانە زۆر گرنگن بۆ فەقیهـ و زانا و لێکۆڵەرەوان، هەر بۆیە ناکرێت مامەڵە لەگەڵ فەرموودەکان بەشێوەیەکی موعجەمی بکەین، چۆن هاتووە لە کتێبەکانی فەرموودەدا ئاوا جێبەجێی بکەین، دەبێ بگەڕێینەوە سەر ئامانج و کات و شوێن و کەسەکان و ئەو واقیعەی ئەو فەرموودەیەی تێدا وتراوە.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم خاڵە نموونەیەك دێنینەوە کە گەڕانەوە بۆ سیاق چەندە کاریگەری هەیە لەسەر دەرچوون لە هەندێ ئیشکالاتی فەرموودە: لە فەرموودەیەکدا هاتووە "ولد الزنا أشر الثلاثة"[1]. ئەم فەرموودەیە بەبێ ئاماژە بە سیاقەکەی لە هەندێك لە کتیبەکانی فەرموودەدا گێڕدراوەتەوە، دیارە ماناکەی

[1] ئەم فەرموودەیە ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە (٢/ ٣١١) ژمارە (٨٠٩٨)، ئیمامی هەیسەمی لە مەسنەددا: (٢/ ٥٦٥) ژمارە (٥١٤)، وە ئەبو داود (٤/ ٢٩) ژمارە (٣٩٦٣)، شێخ ئەلبانی لە تەعلیقەکەیدا بە صەحیحی داناوە و لە زۆرێك لە کتێبەکانی تری فەرموودەدا هاتووە.

بەبێ ڕەچاوکردنی سیاقەکەی ئەوەیە کە منداڵی زینا خراپترینی سێهەمیانە، واتە لە باوك و دایکی خراپترن. ئەم فەرموودەیە ئەگەر بەم شێوەیە مانای بکەین، بۆمان دەردەکەوێت پێچەوانەی یاسا گشتیەکانی شەریعەت و ئایەتەکانی قورئانە، چونکە ئەو منداڵە گوناهی چییە کە زادەی گوناهی ئافرەت و پیاوێکی نابەرپرسیارە؟! بۆچی لەوان خراپتر بێت و گوناهی ئەوان هەڵبگرێت؟!

کاتێك دایکی مسوڵمانان عائیشە (ڕەزای خوای لەسەر) گوێی لەم فەرموودەیە دەبیت زۆر پێی ناخۆش دەبێت کە ئاوا دەگێڕدرێتەوە لە پێغەمبەرەوە، دەفەرموێ: "ئەمە ئاوا نییە، کابرایەکی مونافیق زۆر ئازاری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەدات، دەڵێن پێغەمبەری خودا لەگەڵ ئەم کارانەشیدا منداڵی زینایە، پێغەمبەری خودا دەفەرموێ: "هو شر الثلاثة"[١]، واتە "ئەم کەسە کە منداڵی زینایە لە باوك و دایکی خراپترە"، نەك هەموو منداڵێکی زینا.

کەواتە گێڕانەوەی فەرموودەکان بەبێ سیاق زۆر جار کێشە دروست دەکەن، نابێت بەدەر لە سیاقەکانیان کاریان پێبکەین، هەربۆیە ئەگەر فەرمووودەیەك ئیشکال بوو لەلامان با هەوڵ بدەین سیاقی وتنەکەی بدۆزینەوە، چونکە زۆرجار ئەو ئیشکالەمان لەلا چارەسەر دەکات.

**چوارەم: کۆکردنەوەی هەموو ئەو فەرموودە و ڕیوایەتانەی کە لە بابەتێکدا هاتوون:**

ئەم خاڵە زۆر پەیوەندی بە خاڵی پێشووەوە هەیە و تەواوکەری یەکترن، گرنگترین هەنگاوە بۆ تیگەیشتن لە مەبەستەکانی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) و ڕاستکردنەوە و ماناکردنی دەقە ئاڵۆزەکان. گومانی تێدا نییە کە زۆربەی ڕیوایەتەکان بەمانا گێڕدراونەتەوە، کۆکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی

---

[١] بۆ وتەکانی دایکی موسوڵمانان عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) لەسەر ئەم فەرموودەیە بەم شێوەیە، بڕوانە: المستدرك على الصحيحين للحاكم (٢/ ٢٣٤).

خوای لەسەر) لە بابەتێکدا مەبەستی تەواوی فەرموودەکانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، لەلایەکی ترەوە هەندێ دەق لە بوارێکدا کە هەر یەکە لە ڕاویەکانی بەجۆرێك گێراویانەتەوە دەکرێ هی یەکێکیان ڕاستتر بێ لەوی تر، ئەگەر ئەم جیاوازییە کاریگەری هەبێت لەسەر ئەحکام، هەروەها دەکرێ کاتێك ڕیوایەتەکانی فەرموودەیەك کۆدەکەینەوە یەکێکیان بابەتێکی زیاتری هێنابێت لەوانی تر، دەکرێ ئەو زیادەیە بە ڕەچاوکردنی بەهێزی ڕاویەکان و متمانەیان و سیاقی کۆی فەرموودەکان مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، هەروەها کاتێك ئێمە تەواوی ڕیوایەتەکان و فەرموودەکان لە بابەتێکدا کۆدەکەینەوە سیاقی ڕاستەقینەی وتنی ئەو فەرموودانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، هەروەها ئامانج و مەبەستی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر)، یاخود بڵێین حیکمەت و عیللەتی شاریعمان بۆ دەردەکەوێت، لە هەمووشی گرنگتر هۆکاری هاتنی فەرموودەکانیشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

نموونەی گۆڕینی ئەحکام بە هۆی کۆکردنەوەی تەواوی فەرموودەکان لە بوارێکدا زۆرن، ئاماژە بە نموونەیەك دەکەین: لە فەرموودەیەکدا هاتووە، کە ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە، پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) باسی ئالەتەکانی کشتوکاڵ دەکات دەفەرموێ: "لا يَدخُل هذا بَيتَ قَومٍ إلا أدخَلَهُ اللهُ الذّل"[1]، واتە: (ئەم ئالەتانە ناچنە ماڵی هیچ قەومێکەوە تا بەهۆیەوە خودای گەورە زەلیلی نەخاتە ناویان). واتە ئەم ئالەتانە مرۆڤەکان تووشی زەلیلی دەکەن. بەم ڕەهاییە لە چەند ڕیوایەتێکی تریشدا هاوتووە، کاتێك ڕواڵەتەکانیان دەخوێنیتەوە ئاماژە بە خراپی کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری دەکات، گومان نییە کە ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ هێڵە پانەکان و مەبەستە گشتییەکانی شەریعەت، چونکە کاتێك کە هەموو ئەو فەرموودانە کۆ دەکەینەوە کە پەیوەندیان بە

[1] ئەم فەرمودەیە ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە باسی (٣/ ١٠٣) ژمارە (٢٣٢١).

کشتوکاڵکردن و ڕوواندنی نەمام و دار و خزمەتکردنی شینایی و کشتوکاڵەوە هەیە، دەبینین کە هاندانی زۆری تێدایە لەسەر کاری کشتوکاڵی و ڕوواندنی دارو درەخت، بۆ نموونە هەر ئیمامی بوخاری دەگێڕیتەوە لە پێغەمبەری خوداوە (دروودی خوای لەسەر) کە دەفەرموێ: "ما مِن مُسلمٍ يَغرسُ غَرسًا أو يَزرعُ زرعًا فَيأكُلُ مِنهُ طَيرٌ أو إنْسانٌ أو بَهيمةٌ إلاّ كانَ لهُ بِه صَدقَة"[1]. یان دەفەرموێ: "إنْ قامَتِ السّاعَةُ وبِيَدِ أحدِكُمْ فَسيلَةٌ فإنْ استَطاعَ أنْ لا يَقُومَ حَتى يَغرِسَها فَليَفعَلْ"[2]. هەروەها زۆر ڕیوایەت و چیرۆکی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەگەڵ ئەو هاوەڵانەی زەرعات و باخداریان کردووە، کە دەتوانین بڵێین کەم ماڵ بووە کە ئالەت و پێداویستی کشتوکاڵکردنی نەبووبێ لە مەدینەدا، هەروەها زۆربەی صەحابە باخی دارخورمایان هەبووە و کاری کشتوکاڵیان کردووە..هتد.

کەواتە ناکرێ ئەم فەرموودەیە بە ڕواڵەت و بەبێ ڕەچاوکردنی سیاقی هاتنەکەی ڕاڤە بکرێت، گومان نییە پێغەمبەری خودا ئەم فەرموودەیەی بە ڕەهایی نەوتووە، بەڵکو لە سیاقێکی تایبەتدا فەرموویەتی. بۆیە زۆرێك لە زانایان دەڵێن: پێغەمبەری خودا مەبەستی ئەوەیە لەو کەس و ماڵانەیە کە سنوور دەبەزێنن لە گرنگیدان بە کشتوکاڵ لەسەر حیسابی جیهاد و خزمەتی ئیسلام ئەم کارە ئەنجام دەدەن و ئەو کەسانە تووشی زەلیلی و ژێردەستەیی دەبن، ئەگینا باخداری و کشتوکاڵکردن خێر و فەزڵی زۆری هەیە، هەر لەو سیاقەشدا فەرموویەتی.

هەروەها زۆرجار ڕیوایەتێکی یەك فەرموودە بەکورتی هاتووە لە یەکێك لە کتێبەکانی فەرموودەدا، دەبینین ئیشکالێکی دروست کردووە، بەڵام کاتێك هەموو ڕیوایەتەکانی ئەو فەرموودەیە کۆدەکەینەوە، دەبینین لە یەکێك، یان هەندێکیاندا بەدرێژتر هاتووە، کە ئەو ئیشکالە ناهێڵێت، هەر بۆیە ئەمە کارێکی گرنگە بۆ

---

[1] ئیمامی بوخاری ریوایەتی کردووە (٣/ ١٠٣) ژمارە (٢٣٢٠).

[2] ئیمامی ئەحمەد ریوایەتی کردووە (٢٠/ ٢٥١) زمارە (١٢٩٠٢).

دەرچوون لە گرفتی نەگونجانی هەندێك فەرموودە.

نموونەی تر زۆرن لەسەر کاریگەریی کۆکردنەوەی فەرموودەکان لە بوارێکدا لەسەر مانا و مەبەستەکان کە دەرفەت نییە ئاماژەیان پێ بکەین.

## پێنجەم: وردبوونەوە لە ڕۆڵی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) و تایبەتمەندییەکانی

پێغەمبەری خودا لە ژیانی خۆیدا لەگەڵ هاوەڵان چەند ڕۆڵێکی بینیوە، لەوانە:

- پێغەمبەر و نێردراوی خودا بووە.
- لە هەمانکاتدا سەرۆکی دەوڵەت بووە.
- لەهەمان کاتدا قازی و دادوەر بووە.
- بانگخواز و پەروەردەکەر بووە.
- سەرۆکی کۆمەڵێك خێزان بووە و باوکی چەند کچێك بووە.
- مرۆڤێکی ئاسایی بووە خواردن و خواردنەوە و پێداویستیەکانی وەك مرۆڤ جێبەجێکردووە.
- سەرۆکی سوپای مسوڵمانان بووە.

خوێندنەوە بۆ ئەم ڕۆڵانەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و مامەڵەکردن لەگەڵ فەرموودەکانی بەپێی ئەو ڕۆڵەی کە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەو ڕۆڵەدا بینیویەتی، زۆر گرنگ و پێویستە، ئەم جۆرە خوێندنەوەیە زۆر کاریگەری هەیە لەسەر مانا و ڕاڤەی فەرموودەکان، بەتایبەت ئەو فەرموودانەی کێشە هەیە لەسەر مانا و مەبەستەکانیان، بۆ نموونە، پێغەمبەری خودا وەك سەرکردەیەکی عەسکەری بۆ ڕێکخستنی سوپا لە خەڵکی داوە، هانی نەعیمی کوڕی مەسعودی داوە لەسەر درۆکردن لە غەزای خەندەق، خەڵکی بەلاڕێدا بردووە لە قسەکردندا بۆ ئەوەی سوپاکەی ئاشکرا نەبێت و بە خواستن وەڵامی داوەتەوە، ئەمانە مانای ئەوە نین لە

هەموو کاتێکدا دروستن یان پێچەوانەن لەگەڵ هەندێ بنەمای گشتی ئیسلام، لە جل و بەرگ و بۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا وەك قەوم و قەبیلەکەی ژیاوە ئەگەر پێچەوانە نەبووبێ لەگەڵ شەرع، یاری لەگەڵ خێزانەکانیدا کردووە وەکو مێرد، وەك باوکێك پێی خۆش نەبووە ئیمامی عەلی ژن بەسەر فاتمەی کچیدا بێنێت، دەوڵەتداری و قەزاوەتی کردووە و هەندێکجار لە کارە دنیاییەکاندا نەیپێکاوە..هتد.

خوێندنەوەی ئەم ڕۆڵانە کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر دەقەکان و پەیوەستبوونی ئێمە پێیانەوە، هەندێك لەو ڕۆڵانە بە مردنی پێغەمبەری خودا تەواو بوون، بۆ نموونە ئەو شتانەی وەك مرۆڤێکی ئاسایی ئەنجامی داون ئێمە مەرج نییە پێوەی پابەند بین، پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) زۆر حەزی لە شیر بووە، پێویست نییە ئێمەش حەزمان لێی بێت، هیوا هەیە قومێك شیری بۆ ناخورێتەوە، یان هەر بۆی خراپە، یان حەزی لە بۆن بووە، هیوا هەیە بە بۆن تێك دەچێت و زیانی هەیە بۆی، یان ناکرێ بڵێین پێغەمبەری خودا سواری ئەسپ بووە سواری ئەسپ سونەتە..هتد.

یان هەندێ شت تایبەت بووە بە پێغەمبەری خودا وەك پێغەمبەر بۆ کەسی تر نییە، با سەرۆکی مسوڵمانانیش بێت وەك ئەو بکات، وەك ڕۆژووی ویصال، یا فرە ژنی لە چوار زیاتر...

هەندێ لەو ڕۆڵانە بە وەفاتی پێغەمبەر، یان کۆتایی سەردەمەکەی، کۆتاییان دێت، وەك قودسیەتی حاکم و سەیرکردنی وەك کەسێکی مەعصوم، یان مەسەلە عورفیەکان، بۆیە نابێت ئێمە ئەو فەرموودانەی لەو بوارەدان وەك ئەو سەردەمە وەربگرین، ئەگینا ئێمە دەبێ بچینەوە ئەو سەردەمە مێژووییە و وەك ئەو کاتە و لەگەڵ کەرەستە و ئامڕازەکانیدا بژین.

دیارە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵە لە زۆر ئیشکال ڕزگارمان دەکات ئەگەر هەبێت لە فەرموودەکاندا، بەڵام ئەمەش هەروا بەگۆترە نابێت، زانایان یاسا و ڕێسای خۆیان

بۆ داناوە کە بەدرێژی باس کراوە لە کتێبە ئسولّییەکاندا. کەواتە ڕەچاوکردنی ڕۆڵە جیاوازەکانی پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ڕاڤەکردن و فەتواداندا، ناکرێ نادیدە بگیرێت لە کاتی حوکمدان بەسەر فەرموودەکاندا.

**شەشەم: تەئویلکردنی هەندێك فەرموودە لە کێشەی ڕاڤەی هەندێك فەرموودە ڕزگارمان دەکات:**

لەڕاستیدا هەندێك بابەتی وەك عەقیدە، بیروباوەڕ، صیفات و کونهـ و حەقیقەتی خودایی، کۆمەڵێك بابەتی هەستیارن، پێویستە زۆر بە وردی مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، بۆیە کاتێك فەرموودەیەك یان چەند فەرموودەیەکی دژ بەیەك، یان ناجۆر لەگەڵ بابەتە عەقیدەییەکان، بینرا، دەبێت هەڵوێستە بکرێت لەسەری، ئەو مەسەلانە لەوە گەورەترن کە بە فەرموودەیەکی (حسن لغیرە) یان خوارتر، یان یەك تاقە فەرموودەی دژ بە زانراو و چەسپاوەکان لەم بوارەدا بیچەسپێنین، بۆیە پێویستە چەند دەکرێت ئەو جۆرە فەرموودانە تەئویل بکەین، کە نزیکی بکەینەوە لە مەبەستی سەرەکی پێغەمبەری خودا، بۆ نموونە لە ڕیوایەتێکدا هاتووە لە پێغەمبەری خوداوە (درودی خوای لەسەر): "إذا ضرب أحدكم أخاه فليجتنب الوجه فإن الله خلق آدم على صورته"[(١)]. ئەگەر مانا ڕواڵەتیەکەی ئەم فەرموودەیە لێکبدەینەوە، دەبینین ماناکەی هەڵەیە و لێکچوواندنی خودای گەورەی تێدایە بە مرۆڤ، بۆیە زانایان ڕاڤە و تەئویلی جیایان بۆ کردووە، هەرچەند خاڵی نییە لە زۆرلێکردن و لادانی ڕستەکە لە ماناکەی خۆی. فەرموودەکە لە ڕووی سەنەدەوە ناکرێت ڕەت بکرێتەوە لەبەر زۆری ڕاوییەکانی و هاتنی لە زۆربەی کتێبەکانی فەرموودەدا، لەوانە صەحیحی بوخاری و صەحیحی

[١] ئیمامی موسلیم بەم شێوەیە ڕیوایەتی کردووە لە (٤/ ٢٠١٧) ژمارە (٢٦١٢)، بەڵام ئیمامی بوخاری بەس بەشی یەکەمی فەرموودەکەی هێناوە بەم شێوەیە (إذا قاتل أحدكم فليجتنب الوجه) لە (٣/ ١٥١) ژمارە (٢٥٥٩).

مسولیم، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە زۆرێك لە زانایانی عەقیدە ڕاجیاییان هەیە لەسەر مانای فەرموودەکە. ڕای پەسەند ئەوەیە کە ڕاناوی (صورته) دەگەڕێتەوە بۆ ئادەم (سەلامی خودای لەسەر بێت)، واتە مانای فەرموودەکە ئاوای لێدێت (ئەگەر یەکێکتان لە ئەویتری دا با خۆی بپارێزێت لە دەموچاوی، چونکە خودا بەنی ئادەمی لەسەر شێوەی پێغەمبەر ئادەم دروست کردووە)، بەڵگەش زۆرن لەسەر ئەم ڕاڤەکرنە، لەوانە لە یەکێك لە ڕیوایەتەکانی ئەم فەرموودەیەدا هاتووە: "خَلَقَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ آدَمَ عَلَى صُورَتِهِ، طُولُهُ سِتُّونَ ذِرَاعًا. فَكُلُّ مَنْ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ عَلَى صُورَةِ آدَمَ، وَطُولُهُ سِتُّونَ ذِرَاعًا، فَلَمْ يَزَلْ يَنْقُصُ الْخَلْقُ بَعْدُ حَتَّى الْآنَ"[1]، ئەمە ڕاڤەی زۆرێك لە زانایانە بۆ فەرموودەکە، لەوانە ئیمامی ڕازی و خەتابی، لە زانایانی هاوچەرخیش شێخ ئەلبانی[2]. زانای ناوداری فەرموودەش، ئیمامی مالیك فەرموودەکەی ڕەتکردووەتەوە[3]، چونکە ڕای وایە کە لەگەڵ بابەتە چەسپاوەکانی عەقیدە دژ ئەوەستێتەوە.

## حەوتەم: خۆپاراستن لە ڕەتکردنەوەی کۆمەڵێك فەرموودە بەیەکەوە، کە بە هەموویان بابەتێکی شەرعی یان عەقیدەیی دەچەسپێنن:

ڕەتکردنەوەی هەندێ بابەت کە ڕەگ و ڕیشەی هەیە لەناو کلتور و دەقەکاندا، کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆر ورد هەیە، با زۆرێکیشیان لاواز بن، کە ئەمەش کاری زانا بە تواناکان و دامەزراوە زانستییە باوەڕپێکراوەکانە، بۆ نموونە ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو فەرموودانەی لەسەر (دجال) یان (مهدی) هاتوون، ئەم فەرموودانە بەجۆرێك تێکەڵ بە هەندێ ئەحکام و فەرموودەن کە کاریگەریی دەبێت لەسەر داڕشتنەوەی هەندێ بابەتی عەقیدەیی و بابەتەکانی باوەڕ بە ڕۆژی دوایی، کە ئەم کارە پێویستە لێکۆڵینەوەی زۆر ورد و هەمەلایەنەی بۆ بکرێت،

---

[1] بڕوانە: مەسنەدی ئیمام ئەحمەد (١٣/ ٥٠٦) ژمارە (٨١٧١).

[2] بڕوانە: صحيح البخاري، تحقيق وتعيق: آل شيخ محمد ناصر الدين الألباني (١/ ٨٦).

[3] بڕوانە: الضعفاء الكبير للعقيلي (٢/ ٢٥١).

هەموو بابەت و فەرموودە و ڕیوایەتەکانی پەیوەست پێیانەوە کۆبکرێنەوە، پاشان یان بە ڕێگاکانی زانستی فەرموودە نەقد بکرێن، یان ڕاڤە و لێکدانەوەی گونجاویان بۆ بکرێت، ئەگەر نەگەیشتینە ئەنجامێکی دروست ئەو کاتە دەکرێ ڕەتبکرێنەوە. زانای بەناوبانگی ئیسلامی (ئیبن عاشور) فەرموودەکانی پەیوەست بە (مەهدی) ڕەتکردووەتەوە و کەمێك دوواوە لەسەر ڕیوایەتەکانی پەیوەست پێوەی[1].

**هەشتەم: کاریگەریی هۆکاری هاتن و وتنی فەرموودەکان لەلایەن پێغەمبەری خوداوە (درودی خوای لەسەر):**

هەندێك فەرموودە عیللەت و هۆکاری هاتنی لەم زەمانەدا گۆڕاوە، بە ڕەچاوکردنی زەمانی هاتنی خۆی حوکمەکەشی دەبێت بگۆڕدرێت، وەك ئەو فەرموودانەی باسی نەهیکردن لە سەفەرکردنی ئافرەتان دەکەن بەتەنها. لە کۆندا سەفەرکردن بە وڵاخ بووە و پێویست بووە لە شیو و دۆڵەکاندا شەوان بمێننەوە، کە ئەمە بۆ ئافرەتان لە هەموو ڕوویەکەوە ترسناك بووە، بەڵام ئێستا سەفەرکردن بە ئۆتۆمبیل و فڕۆکە مانەوەی شەوانی تەنهایی تێدانییە و ترسناکی تێدا نییە بۆ ئافرەتان، بۆیە بە هەندێك مەرج کە زانایانی هاوچەرخ دایانناوە ئافرەتان دەتوانن سەفەر بکەن بە تەنها، چونکە ئێستا عیللەت و هۆکاری ئەو حەرامکردنە نەماوە، بۆیە زانایانی فیقهـ و ئوصولْ دەڵێن: "الحكم يدور مع علته حيث دار"، واتە: حوکمی بابەتەکان لەگەڵ هۆکار و ئامانجەکەیدا دەسوڕێت. بۆ ئەم بابەتەش نموونەیەك دێنینەوە، لە فەرموودەیەکی صەحیحدا هاتووە ـ زۆربەی فوقەها و زانایان نەقڵی دەکەن بەبێ هۆکاری وتنەکەی ـ کە پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: "أنا بَرِيءٌ مِن كُلِّ مُسلمٍ يُقيمُ بينَ أَظْهرِ المُشرِكين ـ لا تَتراءى نارُهما"[2]. ئەگەر

---

[1] بڕوانە: تحقيقات وأنظار في القرآن السنة، ابن عاشور (٤٩– ٦١).

[2] سنن الترمذي، كتاب السير عن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ، باب (ما جاء في كراهية المقام بين أظهر المشركين)، رقم (١٦٠٤).

سەیری ڕووکەشی ئەم فەرموودەیە بکەین، دەبینین پێغەمبەری خودا زۆر بە قورسی بەرائەتی خۆی ڕادەگەیەنێت لەو مسوڵمانانەی، کە لەنێو هاوەڵپەیداکەران و وڵاتەکانیاندا دەژین بەشێوەیەك نابێ ئەوەندەش نزیك بێت کە ئاگرەکانی یەکتر ببینن، بەڵام ئەگەر ورد ببینەوە، بەتایبەت لەم چەرخەدا، زۆر پێویستە مسوڵمانان لەو جۆرە وڵاتانەدا بژین، تەنانەت ڕەنگە چۆڵکردنی هەندێك شوێن کە مسوڵمانان پێگەیان هەبووە تیایدا کارێکی زیانبەخش بێت، تەنانەت بۆ خودی ئیسلام و مسوڵمانان، وەك فەڵەستین و هیندستان، بەڵام کاتێك سەیری هۆکاری وتنی ئەم فەرموودەیە دەکەین، وەك لە زۆربەی کتێبەکانی فەرموودەدا هاتووە دەبینین کە بەم شێوەیە هاتووە: بعثَ رسولُ الله ـ صلَّى الله عليه وسلم ـ سريةً إلى خَثْعَمٍ، فاعتصم ناسٌ منهم بالسجود، فأسرع فيهم القتل، قال: فبلغَ ذلك النبي ـ صلَّى الله عليه وسلم ـ فأمر لهم بنصفِ العقلِ وقال: "أنا بريء من كل مُسلم يقيم بين أظْهُرِ المشركين". قالوا: يا رسول الله، لم؟ قال: "لا تَرَاءَى نارَاهما"[1]، واتە پێغەمبەری خودا سریەیەکی نارد بۆ بەنی خەسعەم، کە گەیشتنە لایان سوجدەیان برد بۆ ئەوەی مسوڵمانان نەیانکوژن، بەڵام هەندێکیان هەر لێکوشتن، تا بۆیان ڕوون بوویەوە کە مسوڵمانن، پێغەمبەری خودا نیوەی خوێنی ئەو کوژراوانەی بۆ ناردنەوە، فەرمووی: من بەریم لە خوێنی ئەو کەسانەی لەناو هاوەڵپەیداکەراندا دەژین بەشێوەیەك کە ئاگری ئەوانیان لێ دیارە)، واتە: خوێنیان بەتەواوی نادەم ئەگەر بەر کوشتن کەوتن، چونکە بە ئاسانی جیا ناکرێنەوە لەوان. کەواتە مەبەستی پێغەمبەر بەریبوونیەتی لە بژاردنی خوێنیان نەك لەوەی پێغەمبەریان بێت و بە مسوڵمان لەقەڵەمیان بدات.

---

[1] أخرجه أبو داود في باب (النهي عن قتل من اعتصم بالسجود) رقم (٢٦٤٥)، والترمذي باب (ما جاء في كراهية المقام بين أظهر المشركين) رقم (١٦٠٤). صححه الألباني سوى جملة العقل.

**نۆیەم: هەندێك فەرموودە نابێت بە ڕاست و صەحیح بزانرێت کە دژ بە بابەتە مێژوویيە سەلمێنراوەکان، یان ڕاستییە زانستییەکان دەوەستێتەوە:**

هەر فەرموودەیەك دژ بە ڕاستییەکی مێژوویی سەلمێنراو وەستا، ئەوە ئەو فەرموودەیە جێگەی هەڵوێستەیە و دەبێ لە ڕاستی و دروستییەکەی زیاتر بکۆڵینەوە، بە هەمان شێوە ئەگەر پێچەوانە وەستایەوە لەگەڵ بەدیهییاتی زانست، بۆ نموونە: ئەو فەرموودەیەی باسی ئەبو سوفیان دەکات، کە تیایدا ئاماژە بەوە دەکات کە پێغەمبەری خودا لە دوای فەتحی مەککە ئوم حەبیبەی کچی ئەبو سوفیانی مارە کردووە و ئەبوسوفیان داویەتیّ، دەقی فەرموودەکە بەم شێوەیەیە: كَانَ الْمُسْلِمُونَ لَا يَنْظُرُونَ إِلَى أَبِي سُفْيَانَ وَلَا يُقَاعِدُونَهُ، فَقَالَ لِلنَّبِيِّ ـ صلَّى الله عليه وسلم ـ: يَا نَبِيَّ اللهِ ثَلَاثٌ أَعْطِنِيهِنَّ، قَالَ: "نَعَمْ". قَالَ: عِنْدِي أَحْسَنُ الْعَرَبِ وَأَجْمَلُهُ، أُمُّ حَبِيبَةَ بِنْتُ أَبِي سُفْيَانَ، أُزَوِّجُكَهَا. قَالَ: "نَعَمْ". قَالَ: وَمُعَاوِيَةُ، تَجْعَلُهُ كَاتِبًا بَيْنَ يَدَيْكَ. قَالَ: "نَعَمْ". قَالَ: وَتُؤَمِّرُنِي حَتَّى أُقَاتِلَ الْكُفَّارَ، كَمَا كُنْتُ أُقَاتِلُ الْمُسْلِمِينَ. قَالَ: "نَعَمْ" قَالَ أَبُو زُمَيْلٍ: وَلَوْلَا أَنَّهُ طَلَبَ ذَلِكَ مِنَ النَّبِيِّ ـ صلَّى الله عليه وسلم ـ مَا أَعْطَاهُ ذَلِكَ، لِأَنَّهُ لَمْ يَكُنْ يُسْأَلُ شَيْئًا إِلَّا قَالَ: "نَعَمْ".[1]. بەڵام لەڕاستیدا وەك لە سیرە و لە فەرموودەی تردا هاتووە، کە پێغەمبەری خودا لە ساڵی (٧)ی کۆچیدا ئوم حەبیبەی مارە کردووە، کاتێك لە حەبەشە بووە و پێغەمبەری خودا ناردویەتی بۆ خوازبێنی کردنی و لە نەجاشی داوا کردووە و لە مەدینە گواستویەتییەوە[2]، کەواتە هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ گومان لەو بابەتە، چونکە لە فەرموودەکاندا هاتووە کە ئەم خێزانەی لە زۆربەی قۆناغەکانی مەدینەدا خێزانی بووە و ڕیوایەتی کردووە

[1] أخرجه مسلم في صحيحه (٤/ ١٩٤٥) بَاب من فَضَائِلِ أَبي سُفْيَانَ بـن حَـرْبٍ، رقـم (٢٥٠١)، والطبراني في المعجم الكبير (١٢ /١٩٩) رقم (١٢٨٨٥).

[2] بڕوانە: السيرة النبوية لابن كثير (٣/ ٢٧٦)، السنن الكبرى للبيهقي (٧/ ٢٢٦).

و ڕووداوی گێڕاوەتەوە، بۆیە ئەم فەرموودەیە دژ بە ڕاستییە مێژووییە سەلمێنراوەکانە و زۆرێك لە زانایانی کۆن و نویٚ ئەم فەرموودەیە ڕەت دەکەنەوە و بە ناڕاستی دەزانن، هەرچەندە لە صەحیحی ئیمامی مسولیمیشدا هاتووە[1].

**دەیەم: مامەڵەی ورد و زانستییانە لەگەڵ ئەو فەرموودانەی کە لە بوای پزیشکیدا هاتوون:**

ئەو فەرموودانەی کە لەم بوارەدا هاتوون چەند جۆرێکن:

١. هەندێکیان پەیوەندیان بە بناغەکانی ئەم زانستە و ڕاستییە سەلمێنراوەکانیەوە هەیە، ئەوە پێویستە تەسلیمیان ببین و کاریان پێبکەین.

٢. ئەو فەرموودانەی کە باس لە ڕێنماییە گشتییەکان دەکات سەبارەت بە نەخۆشی و خۆپاراستن لێی و تەداوی کردن، وەك تارات نەگرتن لەسەر ڕێگا و لە ئاوی ڕاوەستاو و خۆپاراستن لە تاعوون و نەخۆشیە گوازراوەکان..هتد. ئەم فەرموودانەش تەشریعن، پێویستە پابەندبین پێیانەوە.

٣. ئەو چارەسەر و دەرمان و خۆپارێزیانەی پەیوەستی کردوون بە عیبادەتەکانەوە، وەك سیواککردن و خۆشۆردن.. هتد، ئەمانە حوکمە شەرعیەکان وەردەگرن وەك عیبادەت.

٤. ئەو کار و خۆپارێزیانەی کە بۆ خۆی ئەنجامی داون لە بواری نەخۆشی و لەشساغیدا و ئەو چارەسەر و دەرمانانەی بەکاری هێناون، یان بۆ هەندیٚ نەخۆشی دایناون، لەسەر بنەمای تەجرەبەی خۆی و پەیوەستی نەکردوون بە جۆریك لە عیبادەتەوە، ئەوە مسوڵمانان مولزەم نین کاری پیٚ بکەن[2].

---

[1] ئەم فەرموودەیە ئیمامی موسلیم ریوایەتی کردووە بە ژمارە (٢٥٠١) لە باسی رێزی ئەبو سوفیاندا.

[2] ئەم خاڵە زۆر گرنگ و وردە. زانای بەناوبانگ (محمد سليمان الأشقر) کتیبێکی لەسەر نووسیوە، زۆر بە درێژی باسی بابەتەکانی پەیوەست بە بواری پزیشکییەوە کردووە.

# کۆتایی

ئەم ڕێکارانەی باسکران، زۆر گرنگن بیانگرینەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو فەرموودانەی، کە گومانی نەگونجانی لەبارەوە دەکەین لەگەڵ دەقەکانی تر و زانست و مێژوو و واقیع و هێڵە پانەکانی شەریعەتدا. هەرگیز دەرگای نەقد و ڕەخنەگرتن لە هەندێ فەرموودە داناخرێت، بەڵام بۆ ئەوانەی شۆڕەسواری ئەم مەیدانەن و دەستێکی باڵایان هەیە لە زانستە ئیسلامییەکاندا بەگشتی و زانستی فەرموودە بەتایبەتی، ئەوەش بەشێوەیەکی زانستییانەی بە ئەدەب و شیاو لەگەڵ ڕەوشت و پیشەی زانایاندا.

هەروەها دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین، کە ئەو فەرموودانەی هەندێك ئیشکال لە تێگەیشتن، یان چەسپاندنیاندا هەن کەمن، زانایانی بواری فەرموودەش زۆر جوان مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون، بەڵام کێشەی هەندێك گرووپی پەڕگیر و کەمتەرخەم تەنها نەخوێندنەوە و نادیدەگرتنی ئەو هەوڵ و کۆششانەیە.

پێویستە گرنگی تەواو بدرێت بە کاری زانایانی فەرموودە لە زانستەکانی (نەخۆشییەکانی فەرموودە- علم علل الحديث) و (زانستی فەرموودە ڕاجیا لەسەرەکان –علم مختلف الحديث)، بۆ ئەوەی ناحەزان و ئەو مسوڵمانانە سادانەی کە بێ بەڵگە و هەوا و ئارەزوو فەرموودەکانی پێغەمبەر ڕەت دەکەنەوە بزانن کە ئەم زانایانە پێش ئەوان ئەو فەرموودانەیان پێگەیشتووە و بە جوانترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون.

# سەرچاوەكان

پاش قورئانی پیرۆز:


١ـ أصول فقه الإمام مالك ـ أدلته النقية ـ: عبد الرحمن بن عبد الله الشعلان، من مطبوعات جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية، ط١،سنة ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٣م.

٢ـ البداية والنهاية: أبي الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي البصري ثم الدمشقي (ت ٧٧٤هـ)، المحقق: علي شيري، دار إحياء التراث العربي، ط١، ١٤٠٨هـ/ ١٩٨٨م.

٣ـ تأريخ بغداد وذيوله: أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت بن أحمد بن مهدي الخطيب البغدادي (ت ٤٦٣هـ)، دار الكتب العلمية ـ بيروت، دراسة وتحقيق: مصطفى عبد القادر عطا، ط١، ١٤١٧هـ.

٤ـ تحرير علوم الحديث: عبد الله بن يوسف الجديع، مؤسسة الريان، ط١، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٣م.

٥ـ تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي: عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي (ت ٩١١هـ)،حققه: أبو قتيبة نظر محمد الفاريابي، دار طيبة، بدون رقم الطبعة وتأريخ طبعه.

٦ـ تنبيه الحذاق إلى بطلان حديث الافتراق: حسن بن علي السقاف، منشور على الإنترنت، تأريخ المراجعة ٣٠/ ١/ ٢٠١٧.

٧ـ سلسلة الأحاديث الصحيحة وشيء من فقهها وفوائدها: أبو عبد الرحمن محمد ناصر الدين، بن الحاج نوح بن نجاتي بن آدم، الأشقودري الألباني (ت ١٤٢٠هـ)، مكتبة المعارف للنشر والتوزيع، الرياض، ط١.

٨ـ سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة وأثرها السيئ في الأمة: محمد ناصر الدين بن الحاج نوح الألباني، مكتبة المعارف، الرياض ـ المملكة العربية السعودية، ط١، ١٤١٢هـ/ ١٩٩٢م.

٩ـ سنن أبي داود، سليمان بن الأشعث أبو داود السجستاني الأزدي، دار الفكر، تحقيق: محمد محيي الدين عبد الحميد، بدون رقم وسنة الطبع ـ.

١٠ـ سنن الترمذي ـ الجامع الصحيح سنن الترمذي ـ، محمد بن عيسى أبو عيسى الترمذي السلمي، دار إحياء التراث العربي ـ بيروت، تحقيق: أحمد محمد شاكر وآخرون.

١١ـ السنن الكبرى: أحمد بن الحسين بن علي بن مسوى الخُسْرَوْجِردي الخراساني، أبو بكر البيهقي (ت ٤٥٨هـ)، تحقيق: د. محمد ضياء الرحمن الأعظمي، دار الخلفاء للكتاب الإسلامي ـ الكويت.

١٢ـ السيرة النبوية (من البداية والنهاية لابن كثير): أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي الدمشقي (ت ٧٧٤هـ)، تحقيق: مصطفى عبد الواحد، دار المعرفة للطباعة والنشر والتوزيع بيروت ـ لبنان، عام النشر: ١٣٩٥هـ/ ١٩٧٦م.

١٣ـ شرح صحيح مسلم ـ المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج ـ: أبو زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي (ت ٦٧٦هـ)، دار إحياء التراث العربي ـ بيروت، ط٢، ١٣٩٢هـ.

١٤ـ الضعفاء الكبير: أبو جعفر محمد بن عمر بن مسوى العقيلي (ت ٣٢٢)، تحقيق: عبد المعطي أمين قلعجي، الناشر: دار المكتبة العلمية ـ بيروت، ١٤٠٤هـ/ ١٩٨٤م.

١٥ـ العواصم من القواصم في الذب عن سنة أبي القاسم: ابن الوزير، محمد بن إبراهيم بن علي بن المرتضى بن المفضل الحسني القاسمي، أبو عبد الله، عز الدين، من آل الوزير (ت ٨٤٠هـ)، حققه وضبط نصه، وخرج أحاديثه، وعلّق عليه: شعيب الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة للطباعة والنشر والتوزيع ـ بيروت، ط٣، ١٤١٥هـ/ ١٩٩٤م.

١٦ـ فتح الباري شرح صحيح البخاري: أحمد بن علي بن حجر العسقلاني (ت ٨٥٢هـ)، دار السلام ـ رِياض، ومكتبة دار الفيحاء ـ دمشق، ط٣، ١٤٢١هـ/ ٢٠٠٠م.

١٧ـ الفصل في الملل والأهواء والنحل: أبو محمد علي بن أحمد بن سعيد بن حزم الأندلسي القرطبي الظاهري (ت ٤٥٦هـ)، مكتبة الخانجي ـ القاهرة، بدون رقم الطبع و تاريخه.

١٨ـ الكامل في ضعفاء الرجال: أبو أحمد بن عدي الجرجاني (ت ٣٦٥هـ) تحقيق: عادل أحمد عبد الموجود ـ علي محمد معوض، شارك في تحقيقه: عبد الفتاح أبو سنة، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ط١، ١٤١٨هـ/ ١٩٩٧م.

١٩ـ الكفاية في علم الرواية: أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت بن أحمد بن مهدي الخطيب البغدادي (ت ٤٦٣هـ)، المحقق: أبو عبد الله السورقي، إبراهيم حمدي المدني، المكتبة العلمية ـ المدينة المنورة.

٢٠ـ مجموع الفتاوى: تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن تيمية الحراني (ت ٧٢٨هـ)، المحقق: عبد الرحمن بن محمد بن قاسم، الناشر: مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف، المدينة النبوية، المملكة العربية السعودية، بدون رقم الطبع، ١٤١٦هـ/ ١٩٩٥م.

٢١ـ مختصر العلو للعلي العظيم: شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد بن عثمان بن قَايْماز الذهبي (ت ٧٤٨هـ)، حققه واختصره: محمد ناصر الدين الألباني، المكتب الإسلامي، ط٢، ١٤١٢هـ/ ١٩٩١م.

٢٢ـ المستدرك على الصحيحين: أبو عبد الله الحاكم محمد بن عبد الله بن محمد بن حمدويه بن نُعيم بن الحكم الضبي الطهماني النيسابوري المعروف بابن البيع (ت ٤٠٥هـ)، تحقيق: مصطفى عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط١، ١٤١١هـ/ ١٩٩٠م.

٢٣ـ مسند أبي عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل بن هلال بن أسد الشيباني (ت ٢٤١هـ)، المحقق: شعيب الأرنؤوط، عادل مرشد وآخرون، إشراف: د. عبد الله بن عبد المحسن التركي، الناشر: مؤسسة الرسالة، ط١، ١٤٢١هـ/ ٢٠٠١م.

٢٤ـ المعجم الكبير، سليمان بن أحمد بن أيوب أبو القاسم الطبراني، تحقيق: حمدي بن عبد المجيد السلفي، مكتبة الزهراء ـ الموصل، ط٢، ١٤٠٤هـ/ ١٩٨٣م.

٢٥ـ مقاييس نقد متون السنة: د. عزم الله الدميني، ط١، ١٤٠٤هـ/ ١٩٨٤م، بدون عنوان الدار.

٢٦ـ المنار المنيف في الصحيح والضعيف: أبو عبد الله محمد بن أبي بكر بن القيم الجوزية (ت ٧٥١هـ)، تحقيق: يحي بن عبد الله الشمالي، دار عالم الفوائد، ط١، ١٤٢٨هـ.

٢٧ـ منهج الحنفية في نقد الحديث بين النظرية والتطبيق: د. كيلاني محمد خليفة، ط: ١، ١٤٣١هـ/ ٢٠١٠م، دار السلام ـ القاهرة.

٢٨ـ الموضوعات: جمال الدين عبد الرحمن بن علي بن محمد الجوزي (ت ٥٩٧هـ)، ضبط وتقديم وتحقيق: عبد الرحمن محمد عثمان، المكتبة السلفية بالمدينة المنورة، ط١، سنة: ج١، ٢: سنة: ١٣٨٦هـ/ ١٩٦٦م، ج٣: سنة: ١٣٨٨هـ/ ١٩٦٨م.

# تێگەیشتنی دروست بۆ فەرمووده لەبەر ڕۆشنایی پۆلێنکردن و زانینی مەبەستەکانی

**پ.ی.د. بەختیار نەجمەدین شەمسەدین**
**زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان**

بە ئاوەڕدانەوەیەك بۆ مێژووی مسوڵمانان و هەڵگۆزینی هۆکاری ناکۆکی و چەند بەرەکییان هەر لە سەدەی یەکەمی کۆچیەوە ـ دوای کۆتایی هاتنی سەردەمی چوار جێنشینە پێگەیشتوو و تێگەیشتووەکان ـ تا ئەمڕۆ، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە تێنەگەیشتنی تەواو لە دەقە شەرعیەکان، ئاوەڕنەدانەوە لە مەبەستەکانی شەریعەت، ڕەچاونەکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی ئوممەت، هۆکار و دۆخ و تایبەتمەندی کاتی هاتنی فەرموودەکان، تێنەگەیشتن لە پێگە جیاوازەکانی پێشەوامان... لە ئەنجامیشدا پەڕگیری یاخود شلگیری لە ئایینداری و ڕاڤەی دەقەکان، سەرەکیترین هۆکاری ئەم ئاڵۆزی و پشێوی و ناکۆکیانە بوون.

دیاره هاوەڵانی پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر) تێگەیشتنی دروستیان هەبوو، لە میتۆد و بنەما گشتییەکاندا هاوڕابوون، هەروەك لە تێگەیشتنیان لە دەقە شەرعییەکان و چەند جۆریی گوفتار و کردارەکانی پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر) دەستی باڵایان هەبوو، بەڵام دوای سەردەمی ئەوان، دوو ڕەوتی تەواو دوور لەیەك لە وەرگرتن و کارکردن و تێگەیشتن بۆ فەرمووده دروست بوو" ڕەوتی خەواریج و هاوشێوەکانیان، کە زۆر کەم پشتیان بە فەرموودە دەبەست و بواری کارکردن بە فەرموودەیان تەواو تەسك کردبووەوە، لەو شوێنانەیش کاریان پێ دەکردن پابەند نەبوون بە میتۆد و ڕێبازێکی زانستییەوە، بەڵکو کاریان لەسەر هەڵبژاردنی ئەو فەرموودانە دەکرد کە لەگەڵ بەرنامەیان بگونجابایە، ئەگەرچی لە ڕووی زانستیەوە لاوازیش بوونایە، درێژەپێدەرانی ئەم ڕێبازە، زۆرجار لە ژێر ناو و ناونیشانی جیادا سەریان هەڵداوە، وەك ئەوەی ئەمڕۆ لە هیند و میصر و بە ڕێژەیەکی کەمتر لە پاکستان و ئێران و عێراق و سوریا و چەندین ناوچەی دی، لەژێر ناونیشانی قورئانی و بانگەشەی "سەرچاوەی شەریعەت تەنها قورئانە" دەبینرێن. لە بەرامبەر ئەم ڕەوتەش ڕەوتێکی دیکە لە سەرەتای سەدەی دووەمی کۆچییەوە سەری هەڵدا، کە بە پێچەوانەی ڕەوتی یەکەمەوە، دەستیان شلکرد لە وەرگرتن و کارکردن و گشتاندنی فەرموودە و تێگەیشتنی ڕواڵەتیانە بۆی، تەنها مەرجیان بۆ گشتاندنی حوکمەکەی بریتی بوو لە دروستیی زنجیرەی گێڕەرەوانی فەرموودەکە، بێئەوەی گوێ بدەنە مەبەستی تەشریعیی فەرموودەکان و هۆکار و دۆخی هاتنیان، لەبەر ئەمە زۆر جار خۆیشیان تووشی گرفت دەبوون لە تێگەیشتنی کۆمەڵە دەقێك، کە بە ڕواڵەت دژایەتیان لەگەڵ یەك هەیە.

دیاره ئەم گرفتەیش بە بڕیاری بە لاواز ناساندنی ئەو فەرموودانە، یان نەسخبوونەوەی بەشێکیان کۆتایی نایەت، بەڵکو تەنها ڕێگەی زانستی چارەسەری ئەم هەڵە تێگەشتنانە، پەسەندکردنی ڕێبازی ڕەوتی سێهەمە، کە ڕەوتێکی

ناوەندگیرە لەنێوان هەردوولادا، خاوەنی میتۆدی وردبینی و تێڕوانین و تێڕامانە لە فەرموودەکان، بە گەڕانەوە بۆ هۆکار و دۆخی هاتنیان، تێگەیشتن لە مەبەستەکانیان، دیاریکردنی پێگەی پێشەوامان محەمەد (دروودی خوای لەسەر) لەکاتی بڕیاردانەکەدا، ئایا وەك پەیامبەر و گەیەنەری شەرع فەرموویەتی، یاخود وەك پێشەوایەکی سیاسی و ئیداری، یاخود وەك سەرکردەیەکی سەربازیی، یاخود وەك دادوەر لەنێوان کەسانێکدا، یاخود وەك مرۆڤێکی ئاسایی...؟ چونکە دەستنیشانکردنی پێگەکەی، کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت لە وەرگرتن و گشتاندنی فەرموودەکان.

دیارە قسەکردن لەم بابەتە گرنگەدا، کارێکی ئاسان نییە، پۆلێنکردنی فەرموودەکان بۆ تەشریعی و ناتەشریعی، تەشریعی گشتی و تەشریعی تایبەت، کارێکی زۆر ورد و زانستییە، لە هەمانکاتیشدا کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر تێگەیشتنی باوەڕداران بۆ فەرموودە و کارپێکردنی، بەڵام لە هەمانکاتدا ـ وەك ئاماژەمان پێدا ـ گرنگترین ڕێگای زانستیانەیە بۆ دەرچوون لە کۆمەڵە گرفتێك کە گشتاندنی فەرموودەکان بە ڕەهایی دروستیان کردووە و دەکات، هاوکات باشترین ڕێگەی لادانی دژایەتی ڕواڵەتیانەی نێوان فەرموودەکانیشە، چوونکە لەم ڕێگەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کام بەشە لە سوننەت دەبێتە سەرچاوەی یاسادانان و ئوممەت بەگشتی پێوەی پابەند دەبن، کام بەشە تەشریعی تایبەتن و پابەندبوون پێیانەوە ئەرکی گشت باوەڕداران نییە، کام بەشیش ناچێتە بازنەی تەشریع و پابەندبوون و نەبوون پێیانەوە ئاساییە.

دیارە ئەم باسە لە زانستە جیاجیاکانی بواری فەرموودەدا ئاوڕێکی ئەوتۆی لێ نەدراوەتەوە، زیاتر زانایانی ئوصولی فیقهـ خۆیان لەم پرسە داوە، بەڵام بەداخەوە ئەویش وەك پێویست نەبووە، چوونکە زۆرینەیان هەر باسیان نەکردووە، ئەوانەی باسیشیان کردووە زۆرینەیان تەنها بە چەند دێڕێك ئاماژەیان پێداوە.

## بۆچوونی زانایان لەسەر پۆلێنکردنی وتە و کردارەکانی پێغەمبەر :

زۆرێك لە مسوڵمانان لە سۆنگەی دڵسۆزیی و سووربوون لەسەر ئاییندارى و پابەندبوونی دروست و تەواو بە فەرموودەکانی سەروەرمان (دروودی خوای لەسەر)، بە تێڕوانینێکی شەرعی و پابەندکەر لە تەواوی کردار و گوفتارەکانی پەیامبەری مەزن (دروودی خوای لەسەر) دەڕوانن، بێئەوەی جیاوازیی بکەن لە نێوان ئەو پێگە و ئەرکانەی پەیامبەرمان (دروودی خوای لەسەر) هەیبووە، یاخود بگەڕێنەوە بۆ بارودۆخ و هۆکاری فەرموودەکان، یان لە ئامانج و مەبەستی پشتی حوکمەکان شارەزابن.

ئاشکرایە تێگەیشتن لە هەرکام لەم خاڵانە، کاریگەری ڕاستەوخۆ دروست دەکات لەسەر هەڵێنجانی بڕیارە شەرعییەکان، لەبەرئەوەی بابەتگەلێکی زۆر هەن کە سەروەرمان (دروودی خوای لەسەر) جیا لە پێگەی پێغەمبەرایەتی، بڕیاری تێدا دەرکردوون، واتە هەندێکجار وەك فەرمانڕەوا و بەرپرسی وڵات، یاخود دادگەر و قازی، یان فەرماندە و لێپرسراوی جەنگیی، یان وەك ڕاوێژپێکراو و کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی، بگرە هەندێکجاریش وەك مرۆڤێکی ئاسایی ئەو کارانەی ئەنجام داون، بۆیە بێگومان پێویستە بزانین هەموو فەرموودەکانی لە یەك پلە و ئاستدا نین و بەپێی جیاواز لە پێگەکانی و دۆخ و ئامانجی پشت بڕیارەکان گۆڕانکاریی بەسەر بڕیارەکاندا دێت. ڕاستە زۆرینەیان بڕیاری شەرعی و گشتگیرن، بەڵام هەندێکیشیان تەشریعی تایبەتن، یاخود هەر ناچنە بازنەی تەشریعییەوە و پابەندبوون پێیانەوە مەرج نییە.

بێگومان زۆرێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر) کۆدەنگی زانایانیان لەسەرە، کە بۆ گەیاندن و تەبلیغن و پابەندبوون پێوەیان پێویستە لەسەر گشت بڕوادارێك، دەرچوون لێیان دەرچوونە لە شەرعی پەروەردگار. هەندێکی دیکەیش لە فەرموودەکان لە بواری دادگەریی بوون، یاخود

فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردنی وڵات، یان تایبەت بە کەسانێکەوە دەرچوون، کە ناکرێت حوکمەکانیان گشتگیر بکرێت بۆ هەموو باوەڕداران و گشت سەردەم و ناوچە و دۆخێك. بەشێکیش لە فەرموودەکان کە تەشریعی تایبەتن، یاخود پەیوەستن بە هۆکار و ڕێوشوێنێکەوە، کە بەپێی بوونی هۆکار و دووبارەبوونەوەی دۆخەکە جێبەجێ دەکرێن، ئەگەر فەرموودەیەکیش هیچ کام لەم دوو جۆرەی تەشریع (گشتی و تایبەت) نەبوو، ئەوە بڕواداران دەتوانن کاری پێبکەن یاخود نەیکەن. ئەم پۆلێنکردنەش داهێنراوی ئەم توێژینەوە و تەنانەت ئەم سەردەمەیش نییە، ئیبن قوتەیبەی دەینەوەری (٢٧٨ك کۆچی دوایی کردووە)، ئاماژەی بەوە کردووە کە فەرموودە پۆلێن دەکرێت بۆ سێ بەش، بەم شێوەیە:

- بەشێکیان واتای پابەندبوون دەگەیەنن و گشتین و هەموو ئوممەت دەگرنەوە، واتە تەواوی ئەم بەشە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) وەك نێرراو و ڕوونکەرەوە ئەنجامی داون.

- بەشی دووەمیان بەهەمان جۆری پێشوو تەشریعن، بەڵام گشتیی نین و هەموو باوەڕداران ناگرنەوە، یاخود پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بڕیارەکە تایبەت دەکات بە هەندێك لە باوەڕداران و ئەوانی دی لێ دەردەکات.

- بەشی سێیەمیان ناچنە بازنە تەشریعەوە و نابنە یاسا بەسەر ئوممەتەوە، هەروەها کارپێکردنیان حوکمی ڕەوایەتی (إباحة) یان هەیە[1].

ئیبن حزمی زاهیرییش (٤٥٦ك کۆچی دوایی کردووە) هەرچەند بە زاهیری و حەرفی ناسراوە، بەڵام فەرموودە و کاروبارە دەرچووەکان لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) دەکات بە دوو بەش:

یەکەم: کاروبارە ئایینییەکان، کە بریتین لە تەواوی ئەو کردار و گوفتارانەی

---

[1] کتێبەکەی ئیبن قوتەیبە (تأویل مختلف الحدیث) بۆ گونجاندنی ئەو فەرموودانەیە کە بە ڕواڵەت دژیەکن، بۆیە ئەم بیرۆکەیە لە تەواوی کتێبەکەیدا ڕەنگدانەوەی هەیە.

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، کە پشتبەستن بە نیگای خوایی و هیچ بیروبۆچوونێکی خۆی ناچێتە ناویانەوە، لە هەمانکاتدا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەلایەن خودای گەورەوە پارێزراوە لە هەر هەڵە و کەموکوڕیەك و هەموو ئەوانەی، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فێری ئوممەتەکەی دەکات لەم بوارەدا، هەموویان سوننەت و شەریعەتی خوای گەورەن.

دووەم: کاروبارە دنیاییەکان، لەم بەشەیاندا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پارێزراو نییە لە هەڵە، هەروەها خوای گەورە مۆڵەتی پێ داوە خۆی بڕیار بدات و کارەکان ڕاپەڕێنێت بەپێی بیر و بۆچوون و ئەوەی، کە خۆی بە چاك و باشی دەزانێت[1].

قازی عیازیش (٥٤٤ك کۆچی دوایی کردووە)، بە هەمانشێوە، باسی چەند جۆرێك لە سوننەی پێغەمبەری (دروودی خوای لەسەر) کردووە، بە کورتی گشت سوننەتی پێغەمبەری (دروودی خوای لەسەر) کردووە بە دوو بەشەوە:

**یەکەم: ئەوانەن، کە تایبەتن بە کاروبارە ئاینییەکانەوە.**

**دووەم: ئەوانەن، کە تایبەتن بە کاروبارەکانی دنیاوە[2].**

هەروەها ئیمامی غەزالیش دەرکی بەم ڕاستییە کردووە و هۆشداری داوە لەو هەڵەیەی، کە بە یەك تێگەیشتن سەیری هەموو فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بکرێت و لە بەڵگەهێنانەوەدا هەموویان وەکو یەك سەیر بکرێن، بۆیە سەبارەت بە هەندێك لە کارەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کە بۆ تەشریع نین و نەیویستووە بڕواداران چاوی لێ بکەن دەڵێت: "هەندێك لە زانایانی فەرموودەزان گومانی ئەوەیان بردووە کە خۆچوواندن بە پێغەمبەر (دروودی خوای

---

[1] الإحكام، ابن حزم (٥/ ١٣٧).

[2] الشفا بتعريف حقوق المصطفى، قاضي عياض (٣/ ٤٢).

لەسەر) لە هەموو كاروبارەكانیدا سوننەتە، بەڵام ئەمە هەڵەیە"[1].

ئەوەی كە بە ڕوونی و زۆر زانستیانە باسی ئەم پۆلێنەی كردووە، گەورە زانای مالیكی، قەڕافیە (٦٨٤ك كۆچی دوایی كردووە)، لە كتێبی (الإحكام في تمییز الفتاوى عن الأحكام وتصرفات القاضي والإمام)دا، كە تێگەیشتنێكی ورد و بابەتییانەی هەبووە و جیاوازی كردووە لە نێوان فەرموودەكانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و كردوونی بە چوار جۆری سەرەكییەوە و كاریگەری هەریەك لەم جۆرانەی لەسەر حوكمەكان باس كردووە[2].

(ولی الله)ی دەهلەویش (١١٧٦ك كۆچی دوایی كردووە)، سوننەتی كردووە بە دوو بەشەوە:

- جۆرێكیان ئەوانەن كە دەبنە تەبلیغ و پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وەكو گەیەنەری ئەو پەیامە ئەنجامی داون، بۆ ئەوەی پێشیان بكەوێت لە كارپێكردنی ئەو پەیامەی كە پێی ڕاگەیاندوون.

- جۆرەكەی دیكەیان هەموو ئەو گوفتار و كردارانەیە، كە لە ژیانیدا بە شێوەیەكی ئاسایی ئەنجامیان دەدات، دوور لە نیازی پێغەمبەرانە و گەیاندنی پەیامی خوا[3].

ئیبن عاشوریش (١٣٩٣ك كۆچی دوایی كردووە)، كە زانایەكی گەورەی سەدەی ڕابوردووە بە شێوەیەكی فراوانتر ئاماژەی بە هەموو ئەو پێگانە، كردووە كە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هەیبوون، بەگشتی وتار و كرداری پێغەمبەری (دروودی خوای لەسەر) دابەشكردووە بۆ دوانزە جۆر، ئەوانیش: سوننەی تەشریعی، فەتوا، دادوەری، فەرمانڕەوایی، ئاشتەوایی، پرس و ڕاوێژكاریی،

[1] المنخول من تعليقات الأصول، أبو حامد الغزالي (١/ ٣١٢).

[2] الإحكام للقرافي (١٩٩).

[3] حجة الله البالغة، ولي الله الدهلوي (١/ ٢٢٣- ٢٢٤)

ئامۆژگاریی، تەواوکاریی ڕۆحی و گەیشتن بە کەماڵ، فێرکردنی کۆمەڵێك لە بەها باڵاکان، تەمێکردن یاخود فێرکردن و ئەو کردارانەی، کە لە دابونەریتەکانی پێغەمبەرن (دروودی خوای لەسەر) و بەدەرن لە ڕێنموونییە ئاینییەکان[1]، بەڵام جەختی لەوە کردووەتەوە بەهێزترینی ئەو حاڵەتانەی کە تایبەتن بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، بریتییە لە حاڵەتی تەشریع، چونکە تەشریع یەکەم مەبەستی خوایە لە ناردنی پێشەوامان (محەمەد)، لەبەرئەوە پێویستە زیاتر ڕەچاوی ئەو کردار و گوفتارانەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بکرێت کە مەبەستی تەشریعییان لە پشتە، تەنیا مەگەر بەڵگەیەك هەبێت، کە لە بازنە تەشریعییەکە بیانهێنێتە دەرەوە[2].

دکتۆر یوسف قەرزاویش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زۆرێك لە زانایانی پێشوو ئەم پۆلێنەیان بۆ فەرموودە کردووە[3].

## بەڵگەی سوننەت لەسەر پۆلێن و جۆراوجۆری وتە و کردارەکانی پێغەمبەر :

بەڵگەگەلێك هەن دەیسەلمێنن، کە گشت فەرموودەکانی پێشەوامان (دروودی خوای لەسەر) بۆ تەشریع نین و پێمان دەڵێن، کە پەیامبەرمان (دروودی خوای لەسەر) لەگەڵ ئەوەی پەیامبەر بووە، بەڵام هەر مرۆڤ بووە و دەکرێ هەڵسوکەوتی وەك مرۆڤێکی ئاسایی ئەنجام دابێت، چونکە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: ﴿قُلْ سُبْحَانَ رَبِّي هَلْ كُنْتُ إِلَّا بَشَرًا رَسُولًا﴾ (الإسراء: ٩٣)، واتە: (پێیان بڵێ: پاکی و بێخەوشی بۆ خودای منە، بۆ من لە مرۆڤێك و فروستادەیەکی خودا بەولاوە هیچی تر هەم؟)، واتە من مرۆڤێکم توانام سنووردارە، چۆن دەتوانم ئەم شتانە بکەم کە

---

[1] مقاصد الشريعة الإسلامية، ابن عاشور (٣/ ٩٩).

[2] تفسير القرآن الحكيم (تفسير المنار)، محمد رشيد بن علي رضا (٣/ ١٣٦).

[3] السنة مصدرًا للمعرفة والحضارة، د. يوسف القرضاوي (٢٤).

داوای دەکەن؟ هەروەها دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ يُوحَى إِلَيَّ﴾ (الكهف: ١١٠)، واتە: (ئەی پەیامبەر پێیان بڵێ: من تەنیا مرۆڤێکم وەك ئێوە، بەڵام لە ئێوە جیا دەبمەوە بەوەی کە نیگام بۆ دەکرێت لەلایەن خوداوە).

کەواتە شتێکی سروشتییە و شیاوی قبووڵکردنە، کە گوفتار یان کردارێکی مرۆڤانەی دوور لە تەشریع لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) دەرچووبێت، بەتایبەت لەو بابەتانەی کە وەکو باو و نەریتی ئەو کاتە ئەنجامی داون، هەر لە پۆشینی جل و بەرگ و هەستان و دانیشتنی ڕۆژانە و بۆنەکانی هاوسەرگیری... هتد. یان لەو کردەوانەی کە هیچ مرۆڤێك خاڵی نییە لێیان، هەر لە ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی ڕۆژانە، لە کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی و دانانی پلانی جەنگ، یان لەو گوفتارانەی کە ڕێنموونی کەسێکی پێ کردبن، یان تایبەت بێت بە کەسێك و گشتی نەبێت. هەموو ئەمانە کە ئاماژەمان پێ کردن ناچنە بازنەی تەشریعییەکانەوە، مەگەر دەقێك فەرمانی پێ بکات وەك پەسەندێتی خواردن بە دەستی ڕاست، یاخود بە ناپەسەند ناوزەدی بکات وەك زۆر خواردن.

بەڵگەشمان بۆ ئەم پۆلێنکردنە، خودی فەرموودەکانی پێغەمبەرمانە (دروودی خوای لەسەر) کە دەیسەلمێنێت فەرموودەکان چوون یەك نین و تێیاندایە مەبەست لێی شەرع و پابەندکردن نییە، لەوانە:

١- سەروەرمان (دروودی خوای لەسەر) دەفەرمێت: "إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ، إِذَا أَمَرْتُكُمْ بِشَيْءٍ مِنْ دِينِكُمْ فَخُذُوا بِهِ، وَإِذَا أَمَرْتُكُمْ بِشَيْءٍ مِنْ رَأْيِي، فَإِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ"[1]. لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکات، کە هەندێك جار کارەکانی دنیایین و بەپێی شارەزایی و ئەزموونی کەسیی ئەنجام دەدرێن، بۆیە دەفەرموێت: ئەگەر فەرمانم پێ کردن بە ئەنجامدانی کارێك، کە

---

[1] أخرجه مسلم في صحيحه، بَاب وُجُوبِ امْتِثَالِ ما قَالَهُ شَرْعًا دُونَ ما ذَكَرَهُ صلى الله عليه وسلم من مَعَايِشِ الدُّنْيَا على سَبِيلِ الرَّأْيِ، رقم الحديث (٢٣٦٢)، (٤/ ١٨٣٥).

پەیوەست بوو بە ئایینەوە ئەوە ئەنجامی بدەن، خۆ ئەگەر بە بۆچوونی خۆم فەرمانم پێ کردن بە کارێك، ئەوە منیش مرۆڤێکم.

٢ـ هەروەها پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ أَرْضَى كَمَا يَرْضَى الْبَشَرُ وَأَغْضَبُ كَمَا يَغْضَبُ الْبَشَرُ"[١]. لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕوونی دەکاتەوە، کە هەندێکجار وەکو مرۆڤێکی ئاسایی ڕەزامەندی دەنوێنێت لەسەر کارێك، یان تووڕە دەبێت لە هەندێك حاڵەتدا. ئاشکرایە ئەمانە پەیوەندییان نییە بە تەشریعەوە بەو واتایەی بوترێت پێویستە ئێمەش لەو کاتانەدا توڕە ببین، بەڵکو دەچنە بازنەی کردارە سروشتی و مرۆییەکانەوە.

٣ـ عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (ڕەزای خودایان لێ بێت) دەڵێت: أن خالد بن الوليد رضي الله عنه أخبره أنه دخل مع رسول اللَّهِ بَيْتَ مَيْمُونَةَ فَأُتِيَ بِضَبٍ مَحْنُوذٍ فَأَهْوَى إليه رسول اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ بيده فقال بَعْضُ النِّسْوَةِ: أَخْبِرُوا رَسُولَ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ بِمَا يُرِيدُ أَنْ يَأْكُلَ، فَقَالُوا: هو ضَبٌّ يا رَسُولَ اللَّهِ، فَرَفَعَ يَدَهُ، فقلت: أَحَرَامٌ هو يا رَسُولَ اللَّهِ؟ فقال: "لَا وَلَكِنْ لم يَكُنْ بِأَرْضِ قَوْمِي فَأَجِدُنِي أَعَافُهُ"[٢]، واتە دەڵێت: خالدی کوڕی وەلید پێی ڕاگەیاندم، کە لە خزمەتی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) چوون بۆ لای (مەیمونە)ی هاوسەری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، بزنمژەیەکی برژاو هێنرا، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەستی بۆ برد، یەکێك لە ئافرەتەکان وتی: عەرزی پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر) بکەن، کە ئەو خواردنەی دەیەوێت بیخوات هی چییە، وتیان خواردنەکە

---

[١] أخرجه مسلم في صحيحه، بَاب من لَعَنَهُ النبي صلى الله عليه وسلم أو سَبَّهُ أو دَعَا عليه وَلَيْسَ هو أَهْلًا لِذَلِكَ كان له زَكَاةً وَأَجْرًا وَرَحْمَةً، رقم الحديث (٢٦٠٣)، (٤/ ٢٠٠٩).

[٢] أخرجه البخاري في صحيحه، باب الضب، رقم الحديث (٥٢١٧) (٥/ ٢٠١٥)، ومسلم، باب إباحة الضب، رقم الحديث (١٩٤٥) (٣/١٥٤٣).

بزنمژەیە، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) دەستی کێشایەوە، خالد دەڵێت عەرزم کرد: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا حەرامە؟ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرمووی: "نەخێر، بەڵام لە خاکی قەومەکەی مندا نییە، بۆیە لام پەسەند نییە و تەبیعەتم ناچێتە سەری". ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەندێك لەو کارانەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کردوونی پەیوەستن بە دابونەریت و کولتووری هۆزەکەی، یاخود تەبیعەت و حەزەوە بووە، ناچنە ڕیزی تەشریعەوە.

٤ـ هەندێکجار پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لەبەر بەرژەوەندیی مسوڵمانان بە بۆچوونی خۆی بڕیارێکی داوە، هاوەڵەکانیش کە زانیویانە ئەمە بە نیگا و سروش نییە، بەڵکو بە بۆچوون و ئەزموونی خۆیەتی، سەرنجی خۆیان دەربڕیوە و پەیامبەریش (درودی خوای لەسەر) لێی وەرگرتوون، وەکو ڕێکەوتنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لەگەڵ هۆزی (غطفان) لە جەنگی خەندەقدا، کاتێك پێشەوامان (درودی خوای لەسەر) ویستی لەگەڵیاندا ڕێك بکەوێت لەسەر نیوەی بەروبوومی مەدینە، بە مەرجێك ئەوان سەربازەکانیان بگەڕێننەوە، پرسو ڕاوێژی کرد بە سەعدی کوڕی مەعاز و سەعدی کوڕی عوبادە (ڕەزای خودایان لێ بێت)، بۆیە ئەوانیش پێیان وت: يَا رَسُول الله، أمرا تحبه فنصنعه أم شَيْئا أنزل الله لابد لنا من الْعَمَل، أم شَيْئا تَصنعهُ لنا؟ قَالَ: "بل شَيْء أصنعه لكم، وَالله مَا أصنع ذَلِك إِلَّا أَنِّي رَأَيْت الْعَرَب قد رمتكم عَن قَوس وَاحِدَة وكالبوكم من كل جَانب، فَأَرَدْت أن أكسر عَنْكُم من شوكتهم إِلَى أمر مَا". فَقَالَ لَهُ سعد بْن معَاذ: يَا رَسُول الله، قد كُنَّا نَحن وَهَؤُلَاء الْقَوْم عَلَى الشّرك بِاللَّه وهم لَا يطمعون أن يَأْكُلُوا منا ثَمَرَة إِلَّا قرى أَو بيعا، أفحين أكرمنا الله بِالْإِسْلَامِ وهدانا لَهُ وأعزنا بك وَبِه، نعطيهم أَمْوَالنَا! مَا لنا بِهَذَا من حَاجَة، وَالله لَا نعطيهم إِلَّا السَّيْف حَتَّى يحكم الله بَيْننَا. قَالَ رَسُول الله ـ صلى الله

علیه وسلم ـ: "فَأَنت وَذَاكَ"[١]. دەبینین هەر دوو هاوەڵی بەڕێز پرسیاری ئەوەیان لە سەروەرمان کرد، ئایا ئەمە کارێکە خۆت پێتخۆشە ئێمە ئەنجامی بدەین، یان بڕیارێکی خوایە و هەر دەبێت بیکەین؟ یان لەو شتانەیە کە خۆت بۆمان دادەنێیت؟ پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: بەڵکو لەو کارانەیە کە خۆم بۆم داناون، ئەمەیشم لەبەر خاتری ئێوە کردووە، چونکە دەبینم لە هەموو لایەکەوە عەرەب هێرشیان بۆ هێناون و پەلامارتان دەدەن، بۆیە دەمەوێت بەم ڕێککەوتنە لەگەڵیاندا هەندێك شانوشەوکەتیان بشکێنم. پاشان سەعدی کوڕی مەعاز وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، سەردەمێك هەبوو ئێمە و ئەوان لەسەر هاوبەش بڕیاردان بووین بۆ خوا، لەو کاتەدا نەیانتوانیوە ئارەزووی ئەوە بکەن، کە بەروبوومی ئێمە بخۆن، تەنیا مەگەر بە میوانی یان بە کڕین خواردبێتیان، لەکاتێکدا ئێستا ئێمە خوای گەورە ڕێزداری کردووین بە ئاینی ئیسلام و ڕێنوێنی کردووین، بەهۆی ئیسلامەوە هێز و دەسەڵاتی پێ داوین، ئێستا دوای هەموو ئەمانە لە ماڵ و بەروبوومی خۆمانیان بدەینێ، بەڕاستی ئێمە هیچ پێویستمان بەمە نییە، سوێند بە خوا هیچیان نادەینێ، مەگەر شمشێر و جەنگان نەبێت لەگەڵیان، تا ئەو کاتەی خوا بڕیارمان لەسەر دەدات، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، کە زانی هەڵوێستی وایە ئینکاری نەکرد و فەرمووی: ئەوە تۆ و ئەوە ئەوان.

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەپێی ئەوەی، کە گەورە و بەرپرسی وڵات بووە، هەندێکجار بە بۆچوونی خۆی بڕیارێکی سیاسی دەرکردووە، لەبەر بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی خوێنی مسوڵمانان و بەرەنگاربوونەوەی فێڵی دوژمنان، بەڵام ئەمە فەرمانێکی خوایی نەبووە و نەچووەتە خانەی بڕیارە تەشریعییەکانەوە، تا وا نەزانرێت ئەنجامنەدانی

---

[١] أخرجه البيهقي في معرفة السنن والآثار (٧/ ١٥١) باب مهادنة من يقوى على قتاله، حسنه السقّاف في تخريج أحاديث وآثار كتاب في ظلال القرآن (١/ ٢٤٤).

دەبێتە سەرپێچی و تاوان، چونکە کاتێك هەردوو (سەعد)ەکان بۆیان ڕوون بویەوە، کە ئەمە فەرمانی خوا نییە، بەڵکو بیروبۆچوونی تایبەتی خۆیەتی، بۆیان دروست بوو سەرنجیان هەبێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە هاوەڵەکان جیاوازییان کردووە لە نێوان سوننەتێك، کە بۆ پابەندبوون بێت، لەگەڵ سوننەتێك تەنیا بۆ ڕێنموویی و ڕێنیشاندانی کەسێك بێت[1].

٥- بە سەرپێچی هەژمارنەکردنی هەڵوێستی (بەریرە) لەلایەن پەیامبەرەوە (دروودی خوای لەسەر)، بەریرە کۆیلەیەکی ئافرەت بوو، دوای ئەوەی ئازاد کرا، بڕیاری مانەوە یاخود جیابوونەوە لەگەڵ هاوسەری، کە کۆیلە بوو کەوتە دەست خۆی، هاوسەری ناوی (مُغیث) بوو، ئەم پیاوە بەریرەی زۆر خۆش دەویست، بەڵام بەریرە ئەوی خۆش نەدەویست، بۆیە بڕیاری دا لێی جیاببێتەوە، (موغیس بەم بڕیارە زۆر دڵتەنگ و غەمبار بوو، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بینیی موغیس بەدوای بەریرەدا دەڕوات و دەگری و فرمێسك بەڕیشیدا دێتە خوارەوە، بۆیە سەروەرمان بەزەیی پێدا هاتەوە و بە بەریرەی فەرموو: "لَوْ رَاجَعْتِهِ". قَالَتْ يَا رَسُولَ اللهِ تَأْمُرُنِي؟ قَالَ: "إِنَّمَا أَنَا أَشْفَعُ"، قَالَتْ: لاَ حَاجَةَ لِي فِيهِ[2]، واتە: (خۆزیا بگەڕایتایەوە لای موغیس و لە بڕیارەکەت پاشگەز بویتایەوە)، بەڵام بەریرە کە شارەزابوو لەوەی هەموو فەرموودەکانی پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر) شەرع نین، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) ئەمە فەرمانە؟ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: (نەخێر، بەڵکو تەنیا تکایەکە)، ئەویش وتی: دەی مادام وایە پێویستم پێی نییە. ئیبن حەجەر لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێت: "کە وتی: "تَأْمُرُنِي"؟ واتە مەبەستت ئەوەیە، کە فەرمانم پێ بکەی و

---

[1] مقاصد تصرفات الرسول، د. فؤاد حسني قلع (١٤٤).

[2] أخرجه البخاري في صحيحه، بَاب شَفَاعَةِ النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ فِي زَوْجِ بَرِيرَةَ، رقم الحديث (٥٢٨٣) (٧/ ٦٢).

جێبەجێی بکەم؟"[(١)]. بۆیە دەبینین بەریرە لە فەرمانەکەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) تێگەیشتبوو کە بۆ تەشریع نییە، بۆیە نە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و نە هاوەڵان کەسیان لۆمەی بەریرەیان نەکرد لەسەر وەرنەگرتنی تکاکە.

٦ـ سەلەمە (ڕەزای خوای لەسەر بێت) دەڵێت: خَفَّتْ أَزْوَادُ الْقَوْمِ وَأَمْلَقُوا، فَأَتَوُا النَّبِيَّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ فِي نَحْرِ إِبِلِهِمْ، فَأَذِنَ لَهُمْ، فَلَقِيَهُمْ عُمَرُ فَأَخْبَرُوهُ، فَقَالَ: مَا بَقَاؤُكُمْ بَعْدَ إِبِلِكُمْ؟ فَدَخَلَ عَلَى النَّبِيِّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ، مَا بَقَاؤُهُمْ بَعْدَ إِبِلِهِمْ؟ فقَالَ رَسُولُ اللهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "نَادِ فِي النَّاسِ، فَيَأْتُونَ بِفَضْلِ أَزْوَادِهِمْ"، فَبُسِطَ لِذَلِكَ نِطَعٌ، وَجَعَلُوهُ عَلَى النِّطَعِ، فَقَامَ رَسُولُ اللهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ، فَدَعَا وَبَرَّكَ عَلَيْهِ، ثُمَّ دَعَاهُمْ بِأَوْعِيَتِهِمْ، فَاحْتَثَى النَّاسُ حَتَّى فَرَغُوا، ثُمَّ قَالَ رَسُولُ اللهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، وَأَنِّي رَسُولُ اللهِ"[(٢)]، واتە: (لە یەکێك لە جەنگەکاندا توێشووی سوپاکە کەم بویەوە و برسێتی زۆری بۆ هێنان، پاشان کۆمەڵێکیان هانایان برد بۆ لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و داوای سەربڕینی وشترەکانیان کرد، ئەویش مۆڵەتی پێ دان، کە سەریان ببڕن، هاوەڵان گەیشتن بە عومەر و ئەم هەواڵەیان پێ دا، ئەویش وتی: ئەگەر سەریان ببڕن خۆشتان دەفەوتێن، چونکە مانەوەی ئێوە پەیوەستە بەوانەوە، بۆیە عومەر (ڕەزای خودای لێ بێت) چووە لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و وتی: هەموو ڕۆیشتنی ڕێمان لەسەر ئەمانەیە، ئەگەر ئەمانە بفەوتێن خۆشمان دەفەوتێین، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: ئاگاداری هەموویان بکە با واز لەوە بهێنن و چییان پێ ماوە لە خواردن با بیهێنن، سفرەیەکیان ڕاخست و هەرچییان هەبوو هەموویان کردە سەری، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هەستا و دوعای بەرەکەت و پیرۆزیی بەسەردا خوێند،

---

(١) فتح الباري شرح صحيح البخاري، ابن حجر العسقلاني (٩/ ٤٠٩).

٢ أخرجه البخاري في صحيحه، باب حمل الزاد في الغزو، رقم الحديث (٢٨٢٠) (٣/ ١٠٨٨).

پاشان فەرمووی: دەی دەفر و قاپەکانتان بهێنن، خەڵکی بە مشت تێیان دەکرد، تا لێبوونەوە، هێشتا خواردنەکە هەر تەواو نەبووبوو، پاشان پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: شایەتی دەدەم کە خوا تاك و تەنیایە و منیش نێرراو و پێغەمبەری خودام). بەهەمانشێوە لەم نموونەیەیشدا دەبینین، کە ڕێگەدانی پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر) بە سەربڕینی وشترەکان بڕیارێکی تەشریعی نەبووە، وەگەرنا نە پێشەوا عومەر (ڕەزای خوای لێ بێت) سەرنجی لەسەر دەردەبڕی و نە پەیامبەریش (دروودی خوای لەسەر) بڕیارەکەی دەگۆڕی.

٧- پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر) بە ئەبو هورەیرەی فەرموو: "اذْهَبْ بِنَعْلَيَّ هَاتَيْنِ، فَمَنْ لَقِيتَ مِنْ وَرَاءِ هَذَا الْحَائِطَ يَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ مُسْتَيْقِنًا بِهَا قَلْبُهُ، فَبَشِّرْهُ بِالْجَنَّةِ"، فَكَانَ أَوَّلَ مَنْ لَقِيتُ عُمَرُ، فَقَالَ: مَا هَاتَانِ النَّعْلَانِ يَا أَبَا هُرَيْرَةَ؟ فَقُلْتُ: هَاتَانِ نَعْلَا رَسُولِ اللهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ، بَعَثَنِي بِهِمَا مَنْ لَقِيتُ يَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ مُسْتَيْقِنًا بِهَا قَلْبُهُ، بَشَّرْتُهُ بِالْجَنَّةِ، فَقَالَ: ارْجِعْ يَا أَبَا هُرَيْرَةَ، فَرَجَعْتُ إِلَى رَسُولِ اللهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ، قَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ، بِأَبِي أَنْتَ، وَأُمِّي، أَبَعَثْتَ أَبَا هُرَيْرَةَ بِنَعْلَيْكَ، مَنْ لَقِيَ يَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ مُسْتَيْقِنًا بِهَا قَلْبُهُ بَشَّرَهُ بِالْجَنَّةِ؟ قَالَ: "نَعَمْ"، قَالَ: فَلَا تَفْعَلْ، فَإِنِّي أَخْشَى أَنْ يَتَّكِلَ النَّاسُ عَلَيْهَا، فَخَلِّهِمْ يَعْمَلُونَ، قَالَ رَسُولُ اللهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "فَخَلِّهِمْ"[1]، واتە: (بڕۆ ئەم نەعلانەم ببە و هەرکەست بینی لە پشت ئەم دیوارەوە شایەتی بدات، کە هیچ خوایەك نییە جگە لە (الله) و بە دڵ باوەڕی بەوە هەبێت، ئەوە مژدەی بەهەشتی بدەرێ، ئەبو هورەیرە دەڵێت: یەکەم کەس کە پێی گەیشتم عومەر بوو، وتی: ئەو نەعلانە چین؟ وتم: ئەمانە نەعلەکانی پێغەمبەری خوان (دروودی خوای لێبێت)، بەوانەوە ناردوومی گەیشتم بە هەرکەس شایەتی بدات هیچ خوایەك نییە، جگە لە (الله) و بە دڵ باوەڕی

---

[1] أخرجه مسلم في صحيحه، باب الدَّلِيلِ على أَنَّ من مَاتَ على التَّوْحِيدِ دخل الْجَنَّةَ قَطْعًا، رقم الحديث (٣١) (١/ ٥٩)، وابن حبان (٤٥٤٣) (١٠/ ٤٠٨).

پێی هەبێت، مژدەی بەهەشتی بدەمێ، عومەر فەرمووی: ئەبو هورەیرە بگەڕێرەوە. دەڵێت منیش گەڕامەوە بۆ لای پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)، عومەر دوام کەوتو هات، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا دایك و باوکم بە قوربانت بن، ئایا تۆ ئەبو هورەیرەت بە نەعلەکانتەوە ناردبوو، کاتێك گەیشت بە هەرکەسێك، کە شایەتی بدات هیچ خوایەك نییە جگە لە (الله) و بە دڵ باوەڕی پێی هەبێت، مژدەی بەهەشتی بداتێ؟ فەرمووی: بەڵێ. پێشەوا عومەر وتی: ئەمە مەکە، چونکە من دەترسم خەڵکی پشت بەوە ببەستن و پاڵی لێ بدەنەوە، وازیان لێ بهێنە با کار بکەن، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: دەی کەوابوو وازیان لێ بهێنە).

لەم نمونانە و هاوشێوەیان ـ کەم نین ـ دەردەکەوێت، کە هاوەڵە بەڕێزەکان جیاوازییان لە پێگەکانی پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر) و بارودۆخ و هۆکار و ئامانج و مەبەستی بڕیارەکانی کردووە، ئەگەر زانیبێتیان ئەو بڕیارەی، کە دەریدەکات تەشریعییە بێ هیچ گومان و دوودڵی و دواکەوتنێك جێبەجێیان کردووە، بەڵام ئەگەر بۆیان دەرکەوتبێت، کە ناچێتە بازنەی تەشریعییەکانەوە و بۆ پابەندبوون و شوێنکەوتن نییە، ئەوە ڕێگەیان بە خۆیان داوە پرسیار بکەن و سەرنج و ڕای خۆیان عەرزی سەروەرمان (دروودی خوای لەسەر) بکەن. کەواتە هەموو ئەو فەرموودانەی، کە ئاماژەمان پێ کردن بەڵگەن لەسەر جۆراوجۆری پێگەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و جیاوازی بڕیارەکان و زانیمان هەموویان لە یەك ئاست و یەك پلەدا نین.

**بەڵگەهێنانەوە بە هەڵوێستی هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە تێگەیشتنیان لە جۆراوجۆریی وتە و کردارەکانی و کارکردنیان بە مەبەستی پشت فەرموودەکان**

قوتابیانی قوتابخانەی نبووەت و پەروەردەکراوانی دەستی پێشەوای مرۆڤایەتی (دروودی خوای لەسەر)، هاوەڵانی پەیامبەر زانا بوون بەوەی، کە سوننەتی سەروەرمان جۆراوجۆرن و ئاییندای و شوێنکەوتن لە دەق بریتیە لە کارکردن بە مەبەستی پشت دەقەکان، هەر بۆیە لە ژیانی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر). چەندین جار هاوەڵان پرسیاریان لێ کردووە، ئایا ئەوەی فەرمانیان پێ دەکات دەچێتە بازنەی تەشریع و پابەندکردنەوە یان نا؟ بۆیە وەك بینیمان و دەیبینین هاوەڵان هەموو گوفتار و کردارەکانی پێغەمبەریان (دروودی خوای لەسەر) بە سوننەت نەزانیوە ـ ئەو سوننەتەی، کە لە زاراوەی زانایاندا هاتووە ـ، بۆیە دەبینین زۆرێك لە زاناکانیان هەستیان بەم ڕاستییە کردووە و تێگەیشتوون، کە نابێت بە یەك چاو سەیری کۆی فەرموودە بکرێت. بۆ پشتگیریی ئەم قسەیە دەبینین هاوەڵان، کە خۆیان گەیەنەری شەریعەت و پارێزەری ڕاستەقینەی سوننەت و یەکەمین و باشترین کارپێکاری بوون، لەبەر تێگەیشتن و ڕەچاوکردنیان بۆ ئەم پرسەی باسی دەکەین، هەندێکیان بە ڕواڵەت بەشێك لەو سوننەتانەی، کە خۆیان گێڕاویانەتەوە جێبەجێ نەکردووە، چونکە زانیویانە مەبەست و ئامانجێك هەبووە لە پشت ئەم فەرموودانەوە و پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕەچاوی ئەو سەردەم و ژینگەیەی کردووە، بۆیە بڕیارێکی دەرکردووە، کە بگونجێت لەگەڵیاندا و تایبەت بێت بە خۆیان، نەك گشتگیر و پێویست بێت بۆ هەموو بارودۆخ و سەردەم و کەسێك:

١ـ هەڵوێستی هەردوو جێنشینی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، عوسمان و عەلی (ڕەزای خوایان لێ بێت) لەسەر ڕێگریی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)

لەبارەی گلدانەوە و گرتنی وشتری ونبوو، لەم فەرموودەیەی کە دەفەرمویَ: "دَعْهَا، فَإِنَّ مَعَهَا حِذَاءَهَا، وَسِقَاءَهَا، تَرِدُ الْمَاءَ، وَتَأْكُلُ الشَّجَرَ، حَتَّى يَجِدَهَا رَبُّهَا"، وَسَأَلَهُ عَنِ الشَّاةِ، فَقَالَ: "خُذْهَا، فَإِنَّمَا هِيَ لَكَ، أَوْ لِأَخِيكَ، أَوْ لِلذِّئْبِ"[1]، واتە: (فەرمووی: وازی لیَ بهێنە، پێڵاوی خۆی و جەوەندە ئاوی خۆی پێیە، خۆی دێتە سەر ئاو و درەخت دەخوات، تا خاوەنەکەی دەیدۆزێتەوە. پاشان پرسیاری لیَ کرا دەربارەی مەڕی ونبوو؟ فەرمووی: بیگرە لای خۆت، چونکە یا بۆ تۆ دەبێت، یان بۆ براکەت، یان بۆ گورگ).

لەکاتێکدا دەبینین جێنشینی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، عوسمانی کوڕی عەففان (خودا لێی ڕازی بێت) لە سەردەمی خەلافەتی خۆیدا فەرمانی دەرکرد بە گرتنی وشتر و پاراستنی و جاڕدان بۆی، تا ئەو کاتەی کە خاوەنەکەی دێت و دەیباتەوە، یان فرۆشتن و دانانی پارەکەی تا خاوەنەکەی وەریدەگرێتەوە، بەڵام لە سەردەمی خەلافەتی پێشەوا عەلیدا، سەردەم گۆڕا، بۆیە فەرمانی دەرکرد بە گرتنەوە و دابینکردنی ئالیك و خواردن بۆی لە خەزێنەی دەوڵەت، تا ئەو کاتەی کە خاوەنەکەی دێت و دەیباتەوە[2].

ئەگەر بە ڕووکەش سەیری ئەم هەڵوێستەی هەردوو جێنشین بکەین، وا دەردەکەوێت کە پێچەوانەی فەرموودەکەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کاریان کردووە، بەڵام لەڕاستیدا وانییە و ئەوان زانیویانە، کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) پێی باش بووە بۆ ئەو ڕۆژگار و سەردەمە ئەم بڕیارە دەربکات، چونکە بەرژەوەندیی ئەو کاتە ئەوەی خواستووە، هەروەها لەوە تێگەیشتبوون ئەو بڕیارەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) تایبەت بووە بە بارودۆخێکی تایبەتەوە،

---

[1] أخرجه البخاري في صحيحه، باب ضالة الغنم، رقم الحديث (٢٢٩٦) (٢/ ٨٥٦)، ومسلم في صحيحه، كتاب اللقطة، رقم الحديث (١٧٢٢) (٣/١٣٤٩).

[2] المحلى، ابن حزم الظاهري (٨/ ٢٧١).

دواتر كه ئەو بەرژەوەندییە گۆڕاوە بە هۆی گۆڕانكاریی خوڕەوشتی مرۆڤەكان و نەمانی ڕێگر و بەربەستە ئایینییەكان، بۆیە پێویستە بڕیارەكەیش گۆڕنكاریی بەسەردا بێت[1].

٢ـ پێشەوا مسولیم لە ئەبو توفەیلەوە دەگێڕێتەوە، كە بە عەبدوڵڵای كوڕی عەبباسی وتوە (ڕەزای خوایان لیٚ بێت): أَرَأَيْتَ هذا الرَّمَلَ بِالْبَيْتِ ثَلَاثَةَ أَطْوَافٍ وَمَشْيَ أَرْبَعَةِ أَطْوَافٍ أَسُنَّةٌ هو؟ فإن قَوْمَكَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُ سُنَّةٌ، قال فقال: "صَدَقُوا وَكَذَبُوا"، قال قلت: ما قَوْلُكَ صَدَقُوا وَكَذَبُوا؟! قال: "إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ قَدِمَ مَكَّةَ، فقال الْمُشْرِكُونَ: إِنَّ مُحَمَّدًا وَأَصْحَابَهُ لَا يَسْتَطِيعُونَ أَنْ يَطُوفُوا بِالْبَيْتِ من الهزل، وَكَانُوا يَحْسُدُونَهُ، قال فَأَمَرَهُمْ رسول اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ "أَنْ يَرْمُلُوا ثَلَاثًا وَيَمْشُوا أَرْبَعًا". قال قلت له: أَخْبِرْنِي عن الطَّوَافِ بين الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ رَاكِبًا أَسُنَّةٌ هو؟ فإن قَوْمَكَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُ سُنَّةٌ، قال: "صَدَقُوا وَكَذَبُوا"، قال قلت: وما قَوْلُكَ صَدَقُوا وَكَذَبُوا؟! قال: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ كَثُرَ عليه الناس يَقُولُونَ هذا مُحَمَّدٌ هذا مُحَمَّدٌ حتى خَرَجَ الْعَوَاتِقُ من الْبُيُوتِ، قال وكان رسول اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ لَا يُضْرَبُ الناس بين يَدَيْهِ، فلما كَثُرَ عليه رَكِبَ، وَالْمَشْيُ وَالسَّعْيُ أَفْضَلُ[2]. واتە: (پێم وت: ئایا تۆ پێت وایە ئەم سیٚ جار نیمچە ڕاكردنە (گورگەلۆقە) لە تەوافدا و دوایی چوار جار تەواف ئاسایی سوننەتە؟ عەبدوڵڵاش وتی: ڕاست دەكەن و ڕاستیش ناكەن، ئەبو توفەیلیش وتی: یانی چی ڕاست دەكەن و ڕاستیش ناكەن؟ وتی: كاتێك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) هات بۆ مەككە، بتپەرستەكان وتیان محەمەد و هاوەڵانی لەبەر لاوازییان ناتوانن تەواف بەدەوری

---

[1] المنتقى شرح الموطأ، أبو الوليد الباجي (٦/ ١٤٣)، شريعة الإسلام، القرضاوي (١٤١– ١٤٣).

[2] أخرجه مسلم في صحيحه، بَاب اسْتِحْبَابِ الرَّمَلِ فِي الطَّوَافِ وَالْعُمْرَةِ وفي الطَّوَافِ الْأَوَّلِ من الْحَجِّ، رقم الحديث (١٢٦٤) (٢/ ٩٢١)، وأحمد في مسنده، رقم الحديث (٢٧٠٧) (١/ ٢٩٧)، وابن حبان (٣٨٤٥) (٩/ ١٥٣).

(بیت)دا بکەن، ئیرەییان پێ دەبرد، بۆیە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمانی کرد بە هاوەڵان، کە سێ جار بە ڕاکردن تەواف بکەن و چوار جاریش بە ڕۆیشتنی ئاسایی. ئەبو توفەیل دەڵێت: وتم ئەی هاتوچۆی صەفا و مەروە بە سواریی سوننەتە؟ چونکە خزمەکانت دەڵێن سوننەتە؟ دووبارە وتی: ڕاست دەکەن و ڕاستیش ناکەن، وتم: ئەم قسەیەت واتای چییە؟ وتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) ئەو ڕۆژە خەڵکێکی زۆر دەورەیان دابوو، دەیانوت: ئەوە محەمەدە ئەوە محەمەدە، هەتا گەورە کچەکان لە ماڵەکانیان هاتنە دەرەوە، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەو کەسانە نەبوو، کە کەس لە بەردەمیدا پاڵی پێوە بنرێت و لێی بدرێت، کاتێك خەڵکەکە زۆریان بۆ هێنا سوار بوو، بەڵام بە پێ ڕۆیشتن لەنێوان صەفا و مەڕوەدا چاکترە و خێری زیاترە.

پێشەوا نەوەوی لەسەر ئەم وتەیەی پێشەوا عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەڵێت: "واتە ڕاست دەکەن لەوەدا، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئەو کارەی کردووە و ئینکاری ناکرێت، بەڵام لەوەدا هەڵەیە کە وابزانن ئەمە سوننەتێکی بەمەبەست بووە و پەیڕەویکردنی بەشێکە لە سوننەت، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) مەبەستی لەو کارە سوننەتێکی بەردەوامی هەتاهەتایی نەبووە، بەڵکو فەرمانی کرد بە هاوەڵان لەو کاتەدا بۆ دەرخستنی هێز و توانایان بەرامبەر بێباوەڕەکان بەو شێوازە تەواف بکەن، ئەمە واتای قسەکەی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسە"[1].

٣ـ دایکی باوەڕداران، عائیشە (ڕەزای خوای لەسەر بێت) لە لادانی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) لەو شوێنەی، کە پێی دەوترێت (أبطح) دەڵێت: "إِنَّمَا كَانَ مَنْزِلٌ يَنْزِلُهُ النَّبِيُّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ لِيَكُونَ أَسْمَحَ لِخُرُوجِهِ يَعْنِي

---

[1] صحيح مسلم بشرح النووي (٥/ ١٢).

بِالأَبْطَحِ"[1]. واته: (لەڕاستیدا ئەوە تەنیا شوێنێکە، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) تێیدا لایدەدا تا ئاسانتر بێت بۆی کاتێك گەڕایەوە بۆ مەدینە). واتە عائیشە دەڵێت: ئەم لادانە لە ئەبتەح لە پەرستشەکانی حەج نییە و نابێتە سوننەتیش.

٤ـ بەهەمانشێوە ڕای هەردوو هاوەڵی بەڕێز پێشەوا عومەر و دایکی ئیمانداران عائیشە (ڕەزای خودایان لیّ بێت) لە سەر فەرموودەکەی فاتیمەی کچی قەیس کە دەڵێت: إن أبا عمرو بن حفص طلقها البتة وهو غائب بالشام، فأرسل إليها وكيله بشعير فسخطته، فقال: والله ما لك علينا من شيء، فجاءت إلى رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ فذكرت ذلك له، فقال: "ليس لَكِ عليه نَفَقَةٌ"، وَأَمَرَهَا أن تَعْتَدَّ في بَيْتِ أُمِّ شَرِيكٍ، ثُمَّ قال: "تِلْكَ امْرَأَةٌ يَغْشَاهَا أصحابي، اعْتَدِّي عِنْدَ عبد الله بن أُمِّ مَكْتُومٍ"[2]، واتە: (ئەبو عەمری هاوسەری بڕیاری جیابوونەوەی یەکجاریی دا لێی، چونکە خۆی لە شام بوو کەسێکی نارد، کە هەندێك دانەوێڵەی وەك نەفەقە بۆ بەرێت، فاتیمەیش توڕەبوو، هات بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) و بابەتەکەی بۆ گێڕایەوە، ئەویش پێی فەرموو: تۆ هیچ نەفەقەیەکت نییە لەسەر ئەو. فەرمانیشی پێکرد، کە لە ماڵی ئوم شەریك ـ کە ئافرەتێکی دیاری ناو هاوەڵان بوو ـ ماوەی چاوەڕوانیەکەی بەسەربەرێت، پاشان فەرموی ئەو ئافرەتێکە هاوەڵانم زۆر سەردانی ماڵی دەکەن، ماوەی چاوەڕوانیەکەت لە ماڵی عەبدوڵڵای کوڕی دایکی مەکتوم بەسەربەرە).

هەرچەند فەرموودەکە بە ئاشکرا ئەوەی لیّ وەردەگیرێت، کە دوای جیابوونەوەی کۆتایی، نەفەقەی ماوەی چاوەڕوانیی ژن ـ ئەگەر دووگیان نەبێت ـ

---

[1] أخرجه البخاري في صحيحه، باب المُحصَّب، رقم الحديث (١٦٧٦) (٢/ ٦٢٦)، ومسلم في صحيحه، بَاب اسْتِحْبَابِ النُّزُولِ بِالْمُحَصَّبِ يوم النَّفْرِ وَالصَّلَاةِ بِهِ، رقم الحديث (١٣١١) (٢/ ٩٥١).

[2] أخرجه مسلم في صحيحه، بَاب الْمُطَلَّقَةِ ثَلَاثًا لَا نَفَقَةَ لها، رقم الحديث (١٤٨٠) (٢/ ١١١٤).

لەسەر مێردی تەڵاقدەر پێویست نییە، ئەوەشی لێ وەردەگیرێ کە دابینکردنی شوێنی حەوانەوە بۆ هەمان ماوە پێویست نییە لەسەری، بەڵام پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب و دایکی ئیمانداران عائیشە (ڕەزای خوایان لێ بێت) ڕایان پێچەوانەی فەرموودەکە بووە. پێشەوا مسولیم لە ئەبو ئیسحاقەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: "كنت مع الأسودِ بن يزيد جالسا في المسجد الأعظم ومعنا الشعبي، فحدَّث الشعبي بحديث فاطمة بنتِ قيس، أن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ لم يجعل لها سكنى ولا نفقة، ثم أخذ الأسود كفا من حصى فحصبه به، فقال: ويلك تحدث بمثل هذا!. قال عُمَرُ: لَا نَتْرُكُ كِتَابَ اللَّهِ وَسُنَّةَ نَبِيِّنَا ـ صلى الله عليه وسلم ـ لِقَوْلِ امْرَأَةٍ لَا نَدْرِي لَعَلَّهَا حَفِظَتْ أو نَسِيَتْ، لها السُّكْنَى وَالنَّفَقَة، قال الله عز وجل: ﴿لَا تُخْرِجُوهُنَّ من بُيُوتِهِنَّ ولا يَخْرُجْنَ إلا أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ﴾"[١]، واتە: لەگەڵ ئەسوەدی کوڕی یەزید لە مزگەوتی گەورە دانیشتبوم و (شەعبی)مان لەگەڵ بوو، شەعبی فەرموودەکەی فاتیمەی کچی قەیسی گێڕایەوە، کە پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر) نە شوێنی مانەوە و نە نەفەقەی لەسەر مێردەکەی بۆ دیاری نەکرد بۆ ماوەی چاوەڕوانیکردن، پاشان ئەسوەد مشتێ زیخی هەڵگرت و تێی گرت و وتی: هاوار بۆتۆ شتی لەمجۆرە دەگێڕیتەوە؟! عومەر فەرموویەتی: واز لە کتێبی خودا و ڕێبازی پەیامبەرمان (دروودی خوای لەسەر) ناهێنین بۆ قسەی ئافرەتێك، کە نازانین ڕەنگە باسەکەی لەبیربێت، یاخود بیری چووبێتەوە، شوێنی مانەوە و نەفەقەیشی بۆ هەیە، خوای گەورە دەفەرموێت: (لە ماڵەکانیان دەریان مەکەن و خۆیشیان دەرنەچن مەگەر ئەوەی کارێکی بەدڕەوشتی ئاشکرا بکەن).

پێشەوا بوخاریش لە یەحیای کوڕی سەعیدەوە دەگێڕێتەوە، کە لە قاسمی کوڕی محەمەد و سولەیمانی کوڕی یەساریان بیستووە وتوویانە: یەحیای کوڕی سەعیدی کوڕی عاص خێزانەکەی تەڵاق دا، کە کچی عەبدولڕەحمانی کوڕی حەکەم

---

[١] أخرجه مسلم في صحيحه، بَاب الْمُطَلَّقَة ثَلَاثًا لَا نَفَقَةَ لها، رقم الحديث (١٤٨٠) (٢/ ١١١٨).

بووه، عەبدولڕەحمان کچەکەی لە ماڵی مێردەکەی گواستەوە، دایکی ئیمانداران عائیشە جوابی نارد بۆ مەڕوانی کوڕی حەکەم، کە ئەمیری شاری مەدینە بوو، پێی وت: "لە خوا بترسە و کچەکەت بنێرەوە بۆ ماڵەکەی خۆی"، مەڕوان وتی: ئایا بەسەرهاتەکەی فاتیمەی کچی قەیست نەبیستووە؟! عائیشە فەرمووی: "لَا يَضُرُّكَ أَنْ لَا تَذْكُرَ حَدِيثَ فَاطِمَةَ"[1]. واتە: لە ڕووی شەرعییەوە زەرەرمەند نابیت گەر باسی ئەو فەرموودە نەکەیت و کاری پێ نەکەیت.

کەواتە لێرەدا دوو لە گەورە زانایانی هاوەڵان (ڕەزای خودایان لێ بێت) کاریان بە ڕواڵەتی فەرموودەکە نەکرد، بەڵام چۆن؟ ئایا کاری وا ئاساییە؟! وەك ئاماژەمان پێدا تێگەیشتن لەو بارودۆخ و هۆکارانەی فەرموودەکەی تێدا هاتووە و زانینی مەبەست لە بڕیارەکە زۆر گرنگە و گرنگترە لە پابەندی ڕواڵەتیانە بە دەقەکەوە، بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری کارنەکردنی ئەم دوو هاوەڵە بەڕێزەیش بەم فەرموودەیە، پێویستە لە هۆکاری بڕیارەکە بکۆڵینەوە. زانایان بۆمان دەگێڕنەوە کە پرسیار لە گەورە زانای مەدینە، سەعیدی کوڕی مسوەییب کراوە لە نەفەقە و شوێنی مانەوەی ئافرەتی تەڵاقدراو بە جیابوونەوەی یەکجاریی تا ماوەی چاوەڕوانی تەواو دەبێت، فەرموویەتی: نەفەقە و شوێنی مانەوەیشی لەسەر تەڵاقدەرەکەی واجبە. وتوویانە چۆن وا فەتوا دەدەیت، کە پێچەوانەی فەرموودەکەی فاتیمەی کچی قەیسە؟! لە وەڵامدا فەرموویەتی: "تلك امرأة فتنت الناس، كان في لسانها ذرابة فاستطالت على أحمائها، فنقلها رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ لطول لسانها"[2]، واتە: ئەو ئافرەتێك بوو خەڵکی هەراسان بوون لێی، زماندرێژ و دەمەوەر بوو، دەمدرێژی دەکردە سەر ماڵە خەزورانی، پەیامبەر

---

[1] أخرجه البخاري في صحيحه، باب قصة فاطمة بنت قيس، برقم (٥٠١٥) (٥/ ٢٠٣٩).

[2] اخرجه عبد الرزاق في مصنفه (١٢٠٣٨) (٧/ ٢٦)، وأبو داود في سننه (٢٢٩٦) (٢/ ٢٨٩)، وابن عبد البر في التمهيد لما في الموطأ من المعاني والأسانيد (١٩/ ١٤٧).

(دروودی خوای لەسەر) لەبەر زماندرێژیەکەی گواستیەوە.

ئێستا بۆ مرۆڤی باوەڕداری ژێر دەردەکەوێت، کە پێشەوای مرۆڤایەتی هیچ بڕیارێکی بێ دانایی دەرنەکردووە، هەروەها هیچ بڕیارێکی لەگەڵ ڕۆحی قورئان و مەبەستەکانی ناتەبا نییە، هاوەڵانیشی (ڕەزای خوایان لێ بێت) پابەندی ڕێبازەکەی بوون، ئەگەر فەرموودەیەکیان بە ڕواڵەت جێبەجێ نەکردبێ، لە هۆکار و مەبەستی پشت فەرموودەکە بەئاگابوون، ئەوەی ئەوان کردوویانە پابەندبوونی تەواو بووە بە مەبەستەکانی شەرع، ئەگەر بە ڕواڵەتیش لە هەندێ کاتدا پێچەوانەی دەقێك فەتوایان دابێت. ئاشکرایە گەر ئافرەتێك ـ پێش جیابوونەوە لەگەڵ مێردەکەی ـ بێڕێزی بەرانبەر ماڵی خەزوری بکات، دەبێ دوای جیابوونەوە چۆن بێت ئەگەر نزیکی سێ مانگ لەو ماڵەدا بمێنێتەوە؟! بەتایبەت لەم حاڵەتەدا مێردەکەیشی لە ماڵ نەبووە، پاشان گەر بە وردیی لە فەرموودەکە بڕوانین دەبینین تەواو گونجاوە لەگەڵ قورئان، چونکە پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر) نەیفەرموو بڕۆرەوە ماڵی باوك، یان برا، یان کەسێکت، بەڵکو خۆی وەك بەرپرسی وڵات و وەك دادوەریش شوێنێکی بۆ تەرخانکرد، کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت، کە لە دوای جیابوونەوە لە دۆخی ئاساییدا شوێنی مانەوەی ئافرەتەکە ـ تا ماوەی چاوەڕوانی تەواو دەکات ـ، ماڵە باب و کەسی خۆی نییە، بەڵکو ماڵی مێردە تەڵاقدەرەکەیە.

## پۆلێنکردنی سوننەتی پێغەمبەر بە پێی پێگە و دۆخ و مەبەستەکانی

بـــە هـــەڵگۆزانی وتـــەی زانایـــان لەســـەر فـــەرمووده و وردبـــینی لـــە خـــودی فەرموودەکان، دەتوانین بڵێین هەرچـی وەك سـوننەتی سـەروەرمان گەیشـتووە بـە ئێمە، لە سێ بەشدا خۆی دەبینێتەوە:

**یەکەم: تەشریعی گشتی.**

**دووەم: ناتەشریعی.**

**سێهەم: تەشریعی تایبەت.**

ئەوەی لامان گرنگە لێرەدا لەسەری بدوێین جۆری دووەمە، جۆرەکانی دیکە تەنها ئاماژەیان پێ دەدەین، لەبەر ئەوەی جۆری یەکەم ناکرێت جێی گومان بێت، بەڵکو پێویستە هەموو باوەڕدارێك بڕوای تەواوی هەبێت کە کاری یەکەمی سەروەرمان ڕوونکردنەوەی شەریعەت بووە، ئەمەش دەخوازێت زۆرینەی کردار و گوفتارەکانی تەشریعی گشتی بن، هەروەها جۆری سێهەمیش بەشێوەیەکی گشتی، هەموو زانایان هاودەنگن، کە هەندێك گوفتار و کردار لە پێشەوای مرۆڤایەتییەوە دەرچووە، بەڵام شەریعەت نین بۆ مسوڵمانان، لەبەرئەوەی تایبەت بوون بە خۆیەوە، یاخود هەروەك سروشتی مرۆڤێتی خۆی کردوونی. کەوابوو ئەوەی زۆر گرنگە خاڵی دووهەمە، چونکە تا ئەمڕۆیش ئاسان نییە زۆرێك لە مسوڵمانان بڕوا بکەن بەوەی دەکرێت دەیان فەرموودە و کرداری سەروەرمان هەبێت، کە گومان لە دروستیان نەبێت لە ڕووی زانستی فەرموودەوە، بەڵام پابەندبوون پێیانەوە تایبەت بووبێت بە سات و دۆخی دەرچوونی بڕیارەکان، یاخود بڕوا بکەن بەوەی زۆربەی ئەو بڕیارانەی دەچنە خانەی ئەحکامی ئیمامەت و سیاسەتی شەرعیەوە تەشریعی گشتی و بەردەوام نین و بە گۆڕانی بەرژەوەندییە باڵاکان دەگۆڕێن. لە ئەنجامی ئەم تێنەگەیشتنەشدا گرفتگەلێکی زۆر بۆ ئایینداری دروست دەبێت، لەلایەك خەڵکانێك کە خاوەنی تێگەیشتنە دروستەکەن بە گومڕا و دەرچوو لە پابەندی ئایینی وێنا

دەکرێن، لەلایەکی دیکەیش پابەندانی حەرفی و ڕواڵەتی و گشتگیرکردنی هەموو فەرموودەکان، دەبنە گرفت بۆ خودی ئایین و شیاوێتی جێبەجێکردنی لە گشت کات و شوێنێکدا، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانین گەر بەکورتییش بێت، تیشکێك بخەینە سەر ئەم بابەتە و ئەوەی باسی دەکەین بنەمایەك بێت بۆ گۆڕینی بیرکردنەوەی خوێنەر.

## تەشریعی گشتی و ناتەشریعی:

### یەکەم: ئەو فەرموودانەی تەشریعی گشتین:

وەك ئاماژەماندا کاری سەرەکی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) گەیاندنی شەرعی خودا و ڕوونکردنەوەی بووە، بۆیە ئاشکرا و بەڵگەنەویستە زۆربەی فەرموودەکانی دەچنە نێو بازنەی تەشریعی گشتیەوە، بۆیە لە بواری ئایینیدا هەر وتە، یان کردارێك، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە مەبەستی شوێنکەوتن و پابەندبوون پێوەیان ئەنجامی دابێ دەچێتە ئەم بەشەوە، جیاوازیی نییە ئەم فەرموودانە ڕاستەوخۆ پشتبەست بن بە نیگا یاخود ڕاڤە و ڕوونکردنەوەی خۆی بن بۆ قورئانی پیرۆز، بۆیە هەر فەرموودەیەکی پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر) لە بوارە ئایینیەکاندا تەنانەت ئەگەر لە ڕێی ئیجتیهادیشەوە بووبێت، هەر پابەندبوون پێیانەوە پێویستە، چونکە خوای گەورە پاراستوویەتی لە هەر هەڵە و کەموکووڕیەك، هەروەها زۆربەی ئەو ئیجتیهادانەی، کە کردوویەتی لە بواری تەشریعدا، خوای گەورە مەبەستە تەشریعییەکەی خستووەتە دڵیەوە و ئاسانکاریی بۆ کردووە[1]. ئەو فەرموودانەیش کە دەچنە بازنەی تەشریعی گشتییەوە، بریتین لەو فەرموودانەی کە بۆ گەیاندنی پەیامەکە، یاخود فەتوا فەرموونی، ئەمانە بڕیاری

[1] حجة الله البالغة، الدهلوي (١/ ٢٢٣).

گشتین و هەموو خەڵکی دەگرنەوە تا ڕۆژی دوایی[1]. قەرافی دەڵێت: "پەیامداریی ئەوە دەخوازێت کە بگەیەنرێت بە خەڵکی، چونکە پەیام و بەرنامەی خوا بریتییە لە فەرمانکردن بە گەیاندنی، ئەو کاتە هەرچی شتێك کە لەلایەن خواوە بگات بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەیگەیەنێت بە مرۆڤەکان[2].

کەواتە ئەم جۆرەیان هەموو ئەو گوفتار و کردارانە لەخۆدەگرێت، کە وەکو پەیامبەر ئەنجامی داون، هەروەها ڕاسپێردراوە تا بڕیارەکانی خوای گەورە بگەیەنێت بە ئوممەت، وەك خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ وَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ﴾ (المائدة: ٦٧)، واتە: (ئەی پێغەمبەر هەرچیت لەلایەن خوداوە بۆ نێردراوە هەمووی بگەیەنە پێیان و لە هەمووی ئاگاداریان بکەرەوە و هیچی مەشارەوە، بێ ترس و بیم، خودا لە خەڵکی دەتپارێزێت). کەوابوو پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هەر کردار و گوفتارێکی لەم بوارەدا ئەنجام دابێت، دەبێتە بڕیارێکی گشتی بۆ هەموو خەڵکی و جێبەجێکردنی ئەوەی کە داخوازی دەکات، وەك خۆی پێویستە، هەروەها لە دوای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئوممەت ئەم پەیام و زانستە وەردەگرن و نەوە لە دوای نەوە، دەیگەیەنن تا ڕۆژی دوایی[3]. دیارە نموونەهێنانەوەش بۆ ئەم جۆرە پێویست نییە، چونکە وەك ئاماژەمان پێدا ئەم جۆرەیان ئەصڵە لە کاری پەیامبەریدا و تەواوی فەرموودەکانی ڕوونکەرەوەی قورئان و کردارە پەرستشیەکان دەبنە نموونەی ئەم بەشە.

---

[1] الإحكام للقرافي (١٠٨).

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو (٩٩).

[3] السياسة الشرعية في تصرفات الرسول المالية والاقتصادية، محمد محمود أبو ليل (٤٢– ٤٣).

**دووەم: ئەو گوفتار و کردارانەی ناچنە چوارچێوەی تەشریعەوە:**

بەشێکی دیکە لە وتە و کردارەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بریتییە لەوانەی، کە تەشریع نین، بەڵام لەبەرئەوەی زۆربەی زانایان لەسەر ئەم بەشە کۆکن و کاریگەریەکی ئەوتۆ لەسەر ئەم بەشە نییە و لەبەر درێژنەکردنەوەی توێژینەوەکە بەپێویستمان نەزانی بچینە نێو وردەکاری ئەم بەشە و تەنها بە کورتی دەڵێین: ئەو حوکمانەی کە بەڵگەیەکی شەرعی هەبێت، کە تایبەتی بکات بە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) لەم جۆرە حوکمانەدا شوێنکەوتنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دروست نییە و پابەندبوونی لێ وەرناگیرێت، بە ڕۆژووبوونی دوو ڕۆژ پێکەوە بێ خواردن لەنێوانیاندا و هاوسەرگیریکردنی لەگەڵ زیاتر لە چوار ئافرەت...

هەروەها ئەو کردارانەی، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە ئەزموون و شارەزایی و لێهاتوویی خۆی لە کاروبارە دنیاییەکاندا ئەنجامی داون، هەر لە بازرگانی و کشتوکاڵ و ڕێکخستنی لەشکری مسوڵمانان و ڕاپەڕاندنی شەڕەکان و چارەسەرکردنی نەخۆشەکان و هاوشێوەی ئەمانە، نابنە تەشریع و پابەندبوون پێوەیان، پێویست نییە، چونکە وەکو پەیامبەر بڕیاری لەسەر نەداون، بەڵکو بە ئەزموونی دنیایی خۆی نرخاندوونی، بۆیە وەك بینیمان لە هەندێك لە کاروبارە دنیاییەکاندا، هاوەڵان پرسیاریان لێ کردووە و ڕا و سەرنجی خۆیان داوە و زۆرجاریش پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕای ئەوانی پەسەند کردووە.

بە هەمان شێوە، کاتێك پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) خەڵکی شاری مەدینەی بینی خەریکی پیتاندنی دار خورماکان بوون، ئاماژەی بەوە کرد، کە ئەگەر نەیشی پیتێنن هەر باش دەردەچێت، ئەوانیش ئەو ساڵە وازیان هێنا و بەروبوومی خورماکانیان وەری، یاخود کەمی کرد، ئەم هەواڵەیان پێ گەیاندەوە، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: "أَنْتُمْ أَعْلَمُ بِأَمُورِ دُنْيَاكُمْ"[1]، واتە: (ئێوە شارەزاترن بە کاروباری دنیاییتان).

---

[1] أخرجه مسلم في صحيحه، بَاب وُجُوبِ امْتِثَالِ ما قَالَهُ شَرْعًا دُونَ ما ذَكَرَهُ ـ صلى الله عليه وسلم ـ من مَعَايِشِ الدُّنْيَا على سَبِيلِ الرَّأْيِ، رقم الحديث (٢٣٦٢) (٤/ ١٨٣٥).

## ئەو گوفتار و کردارانەی دەچنە چوارچێوەی تەشریعی تایبەتەوە

وەك ئاماژەمان پێدا، تەشریعی تایبەت گرنگترین بواری ئەم باسەیە و زۆربەی ناکۆکی و هەڵە تێگەیشتنی مسوڵمانان دەگەڕێتەوە بۆ گشتگیرکردنی ئەم جۆرە فەرموودانە، کە بریتین لەو وتار و کردارانەی پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر) کە پەیوەستن بە کاتێك، یان شوێنێك، یان بارودۆخێك، یان چەند کەسێکی تایبەت، هەربۆیە ناکرێت ئەو بڕیارانەی کە تایبەتن، گشتاندنیان بۆ بکرێت. ئیبن قەییم لەم بارەیەوە دەڵێت: "نابێت فەرموودەیەکی تایبەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بکرێت بە گشتی بۆ هەموان، هەروەها نابێت گشتییەك، کە بۆ هەمووانە بکرێتە تایبەت، چونکە دەکەوینە هەڵەوە و پێچەوانەی ڕاستی ڕوو دەدات"[1]. ئەو فەرموودانەش کە دەچنە بازنەی تەشریعی تایبەتەوە، بریتین لەم سێ خاڵە:

یەکەم: ئەو بڕیار و ڕێنماییانەی وەك فەرمانڕەوا و بەرپرسی وڵات دەری کردوون.

دووەم: ئەو دادوەریانەی کە پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر) کردوونی.

سێیەم: ئەو بڕیارانەی کە تایبەتن بە کەسێك، یاخود چەند کەسێکی دیاریکراوەوە.

**یەکەم: بڕیار و کردارەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وەك پێشەواو فەرمانڕەوا:**

لەو پێگانەی کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هەیبووە، پێگەی پێشەوایەتی و فەرمانڕەوایی وڵات بووە، ئەم پێگەیەش وەکو ئیمامی قەڕافی دەڵێت: پێگەیەکی سەربەخۆیە و جیاوازە لە پێگەکانی پێغەمبەرایەتی و فەتوا و دادوەری، واتە بڕیار و کرداری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەم جۆرەدا زیاتر پەیوەستە بە ڕاپەڕاندنی کاروباری گشتی و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی باڵا و کردنی ئەو

---

[1] زاد المعاد في هدي خير العباد، ابن قيم الجوزية (٤/ ١٠١).

کارانەی بەرژەوەندی گشتییان تێدایە و بەرهەڵستیکردنی ئەو کارانەی کە زیانی گشتییان تێدایە.

ئەو بڕیارانەی کە پەیامبەرمان (دروودی خوای لەسەر) لەم چوارچێوەیەدا دەریکردوون، نەك هەر نابنە تەشریعی گشتی و پابەندکاری بڕواداران، بەڵکو ڕەوایش نییە تاك تاکی بڕواداران بەناوی ئاینداری و پابەندبوون بە سونەتەوە بیکەن. قەڕافی دەڵێت: "ئەو بڕیارانەی کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وەکو فەرمانڕەوا و پێشەوایەك ئەنجامی داون، واتە لە کاروباری گشتی وڵات ئەحکامی ئیمامە و سیاسەتی شەرعی و بنەماکانیان بەرژەوەندیە، دروست نییە بۆ هەموو کەسێك ئەنجامیان بدات، تەنیا مەگەر بە مۆڵەتی ئەو پێشەوا و فەرمانڕەوایەی کە لە سەردەمەکەی خۆیدا هەیە"[1].

نەك هەر ئەمە، بەڵکو فەرمانڕەوای باوەڕدار لە سەردەمی خۆیدا دەسکراوەیە لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی کە لە فەرموودەدا هاتوون – تەنها ئەوانەی لە سیاسەتی شەرعی و کاروباری دونیاییدا هاتوون ـ، یاخود بڕیارێکی دیکە کە بزانێت شیاوترە بۆ سەردەمی خۆی و گونجاوترە لەگەڵ بنەما و مەبەستە شەرعیەکان، چونکە بڕیارەکانی سەروەرمان لەم بوارانەدا وابەستەی بەرژەوەندی باڵای بڕوادارانن و بەرژەوەندییش بە گۆڕانی کات و سات دەگۆڕێت.

**نموونەی بڕیارەکانی بواری فەرمانڕەوایی:**

١ـ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە جەنگی (حونەین) بە جەنگاوەرانی فەرموو: "مَنْ قَتَلَ قَتِيلًا لَهُ عَلَيهِ بَيِّنَةٌ فَلَهُ سَلَبُهُ"[2]. واتە: (هەرکەس جەنگاوەرێك

---

[1] الإحكام للقرافي (١٠٥– ١٠٨).

[2] أخرجه البخاري في صحيحه، بَاب من لم يُخَمِّسْ الْأَسْلَابَ وَمَنْ قَتَلَ قَتِيلًا فَلَهُ سَلَبُهُ مِن غَيْرِ أَنْ يُخَمِّسَ وَحُكْمِ الْإِمَامِ فيه، رقم الحديث (٢٩٧٣) (٣/ ١١٤٤)، ومسلم في صحيحه، بَاب اسْتِحْقَاقِ الْقَاتِلِ سَلَبَ الْقَتِيلِ، رقم الحديث (١٧٥١) (٣/ ١٣٧٠).

بکوژێت، هەر شمەك و کالاّ و کەرەستەیەکی پێ بوو دەبێتە هی جەنگاوەرە باوەڕدارەکە کە کوشتویەتی).

٢ـ فەرموودەی "مَنْ أَحْيَا أَرْضًا مَيْتَةً فَهِيَ لَهُ"[1]، واتە: (هەرکەس زەوییەکی بێخاوەن و ئاوەداننەکراوەی ئاوەدان کردەوە، دەبێت بە هی خۆی).

پێشەوا ئەبوحەنیفە و بەشێکی دیکە لە زانایان هەردوو فەرموودەکەیان بە بواری فەرمانڕەوایی و سیاسەتی شەرعیەوە تایبەت کردووە، بۆیە وتوویانە بۆ هیچ کەس دروست نییە لە خۆڕا کار بە ناوەڕۆکیان بکات مەگەر ئەوەی پێشەوای سەردەمی خۆی بڕیاری کارپێکردن بەو فەرموودانە دووبارە بکاتەوە. هەروەك وتوویانە پێشەوای باوەڕداران سەرپشکە لەوەی بڕیاری هەمان ئەو فەرموودانە دووبارە بکاتەوە، یاخود هەر بڕیارێکی دیکە بدات، کە لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەی مسوڵمانان بێت، بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەم فەرموودانە تەشریعی گشتی نین و وەك بابەتێکی ئایینی گشتگیر ناکرێن، چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە پێگەی فەرمانڕەواییدا ئەنجامی داون و تایبەتن بەو سات و دۆخەوە[2].

قەرافیش لەسەر فەرموودەی: (مَنْ قَتَلَ قَتِيلًا...) دەڵێت: "ئەمە لەو بڕیارانەیە کە پەیوەستە بە بەرژەوەندییەکی تایبەتەوە، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)

---

[1] أخرجه مالك في الموطأ (٢/ ٧٤٣) باب القضاء في عمارة الموات، رقم الحديث (١٤٢٤)، والشافعي في مسنده (١/ ٢٢٤)، وابن أبي شيبة في مصنفه (٤/ ٤٨٧) رقم الحديث (٢٢٣٨٢)، وأحمد في مسنده (٣/ ٣٣٨) رقم الحديث (١٤٦٧٧)، والدارمي في سننه (٢ ٣٤٧) باب من أحيا أرضًا ميتة فهي له، رقم الحديث (٢٦٠٧)، وأبو داود في سننه (٣/ ١٧٨) باب في إحياء الموات، رقم الحديث (٣٠٧٣)، والنسائي في السنن الكبرى (٣/ ٤٠٤) باب الحث على إحياء الموات، رقم الحديث (٥٧٦٠)، والطبراني في المعجم الأوسط (١/ ١٩٠) رقم الحديث (٦٠١). ورواه البخاري في صحيحه (٢/ ٨٢٣) معلقًا، ورواه مسندًا بلفظ: "من أَعْمَرَ أَرْضًا لَيْسَتْ لِأَحَدٍ فَهُوَ أَحَقُّ" رقم الحديث (٢٢١٠). وحكم الزيلعي في نصب الراية على الحديث بالثبوت والصحة بعد تخريجه. وصححه الألباني أيضًا في صحيح أبي داود (٢٦٣٨).

[2] الفروق للقرافي (٣/ ٨)

بۆیە ئەم بڕیارەی دەرکرد، چونکە ئەو حاڵەتە ئەوەی دەخواست و هەڵنانێك بوو بۆ ئەوەی هاوەڵان بەجۆشوخرۆشەوە بجەنگێن. کەواتە هەرکاتێك فەرمانڕەوای مسوڵمانان بەرژەوەندیەکی گشتی بینی و بەباشی زانی، ئەوکاتە دەتوانێت بڕیارێك بۆ ئەو بارودۆخ و شوێنە دەر بکات، هەرکاتیش بەرژەوەندییەکە نەما هەڵی بوەشێنێتەوە"[1].

٣- ڕێگریکردن و ڕێگەدان لە هەڵگرتنی گۆشتی قوربانی بۆ زیاتر لە سێ ڕۆژ، سەروەرمان (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "لَا يَأْكُلْ أَحَدٌ مِنْ لَحْمِ أُضْحِيَّتِهِ فَوْقَ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ"[2]، واتە: (با هیچ کەس لە ئێوە لە دوای سێ ڕۆژ لە گۆشتی قوربانییەکەی نەخوات)، واتە بەشی زیاد لە سێ ڕۆژ گل نەداتەوە، هەروەها لە فەرموودەیەکی دیکەدا عەبدوڵڵای کوڕی واقید دەڵێت: "فَلَمَّا كَانَ الْعَامُ الْمُقْبِلُ قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ نَفْعَلُ كَمَا فَعَلْنَا عَامَ الْمَاضِي، قَالَ: "كُلُوا وَأَطْعِمُوا وَادَّخِرُوا فَإِنَّ ذَلِكَ الْعَامَ كَانَ بِالنَّاسِ جَهْدٌ فَأَرَدْتُ أَنْ تُعِينُوا فِيهَا"[3]، واتە: لە ساڵی داهاتوودا هاوەڵان وتیان: هەمان ئەو کارە دەکەین، کە ساڵی پار ئەنجامماندا. پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: لە گۆشتی قوربانی بخۆن و لێیشی هەڵگرن، ساڵی پێشوو بۆیە ڕێگریم لێ کردن، چونکە خەڵك برسی و ناڕەحەت بوون، ویستم هاریکار و یارمەتیدەریان بن.

فەرموودەکەی یەکەم ئەوەی لێ وەردەگیرا، کە حەرامە زیاتر لە سێ ڕۆژ گۆشتی قوربانی هەڵبگیرێت، بەڵام ئەم بڕیارە تەنیا لەبەر ڕەچاوکردنی بارودۆخی

---

[1] الإحكام للقرافي (١١٩).

[2] أخرجه مسلم في صحيحه، بَاب بَيَانِ ما كان من النَّهْيِ عن أَكْلِ لُحُومِ الْأَضَاحِيِّ بَعْدَ ثَلَاثٍ في أَوَّلِ الْإِسْلَامِ وَبَيَانِ نَسْخِه وإباحة إلى مَتَى شاء، رقم الحديث (١٩٧٠) (٣/ ١٥٦٠). والبخاري في صحيحه، بلفظ: "من ضَحَّى مِنْكُمْ فلا يُصْبِحَنَّ بَعْدَ ثَالِثَةٍ وفي بَيْتِهِ منه شَيْءٌ" رقم الحديث (٥٢٤٩) (٥/ ٢١١٥).

[3] أخرجه البخاري في صحيحه، باب ما يُؤْكَلُ من لُحُومِ الْأَضَاحِيِّ وما يُتَزَوَّدُ منها، رقم الحديث (٥٢٤٩)، (٥/ ٢١١٥)، ومسلم في صحيحه، (١٩٧٤)، (٣/ ١٥٦٣).

ئەو خەڵکە بێنەوا و هەژارانە بوو، بۆیە پێویست بوو خواردنی زیادە هەڵنەگرن و لەبری ئەوە بیدەن بە هەژاران، چونکە ئەمەیان پێویست و لەپێشترە، بەڵام لە فەرموودەکەی دووەمدا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئەم بڕیارەی هەڵوەشاندەوە و ڕەچاوی ئەو ڕۆژگارەی کرد، کە بار و گوزەرانی خەڵك باش بووبوو[1]. ئەمەش لەم فەرموودەیەی دایکی ئیمانداراندا، عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەردەکەوێت، کاتێك پرسیاری ئەوەی لێ کرا ئایا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕێگری کردووە لە هەڵگرتنی گۆشتی قوربانی، ئەویش فەرمووی: "مَا فَعَلَهُ إِلاَّ فِي عَامٍ جَاعَ النَّاسُ فِيهِ فَأَرَادَ أَنْ يُطْعِمَ الْغَنِيُّ الْفَقِيرَ"[2]، واتە: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) تەنیا لەبەرئەوە ڕێگری لە هەڵگرتنی کرد، چونکە هەندێك لە خەڵکی لەو ساڵەدا تووشی برسێتی بووبوون، بۆیە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ویستی دەوڵەمەندەکان هەژارەکان تێر بکەن).

هەرچەند بەشێك لە گەورە زانایان، لەوانە پێشەوا شافیعی، ئەم دوو فەرموودەیان بە ناسخ و منسوخ هەژمار کردووە، لەبەر ئەوەی بە دژ بەیەك ناوزەدیان کردوون، بە جۆرێك کە ناکرێ کار بە هەردووکیان بکرێت، بەڵام لەڕاستیدا فەرموودەکان دژ بەیەك نین و نەسخ لە نێوانیاندا ڕووی نەداوە، ئێستاش ئەگەر ئەو دۆخە دووبارە ببێتەوە، کە کۆمەڵێك هەژار و بێ نەوا و ئاوارە ڕوو بکەنە شوێنێك، دەکرێ، بەڵکو پێویستە، پێشەوا بڕیاری فەرموودەی یەکەم گشتگیر بکات تا هۆکارەکە لادەچێت.

٤ـ هەر لە نموونەی ئەم جۆرە بڕیار و کردارانە، فەرموودەکەی حەکیمی کوڕی حیزامە، کە دەفەرموێت: سألتُ رسولَ الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ فأعطاني، ثم

---

[1] تصرفات الرسول بالإمامة، عثماني (٧٠).

[2] أخرجه البخاري في صحيحه، بَاب ما كان السَّلَفُ يَدَّخِرُونَ في بُيُوتِهِمْ وَأَسْفَارِهِمْ من الطَّعَامِ وَاللَّحْمِ وَغَيْرِهِ، رقم الحديث (٥١٠٧) (٥/ ٢٠٦٨).

سألتُهُ فأعطاني، ثم سألتُه فأعطاني، ثم قال: "يا حكيمُ إنَّ هذا المال خَضِرَةٌ حُلوةٌ، فمن أَخذَة بسخاوةِ نفْسٍ، بُورِكَ له فيهِ، ومَن أخذَة بإشرافِ نفْسٍ، لم يبارَكْ له فيه، وكانَ كالذي يأكلُ ولا يَشبَعُ، اليدُ العُليا خيرٌ من اليدِ السُّفلى"[1]، واته: داوای هەندێك ماڵ و سامانم کرد لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، ئەویش پێی دام، پاشان داوای هەندێکی ترم کرد، هەر پێی دام، دواتر داوای هەندێکی ترم لێ کرد هەر پێی دام و فەرمووی: ئەم ماڵ و سامانە شیرین و ڕازاوەیە، ئەوەی بە ڕەزامەندی و بێ داواکردن بیدرێتێ، بەرەکەتی تێ دەکەوێت بۆی، ئەوەیش هەر حەزی لێ بکاتو چاوی تێر نەبێت، بەرەکەتی تێ ناکەوێت بۆی، وەکو ئەو کەسەی لێ دێت، کە هەر دەخوات و تێریش نابێت، ئەو دەستەی دەبەخشێ و لە سەرەوەیە باشترە لەو دەستەی وەردەگرێ و لە خوارەوەیە.

دکتۆر محەمەد ڕەمەزان بوتی، دوای ئاماژە بەم فەرموودەیە، دەڵێت: "هیچ کەس نە لە هاوەڵان و نە لە دوای ئەوانیش، نەیوتووە لەسەر کاربەدەست پێویستە هەرکاتێك کەسێك داوای ماڵ و سامانی لێ کرد و چەند جارێك دوبارەی کردەوە هەر پێی بدات، بە بەڵگەی ئەوەی چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ئەمەی لەگەڵ حەکیمی کوڕی حیزامدا کردووە"[2].

بەهەمان شێوە، ئیبن قەییم کۆمەڵێك نموونەی هێناوەتەوە، کە تێیاندا ئاماژەی کردووە بەوەی هاوەڵان بڕیارە فەرمانڕەواییەکانی پێغەمبەریان (دروودی خوای لەسەر) بە تەشریعی گشتی نەزانیوە، بەڵکو بە پێویستیان زانیوە کە هەرکەسێك دەبێتە فەرمانڕەوا شوێنکەوتەی پێغەمبەر بێت (دروودی خوای لەسەر) لەو بنەما و

---

[1] أخرجه البخاري في صحيحه، بَاب الاستعفاف عن المسألة، رقم الحديث (١٤٠٣) (٢/ ٥٣٥)، ومسلم في صحيحه، بَاب بَيَانِ أَنَّ الْيَدَ الْعُلْيَا خَيْرٌ من الْيَدِ السُّفْلَى وَأَنَّ الْيَدَ الْعُلْيَا هِيَ الْمُنْفِقَةُ وَأَنَّ السُّفْلَى هِيَ الْآخِذَةُ، رقم الحديث (١٠٣٥) (٢/ ٧١٧).

[2] ضوابط المصلحة في الشريعة الإسلامية، د.محمد سعيد رمضان البوطي (١٦٨).

ڕێبازانەی کە ئەم بڕیارانەی لەسەر بونیاد نراوە، واتە بەرژەوەندیە گشتیەکان و مەبەستی پشتی ئەم بڕیارانە ڕەچاو بکات، نەك ڕواڵەتی دەقەکان. پاش باسکردنی هەندێك نموونە دەڵێت: "ئەم نموونانە و هاوشێوەیان لەو بەڕێوەبردنە تایبەتییانەن، کە بەپێی بەرژەوەندی و کات و سەردەمەکان دەگۆڕێن، هەرکەسیش گومانی ئەوەی بردبێت، کە ئەم جۆرە بڕیارانە گشتی و هەمیشەیین، ئەوە تەنیا ئیجتهاد و بیروبۆچوونی خۆیەتی"[(1)].

٥- یەکێکی دیکە لەو فەرموودانەی، کە بەهۆی گشتگیرکردنی حوکمەکەی و هەڵەتێگەیشتن لە مەبەستەکەی بۆتە جێی ناکۆکی و تەنانەت تانەدان لە فەرموودەش، فەرموودەی: "الأَئِمَّةُ من قُرَيْشٍ" [(2)]، ئەم فەرموودە بە ڕواڵەت بە مەرجی داناوە، کە فەرمانڕەوای مسوڵمانان پێویستە لە هۆزی قوڕەیش بێت، لەکاتێکدا گشتاندنی ئەم تێگەیشتنە ڕواڵەتیە دژە بە بنەماکانی ئیسلام، کە جیاوازی لەنێوان مرۆڤەکاندا ناکات، هەروەك ناتەبایە لەگەڵ سیستەمی بەڕێوەبردن

---

[1] الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، ابن قيم الجوزية (١/ ٤٧).

[2] أخرجه أحمد في مسنده (٣/ ١٢٩)، رقم الحديث (١٢٣٢٩)، والنسائي في السنن الكبرى (٣/ ٤٦٧)، رقم الحديث (٥٩٤٢)، والطبراني في المعجم الأوسط (٤/ ٢٦) رقم الحديث (٣٥٢١)، والحاكم في المستدرك على الصحيحين (٤/ ٨٥) رقم الحديث (٦٩٦٢)، وسكت عنه، وكذا الذهبي، والبيهقي في السنن الكبرى (٨/ ١٤١) رقم الحديث (١٦٣٠٨). قال الحافظ في تلخيص الحبير (٤/ ٤٢): حديث (الأئمة من قريش) رواه النسائي عن أنس، ورواه الطبراني في الدعاء، والبزار والبيهقي من طرق، عن أنس، قلت: وقد جمعت طرقه في جزء مفرد عن نحو من أربعين صحابيا، ورواه الحاكم والطبراني والبيهقي من حديث علي، واختلف في وقفه ورفعه، ورجح الدارقطني في العلل الموقوفَ، ورواه أبو بكر بن أبي عصام عن أبي بكر بن أبي شيبة من حديث أبي برزة الأسلمي وإسناده حسن، وفي الباب عن أبي هريرة متفق عليه بلفظ: "الناس تبع لقريش"، وعن جابر لمسلم مثله، وعن ابن عمر متفق عليه بلفظ: "لا يزال هذا الأمر في قريش ما بقي منهم اثنان"، وعن معاوية بلفظ: "إن هذا الأمر في قريش" رواه البخاري، وعن عمرو ابن العاص بلفظ: "قريش ولاة الناس في الخير والشر إلى يوم القيامة" رواه الترمذي والنسائي. صححه الألباني في الجامع الصغير وزياداته (١/ ٤٥٣).

و سیاسەتی شەرعی و سپاردنی ئەرك لەسەر بنەمای شیاوێتی، هاوكات دانپێدانانی چینایەتی نایەكسانییە لەنێوان كۆی مسوڵمانان و هۆزی قورەیش، كە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەوان بووە، هەروەك دەبێتە پاساوی بەمیراتگرتنی دەسەڵات و دەرنەچوونی لە هۆزێكی دیاریكراودا، جگەلەوەی بانگەشەی گشتاندنی بۆ جیهانی ئەمڕۆ جۆرێكە لە ئەستەم، چۆن دەكرێت نەوەكانی هۆزی قورەیش بنێرینە دەیان وڵاتی زۆرینە مسوڵمان و لەهەر وڵاتێك ڕەگەزنامەیان پێ بدرێ و كەسێكیان لێ بكرێتە كەسی یەكەمی وڵات؟! ئەی كەواتە چی لە فەرموودەكە بكەین؟ دەكرێت بە سەلیقەی خۆمان لە ڕیزی فەرموودە دروستەكان دەریكەین؟ یاخود بە ئاوەز و ئارەزووی خۆمان ڕەتی بكەینەوە و كاری پێ نەكەین؟ نەخێر هەرگیز مرۆڤی باوەڕدار ڕێگە بەخۆی نادات بە ویستی خۆی فەرموودە ڕەت بكاتەوە، كەواتە لێرەوە گرنگی ئەم توێژینەوە و پۆلێنكردنی فەرموودەمان بۆ ئاشكرا دەبێت كە چۆن مامەڵە لەگەڵ بابەتێكی ئاوادا بكەین.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئایینداری ڕاستەقینە جێبەجێكردنی مەبەستەكانی شەریعەتە، نەك پابەندبوونی حەرفی و ڕواڵەتی بە دەقەكانەوە، تەنانەت زۆرجار پابەندی حەرفی نەك هەر دینداری نییە، بەڵكو وەك ئیبن عەرەبی دەڵێت: "إن اتباع الظاهر على وجهه هدمٌ للشريعة"[1] دەبێتە هۆی داڕمانی شەریعەت. گشتاندنی ئەم فەرموودەیەش باشترین سەلمێنەری ئەم وتەیە.

بۆیە دەڵێین: بەڕەچاوكردنی ئەو بنەمایەی كە بڕیارە شەرعیەكان بێ مەبەست و دانایی نین و گەڕان بە دوای ئەو مەبەست و داناییانە لەم فەرموودەیەدا دەگەینە ئەو بڕوایەی وەك ئیبن خەلدون دەڵێت: "كە قورەیشی بوون و ڕەچاوی ئەم نەسەب و هۆزە یەكێك نییە لە مەبەستە شەرعیەكان، هەروەك ڕێزداری بنەماڵەی پێغەمبەر

---

[1] أحكام القرآن لابن العربي (١/ ٢٩).

(دروودی خوای لەسەر) مەبەستێك نییە لە بواری حوكمڕانیدا ڕەچاو بكرێت"[1]، جگەلەوەی كە فەرموودەكە باسی قوڕەیش بەگشتی دەكات، نەك تەنها بنەماڵەی بەڕێزی پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر)، كەوابوو پێویستە بگەڕێین بۆ مەبەستێكی دی لە پشتی ئەم فەرموودەیە، كاتێكیش تێڕادەمێنین و هەموو ئەگەرەكان تاوتوێ دەكەین، دەگەینە ئەو بڕوایەی كە تایبەتمەندی قوڕەیش بە دەوڵەتداری لەو سەردەمەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە هۆزی قوڕەیش بەهێزترین و جەنگاوەرترین و ناودارترین هۆزی نیوەدوورگەی عەرەبی بووە، بەجۆرێك ئامادەنەبوون ملكەچی حوكمی جگە لەخۆیان بن، كەوابوو گریمانەی دانانی كەسێك لە هۆزێكی دی و پابەندنەبوونی قوڕەیش بەواتای دووبەرەكی و دوو بڕیاری و تەنانەت جەنگ و خوێنڕێژی دەبوو، گریمانەی ڕازیبوونی قوڕەیشیش بە گەیشتنی كەسێكی جگە لەخۆیان بە دەسەڵات كاتێك دەبوو كە تەواو ملكەچ و ژێردەستەی خۆیان بوایە و هەركات لە فەرمانیان دەربچوایە بە ئاسانی دایان دەدا. ئەم دوو ئەگەرەیش پێچەوانەی بنەماكانی سیاسەتی شەرعی و دەسەڵاتێكی سەركەوتووە.

كەوابوو ڕواڵەتی فەرموودەكە تەشریعێكی تایبەتە بەو كاتەی قوڕەیش بەم شێوەبووە كە باسمانكرد، بەڵام مەبەستی پشت تەشریعی حوكمەكە بڕیارێكی ڕێنموونیە بۆ سەقامگیری وڵات و دەسەڵاتی سەركەوتوو كە پێمان دەڵێ: باشتروایە لە هەر شوێنێكی دونیا ئەو كەسە حوكم بكات كە زۆرینەی خەڵك و هێزەكان ملكەچنی و پشگیری دەكەن، ئەگەر نموونە بە دەسەڵاتی ئەم ڕۆژگارە بێنینەوە لە دەسەڵاتێكی پەرلەمانیدا، چۆن گونجاوە كەسێك حوكم بكات كە زۆرینەی پەرلەمانیی دژی بێت؟! بە گریمانەی ڕازیبوونی زۆرینەش لە دانانی، چونكە زۆرینەكە وابەستەی خۆی نییە سەرۆك تەنها دیكۆر دەبێت و هەركات بیەوێ بڕیارێكی بوێرانە بدات كورسیەكەی پێ لێژ دەبێت. بەهەمان شێوە لە دەسەڵاتە

---

[1] مقدمة ابن خلدون (١/ ١٩٣).

سەرۆکایەتی و تەنانەت سەربازیەکانیش، ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵەش باشترین سەلمێنەری ئەم ڕاستیەن.

ئەم نموونەیە ئەوەشمان پێ دەڵێت کە زۆربەی ئەو پرسە سیاسی و بەڕێوەبردنانەی ئەمڕۆ مسوڵمانگەلێکی خوێنگەرمی سادە مسوڵمانانیان پێوە سەرقاڵ کردووە، هەر لە دروستیی و نادروستیی هەڵبژاردن و پەرلەمان و وشەی یاسادانان و چۆنیەتی حوکمداری و لادانی بەرپرسی وڵات و... دەیان پرسی دی ـ بەبیانوی نەبوونی لە سوننەت و سەدە باشەکاندا، یاخود جیاوازی لەگەڵ سیستەمی حوکم لە ئیسلامدا — دەچنە چوارچێوەی حوکمەکانی سیاسەتی شەرعی، کە وردەکاریەکانیان نە شەریعەتی گشتین و نە جێگیرن، بەڵکو ئەوەی باسکراوە پەیوەستە بە بەرژەوەندی باڵای مسوڵمانانەوە، بەپێی گۆڕانی بەرژەوەندیەکە ئەمانیش دەگۆڕێن و گۆڕانکاریی تیایاندا پێچەوانەی شەریعەت نییە، ئەوەیشی باسنەکراوە جێهێڵراوە بۆ مسوڵمانان کە خۆیان بە پێی بەرژەوەندی ئایین و ئاییندارن و لە چوارچێوەی بنەما جێگیر و مەبەستەکانی شەریعەتدا هەڵێنجانی بۆ بکەن و دەستەواژەی "بدعة" داهێنراویان بۆ بەکار نایەت.

**دووەم: بڕیارەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وەکو دادوەر:**

ئاشکرایە کە لە ژیانی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) بڕواداران بۆ دادگەریی و چارەسەری کێشە و ناکۆکییەکانیان چوونەتە خزمەتی، ئەویش لەسەر ئەو بەڵگە و نیشانە و ڕوونکردنەوانەی کە خاوەن کێشەکان خستوویانەتە ڕوو بڕیاری داوە، هیچ گومانێکیش نییە کە پابەند بوون بە بڕیارەکەی پەیامبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) پێویست بووە لەسەر خاوەن کێشەکان و پابەند نەبوون پێوەی دەرچوون بووە لە دینداری، وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا

تَسْلِيمًا﴾ (النساء: ٦٥). لەبەر ئەوە خوای گەورە فەرمانی کردووە بە هەموو باوەڕداران هەر لە بڕیاردەر و بڕیار لەسەردراو، گەورە و بچووك، کە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر بکەن، لە کاتی کێشە و ناکۆکییەکانیاندا بگەڕێنەوە بۆ بڕیارەکانی ئەوان، لە هەمانکاتدا ڕازینەبوون و هەڵهاتن لە شەرع و یاسای خوا و پێغەمبەر بە دووڕوویی و دوور لە دین لەقەڵەم دەدات[١].

بێگومان بڕیاری دادگەرانەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە کاتێکدا دەردەکەوێت، کە کۆتایی هێنابێت بە کێشەی نێوان دوو کەس یان زیاتر، بە بەڵگە و شایەت و سوێند و نکوڵی بەرامبەر و... هتد. کەوابوو هەرکاتێك بابەتێکی لەم جۆرانە هەبوو، ئەوە لە دادوەریەکانی پێغەمبەر.. ئەژمار دەکرێت. بڕیارەکانی دادوەرییش بۆیە لە بەشی تەشریعی تایبەت پۆلێن دەکرێن، چونکە پێویست نییە لەسەر باوەڕداران و تەنانەت دادوەرانیش هەمان بڕیار دووبارە بکەنەوە لە کاتی دووبارەبوونەوەی هەمان جۆری کێشەدا، بەڵکو پابەندبوون تەنها لە میکانیزم و بنەماکانی حوکمەکەدا پێویستە.

**نموونەی دادوەریی پەیامبەر (درودی خوای لەسەر) زۆرن، لەوانە:**

١ـ ئەو فەرموودەیەی کە پێشەوا بوخاری لە عوروەی کوڕی زوبەیرەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: خَاصَمَ الزُّبَيْرُ رَجُلًا مِنَ الأَنْصَارِ، فِي شَرِيجٍ مِنَ الْحَرَّةِ، فَقَالَ النَّبِيُّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "اسْقِ يَا زُبَيْرُ، ثُمَّ أَرْسِلِ الْمَاءَ إِلَى جَارِكَ"، فَقَالَ الأَنْصَارِيُّ: يَا رَسُولَ اللهِ، أَنْ كَانَ ابْنَ عَمَّتِكَ؟! فَتَلَوَّنَ وَجْهُهُ، ثُمَّ قَالَ: "اسْقِ يَا زُبَيْرُ، ثُمَّ احْبِسِ الْمَاءَ حَتَّى يَرْجِعَ إِلَى الْجَدْرِ، ثُمَّ أَرْسِلِ الْمَاءَ إِلَى جَارِكَ". وَاسْتَوْعَى النَّبِيُّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ لِلزُّبَيْرِ حَقَّهُ، فِي صَرِيحِ الحُكْمِ، حِينَ أَحْفَظَهُ الأَنْصَارِيُّ، كَانَ أَشَارَ عَلَيْهِمَا بِأَمْرٍ لَهُمَا فِيهِ سَعَةٌ. قَالَ الزُّبَيْرُ: فَمَا أَحْسِبُ هَذِهِ الآيَاتِ إِلاَّ نَزَلَتْ فِي ذَلِكَ:

---

[١] التيسير في أحاديث التفسير، محمد المكي الناصري (١/ ٣٥٠).

﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ (النساء: ٦٥)[١]. واتە: پیاوێك لە ئەنصارەكان كێشەی هەبوو لەگەڵ زوبەیر لەسەر جۆگەیەك كە خورماكانیان پێ ئاو دەدا، ئەنصارییەكە وتی: ئاوەكە بەربدە با بڕوات، (زوبەیر) ڕازی نەبوو، سكاڵایان هێنایە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، فەرمووی بە زوبەیر: تۆ مەزراكەت ئاو بدە و دوایی ئاوەكە بەربدە بۆ دراوسێكەت. ئەنصاریەكە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) لەبەر ئەوەی پورزاتە؟ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕەنگی تێكچوو، پاشان فەرمووی: ئەی زوبەیر مەزراكەت ئاوبدە و دوایی ئاوەكە بگرەوە با بگەڕێتەوە بۆ پەنگاوەكان، پاشان بەریدەوە بۆ هاوسێكەت. زوبەیر دەڵێت: وا دەزانم ئەم ئایەتی ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ لەم بارەیەوە هاتە خوارەوە، كە دەفەرموێت: (سوێند بە خوا باوەڕیان نییە هەتا تۆ نەكەنە بڕیاردەر لە هەموو ئەو ناكۆكییانەی لە نێوانیاندا پەیدا دەبێت، پاشان هیچ پێ ناخۆشبوونێكیشتان لە دڵا دروست نەبێت لەسەر بڕیارەكانت و بەتەواوی ملكەچی بن.

ئاشكرایە لێرەدا توڕەبوونی دادوەر لە كاتی ڕازیی نەبوونی یەكێك لە دوو لایەنی كێشەكە و گۆڕینی بڕیارەكەی بە توونڈتر تەشریع نین و تەنها تایبەت بوون بەو پرسەوە و هیچ زانایەك نەیوتووە پێویستە لە ئەگەری ڕازی نەبوونی یەكێك لە دوو لایەن پێویستە دادوەر ئەم دۆخەی تێدا دروست بێت.

٢- فەرموودەكەی هیندی هاوسەری ئەبوسفیان، كە پێشەوایان بوخاری و مسولیم لە دایكی ئیمانداران، عائیشەوە دەگێڕنەوە كە دەڵێ: "أَنَّ هِنْدَ بِنْتَ عُتْبَةَ

---

[١] أخرجه البخاري في صحيحه، باب ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ﴾، رقم الحديث (٤٣٠٩) (٤/ ١٦٧٤)، ومسلم في صحيحه، باب وجوب اتباعه، رقم الحديث (٢٣٥٧) (٤/ ١٨٢٩).

قالت: يا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ أَبَا سُفْيَانَ رَجُلٌ شَحِيحٌ، وَلَيْسَ يُعْطِينِي ما يَكْفِينِي وَوَلَدِي إلا ما أَخَذْتُ منه وهو لَا يَعْلَمُ، فقال: "خُذِي ما يَكْفِيكِ وَوَلَدَكِ بِالْمَعْرُوفِ"[1]، واته: هيندى كچى عوتبه عەرزى پێغەمبەر (دروودى خواى لێبێت)ى كرد كه ئەبوسوفيان پياوێكى چروكه، هێندەم ناداتێ كه بەشى خۆم و مندالّم بكات مەگەر ئەوەى كه لێى هەڵدەگرم و ئاگاى لێ نييه. پێشەوامان (دروودى خواى لەسەر) فەرمووى: "هێنده هەڵبگره كه به شێوەيەكى شياو بەشى خۆت و مندالّەكەت بكات".

پێشەوايان شافيعى و ئەحمەد و ئيبن حەزم پێيان وايه كه ئەم بڕياره فەتوايه، بۆيه دروسته بۆ هاوشێوەكانى هيند كارى پێ بكەن، بەڵكو ڕێگەيان داوه به مرۆڤ گەر مافێكى لاى كەسێك بوو و ئامادەنەبوو بيدات، بێ گەڕانەوه بۆ دادوەر ئەندازەى مافەكەى خۆى له ماڵى ماف لەسەر هەڵبگرێت بێ گوێدانه ئاگاداركردنەوه و ڕەزامەنديى، چونكه فەتوا تەشريعى گشتيه. به پێچەوانەوه، پێشەوا ماليك و بەشێكى ديكه له زانايان پێيان وايه ئەمه بڕيارێكى دادوەريه و بۆ كەس دروست نييه بێ فەرمانى دادوەر له ماڵى كەس دەستكارى بكات ئەگەر مافيشى لايبێت، چونكه بڕيارى دادوەريى پەيامبەر (دروودى خواى لەسەر) تەشريعى تايبەته بەو بابەتەى تێيدا دەرچووه و گشتگير ناكرێت بۆ پرسه هاوشێوەكانى مەگەر به بڕيارى دەسەڵاتى سەردەم نەبێت.

كاتێكيش به وردى لەم فەرموودە دەڕوانين، بەهێزى ڕاى دووەممان بۆ دەردەكەوێت، چونكه كێشەكان هەرچەند به ڕواڵەت چوون يەكيش بن، بەڵام وردەكاريى و تايبەتمەنديان جياوازه، بۆ نموونه گەر ئافرەتێك بزانێ هاوسەرى ڕۆژانه حساباتى گيرفان و داهات و پارەى خۆى دەزانێت چۆن دەتوانێت به پەنهانى

[1] أخرجه البخاري في صحيحه، بَاب إذا لم يُنْفِقْ الرَّجُلُ فَلِلْمَرْأَةِ أَنْ تَأْخُذَ بِغَيْرِ عِلْمِهِ ما يَكْفِيهَا وَوَلَدَهَا بِالْمَعْرُوفِ، رقم الحديث (٥٠٤٩) (٢٠٥٢/٥)، ومسلم في صحيحه، بَاب قَضِيَّةِ هِنْدٍ، رقم الحديث (١٧١٤)، (١٣٣٨/٣).

بەشێکی هەڵبگرێت؟! کە ڕەنگە ئەمە بگاتە گرفتی خێزانی و تەنانەت جیابوونەوەیش. جگە لەوەی دەکرێ دۆخی هاوسەرەکان جیاواز بێت، گرفتی هیند ئەوەبوو کە ئەبوسوفیان پارە بە خۆی و منداڵەکەیشی نەدەدا، بەڵام دەکرێ هاوسەرێکی دیکە تەنها بەرانبەر هاوسەری دەست قونجاوبێت و بۆ منداڵەکان وانەبێت، بۆیە دەکرێ دادوەر بە ئافرەتەکە بڵێ ئامۆژگاری منداڵەکانت بکە داوای پارەی زیاتر بکەن و بەشی تۆی لێبدەن، چونکە ئەمە باشترە لە ئەگەری تومەتبارکردنی هاوسەر بە دزی و گەورەبوونی گرفتەکە، یاخود ئەگەر ئافرەتەکە وەك ئەم سەردەمە مووچەخۆر بوو دەکرێ دادوەر پێی بڵێ خەرجکردن لە مووچەکەی خۆت بێ گرفتترە لە دەستکاریکردنی گیرفانی هاوسەرت ـ هەرچەند پێویستیشە لەسەری نەفەقەت دابین بکات ـ.

بەهەمان شێوە سەبارەت بە وەرگرتنی ماف لەنێوان مرۆڤەکاندا ـ جگە لە هاوسەران ـ گەر خاوەن مافێك بێ بڕیاری دادوەر و بێ ئاگاداری ماف لەسەر دەست بۆ ماڵی بەرانبەر بەرێت بە پاساوی ئەوەی مافی لایەتی، هەم گرفتی گەورەی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت، هەم جۆرێك لە بێیاسایی و پاشاگەردانی دروست دەبێت کە هەرکەس تەنانەت دزیش بکات بە پاساوی ئەوەی مافی لای ئەو کەسە بووە خۆی قوتار دەکات، بۆیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەو فەرموودانەی لە پێگەی دادوەریدا هاتوون بە هەمان شێوە و ڕەهاییە گشتگیر ناکرێن، چونکە مەبەست لە خودی بڕیارەکان گشتاندن نەبووە.

## سێیەم: ئەو بڕیارانەی کە تایبەتن بە کەسێك یاخود چەند کەسێکی دیاریکراوەوە:

لێرەدا مەبەستمان لەو بڕیارانەیە کە تایبەتن بە کەسێك یاخود چەند کەسێکی دیاریکراو، هاوکات حوکمەکەشیان پێچەوانەیە بەو بڕیارە گشتیانەی هاتووە لە هاوشێوەی هەمان ئەم پرسانەی کە بڕیارە تایبەتیەکانی تێدا دراوە، خۆ ئەگەر

بڕیارەکە پێچەوانەی بنەما و بڕیارە گشتیەکانی پێش خۆی نەبوو ئەوە دەبێتە تەشریعی گشتی و وەك فەتوای گشتی سەیر دەکرێت و ئەوکاتە بەر بنەمای "گرنگی و سودوەرگرتن لە گشتی وشە و واتاکانە نەك تایبەتی هۆکار" دەکەوێت.
وەك ئاماژەیشمان پێدا پێوەری ناسینەوەی ئەم بابەتە لەگەڵ تەشریعی گشتی بە پلەی یەکەم ناکۆکیی ئەم بڕیارەیە لەگەڵ بڕیاری هاوشێوەکانی و بە پلەی دووەم هەبوونی بەڵگە و مەبەستێکە کە تایبەتی بکات بە کەسەکە یاخود کەیسەکەوە.

**لەو نموونانەی کە فەرموودەی دروستیان تێدا هاتووە و بەڵام گشتگیر ناکرێن:**
فەرموودەی پێدانی شیر بە مرۆڤی گەورە بە مەبەستی دروستبوونی مەحرەمیەت بەهۆیەوە.

زانراوە کە شیر بە منداڵ دەدرێت، بۆیە زۆرینەی زانایانی ئیسلام پشت بەست بە دەقەکانی قورئان و فەرموودە، لەوانە: ئایەتی ﴿وَالْوالِداتُ يُرْضِعْنَ أَوْلادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كامِلَيْنِ﴾ (البقرة: ٢٣٣) و ئایەتی: ﴿وَوَصَّيْنَا الْإِنْسانَ بِوالِدَيْهِ إِحْسانًا حَمَلَتْهُ أُمُّهُ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا وَحَمْلُهُ وَفِصالُهُ ثَلاثُونَ شَهْرًا﴾ (الأحقاف: ١٥)، ئەو فەرموودانەی کە واتای ئەوە دەبەخشن کاتێك شیردان کاریگەری شەرعی هەیە کە منداڵەکە پشت بە شیرخواردن ببەستێت بۆ ژیانی، واتە بچووك بێت، پێیان وایە کە پێدانی شیر بە منداڵ کاتێك مەحرەمییەت دروست دەکات کە منداڵەکە تەمەنی لە دوو ساڵ تێپەڕ نەبووبێت. لەگەڵ ئەمەشدا پێشەوا مسولیم فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە کە دەڵێ: أَنَّ أَبَا حُذَيْفَةَ بن عُتْبَةَ كان تبنى سَالِمًا، كما تَبَنَّى رسول اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ زَيْدًا، وكان من تَبَنَّى رَجُلًا في الْجَاهِلِيَّةِ دَعَاهُ الناس إليه وَوُرِّثَ مِيرَاثَهُ حتى أَنْزَلَ الله سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى في ذلك: ﴿ادْعُوهُمْ لِآبائِهِمْ هُوَ أَقْسَطُ عِنْدَ اللَّهِ فَإِنْ لَمْ تَعْلَمُوا آباءَهُمْ فَإِخْوانُكُمْ فِي الدِّينِ وَمَوالِيكُمْ﴾ (الأحزاب: ٥)، فَجَاءَتْ سَهْلَةُ بِنْتُ سُهَيْلِ وهى امْرَأَةُ أبي حُذَيْفَةَ فقالت: يا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّا كنا نَرَى سَالِمًا وَلَدًا، وكان

يَأْوِي مَعِي وَمَعَ أَبي حُذَيْفَةَ فِي بَيْتٍ وَاحِدٍ، وَيَرَانِي فُضُلًا، وقد أَنْزَلَ الله عز وجل فِيهِمْ ما قد عَلِمْتَ فَكَيْفَ تَرَى فيه؟ فقال لها النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "أَرْضِعِيه" فَكَانَ بِمَنْزِلَةِ وَلَدِهَا من الرَّضَاعَةِ[1]. له گێڕانەوەیەکی دیکەدا هاتووە کە دەڵێ: إِنَّ سَالِمًا قد بَلَغَ ما يَبْلُغُ الرِّجَالُ وَعَقَلَ ما عَقَلُوا وَإِنَّهُ يَدْخُلُ عَلَيْنَا وَإِنِّي أَظُنُّ أَنَّ فِي نَفْسِ أَبِي حُذَيْفَةَ من ذلك شيئا، فقال لها النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "ارضعيه تَحْرُمِي عليه وَيَذْهَبْ الذي فِي نَفْسِ أَبِي حُذَيْفَةَ"، فَرَجَعَتْ فقالت: إني قد أَرْضَعْتُهُ، فَذَهَبَ الذي فِي نَفْسِ أَبِي حُذَيْفَةَ[2]، واتە: باوکی حوزەیفە کوڕێکی بە ناوی سالم لەخۆگرتبوو، هەروەك چۆن پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر) زەیدی لەخۆگرتبوو، لە سەردەمی نەفامیشدا هەرکەس کەسێکی لەخۆگرتبا خەڵك بەناوی ئەوەوە بانگیان دەکرد و میراتی لێ دەگرت، تا ئەم ئایەتە دابەزی، کە واتاکەی دەفەرموێت: (بەناوی باوکی خۆیانەوە بانگیان بکەن ئەمە لای خودا دادپەروەرانەترە، ئەگەر نەتانزانی باوکیان کێیە ئەوە برای ئایینی و دۆستانن). دوای ئەمە سەهلەی کچی سوهەیل کە خێزانی ئەبو حوزەیفە بوو هاتە خزمەت پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر) و عەرزیکرد: ئەی پێغەمبەری خودا ئێمە وەك منداڵی خۆمان لە سالممان دەڕوانی و لەگەڵ من و ئەبو حوزەیفە لەیەك مەنزڵدا دەحەوایەوە و بە پۆشاکی ماڵەوە منی دەبینی، ئێستاش خودای باڵادەست ئەوەی دابەزاندووە لەسەریان کە زانیوتە، چی دەبینی لەبارەیەوە؟ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پێی فەرموو: "شیری پێ بدە"، بۆیە دوای ئەوە وەك کوڕی شیریان وابوو.

گەر وردتر لە ڕیوایەتی سەرنج بدەین بۆمان دەردەکەوێت، کە بڕیاری شیرپێدانەکە هێندەی بۆ چارەسەری گرفتێکی دەروونی ئەبو حوزەیفەی خاوەن ماڵ بووە، هێندە مەبەست لێی تەشریعی حوکم نەبووە، چونکە سەهلە دەڵێ: وا

---

[1] هذا اللفظ لأبي داود في سننه، باب فيمن حرم بإرضاع الكبير، رقم الحديث (٢٠٦١) (٢/ ٢٣٣).

[2] أخرجه مسلم في صحيحه، باب رضاعة الكبير، رقم الحديث (١٤٥٣) (٢/ ١٠٧٦).

هەست دەكەم ناخی ئەبو حوزەیفە ئاسوودە نییە بە هەبوونی پیاوێكی بێگانە. پەیامبەریش (دروودی خوای لەسەر) پێی دەفەرموێ: شیری پێ بدە دەبێتە مەحرەمی و ئەوەیش لە ناخی ئەبو حوزەیفەدایە نامێنێت. هەروەك چۆن لە ڕووی زانستیەوە گەر پزیشكێك شیكاریی بۆ نەخۆشێك بكات و دواتر پێی بڵێ گرفتی نییە، بەشێك لە ئازارەكەی چارەسەر دەبێت، بەهەمان شێوەیش كاتێك كەسێك وا هەست بكات كە بە پێدانی ئەم شیرە مەحرەمییەت دروست بووە ئیدی ئەوەی لە دڵیدا بووە نامێنێت، گەر ئاوا تێی نەگەین و بە ڕواڵەت فەرموودەكە وەربگرین، ئەوە دەگەیەنێت كە شیردان بۆ مەبەستی كاریگەری شەرعی پەیوەندی بە تەمەنی شیرخۆرەكەوە نییە و لەهەر تەمەنێكدا پێی بدرێت كاریگەری شەرعی لەسەر دروست دەبێت، چونكە وەك لەم ڕیوایەتەدا هاتووە سالم گەورەبووە. لەگەڵ ئەمەشدا كاركردن بەم فەرموودە تەنها دراوەتە پاڵ چەند زانایەكی كەم، لەوانە عائیشە و لەیسی كوڕی سەعد و ئیبن حەزم. زانایانی جگە لەوان وتویانە ئەم فەرموودەی پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر) تایبەت بووە بە سالمەوە، گشتگیر ناكرێت بۆ هیچ كەس و دۆخێكی دی[1].

---

[1] المحلی، ابن حزم (١٠/ ١٧).

# کۆتـایی

گشت زانایانی باوەڕپێکراوی ئەم ئوممەتە کۆکن لەسـەر ئـەوەی کـە سـوننەتی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) بـە هـەموو بەشـەکانی گوفتـار و کـردار و پەسەندکردنەکانیەوە سەرچاوەی دووەمی شەریعەتن، عەقیدە و شەریعەتی مرۆڤی باوەڕدار تـەواو نابێـت بـێ وەرگـرتنی فـەرموودە. لـە مێـژەوە مسـوڵمانان لەسـەر چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ فەرموودە ڕاجیاییـان هـەبووە، لـەنێوان وەرگـرتنی ڕواڵەتیانە و وەرگرتنی ئامانجدار و مەبەستیانە، ئاشکرایشە بەشـێك لـە گرفتـەکانی ئاییـنداری پابەنـدبوونی ڕواڵەتیانـە و نازانسـتیانە بـەدەق بەگشـتی، بەتایبـەتیش فەرموودە، دروستی دەکات. هەڵبژاردنی فەرموودە بە حەز و ئاوەز و بەرژەوەنـدیی هەڵبـژێرەر، بـێ گوێـدان بـە یاسـا و بنـەماکانی زانسـتی فـەرموودە، شـلگیریە لـە ئاییندارێدا و بێ بایەخ سەیرکردنی پیرۆزیەکانە و دەرەنجامی سەرلێشێوانە.

گشتاندنی ڕواڵەتیانەی حوکمی تەواوی فەرموودە دروستەکان بۆ هـەموو سـەردەم و کاتێك، بێ گوێدانە مەبەست و ئامانجەکانی پشت حوکمـەکان و شـارەزابوون لـە پێگـە جۆراوجۆرەکـانی پەیامبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) و ئاگـاداربوون لـە هۆکـار و دۆخـی هاتنی فەرموودەکان گرفتێکی گەورە لەبـەردەم جێبـەجێکردنی شـەریعەتی ئیسـلام بـە گشتی و سوننەت بەتایبەتی دروست دەکات، دەبێتـە هۆکـاری نـەیاریکردنی فـەرموودە لە پەرچـەکرداردا، زیـانی زۆرتـرە لـە سـوودی. پـۆلێنکردنی فـەرموودە بـۆ تەشـریعی و ناتەشریعی، تەشریعی گشتی و تەشریعی تایبەت، تاکە ڕێگای زانستیە بۆ کارپێکردن و تێگەیشتنی فەرموودە بە پێی ئەو ئـەنجام و مەبەسـتانەی بـۆی هـاتووە، جگـە لـەوەی هــەموو گومانــەکانی ســەر فــەرموودە و نــەگونجانی بــۆ هــەموو ســەردەمەکان دەرەوێنێتەوە. زۆرینەی ڕەهای ئەو فەرموودانەش کـە لـە بـواری سیاسـەتی شـەرعی و کاروباری بـەڕێوەبردنی وڵاتـدا هـاتوون ڕواڵەتەکـەیان گشـتگیر ناکرێـت و وەك دەقێـکی پابەندکەر لێیان ناڕوانرێت، تەنها بنەما و مەبەستەکانیان وەك سوننەت وەردەگیرێت.

# سەرچاوەکان


دوای قورئانی پیرۆز.

١ـ أحكام القرآن، أبو بكر محمد بن عبد الله ابن العربي، دار الفكر للطباعة والنشر ـ لبنان، تحقيق: محمد عبد القادر عطا.

٢ـ الإحكام في أصول الأحكام، ابن حزم الظاهري (ت ٤٥٦هـ)، تحقيق: الشيخ أحمد شاكر، دار الآفاق الجديدة ـ بيروت.

٣ـ الإحكام في تمييز الفتاوى عن الأحكام وتصرفات القاضي والإمام، أبو العباس شهاب الدين أحمد بن إدريس بن عبد الرحمن المالكي الشهير بالقرافي (ت ٦٨٤هـ)، اعتنى به: عبد الفتاح أبو غدة، دار البشائر الإسلامية للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت ـ لبنان، ط٢، ١٤١٦هـ/ ١٩٩٥م.

٤ـ تأويل مختلف الحديث، عبدالله بن مسلم بن قتيبة أبو محمد الدينوري، دار الجيل ـ بيروت، ١٣٩٣هـ/ ١٩٧٢م، تحقيق: محمد زهري النجار.

٥ـ تصرفات الرسول بالإمامة، العثماني، منشورات الزمن ـ المغرب، ط١، ٢٠٠٢م.

٦ـ تفسير المنار، رشيد رضا (ت ١٣٥٤هـ)، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٠م.

٧ـ التمهيد لما في الموطأ من المعاني والأسانيد، أبو عمر يوسف بن عبد الله بن عبد البر النمري، تحقيق: مصطفى بن أحمد العلوي ،محمد عبد الكبير البكري، وزارة عموم الأوقاف والشؤون الإسلامية ـ المغرب، ١٣٨٧هـ.

٨ـ الجامع الصحيح المختصر، محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري الجعفي، تحقيق: د. مصطفى ديب البغا، دار ابن كثير، اليمامة ـ بيروت، ١٤٠٧هـ/ ١٩٨٧م، ط٣.

٩ـ حجة الله البالغة، الدهلوي (ت ١١٧٦هـ)، تحقيق: السيد سابق، دار الجيل، بيروت ـ لبنان، ط١، ١٤٢٦هـ.

١٠ـ زاد المعاد، ابن قيم الجوزية (ت ٧٥١هـ)، مؤسسة الرسالةـ بيروت، مكتبة المنار الإسلامية ـ الكويت، ط٢٧، ١٤١٥هـ.

١١ـ السنة مصدرا للمعرفة والحضارة، د. يوسف القرضاوي، دار الشروق ـ مصر، ط٢، ١٤١٨هـ.

١٢ـ سنن أبي داود، سليمان بن الأشعث أبو داود السجستاني الأزدي، تحقيق: محمد

محي الدين عبد الحميد، دار الفكر.
١٣ـ سنن الدارمي، عبد الله بن عبد الرحمن أبو محمد الدارمي، تحقيق: فواز أحمد زمرلي، خالد السبع العلمي، دار الكتاب العربي ـ بيروت، ١٤٠٧، ط١.
١٤ـ السنن الكبرى، أحمد بن شعيب أبو عبد الرحمن النسائي، تحقيق: د.عبد الغفار سليمان البنداري، سيد كسروي حسن، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ١٤١١هـ/ ١٩٩١م، ط١.
١٥ـ السياسة الشرعية في تصرفات الرسول المالية والاقتصادية، محمد محمود أبو ليل.
١٦ـ شرح النووي على صحيح مسلم، أبو زكريا يحيى بن شرف بن مري النووي، دار إحياء التراث العربي ـ بيروت، ١٣٩٢هـ، ط٢.
١٧ـ شريعة الإسلام، د. يوسف القرضاوي، دار الصحوة ـ القاهرة، والمكتب الإسلامي ـ بيروت.
١٨ـ الشفا بتعريف حقوق المصطفى، القاضي عياض (ت ٥٤٤هـ)، دار الفيحاء ـ عمان، ط٢، ١٤٠٧هـ.
١٩ـ صحيح ابن حبان بترتيب ابن بلبان، محمد بن حبان بن أحمد أبو حاتم التميمي البستي، تحقيق: شعيب الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة ـ بيروت، ١٤١٤هـ/ ١٩٩٣م، ط٢.
٢٠ـ صحيح مسلم، مسلم بن الحجاج أبو الحسين القشيري النيسابوري، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي ـ بيروت.
٢١ـ صحيح وضعيف سنن أبي داود، محمد ناصر الدين الألباني (ت ١٤٢٠هـ) من إنتاج مركز نور الإسلام لأبحاث القرآن والسنة بالإسكندرية.
٢٢ـ ضوابط المصلحة، د. محمد سعيد رمضان البوطي، مؤسسة الرسالة ـ بيروت، ط٥، ١٤٠٦هـ.
٢٣ـ الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، ابن قيم الجوزية، تحقيق: نايف أحمد الحمد، دار عالم الفوائد ـ مكة المكرمة، ط١، ١٤٢٨هـ.
٢٤ـ فتح الباري شرح صحيح البخاري، أحمد بن علي بن حجر أبو الفضل العسقلاني الشافعي، تحقيق: محب الدين الخطيب، دار المعرفة ـ بيروت.
٢٥ـ الكتاب المصنف في الأحاديث والآثار، أبو بكر عبد الله بن محمد بن أبي شيبة الكوفي، مكتبة الرشد ـ الرياض، ١٤٠٩هـ، ط١، تحقيق: كمال يوسف الحوت.
٢٦ـ المحلى، علي بن أحمد بن سعيد بن حزم الظاهري أبو محمد، دار الآفاق الجديدةـ

بيروت، تحقيق: لجنة إحياء التراث العربي.

٢٧ـ مسند الإمام أحمد بن حنبل، أحمد بن حنبل أبو عبد الله الشيباني، مؤسسة قرطبة ـ مصر.

٢٨ـ مسند الشافعي، محمد بن إدريس أبو عبد الله الشافعي، دار الكتب العلمية ـ بيروت.

٢٩ـ المصنف، أبو بكر عبد الرزاق بن همام الصنعاني، تحقيق: حبيب الرحمن الأعظمي، المكتب الإسلامي ـ بيروت، ١٤٠٣هـ، ط٢.

٣٠ـ المعجم الأوسط، أبو القاسم سليمان بن أحمد الطبراني، تحقيق: طارق بن عوض الله بن محمد، عبد المحسن بن إبراهيم الحسيني، دار الحرمين ـ القاهرة، ١٤١٥هـ،.

٣١ـ معرفة السنن والآثار عن الإمام أبي عبد الله محمد بن أدريس الشافعي، الحافظ الإمام أبو بكر أحمد بن الحسين بن علي بن مسوى أبو أحمد البيهقي الخسروجردي، تحقيق: سيد كسروي حسن، دار الكتب العلمية، لبنان ـ بيروت.

٣٢ـ مقاصد الشريعة، ابن عاشور (ت ١٣٩هـ)، تحقيق: محمد الحبيب ابن الخوجة، وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية ـ قطر، ١٤٢٥هـ.

٣٣ـ مقاصد تصرفات الرسول، د. فؤاد حسني قلع، مؤسسة الرسالة، بيروت ـ لبنان، دمشق ـ سوريا، ط١، ١٤٢٧هـ.

٣٤ـ مقدمة ابن خلدون، عبد الرحمن بن محمد بن خلدون الحضرمي، دار القلم ـ بيروت، ١٩٨٤،ط٥.

٣٥ـ المنتقى شرح الموطأ، أبو الوليد سليمان بن خلف بن سعد بن أيوب بن وارث التجيبي القرطبي الباجي الأندلسي (ت ٤٧٤هـ) مطبعة السعادة ـ بجوار محافظة مصر، ط١، ١٣٣٢هـ.

٣٦ـ المنخول من تعليقات الأصول، أبو حامد الغزالي (ت ٥٠٥هـ)، حققه وعلق عليه: د. محمد حسن هيتو، دار الفكر المعاصر، بيروت ـ لبنان، دار الفكر، دمشق ـ سورية، ط٣، ١٤١٩هـ.

٣٧ـ موطأ الإمام مالك، مالك بن أنس أبو عبد الله الأصبحي، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي ـ مصر.

٣٨ـ نصب الراية لأحاديث الهداية، عبدالله بن يوسف أبو محمد الحنفي الزيلعي، تحقيق: محمد يوسف البنوري، دار الحديث ـ مصر، ١٣٥٧هـ.

# ڕوومالّ و خوێندنەوەی هەمەلایەنە وەك میتۆدێکی زانستی بۆ تێگەیشتنی دروستی فەرموودەکان

**پ.ی.د. عەدنان عەبدولقادر کامل هەورامانی**

**زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان**

گومانی تێدا نییە لەمڕۆدا مسولّمانان ڕووبەڕووی چەندین کۆسپ و تەگەرەی هەمە چەشنە بوونەتەوە، دیارترینیان دروستکردنی گومان و تانەدانە لە (دوو سەرچاوە) سەرەکیەکەی ئیسلام، کە قورئانی پیرۆز و فەرموودە شیرینەکانی سەروەرمانن (دروودی خوای لەسەر). ئەوەی لە دووتوێی ئەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت هەڵوێستەی لەسەر بکەین و شەن و کەوی بکەین، ئاماژەدانە بە لایەنێکی زۆر گرنگی پاراستنی (دەقی فەرموودە) لەو تەمومژانەی لەم سەردەمەدا وەك تەحەددایەك ڕووبەڕوویان دەبینەوە.

ئـەم توێژینەوەیـە هەوڵدانێکـە بـۆ سـۆراغکردنی سەرچـاوەی دروسـتبوونی ئـەو گومانانەی کە هەن لە ڕاست و دروستیی واتای گونجاوی زۆرێـك لـە فـەرموودەکان، هۆکاری ئەمەش سەرپێی سەیرکردنی دەقی فەرموودەکانە. دیـارە فەرامۆشـکردنی خوێندنەوەیەکی هەمە لایەنە و گرنگی نەدان بە ڕووماڵی ورد بۆ واتا و هۆکارەکـانی هاتنی فەرموودە (أَسْبابُ وُرُوْدِ الحَدِيْث) و بێئاگـابوون لـە (السِّـياق) یـان (السـوابق واللواحـق) و تایبەتمەنـدیی دەوروبـەری دەقـی فـەرموودەکان هۆکـارێکی تـری دروستبوونی ئەو گومانانەن.

## گرنگیدان بە فەرموودەکان لە ڕووی زمانەوانیەوە

وەك ئاشکرایە کە زانایانی ئیسلام، هەندێك زانسـتیان زۆر بـە گـرنگ زانیـوە بـۆ تێگەشتنی دروستی دەقـە پیرۆزەکـان، قورئـانی پـیرۆز و فـەرموودەی سـەروەرمان (دروودی خـوای لەسـەر)، یـەکێك لـەو زانسـتانەی کـە ڕۆڵـی سـەرەکیان هەیـە لـە تێگەیشتنی دروستی فەرموودەکان، گرنگیـدان و شـارەزابوونە لـە زمـانی عـەرەبی. بابەتی ئاشنابوون و شارەزابوون لە زانستی (النحو) و زانستی (الصرف) دوو بنەمای گرنگن بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتنی دروستی فەرموودەکان و کۆمەڵێك زانسـتی تـر، کـە یارمەتیـدەرن بـۆ مامەڵـەی دروسـت لەگـەڵ فەرموودەکانـدا، وەك: زانسـتی ڕەوانبێژی (علم البلاغة) و (علم غريب الحديث)، ئەمە سـەرباری زانسـتەکانی (علـوم القران) و (علـوم الحـديث) و زانـینی واتـای وشـەکان و سەرچـاوەی وشـەکان و ئـەو مەبەسـتانەی بـۆی بـەکارهاتووە و زاراوە شـەرعیەکان، کـە لـە تـەوەرەکانی تـردا ئاماژەیان پێدەدەین.

شارەزابوونی زمانی فەرموودەکان، کە تۆمارکردن و نووسینەوەیان دیارە بە زمانی عەرەبییە و فەرامۆشکردنی ئەم لایەنە گرفتێکی زۆرمان بۆ دروست دەکەن لە ڕاڤە و شیکردنەوەی فەرموودەکان، بۆیە زانایان شارەزابوون لەم دوو زانستەیان بە

(واجب) داناوە، پێشەوا فەخرەدینی ڕازی[1] (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) دەڵێت: "لما كان المرجع في معرفة شرعنا الى القرآن والأخبار، وهما واردان بلغة العرب ونحوهم وتصريفهم، كان العلم بشرعنا موقوفا على العلم بهذه الأمور، وما لا يتم الواجب إلا به، وكان مقدورا للمكلف فهو واجب"[2]، بۆ گەواهیدان لەسەر هەستیاریی و بایەخی ئەم بابەتە ئاماژە بە هەندێك فەرموودە دەدەین[3]:

**فەرموودەی یەکەم:** أن النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ أتى قومه فأضلّهم"[4]. لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا دەکەوینە هەڵەوە گەربێتو شارەزایمان نەبێت لە زانستی (الصرف)، چونکە وشـەی (فأضلّهم) کە چوار پیتیە (رباعی مزید) واتاکەی جودایە لە (ضَلَّ) کە سێ پیتە (ثلاثي مجرّد)[5]، بۆیە زانای پایەبەرز ئیبن ئەسیری

١ فەخرەدینی ڕازی: ناوی محەمەد کوڕی عومەری کوڕی حوسەینی ناسراو بە خەتیبی ڕازیە و لە نـەوەی خەلیفـەی یەکـەم ئەبوبـەکری صـدیقە، سـاڵی (٥٤٤ك) لـەدایکبووە و لـە سـاڵی (٦٠٦ك) کۆچـی دوایـی کردووە، خاوەنی چەندین بەرهـەمی هەمـەجۆری ناوازەیـە، وەك: (معـالم الأصـول) و (المحصـول فى علـم الأصول). بڕوانە: طبقات الشافعية الكبرى للسبكي (٥/ ٣٣)، والأعلام، خير الدين الزركلي (٧/ ٢٠٣).

٢ بڕوانە: المحصول في علم الأصول (١/ ٢٧٥).

٣ بۆ ئەم نموونانە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە: منهج النقد فى علوم الحديث (٤٦٧)، وعلـوم الحـديث في ضوء تطبيقات النقاد (١٨٥)، والقـرآن والحـديث مقاربـة أسـلوبية (٨٠)، والتصـحيف وأثـره في الحـديث والفقه (٣٢٠).

٤ ئـەم فەرموودەیـە سـەرباری ئـەوەی کـە لـە سـەرجەم فەرهەنگـە زمانەوانیـەکانی وشـە غەریبـەکانی فەرموودەدا هاتووە، بەڵام پلەی فەرموودەکـە هـیچ ئاماژەیـەکی پـێ نـەدراوە. بڕوانـە: النهايـة في غريـب الحديث والأثر (٣/ ١٩٨) مادة (ضـلل)، والفـائق في غريـب الحـديث (٢/ ٣٤٦) مـادة (ضـلل)، وغريـب ابـن الجوزي (٢/ ١٧) مادة (ضلل).

٥ لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بدەم کە هەڵەیە لـە ڕاڤـەی ئایـەتی (٧)ی سـورەتی (الضـحی) ﴿وَوَجَدَكَ ضَالًا فَهَدَى﴾ وشەی (ضالا) بـە واتـای گومڕابـوون لێکبدرێتـەوە، بـەڵکو بـە واتـای جۆرێـك لـە بێئاگابوون دێت لە پەیامێك، بـە بەڵگـەی ئایـەتی (٥٢)ی سـورەتی (طـه) کـە پـەروەردگار دەفـەرموێت: ﴿قَالَ عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي فِي كِتَابٍ لاَّ يَضِلُّ رَبِّي وَلا يَنسَى﴾، (لا يضـل) واتـە: پـەروەردگار بێئاگـا نییـە لـە تۆمارکردنی وتە و کرداری ناڕەوای بێباوەڕان. بڕوانە: تفسير ابن كثير (٨/ ٤٢٦).

کوردی[1] له ڕاڤەی فەرموودەکەدا دەڵێت: "أي وجدهم ـ صلى الله عليه وسلم ـ ضُلالًا، غير مُهتدين الى الحقِ..."[2].

**فەرموودەی دووەم:** پێغەمبەری ئازیزمان (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "...النساءُ لا يُحْشَرْنَ..."[3]، گەر بە سەرپێیی پێمان وابێت (لا يحْشَرْنَ) بە واتای حەشری ڕۆژی دوایی و ڕەستاخێزە، ئەوە بە هەڵەدا چووین، لێرەدا وەك ڕاغیبی ئەصفەهانی[4] دەڵێت: "مەبەست پێی ڕۆشتنی ئافرەتانە بۆ غەزا و جیهاد و جەنگ دژی بێباوەڕان"[5].

**فەرموودەی سێیەم:** پێغەمبەری ئازیزمان (درودی خوای لەسەر) دەربارەی پێگە و پلە و پایەی هاوەڵە ئەنصاریەکان دەفەرموێت: "الأنصارُ كَرِشي وعَيبتي..."[6]، وشەی (كَرِشي) لە فەرموودەکەدا ئەگەر وریا نەبین لە

---

١ ئیبن ئەسیری کوردی ــ ابن الأثير ــ ناوی موبارەکی کوڕی محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی عەبدولکەریمی شەیبانی جەزەریە و لە جەزیرەی ئیبن عومەر ساڵی (٥٤٤ك) لەدایکبووە و ساڵی (٦٠٦ك) کۆچی دوایی کردووە. یەکێکە لە زانا بلیمەت و ناودارەکانی ئیسلام، چەندین بەرهەمی ناوازەی هەیە، وەك: (النهاية في غريب الحديث والأثر)، (جامع الأصول في أحاديث الرسول) و (والإنصاف في الجمع بين الكشف والكشاف). بڕوانە: طبقات الشافعية الكبرى، السبكي (٥/ ١٥٣، ٢٧٤)، والأعلام (٦/ ١٥٢).

٢ بڕوانە: النهاية في غريب الحديث والأثر (٣/ ٩٨) مادة (ضلل).

٣ أخرجه أبو داود في سننه، ك: الخراج، ب: خبر الطائف، برقم (٣٠٢٦) (٣٤٣)، وأخرجه أيضا ابن جارود في المنتقى (١٠١) بلفظ: (لا يحشروا) وحسنه، وحسنه أيضا الشيخ شعيب الأرنؤوط في تخريجه زاد المعاد في هدي خير العباد لابن قيم الجوزية (٣/ ٥٩٩).

٤ راغیبی ئەصفەهانی: ناوی حوسەینی کوڕی موحەممەدی کوڕی موفەزەڵی ئەصفەهانیە، زانایەکی لێهاتووی زمانەوانی و ئەدیبێکی بلیمەت و موفەسیرێکی بەتوانا بووە، لە ساڵی (٥٠٢ك) کۆچی دوایی کردووە، خاوەنی چەندین دانراوی دانسقەیە، وەك: (الذريعة الى مكارم الشريعة)، (حل متشابهات القرآن)، (جامع التفاسير) و(مفردات ألفاظ القرآن). بڕوانە: الأعلام (٢/ ٢٧٩)، ومعجم المؤلفين، عمر رضا كحالة (٤/ ٥٩).

٥ بڕوانە: مفردات ألفاظ القرآن (٢٣٧)، والنهاية في غريب الحديث والأثر (١/ ٣٨٩) مادة (حشر).

٦ رواه البخاري، ك: مناقب الأنصار، ب: قول الله تعالى: ﴿وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ﴾ (الحشر: ٩)، برقم (٣٨١٠) (٧٢٣)، ومسلم، ك: فضائل الصحابة، ب: من فضائل الأنصار، برقم (٢٥١٠) (١٠١٦).

ئەوا بە هەڵەدا دەچین لە ڕاڤەی واتای وشەکە، چونکە وشەی (كَرِشي) بـە فەتحـەی پیتی کاف و کەسرەی پیتی ڕێ هاتووە، بەم جۆرەش (كِرْشي) بە کەسـرەی پـیتی کـاف و سـکونی پـیتی ڕێ دەخوێنرێتـەوە و واتاکەشـیان جودایـە، وشـەی یەکـەم (كَرِشي) بە واتای ورگ زل، یان ورگ گەورە دێت، بەڵام وشەی دووەم (كِرْشـي) بـە واتای: (بِطانة الرجل وموضع سِرّة وأمانته والذينَ يُعتمَد علـيهم في أُمـوره)[1]، واتـە: پاڵپشتان و متمانەپێکراوان.

**فەرموودەی چوارەم:** پێغەمبەری ئازیزمان (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "إنَّ الله حَيِيٌّ سِتير"[2]، گەر بێتـو فەرموودەکـە بـە (إنَّ الله حَـيٌّ...) بیخوێنینـەوە، واتاکەی دەگۆڕێت، کە دیارە مەبەست بە وشەکە لێرەدا وەك راغـیبی ئەصـفەهانی دەڵێت: "حَيِيٌّ، أي: تارك للقبائح، فاعل للمحاسن"[3]، بەڵام واتای (حَيٌّ) یەکێکە لە ناوە پیرۆزەکانی پەروەردگار و واتایەکی تری هەیە، وەك دەفەرموێت: ﴿هُوَ الْحَيُّ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ فَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ (غافر: ٦٥).

**فەرموودەی پێنجەم:** پێغەمبەری ئازیزمان (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "مَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَلْتَمِسُ فِيهِ عِلْمًا سَهَّلَ اللَّهُ لَهُ طَرِيقًا إِلَى الْجَنَّةِ،... وَإِنَّ طَالِبَ الْعِلْمِ يَسْتَغْفِرُ لَهُ مَنْ فِي السَّمَاءِ وَالأَرْضِ حَتَّى الْحِيتَانُ فِي الْمَاءِ،..."[4]، وشەی (الحِيتانِ) بە (الحَيتانِ) بخوێنرێتەوە، واتای وشەکە دەگۆڕێت لە نەهەنگی دەریاوە بۆ دوو مار!

---

١ بڕوانە: لسان العرب، ابن منظور (٥/ ٣٩٢) مادة: (كرش).

٢ أخرجه أبو داود في سننه، ك: الصلاة، ب: الدعاة، برقم (١٤٨٨) (١٧٨) بسند صحيح، وقال الشيخ شعيب الأرنؤوط في تخريجه مسند الإمام أحمد (١٧٩٧٠) إسناده حسن.

٣ بڕوانە: مفردات ألفاظ القرآن (٢٣٧).

٤ أخرجه مسلم، ك: الذكر والدعاء، ب: فضل الاجتماع على تلاوة القرآن والذكر، برقم (٦٧٩٣)، الى لفظ (الى الجنة)، والبقية في سنن ابن ماجة، ك: العلم، ب: فضل العلماء والحث على طلب العلم، برقم (٣٦٤١) بسند صحيح.

**فەرموودەی شەشەم:** پێغەمبەری ئازیزمان (دروودی خوای لەسەر) دەربارەی ڕاڤەی ئایەتی (٢٦٠)ی سورەتی (البقرة): ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِي الْمَوْتَى قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِن قَالَ بَلَى وَلَكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي﴾ دەفەرموێت: "نَحْنُ أَحَقُّ بِالشَّكِّ مِنْ إِبْرَاهِيمَ"[١]، گەر سەرپێیانە سەیری فەرموودەکە بکەین، واتاکەی جێگەی سەرسووڕمان دەبێت لامان! ئایا پێغەمبەرێکی وەك ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەکەوێتە گومان لەم ڕووەوە؟! ئایا پێغەمبەرمان شایەنترە لە پێغەمبەر ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێت) بەو گومانە؟! بەڵام شارەزابوونی زمانی فەرموودەکە ئەم گومان و پرسیارەی ئێمە دەڕەوێنێتەوە، وەك ئیبن حەجەری عەسقەلانی[٢] لە ڕاڤەیدا دەڵێت: "قال بعضهم: معناه، نحن أشد اشتياقًا إلى رؤية ذلك من إبراهيم (عليه السلام)، وقيل: معناه، إذا لم نشك نحن فإبراهيم أولى بالشك، أي: لو كان الشك متطرقًا إلى الأنبياء (عليهم السلام) لكنت أنا أحق به منهم، وقد علمتم أني لم أشك، فاعلموا أنه لم يشك، وإنما قال ذلك تواضعًا منه"[٣].

**فەرموودەی حەوتەم:** لە ڕاڤەی ئایەتی (٥ و ٦)ی سورەتی (الشرح): ﴿فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا * إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا﴾ پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "لن يغلبَ عسرٌ يُسريْنِ"[٤]، گەر سەیری وشەی (یسر) بکەین، لە

---

١ أخرجه البخاري، ك: التفسير، ب: ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِي الْمَوْتَى﴾ (البقرة: ٢٦٠)، برقم (٤٥٣٧).

٢ ئیبن حەجەری عەسقەلانی: شەهابەددینی کوڕی ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی عەسقەلانی میسریە،ساڵی (٧٧٣ك) لەدایکبووە، لە ساڵی (٨٥٢ك) کۆچی دوایی کردووە، خاوەنی زیاتر لە (١٥٠) دانراو و بەرهەمی ناوازەیە، هەندێك لەوانە، وەك: (فتح الباري شرح صحيح البخاري)، (الدراية في منتخب تخريج أحاديث الهداية) و (تلخيص الحبير في تخريج أحاديث الرافعي الكبير). بڕوانە: شذرات الذهب (٧/ ٢٧٠)، ومعجم المؤلفين (٢/ ٢٠).

٣ بڕوانە: فتح الباري شرح صحيح البخاري (٦/ ٤١٢).

٤ أخرجه عبد بن حميد والطبري والبيهقي والسيوطي والحاكم بسند مرفوع. بڕوانە: الدر المنثور في التفسير بالمأثور (٨/ ٥٥٠).

ئایەتە پیرۆزەکەدا تاکە (مفرد)، بەڵام لە فەرموودەکەدا دوانە (مثنّي)، کەواتە دەستەواژەکان لە ڕووکاردا دژ بەیەکن، بەڵام ئەگەر شارەزا بین لە زانستی (النحو) ئەوا دەزانین کە زانایان دەڵێن: "إن النكرة إذا أعيدت نكرة كانت غير الأولى، وإذا أعيدت معرفة، أو أعيدت المعرفة معرفة، أو نكرة كان الثاني عين الأول"[١].

**فەرموودەی هەشتەم:** پێغەمبەری سەروەرمان (درودی خوای لەسەر) دەفەرمویت: "مَنْ رأى منكم منكرا[٢] فليغيره بيده..."[٣]، زۆر جار لە بلندگۆی مزگەوتەکانەوە گوێمان لێدەبێت، وتاربێژان لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێن: مسومانەکان گەر کارێکی مونکەرتان بینی ڕێگری بکەن و هەوڵی قەدەغەکردنی بدەن ـ هاوشێوەی ئەم وتانە ـ ، بەڵام گەر لە فەرموودەکە وردبینەوە، ئەوا ئەم جۆرە ڕاڤە و شیکردنەوانە بۆ فەرموودەکە هەڵەن، چونکە پێغەمبەری ئازیزمان نەیفەرموە: (مَنْ رأى منكم منكرا فليمنعه) یان (فليبدله)، بەڵکو دەستەواژەی (فليغيره)ی بەکارهێناوە، دیارە دەربارەی وشەی (التغيير) زانایانی زمانەوانی دەڵێن: "استبدال غير مرغوب، ووضع مرغوب مكانه... ومع إزالة المنكر، لابدّ من إقامة معروف مكانه..."[٤]. کەواتە: لە فەرموودەکەدا هەوڵی گۆڕینی (المنكر) و دیاردە دزێوەکانە و دانانی بەدیلێکی جوان و گونجاوە لە جێگەیاندا، نەك یەکسەر پەلاماردان و هێرشبردن و قەدەغەکردن بەبێ بنەما و دانانی بەرامبەرێکی گونجاو.

ئەوەی شایەنی باسە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە: کە زۆرێك لە زانایان و پسپۆڕانی بواری فەرموودەناسی، شەونخونیان کردووە و هەوڵی زۆریان داوە لە

---

١ بڕوانە: مفردات ألفاظ القرآن (٥٠٧).

٢ (المنكر): زانایاني زمانەوانی دەڵێن: "وهو ضد المعروف، وكلُّ ما قبحه الشرع وحَرَّمَهُ وكرهه، فهو مُنْكَرٌ، ونَكِرَهُ يَنْكَرُهُ نَكَرًا، فهو مَنْكُورٌ". بڕوانە: لسان العرب، ابن منظور (٦/ ٢٥٤)، مادة: (نكر).

٣ أخرجه مسلم، ك: الإيمان، ب: بيان كون النهي عن المنكر من الإيمان وأن الإيمان يزيد وينقص، وأن الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر واجبان، برقم (٤٩) (٥١) .

٤ بڕوانە: الموسوعة الفقهية (٦/ ٢٤٧).

بابەت ڕۆڵی زانستی (النحو) و (الصرف) لە تێگەیشتنی دروستی واتای فەرموودەکان، دانراوی تایبەت و ناوازەیان لەم بارەوە داناوە، وەك: (تأويل مختلف الحديث)ی ئیبن قوتەیبەی دینەوەری کوردی[1]، (مشكل الآثار)ی پێشەوا تەحاوی[2]، (مشكل الحديث)ی ئیبن فورەکی ئەصفەهانی[3] و چەندانی تر...

## گرنگیدان بە کات و شوێن و هۆکاری هاتنی فەرموودەکان

گرنگیدان و تێڕامان لە کات و شوێن و وردبوونەوە لە هۆکاری هاتنی فەرموودە (أسباب ورود الحديث) باشترین میتۆدن بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەی زۆرێك لە هەڵە تێگەیشتنەکانمان لە واتای فەرموودەکان. گەربێتو لە ڕاڤەی هەندێك فەرموودەدا ئەم پێوەرە گرنگە بەرچاو نەگرین، شیکردنەوەیەکی نادروست دەکەین بۆ فەرموودەکە. دەربارەی گرنگی و ڕۆڵی زانینی هۆکاری هاتنی فەرموودە (أسباب

---

١ ئیبن قوتەیبە، ناوی عەبدوڵڵای کوڕی موسلیمی کوڕی قوتەیبەی دینەوەرە، لە ساڵی (٢١٣ك) لەدایکبووە، لە ساڵی (٢٧٦ك) کۆچی دوایی کردووە، قازی شاری دینەوەر بووە و خاوەنی کۆمەڵێك بەرهەمی ناوازەیە، وەك: (تأويل مختلف الحديث)، (الإمامة والسياسة)، (مشكل القرآن)، (المسائل والأجوبة) و (المشتبه من الحديث والقرآن). بڕوانە: شذرات الذهب (٢/ ١٦٩)، والأعلام (٤/ ٢٨٠).

٢ پێشەوا تەحاوی (الطحاوي)، ناوی ئەحمەدی کوڕی سەلامەی ئەزدیە، لە گوندی (طحا)ی وڵاتی میسر لە ساڵی (٢٣٩ك) لەدایکبووە، لە ساڵی (٣٢١ك) کۆچی دوایی کردووە، خوشکەزای پێشەوا موزەنیە، کە قوتابی ئیمامی شافیعیە، زانایەکی بلیمەتی بواری فیقهی حەنەفیە، خاوەنی چەند دانراوێکی بەپێزە، وەك: (أحكام القرآن)، (معاني الآثار)، (شرح مشكل الآثار)، (النوادر الفقهية)، (العقيدة الطحاوية) و (الاختلاف بين الفقهاء). بڕوانة: الأعلام: (١/ ١٩٦).

٣ ئیبن فورەك، ناوی محەمەدی کوڕی حەسەنی کوڕی فەورەکە و خەڵکی ئەصفەهانە، لە ساڵی (٤٠٦ك) کۆچی دوایی کردووە، بلیمەتێکی ناوداری زانایانی ئیسلامە و خاوەنی چەند دانراوێکە، لەوانە: (مشكل الآثار)، (تفسير القرآن) و (النظامي في أصول الدين). بڕوانە: طبقات الشافعية الكبرى (٤/ ٢١)، ومعجم المؤلفين (٩/ ٢٠٨).

ورود الحديث) پێشەوا بولڤینی[١] دەڵێت: "إن معرفة أسباب النزول تعين على الفهم الصحيح لبعض الآيات، فكذلك الحال في كثير من الأحاديث النبوية التي يتوجه فيها المعنى الصحيح وجهته الصحيحة بمعرفة أسباب ورودها، وهذا ما دفع المتأخرين إلى التصنيف في أسباب الحديث... وأن تتبع أسباب الورود، يظهر لنا ما قد يكون من أسباب ترجيح رواية على أخرى، وإدراك ما بين الرواة من وصف دقيق لطرق التحمل والأداء، وما ينشأ عن ذلك من ترجيح رواية على أخرى، كما أن هذا التتبع يعين المتأمل في معاني النصوص لكي يحسن توجيهها..."[٢]. پێشەوا زەرکەشی[٣] دەڵێت: "وهو من أهم أنواع علم الحديث، وإنما زلّ كثير من الرواة ووهموا لما لم يقفوا على ذلك، وقد ردّت عائشة (رضي الله عنها) على الأكابر من الصحابة (رضي االله عنهم) بسبب إغفالهم سبب الحديث، فإن قيل: أي فائدة لهذا النوع مع أن العبرة بعموم اللفظ لا بخصوص السبب؟ قيل: فائدته عدم تخصيص محل السبب أو فهم المعنى من السياق... وأخطأ من زعم أنه لا طائل تحته، بل له فوائد، منها: وجه الحِكمة الباعثة على تشريع الحكم"[٤].

کەواتە بەهۆی نەشارەزایی لە هۆکاری هاتنی فەرموودەکان، دەبینین کەسانێك ڕووبەڕووی چەندین هەڵە بوونەتەوە، جا بە ئەنقەست بێت یان هۆکاری تری لە

١ پێشەوا بولڤینی، ناوی عومەری کوڕی ڕەسلانی کوڕی نەصیرە، لە ساڵی (٧٢٤ك) لەدایکبووە، لە ساڵی (٨٠٥ك) کۆچی دوایی کردووە، خەڵکی بەلڤینی وڵاتی میسرە، قازی شاری دیمەشق بووە. بڕوانە: شذرات الذهب (٧/ ٥١١)، ومعجم المؤلفين (٥/ ٢٠٥).

٢ بڕوانە: محاسن الاصطلاح في تضمين ابن الصلاح، البلقيني (٤٥).

٣ پێشەوا زەرکەشی، ناوی محەمەدی کوڕی بەهادوری کوڕی عەبدوڵڵای زەرکەشیە، لە میسر ساڵی (٧٤٥ك) لەدایکبووە، لە ساڵی (٧٩٤ك) کۆچی دوایی کردووە، یەکێکە لە زانا و فەقیهە ناودارەکانی مەزهەبی شافیعی، خاوەنی چەند دانراوێکە، وەك: (البحر المحيط في أصول الفقه)، (إعلام الساجد بأحكام المساجد)، (الديباج في توضيح المنهاج) و (المنثور في القواعد). بڕوانە: الأعلام (٦/ ٢٨٦).

٤ بڕوانە: البرهان في علوم القرآن (١/ ٢٢).

پشتەوە بێت، زۆرجار لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا دەوترێت: ئاینی ئیسلام ئایینێکی پیرۆزە و پەیوەندی تاکە بە پەروەردگاریەوە و نابێت لە کایە جیاجیاکانی ژیانی ڕۆژانەدا ئایین ڕۆڵ بگێڕێت، چونکە کاروباری دنیایی مرۆڤەکان خۆیان شارەزاترن، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: "أنتم أعلم بأمر دنياكم"[1]، ئەم جۆرە دروشم و وتانە مەبەستی تری لەپشتەوەن[2]. گەر لە هۆکاری هاتنی فەرموودەکە ورد بینەوە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەم فەرموودەیە هیچ پەیوەندیەکی نییە بەم بابەتەوە و نابێتە بەڵگە بۆ ئەم وتانە، بەڵکو فەرموودەکە تەنها پەیوەندی بە ڕووداوی موتوربەکردنی دارخورماکانی ئەنصاریەکانەوە (ڕەزای خودایان لێ بێت) هەیە[3].

هەروەها دەبینین زۆرجار ئەم فەرموودەیە: "أنا بريء من كل مسلم يقيم بين أظهُر المشركين"[4] کراوەتە بەڵگە لەسەر ئەوەی مسومان دروست نییە بۆی نیشتەجێ بێت لە وڵاتی بێباوەڕان و مانەوەی لەو جێگانە هیچ پاساوێکی بۆ نییە، بەڵام بێئاگان لەوەی کە هۆکاری وتنی فەرموودەکە بۆ ڕووداوێکی تایبەت بووە، وەك لە دەقی فەرموودەکەدا دەردەکەوێت: (بعث رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ سرية إلى خثعم فاعتصم ناس منهم بالسجود، فأسرع فيهم القتل، قال: فبلغ ذلك النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ، فأمر لهم بنصف العقل، وقال: "أنا بريء من كل

---

١ رواه مسلم، ك: الفضائل، ب: وجوب امتثال ما قاله شرعا دون ما ذكره من معايش الدنيا على سبيل الرأي، برقم (٢٣٦٣) (٩٦٢).

٢ چەند کۆنفرانسێکیش لەو بارەوە لە شاری سلێمانی ساز کران، هەرجارەی لەژێر ناونیشانێکدا.

٣ وەك لە دەقی فەرموودەکەدا هاتووە: أن النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ مرّ بقوم يلقّحون، فقال: "لو لم تفعلوا لصلح". قال: فخرج شيصا، فمر بهم، فقال: "ما لنخلكم؟" قالوا: قلت كذا وكذا، قال: "أنتم أعلم بأمر دنياكم".

٤ أخرجه أبو داود، ك: الجهاد، ب: النهي عن قتل من اعتصم بالسجود، برقم (٢٦٤٥) (٢٩٨)، بسند صحيح.

مسلم يقيم بين أظهر المشركين". قالوا: يا رسول الله لمَ؟ قال: "لا تراءى ناراهما"[١].
ئەگەر كۆمەڵێك فەرموودەی تر هەبن دەربارەی حوكمی شەرعی نیشتەجێبوون لە وڵاتی بێباوەڕان و مانەوە لەو جێگانە، بەڵام ئەم فەرموودەیە نابێتە بەڵگە[٢]، بەڵكو تەنها ڕوونكردنەوەی پێغەمبەری ئازیزە بۆ حاڵەتێك كە لەو كاتەدا ڕوویداوە[٣].

نموونەیەكی تر كە چەندین جار زۆرێكمان بەدیمان كردووە، لە كاتی لەدەستدانی كەسێكی نزیكمان، كاتێك دەوروبەر بەكوڵ دەگرین، ڕیشسپی و بگرە مامۆستایانیش ڕێنموونیان دەكەن و دەڵێن: مەگرین، ئارامگر بن، مردو سزا دەدەرێت بە هۆی گریانتانەوە، پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: "إن الميت ليعذب ببكاء أهله عليه"[٤]، لێرەدا گەر پرسیار بكرێت لە ڕووی ڕەخنەوە بوترێت: مردو بۆ دەبێت سزا بدرێت لەسەر شتێك كە دەسەڵاتی ئەوی تیانیە؟! بەڵام كە لە هۆكاری هاتنی فەرموودەكە (أسباب ورود الحديث) ورد دەبینەوە، ئەم تەمومژەی دڵ و دەروونمان دەڕەوێتەوە، تەنانەت دایكی ئیمانداران خاتوو عائیشەی خێزانی پێغەمبەری خۆشەیستمان، ڕەخنە دەگرێت لە عومەری كوڕی خەتتاب (ڕەزای خوایان لێ بێت) لەسەر وتنی ئەم فەرموودەیە بەبێ ڕوونكردنەوەی هۆكاری وتنەكەی، وە دەفەرموێت: "رحم الله عمر، والله ما حدث رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ ان الله ليعذب المؤمن ببكاء أهله، ولكن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ قال: إن الله ليزيد الكافر عذابا ببكاء أهله عليه[٥] وقرأتْ قوله تعالى: ﴿وَلا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾[١].

---

١ ئاماژە بە تەخریجی فەرموودەكە كراوە.

٢ درێژەی ئەم بابەتە لە: كيف نتعامل مع السنة النبوية، د.يوسف القرضاوي (١٣٠).

٣ بڕوانە: أسباب ورود الحديث وأثره في فقه الحديث، نامەی ماستەر، ئاسۆ ڕەزا (٣٨).

٤ رواه مسلم، ك: الجنائز، ب: الميت يعذب ببكاء أهله عليه، برقم (٩٣٢) (٣٦١).

٥ لە ڕیوایەتێكی تردا هاتووە: "إن الميت ليعذب ببكاء الحي"، فقالت عائشة (رضي الله عنها): يغفر الله لأبي عبد الرحمن (عبد الله بن عمر) أما إنه لم يكذب، ولكنه نسي أو أخطأ، إنما مرّ رسول الله ـ صلى الله

کۆتا نموونە لەم بەشەدا ئاماژەی پێبدەین: بریتیە لە فەرموودەیەك کە پێغەمبەری خۆشەیستمان (دروودی خوای لەسەر) لێمان قەدەغە دەکات کە کونیەی مرۆ بە (أبا القاسم) (باوکی قاسم) بێت و دەفەرموێت: "سمّوا باسمي ولا تَكتَنوا بكنيتي"[2]، بەڵام گەر سەرنجێکی سەرپێی ناوی زانا ناودارەکانی ئیسلام بدەین بە درێژایی مێژوو، ئەوا (أبو القاسم) کونیەی زۆر لە زانایان بووە و کەسیش بە نادروستی نەزانیوە، ئایا ئەمە دژی فەرموودەکە نییە؟ لە وەڵامدا دەڵێین: نەخێر، بەڵگەشمان، هۆکاری هاتنی فەرموودەکەیە، چونك ڕووداوەکە بەم جۆرە بووە: كان النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ في السوق، فقال رجل: يا أبا القاسم، فالتفت النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ، فقال: "سموا باسمي ولا تكتنوا بكنيتي". لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: يا رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ لم أعنك، إنما دعوتُ فلانا، فقال: "سموا باسمي ولا تكتنوا بكنيتي"[3]، کەواتە قەدەغەکردنەکە تایبەت بووە بەو ڕووداوە کە لە بەقیع ڕوویداوە، یان بەو ڕۆژگارە، جۆرێك لە تێکەڵبوون و ئیلتیباس دروست دەبێت لەگەڵ ناوی پیرۆزی پێغەمبەری خۆشەیستمان، بەڵام بۆ ئەمڕۆ هیچ جۆرە کێشە و لێکچوونێك دروست نابێت.

لەم ڕوانگەوە دەڵێین: کە پێغەمبەری خۆشەیستمان (دروودی خوای لێبێت)، زۆرجار پرسیارێکی بەیەك دەستەواژە لێکراوە چەندین جار، هەرجارەی لە هاوەڵێکیەوە، بەڵام وەڵامی پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر) بۆ پرسیارەکە گۆڕانکاری بەسەردا هێناوە بەگوێرەی وەڵامی گونجاو بۆ پرسیارکارەکە، وەك ئەم

---

عليه وسلم ـ على يهودية يبكى عليها، فقال: "إنهم ليبكون عليها، وإنها لتعذب في قبرها". رواه مسلم، ك: الجنائز، ب: الميت يعذب ببكاء أهله عليه، برقم (٩٣٢) (٣٦١).

١ ئەم دەقی ئایەتە لە چەند سورەتێکدا هاتووە: (الأنعام: ١٦٤)، (الإسراء: ١٥)، (فاطر: ١٨) و (الزمر: ٧).

٢ رواه البخاري، ك: الأدب، ب: قول النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ: (سمّوا باسمي ولا تكتنوا بكنيتي)، برقم (٦١٨٧) (١١٩٢).

٣ رواه مسلم، ك: الأدب، ب: قول النهي عن التكني بأبي القاسم، برقم (٢١٣٣) (٨٨٣).

پرسیارە (أي الإسلام خير؟)[1]، یان (أي الإسلام أفضل؟)[2]. لە وەڵامدا پێغەمبەری ئازیز جارێك فەرموویەتی: "تطعم الطعام، وتقرأ السلام على من عرفت ومن لم تعرف"، بۆ کەسێکی تر فەرموویەتی: "من سلم المسلمون من لسانه ويده"[3].

کەواتە ئاگاداربوون لە هۆکاری هاتنی فەرموودەکە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی ڕاست و دروستمان هەبێت بۆ فەرموودەکان و خوێندنەوەیەکی گشتگیرمان بۆ فەراهەم بێت، لە ڕوانگەی ئەم ڕووماڵە هەمە لایەنەشەوە زۆرێك لە گرفتە هزریەکان لە تێگەیشتنی فەرموودەدا چارەسەر دەبن.

## مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو فەرموودانەی لە ڕوکاردا واتایان نەگونجاو دیارە

لەم بەشی سێهەمەدا مەبەستمانە دەست بەرین بۆ هەندێك بابەت کە زۆر هەستیارن، هەڵگری مشتومڕی چڕن، قسە و باسێك هەڵدەگرن کە ئەگەر زانستیانە مامەڵە نەکرێت بۆ دەق و ڕشتە و واتا و مەبەستی گشتی ئەم فەرموودانە، سەرەنجام ڕووبەڕووی پرسیارگەلێك دەبینەوە کە دەربازبوون لێیان ئەستەمە. لە شیکردنەوەی ئەو دەقانەی دەکرێنە نموونەی ئەم بەشە، هەوڵدەدەین ڕاشکاوانە پرسیاری نەیاران و پاڵپشتیکەرانی واتا و بڕیاری گشتی فەرموودەکان بوروژێنین، تا دەرکەوێت بۆ خوێنەری ئازیز: ئایا واتاکان یان دەقی فەرموودەکان گونجاون بۆ ئەمڕۆ یان مایەی کێشە و سەرئێشەن؟!

هێرش کردنە سەر زانایانی فەرموودە بە پاساوی ئەوەی گوایە دەبێت خوێندنەوەیەکی نوێ لەمڕۆدا بۆ فەرموودە بکرێت، ئەگەرچی ئەم دروشمە گرنگە و دەبێت هەنگاوی بوێرانەی زانستیانەی بۆ بنرێت، بەڵام هەندێك تەنها بۆ ڕشتنی

---

١ رواه مسلم، ك: الإيمان، ب: تفاضل الإسلام وأي أموره أفضل، برقم (٣٩) (٤٩).

٢ رواه مسلم، ك: الإيمان، ب: تفاضل الاسلام وأي أموره أفضل، برقم (٤٢) (٤٩).

٣ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ژەهری بیر و بۆچوونی نەیارانەیانە بەرامبەر بە سەرچاوەی دووەمی ئاییںی ئیسلام[1]. لەم بەشەدا ئاماژە بەچەند نموونەیەك دەكەین:

• **فەرموودەی یەكەم:** عن سلمة بن يزيد الجعفي، قال: انطلقت أنا وأخي إلى رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ، قال: قلنا: يا رسول الله إن أمّنا مليكة كانت تصل الرحم، وتقرى الضيف، وتفعل وتفعل، هلكت في الجاهلية، فهل ذلك نافعها شيئا؟ قال: "لا". قال: قلنا: فإنها كانت وأدت أختا لنا في الجاهلية، فهل ذلك نافعها شيئا؟ قال: "الوائدة والموؤدة في النار"، إلا أن تدرك الوائدةُ الإسلام َفيعفو اللهُ عنها"[2].

ئەم فەرموودەیە ئەگەرچی زانایانی فەرموودە دەڵێن: (دروستە و صەحیحە)، بەڵام هەڵگری هەندێك پرسیارە، لەوانە: بۆ دەبێت ئەو منداڵەی زیندەبەچاڵ كراوە وەك ستەمكارەكە لە دۆزەخدا بن؟! ئایا منداڵێكی زیندەبەچاڵكراو لێپرسینەوەی دواڕۆژی هەیە، تا سزا بدرێت؟! ئەمانە و چەند پرسیارێكی تر كە پاساون بۆ ئەوەی كە لێكۆڵینەوەیەكی ورد بۆ فەرموودەكە بكرێت.

• **فەرموودەی دووەم:** پێغەمبەری ئازیزمان (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "لما خلق الله آدم.... فرأى رجلا منهم، فأعجبه وبِيصَ ما بين عينيه[3]، فقال: أي رب، من هذا؟ فقال: هذا رجل من آخر الأمم من ذريتكَ يقال له: داود، فقال: رب كم جعلتَ عمره؟ قال: ستين سنة، قال: أي رب زده من عمري أربعين سنة، فلما قضي

---

١ وەرگێڕانی هەندێك بەرهەمی (زەكەریا ئۆزۆن) ڕاستەوخۆ هێرشی ناڕەوای ئەم دەزگایانەیە. شایەنی باسە زەكەریا ئۆزۆن هیچ پسپۆڕییەكی نییە لە بواری فەرموودەدا، بەڵكو پسپۆڕیی لە ئەندازیاری كشتوكاڵدا هەیە، ئیتر چۆن ڕێ بەخۆی دەدات زنجیرە دانراوێك بنووسێ و ناویان بنێ: (إنقاذ الدين من إمام المحدثين) ــ جناية البخاري)، (تخليص الأمة من فقه الأئمة ــ جناية الشافعي)، (الأركان في الميزان) و (لفق المسلمون إذ قالوا، الإسلام هل هو الحل؟) ئەمانە و كۆمەڵێك دانراوی تری لەمجۆرە، كە جگە لە دروستكردنی گومانی بێ بنەما هیچی تر نییە.

٢ رواه أبو داود، ك: السنة، ب: في ذراري المشركين، برقم (٤٧١٧) (٥١٤) بسند صحيح.

٣ واتە: ناوچاوی پرشنگی دەدایەوە.

عمر آدم جاءه ملك الموت، فقال: أو لم يبق من عمري أربعون سنة؟ قال: أو لم تعطها ابنك داود؟ قال: فجحد آدم، فجحدت ذريته، ونسي آدم، فنسيت ذريته، وخطئ آدم، فخطئت ذريته"[1].

• **فـــەرموودەی ســـێیەم**: پێغەمبـــەری ئازیزمـــان (دروودی خـــوای لەســـەر) دەفەرموێت: "أرسل ملك الموت الى مسوى (عليه السلام)، فلما جاءه، صكه، ففقأ عينه، فرجع الملَك الى ربه، فقال: أرسلتني الى عبد لا يريد الموت، قال: ارجع إليه، فقل له: يضع يده على متن ثور، فله بما غطت يده بكل شعرة سنة، فلما رجع الملك إلى مسوى، قال مسوى: أي رب ثم ماذا؟ قال: الموت، قال: فالآن..."[2].

ئەم دوو فەرموودەیە (فەرموودەی دووەم و فەرموودەی سێیەم) لەگەڵ ئەوەدا کە (دروست و صەحیحن)، بەڵام هەڵگری کۆمەڵێك پرسیارن، ئایا مرۆڤ کاتی مردنی خۆی دەزانێت، با پێغەمبەریش بێت؟ بۆ بەشێکی تەمەنی پێغەمبەر ئادەم (سەلامی خودای لەسەر بێت) بە پێغەمبەر داود (سەلامی خودای لەسەر بێت) بدرێت؟ حیکمەت لە تایبەتکردنیدا چیە؟ ئایا فریشتەی گیانکێشان پێش کاتی دیاریکراوی خۆی هاتە لای پێغەمبەر مسوا (سەلامی خودای لەسەر بێت)؟ ئایا پێغەمبەر مسوا (سەلامی خودای لەسەر بێت) دوای وەرگرتنی مۆڵەت، بۆ داواکاریەکەی پەروەردگاری ڕەتکردەوە؟ زۆرێك لەم پرسیارانە زانایان وەڵامیان داونەتەوە، وتوویانە: "المقصود من القصة أخذ العبرة، وأن الموت حتم مهما طالت حياة الإنسان، عندها يستوي العام والألف عام، وأن الله جعل الملك يأتي على صورة

1 رواه الترمذي، ك: تفسير القرآن، ب: ومن سورة الأعراف: ﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِن بَنِي آدَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنفُسِهِمْ أَلَسْتَ بِرَبِّكُمْ قَالُواْ بَلَى شَهِدْنَا أَن تَقُولُواْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا غَافِلِينَ﴾ (الأعراف: ١٧٢)) برقم (٣٠٧٦) (٤٨٩) بسند حسن صحيح. قال أبو عيسى: هذا حديث حسن صحيح وقد روي من غير وجه.

2 رواه البخاري، ك: أحاديث الأنبياء، ب: وفاة موسى وذكره بعد، برقم (٣٤٠٧) (٦٥٥).

إنسان، وأن مسوى سلّط على الصورة الإنسية لا على الحقيقة الملكية..."[1]. ئەمانە و چەند وەڵامێکی گونجاوی تر، بەڵام لێکۆڵینەوەی زانستی ورد هەڵدەگرێت کە قسە لەسەر ئەم دوو فەرموودەیە بکرێت، لە چوارچێوەی زانستی یاسا شەرعیەکاندا.

• **فەرموودەی چوارەم**:پێغەمبەری ئازیزمان (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "لا عَدوى ولا طيرة، إنما الشؤم في ثلاثٍ في الفرسِ والمرأةِ والدارِ"[2]، ئەم فەرموودەیە ئەگەرچی لە صەحیحی بوخاری و مسولیمدا هاتووە، بەڵام هەڵگری کۆمەڵێك پرسیارە، ئایا لە ڕووی دەقەوە ئەم فەرموودەیە دژی دەقی قورئانی پیرۆز نییە؟ ئایا سوود و قازانج تەنها بەدەست پەروەردگار نییە؟ پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ تَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾ (الأعراف: ٥٤)، ﴿قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلاَّ مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلاَنَا وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾ (التوبة: ٥١)، ﴿وَإِن يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلاَ كَاشِفَ لَهُ إِلاَّ هُوَ وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلاَ رَآدَّ لِفَضْلِهِ﴾ (يونس: ١٠٧). ئایا فەرموودەکە دژ نییە بەم فەرموودەیە کە پێغەمبەری ئازیزمان (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "يا غلام إني أعلمك كلمات، احفظ الله يحفظك، احفظ الله تجده تجاهك، إذا سألت فاسأل الله، وإذا استعنت فاستعن بالله، واعلم أن الأمة لو اجتمعت على أن ينفعوك بشيء لم ينفعوك إلا بشيء قد كتبه الله لك، ولو اجتمعوا على أن يضروك بشيء لم يضروك إلا بشيء قد كتبه الله عليك، رفعت الأقلام، وجفت الصحف"[3]، هەر بۆیە خاتوو عائیشەی دایکی ئیمانداران بە بیستنی ئەم فەرموودەیە تووڕە دەبێت، فەرموودەکەش بەم جۆرەیە: "دخل رجلان من بني عامر على عائشة (رضي الله عنها)، فأخبراها أن أبا هريرة (رضي الله عنه)

---

١ بڕوانە: منهجية التعامل مع السنة النبوية: د. محمد سعيد حوّى (٣٧).

٢ رواه البخاري، ك: الطب، ب: لا عدوى، برقم (٥٧٧٢) (١١٣٠)، ومسلم، ك: السلام، ب: الطيرة والفأل وما يكون فيه من الشؤم، برقم (٢٢٢٥) (٩١٥).

٣ رواه الترمذي، ك: صفة القيامة، ب: (٥٩)، برقم (٢٥١٦) (٤٠٩)، وصحح سنده.

يحدث عن النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ أنه قال: (الطيرة من الدار والمرأة والفرس). فغضبت، فطارت شقة منها في السماء وشقة في الأرض[1] وقالت: والذي أنزل الفرقان على أبي القاسم ـ صلى الله عليه وسلم ـ ما هكذا كان يقول، ولكن نبي الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ كان يقول: "كان أهل الجاهلية يقولون: الطيرة في المرأة والدار والدابة"، ثم قرأت عائشة (رضي الله عنها) قوله تعالى: ﴿مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي الأَرْضِ وَلا فِي أَنفُسِكُمْ إِلاَّ فِي كِتَابٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَا إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ﴾ (الحديد: ٢٢)[2]. لەگەڵ هەموو ئەم پرسیارانەدا و بوونی گرفت لە واتای فەرموودەکەدا، بەڵام هەندێك لە زانایانی فەرموودە هەوڵیانداوە دەرچە و تەئویلێکی گونجاو بۆ فەرموودەکە بکەن، بەڵام لەبەر درێژ نەکردنەوەی بابەتەکە ئاماژەیان پێ نادەین[3].

## کاریگەریی پۆلێنکردنی فەرموودەکان لە لێکدانەوەدا

لەم بەشەدا زۆر مەبەستمانە کە هەڵوێستە لەسەر ڕۆڵی زانایانی ڕاڤەی فەرموودە بکەین لەسەر کارامەیی و سەلیقەی وردیان لە شیکردنەوەی واتای فەرموودەکاندا و شیتەڵکردنەوەی بڕگە بە بڕگەی وشە و پیتەکانی ناو فەرموودەکە، بەڵام لە دەرەنجامی زەقکردنەوەی لایەنێکی فەرموودەکە و وەستان لەسەری، زۆر بواری تری گرنگ لە واتا و مەبەستی گشتی فەرموودەکە بوونیان هەیە، کەچی هیچ ئاماژەیەکیان پێ نادرێت. لێرەدا بۆ ئەوەی بابەتەکە درێژ

---

١ أي: غضبت غضبًا شديدًا.

٢ وهذا الحديث أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٤٣/ ١٩٧) برقم (٢٦٠٨٨)، وقال المحقق العلامة الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط مسلم.

٣ وەك ئەم شیکردنەوانە: (شؤم المرأة: سوء خلقها وسوء طباعها، أو شؤمها أن لا تلد... أو أن أهل الجاهلية كانوا يتطيرون، فنهاهم النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ، وأعلمهم أن لا طيرة، فلما أبوا أن ينتهوا، بقيت الطيرة في هذه الأشياء الثلاثة، أو أن هذه الأشياء هي أكثر ما يتطير به الناس، فمن وقع في نفسه شيء أبيح له أن يتركه ويستبدل به غيره ...). بڕوانە: فتح الباري (٦/ ٧٦).

نەبێتەوە، تەنها نموونە بە فەرموودەیەك دەهێنینەوە: كان الفضل رديف رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ فجاءت امرأة من خثعم، فجعل الفضل ينظر إليها وتنظر إليه، وجعل النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ يصرف وجه الفضل إلى الشق الآخر، فقالت: يا رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ إن فريضةَ الله على عباده في الحج أدركَتْ أبي شيخا كبيرا لا يثبت على الراحلة، أفأحج عنه؟ قال: "نعم"، وذلك في حجة الوداع[1].

ئەم فەرموودەیە لە سەرجەم سەرچاوەكانی فەرموودەدا لە (كتاب الحج) یان (باب الحج) ئاماژەی پێ دەدرێت، ئەمەش شارەزایی زانایانی فەرموودە دەسەلمێنێت، كە چەندە ورد بوون لە پۆلێنكردن و دانانی فەرموودەكاندا.

زانایانی بواری فیقهی ئیسلامیش هەمان ڕێچكەیان گرتووەتە بەر و لە باسەكانی پەیوەست بە یاساكانی حەجدا شیكردنەوەیان بۆ فەرموودەكە كردووە، جا ئەوەی دەمانەوێت تیشكی بخەینە سەر و بیكەینە تەوەری سەرەكی باسەكەمان ئەوەیە: سەرجەمی زانایان لە كۆن و نوێدا كە ڕاڤەی فەرموودەكەیان كردووە، لایەنێك كە بریتیە لە: حەجكردن لەبری كەسێكت، ئایا دروستە؟ لایەنێكی تر كە ئایا دەموچاوی ئافرەت عەورەتە؟ دەبینین بە دوور و درێژیی ئەم لایەنە كراوەتە شاباسی بواری فەرموودەكە، تەنانەت بۆ گەڕان بە دوای وردەكاری شیكردنەوەی فەرموودەكەدا لە زۆربەی ماڵپەڕەكانی ئینتەرنێتدا هەر ئەم دوو بوارە زەقكراونەتەوە لە ڕاڤەی فەرموودەكەدا.

كورتكردنەوە و تایبەتكردنی واتای فەرموودەكە لەسەر ئەو بوارەی كە ئاماژەمان پێدا ئاساییە و هەڵگری ئەو واتایەشە، بەڵام زۆر گرنگە سەرباری ئەم حوكمە شەرعیانەی لە فەرموودەكە وەردەگیرێن لەو وانە پەروەردەییە گرنگانەی كە لە فەرموودەكەدا وەردەگیرێن بكۆڵێتەوە، چونكە بۆ ژیانی ڕۆژانەی ئەمڕۆمان

---

١ رواه البخاري، ك: الحج، ب: وجوب الحج وفضله، برقم (١٥١٣) (٢٩٥)، ومسلم، ك: الحج، ب: الحج عن العجز لزمانة وهرم ونحوهما أو للموت، برقم (١٣٣٤) (٥٢٨) .

زۆر پێویستە. لایەنە گرنگەکان کە لەم فەرموودەیە وەردەگیرێن ئەمەیە کە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەدەین:

- ئەم ڕووداوە لە ساڵی (حجة الوداع) ڕوویداوە، واتە بە چەند مانگێك پێش کۆچی دوایی پێغەمبەری ئازیزمان (دروودی خوای لێبێت).

- کوڕی مامی پێغەمبەری ئازیزمان (دروودی خوای لەسەر) کە ناوی فەزڵی کوڕی عەباسە لە پشتی پێغەمبەرەوە چاوی بە کچێك دەکەوێت کە پرسیار لە پێغەمبەر دەکات.

- سەیرکردنێکی ناتەندروست لە گەنجێکی هەژدە ساڵ، کە فەزڵە، بۆ کچێکی پازدە ساڵی خەسعەمی، کە دیارە نەشیاو و نەگونجاوە.

- ئەم دیاردە نەگونجاوە لە تەنیشت پێغەمبەرەوە ڕوویداوە، کە سەروەرمان (دروودی خوای لەسەر) لە تەمەنی (٦٣) نزیك بوەتەوە، واتە: (٦٣– ١٨= ٤٥). پێغەمبەری ئازیزمان (٤٥) ساڵ لە فەزڵی کوڕی عەبباس کە ئامۆزایەتی گەورەترە لە تەمەندا.

- ئایا پێغەمبەری ئازیزمان (دروودی خوای لەسەر) لە کیژەکە تووڕە بوو؟ هەڵوێستی نەرێنی بەرامبەری نواند؟ ئەم میهرەبانیەی سەروەرمان (دروودی خوای لەسەر) لەو کاتی سەرقاڵیەدا! چۆن هەڵەیەکی دوو گەنج و دیاردەیەکی نەگونجاوی بە زمانی جەستە چارەسەر کرد؟ بەبێ هاتوهاوار؟ زۆر لەسەرخۆ و حەکیمانە؟

زۆرێکی تر لەم پەند و ئامۆژگاریانە کە لەم فەرموودەیە وەردەگیرێن، دوور و نزیك بیریان لێ ناکەینەوە، لە ژیانی ئەمڕۆماندا باسی شێوازی کاریگەر لەسەر بەرامبەر زۆر بایەخی پێدەدرێت، بەڵام مامۆستای مرۆڤایەتی چەندین سەدە پێش ئێستە پیادەی کردووە.

# کۆتایی

سازکردنی سیمینار و کۆنفرانس بۆ لێکۆڵینەوەی ورد لە سەرجەم بوارەکانی فەرمووده، یەکێکە لە پێویستیەکانی ئەمڕۆ، چونکە نەیارانی ئەم ئیسلامە زۆر بە وریایانە شەونخونی دەکەن بۆ دروستکردنی گومان لەسەر ئەم سەرچاوە گرنگەی ئیسلام. شارەزا بوون لە زانستە پەیوەندیدارەکانی بواری فەرموودەناسی زانایان بە واجب ئەژماریان کردووە، ئەمەش بۆ ئەوە بووە تا بە هەڵە واتای فەرموودەکان لێکنەدرێتەوە. لەم سەردەمەدا بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا لە سەرجەم بوارەکاندا فاکتەرێکی بەهێزە بۆ ئەوەی کە بە ئاسانی ڕشتە و سەنەدی فەرموودە و دەستەبەرکردنی سەرچاوەکانی فەراهەم بکەین، تا بتوانین زیاتر خزمەتی شایستە بە بواری فەرموودەناسی بکەین. بەکارخستنی عەقڵ و ژیریی بۆ تێگەیشتنی واتای فەرموودەکان، کارێکی پیرۆزە و زانایانیش جەختیان لەسەر کردووەتەوە، بەڵام زێدەڕۆیی تێیدا و زاڵکردنی بەسەر نەقڵدا، متمانەی زۆرێك لە کاڵفامانی لاواز کردووە بە فەرموودەکان. شارەزابوون لە زانستی مەبەستەکانی تەشریع (مقاصد الشريعة)، کە تەواوکاری زانستی (أصول الفقه) یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی سەرپێیانە نەڕوانین بۆ واتای فەرموودەکان و ژیرانەتر لە حوکمە شەرعیەکان بگەین.

هەڵسەنگاندنی فەرموودە کاری شارەزایان و پسپۆڕانە، بە پشتیوانی کۆمەڵێك میتۆدی زانستی ورد، ئەمەش بە شەونخونی دەکرێت، نەك موتاڵای سەرپێیانە، چونکە سەرچاوەی دروستبوونی گومان لە دروستی واتای گونجاوی زۆرێك لە فەرموودەکان، هۆکارەکەی سەرپێی سەیرکردنی دەقی فەرموودەکان و فەرامۆشکردنی خوێندنەوەیەکی هەمە لایەنە و گرنگی نەدان بووە بە ڕووماڵی ورد بۆ واتا و هۆکارەکانی هاتنی فەرموودە (أسْبابُ وُرُوْدِ الحَدِيث). هەروەها بێئاگابوونە لە پێشەکی (السِّياق) و تایبەتمەندی دەقی فەرموودەکان.

# سەرچاوەکان


١ـ أسباب ورود الحديث وأثره في فقه الحديث: نامەی ماستەر، ئاسۆ ڕەزا ئەحمەد چەرمەگایی، زانکۆی بەغداد، کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان، ١٤٣٢ك/ ٢٠٠٢ز.

٢ـ الأعلام، خير الدين الزركلي (ت ١٣٩٦هـ)، ط٤، دار العلم للملايين، بيروت ـ لبنان، ١٩٧٩م.

٣ـ البرهان في علوم القرآن، أبو عبد الله محمد بن بهاد بن عبد الله الزركشي (ت ٧٩٤هـ)، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم، دار المعرفة ـ بيروت، ١٣٩١هـ/ ١٩٧١م.

٤ـ التصحيف وأثره في الحديث والفقه وجهود المحدثين في مكافحته، إعداد: أسيطري جمال، ط١، دار طيبة ـ مكة، ١٩٩٧م.

٥ـ تفسير القرآن العظيم، أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير الدمشقي (ت ٧٧٤هـ)، دار الفكر، بيروت ـ لبنان، ١٤٠١هـ/ ١٩٨١م.

٦ـ الدر المنثور في التفسير المأثور: وهو مختصر تفسير ترجمان القرآن، عبد الرحمن بن الكمال جلال الدين السيوطي (ت ٩١١هـ)، دار الفكر، بيروت ـ لبنان، ١٤١٣هـ/ ١٩٩٣م.

٧ـ زاد المعاد في هدي خير العباد، محمد بن أبي بكر بن أيوب بن سعد شمس الدين ابن القيم الجوزية (ت ٧٥١هـ)، ط٣، مؤسسة الرسالة، بيروت ـ لبنان، ١٤٠٦هـ/ ١٩٨٦م.

٨ـ سنن أبي داود، أبو داود سليمان بن الأشعث السجستاني الأزدي (ت ٢٧٥هـ)، تحقيق: فريق من بيت الأفكار الدولية، ط١، بيت الأفكار الدولية ـ الرياض، ١٤١٩هـ/ ١٩٩٨م.

٩ـ سنن الترمذي (جامع الترمذي)، أبوعيسى محمد بن عيسى بن سورة الترمذي (٢٧٩هـ)، تحقيق: فريق من بيت الأفكار الدولية، ط١، بيت الأفكار الدولية ـ الرياض، ١٤١٩هـ/ ١٩٩٨م.

١٠ـ شذرات الذهب في أخبار من ذهب، أبو الفلاح عبد الحي الدمشقي الحنبلي الشهير بابن العماد (ت ١٠٨٩م)، المكتب التجاري، بيروت ـ لبنان، (د.ت).

١١ـ صحيح البخاري، أبو عبد الله محمد بن إسماعيل البخاري الجعفي (ت ٢٥٦هـ)، تحقيق: فريق من بيت الأفكار الدولية، ط١، بيت الأفكار الدولية ـ الرياض، ١٤١٩هـ/ ١٩٩٨م.

١٢ـ صحيح مسلم، أبو الحسين مسلم بن الحجاج القشيري النيسابوري (ت ٢٦١هـ)، تحقيق: فريق من بيت الأفكار الدولية، ط١، بيت الأفكار الدولية ـ الرياض، ١٤١٩هـ/ ١٩٩٨م.

١٣ـ طبقات الشافعية الكبرى، تاج الدين أبو نصر عبد الوهاب بن علي بن عبد الكافي السبكي (ت٧٧١هـ)، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ١٤٢٠هـ/ ١٩٩٩م.

١٤ـ علوم الحديث في ضوء تطبيقات النقاد، د. حمزة عبد الله المليباري، ط١، دار ابن حزم، بيروت ـ لبنان، ١٤٢٣هـ/ ٢٠٠٣م.

١٥ـ فتح الباري شرح صحيح البخاري، أبو الفضل أحمد بن علي بن حجر العسقلاني الشافعي (ت ٨٥٢هـ)، تحقيق: محب الدين الخطيب، دار المعرفة، بيروت ـ لبنان، (د.ت).

١٦ـ القرآن والحديث مقاربة أسلوبية، د. إبراهيم عوض، ط١، مكتبة الزهراء ـ القاهرة، ١٤٢١هـ/ ٢٠٠٠م.

١٧ـ كيف نتعامل مع السنة النبوية معالم وضوابط، د. يوسف القرضاوي، ط٦، المعهد العالمي للفكر الاسلامي ـ الولايات المتحدة الأمريكية، ١٤١٤هـ/ ١٩٩٣م.

١٨ـ لسان العرب، الإمام العلامة أبو الفضل جمال الدين محمد بن مكرم ابن منظور الإفريقى المصري (ت٧١١هـ)، ط١، دار صادر، بيروت ـ لبنان، ١٤١٨هـ/ ١٩٩٧م.

١٩ـ محاسن الاصطلاح في تضمين ابن الصلاح (مقدمة ابن صلاح ومحاسن الاصطلاح)، تقي الدين أبو عمرو الشهرزوري (ت ٦٤٣هـ)، تحقيق: د. عائشة عبد الرحمن (بنت الشاطئ)، ط١، دار المعارف ـ القاهرة، ١٩٨٩م.

٢٠ـ مسند الإمام أحمد بن حنبل (ت ٢٤١هـ): تحقيق: شعيب الأرناؤوط ومحمد نعيم العرقوسي وإبراهيم الزيبق وعادل مرشد، ط١، مؤسسة الرسالة، بيروت ـ لبنان، ١٤١٩هـ/ ١٩٩٩م.

٢١ـ معجم المؤلفين، عمر رضا كحالة، ط١، مؤسسة الرسالة، بيروت ـ لبنان، ١٤١٤هـ/ ١٩٩٣م.

٢٢ـ مفردات ألفاظ القران، الراغب الأصفهاني (ت٤٢٥هـ)، تحقيق: صفوان عدنان داودي، دار القلم ـ دمشق، ط١، ١٤١٢هـ/ ١٩٩٢م.

٢٣ـ المنتقى من السنن المسندة عن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ للحافظ أبي محمد عبد الله بن علي بن الجارود النيسابوري المجاور بمكة (ت ٣٠٧هـ)، فهرسه وعلق عليه: عبد الله عمر البارودي، ط١، مؤسسة الكتاب الثقافية، بيروت ـ لبنان، ١٤٠٨هـ/ ١٩٨٨م.

٢٤ـ منهجية التعامل مع السنة النبوية، د. سعيد بن محمد ديب حوى (ت ١٤٠٩هـ/ ١٩٨٩م) موقعه الرسمي على النيت: http:/ / saidhawwa.com/ Portals/ Content/ =?info

٢٥ـ منهج النقد في علوم الحديث، د. نورالدين عتر، ط٣، دار الفكر ـ سوريا، ١٤٠١هـ/ ١٩٨١م.

٢٦ـ المسوعة الفقهية، وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية ـ الكويت، ط٣، ١٤٠٤هـ/ ١٩٨٣م.

٢٧ـ النهاية في غريب الحديث والأثر، ابن الأثير ـ الامام مجدالدين أبو السعادات المبارك بن محمد الجزري (ت ٦٠٦هـ)، تحقيق: محمد محمود الطناجي، وطاهر أحمد الزاوي، مؤسسة التأريخ العربي (د. ت).

# پێوەرەکانی تێگەیشتن لە فەرموودە

**د. محەمەد عەبدوڵڵا ئەحمەد پێنجوێنی**

**زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان**

فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەبنە ڕاڤەی قورئانی پیرۆز، ڕوونکردنەوەی زیاتری قورئانە بە گوێرەی ئایەتی: ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (النحل: ٤٤)، واتە: (ئێمە ئەم قورئانەمان ناردووە بۆ تۆ، بەمەبەستی ئەوەی بۆ خەڵك دابەزیوە بۆیان ڕوون بکەیتەوە، بە ئومێدی ئەوەی بیر بکەنەوە). بەم شێوەیە دەکرێت سوود لە فەرموودەکان وەربگیرێت بۆ زیاتر ڕۆشنکردنەوەی دەقەکان و ڕێوشوێنی جێبەجێکردنی بڕیارەکان، بەڵام پێدانی پلەیەکی لەمە بەرزتر و زیاتر دەبێتە گرفت و نارێکی لە سوود وەرگرتن و پێگەی لە گەیاندن و شیکردنەوەدا.

زۆرجار کە گلەیی پەیدا دەبێت لە کەسێك لە باسکردنی و شیکردنەوەی فەرموودەکان، سەرچاوەی دروستبوونی گلەییەکە فەرموودەکە نییە، ئەو کەسە کە فەرموودەکە شیدەکاتەوە چەند توانیویەتی بەپێی پێوەرە زانستییەکان و هەلومەرجە زانستییەکان فەرموودەکەی باس کردبێت، ئایا ڕەچاوی پلەبەندی تیا کردووە، لە شوێن و جێی تایبەتی پەیوەست بە فەرموودەکەوە دایناوە، یان گشتاندوویەتی و شوێنێکی دیکەی داوەتێ کە دەبوایە وا نەبوایە؟

لێرەدا دەمەوێت ئەم لایەنە بخەمە بەر باس و لێکۆڵینەوە و لەم ڕوانگەیەوە بە دیدێکی فەرموودەناسی و زانستی زوبانی عەرەبی و بنەما فیقهی و لۆژیکییەکان و مەبەستەکانی شەریعەتەوە گەنگەشەی بکەین و دەست بخەینە سەر هەندێ نموونەی زیندووی ئەمڕۆ، کە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەن، هەوڵێك بدەین بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو دیدەی کە لە کەم ئاشناییان بەم لایەنە خەریکە بە تەواوی فەرموودە دەخەنە بازنەی بڤەوە. کە ئەم جۆرە دیدە جۆرێك لە نادادی تێدایە و هەڵەیەکی زۆر زەقە لە جیهانی زانستی فەرموودەدا.

## پێوەرە زانستییەکانی زوبانی عەرەبی:

### ١ـ واتای زوبانیی و زوبانەوانی و کاریگەرییان:

ئەگەر بە وردی سەرنجی قورئانی پیرۆز بدەین، لە چەند ئایەتێکدا ئاماژەیەکی زۆر ورد دەکات بۆ ئەم بابەتە، ئەویش بریتیە لە دیاریکردنی دابەزینی قورئان بە زوبانی عەرەبی و دەستەواژەی (اللسان) بەکاردەهێنێت لە باتی (اللغة)، وەك ئاماژەیەك و ئاشناکردنی زانایان بە دیوێکی زۆر فراوانی زوبان و زوبانسازی، دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّهُ لَتَنْزِيلُ رَبِّ الْعَالَمِينَ * نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الْأَمِينُ * عَلَى قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ الْمُنْذِرِينَ * بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُبِينٍ﴾ (الشعراء: ١٩٢ـ ١٩٥)، ﴿وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ لِسَانُ الَّذِي يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِيٌّ وَهَذَا لِسَانٌ عَرَبِيٌّ مُبِينٌ﴾ (النحل:

١٠٣)، هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمِنْ قَبْلِهِ كِتَابُ مسوى إِمَامًا وَرَحْمَةً وَهَذَا كِتَابٌ مُصَدِّقٌ لِسَانًا عَرَبِيًّا لِيُنْذِرَ الَّذِينَ ظَلَمُوا وَبُشْرَى لِلْمُحْسِنِينَ﴾ (الاحقاف: ١٢).

مەبەست زوبانی عەرەبیە بە دیوی بەکارهێنان و ئالوگۆڕکردن. (لسان) بە پارچە گۆشتەکەی ناو دەم دەوترێت، لەوێشەوە بۆ ئەو وشە و پیتانەی بوونەتە ئامرازی لە یەکتر تێگەیشتن، بوونەتە هۆکاری بەڕێکردنی کار و بۆ پیشەی خەڵك بەکاردێت، وەك ئیبن عاشور دەڵێت: "وَغَلَبَ إِطْلَاقُ اللِّسَانِ عَلَى اللُّغَةِ لِأَنَّ أَشْرَفَ مَا يُسْتَعْمَلُ فِيهِ اللِّسَانُ هُوَ الْكَلَامُ"[1]، واتە: (وشەی (لسان) بە واتای (لغة) بەکارهاتووە و ئەمەش زۆرتر و زیاتر بەکاردەهێنرێت، چونکە بەڕێزترین شوێنێك زوبانی تیا بەکار بێت ڕستەیە).

وشەکانی وێژەی عەرەبی گرنگییان کاتێك دەردەکەوێت کە کرابنە وتە و بەکار هاتبن، ئەو ساتە دەردەکەوێت چەندە پڕواتا و دەوڵەمەندە. لەم دیدەوە گەر بڕوانینە دەقەکان، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە پێوەری زوبان و بەکارهێنانی وشەکان لە زوباندا، زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە خودی دەقەکان، ناکرێت کەسێکی ڕاڤەکار بەبێ ئەم پێوەرانە بچێتە ناو ئەو کەنارەوە، هیچ باس و خواسێکی تیا بکات، جاحیز (٢٥١ـ ٢٦٠ك) دووپاتی ئەم قسەیە دەکاتەوە و دەڵێت: "المعاني مستورة خفية، وبعيدة وحشية، ومحجوبة مكنونة، وإنما تحيا تلك المعاني في ذكر الناس لها، وإخبارهم عنها، واستعمالهم إياها "[2] ، واتە: (واتاکانی ناو دڵ هەرچی بن شاراوە و دوور و نادیار و نامۆ و داپۆشراوون، کاتێك دێنە ژیانەوە کە بکەونە سەرزاری خەڵك، باسیان بکەن و بەکاریان بهێنن). کەواتە وشەکانی زوبانی عەرەبی، دانان و ڕێکەوتن و بەکارهێنان، واتای دیار و ڕۆشنی پێداون، دانانی

---

[1] التحرير والتنوير، ابن عاشور (٢/٢٦/ ٢٥).

[2] البيان والتبيين، أبو عثمان عمرو بن بحر (٥٤).

یەکەمجار و یەکەم بەکارهێنان، ڕۆڵی زۆر دیار و بەرچاو دەبینێت لە دەرخستنی واتای مەبەستدار و سەرەکی، کە زانایانی ڕەوانبێژی ناویان ناوە (الحقیقة)[1].

جورجانی (١٥١ـ ١٦٠ك) دەڵێت: "كل كلمة أريد بها ما وقعت له في وضع واضع وقوعًا لا يستند فيه إلى غيره، فكأن الكلمة لقيطة أتت من فراغ، لذا عُدَّت اللغة اصطلاحًا من الدرجة الأولى. أما الاصطلاح العلمي فهو من الدرجة الثانية، إنه مواضعة مضاعفة"[2]، واتە: (هەموو وشەیەك كە خواستی واتایەكی لێ بكرێت كە دانەرێك بۆی داناوە، بێ پشتبەستن بە واتاكەی دیكە، وەك ئەوە وایە ئەو وشەیە هەڵگێڕاوە بێت و لە بۆشاییەوە هاتبێت، بۆیە واتای زوبانیی بە زاراوەی نمرە یەك هەژمار دەكرێت، بەڵام زاراوە زانستیەكان دەبنە زاراوەی نمرە دوو، چونكە دانانی دووبارەیە).

بۆیە دەكرێت بڵێین واتای زوبانیی وەك بەردێكی سەرەتا و بناغەی واتا زاراوەكەیە، هەموو كاتێ دەتوانرێت ئەوە پشت ڕاست بكرێتەوە كە واتای زاراوەی بەڵگە و ڕێگەیەكی واتا زوبانیەكەیە، گەر واتای زاراوەیی هەبێت، دەبێت واتایەكی زوبانیش هەبێت، مەگەر لە كەمینەیەكی زۆر كەمدا وانەبێت.

خۆگێلكردن لەم بابەتە سەردەكێشێت بۆ جۆرێك لە هەڕەمەكی و شپرزەیی لە دانانی زاراوەكاندا، كە لەگەڵ لوژیكی زوبانیدا یەكناگرنەوە، چونكە پەیوەندیی نێوان واتای زاراوەیی و زوبانیی پەیوەندیەكی مەبەستدار و ڕێكخراوە، نەك شپرزە و ڕێكەوت. هەردەم واتای زاراوەیی پشت بە پەیوەندی نێوانی دەنگە گەیەنەر و وێنە هزریەكە دەبەستێت كە لە پاشخانێكی زوبانیەوە سەرچاوە دەگرێت[3].

[1] الحقیقة: بریتیە لە بەكارهێنانی وشە لە واتای ڕاستەقینەی خۆیدا.

[2] أسرار البلاغة، الجرجاني (٢١٧).

[3] محمّد عبد الله حسين، عرض كتاب نظريّة المصطلح النّقديّ (٤٠٣– ٤٠٥).

کەواتە لە هەردووکیاندا دوو لایەن هەیە، یەکێکیان پێی دەوترێت (دال) گەیەنەر، ئەوی تریشیان (مدلول) گەیەنراو. ئەم دوو جەمسەرەش پەیوەندییەکی تووندوتۆڵ لە نێوانیاندا هەیە، گەر ئەو پەیوەندیە نەبێت نابنە (دال و مدلول)، ئەم پەیوەندییەش تەنها لە نێوانی ئەو دووانە نییە و بەس، بەڵکو خوێندنەوەیەکی وردەکارانەیە لەم ئاستانەدا:

١ـ لایەنی دەنگ (فۆنۆلۆجی) و فۆنیمی وشەکە.

٢ـ لایەنی فۆرم و پێکهاتەی وشەکە و مۆرفیمی گۆرانی.

٣ـ لایەنی واتای قامسویی و ئاشنایی ماناکەی.

٤ـ لایەنی تێکەڵکردنی بە وشەی تر.

٥ـ لایەنی ئاڕاستەکردن و چۆنیەتی گوتارەکە.

کاتێك دەڵێت (لسان) هەموو ئەمانە دەچنە ژێر باری لیسانیەوە، بە هەموویان (لسان) تەواو دەکەن، بۆیە قورئان زۆر جەخت لە لایەنی لیسانی بوونی قورئان دەکاتەوە، لە هەمانکاتدا فەرموودەکانیش هەروا دەبێت مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، ئیتر دەکرێت ئەوەش بڵێین کە تەنها لەم ئاستانەدا قۆرخ نابن، هەندێ لایەنی دیکەش هەیە کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕێکبوون و دروستبوونی واتاکان[1].

زیاد لەمەش ئاشنا بوون بە زانستی گەیاندن (الدلالة) و زاراوەی زاراوەکان، خۆی بۆ خۆی پاشاخانێکی دیکەیە بۆ باش ئاڕاستەکردن و پێگەیشتن لە دەقەکان. زانستی (دلالة) زانستێکی وەسفی و ڕووماڵکردنێکی ڕووتە، بەڵام زاراوە بە پێی پێوەرێکی دیاریکراو دەکرێت، دەبێت پەیوەندییەکی هۆکاری هەبێت جا دەکرێت بکرێتە زاراوە، بۆیە هەر لە دێر زەمانەوە فەیلەسوفەکان زۆر گرنگییان داوە بە زوبان و مانای زوبان و زوبانەوانی، زانینی دەرفەتێکی دروست دەڕەخسێنێت بۆ وێناکردنێکی دروست، بۆ نموونە کاتێ دەمانەوێت لە سەر واتای فەرموودەی: عَنْ

[1] أحمد ختار عمر، العربيَّة الصَّحيحة (٦١)، نقله عن: فوزي عطية، عِلم الترجمة: مَدخلٌ لُغويّ (٦٨).

أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ـ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ قَالَ: "لَا يَنْظُرُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِلَى مَنْ جَرَّ إِزَارَهُ بَطَرًا"[1] بدەیین، باش شیکاری بکەین، دەبێت لە سەر واتای وشەکان ڕابوەستین سەرنجی کرداری (جرّ) بدەین بە واتای چی دێت؟ هەروەها (إزار) چیە و چۆنە؟ (بطرا) چی بووە؟ ئەوکات دەتوانین بڕیارێکی دروست بدەین دەربارەی واتای ئەم فەرموودەیە:

١ـ کرداری (جرّ): ئیبن مەنزور (٥٢٠ك کۆچی دوایی کردووە) دەڵێت: "الجَرُّ: الجَذْبُ جَرَّهُ يَجُرُّهُ جَرًّا وجَرَرْتُ الحبل وغيره أَجُرُّهُ جَرًّا وانْجَرَّ الشيءُ انْجَذَبَ"[2]. ئیبن فاریس (٣٤٦ك کۆچی دوایی کردووە) دەڵێت: "(جر) الجيم والراء أصلٌ واحد" وهو مدُّ الشّيءِ وسَحْبُه. يقال جَرَرت الحبلَ وغيرَه أَجُرُّه جَرًّا... والجَرُّ: أسفَل الجبَل، كأنّه شيءٌ قد سُحِب سحبا"[3]. هەردووکیان لەسەر ئەوە کۆن کە وشەی (جر) بە واتای ڕاکێشان دێت، بەڵام لە قسەکەی ئیبن فاریسەوە دەردەکەوێت کە دەبێت بەشێکی لە سەرزەوی بێت.

٢ـ الإزار: زوبەیدی (١٢٠٥ك کۆچی دوایی کردووە) دەڵێت: "قيل: الإزار: كل ما واراك وسترك"[4]. ئیبن مەنزور دەڵێت: "وسُمِّي الإزارُ إزارًا لحفظه صاحِبَه وصِيانتِهِ جَسَده أُخذَ من آزَرْتُه أي عاوَنْتُه... قِطعةٌ من الثوب"[5]. لەم دوو وتەوە دەردەکەوێت ئەوەی دەکرێتە (إزار) مەرج نییە دوراو بێت، بەڵکو لەو ساتەدا دوراو نەبووە، بۆیە ئەوەی پێی دەوترێت (إزار) دەکرێت لە هەندێ پۆشاکی گەلاندا بەدی نەکرێت و نەیەتەدی.

---

[1] الجامع المسند الصحيح المختصر، البخاري (٧/ ١٤١).

[2] لسان العرب، ابن منظور (٤/ ١٢٥).

[3] معجم مقاييس اللغة، ابن فارس (٤١٠).

[4] تاج العروس، الزبيدي (١٠/ ٨٠).

[5] لسان العرب (٩/ ١٩٨).

له (معجم الوسيط)دا دەڵێت: "الإزار: ثوب يحيط بالنصف الأسفل من البدن يذكر ويؤنث، والرأي يعلق به في أسفل الكتاب.... وإزار الحائط ما يلصق به بأسفله للتقوية أو الصيانة أو الزينة"[1]. پۆشاکێکە نیوەی خوارەوەی لاشە دادەپۆشێت، هەروەك نووسینی پەراوێزێك لەسەر پەرتووکێك لە بەشی خوارەوە، هەروەها بەشی خوارەوەی دیواریش بە (إزار) ناودەبرێت، چونکە پەیوەستە بە لای خوارەوە. لێرەوە تێدەگەین کە ئەم زاراوەیە بەسەر هەموو پۆشاکێکدا نابڕێت و ئاسان نییە خێرا بڕیاری حەرامبوون و قەدەغەبوون بە سەر جل و بەرگی خەڵکدا بدەین.

٣ـ ئیبن مەنزور دەڵێت: "البطر: النشاط، وقيل: التبختر، وقيل: قلة احتمال النعمة، وقيل: الدهش والحيرة. وأبطره أي أدهشه، وقيل: البطر الطغيان في النعمة، وقيل: هو كراهة الشئ من غير أن يستحق الكراهية... والبطر: الأشر، وهو شدة المرح"[2]. ئەم وشەیە قەتیس نابێت لە یەك واتادا، بۆیە بە چەند دەڵێن دەڵێنێك واتاکەی لێك دەداتەوە، دەی بڕیاردان لە سەر یەك مانایان، دیسان نابێتە بەڵگەیەکی بڕاوە و بێگومان و سەپاو بەسەر خەڵکدا. دەڵێت بە مانای چالاکی، شانازی، کەم سوپاسگوزاری، سەرگەردانی، حەپەسان، زیادەڕەوی لە نیعمەتدا، پێناخۆشی شتانێ کە شایستەی پێناخۆشی نییە، خراپترین کە زۆر ڕابواردنە. هەموو ئەمانە و چەندین واتای تری هەیە، چەندینیان لێرەدا دەگونجێت بەکاربێت.

نموونەیەکی دیکە، فەرموودەی: عن أبي ذر ـ رضي الله عنه ـ عن النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ قَالَ: "ثلاثةٌ لا يُكَلِّمُهُمُ اللهُ يَوْمَ القِيامَةِ، وَلا يَنْظُرُ إلَيْهِمْ، وَلا يُزَكِّيهِمْ، وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ". قَالَ: فقَرأها رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ ثلاثَ مرار، قَالَ أَبُو ذرّ: خَابُوا وَخَسِرُوا! مَنْ هُمْ يَا رسول الله؟ قَالَ: "المُسْبِلُ، وَالمنَّانُ، وَالمُنْفِقُ سِلْعَتَهُ

[1] المعجم الوسيط، إبراهيم مصطفى ـ أحمد الزيات ـ حامد عبد القادر ـ محمد النجار (١٥– ١٦)

[2] لسان العرب (٤/ ٦٨).

بِالحَلِفِ الكاذِبِ"[١]. وشەی (المسبل) لە (أسبل)یە ئەویش لە مادەی (سبل و سبيل)وە هاتووە، ماناکەی زۆر نزیکە لە (جر)، چونکە ئەمیش هێندە درێژە بە شوێنی خۆیدا جۆرێك خەت و ڕێچکە دروست دەکات. ئیبن مەنزور دەڵێت: "سبل السَّبيلُ الطريقُ وما وَضَحَ منه... وسَبَّلت الشيء إِذا أَبَحْته كأَنك جعلت إِليه طَرِيقًا مَطْروقة.... وأَسْبَلَ ايزاره أرخاه.... يقال أَسْبَل فلان ثيابه إِذا طوّلها وأَرسلها إِلى الأَرض..... المُسْبِل الذي يُطَوِّل ثوبه ويُرْسِله إِلى الأَرض إِذا مَشَى"[٢].

## ٢ـ پێکهاتەی وشە و فۆرمی وشەکان:

بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنای واتا و ماناکانی وشەی عەرەبی ببین، پێویستە زانستی وشەسازی باش بزانرێت، بۆ ئەوەی وردەکاری مانای وشەکە لە دەست نەچێت، ئەمەش زانستێکی تایبەت هەیە کە گرنگی بەم لایەنە دەدات کە پێی دەووترێت زانستی (الصرف). وشەکان پۆلێن کراون لە سێ پیتی سەرەکی کەمتر نابن و لە کرداردا (فعل) لە چواری سەرەکی زیاتر نابێ و لە ناودا (اسم) لە پێنجی سەرەکی زیاتر نابێ[٣]. هەر پیتێك زیاد بکرێت لە سەر وشەکان مانایەکی زیاتر دەگەیەنێت، بۆ زیادکردنی پیتێك یاسایەکی هەیە و فۆڕمێکی تایبەت دیاریکراوە کە پێی دەوترێت (الأبواب الصرفية)، هەر یەکەیان زیاتر لە چەند واتا دەدەن بە وشەکە، وشەکان دەوڵەمەند دەکات، ئەو کاتە دەردەکەوێت کە دەقەکان وەك هەورێك وان بڕێك ئاویان هەڵگرتووە، هەتا بیگوشیت زیاترت پێدەدات.

بۆ نموونە کاتێ سەرنجی فعلی (جرّ) بدەین تەنها سێ پیتە هیچی تێدا زیاد نەکراوە، بۆیە هیچ زیادەیەکی لە مانا زوبانیەکەی هەڵنەگرتووە، بەڵام بیگۆڕین بۆ (انجر) گۆڕانێکی زۆر بەدی دەکەین، لێرەدا بکەرەکە خودی خۆی دەبێتە ڕاکێشراو،

[١] صحيح مسلم (١/ ١٠٢).

[٢] لسان العرب (١١/ ٣١٩).

[٣] إيجاز التعريف في علم التصريف، ابن مالك الطائي (٥٩).

نەك ڕاكێشەر كە لەوەی پێشوودا ڕاكێشەر بوو، خۆئەگەر بیكەین بە (اجتر) دیسان واتاكەی گۆڕا، دەگەڕێتەوە بۆ كاوێژی وشتر و وڵاخ[1].

بۆیە كاتێ دەمانەوێت واتایەك بۆ فەرموودەیەك بكەین، دەبێت گرنگی بەم لایەنە بدرێت، بۆ نموونە فەرموودەی: عبد الله بن مسعود یقول: قال رسول الله ـ صلى الله علیه وسلم ـ: إن أشد الناس عذابا یوم القیامة المصورون"[2]. وشەی (المصورون) (اسم فاعل)ە لە فۆڕمی (تفعیل)ە، وەك (مفرّح) كە هەر كردارێك لەم فۆڕمە بێ زۆرینەی بە واتای مەبەست ئەنجامدان دێت، كارێكی ئامانجدار دەگرێتەوە بۆیە ئەم (تصویر) لێرەدا وێنەی كامێرا و هەندێكی دیكەی زۆر هەن ناگرێتەوە، چونكە كەسەكە خۆی زۆر ئەركی تیاناكێشێ و هەوڵی دروستكردنی شتێكی بەرجەستەدار نادات، ئەمانە مانای (مصور)ە. ئەمەش لە قورئانی پیرۆزدا دیارە كە یەكێكە لە سیفەتەكانی خوای گەورە و واتاكەی زۆر ڕوونە مەبەست چیە.

بۆیە زانایانیش لە ڕاڤەكردنیدا ڕای جیاوازیان هەیە، هەندێ بە وێنەی گیاندار و هەندێك بە گیاندارو بێگیان و هەندێكی دیكە بە بت دروستكردن بۆ پەرستن، هەندێكی تر بە ئەوانەی پێیان وایە خوا وێنەی هەیە، بە واتەی وێنەدانەر بۆ خوا ڕاڤەیان كردووە: "ومن صور ذات الأرواح أشد عذابًا ممن یصوِّر ما لیس بذي روح، إن تنزلنا على قول من رأى تحریم تصویر ما لیس بذي روح، وهو مجاهد، وإن لم نتنزل علیه، فیجوز أن یعني بالمصورین الذین یصوِّرون الأصنام للعبادة"[3]. پێشەوا نەوەوی دەڵێت: "هذا محمول على صور الأصنام فتعبد، فله أشد عذابا، لأنه كافر، وقیل هذا فیمن قصد المضاهاة بخلق الله تعالى وأعتقد ذلك، وهو أیضا كافر وعذابه

---

[1] النهایة في غریب الحدیث والأثر، ابن الأثیر (٢٥٩).

[2] صحیح مسلم (٦/ ١٦١).

[3] المفهم لما أشكل من تلخیص كتاب مسلم، الأنصاري القرطبي (١٧/ ١٠٨).

أشد"[1]، واته: (ئەم فەرمووده بارکراوەته سەر وێنەی بتەکان بۆ پەرستن بووە، ئەوە سزای سەختی هەیە و دەڵێن مەبەست ئەوانەیە کە لاسایی و لێکچوواندن بووە بە دروستکراوەکانی خواوە بڕواشیان وابووە).

ئەمە تەنها ئەگەر پیتێك یان زیاتر زیاد بوو لە فۆڕمی سەرەکی وشەکە، بەم خێرایە گۆڕانکاریی دروست دەکات، دەی ئەگەر ئەم وشانە خودی فۆڕمەکانیان بگۆڕێت لە کردارەوە ببن بە ناو، ناوەکانیش لە فۆڕمی جیاجیادا دەردەکەون کە هەرکەیان واتایەك دەبەخشێت، کاتێ دەڵێت: (اسم الفاعل، اسم المفعول، الصفة المشبهة، اسم التفضيل، فعل التعجب، اسم الآلة، اسم المكان)... هتد، یەك جۆر واتا نادەن، بۆیە گرنگە ئەم زانستە زۆر بە وردی پیادە بکرێت.

**٣- پێکهاتەی ڕستە:**

زانستی ڕستەسازیی (علم النحو) ڕۆڵی کەمتر نییە لە زانستی وشەسازیی، چونکە هەردووکیان پێکەوە گرێدراون، ئەمیان گرنگی بە بەکارهێنانی فۆڕمە جیاوازەکانی وشە دەدات لە گوتاری خەڵکدا، جۆری بەکارهێنانی دروست دیاریی دەکات. لە هەمان کاتدا واتاکان دەوڵەمەند دەکات، بە زانینی ئەم زانستە مەبەستی سەرەکی گوتارەکە تێدەگەیت. عەبدولقاهری جورجانی (٤٧١ك کۆچی دوایی کردووە) دەڵێت: "ئەوەی کە پێویستە مرۆڤ بیزانێت و بیخاتە سەر زوبانی باس، ئەوەیە ناگونجێت و ناکرێت هزر هیچ پەیوەندیەك بە واتای وشەکانەوە بکە بە تاکە تاکە بەدەر لە واتا نەحویەکان. لە خەیاڵ و ژیری کەسدا جێیٚ نابێتەوە کە بیریارێك بیری هیچ واتایەك لە (فعل) بکات، هەتا لەگەڵ (اسم) یەکیان نەخات، هەروەها هیچ واتایەکی دروست وەرناگرێت لە (اسم) تا لەگەڵ (فعل) لێك نەدرێن، من ناڵێم هیچ

---

[1] صحيح مسلم بشرح النووي (٦/ ٩٦).

واتایەك لە وشەكان هەر دەست ناكەوێت، دەڵێم واتایەكی مەبەستدار و ڕێك و گونجاو وەرناگیرێت"[1].

هەروەها لە پێكهێنانی ڕستەكاندا واتاكان دەگۆڕێن، شێوەی پەیوەندی ماناكان هەڵكشان و داكشان بە خۆوە دەبینێت، بۆ نموونە كاتێ ڕستەیەكی مەرج و پاداشت (الشرط والجزاء) دێتە بەردەم خوێنەر، یان بیسەر، وەك ڕستەیەكی هەواڵیی نییە و تەنها گرنگ هەواڵەكە بێت و بەس، هەمان مانا نییە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ان أحسنتم أحسنتم لأنفسكم﴾ (الإسراء: ٧)، یان دەفەرموێت: ﴿واذا بطشتم بطشتم جبارين﴾ (الشعراء: ١٣٠). لە ڕستەی یەكەمدا كرداری (أحسنتم) پەتیە و هیچی لەگەڵ نییە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا وشەی (لأنفسكم) دەهێنێت، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە كە جیاوازی لە نێوانی ئەم دوو ڕستەدا هەیە، یەكەمیان هۆكارە بۆ ئەوی تریان، دەی ئەگەر هەمان وشەی دوبارەكردبایەتەوە ڕستەكە بێ سوود دەبوو، هەروەها لە ئایەتەكەی تردا، بەهەمان شێوە یەكەمیان پەتیە و ئەوی تریان بەستەرەیەكی لەگەڵ هاتووە، چونكە دەبێت ڕستەی مەرج ڕستەیەك بێت جگە لە ڕستەی پاداشتەكە، نابێت وەك یەك بن، بۆیە سەككاكی (٥٥٥ـ ٦٢٦ك) دەڵێت: "زانستی (نحو) ئەو زانستەیە كە چۆنیەتی تێكەڵكردنی وشەكان ڕاڤە دەكات و دەناسێنێت، بۆ ئەوەی خودی واتا سەرەكیەكە لە دەست نەچێت"[2].

جا لێرەوە گەر سەرنجێكی ورد بدەین، بۆمان دەردەكەوێت زۆرێك لە بابەتەكانی ئەم زانستە فاكتەرێكی یەكجار گرنگە بۆ وێناكردنی دروستی مانا و واتای فەرموودەكان، هەر لە ڕستە و جۆرەكانی، سیفەت، حاڵ، تەمییز، شێوازی پرسیار، فەرمان، قەدەغەكردن، دیار و نادیاری وشەكان... هتد، بگرە تا سەرجەم

---

[1] دلائل الإعجاز، الجرجاني (٣٠٣).

[2] مفاتيح العلوم، السكاكي (٧٥).

بابەتەکانی تری زانستی ڕستەسازیی ڕۆڵی سەرەکیان هەیە بۆ تێگەیشتنی دروست لە دەقەکان، بەتایبەت فەرموودەکان، بۆ نموونە هەرکاتێ کرداری فەرمان (فعل الأمر) لە دوای ڕستەیەکی مەرجیەوە (شرطي) بێت ئەو کردارە فەرمانێکی پێویست ناگەیەنێت، واتاکەی لە فەرمانێکی پێویستەوە دەگۆڕێ بۆ باش و باشتر یان (ندب)، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا حَلَلْتُمْ فَاصْطَادُوا﴾ (المائدة: ٢)، خۆ زۆر ڕوونە ئەوانەی دەچنە حەج لەسەریان پێویست نییە، لە دوای لابردنی پۆشاکی حەج خێرا دەست بکەنە ڕاوکردن، ئەم دەقە هەڵگری قەدەغەبوونەکەیە و بەس، ئێستا بۆیان ڕەوایە.

یان فەرموودەی: "إِذَا أَرَادَ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْتِيَ الْجُمُعَةَ فَلْيَغْتَسِلْ"[1]، ئەوەی کە بیەوێت بچێتە نوێژی هەینی لەسەری پێویست نییە دەبێت خۆی بشوات دەنا نوێژەکەی دروست نییە، بەڵکو ئەم دەقە باشتربوون دەگەیەنێت، بۆیە ئەوانەی ئەم فەرموودە دەکەنە بەڵگەی پێویستبوون، زۆر ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبنەوە، چەند دەقێکی تر دەهێنن بۆ پشتگیری قسەکەیان. لە (عون المعبود)دا دەڵێت: "وفيه دلالة على أن غسل يوم الجمعة غير واجب"[2] (ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خۆشتن پێویست نییە).

هەروەها فەرموودەی: "إِذَا دَخَلَ الْعَشْرُ فَأَرَادَ أَحَدُكُمْ أَنْ يُضَحِّيَ فَلاَ يَمَسَّ مِنْ شَعَرِهِ وَلاَ مِنْ بَشَرِهِ شَيْئًا"[3]. لانەبردنی مووەکان بەم فەرموودەیە نابێتە پێویست، ئەمە تەنها ئەوە دەگەیەنێت کە باش وایە دەستکاریان نەکات، خۆ گەر لایبردن قەدەغەکراوێکی نەکردووە.

---

[1] صحيح مسلم (٣/ ٢).

[2] عون المعبود شرح سنن أبي داود، العظيم آبادي مع شرح ابن قيم الجوزية (٧/ ٣).

[3] صحيح مسلم (٦/ ٨٣).

**٤ـ زانستی ڕەوانبێژی:**

زانستێکی تر کە گرنگی ئەمیش لەوانی تر کەمتر نییە، زانستی ڕەوانبێژیە، گرنگی بەلایەنی واتا دەدات، لە ڕووی پەیوەندی نێوانی وشەکان، دیوی شاراوەی ڕستەکان ئاشکرا دەکات، ئەوەمان پێ دەڵێت زانستی وشەسازیی و ڕستەسازیی (النحو والصرف) وشە و ڕستەکان ڕێکدەخەن بەڵام جوانکاری و بینینی دیوی جوانیەکانی واتاکان دەکەوێتە ئەستۆی زانایانی ئەم بوارە، بۆیە ڕستە، خولگەی سەرەکی ڕەوانبێژانە، ئەوان بە شوێن ڕستەکانەوەن، لە تەواوی زوبانی عەرەبیدا پشکنینیان بۆ دەکەن و دواتر یاساکانیان بەرهەم هێناوە، چونکە ڕەوانبێژیی پەیوەندی وەزیفی نێوانی پێکهاتەی ڕستەکانە، پرسیارەکە لە کوێدا و بۆ کێ و کەی و بە چی و بۆچی وتراوە؟ تا چەند ڕەچاوی ئەمەی کردووە و لە شوێنی خۆیدا گوتراوە؟ گەر سەرنجی ڕێبازی نەحویەکان بدەین لە نووسین و تاوتوێکردنی بابەتەکاندا، ڕێبازێکی وەسفییان هەیە بە گوێرەی ئەم پەیڕەوە ڕۆیشتوون، ئاماژەیان بە باری ڕەوانبێژی نەکردووە، یان بە کەمی لێی دوواون.

پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانی زانستی نەحو و ڕەوانبێژیدا هەیە، وەك عەبدولقاهر جورجانی دەڵێت: "لە ڕستەدا ڕاستێکت دەست ناکەوێت گەر بڵێی ڕاستە، هەڵەیەکیش نییە گەر بڵێی هەڵەیە و بگەڕێتەوە بۆ پێکهاتە و تێکەڵکردنی ڕستە و نەگەڕێتەوە بۆ زانستی نەحو، بەو دەزانرێت ئەوە ڕاستە و بەویش دەزانرێت هەڵەیە"(1). کەواتە ئەم زانستە ئەو لایەنە شاراوەیە دەردەخات کە نەحویەکان کاری تێدا ناکەن و دەریاننەخستووە. بە دەستەواژەیەکی دیکە بڵێین: لایەنی تەواوکاری زانستی نەحوە و فەلسەفەی جێبەجێکردنی یاساکانی زوبانە(2). تێڕوانین لە واتای ڕستەکان لە سێ لایەنەوە دەبێت:

---

[1] دلائل الإعجاز (٨١ ـ ٨٣).

[2] البلاغة العربية أصولها وامتداداتها، محمد العمري (٢٢).

١ـ لایەنی ئەو وێژەی کە بەکارهاتووە، ئایا واتادارن لە زوبان و نەریتی زوبانیدا؟ ئایا ئەم لەفزە ئەو واتایە دەگەیەنێت یان نا؟

٢ـ لایەنی گەیاندنی واتاکان تا چەندە ئەم دەستەواژەیە واتایەکی پڕاو پڕە، یان واتایەکی کەمترە لە قاڵبی وشەکان.

٣ـ خودی واتاکان و بەهای هزریی و جوانیی تێگەیاندنیان[1].

بۆ نموونە نەحویەکان دەڵێن ڕیزبەندی ڕستەی کرداری سەرەتا کردارەکەیە، دواتر بکەر، دواتریش کار لەسەرکراو و ئاوەڵکردار (الفعل — الفاعل ـ المفعول). هەندێ جار ئەم ریزبەندە تێك دەچێت، دەکرێت ئاوەڵکردار پێش هەردووکیان بکەوێت، بەڵام بە مەبەستێك بۆ مانایەکی زیاتر و دیکە، ئەم واتا زیادەیە ڕەوانبێژان هەستی پێدەکەن و لیێ دەدوێن. وەك دەفەرموێت: ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ (الفاتحة: ٥)، لێرەدا (إياك) پێش دەکەوێت، مانایەکی زۆر بەهێز دەداتە ڕستەکە، کەچی ئایەتی دوای ئەم ئایەتە ئاوەڵناوی تێدایە و پێشی ناخات ﴿اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ﴾.

یان دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ آتَيْنَا مسوى الْكِتَابَ وَقَفَّيْنَا مِنْ بَعْدِهِ بِالرُّسُلِ وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ أَفَكُلَّمَا جَاءَكُمْ رَسُولٌ بِمَا لَا تَهْوَى أَنْفُسُكُمُ اسْتَكْبَرْتُمْ فَفَرِيقًا كَذَّبْتُمْ وَفَرِيقًا تَقْتُلُونَ﴾ (البقرة: ٨٧). لەم ئایەتەدا کرداری (آتينا ـ أيدنا) هەیە و ئاوەڵکردارەکانیان پێش نەکەوتووە، بەڵام کرداری (كذبتم ـ تقتلون) هەیە، لە هەردوو جێدا پێشکەوتووە، ڕەوانبێژان سەرنج لەمانە دەدەن بۆچی لێرەدا وایە و لەوێدا وا نابێت، دەبێت لە پشتی هەر یەکەیان هۆیەك هەبێت. دەی ئەگەر شارەزایی لەم زانستەدا نەبێت، ئەستەمە تێگەیشتن لەم لایەنە و لاکردنەوە بە لایدا، چۆن بزانێت، لە ئایەتی یەکەمدا یەکتاپەرستی نایەتە دی گەر بەم شێوەیە نەبێت، دەستەواژەکە پڕاوپڕ نامانگەیەنێتە یەك خواپەرستی. لە

[1] البلاغة العربية أسسها وعلومها وفنونها، الميداني (١/ ٣٨).

ئایـەتی دووەمـدا دەرخسـتنی واقیعـی ئەوانـە، ئـەوان ململانێـی گـرووپ گرووپیـان کـردووە، هـەوڵی پارچـەکردنیان داون، مامەڵـەیان دووفاقییـە، وێناکـە وەك خـۆی دەکات، وەك ئـەوەی بڵێـت ئەوەنـدی شـێوازی بەدرۆخسـتنەکەیان و کوشـتنەکیان گرنگە بزانرێت ئەوەند خـودی کـرداری بەدرۆخسـتنەکەیان و کوشـتنەکەیان گـرنگ نییە. ئەمە یەکێکە لەو واتایانە لـەم دەسـتەواژەوە وەردەگیرێـت، چـەند واتایـەکی دیکەی جوان دەداتە بیسەر و خوێنەر و تێڕاماو.

هەروەك شێوازی لێکچوواندن (التشبیه)، مانای سەرەکی لاوەکی (المجاز والحقیقة)، (الکنایة)، (الاستعارة)، (الفصل والوصل)... هتد، بابەتگەلێکی گرنگن، واتای جوان و بەرجەستەتر دەدەنە ڕستەکان.

فەرموودەی: "مَثَلُ الْمُؤْمِنِ الَّذِي يَقْرَأُ الْقُرْآنَ كَمَثَلِ الْأُتْرُجَّةِ، طَعْمُهَا طَيِّبٌ وَرِيحُهَا طَيِّبٌ، وَمَثَلُ الْمُؤْمِنِ الَّذِي لَا يَقْرَأُ الْقُرْآنَ كَمَثَلِ التَّمْرَةِ، طَعْمُهَا طَيِّبٌ وَلَا رِيحَ لَهَا، وَمَثَلُ الْفَاجِرِ الَّذِي يَقْرَأُ الْقُرْآنَ كَمَثَلِ الرَّيْحَانَةِ، رِيحُهَا طَيِّبٌ وَطَعْمُهَا مُرٌّ، وَمَثَلُ الْفَاجِرُ الَّذِي لَا يَقْرَأُ الْقُرْآنَ كَمَثَلِ الْحَنْظَلَةِ، طَعْمُهَا مُرٌّ وَلَا رِيحَ لَهَا"[١]. ئەمانە هەمووی لێکچوواندنە و مەبەست تێگەیاندنە و ڕوونکردنەوەیە، هیچ جۆرە بڕیارێکی واجب، مەندوب، مەکروهـ، موباح و حەرام لە خۆ ناگرێت. لێکچوواندن مانای ئەوە نییە لە هەموو ڕوویەکەوە لەو دەچێت، یان هەر ئەوە بەبێ جیاوازی.

یان دەفـەرموێت: "مثـل المـؤمن مثـل النحلـة، لا تأكـل إلا طيبـا، ولا تضـع إلا طيبًا"[٢]. بەهەمان شێوەیە، یان فەرموودەی: "إِنَّمَا مَثَـلُ الْمَـرْأَةِ كَمَثَـلِ الضِّـلَعِ، إِنْ تَحْرِصْ عَلَى إِقَامَتِهِ تَكْسِـرْهُ، وَإِنْ تَسْـتَمْتِعْ بِـهِ تَسْـتَمْتِعْ بِـهِ وَفِيـهِ عِـوَجٌ))، هـەروەها فەرموودەی: "مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلَا يُؤْذِي جَـارَةِ وَاسْتَوْصُـوا بِالنِّسَـاءِ خَيْرًا فَإِنَّهُنَّ خُلِقْنَ مِنْ ضِلَعٍ وَإِنَّ أَعْوَجَ شَيْءٍ فِي الضِّلَعِ أَعْلَاهُ فَإِنْ ذَهَبْتَ تُقِيمُهُ كَسَرْتَهُ

---

[١] صحيح مسلم (١/ ٥٤٩).

[٢] صحيح ابن حبان (٤٨٢).

وَإِنْ تَرَكْتَهُ لَمْ يَزَلْ أَعْوَجَ فَاسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ خَيْرًا"[1]. مانای ئەوە نییە ژنان وەك پەراسوو لار و خوارن و پیاوانیش ڕاست و ڕێك و ڕەوان، هەموو کەموکوڕییەك بخرێتە سەر ئافرەتان، مەبەست دەرخستنی سروشتی ژنیەتیانە، ئەوان جەمالیان لەو سروشتەیە کە دەبێ بەو شێوەیە بن، ناکرێت دەستکاری دروستبوونی فسیۆلۆجیان بکرێت، خۆ مانای وا نییە پڕاوپڕ وەك پەراسوو وان لە هەموو ڕوویەکەوە، چونکە مەحاڵە وا بێت. لە لێکچوواندندا ڕوویەکی لێکچوون یان زیاتر هەیە، لە هەموو لایەکەوە نییە. دەبێت پیاوان بزانن چۆن خوارییەکانی پەراسووی هیچ بە لەکە نازانێت و لەکەش نییە و هیچ کات بیر لە ڕاستکردنەوەی ناکات ئەوانیش وا دەبێت مامەڵەیان لەگەڵ بکەن، نابێ داوای لێ بکەیت وەك خۆت بێت، ئەوە داوایەکی بەدەر لە توانایانە، جوانیەکەیان مەشێوێنن. ئەمە جگە لە تێڕامان و سەرنجدان لە ماناکانی (الضلع) و (خلق) و (الأعوج) واتای تر دەداتە دەست، لێرەدا ناچمە سەر ئەم لایەنە، چونکە لە پێشەوە باسمکردووە، گەر بە تەنها بە زانستی ڕەوانبێژی سەیری بکەین واتایەکی دەدەینێ جوان و دروستە.

لەم فەرموودەیەدا کە دەفەرموێت: "ويحك يا أنجشة رويدك سوقك بالقوارير"[2]. لێکچوواندنێکی تەواوە کە پێی دەوترێت (بليغ) مەبەستەکەی لێخوڕینی وڵاخەکانە کە ئافرەتان لە کەژاوەکانیان بوون، لە کاتی لێخوڕینیان هێواش بڕوات لەبەر ڕەچاوی حاڵی ئافرەتان و ئازارنەدانیان، ئەمانە دیاریکردنی ئالیەتی مامەڵەیە لەگەڵ ژنان.

---

[1] صحيح البخاري (٧/ ٢٦)، وصحيح مسلم (٤/ ١٧٨).

[2] صحيح البخاري (٨/ ٣٥).

## پێوەرە زانستییەکانی بنەما فیقهییەکان:

بۆ ئەوەی بە دروستیی ڕاڤەی فەرموودەکان بکەین و دووربین لە کەمتەرخەمی و زیادەڕەوی، پێویستە بە یاساکان و بنەما فقهییەکان کار بکەین، خودی ئەمانە دەبنە پێوەرێکی دروست و ڕەسەن بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی دەق. گرنگی زانستی بنەما فیقهیەکان لەوەدا دەردەکەوێت، کە چۆن سوود لە دەقەکان وەردەگرێت، سەرچاوەکانی وەرگرتن چین، کامیان لە پێش کامیانە، چەندە جێی متمانەیە، دەقەکان چەند واتا دەبەخشن، جۆری دەستەواژەکان لە ڕاستەوخۆبوونی یان ناڕاستەوخۆبوونی ماناکان. دیدی مەزەندەکردنی لە پێش بوون و لە پاش بوونی هەندێك گەیاندن و ئاشناکردن (دلات الألفاظ) بە واتای مەبەست.

زیاد لەمانەش جۆرەکانی بڕیارە شەرعیەکان و پلەبەندییان، چوارچێوەی دروستی ناسینیان، لەوانەی کە پێویستن و چەند جۆری پێویست هەیە، ئایا هەموو ئەوانەی پێی دەووترێ (واجب) هەموویان یەك پلەن یان نا، هەروەها قەدەغەکراوەکان هەموویان لە ئاستێکدان و یەك مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، یان (واجب دون واجب) و (حرام دون حرام) هەیە.

هەروەها چۆنیەتی و چەندیەتی بڕیارەکان، کامیان نمرە یەکە و کامیان نمرەی دواتر، گرنگە چۆنیەتی و جۆریەتی لە پێشتر لەبەرچاو بگیرێت، نەك چەندێتی و قەبارە، چونکە گرنگی لە زۆر و گەورەیدا نییە ئەوەندەی لە جۆر و چۆنێتیدا گرنگە، ئەمەش پێی دەوترێت (فقه الأولويات)[1]. هەروەك شاتیبی (٧٩٠ك کۆچی دوایی کردووە) دەڵێت: "إن المعاصي منها صغائر ومنها كبائر، ويعرف ذلك بكونها واقعة في الضروريات أو الحاجيات أو الكماليات، فإن كانت في الضروريات فهي أعظم الكبائر، وإن وقعت في التحسينيات فهي أدنى رتبة بلا إشكال، وإن وقعت في الحاجيات

[1] في فقه الأولويات، دراسة جديدة في ضوء القرآن والسنة (٤١).

فمتوسطة بين الرتبتين، ثم إن كل رتبة من هذه الرتب لها مكملٌ"[1]. واتە: (گوناهەکان بچوك و گەورەی هەیە، ئەمەش بەوە دەزانرێت، کە دەکەوێتە چ بەشێك لە بەشەکانی زۆر پێویستەکان (الضروريات)، یان پێویستەکان (الحاجيات)، یان جوانکاری و تەواوکاریەکان (التحسينيات)، ئەگەر لە زۆر پێویستەکان بوو دەبێتە تاوانی گەورە)، وەك زیانگەیاندن بە ئاینی خەڵك، یان نەوەی مرۆڤ، یان نەخواردنی خواردن و دواتر سەربکێشێ بۆ مردن، دەبێتە تاوانی گەورە. (گەر لە تەواوکاریەکاندا بوو خوارترین پلەی هەیە بەبێ گومان)، وەك نان نەخواردن بە کەوچك، یان بەکارنەهێنانی قاپی خواردن، ئەمە نابێتە تاوان تەنها ئەوەیە جوان نیە. (خۆئەگەر لە پێویستەکاندا بوو، ناوەندی هەردوو جەمسەرەکەیە)، وەك نەکوڵاندنی خواردنەکە و لەبەرنەکردنی پۆشاك، ئەمەیان لەسەری سەرزەنشت دەکرێت، دەبێتە گوناهـ، (ئەمجار هەریەك لەمانە تەواوکاریان هەیە).

عززی کوڕی عەبدولسەلام (٦٦٠ك کۆچی دوایی کردووە) دەڵێت: "گەورە و گەورەتر و ناوەند هەیە، گەورەترینیان گەورەترین خراپەیە، هەروەها کەمترینیان کەمترینە، گەر کەمتر بکات دەچێتە پلەی گەورەتر لە ناو بچووکەکاندا، گچکەکانیش هەربەم شێوەیە دادەبەزێت تا دەگاتە پلەیەك گەر لەوە دابەزێت دەبێتە بەرزترین پلەی ناپەسەندەکان (المكروهات) ئەوانیش هەروا دادەبەزن تا سنوورێك لەوە خوارتر دەبێتە ڕەوا (المباح)"[2].

هەروەها سەرنجدان لە دەرەنجامی کردارەکان کارێکی بەرچاوە، جاری وا هەیە کردارێك لەبەرئەوەی بەرژەوەندییەکی تێدایە بە دروست دادەنرێت، یان لەبەر خراپەیەك لادراوە بە دروست نازانرێت، بەڵام دەرەنجامێکی خراپی لێ دەکەوێتەوە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکەیە یان خراپەکەیە، دەی گەر بڵێت ڕەوایە یان ناڕەوایە

[1] الاعتصام، الشاطبي (٢/ ٣١).

[2] قواعد الأحكام في مصالح الأنام، عز الدين بن عبد السلام (٧١).

بە ڕەهایی خراپ دەکەیت، چونکە جاری وا هەیە بەرژەوەندی و خراپەکەی یەکسان دەبێتەوە، یان خراپەکەی زیاترە، دەی ئەمە ڕێگرە لەوەی بڕیاری باشی ئەو کردارە بدرێت.

جاری واهەیە لەبەر جێبەجێکردنی سونتەتێك واجبێکی شەرعی لەباربراوە، وەك برایەتی نێوانی بڕواداران کە ئایەتی: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ﴾ (الحجرات: ١٠) پێویستی کردووە، کەچی هەر ناوێکی جیامان لە خۆمان ناوە، لەبەرئەوەی وەك من نییە، ڕیشی تاشیوە، پۆشاکی وەك پۆشاکی من لەبەر ناکات، یان حیزبەکەی لە حیزبی من نییە، پارتەکەی جیاوازە، ئیتر برایەتی دەکرێتە قوربانی هەموو ئەمانە و هیچیان ناگەنە پلەی برایەتیەکە. ئەم سەیرکردنەی کردار و سەرنجی خوێندنەوەی دەقەکان پێی دەووترێت (فقه المآل). وەك ئەوەی مامۆستایەك لە گوندێك، یان مزگەوتێك، پێشنوێژە و دەیەوێت صەڵاواتی دوای بانگ قەدەغە بکات، دەبێت سەرنجی دەرەنجامی ئەو کارەی بدات، گەر سەربکێشێت بۆ ناخۆشی و کێشە و کێبەرکێ و دڵڕەنجان، دەبێت وازی لێ بهێنێت، چونکە ئەوەیان گەورەترە تا ئەو کارەی دەیەوێت بیکات. "النظر في مآلات الأفعال مُعْتَبَرٌ مَقْصُودٌ شَرْعًا، سواءٌ كانت الأفعال موافقةً أو مخالِفَةً، وذلك أنّ المجتهد لا يحكم على فعلٍ من الأفعال الصادرةِ عن المكلفين بالإقدام أو بالإحجام إلاّ بعد نَظَرِهِ إلى ما يئول إليه ذلك الفعل، فقد يكون مشروعًا لمصلحةٍ فيه تُسْتَجْلَبُ، أو لمفسدةٍ تُدْرَأُ..، ولكنّ له مآلًا على خلاف ما قُصِدَ فيه، وقد يكون غيرَ مشروعٍ لمفسدةٍ تنشأ عنه، أو مصلحة تندفع به، ولكنَّ له مآلًا على خلاف ذلك، فإذا أُطْلِقَ القول في الأول بالمشروعية، فربما أدى استجلاب المصلحة فيه إلى مفسدة تساوي المصلحة أو تزيد عليها، فيكون هذا مانعًا من إطلاق القول بالمشروعية، وكذلك إذا أُطْلِقَ القول في الثاني بعدم المشروعية، ربما أدى استدفاع المفسدة إلى مفسدةٍ تساوي أو تزيد، فلا يصحُّ إطلاق القول بعدم المشروعية"[١].

---

[١] الموافقات، الشاطبي (١٧٧).

جگە لەوەی کە پێویستە بۆ خوێندنەوەی هەر دەقێك و دابەزاندنی بۆ دونیای جێبەجێکردن، سەیری ڕێوشوێنی بکرێت، تێڕامان هەبێت لەو جێی کە دەبێتە زەمینەی جێبەجێکردن تا چەند هەلومەرجی ئەم دەقەی تێدایە، چەند دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە بەرژەوەندیەك بێتە دی، یان خراپەیەك وەلابنرێت، بە پێی ئەم ڕێوشوێنە دەتوانرێت واتایەك، یان بڕیارێك، یان تێگەیشتنێکی دروست بکرێت و خودی دەقەکە لە شوێنی خۆیدا بەگەڕبخرێت، بەم جۆرە سەیرکردن و وردبوونەوە دەوترێ (فقه الواقع).

ئیبن قەییم (٧٥١ك کۆچی دوایی کردووە) ئاماژە بۆ ئەم بابەتە دەکات و دەڵێت: "فەتوا ڕاست و دروست نابێت تەنها لە ڕێگەی ئەم دوو جۆرە تێگەیشتنەوە نەبێت: یەکەمیان تێگەیشتنی کەتوار و واقیعەکە، ئاشنا پەیداکردن لەگەڵی، دووەمیان تێگەیشتنی ئەوەی پێویستە بۆ ئەو جێیە کە ئەویش بڕیارە شەرعیەکەیە و جێبەجێبوونی لەو هەلومەرجەدا"[١].

ئایا هەموو دەستەواژەیەکی فەرمانی کردن (الأمر) یان فەرمانی نەکردن (النهی) وەك یەکن دەبڕێتەوە، جێگەی مشتومڕ نییە، یان نەخێر وەك یەك نین و جیاوازییان هەیە، پۆلێن دەکرێت بەپێی ڕاستی چەسپاوی دەقەکان و گەیاندنی واتاکان لە وشەکانەوە. ئەمەش بابەتێکی دیکەیە و بەهەند وەربگیرێت، خۆ سونەتیش فەرمانی تێدایە، بەڵام لە واجبدا وەك یەك نین. "أَنَّ الْمَنْدُوبَ مَأْمُورٌ بِهِ وَلَكِنْ دُونَ الْوَاجِبِ"[٢].

بابەتگەلێکی زۆر هەن کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بە خودی دەقەکان و دەستەواژەکانەوە، وەك گشتگیری (العام)، ڕەهایی (المطلق)، تایبەت (الخاص)، تایبەتکراو (المخصص)، پەیوەستکراو (المقید)، جۆرەکانی (دلالات)، وشە

---

[١] إعلام الموقعين، ابن قيم الجوزية (١/ ٨٨)..

[٢] المستصفى في علم الأصول (١١٥).

هاوبەشــەكان (المشــترك) و حەقیقــەت و مــەجاز. بۆیــە ئیمامولحەرەمــەین (٤٧٨ك كۆچی دوایی كردووە) دەڵێت: "زانستی بنەما فیقهیەكان زانستێكی ســەرەكی ئــەم بابەتانەیە، لەبەرئەوەی ئەو وشەی پێویستە لە دواوە بێت پێش نەخرێت، ئەوەشی لە پێشەوە نەخرێتە دواوە و پلەكانی بەڵگەكان روون بێتەوە و تێكەڵ نەكرێن."[1].

پێشــەوا غــەزالی (٥٠٥ك كۆچــی دوایــی كــردووە) ڕوونــتر دەڵێــت: "فــەتوادەر كــاتێ دەتوانێ دەستڕەس بێت كە مەدرەكە بەرهەمدارەكانی بڕیارەكان بزانێت و چۆنێتی وەربەرهێنانیان بزانێت"[2]. پێشەوا قەڕافی (٦٨٤ك كۆچی دوایی كردووە) دەڵێــت: "گەر بنەما فیقهیەكان نەبوایە، شەریعەت كەم و زۆری نەدەچەسپا" (لــولا أصــول الفقه لم يثبت من الشريعة لا قليل ولا كثير، فإن كل حكم شرعي لا بد لــه مــن ســبب موضوع، ودليل يدل عليه وعلى سببه، فإذا ألغينا أصول الفقه لم يثبت من الشـريعة لا قليل و لا كثير)[3].

باشترین ڕێگەیەك كە پێویست بێت ڕەچاوی بكەین بۆ ئەوەی بە دروستی لە فەرموودەكان تێبگەین، ئەو ڕێگەیەیە كە پێشەوا قەڕافی باسی كردووە و دواتر ئیبن عاشور دووپاتی كردووەتەوە، بریتیە لە ناسینی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وەك پێغەمبەرێكی خاوەن پێگەی گەورە، كە چەندین سیفەتی هەیە و هەریەكەیان پۆستێكی تایبەت بوون، فەرموودەكانی كە فەرمووونی لە كات و ساتی پیادەكردنی یەكێك، یان زیاتری ئەو پۆستانە بووە. ناكرێت هەرچی فەرموودەی هەیە لە یەك دیدەوە سەیری بكەین و ئەو پۆستانە نادیدە بگرین، لێرەوە هەڵە گەورەكە دروست دەبێت، كە هەموویان بەیەك دید سەیركراون. سەردارمان دادوەر بووە، وتەكانی لەو كاتەدا تایبەت دەبن بە دادوەرەكانەوە و بۆ ڕای گشتی نین.

---

[1] البرهان في أصول الفقه (٢/ ٨٧٠).

[2] المستصفى (١/ ٣٤٢).

[3] نفائس الأصول في شرح المحصول للقرافي (١/ ١٨).

سەرکردەیەکی سەربازی بووە، ئەوەی لەو ساتەدا فەرموویەتی تایبەت دەبن بە سەرکردە سەربازییەکانەوە و لە کاتی جەنگدا پیادە دەکرێن. هەروەها فەتوادەر بووە، ئاموژگاریکار بووە، بانگخواز بووە، مامۆستا و فێرکار بووە، یاسادانەربووە، فەرمانداری دەوڵەت بووە، چاکسازکار بووە، ڕاوێژیار بووە، ڕێنماکاربووە، ئادابدادار بووە. هەموو فەرموودەکانی لە یەك زەمینەدا و لە یەك شوێندا و بۆ یەك چین نەفەرمووە، تا بەم شێوەیە سەیری بکرێت، دەبێت پۆلێن بکرێت تا هەر یەکەیان لە شوێنی خۆیدا بوترێ و جێبەجێ بکرێت[1].

ئەم بۆچوونە بۆچوونی ئیبن قەییم بووە، دوای ئەوانیش، لە بنەماناسان چەند کەسی تر ئەم ڕایەیان هەبووە، لەوانە ئەسنەوی، دەڵێت: "النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ له منصب النبوة المقتضية لنقل الأحكام بالوحي عن الله تعالى، ومنصب الإمامة المقتضية للحكم والإذن فيما يتوقف عليه الإذن من الأئمة... ومنصب الإفتاء بما يظهر رجحانه عنده، فإنه سَيِّد المجتهدين"[2].

لە سەدەی سیازدەهەمدا دەهلەوی دەربارەی جۆرەکانی فەرموودە دەڵێت: "اعلم أن ما روي عن النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ ودوّن في كتب الحديث على قسمين: أحدهما: ما سبيله سبيل تبليغ الرسالة، فمنه: علوم المعاد، وعجائب الملكوت، وشرائع وضبط العبادات والارتفاقات بوجوه الضبط المذكورة. وهذه بعضها مستند إلى الوحي، وبعضها مستند إلى الاجتهاد، ومنه حِكَم مرسلة ومصالح مطلقة لم يؤَقِّتْها ولم يبين حدودها، كبيان الأخلاق الصالحة وأضدادها، ومستندها غالبًا الاجتهاد، ومنه فضائل الأعمال ومناقب العمال، وأرى أن بعضها مستند إلى الوحي وبعضها إلى الاجتهاد. وثانيهما: ما ليس من باب تبليغ الرسالة، ومنه الطب، ومنه... مستنده التجربة، ومنه ما فعله ـ صلى الله عليه وسلم ـ على سبيل العادة

---

[1] بنوارە: مقاصد الشريعة الإسلامية، ابن عاشور (٩٩)، وأنوار البروق في أنواع الفروق (١/ ٣٥٦).

[2] البحر المحيط، الزركشي، التعادل والترجيح (٥٠٩).

وبحسب الاتفاق دون القصد، ومنه ما ذكره كما ذكره قومه كحديث أم زرع، ومنه ما قصد به مصلحة جزئية يومئذ وليس من الأمور اللازمة لجميع الأمة، ومنه حُكم وقضاء خاص"[1].

بۆ نموونه فەرموودەی: "خذوا عني مناسككم"[2]، ئاماژەیە بە شەریعەت و یاسادانان، یان: "لیبلغ الشاهدُ منکم الغائب"، بە هەمان شێوەیە.

فەرموودەی: "أَنَّ رَسُولَ اَللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ وَقَفَ فِي حَجَّةِ اَلْوَدَاعِ، فَجَعَلُوا يَسْأَلُونَهُ، فَقَالَ رَجُلٌ: لَمْ أَشْعُرْ، فَحَلَقْتُ قَبْلَ أَنْ أَذْبَحَ. قَالَ: اِذْبَحْ وَلَا حَرَجَ فَجَاءَ آخَرُ، فَقَالَ: لَمْ أَشْعُرْ، فَنَحَرْتُ قَبْلَ أَنْ أَرْمِيَ، قَالَ: اِرْمِ وَلَا حَرَجَ، فَمَا سُئِلَ يَوْمَئِذٍ عَنْ شَيْءٍ قُدِّمَ وَلَا أُخِّرَ إِلَّا قَالَ: اِفْعَلْ وَلَا حَرَجَ"[3]، واتە: (لە حەجیماڵئاوایدا لە مینا لە سەر وڵاخەکەی بوو، خەڵك پرسیاریان لێدەکرد، پیاوێك وتی: نەمزانی سەرم تاشی پێش ئەوەی قوربانی بکەم. فەرمووی قوربانی بکە و هیچ نییە. کەسێکی دیکە وتی: پێش بەرد هاویشتن قوربانیم کردووە، فەرمووی بەرد بهاوێژە و هیچت لەسەر نییە. کەسێکی دیکە وتی: چووم بۆ کەعبە پێش ئەوەی بەردەکان بهاوێژم، فەرمووی بهاوێژە و کێشە نییە. پرسیاری لە هیچ شتێ لێ نەکرا کە پێش خرابێت یان دواخرابێت لەوانەی خەڵك لە بیریان دەچێ یان نایزانن هەر دەیفەرموو: بیکە و هیچ نییە). ئەم فەرموودەیە دیارە پەیوەندی بە فەتواوە هەیە دەچێتە بازنەی فەتوادان، دەبێت وەك فەتوا سەیری بکرێت، فەتواداران دەتوانن بەم شێوەیە بکەن.

---

[1] حجة الله البالغة، ولي الله الدهلوي (١/ ١٢٨– ١٢٩). شێخ محەمەد ڕەزا لە تەفسیرەکەیدا لە سورەتی (المائدە) ئایەتی: ﴿وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنْزِلَ مَعَهُ﴾ (الأعراف: ١٥٧) ئاماژە بەم بابەتە دەکات، تفسیر المنار (٩/ ٣١٧). هەروەها شێخ مەحمود شەلتوت لە بابەتی دابەشکردنی فەرمودەدا باسی دەکات.

[2] السنن الكبري للبيهقي (٥/ ١٢٥).

[3] صحيح البخاري (١/ ٤٣).

ئەو فەرموودانەی باسی چارەسەری کێشەی نێوان دوو کەس یان زیاتر، یان شکات و تۆماری داوا دەکەن، دەچنە بابەتی دادگایی و دادگاوە، وەك فەرموودەی: "فَقَالَ النَّبِيُّ ـ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ: "يَا زُبَيْرُ اسْقِ ثُمَّ أَرْسِلْ". فَقَالَ الْأَنْصَارِيُّ إِنَّهُ ابْنُ عَمَّتِكَ. فَقَالَ عَلَيْهِ السَّلَام: "اسْقِ يَا زُبَيْرُ ثُمَّ يَبْلُغُ الْمَاءُ الْجَدْرَ ثُمَّ أَمْسِكْ""[1].

هەروەها فەرموودەی: عَنْ سَمُرَةَ بْنِ جُنْدُبٍ: أَنَّهُ كَانَتْ لَهُ عَضُدٌ مِنْ نَخْلٍ فِى حَائِطِ رَجُلٍ مِنَ الأَنْصَارِ قَالَ وَمَعَ الرَّجُلِ أَهْلُهُ وَكَانَ سَمُرَةُ بْنُ جُنْدُبٍ يَدْخُلُ إِلَى نَخْلِهِ فَيَتَأَذَّى بِهِ وَيَشُقُّ عَلَيْهِ فَطَلَبَ إِلَيْهِ أَنْ يَبِيعَهُ فَأَبَى فَطَلَبَ إِلَيْهِ أَنْ يُنَاقِلَهُ فَأَبَى، فَأَتَى النَّبِىَّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ فَذَكَرَ ذَلِكَ لَهُ فَطَلَبَ إِلَيْهِ النَّبِىُّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ أَنْ يَبِيعَهُ فَأَبَى، فَطَلَبَ إِلَيْهِ أَنْ يُنَاقِلَهُ فَأَبَى، قَالَ: فَهَبْهُ لِى وَلَكَ كَذَا وَكَذَا، أَمْرٌ رَغَّبَهُ فِيهِ فَأَبَى، فَقَالَ: أَنْتَ مُضَارٌّ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ لِلأَنْصَارِىِّ: "اذْهَبْ فَاقْلَعْ نَخْلَهُ"[2].

ئەم فەرموودەیە لە حاڵەتی جەنگدا وتراوە: نَهَى رَسُولُ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ يَوْمَ خَيْبَرَ عن أكْلِ لُحُومِ الْحُمُرِ الأَهْلِيَّةِ[3]. هاوەڵان ڕاجیا بوون کە ئەم قەدەغەکردنە بەس لە کاتی جەنگدایە لەبەر پێویستی بە گوێدرێژەکان بۆ کاروباری گواستنەوە، یان بۆ هەموو کاتێکە.

فەرموودەی: عَنْ زَيْدِ بْنِ أَسْلَمَ عَنْ أَبِيهِ عَنْ عُمَرَ أَنَّهُ حَمَلَ عَلَى فَرَسٍ فِى سَبِيلِ اللَّهِ فَوَجَدَهُ عِنْدَ صَاحِبِهِ وَقَدْ أَضَاعَهُ وَكَانَ قَلِيلَ الْمَالِ فَأَرَادَ أَنْ يَشْتَرِيَهُ فَأَتَى رَسُولَ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ فَذَكَرَ ذَلِكَ لَهُ فَقَالَ: "لاَ تَشْتَرِهِ وَإِنْ أُعْطِيتَهُ بِدِرْهَمٍ فَإِنَّ مَثَلَ الْعَائِدِ فِى صَدَقَتِهِ كَمَثَلِ الْكَلْبِ يَعُودُ فِى قَيْئِهِ"[4]، ڕاوێژێکی پێ کراوە و وەڵامی

---

[1] صحيح البخاري (٣/ ١١١).

[2] سنن أبي داود (٣/ ٣٥٢). بەیهەقی دەڵێت: "وَقَدْ رُوِىَ فِى مُعَارَضَتِهِ مَا دَلَّ عَلَى أَنَّهُ لاَ يُجْبَرُ عَلَيْهِ".

[3] صحيح مسلم (٤/ ١٣٤).

[4] صحيح البخاري (٢/ ٩٢٥).

داوەتەوە، فەرمانێکی گشگیر نییە، پێویستکار نییە بۆ هەموو خەڵك، مەرج نییە ئەمە ببێتە یاسایەك بۆ هەموان.

فەرموودەی: أن أباه بشير بن سعد نحَلَ النعمان ابنه غلامًا من ماله دون بقية أبنائه، فقالت له زوجُه عمرة بنت رواحة، وهي أم النعمان: لا أرضى حتى تُشهد رسول الله. فذهب بشير وأعلم رسول الله بذلك. فقال له رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "أكلَّ ولدك نحلت مثلَه؟". قال: لا. قال: "لا تشهدني على جور"، وفي رواية: "أيسرك أن يكونوا لك في البر سواء؟" قال: نعم، قال: "فلا إذن"[1]. ئامۆژگاریکردن كە كارەكەیان باش نییە، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەشداری ئاوەها كارێك ناكات، بەڵام قەدەغەكردنی تەواوی تیا نییە كە نابێ كەس وابكات.

فەرموودەی: (أمَرنا رسول الله بسبع ونهانا عن سبع: أمرنا بعيادة المريض، واتباع الجنائز، وتشميت العاطس، وإبرار المقسم، ونصر المظلوم، وإفشاء السلام، وإجابة الداعي، ونهانا عن خواتيم الذهب، وعن آنية الفضة، وعن المياثر الحمر والقَسِّية والإستبرق والديباج والحرير)[2]. فێركردنی خەڵكە بۆ ئەوەی خۆیان بە ئاكاری جوانەوە سەرقاڵ بكەن.

فەرموودەی: (قال أبو ذر: قال لي خليلي: "يا أبا ذر أتبصر أُحُدًا؟" قلت: نعم. قال: "ما أحب أن لي مثل أُحُد ذهبًا أنفقه كُلَّهُ إلّا ثلاثة دنانير"[3]. فێركردنە نەك فەرمان بێت، نابێت كەس حەزی لە ماڵ و سامان بێت.

فەرموودەی: "مَنْ بَدَّلَ دِينَهُ فَاقْتُلُوهُ"[4]، لە كاتی جەنگدا فەرموویەتی، تایبەتمەندی حاڵەتی جەنگ وەردەگرێت، نەك بۆ هەموو كات و شوێن و جێگەیەك.

---

[1] صحيح مسلم (٢/ ١٥٠).

[2] الأدب المفرد، البخاري (١/ ٣١٨).

[3] صحيح البخاري (٢/ ٥١٠).

[4] صحيح البخارى (٣/ ١٠٩٨).

## پێوەرەكانی زانستی فەرموودەناسیی:

پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین كە زانایانی فەرموودەناس، ئەركێكی گەورەیان كێشاوە لە میانەی بەرجەستەكردنی زانستەكانی فەرموودەناسیی و هەولێكی گەورەیان داوە بۆ ئەوەی كەمترین هەڵە بكرێت لە گێڕانەوەی فەرموودە و بەكارهێنانی لە بوارە جیاجیاكانی ژیاندا، پەیڕەوكردنی خودی ئەو هەوڵەیان فاكتەرێكی زۆر باش دەبێت بۆ ئەوەی كە هزری سەپاندن و قەتیسمان لەسەر بۆچوونێك تێكبشكێنێت. بوارێكی زۆر فراوان دروست دەكات بۆ گفتوگۆ لەسەر خودی فەرموودەكان و ئەندازەی پابەندكردنیان. لێرەوە دەتوانین ئەوە بڵێین كە فەرموودەكان هەموویان یەك ئاستیان نییە و لە یەك پلەی دروستیدا نین، كەوابوو دەبێت لە بە بەڵگەكردنیاندا زۆر ورد و هێمن بین، پەلە نەكەین، بڕیاری دروست ئەوەیە كە هەموو ئەگەرەكان سەرنج بدرێت دواتر بڕیاری كۆتایی بدرێت.

مەبەست لەم قسەیە ئەوەیە كە هەر فەرموودەیەك دەكرێتە بەڵگە، سەیری پلەی دروستی بكرێت، پاشان ڕیزبەندی خودی فەرموودەكە لە كام بەشدایە، پاشان قسەیەك هەیە دەربارەی لە دروستی و نادروستی سەیر بكرێت، ئەوكات دەگەینە ئەو قەناعەتەی كە تا چەند دەتوانرێت وەك دەقێكی پابەندكار وایە و لادان لێی سەرپێچیە. هەموان دەزانین لە سەرەتاوە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕێگەی نەدا فەرموودەكان بنووسنەوە، ڕێگریەكی باش بوو لەوەی تێكەڵ بە قورئان ببێت، بەڵام هەندێك لە نووسەران بۆ خۆیان شتیان دەنووسی، دواتریش مۆڵەتیان پێدرا كە بنووسنەوە، بەڵام ڕای جیاوازیش هەبوو لە دواتردا لە نووسینەوەی لە نێوانی هاوەڵان و جێنشینەكان، بەڵام جۆرێك لە كۆدەنگی دروست بوو لەسەر نووسینەوەی[1].

[1] علوم الحديث، ابن الصلاح، بشرح العراقي (١٧١).

نووسینەوە و لەبەرکردنی گرنگ نییە ئەوەندەی چۆنیەتی بەکارهێنانی گرنگە، وەك خەتیبی بەغدادی (٤٦٣ك کۆچی دوایی کردووە) دەڵێت: "لە سەردەمی ئێمەدا کۆمەڵێك هەن فەرموودە دەنووسنەوە و لەبەری دەکەن، بەبێ ئەوەی سەرنجی مانای لێوەرگیراوی دەقەکە بدەن و ڕێگەی باش و ناباش لە یەك جیابکەنەوە"[١]. کەسی وایان هەبووە ڕۆژانە سەد ڕکات نوێژی کردووە، بەڵام فەرموودەیان لێ وەرنەگرتوە، لە شوعبە (١٦٠ك کۆچی دوایی کردووە) دەپرسن بۆ لە عەبدولمەلیکی کوڕی ئەبو سولەیمان فەرموودە وەرناگریت، خۆ بە (حسن الحديث) ناسراوە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: "مِنْ حُسْنِهَا فَرَرْتُ"[٢].

لە جیهانی ئیسلامیدا شەڕ و پێکدادان ڕوویدا، کێبەرکێیەکی سەخت هاتە کایەوە، پێوەرەکانی دینداری و متمانە و خۆپارێزی کەوتنە ژێر فشاری دەروونی، بۆیە حاڵەتێکی خراپ خوڵقا کە دانانی فەرموودە ئاسان بێت، لێرەوە زانایان وردەکارییان دەستپێکرد. هەرکەس بهاتایە و فەرموودەی بگێڕایەتەوە داوای ڕیزبەندی بیستن و کەسەکانیان لێ دەکرد، تا جۆرێك لە متمانە بگێڕنەوە بۆ گێڕانەوەی فەرموودە[٣]. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دانان بەناوی پێغەمبەرەوە هەر زۆر بووە لە هەزاران فەرموودە تێپەڕ دەکات (وضعت الزنادقة على النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ أربعة عشر ألف حديث)[٤].

### ١ـ دابەشکردنی فەرموودە:

کاتێك زانایان فەرموودەکان پۆلێن دەکەن، مەبەستیان ڕێگە دۆزینەوە بوو بۆ ئەوەی تێگەیشتن لە فەرموودەکان بە ڕێگەیەکی دروستدا گوزەر بکات، لە

---

١ الكفاية في علم الرواية، للخطيب البغدادي (٣، ٤).

٢ الجامع لأخلاق الراوي وآداب السامع، للخطيب البغدادي، برقم (٣٧١١) (١٢٧).

٣ بڕوانە: علل الحديث، للإمام أحمد بن حنبل، رقم (٣٦٤٠)، ومسلم في مقدمة صحيحه (١/ ١٥).

٤ منهج النقد في علوم الحديث، نور الدين عتر (٣٠٣).

هەمانكاتدا پلە و پێگەی فەرموودەكان یەكسان نەكرێن و لە خودی قورئان جیا بكرێنەوە. ئەم پۆلێنكردنەش پشت بە دوو ڕێگەی سەرەكی دەبەستێت، یەكەمیان ڕیزبەندی گێڕانەوەكەی (السند) كە لە كۆمەڵێك كەس پێكدێت، دووەم لە دەق و دەستەواژەی گوازراوە (المتن).

پۆلێنێكی گشتیان كردووە، كە دوو بەش لەخۆدەگرێت، ئەویش وەرگیراو، وەرنەگیراوە (المقبول والمردود)، ئەمانە لە سێ بەشدا كۆ دەكەنەوە: دروست (الصحيح)، جوان و باش (الحسن) و لاواز و بێ هێز (الضعيف)[1]. هەندێكی دیكە تەنها بە دوو بەش پۆلێنیان دەكەن (الصحيح، الضعيف) ئەوەی وەرگیراوە فەرموودەی دروستە، ئەوەی وەرنەگیراوە فەرموودەی لاوازە[2].

بەپێی گەیشتنی فەرموودەكان لە ڕێگەی گێڕانەوەوە كراوەتە دوو بەش (المتواتر، الآحاد) دەمادەم گەیشتووە، یان تاك تاك گێڕاویەتەوە. دواتر ئەوەی لە ڕێگەی تاك تاكەوە گەیشتووە بەپێی ڕێگەی گێڕانەوەی كراوەتە سێ بەش: بەناوبانگ (مشهور)، دەگمەن (عزيز) و نامۆ (غريب).

بەڵام بەپێی بەهێزیی و لاوازیی، فەرموودەكە كراوەتە دوو بەش: وەرگیراو (المقبول) و وەرنەگیراو (المردود). ئەوانەی دەچنە خانەی وەرگیراو بریتین لە فەرموودەی خود ڕاست (صحيح لذاته) و لەبەر جگە لە خودی دروستە (صحيح لغيره)، خود باش (حسن لذاته) و لەبەر جگە لەخودی باشە (حسن لغيره). ئەمانەش كراونەتە دوو بەش: (كارپێكراو، كارپێنەكراو) واتە وەرگیراوە، بەڵام مەرج نییە كاری پێ بكرێت. ئەوەشی كە وەرنەگیراوە (مردود) هۆكارەكەی دوو هۆكاری سەرەكیە: یەكیان لە ڕیزبەندەكەدا كەسێك لە ڕیزەكەدا نەماوە (سقط في السند) دووەمیان توانج لە گێڕەرەوەكەیە (طعن في الراوي).

---

[1] الوسيط في علوم ومصطلح الحديث، أبو شُهبة (٢٢٤).

[2] علوم الحديث ومصطلحه، د. صبحي الصالح (١٤١).

هەریەکە لەمانە چەندین بەش لەخۆدەگرێت، لێرەدا ناکرێت باسی هەموویان بکرێت، ئەم وردکردنەوەی زانایان بە مەبەستێکی گەورە کراوە، هەر خودی ئەم پۆلێنە پێوەرە بۆ ئەوەی بە دروستی مامەڵە لەگەڵ فەرموودەکان بکرێت، بەشی هەرە زۆرینە دەکەوێتە بازنەی نادروست و وەرنەگیراو. دەی بە ڕەهایی سەیرکردن و پشتبەستن بە تەنها بە دروست دانانی زانایەك، یان سەرچاوەیەك دەبێتە هەڵە بۆ فەرموودەناسی، چونکە مەرج نییە ئەو پێوەرەی ئەم زانایە کاری پێکردووە پێوەرێکی زۆر زانستیی بوو بێت، مەرجیش نییە تەنها هەر ئەوە ڕاست بێت، فەرموودەکان قسەیان زۆر لەسەر کراوە، گێڕانەوەی جیاجیایان هەیە بەیەك دەق و یەك گێڕانەوە وێنای دروست دەرناکەوێت، بۆیە دەبێت وردتر و زانستیی تر فەرموودە بخوێنینەوە، ئەوەی زانایان قسەیان لەسەری هەیە قسەی هەموویان وەربگیرێت و دواتر بە هەلومەرجی زانستیی تێڕامانی تیا بکرێت ئەوکات بەکاربهێنرێت.

**کەواتە بۆ ئەوەی بە دروستی لە فەرموودەکان تێ بگەین پێویستە:**

١- هەر فەرموودەیەك دەکرێتە بەڵگەیەکی بڕاوە و بێگومان دەبێت وردەکاری تەواوی بۆ بکرێت لە ڕوی سەنەد و مەتنەوە، ئەگەر قسە لەسەری کرا بوو، نابێتە بەڵگەیەکی بڕاوە.

٢- هەر فەرموودەیەك لە ڕیزی فەموودەی (المتواتر) نەبوو ناتوانرێت بە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە و بێگومان بناسرێت.

٣- هەموو ئەو فەرموودانەی وێژەی جیاجیایان هاتووە و بە چەند ڕێگەیەك گێڕاونەتەوە، دەبێت هەموو وێژەکان و ڕێگە جیاوازەکان بهێنرێن جا وێنای تەواو دەردەکەوێت.

٤- ئەو بابەتانەی کە فەرموودەیان تیا دەکرێتە بەڵگە وەك یەك نین، بابەتی هزری جیاوازە لە بابەتی ئاداب، وەك بابەتی ناسینی خودا جیاوازە لە بابەتی

عیبادەت و عادەت. بابەتی هەڵنان و ساردکردنەوە جیاوازە لە بابەتی دادوەریی بڕیاری شەرعی، بۆ هەریەکەیان ڕێبازێکی زانستی هەیە.

٥ـ بەڕەهایی تەماشاکردنی فەرمووده کارێکی نازانستیە، چونکە بەڵگەیەکی براوە نییە وەك قورئان.

لێرەوە ئەگەر پیادەی یاساکانی فەرموودەناسی بکەین ناکەوینە هەڵەوە لە کردنە بەڵگە و فەرموودە خوێندنەوە، بۆ نموونە فەرموودەی: "ما أسفل من الكعبين في النَّار يعني الإزار"[١]، کە بەچەند دەستەواژەیەك هاتووە، گەر هەموان پێکەوە کۆبکەینەوە و سەرنجیان بدەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم فەرموودەیە بەم شێوەیە بەڕەهایی جێبەجێ ناکرێت، لەوانی تردا هەندێ زیادەی تێدایە ماناکە و مەبەستە ڕووندەکاتەوە:

١ـ ئەم دەقە لە چەند ڕێگەیەکەوە گێڕاوەتەوە، لە هەندێکیاندا لاوازە، چونکە (وفيه عبيد الله بن تمام وهو ضعيف). بە وێژەیەکی دیکەش هاتووە کە دەفەرموێت: (عن ابن عباس قال: قال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "كل شئ جاوز الكعبين من الإزار في النار"[٢]، ئەمیش لاوازە، چونکە یەمامەی کوڕی موغیرە هەیە لە ڕیزبەندی گێڕانەوەکەیدا، جەماوەری زانایان دەڵێن لاوازە، بەڵام ئیبن عەدی دەڵێت خراپ نییە[٣].

٢ـ شێخ ئەلبانی دەڵێت: من دەڵێم فەرموودەیەکی دروستە، چونکە پشتگیری تری هەیە. "قلت: والحديث صحيح، له شواهد كثيرة عن أبي هريرة رضي الله عنه مرفوعا بلفظ: "ما أسفل من الكعبين من الإزار ففي النار"[٤].

---

[١] المجتبى من السنن، النسائي (٨/ ٢٠٧).

[٢] المعجم الكبير، الطبراني (١٠/ ٢٥٣).

[٣] مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، الهيثمي (٥/ ٢١٧).

[٤] صحيح البخاري (٧/ ١٤١)، السلسلة الصحيحة (٥/ ٦٥).

٣ـ ئەمەش گێڕاوەکانن کە دەبنە ڕوونکەرەوەی فەرموودەکە:

* عن عبد الله بن عمر قال: قال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "إزرة المؤمن إلى أنصاف ساقه، ليس عليه جناح فيما بينه وبين الكعبين، ما أسفل من الكعبين في النار، من جر ثيابه خِيلَةً لم ينظر الله إليه"[١].

* عن ابن عباس عن النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ قال: "إن الله عز وجل لا ينظر إلى مسبل الإزار"[٢].

* عن أبي ذر قال: قال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ : "ثلاثة لا يكلمهم الله عز وجل يوم القيامة ولا يزكيهم ولهم عذاب أليم، المنان بما أعطى، والمسبل إزاره، والمنفق سلعته بالحلف الكاذب"[٣].

* عن بن عمر قال: قال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "الإسبال في الإزار والقميص والعمامة، من جر منها شيئا خيلاء لا ينظر الله إليه يوم القيامة"[٤].

* عن سالم عن أبيه أن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ قال: "من جر ثوبه من الخيلاء لا ينظر الله إليه يوم القيامة" قال أبو بكر: يا رسول الله إن أحد شقى إزاري يسترخي إلا أن أتعاهد ذلك منه، فقال النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "إنك لست ممن يصنع ذلك خيلاء لَا يَنْظُرُ اللَّهُ إِلَى مَنْ جَرَّ إِزَارَةَ بَطَرًا"[٥].

* أنَّ النبيَّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ قَالَ: "مَنْ جَرَّ ثَوْبَهُ خُيَلاءَ لَمْ يَنْظُرِ اللهُ إِلَيْهِ يَوْمَ القِيَامَةِ"[٦].

---

[١] السنن الكبرى (٧/ ١٤).

[٢] المجتبى من السنن (٨/ ١٢٦).

[٣] سنن النسائي (٨/ ٥٩٦).

[٤] السنن الكبرى، النسائي (٧/ ٤٨٩).

[٥] المعجم الكبير (١٢/ ٣٠١).

[٦] صحيح البخاري (٧/ ١٤١).

* عن عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا يَقُولُ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ: "مَنْ جَرَّ ثَوْبَهُ مَخِيلَةً لَمْ يَنْظُرْ اللَّهُ إِلَيْهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ". فَقُلْتُ لِمُحَارِبٍ أَذَكَرَ إِزَارَهُ قَالَ: مَا خَصَّ إِزَارًا وَلَا قَمِيصًا"[1].

* عَنِ ابْنِ عُمَرَ، قَالَ: كَسَانِي رَسُولُ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ حُلَّةً مِنْ حُلَلِ السِّيَرَاءِ، أَهْدَاهَا لَهُ فَيْرُوزُ، فَلَبِسْتُ الإِزَارَ، فَأَغْرَقَنِي طُولًا وَعَرْضًا، فَسَحَبْتُهُ وَلَبِسْتُ الرِّدَاءَ، فَتَقَنَّعْتُ بِهِ، فَأَخَذَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ بِعَاتِقِي، فَقَالَ: "يَا عَبْدَ اللَّهِ ارْفَعِ الإِزَارَ، فَإِنَّ مَا مَسَّتِ الأَرْضُ مِنَ الإِزَارِ إِلَى مَا أَسْفَلَ مِنَ الْكَعْبَيْنِ فِي النَّارِ"[2].

لێرەوە زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت کە دابەزاندنی ئەم بابەتە لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە شێوەیەکی ڕەها وەك پۆشاکی عەرەبی هەڵەیەکی گەورەیە، پابەندکردنی خەڵکیش وەك دینداری کارێکی باش نەبووە، ئەمەش سەرچاوەکەی هەڵە خوێندنەوەی فەرموودەکان بووە نەك خودی فەرموودەکە. کەواتە کێشە لە بوونی فەرموودەکان نییە، بونیان پاشخانێکی دەوڵەمەندە بۆ هزری ئیسلامی، هەڵەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زانایەی دەیخوێنێتەوە و دەیەوێت ڕاڤەی بکات، زۆر بە خێرایی و بێ سەرنجی زانستیانە، وەرگرتنی یەك گێڕانەوە و وەلانانی ئەوانی تر، پشتبەستن بە یەك بۆچوون و پشتگوێخستنی ئەوانی دیکە هەڵەکەی دروستکردوە.

**ئەم فەرموودانە دەمانخەنە بەردەم چەند زانستێك:**

١ـ زانستی بنەما فیقهیەکان و پێوەرەکانی تێگەیشتن لە دەقەکان، کە دەقێك بەگشتی هاتبێ هەر بەگشتی نامێنێتەوە، هەر دەقێك بە ڕەهایی هاتبێ لە جێیەك و لە شوێنێکی دیکە بە تایبەت، ڕەهاکەش وەك تایبەتەکەی لێدێت.

---

[1] صحيح البخاري (٧/ ١٤٢).

[2] مسند الإمام أحمد بن حنبل (٢/ ٩٦).

٢ـ یاساکانی زانستی نەحو و تێڕامان لە ڕستە و پێکهاتەکانی، ئایا (ما أسفل) کە دواتر (من) حەرفی (جر) هاتووە بۆ ڕوونکردنەوەی بۆ دەستپێکردنە یان لێرە بۆ کۆتایی کارەکەیە، دواتر (ففي النار) ئەو حەرفە (ف) بۆ چ واتایەك دێت.

٣ـ گەڕانەوە بۆ زوبانی عەرەبی و زوبانەوانی کە وشەی (الكعبين) بە کوێ دەوترێ و تا کوێ دەگرێتەوە.

٤ـ زانستی فەرموودەناسی کە وەك باسمان کرد.

نموونەیەکی دیکە فەرموودەی:

* عَنِ الْعِرْبَاضِ بْنِ سَارِيَةَ قَالَ: صَلَّى لَنَا رَسُولُ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ صَلاَةَ الصُّبْحِ ثُمَّ أَقْبَلَ عَلَيْنَا فوَعَظَنَا مَوْعِظَةً وَجِلَتْ مِنْهَا الْقُلُوبُ وَذَرَفَتْ مِنْهَا الْعُيُونُ، فَقُلْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ كَأَنَّهَا مَوْعِظَةُ مُوَدِّعٍ فَأَوْصِنَا. قَالَ: "أُوصِيكُمْ بِتَقْوَى اللَّهِ وَالسَّمْعِ وَالطَّاعَةِ وَإِنْ تَأَمَّرَ عَلَيْكُمْ عَبْدٌ وَإِنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ فَسَيَرَى اخْتِلاَفًا كَثِيرًا فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ عَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الأُمُورِ فَإِنَّ كُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ"[١].

* "إياكم والبدع فإن كل بدعة ضلالة وكل ضلالة تصير إلى النار"[٢].

* عن ابن مسعود قال: "أصدق الحديث كتاب الله وأحسن الهدي هدي محمد ـ صلى الله عليه وسلم ـ وشرّ الأمور محدثاتها وكل محدثه بدعة وكل بدعة ضلالة"[٣].

* عن جابر محمد عبد الله قال: كان رسول الله الله يقول في خطبته: يحمد الله و يثني عليه بما هو له أهل ثم يقول: "من يهد الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له، إن أصدق الحديث كتاب الله، وأحسن الهدى هدى محمد، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار"[٤].

---

[١] السنن الكبرى للبيهقي (١٠/ ١١٤).

[٢] تاريخ دمشق، ابن عساكر (٣٤/ ١٧٤).

[٣] شعب الإيمان، البيهقي (٤/ ٢٠٠).

[٤] صحيح ابن خزيمة (٣/ ١٤٣).

دەبێت بۆ ڕاڤەکردنی ئەم ڕێگانە بگرینە بەر:

١ـ واتای زوبانیی و زاراوەیی (بدعة، ضلالة، محدث).

٢ـ پێکهاتەی ڕستەکە، ڕستەی (المبتدأ والخبر)، ئایا (خبر) خودی (مبتدأ)ە یان جیاوازە؟ ئایا (خبر) وەك تایبەتکارێکی (مبتدأ)ە یان ناسێنەر؟ لە هەریەك لەمەنادا واتاکە دەگۆڕێت. تا چەند ئەم دەستەواژەیە (وجوب) دەگەیەنێت.

٣ـ خودی پلەی فەرموودەکە لە زانستی فەرموودەناسیدا تا چەندەی قسەی پێغەمبەرە و چەندەی فەرموودەی ئەو نییە، کام گێڕانەوەیان زۆر جێگیرە و لە ڕیزی کام جۆری فەرموودەکانە.

٤ـ لە زانستی بنەماناسیدا دەتوانرێت ئەم ڕەهاییە هەر بە ڕەهایی بمێنێتەوە، یان دەبێت شتێکی دیکە تایبەتی بکات، وەك فەرموودەی" "من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد"[1]. ئایا شوێنی ئەم بابەتە هەموو بابەتەکانی ژیانە، یان تەنها بابەتی عیباداتە، یان ئەمە پەیوەستە بە کاروباری گوێڕایەڵی خەلیفە و بابەتی بەڕێوەبردنی کاری دەوڵەت، باس لە پاراستنی یەکڕیزیی نیشتیمانیە، وەك سەرەتاکەی باس لەوە دەکات، یان ئەمانە هەموویانە؟ یا نا.

هەر لەبەر ئەم هەڵەنەکردنەیە زانایانی فەرموودەناس چەند یاسایەکیان داناوە، وەك زانستێك ناویان بردون: (علم مختلف الحديث)، (علم ناسخ الحديث ومنسوخه)، (علم أسباب ورود الحديث)، (علم غريب الحديث) و (قاعدة جمع الروايات في الموضوع الواحد) کە لای زانایانی فەرموودەناس و فیقهناس و بنەماناسەکان کارپێکراوە. بەهۆی ئەم یاساوە دەتوانین هۆکار و ئامانجی فەرموودە دەربخەین و ڕەهاییکردن و نادیاریەکانی زیادەکانی ڕوون ببێتەوە.

---

[1] صحيح البخاري (٢/ ٩٥٩).

# کۆتایی

زانستەکانی زوبانی عەرەبی پێمان دەڵێت هەر دەقێکی قورئان و فەرموودە هەبێت دەبێت بەپێی یاساکانی ئەو زوبانە واتا بکرێت. واتای وشەکان لەگەڵ واتای زاراوەیدا پەیوەندیان هەیە پێکەوە، دەکرێت خودی واتا زوبانیەکە تایبەتکاریی واتا زاراوەییەکە بێت.

ڕستەی هەواڵیی جیایە لەگەڵ ڕستەی فەرمانیی، ڕستەی فەرمان بە فەرمانی ڕاستەوخۆ جیاوازە لە فەرمانی ناڕاستەوخۆ، هەروەك نەکەی ڕاستەوخۆ جیایە لە نەکەی ناڕاستەوخۆ، هەروەك هەواڵدەر کێیە؟ خودی بێژەرە، یان کەسێکی دیکە دەڵێت وای وت؟ ئەم دوو ڕستەیە وەك یەك نین، هەموو فەرموودەکانیش دابەش دەبن بەسەر ئەم جۆرە ڕستانەدا.

فەرموودەکان زۆربەیان یان ڕوونکەرەوەی ناڕوونێکی دەقێکی قورئانە، یان درێژەی بابەتێکی کورتە، یان تەواوکاری هەواڵێکی قورئانیە، یان ئالیەتی جێبەجێکردنی فەرمانێکی قورئانە، ئەمانە دەبنە دەقی پاشکۆی قورئان و سەربەخۆ نابن. ئەوەی بەگشتی هاتبێت نابێت بگشتێنرێت هەتا دڵنیایی تەواو دروست نەبێت لە گشتی بوونی یان نەبوونی.

فەرموودەکان هۆکاری وتن و شوێنی وتن و کاتی وتن تیایاندا ڕچاوکراوە، چونکە خودی پلەی پێغەمبەرایەتی و تەواوبوونی گەیاندنی لە ماوەی ٢٣ ساڵ پێغەمبەرایەتی ئەوە دەسەلمێنێت ئەمانە بەرهەمی ئەو زەمین و زەمانە و شوێنانەیە، ڕەهاکردنیان لەوانە هەڵە لە تێگەشتندا دروست دەکات.

خودی دابەشکردنی فەرموودەکان بۆ سێ پلە (دەماودەم، بەناوبانگ و دەرکەوتوو، هەواڵی تاکەکان)یان دوو بەش بەبێ دووەمیان، مانای وایە کە هەموویان وەك یەك نین، ناکرێت بە ڕەهای وەریان بگرین. یەك پلە نەبوون بەڵگەی

هەرە گەورەیە کە فەرموودەکان کەمێکیان دەبنە بەڵگەیەکی پابەندکار، ئەوانی تر دەبێت بۆ پابەندکاریان زۆر وردبینی بکرێت، تەنها بە ڕایەك کە دەڵێت دروستە نابنە پابەندکار، چونکە ڕایەکی دیکەش هەیە کە دەڵێت نەسەلماوە کە دروستە و ڕاستە. بەم پێوەرە زانایانی پێشین کەمترین گرفتیان سازاندووە لە نێوانی خۆیاندا.

مەبەستە شەرعیەکان کە دابەش دەبن بۆ سێ تەوەری گرنگ، مانای وایە ئەوەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەیفەرموێت لەم سێ تەوەرە دەرناچێت، دەی ناکرێت هەموویان لە یەك تەوردا قەتیس بکەین.

گێڕانەوەی جیاوازی فەرموودەکان هیچیان بە تەنها نابنە بەڵگەی تەواو هەتا تەواوی گێرانەوەکان کۆنەکرێنەوە، چونکە وەك وێنەیەکی پارچەپارچەکراو وایە دەبێت هەموویان لە یەك بدەیت جا وێنەکە دروست دەبێت و تەواو دەردەکەوێت.

دەقەکانی فەرموودە هەموویان خودی ئەو وشانە نییە کە خودی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی، هەندێکی زیادەی گێڕەوەی تیایە، هەندێکی تری ماناکەی وتووە بە دەستەواژەی خۆی، هەندێکی دیکەی گومانی هەیە کامیانی وتووە و هەندێکی دیکەی خۆی نەیبیستوە بۆیان گێراوەتەوە، ئەمانە هەریەکەیان مامەڵەی جیاواز دەخاتە بەردەم خوێنەر و ڕاڤەکار.

# سەرچاوەکان

١ـ الأدب المفرد، محمد بن إسماعيل أبو عبد الله البخاري الجعفي، تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي، دار البشائر الإسلامية ـ بيروت، ط٣، ١٤٠٩هـ/ ١٩٨٩م.

٢ـ الاعتصام، أبو إسحاق الشاطبي، المكتبة التجارية الكبرى ـ مصر.

٣ـ إعلام الموقعين، محمد بن أبي بكر ابن قيم الجوزية (ت٧٥١هـ)، تحقيق: طه عبد الرؤوف سعد، مكتبة الكليات الأزهرية، مصر ـ القاهرة، ١٣٨٨هـ/ ١٩٦٨م.

٤ـ أنوار البروق في أنواع الفروق، أبو العباس شهاب الدين أحمد بن إدريس بن عبد الرحمن المالكي الشهير بالقرافي (ت ٦٨٤هـ)، عالم الكتب، بدون طبعة وبدون تاريخ.

٥ـ إيجاز التعريف في علم التصريف، محمد بن عبد الله ابن مالك الطائي الجياني، أبو عبد الله، جمال الدين (ت ٦٧٢هـ)، المحقق: محمد المهدي عبد الحي عمار سالم، عمادة البحث العلمي بالجامعة الإسلامية، المدينة المنورة، المملكة العربية السعودية، ط١، ١٤٢٢هـ/ ٢٠٠٢م.

٦ـ البحر المحيط، بدر الدين محمد بن عبد الله بن بهادر الزركشي (ت ٧٩٤هـ)، المحقق: محمد محمد تامر، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ط١، ١٤٢١هـ/ ٢٠٠٠م.

٧ـ البرهان في أصول الفقه، عبد الملك بن عبد الله بن يوسف بن محمد الجويني، أبو المعالي، ركن الدين، الملقب بإمام الحرمين (ت ٤٧٨هـ)، المحقق: صلاح بن محمد بن عويضة، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ط١، ١٤١٨هـ/ ١٩٩٧م.

٨ـ البلاغة العربية أسسها وعلومها وفنونها، عبدالرحمن حسن حبنكة الميداني، دار القلم، ط١، ١٤١٦هـ/ ١٩٩٦م.

٩ـ البلاغة العربية أصولها وامتداداتها، محمد العمري، إفريقيا الشرق ـ المغرب، ١٩٩٩م.

١٠ـ تاج العروس، محمّد بن محمّد بن عبد الرزّاق الحسيني، أبو الفيض، الملقّب بمرتضى، الزَّبيدي (ت ١٢٠٥هـ)، المحقق: مجموعة من المحققين، دار الهداية.

١١ـ تاريخ دمشق، أبو القاسم علي بن الحسن بن هبة الله المعروف بابن عساكر (ت ٥٧١هـ)، المحقق: عمرو بن غرامة العمروي، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع.

١٢ـ التحرير والتنوير، محمد الطاهر بن محمد بن محمد الطاهر بن عاشور التونسي (ت ١٣٩٣هـ)، الدار التونسية للنشر ـ تونس، ١٩٨٤هـ.

١٣ـ الجامع المسند الصحيح المختصر، محمد بن إسماعيل ابن إبراهيم بن المغيرة البخاري، أبو عبد الله، المحقق: محمد زهير بن ناصر الناصر، دار طوق النجاة، ط١، ١٤٢٢هـ.

١٤ـ الجامع لأخلاق الراوي وآداب السامع، للخطيب البغدادي، مخطوطة البلدية بالإسكندرية، برقم ٣٧١١.

١٥ـ حجة الله البالغة، أحمد بن عبد الرحيم بن الشهيد وجيه الدين بن معظم بن منصور المعروف بالشاه ولي الله الدهلوي (ت ١١٧٦هـ)،المحقق: السيد سابق، دار الجيل، بيروتـلبنان.

١٦ـ دلائل الإعجاز، أبو بكر عبد القاهر بن عبد الرحمن بن محمد الجرجاني، تحقيق: د. محمد التنجي، دار الكتاب العربي ـ بيروت، ط١، ١٩٩٥.

١٧ـ سنن أبي داود، أبو داود سليمان بن الأشعث السجستاني، دار الكتاب العربيـ بيروت.

١٨ـ السنن الكبرى، الامام أبي عبد الرحمن أحمد بن شعيب النسائي، تحقيق: د. عبد الغفار سليمان البنداري وسيد كسروي حسن، دار الكتب العلمية، بيروتـلبنان.

١٩ـ السنن الكبري، أبو بكر أحمد بن الحسين بن علي البيهقي، مجلس دائرة المعارف النظامية الكائنة في الهند ببلدة حيدر آباد، ط١، ١٣٤٤هـ.

٢٠ـ سنن النسائي، أبو عبد الرحمن أحمد بن شعيب النسائي، المحقق: مكتب تحقيق التراث، دار المعرفةـ ببيروت، ط٥، ١٤٢٠هـ.

٢١ـ شرح مسلم، صحيح مسلم بشرح النووي، محي الدين، النووي، دار الكتاب العربي، بيروت ـ لبنان، ١٤٠٧هـ/ ١٩٨٧م.

٢٢ـ صحيح ابن حبان، الأمير علاء الدين علي بن بلبان الفارسي (ت ٧٣٩هـ)، حققه وخرج أحاديثه وعلق عليه: شعيب الارنؤوط.

٢٣ـ صحيح مسلم، أبو الحسين مسلم بن الحجاج القشيري النيسابوري، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي. دار إحياء التراث العربي ـ بيروت.

٢٤ـ العربيَّة الصَّحيحة، أحمد ختار عمر، ط٢، عالم الكُتُب ـ القاهرة، ١٩٩٨م.

٢٥ـ عرض كتاب نظريّة المصطلح النّقديّ، عزت محمّد جاد، محمّد عبد الله حسين، الهيئة المصريّة العامّة للكتاب ـ القاهرة، ٢٠٠٢م.

٢٦ـ علل الحديث، للإمام أحمد بن حنبل، مخطوطة الظاهرية.

٢٧ـ علوم الحديث ومصطلحه، د. صبحي إبراهيم الصالح (ت ١٤٠٧هـ)، دار العلم للملايين، بيروت ـ لبنان، ط١٥، ١٩٨٤م.

٢٨ـ علوم الحديث، لأبي عمرو ابن الصلاح، بشرح العراقي، المطبعة العلمية بحلب، ١٣٥٠هـ/ ١٩٣١م.

٢٩ـ عون المعبود شرح سنن أبي داود، للعلامة أبي الطيب محمد شمس الحق العظيم آبادي مع شرح الحافظ شمس الدين ابن قيم الجوزية، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ط٢، ١٤١٥هـ/ ١٩٩٥م.

٣٠ـ في فقه الأولويات، دراسة جديدة في ضوء القرآن والسنة، د. يوسف القرضاوي، مكتبة وهبة ـ القاهرة، ط٢، ١٤١٦هـ/ ١٩٩٦م.

٣١ـ قواعد الأحكام في مصالح الأنام، أبو محمد عز الدين عبد العزيز بن عبد السلام السلمي (ت ٦٦٠هـ)، تحقيق: محمود بن التلاميد الشنقيطي، دار المعارف بيروتـ لبنان.

٣٢ـ الكفاية في علم الرواية، للخطيب البغدادي، ط. دائرة المعارف العثمانية بحيدر آباد، ١٣٥٧هـ.

٣٣ـ لسان العرب، محمد بن مكرم الأفريقي المصري، ابن منظور، دار صادر ـ بيروت، ط١.

٣٤ـ المجتبى من السنن، أحمد بن شعيب أبو عبد الرحمن النسائي، تحقيق: عبدالفتاح أبو غدة، مكتب المطبوعات الإسلامية ـ حلب، ط٢، ١٤٠٦هـ/ ١٩٨٦.

٣٥ـ مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، نور الدين علي بن أبي بكر الهيثمي، دار الفكرـ بيروت، ١٤١٢هـ.

٣٦ـ المستصفى في علم الأصول، أبو حامد محمد بن محمد الطوسي الغزالي (ت ٥٠٥هـ)، تحقيق: محمد عبد السلام عبد الشافي، دار الكتب العلمية، ط١، ١٤١٣هـ/ ١٩٩٣م.

٣٧ـ مسند الإمام أحمد بن حنبل، أحمد بن حنبل أبو عبد الله الشيباني، مؤسسة قرطبة ـ القاهرة.

٣٨ـ المعجم الكبير، للحافظ ابى القاسم سليمان بن أحمد الطبراني (٢٦٠ـ ٣٦٠ هـ)، حققه وخرج أحاديثه: حمدي عبد المجيد السلفي، ط٢.

٣٩ـ المعجم الوسيط، إبراهيم مصطفى ـ أحمد الزيات ـ حامد عبد القادر ـ محمد النجار، تحقيق: مجمع اللغة العربية، دار الدعوة.

٤٠ـ معجم مقاييس اللغة، أبو الحسين أحمد بن فارس بن زكريا، المحقق: عبد السلام محمد هارون، دار الفكر، ١٣٩٩هـ/ ١٩٧٩م.

٤١ـ مفتاح العلوم، أبى يعقوب يوسف بن محمد بن على السكاكي (٦٢٦هـ)، المحقق: عبد الحميد الهنداوى، دار الكتب العلمية، ط١، ٢٠٠٠م.

٤٢ـ المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم، الشيخُ الفقيهُ الإمام المحدِّثُ الحافظ أبو العبَّاس، أحمَدُ بنُ الشيخِ المرحومِ الفقيهِ أبي حَفْصٍ عُمَرَ بنِ إبراهيمَ الحافظ، الأنصاريُّ القرطبيُّ.

٤٣ـ منهج النقد في علوم الحديث، نور الدين محمد عتر الحلبي، دار الفكر، دمشق ـ سورية، ط٣، ١٤١٨هـ/ ١٩٩٧م.

٤٤ـ الموافقات، إبراهيم بن مسوى بن محمد اللخمي الشاطبي، دراسة وتحقيق: أبو عبيدة مشهور بن حسن آل سلمان، دار ابن عفان، ط١، ١٤١٧هـ/ ١٩٩٧م.

٤٥ـ نفائس الأصول في شرح المحصول، شهاب الدين أحمد بن إدريس القرافي (ت ٦٨٤هـ)، المحقق: عادل أحمد عبد الموجود، علي محمد معوض، مكتبة نزار مصطفى الباز، ط١، ١٤١٦هـ/ ١٩٩٥م.

٤٦ـ النهاية في غريب الحديث والأثر، مجد الدين أبو السعادات المبارك بن محمد بن محمد بن محمد ابن عبد الكريم الشيباني الجزري ابن الأثير (ت ٦٠٦هـ)، تحقيق: طاهر أحمد الزاوى ـ محمود محمد الطناحي، المكتبة العلمية ـ بيروت، ١٣٩٩هـ/ ١٩٧٩م.

٤٧ـ الوسيط في علوم ومصطلح الحديث، محمد بن محمد بن سويلم أبو شُهبة (ت ١٤٠٣هـ)، دار الفكر العربي.

# چەند تێگەیشتنێکی هەڵە
# لەبارەی پابەندبوون بە سوننەتەوە

د. ناصح فەتاح نصر الله
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان

خوای گەورە بەردەوام مرۆڤەکانی لەڕێی پەیامبەرانەوە بێدار کردووەتەوە، تا ڕێگای ڕاست بگرنەبەر و جوانترین دیمەنی ئاوەدانی لەسەر زەوی دروست بکەن و ژیار و شارستانیەت فەراهەم بێنن و دواڕۆژی خۆشیان مسۆگەر بکەن، ئەم بێدارکردنەش لە ڕێگای پێغەمبەرانەوە بووە (سەلامی خوایان لەسەر بێت)، کە ئەوانیش خوا هەڵیاندەبژێرێت و پەیامی خۆیان ئاراستە دەکات، ئەوانیش هەڵدەستن بە گەیاندن و ڕونکردنەوەی ئەم پەیامە.

لە ئیسلامدا، قورئانی پیرۆز پەیامی خوایە و فەرموودەکانی پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) ڕوونکەرەوەن بۆ ئەو پەیامە، کە بەجوانترین شێوەش گەیاندوویەتی بە خەڵکی، دواتریش زانایان تەواو هەوڵیان خستۆتە گەڕ تا بە

شـێوازێکی ڕاسـت و دروسـت ئـەم فەرموودانـە کۆبکەنـەوە و تۆمـاری بکـەن، تـا ڕوونکردنـەوەی قورئـانی پـیرۆز هـەتا ڕۆژی دوایـی لـە خزمـەت قورئـانی پـارێزراودا بمێنێتەوە. ئەوەی جێی تێبینی و توێژینـەوە لەسـەرکردنە، مامەڵـەی گونجـاوە لـە خزمەت قورئانی پـیرۆز و فـەرموودەکانی پێغەمبـەردا (دروودی خـوای لەسـەر)، تـا بتوانین وەك سەرەتای سەردەمی ئیسلام جـوان لـە واتـا و مەبەسـتە مەزنـەکانیان تێبگـەین، هەربۆیـە زانسـتی ڕاڤـەی قورئـانی پـیرۆز و وەرگـرتنی فـەرموودە و شیکردنەوەی داڕێژراوە، تـا ببێتـە بەرچـاوڕوونی بـۆ هـەموو شـوێنکەوتووانی و بـە شێوازی دروست لە پەیامی خوایی تێبگەن.

دیارە فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هەرچەند وەك قورئانی پیرۆز پارێزراو نەبووە، کە هەموو پیت و وشەکانی پارێزراو بێت، هەربۆیە زانایانی فەرموودە زیاتر توانایان خستۆتە گەڕ و ڕاست و دروستیان جیاکردۆتەوە لە فەرموودەکاندا و لاواز و هەڵبەستراویان دیاری کردووە تا بە شێوازی دروست مامەڵە بکرێت لەگەڵ فەرموودەکان. لەهەمانکاتدا دوای دەرکەوتنی دروستیی و ڕاستی فەرموودەکان گرفتی تێگەیشتن (الفهم) دێتە پێشەوە، هەر بۆیە پێویستە مەبەستی ڕاستەقینەی فەرموودەکان تێبگەین، تا شوێنکەوتووانی ئەم ئاینە پیرۆزە لە هەڵەی تێگەیشتن خۆیان بپارێزین.

ئەم توێژینەوەیە بەدواداچوون و شیکاریە بۆ ئەم باسە لە بازنەیەکی دیاریکراودا و پەیوەسـت بـەم کـات و سـەردەمەی ئێمـەی تێـدا دەژیـن و هەنگاوێکـە بـۆ ڕاستکردنەوەی تێگەیشـتنی هەڵـە لـەبارەی پاپەنـدبوون بـە سـوننەتەکانەوە. ئـەم باسەش بێ گرفت نییە تا هەندێك ڕاستیی دەردەخەیت و دەوروبەر تێدەگەیەنیت و هەڵەکانیان بۆ ڕاست دەکەیتەوە.

**چەند هەڵەیەك بەهۆی کەم زانستیەوە لەبارەی سوننەتەوە:**

هەندێك لەو گرفتانەی لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ سوننەتدا ڕوو دەدات، بەهۆی کەمی زانست و شارەزانەبوونەوەیە، گەرچی دەگونجێت ئەو کەسە زۆر دڵپاك و دڵسۆزیش بێت، بەڵام کەمی زانست زۆرێك لە دڵسۆزەکان دەخاتە ناو هەڵەوە، لێرەدا دەتوانین لە چەند خاڵێکدا تیشك بخەینە سەر ئەم باسە و ڕوونی بکەینەوە:

**١- بێئاگابوون لە کۆی فەرموودەکان لە بابەتێکدا:**

یەکێك لە هۆکارەکانی تێگەیشتنی هەڵە بە هۆی کەم زانستییەوە، بێ ئاگابوونە لە کۆی فەرموودەکان کە لەیەك تەوەر و بازنەی یەك بابەتدا هاتوون. هەندێ کەس تەنها یەك فەرمووده دەبینن، تەنها گرنگ بە لایانەوە ئەوەیە فەرموودەکە ڕاست و دروست بێ، بەڵام بێ وردبینی لە کۆی ئەو فەرموودانەی لەو بابەتانەدا هاتوون و بێ گەڕانەوە بۆ فەرمووده ڕاست و دروستەکانی تر کە لەهەمان بابەتدا هاتوون، لەگەڵ ئەمەشدا خێرا ئەو فەرموودەیە وەردەگرن و بەڵگەی پێ دەهێنرێتەوە، بەمەش کەلێنێك دروست دەبێت لە تێگەیشتن لەو فەرموودەیە و ناتوانرێت جوان ڕوونبکرێتەوە و لایەنەکانی پەیوەست بەمەوە پشتگوێ دەخرێت، بەمەش مەبەستی سەرەکی فەرموودەکان نایەتە دی و واتا جوانەکانیشی لەدەست دەدات.

لەڕاستیدا ئەمە یەکێکە لەو کێشانەی لەم سەردەمەدا زۆرێکی تێدەکەوێت، تەنها فەرموودەیەك دەبینن لە بوارێکدا، بێ گوێدانە فەرموودەکانی دیکە لەو بابەتەدا هاتوون و واتاکان ڕوونتر و ئاشکراتر دەکەن، خێرا فەتوای پێ دەدەن و قسەی زۆری لەبارەوە دەکەن و سەرەنجامیش بەهەڵەدا دەچن و خەڵکانی تریش بەهەڵەدا دەبەن و گوێش نادەن بە قسەی کەسانی زاناتر لە خۆیان! بە بەڵگەی ئەوەی ڕواڵەتی فەرموودەکەی بەدەستیانەوەیە ڕاست و دروستە.

بە نموونە ئەو فەرموودەیەی لە بوخاریدا هاتووە لە ئەبو ئومامەی باهلیەوە کاتێك (گاسن)ی کێڵانی دی، وتی من بیستوومە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای

لەسەر) فەرمویەتی: "لا يدخل هذا بيت قوم إلاّ أدخله الله الذل"[1]. واتە: (وێنەی ئەم "گاسنە" لەهەر ماڵێكدا بێت ئەوا خوای گەورە سەرشۆڕی دەخاتە ناویان). لە ڕواڵەتی ئەم فەرموودە وا دەردەكەوێت پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) حەزی لە كێڵان و كشتوكاڵ نەبێت. فەرموودەكە لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە! كەسێك بێئاگا بێت لە كۆی ئەو فەرموودانەی لەمبارەوە هاتوون، كە باس لە گرنگیی باخ و كێڵان و كشتوكاڵ دەكات، دەكەوێتە هەڵەیەكی مەزنەوە[2]، یان فەرموودەكە بەرپەرچ دەداتەوە بە بەڵگەی ئەوەی دژە لەگەڵ قورئان! یان خەڵك سارد دەكەنەوە لەو هەموو هۆكارە نوێیانەی لەمرۆدا كارئاسانی لە بواری كشتوكاڵدا دەكەن.

ڕێگاچارەش بۆ واتاكردنی ئەم فەرموودەیە بەڕاستیی و دروستی ئەوەیە هەموو فەرموودەكان لەم بارەوە كۆبكرێتەوە، پاشان بەرامبەری بكرێت تا ژینگە و كات و ساتی وتنی ئەم فەرموودەیە ڕوون بێتەوە، پاشان واتاكان پێكەوە ببەسترێت ئەوجا وێنەی تەواوی فەرموودەكە بەدەردەكەوێت و واتا جوانەكانی ڕوون دەبێتەوە.[3]

---

[1] أخرجه البخاري فِي بَاب مَا يُحَذَّرُ مِنْ عَوَاقِبِ الِاشْتِغَالِ بِآلَةِ الزَّرْعِ، أَوْ مُجَاوَزَةِ الحَدِّ الَّذِي أُمِرَ بِهِ، عَنْ أَبِي أُمَامَةَ البَاهِلِيِّ، رقم الحديث (٢٣٢١).

[2] قَالَ الدَّاوديّ: "هَذَا لمن يقرب من الْعَدو فَإِنَّهُ إِذا اشْتغل بالحرث لَا يشْتَغل بالفروسية ويتأسد عَلَيْهِ الْعَدو، وَأما غَيرهم فالحرث مَحْمُود لَهُم". واتە: (داودی دەڵێت: ئەمە بۆ ئەو كەسەیە نزیكە لە دوژمنەوە، جا ئەگەر سەرقاڵ بوو بە كشتوكاڵ و خۆی سەرقاڵ نەكرد بە سوارچاكی و جەنگاوەری، دوژمن بوویە شێر بەسەریەوە و زاڵ دەبێت، بەڵام جگە لەمانە كشتوكاڵ زۆر باشە بۆیان): عمدة القاري شرح صحيح البخاري، العينى (١٢/ ١٥٦).

[3] لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا هاتووە: (واتای ئەم فەرموودەیە، هەڵنانی خەڵكی بۆ كارە مەزنەكان، داواكردنی ڕۆزیش لەكارە مەزنەكانە، بەڵام كاتێت پێغەمبەر ترسا لەوەی ئوممەتەكەی سەرقاڵی كشتوكاڵ بن و سوارچاكی و تێكۆشان لە پێناو خودا زایە بكەن، ئەوا ئەو ئوممەتانەی سوارچاكن و ژیانیان لەوەوە دابین دەكەن بەسەر ئەماندا زاڵ دەبن، بۆیە هەڵی ناون كە ئەمانیش بە سوارچاكیش

له وێنەی ئەو فەرموودەیەی باسکرا، چەندین فەرموودەی تر هەن، باس لە گرنگیی کشتوکاڵ دەکەن، بەڵام فەرموودەکان ڕوونکردنەوەیەك دەدەن کە ناکرێت خەڵکی وازبێنن لە خزمەت و تێکۆشان و هەموان هەر لە دوای ئاژەڵ و کشتوکاڵ بکەون، بەڵکو دەبێت لە کاتی جەنگەکاندا هەندێ لە خەڵکی وازبێنن لە کشتوکاڵ و ئاژەڵ، وەك شێری مەیدان بن و بەرگری و تێکۆشان بکەن، وەك لە فەرموودەی تردا هاتووە، دەفەرموێ: "إذا تبايعتم بالعينه وأخذتم أذناب البقر، ورضيتم بالزرع، وتركتم الجهاد سلط الله عليكم ذلا لا ينزعه حتى ترجعوا إلى دينكم"[1]. واتە: (ئەگەر کڕین و فرۆشتنی حازر بە قەرزتان کرد و دەستان بە کلکی مانگاوە گرت و ڕازی بوون بە کشتوڵ و وازتان هێنا لە خەبات و تێکۆشان، ئەوا خوای گەورە دەتانخاتە داماوی و زەبوونییەك لەسەرتان لاناچێت تا دەگەڕێنەوە بۆ ئایینەکەتان).

ئەم فەرموودەیە وێنە گەورەکەمان بۆ دەکات کە نابێت کشتوکاڵ و کاسپی و پارە و پاروو بەدەستهێنان بێتە جێگرەوەی خەبات و تێکۆشان لەپێناو خوادا. هەرکات وای لێهات، ئیتر هەموو هۆکارەکانی کشتوکاڵ و بازرگانیکردن دەبێتە سەرچاوەی دونیاویستی و داماوی و ژێردەستەی دوژمنان[2]، تەنها لەم کات و لەم شێوەدا بە نەشیاو و نەگونجاو دادەنرێت، نەك لە کاتەکانی دیکەدا.

---

ژیانیان بەدەست بێنن، نەك هەموان هەرسەرقاڵی کشتوکاڵ بن و زەوی ئاوەدان بکەنەوە و بە پەیداکردنی سەروەت سەرقاڵ بن، دواتر بکەونە ژێر دەستی ئەوانەی خاوەن دەستەڵات و سوارچاکن): شرح صحيح البخاري لابن بطال (٦/ ٤٥٧).

[1] أخرجه أبو داود، عَنِ ابْنِ عُمَرَ بسند صحيح برقم (٣٤٦٢) (٣/ ٢٧٤). وأخرجه البيهقي برقم (١٠٧٠٣) (٥/ ٥١٦).

[2] چەندین فەرموودەی تریش هەن کە باس لە گرنگیی چاندن و ئاوەدانی و کشتوکاڵ دەکەن، کە وێنا گەورەکەی ئەم باسەمان بۆ پشت ڕاست دەکاتەوە، وەك فەرموودەی باخکردن کە لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە بەناوی (كتاب الحرث والمزارعة)، بنواڕە: صحيح البخاري (٣/ ١٠٣)، مسلم (٣/ ١١٨٨).

بەهەمان شێوە فەرموودەی: "ما تحت الكعبين من الإزار ففي النار"[1]، كە زۆرێك لە لاوان كردویانە بە بەڵگە بۆ هەركەسێ تۆزێ شەرواڵەكەی درێژ بێت، بێ گەڕانەوە بۆ هەموو فەرموودەكان لەم بارەوە، كە هۆی سەرەكی خۆبەزلزانی و زیادەڕۆییە لە بەهەدەرداندا، وەك ئەم فەرموودەیەی تر زیاتر بۆمان ڕوون دەكاتەوە، كە لە بوخاریدا هاتووە، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: (هەركەسێ جلەكانی درێژ بكاتەوە بەخۆبەزلزانی خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا ڕووی تێ ناكات. ئەبوبەكر فەرمووی ئەی پێغەمبەری خوا لایەكی جلەكانم شۆڕە، خووم پێوەگرتووە، پێغەمبەر فەرمووی: تۆ لەوانە نیت كە بەخۆبەزلزانی ئەو كارە بكات)[2]. كەواتە باسی سەرەكی خۆبەزلزانینە، بۆیە هەڕەشەكە توندە، وەگەرنا لەبەر تۆزێ جل درێژی لەگەڵ ڕەحمی بەرفراوانی خوادا ناگونجێ هەر لەبەر ئەو هۆیە مرۆڤ بخرێتە ناو دۆزەخەوە ![3]

## ٢- پەسەنكردنی تەنها ڕایەك لەناو چەند ڕایەك و پشتگوێخستنی ڕا و بۆچوونەكانی دیكە:

یەكێكی دیكە لەو تێگەیشتنە هەڵانەی كە بەهۆی كەمی زانست و ئەزموونی زانستیەوە دروست دەبێت، ئەوەیە لە سۆنگەی فەرموودەیەكەوە ڕایەك پەسەند دەكرێت، ئیتر گوێ نادرێت بە ڕا و بۆچوونەكانی تر كە لەهەمان باس و بابەتدا

---

[1] أخرجه البخاري عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ برقم (٥٧٨٧) في بَابُ مَا أَسْفَلَ مِنَ الكَعْبَيْنِ فَهُوَ فِي النَّارِ وباب آخر بعده بَابُ مَنْ جَرَّ ثَوْبَهُ مِنَ الخُيَلاَءِ؟، حتى تربط بين هاتين الصفتين.

[2] عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ: "مَنْ جَرَّ ثَوْبَهُ خُيَلاَءَ، لَمْ يَنْظُرِ اللَّهُ إِلَيْهِ يَوْمَ القِيَامَةِ" فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ: إِنَّ أَحَدَ شِقَّيْ ثَوْبِي يَسْتَرْخِي، إِلَّا أَنْ أَتَعَاهَدَ ذَلِكَ مِنْهُ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ: "إِنَّكَ لَسْتَ تَصْنَعُ ذَلِكَ خُيَلاَءَ" قَالَ مُوسَى: فَقُلْتُ لِسَالِمٍ أَذَكَرَ عَبْدُ اللَّهِ " مَنْ جَرَّ إِزَارَهُ؟ قَالَ: لَمْ أَسْمَعْهُ ذَكَرَ إِلَّا ثَوْبَهُ" أخرجه البخاري، رقم الحديث ( ٣٦٦٥).

[3] بنواڕە: كيف نتعامل مع السنة النبوية معالم وضوابط، القرضاوي (١٠٤).

هاتوون و گویّ بە بەڵگەکانی تر نادرێت، بەمەش وا دەریدەخەن کە لەو باس و بابەتەدا تەنها یەك ڕا و یەك شێواز هەیە سوننەت و شەرعی بێت، تەواوی ڕا و بۆچوونەکان و وێنەکانی تر نادروستن یا ناشەرعین، یاخود دەڵێن بیدعە و هەڵبەستراوە، ئیتر بە هیچ شێوەیەك قبوڵیان نییە باسی ئەو ڕایەی تر بکرێت.

لەڕاستیدا هەر ئەم کەلێن و هۆکارەیە کە دووبەرەکی خستۆتە نێوان چین و توێژەکان لەناو مسوڵمانانداا و کێشە و گرفتی لەناو مزگەوتەکان هێناوەتە بوون! هەریەکە دەڵیّ ڕاکەی من ڕاستە و بۆچوونی بەرامبەر پەرچ دەداتەوە و ئامادە نییە گوێی لیّ بگرێت و زۆرجاریش بە بیدعەچی ئەژماری دەکەن و دەڵێت نوێژی لەدواوە مەکەن!

نموونە بۆ ئەم باسەش زۆرن، لەوانە خوێندنی (بسم الله الرحمن الرحيم) لە سەرەتای سورەتی (الفاتحە)دا لە کاتی نوێژەکاندا، ئایا بخوێنرێت یان نەخوێنرێت، بە دەنگی بەرز، یان نزم بخوێنریت، هەموو ئەم ڕا و بۆچوونانە لە بازنەی دروست و شیاودان، هەرکامیان بێت دروستە بیّ کێشە و گرفت، هەموو ئەو ڕایانەش پشت دەبەستن بە چەندین بەڵگە، بۆیە بە هەر شێوازێکیان بکرێت دروستە و نوێژەکەش کەلێنی تیّ ناکەویّ[1]. بەڵام گرفت لەوەدایە هەندێك بەهۆی کەمی زانستیانەوە تەنها ڕایەکیان دیوە، یا وێنەیەکیان بەرچاو کەوتووە، ئیتر هەموو ڕا و بۆچوون و وێنەکانی تر بەرپەرچ دەدەنەوە و دەڵێن دروست نییە، ئەمەش لەڕاستیدا گرفتی باش دروست دەکات بەتایبەت لەناو مزگەوتەکاندا.

بەهەمان شێوە لە مانگی ڕەمەزان و لە باسی ژمارەی ڕکاتەکانی نوێژی تەراویحدا، کە ئایا هەشت ڕکاتە، یاخود دە ڕکاتە؟ بە سوننەتی وەترەوە یانزەیە، یاخود سیانزە؟ لەوە زیاتر دەکرێت، یاخود نا؟ هەندێك تەنها یەك ڕایان هەڵدەگرت و ئەوانی دی بەرپەرچ دەدەنەوە و بە بیدعەی دەزانن لەکاتێکدا بەشێك لە

[1] بنوارە: روائع البيان تفسير آيات الأحكام، الصابوني (١/ ٥٣- ٥٤).

فەرموودەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە دوو ڕكات دوو ڕكات دەكرێت و دیاری نەكردوە لا ژوورەكەی ئەگەر مرۆڤ توانای هەبێت و بیەوێت ئەنجامی بدات[١].

بەهەمان شێوە خوێندنی دوعای قنوت لە نوێـژی بەیانیانـدا، كـە ئایـا خوێنـدنی سـوننەتە یـا نەخوێنـدنی؟ هـەر دوو ڕاكـە بوونیـان هەیـە، تەنانـەت ئـیبن قـەییم بەڕەحمـەت بێـت دەفـەرموێت: "فعلـه سـنة وتركـه سـنة"[٢]، بیكـەیت سـوننەتە، نەكردنیشی هەر سوننەتە، كەچی هەندێك نەكردنی بە بیدعە، هەندێكیش كردنی بە بیدعە دەزانن! بەهەمان شێوەش ئایا قنوت لە سوننەتی وەتری مـانگی ڕەمەزانـدا لــە ســەرەتای ڕەمەزانــەوە دەســت پێــدەكات؟ یــاخود لــە ناوەڕاســتی مــانگی ڕەمەزانەوە[٣].

هەروەها دەسپێكی وتار بە "خطبة الحاجة"[٤] بێت؟ یاخود هەرجارە و بە شێوازێك؟ سوپاس و ستایشەكان بكرێت؟ هەموو ئەم بابەتانە لە بازنەی دروستیدان، بەڵام هەڵە لەوەدایە هەندێك بەهۆی كەم زانستی تەنها یەك ڕا دەبینن و ڕاكانی تر پشتگوێ دەخەن و هەندێ جاریش بە نادروست و تازەداهاتوو (بیدعە)ی لەقەڵەم دەدەن!

---

١ بنواڕە: الموسوعة الفقهية الكويتية (٢٧/ ١٤١) و دواتر.

٢ زاد المعاد في هدي خير العباد، ابن قيم الجوزية (١/ ٢٢٦).

٣ وَاخْتَلَفَ أَهْلُ العِلْمِ فِي القُنُوتِ فِي الوِتْرِ. فَرَأَى عَبْدُ اللَّهِ بْنُ مَسْعُودٍ القُنُوتَ فِي الوِتْرِ فِي السَّنَةِ كُلِّهَا، وَاخْتَارَ القُنُوتَ قَبْلَ الرُّكُوعِ، وَهُوَ قَوْلُ بَعْضِ أَهْلِ العِلْمِ، وَبِهِ يَقُولُ سُفْيَانُ الثَّوْرِيُّ، وَابْنُ المُبَارَكِ، وَإِسْحَاقُ، وَأَهْلُ الكُوفَةِ، وَقَدْ رُوِيَ عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ أَنَّهُ كَانَ لَا يَقْنُتُ إِلَّا فِي النِّصْفِ الآخِرِ مِنْ رَمَضَانَ، وَكَانَ يَقْنُتُ بَعْدَ الرُّكُوعِ. وَقَدْ ذَهَبَ بَعْضُ أَهْلِ العِلْمِ إِلَى هَذَا، وَبِهِ يَقُولُ الشَّافِعِيُّ، وَأَحْمَدُ. سنن الترمذي (٢/ ٣٢٨).

٤ لەبنەڕەتدا خوتبەی حاجەجە بۆ كاتی خوازبێنیكردن دێت، كە ژن مارەبڕینی لەدوایە، نەك بۆ وتاری ڕۆژی هەینی، بەڵام سەیرە هەندێك بە ڕوكنی وتاری هەینی سەیری دەكەن! بنواڕە: الموسوعة الفقهية الكويتية (١٩/ ٢٠٣)

**٣ـ تێکەڵکردن لە نێوان حوکمە شەرعییەکاندا:**

بە پێویست و واجب دانانی هەندێ سوننەت یەکێکی ترە لەو تێگەشتنە هەڵانەی بەهۆی کەمی زانستەوە تووشی گەنجەکان دەبێت بەتایبەتی، ئەوەیە کە وردەکاریی ناکەن لە حوکمی شەرعی باس و بابەتەکاندا و خێرا لە دیتنی تەنها فەرموودەیەکەوە حوکمی حەرام یان واجب دەچەسپێنن بەسەر بابەتەکاندا، بێ ئەوەی ئاگایان لە زانستی فیقه و (أصول الفقه) بێت، کە لەم زانستەدا کارەکانی مرۆڤ پۆلێن کراوە و هەندێك شت لە بازنەی دروست و موباحدایە، ئەوان دەڵێن واجبی شەرعیە و نابێت لێی لا بدەین. هەندێك باس و بابەتی تر هەن لە بازنەی ناباش و مەکروهدان کەچی دەڵێن حەرامە و نابێت هیچ کەسێك بیکات و هێرشی توند دەکەنە سەر ئەو کەسەی پێیان بڵێن بەو شێوە نییە، خێرا تۆمەتی شلگیری و کەمتەرخەمی دەخەنە پاڵیان، لەکاتێکدا ئەمە تەنها باسێکی فیقهی و جێگای ڕاجیاوازییە، بەڵام ئەوان دەڵێن ئەوەتا فەرموودەی لەسەرە و جێگای مشتومڕ و ڕای جیاواز نییە !

بۆ نموونە هێشتنەوەی ڕیش، یاخود تاشینی، لابردنی مووی دەموچاو و سەر ڕوومەت، ئەمانە دەخرێنە نێو بازنەیەك کە خۆی لەوێدا نییە، هەربۆیە ڕیشتاشین بە قەدەغە دادەنێن و هێشتنەوەیشی بە پێویستی شەرعی، لابردنی مووەکانی دەموچاویش، بەهەمان شێوە، دەڵێن نادروستە. لەکاتێکدا پێشەوا نەوەوی لە باسی ناباش و مەکروهەکاندا باسی لەم بابەتە کردووە[١]، کەوابوو لە ڕووی زانستییەوە لەبری ئەوەی تەنها حوکمی حەرامی باس بکرێت، پێویستە ڕاکانی تریش ئاماژەی پێبکرێت.

نموونەیەکی تر، مانەوە لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا، لە سۆنگەی فەرموودەی:

---

[١] بنوارە: المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج، النووي (١٤٩/٣).

"أنا بريء من كل مسلم يقيم بين ظهراني المشركين...."[1]، واته: (من بێبەریم و دوورم لە هەر مسوڵمانێك لەنێوان كافراندا بمێنێتەوە و بژی). لە سۆنگەی ئەم فەرموودەوە هەندێك لەسەر مینبەرەكانەوە حوكمی حەرامێتی مانەوە لە وڵاتە خۆرئاواییەكان دەدەن و بە دروستی نازانن مسوڵمان لەو وڵاتانە بژین!. لەكاتێكدا هەموان دەزانین ئەمڕۆ بەهۆی خوێندن و كاسپی كردن، چەندین كەسی مسوڵمان بەرەو هەموو شوێنێكی دونیا دەچن و زۆربەی كاری خەڵكی ئەمڕۆ بە كەلوپەلی ئەو وڵاتانە دەڕوات بەڕێوە، هەربۆیە دەبێت شیكاری زیاتر بۆ ئەو فەرموودەیە بكرێت، كاتی خۆیشی هەر بە فەرمانی سەروەرمان (دروودی خوای لەسەر) مسوڵمانان ڕۆیشتون بەرەو وڵاتێكی نامسوڵمان وەك حەبەشە، دیارە ئەم حوكمی حەرامكردنە پەلەی تێدایە و دەبێت بزانرێت لە چ كات و بۆ چی ئەم فەرموودەیە نووسراوە!

لە كۆی فەرموودەكان، زانایان بەم شێوەیە ڕاڤەی فەرموودەكە دەكەن (أنا بريء من كل مسلم يقيم بين ظهراني المشركين....)، واتە: (من بەریم لە خوێنی هەر مسوڵمانێك لەناو كافران بمێنێتەوە)، چونكە كاتی خۆی جەنگ بەرپابووە لەنێوان مسوڵمانان و بێباوەڕاندا و هیچ عەهد و یاسایەك نەبووە بۆ پاراستنی گیانی كەسی مسوڵمان، وەك ئەمڕۆ لە كویێ گرفت دروست ببێت هەموو وڵاتان داوا دەكەن هاوڵاتیانیان لەو جێگەیە نەمێننەوە، چونكە گەر بكوژرێت خوێنیان بە زایە دەڕوات و ناتوانن لە كەسی وەربگرنەوە، بەڵام ئەگەر هێمنی و ئاسایش بەرپا ببێت و یاسا ڕەچاوبكرێت و گیانی گەشتیاران پارێزراو بێت" دەكرێت گۆڕانكاریش بەسەر ئەم حوكمەدابێت[2].

[1] أخرجه أبو داود عَنْ جَرِيرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ، برقم (٢٦٤٥)، وأخرجه الترمذي كذلك عَنْ جَرِيرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ، برقم (١٦٠٤)، وصححه الألباني ، بنوارِة: سنن الترمذي، (ج ١، ٢).

[2] كيف نتعامل مع السنة النبوية (١٢٨).

بەهەمان شێوە بە واجب دانانی پەچە "نیقـاب"[1]، کـە هەنـدێك بـێ ڕوونکردنـەوەی هەموو بەڵگە و ڕا و بۆچوونەکان خێرا حوکمی واجـب بـوونی پەچـە دەدەن، لەکاتێکدا بەو شێوەیە نییە و لە بازنەی موباح، یان سوننەتدا جێی دەبێتەوە ![2] یـاخود حـوکمی شـۆفێری سـەیارە لەلایـەن خانمانـەوە، هەنـدێك بـە حـەرام و قەدەغـەکراوی دەزانـن، زۆرێکیش ئەو حوکمە نادەن بەسەریدا. وا دیـارە لـەم دواییانـەش لـە وڵاتـی سعودیەش ڕێگای پێدرا و لە حوکمی حەرام بوون پاشەکشە کراوە.

## ٤ـ نکوڵیکردن لەو بابەتانەی جیاوازی تێدایە:

یەکێکی تر لە تێگەیشتنە هەڵەکان، بە هۆی کەم زانستیەوە، نکوڵی کردنە لەسەر هەندێ بابەت کە لەڕاستیدا جیاوازی تێدایە و دەکرێت هەردوو ڕاکە بوونی هەبێت، بەڵام هەندێك یەکێکیان وەردەگرن و نکوڵی دەکەن لە ڕا و بۆچوونەکانی تر و جگە لە ڕای خۆیان هەموو ڕاکانی تر بەرپەچ دەدەنەوە و قبوڵی ناکەن، بەڵکو بە ناشەرعی و نادروستی لە قەڵەم دەدەن و بکەرەکەیشی بە کەسی بیدعەچی دەزانن، بێ ئەوەی قوڵ ببنەوە لەو باسە و ڕووەکەی تری ببینن!!

ئەمەش بەرتەسك کردنەوەی بابەتێکی بەرفراوانە و داخستنی ڕێگایەکی شەرعی ڕێگەپێدراوە لە بەرامبەر ڕێگایەکی دی، بێ گوێدانە ئەو بەرفراوانێتییەی شەرع ڕێگەی پێداوە، ئەمەش گرفتی زۆر دروست دەکات لە ناو مزگەوت و خانەوادە و جێگە گشتی و پێگە کۆمەڵایەتیەکاندا، هەروەکو لە قاڵبدانی خودی کۆمەڵگە و عەقڵی مرۆڤەکانە، کە بەم شێوەیەش ئەستەمە ژیان بڕوات بەڕێوە.

بۆ نموونـە، یـەکێك لـەو بابەتـە سـادانەی کـە زۆرێـك قسـەی لەسـەر دەکرێـت و خەڵکی لەسەر تۆمـەتبار دەکرێـت، تەنانـەت بـە بیدعەچـی و پێچـەوانەی سـوننەت

---

[1] بنوارە: الاختلافات الفقهية لدى الاتجاهات الإسلامية المعاصرة، محمد عبد اللطيف محمود (٤٠١).

[2] وەك بە ئاشکرا لـە ئایەتـە قورئانیەکـەدا جـودا کراوەتـەوە: ﴿وَقُـلْ لِلْمُؤْمِنَـاتِ يَغْضُضْـنَ مِـنْ أَبْصَـارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾ (النور: ٣١).

جوڵانەوە تۆمەت دەبەخشرێتەوە، بابەتی ئاو خواردنەوەیە بەپێوە، کە هەندێك بە دروستی نازانن و دەڵێت پێویستە بە دانیشتنانەوە بخورێتەوە، لەکاتێکدا ئەم بابەتە لە سۆنگەی فەرموودەکانەوە دەردەکەوێت کە خواردنەوەی ئاو بە دانیشتنانەوە سوننەتێکە و بانگەشەی بۆکراوە و ئاوخواردنەوە بەپێوە کارێکی دروستە و ڕێگە پێدراوە.[1] ئەمەش لە سۆنگەی ئەو فەرموودانەی کە لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێت: (لَا يَشْرَبَنَّ أَحَدٌ مِنْكُمْ قَائِمًا، فَمَنْ نَسِيَ فَلْيَسْتَقِئْ)[2] کە نەهی دەکات لە ئاوخواردنەوە بەپێوە و ئەگەریش کەسێ لەبیری چوو با خۆی بڕشێنێتەوە! یا ئەو فەرموودەیەی کە ئەنەس (ڕەزای خوای لێ بێت) دەیگێڕێتەوە کە: (أَنَّ النَّبِيَّ - صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - زَجَرَ عَنِ الشُّرْبِ قَائِمًا)[3] کە ئەمەش سەرزەنشتی ئاو خواردنەوە دەکات بەپێوە!

لە سۆنگەی ئەم فەرموودانەوە دەوترێت ئاوخواردنەوە بە دانیشتنانەوە واجبە و ئیتر، وەك وتمان، بە نادروستی دەزانن ئاوخواردنەوە بە پێوە و نکولی لێدەکەن، بەڵام لە هەندێ ڕێگای ترەوە هاتووە کە سەروەرمان ئاوی زەمزەمی خواردۆتەوە بەپێوە، لەم بارەشەوە زانایان دەفەرموون ئاو خواردنەوە سوننەتە بە دانیشتنانەوە بێت، بەڵام ئاوخواردنەوەی سەروەر بەپێوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دروستە بەپێوەش بخورێتەوە، وەك پێشەوا نەوەوی دەفەرموێت: "فەرموودەکان بەگشتی سوپاس بۆ خوای گەورە هیچ گرفتێکی تیدا نییە و لاوازیش نیە، بەڵکو هەموویان ڕاستن. وتەی ڕاست ئەوەیە بڵێین ڕێگرتن لە ئاوخواردنەوە بەپێوە لە بازنەی "كراهة التنزية" ناباشی بۆ خاوێن ڕاگرتنە، ئەوەش کە

---

[1] زۆرێك لە سەرباسەکانی ئەم بابەتە لە پەڕتوکی فەرموودەکان بە سەرباسی (بَابُ كَرَاهِيَة الشُّرْبِ قَائِمًا) ناو نراوە، کە ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات خاوەنی ئەم پەڕتووکانەش بەهەمان شێوە وا تێگەیشتوون کە ئاو خواردنەوە بەپێوە ناباش و مەکروهە، نەك یاساغ و قەدەغەکراو.

[2] أخرجه مسلم عن أبي هريرة، بَابُ كَرَاهِيَةِ الشُّرْبِ قَائِمًا، برقم (٢٠٢٦).

[3] أخرجه مسلم عَنْ أَنَسٍ، بَابُ كَرَاهِيَةِ الشُّرْبِ قَائِمًا، برقم (٢٠٢٤).

سەروەرمان (دروودی خوای لەسەر) بەپێوە ئاوی خواردۆتەوە، ڕوونکردنەوەیە لەسەر دروستیی ئەو کارە، بۆیە فەرموودەکان هیچ گرفت و دژواری تێدا نیە... پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) جارێ یا چەند جارێ بێداری کردووە لەسەر شتێك کە دروستە ئەنجام بدرێت و خۆیشی کامە باشتر بووە ئەوەیانی کردووە"[1].

نموونەیەکی دی کە هەندێك نکولی تێدا دەکەن، دانانی ئەژنۆکان ئەوجا دەست لە کاتی کڕنوشی ناو نوێژەکان، دەوترێت نابێ وەك ئاژەڵ کە دادەنیشێ و پاڵدەکەوێ ئەژنۆ دابنرێت، بەڵکو دەبێت دەست پێش بخرێت، لەکاتێکدا هەردوو حاڵەتەکە هاتووە و هیچ گرفتی تێدا نییە. دەوترێت عومەری کوڕی خەتتاب ئەژنۆی پێش دەستی داناوە و عەبدوڵلای کوڕیشی دەستی پێش قاچی داناوە. ئیبن قەیم (بەڕەحمەت بێت) لەم بارەوە ئەو ڕایەیان پەسەندتر دەکات کە ئەژنۆ پێش دەست دابنرێت[2]. هەروەها سوننەتی پێش نوێژی شێوان، هەندێك نکولی ئەوە دەکەن سوننەت بێت، دەڵێن بەپێی دەقی فەرموودەکە پێویستە و واجبە ئەنجام بدرێت، کە دەفەرموێت: "صَلُّوا قَبْلَ الْمَغْرِبِ رَكْعَتَيْنِ"، ثُمَّ قَالَ: "صَلُّوا قَبْلَ الْمَغْرِبِ رَكْعَتَيْنِ"، ثُمَّ قَالَ عِنْدَ الثَّالِثَةِ: "لِمَنْ شَاءَ" كَرَاهِيَةَ أَنْ يَتَّخِذَهَا النَّاسُ سُنَّةً[3]. فەرمانی کردووە بە ئەنجامدانی دوو ڕکات نوێژی سوننەتی پێش نوێژی شێوان، بۆ جاری سێهەم دەفەرموێت بۆ کەسێ بیەوێت، کەواتە ئاماژەی تێدایە بەوەی سوننەتە.

ئەو نموونانەی ئاماژەمان پێکردن تەنها چەند نموونەیەکن کە جیاوازی بەڵگە و ڕای زانایانی لەسەرە، بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانیە، هەندێك تەنها یەك بەڵگە و ڕا

---

(1) المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج (١٣/ ١٩٥).

(2) زاد المعاد في هدي خير العباد (١/ ٢١٥- ٢١٧).

(3) أخرجه أحمد عَنْ عَبْدِ اللهِ الْمُزَنِيِّ، باب (حديث عبد الله بن مغفل المزني) برقم (٢٠٥٥٢)، وفيه: (ثُمَّ قَالَ عِنْدَ الثَّالِثَةِ: "لِمَنْ شَاءَ" كَرَاهِيَةَ أَنْ يَتَّخِذَهَا النَّاسُ سُنَّةً).

دەگرن بە دەستیانەوە و نکوڵی لە بەڵگە و ڕا و بۆچوونەکانی تر دەکەن و بە هەڵە لە قەڵەمی دەدەن و قبوڵی ناکەن، بەڵکو دەڵێن ئەو زۆر لاوازە و دەچێتە بازنەی نادروستی و بیدعەوە، بەمەش گرفتەکان ئاڵۆزتر دەبێت و کێشەکان قورستردەبن و دەرگای تۆمەت بەخشینەوە بەڕووی یەکتریدا دەکەنەوە.

**٥- بەهەڵە جێبەجێکردنی هەندێ سوننەت، کە لە ڕووی تیۆریەوە دیارن، بەڵام لە کات و شێوازی جێبەجێکردنیدا بە هەڵە ئەنجام دەدرێت.**

هەندێك لە خەڵکی کە فەرموودەیەك دەبینن بەشێوازی تیۆری باس لە هەندێ کار و فرمان دەکات، خێرا وێنایەکی بۆ دادەتاشن و زیادەڕۆیی تێدا دەکەن تا وای لێ دێت دیمەنی ئەو سوننەتە لێڵ دەکرێت و سەرنجڕاکێشی و جوانیەکەی ناهێڵن، وەك ئەوەی ئامانجی فەرموودەکە بە لاڕێدا ببەن و چی دی نەتوانن وەك پێویست فەرموودەکە جێبەجێ بکەن.

ڕاستە فەرموودەکان لە ڕووی وتە و سەنەدەوە دیارە و بێ گرفتە و فەرموودەکان ڕاست و دروستن، بەڵام تێگەیشتن لێی لەبەر کەم زانستی کە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، بەمەش گرفت دروست دەبێت و هەندێ جاریش دیمەنی نەگونجاو و نەشیاو پێشکەشی دەوروبەر دەکرێت، تا هەندێ نەیارانی ئیسلامیش دەرگای ڕەخنە لەسەر ئەو سوننەتانە دەکەنەوە، بەهۆی بە هەڵە بەجێهێنانی لەلایەن هەندێکەوە.

بۆ نموونە ڕیش هێشتنەوە سوننەتێکی داواکراوە لە چەندین فەرموودەدا، فەرموودەکان ڕاست و درووستن، وەك تیۆری دیارە باس لە هێشتنەوەی ڕیش دەکات بۆ پیاوان، بەڵام کاتێك ئەم سوننەتە بەجێ دەهێنرێت هەندێك زیادەڕۆیی زۆری تێدا دەکەن، زیاد لەسنوور دەیهێڵنەوە و هەر تاڵێك لە ڕیشیان ڕووی لەلایەك کردوە! هەندێکی دی خزمەتی ناکەن و شانەی ناکەن و بە خاوێنی ڕایناگرن، کاتێك پێی دەوترێت ڕیش ڕیز لێبگرە و جوان خزمەتی بکە، وەڵامی ئەوەیە کە ئەمە

سوننەتە و پیرۆزە، یان دەڵێ زۆر گوێ نـەدەین بـە دونیـا، لەکاتێکـدا سـەروەرمان فەرمویەتی: "مَنْ كَانَ لَهُ شَعْرٌ فَلْيُكْرِمْهُ"[1]، کە فەرمانێکە بە خزمەتکردن و ڕێزگرتن لە مووی سەر و ڕیش و سوننەتە خاوێنێتی و جوانیشی بپارێزێت، بـەڵام بەداخـەوە هەنـدێك لـە شـێوازی جێبەجێکردنیـدا بـە هەڵـە و شـێوازی نەشـیاو ئـەو سـوننەتە بەرجەستە دەکات.

نموونەیەکی تر لە کاتی نوێژی بەکۆمەڵدا سوننەتە بۆشایی لەنێوان ڕیزەکانی نوێژدا نەبێت و مسوڵمانان قاچیان بەتەنیشت قاچی یەکەوە بێت، تا نێوان ڕیزەکان لەگەڵ ڕێکی تەریب و جوان بێت، بەڵام ئەم سوننەتە هەندێك وا بەرجەستەی دەکەن کە تەنگ بەلای ڕاست و چەپیان هەڵدەچنن و قاچیان تووند دەکەن بە شێوازێك تەواو بەرامبەر ناڕەحەت دەکەن، قاچ و لاقیان لێك تووند دەبێت، لەبەرئەوەی کە سەرقاڵی ئەم کارەشن لەوانەیە دڵیان لای نوێژەکە نەمێنێت! ! هەندێ جار کێشە و گرفت لەنێوان پیر و گەنجەکان، یاخود هەر خودی گەنج و لاوەکان ڕوو دەدات، ئەم قاچی نزیك دەکاتەوە و توووندی دەکات لە قاچی لای ڕاست و چەپی، ئەوانیش وردەوردە قاچی خۆیان لەو دوور دەخەنەوە، دەبینین یەکێك لنگی بڵاوکردۆتەوە و تەواو لە سنوور دەرچووە، کە چویە کڕنوشبردن ڕاست و چەپی بەتاڵ دەبێت، کاتێك هەڵدەستێتەوە بۆ ئەنجامدانی ڕکاتێکی دی دەبێت تەواو قاچی بڵاوبکاتەوە تا ئەو بۆشاییەی بەهۆی قاچ توووندکردن لە ڕاست و چەپ دروست بووە پڕی بکاتەوە. کە لەڕاستیدا ئەم کارە نەك هەر شێواندنی سوننەتەکەیە، بەڵکو کارێکە ڕیز و نوێژی مزگەوتەکەش لەکەدار دەکات و هەندێ جار دوای نوێژ ڕەخنە و دەنگ بەرزکردنەوە دروست دەبێت!

بێگومان ئەمەش بەهەڵە جێبەجێکردنی سوننەتەکەیە، وەگەرنا فەرموودەکان باس لە نەهێشتنی بۆشایی نێوان نوێژخوێنان دەکەن، بەڵام باس لەوە ناکەن تەنگ

[1] أخرجه أبوداود عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، بَاب فِي إِصْلَاحِ الشَّعَرِ، برقم ( ٤١٦٣)، حديث حسن صحيح.

بەلای ڕاست و چەپ هەڵبچنیت و لاقمان تووند بکەین لە لاقیان و قاچ بنێین بە قاچیاندا، تا ئەم دیمەنە نەشیاوە نیشان بدەین کە هەرگیز ناتوانرێت بڵێیت ئەمە و بەم شێوازە سوننەتی سەروەرمان بەرجەستە کردووە !

سیواك کردنیش هەموان دەزانین سوننەتە، بەتایبەتیش لە کاتی دەستنوێژ و نوێژەکاندا، بەڵام هەندێك لەوانەی دارسیواك هەڵدەگرن ناتوانن خاوێنی ئەو سوننەتە ڕابگرن، ناتوانن زوو زوو بەجوانی بەکاری بهێنیت، بەمەش زەرەر و زیان لە ددانی خۆیان دەدەن، بەهەمان شێوەش نموونەیەکی ناشیرینی بەکارهێنانی سیواك پێشکەش دەکەن. بەڕێزێك چووبووە لای پزیشکی ددان لەبەر ئازاری پوکی، پزیشکەکە پرسیبووی چی بەکاردێنی بۆ خاوێنی ددان، کابرا وتبووی سیواك سوننەتی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر)، کاتێك دارسیواکەکەی نیشانی پزیشك دابوو، ئەوەندە پیس و چڵکن بوو، پزیشکەکە وتبوی هەرگیز ئەمە سوننەتی ئەو سەروەرە نییە، لایبە دانەکانت ئازاری نامێنێت، بێگومان ئەمەش بەهۆی بە هەڵە بەرجەستەکردنی ئەم سوننەتانەیە تا وای کردووە نموونەی نەشیاو و نەگونجاو پێشکەش بکرێت[1]. خۆ ئەگەر فڵچە و مەعجونی شیاویش بەکاربهێنرێت، بە نیەتی سوننەتەکە، هەمان خێر یەتەدی، چونکە ئامانجی سەروەرمان پاکوخاوێنی دەم و ددان بووە.

**٦ـ خێرا حوکمدان بەسەر هەر کەسێك لەبەر ئەنجام نەدانی سوننەتێك:**

یەکێکی تر لەو هەڵانەی بەهۆی کەم زانستییەوە خەڵکانێك تێی دەکەون، ئەوەیە کە هەندێك کەس ناتوانن یان نازانن، یان بۆشیان نارەخسێ سوننەتێك جێبەجێ بکەن، خێرا و بێ وەستان تۆمەتێکی مەزن دەخاتە پاڵی و حوکمی دژایەتی کردنی سوننەت و بێئاگایی لە فەرموودە و هەندێ جاریش بیدعەچێتی دەخەنە پاڵ!

---

[1] ئەم ڕووداوەم بە چاوی خۆم دیم و بە گوێی خۆم بیستم.

ئەوەی جێی نیگەرانیە، لەناو مزگەوتەکاندا هەندێك مامۆستا و پێشنوێژ خوێنەکان ڕەچاوی باری گشتی مزگەوت دەکەن تا زیاتر برایی و تەبایی تێدا بچەسپێت و دوبەرەکی و دەمەدەمەی تێدا کەم بێتەوە، هەندێ جار سوننەتێك ئەنجام نادات کە لای هەندێك وەك سوننەت نەناسراوە، یاخود خەڵکی هێشتا لۆژیکی ئەوەیان بۆ دروست نەبووە وەری بگرن، بەڵام هەندێ کەم زانست خێرا لەو مامۆستایە هەڵدەسنەوە و تۆمەتی پشتگوێخستنی سوننەتەکانی سەروەری دەدەن بەسەردا و هەندێ جاریش تۆمەتی موبتەدیع دەکرێت بە کاڵای باڵای! ! بێ گوێدانە بەهاکانی بانگەواز و دانایی تیایدا، کە داخستنی دەرگای دوبەرەکیە پێش هەندێك لە سوننەتەکان.

ئیبن تەیمیە لەبارەی هەندێ سوننەتەوە دەڵێت: "باش وایە مرۆڤ مەبەستی یەکخستنی دڵەکان بکات بە نەکردنی هەندێ لە سوننەتەکان، چونکە مەسڵەحەتی ئاین باشترە لە کردنی وێنەی ئەم سوننەتانە- وەك چۆن پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وازی لە بونیاتنانەوەی کەعبەی پیرۆز هێنا، چونکە وەك خۆی هێشتنەوەی یەکخستنەوەی کەسەکان و تێکنەدانی یەکڕیزی تێدابوو". لە جێگایەکی تردا دەڵێت: "لەبەرئەمە پێشەوا ئەحمەد و جگە لەویش، بەباشی دەزانن کە پێشەوا - پێشنوێژ - شتێکی باش واز لێ بێنێت، ئەگەر لە وازلێهێنانەکەیدا یەکخستنەوەی دڵەکانی تێدابێت... بۆ نموونە ئەگەر پێشنوێژ پێی باشتربوو کە نوێژی وەتر بەجیا دوو ڕکات بکات ئەوجا یەك ڕکات بکات، بەڵام لەکاتێکدا پێشنوێژی بۆ خەڵکانێك دەکرد کە باشتر لەلایان وابوو سێ ڕکاتە وەترەکە پێکەوە بکرێت، ئەگەر نەیتوانی ئەوان بەرەو باشترەکە بەرێت، ئەوا مەسڵەحەت لەوەدایە، کە وەك نوێژخوێنان بکات نەك نوێژە وەترەکە بەجیا بکات و دڵی نوێژخوێنان لە ناڕەحەتیدا بێت کە لە دوایەوە نوێژ دەکەن، بەهەمان شێوە کەسێك پێی وایە (بسم الله) بەدەنگی نزم باشە یاخود بە دەنگی بەرز، بەڵام خەڵکەکە بەپێچەوانەی ئەمەوە بوون، دەی ئەوە

بکات که باشه لای نوێژخوێنان لەبەر مەسڵەحەتی یەکدەنگی و هەماهەنگی کارێکی باشتر و دروستە"[1].

بەڵام جێی داخە کە لاوێك دەبیستێ مامۆستایەك (بسم الله) بە دەنگی بەرز دەخوێنێت، دەڵێت ئەمە لە سوننەت لایداوە، یا گوێ نادات بە سوننەت، خێرا حوکمی قورس دەدەن بە سەریدا، بێ ئەوەی بزانن ڕەچاوی مەسڵەحەتی گشتی دەکات کە ئەو خەڵکە وا ڕاهاتوون و دەیانەوێت وا بەو شێوەش نوێژەکەیان بۆ بکرێت، هەر بۆیە لە هەندێك لە مزگەوتەکاندا هەندێك لاو گرفت و کێشە بۆ مامۆستاکان دروست دەکەن و سەرەنجام کێشەی دوبەرەکی لێ دەکەوێتەوە ! !

**٧ـ داواکردنی بەڵگەی سوننەت لە بارەی باسە لاوەکی و ڕووداوە وردەکان و باسە جوزئی و فەرعی و لقەکاندا:**

یەکێکی تر لەو تێگەیشتنە هەڵانەی بەهۆی کەم زانستیەوە تووشی بەشێك لە خەڵکی هاتوون، بەتایبەتیش چینی لاوان، ئەوەیە کە دەیانەوێت هەرچی شتی ورد و درشت هەیە کە ئەنجامی دەدەین بەڵگەیەکی بۆ بهێنرێتەوە، بەتایبەتیش لە سۆنگەی فەرموودەکانەوە، بێ ئەوەی گوێ بدەن بەو بناغە گشتیانەی لە قورئاندا هاتوون، وەك یاسای هاوکاری لەسەر (البرّ والتقوى) کە زۆرێك لە کارە باشەکانی لەژێردا جێ دەبێتەوە.

یەکێك لە بەرامبەر چاکەیەکدا بەوی تری وت زۆر سوپاس، ئەویش وتی ئەوەم ناوێ! مەبەستی ئەوە بوو کە دەبێت بڵێیت (جزاك الله ـ خوا پاداشتت بداتەوە)! کە ئەمە باسێکە پەیوەستە بە لایەنی زەوقیی و شەرعیشەوە، بەڵام وا دیارە دەیەوێت وەك فەرموودە لەسەر وشەی (جزاك الله) هاتووە، دەبێت

[1] مجموع الفتاوى، ابن تيمية (٢٤ / ١٠٦) و (٢٢/ ٢٦٧).

فەرموودەیەکیش لەسەر وشەی (شکرا ـ سوپاس) هاتبێت[1]، لەکاتێکدا بەڵگەی گشتی هەن لە بارەی سوپاسگوزارییەوە، بەڵام وا دیارە ئەم بەڕێزە دەیەوێت بەڵگەیەك هەبێت وەك دەق بەو دەستەواژەیە فەرمان بکات! ڕووداوێك لە خۆم ڕوویدا، کە لە مزگەوت ڕاوێژمان کرد تا خەڵکی مزگەوت کارگوزارێك بگرین بۆ ئەوەی مزگەوتەکە خاوێن ڕابگرێت و سەرپەرشتی بکات، وتمان کێ هاوکاریمان دەکات ناوی خۆی بنوسێت تا بزانین دەتوانین ئەو کارگوزارە ڕابگرین. یەکێکمان لێ قوت بوویەوە و بە حەماسەتەوە وتی بەڵگەی شەرعیتان چییە لەسەر ئەم کارە! یەك فەرموودەم بۆ بێنن پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) ناوی کەسی لە دەفتەردا تۆمار کردبێت!

یاخود داوای بەڵگە دەکرێت، کە دروستە ددان شوشتن بە جگە لە سیواك؟ دەیانەوێت فەرموودەیەك هەبێت لەسەر ددان شۆرین بە فڵچە و هەویری ددان شووشتن مەعجون! ئەم هەڵوێستانە دەرەنجامی کەم زانستی و نەبوونی خوێندنەوە و کاڵ تێگەیشتنە لە واتا گەورە و مەبەستە مەزنەکانی شەریعەتی ئیسلام، هەر لێرەشەوەیە کە کۆمەڵێك گرفت دروست بووە لەناو مزگەوتەکاندا، لەنێوان هەندێ مامۆستا و لاوەکاندا لەناو کۆمەڵگەی پیر و گەنجەکانەوە، ئەمەش ئەوەمان لەسەر پێویست دەکات زیاتر خۆمان چاوکراوە و پڕ زانست بکەین، تا لەم کێشە و گرفتانە ڕزگارمان بێت و ئاشتی و برایەتی و پێکەوەژیان بێتەوە هەوێنی ناوماڵ و مزگەوت و کۆمەڵگەکەمان.

---

[1] دعوة الى السنة في تطبيق السنة منهجا و أسلوبا، د. عبد الله بن ضيف الله الرحيلي (٨٩).

## چەند هەڵەیەك لەبارەی سوننەتەوە بەهۆی لاوازیی تێگەیشتنەوە:

لەم تەوەرەیەدا ئاماژە بە چەند خاڵێك دەكەین، كە لەوەدەچێت لە كەمی زانستەوە نەبێت بەو ئەندازەیەی كە لە لاوازیی تێگەیشتنەوەیە، واتە تێنەگەیشتن لە هەندێ یاسا و بناغە كە لە قورئان و فەرموودەدا هاتوون، جوان لە دڵ و مێشكدا نەچەسپیون و تێگەیشتنی قووڵیان بۆ نەكراوە، هەربۆیە كۆمەڵێك گرفت دێنێتە بوون، سەرەنجام دوبەرەكی و ڕاجیاوازی سەختی لێدەكەوێتەوە، تا ئەندازێك دەچێتە ئاستی تۆمەت بەخشینەوە!

لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێك دەكەین لەم بارەوە:

### ١ـ دانانی حەرام و یاساغكردن وەك بنەمایەكی سەرەكی كارپێكراو لە بازنەی فەرموودەكاندا:

ئەوەی لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەكانی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) دەردەكەوێت، بناغە و یاسای (الأصل في الأشياء الإباحة) لە بنەڕەتدا هەموو شتێك حەڵاڵ و دروستە، ئەگەر دەقێك حەرام و قەدەغەی نەكردبێت. ئەم یاسایە هەم لە قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێكراوە[(١)]، هەم لە فەرموودەكانی سەروەرماندا[(٢)]،

---

(١) لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەم ڕاستییە كراوە، وەك ئایەتی: ﴿قُلْ لَا أَجِدُ فِي مَا أُوحِيَ إِلَى مُحَرَّمًا عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلَّا أَنْ يَكُونَ مَيْتَةً﴾ (الأنعام: ١٤٥)، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شەرع هەر شتێكی حەرام نەكرد ئەوە حەرام نیە، بەهەمان شێوە ئایەتی: ﴿وَمَا لَكُمْ أَلَّا تَأْكُلُوا مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَقَدْ فَصَّلَ لَكُمْ مَا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلَّا مَا اضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ﴾ (الأنعام: ١١٩)، هەمان واتای لێ وەردەگیرێ. بنواڕە: جامع العلوم والحكم، ابن رجب الحنبلی (٢/ ١٦٦).

٢ لە فەرموودەكانیشەوە هەمان یاسا وەردەگیرێت، وەك فەرموودەی: "إن أعظم الشيء جرماً، من سأل عن شيء لم يحرم حرّم من أجل مسألته" أخرجه مسلم فی الفضائل، باب توقيره ـ صلى الله عليه وسلم ـ وترك اِعتبار سؤاله (٢٣٥٠). لەم فەرموودەیەدا ئەوە وەردەگیرێت بناغە لە شتەكاندا دروستی و حەڵاڵیە تا لە شەرعدا پێچەوانەكەی دەچەسپێت. بنواڕە: فتح الباری شرح صحيح البخاری، ابن حجر العسقلانی (١٣/ ٢٦٩).

زانایانیش جەختیان لەسەر کردووەتەوە. وەك دەفەرموون: (أن الأصل في الأشياء الإباحة، والتحريم عارض ولا يجوز العكس)[1]، بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامانە، پێچەوانەکردنەوەی ئەم یاسایەیە لە هەموو بوارەکاندا و بەتایبەتیش لە بواری فەرموودە و سوننەتدا. هەندێك هەر دەمیان کردەوە خێرا دەڵێن هیچ بەڵگەیەك لەم بارەوە ڕێگای پێ نەدراوە، بۆیە ئەم کارە حەرام و قەدەغەکراوە وەك ئەوەی یاساکەیان پێچەوانە کردبێتەوە و بڵێن: (الأصل في الأشياء التحريم)، ئیتر هەر شتێك باس بکرێت بە حەرام و قەدەغەکراوی دەزانن! بازنەی قەدەغەکراوەکانیان هێندە گەورە کردووە، تەنگیان بە حەڵاڵ هەڵچنیوە! واشیان لە خەڵکی کردوە زۆر هەستیاربوون بەرامبەر سادەترین شت، کە ئەنجامی دەدەن و دەترسن لەوەی حەرام و قەدەغەکراو بێت، بەشێوازێك بە گومانەوە سەیری هەموو شتێك دەکەن. لەڕاستیدا ئەمە بەهۆی تێگەیشتنی هەڵەیە لە بناغەکانی قورئان و فەرموودەکان، گەرنا بەم شێوازە بازنەی حەرام و قەدەغەکراوەکانیان گەورە و مەزن نەدەکرد و بازنەی حەڵاڵیان بەرتەسك نەدەکردەوە.

زۆرجاریش ئەم باسە دەکرێتەوە لەمەڕ شتە بچووکەکان و ئەو بابەتانەی، کە ڕای جیاوازییان تێدا هەیە، یان ئەو شتانەی لە بازنەی داب و نەریتدا جێگایان دەبێتەوە، وەك دانیشتن لەسەر کورسی لەناو مزگەوت و بنکەی زانستی بۆ گوێگرتن لە وتار و وانەکان، کە هەندێك بە دروستیان نەدەزانی و دەیانگوت سوننەت و شەرع لەسەر ئەوەیە، کە کاتی خۆی لەسەر حەسیر و بەرماڵ دانیشتوون، نابێت ئێستا لەسەر کورسی دابنیشین، چونکە کورسییەکان هەموویان ڕوویان لە قیبلە نییە!، یاخود ڕەخنەگرتن لەوەی لەسەر کورسی و مێز نان دەخورێت، پێویستە لەسەر زەوی نان بخورێت، چونکە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) نانی لەسەر مێز نەخواردووە، مادام نانی لەسەر مێزیش نەخواردبێت،

---

[1] عمدة القاري، الغيتابي (٥/ ٤٩).

کەوابێت نان خواردنی سەر مێز و کورسی حەرام و بیدعەیە!

لە مزگەوتێکدا لەسەر شاشە فیلمی زانستیی و فێرخوازی پێشکەش کرابوو، هەندێك بە توندی بەرپەچیان دابویەوە، بە بەڵگەی ئەوەی مزگەوت نابێ بکرێتە سینەما!! ئەم کارەیان بە حەرام و بیدعە لە قەڵەم دابوو، بە بەڵگەی ئەوەی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) نەیکردووە و ئەنجامی نەداوە![1].

ئەم هەڵوێستانەش، بێگومان بەهۆی لاوازیی بیرکردنەوە و هەڵە تێگەیشتنە لە ڕۆحی شەریعەتی ئیسلام، بۆیە هەموو شتێك، بەتایبەتی شتی نوێ، زۆر بە هەستیارانە مامەڵەی لە تەکدا دەکەن و بە ڕەشبینی بۆی دەنواڕن و خێرا حوکمی قەدەغە و یاساغی بەسەردا دەدەن و دەیکەنە هۆسە و هەڵا و گوێی خەڵکی پێ پڕ دەکەن و خەڵکی دەتارێنن لە زۆر شتی حەڵاڵ و ڕێگە پێدراو، تەنها بە بەڵگەی ئەوەی فەرموودەی لەسەر نەهاتووە، یاخود پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) ئەنجامی نەداوە، بەمەش بازنەی حەرام و قەدەغەکراوەکان بەرفراوان دەکەن و بازنە گەورەکەی موباح و دروست بەرتەسك دەکەنەوە و ئاینی ئیسلام وا گچکە دەکەنەوە گەر درگای بە ڕووی زۆرێك لە خەڵکی داخراوبێت و هاتنە ژوورەوە لێی بە قورس و گران بزانن.

### ٢ـ توندگەرایی لە تێگەیشتنی سوننەتدا:

یەکێکی دی لەو خاڵانەی بەهۆی لاوازیی لە تێگەیشتنی فەرموودەدا ڕوو دەدات، دەربڕینی توندێتییە لە هەندێ بوار و باسدا، کە جێگای سەرنج و تێڕامانە و جوان هەستی پێدەکرێت دەرچوونە لە حیکمەت و دانایی و ئاشکرایە ئەو توندگیرییە لە جێگای خۆیدا نییە!، بەڵام بەداخەوە دەوترێت ئەم باسە فەرموودەی لەسەرە و بەم شێوازە دەوترێت و دەکرێت، دەبێت هەموان پابەندی بن و نەکەوینە بازنەی

---

[1] بنواڕە: الصحوة الإسلامية بين الجحود والتطرف، القرضاوي (٤٤ ـ ٤٥).

ناشەرعی و بیدعەوە و دەبێت ڕواڵەتی فەرموودەکە چی وتراوە هەر ئەوە بێت، وەگەرنا لادانە لە سوننەت و ڕاکردنە لە جێبەجێکردنی!.

ئەم توندگرتنەش لەڕاستیدا لە لاوازیی تێگەیشتنەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە کەس هەیە دەیەوێت تەواو پابەندی کارێك بێت بە بەڵگەی فەرموودەیەك، کە لە ڕواڵەتدا داخوازیەکی تێدایە و نکوڵی لە هەموو شتەکانی تر دەکات، بۆیە لێرەشدا هەڵە ڕوودەدات و زۆرجار کێشمەکێش لە جێگا گشتییەکان دروست دەبێت و گەنج و مامۆستاکان لێك دوور دەکەونەوە لەسەر ئەو باسە و بابەتە! بۆ نموونە سوننەتی سیواککردن، گومانی تێدا نییە لە فەرموودەدا چەسپاوە کە سوننەتێکی پێغەمبەری خوایە، بەتایبەتیش لە کاتی دەستنوێژ و نوێژکردندا، کە ئامانج خاوێن ڕاگرتنی دەم و ددانەکانە، وەك دەفەرموێت: "لَوْلاَ أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي أَوْ عَلَى النَّاسِ لَأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ مَعَ كُلِّ صَلاَةٍ"[1]. لێرەوە هەندێك دەڵێن دەبێت وەك لە فەرموودەکان هاتووە، سیواك بەکاربێت کە لقی درەختێکی بەناوی (أراك)ە و هەر بەو لقی درەختەش سوننەتەکە دێتەجێ، نەك شتێکی دیکەی تر، تەنانەت هەندێ لاوم دی تەواو هێرشیان دەکردە سەر ئەوانەی، کە دەڵێن شوشتنی ددانەکان بە فڵچە و مەعجون — هەویری دانشتن ـ سوننەتی پێ دێتەدی و بە دوژمنی سوننەت ناویان دەبرد و دەیانگوت چۆن دەبێت دارسیواکێك لە فەرموودەدا هاتبێت و سوننەت بێت بگۆڕدرێتەوە بە فڵچەیەك کە لەناو بێباوەڕاندا دروست دەکرێت!

بێگومان ئەم توندییە لە وەرگرتنی ڕواڵەتی سوننەتێك لە لاوازیی تێگەیشتن و کەم ئەزموونی و بێئاگا بوونە لە وتەی زانایان لەم بارەوە، کە فەرمویانە: "سوننەتە دان پاکردنەوە بە داری سیواك، یا بە هەر شتێك کە ڕەنگی دان، وەك سیواك، خاوێن بکاتەوە وەك پەڕۆی زبر"[2]، لە سۆنگەی فەرموودەی ئەم زانا

---

[1] أخرجه البخاري (٨٨٧)

[2] بنوارە: نيل الأوطار، الشوكاني (١/ ١٣٤).

بەڕێزانەوە، فلّچە و هەویری ددان بە نیەتی جێبەجێکردنی سوننەت هەمان خێر دەنوسرێت بۆ خاوەنەکەی، کەوا بێت ئەم توندگیرییە چ واتایەکی هەیە، کە لەگەڵ ئامانجی خودی سوننەتەکەشدا یەکانگیر نابێتەوە! کە ڕاگرتنی خاوێنی دەم و ددانەکانە![1]

نموونەیەکی تر، نان خواردن بە دەست، لە سۆنگەی فەرموودەی: (ئەگەر یەکێك لە ئێوە نانی خوارد با دەستەکانی نەسڕێت تا دەیانلێسێتەوە)[2]، لە ڕیوایەتیکدا: (ئێوە نازانن کام خواردنتان بەرەکەتی تێدایە)، لەم فەرموودەیەوە ئەوە وەردەگرن، کە دەبێت بە سێ پەنجە نان بخورێت و دواتر پەنجەکان و قاپەکەیش تەواو بکرێت بە لێسانەوەی پەنجە و تەواو خواردنی ناو قاپەکە و ئەمە سوننەتە و سەروەرمان فەرموویەتی و کردوویەتی، ئیتر لای هەندێك، جگە لەم شێوازە دوورە لە سوننەتەوە و پێچەوانەی ڕەوشتی پێغەمبەرمانە (دروودی خوای لەسەر).

هەربۆیە لە دەرنجامی ئەم توندگیرییە دەڵێن: خواردن بە کەوچك و چەتاڵ داهێنراوە و بیدعەیە[3] و نایانەوێ بەکاری بهێنن. جاری وا هەیە دەوترێت چاولێکەری کافرەکانە، کە لە فەرموودەدا نەهی لێکراوە مسوڵمان وەکو ئەوان بکات! زۆر بە توندی لەم بارەوە دەدوێن، کە ئەمەش بەروبوومی لاوازییە لە زانست و تێگەیشتندا. لەگەڵ تەسلیمبوون بەو سوننەتانەی کە هاتوون، لەڕاستیدا ئەوەی لەم فەرموودەیەوە وەردەگیرێت بوونی گیانی خاکی بوونە لە لایەن پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) و ڕێزگرتن لە نیعمەتەکانی خوای گەورە و سووربوونە لەسەر ئەوەی هیچ پارویەك بەزایە نەچێت... بۆیە ئەم کارە

[1] پێشەوا نەوەوی دەڵێت: "ویستجب إن استاك بعود أراك وبأي شيء استاك مما يزيل التغير حصل السواك مصل الخرقة الخشنة والسعد والاسنان"، المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج (٣/ ١٤٣).

[2] بوخاری (٥٤٥٦)

[3] ئەم قسانە لە دەمی هەندێکەوە دەبیستین لەو لاوانەی بانگەشەی گەڕانەوە بۆ سوننەت دەکەن.

پەروەردەی دەروونیی و ڕەوشتیی و ئابووریی لە خۆگرتووە کە پێویستە ئەمڕۆ کاری پێ بکرێت[1]، بۆیە ئەگەر بە سێ پەنجە نان بخورێت، بەڵام خۆ بەزلزانی و زیادەڕۆیی لەئارادا بێت" بەدڵنیاییەوە هەر سوننەتەکە بەجێ نەهێنراوە، ئەگەر هۆکاری نوێ وەك کەوچك و چەتاڵ و وێنەکانیان بەکاربهێنرێت ناتوانرێت بووترێت سوننەت پشتگوێ خراوە، ئەگەر ڕۆحی ئەو سوننەتانەی تێدا بەرجەستە بکرێت.

بەهەمان شێوە، ئەو فەرموودانەی باس لە جەنگاندن دەکەن وەك: "الْخَيْلُ مَعْقُودٌ بِنَوَاصِيهَا الْخَيْرُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ: الْأَجْرُ وَالْغَنِيمَةُ"[2]، کە باس لە ڕاگرتنی ئەسپ و ماین و هاوشێوەکانی دەکات تا قیامەت خێریان پێوەیە. ڕۆح و بناغەی فەرموودەکان ئامادەکاریی باس دەکات، کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشی دوژمنانە، بۆیە ئەمڕۆ هەموو هۆکارێکی نوێ دەگرێتەوە، کە بۆ بەرگری بەکاردێت لە تانك و زرێپۆش، ناکرێ بوترێت سوننەت هەر لە ئەسپ و ماین و هاوشێوەکانیەتی، وەك لە دەقی فەرموودەکان هاتووە، چونکە ئەمە توندگیرییە لە هزر و بۆچووندا کە پێویست نییە. بەهەمان شێوەش ئەو فەرموودانەی باس لە تیرهاویشتن دەکاتەوە، کە بۆ ئەمڕۆ چەندین جۆری چەکی تر هەیە جێی تیر و کەوانی گرتۆتەوە، کە نابێت کەسی تێگەیشتوو وابزانێ هەر بە تیر شەڕکردن لە بازنەی سوننەت و ئاکاری سەروەردا جێی دەبێتەوە.

### ٣ـ کورتکردنەوەی سوننەت لە یەك ڕووداو و یەك شێوازدا، لەگەڵ بوونی چەند شێوازێکی دی، هەمووشیان لە بازنەی سوننەتدا جێگایان دەبێتەوە:

یەکێکی تر لەو گرفتانەی زۆرترین کێشە و گرفتی ناوەتەوە لە بازنەی مامەڵە لەگەڵ فەرموودەکاندا، ئەوەیە کە یەك شێوازی کاری سوننەت دەست پێوە

---

[1] كيف تعامل مع السنة النبوية (١٤٣) .

[2] أخرجه مسلم عَنْ جَرِيرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ، بَاب الْخَيْلُ فِي نَوَاصِيهَا الْخَيْرُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ، برقم (١٨٧٢) .

دەگیرێت و شێوازەکانی تر وەلادەخرێت بەجۆرێکیش ئەم شێوە نیشان دەدرێت کە هەموو وێنەکانی تر سوننەت نین، یاخود لاوازن، یان نابێت کاریان پێ بکرێت، یاخود خێر و پاداشتیان نیە. تەنها یەك شێواز ئەبێت هەندێك باوەڕیان پێیەتی و هەڵیانبژاردوە. لەڕاستیدا ئەمە گرفتە و بەهۆی لاوازیی تێگەیشتن دروست دەبێت، چونکە لای هەندێك دەڵێن حەق و ڕاستی یەك شتە و چەند شتێك نیە، بۆیە تەنها یەك شت بە سوننەت و ڕێگا پێدراو دەزانن و تەواو، ئەوانی دی بە لاواز و پشتگوێخراو ناوزەند دەکەن، بێئەوەی لەوە تێبگەن کە باسە بچووك و لقەکانی ـ فرع ـ شەرع دەکرێت لە ڕەحمی خواوە بەرفراوان بێت و یەك واجب بە چەند شێوازێك بکرێت، یاخود لە یەك بازنە و بابەتدا چەند سوننەتێك هەبێت و هەمووشیان شیاوی ئەوەبن جێبەجێ ئەنجام بدرێت، جا هەرکەسە و بەپێی بۆڕەخسانی خۆی ئەو کار و چالاکی و سوننەت بەو شێوازە ئەنجام دەدات، بێئەوەی هیچ گرفت و کێشەی تێدابێت.

بۆ نموونە کەسێ حەج ئەنجام دەدات بەهەر سێ شێوازی (قیران ـ مفرد ـ متمتع)، دروستە و دەتوانێ کەسی حاجی لەسەر هەریەك لەو سێ شێوازە ئەنجامی بدات، گەرچی هەندێك لە زانایان یەکێکیان بەلاوە خێری زیاترە، بەڵام هەمووی جائز و دروستە، دەی ناکرێت یەکێ بڵێ جۆری (متمتع) دەبێت کاری پێ بکرێت و باشترینە و ئەوەکانی تر خێریان نییە و باش نییە! کە بەداخەوە هەندێ جار ئەمە وتراوە و ڕوویداوە!. نموونەیەکی دی خوێندنی (بسم الله) لە سورەتی (الفاتحه) و ئەو نوێژانەی بە دەنگی بەرز قورئانی تێدا دەخوێنرێت، هەردووکیان دروستە، ئیتر پێویست ناکات کەسێ خوێندنی بە دەنگی بەرز ناوزەند بکرێ بەوەی لە سوننەت لایداوە و سوننەتی بەجێ نەهێناوە.

یاخود خوێندنی (قنوت) لە نوێژی بەیانیاندا، یاخود نەخوێندنی، هەردووکیان هاتوون و نوێژ لە هەردوو حاڵەتەکەدا دروستە و گرفتی تێدا نییە، کەچی لە هەندێ

مزگەوت کردنی بە واجب دەزانن و لە هەندێکی دیکە نەکردنی بە واجب دەزانن. لەکاتێکدا کردنی سوننەتە و تەرك کردنی هەر سوننەتە!![1]. خوێندنی (التحيات) بە چەند شێوازێك لە فەرموودەدا هاتووە، هەمووشیی تەواوە و دروستە، ناکرێت باسەکە بەرتەسك بکرێتەوە و تەنها یەك شێوازی بە دروست دابنرێت و ئەوانی دی بە نادروست، بەڕاستی ئەمە بەرتەسك کردنەوەی شتێکە کە بەرفراوانی تێدایە!

بەهەمان شێوە، چەند زیکر و دوعایەك هاتوون لەبارەی دەستپێك (الاستفتاح)ی ناو نوێژەوە، هەمووشیان ڕاست و دروستن، دەکرێت هەر جارەو یەکێکیان بخوێنرێت، بەڵام ناکرێت یەك جۆر زیکریان دابنرێت و پاشان باس لە نادروستی ئەوانی تر بکرێت. کە بەداخەوە هەندێك هەن لەوەدا دەکەونە هەڵە و کێشە و گرفت لە مزگەوتەکاندا دروست دەکەن و دژواریی لەنێوان لاواندا بەرپا دەکەن[2].

## ٤- وەرگرتنی فەرموودە بە ڕەهایی بێ گوێدانە هۆکاری بوون و ژینگەی ڕووداوەکانی "تیایدا":

هەر فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) لە کات و شوێن و ژینگەیەکدا وتراوە، زیاتر ڕوونکردنەوە بووە بۆ ئەو کەسانەی لەو جێگە و پێگەدا بوون، بەتایبەت لە باسکردن و ڕوونکردنەوەی هەندێ کاری ورد و ڕۆژانە کە ڕوو دەدات، یاخود زۆرێك لە فەرموودەکان هۆکارێك هەبوون، بۆیە سەرەنجام سەروەرمان فەرموویەتی، هەربۆیە دەبێت بۆ تێگەیشتنی تەواو لەو فەرموودانە، لێکۆڵینەوە بکرێت لە هۆکارەکانی وتنی فەرموودەکان، یان توێژینەوە بکرێت لەسەر کات و شوێن و ژینگەی ئەو فەرموودانە، تا ڕووی وتنی و هۆکارەکەی بزانرێت و بەمەش جوانتر لەو فەرموودانە تێدەگەین و بەدوور دەبین لە شیکاری

---

[1] بنوارە: زاد المعاد (١/ ٢٣٦– ٢٣٧).

[2] بنوارە: دعوة الى السنة (١٥١–١٥٢).

هەڵە[1]. هەر لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە یەکێك لە گرفتەکانی لاوازیی تێگەیشتنەکە ئەوەیە هیچ جۆرە وردەکارییەك نەکرێت لە فەرموودەکان، بە دابڕاندنی لە کات و شوێن و ژینگە و هۆکاری وتنی، بۆیە ئەمەش دەبێتە هۆی تێنەگەیشتن لە فەرموودەکە وەك پێویست، بەڵکو دەبێتە هەڵە تێگەیشتن لە مەبەستی ڕاستەقینەی فەرموودەکە و سەرەنجامیش ئەو فەرموودەیە بە هەڵە شیکار و ڕاڤە دەکرێت.

ئەوەی جێگای دڵخۆشییە، نموونەی دیارمان هەیە لەو فەرموودانە، کە لە دوای وەفاتی پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر) گۆڕانی کات و شوێن و ژینگەکەی، هاوەڵان مەبەستی سەرەکی فەرموودەکەیان وەرگرتووە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو مەبەستە سەرەکییە کاریان کردووە، نەك ڕواڵەت و دەقی وتەی فەرموودەکە، تا بتوانن کار بکەن بەو مەبەستە سەرەکیەی فەرموودەکەی لەپێناودا وتراوە و ڕیوایەت کراوە. بۆ نموونە ئەو فەرموودەیەی لە بارەی وشترە ونبووەکان هاتووە، کە خاوەنیان دیار نییە، سەروەرمان فەرمووی: "وَمَا لَكَ وَلَهَا، مَعَهَا سِقَاؤُهَا وَحِذَاؤُهَا، تَرِدُ المَاءَ وَتَرْعَى الشَّجَرَ، فَذَرْهَا حَتَّى يَلْقَاهَا رَبُّهَا"[2]، واتە: (لێبگەڕێن وازیان لێبێنن خواردن و خوارنەوەی خۆی پێیە، ئاو دەخواتەوە و گیا دەخوات تا خاوەنەکەی دەی دۆزێتەوە)[3]. واتا پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) فەرمانی بەوەکرد وازی لێبێنن، چونکە وشتر توانای خۆ ژیاندنی هەیە، تا خاوەنەکەی دەیدۆزێتەوە، جا ئەگەر ئەمڕۆ بوترێت ئێستا دونیا وەك جاران نییە و دز زۆر بووە و وشترەکان دەدزرێن با تەویلەیان بۆ دابنرێت، دەکرێت هەندێ ڕەخنە بگرن و بڵێن فەرموودەی پێغەمبەر پشتگوێ دەخەن، بەڵام دەبینین لە سەردەمی

---

[1] بنواڕە: نظرية السياق دراسة أصولية، د. نجم الدين الزنكي (٨١) .

[2] أخرجه البخاري، برقم (٩١).

[3] بنواڕە: نيل الأوطار (٥/ ٤٠٥).

خەلیفەی سێهەم عوسمانی کوڕی عەففاندا (ڕەزای خوای لەسەر بێت) فەرمووی بیگرن، ئەگەر خاوەنی ئامادە نەبوو بیفرۆشن و پارەکەی دابنێن تا خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە بۆی[1]. لە سەردەمی پێشەوا عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبدا فەرمانیدا: خان و تەویلەیان بۆ دروست بکەن تا خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە بۆی، چونکە وشترەکە بەنرخترە بۆ خاوەنەکەی لەبری نرخەکەی. ئەم کارەی ئەم دوو هاوەڵە بەڕێزە کردوویانە، پشتگوێخستنی فەرموودەکە نییە، بەڵکو تێگەیشتنە لەو ژینگەیەی فەرموودەکەی تێدا وتراوە، ئەوکات هێمنیی و سەلامەتی زیاتر بووە، بۆیە سروشتیی بووە کە ئەو ئاژەڵە هەر بەرەڵا بێ، بەڵام کە ژینگەکە گۆڕا دەبێت مەبەستی سەرەکی فەرموودەکە وەربگیرێ، نەك ڕواڵەتی فەرموودەکە.

نموونەیەکی دیکە فەرموودەیەکە لەبارەی سەلامکردن لە ئەهلی کیتاب، کە دەفەرموێ: (سەرەتا ئێوە سەلام مەکەن لە ئەهلی کیتاب، ئەگەر دیتانن لە ڕێگادا، شانیان لێ بدەن تا بەرەو تەسکترین ڕێگایان بیانبەن)[2]، ئەم فەرموودەیە ئەگەر بە ڕەهایی وەربگرین و لە ژینگەی کات و شوێنی وتنی لایبەری واتاکەی توند دەردەکەوێ و مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکانی ئاینەکانی تر ڕەق و ناڕەحەت دەردەکەوێ، کە سەلام نەکەیت لەوان، بەڵکو شان بدەی لە شانیان لەو بازاڕەدا تا توندیان بکەی لە بندیواریێ! بەشێك لە زانایان دەڵێن: ئەم فەرموودەیە لە ژینگەیەکی تایبەتدا وتراوە، لەو کاتەدا بوو، کە تیرەی بەنی قورەیزەی جولەکە خیانەتیان کرد و پەیمانیان شکاند و مسوڵمانان چوون بۆ تەمێکردن و ڕێگا لێگرتنیان، دیارە کاتی جەنگیش حسابی خۆی بۆ دەکرێت[3]، بۆیە بەشێك لە زانایان دەفەرموون لە کاتی سروشتیی و ئاسایشدا دەکرێت سڵاو بکرێت لە ئەهلی

[1] شرح الزرقاني على موطأ الإمام مالك (٢/ ١١١).

[2] أبو داود (٥٢٠٥)

[3] زاد المعاد (٢/ ٣٨٨ )، وأحكام أهل الذمة (٣/ ٣٢٦) .

کیتاب، کە ئەمەش ڕای عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس و ئەبو ئومامە و ڕایەکە لە مەزهەبی شافیعی[1].

ئا لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، هۆکاری وتنی فەرموودەکان و ئەو (سیاق ـ پێوەندی وتە و ڕستەکان)ی تێیدا وتراوە، ئەو کات و شوێن و ژینگە و بارەی دەوری فەرموودەکەی داوە، دەبێت ڕەچاو بکرێت، توێژینەوە لەسەر کاتی وتن و ڕووداوەکانی بکرێت، تا بە هەڵە لە فەرموودەکان تێنەگەین و واتا جوانەکانی لەدەست نەدەین، لەبری ئەوەی ببینە سەرچاوەی جوان نیشاندانی فەرموودەکان و ڕاست نیشاندانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، نموونەیەکی خراپ نیشان بدەین.

## ٥ـ گەڕانەوە بۆ سوننەت بە ڕەهایی، بێ گوێدانە بنەما چەسپاوەکانی قورئانی پیرۆز:

یەکێکی تر لەو هەڵانەی دروست دەبێت بەهۆی لاوازیی تێگەیشتنەوەیە لە قورئانی پیرۆز و پێگەی فەرموودەکان لە بەرامبەر قورئاندا، ئەمەش هەندێ جار وەك پەرچەکردارێك وایە لە بەرامبەر ئەو کەسانەی دەڵێن تەنها قورئانی پیرۆز تاکە سەرچاوەیە و سەرچاوەی تر نییە لەگەڵیدا، بەمەش هەموو فەرموودەکان با ڕاست و دروستیش بن، فەرامۆش دەکرێن و هیچ بۆ لای ناگەڕێتەوە، دیارە ئەم ڕەوتەش بە ڕەوتی قورئانییەکان ناوزەند کراون، بەڵام ئەمەش جێی تێبینیە، کە لە بەرامبەردا کۆمەڵێك ئەوەندە توند بەرپەرچیان دەدەنەوە، زمانی حاڵیان وا دەڵێ، کە تەنها فەرموودەکان سەرچاوەی سەرەکییە و ئیتر گرنگیی پێویست نادەنە قورئانی پیرۆز و بێئاگا دەبن لە یاسا مەزن و چەسپاوەکانی، بێگومان ئەم دوو تێزەش لەنێوان زیادەڕۆیی و کەمتەرخەمیدان.

لەڕاستیدا قورئان سەرچاوەی چەسپاوی مسوڵمانانە و فەرموودەکانیش

---

[1] زاد المعاد (٢/ ٣٨٨ ).

ڕوونکەرەوە و شیکردنەوەی بۆ قورئانی پیرۆزە: ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (النحل: ٤٤)، بۆیە دەبێت لەسایەی قورئانەوە فەرموودە بخوێنینەوە و لە سۆنگەی ئایەتەکانی قورئانەوە فەرموودەکان وەربگرین. بۆ نموونە دەوترێت دەقی (شاورهن وخالفوهن) واتە: (ڕاوێژ بکەن بە هاوسەرەکانتان و بە گوێشیان مەکەن)، دەوترێ ئەمە فەرموودەیە، بەڵام ئەم قسەیە لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا یەکانیگر نابێتەوە، کە دەفەرموێت: ﴿فَإِنْ أَرَادَا فِصَالًا عَنْ تَرَاضٍ مِنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا﴾ (البقرة: ٢٣٣)، کە ڕاوێژی لەنێوان هاوسەرەکاندا چەسپاندووە و فەرمانی پێداوە! بۆیە لێرەدا قورئان دەکرێتە بناغە و فەرموودەکانیش لە سایە و سۆنگەی ئەوەوە تێدەکرێتەوە و وەردەگیرێت، بەڵام ئەگەر لێرەدا ڕەچاوی بنەمای قورئانی نەکرایە کەوتنە هەڵەوە مسۆگەر دەبوو، ئەو دەقەش ئەگەر فەرموودەش نەبێت لە ڕووی سەنەدەوە، ئەوا وەك ڕاڤەیەك لەسەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام حساب دەکرا.

نموونەیەکی دی، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم باسە، فەرموودەی (ڕەوانەکراوم بە شمشێر) وەك گێڕدراوەتەوە (عن ابن عمر قال: قال رسول الله ـ صلي الله عليه وسلم ـ: "بُعثتُ بالسيف، حتى يعبد الله وحده لا شريك له"[1]. لەم فەرموودەیەدا ئاماژە بەوە کراوە، کە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) بە شمشێر ڕەوانەکراوە تا خوا بپەرسترێت بەتەنها، بەڵام کاتێك سەیری قورئانی پیرۆز دەکەین لە هیچ ئایەتێکدا، تەنانەت بە ئاماژەیەکیش، باس لەوە ناکات، کە پێغەمبەری ئیسلام (دروودی خوای لەسەر) بە شمشێر ڕەوانە کرابێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە

[1] أخرجه أحمد (٥١١٤) و(٥١١٥) ، وإسناده ضعيف على نكارة في بعض ألفاظه، ابن ثوبان ـ وهو عبد الرحمن بن ثابت بن ثوبان ـ اختلفت فيه أقوالُ المجرحين والمعدلين، فمنهم من قوى أمره، ومنهم من ضعفه، وقد تغير بأخرة، وخلاصة القول فيه أنه حسنُ الحديث إذا لم يتفرد بما ينكر، فقد أشار الإمام أحمد إلى أن له أحاديث منكرة، وهذا منها. ينظر: مسند الإمام أحمد بن حنبل، (٩/ ١٢٤).

چەندین ئایەتدا خوای گەورە باسیکردووە کە پێغەمبەری ڕەوانەکردووە بە ڕێنمایی کار و ڕەحمەت و خێر و شیفا و ئامۆژگاری خەڵکی، وەك دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ﴾ (الأنبياء: ١٠٧).. ﴿هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ﴾ (التوبة: ٣٣).. ﴿قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيْكُمْ مَا حُمِّلْتُمْ وَإِنْ تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ﴾ (النور: ٥٤).. ﴿هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَكَفَى بِاللَّهِ شَهِيدًا﴾ (الفتح: ٢٨).

هەموو ئەم ئایەتانە یەکدەنگن لەسەر ئەوەی، کە محەمەد (دروودی خوای لەسەر) تەنها نێردراوە وەك ڕەحمەت و هیدایەتدان و ئاینی حەق و ڕاستی و ڕوونکەرەوە بۆ هەر شتێك و بەڵگە چەسپاندن لەسەر خەڵکی، ڕەوانە نەکراوە بە هەڵکێشانی شمشێر لە خەڵك و کوشتنیان، تەنانەت لەو کاتەی خەڵکی پشتی تێدەکەن، فەرمانی پێ نەکراوە کە شمشێر بەرز بکاتەوە بە ڕوویاندا، بەڵکو پێی وتراوە: تۆ هەر گەیاندنت لەسەرە، ئەرکی سەرشانی خۆی لەسەرە و خەڵکیش ئەرکی خۆیان لەسەر شانی خۆیانە و ڕای بگەیەنێت کە خوا پشتیوانیەتی[1].

بەکورتی ئەم فەرموودەیە، (بعثتُ بالسيف) لە سۆنگەی قورئانی پیرۆزەوە، لە ڕووی واتاوە لاوازە، لەگەڵ ئامانجی هاتنی پێغەمبەردا یەکانگیر نابێتەوە، چونکە ئامانجی هاتنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕەحمەتە نەك کوشتار و شەڕ، شەڕکردنیش تەنها بۆ دوژمنی سەرسەختە، بۆیە دەقی قورئان پێش واتای ئەم فەرموودەیە دەخرێت و واتای قورئانیش دەچەسپێت و وەردەگیرێت، بەڵام جێگای داخە کە هەندێك تەنها ئەو فەرموودەیە دەبینن بێ گەڕانەوە بۆ قورئان، دەیکەنە چەکی دەستیان و دونیایەك لە توندوتیژی نیشان دەدەن و دەیلکێنن بە ئیسلامەوە، لەکاتێکدا ئیسلام دونیای ڕەحمەتە بۆ گشت جیهان، ئەم کارەش

---

[1] بنواڕە: فتاوى معاصرة، القرضاوي (٣/ ١٠٨).

لەڕاستیدا هەڵەیەکی تەواو کوشندەیە، بۆیە چارەسەری وێنەی ئەم گرفتە بەوەیە کە فەرموودەکان لە سۆنگەی دەقە چەسپاوەکانی قورئانی پیرۆزەوە وەربگیرێت و لێیان تێ بگەین.

لەبارەی وێنە و وێنەگرتنەوە، کە فەرموودەی لەسەر هاتووە، بەهەمان شێوە واتا ڕواڵەتەکانیان یەکانگیر نابنەوە لەگەڵ ئایەتی: ﴿يَعْمَلُونَ لَهُ مَا يَشَاءُ مِنْ مَحَارِيبَ وَتَمَاثِيلَ وَجِفَانٍ كَالْجَوَابِ وَقُدُورٍ رَاسِيَاتٍ﴾ (سبأ: ١٣)[١]. هەروەها ئەو فەرموودانەی دەربارەی دانانی (قوت) بۆ هەندێ لەو خۆراك و خواردنانە، بۆ ئەوەی زەکاتی لێ بدرێت، لەهەمان بازنەدا دەبێت قسەیان لەسەر بکرێت[٢].

### ٦ـ هێنانەوەی فەرموودەی لاواز بە ڕەهایی:

یەکێکی دی لەو هەڵانەی لەم بوارەدا ڕوو دەدات، بەتایبەتیش لەلایەن وتاربێژ و بانگخوازانەوە، کە ئامۆژگاری خەڵکی مسوڵمان دەکەن، هێنانەوەی بەڵگەیە بە فەرموودەی لاواز (الضعیف) بۆ هەڵنانی خەڵکی بەرەو باشە و گرتنەوەیان لە خراپە. دیارە هەرچەند نیەتەکەیان باشە، بەڵام لەڕاستیدا هەڵەیە شتێك بەناوی ئایینەوە بگاتە خەڵکی کە نەچەسپاوبێت و وتەی ئایین نەبێت!

پێویستە فەرموودەی ڕاست و دروست بەکاربهێنرێت، تا بە جوانیی و هاوسەنگیی کاری ئامۆژگاری و چاکسازیی ناو گۆمەڵگا بکرێت، بەڵام ناکرێت گوێی خەڵکی بە شتی لاواز پڕ بکرێت، بۆیە دەبێت لەم بارەشەوە خۆ بپارێزین تا ڕەواج بە فەرموودەی ڕاست و دروست بدرێت و فەرموودەی هەڵبەستراو و لاواز نەبێتە جێگرەوەیان، هەربۆیە ئەگەر بەشێك لە زانایان ڕایان وا بێت باسکردنی فەرموودەی لاواز دروستە لەبارەی هەڵنان بۆ کارە جوانەکان، ئەوا بەشێکی دیکە لە زانایان

---

[١] بنواڕە: رسالة فی علوم الحدیث، ناصر سبحاني (٥٨– ٥٩).

[٢] بنواڕە: فقه الزكاة دراسة مقارنة لأحكامها وفلسفتها في ضوء القرآن والسنة، القرضاوي (١/ ٤٠٣– ٤٠٨).

ڕایان بەو شێوە نییە و هەندێکی تریش بە چەند مەرجێك ڕێگەیان پێ داوە.

دەکرێت لێرەدا، بە کورتی، ئاماژە بکەین بەو مەرجانەی زانایان دایانناوە بۆ ڕێگەدان بە گێڕانەوەی فەرموودەی لاواز (الضعیف)[1]:

یەکەم: دەبێت فەرموودەکە لاوازیەکەیی زۆر نەبێت.

دووەم: دەبێت لە بازنەی هەڵنانی خەڵکی بێت بۆ چاکەکاری و دورخستنەوەی لە هەڵە و تاوان، کە لەژێر بناغەکانی شەرع جێی بێتەوە[2].

سێهەم: دەبێت وەك تێبینی بوترێت، کە لاوازە و بە وتەی (گێڕدراوەتەوە) بوترێ نەك بوترێ پێغەمبەر فەرموویەتی.

چوارەم: نابێت لەو فەرموودانەدا زیادەڕۆیی زۆری تێدا بێت، وەك ئەوەی بۆ کارێکی کەم پاداشتێکی زۆر بوترێت، یاخود بۆ هەڵە و گوناهێکی بچووك سزایەکی زۆری بۆ دیاری کرابێت[3].

پێنجەم: نابێ ئەو فەرموودە لاوازە دژواربێت لەگەڵ دەقەکانی قورئان و فەرموودە ڕاست و دروستەکان[4].

هەر لێرەوە دەبێت تەواو گرنگی بە فەرموودە ڕاست و دروستەکان بدەین، دڵنیام ئەوەندە فەرموودەی ڕاست و دروست هەن بێ پێویست دەبین لە ئاماژەکردن بە فەرموودەی لاواز، بەڵکو جێی داخە زۆر باسکردنی فەرموودەی لاواز وایکردووە فەرموودەی ڕاست پشتگوێ بخرێت و لای لێ نەکرێتەوە، کە ئەمەش نیگەرانیەکی ترە و تێگەیشتنێکی هەڵەیە لە فەرموودە بەگشتی.

---

[1] التلخيص الحبير في تخريج أحاديث الرافعي الكبير، ابن حجر العسقلاني (١/ ١١).

[2] شرح الأربعين النووية في الأحاديث الصحيحة النبوية (١/ ٢٠)، والبدر المنير في تخريج الأحاديث والآثار الواقعة في الشرح الكبير، ابن الملقن (٤/ ٢٠٣).

[3] بنوارە: كيف نتعامل مع السنة النبوية (٧٧- ٧٨).

[4] وَالظَّاهِرُ أَنَّ الْعَمَلَ بِالْحَدِيثِ الضَّعِيفِ مَحَلُّهُ إِذَا لَمْ يَكُنْ مُخَالِفًا لِلْحَدِيثِ الصَّحِيحِ أَوِ الْحَسَنِ. ينظر: مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح، الملا الهروي القاري (٢/ ٤٧٨).

# کۆتایی

دوای ڕوونکردنەوەی ئەم دوو تەوەرە باسەی ئاماژەمان پێکرد، بۆ هەموو لایەك دەردەکەوێت، کە فەرموودەکان شیکەرەوەن بۆ قورئانی پیرۆز و ڕوونکەرەوەن بۆ واتا بەرز و پیرۆزەکانی و کەم زانستی لە بواری فەرموودەکان و لاوازیی لە تێگەیشتن و کەم ئەزموونی لەم بارەوە، سەرچاوەن بۆ زۆرێك لەو هەڵانەی ئەمڕۆ لەناو خەڵکیدا بەگشتی و لەناو چینی لاواندا بەتایبەتی کە تێی دەکەون، هەر بۆیە دەبێت کاری گەرم و گوڕ بکرێت لەپێناو چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە و نەهێشتنی ئەو جودایی و دووبەرەکییەی لە نێو مسولماندا بۆتە سەرچاوەی پاشکەوتن و پاشکۆبوون، هەربۆیە دەبێت لە سۆنگەی یاسا گشتییەکانی قورئانی پیرۆزەوە، فەرموودەکان بخوێنرێتەوە و لێتێگەیشتن هەبێت بۆی، بەدوور لە سادەیی تێگەیشتن و خێراکردن لە حوکمدان بەتەنها دیتنی یەك فەرموودەوە و گەڕانەوە بۆ کرۆك و مەبەستی باسەکان و نکولی نەکردن لە ڕا جیاوازەکان.

کۆکردنەوەی فەرموودەکان لەیەك بابەتدا" وێنا گەورەکەی باسەکان و ڕاستیە شاراوەکان دەردەخەن و ناڕوونیەکانیش ئاشکرا دەکەن، بەمەش لە هەڵە و تێگەیشتنی ناتەندروست و حوکمی پەلەی سادە خۆمان بەدوور دەگرین و پارێزراو دەبین.

پێویستە لە بواری فەرموودە و کارپێکردنیدا تەواو بێداریی هەبێت، تا بابەتە بەرفراوانەکانی بەرتەسك نەکرێتەوە، بازنەی قەدەغەکراوەکان، کە دیار و ژمێردراون، نەکرێتە پانتاییەکی گەورە و زۆربەی شتەکانی پێ قەدەغە نەکرێت کە

شەرع چاوپۆشی لێ کردوون، وەك پێویستە هۆکار و ژینگەی هاتنی فەرموودەکان باش بزانرێت، تا تێگەیشتنی ڕاست و دروست بێتە بڕیاردەر لە مەڕ فەرموودەکاندا، دوور لە بڕیاری سادە و بەلاڕێبردنی ئامانجی سەرەکی فەرموودەکان.

زۆر بە پێویستی دەزانم ئەهلی زانست و شارەزاکان توێژینەوە لە بواری فەرموودەدا بکەن، تا بە قووڵی و بەرفراوانی خزمەتی بکەن و چی دی فەرموودەکان زایە نەکرێت لەنێوان توندگیر و شلگیرەکان و کاڵ فەهم و کەم زانستەکان، هەر ئەوانیش ڕێنمایی پێشکەش بکەن بە خەڵکی، تا کۆمەڵگە لە دووبەرەکی و دەمارگیری بۆ تەنیا ڕایەك و بە هەڵە و تاوان زانینی ڕایەکانی تر نەبێتە بونیادنەری هزری گەنجەکان، پێکەوە ژیان و ڕێز و خۆشەویستی بێتەوە سیمای کۆمەڵگاکانمان.

# سەرچاوەکان

١ـ الاختلافات الفقهية لدى الاتجاهات الإسلامية المعاصرة، محمد عبد اللطيف محمود، ط١، ١٤٢١هـ،٢٠٠٠م، دار الوفاء للطباعة والنشر والتوزيع ـ المنصورة.

٢ـ البدر المنير في تخريج الأحاديث والآثار الواقعة في الشرح الكبير، ابن الملقن سراج الدين أبو حفص عمر بن علي بن أحمد الشافعي المصري (ت ٨٠٤هـ)، المحقق: مصطفى أبو الغيط وعبد الله بن سليمان وياسر بن كمال، دار الهجرة للنشر والتوزيع الرياض.

٣ـ التلخيص الحبير في تخريج أحاديث الرافعي الكبير، أبو الفضل أحمد بن علي بن محمد بن أحمد بن حجر العسقلاني (ت ٨٥٢هـ)، دار الكتب العلمية، ط١، ١٤١٩هـ/ ١٩٨٩م.

٤ـ جامع العلوم والحكم في شرح خمسين حديثا من جوامع الكلم، زين الدين عبد الرحمن بن أحمد بن رجب بن الحسن، السَلامي، البغدادي، ثم الدمشقي، الحنبلي (ت ٧٩٥هـ)، المحقق: شعيب الأرناؤوط ـ إبراهيم باجس، مؤسسة الرسالة ـ بيروت، ط٧، ١٤٢٢هـ/ ٢٠٠١م.

٥ـ دعوة الى السنة في تطبيق السنة منهجا وأسلوبا، د. عبد الله بن ضيف الله الرحيلي، ط٢.

٦ـ رسالة فى علوم الحديث ناصر سبحاني، مؤسسة برهم لنشر نتاجات سبحاني، ط١، ١٤٢٨هـ/ ٢٠٠٧م.

٧ـ روائع البيان في تفسير آيات الأحكام، محمد علي الصابوني، مكتبة الغزالي ـ دمشق، مؤسسة مناهل العرفان ـ بيروت، ط٣، ١٤٠٠هـ/ ١٩٨٠م.

٨ـ زاد المعاد في هدي خير العباد، محمد بن أبي بكر بن أيوب بن سعد شمس الدين ابن قيم الجوزية (ت ٧٥١هـ)، مؤسسة الرسالة ـ بيروت، مكتبة المنار الإسلامية ـ الكويت، ط٢٧، ١٤١٥هـ/ ١٩٩٤م.

٩ـ سنن أبي داود، أبو داود سليمان بن الأشعث بن إسحاق بن بشير بن شداد بن عمرو

الأزدي السِّجِسْتاني (ت ٢٧٥هـ)، المحقق: محمد محيي الدين عبد الحميد، المكتبة العصرية، صيدا - بيروت.

١٠- سنن الترمذي، محمد بن عيسى بن سَوْرة بن مسوى بن الضحاك، الترمذي، أبو عيسى (ت ٢٧٩هـ)، تحقيق وتعليق: أحمد محمد شاكر (ج١، ٢) ومحمد فؤاد عبد الباقي (ج٣) وإبراهيم عطوة عوض المدرس في الأزهر الشريف (ج٤، ٥)، شركة مكتبة ومطبعة مصطفى البابي الحلبي - مصر، ط٢، ١٣٩٥هـ/ ١٩٧٥م.

١١- السنن الكبرى، أحمد بن الحسين بن علي بن مسوى الخُسْرَوْجِردي الخراساني، أبو بكر البيهقي (ت ٤٥٨هـ)، المحقق: محمد عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت - لبنان، ط٣، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٣م.

١٢- شرح الأربعين النووية في الأحاديث الصحيحة النبوية، تقي الدين أبو الفتح محمد بن علي بن وهب بن مطيع القشيري، المعروف بابن دقيق العيد (ت ٧٠٢هـ)، مؤسسة الريان، ط٦، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٣م.

١٣- شرح الزرقاني على موطأ الإمام مالك، محمد بن عبد الباقي بن يوسف الزرقاني المصري الأزهري، تحقيق: طه عبد الرؤوف سعد، مكتبة الثقافة الدينية - القاهرة، ط١، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٣م.

١٤- شرح صحيح البخارى لابن بطال، ابن بطال أبو الحسن علي بن خلف بن عبد الملك (ت ٤٤٩هـ)، تحقيق: أبو تميم ياسر بن إبراهيم، مكتبة الرشد- السعودية، الرياض، ط٢، ١٤٢٣هـ/ ٢٠٠٣م.

١٥- الصحوة الإسلامية بين الجحود والتطرف، د. يوسف القرضاوي، مؤسسة الرسالة، ط٤، ١٤٠٥هـ/ ١٩٨٥م.

١٦- عمدة القاري شرح صحيح البخاري، أبو محمد محمود بن أحمد بن مسوى بن أحمد بن حسين الغيتابي الحنفى بدر الدين العيني (ت ٨٥٥هـ)، دار إحياء التراث العربي - بيروت.

١٧- فتح الباري شرح صحيح البخاري، أحمد بن علي بن حجر أبو الفضل العسقلاني الشافعي، رقم كتبه وأبوابه وأحاديثه: محمد فؤاد عبد الباقي، دار المعرفة - بيروت، ١٣٧٩هـ.

١٨ـ فقه الزكاة دراسة مقارنة لأحكامها وفلسفتها في ضوء القرآن والسنة، د. يوسف القرضاوي، دار الرسالة العالمية، ط١، ١٤٣٠هـ/ ٢٠٠٩م.

١٩ـ كيف نتعامل مع السنة النبوية معالم وضوابط، د. يوسف القرضاوي، دار الإحسان للنشر، بدون سنة الطبع.

٢٠ـ مجموع الفتاوى، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن تيمية الحراني (ت ٧٢٨هـ)، المحقق: عبد الرحمن بن محمد بن قاسم، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف، المدينة النبوية، المملكة العربية السعودية، عام النشر: ١٤١٦هـ/ ١٩٩٥م.

٢١ـ مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح، علي بن (سلطان) محمد، أبو الحسن نور الدين الملا الهروي القاري (ت ١٠١٤هـ)، دار الفكر، بيروت ـ لبنان، ط١، ١٤٢٢هـ/ ٢٠٠٢م.

٢٢ـ مسند الإمام أحمد بن حنبل، أبو عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل بن هلال بن أسد الشيباني (ت ٢٤١هـ)، المحقق: شعيب الأرنؤوط ـ عادل مرشد، وآخرون، إشراف: د عبد الله بن عبد المحسن التركي، مؤسسة الرسالة، ط١، ١٤٢١هـ/ ٢٠٠١م.

٢٣ـ المسند الصحيح المختصر بنقل العدل عن العدل إلى رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ، المؤلف: مسلم بن الحجاج أبو الحسن القشيري النيسابوري (ت ٢٦١هـ)، المحقق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربيـ بيروت.

٢٤ـ المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج، أبو زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي (ت ٦٧٦هـ)، دار إحياء التراث العربي ـ بيروت، ط٢، ١٣٩٢هـ.

٢٥ـ المسووعة الفقهية الكويتية، صادر عن: وزارة الأوقاف والشئون الإسلامية ـ الكويت، عدد الأجزاء: ٤٥ جزءا، الأجزاء ٢٤ـ ٣٨: ط١، مطابع دار الصفوة ـ مصر.

٢٦ـ نظرية السياق دراسة أصولية، د. نجم الدين قادر كريم الزنكي، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ط١، ١٤٢٧هـ/ ٢٠١٦م.

٢٧ـ نيل الأوطار، محمد بن علي بن محمد بن عبد الله الشوكاني اليمني (ت ١٢٥٠هـ)، تحقيق: عصام الدين الصبابطي، دار الحديث ـ مصر، ط١، ١٤١٣هـ/ ١٩٩٣م.

# ڕۆڵ و گرنگی زانینی هۆکاری هاتنی فەرمووده لە تێگەیشتنی دروست بۆ فەرمووده

صەباح رەسول مەحمود
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان

گومانی تێدا نییە، کە فەرمووده دروستەکانی پێغەمبەری خوا (درוودی خوای لەسەر) هەر لە سەرەتای هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە، وەك سەرچاوەی دووەم لە سەرچاوەکانی شەریعەتی ئیسلامی، شان بە شانی قورئانی پیرۆز، وەك بەڵگەیەك لە بەڵگەکانی هەڵێنجانی حوکم لەلایەن مسوڵمانان بە گشتی و زانایان بەتایبەتی سەیر کراوە. هیچ ناکۆکی و مشتومڕێك لەم بارەیەوە دروست نەبووە، ناگونجێت دروستیش بێت، چونکە خوای پەروەردگار لە دەیان شوێن لە قورئانی پیرۆزدا فەرمانی بە گوێڕایەڵی پەیامبەرەکەی کردووە و سەرپێچیکارانی بە گومڕا ناوزەد کردووە و هەڕەشەی سزادانی کردوون.

فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە زۆر شوێندا ڕۆڵی ڕوونکردنەوەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزیان پێبەخشراوە، بۆیە بەڵگەبوونی سوننەت لای زانایان و ژیرمەندان جێگای مشتومڕ نییە. فەرموودەکانی پەیامبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) وتەگەلێکی ئاسایی نین، کە هەرکەسێك کەمێك شارەزایی هەبوو لە زمانی عەرەبی بتوانێت لێکدانەوەیان بۆ بکات و حوکمی شەرعیان لێ وەربگرێت.

لەڕاستیدا ئەوەی ئەمڕۆ مسوڵمانان پێویستیان پێیەتی دەربارەی سوننەت بابەتی تێگەیشتنە لە سوننەت، چونکە هەندێ لە مسوڵمانان بە بیانووی پابەندبوون بە سوننەتەوە، هەر فەرموودەیەکیان بینی لێکدانەوەیەکی ڕووکەشانە و پیتیی بۆ دەکەن، بێ گوێدانە بنەماکانی زمانەوانی و ڕەوانبێژی و یاسا و ڕێساکانی تێگەیشتن لە دەق. لەم سۆنگەیەوە بە پێویستی دەزانین، کە هەوڵی توێژەران و زانایان لە ناوەندەکانی بانگەواز و خوێندن و زانکۆکان چڕ بکرێتەوە بۆ بابەتی تێگەیشتن لە فەرموودە، بە شیکردنەوەی بنەما و ڕێساکانی و پێداچوونەوە بەو تێگەیشتنانەی، کە بە تێگەیشتنێکی پیتیی و پەتیی و ڕووکەشانە بۆ فەرموودەکان کراوە، لەسەر بنەمای زانستیی و دوور لە دەمارگیری.

زانینی هۆکاری هاتنی فەرموودە (معرفة أسباب ورود الحديث)، بە شێوەیەکی زانستیی و لەژێر ڕۆشنایی وتەی زانایان و پاڵپشت بە نموونە، خوێندنەوە و تێگەیشتنێکی نوێ بکات بۆ هەندێ فەرموودە لە ژێر ڕۆشنایی ئەم زانستەدا، زانایانی فەرموودە و ئوصولی فیقهـ گرنگیەکی زۆریان پێ داوە و هەر لە کۆنەوە چەندان کتێبیان لەو بارەیەوە داناوە، کە ئەمەش نیشانەی خەمخۆری ئەو زانایانە و گرنگی بابەتەکە دەردەخات، ئەم زانستەش هیچی لە زانستەکانی تری فەرموودە کەمتر نییە.

## پێناسەی هۆکاری هاتنی فەرموودە

چەمکی (هۆکاری هاتنی فەرموودە)، جۆرێکە لە جۆرەکانی زانستی فەرموودە، کە پەیوەستن بە (متن)ی فەرموودەوە، هاوشێوەی هۆکاری دابەزینی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز (سبب النزول). زۆرێك لە زانایانی فەرموودە وەك زانستێکی سەربەخۆ باسیان کردووە و پەرتووکیان لەبارەیەوە داناوە، وەکو ئیمامی (البلقینی) لە کتێبی (محاسن الاصطلاح)، ئیمامی سیوتی لە (اللمع في أسباب ورود الحديث)، زانای حەنەفی مەزهەب (ابن حمزه الديمشقی) لە (البيان والتعريف في أسباب ورود الحديث الشريف) و چەندین زانای تر، وەکو ئیمامی نەوەوی و ئیبن حەجەر و زەرکشی و زانایانی تر. لەگەڵ ئەوەی ئەم زانایانە ئەم بابەتەیان وەك زانستێکی سەربەخۆ ناساندووە، بەڵام پێناسەیان نەکردووە تا ئێمە ئەمڕۆ بۆ پێناسەکردنی ئەم چەمکە بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە پێشینەکان، بۆیە بۆ پێناسەکردنی ئەم چەمکە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە نوێیەکان لەم بوارەدا.

زانایانی سەردەم بە چەندین شێوە پێناسەی ئەم زانستەیان کردووە، کە ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین:

شێخ یەحیا ئیسماعیل ئەحمەد لە پێشەکی لێکۆڵینەوەی کتێبی (اللمع فى أسباب ورود الحديث) دانراوی ئیمامی سیوتی، دوو پێناسەی هێناوە:

١. "ما يكون طريقا لتحديد المراد من الحديث من عموم أو خصوص أو اطلاق أو تقييد أو نسخ أو نحو ذلك"[١]، واتە: (ئەو بابەتەیە، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانین مەبەستی فەرموودە دیاری بکەین، ئایا گشتییە یا تایبەتە، ڕەهایە یا وابەستەیە، نەسخ بۆتەوە یاخود نا).

٢. "ما ورد الحديث أيام وقوعه"[٢]، واتە: (ئەو بابەتەیە، کە لە کاتی خۆیدا

---

[١] مقدمة اللمع في أسباب ورود الحديث، يحيى إسماعيل أحمد (١١).

[٢] سەرچاوەی پێشوو (١١).

فەرمووده لە بارەیەوە هاتبێت).

شێخ عەبدولفەتتاح ئەبو غەددە، پێناسەی کردووە بەوەی کە: "الأمر الذي صدر الحديث من الرسول في شأنه، وقد يذكر في الحديث وقد يغفل)، واتە: (ئەو بابەتەیە کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) لەبارەیەوە فەرموودەی فەرمووە، جا ئەو بابەتە لە فەرموودەکەدا ئاماژەی پێکراوە یاخود گوێی پێنەدراوە)[1].

کەواتە دەتوانین لە پێناسەی ئەم چەمکەدا بڵێین: ئەو بابەتگەلەیە، کە بە هۆیەوە پەیامبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) ئاخاوتنی داوە، جا لە مەتنی فەرموودەکەدا ئاماژەی پێکراوە، یاخود لە فەرموودەیەکی تردا ڕوونکراوەتەوە، یاخود گێڕەرەوەی فەرموودە (الراوی) خۆی ئاماژەی پێکردووە.

## بنەماکانی تێگەیشتن لە فەرموودە

سوننەت سەرچاوەی دووەمی تەشریعە، بۆیە ناکرێت وەك دەقێکی ئاسایی سەیر بکرێت، چونکە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) پەروەردگار ڕەوانبێژیەکی بەرزی پێداوە و وتەکانی کورت و پڕمانان (جوامع الكلم)، بۆیە خوێندنەوە و لێکدانەوەی فەرهەنگیی و ڕووکەشیی بۆ فەرموودە، ڕووبەڕووی چەندین ئاریشە و گومانمان دەکاتەوە، دەبێتە هۆی بەریەککەوتن لەگەڵ دەقەکەکانی قورئانی پیرۆز، یاخود سوننەت لەگەڵ سوونەت، بۆ چارەسەری ئەم گرفتەش دەبێت پەنا بۆ یەکێ لەم سێ بژاردەیە بەرین:

### یەکەم: ڕەتکردنەوەی سوننەت:

کاتێ خوێندنەوەیەکی سەرپێیانە دەکرێت بۆ سوننەت و دەبینرێت ئەم لێکدانەوە و تێگەیشتنە پێچەوانەیە لەگەڵ دەقێکی شەرعی، یاخود دژە لەگەڵ ئاوەز و ژیریی، پەنا دەبرێتە بەر ڕەتکردنەوەی فەرموودەکە، بە بیانووی ئەوەی

---

[1] عبدالفتاح أبو غدة، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوە لە گۆڤاری (اللسان العربي).

که ناکرێت فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بێت و پێچەوانەی دەق یا ژیریی و ئاوەز بێت. هەندێ پەنا بۆ ئەم بژاردەیە دەبەن هەروەك چۆن موعتەزیلە لە کۆندا پەنایان بۆ بردووە، بەڵام لەڕاستیدا ناکرێت بە هیچ جۆرێك پەنا بۆ ئەم بژاردەیە ببرێت، بەتایبەت کە چەسپا بە گوێرەی زانستی فەرموودە، کە فەرموودەکە دروستە و لە ڕووی ئیسنادەوە کێشەی نییە، چونکە خاوەنی ئەو لێکدانەوە و تێگەیشتنە، ئەگەر کەمێ سەرنج بدات و بیربکاتەوە بۆی دەردەکەوێت، کە ئەوە تێگەیشتنی خۆیەتی بۆ فەرموودەکە و خۆی سەپاندوویەتی، نە زانستی زمانەوانی و ڕەوانێژی، نە بنەما گشتییەکانی قورئان و سوننەت، نە وتەی زانایان پشتگیری ناکەن، بۆیە زانایان و بیرمەندان پەلە ناکەن لە ڕەتکردنەوەی فەرموودە، بەڵکو ئەگەر زانییان فەرموودەکە دروست و چەسپاوە، بە دوای لێکدانەوە و تێگەیشتنی دروستدا دەگەڕێن، ئەوەتا زانایەکی وەکو ئیبن قوتەیبە کاتێ، بینی گرووپی موعتەزیلە فەرموودە ڕەتدەکەنەوە بە بیانوی دژبوونی لەگەڵ قورئان، یاخود ژیریی، یاخود فەرموودەی تر، کتیبێکی دانا بە ناوی (تأويل مختلف الحديث)، لە دوای ئەویش ئیمامی تەحاوی (مشكل الآثار)ی دانا، تیایدا تێگەیشتنی دروست بۆ ئەو فەرموودانە دەکات کە گرفت لە تێگەیشتنیاندا دروست بووە.

**دووەم: نەسخکردن:**

بژاردەی دووەم پەنابردنە بۆ بابەتی نەسخی سوننەت بە قورئان، یا سوننەت بە سوننەت. لەڕاستیدا ئەم بژاردەیەش بژاردەیەکی گونجاو نییە، چونکە بابەتی نەسخ بابەتێکی دژوارە و جێگەی مشتومڕی زانایانە و دیاریکردنی ناسخ و مەنسوخ کارێکی سانا نییە، بەتایبەت کە کاتی هاتنی هەردوو دەقەکە نەزانراو بوو[1].

---

[1] بڕوانە: مقدمة ابن الصلاح، معرفة أنواع علوم الحديث (٣٨٠).

**سێهەم: تێگەیشتن لە ژێر ڕۆشنایی بنەما و یاساکانی تێگەیشتنی فەرموودە:**

بژاردەی سێهەم بریتییە لە گەڕانەوە بۆ یاسا و بنەماکان بۆ لێکدانەوە و شرۆڤەکردن و تێگەیشتن. کاتێ فەرموودەیەك بەپێی لێکدانەوەیەکی سەرەتایی و سەرپێی لەگەڵ دەقێکی چەسپاو یا ژیریی ناگونجێت، نابێت پەنا بۆ ڕەتکردنەوە یا نەسخکردنەوەی فەرموودەکە ببرێت، بەڵکو دەبێت جارێکی تر خوێندنەوە و تێگەیشتنێکی نوێی بۆ بکرێت بە گوێرەی ئەو بنەمایانەی، کە زانایان دایانناوە بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتن لە فەرموودە، بۆیە زانایان گرنگیەکی زۆریان بە تێگەیشتن لە فەرموودە داوە، ئیمامی زەهەبی لە ئیبنولمەدینی هێناویەتی کە وتوویەتی: "تێگەیشتن لە مانای فەرموودە نیوەی زانستی فەرموودەیە"[1]. ئیبن تەیمیەش دەڵێت: "شوێنکەوتنی فەرموودە دوو مەرجی هەیە: دروستیی فەرموودەکە و تێگەیشتن لە مانای فەرموودەکە"[2].

بۆ ئاگاداربوون لەو بنەمایانە ئاماژەیەکی خێرا بە گرنگترین ئەو بنەما و ڕێسایانە دەکەین[3]:

**١. کۆکردنەوەی سەرجەم ڕیوایەتەکان لە بابەتێکی دیاریکراودا:**

یەکێ لە بنەما گرنگەکانی تێگەیشتنی فەرموودە، بەراوردکردنی سەرجەم ئەو فەرموودانەیە کە دەربارەی یەك بابەت هاتوون، چونکە دەکرێت لە گێڕانەوەیەکدا بابەتەکە بەکورتی باسکرابێت، بەڵام لە گێڕانەوەیەکی تردا درێژەی بابەتەکە باسکرابێت، یاخود لە گێڕانەوەیەکدا بە شێوەی گشتی باسکرابێت و لە گێڕانەوەیەکی تردا هۆکاری تایبەتی باسکرابێت.

---

[1] سير أعلام النبلاء (١١/ ٤٨).

[2] مجموع الفتاوى (٤/ ٢٤).

[3] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بنەمایانە سەیری ئەم سەرچاوانە بکە: كيف نتعامل مع السنة. د. يوسف القرضاوي (٩١) و دواتر، نامەی ماستەر بە ناونیشانی (الانحراف في فهم الحديث النبوي/ دراسة تأصيلية تطبيقية)، سمح عبد الإله عبد الهادي، جامعة النجاح الوطنية، بابلس– فلسطين.

ئیمامی شافیعی له کتێبی (الرسالة)دا دەڵێت: "ورسول الله عربي اللسان والدار، فقد يقول القول عاما يريد به العام، وعاما يريد به الخاص... ويسئل عن الشيء فيجيب على قدر المسألة، ويؤدي عنه المخبر عنه الخبر منقصًا، والخبر مختصرا، والخبر فيأتي ببعض معناه دون بعض ويحدث عنه الرجل الحديث قد أدرك جوابه ولم يدرك المسألة، فيدله على حقيقة الجواب بمعرفته السبب الذي يخرج عليه الجواب، ويسن في الشيء سنة، وفيما يخالفه أخرى، فلا يخلص بعض السامعين بين اختلاف الحالين اللتين سن فيهما.."[١]. هەروەها ئیمامی ئەحمەد دەڵێت: "الحديث إذا لم تجمع طرقه لم تفهمه، والحديث يفسر بعضه بعضا"[٢].

کەواتە بۆ بەدەستهێنانی حوکمێکی شەرعی ناکرێت، کە تەنها پشت بە یەك فەرموودە ببەستین، هەرچەندە صەحیحیش بێت و فەرموودەکانی تر، کە لەو بابەتەدا هاتوون پشتگوێ بخەین، بۆیە دەبینین زۆربەی کێشە و گرفتەکان لە کۆن و نوێدا لە نادیدەگرتنی ئەم بنەمایەوە دروست بوون، بۆیە ئیمامی شاتیبی دەڵێت: "فكثيرا ما ترى الجهال يحتجون لأنفسهم بأدلة فاسدة وبأدلة صحيحة، اقتصارا بالنظر على دليل ما، واطراحا للنظر في غيره من الأدلة الأصولية والفروعية العاضدة لنظره أو المعارضة له"[٣]، بۆ نموونە فەرموودەی (إسبال الثوب)، کە هەندێ لە زانایان و گەنجانی خوێنگەرم پێیانوایە هەر جل و بەرگێ لە خوار قوله پێوە بێت حەرامە و لە ئاگردایە، پشتبەست بە فەرموودەی: "ثلاثة لا يكلمهم الله يوم القيامة: المنان الذي لا يعطي شيئا إلا منة، والمنفق سلعته بالحلف الفاجر، والمسبل إزاره"[٤]، وە فەرموودەی: "مَا أَسْفَلَ مِنَ الكَعْبَيْنِ مِنَ الإِزَارِ فَفِي النَّارِ"[٥]، بەڵام

[١] الرسالة للشافعي، ت: رفعت فوزي (٩٣).

[٢] الجامع لأخلاق الراوي وآداب السامع للخطيب البغدادي (٢/ ٢١٢).

[٣] الاعتصام للشاطبي، ت: الهلالي (١/ ٢٨٤).

[٤] أخرجه مسلم في صحيحه عن أبي ذر، باب بيان غلظ تحريم إسبال الإزار برقم (١٠٦) (١/ ١٠٢).

[٥] أخرجه البخاري في صحيحه، باب ما أسفل من الكعبين فهو في النار برقم (٥٧٨٧) (٧/ ١٤١).

ئەگەر سەیری کۆی ئەو فەرموودانە بکەین، کە لەم بارەیەوە هاتوون، ڕووندەبێتەوە مەبەست لەو جل و بەرگەیە، کە بۆ خۆدەرخستن و خۆنواندن و کیبر بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە فەرموودەی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر): "مَنْ جَرَّ ثَوْبَهُ خُيَلاَءَ لَمْ يَنْظُرِ اللَّهُ إِلَيْهِ يَوْمَ القِيَامَةِ". قَالَ أَبُو بَكْرٍ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ أَحَدَ شِقَّيْ إِزَارِي يَسْتَرْخِي، إِلَّا أَنْ أَتَعَاهَدَ ذَلِكَ مِنْهُ؟ فَقَالَ النَّبِيُّ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ: "لَسْتَ مِمَّنْ يَصْنَعُهُ خُيَلاَءَ"[1]، فەرموودەی ئەبوبەکرەش: (خَسَفَتِ الشَّمْسُ ونَحْنُ عِنْدَ النَّبِي ـ صَلَّى اللهُ عَليهِ وسَلَّمَ ـ، فَقَامَ يجُرُّ ثوْبَهُ مُسْتَعْجِلًا، حتى أَتَي المَسْجِدَ...)[2]، چەندان فەرموودەی تر، کە دەیسەلمێنن هۆی حەرامبوونی ئەم بابەتە خودی جل و بەرگەکە نییە، بەڵکو تەکەبور و خۆ بەگەورەزانینە. ئیمامی نەوەوی لە شەرحی فەرموودەی (إسبال)دا دەڵێت: "وأما قوله ـ صلى الله عليه وسلم ـ المسبل إزاره فمعناه المرخي له الجار طرفه خيلاء كما جاء مفسرا في الحديث الآخر لا ينظر الله إلى من يجر ثوبه خيلاء والخيلاء الكبر وهذا التقييد بالجر خيلاء يخصص عموم المسبل إزاره ويدل على أن المراد بالوعيد من جره خيلاء، وقد رخص النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ في ذلك لأبي بكر الصديق رضي الله عنه وقال لست منهم إذ كان جره لغير الخيلاء"[3].

هەروەها ئیمامی بوخاری لە صەحیحەکەیدا لە ئەبو ئومامەی باهلیەوە گێڕاویەتیەوە کاتێ، کە ئامێرێکی زەوی کێڵانی بینی وەکو هەوجاڕ و گاسن فەرمووی گوێم لە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) بوو دەیفەرموو: "لاَ يَدْخُلُ هَذَا بَيْتَ قَوْمٍ إِلَّا أَدْخَلَهُ اللَّهُ الذُّلَّ"[4]. لەڕاستیدا ئێمە ئەگەر بە شێوەیەکی

---

[1] أخرجه البخاري في صحيحه، باب من جر إزاره من غير خيلاء (٥٧٨٤) (٧/ ١٤١).

[2] أخرجه البخاري في صحيحه عن أبي بكرة، باب من جر إزارة من غير خيلاء (٥٧٨٥) (٧/ ١٤١).

[3] شرح النووي على مسلم (٢/ ١١٦).

[4] أخرجه البخاري في صحيحه، باب ما يحذر من عواقب الاشتغال بآلة الزرع، أو مجاوزة الحد الذي أمر به (٢٣٢١).

پیتیی و ڕووکەش مانای ئەم فەرموودەیە بکەین، دەبینین دژە لەگەڵ بنەماکانی قورئانی پیرۆزدا، کە پرسی ئاوەدانکردنەوەی زەوی بە مرۆڤ سپاردووە، کە بێگومان لەناویاندا بابەتی کشتوکاڵە، هەروەها دژە و پێچەوانەیە لەگەڵ چەندان فەرموودەی تر، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) هانی چاندن و کشتوکاڵ دەدات، هەروەکو دژ و پێچەوانەیە لەگەڵ کار و کردەوەی هاوەڵان بە تایبەت یاریدەدەران (الأنصار)، کە بە کشتوکاڵەوە خەریك بوون، بۆیە دەبینین زانایان لێکدانەوەی حەرفی و ڕووکەشیان بۆ فەرموودەکە نەکردووە، ئەوەتا ئیمامی بوخاری کاتێ ناونیشان بۆ ئەم فەرموودەیە دادەنێت دەڵێت: (باب ما يحذر من عواقب الاشتغال بآلة الزرع، أو مجاوزة الحد الذي أمر به). هەروەها ئیبن حەجەر دەڵێت: "وقد أشار البخاري بالترجمة إلى الجمع بين حديث أبي أمامة والحديث الماضي في فضل الزرع والغرس وذلك بأحد أمرين إما أن يحمل ما ورد من الذم على عاقبة ذلك ومحله ما إذا اشتغل به فضيع بسببه ما أمر بحفظه وإما أن يحمل على ما إذا لم يضيع إلا أنه جاوز الحد فيه"[١].

**٢. گەڕانەوە بۆ سەرجەم گێڕدراوەکانی فەرموودەیەك:**

بنەمای دووەم لە بنەماکانی تێگەیشتنی فەرموودە گەڕانەوەیە بۆ سەرجەم ڕیوایاتی یەك فەرموودە، بەمەش دەتوانرێت ناڕوونی و گرفتی فەرموودەیەك چارەسەر بکرێت، چونکە لەوانەیە لە ڕیوایەتێکی تری فەرموودەکەدا زیادەیەك هەبێت، کە ببێتە هۆی ڕوونکردنەوەی مانای فەرموودەکە، بۆ نموونە لە سەهلی کوڕی سەعدەوە هاتووە، پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: "إِنَّ العَبْدَ لَيَعْمَلُ عَمَلَ أَهْلِ النَّارِ وَإِنَّهُ مِنْ أَهْلِ الجَنَّةِ، وَيَعْمَلُ عَمَلَ أَهْلِ الجَنَّةِ وَإِنَّهُ مِنْ

---

[١] فتح الباري لابن حجر (٥/ ٥).

أَهْلِ النَّارِ، وَإِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالخَوَاتِيمِ"[1]. لەڕاستیدا لێکدانەوەی ڕووکەشیی ئەم فەرموودەیە، تووشی گرفتمان دەکات، کەواتە ئیتر کردەوەی باش بۆچی؟ بەڵام کاتێ دەگەڕێینەوە بۆ گێڕانەوەیەکی تری ئەم فەرموودەیە دەستەواژەیەکی زیادە دەبینین کە مانای فەرموودەکەمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە: "إِنَّ الرَّجُلَ لَيَعْمَلُ عَمَلَ أَهْلِ الجَنَّةِ، فِيمَا يَبْدُو لِلنَّاسِ، وَهُوَ مِنْ أَهْلِ النَّارِ، وَإِنَّ الرَّجُلَ لَيَعْمَلُ عَمَلَ أَهْلِ النَّارِ، فِيمَا يَبْدُو لِلنَّاسِ، وَهُوَ مِنْ أَهْلِ الجَنَّةِ"[2]. وەکو دەبینین هەردوو ڕیوایەتەکە ئیمامی بوخاری لە سەهلی کوڕی سەعدەوە ڕیوایەتی کردووە، هەردووکیشیان لە چیرۆکی ئەو پیاوەدا هاتوون، کە جیهادی کردووە و پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی ئەهلی ئاگرە، پاشان دەرکەوتووە خۆی کوشتووە، بەڵام لە گێڕانەوەی دووەمدا زیادەیەك هەیە کە گرفت و ناڕوونی مانای فەرموودەکە لادەبات، ئەویش (فيما يبدو للناس)، کە ڕوونیدەکاتەوە، بۆیە لەگەڵ ئەو هەموو کردەوە باشەشدا ئەهلی ئاگرە، چونکە کردەوەکانی بۆ خودا نەبووە، بەڵکو بۆ ڕیا و ڕووپامایی بووە.

## ٣. وەستان لەسەر ڕیوایەت وەك خۆی هاتووە نەك ئەوانەی کە بە مانا گێڕاویانەتەوە:

ئەمەش بنەمایەکی ترە لە بنەماکانی تێگەیشتنی دروست بۆ ئەسەر و فەرموودە، بۆ نموونە: (عن أبي وائل، قال: كان أبو مسوى، يشدد في البول، ويبول في قارورة، ويقول: إن بني إسرائيل كان إذا أصاب جلد أحدهم بول قرضه بالمقاريض، فقال حذيفة: لوددت أن صاحبكم لا يشدد هذا التشديد، فلقد رأيتني أنا ورسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ نتماشى، فأتى سباطة خلف حائط، فقام كما

---

[1] أخرجه البخاري في صحيحه، باب: العمل بالخواتيم (٦٦٠٧) (٨/ ١٢٤).

[2] أخرجه البخاري في صحيحه، باب: لا يقال فلان شهيد (٢٨٩٨) (٤/ ٣٧)

يقوم أحدكم، فبال، فانتبذت منه، فأشار إلى فجئت، فقمت عند عقبه حتى فرغ)[1]. لەڕاستیدا ئەگەر ئەم فەرموودەیە وشەکانی وەك خۆی لێکبدرێتەوە، گرفت دروست دەکات، چونکە هیچ ئاوەز و ژیریەك قبوڵی ناکات هەر پێستێکی مرۆڤ لە سەردەمی بەنی ئیسرائیلدا میزی بەرکەوتبێت بە مقەست و چەقۆ بڕدرابێت، چونکی دەفەرموێت: (أصاب جلد أحدهم بول قرضه بالمقاريض)، بەڵام کاتێ دەگەڕێینەوە بۆ فەرموودەیەکی تر، دەبینین کە فەرموودەی یەکەم بەماناوە گێڕدراوەتەوە، بۆیە ئەم گرفتەی دروست کردووە: (عن أبي وائل، قال: كان أبو مسوى الأشعري يشدد في البول، ويقول: إن: بني إسرائيل كان إذا أصاب ثوب أحدهم قرضه)[2]. وەکو دەبینین لە گێڕانەوەی دووەمدا دەفەرمووێت: (أصاب ثوب أحدهم قرضه). ئیبن حەجەر ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ دەڵێت: "وقع في مسلم جلد أحدهم. قال القرطبي مراده بالجلد واحد الجلود التي كانوا يلبسونها، وحمله بعضهم على ظاهره، وزعم أنه من الإصر الذي حملوه، ويؤيده رواية أبي داود، ففيها كان إذا أصاب جسد أحدهم، لكن رواية البخاري صريحة في الثياب، فلعل بعضهم رواه بالمعنى"[3].

**٤. جیاوازی لەنێوان ئامانجی نەگۆڕ و هۆکاری گۆڕاودا:**

بۆ تێگەیشتن لە فەرمووده، پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان (هدف) و (وسيله)، چونکە ئامانج نەگۆڕە، بەڵام دەکرێت هۆکار گۆڕانی بەسەردا بێت، بۆ نموونە: ئیبن عەبباس دەفەرموێت: (فرض رسولُ الله ـ صلَّى الله عليه وسلم ـ زكاةَ الفِطْر طُهْرةً للصائم مِن اللغو والرَّفثِ وطُعْمةً للمساكين، مَنْ أدَّاها قبلَ الصَّلاة، فهي

[1] أخرجه مسلم في صحيحه، باب المسح على الخفين (٢٧٣) (١/ ٢٢٨).

[2] أخرجه البخاري في صحيحه، باب البول عند سباطة قوم (٢٢٦) (١/ ٥٥).

[3] فتح الباري لابن حجر (١/ ٣٣٠).

زكاةٌ مقبولةٌ، ومن أدَّاها بعدَ الصَّلاة، فهي صَدَقةٌ من الصَّدقات)[1]. وەکو دەبینین ئامانج لە فەرموودەکە یارمەتی هەژاران و پاکبوونەوەی ڕۆژووەوانە (طعمة للمساكين وطهرة للصائم)، کە ئەمە ئامانجی نەگۆڕە، بەڵام هۆکار و ڕێگاکانی گەیشتن بەم ئامانجە دەکرێت بگۆڕێت لە سەردەمێك بۆ سەردەمێکی تر، لە سەردەمی پێغەمبەردا خواردن بووبێت، بەڵام ئەمڕۆ پارە باشتر بێت.

**٥. زانینی هۆکاری هاتنی فەرموودە:**

بنەمای پێنجەم بۆ تێگەیشتنی دروست گەڕانە بە دوای هۆکاری هاتنی فەرموودەکە، کە بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە و لە باسی دووەهەمدا درێژەی پێدەدەین.

## ڕۆڵی زانینی هۆکاری هاتنی فەرموودە لە تێگەیشتنی دروستی فەرموودە

وەکو پێشتر باسمان کرد، زانینی ئەو هۆکارەی کە فەرموودەکە لەبارەیەوە هاتووە یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی تێگەیشتن و لێکدانەوەی فەرموودە، چونکە زانینی هۆکار یارمەتی زانا و موجتەهید دەدات تا مەبەستی پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر) لە فەرموودەکە ڕوون بکاتەوە و حوکمی شەرعی لە فەرموودەکە وەربگرێت. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتەش لە چەند تەوەرێکدا بە نموونەوە باسی دەکەین:

### تایبەتیکردنی ئەو دەقانەی بە شێوەی گشتی هاتوون (تخصيص العام)

یەکێ لەو بابەتانەی، کە زانایانی ئوصولی فیقە- گرنگیان پێداوە، بابەتی تایبەتیکردنی دەقە گشتیەکانە. ئەم تایبەتیکردنەش بە چەند ڕێگایەك دەکرێت" یەکێ لەو ڕێگایانە تایبەتکردنە بە سیاق کە لە ناویدا هۆکار لە گرنگترینیانە، واتە

[1] أخرجه أبو داود في سننه، باب زكاة الفطر، برقم (١٦٠٩) (٣/ ٥٤).

هەندێ جار دەبینین وشەکانی فەرموودەیەك بە شێوەیەکی گشتی هاتووە، ئەگەر ئێمەش ڕاستەوخۆ بێ گەڕان بەدوای ئەو ڕێگایانەی، کە دەکرێت فەرموودەکەی پێ تایبەت بکرێ لێکدانەوەی بۆ بکەین و حوکمی لێ وەربگرین، ئەوا دەکەوینە هەڵە لە تێگەیشتن و حوکمەکەماندا و مەبەستی پەیامبەر لە فەرموودەکەی ناپێکین، بۆ نموونە ئیمامی ئەحمەد لە کەعبی کوڕی عاصیمی ئەشعەری ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەر فەرموویەتی: "لَيْسَ مِنَ الْبِرِّ الصِّيَامُ فِي السَّفَرِ"[1]. هەندێ لە زانایان، لەوانەش ئیبن حەزم، لێکدانەوەی ڕووکەشانەیان بۆ ئەم فەرموودەیە کردووە و بەلایانەوە وایە، کە ڕۆژووگرتن لە سەفەردا حەرامە و لەبری ناکەوێت و پێویستە قەزا بکرێتەوە[2].

لەڕاستیدا ئەم تێگەیشتنە تێگەیشتنێکی سەرپێی و پیتییە، بۆیە جمهوری زانایان لەسەر ئەو ڕایەن، کە بەڕۆژووبوون لە سەفەردا باشترە لە بەڕۆژوونەبوون بۆ کەسێ کە توانای هەبێت، بە کۆمەڵێك بەڵگە، لەوانە: (عن أبي الدرداء رضي الله عنه، قال: خرجنا مع النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ في بعض أسفاره في يوم حار حتى يضع الرجل يده على رأسه من شدة الحر، وما فينا صائم إلا ما كان من النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ ، وابن رواحة)[3]. وەکو لە تەرجەمەی بوخاریشدا دەردەکەوێت ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بووە (باب: إذا صام أيامًا من رمضان ثم سافر). دەربارەی فەرموودەی (ليس من البر الصيام في السفر) دەفەرموون ئەم فەرموودەیە هۆکارێکی تایبەتی هەبووە، وەکو لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە: (عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ، قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ فِي

---

[1] أخرجه أحمد في مسنده (٢٣٦٨١) (٣٩/ ٨٦). وابن ماجة في سننه، باب ماجاء في الاقطار من السفر (١٦٦٤) (١/٥٣٢)، والنسائي في سننه، باب ما يكره من الصيام في السفر (٢٢٥٤) (٤/ ٤٨٥).

[2] المحلى بالآثار (٤/ ٣٨٤).

[3] أخرجه البخاري في صحيحه، باب إذا صام أيامًا من رمضان ثم سافر (١٩٤٥) (٣/ ٣٤).

سَفَرٍ، فَرَأَى زِحَامًا وَرَجُلًا قَدْ ظُلِّلَ عَلَيْهِ، فَقَالَ: "مَا هَذَا؟"، فَقَالُوا: صَائِمٌ، فَقَالَ: "لَيْسَ مِنَ البِرِّ الصَّوْمُ فِي السَّفَرِ")[1]، کاتێ پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) لە دەوری پیاوێك قەرەباڵخیەکی بینی، کە لە زەویدا کەوتبوو خەریك بوو دەبورایەوە بە هۆی بەڕۆژووبوونەوە ئەم فەرمایشتەی فەرموو.

هەروەها بابەتی بەکرێدانی زەوی: (عن جابر بن عبد الله قال: نَهَى رَسُولُ اللهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ عَنْ كِرَاءِ الْأَرْضِ)[2]. هەندێ لە زانایان، لەوانە ئیبن حەزم بە پشتبەستن بەم فەرموودەیە ڕایان وایە، کە بەکرێدانی زەوی بە هیچ شێوەیەك دروست نییە و ئەگەر کرابێت دەبێت هەڵوەشێتەوە[3]، بەڵام ئەگەر بێت و بگەڕێینەوە بۆ هۆکاری هاتنی فەرموودەکە دەردەکەوێ، کە مەبەستی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئەوە نەبووە. ئیمامی عەبدولڕەززاق لە موصەنیفەکەی و ئیمامی ئەحمەد لە مسونەدەکەیدا، لە عروەی کوڕی زوبەیرەوە هێناویانە، کە فەرموویەتی: گوێم لێ بوو لە زەیدی کوڕی سابت کاتێ فەرموودەی ڕافیعی کوڕی خەدیجیان بۆ باسکرد فەرمووی: "يَغْفِرُ اللَّهُ لِرَافِعِ بْنِ خَدِيجٍ وَاللَّهِ مَا كَانَ هَذَا الْحَدِيثُ هَكَذَا، إِنَّمَا كَانَ ذَلِكَ الرَّجُلُ أَكْرَى لِرَجُلٍ أَرْضًا فَاقْتَتَلَا وَاسْتَبَّا بِأَمْرٍ تَدَارَيَا فِيهِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ: "إِنْ كَانَ هَذَا شَأْنَكُمْ فَلَا تُكْرُوا الْأَرْضَ"، فَسَمِعَ رَافِعٌ آخِرَ الْحَدِيثِ، وَلَمْ يَسْمَعْ أَوَّلَهُ)[4]. وەکو دەبینین ئەم فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) تایبەت بووە بەو دوو پیاوەی، کە لەسەر زەوی بەکرێدان شەڕیان بوو بوو.

---

[1] أخرجه البخاري في صحيحه، باب قول النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ لمن ظلل عليه واشتد الحر "ليس من البر الصوم في السفر" (١٩٤٦) (٣/ ٣٤).

[2] أخرجه مسلم في صحيحه، باب كراء الأرض (١٥٣٦) (٣/ ١١٧٦).

[3] المحلى (٧/ ١٣).

[4] أخرجه عبد الرزاق الصنعاني في مصنفه، باب المزارعة على الثلث والربع (١٤٤٦٥) (٨/ ٩٧).

## وابەستەکردنی دەقە ڕەهاکان ( تقييد المطلق )

هەندێ دەقی فەرمووده هەیە بە شێوەیەکی ڕەها (مطلق) هاتووە، بەڵام لە ڕێگەی زانینی هۆکاری هاتنی فەرموودەکەوە دەتوانین وابەستەی (تقييد) بکەین بە حاڵەتێکی دیاریکراوەوە، بۆ نموونە ئەبوداود و تورمزی و تەبەڕانی لە جەریری کوڕی عەبدوڵڵاوە گێڕاویانەتەوە، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) دەستەیەك لە جەنگاوەرانی هاوەڵی نارده سەر هۆزی (خەزعەم) کە دایان بەسەریاندا هەندێ کڕونووشیان برد، تا هاوەڵان بزانن ئەمانیش لە ژێرەوە مسوڵمانن، بەڵام هاوەڵان سەرەڕای ئەوەش هەر کوشتیانن، کاتێ ئەم هەواڵە بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) گەیشتەوە فەرمووی: "أَنَا بَرِيءٌ مِنْ كُلِّ مُسْلِمٍ يُقِيمُ بَيْنَ أَظْهُرِ الْمُشْرِكِينَ". قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَلِمَ؟ قَالَ: "لَا تَرَاءَى نَارَاهُمَا"[1].

ئەم فەرموودەیە ئەگەر بێ گەڕانەوە بۆ هۆکاری هاتنی فەرموودەکە لێکدانەوەی بۆ بکرێت، جێنشینبوونی مسوڵمان لەناو بێباوەڕان بە شێوەیەکی ڕەها قەدەغە دەکات، وەکو هەندێ بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵام بە سەرنجدان لە هۆکاری هاتنی فەرموودەکە، کە ڕاوی لە فەرموودەکەدا باسی کردووە، دەردەکەوێت کە ئەم حوکمە وابەستەیە بە حاڵەتی جەنگەوە، بەشێوەیەك مسوڵمان لەو کاتەیا جیا نەکرێتەوە لە بێباوەڕی شەڕکەر و بە هۆیەوە مسوڵمانیش لەگەڵ بێباوەڕ جەنگی لەگەڵ بکرێت و بکوژرێت، بەڵام لە حاڵەتی ئاشتی و ئاسایدا، ئایا دەکرێت ئەم حوکمە بەسەر هەر کەسێکدا بدرێت کە لەناو بێباوەڕان نیشتەجێیە؟!.

نموونەی دووەم: ئەو فەرموودانەی دەربارەی خۆشوشتنی ڕۆژی جومعە هاتووە، وەکو فەرموودەی: ئەبو سەعیدی خودری کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای

---

[1] أخرجه الترمذي في سننه، باب ما جاء في كراهية المقام بين أظهر المشركين (١٦٠٤) (٤/ ١٥٥) وأبـو داود في سننه، باب النهي عن قتل مـن اعتصـمَ بالسـجود (٢٦٤٥) (٤/ ٢٨٠) والطبرانـي في الكـبير (٢٢٦٤) (٢/ ٣٠٣).

لەسەر) فەرموویەتی: "غُسْلُ يَوْمِ الجُمُعَةِ وَاجِبٌ عَلَى كُلِّ مُحْتَلِمٍ"[1]. ئەم فەرموودەیە و چەند فەرموودەیەکی تر هەندێ لە زانایان، وەکو ئیبن حەزم، بە شێوەیەکی ڕووکەشانە و حەرفی حوکمیان لێ وەرگرتووە و ڕایان وایە کە خۆشۆردنی ڕۆژی جومعە واجبە[2]، بەڵام جمهوری زانایان پێیان وایە کە خۆشۆردنی ڕۆژی جومعە سوننەتێکی دوپاتکراوەیە (سنة مؤكدة)[3]، بە چەند بەڵگەیەك، لەوانە فەرموودەی دایکی ئیمانداران عائیشە، کە تیایدا هۆکاری فەرموودەکەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ڕوونکراوەتەوە، کە دەفەرموێت: كان الناس ينتابون يوم الجمعة من منازلهم والعوالي، فيأتون في الغبار يصيبهم الغبار والعرق، فيخرج منهم العرق، فأتى رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ إنسان منهم وهو عندي، فقال النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "لَوْ أَنَّكُمْ تَطَهَّرْتُمْ لِيَوْمِكُمْ هَذَا"[4]. کەواتە بەم فەرموودەی دوایی دەتوانین بڵێین ئەو فەرمانەی، کە لە فەرموودەی یەکەمدا هاتووە وابەستیە (مقيد) بەو کاتەی، کە ئەو کەسەی دەڕوات بۆ جومعە چڵکن بێت و لەسەر کار گەڕابێتەوە و بۆنی ناخۆشی لێبێت.

[1] أخرجه البخاري في صحيحه، باب فضل الغسل يوم الجمعة (٨٧٩) (٢/ ٣).

[2] المحلى (١/ ٢٥٥).

[3] شرح النووي على مسلم (٦/ ١٣٣).

[4] أخرجه البخاري في صحيحه، باب من أين تؤتى الجمعة، وعلى من تجب (٩٠٢) (٢/ ٦).

## ڕوونکردنەوەی ناڕوونی (بيان المجمل):

هەندێ فەرموودە هەیە لە هەندێ گێڕانەوەدا ماناکەی ناڕوونە، ئەگەر بەو شێوەیە لێکدانەوەی بۆ بکرێت، تووشی گرفتمان دەکات لە تێگەیشتندا، بۆیە دەتوانین لە ڕێگەی هۆکاری هاتنی فەرموودەوە کە لە گێڕانەوەی تردا باسکراوە، ئەو ناڕوونیە نەهێڵین و ماناکەی بە ڕوونی دیاری بکەین، بۆ نموونە: زانایان ڕای جیاوازیان هەیە دەربارەی کەڵەشاخگرتن، ئایا ڕۆژوو بەتاڵ دەکاتەوە یاخود نا؟ هەندێ لە زانایان وەکو ئیمامی ئەحمەد[1] ڕایان وایە، کە کەڵەشاخگر و کەڵەشاخ بۆگیراو هەردووکیان ڕۆژووەکەیان بەتاڵە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی ئەبو هورەیرە ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: "أَفْطَرَ الْحَاجِمُ وَالْمَحْجُوم"[2]، بەڵام جمهوری زانایان ڕایان وایە کەڵەشاخ ڕۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە، بە بەڵگەی چەند فەرموودەیەك، کە پێیان وایە ئەو فەرموودانە فەرموودەی (أفطر الحاجم والمحجوم) نەسخ دەکەنەوە، لەو بەڵگانەش: ئیبن عەبباس فەرموویەتی: "أن النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ احتجم وهو محرم، واحتجم وهو صائم"[3]. ئیبن حەجەر دەڵێت: "قال ابن عبد البر وغيره فيه دليل على أن حديث أفطر الحاجم والمحجوم منسوخ، لأنه جاء في بعض طرقه أن ذلك كان في حجة الوداع، وسبق إلى ذلك الشافعي"[4].

لەڕاستیدا ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هۆکاری هاتنی فەرموودەکە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە هۆکاری هاتنی فەرموودەکە حاڵەتێکی تایبەت بووە، هەر وەکو لە

---

[1] الهداية على مذهب الإمام أحمد ( ١٥٨)، المغني لابن قدامة (٣/ ١٢٠).

[2] أخرجه أحمد في مسنده، مسند أبي هريرة (٨٧٦٨) (١٤/ ٣٧٣)، عبد الرزاق الصنعاني في مصنفه عن شداد بن أوس، باب الحجامة للصائم (٧٥١٩) (٤/ ٢٠٩)، وابن ماجة في سننه، باب ما جاء في الحجامة للصائم (١٦٧٩) (١/ ٥٣٧).

[3] أخرجه البخاري في صحيحه، باب الحجامة والقيء للصائم (١٩٣٨) (٣/ ٣٣).

[4] فتح الباري لابن حجر (٤/ ١٧٨).

وشەكانی فەرموودەكەشەوە دەردەكەوێت (أفطر الحاجم والمحجوم)، كە مەبەست پێی حاڵەتێكی تایبەت و بەرچاو بووە (واقعە عین)، هەروەكو لە فەرموودەی جوندوب دەردەكەوێت، كە دەفەرموێت پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) لە ڕەمەزاندا بەلای دوو پیاودا ڕۆیشت، كە خەریكی كەڵەشاخگرتن بوون و بە دەمیەوە غەیبەتی خەڵكیان دەكرد فەرمووی: (أفطر الحاجم والمحجوم)[1]. ئیمامی زەیلەعی دەڵێت: "وقال بعض من روى: أفطر الحاجم: إنه عليه السلام مر بهما، وهما يغتابان رجلا، والفطر في الحديث محمول على سقوط الأجر، كما روى: من ترك العصر فقد حبط عمله"[2].

نموونەی دووەم: بابەتی سزادانی مردوو بە گریانی كەسوكاری: عن أبي بردة، عن أبيه، قال: لما أصيب عمر رضي الله عنه جعل صهيب يقول: وا أخاه، فقال عمر: أما علمت أن النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ قال: "إِنَّ المَيِّتَ لَيُعَذَّبُ بِبُكَاءِ الحَيِّ"[3]. لەڕاستیدا لەم فەرموودەیەدا ناڕوونیەك هەیە، چۆن دەكرێت كەسێك بە تاوانی كەسێكی تر سزا بدرێت؟ ئایا پێچەوانە نییە لەگەڵ بنەمای قورئانیی (ولا تزر وازرة وزر أخرى)؟. هەندێ لە زانایان بۆ دەربازبوون لەم گرفتە بە چەندان جۆر تەئویلیان بۆ ئەم فەرموودەیە كردووە، وەكو ئەوەی كاتێ سزا دەدرێت، كە خۆی وەسێتی كردبێت بۆی بگرین... بەڵام كاتێ دەگەڕێینەوە بۆ هۆكاری هاتنی فەرموودەكە، مانای فەرموودەكەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، دەزانین كە پەیوەندی بە سزادانی مردووەوە نییە كاتێ لەسەری دەگرین، وەك لەم فەرموودانەی خوارەوەدا ئاماژەی پێكراوە:

---

[1] أخرجه البيهقي في شعب الإيمان (٦٧٤٣) (٥/ ٣٠٧).

[2] نصب الراية (٢/ ٤٧٩).

[3] أخرجه البخاري في صحيحه، باب قول النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ: «يعذب الميت ببعض بكاء أهله عليه» (١٢٩٠) (٢/ ٨٠).

١. عن عمرة بنت عبد الرحمن قالت: سمعت عائشة رضي الله عنها، زوج النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ، قالت: إنما مرّ رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ على يهودية يبكي عليها أهلها، فقال: "إِنَّهُمْ لَيَبْكُونَ عَلَيْهَا وَإِنَّهَا لَتُعَذَّبُ فِي قَبْرِهَا"[1].

٢. عَن هشام، عَن أَبِيه، قَال: ذُكِرَ عند عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، أَنَّ ابن عمر رفع إِلى النَّبِيِّ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ: "إِنَّ المَيِّتَ يُعَذَّبُ فِي قَبْرِهِ بِبُكَاءِ أَهْلِهِ" فَقَالَتْ: وَهَلَ؟ إِنَّمَا قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ: "إِنَّهُ لَيُعَذَّبُ بِخَطِيئَتِهِ وَذَنْبِهِ، وَإِنَّ أَهْلَهُ لَيَبْكُونَ عَلَيْهِ الآنَ"[2].

٣. قال ابن عباس: فلما مات عمر ذكرت ذلك، لعائشة فقالت: يرحم الله عمر، لا والله ما حدث رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ إن الله يعذب المؤمن ببكاء أحد، ولكن قال: "إِنَّ اللهَ يَزِيدُ الْكَافِرَ عَذَابًا بِبُكَاءِ أَهْلِهِ عَلَيْهِ". قال: وقالت عائشة: حسبكم القرآن: (ولا تزر وازرة وزر أخرى)[3].

## وەستان لەسەر ئەو هۆیەی کە بۆتە مایەی تەشریعی حوکمەکە

بنەمایەکی ئوصولیمان هەیە دەڵێت: (الحكم يدور مع علته وجودا وعدما)، واتە: حوکمی شەرعی پەیوەستە بە هۆکەیەوە بە بوون و نەبوون. واتە ئەو حوکمانەی، کە عیللەت و هۆی تەشریعیان دیارە، هەر کاتێ عیللەتەکە بوو حوکمەکەش دەبێت، هەر کاتێ هۆکاری تەشریعی حوکمەکە نەما حوکمەکەش نامێنێت. هەندێ فەرموودە هەیە، کە جێگەی مشتومڕی زانایانە، ئایا ئەو حوکمی وەرگیراو لە فەرموودەکە تا ئێستاش ئیشی پێدەکرێت یاخود نا؟ هەندێ حوکم هەیە بە وتەی

[1] أخرجه البخاري في صحيحه، باب قول النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ: «يعذب الميت ببعض بكاء أهله عليه» (١٢٨٩) (٢/ ٨٠).

[2] أخرجه البخاري في صحيحه، بَاب قتل أبي جهل (٣٩٧٨) (٥/ ٧٧).

[3] أخرجه مسلم في صحيحه، باب الميت يعذب ببكاء أهله عليه (٩٢٩) (٢/ ٦٤٢).

پێغەمبەر نەماوە، چونکە هۆی حوکمەکە نەماوە، ئایا ئەگەر جارێکی تر هۆکەی گەڕایەوە حوکمەکە دەگەڕێتەوە؟ بۆ ئەم بابەتە ئێمە دەتوانین سوود لە هۆکاری هاتنی فەرموودە ببینین بۆ دیاریکردنی هۆکاری تەشریعی حوکم، بۆ نموونە:

١. حوکمی بەکارهێنانی کونیەی پێغەمبەر (أبو القاسم): زانایان ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر ئەم بابەتە[1]. زۆربەی زانایان ڕایان وایە، کە لە دوای وەفاتی پێغەمبەر دروستە. زاهیریەکان پێیان وایە بە هیچ شێوەیەك دروست نییە، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەی ئەبو هورەیرە، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: "سَمُّوا بِاسْمِي، وَلاَ تَكْتَنُوا بِكُنْيَتِي"[2]، بەڵام جمهوری زانایان دەڵێن لە فەرموودەی تردا هۆکاری هاتنی فەرموودەکە ڕوون کراوەتەوە، کە دەکرێت بکرێتە هۆی حوکمەکە، کە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی کونیەی پێغەمبەرە: عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ فِي السُّوقِ، فَقَالَ رَجُلٌ: يَا أَبَا القَاسِمِ، فَالْتَفَتَ إِلَيْهِ النَّبِيُّ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ، فَقَالَ: إِنَّمَا دَعَوْتُ هَذَا، فَقَالَ النَّبِيُّ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ: «سَمُّوا بِاسْمِي وَلاَ تَكَنَّوْا بِكُنْيَتِي»[3]. لەم فەرموودەیەدا هۆکاری هاتنی فەرموودەکە هەمان هۆکاری تەشریعی حوکمەکەیە، بۆیە بە وەفاتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) حوکمەکە کۆتایی پێهاتووە.

نموونەی دووەم: خواردن و هەڵگرتنی گۆشتی قوربانی زیاد لە سێ ڕۆژ: عن عبد الله بن واقد، قال: نَهَى رَسُولُ اللهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ عَنْ أَكْلِ لُحُومِ الضَّحَايَا بَعْدَ ثَلَاثٍ. قَالَ عَبْدُ اللهِ بْنُ أَبِي بَكْرٍ: فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لِعَمْرَةَ، فَقَالَتْ: صَدَقَ، سَمِعْتُ عَائِشَةَ، تَقُولُ: دَفَّ أَهْلُ أَبْيَاتٍ مِنْ أَهْلِ الْبَادِيَةِ حَضْرَةَ الْأَضْحَى زَمَنَ رَسُولِ اللهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ: "ادَّخِرُوا ثَلَاثًا، ثُمَّ تَصَدَّقُوا بِمَا

[1] فتح الباري لابن حجر (١٠/ ٥٧٢).

[2] أخرجه البخاري في صحيحه، باب كنية النبي صلى الله عليه وسلم (٣٥٣٩) (٤/ ١٨٦).

[3] أخرجه البخاري في صحيحه، باب ما ذكر في الأسواق (٢١٢٠) (٣/ ٦٦).

بَقِيَ"، فَلَمَّا كَانَ بَعْدَ ذَلِكَ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ، إِنَّ النَّاسَ يَتَّخِذُونَ الْأَسْقِيَةَ مِنْ ضَحَايَاهُمْ، وَيَجْمُلُونَ مِنْهَا الْوَدَكَ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ: "وَمَا ذَاكَ؟". قَالُوا: نَهَيْتَ أَنْ تُؤْكَلَ لُحُومُ الضَّحَايَا بَعْدَ ثَلَاثٍ، فَقَالَ: "إِنَّمَا نَهَيْتُكُمْ مِنْ أَجْلِ الدَّافَّةِ الَّتِي دَفَّتْ، فَكُلُوا وَادَّخِرُوا وَتَصَدَّقُوا[١]". زانایان دەڵێن: حوكمی قەدەغەكردنی هەڵگرتنی گۆشتی قوربانی

زیاد لە سێ ڕۆژ نەسخ بۆتەوە، بەڵام ئەگەر سەیر بكەین هۆكاری هاتنی فەرموودەكە هەمان هۆكاری تەشریعی حوكمەكەیە، كە (من أجل الدافه) لەبەر ئەوەی خەڵكی لەو ساڵەدا هەژار و نەدار بوون، فەرموودەكە هاتووە و هۆكاری حوكمی قەدەغەكردنەكەش هەمان شت بووە. كەواتە بە دیاریكردنی هۆكاری تەشریعی حوكمەكە، دەكرێ بڵێین نەسخ نەبۆتەوە، بەڵكو عیللەتەكەی نەماوە، هەر كاتێ عیللەتەكە كە (هەژارییە لە كۆمەڵگادا) دروست بووەوە جارێكی تر حوكمی قەدەغەكردن دەگەڕێتەوە.

## كۆتایی

فەرموودە دروستەكانی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر)، سەرچاوەی دووەمی شەریعەتی ئیسلامن، شانبەشانی قورئانی پیرۆز وەك بەڵگەیەك لە بەڵگەكانی هەڵێنجانی حوكم لەلایەن مسوڵمانان بە گشتی و زانایان بەتایبەتی سەیر دەكرێت. بابەتی تێگەیشتن لە سوننەت لە گرنگترین بابەتەكانی زانستی فەرموودەیە، چونكە هەندێ لە مسوڵمانان بە بیانووی پابەندبوون بە سوننەتەوە، هەر فەرموودەیەكیان بینی لێكدانەوەیەكی ڕووكەشانە و پیتی بۆ دەكەن، بێ

[١] أخرجه مسلم في صحيحه، باب بيان ما كان من النهي عن أكل لحوم الأضاحي بعد ثلاث في أول الإسلام، وبيان نسخه وإباحته إلى متي شاء (١٩٧١) (٣/ ١٥٦١).

گوێدانە بنەماکانی زمانەوانی و ڕەوانبێژی و یاسا و ڕێساکانی تێگەیشتن لە دەق، هەروەها کاتێ فەرموودەیەك بە پێی لێکدانەوەیەکی سەرەتایی و سەرپێی لەگەڵ دەقێکی چەسپاو یا ژێریی ناگونجێت، نابێت پەنا بۆ ڕەتکردنەوە یا نەسخکردنەوەی فەرموودەکە ببرێت، بەڵکو دەبێت جارێکی تر خوێندنەوە و تێگەیشتنێکی نوێی بۆ بکرێت بە گوێرەی ئەو بنەمایانەی، کە زانایان دایانناوە بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتن لە فەرموودە.

زانایان بۆ تێگەیشتنی دروست لە فەرموودە کۆمەڵێ بنەما و ڕێسایان داناوە، کە بە گەڕانەوە بۆ ئەو بنەما و ڕێسایانە، دەتوانین تێگەیشتنمان بۆ فەرموودە تێگەیشتنێکی دروست بێت و دوور بێت لە تێگەیشتنی ڕووکەشانە و نادروست. لە گرنگترین ئەو بنەما و ڕێسایانەی زانایان دایانناوە بۆ تێگەیشتنی دروست لە فەرموودە: گەڕانەوەیە بۆ هۆکاری هاتنی فەرموودە. زانایانی فەرموودە و ئوصولی فیقهـ گرنگیەکی زۆریان بە زانینی هۆکاری هاتنی فەرموودە داوەو هەر لە کۆنەوە چەندان کتێبیان لەو بارەیەوە داناوە، کە ئەمەش نیشانەی خەمخۆری ئەو زانایانە و گرنگی بابەتەکە دەردەخات.

زانینی ئەو هۆکارەی کە فەرموودەکە لەبارەیەوە هاتووە، یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی تێگەیشتن و لێکدانەوەی فەرموودە، چونکە زانینی هۆکار یارمەتی زانا و موجتەهید دەدات تا مەبەستی پەیامبەر (درووودی خوای لەسەر) لە فەرموودەکە ڕوون بکاتەوە و حوکمی شەرعی لە فەرموودەکە وەربگرێت. بە گەڕانەوەش بۆ زانینی هۆکاری هاتنی فەرموودە دەتوانین کۆمەڵی گومان و گرفت دەربارەی فەرموودە بڕەوێنینەوە، کە لە ئەنجامی تێگەیشتنی سەرپێیانە و لێکدانەوەی حەرفیەوە دروست بوون.

# سەرچاوەکان

١- الاعتصام، إبراهيم بن مسوى بن محمد اللخمي الغرناطي الشهير بالشاطبي، تحقيق: سليم بن عيد الهلالي، دار ابن عفان - السعودية، ط١، ١٤١٢هـ/ ١٩٩٢م.

٢- الانحراف في فهم الحديث النبوي/ دراسة تأصيلية تطبيقية) قدمه سمح عبدالاله عبدالهادي إلى جامعة النجاح الوطنية. بابلس - فلسطين.

٣- البيان والتعريف في أسباب ورود الحديث الشريف، ابن حمزة الحسيني الدمشقي، تحقيق: عبد المجيد هاشم، مكتبة مصر - القاهرة.

٤- الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله - صلى الله عليه وسلم - وسننه وأيامه = صحيح البخاري، محمد بن إسماعيل أبو عبد الله البخاري الجعفي، المحقق: محمد زهير بن ناصر الناصر، دار طوق النجاة، ط١، ١٤٢٢هـ.

٥- الجامع لأخلاق الراوي وآداب السامع، أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت بن أحمد بن مهدي الخطيب البغدادي، المحقق: د. محمود الطحان، مكتبة المعارف - الرياض.

٦- الرسالة، الشافعي أبو عبد الله محمد بن إدريس المطلبي القرشي المكي، المحقق: رفعت فوزي عبد المطلب، دار الوفاء، المنصورة - مصر، ط١، ١٤٢٢هـ/ ٢٠٠١م.

٧- سنن أبي داود، أبو داود سليمان بن الأشعث بن إسحاق بن بشير بن شداد بن عمرو الأزدي السِّجِسْتاني، المحقق: شعَيب الأرنؤوط - محَمَّد كامِل قره بللي، دار الرسالة العالمية، ط١، ١٤٣٠هـ/ ٢٠٠٩ م.

٨. سنن الترمذي، محمد بن عيسى بن سَوْرة بن مسوى بن الضحاك، الترمذي، أبو عيسى، تحقيق وتعليق: أحمد محمد شاكر وآخرون، شركة مكتبة ومطبعة مصطفى البابي الحلبي - مصر، ط٢، ١٣٩٥هـ/ ١٩٧٥م.

٩- سير أعلام النبلاء، شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد بن عثمان بن قَايْماز

الذهبي، المحقق: مجموعة من المحققين بإشراف الشيخ شعيب الأرناؤوط، مؤسسة الرسالة، ط٣، ١٤٠٥هـ/ ١٩٨٥م.

١٠ـ شعب الإيمان، أبو بكر أحمد بن الحسين البيهقي، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط١، ١٤١٠هـ.

١١ـ فتح الباري شرح صحيح البخاري، أحمد بن علي بن حجر أبو الفضل العسقلاني الشافعي، رقم كتبه وأبوابه وأحاديثه: محمد فؤاد عبد الباقي، دار المعرفة ـ بيروت، ١٣٧٩هـ.

١٢ـ مجموع الفتاوى، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن تيمية الحراني، المحقق: عبد الرحمن بن محمد بن قاسم، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف، المدينة النبوية، المملكة العربية السعودية، ١٤١٦هـ/ ١٩٩٥م.

١٣ـ المحلى بالآثار، أبو محمد علي بن أحمد بن سعيد بن حزم الأندلسي القرطبي الظاهري، دار الفكر ـ بيروت، بدون طبعة وبدون تاريخ.

١٤ـ مسند الإمام أحمد بن حنبل، أبو عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل بن هلال بن أسد الشيباني، المحقق: شعيب الأرنؤوط ـ عادل مرشد، وآخرون، إشراف: د عبد الله بن عبد المحسن التركي، مؤسسة الرسالة، ط١، ١٤٢١هـ/ ٢٠٠١م.

١٥ـ المسند الصحيح المختصر بنقل العدل عن العدل إلى رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ، مسلم بن الحجاج أبو الحسن القشيري النيسابوري، المحقق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي ـ بيروت.

١٦ـ المصنف، أبو بكر عبد الرزاق بن همام بن نافع الحميري اليماني الصنعاني، المحقق: حبيب الرحمن الأعظمي، المجلس العلمي ـ الهند، ط٢، ١٤٠٣هـ.

١٧ـ معرفة أنواع علوم الحديث، عثمان بن عبد الرحمن، أبوعمرو، تقي الدين المعروف بابن الصلاح، المحقق: عبد اللطيف الهميم ـ ماهر ياسين الفحل، دار الكتب العلمية، ط١، ١٤٢٣هـ/ ٢٠٠٢م.

١٨ـ المغني، أبو محمد موفق الدين عبد الله بن أحمد بن محمد، الشهير بابن قدامة المقدسي، تحقيق: د. عبد الله بن عبد المحسن التركي، د. عبد الفتاح محمد الحلو، عالم

الكتب، الرياض ـ السعودية، ط٣، ١٤١٧هـ/ ١٩٩٧م.

١٩ـ مقدمة اللمع في أسباب ورود الحديث، يحيى إسماعيل أحمد، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط١، ١٤٠٤هـ/ ١٩٨٤م.

٢٠ـ المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج، أبو زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي، دار إحياء التراث العربي ـ بيروت، ط٢، ١٣٩٢هـ.

٢١ـ نصب الراية لأحاديث الهداية مع حاشيته بغية الألمعي في تخريج الزيلعي، جمال الدين أبو محمد عبد الله بن يوسف بن محمد الزيلعي، المحقق: محمد عوامة، مؤسسة الريان للطباعة والنشر، بيروت ـ لبنان، دار القبلة للثقافة الإسلامية، جدة ـ السعودية، ط١، ١٤١٨هـ/ ١٩٩٧م.

٢٢ـ الهداية على مذهب الإمام أبي عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل الشيباني، محفوظ بن أحمد بن الحسن، أبو الخطاب الكلوذاني، المحقق: عبد اللطيف هميم ـ ماهر ياسين الفحل، مؤسسة غراس للنشر والتوزيع، ط١، ١٤٢٥هـ/ ٢٠٠٤م.

٢٣ـ عبدالفتاح أبو غده، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوە لە گۆڤاری (اللسان العربي) لە بڵاوکراوەکانی (جامعة الدول العربية) ڕێکخراوی عەرەبی بۆ پەروەردەوە و ڕۆشنبیری و زانست، بەرگی ١٤، ١٩٧٦ز.

# تەوەری دووەم

# وەڵامی گومانەکان

# پێگەی ئافرەت لە دووتوێی چەند دەقێکی شێوێنراودا

**پ. د. خالید محەمەد سالح**
**زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی یاسا**

زۆر گرنگە کاتێك مرۆڤ بڕیار دەربارەی هەر شتێك دەدات، بەپێی پێودانگی زانستی و لەسەر بنەمای بێلایەنی و بابەتیبوون و گەڕان بە دوای ڕاستی دوور لە دەمارگیری و بڕیاری پێشوەختە بێت، بەمەیش هەم خۆی و هەم خەڵکانی تریش لە هەڵە و هەڵدێر دەپارێزێت، بەتایبەتی لە ڕاڤەکردن و هەڵسەنگاندی دەقە شەرعیەکاندا، کە دەقی ئاسایی و وتەی خەڵکانی سادە نین، بۆ هەڵسەنگاندیان بەشێوەیەکی زانستییانە، مرۆڤ پێویستی بە دەیان زانستی هەستیار هەیە، کە پێویستە شارەزایی لە بارەیانەوە هەبێت، تا بتوانێت لە ڕاستی واتا و مەبەستی فەرموودەکان تێبگات، بۆیە کاتێك قسە لەسەر ڕاڤەی دەقێك، یان فەرموودەیەك دەکەین، دەبێت ڕەچاوی کۆمەڵێك شت بکەین، لەوانە: تێگەیشتنی وشەکانی دەقەکە و هەموو واتاکانی لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەییەوە، زانین و بەدواداچوون

بۆ هەموو ئەو فەرموودانەی لەسەر ئەو بابەتە هاتوون و پشت نەبەستن بە تەنها فەرموودەیەك لەو ڕووەوە، زانینی هۆكاری هاتنی فەرموودەكە و هەل و مەرج و ئەو كەسەی كە فەرموودەكەی لەبارەوە هاتووە، زانینی كاتی هاتنی فەرموودەكان، چونكە لەوانەیە هەندێكیان حوكمی ئەوانی تریان سڕیبێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر پاش ئەوان هاتبن، زانینی ئەو ڕێكارە زانستیانەی كە بۆ گونجاندنی ئەو فەرموودانە بەكاردێت، كە لە ڕووكەشدا ناتەبا و جیاوازن. ئەمانەو چەندین شتی تر، كە بۆ گەیشتن بە واتای ڕاستەقینەی فەرموودەكان پێویستن.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكە بۆ ڕاڤەكردنێكی زانستییانە بۆ چەند دەقێكی شەرعی، كە ئەگەر بە سەرپێی و ڕووكەش ڕاڤەیان بكەین، واتای خراپیان لێ دەخوێنرێتەوە، بەڵام كە لێیان ورد دەبینەوە و بابەتییانە خوێندنەوەیان بۆ دەكەین، واتاكان پێچەوانەوە دەبنەوە.

خەڵكانێكی زۆر بە نەشارەزایی كەوتوونەتە شەنوكەوكردنی هەندێك لەو فەرموودانە، نەزانانە هەڵسەنگاندیان بۆ دەكەن و بڕیاریان لەبارەوە دەدەن و وای وێنا دەكەن كە ئەم فەرموودانە بێڕێزی، یان سووكایەتی بە ئافرەت دەكەن، یاخود لەگەڵ بنەماكانی مافی مرۆڤ یەك ناگرنەوە، یاخود لەگەڵ زانستی سەردەم، جۆر و تەبا نین، یاخود لەگەڵ لێكدانەوەی عەقڵی ئەوان یەك ناگرنەوە، كە ئەمانە هیچیان پێوەری زانستی نین بۆ حوكمدان لەسەر ڕاستی، یان لاوازی فەرموودەكان، سەرباری ئەوەی كە زۆربەی ئەو كەسانە لە هیچكام لەو بوارانەیشدا شارەزا و پسپۆڕ نین و هیچیش دەربارەی زانستە شەرعییەكان بە گشتی و زانستی فەرموودە بەتایبەتی نازانن.

## دەستپێك:

بەر لەوەی بچمە سەر ناوەڕۆکی باسەکەم، پێمخۆشە سەرەتا باسی تێڕوانینێکی گشتی ئیسلام بکەم دەربارەی پرسەکانی ئافرەت و ئەو دەقانەی لەو بارەیەوە هاتوون، لەم چەند خاڵەی لای خوارەوەدا:

١ـ لە دیدی ئیسلامدا مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی، بە هەردوو ڕەگەزەکەیەوە و بێ جیاوازی، باشترین و جوانترینی دروستکراوی خوای گەورەن، خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموویێت: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ﴾ (الإسراء: ٧٠)، واتە: (ئێمە ڕێزمان لە مرۆڤایەتی و نەوەکانی ئادەم گرتووە). کاتێکیش باس لە کانزای دروستکردنیان دەکات، هەردووکیان بێ جیاوازی دەگێڕێتەوە بۆ یەك سەرچاوە کە خۆڵە و لەبارەیانەوە دەفەرمویێت: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ إِذَا أَنتُم بَشَرٌ تَنتَشِرُونَ﴾ (الروم: ٢٠)، واتە: (یەکێك لە نیشانەکانی دەسەڵاتی خوای گەورە ئەوەیە، کە ئێوەی لە خۆڵ دروست کردووە، پاشان ئێوە بوونەتە مرۆڤ و بەسەر زەوییدا بڵاوبوونەتەوە)، یان دەفەرمویێت: ﴿وَاللَّهُ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ جَعَلَكُمْ أَزْوَاجًا﴾ (فاطر: ١١)، واتە: (خوای باڵادەست ئێوەی لە خۆڵ دروست کردووە، پاشان لە تنۆکێك ئاو، پاشانیش کردوونی بە دوو ڕەگەزی جیاواز لە نێر و لە مێ). دواتریش کە باس لە شێوازی دروستبوونیان دەکات، نافەرموویێت پیاومان باشتر لە ژن دروستکردووە، بەڵکو بە شێوازێکی یەکسان دەربارەی دروستکردنی هەردووکیان دەفەرموویێت: ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ﴾ (التين: ٤)، واتە: (ئێمە مرۆڤمان لەسەر جوانترین و باشترین شێوە دروستکردوە). کۆی ئەم دەقانەیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لە ڕووی دروستبوونەوەی هیچ ڕەگەزێك لەوی تر زیاتر و باشتر نییە.

٢ـ ئیسلام زۆر جەخت لەسەر یەکسانیی تەواوی ژن و پیاو دەکاتەوە لە پرسە گشتی و چارەنووسسازەکاندا، وەك بنەماکانی باوەڕبوون و خواناسی و سزا و

پاداشتکردن لەسەر کردەوەکانیان. خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ (التوبة: ٧١)، واتە: (باوەڕداران نێر و مێیان پشتیوان و هاوکاری یەکترن، فەرمان دەکەن بە چاکە و ڕێگە دەگرن لە خراپە و نوێژەکانیان دەکەن و زەکاتی ماڵەکانیان دەردەکەن و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی دەکەن، ئەوانە بەزەیی خوای گەورە دەیانگرێتەوە و خوای گەورەیش دانا و بەتوانایە).

سەبارەت بە پاداشتی کردەوە چاکەکانیان، دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا﴾ (الأحزاب: ٣٥)، واتا: (مسوڵمانان نێر و مێیان، باوەڕداران نێر و مێیان، خواناسان نێر و مێیان، ڕاستگۆیان نێر و مێیان، ئارامگران نێر و مێیان، ملکەچانی فەرمانی خوا نێر و مێیان، بەخشندەکان نێر و مێیان، ڕۆژووگران نێر و مێیان، ئەوانەی داوێنیان پاك ڕادەگرن نێر و مێیان، ئەوانەی یادی خوا زۆر دەکەن نێر و مێیان خوای گەورە لێخۆشبوون و پاداشتی گەورەی بۆ ئامادەکردون)، هەروەها دەفەرمووێت: ﴿وَمَنْ يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتِ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ نَقِيرًا﴾ (النساء: ١٢٤)، واتە: (هەرکەسێك باوەڕدار بێت و کردەوەی چاك بکات، جا نێر بێت یان مێ، ئەوانە دەچنە بەهەشتەوە و ئەوەندەی گەردیلەیەك ستەمیان لێ ناکرێت)، هەروەها دەفەرموێت: ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ (النحل: ٩٧)، واتە: (هەرکەس باوەڕدار بێت و کردەوەی باش بکات

له نێر و له مێ، ئەوە ژیانێکی پڕ له ئارامی و ئاسودەیی پێ دەبەخشین و به باشترین شێوه پاداشتی کردەوەکانیان دەدەینەوە).

سەبارەت به سزای کردەوه خراپەکانیشیان دەفەرموێت: ﴿مَنْ عَمِلَ سَيِّئَةً فَلَا يُجْزَى إِلَّا مِثْلَهَا وَمَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ يُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ (غافر: ٤٠)، واته: (هەرکەس خراپەیەك بکات هەر هێندەی خراپەکەی سزا دەدرێت و هەرکەسیش چاکه بکات و باوەڕدار بێت له نێر و له مێ، ئەوانه دەچنه بەهەشتەوه و بەبێ ئەژمار و ئەندازه پێیان دەبەخشرێت و چاکەیان لەگەڵ دەکرێت).

٣ـ لەژێر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی سەرەوەدایه، که خوای گەوره له قورئاندا و لەسەر مافەکانی ئافرەت بەگژ هەموو داب و نەریت و کەلتووره دواکەوتووەکانی عەرەبدا دەچێتەوه، که تێیدا بێڕێزی بەرامبەر ئافرەت کراوه و مافەکانی پێشێل کراوه، لەوانه: به سووك سەیرکردنی ئافرەت و تەماشاکردنی وەك پەڵەیەکی شەرم و تاوان و هەوڵدان بۆ لەناوبردن و زیندەبەچاڵکرنی، خوای گەوره لەو بارەیەوه دەفەرمووێت: ﴿وإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالْأُنْثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ * يَتَوَارَى مِنَ الْقَوْمِ مِن سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ أَيُمْسِكُهُ عَلَى هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ أَلاَ سَاء مَا يَحْكُمُونَ﴾ (النحل: ٥٨ـ ٥٩)، واته: (ئەگەر هەر یەکێکیان مژدەی ئەوەی پێ بدرایه، که کچی بووه دەموچاوی ڕەش هەڵدەگەڕا و خەم دایدەگرت و له شەرم و له خەجاڵەتی ئەو مژدەیەی، که پێی دراوه خۆی له خەڵکی دەشاردەوه و پێی نەنگی بوو بچێته ناو کۆڕ و کۆمەڵیان و نەیدەزانی، که ئەو سوکایەتیه قبوڵ بکات و بیهێڵێتەوه، یان بیکات به ژێر خۆڵەوه و لەناوی ببات)، پاشان خوای گەوره دەفەرمووێت (ئەوه چ حوکمێکی بەد و خراپ و نابەجێیه که ئەوانه دەیکەن).

یاخود بێبەشکردنی ئافرەت له هەموو ڕزق و ڕۆزیەکی باش و داهاتێکی به بەها، لەو بارەیەوه دەفەرموێت: ﴿وقالوا مَا فِي بُطُونِ هَذِهِ الأَنْعَامِ خَالِصَةٌ لِذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ

على أَزْوَاجِنَا وَإِن يَكُن مَّيْتَةً فَهُمْ فِيهِ شُرَكَاء سَيَجْزِيهِمْ وَصْفَهُمْ إِنَّهُ حِكِيمٌ عَلِيمٌ﴾ (الأنعام: ١٣٩)، واتە: (دەیانگوت ئەو کۆرپەلە و بەرهەمەی لە سکی ئاژەڵەکانماندایە تەنها بۆ نێرینە و پیاوەکانمانە و لەسەر مێینە و خێزانەکانمان قەدەغە و یاساغە، خۆ ئەگەریش ئاژەڵەکە یان کۆرپەکەی ناو سکی بمردایە ئەوە خێزانەکانیشیان لەو زیانەدا هاوبەش دەکرد، خوای گەورە سزای ئەو هەڵوێست و شێوازی دابەشکردنەیان دەداتەوە، خوای گەورە دانا و زانایە بە وردەکاری کار و نیەتەکانیان).

٤- وێڕای ئەمانە هەمووی، نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت، کە ئەم دوو ڕەگەزە هەر لە سەرەتا خاڵی دروستبوونیانەوە پێکهاتەکەیان جیاوازە، ئەم جیاوازییەش کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو بەشەکانی دەروونی و جەستەیی و سۆزدارییان هەیە و ناکرێت ئەو جیاوازییانەیش لە کاتی دابەشکردنی ئەرك و مافەکاندا فەرامۆش بکرێن، ئەم جیاوازییەیش بەمەبەستی دابینکردنی بەرژەوەندی هەردوو ڕەگەزەکەیانە، نەك تەنها ڕەگەزێك لەسەر حیسابی ڕەگەزەکەی تر، بۆیە هەر جیاوازییەك لە حوکمە شەرعییەکاندا هەیە لەم سۆنگەیەوەیە و هیچ پەیوەندی بە سەنگی کەسایەتی کەسەکان و پێگە و ڕێزیانەوە نییە، چونکە خوای گەورە دوو جۆر ئیرادە و خواستی هەیە، یەکێکیان گەردوونییە (الإرادة الكونية)، ئەویتریان شەرعییە (الإرادة الشرعية)، مرۆڤ لە بەرامبەر خواستە گەردوونیەکانی خوای گەورەدا هیچ بژاردە و توانایەکی نییە و هەر بۆیەیش هیچ ئەرك و بەرپرسیارێتیەکی شەرعی ناکەوێتە سەر، واتە کاتێك کەسێك خوای گەورە بە نێر یان بە مێ دروستی دەکات، لە بەرامبەر ئەمەدا هیچ ئەرك و بەرپرسیارێتیەکی ناکەوێتە ئەستۆ، کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر کەسایەتی و سەنگی خۆی دروست ناکات. ئەوەی مرۆڤ بەرامبەری بەرپرسیارە و لێپێچینەوەی لەسەری لەگەڵ دەکرێت و کاریگەری لەسەر سەنگ و پێگەی دروست دەکات، لای خوای گەورە ئیرادە و خواستە شەرعیەکانە، کە لە توانای مرۆڤەکاندایە و ئازادانە بڕیاریان لە بارەوە دەدات.

٥ـ تایبەت بە هەڵسەنگاندنی فەرموودە، کاتێك ئێمە قسە لەسەر دروستیی (صحیح)، یان لاوازیی (ضعیف)ی فەرموودەیەك دەکەین، دەبێت لە دوو لایەنەوە هەڵسەنگاندن و قسەی لەسەر بکەین:

لایەنی یەکەم: بریتییە لە هەڵسەنگاندنی فەرموودەکە لە لایەنی گێڕانەوەی فەرموودەکە و چۆنێتی بە دەستگەیشتنی ئێمە و ئەو کەسانەی فەرموودەکەیان گێڕاوەتەوە، کە بەمە دەڵێن: (علم الرواية).

لایەنی دووەم: بریتییە لە هەڵسەنگاندنی فەرموودەکە لە لایەنی ئەوەی کە تا چەند مانا و واتای فەرموودەکە دروستە و لەگەڵ فەرموودەکانی تر یەك دەکاتەوە و لەگەڵ هێڵە گشتییەکانی شەرعدا دەگونجێت و ساز دەبێت، بەمەیش دەڵێن (علم الدراية).

هەندێك فەرموودەمان هەیە هیچ کێشەی نییە لە لایەنی یەکەمدا، کە لایەنی گێڕانەوە و (سند)ە، بەڵام لەلایەنی دووەم و لە ڕووی واتاوە کێشەی هەیە، لەوانەیە ئەو کەسەی، کە فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە وەکو پێویست لێی تێنەگەیشتبێت، یان بۆی لەبەرنەکرابێت، یان حوکمی ئەو فەرموودەیەی ئەو بیستویەتی هەڵوەشێنرابێتەوە، بەڵام ئەو پێی نەزانیبێت، یان کە گێڕاویەتیەوە بەشێوەیەك گێڕاویەتیەوە هەڵەی تێکەوتووە و دژ وەستاوەتەوە لەگەڵ هەندێك فەرموودەی تردا، بۆیە زانایانی فەرموودە گرنگییەکی تەواویان بەم لایەنە داوە و قسەی زۆریان لەسەر کردووە. یەکەم کەس کە لەسەر ئەم بوارەی نووسیبێتی لە زانایانی فەرموودە، پیاوێك بووە بە ناوی (أبو منصور، عبد المحسن بن محمد بن علي البغدادی) (٤١١ـ ٤٨٩ك)، کە پەڕتووکێکی نووسیووە تێیدا بیست و پێنج فەرموودەی هێناوە کە دایکی باوەڕداران، خاتوو عائیشە (ڕەزای خوای لەسەر) قسەی لەسەر کردوون، ڕەتی کردوونەتەوە، یان ڕاستی کردوونەتەوە، پاش ئەم، پیاوێکی تر هاتووە بە ناوی (أبو عبد الله، بدر الدين الزركشی) (٧٤٥ـ ٧٩٤ك) و لەسەر هەمان بوار پەڕتووکێکی نووسیوە لە ژێر ناوی (الإجابة لإيراد ما استدركته عائشة على الصحابة) کە بە

شێوەیەکی فراوانتر قسەی لەسەر ئەو جۆرە فەرموودانە کردووە، پاش ئەمان ئیمامی (سیوطي) هاتووە و ئەو فەرموودانەی کە دایکی باوەڕداران، خاتوو عائیشە (ڕەزای خوای لەسەر) قسەی لەسەر کردووە، کۆی کردووەتەوە لە پەڕتووکێکدا و ناوی ناوە (عين الإجابة في استدراك عائشة على الصحابة).

دیارە بابەتی ئەم پەڕتووکانەش کۆمەڵێك فەرموودەن، کە هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) گێڕاویانەتەوە، بەڵام کە خاتوو عائیشە بیستویەتی ڕەتی کردووەتەوە، یان ڕەخنەی لێ گرتووە و ڕاستی کردووەتەوە، بۆ نموونە کاتێك بیستویەتی، کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر فەرموودەیەك لە پێغەمبەری خوداوە (دروودی خوای لەسەر بێت) دەگێڕێتەوە، کە گوایە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: "إِنَّ الْمَيِّتَ لَيُعَذَّبُ بِبُكَاءِ أَهْلِهِ عَلَيْهِ"، واتە: (مردوو بەوە سزا دەدرێت، کە کەسوکارەکەی بەسەریدا دەگرین)، ڕەخنەی لێ گرتووە و ڕاستیکردووەتەوە و وتوویەتی نەخێر پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) وای نەفەرمووە، بەڵکو فەرموویەتی: "وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنَّهُمْ لَيَبْكُونَ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَيُعَذَّبُ فِي قَبْرِهِ بِذَنْبِهِ"[1]، واتە: (ئەو مردووە ئێستا سزا دەدرێت بەهۆی تاوان و سەرپێچییەکانییەوە و کەس و کارەکەیشی بۆی دەگرین). فەرموودەکەیش بەو واتایەی، کە خاتوو عائیشە دەیگێڕێتەوە دروستترە و گونجاوترە لەو شێوەیەی کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر باسی لێوە دەکات، چونکە لە شەرعی خوادا کەس بە تاوانی کەس سزا نادرێت، تاوانی مردوو نییە کە کەس و کارەکەی شین و گریان یان هەر کارێکی ناشەرعی تری بۆ دەکەن.

ئەمانە کۆمەڵێك چەمکن پێمخۆشە بەر لەدەرکردنی هەر بڕیارێك لەسەر ئەم پرسانە ئاگامان لێیان بێت و بەهەند وەریانبگرین.

---

[1] صحيح البخاري (٤/ ١٤٦٢) كتاب (٦٧) المغازي/ باب (٧) قتل أبي جهل، الحديث (٣٧٥٩)، صحيح مسلم (٣/ ٤٤) كتاب (١٢) الجنائز/ باب (٩) الميت يعذب ببكاء أهله عليه، الحديث (٢١٩٧).

**فەرموودەی ( إِنَّ الْمَرْأَةَ خُلِقَتْ مِنْ ضِلَعٍ، وَإِنَّ أَعْوَجَ شَيْءٍ فِي الضِّلَعِ أَعْلَاه )**

"اسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ، فَإِنَّ الْمَرْأَةَ خُلِقَتْ مِنْ ضِلَعٍ، وَإِنَّ أَعْوَجَ شَيْءٍ فِي الضِّلَعِ أَعْلَاهُ، فَإِنْ ذَهَبْتَ تُقِيمُهُ كَسَرْتَهُ، وَإِنْ تَرَكْتَهُ لَمْ يَزَلْ أَعْوَجَ فَاسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ". لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: "وَإِنْ ذَهَبْتَ تُقِيمُهَا كَسَرْتَهَا، وَكَسْرُهَا طَلَاقُهَا"[1]. ئەم فەرموودەیە یەکێکە لەو فەرموودانەی کە ئەگەر هەر بە ڕووکەش و بە شێوەیەکی سەرپێی ڕاڤەی بکەین، ڕەنگە ئالۆزییەکی زۆری تێدا بەدی بکرێت و قسە و باسی زۆر هەڵبگرێت، هەربۆیە هەندێکجار خەڵکانی ناحەز بۆ مەبەستی خراپی خۆیان، بە شێوەی جیا جیا و دوور لە ڕاستیی ڕاڤەی فەرموودەکە دەکەن. جا من لێرەدا و لەڕێی چەند خاڵێکەوە هەوڵ دەدەم، کە ڕاڤەیەکی تەواو و شیاو لەسەر فەرموودەکە بخەمە ڕوو، ئومێدەوارم بتوانم لە ڕێیانەوە هەموو ئەو ئالۆزییانە بڕەوێنمەوە، کە لای خوێنەر لەسەر فەرموودەکە دروست دەبێت.

**یەکەم:** سەرەتا با لە ڕاڤەی فەرموودەکەوە دەستپێبکەین کە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرمووێت: باش بن لەگەڵ ئافرەتان، ئامۆژگاری و ڕێنمویی یەکتر بکەن لەو پێناوەدا، چونکە ئافرەت لە پەراسوو دروست بووە، چەماوەترین بەشی پەراسوویش بەشی سەرەوەیەتی، کە ئەگەر بتەوێ ڕاستی بکەیتەوە دەیشکێنی و ئەگەریش وازی لێبهێنیت، هەر بە چەماوەیی دەمێنێتەوە، بۆیە ئاگاتان لە ئافرەتان بێت و باشبن لەگەڵیان.

**دووەم:** هەندێك لە نووسەران بۆ خۆپەڕاندنەوە لە واتای فەرموودەکە، بە لاوازی لە قەڵەم دەدەن و دەڵێن فەرموودەکە دروست نییە، هەندێکی تریش دەڵێن مەبەست لە فەرموودەکە تەنها (تشبیە) لێکچوواندنە نەك لە بنەڕەتدا وا بێت، بەڵام

---

[1] صحيح البخاري (٣/ ١٢١٢) كتاب (٦٤) الأنبياء/ باب (٢) قول الله تعالى: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾، الحديث (٣١٥٣)، صحيح مسلم (٤/ ١٧٨) كتاب (١٨) الرضاع/ باب (١٨) الوصية بالنساء، الحديث (٣٧٢٠).

ئەم دوو بۆچوونە هەردووکی لاوازە و ئەصل ئەوەیە، کە فەرموودەکە دروستە و واتاکەیشی حەقیقیە و هیچ لێکچوواندن و مەجازێکی تێدا نییە.

**سێیەم:** بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم فەرموودەیە، چەندین دەقی قورئانمان هەیە، کە جەخت لەسەر هەمان ڕاستی دەکاتەوە، کە خوای گەورە هەر لە جەستەی ئادەم حەوای دروستکردووە لەوانە:

ـ ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا﴾ (الروم: ٢١)، واتە: (یەکێك لە بەڵگە و نیشانەکانی گەورەیی خوا ئەوەیە کە لە خودی خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون).

ـ ﴿وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا﴾ (النحل: ٧٢)، واتە: (خوای باڵادەست لە خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون).

ـ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا﴾ (النساء: ١). واتە: (ئەی خەڵکینە پارێزکاری سنوورەکانی ئەو خوایە بکەن کە ئێوەی لە یەك کەس دروست کردووە، پاشان هەر لەو کەسە خۆی، هاوسەری بۆ دروست کردووە).

نەك تەنها ئەوەندە، بەڵکو تەورات و ئینجیل و سەرجەم پەڕتووکە ئاسمانیەکانی تریش، جەخت لەسەر هەمان ڕاستی دەکەنەوە، لەوانە لە سفری تەکویندا هاتووە: (وَقَالَ الرَّبُّ الإِلهُ: «لَيْسَ جَيِّدًا أَنْ يَكُونَ آدَمُ وَحْدَهُ، فَأَصْنَعَ لَهُ مُعِينًا نَظِيرَهُ»٢١ فَأَوْقَعَ الرَّبُّ الإِلهُ سُبَاتًا عَلَى آدَمَ فَنَامَ، فَأَخَذَ وَاحِدَةً مِنْ أَضْلاَعِهِ وَمَلأَ مَكَانَهَا لَحْمًا. ٢٢وَبَنَى الرَّبُّ الإِلهُ الضِّلْعَ الَّتِي أَخَذَهَا مِنْ آدَمَ امْرَأَةً وَأَحْضَرَهَا إِلَى آدَمَ)[1]، واتە: (خوای گەورە فەرمووی: باش نییە ئادەم بەتەنها بمێنێتەوە، کەسێکی هاوشێوەی خۆی بۆ دروست دەکەم، پاشان خوای گەورە ئادەمی خەواند و یەکێك لە پەراسووەکانی

[1] سفر التكوين: إصحاح ٢ عدد ٢١-٢٣.

دەرهێنا و شوێنەکەی بە گۆشت پڕکردەوە و لەو پەراسووەی لە ئادەمی وەرگرت، ئافرەتێکی دروستکرد و هێنای بۆ لای ئادەم).

**چوارەم:** زۆربەی زۆری ڕاڤەکارانی قورئانیش هەمان بۆچوونیان هەیە[1] و ئەو دەقانە بەو شێوەیە ڕاڤە دەکەن، کە حەوا لە پەراسووی چەپی ئادەم دروستبووە، لەوانە: (الطبري، القرطبي، ابن كثير، الزمخشري، الآلوسي، ابن العربي، الرازي، ابن الجوزي، البيضاوي، ابن عاشور، السمرقندي، ابن عادل، النسفي، السيوطي، الخازن، الثعالبي، أبو السعود، النيسابوري، جلال الدين المحلى، مقاتل بن سليمان البلخي، ابن عجيبة، السمرقندي، الواحدي، ابن عطية، السمعاني، الشوكاني، الشنقيطي، الماوردي، أبو بكر الجزائري، سيد طنطاوي)[2].

**پێنجەم:** کۆی ئەم فەرموودانە باسی سەرەتاکانی بوون دەکەن، نەك کۆی ئادەمیزاد و یەکە بەیەکەی مرۆڤەکان، ڕوونتر بڵێین ئەم فەرموودانە تەنها ئادەم و

---

[1] جگە لە (ابن بحر) و (أبو مسلم الإصفهاني) لە زانایانی پێشین و محەممەد ڕەشید ڕەزا و سەید قوتب لە زانایانی هاوچەرخ، کە ئەوان پێیان وایە حەوا بەهەمان شێوەی ئادەم لە قوڕ دروست بووە.

[2] بڕوانە: (تفسير الطبري (٧ ٥١٦)، الجامع لأحكام القرآن (٥/ ٢)، تفسير القرآن العظيم (٢/ ٢٠٦)، الكشاف، الزمخشري (١/ ٤٩١)، تفسير الآلوسي (روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني) (٢/ ٣٩٢)، أحكام القرآن، ابن العربي (٣/ ٢٠٩)، تفسير الرازي (مفاتيح الغيب) (٩/ ٤٧٥)، زاد المسير في علوم التفسير، ابن الجوزي (٢/ ٢)، تفسير البيضاوي (٢/ ١٣٨)، التحرير والتنوير، ابن عاشور، (٧/ ١٢٧)، بحر العلوم، السمرقندي (١/ ٣٠٣)، اللباب في علوم الكتاب، ابن عادل (٥/ ٢٧٨)، تفسير النسفي (١/ ٣٠٤)، الدر المنثور، السيوطي (٣/ ١٩١)، تفسير الخازن (لباب التأويل في معاني التنزيل) (١/ ٤٧٣)، تفسير الثعالبي (٢/ ١٥٩)، تفسير أبي السعود (إرشاد العقل السليم إلى مزايا القرآن الكريم) (٢/ ١٣٨)، تفسير النيسابوري (الكشف والبيان) (٣/ ٢٤١)، المحلى، السيوطي، تفسير الجلالين (١/ ٤٩٠)، تفسير مقاتل (١/ ٢١٣)، البحر المديد، أحمد فريد (٢/ ٣)، الوجيز في تفسير الكتاب العزيز، الواحدي (٤٨٥)، المحرر الوجيز في تفسير الكتاب العزيز، ابن عطية (١/ ١١٠)، تفسير السمعاني (٢/ ٤)، تفسير الشوكاني (فتح القدير الجامع بين فني الرواية والدراية من علم التفسير) (١/ ٤٢٢)، أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن، الشنقيطي (٧/ ٤١٤)، النكت والعيون، الماوردي (١/ ٤٤٦)، أيسر التفاسير، أبوبكر الجزائري (٢/ ٥٠)، الوسيط، الطنطاوي (٣/ ١٩).

حەوا دەگرنەوە و گشتگیر ناکرێن، بۆیە هیچ ئافرەتێکی تر جگە لە حەوا لە پەراسوو دروست نەبووە، هەروەك چۆن هیچ پیاوێکی تر جگە لە ئادەم، لە خۆڵ دروست نەبووە.

**شەشەم:** هۆکاری سەرەکی هاتنی فەرموودەکە وەك لە سەرەتا و کۆتاییەکەیدا دەردەکەوێت، فەرمانکردنە بە پیاوان بەوەی کە نەك هەر باش بن لەگەڵ ئافرەتاندا، بەڵکو دەبێت ئامۆژگاری و ڕێنموونی یەکتریش بکەن لەم پێناوەدا، دیارە ئەمەیش پێچەوانەی خواستی ئەو کەسانەیە، کە دەیانەوێت فەرموودەکە وا وێنا بکەن، کە پێغەمبەری خودا سووکایەتی بە ئافرەت کردووە لە فەرموودەکەیدا.

**حەوتەم:** کاتێك دەڵێین: ئافرەت لە بەشێکی پیاو دروست بووە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە پیاو لە ئافرەت بەڕێزترە، یان باشترە، خۆ ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، ئەوە هەموو پیاوانی پاش ئادەم لە ئافرەت دروستبوون و لەدایکبوون، کەواتە دەرەنجامەکە پێچەوانەیە.

**هەشتەم:** بۆیە خوای گەورە پەراسووی ئادەمی هەڵبژاردووە کە خاتوو حەوای لێ دروست بکات، چونکە پەراسوو نزیکترین ئەندامی جەستەیە لە دڵەوە و هەر ئەویش قەڵغانی پاراستنی دڵە، هەر بۆیەش خوارە تا بتوانێت بەتەواوی پارێزگاری دڵ بکات، کەواتە خواربوونەوەکەی زۆر پێویست و ناوازەیە، خۆ ئەگەر ڕاست بوایە ئەو کات سوودێکی ئەوتۆی نەدەبوو، هاوشێوەی چەمانەوەی پەراسوو، سۆز و چەمانەوەی ئافرەتیش بە مەبەستی پاراستن و پێگەیاندنی هەستیارترین خانەکانی کۆمەڵگا دێت کە خێزانە.

**نۆیەم:** وشەی (أَعْوَجَ) لە فەرموودەکەدا بەمەبەستی خواری و خراپی بەکارنایەت، بەڵکو ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبیدا بە سێ واتا دێت، کە بریتییە لە: (حنو)، (عطف)، (میل)، کە هەرسێکیان بە مەبەستی سۆز و خۆشەویستی و خواربوونەوە و چەمانەوە دێت بەلای کەسی خۆشەویستدا، هەر بۆیە لە واقیعیشدا

دەبینین ئافرەت هەمیشە سۆز و بەزەیی و خۆشەویستی بەسەر بیرکردنەوە و بڕیارەکانیدا زاڵە.

**دەیەم:** ئەگەر خەڵکانێك بیانەوێت ئەم فەرموودەیە وا ڕاڤە بکەن، کە مەبەست پێی باسکردنی خواریی و خراپیی ئافرەتانە، ئەوە دەکەونە کێشە لەگەڵ چەندین فەرموودەی تر، کە ئەم جۆرە لێکدانەوە و بۆچوونانە بەرامبەر ئافرەت ڕەت دەکەنەوە، لەوانە:

- پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: "إِنَّمَا حُبِّبَ إِلَيَّ مِنْ دُنْيَاكُمُ النِّسَاءُ، وَالطِّيبُ، وَجُعِلَتْ قُرَّةُ عَيْنِيَ فِي الصَّلاَةِ"[1]، واتە: (سێ شت لە دونیادا خۆشەویست کراون بەلامەوە، یەکەمیان ئافرەتە..)، جا ئایا دەگونجێت پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) بە خراپیش ناویان ببات و خۆشیشی بوێن؟ ئایا لە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) دەوەشێتەوە شتی خراپی خۆش ویستبێت؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر.

- یەکێکی تر لەو فەرموودانە ئەوەیە کە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: "خَيْرُ مَتَاعِ الدُّنْيَا الْمَرْأَةُ الصَّالِحَةُ"[2]، واتە: (باشترین و چاکترین خۆشی دونیا ئافرەتێکی باش و گونجاوە)، جا گەر ئافرەت خوار و نالەبارە، چۆن پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: باشترین خۆشییەکانی دنیا بریتییە لە ئافرەتێکی باش.

---

[1] سنن النسائي الكبرى (٥/ ٢٨٠) كتاب (٧٩) عشرة النساء/ باب (١) حب النساء، الحديث (٨٨٨٧)، سنن البيهقي الكبرى (٧/ ٧٨) كتاب (٤٦) النكاح/ باب (٥٩) الرغبة في النكاح، مكتبة دار الباز، الحديث (١٣٢٣٢).

[2] صحيح مسلم (٤/ ١٧٨) كتاب (١٨) الرضاع/ باب (١٧) خير متاع الدنيا المرأة الصالحة، الحديث (٣٧١٦)، صحيح ابن حبان (٩/٣٤٠) ذكر البيان بأن المرأة الصالحة للمؤمن خير متاع الدنيا، الحديث (٤٠٣١).

**یازدەیەم:** لە کۆتاییدا دەڵێم مەبەستی سەرەکی ئەم فەرموودەیە و سەرجەم فەرموودە هاوشێوەکانیشی ئەوەیە، کە پیاوان لە لایەنی سۆزداری و دەروونی و جەستەیی و شێوازی بیرکردنەوە و بڕیاردان و گشت لایەنەکانی تری پێکهاتەی ئافرەت تێبگەن و جیاوازییەکانی نێوانیان قبوڵ بکەن و بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن و بەزۆر هەوڵی گۆڕینی نەدەن، چونکە سروشتی ئافرەت وایە و زۆریش پێویستە کە وابێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە ڕۆڵی پەروەردەکاری خۆی هەستێت لە ژیاندا، هەر بۆیەش پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) لە فەرموودەکەدا دەفەرموێت: "فَإِنْ ذَهَبْتَ تُقِيمُهُ كَسَرْتَهُ"، واتە: (ئەگەر بتەوێت ڕاستی بکەیتەوە و ئەو چەمانەوە و سۆزەی تێدا نەهێڵیت و شێوازی بیرکردنەوە و سروشتی دروستبوونی بگۆڕیت، ئەوە دەبێت بیشکێنیت و هەستی بریندار بکەیت و بێڕێزیی بەرامبەر بکەیت و نەهێڵیت وەك سروشتی خۆی بیر بکاتەوە). کەواتە ئەوەی تۆ بە بۆچوونی خۆت پێت وایە ڕاستکردنەوەیە بۆ ئافرەت، لە ڕاستییدا شکاندنە.

## فەرموودەی (مَا رَأَيْتُ مِنْ نَـاقِصَاتِ عَقْلٍ وَدِينٍ أَذْهَبَ لِلُبِّ الرَّجُلِ الْحَازِمِ مِنْ إِحْدَاكُنَّ):

عَنْ أَبِى سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ قَالَ: خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ - صلى الله عليه وسلم - فِى أَضْحًى - أَوْ فِطْرٍ - إِلَى الْمُصَلَّى، فَمَرَّ عَلَى النِّسَاءِ فَقَالَ: "يَا مَعْشَرَ النِّسَاءِ تَصَدَّقْنَ، فَإِنِّي أُرِيتُكُنَّ أَكْثَرَ أَهْلِ النَّارِ". فَقُلْنَ: وَبِمَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: "تُكْثِرْنَ اللَّعْنَ، وَتَكْفُرْنَ الْعَشِيرَ، مَا رَأَيْتُ مِنْ نَاقِصَاتِ عَقْلٍ وَدِينٍ أَذْهَبَ لِلُبِّ الرَّجُلِ الْحَازِمِ مِنْ إِحْدَاكُنَّ". قُلْنَ: وَمَا نُقْصَانُ دِينِنَا وَعَقْلِنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: "أَلَيْسَ شَهَادَةُ الْمَرْأَةِ مِثْلَ نِصْفِ شَهَادَةِ الرَّجُلِ". قُلْنَ: بَلَى. قَالَ: "فَذَلِكَ مِنْ نُقْصَانِ عَقْلِهَا، أَلَيْسَ إِذَا حَاضَتْ لَمْ تُصَلِّ وَلَمْ تَصُمْ". قُلْنَ: بَلَى. قَالَ: "فَذَلِكَ مِنْ نُقْصَانِ دِينِهَا"[1].

---

[1] البخاري، صحيح البخاري، ج٢/ص٥٣١، كتاب (٣٠) الزكاة/ باب (٤٣) الزكاة على الأقارب، الحديث (١٣٩٣). مسلم، صحيح مسلم، ج١/ص٦١ـ كتاب (٢) الإيمان/ باب (٣٦) بيان نقصان الإيمان بنقص الطاعات وبيان إطلاق لفظ الكفر على غير الكفر بالله ككفر النعمة والحقوق، الحديث (٢٥٠).

ئەم فەرموودەیە یەکێکی ترە لە فەرموودە دروستەکان، هەرچەند خەڵکانێك بۆ خۆلادان لە واتا و چەمکەکانی هەوڵیان داوە بە لاواز لە قەڵەمی بدەن، بەڵام بە هەڵەدا چوون و لە ڕووی دروستیەوە فەرموودەکە هیچ کێشەی نییە، لە بەرامبەریشدا خەڵکانێکی نەزان بە هەڵە کەوتوونەتە گیانی فەرموودەکە و واتای نەشیاویان بۆ تاشیوە، کە گوایە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) لەم فەرموودەیەدا بێڕێزی بەرامبەر بە ئافرەت کردووە، کە ئەمەیش پێچەوانەی ڕاستییەکان و ڕەوشتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) و واتای ڕاستەقینەی فەرموودەکەیە. بۆیە لێرەدا و لەپێناو ڕەواندنەوەی ئەو گومانانە، لە چەند خاڵێکدا تیشك دەخەینە سەر فەرموودەکە و سەرەتا لە واتاکەیەوە دەستپێدەکەین:

**یەکەم:** ئەبو سەعیدی خودری (ڕەزای خوای لەسەر) بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرمووێت: پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) لە ڕۆژی جەژنی قوربان، یان ڕەمەزاندا بووە ـ دیارە گومان هەیە کە کام جەژن بووە- ڕۆیشت بەرەو ئەو شوێنەی، کە نوێژی جەژنی لێ دەکرا و چووە لای ئافرەتەکان و پێی فەرموون: "ئەی کۆمەڵی ئافرەتان، خێر و چاکە زۆر بکەن، چونکە وام نیشان دراوە کە ئێوە زۆرینەی خەڵکی دۆزەخ بن". ئافرەتەکان گوتیان: لەبەر چی ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: "لەبەر ئەوەی ئێوە زۆر کات زمانتان بە شێوەی ناشیاو بەکاردەهێنن، قسەی بە خەڵك پێ دەڵێن، تانەی پێ دەڵێن، چاکە و شتی بەرامبەر لە بیر دەکەن، کەسێکم نەبینوە هاوشێوەی ئێوە کە خۆی دین و ژیریی ناتەواو بێت، بەڵام توانای بردنی بیر و ژیریی پیاوێکی زۆر دانای هەبێت". گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ناتەواویی دین و ژیرییمان لە چییەوەیە؟ فەرمووی: "ئایا شایەتی ئافرەتێك بە نیوەی شایەتی پیاوێك نییە؟" گوتیان: بەڵێ. فەرمووی: "ئێ ئەوە هی کەمی ژیرییەتی". پاشانیش فەرمووی: "ئەی کە دەکەوێتە سوڕی مانگانەوە

واز لە نوێژ و ڕۆژوو ناهێنێت؟". گوتیان: بەڵێ. فەرمووی: "ئەوەیش هی کەمی ئایینێتی". ئەمە بە کورتی واتای فەرموودەکەیە.

**دووەم:** کاتێك ئێمە دەمانەوێت بە شێوەیەکی زانستی و دروست ڕاڤەی فەرموودەیەك، یان هەر دەقێك بکەین، دەبێت سەرەتا کۆمەڵێك خاڵی سەرەتایی لەبارەوە بزانین، لەوانە: خاوەنی بابەتەکە و کات و شوێن و مەبەستەکەی و ئەو کەسانەی کە قسەکەیان ئاڕاستە کراوە، چونکە زانینی ئەمانە زۆر شتمان بۆ ڕوون دەکەنەوە و لە زۆر هەڵە و هەڵدێر لە تێگەیشتنی فەرموودەکە دەمانپارێزن، بۆ نموونە لەم دەقەی بەردەستماندا:

أ- بێژەری فەرموودەکە پێغەمبەری خودایە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە خوای گەورە خۆی شایەتی ڕەوشتبەرزی بۆ دەدات و پێی دەفەرمووێت: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾ (القلم: ٤)، واتە: (بەڕاستی تۆ لەسەر ڕەوشتێکی زۆر گەورە و ناوازەیت)، هەر بۆیەش بوو کە هاوەڵەکانی بە ڕادەیەك خۆشیان دەویست، کە پێغەمبەریان (دروودی خوای لەسەر بێت) لە خۆیان و ماڵ و منداڵ و هەموو کەسوکاریان زیاتر خۆش دەویست.

ب- جا کەسێك خوای گەورە بەو شێوەیە شایەتی ڕەوشتبەرزیی بۆ بدات، بڵێی لێی بوەشێتەوە بێڕێزی بەرامبەر دۆست و شوێنکەوتووەکانی خۆی بکات؟!

ت- کاتی فەرموودەکە وەکو باسمان کرد لە ڕۆژی جەژندا بووە، کە ڕۆژێکی پیرۆزە و ڕۆژی گەردن ئازادیی و لێبوردەیی و دڵنەوایکردنی یەکترە، نەك بێڕێزیکردن و دڵ یەشاندن.

پ- شوێنی فەرموودەکە: شوێنی پەرستش و کڕنووشبردن و خوا لەخۆ ڕازیکردن بووە، نەك بێڕێزی و سەرکۆنە کردن.

ج- بابەتی قسەکان، ئامۆژگاری و هەڵنان بووە بەرەو بەخشین و چاکەکردن و دوورکەوتنەوە لە خراپە، جا ئایا لە هیچ مامۆستایەکی ژیر دەوەشێتەوە، کە

بیەوێت کەسێك ئامۆژگاری بکات لەبری ئامۆژگاری بێڕێزی بەرامبەر بکات و سەرکۆنەی بکات؟! ئەی ئەگەر ئەو کەس و مامۆستایە پێغەمبەری خودا بێت (دروودی خوای لەسەر بێت)؟

ح- قسەبۆکراوەکان لە فەرموودەکەدا زۆرینەیان ئافرەتانی پشتیوانان و خەڵکی مەدینە بوون، کە زۆر پێغەمبەری خودایان (دروودی خوای لەسەر بێت) خۆشویستووە و بەرامبەری بەئەمەك بوون و پێغەمبەری خودایش (دروودی خوای لەسەر بێت) زۆر ڕێزی لێ گرتوون و لە زۆر فەرموودەدا ستایشی کردوون.

جا بەپێی خوێندنەوەی ئەم هەل و مەرجانە، ئایا دەگونجێت پێغەمبەرێکی ئاوا (دروودی خوای لەسەر بێت) کات و شوێن و خەڵکێکی ئاوای هەڵبژاردبێت بۆ بێڕێزیکردن بە ئافرەتان و بێهیواکردنیان و بە کەم نیشاندانیان بەرامبەر بە پیاوان؟! خۆ ئەگەر ئەم فەرموودەیە لە کاتی دادگایکردنی ئافرەتێك، یان سزادانی لەسەر هەڵەیەکی گەورە بهاتایە، بۆ نموونە زینای بکردایە، یان دزی بکردایە، دەمانگوت لەوانەیە وا بێت، بەڵام ئەم کەسە و لەم کات و شوێنە پیرۆزە و بەرامبەر بەم توێژە خواناس و بۆ خوا صوڵحاوەی کۆمەڵگا، هەرگیز ڕێی تێ ناچێت و هیچ پاساوێکی نییە، بۆیە ناکرێت مەبەستی فەرموودەکە ئەوە بێت.

**سێیەم:** پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) نەیفەرمووە ئافرەتان کەم عەقڵ و کەم دینن، بەڵکو بەپێچەوانەوە باس لە هێزی کاریگەریان دەکات لەسەر پیاوان، بەڵام ئەو شێوازەی هەڵیبژاردووە بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی جۆرێکە لە بوێژی و لە زمانی عەرەبیدا پێی دەگوترێت (ستایشکردن بە گلەیی)، بۆیە لێرەدا وەك بەشێك لە پیاهەڵدان سەرسامیی خۆی نیشانداوە بەرامبەر بە هێز و کاریگەری ئەوان لەسەر پیاوان، کە چۆن توانای لەخشتەبردنی پیاوی زۆر دانا و ژیریان هەیە.

**چوارەم:** بەکارهێنانی وشەی (نقص) واتە: (کەمی)، مەبەست پێی کەمی ژمارە و کەڕەتە، نەك کەسایەتی و ڕێز، وەکو دواتر پێغەمبەری خودا (دروودی خوای

لەسەر بێت) خۆی ڕاڤەی دەکات، ئافرەتیش هیچ بەرپرسیارێتیەکی شەرعیی ئەو کەموکورتیە ناگرێتە ئەستۆ، چونکە شایەتیی ئافرەت، یان پەرستشی، هەرچەند و هەرچۆن بێت، پەروەردگار وای دیاری کردووە، هەروەك چۆن کاتێك نەخۆشێك لەبەر نەخۆشی ڕۆژووی ڕەمەزانی پێ ناگیرێت، یان کەسێکی گەشتیار کە نوێژەکانی کورت دەکاتەوە، ئەمانە هیچیان نابنە مایەی کەموکوڕی، یان بە کەم سەیرکردنی مرۆڤەکان، بەڵکو بە پێچەوانەوە، پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) لەو بارەیەوە دەفەرموێت: "إِنَّ الله تعالى يُحِبُّ أَنْ تُؤْتَى رُخَصُهُ كَمَا يُحِبُّ أَنْ تُؤْتَى عَزَائِمُهُ"[1]، واتە: (خوای گەورە چەندی پێخۆشە کە فەرمانەکانی وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت لە کاتە ئاساییەکاندا، ئەوەندەیشی پێ خۆشە کە مۆڵەت و ئاسانکارییەکانی جێبەجێ بکرێت لە کاتە نائاساییەکاندا)، بۆیە کاتێك ئافرەت لە سووڕی مانگانەدا واز لە نوێژ یان ڕۆژوو دێنێت، ئەمەیش دیسانەوە جێبەجێکردنی فەرمانی خوای گەورەیە و خوای گەورە ئەم کارەی پێ خۆشە، ئیتر چۆن ئەمە دەبێتە مایەی کەمی، یان سووکی ئافرەتان؟!

**پێنجەم:** (عقل) لە زمانی عەرەبیدا بە واتای بەستنەوە و گرتنەوە و زاڵبوون دێت بەسەر حەز و سۆز و ئارەزووەکاندا، پیاو بەو پێیەی، کە کاری دابینکردنی بژێوی و ڕووبەڕووبوونەوەی سەختێکانی ژیانە، لایەنی ژیری زیاتر زاڵە بە سەر بڕیارەکانیدا، لە بەرامبەریشدا ئافرەت بەو پێیەی، کە کاری بەخێوکردنی منداڵ و پەروەردە و پێگەیاندنیانە، زیاتر لایەنی سۆزداری زاڵە بە سەر بڕیارەکانیدا، ئەمەیش پەیوەندی بەوەوە نییە کە کێ لە کێ باشترە؟ بەڵکو پەیوەندی بە ڕۆڵ و ئەرکی ئەم دوو ڕەگەزەوە هەیە لە ژیاندا، پیاو کە ئەرکی دابینکردنی بژێویی ژیانی بەسەردا دراوە، پێویستی زیاتری بە ژیریی و بیرکردنەوە هەیە، لە بەرامبەریشدا ئافرەت کە بەخێوکەر و پەروەردەکارە لە کۆمەڵگادا، پێویستییەکی زۆری بە سۆز

---

[1] صحيح ابن حبان (٢/ ٦٩) الحديث (٣٥٤)، قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح.

و خۆشەویستی هەیە، بۆیە خوای کاربەجێ هەریەکەیان بەپێی پێویستی خۆیان بەهرەی پێداون.

**شەشەم:** ئەگەر ئەم فەرموودەیە بکرێتە پێوەر بۆ ژیریی و عەقڵی مرۆڤەکان، ئەوە دەبێت بڵێین کە ئافرەت بەهرەمەندترە لەو بوارەدا، چونکە ئەگەر وتمان ئافرەت کەم عەقڵە و بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بتوانێت زاڵ بێت بە سەر پیاوێکی زۆر دانا و ژیردا و تەواو کۆنترۆڵی عەقڵی بکات، وەکو پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) ئاماژەی پێ دەکات، ئایا لەم هاوکێشەیەدا کێ کەم عەقڵە و کێ زۆر عاقڵە؟ بەدڵنیاییەوە لەخشتەبراو کەم عەقڵە نەك لەخشتەبەر.

**حەوتەم:** سەبارەت بەو حوکمەی فەرموودەکە ئاماژەی پێدەکات و دەیکاتە پێوەر بۆ سەلماندنی کەم عەقڵی ئافرەتان کە بابەتی شایەتییە، خۆ هەموو کەس دەزانێت کە ئەو حوکمە ڕەها نییە، بەڵکو لە هەندێك کار و مامەڵەی تایبەت و لاوەکی و بەرتەسکدایە، بەتایبەتی ئەو بوارانەی کە دوورە لە ئەرك و تایبەتمەندیی ئافرەتەوە، وەکو: بواری بازرگانی، کە ئافرەت زۆر خەمی پێوە هەڵناگرێت، بۆیە دەکرێت زوویش لەبیری بچێت، لە بەرامبەردا و لە زۆر بابەتی هەستیار و گەورەدا، شایەتی ئافرەت هاوتای شایەتی پیاو وەرگیراوە، لەوانە لە گێڕانەوەی فەرموودە، کە نیوەی ئایینە، ڕیوایەتی ئافرەت وەکو پیاو تەماشا کراوە و هیچ جیاوازیی لەنێوانیاندا نەکراوە، بگرە لە هەندێك بواردا شایەتی ئافرەت لە شایەتی پیاو بەهێزتر سەیر کراوە و وەرگیراوە، بەتایبەتی لەو بوارانەدا کە تایبەتن بە ئافرەتانەوە، وەکو: مەسەلەی شیر پێدان، کچێنیی ئافرەت، عیددە، نەسەب و کۆمەڵێ مەسەلەی هەستیاری دیکە. جا تۆ بڵێی ئێمە ئەمانە بزانین، بەڵام پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) نەیزانیبێت و ئەو حوکمەی بەو ڕەهاییە دابێت؟!

**هەشتەم:** سەبارەت بەو هۆکارە زانستییانەیش، کە وادەکەن لە هەندێك بابەتی فیقهیدا شایەتی دوو ژن بە یەك پیاو بچێت، زانایان دەڵێن جیاوازیەکی زۆر لەنێوان مێشکی پیاو و ئافرەتدا هەیە، لەوانە:

١- بەشێوەیەکی گشتی مێشکی ئافرەت لە مێشکی پیاو بچووکترە و ڕێژەی خانەکانی مێشکیشیان بەراورد بە پیاوان کەمترە، هەربۆیە ئەگەری تووشبوونیان بە نەخۆشی زهایمەر و خەڵەفان و لەبیرچونەوە دوو هێندەی پیاوان زیاترە.

٢- مێشکی ئافرەت توانای هەڵکردنی لەگەڵ بارودۆخی قورس و ناهەموار کەمترە و ئەرك و کاری ڕۆژانە و فشارە دەروونییەکان زیاتر کاری تێدەکەن و ئەگەری تووشبوونی بە دڵەڕاوکە و خەمۆکی و ترس زیاترە.

٣- ئافرەت کۆمەڵێك تایبەتمەندی جەستەیی هەیە، کە ئەوانەیش دیسانەوە کاریگەری لەسەر ئەرکەکانی مێشك و یادەوەریەکانی دروست دەکەن، لەوانە سوڕی مانگانە و سکوزاکردن و شەونخونیکردن و شیردان و پەروەردەی منداڵ و هەموو ئەوانەیش کە هەندێکیان بەردەوام دووبارە دەبنەوە، کاریگەری خراپ لەسەر باری دەروونی ئافرەت بەجێ دەهێڵن.

کۆی ئەم هۆکارانەیش وا دەکەن ئافرەت ئەگەری لەبیرچوونەوەی زۆرتر بێت لە پیاوان، بەتایبەتیش لەو بوارانەدا کە زۆر جێی بایەخ نییە بەلایەوە، ئایەتەکەی قورئانیش باس لە هەمان هۆکار دەکات و دەفەرمووێت: ﴿أَن تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الأُخْرَى﴾ (البقرة: ٢٨٢)، واتە: (ئەگەر یەکێکیان بیری چووەوە تا ئەویتریان بیری بخاتەوە)، ئیتر ئەمە چ پەیوەندییەکی بە ڕێز و بێڕێزیەوە هەیە؟!

**نۆیەم:** مەبەستی سەرەکی فەرموودەکە و هۆکاری بنەڕەتی قسەکان وەکو لە سەرەتاکەیدا بۆمان دەردەکەوێت، هەوڵدانە بۆ هەڵنانی ئافرەتان بۆ کاری چاکە و ئەنجامدانی پەرستشی زیاتر بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕییانەی کە بە هۆی هەندێك تایبەتمەندیی جەستەیی ئافرەتەوە لە پەرستشەکانیدا ڕوو دەدات، هەروەها

ئاگادارکردنەوە و دوورخستنەوەیانە لەو ئاکار و ڕەفتارە خراپانەی کە زیاتر ئافرەتان ئالوودە و تووشی دەبن، بە مەبەستی ئەوەی کە خۆیان چاك بکەن، ئەمەیش بەڵگەی دڵسۆزیی پێغەمبەری خودایە (دروودی خوای لەسەر بێت) بەرامبەر بە ئافرەتان، نەك ڕقلێبوونەوە و بە سووك سەیرکردن، چونکە ئەگەر یەکێك ڕقی لە یەکێك بێت و بە سووك سەیری بکات، نایەت ئامۆژگاری بکات و سەرزەنشتی بکات، بەڵکو حەز دەکات لە یەك جێ سەدجار ملی بشکێ، پێشینەکانی ئێمەش ڕاست دەکەن کە گوتوویانە: (دۆستم ئەو کەسەیە کە دەمگرێنێ).

**دەیەم:** فەرموودەکە نەیفەرمووە زۆربەی خەڵکی دۆزەخ ئافرەتن، لەبەر ئەوەی کە لە ڕەگەزی مێیینەن، بەڵکو لەبەر ئەو خووە خراپانەیە کە ئاماژەی پێکردووە، خۆ ئەگەر ئەو خووانە لە پیاویشدا هەبن، هەر هەمان چارەنووسی دەبێت.

**یازدەیەم:** ئەم فەرموودەیە بەڵگەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە لەسەر ڕێز و مافی ئافرەت لە ئیسلامدا، کە دەبینین چۆن پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) بەسەری کردوونەتەوە، بەتایبەتی بەر لە پیاوان لەو ڕۆژە پیرۆزەدا قسەی بۆ کردوون و ئامۆژگاریی کردوون، لەملایشەوە ئافرەتان بوێرانە و ڕاشکاوانە پرسیار و بۆچوونەکانیان عەرزی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) کردووە و ئەویش چەند بە سنگێکی فراوانەوە قسەکانی لێ قبوڵ کردوون و بۆچوونەکانی خۆی و حوکمە شەرعییەکانی بۆ ڕوون کردوونەتەوە.

**دوازدەیەم:** کاتێك پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) قسە لەسەر هەندێك خووی خراپی ئافرەتان دەکات، مەبەستی ئەوە نەبووە کە ئەم جۆرە هەستکردنە لە ئافرەتدا قووڵ بکاتەوە، یان بڵێ هەموو ئافرەتان هەر وان و قسەی ناشیرین دەکەن و هەر وایش دەمێننەوە، بەڵام مەبەستی ئەوە بووە ئافرەتان ئەم سیفەتەیان تێدایە با وازی لێ بهێنن، یان هەوڵ بدەن لەبەر ئەوەی نوێژەکەیان

کەمترە نوێژی سوننەت زۆر بکەن لەو کاتانەدا کە پاکن، بۆ ئەوەی بتوانن ئەو لایەنە پڕ بکەنەوە، ئەم جۆرە هەڵنانەش پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) نەك تەنیا بەرامبەر بە ئافرەت، بەڵکو زۆرجار بەرامبەر بە پیاوانیش بەکاری هێناوە، بۆ نموونە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: "إِنَّا أُمَّةٌ أُمِّيَّةٌ لاَ نَكْتُبُ وَلاَ نَحْسُبُ"[١]، واتە: (ئێمە ئوممەتێکی نەخوێندەوارین، نووسین و ئەژماردەکردن نازانین)، لێرەدا خۆ مەبەستی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) ئەوە نییە گیانی نەخوێندەواریی لە ئوممەتی ئیسلامیدا قووڵ بکاتەوە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە هەڵمانبنێت کە خوێندەوار بین و خۆمان چاك بکەین، چونکە ئێمە ئوممەتی (إقرأ) و خوێندەوارین، ناکرێت نەخوێندەوار و نەفام بین.

لە کۆتاییدا دەبێت ئێمە ئەو ڕاستییە لەبیر نەکەین، کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕێزی تەواوی بۆ هەموو پێکهاتەکانی ئەم بوونەوەرە دابین کردووە و تایبەتمەندییەکانی ڕێز لێگرتووە و پاراستووە، هەریەکە ئەرك و ڕۆڵێکی پێ سپێردراوە کە لەگەڵ بونیاتی جەستەیی و دەروونی ئەو بوونەوەرەدا گونجاو بێت. نەنگی و سووکی لەوەدایە کە مرۆڤ ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ نەکات و لێی لابدات، نەك بە پێچەوانەوە، هەرکاتێکیش ویستمان ڕاڤەی فەرموودەیەك بکەین، پێویستمان بەوەیە کە هەموو فەرموودە هاوشێوە و هاوبابەتەکانی وەربگرین و لە دەرنجامی خوێندنەوەیەکی زانستیی و بابەتیانە حوکمە شەرعییەکانیان لێ وەربگرین، نەك تەنیا لە ڕوانگەی فەرموودەیەکەوە و بەپێی تێگەیشتنی خۆمان چۆن بمانەوێت ئاوا ڕاڤەی بکەین.

---

[١] صحيح البخاري (٢/ ٦٧٥) كتاب (٣٦) الصوم/ باب (١٣) قول النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ: لا نكتب ولا نحسب ـ الحديث (١٨١٤)، صحيح مسلم (٢/ ٧٥٩) كتاب (١٣) الصيام/ باب (١) فضل شهر رمضان ـ الحديث (١٥).

**فەرموودەی ( لَوْ كُنْتُ آمِرًا أَحَدًا أَنْ يَسْجُدَ لِغَيْرِ اللَّهِ لَأَمَرْتُ الْمَرْأَةَ أَنْ تَسْجُدَ لِزَوْجِهَا ):**

(لَمَّا قَدِمَ مُعَاذٌ مِنْ الشَّامِ سَجَدَ لِلنَّبِيِّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ، قَالَ: "مَا هَذَا يَا مُعَاذُ؟" قَالَ: أَتَيْتُ الشَّامَ فَوَافَقْتُهُمْ يَسْجُدُونَ لِأَسَاقِفَتِهِمْ وَبَطَارِقَتِهِمْ، فَوَدِدْتُ فِي نَفْسِي أَنْ نَفْعَلَ ذَلِكَ بِكَ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "فَلَا تَفْعَلُوا، فَإِنِّي لَوْ كُنْتُ آمِرًا أَحَدًا أَنْ يَسْجُدَ لِغَيْرِ اللَّهِ لَأَمَرْتُ الْمَرْأَةَ أَنْ تَسْجُدَ لِزَوْجِهَا"[1].

ئەم فەرموودەیەش دیسانەوە یەکێکە لەو فەرموودانەی ئەگەر مرۆڤ سەرپێیی واتاکەی لێکبداتەوە، ئەوە ئالۆزیی و گومانێکی زۆری بۆ دروست دەبێت، جا ئێمە لێرەدا و لەپێناو دەرخستنی ڕووی ڕاستییەکان و خۆپاراستن لەو جۆرە ئالۆزی و گومانانە، ئەم چەند خاڵە لەسەر فەرموودەکە دەخەینە ڕوو، سەرەتایش لە ڕاڤەی فەرموودەکەوە دەستپێدەکەین:

**یەکەم:** واتای فەرموودەکە: کاتێك موعازی کوڕی جەبەل لە شام گەڕایەوە کڕنووشی بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) برد، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) ـ کە ئەم کارەی لە موعاز بینی پێی سەیر بوو ـ، فەرمووی: "ئەمە چییە ئەی موعاز؟!". موعاز لە وەڵامدا گووتی: چووم بۆ شام بینیم ئەوان ـ ئەهلی شام ـ کڕنووشیان بۆ پیاوە ئایینییەکان دەبرد، منیش پڕ بەدڵ پێمخۆش بوو کڕنووشت بۆ ببەین و بەم شێوەیە ڕێزت لێ بگرین. پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: "کاری وامەکەن، چونکە گەر بگونجایە و دروستبوایە فەرمان بکەم بە کەسێك کڕنووش بۆ کەسێکی تر ببات، ئەوا فەرمانم دەکرد بە ئافرەت کە کڕنووش بۆ پیاوەکەی ببات".

---

١ ابن ماجة (١/ ٥٩٥) كتاب (٩) النكاح/ باب (٤) حق الزوج على المرأة، الحديث (١٨٥٣)، سنن البيهقي الكبرى (٧/ ٢٩٢) كتاب (٥٢) القسم والنشوز/ باب (٢) ما جاء في بيان حقه عليها ـ الحديث (١٤٤٨٨)، صحيح ابن حبان (٩/ ٤٧٩) الحديث (٤١٧١)، قال شعيب الأرنؤوط: إسناده حسن.

**دووەم:** ئەم فەرموودەیە لە ڕووی ڕێگەکانی گێڕانەوەیەوە، بە ڕێگای کۆمەڵێك کەس هاتووە، کە هەریەکەیان هۆکاری هاتنی فەرموودەکە بۆ شتێك دەگێڕێتەوە جیاوازە لەوی تر، هەندێك لەوانە هۆکاری فەرموودەکە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە لە سەرەوە باسمان کرد، کە گوایە کاتێك موعاز لە شام گەڕاوەتەوە کڕنووشی بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) بردووە و پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر بێت) ئەم فەرموودەیەی فەرمووە. هەندێکی تر بۆ ئەوەی دەگێڕنەوە، کە گوایە ڕۆژێکیان پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) لەناو کۆمەڵێك لە هاوەڵەکانیدا بووە و وشترێك هاتووە کڕنووشی بۆ بردووە و پاشان هاوەڵەکانی فەرموویانە: ئەی پێغەمبەری خودا بۆ کڕنووشت بۆ نەبەین لە کاتێکدا ئاژەڵ و ڕووەك کڕنووشت بۆ دەبەن؟ ئێمە لەوان لەپێشترین کە کڕنووشت بۆ ببەین، ئەویش لە وەڵامدا ئەو فەرموودەیەی فەرمووە[1].

هەندێکی تر بۆ ئەوەی دەگێڕنەوە کە گوایە ئافرەتێك هاتووەتە لای پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) و لێی پرسیوە: ئەی پێغەمبەری خودا فڵان کەسی ئامۆزام هاتووەتە داوام، جا حەز دەکەم بزانم مافی پیاو بەسەر خێزانەکەیەوە چییە؟ ئەگەر زانیم دەتوانم جێبەجێی بکەم شووی پێ دەکەم، ئەگەریش بزانم ناتوانم جێبەجێی بکەم شوو ناکەم، پێغەمبەریش لە وەڵامدا وای فەرمووە[2].

هەندێکی دیکە بۆ ئەوەی دەگێڕنەوە: کە گوایە کۆمەڵێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) وشتریان دەبێت و وشترەکەیان بەرەڵا دەکەن لە ناو باخێکدا، جا بە هۆی ئەوەی کە وشترەکە لەوەڕ و جێگەکەی باش دەبێت هار دەبێت و ئیتر کەس ناتوانێت نزیکی بکەوێت و ناتوانن بەکاری بهێنن، هەتا بە

---

١ مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، الهيثمي (٨/ ٢٨٧) الحديث (١٤١٦٣)، إسناده حسن.

٢ سنن البيهقي الكبرى (٧/ ٨٤) كتاب (٤٦) النكاح/ باب (٦٥) من تخلى لعبادة الله إذا لم تتق نفسه إلى النكاح ـ الحديث (١٣٢٦٣).

پێغەمبــەری خــودا (دروودی خــوای لەســەر بێــت) دەڵــێن: پێغەمبــەری خــودایش (دروودی خــوای لەســەر بێــت) لەگــەڵیان دەچــێتە باخەکــەوە و وشــترەکە کــە پێغەمبــەری خــودا (دروودی خــوای لەســەر بێــت) دەبینێــت، دێــت بــەرەو ڕووی و کڕنووشی بۆ دەبات، هاوەڵـەکانیش کـە ئەمـە دەبیـنن، دەڵـێن: ئـەی پێغەمبـەری خودا، ئەگەر ئەو بێزمانە کڕنووشت بۆ بەرێت ئێمە لەپێشترین بەوەی کە کڕنووشت بۆ ببەین، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر بێت) لـە وەڵامـدا ئـەم فەرموودەیـە دەفـەرموێت[1]. ئەمانـە و چـەندین هۆکـاری تـر لـە سەرچـاوەکان و پەڕتووکـەکانی فەرموودەدا سەبارەت بە هاتنی فەرموودەکە باس دەکرێت.

**سێیەم:** بەدەر لە هەموو ئەو هۆکارانەی بۆ هاتنی فەرموودەکە باسکراون، کە چی و چۆن بووە، دەقی فەرموودەکە خۆی بۆ خۆی دروستە و لە چەندین ڕێگەوە هاتووە و ڕێگەکانی یەکتر پشتڕاست دەکەنەوە.

**چوارەم:** پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسـەر بێـت) لـە فەرموودەکـەدا بـە هــیچ شــێویەك نــە فــەرمانی کــردووە و نــە ڕێگەیشــی داوە، کــە ژن کڕنــووش بــۆ مێردەکەی ببات، چونکە کڕنووشبردن بۆ غەیری خوای گەورە بە هەر پاساوێك و لە ژێـر هــەر ناونیشـانێکدا بێـت، مـرۆڤ لـە بازنـەی بـاوەڕ و ئیسـلام دەباتـە دەرەوە، ئیسلامیش بۆیە هاتووە تا مرۆڤەکان لە کۆتی کۆیلایەتی و بەندایەتی یـەکتر ڕزگـار بکات و هەموو خەڵکی بەرەو بەندایەتی ڕاستەقینە و یەکتاپەرستی ببات، جا چۆن دەگونجێـت ئێسـتا بێـت ڕەگــەزێك بکاتــە کۆیلــەی ڕەگەزەکــەی تــر و بــە کۆیلــە بینرخێنێت، ئەمە زۆر دوورە لە ڕاستی و لە بنەماکانی ئایینی پـیرۆزی ئیسـلامەوە، بۆیــە ئەگــەر بــە وردی ســەرنجی فەرموودەکــە بــدەین دەبیــنین پێغەمبــەری خــودا (دروودی خوای لەسەر بێـت) پـیتی (لـو) بـەکاردەهێنێت، کـە لـە زمـانی عەرەبیـدا ئامێری مەرج دانانە و پێی دەگوترێت (حرف امتنـاع لامتنـاع) واتـە: (لـو) لـە هـەر

---

١ المسند، الإمام أحمد (٢٠/ ٦٤) الحديث (١٢٦١٤).

ڕستەیەکدا بێت وەڵامی مەرجەکە (جواب الشرط) مەحاڵە و ڕێگە پێدراو نییە، لەبەر ئەوەی کاری مەرجەکە (فعل الشرط) خۆی لەخۆیدا مەحاڵە و ڕێگە پێدراو نییە، بۆ نموونە دەڵێن پێشەوا عەلی کوڕی ئەبو تالیب گوتوویەتی: (لو كان الفقر رجلًا لقتلته). واتە: ئەگەر هەژاری مرۆڤێك بوایە دەمکوشت و لەناوم دەبرد و خەڵکیم لە دەستی ڕزگار دەکرد، بەڵام ئەمە هەرگیز نایەتەدی، چونکە هەژاریی مرۆڤ نییە تا بگونجێت بکوژرێت و لەناو ببرێت، لێرەیشدا پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموویێت ئەگەر دروستبوایە فەرمانی لەو جۆرە بکەم. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە فەرمانی لەو جۆرە دروست نییە و ڕێگەپێدراو نییە تەنانەت بۆ پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر بێت)، ئەوا فەرمان بەکاری واناکەم و ڕێگەی پێنادەم.

**پێنجەم:** ئیسلام ئایینی سیستەم و یاسا و ڕێکخستنە، هەرگیز شپرزەیی و بێسەروبەری قبوڵ ناکات، یەکەم قوتابخانەیش کە پێویستە تاکەکان لێوەی فێری یاسا و ڕێز ببن قوتابخانەی خێزانە، کە خشتی بناغەکەی لە دوو هاوسەر پێکدێت و پێکەوە بڕیاری پێکهێنانی ژیانێکی هاوبەش دەدەن و پێکیشەوە ئەرك و ماف و بەرپرسیارێتیەکانی دابەش دەکەن، هەر لەو سۆنگەیەوە ئیسلام گرنگیەکی زۆری بە خانەی خێزان داوە و ئەرك و مافەکانی نێوان هاوسەرەکان و تەنانەت نەوەکانیشیانی بەشێوەیەکی شیاو و گونجاو لەگەڵ پێکهاتە جەستەیی و دەروونییەکەی هەر یەکەیان دیاری کردووە، تا ڕێگر بێت لە هەر پشێویی و سەرکێشیەك کە ئارامیی خێزان بشێوێنێت و پەیوەندی و پەروەردەی تاکەکانی تێك بدات و ئاڵۆز بکات. دیارە هاوسەرەکانیش بۆ جێبەجێکردنی ئەرك و بەرپرسیارێتیەکانی سەرشانیان پێویستیان بە دەستبار و هاوکاریی بەرامبەرەکانیان هەیە لە گشت ڕوویەکەوە، بەتایبەتی پیاو کە پشکی شێری لەو ئەرك و بەرپرسیارێتیە دەکەوێتە ئەستۆ. ئەم بنەمایەیش نەك تەنها لە چوارچێوەی

خێزاندا ـ کە گرنگترین خشتی بناغەی بونیادی کۆمەڵگایە ـ بوونی هەیە و پێویستە، بەڵکو بۆ هەموو یەکەیەکی بەڕێوەبردن هەر وایە، ئەوەتا ئێمە لە هەر فەرمانگەیەکی دونیا بەڕێوبەرێکمان هەیە، کە دەبێت سەرجەم کارمەندەکان ڕێز لە بڕیارەکانی بگرن و گوێڕایەڵی بکەن، ئەمەیش پەیوەستە بە پۆستی کەسی بەڕێوبەر، نەك خودی خۆی، یان ڕەگەزەکەی، پیاویش لە پرۆسەی خێزاندا ڕۆڵی ئەو بەڕێوەبەرەی هەیە.

جا مەبەستی سەرەکی فەرموودەکە ئاڕاستەکردنی ئافرەتانە بۆ ئەوەی هاوکار و یاریدەدەرێکی باش بن بۆ پیاوەکانیان، تا پێکەوە خێزانێکی تەندروست و تەبا و تۆکمە پێك بهێنن و خۆیان و نەوەکانیان لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی پەروەردە بکەن. ئەم خاڵەیش خاڵێکی ڕێژەییە و ڕەها نییە و وەك گوتمان پەیوەستە بە ڕۆڵی ئەندامەکان لە چوارچێوەی خێزاندا، نەك بە ڕەگەزەکانیانەوە کە نێرن، یان مێ. بەڵگەی ڕاستی ئەم بۆچوونەیش ئەوەیە، کە ئیسلام ئەم ئاڕاستەیەی تەنها بۆ ئەو کاتانەیە، کە باس لە ڕۆڵ و پەیوەندی ئافرەت دەکات لەگەڵ پیاودا وەکو هاوسەر، بەڵام هەر هەمان کەس کاتێك وەکو دایك باسی دەکات، ئاڕاستەکە پێچەوانە دەکاتەوە و هەمیشە ئامۆژگاری پیاوان دەکات، کە دەبێت ئەوان لەخزمەتیاندا بن و ڕێزیان بگرن و بەهیچ شێوەیەك بێ فەرمانییان نەکەن. لە چەندین فەرموودەدا پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) ئەم جیاوازییەی زۆر ڕاشکاوانە ڕوون کردووەتەوە، بۆ نموونە دایکی باوەڕداران عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرموێت: سَأَلْت النَّبِيّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ: أَيّ النَّاس أَعْظَم حَقًّا عَلَى الْمَرْأَة؟ قَالَ: "زَوْجهَا". قُلْت: فَأَيّ النَّاس أَعْظَم حَقًّا عَلَى الرَّجُل؟ قَالَ: "أُمّه".[1] واتە: (لە پێغەمبەری خودام (دروودی خوای لەسەر بێت)

---

[1] سنن النسائي الكبرى (٥/ ٣٦٣) كتاب (٧٩) عشرة النساء/ باب (٦٣) حق الرجل على المرأة. الحديث (٩١٤٨)، مجمع الزوائد، الهيثمي (٤/ ٣٥٧) الحديث (٧٦٤٥).

پرسی: کێ زۆر مافی لەسەر ئافرەت هەیە؟ فەرمووی: هاوسەرەکەی. وتم: ئەی کێ زۆر مافی بەسەر پیاوەوە هەیە؟ فەرمووی: دایکی).

نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو لە بەراوردکرنی دایك بە باوك کە هەر پیاوە و ڕەگەزی نێرە و ڕۆڵی بەرچاویشی هەبووە لە بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانیدا، ئیسلام سێ هێندەی باوك ڕێزی لە دایك ناوە و ڕۆڵی بەرز نرخاندوە، ئەوەتا ئەبو هورەیرە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَنْ أَحَقُّ النَّاسِ بِحُسْنِ صَحَابَتِي؟. قَالَ: "أُمُّكَ". قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟. قَالَ: "ثُمَّ أُمُّكَ". قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟. قَالَ: "ثُمَّ أُمُّكَ". قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟. قَالَ: "ثُمَّ أَبُوكَ"[١]. واتا: (پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) و گوتی: کێ لە هەموو کەس لەپێشترە کە من چاکەی لەگەڵ بکەم و باش بم لەگەڵی؟ فەرمووی: دایکت. گوتی: پاش ئەو؟ فەرمووی: پاش ئەو دایکت. گوتی پاش ئەو؟ فەرمووی: پاش ئەو دایکت. گوتی پاش ئەو؟ فەرمووی: پاش ئەو باوکت). جا بۆیە ئەم جۆرە هەڵوێست و فەرمووادنە لە ئیسلامدا پەیوەندی بە ڕەگەزی تاکەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە ڕۆڵ و ئەرکەوە هەیە، کێ لە هەر بوارێکدا ئەرك و ڕۆڵی زیاتر و گرانترە مافیشی زیاترە.

**شەشەم:** ئێمە دەبێت جیاوازیی بکەین لەنێوان بەهای ڕێزگرتن لەگەڵ بە کەمسەیرکردن و بە کۆیلەکردن، ئیسلام هەمیشە هانی تاکەکانی داوە کە ڕێز لە یەکتر بگرن و بەوەفا بن بەرامبەر چاکەکانی یەکتر، هەر لەو سۆنگەیەیشەوە فەرمانی کردووە کە دەبێت منداڵەکان هەچ ڕەگەزێکیان هەبێت لەگەڵ باوك و دایکیان باش بن و ڕێزیان بگرن، ئەمەیش هیچ کات بە واتای بە کەمسەیرکردنی منداڵ نایەت، بەڵکو بەپێچەوانە زیاتر پێی ڕێزدار دەبن، چ لای خوای گەورە چ لای خەڵکیش.

---

١ صحيح البخاری (٨/ ٢)، صحيح مسلم (٤/ ١٩٧٤).

**حەوتەم:** دیاریکردنی ئەم ئەرك و مافانە بەو شێوەیەی، کە لە ئیسلامدا باسیان لێوە کراوە، تەنیا پەیوەندییان بە ڕێکخستنی کاروبارەکانی دونیاوە هەیە و مەرج نییە لای خوا، یان بۆ قیامەت هەر وابێت، لەوانەیە ئەو پیاوەی کە دەڵێین مافی لە سەر ژنەکەی زیاترە، لای خوا ژنەکەی سەد ئەوەندەی پیاوەکەی بەڕێز و ئازیزتر بێت، ئەوەیش سەنگی مەحەکە و ڕێز و بەرزیی ڕاستەقینە ئەوەیە کە لای پەروەردگار بێت بۆ ژیانی هەتا هەتایی بێت.

**فەرموودەی (يَقْطَعُ الصَّلاَةَ الْمَرْأَةُ، وَالْحِمَارُ، وَالْكَلْبُ):**

"يَقْطَعُ الصَّلاَةَ الْمَرْأَةُ، وَالْحِمَارُ، وَالْكَلْبُ، وَيَقِى ذَلِكَ مِثْلُ مُؤْخِرَةِ الرَّحْلِ"[1]. ئەم فەرموودەیەیش یەکێکە لەو فەرموودانەی کە قسەی زۆری لەسەرە و ڕاڤەی جیاوازی بۆ دەکرێت و گومانی زۆری لەسەر دروست دەکرێت، ئێمەیش لێرەدا و بەمەبەستی ڕەواندنەوەی گومانەکانی سەر فەرموودەکە، ئەم چەند خاڵە دەخەینە ڕوو، سەرەتایش لە واتای فەرموودەکەوە دەست پێدەکەین بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**یەکەم:** فەرموودەکە دەفەرمووێت: ژن و گوێدرێژ و سەگ نوێژ دەبڕن و بەتاڵی دەکەنەوە، بۆ خۆپاراستن لەمە با نوێژخوێن شتێك لە بەردەمیدا دابنێت کە هاوشێوەی ئەوە ببێت کە بە کۆتایی کورتانی سەرپشتی وشترەوەیە ـ دیارە مەبەستی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دانانی سوترەیە لە کاتی نوێژکردندا ـ.

**دووەم:** دایکی باوەڕداران خاتوو عائیشە (ڕەزای خوای لەسەر) کاتێك بیستوویەتی ئەم فەرموودەیەیان بەو شێوەیە بە دەم پێغەمبەری خوداوە (دروودی

---

[1] صحيح مسلم (٢/ ٥٩) كتاب (٥) الصلاة/ باب (٥٠) قدر ما يستر المصلي ـ الحديث (١١٦٧)، المسند، الإمام أحمد (٣٤/ ١٨٢) الحديث (٢٠٥٧٢).

خوای لەسەر بێت) گێڕاوەتەوە، زۆری پێ ناخۆش بووە و گلەیی کردووە لەو کەسانەی کە گێڕاویانەتەوە و فەرموویەتی: "شَبَّهْتُمُونَا بالْحُمُر وَالْكِلاَب"، واتە: (ئێمەتان وەك سەگ و گوێدرێژ وێنا کردووە).

**سێیەم:** ئەم فەرموودەیە بەم واتایە لەگەڵ چەندین فەرموودە و دەقی لەخۆی بەهێزتردا یەکانگیر و دژ دەوەستێتەوە، لەوانە:

أـ خاتوو عائیشە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرمووێت: "وَاللهِ لَقَدْ رَأَيْتُ النَّبِيَّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ يُصَلِّي وَإِنِّي عَلَى السَرِيرِ بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْقِبْلَةِ مُضْطَجِعَةً، فَتَبْدو لِي الْحَاجَةُ، فَأَكْرَه أَنْ أَجْلِسَ فأُوذِيَ النَّبِيَّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ، فَأَنْسَلُّ مِنْ عِنْد رِجْلَيْه"[1]، واتە: (وەڵڵاهی پێغەمبەری خوام (دروودی خوای لەسەر بێت) بینیوە نوێژی کردووە و منیش لەسەر جێگەکەی خۆم بووم و لە نێوان ئەو و قیبلەدا ڕاکشاوم، ئەگەر پێویستم بە شتێك بوایە پێمناخۆش بوو هەستم و پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) ئازار بدەم، بۆیە لە لای قاچەکانییەوە خۆم دەکێشایەوە و لە جێگەکەم دەهاتمە دەرەوە.

ب ـ لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: "كُنْتُ أَنَامُ بَيْنَ يَدَىْ رَسُولِ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ وَرِجْلاَى فِى قِبْلَتِهِ، فَإِذَا سَجَدَ غَمَزَنِى فَقَبَضْتُ رِجْلَىَّ، فَإِذَا قَامَ بَسَطْتُهُمَا، قَالَتْ: وَالْبُيُوتُ يَوْمَئِذٍ لَيْسَ فِيهَا مَصَابِيحُ"[2]، واتە: (لەبەردەم پێغەمبەری خوادا (دروودی خوای لەسەر بێت) دەنووستم ـ دیارە مەبەستی ئەو کاتانەیە کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) شەونوێژی تێدا دەکرد ـ قاچەکانم

[1] صحيح البخاري (١/ ١٩٢) كتاب (١٢) أبواب سترة المصلي/ باب (١٥) من قال لا يقطع الصلاة شيء ـ الحديث (٤٩٢)، صحيح مسلم (٢/ ٦٠) كتاب (٥) الصلاة/ باب (٥١) الإعتراض بين يدي المصلي ـ الحديث (١١٧١).

[2] صحيح البخاري (١/ ١٩٢) كتاب (١٢) أبواب سترة المصلي/ باب (١٤) التطوع خلف المرأة ـ الحديث (٣٧٥)، صحيح مسلم (٢/ ٦٠) كتاب (٥) الصلاة/ باب (٥١) الإعتراض بين يدي المصلي ـ الحديث (١١٧٣).

دەکەوتە بەردەم قیبلەکەی، ئەگەر بیویستایە کڕنووش ببات دەستێکی دەدا لە قاچمەوە و ئاگاداری دەکردمەوە و قاچەکانم هەڵدەکێشا، ئەگەر هەڵبسایەتەوە قاچەکانم درێژ دەکردەوە، ماڵەکانیش ئەو کاتە چرای تیانەبوو ـ تا پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) قاچەکانی ببینێت ـ. دیارە نووستنی خاتوو عائیشە (رەزای خوای لەسەر) بەم شێوەیە لەبەر نوێژی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر بێت) لە ناچاریدا بووە، چونکە ژوورەکەیان هەر ئەوەندە بووە، ماڵەکانی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) هەموویان وا بوون.

ت ـ هەر خاتوو عائیشە (رەزای خوای لەسەر) لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: "كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ يُصَلِّى صَلاَتَهُ مِنَ اللَّيْلِ، وَأَنَا مُعْتَرِضَةٌ بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْقِبْلَةِ كَاعْتِرَاضِ الْجِنَازَةِ"[1]، واتە: (پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێت) شەونوێژی دەکرد و منیش لە بەینی ئەو و قیبلەدا وەکو جەنازە رادەکشام).

پ ـ عەبدوڵڵای کوڕی شەدداد بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "حَدَّثَتْنِى مَيْمُونَةُ زَوْجُ النَّبِىِّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ يُصَلِّى وَأَنَا حِذَاءَهُ، وَأَنَا حَائِضٌ وَرُبَّمَا أَصَابَنِى ثَوْبُهُ إِذَا سَجَدَ"[2]، واتە: خاتوو مەیمونەی خێزانی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) پێی گوتم: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) نوێژی دەکرد و منیش لە سووڕی مانگانەدا بووم و لە پاڵیدا بووم، هەندێکجار کە کڕنووشی ببردایە جلەکانی بەرم دەکەوت.

---

[1] صحيح البخاري (١/ ١٥٠) كتاب (٩) أبواب الصلاة في الثياب/ باب (٢١) الصلاة على الفراش ـ الحديث (٣٧٦)، صحيح مسلم (٢/ ٦٠) كتاب (٥) الصلاة/ باب (٥١) الإعتراض بين يدي المصلي ـ الحديث (١١٦٨).

[2] صحيح البخاري (١/ ١٩٣) كتاب (١٢) أبواب سترة المصلي/ باب (١٧) إذا صلى إلى فراش فيه حائض ـ الحديث (٤٩٥ـ ٤٩٦)، صحيح مسلم (٢/ ٦١) كتاب (٥) الصلاة/ باب (٥١) الإعتراض بين يدي المصلي ـ الحديث (١١٧٤).

جا ئەگەر ئافرەت نوێژ ببڕێت یان بەتاڵی بکاتەوە، ئەی چۆن ئەو خێزانانەی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) لەبەردەم نوێژی پێغەمبەردا خەوتوون بەبێ ئەوەی نوێژەکەی ببڕێت، یان داوایان لێبکات لەبەردەمیدا لاچن، ئەمە لەکاتێکدا کە هەندێك لە خێزانەکانی لەو کاتەدا لە سووڕی مانگانەدا بوون، وەك لە فەرموودەکەی خاتوو مەیمونەدا هاتووە. هەموو ئەمانەیش بەڵگەن، کە ڕاڤەکردنی فەرموودەکە بەو شێوەیە هەڵەیە و دوورە لە ڕاستیەوە. هەر بۆیە پێشەوا بوخاری بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە، لە صەحیحەکەی خۆیدا بابێکی سەربەخۆ دێنێت لە ژێر ناونیشانی: (إذا صلى إلى فراش فيه حائض)[1]، واتە: ئەگەر نوێژخوێن نوێژی کرد ڕووەو جێگەیەك کە ئافرەتێکی لەسەر بوو لە سووڕی مانگانەدا بوو. ئیبن حەجەری عەسقەلانیش، کاتێك دەست بە ڕاڤەکردنی ئەم بابەی صەحیحی بوخاری دەکات دەڵێت: "أي هل يكره أو لا؟ وحديث الباب يدل على أن لا كراهة"[2]، واتە: (ئایا باش نییە نوێژ بکرێت ڕووە و جێگەیەك ئافرەتێکی تێدا بێت لە سووڕی مانگانەدا بێت، یان دروستە و هیچ کێشەی نییە؟ ئەم فەرموودەیە ـ دیارە مەبەستی ئەو فەرموودەیەیە کە خاتوو مەیمونە ڕیوایەتی دەکات ـ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دروستە و هیچ کێشەی نییە". هەروەها ئیمامی بەیهەقییش بابێکی تەواوی لە سونەنەکەی خۆیدا لەسەر ئەو بابەتە هێناوە لە ژێر ناونیشانی (الدليل على أن مرور المرأة بين يديه لا يفسد الصلاة)[3]، واتە: بەڵگە لەسەر ئەوەی، کە ڕۆیشتنی ئافرەت بە بەردەم نوێژدا نوێژ بەتاڵ ناکاتەوە.

ج- عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەڵێت: "جِئْتُ أَنَا وَالْفَضْلُ بْنُ الْعَبَّاسِ يَوْمَ عَرَفَةَ، وَرَسُولُ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ يُصَلِّى بِالنَّاسِ، وَنَحْنُ عَلَى أَتَانٍ لَنَا، فَمَرَرْنَا

---

[1] صحيح البخاري (١/ ١٩٣) كتاب (١٢) أبواب سترة المصلي/ باب (١٧) إذا صلى إلى فراش فيه حائض.

[2] فتح الباري شرح صحيح البخاري، ابن حجر (١/ ٥٩٣).

[3] سنن البيهقي الكبرى (٢/ ٢٧٥) باب (٣٩٤) الدليل على أن مرور المرأة بين يديه لا يفسد الصلاة.

بِبَعْضِ الصَّفِّ فَنَزَلْنَا عَنْهَا، وَتَرَكْنَاهَا تَرْتَعُ، وَلَمْ يَقُلْ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ شَيْئًا"[1]، واته: (من و فەزڵی کوڕی عەبباس گوێدرێژێکی مێینەمان پێبوو، ڕۆژی عەرەفە کە هاتین پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) نوێژی دەکرد، بە پێش نوێژەکەدا هاتین، هەندێك لە ڕیزی نوێژەکەمان تێپەڕاند، پاشان لە گوێدرێژەکە دابەزین و گوێدرێژەکەمان واز لێ هێنا تا بلەوەڕێت، پاشانیش پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) هیچی پێ نەگوتین. جا دیارە مەبەستی عەبدوڵڵای کوڕی عەباسیش لە گێڕانەوەی ئەم فەرموودەیە وەڵامدانەوەی ئەو فەرموودەیەیە کە گوایە گوێدرێژ نوێژ دەبڕێت، بۆیە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) نەیوت بۆ ئەو کارەتان کرد؟ یان بۆ بە بەرنوێژەکەدا هاتن؟

ئیمامی تورمزییش، لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێت: "وحديث ابن عباس حديث حسن صحيح، والعمل عليه عند أكثر أهل العلم من أصحاب النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ، ومن بعدهم من التابعين قالوا: لا يقطع الصلاة شيء"[2]، واته: فەرموودەکەی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دروستە و زۆربەی زانایان لە هاوەڵانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) و شوێنکەوتووانیشیان کاریان پێکردووە و وتوویانە: کە هیچ شتێك نوێژ نابڕێت.

**چوارەم:** ئەو جۆرە تێگەیشتنە لەو فەرموودەیە نەك تەنیا خێزانەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) ڕەتیان کردۆتەوە، بەڵکو هاوەڵانی پێغەمبەر و زۆربەی زۆری زانایانیش ڕەتیان کردووەتەوە، لەوانە: هەر سێ جێنشینەکەی پێغەمبەری

[1] صحيح ابن خزيمة (٢/ ٢٢) الحديث (٨٣٣)، سنن النسائي الكبرى (١/ ٢٧٢) الحديث (٨٢٨)، سنن البيهقي الكبرى (٢/ ٢٧٦) كتاب (٢) الحيض/ باب (٣٩٥) الدليل على أن مرور الحمار بين يديه لا يفسد الصلاة ـ الحديث (٣٣١٤)، سنن الترمذي (٢/ ١٦٠) أبواب الطهارة/ باب (٢٥٢) ما جاء لا يقطع الصلاة شيء ـ الحديث (٣٣٧) وقال الألباني: حديث صحيح.

[2] سنن الترمذي (٢/ ١٦٠).

خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، ئەبوبەکری صدیق، عوسمانی کوڕی عەفان و عەلی کوڕی ئەبی تالیب (ڕەزای خوایان لەسەر بێت)، هەروەها هەر چوار پێشەوا و سەرمەزهەبەکانی فیقهی ئیسلامییش (ئەبو حەنیفە، مالیك، شافیعی و ئەحمەد) بە کۆی دەنگ ئەم جۆرە ڕاڤەکردنەیان بۆ فەرموودەکە ڕەت کردووەتەوە.

سالمی کوڕی عەبدوڵڵا بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (قِيلَ لاِبْنِ عُمَرَ: إِنَّ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَيَّاشِ بْنِ أَبِى رَبِيعَةَ يَقُولُ: يَقْطَعُ الصَّلاَةَ الْكَلْبُ وَالْحِمَارُ. فَقَالَ ابْنُ عُمَرَ: لاَ يَقْطَعُ صَلاَةَ الْمُسْلِمِ شَىْءٌ)[1]، واتە: بە عەبدوڵڵای کوڕی عومەریان گوت: عەبدوڵڵای کوڕی عەیاشی کوڕی ڕەبیعە دەڵێت: سەگ و گوێدرێژ، نوێژ دەبڕن و بەتاڵی دەکەنەوە. عەبدوڵڵای کوڕی عومەریش فەرمووی: هیچ شتێك نوێژی مسوڵمان نابڕێ و بەتاڵی ناکاتەوە.

موبارەکفوریش دەڵێت: "وقال مالك وأبو حنيفة والشافعي (رضي الله عنهم)، وجمهور من السلف والخلف لا تبطل الصلاة بمرور شيء من هؤلاء"[2]، واتە: (ئیمامی (ئیمامی مالیك و ئەبوحەنیفە و شافیعییش (ڕەزای خوایان لەسەر بێت)، هەروەها زۆرینەی زانایانی پێشین و پاشینیش وتوویانە: هیچ کام لەو شتانە ـ ئافرەت، سەگ و گوێدرێژ ـ نوێژ بەتاڵ ناکەنەوە.

**پێنجەم:** سەبارەت بە لێکدانەوەی زانایان بۆ فەرموودەکە چەند بۆچوونێك هەیە، دیارترینیان دوانە:

١ـ هەندێك لە زانایان پێیانوایە، کە حوکمی ئەم سڕدراوەتەوە و هەڵوەشاوەتەوە و کاری پێ ناکرێت (منسوخ)ە، بە بەڵگەی ئەو هەموو فەرموودانەی، کە دژی دەوەستنەوە و لەگەڵی یەك ناکەنەوە، بەڵام ئەم بۆچوونە زۆر پەسەند نییە، لەبەر چەند هۆیەك:

---

[1] سنن البيهقي الكبرى (٢/ ٢٧٨).

[2] تحفة الأحوذي، المباركفوري (٢/ ٢٥٩).

أ- (نسخ) پێویستی بەوەیە، کە مێژووی هاتنی هەردوو فەرموودەکە بزانیت تا بتوانیت بڵێیت فەرموودەی پاشتر ئەوەی پێش خۆی سڕیوەتەوە و هەڵوەشاندووەتەوە، لێرەشدا مێژووی هاتنی فەرموودەکان دیار نین، بۆیە ناتوانین بڕیاری نەسخ بدەین.

ب - بڕیاری (نسخ) دوا بڕیارە بۆ چارەسەرکردنی دژوەستانەوەی دوو فەرموودە لەگەڵ یەکتر، بەڵام لێرەدا دەکرێت چارەسەری ئەو دژیی و گرژییە بکرێت بە ڕێگەی ئاسانتر، بۆیە بڕیاری نەسخ نادرێت.

٢- کە ئەمەیان پەسەندتر و گونجاوترە و بۆچوونی زۆربەی زانایانی لە سەرە، ئەوەیە: کە ئەم فەرموودانە هەمووی ڕاستن و کاریشیان پێ دەکرێت.

بەڵام مەبەستی هیچکام لە فەرموودەکان ئەوە نییە، کە ڕۆیشتنی ئافرەت بە بەردەم نوێژخوێندا نوێژەکەی ببڕێت، یان بەتاڵی بکاتەوە، بەڵکو مەبەست پێی ئەوەیە ئافرەت بەهۆی ئەوەی، کە هەمیشە جێی سەرنجی پیاوە، ئەگەر بە بەرنوێژەکەیدا بڕوات ئەوا لەوانەیە سەرنجی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و کەم تا زۆر ئاگای لە نوێژەکەی نەمێنێت و بەمەش پاداشتی نوێژەکەی کەم بکاتەوە، کەواتە مەبەست لە (قطع) لە فەرموودەکەدا بڕینی شێوە تەواوەکەیەتی (نفي الكمال)، نەك بەتاڵکردنەوە (نفي الصحة). بەمەیش دەتوانین هەموو فەرموودەکان و واتاکانیان کۆبکەینەوە، چونکە هەموو ئەو فەرموودانەی کە خێزانەکانی پێغەمبەر (ڕەزای خوایان لەسەر بێت) گێڕاویانەتەوە باس لەوە دەکەن کە ئەمان لەو کاتەی کە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) نوێژی کردووە نوستوون و خۆیان داپۆشیوە، لە هیچ فەرموودەیەکدا نەهاتووە کە بە بەردەم نوێژەکەدا هاتبن یان چووبن.

ئەم حوکمەیش تایبەت نییە بە ئافرەتانەوە، بەڵکو گشتگیرە بۆ هەموو نوێژێك و هەموو نوێژخوێنێك، کە پێویستە هەموو نوێژخوێنێك کە نوێژی کرد سوترە دابنێت

له كاتی نوێژەكەیدا و چاو ببڕێتە ئەو شوێنەی كە ناوچاوانی لەسەر دادەنێت، ئیتر هەركەس بە پشتی سوترەكەیدا بڕوات كاریگەری بۆ ئەم نابێت و كێشەی نییە. خۆ ئەگەر سوترەی دانەنا، یان سوترەی دانا، بەڵام چاوی نەبڕیە شوێنی سوجدەكەی، یان كەسێك بە نێوان ئەم و سوترەكەدا گوزەرا، بەتایبەتیش شتێك كە سەرنجی ئەم بە لای خۆیدا ڕابكێشێت، ئەو كات پاداشتی نوێژەكەی كەم دەكاتەوە. پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) لەمبارەیەوە دەفەرمووێت: "إذا قامَ أحدُكُمْ يُصَلِّي فإِنَّهُ يَسْتُرُه إذا كانَ بَيْنَ يَدَيْه مِثْلُ آخرةِ الرَّحْلِ فإذا لَمْ يَكُنْ بَيْنَ يدَيْه مِثْلُ آخرةِ الرَّحْلِ فإِنَّهُ يَقْطَعُ صَلاتَهُ الحِمارُ والمَرْأَةُ والكَلبُ الأَسْوَدُ"[1]، واتا: (ئەگەر كەسێكتان هەستا نوێژی كرد و شتێكی لە بەردەمیدا دانا هاوشێوەی ئەوەی بە كۆتایی كورتانی سەرپشتی وشترەوەیە ئەوە بۆی دەبێتە سوترە، خۆ ئەگەر ئەوەی دانەنا و گوێدرێژ، یان ئافرەت، یان سەگی ڕەش بە بەردەمیدا ڕۆیشت، ئەوە پاداشتی نوێژەكەی كەم دەكاتەوە).

**شەشەم:** باسكردنی ئافرەت لە فەرموودەكەدا لەگەڵ گوێدرێژ و سەگ بۆ لێكچوواندن و هاوتاكردن نییە، بەڵكو لە ڕووی یەك خاڵی هاوبەشیانەوەیە لەم حوكمەدا، كە ئەویش كاریگەرییە لەسەر نوێژی كەسی بەرامبەر.

---

[1] صحيح مسلم (٢/ ٥٩). المسند، الإمام أحمد (٥/ ١٥١)، وقال الأنؤوط في تخريجه: إسناده صحيح على شرط مسلم.

**فەرموودەی (إِنَّمَا الشُّؤْمُ فِي ثَلاَثَةٍ: الْمَرْأَةِ، وَالْفَرَسِ، وَالدَّارِ)**

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "لاَ عَدوى، وَلاَ طِيَرَةَ، وَإِنَّمَا الشُّؤْمُ فِي ثَلاَثَةٍ: الْمَرْأَةِ، وَالْفَرَسِ، وَالدَّارِ"[١]. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم فەرموودەیەیش بەشێوەیەکی زانستی و دروست ئەم چەند خاڵە دەخەینە ڕوو:

**یەکەم:** واتای فەمووودەکە: واتە: (هیچ نەخۆشی و پەتایەك لە کەسێکەوە ناگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر، هیچ شتێك نابێتە مایەی نەگبەتی و بەدبەختی مرۆڤ، نەگبەتی و شومی تەنیا لە سێ شتدا هەیە، لە: ئافرەت، ئەسپ و خانوودا). لە ڕیوایەتێکی تری فەرموودەکەدا هاتووە کە: "إِنْ كَانَ الشُّؤْمُ فِي شَىْءٍ، فَفِي الْفَرَسِ، وَالْمَسْكَنِ، وَالْمَرْأَةِ" [٢]، واتە: (ئەگەر نەگبەتی و شوومی لە شتێکدا هەبێت، ئەوە لە: ئەسپ و خانوو و ئافرەتدایە).

لێرەدا و بەرلەوەی تێبینییەکان لەسەر فەرموودەکان بخەینە ڕوو، هەندێ وشەی نامۆ لە فەرموودەکاندا بەکارهاتوون ڕاڤەیان دەکەین، تا خوێنەر لێیان بەئاگا بێت، چونکە زۆر بەکاریان دەهێنین و حوکمە شەرعییەکانیش پەیوەستن بەو وشانەوە کە ئەمانەن:

(لا عَدوى): واتە هیچ نەخۆشی و پەتایەك لە کەسێکەوە ناگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر، مەبەستی فەرموودەکە لێرەدا قسەکردنە لەسەر لایەنی دەروونی و باوەڕی مرۆڤی باوەڕدار، بەوەی کە دەبێت مرۆڤی باوەڕدار دەروونی ئارام و دڵنیا بێت و باوەڕی وابێت بەوەی، کە هەرچی ویستی خوای لەسەر نەبێت نابێت، هیچ

---

[١] صحيح البخاري (٥/ ٢١٧١) كتاب (٧٩) الطب/ باب (٤٢) الطيرة/ الحديث (٥٤٢١)، صحيح مسلم (٧/ ٣٤) كتاب (٤٠) السلام/ باب (٣٤) الطيرة والفأل وما يكون فيه الشؤمـ الحديث (٥٩٣٨).

[٢] صحيح البخاري (٥/ ١٩٥٩) كتاب (٧٠) النكاح/ باب (١٨) ما يتقى من شؤم المرأة/ الحديث (٤٨٠٦)، صحيح مسلم (٧/ ٣٤) كتاب (٤٠) السلام/ باب (٣٤) الطيرة والفأل وما يكون فيه الشؤم ـ الحديث (٥٩٣٨).

نەخۆشییەکیش بێ ویستی خوا ناگوازرێتەوە و تووشی کەس نابێت، ئەوەیش کە ویستی خوای لەسەر بێت گەڕانەوە و ڕەتبوونەوەی نییە. دیارە ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت کە مرۆڤ خۆی لەو ناخۆشی و نەخۆشییانە نەپارێزێت، کە ئەگەری گواستنەوەیان لێ دەکرێت، چونکە لە بەرامبەر ئەم فەرموودەیەدا چەندین فەرموودەی ترمان هەیە قسە لەسەر لایەنە ماددی و بەرجەستەییەکان دەکەن، بەوەی کە پێویستە مرۆڤی باوەڕدار هەموو ئەو ڕێگانە بگرێتە بەر کە لە نەخۆشی و شتی زیانبەخش و خراپ دووری دەخەنەوە، هەروەها دەبێت خۆی لەو نەخۆشییانەیش بپارێزێت کە دەگوازرێنەوە، یان نەچێتە ناو خاکێك یان خەڵکێك کە نەخۆشییەك، یان پەتایەکی تێیدا بڵاوە تا ئەم تووشی نەیەت.

لە دەرەنجامی کۆکردنەوە و کارکردن بە هەموو فەرموودەکان دەگەینە ئەوەی، کە دەبێت مرۆڤی باوەڕدار خۆی لە هەموو ئەو شتانە بەدوور بگرێت، کە ئەگەری زیان، یان نەخۆشییان لێ دەکرێت، هەر کاتێکیش تووشی نەخۆشی، یان ناڕەحەتییەك هات دەبێت باوەڕی وابێت، کە ئەو نەخۆشییە لەلایەن خواوەیە و ویستی خوای لە سەرە و نابێت بڵێت فڵان کەس، یان فڵان شت تووشی کردم.

(طِيرَة): کاتی خۆی عەرەب عادەتیان وابوو ئەگەر بیانویستایە سەفەرێك بکەن، یان کارێکی گرنگ ئەنجام بدەن، بە لای باڵندەیەکی نیشتوودا دەڕۆیشتن و هەڵیان دەفڕاند، جا ئەگەر باڵندەکە بە لای چەپدا بفڕیایە ئەوە سەفەرەکە، یان کارەکەیان واز لێ دەهێنا و نەیاندەکرد، بەڵام ئەگەر باڵندەکە بەلای ڕاستدا بفڕیایە ئەوە سەفەرەکە، یان کارەکەیان دەکرد، ئەم جۆرە بیروباوەڕە زۆربەی کات پەکی کارەکانی دەخستن و نەیاندەکرد. پاشتر ئەم زاراوەیە شێوەیەکی گشتگیرتری وەرگرتووە و بە هەموو ئەو شتانە وتراوە کە مرۆڤ بە چاوی نەگبەتی، یان شوومی سەیریان دەکات، جا کاتێك ئیسلام هاتووە ئەمانەی هەموو هەڵوەشاندووەتەوە،

پێغەمبەری خوداش (درودی خوای لەسەر) لێرەدا باس لە بنەبڕکردن و نەهێشتنی ئەم خووە خراپانەی عەرەب دەکات.

(شُؤمُ): بە واتای خراپە و زیان و نەگبەتی بەکاردێت.

**دووەم:** ئەو جۆرە ڕاڤەکردنە سەرپێییە لە خودی فەرموودەکان خۆیاندا تووشی کێشە و ئاڵۆزییمان دەکەن، چونکە سەرەتای ئەم فەرموودەیە بەوە دەست پێ دەکات، کە (لاَ طِيَرَةَ). واتە: هیچ شتێك نییە ببێتە مایەی نەگبەتی و شوومی بۆ مرۆڤ، پاشانیش دەفەرموێت: نەگبەتی و شوومی تەنیا لە سێ شتدا هەیە. باشە ئایا دەگونجێت سەرەتای فەرموودەیەك باس لە نەفی و نەبوونی شتێك بكات، پاشان کۆتاییەکەی سەرەتاکەی هەڵبووەشێنێتەوە و دژی بووەستێتەوە؟ ئەمە جگە لەوەی کە ئەم جۆرە ڕاڤەکردنە تووشی ئاڵۆزی و ڕووبەڕووبوونەوەمان دەکات لەگەڵ چەندین فەرموودەی دروست (صحيح)ی تردا، لەوانە:

ـ پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "الطِّيرَةُ شِرْك، الطِّيرةُ شرك، الطِّيَرَةُ شِرْك (ثلاثا).. ولكنَّ اللَّه يُذهبُه بالتوكل"[1]، واتە: (ناوزەدکردنی شتێك بەوەی کە مایەی نەگبەتییە، یان بەدبەختییە و زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێت، هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردانە)، پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) سێ جار ئەمەی دووبارە کردەوە، پاشان فەرمووی: پشت بە خوابەستن ئەو جۆرە گومان و باوەڕانە دەڕەوێنێتەوە.

ـ هەروەها پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: "مَنْ رَدَّتْهُ الطِّيَرَةُ مِنْ حَاجَةٍ فَقَدْ أَشْرَكَ". قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا كَفَّارَةُ ذَلِكَ؟ قَالَ: "أَنْ يَقُولَ أَحَدُهُمُ: اللَّهُمَّ لاَ خَيْرَ إِلاَّ خَيْرُكَ، وَلاَ طَيْرَ إِلاَّ طَيْرُكَ، وَلاَ إِلَهَ

---

١ سنن أبي داود (٢/ ٤٠٩) كتاب (٢٩) الطب/ باب (٢٤) في الطيرة ـ الحديث (٣٩١٠)، وقال الألباني: حديث صحيح. سنن إبن ماجة (٢/ ١١٧٠) كتاب (٣١) الطب/ باب (٤٣) باب من كان يعجه الفأل ويكره الطيرة ـ الحديث (٣٥٣٨).

غَيْرُكَ"[1]، واتە: (هەر کەسێك بە شووم سەیرکردنی کارێك وای لێ بکات واز لەو کارەی بهێنێت، ئەوە وەك ئەوەیە هاوەڵی بۆ خوا بڕیار دابێت ـ دیارە ئەمەش بە هۆی ئەوەوەیە کە سوود و زیان تەنها بە دەستی خوایە نەك کەسێك یان شتێکی تر ـ، پاشان هاوەڵەکانی پرسیاریان کرد، چی ئەم تاوانە دەسڕێتەوە؟ فەرمووی: با ئەو کەسە بڵێت: خوایە هیچ سوودێك نییە مەگەر ئەوە نەبێت کە لای تۆوە دێت، هیچ نەهامەتی و نەگبەتیەکیش نییە و نابێت مەگەر ئەوە نەبێت، کە لە لای تۆوە دێت، هیچ پەرستراوێکیش بە حەق نییە زاتی تۆ نەبێت). کەواتە لەم فەرموودەیەشدا پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) ئەم جۆرە بۆچوونە بە شیرك و بێباوەڕی لە قەڵەم دەدات، جا ئایا چۆن دەگونجێت ئەو خۆی ئافرەت بە مایەی نەگبەتی و شوومی لە قەڵەم بدات و سەیر بکات؟

پێچەوانەی ئەم جۆرە تێگەیشتنە چەند دەقێکی ترمان هەیە ئافرەت بە مایەی گەشبینی و ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی لە قەڵەم دەدات، بۆ نموونە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت: "لَا شُؤْمَ. وَقَدْ يَكُونُ الْيُمْنُ فِي الدَّارِ، وَالْمَرْأَةِ، وَالْفَرَسِ"[2]، واتە: (هیچ شتێك نییە ببێتە مایەی نەگبەتی و بەدبەختی مرۆڤ، ئەگەر خێر و چاکە لە شتێکدا هەبێت، ئەوە لە خانوو، ئافرەت و ئەسپدایە). لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: "الدُّنْيَا مَتَاعٌ وَخَيْرُ مَتَاعِ الدُّنْيَا

---

١ المسند، الإمام أحمد (١١/ ٦٢٣) الحديث (٧٠٤٥). حسنه الأرناؤوط وصححه الألباني في صحيح الجامع برقم ٦٢٦٤.

٢ سنن الترمذي (٥/ ١٢٦) كتاب (٤٥) العلم/ باب (٥٨) ما جاء في الشؤم ـ الحديث (٢٨٢٤)، وصححه الشيخ الألباني: في صحيح الجامع حديث رقم (٧٥٠٠)، سنن ابن ماجة (١/ ٦٤٢) كتاب (٩) النكاح/ باب (٥٥) ما يكون فيه اليمن والشؤم/ الحديث (١٩٩٣).

الْمَرْأَةُ الصَّالِحَةُ"[1]. واته: (دونیا هەمووی خۆشیەکی کەمە، باشترین و چاکترین خۆشی دونیا ژنێکی باش و گونجاوە). کەواتە ئەم فەرموودەیە بە پێچەوانەی فەرموودەکانی ترەوە، باس لەوە دەکات، ئەگەر خێر و خۆشی لە شتیکدا هەبێت ئەوە دەکرێت لە ئافرەتدا بێت، ئەویش بەوەی کە ئافرەتەکە خوو و ڕەفتاری باش بێت و تەبا و گونجاو بێت لەگەڵ هاوسەرەکەی. هەربۆیە هەڵەیە ئێمە بڵێین ئافرەت خۆی بۆ خۆی دەبێتە مایەی خراپە و شوومی، بەڵکو ئەوە ئاکار و ڕەفتارەکانێتی کە وای لێ دەکەن ببێتە مایەی خۆشبەختی، یان بەدبەختی مرۆڤ و ئەم خاڵەیش لەنێوان پیاوان و ئافرەتانیشدا هاوبەشە.

لێرەدا حەز دەکەم دەقێکی (شێخ تەقیەددین سوبوکی)تان عەرز بکەم، کە لە ڕاڤەی ئەم فەرموودانەدا دەڵێت: "إشارة إلى تخصيص الشؤم بالمرأة التي تحصل منها العداوة والفتنة، لا كما يفهمه بعض الناس من التشاؤم بكعبها، وإن لها تأثيرا في ذلك وهو شيء لا يقول به أحد من العلماء، ومن قال ذلك فهو جاهل، وقد أطلق الشارع على من نسب المطر إلى النوء الكفر، فكيف من نسب ما يقع من الشر إلى المرأة"[2]. واتە: ئەم فەرموودانە ئاماژەن بە تایبەتکردنی شوومی و نەگبەتی بەو ئافرەتانەی کە دەبنە مایەی شوومی بەهۆی کردەوە خراپەکانیانەوە، نەك وەکو ئەوەی کە خەڵکانێك تێی دەگەن کە خودی ئافرەتەکە ببێتە مایەی شوومی و نەگبەتی، یان خودی ئافرەت کاریگەری هەبێت لەسەر ئەوە، هیچ زانایەکیش ئەوەی نەوتووە، هەرکەس ئەوە بڵێت ئەوە نەزانە، چونکە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) ئەو کەسەی بە کافر و بێباوەڕ لە قەڵەم داوە کە دەڵێت:

---

[1] صحيح مسلم (٤/ ١٧٨) كتاب (١٨) الرضاع/ باب (١٧) خير متاع الدنيا المرأة الصالحة ـ الحديث (٣٧١٦)، صحيح ابن حبان (٩/ ٣٤٠) ذكر البيان بأن المرأة الصالحة للمؤمن خير متاع الدنيا ـ الحديث (٤٠٣١).

[2] ـ فتح الباري، ابن حجر (٩/ ١٣٨).

فلان ئەستێرە بارانمان بۆ دەبارێنێت و مایەی خێرە، ئەی دەبێت حاڵی ئەوانە چۆن بێت، کە هەرچی خراپەیەك ڕوو دەدات دەیدەنە پاڵ ئافرەت و دەڵێن: مایەی شەڕە.

**سێیەم:** بەدەر لەوەی ئەم جۆرە ڕاڤەکردنە کێشە و ئاڵۆزیمان بۆ دروست دەکەن لەگەڵ فەرموودەکاندا، بە هەمان شێوە لەگەڵ خودی قورئانیش ئاڵۆزی دروست دەکات، چونکە هەمیشە قورئان ئەو جۆرە بیر و باوەڕە بەد و گومانا وییانەی داوەتە پاڵ بێباوەڕان، هەمیشە خەڵکی بێباوەڕ تۆمەتی نەگبەتی و شوومییان داوەتە پاڵ خەڵکی باوەڕدار و پێغەمبەران، وەك چۆن خوای گەورە لە چەند ئایەتێکدا ئاماژەی پێدەکات و دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا جَاءَتْهُمُ الْحَسَنَةُ قَالُوا لَنَا هَذِهِ وَإِنْ تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَطَّيَّرُوا بِمُوسَى وَمَنْ مَعَهُ أَلا إِنَّمَا طَائِرُهُمْ عِنْدَ اللَّهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لا يَعْلَمُونَ﴾ (الأعراف: ١٣١). ئەم ئایەتە تابلۆیەکە لە بێباوەڕی گەلەکەی مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت)، کە ئەگەر تووشی خێر و خۆشییەك بهاتنایە دەیانگوت: ئەوە هی چاکی ئێمەیە، دیارە شان و باڵمان هەڵی دەگرێت، بەڵام ئەگەر تووشی ناخۆشی، یان زیانێك بهاتنایە، دەیانگوت ئەمە هەمووی هی شوومی و نەگبەتی مووسا و شوێنکەوتووەکانێتی ئێمەیشی گرتووەتەوە، خوای پەروەردگار وەڵامی ئەو بێباوەڕییەیان دەداتەوە و دەفەرموێت: هەموو ئەو نەگبەتی و زیانانەی، کە تووشیان دەبێت لە لای خواوەیە و بە هۆی کردەوەی بەدی خۆیانەوەیە، بەڵام زۆرێکیان نەفامن و تێ ناگەن.

یان لە شوێنێکی تردا دەفەرموێت: ﴿قَالُوا اطَّيَّرْنَا بِكَ وَبِمَنْ مَعَكَ قَالَ طَائِرُكُمْ عِنْدَ اللَّهِ بَلْ أَنْتُمْ قَوْمٌ تُفْتَنُونَ﴾ (النمل: ٤٧). ئەم ئایەتەیش دیمەنێکە لە گفتوگۆی گەلی (ثمود) لەگەڵ (صالح) پێغەمبەر (سەلامی خوای لەسەر)، کاتێك تۆمەتباریان دەکرد و پێیان دەوت: تۆ و شوێنکەوتووانت بوونەتە مایەی شوومی و نەگبەتی بۆ ئێمە - دیارە ئەمانیش لە سزای بێباوەڕییەکەیاندا خوای باڵادەست تووشی قات و قڕی و

ناڕەحەتی کردبوون ـ صاڵحیش (دروودی خوای لەسەر) پێی دەگوتن، هەرچی بەڵا و نەگبەتیتان بەسەر دێت لە لای خواوەیە، خوا تاقیتان دەکاتەوە، هیچ تاوان، یان دەسەڵاتی ئێمەی تێدا نییە.

هەروەها لە سورەتی (یس)دا دەفەرموێت: ﴿قَالُوا إِنَّا تَطَيَّرْنَا بِكُمْ لَئِنْ لَمْ تَنْتَهُوا لَنَرْجُمَنَّكُمْ وَلَيَمَسَّنَّكُمْ مِنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (یس: ١٨). ئەمەش دیسانەوە دیمەنی گفتوگۆی گەلێکی بێباوەڕە لەگەڵ پێغەمبەرەکانیان، کە بە پێغەمبەرەکانیان دەگوت: ئێوە بوونەتە مایەی شوومی و نەگبەتی بۆ ئێمە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە خوا لە سزای بێباوەڕی و کەللە ڕەقییاندا کۆمەڵێك دەرد و ناڕەحەتی بۆ ناردبوون تا بیر بکەنەوە و بگەڕێنەوە، بەڵام ئەوان بە پێچەوانەوە زیاتر گومڕا دەبوون و بە پێغەمبەرەکانیان دەگوت: هی نەگبەتی و شوومی ئێوەیە ئێمە ئەمانەمان بەسەر دێت، ئەگەر ئێوە دەست لەم بیر و بانگەوازە هەڵنەگرن دەتانکوژین و تووشی سزای سەخت و دژوارتان دەکەین.

کەواتە وەك دەبینین هەمیشە خەڵکی بێباوەڕ ئەو جۆرە گومان و ڕەشبینییانەیان هەبووە بەرامبەر خەڵکانی تر، ئەم جۆرە بیرکردنەوانە دوورن لە خەڵکی باوەڕدارەوە، چونکە خەڵکی باوەڕدار هەمیشە پێی وایە، کە خودی مرۆڤ نابێتە مایەی نەگبەتی، یان شوومی و حەرامیشە وا سەیری کەس بکرێت، بەڵام دەکرێت مرۆڤ بەهۆی کردەوەی بەدی خۆیەوە تووشی ناڕەحەتی و نەگبەتی بێت و بەدەر لە خوای باڵادەستیش هیچ کەسی تر توانای ئەوەی نییە کە سوود، یان زیان بە مرۆڤەکان بگەیەنێت. جا ئایا دەگونجێت پێغەمبەری ئیسلام (دروودی خوای لەسەر) بێت و ئەم کەلتوورە بەد و خراپەی میللەتانی بێباوەڕ لەناو مسوڵمانانی زیندوو بکاتەوە، ڕەگەزێکی سەرەکی ژیان و بوونەوەر بکاتە مایەی نەگبەتی و شوومی؟ شتی وا قەت نەگونجاوە و نابێت.

**چوارەم:** مەبەستی سەرەکی لەم فەرموودانەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕەواندنەوە و لابردنی ئەو بیر و بۆچوون و گومانانەیە، کە لەوانەیە لە ناخی هەندێك لە هاوەڵانیدا مابێت لە پاشماوەکانی سەردەمی نەفامی و سرپینەوەی ئەو دابونەریتانەیە کە لەگەڵ ئیسلام یەك ناگرنەوە و ڕاستکردنەوەی هەندێك چەمکی بیروباوەڕە لە ناو مسوڵمانادا. هەر بۆیەشە ئەو زاراوانەی کە لە فەرموودەکاندا هاتوون لە نموونەی: (عَدوی[١]، طِيَرَة[٢]، هَامَة[٣]، صَفَر[٤]، نَوْء[٥]، غُول[٦])، کۆمەڵێك زاراوەن لە سەردەمی نەفامییدا باو بوون و زۆر حیسابیان بۆ کراوە و زۆر بەرز نرخێنراون، بەڵام لە ئیسلامدا هیچ بایەخ و نرخێکیان نییە و پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) دەیەوێت هاوەڵەکانی لێ ئاگادار بکاتەوە و ڕاستیی بابەتەکانیان بۆ ڕوون بکاتەوە.

---

١ عَدْوَى: واتە هیچ نەخۆشی و پەتایەك لە کەسێکەوە ناگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر.

٢ طِيَرَة: بە شێوەیەکی گشتیی بە هەموو ئەو شتانە وتراوە و دەوترێت کە مرۆڤ بە چاوی نەگبەتی یان شومی سەیریان بکات.

٣ هَامَة: ئەمەش دیسانەوە خوویەکی تری خراپی ناو کۆمەڵگای نەفامی بوو کە بڕوایان وابوو کاتێك کەسێکیان لێ دەکوژرێت، شتێك لەلای سەریەوە لە قەبرەکەیەوە دێتە دەرەوە و بەردەوام هاوار دەکات دەڵێت تینوومە تینوێتیم بشکێنن، هەتا بکوژەکەی نەکوژنەوە بەردەوام هەر وا دەبێت و وا دەڵێت، هەندێکی تریش دەڵێن مەبەست لە (هَامَ) کوندەپەپووە کە ئەگەر لەسەر هەرماڵێك بنیشتایەتەوە پێیان وابوو کە دەبێتە مایەی کاولبوون و تێکچوونی ئەو ماڵە.

٤ ـ صَفَر: هەندێك لە زانایان دەڵێن (صَفَر) نەخۆشیەکی سك یەشە بووە بە هۆی کرمێکەوە دروست دەبوو، لە ناو عەرەبدا وا باو بووە کە ئەو نەخۆشیە دەگوازرێتەوە. هەندێکی تر دەڵێن مەبەست لە (صَفَر) مانگی صفر بووە کە عەرەب بە مانگێکی شووم و نەگبەتیان زانیوە و سەیر کردووە.

٥ ـ نَوْء: قۆناغێکە لە قۆناغەکانی مانگ، هەندێکیش دەڵێن ناوی ئەستێرەیەك بووە و کاتی خۆی پێش هاتنی ئیسلام کاتێك کە باران باریبێت وتوویانە بە هۆی ئەو ئەستێرەیەوە بارانمان بۆ دەبارێت.

٦ غُول: لەناو عەربدا وا باو بووە کە (غُول) جنیەکە لە دەشت و دەر و چۆڵەوانیدا پەیدا دەبێت و بە چەندین شێوە خۆی دەگۆڕێت و ڕێگە لە خەڵکی و کاروانچی ون دەکات و دەیانفەوتێنێت.

**پێنجەم:** ئەم فەرموودەیەش دیسانەوە یەکێکی ترە لەو فەرموودانەی، کە دایکی باوەڕداران خاتوو عائیشە (ڕەزای خوای لەسەر) بە توندی ڕەخنەی لە شێوازی گێڕانەوەکەی گرتووە و تێیدا گلەیی لە ئەبو هورەیرە کردووە کە فەرموودەکەی بەو شێوەیە گێڕاوەتەوە، لەو بارەیەوە ئیمامی ئەحمەد دەقێکمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: "أَنَّ رَجُلَيْنِ مِنْ بَنِي عَامِرٍ دَخَلاَ عَلَى عَائِشَةَ فَقَالاَ: إِنَّ أَبَا هُرَيْرَةَ قَالَ: الطِّيَرَةُ فِي الْفَرَسِ، وَالْمَرْأَةِ، وَالدَّارِ، فَغَضِبَتْ غَضَبًا شَدِيدًا، وَقَالَتْ: (مَا قَالَهُ). وَإِنَّمَا قَالَ: إِنَّ أَهْلَ الْجَاهِلِيَّةِ كَانُوا يَتَطَيَّرُونَ مِنْ ذَلِكَ"[1]، واتە: (دوو پیاو چوونە لای خاتوو عائیشە (ڕەزای خوای لەسەر) و وتیان: ئەبو هورەیرە دەڵێت: کە ئەسپ و ئافرەت و خانوو دەکرێت ببنە مایەی بەدبەختی و شوومی بۆ مرۆڤ. خاتوو عائیشە (ڕەزای خوای لەسەر)، کە گوێی لەمە بوو زۆر تووڕە بوو و فەرمووی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) شتی وای نەفەرمووە، بەڵکو فەرموویەتی: خەڵکی لە سەردەمی نەفامییدا ئەم شتانەیان بە مایەی بەدبەختی و شوومی سەیر دەکرد).

ماوەتەوە ئەوە بڵێین مرۆڤی باوەڕدار هەمیشە دەبێت باوەڕی وا بێت کە هیچ سوودێك، یان زیانێکی پێ ناگات، مەگەر ئەوە نەبێت کە خوا خۆی بڕیاری لەسەر داوە و دیاری کردووە، قەت خوا هیچ دروستکراوێکی خۆی نەکردووەتە مایەی نەگبەتی و شوومی بۆ خەڵکی تر، مرۆڤ زۆرجار کە تووشی ناڕەحەتی، یان نەهامەتییەك دێت بە هۆی کردەوەی بەدی خۆیەوەیەتی، یان خوا دەیەوێت تاقی بکاتەوە. ژن و پیاویش لە هەموو ئەم خاڵانەی کە باسمان کردن هاوبەشن، کەواتە چۆن ژنێکی بەدخوو و شڕ، دەبێتە مایەی نەگبەتی و سەرگەردانی، بەهەمان شێوە پیاوێکی بەدخوو و شڕیش دەبێتە مایەی نەگبەتی و سەرگەردانی ژن و خێزان.

---

[1] المسند، الإمام أحمد (٤٢/ ٨٨) الحديث (٢٥١٦٨).

**فەرموودەی ( إِنَّ الْمَرْأَةَ تُقْبِلُ فِی صُورَةِ شَيْطَانٍ، وَتُدْبِرُ فِی صُورَةِ شَيْطَانٍ )**

عَنْ جَابِرٍ رَضِیَ اللَّهُ عَنْهُ : أَنَّ النَّبِیَّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ رَأَی امْرَأَةً، فَدَخَلَ عَلَى زَيْنَبَ بِنْتِ جَحْشٍ فَقَضَى حَاجَتَهُ مِنْهَا، ثُمَّ خَرَجَ إِلَى أَصْحَابِهِ فَقَالَ لَهُمْ: "إِنَّ الْمَرْأَةَ تُقْبِلُ فِي صُورَةِ شَيْطَانٍ، وَتُدْبِرُ فِی صُورَةِ شَيْطَانٍ، فَإِذَا أَبْصَرَ أَحَدكُمْ امْرَأَة فَلْيَأْتِ أَهْلَهُ" فَإِنَّ ذَلِكَ يَرُدّ مَا فِي نَفْسه"[1]. دیارە ئەم فەرموودەیەش هاوشێوەی فەرموودەکانی تر، ئەگەر تەنیا ڕشاڤەکردنێکی ڕووکەشی بۆ بکەین ئەوا تووشی کۆمەڵێك ئاڵۆزیی و گومانمان دەکات، جا بۆ ڕەواندنەوەی ئەو ئاڵۆزی و گومانانە و تێگەیشتنی زیاتر لە چەمکەکانی فەرموودەکە، ئەم چەند خاڵە دەخەینە ڕوو :

**یەکەم:** واتە: جابری کوڕی عەبدوڵلا دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) ئافرەتێکی بینی، پاشان چووە لای زەینەبی کچی جەحشی خێزانی و پاشان هاتەوە لای هاوەڵانی و پێی فەرموون: ئافرەت لەسەر شێوەی شەیتان ڕوو دەکات و لەسەر شێوەی شەیتان پشت هەڵدەکات، هەر یەکێکتان ئافرەتێکی بینی و سەرنجی ڕاکێشا بابچێتە لای خێزانی، ئەوە شوێنەواری ئەو سەرنجە و کاریگەرییە لەسەر دەروونی لا دەبات.

مەبەست لە وشەی (الْمَرْأَةَ) لەم فەرموودەیەدا، کە دەفەرموێت (إِنَّ الْمَرْأَةَ)، هەرچەند بە گشتگیری گوزارشتی لێ کراوە، بەڵام مەبەستی فەرموودەکە تەنیا ئەو ئافرەتانە دەگرێتەوە کە نامەحرەمن و بە هۆیانەوە پیاو تووشی تاوان و گوناه دەبن، بەهیچ شێوەیەك دایك، یان کچ، یان خوشکی مرۆڤ ناگرێتەوە، چونکە ئەمانە قەت جێی سەرنجی بەدی پیاو نین تا ببنە مایەی لەخشتەبردنی مرۆڤ، کەواتە هەرچەند وشەکەش بەگشتیی هاتووە، بەڵام مەبەست پێی کەسانێکی تایبەتن

---

[1] صحيح مسلم (٤/ ١٢٩) كتاب (١٧) النكاح/ باب (٢) ندب من رأى امرأة فوقعت في نفسه إلى أن يأتي امرأته أو جاريته فيواقعها الحديث (٣٤٧٣). المسند، الإمام أحمد (٢٢/ ٤٠٧) الحديث (١٤٥٣٧).

ئەمەیش لە ڕووی زمانەوانی و شەرعیشەوە ڕێگەپێدراوە و پێی دەگوترێت (عام یراد بە الخصوص) واتە گشتاندنێك کە مەبەست لێی کەسانێکی دیاری کراوە. بۆیە مەبەستی فەرموودەکە ڕەگەزێکی دیاریکراو نییە بە گشتیی، بەڵکو تەنیا ئەو ئافرەتانە دەگرێتەوە کە نامەحرەمن بە پیاو و بە شێوەیەك دەردەکەون کە دەبنە جێی سەرنجی پیاو و لەخشتەبردنی.

**دووەم:** کاتێك پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: ئافرەت لەسەر شێوەی شەیتان ڕوو دەکات و لەسەر شێوەی شەیتان پشت هەڵدەکات، لەم لێکچوواندنە چەند مەبەستێکی هەیە، کە ئەوانیش:

أ- مەبەستی سەرەکی فەرموودەکە ئاماژەیە بەو ڕۆڵە خراپەی، کە شەیتان لەنێوان پیاوان و ئافرەتانی نامەحرەمدا دەیبینێت، بەوەی کە هەرکات پیاو ئافرەتێکی نامەحرەم دەبینێت ئیتر شەیتان هەتا ئەو ئافرەتە دێت و تێپەڕ دەبێت و لەچاوی ون دەبێت لە هەوڵی ئەوەدایە، کە چۆن جوانییەکانی ئەو ئافرەتە لای ئەو پیاوە بڕازێنێتەوە و پێی فریو بدات و بەهۆیەوە تووشی ناپاکی و حەرامی بکات، لەکاتێکدا ئەو ڕۆڵە بۆ نێوانی هاوسەرە شەرعیەکان نابینێت کە لەوانەیە هەندێکجار پیاو خێزانەکەی خۆی چەند قاتی ئەو ئافرەتانە جوان بێت، بەڵام شەیتان هەمیشە هەوڵی کەمکردنەوەی بەهای جوانی حەڵاڵەکان دەدات و لە بەرامبەردا حەرامەکانمان بۆ دەڕازێنێتەوە، هەروەك چۆن بەهەمان داو باوکە ئادەمیشی لە بەهەشت بەدەرکردن دا، کاتێك بەهای ئەو هەموو ناز و نیعمەتەی بەهەشتی لەبیر بردەوە و خولیای حەز و ئارەزووی خستە سەر تاقە دارێك کە هیچ بەهایەکی ئەوتۆی نەبوو، جگە لەوەی کە خوا قەدەغەی کردبوو، تا دواجار قەناعەتی پێکرد کە لێی بخوات و بەو هۆیەشەوە لە بەهەشت دەرکرا. کەواتە ئاڕاستەی فەرموودەکە و ئامانجی سەرەکی ئاماژەیە بە ڕۆڵی خراپی شەیتان نەك ئافرەتان.

ب ـ هۆشداریدانه به پیاو که چاو له ئاستی ئافرەتانی نامەحرەم نەوی بکەن و نەکەونە داوی شەیتان و بەو جۆرە ڕازاندنەوە و فریودانە تەفرە نەخۆن و سنوورەکانی خوای گەورە نەبەزێنن.

ت ـ ئاگادارکردنەوەی ئافرەتانە بەوەی کە نەبنە دەستبار و هاوکاری شەیتان لە فریودانی پیاوان و خۆیان بەدوور بگرن لە ئاکاری شەیتان، کە هەمیشە لە هەوڵی فریودانی مرۆڤەکاندایە لە ڕێی جوانکاری و ڕازاندنەوەی شتە یاساغەکانەوە، ئافرەتانیش نەبنە داردەستی ئەو و ئەو ڕۆڵە خراپە بەرامبەر پیاوان نەبینن و نەبنە مایەی لاڕێخستنیان و لەخشتەبردنیان بەهۆی دەرخستن و نمایشکردنی ئەو جوانییە سروشتییەی کە خوا پێی داون.

ب ـ مەبەستی ئەو لێکچوواندنە بێزراندن و قێزەونکردنی و دەرخستنی ڕووی ڕاستی دیمەنی حەرامەکانە تا باوەڕداران بە ئاگاداری و وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن و بەهۆیەوە فریو نەخۆن و ئالودەیان نەبن، جا هەرچەند دیمەنی ئەو جۆرە ئافرەتە نامەحرەمانە لە ڕووکەشدا جوان و سەرنجڕاکێش بن، بەڵام ئەو دیمەنانە لە ڕاستیدا داوی شەیتانن کە دەیەوێت بەهۆیانە باوەڕداران لەخشتە ببات.

خوای گەورەیش لە قورئاندا ئەم شێوازەی لە لێکچوواندن بۆ هەمان مەبەست بەکارهێناوە، ئەوەتا کاتێك باسی خواردنی دانیشتوانی دۆزەخ دەکات باسی درەختی (الزَّقُّومِ) دەکات، کە خواردنی خەڵکی دۆزەخە، لە وەسفی بەرەکەیدا دەفەرموێت: ﴿طَلْعُهَا كَأَنَّهُ رُؤُوسُ الشَّيَاطِينِ﴾ (الصافات: ٦٥). واتە: (بەری ئەو دارە لە ناشیرینی و نەخوازراوییدا وەکو سەری شەیتانەکان وایە). ئەمانە مەبەستی سەرەکی فەرموودەکەن، بۆیە زۆر هەڵەیە ئەگەر ئێمە بڵێین، یان وا تێبگەین کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی ئافرەت وەکو شەیتان وایە.

**سێیەم:** سەرەڕای ئەوەی کە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) لە بڕگەی یەکەمی فەرموودەکەدا و لە ڕێی ئەو جۆرە تەشبیهەوە ویستویەتی قەناعەت بە

هەردوو ڕەگەزی مرۆڤی باوەڕدار بکات، کە واز لەو جۆرە کارانە بهێنن و شوێنی نەکەون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەزانێت کە خەڵکانێکی زۆر هەن دەبنە نێچیری شەیتان و لە ساتێك لە ساتەکانی باوەڕکزییدا تووشی ئەم جۆرە حەرامانە دەبن، بۆیە وەك مامۆستایەکی دڵسۆز و نوژدارێکی لێزان هەوڵی ئەوەی داوە کە بە زووترین کات کاریگەریی ئەو تاوانە لەسەر ناخی باوەڕداران بسڕێتەوە و ڕێگەی خۆڕزگارکردنیان نیشان بدات و دەفەرموێت: هەر یەکێکتان ئافرەتێکی بینی و سەرنجی ڕاکێشا با بچێتە لای خێزانی، ئەوە شوێنەواری ئەو سەرنجە و کاریگەرییەکەی لەسەر دەروونی لا دەبات. ئەمەیش چارەسەرێکی دەروونیی گرنگە بۆ دەربازبوون لە کاریگەریی حەرامەکان و سڕینەوەی شوێنەواری تووشبوون بە تاوان لە ناخی باوەڕداراندا.

**چوارەم:** هەرچەند خەڵکانێك هەوڵیان داوە ئەم فەرموودەیە بەو شێوازەی، کە لەگەڵ ڕەوشتی بەد و دەروونی نەخۆشیاندا دەگونجێت ڕاڤە بکەن، کە گوایە هۆکاری هاتنی فەرموودەکە ئەوەیە کە پێغەمبەری خودا ئافرەتێکی بینیوە و زۆر کاری تێکردووە و پاشان یەکسەر لە دانیشتنەکە هەستاوە و چووەتە لای خاتوو زەینەبی خێزانی و دواتر گەڕاوەتەوە لای هاوەڵەکانی و ئەو فەرموودەیەی فەرمووە. ئەم جۆرە وێناکردنە زۆر دوورە لە ڕاستی و لە ڕەوشتی بەرزی پێغەمبەری خوداوە (درودی خوای لەسەر)، لەبەر ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە:

أـ لە هیچکام لە ڕیواتەکانی ئەم فەرموودەیەدا باسی ئەو ئافرەتە نەهاتووە کە ئایا کێ بووە، پیر بووە، یان گەنج، جوان بووە، یان ناشیرین، تا بزانین کاریگەریی هەبووە لەسەر پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) یان نا.

ب ـ لە هیچکام لە ریوایەتەکانی فەرموودەکەدا هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە، کە پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) لە ژێر کاریگەری دیمەنی ئەو ئافرەتەدا ئەو کارەی کردووە.

ت ـ ئایا ڕێی تێدەچێت کە زاتێکی وەکو پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) کە خوای گەورە خۆی شایەتی ڕەوشتبەرزیی و خواناسی بۆ دەدات، لە کاتێکدا

لەنێوان هاوەڵانیدایە و سەرقاڵی ئامۆژگاریکردنیانە چاو ببڕێتە ئافرەتێکی نامەحرەم، کە بەو ناوەدا گوزەر دەکات و بەو شێوەیە کاری تێ بکات کە خۆی پێنەگیرێت و یەکسەر دانیشتنەکە جێ بهێڵێت و بڕواتە لای خێزانی، دواتریش شەرم نەکات و بێت هۆکاری ڕۆیشتنەکەی لای هاوەڵانی باس بکات؟! ئایا ڕێی تێدەچێت پێغەمبەرێك کە بەر لە پێغەمبەرایەتی و لە تەمەنی لاوێتیشیدا خراپەیەکی لێ نەبینرابێت، ئێستا و پاش ئەو هەموو تەمەنە و پاش پلەی بەرزی پێغەمبەرایەتی و لە کاتی بوونی ئەو هەموو خێزانەدا، بەو شێوەیە بکەوێتە ژێر کاریگەری دیمەنی ئافرەتێك! باشە بۆ بە تەنها ئەو لەنێو ئەو هەموو هاوەڵەدا تووشی ئەو حاڵەتە بوو؟! ئەی بۆچی هیچکام لە هاوەڵان ناڵێن و باسی سەرسامبوونی خۆیان بە جوانی ئەو ئافرەتە ناکەن؟

باشە با فەرزی مەحاڵ قبوڵ بکەین، بڵێین پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) لە ژێر کاریگەری جوانی ئەو ئافرەتەدا ئەو کارەی کردووە. باشە دەکرێت ئەم خاڵە لاواز و تاوانەی خۆی بەم ڕاشکاوییە لای هاوەڵانی باس بکات؟ باشە بۆچی بە بیانوی شتێکی تر دانیشتنەکەی جێ نەهێشت؟ خۆ کێ دەیزانی بۆ ڕۆیشتووە، یان نەدەکرا کەمێك دان بەخۆیدا بگرێت تا دانیشتنەکەی تەواو دەبێت و هاوەڵانی بەجێی دەهێڵن و پاشان ئەو کارە بکات و کەسیش پێی نەزانێت؟ باشە ئەی نەدەترسا لەوەی کە ئەم کارەی ئەو کاریگەری خراپ بکاتە سەر متمانەی هاوەڵەکانی بە خواناسی پێغەمبەر و پێشەواکەیان کە بەو شێوە ئاشکرایە لەنێوانی ئەواندا چاو دەبڕێتە ئافرەتانی نامەحرەم، یان بەلای کەمەوە ئەم کارەی ئەو ڕێخۆشکەری بکات بۆ هاوەڵانیشی کە چاو لە حەرامەکان نەپۆشن، بۆیە ئەمانە هەمووی زۆر دوورن لە ڕاستییەوە و زۆر دوورن لە ڕەوشتی بەرزی پێغەمبەری سەروەرمانەوە (دروودی خوای لەسەر). ڕاستیی مەسەلەکە ئەوەیە، کە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) ویستوویەتی حوکمێکی شەرعی بە شێوازێکی کردارییی بۆ هاوەڵانی ڕوون بکاتەوە و تێیان بگەیەنێت، کە هەر کەس حاڵەتێکی وای بەسەر هات، ئەمە جۆرێکە لە جۆرەکانی چارەسەرکردن و بنەبڕکردنی شوێنەوارەکانی ئەو جۆرە تاوانانە.

# کۆتایی

ئیسلام ئایینی سیستەم و یاسا و ڕێکخستنە، هەرگیز شپرزەیی و بێ سەروبەری قبوڵ ناکات، یەکەم قوتابخانەیش کە پێویستە تاکەکان لێوەی فێری یاسا و ڕێز ببن قوتابخانەی خێزانە، کە خشتی بناغەی لە دوو هاوسەر پێك دێت و پێکەوە بڕیاری پێکهێنانی ژیانێکی هاوبەش دەدەن و پێکیشەوە ئەرك و ماف و بەرپرسیارێتیەکانی دابەش دەکەن، هەر لەو سۆنگەیەوە ئیسلام گرنگییەکی زۆری بە خانەی خێزان و ئەرك و مافەکانی نێوان هاوسەرەکان داوە، تەنانەت نەوەکانیشیانی، بەشێوەیەکی شیاو و گونجاو لەگەڵ پێکهاتە جەستەیی و دەروونیەکەی هەر یەکەیان دیاری کردووە، تا ڕێگر بێت لە هەر بشێوی و سەرکێشیەك کە ئارامی خێزان بشێوێنێت و پەیوەندی و پەروەردەی تاکەکانی تێك بدات و ئاڵۆز بکات.

ئیسلام زۆر جەخت لەسەر یەکسانی تەواوی ژن و پیاو دەکاتەوە، لە پرسە گشتی و چارەنووسسازەکاندا وەك ڕێز و بەهایان لای خوای گەورە، بنەماکانی باوەڕبوون، خواناسی، سزا و پاداشتکردن لەسەر کردەوەکانیان، جیاوازیی نێوان ئەرك و مافەکانی ژنان و پیاوان بەو شێوەیەی کە لە ئیسلامدا باسیان لێوە کراوە، تەنیا پەیوەندییان بە ڕێکخستنی کاروبارەکانی دونیاوە هەیە و مەرج نییە لای خوا، یان بۆ قیامەت هەر وابێت، لەوانەیە ئەو پیاوەی کە دەڵێین مافی لەسەر ژنەکەی زیاترە، لای خوا ژنەکەی سەد ئەوەندەی پیاوەکەی بەڕێز و ئازیزتر بێت، ئەوەیش سەنگی مەحەکە و ڕێز و بەرزیی ڕاستەقینە ئەوەیە کە لای پەروەردگار بێت و بۆ ژیانی هەتاهەتایی بێت. لە دیدی ئیسلامدا مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی، بە هەردوو

ڕەگەزیانەوە و بێ جیاوازیی، باشترین و جوانترینی دروستکراوی خوای گەورەن و کانزای دروستکردنی هەردووکیان بێ جیاوازیی خۆڵە.

کاتێك قسە لەسەر ڕاڤەی دەقێك، یان فەرموودەیەك دەکەین، دەبێت ڕەچاوی کۆمەڵێك شت بکەین، لەوانە: تێگەیشتنی وشەکانی دەقەکە و زانین و بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو فەرموودانەی لەسەر ئەو بابەتە هاتوون و زانینی هۆکاری هاتنی فەرموودەکە و کاتەکەی و ئەو ڕێکارە زانستییانەی کە بۆ گونجاندنی ئەو فەرموودانە بەکاردێت، کە لە ڕووکەشدا ناتەبا و جیاوازن.

خوای گەورە لە قورئاندا، لەسەر مافەکانی ئافرەت بە گژ هەموو داب و نەریت و کەلتوورە دواکەوتووەکانی عەرەبدا دەچێتەوە، کە تێیدا بێڕێزی بەرامبەر ئافرەت کراوە و مافەکانی تێیدا پێشێل کراوە، لەوانە: بە سووك سەیرکردنی ئافرەت و تەماشاکردنی وەك پەڵەیەکی شەرم و تاوان و هەوڵدان بۆ لەنابردن و زیندەبەچاڵکرنی و بێبەشکردنی ئافرەت لە هەموو ڕزق و ڕۆزیەکی باش و داهاتێکی بە بەها.

نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت، کە ئەم دوو ڕەگەزە هەر لە سەرەتا خاڵی دروستبوونیانەوە، پێکهاتەکەیان جیاوازە و ئەم جیاوازییەش کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو بەشەکانی دەروونیی و جەستەیی و سۆزدارییان هەیە، ناکرێت ئەو جیاوازییانەیش لە کاتی دابەشکردنی ئەرك و مافەکاندا فەرامۆش بکرێن، ئەم جیاوازییەیش بە مەبەستی دابینکردنی بەرژەوەندی هەردوو ڕەگەزەکەیانە، نەك تەنها ڕەگەزێك لەسەر حیسابی ڕەگەزەکەی تر. دەبێت جیاوازیی بکەین لەنێوان بەهای ڕێزگرتن لەگەڵ بە کەم سەیرکردن و بە کۆیلەکردن، ئیسلام هەمیشە هانی تاکەکانی داوە کە ڕێز لە یەکتر بگرن و بە وەفا بن بەرامبەر چاکەکانی یەکتر، هەر لەو سۆنگەیەیشەوە فەرمانی کردووە کە دەبێت مندالەکان هەچ ڕەگەزێکیان هەبێت لەگەڵ باوك و دایکیان باش بن و ڕێزیان بگرن، ئەمەیش هیچ کات بە واتای

به کەم سەیرکردنی مندالْ نایەت، بەڵکو بەپێچەوانەوە زیاتر پێی ڕێزدار دەبن، چ لای خوای گەورە و چ لای خەڵکیش.

کاتێك قسە لە سەر دروستیی (صحیح)، یان لاوازیی (ضعیف)ی فەرموودەیەك دەکەین، دەبێت لە دوو لایەنەوە هەڵسەنگاندن و قسەی لەسەر بکەین: لایەنی یەکەم: بریتییە لە هەڵسەنگاندنی فەرموودەکە لە لایەنی گێڕانەوەی فەرموودەکە (علم الرواية). لایەنی دووەم: بریتییە لە هەڵسەنگاندنی فەرموودەکە لەلایەنی ئەوەی کە تا چەند مانا و واتای فەرموودەکە دروستە و لەگەڵ فەرموودەکانی تر یەك دەکاتەوە، بەمەیش دەڵێن (علم الدراية).

مەبەستی سەرەکی کۆی ئەو فەرموودانەی لەبارەی ئافرەتانەوە هاتوون ئەوەیە، کە پیاوان لایەنی سۆزداریی و دەروونیی و جەستەیی و شێوازی بیرکردنەوە و بڕیاردان و گشت لایەنەکانی تری پێکهاتەی ئافرەت تێبگەن و جیاوازییەکانی نێوانیان قبولْ بکەن و بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، بە زۆر هەوڵی گۆڕینیان نەدەن، چونکە سروشتی ئافرەت وایە و زۆریش پێویستە کە وابێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بە ڕۆڵی پەروەردەکاری خۆی هەستێت لە ژیاندا. زۆرێك لەو حوکمانەی لە فەرموودەکاندا هاتوون، گشتگیر و ڕەها نین، بەڵکو بوارێکی تایبەت، یان حاڵەتێکی تایبەت دەگرنەوە، ئەمەیش تەنها بەمەبەستی ڕەچاوکردنی پێکهاتە جەستەیی و دەروونیی و تایبەتمەندی ڕەگەزەکانە و هیچی تر.

# سەرچاوەکان

١. القرآن الكريم.

٢. أحكام القرآن، محمد بن عبد الله الأندلسي ابن العربي، دار الكتب العلمية ـ بيروت.

٣. أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن، محمد الأمين بن محمد بن المختار الجكني الشنقيطي، تحقيق: مكتب البحوث والدراسات، دار الفكر للطباعة والنشر ـ بيروت، ١٤١٥هـ/ ١٩٩٥م.

٤. أيسر التفاسير، جابر بن موسى بن عبد القادر بن جابر أبو بكر الجزائري، مكتبة العلوم والحكم ـ المدينة المنورة، ط٥، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٣م.

٥. بحر العلوم، نصر بن محمد بن إبراهيم السمرقندي، تحقيق: محمود مطرجي، دار الفكر ـ بيروت.

٦. البحر المديد، أحمد بن محمد بن المهدي بن عجيبة، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط٢، ١٤٢٣هـ/ ٢٠٠٢م.

٧. التحرير والتنوير، محمد الطاهر بن عاشور، دار سحنون للنشر والتوزيع ـ تونس، ١٩٩٧م.

٨. تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي، محمد عبد الرحمن عبد الرحيم المباركفوري، دار الكتب العلمية ـ بيروت.

٩. تفسير ابن كثير (تفسير القرآن العظيم)، إسماعيل بن عمر بن كثير، تحقيق: سامي بن محمد سلامة، دار طيبة للنشر والتوزيع، ط٢، ١٩٩٩م.

١٠. تفسير أبي السعود (إرشاد العقل السليم إلى مزايا القرآن الكريم)، ابن أبي السعود محمد بن محمد العمادي، دار إحياء التراث العربي ـ بيروت.

١١. تفسير الآلوسي (روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني)، محمود ابن عبد الله الحسيني الآلوسي، تحقيق: علي عبد الباري عطية، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط١، ١٤١٥هـ.

١٢. تفسير البيضاوي، البيضاوي، دار الفكر ـ بيروت.

١٣. تفسير الثعالبي (الجواهر الحسان في تفسير القرآن)، عبد الرحمن بن محمد بن مخلوف الثعالبي، تحقيق: محمد علي معوض، وعادل أحمد عبد الموجود، دار إحياء التراث العربي ـ بيروت، ط١، ١٤١٨هـ.

١٤. تفسير الجلالين، جلال الدين محمد بن أحمد المحلى، جلال الدين عبد الرحمن بن أبي بكر السيوطي، دار الحديث القاهرة، ط١.

١٥. تفسير الخازن (لباب التأويل في معاني التنزيل)، الخازن علي بن محمد بن إبراهيم البغدادي، دار الفكر ـ بيروت، ط: ١٩٧٩م.

١٦. تفسير الرازي (مفاتيح الغيب)، محمد بن عمر بن الحسن بن الحسين التيمي الرازي، دار إحياء التراث العربي ـ بيروت.

١٧. تفسير السمعاني، منصور بن محمد بن عبد الجبار السمعاني، تحقيق: ياسر بن إبراهيم وغنيم بن عباس، دار الوطن ـ الرياض، ط١، ١٤١٨هـ.

١٨. تفسير الشوكاني (فتح القدير الجامع بين فني الرواية والدراية من علم التفسير)، محمد بن علي بن محمد الشوكاني، دار الفكر ـ بيروت.

١٩. تفسير الطبري (جامع البيان في تأويل القرآن)، الطبري، تحقيق: أحمد محمد شاكر، مؤسسة الرسالة ـ بيروت، ط١/ ١٤٢٠هـ.

٢٠. تفسير النسفي، عبد الله بن أحمد بن محمود النسفي، تحقيق: مروان محمد الشعار، دار النفائس ـ بيروت.

٢١. تفسير النيسابوري (الكشف والبيان)، أحمد بن محمد بن إبراهيم الثعلبي النيسابوري، تحقيق: الإمام أبي محمد ابن عاشور، دار إحياء التراث العربي ـ بيروت، ط١، ٢٠٠٢م.

٢٢. تفسير مقاتل، مقاتل بن سليمان بن بشير الأزدي، تحقيق: أحمد فريد، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط١، ٢٠٠٣م.

٢٣. الجامع لأحكام القرآن، محمد بن أحمد بن أبي بكر القرطبي، تحقيق: هشام سمير البخاري، دار عالم الكتب ـ الرياض، ط: ١٤٢٣هـ.

٢٤. الدر المنثور، عبد الرحمن بن الكمال جلال الدين السيوطي، دار الفكر ـ بيروت، ١٩٩٣م.

٢٥. زاد المسير في علوم التفسير، عبد الرحمن بن علي بن محمد الجوزي، المكتب الإسلامي ـ بيروت، ط٣، ١٤٠٤هـ.

٢٦. سنن ابن ماجة، محمد بن يزيد أبو عبد الله القزويني، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار الفكر ـ بيروت.

٢٧. سنن أبي داود، أبو داود سليمان بن الأشعث، تحقيق: محمد محي الدين عبد الحميد، دار الفكر ـ بيروت.

٢٨. سنن البيهقي الكبرى، البيهقي، مكتبة دار الباز ـ مكة المكرمة، تحقيق: محمد عبد القادر عطا، ط١، ١٤٠٤هـ.

٢٩. سنن الترمذي، الترمذي.

٣٠. سنن النسائي الكبرى، النسائي، تحقيق: د. عبد الغفار سليمان، سيد كسروي حسن، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط١، ١٤١١هـ.

٣١. صحيح ابن حبان بترتيب ابن بلبان، ابن حبان، تحقيق: شعيب الأرناؤوط، مؤسسة الرسالة- بيروت، ط٢، ١٤١٤هـ.

٣٢. صحيح ابن خزيمة، محمد بن إسحاق ابن خزيمة، تحقيق: د. محمد مصطفى الأعظمي، المكتب الإسلامي ـ بيروت، ط: ١٣٩٠.

٣٣. صحيح البخاري، محمد بن إسماعيل البخاري، تحقيق: مصطفى ديب البغا، دار اليمامة ـ بيروت، ط٣، ١٤٠٧هـ.

٣٤. صحيح مسلم، مسلم بن الحجاج بن مسلم، دار الجيل ـ بيروت.

٣٥. فتح الباري شرح صحيح البخاري، ابن حجر، دار المعرفة ـ بيروت، ط: ١٣٧٩هـ.

٣٦. الكشاف عن حقائق التنزيل وعيون الأقاويل في وجوه التأويل، الزمخشري محمود بن عمر الزمخشري الخوارزمي، تحقيق: عبد الرزاق المهدي، دار إحياء التراث العربي ـ بيروت.

٣٧. اللباب في علوم الكتاب، عمر بن علي بن أبي عادل، تحقيق: عادل أحمد، وعلي محمد معوض، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط١، ١٩٩٨م.

٣٨. مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، نور الدين علي بن أبي بكر الهيثمي، دار الفكر ـ بيروت، ط: ١٤١٢هـ/ ١٩٩٢م.

٣٩. المحرر الوجيز في تفسير الكتاب العزيز، عبد الحق بن غالب بن عطية الأندلسي، تحقيق: عبد السلام عبد الشافي محمد، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط١، ١٩٩٣م.

٤٠. المسند، أحمد بن حنبل، مؤسسة الرسالة ـ بيروت، ط٢، ١٤٢٠هـ.

٤١. النكت والعيون، علي بن محمد بن حبيب الماوردي البصري، تحقيق: السيد بن عبد المقصود بن عبد الرحيم، دار الكتب العلمية ـ بيروت.

٤٢. الوجيز في تفسير الكتاب العزيز، علي بن أحمد الواحدي، تحقيق: صفوان عدنان داوودي، دار القلم ـ بيروت، ط١، ١٤١٥هـ.

٤٣. الوسيط، محمد سيد طنطاوي، دار النهضة، القاهرة، ط١.

# مەترسییەکانی نادیدەگرتنی سوننەت
# لە سەر خودی قورئانی پیرۆز
## ـ توێژینەوەیەکی قورئانیی ئوصوڵییە ـ

**پ.ی.د. حەسەن خالید موستەفا مەحمود موفتی**
**زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان**

جیهانی ئیسلام بە هۆی ناتەبایی بیرمەند و زانا و دەسەڵاتداران لە لایەك و پیلانی هەمەچەشنەی دوژمنانی ئیسلام و زۆری قەیرانەکان، کە ڕووبەڕووی مسوڵمانانیان کردووەتەوە لە لایەکی تر، لەم کاتەدا کەسانێکی نامتمانەداری چەواشەکار خۆئالێنەر بە ڕووکەشی هەندێك لە دەقەکانی قورئانی پیرۆز، بە مەبەستی شاراوەی شوبهەدار، لە هەوڵی نەزۆکدان بەردەوام لە پێناو لەقکردنی پێگەی پیرۆزی خودی پەیامی قورئان بە بێڕێزیی تەماشاکردنی پێگەی سوننەتی تەشریعی و زانستی فەرموودە و لەکەدارکردنی سەنەدی فەرموودە و متمانە سڕینەوە لە پێگەی بەڵگە شەرعییەکانی دیکە، ئالەم کاتەدا خۆشبەختانە دڵسۆزانی ئیسلام لێرە و لەوێ لە هەوڵی نەپساودان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هەوڵە تێکدەرانە. بێگومان کۆمەڵێك مەترسی یەکجار گەورە ڕووبەڕوی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و مسوڵمانان دەبێتەوە لە کاتی نادیدەگرتنی گرنگیی و بەهای پیرۆزی سوننەت لە تەشریعاتی ئیسلامیدا، چ لەسەر تاك و چ لەسەر کۆمەڵگای مسوڵمانان، لە ڕابوردوو و ئێستا و ئاییندەیشدا، لەوانە:

١ـ مەترسییەکانی نادیدەگرتنی بەڵگەی سوننەت لەسەر خودی بەڵگەی یەکەمی تەشریعی ئیسلامی (قورئانی پیرۆز).

٢ـ مەترسیەکانی نادیدەگرتنی بەڵگەی سوننەت سەبارەت بە حومکە ئوصوڵیە فیقهیەکان، لەوانە: دەرچوون لە تێکڕای بەڵگە شەرعییەکان بەتایبەت (قورئان و سوننەت و ئیجماع و قیاس)، هەروەها یاسا ئوصوڵی و فیقهی و مەبەستییەکان، کە سەرچاوەیان لە قورئان و سوننەتەوە وەرگرتووە.

٣ـ مەترسییەکانی نادیدەگرتنی بەڵگەی سوننەت سەبارەت بە حوکمە فیقهیەکان (فروعی فیقهی) لە تەواوی فەرعە فیقهییەکاندا، لەوانە چۆنێتی ئەنجامدانی فەرزەکانی نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج ، هتد.

٤ـ مەترسییەکانی نادیدەگرتنی بەڵگەی سوننەت سەبارەت بە حوکمە هەڵسوکەوتە ڕەوشتییە کۆمەڵایەتیە تەصەوفییەکان.

٥ـ مەترسییەکانی نادیدەگرتنی بەڵگەی سوننەت سەبارەت بە حوکمەکانی ژیان و کەسایەتی و ئەحکامی غەزا و سیرەت و جیهاد و سیاسەتە شەرعییەکان.

٦ـ مەترسییەکانی سەبارەت بە حوکمە ئیجماعیەکان کە موستەنەدیان بەڵگەی سوننەتە.

٧ـ مەترسییەکانی نادیدەگرتنی بەڵگەی سوننەت تایبەت بە کەسایەتی خودی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر)، هەروەها ئیرهاصات و موعجیزاتی بەتایبەت موعجیزەی قورئان.

٨ـ مەترسییەکانی نادیدەگرتنی بەڵگەی سوننەت بە دروستبوونی پرسیار لەسەر کۆی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە گشتی وەك تاکە ئایینێکی راست و دروست کە (تەحریف) و دەستکاریکردن ڕووی تێنەکردبێت، هەروەها لەسەر پێغەمبەرایەتی خودی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، چونکە ڕەتکردنەوەی سوننەتەکانی واتە ڕەتکردنەوەی کەسایەتی و پێغەمبەرایەتیەکەی پەنا بە خوا.

٩- مەترسییەکانی نادیدەگرتنی بەڵگەی سوننەت تایبەت بە شوێنەوار و وتە و کردار و کەسایەتی مەعنەوی ئال و هاوەڵان و زانایان و موجتەهیدان و ئوممەتی ئیسلام بە گشتی، کە متمانەبوون بەوان پەیوەستە بە بڕوابوون بە کەسایەتی مەعنەوی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و شوێنکەوتنی سوننەتەکانی، کە هەردەم تا ڕۆژی دوایی دەمێننەوە.

١٠- مەترسییەکانی نادیدەگرتنی بەڵگەی سوننەت تایبەت بە پەیوەندییە گشتییەکانی مسوڵمانان لە تەك نامسوڵمانانـدا، هەروەها لەسەر ئاسایشی مرۆڤایەتی بە گشتی کە (دەستوری مەدینە) سەرچاوەیەکی گرنگیەتی.

١١- مەترسییەکانی تایبەت بە کەلەپوور و کەلتووری ئیسلامیی بە گشتی و کەلەپووری سوننەت و سەرچاوە تەدوینکراوەکانی بەتایبەت، لە نموونەی: (الصحاح، السنن، المسانيد، الصحائف، المعاجم، الأجزاء، المستدركات، المستخرجات، الجوامع، كتب التخريج، التوثيق، الأحكام على الأحاديث).

١٢- مەترسییەکانی نادیدەگرتنی بەڵگەی سوننەت تایبەت بە پێگەی ئوممەتی ئیسلام کە ناسراوە بە ئوممەتی (سەنەد)، کە ئەهلی سوننەت و جەماعەت ڕابەرایەتی کردووە بە درێژایی چواردە سەدە، هەروەها بە زانستە شەرعییەکان بەتایبەت زانستەکانی (تەفسیر، فەرموودە و زاراوەکانی، جەرح و تەعدیل، الطبقات والتراجم).

ئەمانەو چەندین مەترسی دیکە، کە ڕووبەڕووی ئیسلام و مسوڵمانان دەبنەوە، ئەگەر پێگەی پیرۆزی سوننەت وەك بەڵگەی دووەمی تەشریعی ئیسلامی بە لاواز سەیر بکرێت، یاخود نادیدە بگیرێت و نەکرێتە بەڵگە و بنچینەی دووەمی تەشریعاتی ئیسلامی. لێرەدا بە پەسەندی دەزانین تەنها تیشك بخەینە سەر مەترسیەکانی خاڵی یەکەم، واتە مەترسییەکانی دیکە جێ دەهێڵین بۆ کارەکانی ئایندەمان بە ئومێدی خودا، لەبەر دوو هۆ: یەکەمیان: ئەگەر تەواوی ئەو

مەترسیانەی کە ژماردوومانە لەم پێشەکیەدا باسیان بکەین، باسەکە زۆر دووردرێژ دەبێت و بە تێزێکی دوکتۆرایش ڕەنگە مافی خۆی پێ نەدرێت، کە ئەمەیش گونجاو نییە لێرەدا. دووەم: ئەگەر مەترسییەکانی خاڵی یەکەممان باسکرد و سەلماندمان کە نادیدەگرتنی سوننەت واتە نادیدەگرتنی خودی قورئانی پیرۆز و لەو ڕێگەیشەوە ڕووخاندنی پایەکانی ئیسلام، ئەوکات تەواوی مەترسییەکانی دیکە لەم مەترسیەدا جێگەیان دەبێتەوە و دەکرێت ئیعتیبار و پەندیاری لەم یەکەمە وەربگیرێت بۆ ئەوانی تریش.

## مەترسییەکانی نادیدەگرتنی ئەصڵی دووەم (سوننەت) واتە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی ئیسلام بە سەرجەم بەڵگە تەشریعییەکانی، بەتاییەت بەڵگەی قورئانی پیرۆز

بێگومان یەکێك لە مەترسیترینی دەرەنجامەکانی نادیدەگرتنی بەڵگەی سوننەت بریتیە لە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی متمانەی مسوڵمانان بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و بەڵگە شەرعییەکان، لە سەرووی هەموویشیانەوە خودی قورئانی پیرۆز، واتە ئەوانەی دەڵێن: تەنها قورئان، مەبەستیانە کە قورئان بێ متمانە بکەن و لە ئاکامدا ئایینی ئیسلام هەڵوەشێننەوە و لەناویبەرن، چونکە ئەوە خودی دەقەکانی قورئانە کە متمانەی بەخشیوە بە بەڵگە تەشریعیەکانی سوننەت، هەروەها واجیبی کردووە لەسەر مسوڵمانان کە بڕوایان بە پێغەمبەرەکەیان (دروودی خوای لەسەر) هەبێت و گوێڕایەڵی فەرموودەکانی بن و شوێنکەوتەی ڕەفتار و ڕەوشتی بەرزی بن، ئەگەر ڕاست دەکەن ئەوان قورئانیان قەبوڵە پێویستیشە سوننەتیان قەبوڵ بێت بە هەموو جۆرەکانیەوە[1]، هەروەها وەك بەڵگەی دووەمی تەشریعاتی ئیسلامی ملکەچ بن

[1] بەتایبەتی سوننەتی تەشریعی، کە بریتییە لە ئەصڵی دووەم و هەموو ئەو وتە و کردارانە دەگرێتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) تەشریعی کردووە بۆ ئوممەتەکەی، وەك پێشەوا ئەبو

بۆی، چونکە بەڕاستی فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەڵگەیە لای زانایانی ئیسلام بە تێکڕا و واجبە شوێنکەوتنی وەك پێشەوا (ابن قدامة المقدسی) دەڵێت: " وقولُ رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ حجّةٌ، لدلالة المُعْجِزُ علي صدقهِ، وأمر الله سبحانه بطاعته، وتحذيره من مخالفة أمره"[1]، واتە: (فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) حوججەت و بەڵگەی شەرعییە، چونکە (موعجیز)، کە قورئانە، دەلالەت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکات، هەروەها فەرمانی خودا بە گوێڕایەڵیکردنی، هەروەها هەڕەشەکردن و ئاگادارکردنەوەی ئەوانەی کە سەرپێچی فەرمانەکای دەکەن). هەر لەبەر ئەوەیشە پێشەوا (جلال الدين السيوطي) کتێبیکی داناوە بە نێونیشانی (مفتاح الجنة في الاحتجاج بالسنة)، واتە: (کلیلی ڕزگاری و گەیشتن بە بەهەشت بە دەستگرتن و پابەندبوونەوەیە بە بەڵگەکانی سوننەت).

بەڵگەیش لەسەر ئەم ڕاستیانە خودی قورئانی پیرۆزە، پاشان سوننەت و ئیجماع، لەبەرئەوەیش بەناو قورئانییەکان بانگەشەیان ئەوەیە، کە تەنها ملکەچی قورئانن و باوەڕیان بە ڕواڵەت بە قورئان هەیە، پێویستە ئێمەیش بە بەڵگەکانی قورئانی پیرۆز ڕووبەڕوویان ببینەوە و هەوڵی تێکدەرانەیان بە شێوازێکی زانستیی بابەتیانە پەك بخەین. (بەندە)یش بەپێی ئیستیقرا و شوێنکەوتن و گەڕان بە دەقە

---

موزەففەری سەمعانی دەڵێت: "وأما السنة: فهو الأصل الثاني وهو تلو الكتاب، وهي عبارة عن كل ما شرعه الرسول ـ صلى الله عليه وسلم ـ لهذه الأمة قولا وفعلا". قواطع الأدلة في الأصول لأبي المظفر السمعاني الشافعي بتحقيق: محمد حسن محمد حسن اسماعيل الشافعي (١/ ٣٠). هەروەها پێشەوا (سيف الدين الآمدي) دەڵێت: "وأما في الشرع فقد تطلق على ما كان من العبادات نافلة منقولة عن النبي عليه السلام، وقد تطلق على ما صدر عن الرسول من الأدلة الشرعية مما ليس بمتلو، ولا هو معجز ولا داخل في المعجز، وهذا النوع هو المقصود بالبيان هاهنا، ويدخل في ذلك أقوال النبي عليه السلام، وأفعاله وتقاريره". الإحكام في أصول الأحكام للآمدي (١/ ١٦٩).

[1] روضة الناظر وجن والمناظر، ابن قدامة المقدسي (١/ ٢٧٣).

پیرۆزەکانی قورئانی پیرۆزدا، توانیومە ـ بە یارمەتی خودا ـ لە (٤٠) ڕووەوە بە بەڵگەکانی خودی قورئانی پیرۆز بانگەشەی نادیدەگرتنی ئەو تاقمە بۆ بەڵگەی تەشریعی دووەمی سوننەت[1] هەڵبوەشێنمەوە، کە پێشتر نەمزانیوە کەسی تر بەم جۆرە ڕیزبەندیی و پلانە تۆکمەیە لە بنچینەوە دەعواکەی ئەوانی هەڵتەکاندبێت و لاوازی بۆچوونەکانیانی ئاشکرا کردبێت بە خودی بەڵگەکانی قورئانی پیرۆز و لە دەیان ڕووەوە، بەم پێیەی لای خوارەوە:

**ڕووی یەکەم:**

پێویستی بڕواهێنان بە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) بە گشتی و پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر) بەتایبەت، وەك قورئان لە چەندین بۆنەدا دەفەرموێت، لەوانە: ﴿يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا آمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالكِتَابِ الَّذِي نَزَّلَ عَلَى رَسُولِهِ وَالكِتَابِ الَّذِي أَنْزَلَ مِنْ قَبْلُ وَمَنْ يَكْفُرْ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَاليَوْمِ الْآخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا بَعِيدًا﴾ (النساء: ١٣٦)، ﴿فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الْأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ (الأعراف: ١٥٨)، ﴿وَمَنْ لَمْ يُؤْمِنْ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ فَإِنَّا أَعْتَدْنَا لِلكَافِرِينَ سَعِيرًا﴾ (الفتح: ١٣)، ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَإِذَا كَانُوا مَعَهُ عَلَى أَمْرٍ جَامِعٍ لَمْ يَذْهَبُوا حَتَّى يَسْتَأْذِنُوهُ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَأْذِنُونَكَ أُولَئِكَ الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ فَإِذا اسْتَأْذَنُوكَ لِبَعْضِ شَأْنِهِمْ فَأْذَنْ لِمَنْ شِئْتَ مِنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمُ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ (النور: ٦٢)، ﴿إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِدًا

---

[1] بۆ زیاتر شارەزایی لەو بەڵگە ئوسوڵیانەی کە زانایان هێناویانەتەوە لەسەر ئەوەی کە بەڵگەی سوننەت دووەم بەڵگەی تەشریعاتی ئیسلامییە و حوججەتە، هەروەها نموونەی ئەو شتانەیش کە حەرام کراون و لە قورئاندا نەهاتووە، بڕوانە: الفقيه والمتفقه للخطيب البغدادي (الكلام في الأصل الثاني من أصول الفقه وهو سنة رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ (١/ ٢٥٧)، والمستصفى في علم الأصول (الأصل الثاني من أصول الأدلة: سنة رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: لحجة الإسلام الإمام الغزالي (١٠٣).

وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا * لِتُؤْمِنُوا بِاللهِ وَرَسُولِهِ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا﴾ (الفتح: ٨، ٩).

ئاشكرایە بڕوابوونیش بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بۆ ئەوەیە کە شوێنکەوتەی بین و گوێڕایەڵی فەرموودەکانی ببین، پابەندبوونیشمان بەو قورئانەی، کە هێناویەتی و ئەو ئەحکامە شەرعییانەی، کە ڕوون کردووەتەوە بۆ ئوممەتەکەی کە پێی دەگوترێت سوننەتە تەشریعیەکان، وەختێك بەرجەستە دەبێت کە پابەندبین بە فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر)، واتە وەختێك دەتوانین بڵێین قورئان جێبەجێ دەکەین کە چاو لەو سەرداره بکەین، چونکە تەنها ئەوە کە توانیویەتی بە باشترین شێواز قورئان لە هەڵسوکەوت و ڕەفتار و کرداریدا بەرجەستە بکات و بە تەواوی جێبەجێی بکات، بۆیە عائیشە ـ خوا لێی ڕازی بێت ـ لە هەقیدا فەرموویەتی: "كانَ خُلُقُهُ القُرآن"[1]، کە پرسیاریان لێکرد دەربارەی ڕەوشتەکانی فەرمووی: ڕەوشتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بەتەواوەتی ڕەوشتی قورئانە. کەواتە کەسێك بیەوێت بە ڕاستی قورئانیی بێت لە ڕەفتار و کردار و ڕەوشت و پەیڕەویدا، پێویستە محەمەدییش بێت (درودی خوای لەسەر) بە تەواوی واتا و مەبەست. ئەگەرنا ئەو کەسە تەنها قورئانی وەك دروشمێك بەکارهێناوە بەمەبەستی تێکدانی مەنهەجی قورئانی و شەریعەتی ئیسلام.

---

[1] إسناده صحيح، رواه الإمام أحمد في المسند (٤١/ ١٤٨ـ ١٤٩) برقم (٢٤٦٠١). عن سعد بن هشام بن عامر، قال: أتيت عائشة، فقلت: يا أم المؤمنين، أخبريني بخلق رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ، قالت: "كان خلقه القرآن، أما تقرأ القرآن، قول الله (عز وجل): ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾. قلت: فإني أريد أن أتبتل، قالت: "لا تفعل، أما تقرأ: ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ﴾؟ فقد تزوج رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ، وقد ولد له".

**ڕووی دووەم:**

تەنانەت شوێنکەوتنی ئەو پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر)، کە پێغەمبەری کۆتا زەمانە، خودا بە پێویست و واجبی کردووە لەسەر کۆی مرۆڤایەتی، بە جولەکە و گاوریشەوە، ئاکاری گەورە و ڕەوشتی بەرزی لە تەورات و ئینجیلدا ئاشکرای کردووە، بۆ ئەوەی بێ مەرج چۆکدابدەن و بەیعەتی پێ بکەن و سەری بخەن و ڕێزی لێ بگرن ئەوسا لە گرۆهی ڕزگاربووان (ئەهلی فەلاح) هەژمار دەکرێن، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِنْدَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ يَأْمُرُهُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالْأَغْلَالَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ فَالَّذِينَ آمَنُوا بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنْزِلَ مَعَهُ أُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ (الأعراف: ١٥٧). کەواتە لە جێگایەك کە لە سیفەتی سەرفرازبووانی ئوممەتانی تریشە شوێنکەوتنی ئەو زاتە (دروودی خوای لەسەر) تەنانەت پێغەمبەرانیشیان (سەلامی خوایان لەسەر)، ئیتر چۆن دەشێت کەسێك خۆی بە مسوڵمان بزانێت و شوێنکەوتەی ئەو (دروودی خوای لەسەر) نەبێت لە ئایین و ژیندا، بە ڕەفتار و کردار، لە فەرمان و تەشریعاتیدا! ؟

تەنانەت خودا عەهد و پەیمانی لە تەواوی پێغەمبەران وەرگرتووە (سەلامی خوایان لەسەر)، کە ئەگەر پێغەمبەری ئەخیر زەمان واتە (محمد المصطفى)ی (دروودی خوای لەسەر) ڕەوانەکرد لە زەمانی هەر یەکێکیاندا، پێویستە ڕاستەوخۆ بڕوای پێ بهێنێت و کۆمەکی و سەری بخات، وەك دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّينَ لَمَا آتَيْتُكُمْ مِنْ كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مُصَدِّقٌ لِمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنْصُرُنَّهُ قَالَ أَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَى ذَلِكُمْ إِصْرِي قَالُوا أَقْرَرْنَا قَالَ فَاشْهَدُوا وَأَنَا مَعَكُمْ مِنَ الشَّاهِدِينَ * فَمَنْ تَوَلَّى بَعْدَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ (آل عمران: ٨١، ٨٢). هەر لەبەر ئەو ڕاستیەیشە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) جەختی

کردووەتەوە کە پێغەمبەر مووسایش (دروودی خوای لەسەر) ئەگەر لە زەمانی ئەودا لە ژیانی دونیاییدا بایە بۆی نەبوو شوێنی ئەو نەکەوێت، وەك دەفەرموێت: " والذي نفسي بيده، لو كانَ موسى حيًا ما وسِعَهُ إلاّ أن يتّبِعَني"[1]. هەروەها بۆ تەواوی ئەهلی کیتابیش دەفەرموێت هەرکەسێکیان نییە کە بانگەوازی منی پێ گەیشتبێت و بڕوام پێی نەهێنێت ئیلا لە ئەهلی ئاگر دەبێت، وەك دەفەرموێت: "والذي نفس محمد بيده، لا يسمع بي أحد من هذه الأمة يهودي، ولا نصراني، ثم يموت ولم يؤمن بالذي أرسلت به، إلا كان من أصحاب النار"[2].

ئەم شوێنکەوتنەیش بۆ هەموو قەومێکە لە پێش ئیسلامیشدا بەرانبەر بە پێغەمبەرەکانیان (سەلامی خوایان لەسەر)، وەك لە چیرۆکی (أصحاب القرية)دا بە ڕوونی دەفەرموێت: ﴿وَاضْرِبْ لَهُمْ مَثَلًا أَصْحَابَ الْقَرْيَةِ إِذْ جَاءَهَا الْمُرْسَلُونَ ..﴾ تا دەگاتە: ﴿وَجَاءَ مِنْ أَقْصَى الْمَدِينَةِ رَجُلٌ يَسْعَى قَالَ يَا قَوْمِ اتَّبِعُوا الْمُرْسَلِينَ * اتَّبِعُوا مَنْ لَا يَسْأَلُكُمْ أَجْرًا وَهُمْ مُهْتَدُونَ﴾ (يس: ١٣ ـ ٢١). هەروەها قورئان لە هارونیشەوە (دروودی خوای لەسەر)دەیگێڕێتەوە و دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ قَالَ لَهُمْ هَارُونُ مِنْ قَبْلُ يَا قَوْمِ إِنَّمَا فُتِنْتُمْ بِهِ وَإِنَّ رَبَّكُمُ الرَّحْمَنُ فَاتَّبِعُونِي وَأَطِيعُوا أَمْرِي﴾ (طه: ٩٠).

---

[1] تەواوی فەرمودەکە: عن جابر (رضي الله عنه): أن عمر بن الخطاب، أتى النبي (صلى الله عليه وسلم) بكتاب أصابه من بعض أهل الكتاب، فقال: يا رسول الله، إني أصبت كتابًا حسنًا من بعض أهل الكتاب، قال: فغضب وقال: "أمتهوكون فيها يا ابن الخطاب، فوالذي نفسي بيده، لقد جئتكم بها بيضاء نقية، لا تسألوهم عن شيء فيخبروكم بحق فتكذبوا به، أو بباطل فتصدقوا به، والذي نفسي بيده، لو كان موسى حيًا ما وسعه إلا أن يتبعني" مصنف ابن أبي شيبة (٥/ ٣١٢) برقم (٢٦٤٢١).

[2] رواه مسلم في صحيحه (باب وجوب إيمان أهل الكتاب برسالة الإسلام) (١/ ١٣٤) برقم (١٥٣). عن أبي هريرة (رضي الله عنه).

**ڕووی سێیەم:**

تەنانەت کەسبی خۆشەویستنی خودایش (جل جلالە)، کە پێویست و واجیبە، تەنها بە شوێنکەوتنی ئەو پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر) دەبێت، وەك خودا فەرمان بە جولەکەکان دەکات کە ئەگەر راست دەکەن خودایان خۆش دەوێت با شوێن پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر) بکەون و گوێڕایەڵی بکەن، تا ئەویش خۆشی بوێن، وەك دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ * قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْكَافِرِينَ﴾ (آل عمران: ٣١، ٣٢). کەواتە هەرگیز محەببەتی خودا کەسپ ناکرێت بەبێ شوێنکەوتنی پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر)، تەنانەت محەببەتی پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر) بە تەنها بە بانگەشە و دەربڕین نابێت، بەڵکو ڕاستی ئەو دەعوایە لە شوێنکەوتنی خودی ئەو زاتەدا (دروودی خوای لەسەر) و ڕەفتارکردن و پابەندبوون بە سوننەتەکانی بەرجەستە و نومایان دەبێت، وەك پێشەوا (ابن المبارك) گوتوویەتی:

تَعْصي الإِلَهَ وأَنْتَ تُظْهِرُ حُبَّهُ ... هذا لَعَمْري في الفعال بَديعُ
لوْ كَانَ حُبُّك صادقًا لَأَطَعْتَهُ ... إِنَّ المُحِبَّ لِمَنْ يُحِبُّ مُطِيعُ[1]

---

[1] بڕوانە: إحياء علوم الدين للغزالي (٤/ ٣٣١)، وروضة المحبين ونزهة المشتاقين لابن القيم (٢٦٦).

**ڕووی چوارەم:**

بەڵێ، ئەوە خودی قورئانە، کە شوێنکەوتنی پێغەمبەری (دروودی خوای لەسەر) بە فەرزی عەین داناوە بۆ ئیمانداران، کە هیچ مسوڵمانێك بۆی نییە لە چوارچێوە (السمع والطاعة) گوێڕایەڵی و شوێنکەوتنی خودا و پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر) دەربچێت، بە هیچ بەهانە و پاساوێك، وەك لە دەیان ئایەتدا هەردوو چەمکی گوێڕایەڵی و شوێنکەوتنی خودا و پێغەمبەری خودای (دروودی خوای لەسەر) پێکەوە گرێ دراوە، وەك دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْكَافِرِينَ﴾ (سورة آل عمران: ٣٢)، ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾ (النساء: ٥٩)، ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَوَلَّوْا عَنْهُ وَأَنْتُمْ تَسْمَعُونَ * وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ قَالُوا سَمِعْنَا وَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ * إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِنْدَ اللَّهِ الصُّمُّ الْبُكْمُ الَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ * وَلَوْ عَلِمَ اللَّهُ فِيهِمْ خَيْرًا لَأَسْمَعَهُمْ وَلَوْ أَسْمَعَهُمْ لَتَوَلَّوْا وَهُمْ مُعْرِضُونَ﴾ (الأنفال: ٢٠-٢٣)، ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ﴾ (الأنفال: ٤٦)، ﴿قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيْكُمْ مَا حُمِّلْتُمْ وَإِنْ تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ﴾ (النور: ٥٤) ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَلَا تُبْطِلُوا أَعْمَالَكُمْ﴾ (محمد: ٣٣). ﴿وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى وَأَقِمْنَ الصَّلَاةَ وَآتِينَ الزَّكَاةَ وَأَطِعْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنْكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا﴾ (الأحزاب: ٣٣).

بێگومان گرێدانی هەردوو چەمکی گوێڕایەڵی و شوێنکەوتنی خودا و پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) بە پیتی عەتفی (واو) پێکەوە و دووبارەکردنەوەی کردارەکەیش مانا و مەغزا و مەبەستی زۆر گرنگی تیادایە لەوانە:

١ـ جەمع لە نێوان (معطوف) و (معطوف عليه) لە واتادا[1]، کە نابێت لە یەکتریان جودا بکرێنەوە بەو واتایەی، کە حوکمی ئەو بۆ ئەمیش ساری و بەرکەماڵە.

٢ـ مانای تەسوییە و رێککردنەوە و یەکسانکردن لە حوکمدا[2].

٣ـ موغایەرە و جیاوازییە لە نێوان مەعتوف و مەعتوف عەلەیهیدا[3]، واتە: بۆیە قورئان پیتی عەتفی واوی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بزاندرێت کە بە تەنها گوێڕایەڵی خودا کیفایەت نییە، بەڵکو گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەیشی (درووودی خوای لەسەر) پێویست و واجبە.

**ڕووی پێنجەم:**

لە دیدی ئاکام و دەرەنجامدا، قورئانی پیرۆز لە زۆرێك لە ئایەتە موحکەمەکانیدا باسی لەوە فەرمووە و جەختی کردووەتەوە و موژدەیان داوە، کە شوێنکەوتووان و گوێڕایەڵانی پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر) سەرفرازن لە قیامەتدا و لە ئەهلی بەهەشتی بەرینی پەروەردگاریان دەبن، لەو ئایەتانە: ﴿وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَمَنْ يَتَوَلَّ يُعَذِّبْهُ عَذَابًا أَلِيمًا﴾ (الفتح: ١٧)، ﴿وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾ (الأحزاب: ٧١)، ﴿وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَخْشَ اللَّهَ وَيَتَّقْهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَائِزُونَ﴾ (النور: ٥٢)، ﴿وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَأُولَئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ مِنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَئِكَ رَفِيقًا * ذَلِكَ الْفَضْلُ مِنَ اللَّهِ وَكَفَى بِاللَّهِ عَلِيمًا﴾ (النساء: ٦٩، ٧٠)، ﴿تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ (النساء: ١٣).

---

[1] بڕوانە: الكليات لأبي البقاء الكفوي (٦٠٥)، کە تیایدا هاتووە: "العطف بالواو: كلُّ عطف قصد فيه الْجمع".

[2] بڕوانە: مجمع بحار الأنوار في غرائب التنزيل ولطائف الأخبار لجمال الدين الصديقي (٤/ ٣٣٨)، وەك تیایدا هاتووە: "العطف بالواو يقتضي التسوية".

[3] بڕوانە: تاج العروس للزبيدي المرتضي (٤٠/ ٤٥٧)، کە تیایدا هاتووە باسی ئەو یاسایەی کە "تقررت وجرت للمغايرة بين المعطوف والمعطوف عليه".

**ڕووی شەشەم:**

مەفهوم و چەمکی ئەم (منطوق)انەی قورئانیش کە لە خاڵی پێنجەمدا باس کراون، بێگومان موعتەبەرن و بە هەند وەرگیراون، واتە: هەرکەسێك شوێنکەوتەی ئەو پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر) نەبێت و گوێڕایەڵی نەبێت، ئەوا هەرگیز چاوەڕوانی بەهەشت نەبێت، ئەگەرچی ناوی خۆیشی نابێت قورئانی، بۆیە لە چەندین ئایەتی دیکەدا خودا (جل جلاله) بۆ زیادە تەئکید واتا پێچەوانەکەیشی بەیان فەرمووە بۆ ئەوەی هەموان بزانن کە شوێن نەکەوتنی ئەو نازدارە (دروودی خوای لەسەر) واتە سەرپێچیکردن و پشتهەڵکردن لێی، سەرپێچیکردن یان پشتلێکردنیشی (دروودی خوای لەسەر) واتە: سزای تێپەڕاندنی سنووری خودا و چوونە ناو دۆزەخەوە بە هەتاهەتایی ـ خودا پەنامان بدات ـ، لەو ئایەتانە: ﴿وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَارًا خَالِدًا فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُهِينٌ﴾ (النساء: ١٤). هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَإِنَّ لَهُ نَارَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا﴾ (الجن: ٢٣).

**ڕووی حەوتەم:**

هەروەها لە چەندین ئایەتی دیکەدا، قورئانی پیرۆز باسی لەوە فەرمووە، کە بەزەیی پەروەردگار تەنها بۆ ئەوانەیە کە شوێنکەوتە و گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەری خودان، وەك چەمکی مەفهومی (أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ) دەری دەخات لەم ئایەتە پیرۆزەدا کە دەفەرموێت: ﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ (التوبة: ٧١).

**ڕووی هەشتەم:**

تەنانەت لە ئایەتێکی دیکەدا پێویستی شوێنکەوتن و گوێڕایەڵی پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر) بە شێوازێکی رەوانبێژی دیکە هاتووە، کە حەصری گوێڕایەڵی خودای کردووەتە سەر گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر)، واتە گوێڕایەڵی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) واتە گوێڕایەڵی خودا، بۆ ئەوەی ڕێگە ببەسترێتەوە لە ئەوانەی کە تەنها گوێڕایەڵییان بۆ خودا هەیە و پێیان وایە تەنها ئەو ئیتاعەیان کیفایەتە، وەك دەفەرموێت: ﴿مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ وَمَنْ تَوَلَّى فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا﴾ (النساء: ٨٠)، پاشان بە ڕوونی باسی یەکێکی تر لە سیفاتی مونافیق و بێباوەڕەکانمان بۆ دەکات، کە بە زاهیر و لە ڕواڵەتدا دەڵێن بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر): ئێمە گوێڕایەڵیمان بۆت هەیە، بەڵام کە پشتیان هەڵکرد بە پێچەوانەوە دەروونیان کرمۆڵە و بێباوەڕی ناخیان ئاشکرا دەکەن، وەك دەفەرموێت: ﴿وَيَقُولُونَ طَاعَةٌ فَإِذَا بَرَزُوا مِنْ عِنْدِكَ بَيَّتَ طَائِفَةٌ مِنْهُمْ غَيْرَ الَّذِي تَقُولُ وَاللَّهُ يَكْتُبُ مَا يُبَيِّتُونَ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ وَكَفَى بِاللَّهِ وَكِيلًا﴾ (النساء: ٨١).

**ڕووی نۆیەم:**

بەڵێ ئەوە بەڵگەکانی قورئانە دیسان کە پێویستی کردووە لەسەر مسوڵمانان کە بە هیچ شێوەیەك پێشنەکەون لە قورئان و سوننەت، واتە بەردەوام پێویستە لە سەرمان کە شوێن قورئان و سوننەت بکەوین، ئەمەیش نیشانەی تەقوا و خوداپەرستییە، بۆیە قورئان شوێنکەوتنی خودا و پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر) بە پلەی یەکەم داناوە لە ئایەتەکەدا، پاشان دەفەرموێت: لە خودا بترسن، چونکە ئەو (جل جلالە) بیسەر و زانایە بە نییەت و کردەوەکانتان، وەك دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ (الحجرات: ١). ئەمەیش واتایەکی زۆر گرنگ دەبەخشێت بێگومان.

**ڕووی دەیەم:**

لە لایەکی تریشەوە قورئانی پیرۆز بە دەقێکی ئاشکرا و زۆر ڕوون باسی لەوە کردووە کە موبایەعە و بەیعەتکردن لەسەر گوێڕایەڵی و سەمع و ئیتاعەی تەواو بەیعەتکردنە بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، کە ئەمەیش بە واتای گوێڕایەڵی و بەیعەتکردنە بە خودا، بە شێوازی (حصر) فەرموویەتی: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ اللَّهَ﴾ بۆ ئەوەی مسوڵمانان پابەندبن بە پێغەمبەرەکەیانەوە (دروودی خوای لەسەر) لە هەموو سات و کات و سەردەم و جێگەیەکدا، وەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ اللَّهَ يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ فَمَنْ نَكَثَ فَإِنَّمَا يَنْكُثُ عَلَى نَفْسِهِ وَمَنْ أَوْفَى بِمَا عَاهَدَ عَلَيْهُ اللَّهَ فَسَيُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ (الفتح: ١٠)، پاشان لە هەمان سورەتدا خوای گەورە ڕەزامەندی خۆی نومایان فەرمووە بۆ ئەوانەی کە بەیعەتیان کردووە بە خۆشەویست (دروودی خوای لەسەر) و مژدەی زۆر گەورەی ئاراستەکردوون، وەك دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنِ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنْزَلَ السَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَابَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا﴾ (الفتح: ١٨) بۆ ئەوەی کە مسوڵمانانیش پاش ئەو ڕووداوە بەردەوام لە عەهد و پەیماندا بن لە خزمەت پێغەمبەرەکەیان (دروودی خوای لەسەر)، بێگومان عەهد و پەیمان و بەیعەتکردن بە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) هەر دەمێنێت تا ڕۆژی دوایی[1]، چونکە ئەو سەردارە (دروودی خوای لەسەر) پێغەمبەری هەموو مسوڵمانانە و هەموان پێویستە پابەند بن بەو بەیعەت و گوێڕایەڵیانەوە بۆ ئەوەی مژدە و پاداشتی پەروەردگار بیانگرێتەوە.

---

١ بە ئایەتە پیرۆزەکانی: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ﴾ (الأنبياء: ١٠٧)، ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ (سبأ: ٢٨)، ﴿تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَى عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا﴾ (الفرقان: ١).

## ڕووی یازدە:

لە ئایەتێکی دیکەدا خودا (جل جلالە) حیکمەتی سەرەکی لە ڕەوانەکردنی پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر) ڕوونکردووەتەوە و بە ئوسلوبی قەصر بە (ما) لە تەك (إلا) کە یەکێکە لە چوار ئوسلوبەکەی قەصر[1] دەفەرموێت: ئێمە بۆیە پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر) ڕەوانە کردووە هەتا گوێڕایەڵی بین، لە هەموو شتێکدا، بەبێ ئیستیسنا و جیاکردنەوە و مەرج و قەید، تەنانەت ئەوەیشی فەرمووە کە هەر مسوڵمانێکی گوناهبار لە هەر کاتێکدا هاتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و لە خزمەتیدا داوای لێخۆشبوونی کرد لە خودا و داوایشی کرد لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، کە داوای لێخۆشبونی بۆ بکات وەك تکاکار لە حوزوری خودادا، ئەوا خودای گەورە تکاکەی وەردەگرێت و لەو بەندە گوناهکارە بە بێگومان خۆشدەبێت، چونکە تکای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕەد ناکرێتەوە لە لایەن پەروەردگاریەوە[2]، وەك دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ رَسُولٍ إِلَّا لِيُطَاعَ بِإِذْنِ اللَّهِ وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ جَاءُوكَ فَاسْتَغْفَرُوا اللَّهَ وَاسْتَغْفَرَ لَهُمُ الرَّسُولُ لَوَجَدُوا اللَّهَ تَوَّابًا رَحِيمًا﴾ (النساء: ٦٤).

---

[1] بڕوانە بۆ درێژەی ئەو بابەتە: الإيضاح في علوم البلاغة لجلال الدين القزويني (٣/ ٢١)، وعلم المعاني أساليب القصر المختلفة لعبد العزيز هتيق (١٥١).

[2] پێشەوا (الحافظ ابن كثير) لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: "وقوله (وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ.. الآية)، يرشد تعالي العصاة والمذنبين إذا وقع منهم الخطأ والعصيان أن يأتوا إلى الرسول ـ صلى الله عليه وسلم ـ، فيستغفروا الله عنده ويسألوه أن يستغفر لهم، فإنهم إذا فعلوا ذلك تاب الله عليهم ورحمهم وغفر لهم، ولهذا قال (لَوَجَدُوا اللَّهَ تَوَّابًا رَحِيمًا)، وقد ذكر جماعة منهم: الشيخ أبو نصر بن الصباغ في كتابه (الشامل) الحكاية المشهورة عن العتبي، قال: كنت جالسًا عند قبر النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ، فجاء أعرابي فقال: السلام عليك يا رسول الله، سمعت الله يقول ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ جَاءُوكَ فَاسْتَغْفَرُوا اللَّهَ وَاسْتَغْفَرَ لَهُمُ الرَّسُولُ لَوَجَدُوا اللَّهَ تَوَّابًا رَحِيمًا﴾ وقد جئتك مستغفرًا لذنبي مستشفعًا بك إلى ربي. ثم أنشأ يقول:

يا خير من دفنت بالقاع أعظمه ... فطاب من طيبهنَّ القاعُ والأكُم

نفسي الفداءُ لقبرٍ أنت ساكنه ... فيه العَفاف وفيه الجودُ والكرمُ

ثم انصرف الأعرابي، فغلبتني عيني فرأيت النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ في النوم، فقال يا عتبي، إلحَق الآعرابي فبشّره أن الله قد غفر له. بڕوانە: تفسير القرآن العظيم (٢/ ٣٠٦).

**ڕووی دوازده:**

له بواری پێویستی گوێڕایەڵی حوکم و دادگەریی خۆشەویست (دروودی خوای لەسەر)، خوای گەورە بە ئایەتێکی هەڕەشەئامێز نەفی ئیمان و باوەڕ دەکات لەو کەسانەی، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ناکەنە حەکەم و بە گوێی دادوەریی و قەزاوەتی ناکەن و گوێڕایەڵی حوکمەکەی نابن و تەسلیمی فەرمانەکانی نابن لە کۆی ئەو پرسانەدا، کە خیلاف و جیاوازیان تیایاندا دەبێت، کە پێویستە پاش گوێڕایەڵیش تەواو سینەیان بەرانبەر حوکمەکەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ساف و بێگەرد بکەن و هیچ شتێکی وەك نابەدڵی و دوودڵی و گومان لە دڵ و دەروونیان نابێت بمێنێت، ئەگەرنا لە دائیرەی ئیمان و ئیسلامەتی و تەسلیمبوون بە فەرمانی خودا و پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر) دەردەچن و کافر دەبنەوە، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ (النساء: ٦٥). جیاوازیی نییە لەم حوکمەیشدا حاڵی حەیاتی دونیایی خۆشەویست (دروودی خوای لەسەر) و پاش وەفاتیشی، چونکە وەك ئاشکرایە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پێغەمبەری هەموو ئوممەتە و شاهیدە لە سەریان تا ڕۆژی قیامەت، بۆیە فەرمان و سوننەتەکانیشی بۆ هەمووانە و بۆ هەموو کات و سات و شوێنێکە لەسەر ڕووی ئەو زەویەدا، هەر لەبەر جەختکردنەوەیشە لەسەر ئەو ڕاستییە خۆشەویست (دروودی خوای لەسەر) وەك لە چەندین ڕێگەوە هاتووە لە ئیبن عومەر (خوا لێی ڕازی بێت)، جگە لەویش، دەفەرموێت: "مَنْ حَجَ فَزارَ قبري بَعد وفاتي كان كَمَن زارَني في حَياتي"[(1)]، واتە: (هەرکەسێك حەج بکات و زیارەتی گۆڕەکەم بکات پاش وەفاتم

---

[(1)] رواه الحافظ الدار قطني في سننه (٣/ ٣٣٣) برقم (٢٦٩٣) و رواه كذلك عن حاطب (رضي الله عنه) (٣/ ٣٣٣) برقم (٢٦٩٤)، ورواه الحافظ الفاكهي عن ابن عمر (رضي الله عنهما) في أخبار مكة (١/ ٤٣٥) برقم (٩٤٩)، والطبراني في المعجم الأوسط (١/ ٩٤) برقم (٢٨٧) وفي (٣/ ٣٥١) برقم (٣٣٧٦)، ورواه أيضًا في

وەك ئەوە وەهایە، كە لە حاڵی ژیانمدا زیارەتی كردبم)، واتە هیچ جیاوازیی نێوان حەیات و وەفاتی نییە، هەروەها لە دەیان لەفزی فەرموودەیەكی دیكەدا لە (بكر بن عبد الله الْمُزَنِيِّ) (رضي الله عنه) پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: "حَيَاتِي خَيْرٌ لَكُمْ تُحَدِّثُونَ وَيُحَدَّثُ لَكُمْ ، وَوَفَاتِي خَيْرٌ لَكُمْ تُعْرَضُ عَلَيَّ أَعْمَالُكُمْ، فما كان من حَسَنٍ حَمِدْتُ اللَّهَ عَلَيْهِ، وَمَا كَانَ مِنْ سَيِّئٍ اسْتَغْفَرْتُ اللَّهَ لَكُمْ"[1]، "واتە:

---

المعجم الكبير (١٢/ ٤٠٦) برقم (١٣٤٩٦) و (١٣٤٩٧)، ورواه كذلك الحافظ البيهقي في شعب الإيمان (٦/ ٤٦) برقم (٣٨٥٥)، وفي السنن الكبرى (٥/ ٤٠٣) برقم (١٠٢٧٤)، والحافظ ابن كثير بطرق عديدة وألفاظ متقاربة في مسند الفاروق (١/ ٥٢٣) برقم (٣٦٣)، وفي رواية عن مالك بن أنس، عن نافع، عن ابن عمر رضي الله عنهما: "من زارني بعد موتي فكأنما زارني في حياتي، ومن جاورني بعد موتي فكأنما جاورني في حياتي"، ينظر: أخبار مكة للفاكهي (٣/ ١٢٣) برقم (١٩١٨)، قال الحافظ العسقلاني في التلخيص الحبير (٢/ ٥٧٠): "فائدة: طرق هذا الحديث كلها ضعيفة لكن صححه من حديث ابن عمر أبو علي بن السكن في إيراده إياه في أثناء السنن الصحاح له وعبد الحق في الأحكام في سكوته عنه والشيخ تقي الدين السبكي من المتأخرين باعتبار مجموع الطرق. وأصح ما ورد في ذلك ما رواه أحمد وأبو داود من طريق أبي صخر حميد بن زياد عن يزيد بن عبد الله بن قسيط عن أبي هريرة مرفوعًا: "ما من أحد يسلم علي إلا رد الله علي روحي حتى أرد عليه السلام"، وبهذا الحديث صدر البيهقي الباب". والحديث الصحيح هذا أخرجه أحمد في المسند (٢/ ٥٢٧)، وأبو داود (٢/ ٢١٨)، كتاب الحج: باب زيارة القبور، برقم (٢٠٤١)، والبيهقي في السنن الكبرى (٥/ ٢٤٥)، كتاب الحج: باب زيارة قبر النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ. وقال الحافظ السيوطي في (الدرر المنتثرة في الأحاديث المشتهرة (١٩٠) برقم (٤٠٨): "(حديث) "مَنْ زَارَ قَبْرِي وَجَبَتْ لَهُ شَفَاعَتِي" رواه ابن أبي الدنيا والطبراني والدارقطني وابن عدي من طرق عن ابن عمر. قال الذهبي: طرقه كلها لينة يقوى بعضها بعضًا، لأن ما في رواتها متهم بالكذب. قال: ومن أجودها إسناد حديث حاطب: "مَنْ زَارَنِي بَعْدَ مَوْتِي فَكَأَنَمَا زَارَنِي فِي حَيَاتِي" أخرجه ابن عساكر وغيره".

[1] رواه الحارث ابن أبي أسامة التميمي في مسنده (٢/ ٨٨٤) برقم (٩٥٣) عن بكر بن عبد الله الْمُزَنِيِّ ـ رضي الله عنه ـ عن النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ قال: «حياتِي خَيْرٌ لَكُمْ تُحَدِّثُونَ وَيُحَدَّثُ لَكُمْ، ووَفَاتِي خَيْرٌ لَكُمْ تُعْرَضُ عَلَيَّ أَعْمَالُكُمْ، فما كان من حَسَنٍ حَمِدْتُ اللَّهَ عَلَيْهِ، وما كان مِنْ سَيِّئٍ اسْتَغْفَرْتُ اللَّهَ لَكُمْ». وأخرجه الحافظ أبو بكر البزار في مسنده (مسند البزار = البحر الزخار، (٥/ ٣٠٨).عن ابن مسعود ـ رضي الله عنه ـ بلفظ: «حَيَاتِي خَيْرٌ لَكُمْ تُحَدِّثُونَ وَنُحَدِّثُ لَكُمْ، ووَفَاتِي خَيْرٌ لَكُمْ تُعْرَضُ عَلَيَّ أَعْمَالُكُمْ فَمَا رَأَيْتُ مِنَ خَيْرٍ حَمِدْتُ اللَّهَ عَلَيْهِ، وَمَا رَأَيْتُ مِنَ شَرّ اسْتَغْفَرْتُ اللَّهَ لَكُمْ»، ثم قال: وهذا الحديثُ آخِرُهُ لَا نعلَمُهُ يُرْوَى

ژیانی دونیایی من بۆ ئێوه خێری و بەرەکەتی تیادایە بۆتان، دەدوێن لە گەڵمدا ڕاستەوخۆ و لەتەکتان دەدوێم، بەڵام وەفات و مردنیشم هەر خێری تیادایە بۆتان، چونکە پەیوەندییەکان ناپچڕێن، کردەوەکانتان دەخرێنەوە بەرچاوم لە گۆڕەکەمدا

---

عَن عَبْدِ اللَّهِ إِلَّا مِنْ هَذَا الْوَجْهِ بِهَذَا الْإِسْنَادِ" وأخرجه أبو طاهر المخلّص البغدادي في المخلّصيات (٣/ ٢٣٧) برقم (٢٥٧) بسنده عن أنسِ بنِ مالك ـ رضي الله عنه ـ قال: قال رسولُ الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: «حَياتي خيرٌ لكم ـ ثلاثَ مراتٍ ـ ووَفاتي خيرٌ لكم» ثلاثَ مراتٍ، فسكتَ القومُ، فقالَ عمرُ بنُ الخطاب ـ رضي الله عنه ـ: بأَبي أنتَ وأُمي، كيفَ يكونُ هذا؟ قلتَ: حَياتي خيرٌ لكم ثلاثَ مراتٍ، ثم قلتَ: مَوتي خيرٌ لكم ثلاثَ مراتٍ، قالَ: «حَياتي خيرٌ لكم: ينزلُ عليَّ الوحيُّ مِن السماءِ فأُخبِرُكم بما يَحِلُّ لكم وما يَحْرُمُ عليكم، ومَوتي خيرٌ لكم: تُعْرَضُ عليَّ أعمالُكم كلَّ خميسٍ، فما كانَ مِن حسنٍ حمدتُّ اللهَ عليهِ، وما كانَ مِن ذنبٍ استَوهبتُ لكم ذُنوبَكم» وأخرجه الحافظ الأزدي في كتابه (فضل الصلاة على النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ) (٣٨) برقم (٢٥) بسنده عن المزني بلفظ: «حَيَاتِي خَيْرٌ لَكُمْ تُحَدِّثُونَ وَيُحَدَّثُ لَكُمْ، فَإِذَا أَنَا مُتُّ كَانَتْ وَفَاتِي خَيْرًا لَكُمْ، تُعْرَضُ عَلَيَّ أَعْمَالُكُمْ فَإِنْ رَأَيْتُ خَيْرًا حَمِدْتُ اللَّهَ، وَإِنْ رَأَيْتُ غَيْرَ ذَلِكَ اسْتَغْفَرْتُ اللَّهَ لَكُمْ»، ورواه بطريق آخر (٣٩) برقم (٢٦) عن المزني (رضي الله عنه) بلفظ: «حَيَاتِي خَيْرٌ لَكُمْ، وَوَفَاتِي لَكُمْ خَيْرٌ، تُحَدِّثُونَ فَيُحَدَّثُ لَكُمْ فَإِذَا أَنَا مُتُّ عُرِضَتْ عَلَيَّ أَعْمَالُكُمْ، فَإِنْ رَأَيْتُ خَيْرًا حَمِدْتُ اللَّهَ وَإِنْ رَأَيْتُ شَرًّا اسْتَغْفَرْتُ اللَّهَ لَكُمْ» ورواه الحافظ أبو الفرج الأصفهاني في عروس الأجزاء (٧٨) برقم (٨٢) بسنده بلفظ: «حَيَاتِي خَيْرٌ لَكُمْ وَمَوْتِي خَيْرٌ لَكُمْ أَمَّا حَيَاتِي فَأُحَدِثُ لَكُمْ، وَأَمَّا مَوْتِي فَتُعْرَضُ عَلِيَّ أَعْمَالُكُمْ عَشِيَّةَ الاثْنَيْنِ وَالْخَمِيسِ فَمَا كَانَ مِنْ عَمَلٍ صَالِحٍ حَمِدْتُ اللَّهَ عَلَيْهِ وَمَا كَانَ مِنْ عَمَلِ سُوءٍ اسْتَغْفَرْتُ اللَّهَ لَكُم» وأخرجه الحافظ الديلمي في (الفردوس بمأثور الخطاب (١/ ١٨٣ـ١٨٤) برقم (٦٨٦) عن أبي هريرة ـ رضي الله عنه ـ عن النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ قال: «إِن لله عز وَجل مَلَائِكَة سياحين يبلغوني عَن أمتِي السَّلَام"، وقال: "حَيَاتِي خير لكم تحدثون وتحدث لكم، ووفاتي خير لكم تعرض علي أعمالكُم، فَما رَأَيْت من خير حمدت الله عَلَيْهِ وَمَا رَأَيْت من شَرّ استغفرت الله لكم» وأخرجه كذلك (٢/ ١٣٧ـ١٣٨) برقم (٢٧٠١) عن أنس بن مَالك ـ رضي الله عنه ـ بلفظ: «حياتي خير لكم ينزل عَليّ الْوَحْي فأخبركم بِمَا يحل لكم، وما يحرم عَلَيْكُم، وموتي خير لكم تعرض عَليّ أعمالكم كل خَمِيس فَمَا كَانَ من حسن حمدت الله عَلَيْهِ وَمَا كَانَ من ذَنْب استوهبت لكم ذنوبكم»، وأخرجه الحافظ ابن سعد الزهري في طبقاته بتحقيق: إحسان عباس (٢/ ١٩٤) بسنده فقال: «أخبرنا يونس بن محمد المؤدب، أخبرنا حماد بن زيد عن غالب عن بكر بن عبد الله قال: قال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "حياتي خير لكم، تحدثون ويحدث لكم، فإذا أنا مت كانت وفاتي خيرا لكم، تعرض علي أعمالكم، فإذا رأيت خيرا حمدت الله وإن رأيت شرا استغفرت الله لكم».

و دەیانبینم، ئەگەر کردەوەکانتان چاك بوون ئەوا ستایشی خودای لەسەر دەکەم، ئەگەر خراپیش بوون لە گۆڕەکەمدا داوای لێخۆشبوونتان بۆ دەکەم لە پەروەردگارم". شایانی باسە، بەندە کتێبێکی بە تێروتەسەل و بابەتییانە و بە بەڵگەکانی قورئان و سوننەت و رای زانایانی پێشینە لەمەڕ پەیوەندییەکانی پێشەوامان (درودی خوای لەسەر) بە ئوممەتەکەیەوە لە ژیانی دونیایی و بەرزەخی و قیامەتییدا نووسیوە، بە ناونیشانی (الرّوابطُ المَعْنويةُ بين نبيّ الرَّحمة ـ صلى الله عليه وسلم ـ وأفراد الأمَّة وآثارُها في حياته ـ صلى الله عليه وسلم ـ الدنيوية والبرزخيّة والأخروية ـ دراسة عقدية سلوكية في فقه الكتاب والسنة ـ) هەرکەس دەیەوێت زیاتر شارەزا بێت دەتوانێت بگەڕێتەوە سەری[1].

**ڕووی سیازدە:**

لە سێ ئایەتی سورەتی (النساء)دا بە ڕیزبەندیی، خودای گەورە بە ئاشکرا و سەراحەت حوکمی کافربوون دەدات لەسەر ئەوانەی جیاوازی بخاتە نێوان خودا و پێغەمبەرەکانیەوە (سەلامی خوایان لەسەر)، لە ڕوانگەی گوێڕایەڵی و ئیتاعەتەوە، یاخود ئەوانەی دەڵێن: گوێڕایەڵی هەندێك دەبین وەك (قورئان) و هەندێکیش فەرامۆش دەکەین وەك (سوننەت)، یاخود گوێڕایەڵی هەندێك دەبین مەبەستی (خودا) بێت، یان هەندێك لە کەلامی خودا کە قورئانە، بەڵام گوێڕایەڵی هەندێکی تر نابین، کە مەبەستی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر)، یاخود فەرموودەکانیەتی، خودا دەفەرموێت: ئەوا ئەو جۆرە کەسانە بەڕاستی کافر و بێباوەڕن، بە پێچەوانەی ئەوانەی کە بیر و باوەڕیان بە خودا و پێغەمبەرەکانی (سەلامی خوایان لەسەر)

---

[1] بڕوانە: الرّوابطُ المَعْنويةُ بين نبيّ الرَّحمة ـ صلى الله عليه وسلم ـ وأفراد الأمَّة وآثارُها في حياته ـ صلى الله عليه وسلم ـ الدنيوية والبرزخيّة والأخروية ـ دراسة عقدية سلوكية في فقه الكتاب والسنة، (دانەر)، ل١٥ بەدواوە.

هێناوه و جیاوازیی ناخەنه نێوانیانەوه و گوێڕایەڵی تەواویان هەیه بۆیان، خودا پاداشتی تەواویان به چاکه دەداتەوه و بەر لێشاوی لێخۆشبوون و ڕەحمەتی خۆیان دەخات، وەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَنْ يُفَرِّقُوا بَيْنَ اللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَنْ يَتَّخِذُوا بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلًا * أُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقًّا وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُهِينًا * وَالَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَلَمْ يُفَرِّقُوا بَيْنَ أَحَدٍ مِنْهُمْ أُولَئِكَ سَوْفَ يُؤْتِيهِمْ أُجُورَهُمْ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا﴾ (النساء: ١٥٠– ١٥٢).

**ڕووی چواردە:**

له ئایەتێکی تردا، خودا هەمان ئایەتی ژماره (٦٥)ی سورەتی (النساء) به شێوازێکی تر دوبارەکردووەتەوە، که ئیماندار هیچ ئیختیار و ئەملاولایەکی بۆ نییه قەزا و و فەرمان و حوکمی خودا و پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر) ڕەتبکاتەوه، بەڵکو واجبه به تەواوەتی گوێڕایەڵ بێت بۆ فەرمان و حوکمەکانیان، پاشان دەفەرمووێت: ئەوەی سەرپێچییان لیّ بکات ئەوا به ئاشکرا و ڕوونیی ڕێگەی گومڕایی هەڵبژاردووه، وەك دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُبِينًا﴾ (الأحزاب: ٣٦).

**ڕووی پازدە:**

له ئایەتێکی موحکەمی تردا، قورئان به گشتی و موتڵەق و ڕەها و ڕاستەوخۆ و بیّ هیچ قەیدێك فەرمانی حەقیقی و به سیغەی (ما) که ئیسمی مەوصوڵە و ئیفادەی واتاکەی گشتی بەخشه، دەفەرموێت: هەر فەرمانێك پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پێدات و ڕووبەڕووی ئێوەی کردەوه پێویسته له سەرتان، که فەرمانی پیّ بکەن و به دڵ و دەروون تەسلیمی بن، ئەو شتانەیش قەدەغەی کرد لێتان،

پێویسته لەسەرتان دەمەودەست وازی لێ بهێنن، واته له هەموو ئەمر و نەهێکی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) پێویسته گوێڕایەڵبن و له خودا بترسن، چونکه ئەگەر واتان نەکرد ئەشکەنجەی خودا زۆر بەتینه ـ خودا پەنامان بدات ـ، وەك دەفەرموێت: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ (الحشر: ٧).

**ڕووی شازدە:**

قورئانی پیرۆز فەرمانی ڕاستەوخۆ و حەقیقی کردووه به بڕواداران، که پێویسته له سەریان وەڵام و ئیستیجابەی تەواویان هەبێت بۆ فەرمانەکانی خودا و پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر)، چونکه مایەی ژیانی هەتاهەتایی و سەرفرازییانه، وەك دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يَحُولُ بَيْنَ الْمَرْءِ وَقَلْبِهِ وَأَنَّهُ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ﴾ (الأنفال: ٢٤)، که بێگومان وەڵامنەدانەوه واتای زەرەرمەندی هەتاهەتایی دەبەخشێت به پێی بەڵگەی: مەفهوم و چەمکی موخالەفە (پێچەوانه) لای ئوسوڵیەکان[1]. ئەو حەقیقەته تەنانەت جنۆکەیش هەستی پێ کردووه که ڕزگاربوون نییه بەبێ شوێنکەوتنی بانگخوازی خودا، که به پلەی یەکەم پێغەمبەره (دروودی خوای لەسەر) بۆیه له سورەتی (الأحقاف)دا خودا چیرۆکی ئەو کۆمەڵه جنۆکه دەگێڕێتەوه، که بڕوایان هێنا به پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) و پاشان گەڕانەوه بۆ لای قەومەکانی خۆیان به مەبەستی ڕێنومایییان بۆ ئایینی ئیسلام و پێویستی شوێنکەوتنیان بۆ فەرمانەکانی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای

[1] بڕوانه بۆ شارەزایی زیاتر له واتا و نموونەکانی له مەفهومی موخالەفە: البرهان في أصول الفقه لإمام الحرمين الجويني (١/ ١٦٧)، والمحصول في أصول الفقه (١٠٤)، والإحكام في أصول الأحكام للآمدي (٣/ ٦٩).

لەسەر)، لە پێناو بەدەستهێنانی لێخۆشبوونی خودا و دەربازبوونیان لە سزای هەتاهەتایی، کە بێگومان دووچای ئەوانە دەبێتەوە کە گوێڕایەڵی ئەو پێغەمبەرە نابن لە هەموو فەرموودە و ئامۆژگاریەکانیدا، وەك دەفەرموێت: ﴿يَاقَوْمَنَا أَجِيبُوا دَاعِيَ اللَّهِ وَآمِنُوا بِهِ يَغْفِرْ لَكُمْ مِنْ ذُنُوبِكُمْ وَيُجِرْكُمْ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ * وَمَنْ لَا يُجِبْ دَاعِيَ اللَّهِ فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِي الْأَرْضِ وَلَيْسَ لَهُ مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءُ أُولَئِكَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ﴾ (الأحقاف ٣١، ٣٢).

**ڕووی حەڤدە:**

لە ئایەتێکی ڕاستەوخۆی دیکەدا پاش فەرمانی گوێڕایەڵی بۆ خودا و پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر) قورئان تەنها و تەنها ڕێگەی ڕزگاریی و هیدایەتی بەستووەتەوە بە گوێڕایەڵی و شوێنکەوتنی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر)، وەك دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيْكُمْ مَا حُمِّلْتُمْ وَإِنْ تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ﴾ (النور: ٥٤)، دیسان مەفهومی (وإن تطيعوه تهتدوا) موعتەبەرە، واتە: (فإن لم تطيعوه ـ صلى الله عليه وسلم ـ لم تهتدوا) واتە: شوێننەکەوتنی ئەو زاتە و گوێڕایەڵی نەکردنی ئەو، واتە: سەرلێشێواوی و هەڵدێران بەرەو دۆزەخ ـ خودا پەنامان بدات ـ. یەکسانە لەم حوکمەدا حاڵەتی ژیانی دونیا و بەرزەخی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، وەك پێشتریش ڕوونمانکردەوە، مەگەر کەسێك کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە پێغەمبەری خودای نەزانێت پاش وەفاتکردنی ـ والعياذ بالله تعالى ـ.

**ڕووی هەژدە:**

ئازاردانی خودا و پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ـ بە نیسبەت خوداوە تەعبیرێکی مەجازییە ـ، واتە ئازاردانی پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر) یاخود بڕواداران، یان سووکایەتی بە پیرۆزییەکانی ئیسلام لەوانەیش فەرمان و فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر)، یان هەرجۆرە شێوازێکی ئازاردانی دڵی خۆشەویستەکەی (دروودی خوای لەسەر)، ئەمانە بە دەقی قورئان خاوەنەکەی دەبێتە مایەی دورکەوتنەوە لە ڕەحمەتی خودا و زەرەرمەندی دونیا و سزای توندی هەتاهەتایی قیامەت، وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُؤْذُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا مُهِينًا﴾ (الأحزاب: ٥٧).

**ڕووی نۆزدە:**

سەرخستنی خودا و پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر) ، کە سیفەتێکی ستایشکراو و نیشانەی ڕاستگۆیی موهاجیرانی هاوەڵانی کیرام و شوێنکەوتووانی ئەوانە (ڕەزای خوایان لەسەر بێت)، واتە: سەرخستنی دینی خودا و شوێنکەوتنی فەرمان و دید و فەرموودە و ویست و ئاڕاستەی ڕووناکبەخشی پێغەمبەرەکەی خودا (دروودی خوای لەسەر)، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا وَيَنْصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ﴾ (الحشر: ٨).

**ڕووی بیست:**

کورت هەڵهێنانەوە (حەصر)ی ویلایەت و سەرخستن و گوێڕایەڵی تەنها لە فەرمانەکانی خودا و پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) و بڕواداراندا ئەوانەی، کە نوێژخوێنن و زەکات بەخشن و کوڕنووشبەر و گەردنکەچن بۆ خودا (جل جلاله)، بە واتای پێویستی سەرخستن و گوێڕایەڵی و تەسلیمبوونی تەواوە بۆ

فەرموودە و فەرمانەکانیان، کە ئەمەیش مایەی سەرفرازی یەکجارەکییە، پێچەوانەکەیشی خەسارەتمەندی هەتاهەتایی دەبەخشێت بە خاوەنەکەی، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ رَاكِعُونَ * وَمَنْ يَتَوَلَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا فَإِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ﴾ (المائدة: ٥٥، ٥٦).

**ڕووی بیست و یەك:**

جیانەکردنەوەی هیجرەتی ئیمانداران بۆ لای پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) لە هیجرەتیان بۆ لای خودا و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودا، واتایەکی دی دەبەخشێت، کە نابێت پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) لە نیەتی هیجرەتدا نادیدە بگیرێت، چونکە لەڕاستیدا هیجرەت بۆ لای خودا واتە هیجرەت بۆ لای پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر)، لە ڕووی گوێڕایەڵی و بەدەستهێنانی ڕەزامەندییەوە، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يَخْرُجْ مِنْ بَيْتِهِ مُهَاجِرًا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ يُدْرِكْهُ الْمَوْتُ فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا﴾ (النساء: ١٠٠)، مانایەکی پەنهانیش دەبەخشێت، کە پێویستە لەسەر مسوڵمانان ئەوەی خودا و پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر) حەرامیان کردووە لەسەر خۆیان قەدەغەی بکەن و تەرکی بکەن، چونکە هیجرەتیش لە حەرامکراوەکان پلەیەکی بەرزە لە واتای گشتی هیجرەت، بە بەڵگەی فەرموودەی: "إن المهاجر من هجر ما نهى الله عنه"[١].

---

[١] مسند أحمد (١١/ ٥١١) برقم (٦٩١٢) عن عبد الله بن عمرو ـ رضي الله عنهما ـ، قال المحقق: إسناده صحيح على شرط الشيخين.

**ڕووی بیست و دوو:**

خوای گەورە لە چەندین ئایەتی پیرۆزدا بە ڕەها و بێ هیچ قەید و وەرگرتنی بەهانە، هەڕەشەی توندی ئاڕاستەی ئەو گرووپ و کەسانە کردووە، کە سەرپێچی خودا و پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر) دەکەن و لادەدەن لە فەرمانەکانیان، کە پاداشتیان ئاگری هەتاهەتایی دۆزەخە، وەك لە هەردوو سورەتی (التوبة) و (الحجرات)دا هاتووە، کە دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ يَعْلَمُوا أَنَّهُ مَنْ يُحَادِدِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَأَنَّ لَهُ نَارَ جَهَنَّمَ خَالِدًا فِيهَا ذَلِكَ الْخِزْيُ الْعَظِيمُ﴾ (التوبة: ٦٣) ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُحَادُّونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ كُبِتُوا كَمَا كُبِتَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَقَدْ أَنْزَلْنَا آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ مُهِينٌ * يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُهُمْ بِمَا عَمِلُوا أَحْصَاهُ اللَّهُ وَنَسُوهُ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾ (المجادلة: ٥، ٦). پاشان دەفەرموێت: ئەوانەی سەرپێچی خودا و پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر) دەکەن، ئەوانە لە کۆتا پلەی نزمی و سەرشۆڕیدان لە جەهەننەمدا، ئەوانە هیچ کاریگەرییەکیان نابێ لە بڵاونەبوونەوەی ئایینی ئیسلامدا، چونکە سەرکەوتن هەر بۆ خودا و پێغەمبەرانە (سەلامی خوایان لەسەر): ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُحَادُّونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ فِي الْأَذَلِّينَ * كَتَبَ اللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا وَرُسُلِي إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾ (المجادلة: ٢٠ـ ٢١). ئینجا بە ڕاشکاوی هەڕەشەی توند دەکات لەو کەسانەی، کە لایەنگیری و مەحەببەت و هاوڕێیەتییان بۆ ئەو تاقم و گرووپە لادەرانە هەیە، کە سەرپێچی خودا و پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر) دەکەن و گوێڕایەڵییان نییە بۆیان، چونکە بڕواداری ڕاستەقینە پێویستە دوربکەوێتەوە لەو جۆرە کەسانە ئەگەرچی باوك و کوڕ و برا و عەشیرەتیشیان بن، دەفەرموێت: ئەوکاتە بڕواداری ڕاست و دڵسۆزن، ئەوانەن کە خودا بە لوتفی خۆی چرۆی باوەڕی ڕواندووە لە دڵیاندا و سەریان دەخات و دەیانخاتە بەهەشتی بەرینی خۆی و ڕەزامەندی خۆی دەڕژێنێت بە سەریاندا و سەرفرازیان دەکات، وەك دەفەرموێت: ﴿لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ

وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُمْ بِرُوحٍ مِنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُولَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ (المجادلة: ٢٢).

**ڕووی بیست و سێ:**

شوێننەکەوتن و گوێڕایەڵی نەکردنی خودا و پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر) واتە گاڵتەکردن (والعياذ بالله) بە فەرمانەکانیان، هەروەها گاڵتەجاڕی بە شەریعەتی ئیسلام، کە ئەمەیش ڕاکێشەری خەشم و تۆڵە و سزای سەختی پەروەردگارە، چونکە فەرمانەکانی خودا و پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر) جێگەی گاڵتە و پشتگوێخستن نین بۆ هەموو ئادەمیزاد، قورئان دەفەرموێت: ﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنْتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ﴾ (التوبة: ٦٥).

**ڕووی بیست و چوار:**

لە سورەتەکانی (النساء) و (الأنفال) و (الحشر)دا خودای گەورە هەڕەشەی توندی کردووە لەو کەسانەی، کە ملکەچی فەرمانەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نابن و بەپێی هەڵسوکەوت و فەرمان و سونەت و ڕێڕەوەی ئەو ناڕۆن و دەمەدەمە و لاساری و بەربەرەکانێ دەکەن لە تەك رەسولی خودادا (دروودی خوای لەسەر)، وەك دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا﴾ (النساء: ١١٥)، ﴿ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ شَاقُّوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَمَنْ يُشَاقِقِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَإِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ (الأنفال: ١٣)، ﴿ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ شَاقُّوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَمَنْ يُشَاقِّ اللَّهَ فَإِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ (الحشر: ٤).

**ڕووی بیست و پێنج:**

دیسان لە سورەتی (الأنفال)دا خودای گەورە (جل جلاله) فەرمانی ڕاستەوخۆی کردووە بە بڕواداران، کە پێویستە لە سەریان گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەر بن (دروودی خوای لەسەر) و بە هیچ شێوە و پاساوێك نابێت پشت هەڵکەن لە ڕێڕەو و فەرمانەکانی (دروودی خوای لەسەر)، نەك تەنها بە زمان بڵێن گوێڕایەڵین، بەڵکو پێویستیشە بە کردەوە گوێڕایەڵیەکەیان بپارێزن، وەك دەفەرموێت: ﴿يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَوَلَّوْا عَنْهُ وَأَنْتُمْ تَسْمَعُونَ * وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ قَالُوا سَمِعْنَا وَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ﴾ (الأنفال: ٢٠، ٢١).

**ڕووی بیست و شەش:**

لە سورەتی (الأحزاب)یشدا خودای گەورە (جل جلاله) پێغەمبەرەکەی پێناسەکردووە بە سەرمەشق و پێشەنگی جوان لە هەموو بوارێکی گوفتار و ڕەفتار و ڕەوشت و زانست و مەعریفەت و حیکمەت و پەندیار و.. هتد، وەك دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا﴾ (الأحزاب: ٢١)، هەروەها لە هەمان واتادا و بۆ هەمان مەبەست دەرهەق پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾ (القلم: ٤). کە ئەم ئایەتانەیش بێگومان بەڵگەی ترن لەسەر شوێنکەوتن و گوێڕایەڵی ئەو زاتەدا.

**ڕووی بیست و حەوت:**

لە بواری ئاشکرا و نومایانکردنی ڕۆڵی پڕ بەها و وەزیفەی گەورە و شایستەی هەمیشەیی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وەك ئەو پەیڕەوەی، کە خودی قورئان هێڵە سەرەکیەکانی بۆ کێشاوە لە ئایەتەکانی: ﴿لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ

كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ﴾ (آل عمران: ١٦٤)، ﴿هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ﴾ (الجمعة: ٢)، دەردەكەوێت بەوپەڕی ڕوونیی، کە وەزیفەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) زۆر فراوانترە لەوەی، کە هەندێك کەس تەصەور و وێنای دەکەن، واتە: جگە لە وەزیفەی خوێندنەوەی قورئان و فێرکردنی ئەحکامی قورئان، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وەزیفەی پاڵفتەکردنی دڵ و دەروونی مسوڵمانانی پێ سپێردراوە، کە بە زانستی تەسەووف و تەزکییە ناسراوە[1]، ئەمەیش وەرگیرانی

---

[1] بۆ شارەزایی زیاتر بۆ توێژەر و خوێنەران لێرەدا چەند دەستەواژەیەك نەقڵ دەکەین لە پێناسە و پرانسیپ و پایە و پێگەی زانستی تەصەووف لە نیگای زانایانی ئیسلامەوە لەو دەستەواژانە: پێشەوا (أبو القاسم القشيری) لە: الرسالة القشيرية (١/ ٣٤) دەڵێت: "اعلموا رحمكم الله تعالى أن المسلمين بعد رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ لم يتسمّ أفاضلهم في عصرهم بتسمية علم سوي صحبة رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ إذ لا فضيلة فوقها، فقيل لهم: الصحابة، ولما أدركهم أهل العصر الثاني سمي من صحب الصحابة التابعين، ورأوا ذلك أشرف سمة، ثم قيل لمن بعدهم أتباع التابعين، ثم اختلف الناس وتباينت المراتب، فقيل لخواص الناس ممن لهم شدة عناية بأمر الدين: الزهاد والعباد، ثم ظهرت البدع وحصل التداعي بين الفرق فكل فريق ادعوا أن فيهم زهادا، فانفرد خواص أهل السنة المراعون أنفاسهم مع الله تعالي الحافظون قلوبهم عن طوارق الغفلة باسم التصوف، واشتهر هذا الاسم لهؤلاء الأكابر قبل المائتين من الهجرة". هەروەها (الحافظ البيهقي) لە (الزهد الكبير)یدا (٢٩٠) ژمارە (٧٥٨) دەڵێت: "أخبرنا الحاكم أبو عبد الله الحافظ قال: سمعت أبا الحسن البوشنجي يقول: "التصوف عندي فراغ القلب، وخلو اليدين، وقلة المبالاة بالأشكال، فأما فراغ القلب ففي قول الله عز وجل: ﴿للفقراء المهاجرين الذين أخرجوا من ديارهم وأموالهم﴾ (الحشر: ٨)، وخلو اليدين لقوله تبارك وتعالي: ﴿الذين ينفقون أموالهم بالليل والنهار سرا وعلانية﴾ (البقرة: ٢٧٤)، وقلة المبالاة في قوله عز وجل: ﴿ولا يخافون لومة لائم﴾". هەروەها پێشەوا (أبوطالب المكي) لە (قوت القلوب في معاملة المحبوب ووصف طريق المريد إلى مقام التوحيد) (١/ ٢٧٢)دا دەڵێت: "وكان الجنيد (رحمه الله) كثيرًا ينشد:

علمُ التصوّفِ علمٌ ليسَ يعرفُه ... إلاّ أخُـو فَطْنَةٍ بالحـقّ معـروفُ
وليسَ يعرفُه مَنْ ليسَ يشهدُه ... وكيف يشْهَدُ ضوءَ الشّمسِ مكفوفُ

هەروەها پێشەوا (حجة الإسلام الغزالي) لە (إحياء علوم الدين) (٢/ ٢٥٠)دا دەڵێت: "وأما التصوف فهو عبارة عن تجرد القلب لله تعالي واستحقار ما سوى الله، وحاصله يرجع إلى عمل القلب والجوارح ".

نزاكەی گەورەمان ئیبراهیمە (درودی خوای لەسەر) كە داوای لە پەروەردگاری كرد وەك دەفەرموێت لە سەر زمانی ئەو: ﴿رَبَّنَا وابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ (البقرة: ١٢٩).

هەروەها وەزیفەی بڵاوكردنەوەی حیكمەتیش، كە زۆرێك لە زانایانی پێشینە سەروەریان پێشەوامان ئیمامی شافیعی بە زانستی (سوننەت لە تەشریعاتی ئیسلامیدا) واتا و لێكداوەنەوە و بەڵگەی ڕاستەوخۆی لە خودی قورئان بۆ هێناوەتەوە، كە لێرەدا تەنها ئاماژە بە (سێ) عیبارەتی دەكەین و نەقڵی دەقی عەرەبییەكەی دەكەین وەك نموونە:

أ- ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) لە (الرسالة في أصول الفقه)دا دەڵێت: "كل ما سنَّ رسول الله مما ليس فيه كتاب، وفيما كتبنا في كتابنا هذا، من ذكرِ ما مَنَّ الله به على العباد من تَعَلُّم الكتاب والحكمة: دليلٌ على أن الحكمة سنة رسول الله. مع ما ذكرنا مما افترض الله على خلقه من طاعة رسوله، وبيَّن من موضعه الذي وضعه الله به من دينه: الدليلُ على أن البيان في الفرائض المنصوصة في كتاب الله من أحد هذه الوجوه. منها: ما أتى الكتاب على غاية البيان فيه، فلم يحتج مع التنزيل فيه إلى غيره. ومنها: ما أتى على غاية البيان في فرضه وافترض طاعة رسوله، فبين رسول الله عن الله كيف فرْضُهُ؟ وعلى من فرْضُهُ؟ ومتى يزول بعضه وَيَثْبُتُ وَيَجِبُ؟ ومنها: ما بينه عن سنة نبيه بلا نص كتاب. وكل شيء منها بيانٌ في الكتاب الله. فكل من قَبِلَ عن الله فرائضه في كتابه: قَبِلَ عن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ سننه بفرْض الله طاعةَ رسوله ـ صلى الله عليه وسلم ـ على خلقه، وأن ينتهوا إلى حكمه، ومن قَبِلَ عن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ، فمن الله قَبِلَ لِمَا افترض الله من طاعته. فيجمع القبول لما في كتاب الله، ولسنة رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: القبولَ لكل واحد منهما عن الله، وإن تفرقت فروع الأسباب التي قُبِل بها

عنهما، كما أحل وحرم، وفرض وحدَّ بأسباب متفرقة، كما شاء جل ثناؤه ﴿لَا يُسْأَلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْأَلُونَ﴾ (الأنبياء: ٢٣)"[1].

ب ـ له شوێنێكی تردا فەرموویەتی: "وقال: ﴿وَأَنزَلَ اللَّهُ عَلَيْكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ، وَعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُنْ تَعْلَمُ، وَكَانَ فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا﴾ (النساء: ١١٣). وقال: ﴿وَاذْكُرْنَ مَا يُتْلَى فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ وَالْحِكْمَةِ. إِنَّ اللَّهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا﴾ (الأحزاب ٣٤). فذكر الله الكتاب، وهو القُرآن، وذكر الحِكْمَة، فسمعتُ مَنْ أَرْضى من أهل العلم بالقُرآن يقول: الحكمة سنة رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ. وهذا يشبه ما قال، والله أعلم. لأن القُرآن ذُكر وأُتْبِعَتْه الحكمة، وذكرَ الله منَّه على خَلْقه بتعليمهم الكتاب والحكمة، فلم يَجُزْ ـ والله أعلم ـ أن يقال الحكمة هاهنا إلا سنةُ رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ. وذلك أنها مقرونة مع كتاب الله، وأن الله افترض طاعة رسوله ـ صلى الله عليه وسلم ـ، وحتَّم على الناس اتباع أمره، فلا يجوز أن يقال لقول: فرضٌ، إلا لكتاب الله، ثم سنة رسوله ـ صلى الله عليه وسلم ـ. لِمَا وصفنا، من أنَّ الله جَعَلَ الإيمان برسوله مقرونًا بالإيمان به. وسنة رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ مُبَيِّنَة عن الله معنى ما أراد، دليلًا على خاصِّه وعامِّه، ثم قرن الحكمة بها بكتابه، فاتبعها إياه، ولم يجعل هذا لأحد من خلقه غير رسوله ـ صلى الله عليه وسلم ـ"[2].

ج ـ هەروەها شافیعی هەمان بۆچوون و بەڵگەكانی هێناوەتەوە لە كتێبی (جماع العلم)دا، بە شێوازی پرسیار و وەڵام، وەڵامی كابرای داوەتەوە كە لە كاتی خۆیدا كردەوەی بە فەرموودەی پێغەمبەری (دروودی خوای لەسەر) ڕەدكردووەتەوە وەك دەڵێت: "باب حكاية قول الطائفة التي ردت الأخبار كلها، قال: الشافعي رحمه الله تعالى: قال: لي قائل ينسب إلى العلم بمذهب أصحابه ... قلت: قال الله عز وجل: ﴿هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ

---

[1] الرسالة في أصول الفقه للإمام الشافعي (١/ ٣٢ـ ٣٣).

[2] الرسالة للإمام الشافعي: (١/ ٧٧ـ ٧٩).

وَالْحِكْمَةَ﴾ (الجمعة: ٢)، قال: فقد علمنا أن الكتاب كتاب الله فما الحكمة؟. قلت: سنة رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ. قال: أفيحتمل أن يكون يعلمهم الكتاب جملة والحكمة خاصة وهي أحكامه؟ قلت: تعني بأن يبين لهم عن الله عز وعلا مثل ما بين لهم في جملة الفرائض من الصلاة والزكاة والحج وغيرها فيكون الله قد أحكم فرائض من فرائضه بكتابه وبين كيف هي لسان نبيه ـ صلى الله عليه وسلم ـ. قال: إنه ليحتمل ذلك. قلت: فإن ذهبت هذا المذهب فهي في معنى الأول قبله الذي لا تصل إليه إلا بخبر عن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ. قال: فإن ذهبت مذهب تكرير الكلام؟ قلت: وأيهم أولى به إذا ذكر الكتاب والحكمة أن يكونا شيئين أو شيئا واحدا. قلت: فأظهرهما أولاهما في القرآن دلالة على ما قلنا وخلاف ما ذهبت إليه[1]. قال: وأين هي؟ قلت: قال: الله عز وجل: ﴿وَاذْكُرْنَ مَا يُتْلَى فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ وَالْحِكْمَةِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا﴾ (الأحزاب: ٣٤). فأخبر أنه يتلى في بيوتهن شيئان. قال: فهذا القرآن يتلى فكيف تتلى الحكمة؟ قلت: إنما معنى التلاوة أن ينطق بالقرآن والسنة كما ينطق بها. قال: فهذه أبين في أن الحكمة غير القرآن من الأولى. وقلت: افترض الله علينا إتباع نبيه ـ صلى الله عليه وسلم ـ. قال: وأين؟ قلت: قال: الله عز وجل: ﴿فَلا وَرَبِّكَ لا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ (النساء: ٦٥). وقال عز وجل: ﴿مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ﴾ (النساء: ٨٠)، وقال: ﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (النور: ٦٣). قال: ما من شيء أولى بنا أن نقوله في الحكمة من أنها سنة رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ ولو كان بعض ما قال: أصحابنا أن الله أمر بالتسليم لحكم رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ وحكمته إنما هو مما أنزله لكان من لم يسلم له أن ينسب إلى التسليم لحكم رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ. قلت: لقد فرض الله عز وجل علينا اتباع أمره فقال: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا

---

[1] جماع العلم للإمام الشافعي (٤ ٧).

نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾ (الحشر: ٧). قال: إنه لبين في التنزيل أن علينا فرضا أن نأخذ الذي أمرنا به وننتهي عما نهانا رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ. قال: قلت: والفرض علينا وعلى من هو من قبلنا ومن بعدنا واحد؟ قال: نعم. قلت: فإن كان ذلك علينا فرضا في اتباع أمر رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ أنحيط أنه إذا فرض علينا شيئا فقد دلنا على الأمر الذي يؤخذ به فرضه؟ قال: نعم. قلت: فهل تجد السبيل إلى تأدية فرض الله عز وجل في اتباع أوامر رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ أو أحد قبلك أو بعدك ممن لم يشاهد رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ إلا بالخبر عن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ؟ وإن في أن لا آخذ ذلك إلا بالخبر لما دلني على أن الله أوجب علي أن أقبل عن رسُول اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ. قال: وقلت: له أيضا يلزمك في ناسخ القرآن ومنسوخه. قال: فاذكر منه شيئا. قلت: قال تعالى: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ إِنْ تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ﴾ (البقرة: ١٨٠). وقال: في الفرائض: ﴿وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِنْ كَانَ لَهُ وَلَدٌ فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ الثُّلُثُ فَإِنْ كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ فَلِأُمِّهِ السُّدُسُ﴾ (النساء: ١١). فزعمنا بالخبر عن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ أن آية الفرائض نسخت الوصية لوالدين والأقربين فلو كنا ممن لا يقبل الخبر فقال: قائل الوصية نسخت الفرائض هل نجد الحجة عليه إلا بخبر عن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ؟ قال: هذا شبيه بالكتاب والحكمة والحجة لك ثابتة بأن علينا قبول الخبر عن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ وقد صرت إلى قبول الخبر لزم للمسلمين لما ذكرت وما في مثل معانيه في كتاب الله وليست تدخلني أنفة من إظهار الانتقال: عما كنتُ أرى إلى غيره، إذا بانت الحجة فيه، بل أتدين بأن عليّ الرجوعُ عما كنت أرى إلى ما رأيت الحق"[1].

[1] جماع العلم (٨ـ ٩).

بۆ زیاتر دڵنیابوون لە تەفسیرەکەی ئیمامی شافیعی بۆ ئایەتی پیرۆزی: ﴿وَاذْكُرْنَ مَا يُتْلَى فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ وَالْحِكْمَةِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا﴾ (الأحزاب: ٣٤)، کە (الحكمة) بە واتای (السنة) هاتووە، لە تەك (آيات الله)، واتە قورئان: وەك یەك فەرمانیان پێکراوە لێرەدا نەقڵی هەندێك لە ڕای پێشەوایانی تەفسیر دەکەین، لەوانە:

أ- پێشەوا (ابن جرير الطبري) لە تەفسیرەکەیدا بە سەنەدی خۆی لە پێشەوا قەتادەوە، کە فەرموویەتی: "قال قتادة في قوله: ﴿وَاذْكُرْنَ مَا يُتْلَى فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ وَالْحِكْمَةِ﴾ (الأحزاب: ٣٤) أي السنة قال: يمتن عليهم بذلك"[١].

ب - پێشەوا (أبو الحسن الواحدى) لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: "﴿وَاذْكُرْنَ مَا يُتْلَى فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ آيَاتِ اللهِ﴾ يعني: القرآن (والحكمة) يعني: السُّنَّة"[٢].

ج - پێشەوا (أبو عبد الله القرطبي) لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: "قال أهل العلم بالتأويل: "آيات الله" القرآن. و "الحكمة" السنة"[٣].

د - پێشەوا (ابن كثير الدمشقي الشافعي) لە تەفسیری ئایەتی پیرۆزی: ﴿وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ (البقرة: ١٢٩) دەڵێت: "وقوله تعالى: (ويعلمهم الكتاب) يعني القرآن، (والحكمة) يعني السنة، قاله الحسن وقتادة ومقاتل بن حيان وأبو مالك وغيرهم"[٤].

---

[١] تفسير الطبري = جامع البيان (١٩/ ١٠٨).

[٢] الوجيز في تفسير الكتاب العزيز للواحدي (٨٦٥).

[٣] تفسير القرطبي (الجامع لأحكام القرآن) (١٤/ ١٨٣).

[٤] تفسير ابن كثير (١/ ٣١٧).

**ڕووی بیست و هەشت:**

خوای گەورە لە ئایەتەکانی سورەتی (النور)دا جەختی لەسەر ڕۆڵی دیاری سوننەتی تەشریعی و فەتوا و قەزاوەت و حوکمی پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر) زۆر بە ڕوونی کردووەتەوە، ئەو خاڵە پڕ بایەخەیشی کردووە بە خاڵی جیاوازیی سەرەکی لە نێوان مسوڵمان بوون و کافربووندا، لە نێوان بەهەشتی و جەهەننەمیدا، ستەمکاری و دادپەروەردیدا، ڕاستەڕێگا و ڕێچکەی چەوت و هەڵدێریدا، بەرەو ڕووی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هاتن و پشت لێکردنی، گەردنکەچی و گوێڕایەڵی و وەرگرتن و دڵ و دەروونپاکی و وەفا و متمانەداری لە بەرانبەر یاخیبوون و سەرپێچیکردن و دڵنەخۆشی ناپاکی و بەدنمەکی و بێ وەفایی و بێ متمانەییدا وەك دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِنْهُمْ مُعْرِضُون * وَإِنْ يَكُنْ لَهُمُ الْحَقُّ يَأْتُوا إِلَيْهِ مُذْعِنِين* أَفِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ أَمِ ارْتَابُوا أَمْ يَخَافُونَ أَنْ يَحِيفَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَرَسُولُهُ بَلْ أُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُون * إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُون * وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَخْشَ اللَّهَ وَيَتَّقْهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَائِزُونَ﴾ (النور: ٤٨ـ ٥٢).

**ڕووی بیست و نۆ:**

لە سورەتی (الأحزاب)دا خودای گەورە ستایشی بڕوادارانی کردووە بەوەی، کە متمانەیان بە وادە و بەڵێنی خودا و پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر) هەیە و تەسدیقی خودا و پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر) دەکەن، بەو پێیەیش فشاری ئەحزاب و کافرەکان جگە لە زیاتربوونی بڕوا و متمانە و تەسلیمبوون بە فەرمانەکانی خودا و پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) هیچ کاریگەرییەکی نەبووە نابێت لەسەریان، وەك دەفەرموێت: ﴿وَلَمَّا رَأَى الْمُؤْمِنُونَ الْأَحْزَابَ قَالُوا هَذَا

مَا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَصَدَقَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَمَا زَادَهُمْ إِلَّا إِيمَانًا وَتَسْلِيمًا﴾ (الأحزاب: ٢٢)، کەواتە: وادە و بەڵێن و تەصدیقکردن و تەسلیمبوون بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وەك وادە و بەڵێن و تەصدیقکردن و تەسلیمبوونە بە خودا، هەروەها جیاکردنەوەیان کوفر و بێباوەڕی و دەرچوون و یاخیبوونە.

**ڕووی سێ:**

دیسان لە سورەتی (الأحزاب)دا خودای گەورە بە دایکانی ئیمانداران (خێزانەکانی) پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕادەگەیەنێت، کە پێویستە لە سەریان خودا و پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) و ڕۆژی ئاخیرەت هەڵبژێرن، ئەوکاتە خودای گەورە پاداشتی نەبڕاوە و گەورەیان پێ دەبەخشێت، وەك دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ كُنْتُنَّ تُرِدْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالدَّارَ الْآخِرَةَ فَإِنَّ اللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَاتِ مِنْكُنَّ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ (الأحزاب: ٢٩)، کەواتە: ویست و مەبەستی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ویست و مەبەستی خودایە (جل جلاله)، گوێڕایەڵی ئەویش گوێڕایەڵی خودایە، تەنانەت لە پاش ئەو ئایەتە خوای گەورە بەرانبەر دایکانی ئیمانداران، وشەی (قنوت)ی بەکارهێناوە بە عەتف لە سەر قونوت و گەردنکەچیی بۆ خودا، وەك دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يَقْنُتْ مِنْكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِ وَتَعْمَلْ صَالِحًا نُؤْتِهَا أَجْرَهَا مَرَّتَيْنِ وَأَعْتَدْنَا لَهَا رِزْقًا كَرِيمًا﴾ (الأحزاب: ٣١). بێگومان قونوت ئەگەر لە ئەصڵدا بە واتای بەندایەتیکردن هاتووە، بەڵام لێرەدا بە نیسبەت پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) مەبەست گوێڕایەڵی تەواوەتی خێزانەکانیەتی بۆی، مەفهومی موخالەفەیش دیسان موعتەبەرە لەم ئایەتانەدا.

**ڕووی سی و یەك:**

لە ئایەتەکانی سەرەتای سورەتی (برائە)دا بەرائەتی خودا و پێغەمبەری خودا (درووودی خوای لەسەر) لە موشریکەکان و پەیمانی ناپاکییان ڕاگەیەندراوە و هەردوو بەرائەتەکەیش پێکەوە لکێندراون، وەك دەفەرموێت: ﴿بَرَاءَةٌ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ إِلَى الَّذِينَ عَاهَدْتُمْ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ (التوبة: ١)، پاشان هەمان بەرائەتی خودا و پێغەمبەرەکەی (درووودی خوای لەسەر) ڕاگەیەندراوە لە ڕۆژی حەجی گەورەدا لە بەرانبەر موشریك و بێباوەڕەکاندا، مەگەر پاشگەز ببنەوە و بڕوایان بە خودا و پێغەمبەرەکەی (درووودی خوای لەسەر) بهێنن و گوێڕایەڵیان ببن بە تەواوی، ئەگەرنا سزای نەبڕاوەی دۆزەخ چاوەڕوانییان دەکات، وەك دەفەرموێت: ﴿وَأَذَانٌ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ إِلَى النَّاسِ يَوْمَ الْحَجِّ الْأَكْبَرِ أَنَّ اللَّهَ بَرِيءٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ وَرَسُولُهُ فَإِنْ تُبْتُمْ فَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ وَإِنْ تَوَلَّيْتُمْ فَاعْلَمُوا أَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِي اللَّهِ وَبَشِّرِ الَّذِينَ كَفَرُوا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ (التوبة: ٢). ئەم بەرائەتانەیش بەمەبەستی جەختکردنەوەیە لەوەی، کە هەرکەسێك پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر) وەرینەگرت بە ئوممەتی خۆی و بەری بوو لێی، ئەوا خودایش (جل جلاله) وەری ناگرێت بە بەندەی خۆی و بەریدەبێت لێی و هەرگیز وەرگیراو نابێت، ئەمەیش بەڵگەیەکی ترە بۆ پێویستی گەردنکەچی و گوێڕایەڵی تەواو بۆ فەرمان و فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا (درووودی خوای لەسەر).

**ڕووی سی و دوو:**

پاشان لە هەمان سورەتدا لێکدان و گرێدانی (خۆشەویستی خودا و پێغەمبەرەکەی) (درووودی خوای لەسەر) بە یەکەوە بە بەکارهێنانی پیتی واوی عاتیفە، بەڵگەیەکی ترە بۆ پێویستی جیانەکردنەوەی خودا و پێغەمبەرەکەی (درووودی خوای لەسەر) لە ئیتاعەت و گوێڕایەڵیدا، کە قورئان بە پێویستی داناوی ـ تەواوی حەزەکانی مرۆڤ ـ و کەس و کارەکانی پشتگوێ بخرێت لە بەرانبەر خودا و پێغەمبەری خودا (درووودی خوای لەسەر) و جیهاد و تێکۆشان لە پێناو دینی

خودادا، وەك دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنْ كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾ (التوبة: ٢٤).

ئاشكرایە كلیلی دەرگای شوێنكەوتن و ئیتاعەت و گوێڕایەڵیش بریتییە لە خۆشەویستی، هەر لەبەرئەوەیشە خۆشەویست (دروودی خوای لەسەر) لە فەرموودەی صەحیحدا فەرموویەتی: "لا يؤمن أحدكم حتى أكون أحب إليه من ولده ووالده والناس أجمعين"[١]، واتە: (باوەڕتان تەواو نابێت یان هەر نابێت ئەگەر منتان لە خۆتان و باوكتان و كوڕوكاڵتان و تەواوی خەڵكی خۆشەویستر نەبێت)، هەروەها لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە: (عن عبد الله بن هشام، قال: كنا مع النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ وهو آخذ بيد عمر بن الخطاب، فقال له عمر: يا رسول الله، لأنت أحب إلى من كل شيء إلا من نفسي، فقال النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "لا، والذي نفسي بيده، حتى أكون أحب إليك من نفسك". فقال له عمر: فإنه الآن، والله، لأنت أحب إلى من نفسي، فقال النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "الآن يا عمر"[٢].

**ڕووی سی و سێ:**

ئایەتی پیرۆزی (٢٩)ی هەمان سورەت بەڵگە و دەقێكی تری ڕوونە، كە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) صەڵاحییەتی حەرامكردنی هەیە و موشەڕریعە لە لایەن خوداوە، واتە: هەر شتێك ئەو حەرامی بكات وەك ئەوە وایە، كە خودا (جل جلاله) حەرامی كردبێت، ئەگەر كەسێكیش بڕوای بە ئەمە نەبێت، ئەوا لە گرووپی بڕواداران دەردەچێت و وەردەگەڕێتەوە، بەپێی مەرج و داڕشتەی شەریعەت جەنگی

[١] متفق عليه من حديث أنس بن مالك (رضي الله عنه) صحيح مسلم (١/ ٦٧) برقم (٤٤)، وصحيح البخاري (١/ ١٢) برقم (١٥).

[٢] صحيح البخاري (٨/ ١٢٩)برقم (٦٦٣٢).

بەرانبەر دەکرێت، مەگەر پاشگەز ببێتەوە یان باجی جیزیە بدات، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ﴾ (التوبة: ٢٩).

**ڕووی سی و چوار:**

پێکەوە گرێدانی ڕەزامەندی و بەخشش و یارمەتی و فەزڵی خودا و پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) بە یەکەوە لە ئایەتی پیرۆزی: ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ رَضُوا مَا آتَاهُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَقَالُوا حَسْبُنَا اللَّهُ سَيُؤْتِينَا اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ وَرَسُولُهُ إِنَّا إِلَى اللَّهِ رَاغِبُونَ﴾ (التوبة: ٥٩)، واتە: (ئەگەر ئەوان ڕازی ببونایە بەو بەشەی، کە خودا و پێغەمبەرەکەی پێیان دەدات و بیانگوتایە بەسمانە ئەوەی خودا و پێغەمبەری خودا پێمان دەدات، ئەوانە ئەوکات بەڕاستی بۆ خودا صوڵحاو دەبوون و ڕەغبەتیان تەنها بۆ لای خودا و ڕەزامەندی ئەو دەبوو). هەروەها پێکەوە گرێدانی دەوڵەمەندکردنی خودا و پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) بۆ بڕواداران هەریەك بە شێوازێك و بە ئیعتیبارێك لە ئایەتی پیرۆزی: ﴿وَمَا نَقَمُوا إِلَّا أَنْ أَغْنَاهُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ مِنْ فَضْلِهِ فَإِنْ يَتُوبُوا يَكُ خَيْرًا لَهُمْ وَإِنْ يَتَوَلَّوْا يُعَذِّبْهُمُ اللَّهُ عَذَابًا أَلِيمًا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَمَا لَهُمْ فِي الْأَرْضِ مِنْ وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ﴾ (التوبة: ٧٤)، بەڵگەی دیکەن بۆ نادروستی نادیدەگرتنی تەشریعاتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە هەڵسوکەوتی دونیایی و ئایینیدا، چونکە هەڵسوکەوتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و فەرموودە و فەرمان و چاکسازییەکانی تێکڕای بە فەرمانی خودایە و پێویستە گوێڕایەڵییان لێ بکرێت، بە پێچەوانەوە ئەوانەی ناڕازیین بەو تەشریعات و حوکم و بڕیارانەی با خۆیان هەڵگرن بۆ سزای توندی پەروەردگار.

**ڕووی سی و پێنج:**

هەروەها پێکەوە گرێدانی درۆکردن بەرانبەر خودا و پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر) لە لایەن درۆزنە ئەعرابە موونافیقەکانەوە لە غەزوەی تەبووکدا، کە خۆیان دواخست و تەخەللوفیان کرد و نەچوون، پاشان لە خزمەت پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) بەهانەی درۆیان دەهێنایەوە، ئەوانە و هاوشێوەکانیان تا ڕۆژی قیامەت سزای سەختی دۆزەخ چاوەڕوانیانە، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿وَجَاءَ الْمُعَذِّرُونَ مِنَ الْأَعْرَابِ لِيُؤْذَنَ لَهُمْ وَقَعَدَ الَّذِينَ كَذَبُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ سَيُصِيبُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (التوبة: ٩٠)[١]، کە بێگومان ئەمەیش بەڵگەیەکی ترە، کە درۆکردن لە خزمەت پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) وەك درۆکردنە لە خزمەت خودای (سبحانه وتعالى)دا هەروەك چۆن تەصدیقکردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) تەصدیقکردنی خودایە (جل جلاله).

**ڕووی سی و شەش:**

پاشان لە هەمان چیرۆکدا قورئانی پیرۆز ڕاسترەوی و دڵسۆزیی بۆ خودا و پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر) لە یەکتر گرێداوە، وەك دەفەرموێت: ﴿لَيْسَ عَلَى الضُّعَفَاءِ وَلَا عَلَى الْمَرْضَى وَلَا عَلَى الَّذِينَ لَا يَجِدُونَ مَا يُنْفِقُونَ حَرَجٌ إِذَا نَصَحُوا لِلَّهِ وَرَسُولِهِ مَا عَلَى الْمُحْسِنِينَ مِنْ سَبِيلٍ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ (التوبة: ٩١)، (إِذَا نَصَحُوا لِلَّهِ ورسوله) وەك پێشەوا (أبو الحسن الواحدی) دەڵێت: "أخلصوا أعمالهم من الغشِّ لهما" واتە: (کردەوەکانیان بە دڵێکی پاك و بێغەش بۆ ڕەزامەندیی خودا و پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر) ئەنجامدابێت)[٢].

---

[١] الوجيز للواحدي (٤٧٦).

[٢] الوجيز للواحدي (٤٧٧).

**ڕووی سی و حەوت:**

لە پێشتریش لە هەمان سورەتدا باسی لەوە فەرمووە، کە ڕاستگۆیی و هەوڵی ڕەزامەندی خودا و پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) و ئەنجامدانی تەوبەی ڕاستەقینە تەنها ئەوە بەسوودە بۆیان ئەگەر بڕواداری ڕاستەقینە بن[1]، وەك دەفەرموێت: ﴿يَحْلِفُونَ بِاللَّهِ لَكُمْ لِيُرْضُوكُمْ وَاللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَقُّ أَنْ يُرْضُوهُ إِنْ كَانُوا مُؤْمِنِينَ﴾ (التوبة: ٦٢).

**ڕووی سی و هەشت:**

هەروەها لە بابەتی بینینی کردەوەی ئوممەت، کە خودا و پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) دەیانبین و گرێدانی ئەو دوو بینینە بە یەکەوە لە ئایەتەکانی: ﴿وَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ (التوبة: ٩٤)، ﴿وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ وَسَتُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ (التوبة: ١٠٥) بەڵگەی ڕاستەوخۆن لەسەر ئەوەی کە: کردەوەکان دەخرێنەوە بەرچاوی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر)، ئەویش بە ئیرادەی خودا ئاگاداری کردەوەکانی ئوممەتەکەیەتی لە دونیا و بەرزەخیدا تا ڕۆژی قیامەت، چونکە هیچ کۆد و قەیدێك نەهاتووە لە ئایەتەکاندا، بۆیە کردەوەکردن پێیان بەڕەهایی دەمێنێتەوە، وەك جومهوری ئوسوڵیەکان باسیان کردووە، چونکە هیچ قەیدێك نەهاتووە هەتا حەملی موتڵەق بخرێتە سەری و عەمەل بە موقەیەدەکە بکرێت[2]،

---

[1] تفسير الطبري (١٤/ ٣٢٩).

[2] لەم بارەوە پێشەوا (أبو الربيع نجم الدين الطوفي الحنبلي) دەڵێت: "إعمال المطلق والمقيد، وإلغاؤهما، وإعمال أحدهما دون الآخر، لكن النزاع في كيفية الجمع بينهما، فنحن نقول: يحمل المطلق على المقيد، وأبو حنيفة يقول بالعمل بالمطلق جوازا، وبالمقيد استحبابا، ولا جرم أنه قال: يصح النكاح بغير ولي، وهو بولي أولى، وكذا عدالة الشهود أولى، وعدمها لا يبطل النكاح، ويحمل قوله: «لا نكاح إلا بولي»، على نفي

وێڕای دەیان فەرموودەی صەحیح کە ناسراون بە (أحاديث عرض الأعمال) و هەندێك لە زانایان کۆیان کردوونەتەوە، لەوانە پێشەوا (جلال الدين السيوطي)[1].

بەو پێیەیش پێگەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەردەکەوێت لە تەشریعاتدا، چونکە تەشریعات ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە کردەوەی ئەهلی تەکلیفەوە هەیە، بێگومان بەرچاوخستنی ئەو کردەوانەیش بۆ ئەوەیە، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکات وەك لەو فەرموودانەدا هاتووە کە ئاماژەمان بۆیانکرد، هەروەها بۆ بەرجەستەبوونی حەقیقەتی شاهیدبوونی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەسەریان کردەوەکانی تەواوی ئوممەتەکەی (دروودی خوای لەسەر)، ئەمەیش لە چەندین دەقی قورئانی پیرۆزدا جەختی لە سەر کراوەتەوە، لەوانە: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا * وَدَاعِيًا إِلَى اللَّهِ بِإِذْنِهِ وَسِرَاجًا مُنِيرًا * وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ بِأَنَّ لَهُمْ مِنَ اللَّهِ فَضْلًا كَبِيرًا﴾ (الأحزاب: ٤٥- ٤٧)، ﴿إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا * لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا﴾ (الفتح: ٨، ٩)، ﴿إِنَّا أَرْسَلْنَا إِلَيْكُمْ رَسُولًا شَاهِدًا عَلَيْكُمْ كَمَا أَرْسَلْنَا إِلَى فِرْعَوْنَ رَسُولًا﴾ (المزمل: ١٥).

### ڕووی سی و نۆ:

دیسان گرێدانی دوژمنایەتیکردنی خودا و پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) پێکەوە لە لایەن بێباوەڕ و دووڕووەکانەوە لە چیرۆکی مزگەوتی (زیرار)دا، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مَسْجِدًا ضِرَارًا وَكُفْرًا وَتَفْرِيقًا بَيْنَ الْمُؤْمِنِينَ

---

الكمال والأولوية، لا على نفي الصحة. ولعمري، إن لمذهبه على هذا التقدير اتجاها": شرح مختصر الروضة (٢/ ٦٣٨).

[1] بنوارە بۆ درێژەی ئەو باسە و ئەو فەرمودانە لە هەر دوو ریسالەکەیدا: (أنباء الأذكياء بحياة الأنبياء) و (اللمعة في أجوبة الأسئلة السبعة) کە لە چاپدراون لە نێوەندی کتێبەکەیدا: (الحاوي للفتاوى (٢/ ١٧٨ فما بعدها) و (٢/ ٢٠٥ فما بعدها).

وَإِرْصَادًا لِمَنْ حَارَبَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ مِنْ قَبْلُ وَلَيَحْلِفُنَّ إِنْ أَرَدْنَا إِلَّا الْحُسْنَى وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ﴾ (التوبة: ١٠٧)، بەڵگەیەكی تره هەم بۆ پێگەی تەشریعیی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، هەم بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی كە دوژمنایەتی فەرموودەكانی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) دوژمنایەتی ڕاستەوخۆی فەرموودەكانی خودایە، چونكە ئەو كۆتا نێردراوی خودایە بۆ تەواوی گرۆهی ئادەمیزاد و جنۆكە، پابەندبوون بەو نێردراوەیشەوە واتە پابەندبوون بەو زاتەوە كە ڕەوانەی كردووە كە خودی (الله)یە (جل جلاله)، پێچەوانەكەیشی واتە پابەندنەبوون بە بەرفەرمانی خودا و شەریعەتەكەی.

**ڕووی چل:**

خودای گەورە، لە زنجیرە ئایەتێكی ڕاشكاو بە بەكارهێنانی دەستەواژەی ڕاستەوخۆی تەئویل هەڵنەگری فەرمووە، كە هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە لەوەی كە گوفتاری خۆشەویست (دروودی خوای لەسەر) بورهان و بەڵگە و حوججەتە و بەشێكە لە نیگا (وەحی)، چونكە لە لایەن پەروەردگارەوە فەرمانی پێدەكرێت و لە خۆیەوە و بە هەوا و ئارەزوو هیچ فەرمان و ڕەفتار و فەرموودەیەك نافەرموێت، تەنانەت لە خەشم و لە كاتی تووڕەییشیدا، وەك لە هەندێك فەرموودەدا هاتووە[1]، ئایەتەكانیش بریتین لە سەرەتاكانی سورەتی (النجم) كە دەفەرموێت: ﴿وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَى * مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَى * وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى * إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى

[1] أخرج الحافظ أبو بكر البزار في مسنده (٦/ ٤٣٧) برقم (٢٤٧٠) عن عمرو بن شعيب، عن أبيه، عن جده (رضي الله عنهم)، أنه قال: يا رسول الله، أكتب منك ما أسمع؟ قال: «نعم» قال: قلت: ما قلت في الرضا والغضب؟ قال: «نعم فإني لا أقول في ذلك كلمة إلا الحق»، وأخرج الحافظ البيهقي بسنده عن الإمام مالك أنه قال: "القدرية شر الناس وأرذلهم، وقرأ قول نوح عليه السلام: ﴿يضلوا عبادك ولا يلدوا إلا فاجرا كفارا﴾، قال مالك: «والأنبياء لا يقولون إلا الحق». القضاء والقدر للبيهقي (٣٢٠) برقم (٥٤٠).

* عَلَّمَهُ شَدِيدُ الْقُوَى﴾ (النجم: ١ـ ٥). هەرچەند هەندێك كەس حەملی كردووەتە سەر تەنها قورئان، بەڵام ڕایەكی لاوازی مەرجوحە لە چەند ڕوویەكەوە:

أ ـ خودا (وما ينطق عن الهوى)ی بەكارهێناوە، كە گشتگیرە لە قورئان و سوننەت بە تایبەت تەشریعاتی قەولی. بە دەلیلی حەصر كە لە دوایەوە هاتووە.

ب ـ ئایەتی (إن هو إلا وحي يوحى) جەخت لە سەر ئەوە دەكاتەوە كە تێكڕای ئەوەی دەیڵێت و ڕوونی دەكاتەوە و ڕادەگەیێنێت لە لایەن خوداوەیە، جا یان وەحیی ڕاستەوخۆیە كە قورئانی پیرۆزە، یان وەحیی ناڕاستەوخۆیە كە سوننەتی تەشریعییە، وەك حەرامكردنی كۆكردنەوەی ژن لە تەك پوریدا (باوكی یان دایكی)، خواردنی گۆشتی گوێدرێژی ئەهلی، ڕۆژوونەگرتن لە جەژنەكانی ڕەمەزان و ڕۆژانی تەشریقدا و نەسخی زۆرێك لە تەشریعاتەكان وەك وەسێت بۆ خزمان و زیارەتنەكردنی گۆڕستان، نیكاحی موتعە و ..هتد، وێڕای ڕوونكردنەوەی تێكڕای فەرزە عەینی و كیفایەتەكان بە تەفصیلێ وەك نوێژ و ڕۆژوو و حەج و زەكات و ..هتد، دەیان شتی تر كە زانایانی ئوسوڵی فیقهی ئیسلامی بە درێژی باسیان لێوە كردووە[1].

ج ـ بەو دەیان بەڵگەی كە لە (چل) ڕووەوە بە ڕیزبەندی خاڵەكانی ڕابووردودا ڕوونمانكردەوە، كە قورئان بۆ خۆی بە واجیبی داناوە ئیتاعەت و گوێڕایەڵی پێغەمبەرەكەی (دروودی خوای لەسەر).

د. بەو چەندین فەرموودە صەحیحەی كە باس لەوە دەكات كە وەك چۆن پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) قورئانی پێبەخشراوە، هەروەها شتێكی تری پێ دراوە، كە سوننەتە و هاوشێوەی قورئانە لە رووی حوجییەت و پێویستی كاركردن پێی، لەو رووەوە تەنانەت (الحافظ جلال الدين السيوطي)، لە وەڵامی پرسیارێكدا

---

[1] بڕوانە: روضة الناظر وجنة المناظر (الأصل الثاني من الأدلة: سنة النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ لابن قدامة المقدسي: (١/ ٢٧٣).). الإحكام في أصول الأحكام للآمدي، الأصل الثاني، في السنة: (١/ ١٦٩).

كه ئايا دروسته به فەرمووده (تەشريعيەكانى) پێغەمبەر (درووودى خواى لەسەر) بگوترێت ئەوانە كەلام و نيگا و وەحى خودان، دەڵێت: بەڵێ، لەو ڕوانگەوە كە پێغەمبەر (درووودى خواى لەسەر) لە خۆيەوە نادوێت، بەڵكو لە خوداوە دەدوێت، چەندين بەڵگەى لە قورئان و سوننەتيشدا هێناوەتەوە، وەك دەڵێت: "وأما (قوله): «هل يجوزُ أنْ يُقال: الأحاديثُ كلامُ الله؟»: فنَعمْ، بمعنى أنَّها مِنْ عند الله، قال تعالى: ﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى * إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى﴾ (النجم: ٣، ٤)، وأخرج أبو داود وابنُ حبَّان في (صحيحه، من حديث (المقدام بن معدي يكرب) ـ رضي الله عنه ـ قال: قال رسولُ الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "ألا إنِّي أوتيتُ الكتابَ وما يعْدِلُهُ، فَرُبَّ شبعان على أريْكَتِهِ يُحَدِّثُ بحديثي، فيقولُ: بيننا وبينكم كتابُ الله، ما كان فيه من حلالٍ، استحللناه، وما كان فيه من حرامٍ، حرمناه، ألَا وإنَّ ما حرَّمَ رسولُ الله مثل ما حرَّم الله"[(١)]. وأخرج أبو داود من حديث (العرباض بن سارية) ـ رضي الله عنه ـ نحوَه، وفيه: "ألا وإنِّي أمَرْتُ، ووَعَظْتُ، ونَهَيْتُ عن أشياءَ، إنها لَمِثْلِ القرآنِ أو أكثر"[(٢)]. وأصْرَحُ من ذلك في المطلوبِ: ما رواه أحمدُ عن أبي أمامة الباهليِّ ـ رضي

---

[١] بڕوانە: سنن أبي داود (٤/ ٢٠٠) برقم (٤٦٠٤)، وصحيح ابن حبان (١/ ١٨٨) برقم (١٢) واللفظ له، وأخرجه أيضا (أحمد) في المسند (٤/ ١٣٢)، والترمذي في السنن (٥/ ٣٨) برقم (٢٦٦٤)، والدارقطني في السنن (٤/ ٢٨٦) برقم (٥٨)، والبيهقي في السنن الكبرى (٩/ ٣٣١)، والدارمي كذلك في السنن (١/ ١٥٣) برقم (٥٨٦).

[٢] فەرموودەكە بە تەواوەتى: عن العرباض بن سارية السلمي ـ رضي الله عنه ـ قال: نزلنا مع النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ خيبر، ومعه مَنْ معه من أصحابه، وكان صاحب خيبر رجلًا ماردًا بنوًا، فأقبل إلى النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ فقال: يا محمدُ" ألكم أن تذبحوا حمرنا، وتأكلوا ثمرنا، وتضربوا نساءنا، فغضب النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ وقال: "يا ابن عوف: اركب فرسك، ثُمَّ ناد: ألا إن الجنة لا تحلُّ إلا لمؤمنٍ، وأنْ اجْتَمِعُوا للصلاة"، قال: فاجتمعوا، ثمَّ صلَّى بهم النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ، ثمَّ قام فقال: "أيحسب أحدكم متكئًا على أريكته، قد يظن أن الله لم يحرم شيئًا إلاّ ما في هذا القرآن، ألا وإني والله قد وَعَظْتُ وأَمَرْتُ ونَهَيْتُ عن أشياءَ، إنها لمثل القرآنِ أو أكثر، وأن الله (عز وجل) لم يحل لكم أن تدخلوا بُيُوت أهل الكتاب إلا بإذن، ولا ضرب نسائهم، ولا أكل ثمارهم، إذا أعطوكم الذي عليهم". ينظر: سنن أبي داود،

اللهُ عنه ـ قال: قال رسولُ الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "ليدخُلَنَّ الجنَّة بشفاعةِ رجلٍ من أمَّتي، مثل الحَيَّيْن (ربيعةَ) و (مُضَرٍ)، فقال رجلٌ يا رسول الله: وما ربيعةُ و مضر؟ فقال: إنَّما أقولُ ما أقولُ"[1]، وإسنادهُ حَسَنٌ. وقال حسّان بن عطية: كانَ (جبريلُ) ينزلُ على النبيِّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ بالسنَّة كما ينزلُ بالقرآن، أخرجه الدَّارمي بإسنادٍ صحيحٍ عنه[2] ـ وهو شاميٌ ثقةٌ، من صغار التَّابعين ـ. ولذلك شواهدُ كثيرةٌ استوعبتُها في القِطعة التي كتبتُها على سُنن ابن ماجه وفيما ذكرناه كفاية"[3].

بەم بەڵگانەی كە ڕابوورد ئاشكرابوو كە جیاكاری لە قورئان و سوننەت لە ڕووی عەمەل و حوكم و ئیتاعەت و گوێڕایەڵییەوە تەواو پێچەوانەی دەیان ئایەتی قورئانی پیرۆزە و خاوەنی پێچەوانەی ئەو بیروباوەڕە، ڕاستەوخۆ بێباوەڕە بە قورئانی پیرۆز، ئەو كات ئەم ئایەتەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت كە قورئان دەرهەق جولەكەكان فەرموویەتی: ﴿أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ فَمَا جَزَاءُ مَنْ يَفْعَلُ ذَلِكَ مِنْكُمْ إِلَّا خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَى أَشَدِّ الْعَذَابِ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ (البقرة: ٨٥)، واتە: (ئایا ئێوە گوێڕایەڵی بەشێك لە قورئان دەبن بە بەشەكەی تریشی كافر و بێ بڕوان دەكەن...؟!).

---

كتاب (الخراج والإمارة والفيء)، باب (في تعشير أهل الذمة إذا اختلفوا بالتجارات) برقم (٣٠٥٠) (٣/ ١٧٠)، ورواه البيهقي أيضا في (السنن الكبرى)، كتاب الجزية، باب (لا يأخذ المسلمون من ثمار أهل الذمة ولا أموالهم شيئًا)، برقم (١٧٤٠٨)، ورواه الطبراني أيضا في (المعجم الأوسط) (باب الميم) برقم (٧٣٥٩).

[1] بڕوانە: مسند الإمام أحمد (٥/ ٢٥٧) برقم (٢٢٢٦٩).

[2] أخرجه الدارمي بسنده عن حَسَّانَ ـ رضي الله عنه ـ بلفظ: كَانَ جبريل يَنْزِلُ على النَّبِيِّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ بِالسُّنَّةِ، كما ينزل عليه بالقرآن. بڕوانە: سنن الدارمي باب: السنة قاضية على كتاب الله، برقم (٥٨٨) (١/ ١٥٣).

[3] الحاوي للفتاوي للسيوطي (١/ ٣٦٠).

## حوكمە شەرعی و شوێنەوارەكانی ئەنجامی نادیدەگرتنی سوننەت لە ڕوانگەی خودی قورئانی پیرۆزەوە:

پاش ئەوەی کە سەلماندمان، لە باسی یەکەمدا، بە دەقەکانی قورئانی پیرۆز، کە نادیدەگرتنی سوننەت وەك بەڵگەی دووەمی تەشریعی ئیسلامی نادیدەگرتنی خودی قورئانە لە (چل) ڕووەوە، پێویستە ئەوەیش بزانین کە حوکمی شەرعی حیسابنەکردن بۆ سوننەت بە گشتی و سوننەتی تەشریعی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەتایبەت، هەروەها ئەو شوێنەوار و کاریگەریە شەرعییانە بزانین کە جێگیر دەبن لە کاتی فەرامۆشکردنی بەڵگە و حوججە و بورهانی سوننەت و سەرپێچیکردن و گوێڕایەڵی نەکردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وەك پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر).

### حوکمە شەرعییەکانی نادیدەگرتنی سوننەت لە ڕوانگەی خودی قورئانەوە

**یەکەم: حوکمی دەرچوون لە ئیسلام (کافر بوون):** بەم بەڵگە قورئانیانە:

١ـ بە ئایەتەکانی سورەتی (النساء) کە بە ڕوونی و ئاشکرا خودا دەفەرموێت: ئەوانەی جیاکاری دەکەن لە گوێڕایەڵی و ئیتاعەتدا لە نێوان خودا و پێغەمبەرەکاندا (سەلامی خوایان لەسەر بێت) بەتایبەت پێغەمبەری ئیسلام (دروودی خوای لەسەر) کە خاتەمی پێغەمبەرانە و سەرپێچیکردنی ئەو سەرپێچیکردنی تەواوی پێغەمبەرانە (سەلامی خوایان لەسەر بێت)، سەرپێچیکردنی ئەوانیش سەرپێچیکردنی خودایە، ئەوەیش کافر بوونە بە تەواوی، وەك دەفەرموێت ﴿أُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقًّا﴾ واتە: (ئەوانە بە بێگومان و بەدڵنیایی کافری موتڵەقن و سزایان جەهەننەمی هەتاهەتاییە). لە هیچ شوێنێکی تردا ئا بەو شێوە جەخت نەکراوەتەوە لە کافر بوون، وەك لەم بابەتەدا، وەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَنْ يُفَرِّقُوا بَيْنَ اللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَنْ يَتَّخِذُوا

بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلًا * أُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقًّا وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُهِينًا * وَالَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَلَمْ يُفَرِّقُوا بَيْنَ أَحَدٍ مِنْهُمْ أُولَئِكَ سَوْفَ يُؤْتِيهِمْ أُجُورَهُمْ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا﴾ (النساء: ١٥٠ـ ١٥٢).

٢ـ له ئایەتێكی دیكەی سورەتی (النور)دا قوئان بە ڕوونی باس لەو كەسانە دەكات، كە لە مەجلیسی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) دەڵێن: بڕوامان بە خودا و پێغەمبەرەكەی (دروودی خوای لەسەر) هەیە و گوێڕایەڵیان دەبین، پاشان كە پشت هەڵدەكەن، لەو وادەی داویانە پەشیمان دەبنەوە و قورئان بەو جۆرە كەسانە دەفەرموێت: (وَمَا أُولَئِكَ بِالْمُؤْمِنِينَ) واتە: (ئەو كەسانە هەرگیز بڕوادار نین)، واتە كافرن، ئەمەیش تەواوی ئایەتەكەیە: ﴿وَيَقُولُونَ آمَنَّا بِاللَّهِ وَبِالرَّسُولِ وَأَطَعْنَا ثُمَّ يَتَوَلَّى فَرِيقٌ مِنْهُمْ مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ وَمَا أُولَئِكَ بِالْمُؤْمِنِينَ﴾ (النور: ٤٧).

٣ـ لە ئایەتەكەی سورەتی (النساء)دا[١] دیسان قورئان باس لەو كەسانە دەكات كە گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەرەكەینی (دروودی خوای لەسەر) و بڕوایان بە ئیجماعی زانایانی ئوممەت هەیە، ئەگەر شتێكیش هاتە پێشەوە و بەڵگەیەكی ڕاستەوخۆی لەسەر نەبوو لە كیتاب و سونەت و ئیجماع، ئەوا كار بە قیاس دەكەن وەك دەفەرموێت: (فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ) واتە: دەیگێڕنەوە بە دەلیلی (قیاس) بۆ هاوشێوەكانی[٢] لە قورئان یان سوننەت، ئەگەر وایان كرد ئەوا بڕوادارن، ئەگەرنا ئەوا بڕوادارنین، بە بەڵگەی مەفهومی (شرط)[٣] لە

---

[١] ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾ (النساء: ٥٩)

[٢] پێشەوا (فخر الدين الرازي) دەڵێت: "إن الصورتين (أي الأصل والفرع) لما اشتركتا في العلة وجب اشتراكهما في الحكم" المحصول للرازي (٢/ ١٤٣).

[٣] پێشەوا (جمال الدين الإسنوي) لە (التمهيد في تخريج الفروع على الأصول) (٢٤٥) دەڵێت: "ذهب الشافعي وجمهور أصحابه إلى أن مفهوم الصفة والشرط حجة أي يدلان على نفي الحكم عند انتفاء الصفة والشرط".

کۆتایی ئایەتەکەدا ﴿إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ﴾، وەك دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾ (النساء: ٥٩)، هەروەها زانایانی ئوسوڵی فیقهی ئیسلامی، سەرمەشقیان شافیعی، ئەم ئایەتەیشیان بە بەڵگە هێناوەتەوە بۆ پێویستی گەڕانەوە بۆ چوار بەڵگە شەرعییە سەرەکیەکە ڕاستەوخۆ، واتە (الكتاب، السنة، الإجماع، القياس)[1].

٤ـ هەروەها بە مەفهومی (شرط) لە ئایەتی پیرۆزی: ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ (الأنفال: ١)، واتە: (گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەر بن (دروودی خوای لەسەر) ئەگەر ئێوە بڕوادارن)، کەواتە کافر نەبوون پەیوەستە بە گوێڕایەڵی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر). بێگومان هیچ جیاوازییەکیش نییە لەو گوێڕایەڵیەدا لە نێوان حاڵی حەیاتی دونیایی و بەرزەخیدا، واتە، پاش وەفاتیشی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هەر پێغەمبەری خودایە و گوێڕایەڵیی هەر دەمێنێت، تا ڕۆژی قیامەت. وەك هەموو سیفەتێکی کەسایەتی و پێغەمبەرایەتی دیکەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، کە باقییە و بە تەنها وەفاتی و دەرچوونی لەم دونیایە هیچ شتێك ناگۆڕدرێت، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) تەنها پێغەمبەری سەحابەکان نەبووە، بەڵکو پێغەمبەری هەموو ئادەمیزاد و جنۆکەیشە تا قیامەت، ئەمەیش کۆدەنگی لەسەرە، بە ئایەتە پیرۆزەکانی: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ﴾ الأنبياء: ١٠٧)، ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ (سبأ: ٢٨)، ﴿تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَى عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا﴾ (الفرقان: ١)، ﴿أُولَئِكَ الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ فَبِهُدَاهُمُ اقْتَدِهْ قُلْ لَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرَى لِلْعَالَمِينَ﴾ (الأنعام: ٩٠)، ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِلْعَالَمِينَ﴾ (ص: ٨٧) (التكوير: ٢٧)، ﴿وَمَا هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِلْعَالَمِينَ﴾ (القلم: ٥٢).

---

[1] بڕوانە: الرسالة للإمام الشافعي (١/ ٨١).

**دووەم: حوكمی (وەرگەڕانەوە) لە ئیسلام:** كە وەردەگیرێت لە دەستەواژەی (فَإِنْ تَوَلَّيْتُمْ) واتە: ئەگەر پاشگەزبوونەوە یان پشتانكردە بەڵێنی سەرپێچی نەكردنتان بۆ ئیتاعەی خودا و پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر)، ئەمەیش لە هەردوو سورەتی (المائدة) و (التغابن)دا قورئان جەختی لە سەر دەكاتەوە، وەك دەفەرموێت: ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَاحْذَرُوا فَإِنْ تَوَلَّيْتُمْ فَاعْلَمُوا أَنَّمَا عَلَى رَسُولِنَا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ﴾ (المائدة: ٩٢) ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّيْتُمْ فَإِنَّمَا عَلَى رَسُولِنَا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ﴾ (التغابن: ١٢).

**سێیەم: حوكمی نیفاق و (دووڕوویی)بوون:** وەك لە ئایەتی پیرۆزی: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا إِلَى مَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ رَأَيْتَ الْمُنَافِقِينَ يَصُدُّونَ عَنْكَ صُدُودًا﴾ (النساء: ٦١)، نومایان دەبێت، واتە: (ئەگەر بە دووڕووەكان بگوترێت وەرن بۆ گوێڕایەڵی ئەوەی كە خودا نازڵی كردووە كە قورئانە، هەروەها وەرن بۆ لای پێغەمبەرەكەی و گوێڕایەڵی ببن، ئەوكات دووڕووەكان دەبینیت نایەنە لای تۆ و بەگوێت ناكەن، ئەو دووڕووانە كێشەیان بە ڕواڵەت لەتەك قورئاندا نییە، بەڵام كێشەیان لەتەك تۆدا هەیە و گوێڕایەڵی تۆ نابن و پشتت تێدەكەن). (رَأَيْتَ الْمُنَافِقِينَ يَصُدُّونَ عَنْكَ صُدُودًا)، ئەم ئایەتە پیرۆزە ئێستا بەرجەستەیە لە بە ناو قورئانیەكاندا، چونكە كێشەیان لەتەك پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و تەشریعاتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و فەرمان و فەرموودەكانی ئەودا هەیە. هەرچەندە ئەم توێژینەوە چەسپاندی كە كێشەیان ڕاستەوخۆ لەتەك قورئانیشدا هەیە و بڕوایان بە زۆرێك لە ئایەتەكانی قورئان نییە، كەواتە نە بڕوایان بە تەواوی بە قورئان هەیە، نە بە سوننەت..!

**چوارەم: حوكمی گومڕا بوون:** قورئان بە دەقێكی ڕۆشن و صەریح جەخت دەكاتەوە كە هەركەسێك سەرپێچی خودا و پێغەمبەرەكەی (دروودی خوای لەسەر)

بکات ئەوا گومڕا بووە بە گومڕابوونێکی ئاشکرا و زەق، وەك دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُبِينًا﴾ (الأحزاب: ٣٦).

بەم شێوازە ڕوونبوویەوە کە حوکمی گوێڕایەڵی نەکردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کوفرە، دووڕوویيە، وەرگەڕانەوەیە، گومڕاییە و دەرچوونە لە بازنەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ـ خوا پەنامان بدات ـ وەك پێشەوا (جلال الدين السيوطي) دەڵێت: "بزانن (ڕەحمەتی خوداتان لێ بێت) ، کە هەرکەسێك ئینکاری ئەوە بکات کە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ـ گوتەبێت یان کردەوە بەو مەرجانەی کە لە بنەماکاندا هاتووە ـ بەڵگە بێت، ئەوا کافر دەبێت و لە بازنەی ئیسلام دەچێتە دەرەوە، لەگەڵ جولەکە و گاورەکاندا حەشر دەکرێت، یان هەر گرووپێکی کافری تر کە خودا بیەوێت، دەگێڕنەوە لە پێشەوا شافیعییەوە کە ڕۆژێکیان فەرموودەیەکی پێغەمبەری ڕیوایەت دەکرد، پاشان فەرمووی: "ئەم فەرموودە ڕاست و دروستە"، کەسێك لە خزمەتیدا بوو گوتی: ئەی ئەبو عەبدوڵلا: ئایا کردەوەی پێی دەکەیت؟ پێشەوا شافیعی زۆر کاریگەر بوو بە پرسیارەکەی کابرا و پێی تێکچوو، پاشان گوتی پێی: ئەرێ تۆ من بە گاور دەزانیت؟ وا دەزانی من لە کەنیسەوە دێمەوە؟ ئایا هیچ زوننار و پشتوێنێکی گاورەکانم لە کەمەر بەستووە؟ ئایا وا دەزانی کە من فەرموودەیەکی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕیوایەت بکەم و پاشان کردەوەیشی پێ نەکەم! ؟"[1]

ئەوانەیش کە بەڵگە دەهێننەوە بەو ڕیوایەتە لاوازەی گوایە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرموویێتی: "هەرکات فەرموودەیەکتان پێگەیشت ئەوا بیخەنە بەر قورئان، ئەگەر لێکی گرتەوە لە تەکیدا کردەوەی پێ بکەن، ئەگەرنا وازی لێ بهێنن"، (الحافظ جلال الدين السيوطي) لە (الحافظ أبي بكر البيهقي)ەوە ڕیوایەتی کردووە لە کتێبی (المدخل الصغير)دا، کە ئەو حەدیسە باتڵە و هیچ سەنەدێکی

---

[1] مفتاح الجنة في الاحتجاج بالسنة للإمام السيوطي (٥، ٦).

ڕاستی نییه و پێچەوانەی خۆیەتی، چونکه له قورئاندا هیچ ئاماژەیەك نییه بۆ ڕووبەڕووکردنەوەی فەرموودە و قورئان[1]. توێژەریش دەڵێت: جگه لەوەی که سەنەدی ڕیوایەتەکه لاوازه و مەجهولی تێدایه، باشه خۆ بەناو قورئانیەکان بڕوایان تەنانەت به فەرموودەی ڕاست و سەحیحیش نییه، ئیتر خێره لێرەدا بەڵگه به فەرموودەی لاواز دەهێننەوە؟!

**شوێنەوار و کاریگەرییه شەرعییەکان که جێگیر دەبن له کاتی فەرامۆشکردنی بەڵگـەی سوننەت و سەرپێچیکردن و گوێڕایەڵی نەکردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر):**

شوێنەوارە شەرعییەکان به پێی بەدواداچوونی توێژەر له نۆ خاڵدا خۆی دەنوێنێت:

**خاڵی یەکەم:** سەرپێچیکردن و ناگوێڕایەڵی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) واته گومڕایی و ونکردنی ڕێگەی هیدایەت و ڕزگاری به دەقی: (وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ): ئێوه شوێنی ئەو پێغەمبەره (دروودی خوای لەسەر) بکەون له هەموو ڕەفتار و کردار و گوفتارێکیدا، بەڵکو بەو هۆیەوە هیدایەت وەرگرن، وەك دەفەرموێت: ﴿فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الْأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ (الأعراف: ١٥٨).

**خاڵی دووەم:** هەروەها له ئایەتەکەی سورەتی (النور)یشدا به ڕوونی باسی لەوە فەرمووە: (وَإِنْ تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا)، واته: هەرکات خەڵکی گوێڕایەڵی ئەو بوون (دروودی خوای لەسەر) تەنها ئەو وەختە هیدایەتیان وەرگرتووە، پاشان دەفەرموێت: پێویستیش ناکات ئەی خۆشەویست هێندە لەگەڵیان بلێیت، چونکه تەنها گەیاندنی ئاشکرا و ڕوونت لەسەرە، نەك زۆر و پێداگرتن و خۆماندووکردن،

---

[1] مفتاح الجنة (١٠).

وەك دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ﴾ (النور: ٥٤).

**خاڵی سێیەم:** بە گوێنەکردن و گوێڕایەڵی نەکردنی خۆشەویست (دروودی خوای لەسەر) دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوە و بەتاڵبوونەوەی تەواوی کردەوە چاکەکانی مرۆڤی باوەڕدار، بە دەقی ئایەتی پیرۆزی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَلَا تُبْطِلُوا أَعْمَالَكُمْ﴾ (محمد: ٣٣).

**خاڵی چوارەم:** فەرامۆشکردنی سوننەت بە واتا ئوصولّیەکەی، یان گوێڕایەڵی نەکردنی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) بە واتا گشتییەکەی، واتە: مانەوەی هەتاهەتایی لە جەهەننەمدا (خودا پەنامان بدات)، بە دەقی مەنتوقی ئەم ئایەتە پیرۆزانە: ﴿وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَارًا خَالِدًا فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُهِينٌ﴾ (النساء: ١٤)، ﴿وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَإِنَّ لَهُ نَارَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا﴾ (الجن: ٢٣)، ﴿أَلَمْ يَعْلَمُوا أَنَّهُ مَنْ يُحَادِدِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَأَنَّ لَهُ نَارَ جَهَنَّمَ خَالِدًا فِيهَا ذَلِكَ الْخِزْيُ الْعَظِيمُ﴾ (التوبة: ٣). هەروەها بە مەفهومی ئایەتی پیرۆزی: ﴿تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ (النساء: ١٣).

**خاڵی پێنجەم:** شوێن نەکەوتن و بەگوێ نەکردن و گوێڕایەڵی نەکردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) واتە دوورکەوتنەوە لە ڕەحمەت و بەزەیی خودا (جل جلاله)، ئەوەیش دەبێتە هۆی سەرگەردانی و گومڕابوون و سزای هەتاهەتایی جەهەننەم، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ (النور: ٥٦).

**خاڵی شەشەم:** بە پێی مەرج و داڕشتە شەرعییەکان دروستی کوشتنی ئەو موشریکانەی کە خۆیان بە ئەهلی کیتاب دەزانن و لە ژێر سایەی ئیسلامدان پارێزراون لە لایەن مسوڵمانانەوە، کە بڕوایان نییە بە حەرامبوونی تەواوی ئەو

شتانەی کە خودا و پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) حەرامی کردوون و بڕوایان بە ڕۆژی ئاخیرەت نییە، مەگەر باجی جیزیە بدەن، بەڵام ئەم حوکمە هەروا ڕەها و بێ دارشتە نییە، بەڵکو پێویستی بە مەرج و داڕشتە شەرعییەکانی خۆی هەیە، تەنانەت ئەمان لەتەك موشریکانی بتپەرستدا لە حوکمدا جیاوازن و لە سەرچاوە فیقهیەکاندا باسکراوە[1]. بێگومان ئەم حوکمەیش بە دەقی پیرۆز و موحکەمی: (وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ) کە لە ئایەتی پیرۆزی (التوبة)دا هاتووە، کە دەفەرموێت: ﴿قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ﴾ (التوبة: ٢٩).

**خاڵی حەوتەم:** جێبەجێکردنی حوکمی حیرابە و چەتە و ڕێگران[2] بە سەر ئەو کەسانەدا، کە دوژمنایەتی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) دەکەن بەوەی کە گوێڕایەڵ نابن بۆ فەرموودە و تەشریعاتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، چونکە لە ئایەتەکەی سورەتی (المائدة)دا قورئان دوژمنکاری خودا و پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر)ی پێکەوە گرێدراون، بە دەقی (يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ)، مەگەر تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە پێش ئەوەی کارلەکار بترازێت، وەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ أَوْ يُنْفَوْا مِنَ الْأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي

---

[1] بڕوانە: الرسالة للشافعي (١/ ٣٦٢)، الأم للإمام الشافعي (٤/ ١٨٢) بداية المجتهد ونهاية المقتصد لابن رشد الحفيد (٢/ ١٥١) المجموع شرح المهذب: للإمام النووي (٢٨٧/١٩)، المغني لابن قدامة: (٩/ ٢١٢). الحاوي الكبير للماوردي: (١٤/ ٢٨٢).

[2] بڕوانە: الأم للإمام الشافعي (حد قاطع الطريق): (٦/ ١٦٤)، بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع للكاساني الحنفي: (٩٣/٧)، بداية المجتهد ونهاية المقتصد لابن الرشد الحفيد المالكي: (٤/ ٢٣٨)، المغني لابن قدامة الحنبلي: (٩/ ١٤٤).

الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ * إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا مِنْ قَبْلِ أَنْ تَقْدِرُوا عَلَيْهِمْ فَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ (المائدة: ٣٣، ٣٤).

**خاڵی هەشتەم:** هەندێك لە ئەحكامی یەهوودیش جێبەجی دەبێت لەسەر بەناو قورئانییەكان، چونكە ئەوانیش وەك ئەمان یان ئەمانیش وەك ئەوان، سیاسەتی هەڵبژاردنی دەقەكان (سياسة انتقاء النصوص) پەیڕەو دەكەن، ئەوەتا جولەكەكان هەرشتێك لە بەرژەوەندییان نەبووبێت لە قورئاندا ڕەدیان كردووەتەوە و پشتگوێیان خستووە، بۆیە قورئان دەرهەقیان فەرموویەتی: ﴿أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ فَمَا جَزَاءُ مَنْ يَفْعَلُ ذَلِكَ مِنْكُمْ إِلَّا خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَى أَشَدِّ الْعَذَابِ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ (البقرة: ٨٥)، ناقورئانیەكانیش تەواوی ئەو ئایەتانەی باسی پێویستیی گوێڕایەڵی و ئیتاعە و شوێنكەوتن و بەگوێكردنی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) دەكات ناڕاستەوخۆ بڕوایان پێی نییە و بەرهەڵستی دەوەستنەوە لەو ڕووەوە كە كردەوەی پێ ناكەن و ڕووبەڕووی فەرموودەكانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەبنەوە، كەواتە هەمان چارەنووس چاوەڕێی هەردوولایان دەكات كە ڕسوابوونی دونیا و قیامەتە، وەك لە ئایەتەكەدا هاتووە.

**خاڵی نۆیەم:** گوێڕایەڵی نەكردنی پێغەمبەران بە گشتی و پێغەمبەری خۆمان بەتایبەت (سەلامی خوایان لەسەر بێت)، دەبێتە هۆی هاتنەخوارەوەی خەشم و قەهری خودا، ئەوەیش سوننەتێكی كەونیی پەروەردگارە ـ خودا پەنامان بدات ـ، خودا هەڕەشەی لە بەندەكانی كردووە و وەبیریان دەهێنێتەوە كە ئوممەتانی پێشوو بەوە فەوتان كە گوێڕایەڵی فەرمانەكانی خودا و پێغەمبەرەكانیان نەبوون، بۆیە ڕێنومایی دەفەرموێت لە ڕووی بەزەیی و میهری خۆیەوە، كە پێویستە لەسەر ئوممەتی كۆن و تازەمان هەمان هەڵەی گەورەی ئەوان دووبارە نەكەنەوە، چونكە بە هەمان چارەنووسی ترسناك دەگەن، وەك دەفەرموێت: ﴿وَكَأَيِّنْ مِنْ قَرْيَةٍ عَتَتْ

عَنْ أَمْرِ رَبِّهَا وَرُسُلِهِ فَحَاسَبْنَاهَا حِسَابًا شَدِيدًا وَعَذَّبْنَاهَا عَذَابًا نُكْرًا * فَذَاقَتْ وَبَالَ أَمْرِهَا وَكَانَ عَاقِبَةُ أَمْرِهَا خُسْرًا * أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا فَاتَّقُوا اللَّهَ يَاأُولِي الْأَلْبَابِ الَّذِينَ آمَنُوا قَدْ أَنْزَلَ اللَّهُ إِلَيْكُمْ ذِكْرًا * رَسُولًا يَتْلُو عَلَيْكُمْ آيَاتِ اللَّهِ مُبَيِّنَاتٍ لِيُخْرِجَ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَمَنْ يُؤْمِنْ بِاللَّهِ وَيَعْمَلْ صَالِحًا يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا قَدْ أَحْسَنَ اللَّهُ لَهُ رِزْقًا﴾ (الطلاق: ٨ـ ١١). ئێستایش کە ئەم هەموو نەهامەتی و موسیبەت و داماویەی بە سەر خەڵکیدا هاتووە، زۆربەی بە هۆی گوێڕایەڵی نەکردنی فەخری عالەمەوەیە و دورکەوتنەوەی خەڵکییە بە گشتی لە سوننەتەکانی (دروودی خوای لەسەر)، واتە شوێنکەوتنی ناقورئانیەکان ڕاکێشەری قەهر و خەشمی پەروەردگارە ـ خودا پەنامان بدات ـ.

# کۆتایی

یەکێك لە مەترسیترینی دەرەنجامەکانی نادیدەگرتنی بەڵگەی سوننەت بریتیە لە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی متمانەی مسوڵمانان بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و بەڵگە شەرعییەکان، لە سەرووی هەموویشیانەوە خودی قورئانی پیرۆز. ئەوانەی دەڵێن: تەنها قورئان، مەبەستیانە کە قورئان بێ متمانە بکەن و لە ئاکامدا ئایینی ئیسلام هەڵوەشێننەوە و لەناوی بەرن، چونکە ئەوە خودی دەقەکانی قورئانە کە متمانەی بەخشیوە بە بەڵگە تەشریعیەکانی سوننەت و بە حوججەتی داناوە لە (چل) رووەوە وەك سەلماندمان.

ملکەچبوون و پابەندبوون بە بەڵگەی دووەمی تەشریعاتی ئیسلامی، کە فەرموودەکانی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر) پابەند بوونە بە قورئانەوە، چونکە سوننەت حوججەتی دووەمە لای زانایانی ئیسلام بە تێکڕا و واجبە شوێنکەوتنی. وەختێك دەتوانین بڵێین قورئان جێبەجێ دەکەین، کە چاو لەو سەرداره (دروودی خوای لەسەر) بکەین و شوێنی بکەوین و فەرموودەکانی جێبەجێ بکەین، چونکە تەنها ئەوە کە توانیویەتی بە باشترین شێواز قورئانی پیرۆز بەرجەستە بکات لە هەڵسوکەوت و ڕەفتار و کرداریدا و بە تەواوی جێبەجێی بکات.

هەرگیز خۆشەویستی خودا بە دەست نایەت بەبێ شوێنکەوتنی پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر)، تەنانەت محەبەتی پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر) بە تەنها بانگەشە و دەربڕین نابێت، بەڵکو ڕاستی ئەو دەعوایە لە شوێنکەوتنی خودی ئەو زاتەدا و ڕەفتارکردن و پابەندبوون بە سوننەتەکانی بەرجەستە و نومایان

دەبێت. قورئان لە زۆرێك لە ئایەتەكانیدا جەختی لەوە كردووەتەوە و موژدەی داوە كە شوێنكەوتووان و گوێڕایەڵانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) سەرفرازن لە قیامەتدا و لە ئەهلی بەهەشتی بەرینی پەروەردگارن، بەپێچەوانەیشەوە، بێگومان لە ئەهلی دۆزەخ دەبن.

گرێدانی هەردوو چەمكی گوێڕایەڵی و شوێنكەوتنی خودا و پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) بە پیتی عەتفی (واو) پێكەوە و دوبارەكردنەوەی كردارەكەیش لە دەیان جێگەدا لە قورئانی پیرۆزدا مانا و مەغزا و مەبەستی زۆر گرنگی تیادایە، لەوانە جەمع لە نێوان (معطوف) و (معطوف علیه) لە واتادا، هەروەها تەسویە و یەكسانكردن لە حوكمدا، هەروەها موغایەرە و جیاوازیی لە نێوان مەعتوف و مەعتوف عەلەیهیدا، واتە: بۆیە قورئان پیتی عەتفی واوی بەكارهێناوە بۆ ئەوەی بزاندرێت كە بە تەنها گوێڕایەڵی خودا كیفایەت نییە، بەڵكو گوێڕایەڵی پێغەمبەرەكەیشی (دروودی خوای لەسەر) پێویست و واجبە. لە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆزدا باسی لەوە فەرمووە كە بەزەیی پەروەردگار و هیدایەت و بەخشینی و بەهەشت و دوورخستنەوەی بەندەكانی لە دۆزەخ و... هتد، تەنها بۆ ئەوانەیە كە شوێنكەوتە و گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەرن (دروودی خوای لەسەر)، قورئانی پیرۆز شوێنكەوتنی خودا و پێغەمبەرەكەی (دروودی خوای لەسەر) بە پلەی یەكەم داناوە، پاشان: لە خوداترسان و تەقوای باسكردووە، بێگومان ئەمەیش واتایەكی زۆر گرنگ دەبەخشێت.

# سەرچاوەکان


١. القرآن الكريم

٢. الإحكام في أصول الأحكام، أبو الحسن سيد الدين علي بن أبي علي بن محمد بن سالم الثعلبي الآمدي (ت ٦٣١هـ)، تحقيق: عبد الرزاق عفيفي، المكتب الإسلامي، بيروت ـ دمشق ـ لبنان.

٣. إحياء علوم الدين، أبو حامد حجة الإسلام محمد بن محمد الغزالي الطوسي (ت ٥٠٥هـ)، دار المعرفة، بيروت ـ لبنان.

٤. أخبار مكة في قديم الدهر وحديثه، أبو عبد الله محمد بن إسحاق بن العباس المكي الفاكهي (ت ٢٧٢هـ)، تحقيق: د. عبد الملك عبد الله دهيش، ط٢، دار خضر ـ بيروت، ١٤١٤هـ.

٥. الإيضاح في علوم البلاغة، للإمام محمد بن عبد الرحمن بن عمر، أبي المعالي، جلال الدين القزويني الشافعي، المعروف بخطيب دمشق (ت ٧٣٩هـ)، تحقيق: محمد عبد المنعم خفاجي، دار الجيل، بيروت ـ لبنان.

٦. بداية المجتهد ونهاية المقتصد، أبو الوليد محمد بن أحمد بن محمد بن أحمد بن رشد القرطبي الشهير بابن رشد الحفيد (ت ٥٩٥هـ)، دار الحديث ـ القاهرة، ١٤٢٥هـ/ ٢٠٠٤م.

٧. بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع: علاء الدين، أبو بكر بن مسعود بن أحمد الكاساني الحنفي (ت ٥٨٧هـ)، ط٢، دار الكتب العلمية، ١٤٠٦هـ/ ١٩٨٦م.

٨. البرهان في أصول الفقه، عبد الملك بن عبد الله بن يوسف بن محمد الجويني، أبو المعالي، ركن الدين، الملقب بإمام الحرمين (ت ٤٧٨هـ)، تحقيق: صلاح بن محمد بن عويضة، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ١٤١٨هـ/ ١٩٩٧م.

٩. تاج العروس من جواهر القاموس، للمحدث اللغوي محمّد بن محمّد بن عبد الرزّاق الحسيني، أبي الفيض، الملقّب بمرتضى، الزَّبيدي (ت ١٢٠٥هـ)، تحقيق: مجموعة من المحققين، دار الهداية ـ بيروت.

١٠. تفسير الطبري: جامع البيان عن تأويل آي القرآن، محمد بن جرير بن يزيد بن كثير بن غالب الآملي، أبو جعفر الطبري (ت ٣١٠هـ)، تحقيق: الدكتور عبد الله بن عبد المحسن التركي، بالتعاون مع مركز البحوث والدراسات الإسلامية بدار هجر الدكتور عبد السند حسن يمامة، ط١: دار هجر للطباعة والنشر والتوزيع والإعلان، ١٤٢٢هـ/ ٢٠٠١م. وأخرى تحقيق: أحمد محمد شاكر، ط١، مؤسسة الرسالة، ١٤٢٠هـ/ ٢٠٠٠م.

١١. تفسير القرآن العظيم (ابن كثير)، أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي البصري ثم الدمشقي (ت ٧٧٤هـ)، تحقيق: محمد حسين شمس الدين، ط١، دار الكتب العلمية، منشورات محمد علي بيضون ـ بيروت، ١٤١٩هـ.

١٢. التلخيص الحبير في تخريج أحاديث الرافعي الكبير، للحافظ أبي الفضل أحمد بن علي بن محمد بن أحمد بن حجر العسقلاني (ت ٨٥٢هـ)، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٤١٩هـ./ ١٩٨٩م.

١٣. التمهيد في تخريج الفروع على الأصول، الإمام عبد الرحيم بن الحسن بن علي الإسنوي الشافعيّ، أبو محمد، جمال الدين (ت ٧٧٢هـ)، تحقيق: د. محمد حسن هيتو، ط١: مؤسسة الرسالة ـ بيروت، ١٤٠٠هـ.

١٤. الجامع الكبير ـ سنن الترمذي، الإمام محمد بن عيسى بن سَوْرة بن موسى بن الضحاك، الترمذي، أبو عيسى (ت ٢٧٩هـ)، تحقيق: بشار عواد معروف، دار الغرب الإسلامي، بيروت ـ لبنان، ١٩٩٨م.

١٥. الجامع لأحكام القرآن = تفسير القرطبي: أبو عبد الله محمد بن أحمد بن أبي بكر بن فرح الأنصاري الخزرجي شمس الدين القرطبي (ت ٦٧١هـ)، تحقيق: أحمد البردوني وإبراهيم أطفيش، ط٢، دار الكتب المصرية ـ القاهرة، ١٣٨٤هـ/ ١٩٦٤م.

١٦. جماع العلم، الشافعي أبو عبد الله محمد بن إدريس بن العباس بن عثمان بن شافع بن عبد المطلب بن عبد مناف المطلبي القرشي المكي (ت ٢٠٤هـ)، الناشر: دار الأثار، ط١، ١٤٢٣هـ/ ٢٠٠٢م.

١٧. الحاوي الكبير في فقه مذهب الإمام الشافعي وهو شرح مختصر المزني، أبو الحسن علي بن محمد بن محمد بن حبيب البصري البغدادي، الشهير بالماوردي (ت ٤٥٠هـ)،

تحقيق: الشيخ علي محمد معوض ـ الشيخ عادل أحمد عبد الموجود، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ١٤١٩هـ/ ١٩٩٩م.

١٨. الحاوي للفتاوي، الإمام عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي (ت ٩١١هـ)، دار الفكر، بيروت ـ لبنان، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٤م.

١٩. الدرر المنتثرة في الأحاديث المشتهرة، للحافظ عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي (ت ٩١١هـ)، تحقيق: د. محمد بن لطفي الصباغ، عمادة شؤون المكتبات، جامعة الملك سعود، الرياض ـ السعودية.

٢٠. الرسالة القشيرية، أبو القاسم عبد الكريم بن هوازن بن عبد الملك القشيري (ت ٤٦٥هـ)، تحقيق: الإمام د. عبد الحليم محمود، د. محمود بن الشريف، دار المعارف، القاهرة ـ مصر.

٢١. الرسالة، الشافعي أبو عبد الله محمد بن إدريس بن العباس بن عثمان بن شافع بن عبد المطلب بن عبد مناف المطلبي القرشي المكي (ت ٢٠٤هـ)، تحقيق: أحمد شاكر، ط١، مكتبه الحلبي، مصر، ١٣٥٨هـ/ ١٩٤٠م.

٢٢. الروابط المعنوية بين نبيّ الرَّحمة وأفراد الأمَّة وآثارُها في حياته الدنيوية والبرزخيّة والأخروية ـ دراسة عقدية سلوكية في فقه الكتاب والسنة، (أ.م.د. حسن خالد مصطفى المفتي)، ط١، أربيل ـ كردستان، ٢٠١٦م.

٢٣. روضة المحبين ونزهة المشتاقين، شمس الدين محمد بن أبي بكر بن أيوب بن سعد ابن قيم الجوزية (ت ٧٥١هـ)، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ١٤٠٣هـ/ ١٩٨٣م.

٢٤. روضة الناظر وجنة المناظر في أصول الفقه على مذهب الإمام أحمد بن حنبل، أبو محمد موفق الدين عبد الله بن أحمد بن محمد بن قدامة الجماعيلي المقدسي ثم الدمشقي الحنبلي، الشهير بابن قدامة المقدسي (ت ٦٢٠هـ)، مؤسسة الريّان للطباعة والنشر والتوزيع، ط٢، ١٤٢٣هـ/ ٢٠٠٢م.

٢٥. سنن أبي داود، الإمام أبو داود سليمان بن الأشعث بن إسحاق بن بشير بن شداد بن عمرو الأزدي السِّجِسْتاني (ت ٢٧٥هـ)، تحقيق: محمد محيي الدين عبد الحميد، المكتبة العصرية، صيدا ـ بيروت ـ لبنان.

٢٦. سنن الدارقطني، أبو الحسن علي بن عمر بن أحمد بن مهدي بن مسعود بن النعمان بن دينار البغدادي الدارقطني (ت ٣٨٥هـ)، حققه وضبط نصه وعلق عليه: شعيب الارنؤوط، حسن عبد المنعم شلبي، عبد اللطيف حرز الله، أحمد برهوم، ط١، مؤسسة الرسالة، بيروت ـ لبنان، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٤م.

٢٧. السنن الكبرى، أبو بكر أحمد بن الحسين بن علي بن موسى الخُسْرَوْجِردي الخراساني، البيهقي (ت ٤٥٨هـ)، تحقيق: محمد عبد القادر عطا، ط٣، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٣م.

٢٨. شرح مختصر الروضة (روضة الناظر لابن قدامة)، أبو الربيع، سليمان بن عبد القوي بن الكريم الطوفي الصرصري، نجم الدين (ت ٧١٦هـ)، تحقيق: عبد الله بن عبد المحسن التركي، مؤسسة الرسالة، ط١، ١٤٠٧هـ/ ١٩٨٧م.

٢٩. شعب الإيمان، أبو بكر أحمد بن الحسين بن علي بن موسى الخُسْرَوْجِردي الخراساني، البيهقي (ت ٤٥٨هـ)، حققه وراجع نصوصه وخرج أحاديثه: د. عبد العلي عبد الحميد حامد، أشرف على تحقيقه وتخريج أحاديثه: مختار أحمد الندوي، صاحب الدار السلفية، ببومباي ـ الهند، مكتبة الرشد للنشر والتوزيع بالرياض بالتعاون مع الدار السلفية ببومباي بالهند، ط١، ١٤٢٣هـ/ ٢٠٠٣م.

٣٠. صحيح البخاري: الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ وسننه وأيامه، الإمام محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري الجعفي، تحقيق: محمد زهير بن ناصر الناصر، ط١، دار طوق النجاة (مصورة عن السلطانية بإضافة ترقيم ترقيم محمد فؤاد عبد الباقي)، ١٤٢٢هـ.

٣١. صحيح مسلم المسند الصحيح المختصر بنقل العدل عن العدل إلى رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ، الإمام مسلم بن الحجاج أبو الحسن القشيري النيسابوري (ت ٢٦١هـ)، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي، بيروت ـ لبنان.

٣٢. الطبقات الكبرى، للحافظ محمد بن سعد بن منيع أبي عبدالله البصري الزهري، المحقق: إحسان عباس، ط١، دار صادر ـ بيروت، ١٩٦٨م.

٣٣. عروس الأجزاء، لأبي الفَرَجِ مسعود بن الحسن الثَّقَفِيُّ الأَصْبَهَانِيُّ (ت ٥٦٢هـ)، تحقيق: محمد صباح منصور، ط١، دار البشائر الإسلامية، بيروت، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٣م.

٣٤. علم المعاني: عبد العزيز عتيق (ت ١٣٩٦هـ)، ط١: دار النهضة العربية للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت ـ لبنان، ١٤٣٠هـ/ ٢٠٠٩م.

٣٥. الفردوس بمأثور الخطاب، للحافظ شيرويه بن شهردار بن شيرويه بن فناخسرو، أبي شجاع الديلميّ الهمذاني (ت ٥٠٩هـ)، تحقيق: السعيد بن بسيوني زغلول، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٤٠٦هـ/ ١٩٨٦م.

٣٦. فضل الصلاة على النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ، للقاضي أبي إسحاق إسماعيل بن إسحاق بن إسماعيل بن حماد بن زيد الأزدي البصري ثم البغدادي المالكي الجهضمي (ت ٢٨٢هـ)، تحقيق: محمد ناصر الدين الألباني، ط٣، المكتب الإسلامي ـ بيروت، ١٣٩٧هـ.

٣٧. الفقيه والمتفقه، أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت بن أحمد بن مهدي الخطيب البغدادي (ت ٤٦٣هـ)، تحقيق: أبو عبد الرحمن عادل بن يوسف الغرازي، ط٢، دار ابن الجوزي ـ السعودية، ١٤٢١هـ.

٣٨. القضاء والقدر، الإمام أحمد بن الحسين بن علي بن موسى الخُسْرَوْجِردي الخراساني، أبو بكر البيهقي (ت ٤٥٨هـ)، تحقيق: محمد بن عبد الله آل عامر، ط١: مكتبة العبيكان، الرياض ـ السعودية، ١٤٢١هـ/ ٢٠٠٠م.

٣٩. قواطع الأدلة في الأصول، أبو المظفر، منصور بن محمد بن عبد الجبار ابن أحمد المروزى السمعاني التميمي الحنفي ثم الشافعي (ت ٤٨٩هـ)، تحقيق: محمد حسن محمد حسن إسماعيل الشافعي، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ١٤١٨هـ/ ١٩٩٩م.

٤٠. قوت القلوب في معاملة المحبوب ووصف طريق المريد إلى مقام التوحيد، أبو طالب محمد بن علي بن عطية الحارثي المكي (ت ٣٨٦هـ)، تحقيق: د. عاصم إبراهيم الكيالي، ط٢، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ١٤٢٦هـ/ ٢٠٠٥م.

٤١. كتاب الزهد الكبير، أبو بكر أحمد بن الحسين بن علي بن موسى الخُسْرَوْجِردي الخراساني، البيهقي (ت ٤٥٨هـ)، تحقيق: عامر أحمد حيدر، ط٣: مؤسسة الكتب الثقافية ـ بيروت، ١٩٩٦م.

٤٢. الكتاب المصنف في الأحاديث والآثار، أبو بكر بن أبي شيبة، عبد الله بن محمد بن إبراهيم بن عثمان بن خواستي العبسي (ت ٢٣٥هـ)، تحقيق: كمال يوسف الحوت، ط١، مكتبة الرشد ـ الرياض، ١٤٠٩هـ.

٤٣. الكليات معجم في المصطلحات والفروق اللغوية، أبو البقاء أيوب بن موسى الحسيني القريمي الكفوي، الحنفي (ت ١٠٩٤هـ)، تحقيق: عدنان درويش ـ محمد المصري، مؤسسة الرسالة، بيروت ـ لبنان.

٤٤. مجمع بحار الأنوار في غرائب التنزيل ولطائف الأخبار، جمال الدين، محمد طاهر بن علي الصديقي الهندي الفَتَّنِي الكجراتي (ت ٩٨٦هـ)، ط٣، مطبعة مجلس دائرة المعارف العثمانية، ١٣٨٧هـ/ ١٩٦٧م.

٤٥. المجموع شرح المهذب (مع تكملة السبكي والمطيعي)، أبو زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي (ت ٦٧٦هـ)، دار الفكر، بيروت ـ لبنان.

٤٦. المحصول في أصول الفقه، القاضي محمد بن عبد الله أبو بكر بن العربي المعافري الاشبيلي المالكي (ت ٥٤٣هـ)، تحقيق: حسين علي اليدري ـ سعيد فودة، دار البيارق ـ عمان، ط١، ١٤٢٠هـ/ ١٩٩٩م.

٤٧. المحصول من علم الأصول، الإمام أبو عبد الله محمد بن عمر بن الحسن بن الحسين التيمي الرازي الملقب بفخر الدين الرازي خطيب الري (ت ٦٠٦هـ)، دراسة وتحقيق: د. طه جابر فياض العلواني، ط٣: مؤسسة الرسالة، ١٤١٨هـ/ ١٩٩٧م.

٤٨. المخلصيات وأجزاء أخرى لأبي طاهر المخلص، لأبي طاهر محمد بن عبد الرحمن بن العباس بن عبد الرحمن بن زكريا البغدادي المخَلِّص (ت ٣٩٣هـ)، تحقيق: نبيل سعد الدين جرار، ط١، وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية لدولة قطر، ١٤٢٩هـ/ ٢٠٠٨م.

٤٩. المستصفى في علم الأصول: أبو حامد محمد بن محمد الغزالي الطوسي (ت ٥٠٥هـ)، تحقيق: محمد عبد السلام عبد الشافي، ط١، دار الكتب العلمية، ١٤١٣هـ/ ١٩٩٣م.

٥٠. مسند الإمام أحمد بن حنبل، أبو عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل بن هلال بن أسد الشيباني (ت ٢٤١هـ)، تحقيق: شعيب الأرنؤوط ـ عادل مرشد، وآخرون، إشراف: د عبد الله بن عبد المحسن التركي، مؤسسة الرسالة، ط١، بيروت، ١٤٢١هـ/ ٢٠٠١م.

٥١. مسند البزار المنشور باسم البحر الزخار، أبو بكر أحمد بن عمرو بن عبد الخالق بن خلاد بن عبيد الله العتكي المعروف بالبزار (ت ٢٩٢هـ)، المحقق: محفوظ الرحمن زين الله، ط١، مكتبة العلوم والحكم - المدينة المنورة، (بدأت ١٩٨٨م، وانتهت ٢٠٠٩م).

٥٢. مسند الحارث = بغية الباحث عن زوائد مسند الحارث، أبو محمد الحارث بن محمد بن داهر التميمي البغدادي الخصيب المعروف بابن أبي أسامة (ت ٢٨٢هـ)، المنتقي: أبو الحسن نور الدين علي بن أبي بكر بن سليمان بن أبي بكر الهيثمي (ت ٨٠٧هـ)، تحقيق: د. حسين أحمد صالح الباكري، ط١، مركز خدمة السنة والسيرة النبوية - المدينة المنورة، ١٤١٣هـ/ ١٩٩م.

٥٣. مسند الدارمي المعروف بسنن الدارمي، أبو محمد عبد الله بن عبد الرحمن بن الفضل بن بَهرام بن عبد الصمد الدارمي، التميمي السمرقندي (ت ٢٥٥هـ) تحقيق: حسين سليم أسد الداراني، ط١، دار المغني للنشر والتوزيع - المملكة العربية السعودية، ١٤١٢هـ/ ٢٠٠٠م.

٥٤. مسند الفاروق أمير المؤمنين أبي حفص عمر بن الخطاب رضي الله عنه وأقواله على أبواب العلم، أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي البصري ثم الدمشقي (ت ٧٧٤هـ)، تحقيق: إمام بن علي بن إمام، دار الفلاح، الفيوم، مصر، ط١، ١٤٣٠هـ/ ٢٠٠٩م.

٥٥. المعجم الأوسط، أبو القاسم سليمان بن أحمد بن أيوب بن مطير اللخمي الشامي، الطبراني (ت ٣٦٠هـ)، تحقيق: طارق بن عوض الله بن محمد ، عبد المحسن بن إبراهيم الحسيني، دار الحرمين، القاهرة - مصر.

٥٦. المعجم الكبير، أبو القاسم سليمان بن أحمد بن أيوب بن مطير اللخمي الشامي، الطبراني (ت ٣٦٠هـ) تحقيق: حمدي بن عبد المجيد السلفي، مكتبة ابن تيمية - القاهرة، ط٢، ويشمل القطعة التي نشرها لاحقا المحقق الشيخ حمدي السلفي من المجلد ١٣، دار الصميعي - الرياض، ط١، ١٤١٥هـ/ ١٩٩٤م.

٥٧. المغني لابن قدامة، أبو محمد موفق الدين عبد الله بن أحمد بن محمد بن قدامة الجماعيلي المقدسي ثم الدمشقي الحنبلي، الشهير بابن قدامة المقدسي (ت ٦٢٠هـ)، مكتبة القاهرة - مصر، ١٣٨٨هـ/ ١٩٦٨م.

٥٨. مفتاح الجنة في الاحتجاج بالسنة، الإمام عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي (ت ٩١١هـ)، ط٣، الجامعة الإسلامية ـ المدينة المنورة، ١٤٠٩هـ/ ١٩٨٩م.

٥٩. الوجيز في تفسير الكتاب العزيز، أبو الحسن علي بن أحمد بن محمد بن علي الواحدي، النيسابوري، الشافعي (ت ٤٦٨هـ)، تحقيق: صفوان عدنان داودي، ط١: دار القلم ـ الدار الشامية، دمشق ـ بيروت، ١٤١٥هـ.

# گومانی تەنها پابەندبوون بە قورئانی پیرۆز و بەرپەرچدانەوەی لە ڕوانگەیەکی ئیسلامییەوە

**پ. ی. د. جەمیل عەلی ڕەسول سورچی**

**زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر/ کۆلیژی زانستە ئیسلامییەکان**

فەرموودەی پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر) پێگەی دووەمی هەیە لە پاش قورئانی پیرۆز بۆ وەرگرتنی یاساکانی ئیسلام، لەبەرئەوە لە کۆنەوە دوژمنانی ئیسلام هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانیان داوە بۆ ئەوەی لە گرنگیی ئەم سەرچاوە سەرەکییە کەم بکەنەوە بە دروستکردنی فەرموودەی هەڵبەستراو و تانەدان لە هاوەڵە هەڵگرەکانی و دروستکردنی گومانی زۆر لەسەر تێکڕای سەرچاوەکە، بۆ ئەوەی لە سەرچاوەی ئیسلامەوە دەست بکەن بە ڕووخاندنی و شێواندنی و لەنێوبردنی، بەڵام کە خوای گەورە بەڵێنی پاراستنی قورئانی پیرۆزی دا بە فەرموودەی خۆی: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ (الحجر: ٩).

واتە: (ئێمە خۆمان قورئانمان دابەزاندووە و هەر ئێمەش دەیپارێزین لەوەی بفەوتیٚ، یان دەستکاری بکرێت)[1]، واتە بەڵێنی پاراستنی فەرموودەکانیشی فەرمووە، چونکە فەرموودە تەواوکەر و ڕوونکەرەوەی قورئانە، هەروەك خۆی دەفەرموێت: ﴿وَأَنزَلْنَا إِلَيكَ الذِكْرَ لِتُبَيِنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (النحل: ٤٤)، واتە: (ئێمە بۆیە قورئانمان بۆ نازڵ کردووی تا ئەوەیان بۆ ڕوون بکەیتەوە کە بۆ تەمبێکردنی ئەوان نێردراوە، بەڵکو بیر بکەنەوە و بگەنە ڕاستی)،[2] لەبەرئەوە زانای گەورە پێشەوا ئەوزاعی: (٨٨ـ ١٧٥ك) دەڵێت: "الكتاب أحوج إلى السّنّة من السّنّة إلى الكتاب"[3]، واتە: (قورئان زیاتر پێویستی بە فەرموودە هەیە لەوەی، کە فەرموودە پێویستی بە قورئان هەبێت). لە پاش وردبوونەوە لەم قسە زێڕینە، زۆر جوان بە دەردەکەوێت ڕاستی و واقیعی قسەکەی، چونکە قورئان وەك دەستوور و بنەمایەکە، شتەکان بە شێوەیەکی گشتی و کورتەوە باس دەکات، بەڵام فەرموودە هەڵدەستێت بە ڕوونکردنەوە و درێژەپێدانی بابەتەکانی نێو قورئانی پیرۆز، هەر وەك دواتر لە نموونەکان بە باشی ڕوونی دەکەینەوە.

---

[1] بڕوانە: خۆلاصەی تەفسیری نامی (٢٦٢)، تەفسیری گوڵشەن (١/ ٥٥٩).

[2] بڕوانە: خۆلاصەی تەفسیری نامی (٢٧٢).

[3] بڕوانە: الموافقات (٤/ ٢٦)، والبحر المحيط في أصول الفقه (٣/ ٢٣٩)، وفتح الباري (١/ ٣٢٠)، وتفسير القاسمي (١/ ١١٦)، وجامع بيان العلم وفضله (٢/ ١٩١)، وموسوعة التّفسير قبل عهد التّدوين (١/ ١٤٠)، والتّفسير والمفسّرون (١/ ٤٣).

## گومانی بێپێویستبوونی قورئان بە فەرمودە و زەرەر و زیانەکانی بۆ سەر ئیسلام:

پێشەکی مێژووی سەرهەڵدانی ئەم فیکرەیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی دووەمی کۆچی، تاقمەکانی خەواریج[1] و شیعە[2] و موعتەزیلە[3] ڕۆڵیان هەبووە لە دروستبوونی ئەم بیر و هزرە، پاشان دوژمنانی ئیسلام پەرەیان پێیدا و گەورەیان کرد، بەتایبەت لە سەدەی نۆزدەهەمی زایینی[4].

بە داخەوە لە نێو ئوممەتی ئیسلامدا کەسانێك دروست بوون و ئێستا بوونیان هەیە[5] ڕێك وەك جوولەکە و گاورەکانن لە حەز و ویستنیان بۆ گۆڕینی ئایین و

---

١ پاش دروستبوونی جەنگ لە نێوان ئیمامی عەلی و موعاویە و دروستکردنی لیژنەی تەحکیم و ئاشتبوونەوە، خەواریجەکان ناڕازیبوون و جیابوونەوە و غەیری خۆیان بە کافر و دەرچوو لە ئایین لە قەڵەم دا، لەبەرئەوە فەرموودەشیان لێوەرنەگرتن، بەمەش دوورکەوتنەوە لە فەرموودە و زۆر لەو ئەحکامانەیان نەفیکرد کە لە فەرموودەدا بوونیان هەیە، زۆر شتیان حەڵاڵ کرد، کە لە فەرموودەدا حەرام کراوە. بڕوانە: القرآنيون وشبهاتهم حول السّنّة (٨٤ـ ٨٥).

٢ لەبەرئەوەی کە تاقمی شیعە پێیان وایە کە ئیمامەت ڕووکنێکی گرنگی ئایینە و دەبێت پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) خۆی ئیمامی دوای خۆی دیاری بکات، کە لای ئەوان ئیمامی عەلی دیاری کردووە، ئەوان هەموو ئەو هاوەڵ و سەحابانەی کە بەیعەت و پەیمانیان بە ئیمامی ئەبوبەکر دا بە مورتەد و پاشگەز لە ئایین دەزانن، لەبەرئەوە فەرموودەشیان لێ وەرناگرن، بەمەش زۆربەی زۆری فەرموودەکان لە لای ئەوان گرنگی و ئیعتیباری نەما، چونکە ئەوان تەنها فەرموودە لەو چەند سەحابەیە وەردەگرن کە پاڵپشتی ئیمامی عەلییان کردووە. بڕوانە: القرآنيون وشبهاتهم حول السّنّة (٧٩ـ ٨١).

٣ لەبەرئەوەی کە تاقمی (موعتەزیلە) گریمانەی ناڕاستی بۆ هەموو جۆرە فەرموودەیەك بە جۆری موتەواتیریشەوە دادەنێن پەنا بۆ فەرموودە نابەن و زۆر لەو ئەحکامانە ڕەد دەکەنەوە کە بە فەرموودە جێگیر بوونە و دەڵێن قورئان هەموو شتەکانی تێدایە، کەواتە پێویست بە فەرموودە ناکات. بڕوانە: القرآنيون وشبهاتهم حول السّنّة (٨٨ـ ٩٠).

٤ بڕوانە: محبّة الرّسول بين الاتّباع والابتداع (١٢٠).

٥ پێغەمبەرمان (دروودی خوای لێبێت) هەواڵی پەیدابوونی ئەم تاقمەی داوە و ئوممەتەکەی لێ ئاگادارکردووەتەوە کە فەرمووی بە شێوەی زەمکردن بۆ ئەم تاقمەیە و نەهیکردن لەم جۆرە سیفەتانەی ئەوان: "لا أُلفينَّ أحدَكُمْ متكئًا علي أريكتهِ يأتيه أمْرٌ مِمّا أمرتُ بهِ أو نهيتُ عنه فيقولُ: لا أدري، ما وجدْنا

في كتابِ اللهِ اتَّبَعناهُ". واته: (با نهگهم به یهكێك له ئێوه كه لهسهر تهخت و سهرینهكهی پاڵی دابێتهوه، كه فهرمانێك له فهرمانهكانی من، یان قهدهغهیهك له قهدهغهكراوهكانی منی پێبگات بڵێت: نازانم، ئێمه تهنها دوای ئهو شتانه دهكهوین كه له نێو قورئانی پیرۆزدا ههن)، رواه الشّافعيّ في مسنده (١/ ١٥١، ٢٣٣)، وابن ماجة في سننه (١/ ٦)، باب تعظيم حديث رسول الله ـ صلّى الله عليه وسلّم ـ والتّغليظ على من عارضه، رقم الحديث (١٣)، وأبو داود في سننه (٤/ ٢٠٠) كتاب السّنّة، باب في لزوم السّنّة، رقم الحديث (٤٦٠٥)، والتّرمذيّ في سننه (٥/ ٣٧)، كتاب العلم عن رسول الله ـ صلّى الله عليه وسلّم ـ، باب ما نهى عنه أن يقال عند حديث النّبيّ ـ صلّى الله عليه وسلّم ـ، رقم الحديث (٢٦٦٣)، وقال: حسن صحيح، والبيهقيّ في سننه الكبري (٧/ ٧٦)، باب الدّليل علي أنّه ـ صلّى الله عليه وسلّم ـ لا يقتدي به فيما خصّ به ويقتدي به فيما سواه، رقم الحديث (١٣٢١٩)، والطّبرانيّ في المعجم الكبير (١/ ٣١٦)، رقم الحديث (٩٣٤)، والحاكم في مستدركه (١/ ١٩٠)، كتاب العلم، رقم الحديث (٣٦٨)، وصحّحه علي شرط الشّيخين، وأقرّة الذّهبيّ، والحميديّ في مسنده (١/ ٢٥٢)، رقم الحديث (٥٥١)، وفي رواية: "أَلا هَلْ عَسَي رَجُلٌ يبْلُغُهُ الْحَدِيثُ عنّي، وَهُوَ مُتَّكِيءٌ عَلي أريكَتِهِ فَيقُولُ: بَينَنَا وَبَينَكُمْ كِتَابُ اللَّهِ، قَالَ: فَمَا وَجَدْنَا فِيهِ حَلَالًا استَحْلَلْنَاهُ، وَمَا وَجَدْنَا فِيهِ حَرَامًا حَرَّمْنَاهُ، وَإِنَّ مَا حَرَّمَ رَسُولُ اللَّهِ كَمَا حَرَّمَ اللهُ"، واته: (ئاگاداربن كه نزیكه كهسانێك پهیدابن فهرموودهی منیان پێبگات، ئهو لهسهر تهنیشت بێت لهسهر سهرین و سیسهمهكهی و بڵێت: با له نێو ئێمه و ئێوهدا قورئان حهكهم بێت، ئهوهی كه حهڵاڵه تێیدا ئێمهش به حهڵاڵی دهزانین و ئهوهی كه تێیدا حهرامه به حهرامی دهزانین، بهڕاستی ئهوهی كه پێغهمبهر (دروودی خوای لهسهر بێت) قهدهغهی كردووه وهكو ئهوه وایه كه خوای گهوره قهدهغهی كردووه)، رواه أحمد في مسنده (١٣٢/٤)، رقم الحديث (١٧٢٣٣)، وابن أبي شيبة في مصنّفه (٢/ ٤٠٤)، رقم الحديث (٩٢٧)، والترمذيّ في جامعه (٥/ ٣٨)، كتاب العلم عن رسول الله ـ صلّي الله عليه وسلّم ـ، باب ما نهى أن يقال عند حديث النّبيّ ـ صلّي الله عليه وسلّم ـ، رقم الحديث (٢٦٦٤)، وقال: حديث حسن غريب، والدّارميّ في سننه (١/ ١٥٣)، باب السّنّة قاضية على كتاب الله، رقم الحديث (٥٨٦)، والطّبرانيّ في المعجم الكبير (٢٠/ ٢٧٤)، رقم الحديث (٦٤٩).

ئهمانه له كۆتایی سهدهی دووهمی كۆچی سهریان ههڵدا، پاشتر بهرهو نهمان چوون تا كۆتایی سهدهی نۆزدهم جارێكیتر سهریان ههڵداوه له وڵاتی میسر و هیندستان، دواتر به وڵاتهكانی تردا بڵاوبوونهوه، ئهمهش ههمووی به پاڵپشتی هزری رۆژههڵاتناسهكان بوو، بهڵام زانایانی ئیسلام لێیان هاتنه دهست و ههڵسان به بهرپهرچدانهوهیان. بڕوانه: القرآنيون وشبهاتهم حول السّنّة (٨ـ ١٠)، ومحبّة الرّسول بين الاتّباع والابتداع (١٢٠).

تێکستەکانی قورئانی پیرۆز[1]، بەبێ گوێدان بە هیچ پێوەرێك بۆ ڕاڤەکردنی قورئانی پیرۆز و گەڕانەوە بۆ فەرموودەکانی[2] پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر)، کە زۆربەی زۆری ئەحکامەکانی بە فەرموودە ڕوونکراونەتەوە و درێژی و تەفاسیلەکەیان بەبێ فەرموودە نازاندرێت[3]، ئەمەش هەمووی بە ناوی ڕێزگرتن لە قورئانی پیرۆز و ئیکتیفاکردن پێی، لەبەرئەوەی کە ئەو بە تەنها دووربووە لە تەحریف و گۆڕین[4]، بەبێ گوێدان بە هەموو ئەو تێکستە قورئانیانەی کە فەرمان دەکەن بە دەستگرتن بە فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر).

ئینجا ترسەکە لێرەوە دەستپێدەکات کە کەسانێك لە نێو دەزگاکانی فێرکردن هەڵگری ئەم هزرە بن، یان بە ناوی نوێخوازی و کرانەوەوە دەستبەرداری زۆر لە تێکستە ئایینییەکان بن بە ڕەدکردنەوەیان، یان تەئویل و ماناکردنیان بەبێ بنەما، لەبەرئەوە پێویستە لە هەموو نوێخوازییەك و کرانەوەیەك ڕێز لە کەلتووری ڕابردووی

---

[1] وەك ئەوەی کە دەڵێن مانای (الصّفا) سەفا بوونە و مانای (المروة)ش مروئەت و پیاوەتییە، کە خوا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ من شعَائِر اللّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلاَ جُنَاحَ عَليه أَنْ يَطَّوَّفَ بِهِمَا وَمَنْ تَطوَّعَ خَيرًا فَإِنَّ اللّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ﴾ (البقرة: ١٥٨). بڕوانە: الأساس في السّنّة وفقهها (٤/ ٢٠٣٨).

[2] بۆ زیاتر ئاشنابوون بە ماهییەتی ئەم گرووپە، پێمباشە هەموو ڕا و بیر و بۆچوونەکانیان لە هەموو بوارەکانی ئایین کۆبکرێتەوە بۆ ئەوەی دووری ئەوان لە حەقیقەتی ئیسلام ڕوون و ئاشکرا بێت.

[3] وەك زۆر لە حوکم و یاساکانی عیبادات و شیرخواردن و میرات و ئافرەتە مەحرەمەکان.

[4] بەڵام خوای گەورە فەرموودەشی پاراستووە بەوەی کە چەندین زانا و دانا و شارەزای پێگەیاندوون بۆ بەرگریکردن لێی و دیاریکردنی فەرموودەی ڕاست لە ناڕاست و هەڵبەستراو، وەك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) هەواڵی ئەمەی داوە کە دەفەرموێت: "يحمِلُ هذا الْعِلْمَ مِنْ كُلّ خَلَفٍ عُدُولُهُ ينْفُونَ عَنْهُ تَحْريفَ الغالينَ وانتحالَ المبطلينَ وتأويلَ الجاهلينَ"، رواه البيهقيّ في السّنن الكبرى (١٠/ ٢٠٩) باب الرّجل من أهل الفقه يسأل..، رقم الحديث (٢٠٧٠٠)، والطّبرانيّ في مسند الشّاميين (١/ ٣٤٤) رقم الحديث (٥٩٩)، حديث ضعيف. ينظر: الكامل في ضعفاء الرّجال (٣/ ٣١)، والضعفاء الكبير (١/ ١٠)، وميزان الاعتدال في نقد الرّجال (٢/ ٥٠). واتە: ئەم زانستە کە زانستی فەرموودەیە لە نێو پاشینەکان کەسانێکی چاك و پاك هەڵیدەگرن و بەرگری لێدەکەن و گۆڕینی کەسانی زیادەڕۆی لێنەفیدەکەن و هەڵبەستراوی کەسانێك کە فەرموودە هەڵدەبەستن و ماناکردنی نەزانەکان، ئەم شتانە ڕووندەکەنەوە و نەفی دەکەن.

زانایان بنرێت و سوودیان لێوەربگیرێت، نەك نەفی بکرێن و هیچ ڕێزیان لێنەگیرێت، بۆ بەهێزکردنی بۆچوونەکەیان پەنا بۆ چەند بەڵگەیەك[1] دەبەن، وەك:

١ـ قورئان پێویستی بە هیچ بەڵگەیەکی تر نییە وەك فەرموودە بۆ گەیاندنی ئەحکام و یاساکانی، لەبەرئەوەی هەرچی مسوڵمانان پێویستیان پێی هەبێت تێیدایە، بە بەڵگەی:

أـ ﴿وَمَا مِن دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلا طائِرٍ يَطيرُ بِجَنَاحَيه إِلاَّ أُمَمٌ أَمْثالُكُم مَّا فَرَّطنَا فِي الكِتَابِ مِنْ شَيْءٍ﴾ (الأنعام: ٣٨)، واتە: (هەرچی گیانلەبەر هەیە لەسەر زەوی و هەرچی باڵندە هەیە کە بە باڵەکانی بفڕێت ئەوانیش وەکو ئێوە گەلانێك و کۆمەڵێکن دروستکراوی ئێمەن، وەك ئێوە دەخۆن و دەخۆنەوە دەژین و دەمرن، ئێمە هیچ شتێك نییە کە لە پەرتووکەکەدا (اللّوح المحفوظ) باسمان نەکردبێت)[2]. ئەوان دەڵێن: واتە هیچ شتێك بەجێنەماوە کە لە قورئاندا باس نەکرابێت، کەواتە چ پێویستێکمان بە فەرموودە هەیە بۆ دیاریکردنی حوکمە شەرعییەکان؟

ب– ﴿أَفَغَيرَ اللّهِ أَبْتَغِيْ حَكَمًا وَهُوَ الَّذيْ أَنَزَل إِليكُمُ الْكِتَابَ مُفَصَّلًا﴾ (الأنعام: ١١٤)، واتە: (چۆن من بەدوای غەیری خوادا بگەڕێم وەك حەکەم لە کاتێکدا کە خوای گەورە قورئانی بەسەر ئێوەدا ناردووە بە باسکردنی شتەکان بە ڕوونی و دیاری[3]. ئەوان دەڵێن: خوای گەورە فەرموویەتی قورئان موفەسسەلە لە باسکردنی شتەکان، بە واتای هەموو شتێك لە قورئاندا بە دوور و درێژی باسکراون.

ج ـ ﴿مَا كَانَ حَدِيثًا يفْتَرَي وَلكِنْ تَصْدِيقَ الَّذي بَينَ يَدَيه وَتَفْصِيلَ كُلَّ شَيْء وَهُدَىً وَرَحْمَةً لِقَوْمٍ يؤْمِنُونَ﴾ (يوسف: ١١١)، واتە: (قورئان قسانێك نییە هەڵبەستراوبێت،

---

[1] ئەو بەڵگە و گومانانە گەلێکن کە ئەم تاقمە پەنایان بۆ دەبەن، بەڵام ئەوەی کە ئێمە لێرەدا لە سەری دەوەستین ئەم گومانانەیە کە ئەوان وەك بەڵگە بەکاری دێنن بۆ ئیکتیفاکردن بە قورئانی پیرۆز.

[2] بڕوانە: تفسير البيضاوي (٢/ ٤٠٦)، خۆلاصەی تەفسیری نامی (١٣٢)، قورئانی پیرۆز وەرگێڕانی هەژار (١٣٢).

[3] بڕوانە: خۆلاصەی تەفسیری نامی (١٤٢)، قورئانی پیرۆز وەرگێڕانی هەژار (١٣٢).

بەڵكو بە ڕاستخەرەوەی پەڕتووكەكانی پێش خۆیەتی و درێژەپێدەری هەموو شتێكە كە مرۆڤ پێویستی پێیبێت لە ئەحكامەكانی حەڵاڵ و حەرام، مایەی ڕێنموونی و سۆزیشە بۆ كەسانێك كە بڕوادارن[1]. دەڵێن: قورئان خۆی دەڵێت كەوا درێژەپێدەری هەموو شتێكە.

هـ ـ ﴿وَنَزَّلْنَا عَليكَ الْكِتَابَ تِبْيانًا لِّكُلِّ شَيْء وَهُدًى ورَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ﴾ (النّحل: ٨٩)، واتە: (ئێمە قورئانمان بەسەر ئێوەدا دابەزاندووە وەك ڕوونكەرەوە ـ بۆ خۆی ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی بەڵگەكانی ترەوە ـ بۆ هەموو شتەكان، وە قورئان ڕێنموونی و سۆز و مزگێنییە بۆ مسوڵمانان[2]. دەڵێن: ئەوە خوای گەورەیە كە دەفەرموێت قورئان ڕوونكەرەوەیە بۆ هەموو شتەكان، كەواتە چ پێویست بە فەرموودە دەكات؟

چەندان ئایەتی تریش لەم شێوەیە، كە بە ڕواڵەت ئەم مانایانە دەبەخشن[3]. ئەوان خۆیان لێرەدا دەكەن بە نەسسی و بە مانای ڕووكەشی ئایەتەكان ملی ئایەتەكان ڕادەكێشن و خواری دەكەنەوە بۆ ئەو مەبەستەی كە هەیانە، بە بێگوێدان بەو بابەتەی كە ئایەتەكە لێیدەدوێت و چەند دێڕێكی لە پێش دەنووسن و

---

[1] بڕوانە: تفسير القرطبي (٩/ ٢٧٧)، خۆلاصەی تەفسیری نامی (٢٤٨)، قورئانی پیرۆز وەرگێڕانی هەژار (٢٤٨).

[2] بڕوانە: تفسير النّسفي (٢/ ٢٦٧)، خۆلاصەی تەفسیری نامی (٢٧٧)، قورئانی پیرۆز وەرگێڕانی هەژار (٢٧٧).

[3] وەك فەرموودەكانی خوا: ﴿وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا لاَّ مُبَدِّلِ لِكَلِمَاتِهِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾ (الأنعام: ١١٥)، ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا﴾ (المائدة: ٣)، ﴿قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَادةً قُلِ اللّهِ شَهِيدٌ بِيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَأُوحِيَ إِلَى هَذَا الْقُرْآنُ لِأُنذِرَكُم بِهِ وَمَن بَلَغَ﴾ (الأنعام: ١٩)، ﴿وَالَّذِينَ يُمَسَّكُونَ بِالْكِتَابِ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ إِنَّا لاَ نُضِيعُ أَجْرَ الْمُصْلِحِينَ﴾ (الأعراف: ١٧٠)، ﴿أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ يُتْلَى عَلَيْهِمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَرَحْمَةً وَذِكْرَى لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ (العنكبوت: ٥١). ينظر: تفسير المنار (٦/ ١٣١ـ ١٣٢)، والسنّة ومكانتها في التّشريع (١٥٣)، وكتابات أعداء الإسلام ومناقشتها (١٧٩)، والشّبهات الثّلاثون المثارة لإنكار السنّة (١٣٢) وما بعدها.

بڕیاری ئەوە دەدەن کە قورئان هیچ پێویستییەکی بە سوننەت نییە، لەبەرئەوە ڕوونکردنەوەی هەموو شتەکانی تێدایە بە دوور و درێژیی، چ پێویست دەکات پەنا بۆ فەرموودە ببەین، کە دانراو و لاوازی تێدایە و هەمووی ڕاست نییە، لەکاتێکدا قورئان هەمووی موتەواتیرە[1]. وەك دکتۆر موستەفا سوباعی (١٩١٥ـ ١٩٦٤ز) لە ڕوونکردنەوەی ئەم گومانەیان دەڵێت: "بە دڵنیاییەوە قورئان هاتووە وەك ڕوونکەرەوە بۆ هەموو شتەکان، ئینجا ئەگەر فەرموودەکان هەندێك یاسا و ئەحکامی نوێیان هێنا کە لە قورئاندا باس نەکرابوون، ئەوە لەو کاتەدا دژایەتی دروست دەبێت لە نێوان هەندێك فەرموودە، کە گومان هەیە لە ڕاستییاندا کە فەرموودەی ئاحادن لەگەڵ هەندێك فەرموودەی تر کە گومان نییە لە ڕاستییان، کە قورئانی پیرۆزە و هەمووی موتەواتیرە، خۆ ئەم خەبەر و فەرموودە ئاحادانەش توانای بەرەنگاری بوونەوەی موتەواتیریان نییە، خۆ ئەگەر ئەو ئەحکامانەی نێو فەرموودە چەسپاندن بوون بۆ ئەحکامەکانی نێو قورئان، ئەوە ئەو کات پێویستمان بە فەرموودەکە نامێنێت و کار بەوەی نێو قورئان دەکەین، ئەگەر فەرموودەکەش بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکانی نێو قورئان بوون ئەوە بە واتای ڕوونکردنەوەی کەلامێکە، کە گومان هەیە لە ڕاستییەکەی بۆ کەلامێکی تر، کە هیچ گومان نییە لە ڕاستییەکەی کە بە شێوەیەکی وایە کە ئینکارکردنی پیتێکی کوفرە لەکاتێکدا کە ئینکارکردنی فەرموودەکە کوفر نییە، ئەمەش ڕەوایی نییە، کە ببێت بە ڕوونکەرەوەی قورئان"[2]. دواتر دەڵێت: وەك دەڵێت: "وا تێمەگەن کە ئەوان فەرموودەی موتەواتیر قەبوڵ دەکەن، قەبوڵی ناکەن، چونکە پێیان وایە کە ئەویش گومان هەیە لە ڕاستییەکەی، لەبەرئەوەی کە ئەویش لە ڕێگای کەسانی تاکەوە

---

[1] بڕوانە: القرآنيون وشبهاتهم حول السّنة (٢١٠)، ويغالطونك إذ يقولون (١٥٧)، وكتابات أعداء الإسلام ومناقشتها (١٧٧)، والسّنّة النّبوية في كتابات أعداء الإسلام (٢٢٧)، والدّفاع عن السّنّة (١٥٠).

[2] بڕوانە: السّنّة ومكانتها في التّشريع (١٥١).

هاتووه و بووه به موتەواتیر، کەواتە گومانی بوونی درۆ لە ڕێگاکانی هەر هەیە با ژمارەیەکی زۆریش بن"[1].

٢ـ ئەگەر فەرموودەش بەڵگە بێت وەك قورئان، خوای گەورە زەمانەتی پاراستنی دەکردن، وەك چۆن زەمانەتی پاراستنی قورئانی کردووە بە ئایەتی: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ (الحجر: ٩)، واتە: (ئێمە بە دڵنیاییەوە ئەو زیکرەمان ناردووەتە خوارەوە و بە دڵنیاییەوە هەر ئێمەش دەیپارێزین). ئەوان دەڵێن: وشەی زیکر لێرەدا مەبەست پێی قورئانە، خوای گەورە تەنها بەڵێنی پاراستنی ئەوی داوە، واتە فەرموودە نەپارێزراوە، بەڵکو چەندین شتی هەڵبەستراوی کەوتۆتە ناو، ئەگەر خوای گەورە مەبەستی بێت کە سەرچاوە بێت بۆ ئەحکامەکانی ئیسلام وەك قورئان دەیپاراست، لەبەرئەوە ناکرێت بە بەڵگە و دەلیل بۆ یاساکانی ئیسلام و پشتی پێنابەسرێت[2].

## ڕەواندنەوەی ئەم گومانانە لە ڕێگەی قورئان و فەرموودە و عەقڵەوە:

ئینجا بۆ بەرپەرچدانەوەی بەڵگەکانی هەڵگرانی ئەم هزرە لە کۆن و ئێستادا، دەڵێین: گومانەکەیان لە جێی خۆی نییە، لەبەر دووشت:

**یەکەمیان: شێوازی بەکارهێنانی بەڵگەکانیان دروست نییە.**

دووەمیان: واقعی ژیانی مسوڵمانان هەر لە کات و سەردەمی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) تا ئێستا پێچەوانە و دژە لەگەڵ بۆچوونەکەیان، چونکە لەو کاتەوە تا ئێستاش کار بە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کراوە[3]، وەك ئێستا ڕوونی دەکەینەوە:

---

[1] بڕوانە: السّنّة ومكانتها في التّشريع (١٥١).

[2] بڕوانە: السّنّة ومكانتها في التّشريع (١٥٣)، وكيف نتعامل مع السّنّة مع النّبوية (٥٢).

[3] بڕوانە: الشّبهات الثّلاثون المثارة لإنكار السّنّة (١٣٢).

سەبارەت بە بەڵگەی یەکەمیان: مەبەست لە (الكتاب) لە ئایەتی یەکەمدا لە (اللّوح المحفوظ)ە، کە زانیاری دوور و درێژی دەربارەی هەموو دروستکراوەکان تێدایە، هەروەك فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئەمەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە دەفەرموێت: "كَتَبَ اللهُ مقاديرَ الخلائقِ قبلَ أنْ يخْلُقَ السَّماواتِ والأرْضَ بخمسينَ ألفَ سنةٍ، قالَ: وَعَرْشُهُ على الماءِ"[1]، واتە: (خوای گەورە ئەندازەی هەموو دروستکراوەکانی نووسیوە پێش ئەوەی ئاسمانەکان و زەوی دروست بکات بە پەنجا هەزار ساڵ، فەرمووی: ئەو کات عەرشی لە سەر ئاو بوو).

وشەکانی پێشی ئەم ئایەتەش پاڵپشتی ئەم ڕاڤەیە دەکەن، کە بریتییە لە: ﴿وَمَا مِنْ دَابَّة فِيْ الْأرْضِ وَلا طائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيه إلاَّ أُمَمٌ أَمْثالُكُم ما فَرَّطْنَا فِي الكِتَابِ مِن شَيْءٍ ثُمَّ إلى رَبِّهِمْ يحْشَرُونَ﴾ (الأنعام: ٣٨)، چونکە قورئان بۆ ئەوە نەهاتووە کە ژیانی تەیروتیور و باڵندە ڕێك بخات، بەڵکو ژیانی مرۆڤی تێدا ڕێکخراوە، ئەوەی کە ژیانی تەیروتیور و هەموو شتەکانی تێدا باس کراوە و ڕێکخراوە (اللّوح المحفوظ)ە، نەك قورئانی پیرۆز[2]، وەك ئیبن کەسیر (٧٠١- ٧٧٤ك) دەڵێت: "زانیاری دەربارەی هەموو دروستکراوەکان لای خوای گەورەیە، هیچ کەسێکیان لە بیر ناکات، لە ڕزق و ڕۆزی و کار بۆ دانانی، چ وشکانی بێت چ دەریایی، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الْأَرْض إِلاَّ عَلَى اللَّهِ رِزْقُهَا وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا كُلٌّ فِيْ كِتَابٍ مُبِينٍ﴾ (هود: ٦)، هەرچی کە هەیە لەوەی کە لەسەر زەوی دەڕوات ڕزق و ڕۆزی لەسەر خوای گەورەیە و ئەو خۆی جێگا و شوێنی حەوانەوە و حەشاردانی و ژیان و

---

[1] رواه مسلم في صحيحه (٤/ ٢٠٤٤) كتاب القدر، باب حجاج آدم وموسى ـ عليهما السّلام ـ، رقم الحديث (٢٦٥٣).

[2] بڕوانە: الشّبهات الثّلاثون المثارة لإنكار السّنة (١٣٢- ١٣٣) و (١٩٠).

مردنیان دەزانێت[١] و، ناوی هەموویان و ژمارە و جووڵەشیان دەزانێت لە نووسراوی ڕوونکەرەوە دایە"[٢].

ئەگەر وەك ئەوان بڵێین مەبەست لە (الكتاب) قورئانە، ئەوە ئەو كاتەش بە مانای ئەوە دێت كەوا هەموو هێڵە گشتییەكانی تێدایە، نەك هەموو شتەكانی بە دووردرێژی تێدا بێت وەك دەبینین كە وا نییە، بەڵكو هەموو ئەحكامەكان بە درێژی لە فەرموودەشدا نەهاتوون، لەبەرئەوە پێویستیمان بە چەندین بەڵگەی ترە بۆ ڕوونكردنەوەی بابەتەكان لە ڕووی شەرعەوە[٣]، هەر كەسێكیش ئینكاری ئەمە بكات ئەوە لە عینادی و نەزانینەوەیە[٤].

لە ئایەتەكانی تریش ئەو عموم و گشتییەی كە هەیە تەخصیص و تایبەت دەكرێت بە فەرمودەی خوا: ﴿وَمَا أَنزَلْنَا عَلَيكَ الْكِتَابَ إِلاَّ لِتُبَيِّنَ لَهُمُ الَّذِي اخْتَلَفُواْ فِيهِ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ (النّحل: ٦٤)، واتە: (ئێمە ئەم قورئانەمان بۆ سەر تۆ نەناردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت كە ئەو شتانەیان بۆ ڕوون بكەیەوە كە ئەوان تێیدا ناكۆكن، هەروەها ڕێنموونی و سۆز و میهرەبانییە بۆ كەسانێك كە بڕوادارن)[٥]. ئەمە پێویستە بكرێت بۆ ئەوەی ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز ڕێكبكەون و دژایەتی یەكتر نەكەن، چونكە ئایەتەكانی قورئان یەكتر شیدەكەنەوە و پاڵپشتی

---

[١] بڕوانە: خۆلاصەی تەفسیری نامی (٢٢٢)، قورئانی پیرۆز وەرگێڕانی هەژار (٢٢٢).

[٢] بڕوانە: تفسیر ابن كثیر (٢/ ١٣٢).

[٣] وەك: ئیجماع و قیاس و ئیستیحسان و ئیستیصحاب و سەدی زەرائع و مەصاڵحی مورسەلە و قەولی صەحابی و شەرع مەنقەبلەنا و عورف و عادەت، چونكە بەردەوام شتی نوێ درووست دەبن پێویست بە لێكۆڵینەوە دەكات لە ڕێگەی قورئان و فەرموودە بۆ ڕوونكردنەوی حوكمەكانیان، چونكە ناكرێت هەموو شتەكان بە نەصی قورئان باس بكرێن. بڕوانە: أصول الفقه الإسلامي في نسيجه الجديد (٢٤)، والشّبهات الثّلاثون المثارة لإنكار السّنة (١٣٤).

[٤] بڕوانە: الشّبهات الثّلاثون المثارة لإنكار السّنة (١٣٢- ١٣٣).

[٥] بڕوانە: خۆلاصەی تەفسیری نامی (٢٧٣).

یەکتر دەکەن، پاشان زۆرن ئەو ئەحکامە فیقهییانەی کە لە قورئاندا بە کورتی باس کراون و تەنها هێڵە گشتیەکانی بۆ گوتراوە و فەرموودەی پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر) ڕوونیان کردووەتەوە[1].

بەڵێ قورئان هەموو بابەتەکانی ئایینی بە کورتی باس کردووە و هەموو ئەو هێڵە گشتییانە لەخۆ دەگرێت، کە ژیانی مرۆڤ ڕێك دەخەن، هەروەك ئەوەشی ڕوونکردەوە کە فەرموودە بەڵگەیە و پێویستە پەنای بۆ ببردرێت بۆ ڕوونکردنەوەی قورئان و وەرگرتنی ئەو بابەتانەی کە لە قورئاندا باس نەکراون، چونکە فەرموودە ڕوونکەرەوەی قورئانە بە درێژەدان بە موطلەق[2] و عام و موجمەلەکانی. لەبەرئەوە بەو مانایە قسەکەیان دروستە کە قورئان هەموو شتەکانی تێدایە، نەك بە مانای بێپێویستیکردن لە فەرموودە، چونکە ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَنزَلْنَا إِلَيكَ الذِّكْرَ لِتُبَينَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (النحل: ٤٤)، ﴿وَمَا أَنزَلْنَا عَلَيكَ الْكِتَابَ إِلاَّ لِتُبَينَ لهمُ الّذي اخْتَلفُواْ فِيهِ وَهُدَىً وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يؤْمِنُونَ﴾ (النحل: ٦٤).

دیارە کە وشەی: (تبیین) واتە ڕوونکردنەوەی مەبەستی خوا لە دەقەکان بۆ خەڵك، کە دەفەرموێت: (لِتُبَينَ لَهُمْ)، کە ئەمەش جیاوازە لەگەڵ وشەی: (التّبليغ)، کە بە واتای گەیاندنی دەقەکانە وەك خۆی بەبێ گۆڕانکاری، کە هەردووکیان ئەرکی پێغەمبەرن (دروودی خوای لەسەر)، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيكَ مِنْ رَبِّكَ وَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالتَهُ وَاللّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ

---

[1] بڕوانە: كتابات أعداء الإسلام ومناقشتها (١٨٤).

[2] وەك چۆن وشەی (السّارق) و(اليد) لە فەرموودەی خوا: ﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُواْ أَيدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِنَ اللّهِ وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ (المائدة: ٣٨)، موتڵەقن، بە فەرموودە دیاری کراون، دزەکە چۆن بێت و دزیەکە چەند بێت و کام لە دەستەکانی دەبڕدرێت و لە کوێ دەبڕدرێت. بڕوانە: الموافقات (٤/ ٣١١).

النَّاسِ إِنَّ اللّهَ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكافِرِينَ﴾ (المائدة: ٦٧)[١]، واتە: (ئەی پێغەمبەری خوا ئەوەی کە بەسەرت دابەزیوە وەك خۆی بیگەیەنە، ئەگەر وات نەکرد ئەوە تۆ ئەم پەیامەت نەگەیاندووە کە بۆت هاتووە، خوای گەورە تۆ دەپارێزێت لە خەڵکی، کە زیانت پێبگەیەنن، خوای گەورە ڕێنموونی کەسانێك ناکات کە کافر و گاورن و نایانەوێت واز لە بیر و باوەڕی چەوتی خۆیان بێنن)[٢].

ئینجا ئەم ئایەتانە کە کاری ڕوونکردنەوەی قورئان بە پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر) دەسپێرن کە بریتییە لە کار و فەرموودەکانی، کە دەبێت کەسی قورئانی ـ ئەگەر ڕاست دەکات ـ گوێڕایەڵی ئەم تێکستە قورئانیانە بن بۆ وەرگرتن و کارکردن بە فەرموودە. ئەم دوو ئایەتە کە لە سورەتی (النّحل)دان لە پێش ئایەتی: ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيكَ الْكِتَابَ تِبْيانًا لِكُلِّ شَيْءٍ وَهُدَىً وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ﴾ (النّحل: ٨٩)، گوتراون، وەك ئاماژەیەك کە مەبەست لە ڕوونکردنەوەی قورئانی پیرۆز بۆ هەموو شتێك لە ڕێگەی فەرموودەوەیە، وەك ئیمامی ئەوزاعی (٨٨ـ ١٧٥ك) لە دوای (تِبْيانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ) دەڵێت: "ئەم ڕوونکردنەوەی قورئانە بۆ هەموو شتێك بە فەرموودەیە، نەك ڕاستەوخۆ بە خۆی"[٣].

پاشان واقیعی قورئان خۆی قسەکەیان پوچەڵ دەکاتەوە، چونکە زۆرن ئەو شتانەی کە لە قورئاندا بە کورتی باس کراون، وەك نوێژ، کوا ژمارەکەی؟ ژمارەی ڕکاتەکانی؟ هەروەها زەکات، کوا درێژەی ئەحکامەکانی لە قورئانی پیرۆز؟[٤] هەروەها ڕۆژوو و حەج و هەموو بابەتەکانی تری فیقهیی، بەهەمان شێوە[٥]، چونکە مانای تەفصیل لە زمانی عەرەبی واتە ڕوونکردنەوە و جیاکردنەوە، نەك بە درێژی

---

[١] بڕوانە: كتابات أعداء الإسلام ومناقشتها (١٨٩).

[٢] بڕوانە: تەفسیری گوڵشەن (١/ ٢٧٣).

[٣] بڕوانە: تفسير ابن كثير (٢/ ٥٨٣).

[٤] بڕوانە: القرآنيون وشبهاتهم حول السّنة (٢١١).

[٥] بڕوانە: الصّفات الإلهية في الكتاب والسّنّة (٥٥).

باسکردن، وەك ڕاغیبی ئەصفەهانی (٥٠٢ك کۆچی دوایی کردووە) دەڵێت: "فەصل لە زمانی عەرەبیدا بە مانای لێك جوودابوونەوەی دوو شتە لە یەکتر، بە شێوەیەك کە بەینیان هەبێت، وەك چۆن جومگە و مەفاصیلەکان وان و لە زمانی عەرەبی نموونە زۆرن بۆ ئەم بەکارهێنانانە"[1]. بە مانای دیاریکردنی بناغە و ئەساسی ئایین دێت، وەك ئیبن جەریری تەبەری (٢٢٤ـ ٣١٠ك) دەڵێت: "قورئان درێژەپێدەرە بۆ هەموو ئەو شتانەی کە بەندەکان پێویستیان پێی هەیە لە ڕوونکردنەوەی فەرمانەکان و قەدەغەکانی خوای گەورە و حەڵاڵ و حەرام و ئەو شتانەی کە خواپەرستین، یان تاوانن، بە شێوەیەکی گشتی"[2]. هەروەها شەوکانیش (١١٧٣ـ ١٢٥٥ك) دەڵێت: "قيل: وليس المراد به ما يقتضيه من العموم، بل المراد به الأصول والقوانين وما يؤول إليها"[3]. لەبەرئەوە مەبەست لە (تفصيلًا) و (مفصّلًا) بوونی بناغە و ئەساس و بنەماکانی شەرعە لە قورئانی پیرۆز، نەك هەموو بابەتە جوزئیی و وردەکان[4]. قسە و ڕاڤەی ئەم هەموو زانا و دانا خواناس و خەمخۆرە بۆ ئیسلام وەردەگیرێت، نەك قسە و ڕاڤەی کەسانێك کە چەندین گومانیان لە سەرە سەبارەت بە قسەکردنیان لەسەر ئیسلام.

سەبارەت بە بەڵگەی دووەمیان: بەڵگەکەی خۆیان دەلیلە لەسەر پوچەڵبوونەوەی بۆچوونەکەیان، چونکە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ (الحجر: ٩)، واتە وەعد و گفتی پاراستنی قورئانی فەرمووە، کە ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە فەرموودەش بپارێزێت، چونکە فەرموودە ڕوونکەرەوەی قورئانە بە دەقی قورئان خۆی، وەك دەفەرموێت: ﴿وأنزَلْنَا إِليكَ

---

[1] بڕوانە: المفردات في غريب القرآن (٦٣٨).

[2] بڕوانە: تفسير الطّبري (١٣/ ٩١).

[3] بڕوانە: تفسير فتح القدير (٣/ ٦١).

[4] بڕوانە: القرآنيون وشبهاتهم حول السّنة (٢١٣).

الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (النحل: ٤٤)، پاشان وشەی (ذکر) گشتگیرترە لە قورئان، بە واتای بەلاغ و ڕوونکردنەوەی خوایە، واتە: فەرموودەش دەگرێتەوە، کە ئەویش بە (وەحی) سرووش دابەزیوە، واتە خوای گەورە بەڵێنی پاراستنی فەرموودەشی داوە کە ئەمەشی بە ڕێگەی زانایانی ئیسلام کردووە[١] [٢]، هەروەها دەفەرمویت: ﴿إِنَّ عَلَينَا جَمْعَهُ وَقُرْآنَهُ (١٧) فَإِذا قَرَأْنَاهُ فَاتَّبِعْ قُرْآنَهُ (١٨) ثُمَّ إِنَّ عَلَينَا بَيَانَهُ﴾ (القيامة: ١٧ـ ١٩)، واتە: (بە دڵنیاییەوە لەسەر ئێمەیە کە ئەم قورئانە کۆبکەینەوە لە نێو دڵی تۆ و پێتی بخوێنینەوە، پاشانیش لە سەرمانە کە بۆتی ڕوون بکەینەوە)[٣].

کەواتە: خوای گەورە خۆی بەڵێنی ڕوونکردنەوەی قورئانی فەرمووە کە لەڕێی فەرموودەوە کردوویەتی، چۆن کۆکردنەوەی قورئانی جێبەجێکرد لە ڕێی صەحابەکانەوە[٤]. پاراستنی (مبین) ڕوونکراوە بە پاراستنی (مبین) ڕوونکەرەوە دەبێت،[٥] [٦] ئەگەر وانەبێت سوودی تەواو لە قورئان وەرناگیرێت، چونکە زۆر لە

---

[١] پاراستنی فەرموودە هیچ تێکگیرانێکی نییە لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵانەی کە دوژمنانی ئایین داویانە بۆ ناشیرینکردنی فەرموودە بە هەڵبەستنی قسەی زۆر بە ناوی فەرموودەوە، چونکە ئەم هەوڵانە بۆ گۆڕینی قورئانیش دراون، بەڵام بەڵێنی خوا جێبەجێ بوو بە پاراستنیان، هەروەك خوای گەورە بەڵێنی پاراستنی پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر بێت) دا کە فەرمووی: ﴿وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ﴾ (المائدة: ٦٧)، واتە: (خوا دەتپارێزێت لە پیلانی خەڵك)، بەڵام چەندین هەوڵ درا بۆ تیرۆرکردنی، چونکە بەم هەوڵانە پاراستنەکە بە دیار دەکەوێت.

[٢] بڕوانە: القرآنيون وشبهاتهم حول السّنّة (٢٥٢).

[٣] بڕوانە: خۆلاصەی تەفسیری نامی (٥٧٧).

[٤] بڕوانە: تفسير روح المعاني (٢٩/ ١٤٩).

[٥] بڕوانە: الموافقات (٤/ ٢٩٦)، حەدیسی زەعیف (٥).

[٦] هەروەك دیار و ڕوونە لە زانستی فەرموودە کە چەندە فەرموودە پەرژینی بەهێزی بۆ کراوە و خزمەت کراوە بۆ ئەوەی شتی تری لەگەڵ تێکەڵ نەبێت، کە چۆن جۆرەها بنەما و هێڵی گشتی دانراوە بۆ ناسینەوەی فەرموودە لە غەیری خۆی، چەندە دووپات کراوەتەوە لەسەر مەرجەکانی وەرگرتنی

دەقەکانی موجمەل و کورتن[1] بە فەرمووده ڕوونکراونەتەوە، وەك: عیبادەتەکانی نوێژ و زەکات و ڕۆژوو و حەج، هەروەها بابەتەکانی (معاملات: گرێبەستی دارایی) و (مأکولات: ئەو شتانەی کە دەخورێن)[2] و (محرّمات: قەدەغەکراوەکان) و زۆری تر،

---

فەرمووده، دانانی چەندین جۆر و ناو بۆی بۆ پاراستنی ڕاستەکەی، بەم شێوەیە زانایان زۆر چاك توانیویانە فەرمووده هەڵبەستراوەکان دیاریی بکەن، لەبەرئەوە سەلەف و پێشینەی صالّح، ڕێزی زۆریان لە فەرمووده دەگرت و وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی تەماشایان دەکرد.

پاشان ئەو تێکەڵیە لە سەدەی یەکەم و دووەمی کۆچی بوونی هەبوو پاشتر زانایان زۆر بە جوانی و زانستیانە توانییان هەموو جۆرەکانی فەرمووده لێك جودابکەنەوە، چەندین کتێبی گەورەیان دانا بۆ ئەم مەبەستە، کە ئێستا زۆر بە ئاسانی دەکرێت جۆر و ئاستی هەر فەرموودەیەك بزانرێت و هیچ ترس و تێکەڵاوییەك لەسەر فەرمووده نەماوە، لەبەرئەوە هیچ پاساوێکی لەم جۆرە نییە بۆ ڕەدکردنەوە و وەرنەگرتنی فەرمووده، چونکە زانستەکانی فەرمووده کە زانایان بە هەموو جۆرێك خزمەتیان کرد زامنی پاراستنی فەرموودەبوو. بڕوانە: يغالطونك إذ يقولون (١٦٢).

¹ بە هەمان شێوە فەرموودەش زۆری تێدایە لە جۆرەکانی (مجمل) و (مفصل) و (مطلق) و (مقید) و (عام) و (خاص)، لەبەرئەوە پێویستە چەندین بناغە و قاعیدە و (ضوابط) هەبێت بۆ تێگەیشتن لێی، بۆ ئەوەی بەینی فەرموودەکان ڕێك بخرێت، نەك فەرموودەکان ڕەد بکرێنەوە بە هەنجەتی بوونی دژایەتی لە نێوانیاندا، بۆ ئەم مەبەستەش کتێبی بەڕێز پرۆفیسۆر دکتۆر یوسف قەرەزاوی زۆر باشە بۆ سوودلێوەرگرتنی، کە بە ناوی: (كيف نتعامل مع السّنّة النّبوية)یە، هەروەها ئەو کتێبانەی کە نووسراون لەسەر زانستەکانی: مختلف الحديث، ناسخ الحديث ومنسوخه، أسباب ورود الحديث، غريب الحديث، جمع الرّوايات في الموضوع الواحد (الحديث الموضوعي)، لەبەرئەوەی فەرمووده هەندێکیان ڕاڤەی هەندێکیتر دەکەن. بڕوانە: الموافقات (٤/ ٣١٤).

² بۆ نموونە چۆن نوێژ دەکات و چەند نوێژ دەکات و نوێژەکان چۆن دەکات و لە چ کاتێکدا دەیانکات و ڕووکن و واجبەکانی چین... هتد، هەروەها بۆ زەکات و ڕۆژوو و حەجیش، هەروەها چۆن بانگ بۆ نوێژ دەدرێت، چۆن عەقد و گرێبەستی نیکاح دەکرێت، زەکاتی فیتر (سەرفیترە) چۆنە و چەندە؟ هەروەها چۆن دەستی دز دەبڕێت و مەرجەکانی چین، هەروەها بۆ حەددەکانی تریش وەك زینا و قەزف و هەزاران ئەحکامی تر کە یان هەر باس نەکراون، یان بە درێژی باس نەکراون لە قورئانی پیرۆزدا.

ئەوان هەموو ئەم عیبادەتانە بەم شێوازەی کە هەیە ڕەدی دەکەنەوە و نوێژ دەکەن بەبێ خۆبەستنەوە بە ژمارەیەکی دیاریکراو لە کڕنووش، پێیان وایە ئەندازەی زەکاتیش بە گوێرەی زروف و زەمان گۆڕانکاریی بە سەردا دێت، پێیان وایە کە حەدی ڕەجم و کوشتنی مورتەدیش سزایەکی تەمبێکەرانەیە،

که ئەگەر پەنا بۆ فەرمووده نەبەین بۆ ڕوونکردنەوەیان ئەوە زۆربەی ئەحکامەکانی شەرع لە کەڵك دەکەون، زۆر دژایەتی بە ڕواڵەت لە نێو ئایەتەکان دروست دەبن، کە کەسانی بە نێو قورئانیش ناتوانن چارەسەری بکەن، بەڵکو دەبنە مایەی سەرلێشێواندنی خەڵك بە ڕاڤە نادروستەکانیان، وەك حەڵاڵکردنیان بۆ کۆکردنەوە لە نێوان ئافرەت و کچە برازاکەی بۆ یەك پیاو لە مارەکردندا و خواردنی گۆشتی گوێدرێژیماڵی، چونکە لە قورئاندا نەهاتووە کە قەدەغە بن،[1] لەبەرئەوەیە کە پێشەوا ئەوزاعی (٨٨- ١٧٥ك) دەڵێت: "قورئان زیاتر پێویستی بە فەرموودەیە هەندێ، کە فەرمووده پێویستی بە قورئانە"،[2] واتە: مەبەستیشی ئەوەیە کە

---

پێشەوا دەتوانێت جێبەجێیان بکات یان نا، دەستی دزیش یەکسەر نابڕدرێت، بەڵکو هەوڵی چاکسازیی دەدرێت بۆ جاری یەکەم، دواتر ئەگەر چاك نەبوو دەستی دەبڕدرێت، یان دانانی فەرمانی قورئان بە لێدانی جەڵد لە زیناکەر و بڕینی دەستی دز بە موباح واتە پێشەوا بە کەیفی خۆیەتی بۆ جێبەجێکردنی یان نا، لەسەر ڕای ئەوان دەبێت چوار ڕووکنی ئیسلام پەك بخرێن. بڕوانە: القرآنیون وشبهاتهم حول السّنّة (١٦٣، ٢٠٢، ٢٦٢)، والتّفسیر والمفسّرون (١/ ٤٣- ٤٤)، والشّبهات الثّلاثون المثارة لإنكار السّنة (١٣٥).

[1] بۆ نموونە لە قورئانی پیرۆزدا کە باسی خۆراکە قەدەغەکراوەکان دەکات دەفەرموێت: ﴿قُل لاَّ أَجِدُ فِي مَا أُوْحِيَ إِلَى مُحَرَّمًا عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلاَّ أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللّهِ بِهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ (الأنعام: ١٤٥)، واتە: (پێیان بڵێ: من لەو ئایەتانەی کە بە سروش بۆم هاتوون هیچ نادۆزمەوە کە خواردنی قەدەغە کرابێت جگە لە گۆشتی ئاژەڵی مردار و خوێنی ڕژاوو و گۆشتی بەراز، یان گۆشتی ئەو ئاژەڵە نەبێت کە لە کاتی سەربڕینیدا ناوی غەیری خوای لەسەر هاتبێت، ئینجا ئەگەر کەسێك لە ناچاری و برسێتیدا بێت، ئەوە بەبێ ستەم و زیادەڕەی دەتوانێت لێیان بخوات). بڕوانە: خۆلاصەی تەفسیری نامی (١٤٧).
ئەگەر تەنها ئیش بە قورئان بکەین دەبێت شتی تر حەڵاڵ بن، وەك: پیسایی و میز و گۆشتی سەگ، بە گوێرەی فەرموودەی خوا: ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ﴾ (المائدة: ٣)، دەبێت ماسی ئەگەر سەرنەبڕدرێت حەرام بێت.

[2] لەبەرئەوە دەبینین پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر بێت) ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە ئەویش سەرچاوەی تەشریعە وەك قورئان کە دەفەرموێت: "ألاَ إِنِّي أُوتِيتُ الْكِتَابَ وَمِثْلَهُ مَعَهُ، ألا يوشِكُ رَجُلٌ

شَبْعَانُ عَلَي أرِيكَتِهِ يَقُولُ: عَلَيكُمْ بِهَذا الْقُرْآنِ، فَمَا وَجَدْتُمْ فِيهِ مِنْ حَلالٍ فَأَحِلُّوهُ وَمَا وَجَدْتُمْ فِيهِ مِنْ حَرَامٍ فَحَرِّمُوهُ، ألا لا يَحِلُّ لَكُمْ لَحْمُ الْحِمَارِ الْأَهْلِي وَلا كُلُّ ذي نَابٍ مِنْ السَّبُعِ"، رواه أبو داود في سننه (٤/ ٢٠٠) كتاب الدّيات، باب في لزوم السّنّة، رقم الحديث (٤٦٠٤)، والبيهقي في السّنن الكبرى (٩/ ٣٣٢) جماع أبواب ما يحلّ ويحرم من الحيوانات، باب ما جاء في أكل لحوم الحمر الأهلية، رقم الحديث (١٩٢٥٣)، والطّبرانيّ في المعجم الكبير (٢٠/ ٢٨٣) رقم الحديث (٦٧٠)، والدّارقطنيّ في سننه (٤/ ٢٨٧) كتاب الأشربة وغيرها، باب الصّيد والذّبائح، رقم الحديث (٥٩).

واته: (ئاگادار بن كه من قورئانی پیرۆزم پێدراوه، وەكو قورئانیش فەرموودەم پێدراوە)، كه وەكو ئەوە له هێزی حەلاڵكردن و حەرامكردندا، لێرەدا پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر بێت) هۆشداری دەدات بەوەی كه فەرموودەكانی پشتگوێی بخرێن و كاریان پێنەكرێت، پاشان دەفەرموێت: (ئاگاداربن كه پیاوانێك پەیدا دەبن كه دەوڵەمەند و تێرن، لەسەر تەختەكانیان پاڵ دەدەنەوە و دەڵێن: تەنها كار به قورئان بكەن و ئەوەی كه دیتتانەوە له نێویدا به حەلاڵ به حەلاڵی بزانن و ئەوەی كه دیتتانەوە تێیدا به حەرام به حەرامی بزانن)، ئەوە وەكو ئاماژەیەكە بۆ سیفەتی ئەم جۆرە كەسانە كه خویندەوارییان بێهێزە، له لای مامۆستایان نەیانخوێندووە، هەر له ماڵەوە خەریكی ئینتەرنێت و تەلەفزیۆن و مۆبایل و خوێندنەوەی ئەم جۆرە سەرچاوانەن، كه ئەم بیر و هزره بڵاودەكەنەوە و دەوڵەمەندن، چونكه پاڵپشت دەكرێن به پاره له لایەن دوژمنانی ئیسلامەوە بۆ ڕەواجدان به فیكره و بۆچوونەكانیان، بۆ تێكدان و شێواندنی ئیسلام، پاشان پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر بێت) وەك ڕەددانەوەیەكی عەمەلی بۆ ئەم تاقمەیە دەفەرموێت: (ئاگادار بن كه حەرامە لەسەر ئێوە خواردنی گۆشتی گوێدرێژی ماڵی و هەر ئاژەڵێك كه كەڵبە و ددانی تیژی هەبێت، كه بتوانێت گیاندارانی پێ بخوات). كه لێرەدا ئەو حەرامانە دەفەرموێت و دیارییان دەكات لەگەڵ ئەوەشدا كه له قورئاندا باس نەكراون، سەحابە و سەلەفی صالحیش هەروا تێگەیشتوون و فەرقی قورئان و فەرموودەیان نەكردووە، فەرموودەش وەكو قورئان ئەحكامی پێ جێگیر دەبێت و واجیبه ئیشی پێبكرێت، لەبەرئەوەش زۆربەی ڕاڤەكارانی قورئان وشەی (الحكمه)یان به (السنه) لێكداوەتەوە، كه دەفەرموێت له قورئاندا: ﴿وَيعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ والْحِكْمَةَ وَيزَكِّيهِمْ﴾ (البقرة: ١٢٩)، ئەو پێغەمبەره ئەوان فێری قورئان و فەرموودەی خۆیان دەكات و پاكیان دەكاتەوە له سیفاتی خراپ، حیكمەتیش كه فەرموودەیه له لایەن خواوه دابەزیوە، وەك دەفەرموێت: ﴿وَأَنزَلَ اللّهُ عَلَيكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُنْ تَعْلَمُ وَكَانَ فَضلُ اللّهِ عَلَيكَ عَظِيمًا﴾ (النساء: ١١٣)، واته: خوای گەوره قورئان و فەرموودەی به سەر دابەزاندی و فێری شتانێكی كردی كه پێشتر نەتدەزانی و ناز و نیعمەتەكانی خوا لەسەر تۆ گەلێك زۆرن. ئیجماع كراوه كه فەرموودە وەك قورئان سەرچاوەی وەرگرتنی حوكمەكانە. بڕوانه: أصول الإيمان (١٢٢)، ودفاع عن السّنّة وردّ شبه المستشرقين (١٥)، والصّفات الإلهية

فەرمووده حوکم لە سەر قورئان دەکات چونکە ڕوونکەرەوەی قورئانە، لەبەرئەوە فەرمووده وەك پەرژین و سیاجێکە بۆ قورئان هەر کاتێك وەلانرا ئەوە دەرگای تەئویلی ناڕاست والاّ دەبێت بۆ گۆڕینی خودی قورئان، کە ئەمەش یەکێکە لە مەبەستەکانیان، وەك ئەوەی کە بیانەوێت خۆیان ڕاڤەی قورئان بکەن بە ناوی نوێخوازی و خوێندنەوەی نوێ لەبری پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر)، کە بە شەرحی ئەو ڕازی نین؟! چونکە تا ئەو هەبێت ناتوانن ئەو خوێندنەوەیەی کە دەیانەوێت بیکەن بۆی، لەبەرئەوە هەموو هەوڵێك دەدەن بۆ دوورخستنەوەی، وەك (د. محمد سعید رمضان البوطي) (١٩٢٩ـ ٢٠١٣ز) باسی دەکات[١].

پاشان قورئان خۆی فەرمان دەکات بە وەرگرتنی فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و گەڕانەوە بۆی بە شێوەیەکی ڕەها لە هەموو سەردەمەکاندا ـ کە خۆی دەیزانی پاشەڕۆژی فەرمووده چۆن دەبێت ـ وەك سەرچاوەی یاسادانان، کە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيهَا الَّذينَ آمَنُواْ أَطيعُواْ اللّهَ وَأَطيعُواْ الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْر منكُمْ فَإنْ تَنَازَعْتُمْ في شَيْءٍ فَرُدُّوْهُ إلى اللّهِ وَالرَّسُول إنْ كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ باللّهِ وَالْيَوْمِ الآخر ذلكَ خَيرٌ وَأَحْسَنُ تَأْويلًا﴾ (النّساء: ٥٩)، واتە: (ئەی بڕواداران گوێڕایەڵی خوا بکەن، هەروەها گوێڕایەڵی پێغەمبەر بکەن و گوێڕایەڵی خاوەن ئەمر و فەرمانەکانتان بکەن کە کاربەدەست و زانایانی ئیسلامن، ئەگەر ناکۆکی کەوتە نێوانتان دەربارەی شتێك و حوکمەکەتان نەزانی، ئەوە بیگێڕنەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی ـ کە قورئان و فەرموودەیە لە پاش وەفاتی پێغەمبەر

---

في الكتاب والسنّة النّبوية (٤٧)، والدّفاع عن السّنّة (٧٥، ١٤٤ـ ١٤٥)، والسّنّة النّبوية وأثرها في اختلاف الفقهاء (٧).

[١] بڕوانە: يغالطونك إذ يقولون (١٥٨) ومابعدها.

(دروودی خوای لەسەر) ـ[1] ئەگەر باوەڕتان هەیە بە خوا و بە ڕۆژی دوایی، چونکە ئەوە بۆ ئێوە و دواڕۆژی ئێوە چاکتر و باشترە).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿مَنْ يطِعِ الرَّسُوْلَ فَقَدْ أطاعَ اللّهَ وَمَنْ تَولَّى فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيهِمْ حَفِيظًا﴾ (النّساء: ٨٠)، واتە: (هەر کەسێك گوێڕایەڵی پێغەمبەر بکات ئەوە بە دڵنیاییەوە گوێڕایەڵی خوای کردووە، هەر کەسێکیش پشت لە پێغەمبەر و فەرموودەکانی بکات ئەوە تۆمان نەناردووە بە چاودێر لەسەریان)، واتە ئەو جۆرە کەسە لێپێچینەوەی لە لای خوا لەگەڵ دەکرێت[2]. هەروەها دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَطيعُوا اللَّهَ وَأَطيعُوا الرَّسُولَ فَإِنْ تَولَّوْا فَإِنَّمَا عليهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيكُمْ مَّا حُمِّلْتُمْ وَإِنْ تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوْا وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلاَ الْبَلاغُ الْمُبِينُ﴾ (النور: ٥٤)، واتە: (پێیان بڵێ: با گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی بکەن، ئەگەر پشتیان کرد لە گوێڕایەڵی، ئەوە تەنها ئەو شتە لەسەر پێغەمبەرە کە پێی تەکلیف کراوە لە گەیاندنی پەیامی خوا و ئەوەش لەسەر ئێوەیە کە پێی تەکلیف کراون لە گوێڕایەڵیی، ئەگەر ئێوە گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی بکەن، ئەوە ڕێنموونی وەردەگرن، تەنها ئەوەی کە لەسەر پێغەمبەرە گەیاندنێکی ڕوون و ئاشکرای ئایینی ئیسلامە)[3]. دووبارەکردنەوەی وشەی (أطيعوا) ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە گوێڕایەڵی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پێویستە بە سەربەخۆیی و لەبەر خودی خۆی، بەڵام گوێڕایەڵی دەسەڵاتداران بەندە بە دژ نەبوونی لەگەڵ گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)[4].

وەك ئیبن قەییم (٦٩١ـ ٧٥١ك) دەڵێت: "خوای گەورە فەرمانی کردووە کە گوێڕایەڵی بکرێت و گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەشی بکرێت، لەبەرئەوە فەرمانەکەی

---

[1] بڕوانە: تفسير المنار (٦/ ١٣٢)، وكيف نتعامل مع السّنّة النّبوية (٥٣).

[2] بڕوانە: خۆلاصەی تەفسیری نامی (٩١).

[3] بڕوانە: خۆلاصەی تەفسیری نامی (٢٥٧).

[4] بڕوانە: القرآنيون وشبهاتهم حول السّنّة (١٦٠)، ويغالطونك إذ يقولون (١٥٨ـ ١٥٩)، والشّبهات الثّلاثون المثارة لإنكار السّنّة (١٩٣).

(أطيعوا) دووباره كردووەتەوه بۆ ئەوەی كه تێمانبگەیەنێت كه گوێڕایەڵی پێغەمبەر پێویسته به سەربەخۆی بەبێ ئەوەی كه فەرمانەكەی عەرزی سەر قورئان بكرێت، چونكه گوێڕایەڵی ئەو فەرزه به ڕەهایی، چ فەرمانەكەی له قورئاندا هەبێت یان نا، چونكه ئەو دەسەڵاتی دانانی ئەحكامی شەرعی هەیه له ڕێگەی فەرموودەدا چۆن قورئانی پێدراوه، بەڵام كاتێك فەرمان دەكات به گوێڕایەڵی خاوەن دەسەڵات و زانستەكانی شەرعی فیعلی: (أطیعوا) لا دەبات بۆ ئەوەی كه پێمان بڵێت كه گوێڕایەڵی ئەوان بەنده به دەرنەچوون له فەرموودەكانی قورئان و فەرموودەوه، هەر كاتێك كه ئەوان لایاندا له فەرموودەكانی خوا و پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، ئەوه گوێڕایەڵی ناكرێن"[1].

خوای گەوره هەڕەشەی كردووه لەو كەسانەی كه گوێ به فەرمووده نادەن و پشتگوێی دەخەن، وەك دەفەرموێت: ﴿لَا تَجْعَلُوا دُعَاءَ الرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَاءِ بَعْضِكُمْ بَعْضًا قَدْ يَعْلَمُ اللَّهُ الَّذِينَ يَتَسَلَّلُونَ مِنكُمْ لِوَاذًا فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (النور: ٦٣)، واته: (بانگكردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) له نێو خۆتاندا وەك بانگكردنی هەندێكتان بۆ هەندێكیان لێمەكەن، كه پێغەمبەر بانگی یەكێكی له ئێوه كرد، پێویسته به گورجی وەڵامی بدەنەوه به دڵنیاییەوه خوای گەوره دەزانێت بەو كەسانەی كه خۆیان دەدزنەوه له جیهاد و تێكۆشان و له نێو كۆمەڵ دەردەچن، ئینجا با بترسێن ئەو كەسانەی كه له فەرمانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لادەدەن، كه فیتنه و ئاژاوەیان تووش ببێت، یان سزایەكی به ئێش و ئازاریان تووش بێت)[2]. ئەمەش هەڕەشەیه بۆ ئەو كەسانەی كه گوێ به فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نادەن. دەفەرموێت: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ

---

[1] بڕوانه: إعلام الموقّعین عن ربّ العالمین (١/ ٤٨).

([2]) بڕوانه: خۆلاصەی تەفسیری نامی (٣٥٩).

شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ (الحشر: ٧)، واتە: (ئەوەی کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پێتان دەدات وەریبگرن، ئەوەی کە لێتان قەدەغە دەکات لێی بەدوور بکەون و لە خوا بترسن، بە دڵنیاییەوە خوای گەورە سزای زۆر توندە)[1].

هەر قورئانی پیرۆزە کە دەفەرموێت فەرموودەکانی پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر) ئەوانەی کە مەبەست لێیان تەشریعە[2] لە ڕێگەی سرووش و وەحییەوەن: ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى (٣) إِنْ هُوَ إِلاَّ وَحْي يوحَى﴾ (النّجم: ٣ـ ٤)، واتە: (پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) قسە ناکات لە هەوا و ئارەزووی نەفسیەوە، بەڵکو هەموو قسە و فەرموودەکانی ـ کە بۆ یاسادانانن ـ لە ڕێگەی سروشەوەن)[3].

ئیمامی قورتوبی (٦٧١ك کۆچی دوایی کردووە) دەڵێت: "لەو ئایەتە ئەوەمان بۆ بە دەردەکەوێت کە فەرموودە وەکو سرووشی دابەزێنراوە لە لایەن خوای گەورەوە، کە قورئانی پیرۆزە"[4]. محەمەد ڕەشید ڕەزا (١٨٦٥ـ١٩٣٥ز) دەڵێت: "زۆرینەی زانایان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو یاسا شەرعییانەی کە لە فەرموودەدا هاتوون لە ڕێگەی سرووشن و سرووشیش قەتیس نییە تەنها لە قورئان"[5]. پاڵپشتی قسەکانی بەمەی خوارەوە دەکات: "لذلك أوجز القرآن في بيان أحكام الدّين

---

([1]) بڕوانە: خۆلاصەی تەفسیری نامی (٥٤٦).

([2]) فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) ئەگەر وەك بۆچوونی خۆی باسی بکات کاتێك دەبێت بە شەرع ئەگەر لە لایەن خوای گەورە پاڵپشت بکرێت یان ڕەد نەکرێتەوە" چونکە فەرموودەی پێغەمبەریش (دروودی خوای لێبێت) هەر بە ڕەزامەندی خواوە دەکرێن بە شەرع، وەك دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ رَّسُولٍ إِلاَّ لِيطاعَ بِإِذنِ اللّهِ﴾ (النّساء: ٦٤)، واتە: (ئێمە هیچ لە پێغەمبەرەکانمان نەناردوون تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە گوێڕایەڵی بکرێن بە ڕەزامەندی خوا). بڕوانە: خۆلاصەی تەفسیری نامی (٨٨).

[3] بڕوانە: خۆلاصەی تەفسیری نامی (٥٢٦).

٤ تفسير القرطبي (١٧/ ٨٥).

[5] تفسير المنار (٨/ ٢٧٤).

العملية، ووكّل بيانها لعمل الرّسول ـ صلّى الله عليه وسلّم ـ"[1])، واته: (لەبەرئەوەیە کە قورئانی پیرۆز زۆر بە کورتی باس لە ئەحکامە کردارییە ئایینییەکان دەکات، چونکە کاری ڕوونکردنەوەی ئەم جۆرە یاسایانەی داوەتە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، ئەویش بە کار و فەرموودەکانی خۆی ئەم ئەحکامانەی ڕوونکردوونەتەوە، لەبەرئەوە هیچ ڕێگایەك نییە بۆ ڕەد کردنەوەی ڕاست و دروستەکانی فەرموودە)[2].

پاشان کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾ (المائدة: ٣)، واتە: (ئیمڕۆ (کە ڕۆژی عەرەفەیە لە ساڵی ١١ی کۆچی ساڵی حەجی ماڵئاواییە) ئایینی ئێوەم بۆتان تەواو کرد و ناز و نیعمەتی زۆرم بە سەردا داباراندن و ڕازیم کە ئیسلام ئایینی ئێوە بێت)[3]. ئەگەر ئەم ئایینە نە پارێزرابێت بە لەناوچوونی فەرموودەکانی، یان تێکەڵبوونی بە هەڵبەستراوەکان، چۆن تەواو بووە و خوای گەورە پێی ڕازیبووە؟! لەبەرئەوە ئەم ئایەتە دەخوازێت کە ئایینی ئیسلام کە فەرموودە بەشێکی گرنگە لێی پارێزراو بێت، چەندان ئایەتی تریش لەم بابەتە هەیە، ئینجا کەسێك کە پێچەوانەی ئەم هەموو دەقە قورئانیانە بجولێتەوە، چۆن بانگەشەی قورئانیبوون دەکات؟!

---

[1] تفسير المنار (٨/ ٢٢٥).

[2] ئەوەتە خوای گەورە دانانی ڕووگە (قیبلە) بۆ جاری یەکەم بە مزگەوتی ئەقسا لە لایەن پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لێبێت) بە دانانی خۆی دادەنێت کە دەفەرموێت: ﴿وَمَا جَعَلْنَا الْقِبْلَةَ الَّتِي كُنتَ عَلَيهَا إِلاَّ لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ الرَّسُولَ مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَي عَقِبَيهِ﴾ (البقرة: ١٤٣)، چونکە هیچ ئایەتێك نییە کە ئەمر بکات بە ڕووکردن لە قودس، بە واتای ئەوەی کە فەرموودەش وەك قورئانە بۆ تەشریع و یاسادانان، هەروەك فەرموودەی خوا: ﴿الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِي الْأُمِّيَّ الَّذي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنْجِيلِ يَأْمُرُهُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيحِلُّ لَهُمُ الطَّيبَاتِ وَيحَرِّمُ عَلَيهِمُ الْخَبَائِثَ﴾ (الأعراف: ١٥٧)، حەرامکردن و حەڵاڵکردن پاڵ دەدات بۆ لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت)، کەواتە ئەو ئەم دەسەڵاتەی لە لایەن خواوە پێدراوە.

[3] بڕوانە: خۆلاصەی تەفسیری نامی (١٠٧).

پاشان خوای گەورە خۆی فەرموودەی ناوزەد کردووە بە (مُنزّل) دابەزێندراو لە لایەن خۆی، وەك دەفەرموێت: ﴿وأنزلَ اللّهُ عليكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَة وعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُنْ تَعْلَمُ وكَانَ فَضلُ اللّهِ عَلَيكَ عَظيمًا﴾ (النّساء: ١١٣)، ﴿وَاذكُرْنَ مَا يتْلى فِيْ بُيوتِكُنَّ مِنْ آياتِ اللَّهِ والْحِكْمَة إنَّ اللَّهَ كَانَ لطيفًا خَبِيرًا﴾ (الأحزاب: ٣٤)، کە زۆربەی زانایان دەفەرموون حیکمەت لێرەدا بە مانای فەرموودەیە ـ وەك پێشتر باسکرا ـ چونکە جگە لە قورئان هەر ئەوە کە دابەزێندرابێت.

لە حاڵی بوونی دژایەتی لە ڕواڵەتەوە لە نێوان قورئان و فەرموودە، یەکسەر فەرموودە وەلانانرێت، بەڵکو تا بکرێت کۆکردنەوە (جمع) لە نێوانیان دەکرێت، بۆ ئەوەی ئیش بە هەردوو بەڵگەکان بکرێت، پاشان پەنا دەبرێت بۆ (مرجح)ەکانی تر، کە زانایانی زانستی (أصول الفقه) بە دوورودرێژی باسیان لێوە کردووە. لەبەرئەوە ئەگەر ئەم جۆرە کەسانە بە هزر و بیری قووڵەوە بڕواننە قورئانی پیرۆز، لێی تێدەگەن کە هەر ئەو فەرمانی دەستگرتن بە فەرموودەیان پێدەکات وەك سەرچاوەی شەرع، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كِتَابٌ أنزَلْنَاهُ إليكَ مُبَارَكٌ لِيَدَّبَّرُوْا آياتِهِ وَلِيَتَذكَّرَ أُوْلُوا الْأَلْبَابِ﴾ (ص: ٢٩)، واتە: (ئەمە پەڕتووکێکی وایە کە ئێمە بە سەر تۆمان دابەزاندووە بۆ ئەوەی مسوڵمانان بە بیر و هزر قووڵ ببنەوە لە ئایەتەکانی و بۆ ئەوەی خاوەن ژیر و عەقڵەکان وەبیریان بێتەوە و بیر لە ئەنجامی کارەکانیان بکەنەوە)[1].

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يؤمِنُونَ حتى يحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَينَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِيْ أنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضيتَ وَيسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا﴾ (النساء: ٦٥)، واتە: (نەخێر، بڕوا بەو شێوازە نابێت کە ئەوان گومان دەبەن، سوێندم بە خوای تۆ ئەوان بڕوا ناهێنن تاکو تۆ نەکەن بە حەکەم و دادپەروەر لە هەموو ئەو کێشانەی کە دەکەوێتە نێوانیان، لە پاشانیش هیچ ناڕەحەتی و ناڕەزایەکیش نەبیننەوە لە

[1] بڕوانە: خۆلاصەی تەفسیری نامی (٤٥٥).

نێو دڵ و دەروونیان بەرامبەر بەو بڕیارانەی کە تۆ داوتە و تا بە تەواوی ملکەچی فەرمانەکانت نەبن)[1]. کەواتە مەبەست لێی فەرموودەیە، نەك قورئان، وەك زۆر بە جوانی دیارە لە ئایەتەکەدا، چونکە نافەرموێت: (یحکّموا القرآن، أو ممّا قضی بە القرآن)[2]. ئەمەش هەمووی دەخوازێت زیاتر و زۆرتر ورد ببنەوە لە قورئان، وەك دەفەرموێت: ﴿أَفَلا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا﴾ (محمّد: ٢٤)، واتە: (بۆ ئەوانە لە قورئان ورد نابنەوە و بیری لێناکەنەوە تا لێی تێبگەن، یان قوفڵ لەسەر دڵەکانیان هەیە و مانای قورئان ناچێتە نێو دڵەکانیان)[3]. پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر) دەستگرتن بە هەردوو سەرچاوەکانی قورئان و فەرموودە پێکەوە دەکاتە مایەی ڕێنموونیبوون و سەرلێنەشێوان، کە دەفەرموێت: "تَرَكْتُ فِيكُمْ أَمْرَيْنِ لَنْ تَضِلُّوْا ما تَمَسَّكْتُمْ بِهِما: كتابَ اللهِ، وسُنَّةَ نبيه"[4]، واتە: (من لە نێو ئێوەدا دوو شتم بۆ بەجێهێشتوون سەرتان لێناشێوێت و لاڕێ نابن تا دەستی پێوەبگرن، ئەوانیش قورئان و فەرموودەی پێغەمبەرەکەتانە). لە ڕێگایەکی تری فەرموودەکەدا هاتووە: "وَلَنْ يتَفرّقا حتى يرِدَا عَلَيَّ الْحَوْضَ"[5]، واتە: (تا ڕۆژی قیامەت و دێنە خزمەتم لەسەر حەوزی کەوسەر ئەم دووانە پێویستیان بە یەکەو لە یەك جیا نابنەوە)، مەرجی ڕاستە ڕێبوونیشی داناوە بە دەستگرتن بە هەردووکیان پێکەوە، نەك وەرگرتنی یەکێکیان و ڕەدکرنەوە و نەویستنی ئەویدیکە.

---

[1] بڕوانە: خۆلاصەی تەفسیری نامی (٨٨).

[2] بڕوانە: تفسیر المنار (٦/ ١٣٥).

[3] بڕوانە: خۆلاصەی تەفسیری نامی (٥٠٩).

[4] رواه مالك في الموطّأ (٢/ ٨٩٩) كتاب القدر، باب النّهي عن القول بالقدر، رقم الحديث (١٥٩٤)، والبيهقيّ في السّنن الكبري (١٠/ ١١٤) كتاب آداب القاضي، باب ما يقضي به القاضي..، رقم الحديث (٢٠١٢٣).

[5] رواه الحاكم في المستدرك: ١٧٢/١، رقم الحديث (٣١٩).

# كۆتایی

لەبەر گرنگیی فەرموودە و بوونی بە بەشێکی دانەبڕاو لە جەستەی ئیسلام، دوژمنان لە کۆن و نوێدا دەیانەوێت مسوڵمانانی لێ دووربخەنەوە، هەر جارەو بە شێوازێك كە پێیان وابێت دەبێتە مایەی سەرکەوتنیان لە گەیشتن بە مەرامە گڵاوەکانیان، ئەم جارە بە جلوبەرگی ئیسلامەوە و بە ناوی بەرگریکردن لە ئیسلام و پاراستنی لە تێکەوتنی خورافات و شتی نادروست، بۆ ئەمەش دەبێت تەنها قورئانی پیرۆز سەرچاوەبێت و واز لە فەرموودە بهێنرێت بە گومانی خۆیان.

مێژووی سەرهەڵدانی ئەم فیکرەیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی دووەمی کۆچی، تاقمەکانی خەواریج و شیعە و موعتەزیلە ڕۆڵیان هەبووە لە دروستبوونی ئەم بیر و هزرە، پاشان دوژمنانی ئیسلام پەرەیان پێی دا و گەورەیان کرد، بەتایبەت لە سەدەی نۆزدەهەمی زایینی. پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر) لە چەندین فەرموودەدا هۆشداری داوە لە دروستبوونی ئەم تاقمەیە، بۆ ئەوەی مسوڵمانان بە دروشمی بریقەداریان هەڵنەخەڵەتێن. چڕکردنەوەی گومانەکانیان لەسەر ئیکتیفاکردن بە قورئان بە ناوی بوونی هەموو بابەتەکان تێیدا، قسەیەکی بێ بنەمایە، لەبەرئەوەی زۆر لە ئەحکامەکان بە فەرموودە ڕوون کراوەتەوە. لە حاڵی پشتگوێخستنی فەرموودەدا ـ وەك ئەو تاقمە دەڵێن ـ ناتوانین گرنگترین روکنی ئیسلام کە نوێژە، بۆ نموونە، دیاریی بکەین، کە چۆن دەکرێت و چەندە و لە چ کاتێکدا دەکرێت، بە هەمان شێوە گشت بابەتەکانی تری فیقهی کە ڕوونکردنەوەیان لە فەرموودەدا هاتووە، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە ئیسلام بەبێ فەرموودە واتە

لەنێوچوونی. باسکردنیان لە گومانی ئەوەی کە خوای گەورە تەنها بەڵێنی پاراستنی قورئانی پیرۆزی داوە، لەبەرئەوە ناکرێت پشت بە فەرموودە ببەسترێت، چونکە زۆر شتی نادروستی تێکەڵکراوە لەجێی خۆی نییە، لەبەرئەوەی بەڵێنی پاراستنی فەرموودە لەگەڵ بەڵێنی پاراستنی قورئانە، چونکە قورئان پێویستی زۆری هەیە بە فەرموودە بۆ ڕوونکردنەوەی یاساکانی، فەرموودەش پارێزراوە بە بەڵگەی بوونی جۆرەها زانستی فەرموودە بۆ دیاریکردنی هەموو جۆرەکانی و جیاکردنەوەی نادروستەکانی، ئەمەش مانای پاراستنیەتی.

بانگەشەکردنی دروستکردنی یەکڕیزیی مسوڵمانان و لەنێوبردنی ئەم هەموو خیلافە فیقهیە مەزهەبییانە لە کاتی پابەندبوونی تەنها بە قورئان، داوایەکی بێ بنەمایە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لادان و نەهێشتنی فەرموودە دەبێتە دروستبوونی ناکۆکی زۆر و سەرلێشێوانی مسوڵمانان لە ئەنجامدانی خواپەرستییەکان و تێگەیشتن لە یاساکانی ئیسلام. مەبەستی سەرەکیان لە وەلانانی فەرموودە ـ کە وەك پەرژین و سیاجێکە بۆ قورئان ـ ئەوەیە هەر کاتێك وەلانرا ئەوە دەرگای تەئویلی ناڕاست والا دەبێت بۆ گۆڕینی خودی قورئان کە ئەمەش یەکێکە لە مەبەستەکانیان، وەك ئەوەی کە بیانەوێت خۆیان ڕاڤەی قورئان، بکەن بە ناوی نوێخوازی و خوێندنەوەی نوێ لەبری پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) کە بە شەرحی ئەو ڕازی نین؟! چونکە تا ئەو هەبێت ناتوانن ئەو خوێندنەوەیەی کە دەیانەوێت بۆی بکەن، لەبەرئەوە هەموو هەوڵێك دەدەن بۆ دوورخستنەوەی فەرموودە.

پێشینەی چاك کۆکن لەسەر ئەوەی کە فەرموودە وەك قورئان سەرچاوەی سەرەکی شەرع دانانە و هێزی حەڵاڵکردن و حەڕامکردنی هەیە و دەستگرتن بە فەرموودە لەگەڵ قورئانی پیرۆز نیشانەی ئەهلی سوننە و جەماعەیە و واقیعی ژیانی مسوڵمانان هەر لە کات و سەردەمی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) تا ئێستا

دژ و پێچەوانەیە لەگەڵ بۆچوونەکەیان، چونکە لەو کاتەوە تا ئێستاش کار بە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کراوە.

چەندەها ئایەتی قورئان هەن کە فەرمان دەکەن بە گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و وەرگرتنی فەرموودەکانی، کە ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت کە کەسی قورئانی ـ ئەگەر ڕاست دەکات ـ دەبێت گوێڕایەڵی ئەم تێکستە قورئانیانە بێت بۆ وەرگرتن و عەمەل و کارکردن بە فەرموودە. هەموو ئەو ئایاتانەی کە ئەم تاقمەیە پەنای بۆ دەبەن بۆ بەهێزکردنی گومانەکانیان، مەبەست لێیان ڕوونکردنەوەی قورئانی پیرۆزە بۆ هەموو هێڵە گشتییەکان لە ئیسلام، یان مەبەست لێی ڕوونکردنەوەی قورئانە بۆ هەموو شتەکان لە ڕێگەی فەرموودەوە، کە ئەو فەرمان دەکات بە شوێنکەوتنی.

ئەگەر پەنا بۆ فەرموودە نەبەین بۆ ڕوونکردنەوەی قورئان، ئەوە زۆربەی ئەحکامەکانی شەرع لەکەڵك دەکەون، زۆر دژایەتی بە ڕواڵەت لە نێو ئایەتەکان دروست دەبن، کە کەسانی بە نێو قورئانیش ناتوانن چارەسەری بکەن، بەڵکو دەبنە مایەی سەرلێشێواندنی خەڵك بە ڕاڤە نادروستەکانیان، وەك حەڵاڵکردنیان بۆ کۆکردنەوە لە نێوان ئافرەت و کچە برازاکەی بۆ یەك پیاو لە مارەکردندا و خواردنی گۆشتی گوێدرێژی ماڵی، چونکە لە قورئاندا نەهاتووە کە قەدەغە بن.

# سەرچاوەکان


القرآن الكريم.

١. الأساس في السّنة وفقهها، العبادات في الإسلام، سعيد حوّى (ت ١٤٠٩هـ)، دار السّلام للطباعة والنشر والتوزيع والترجمة، ط١، ١٤١٤هـ/ ١٩٩٤م.

٢. أصول الإيمان، محمّد بن عبد الوهاب بن سليمان التّميمي النّجدي (ت ١٢٠٦هـ)، تحقيق: باسم فيصل الجوابرة، وزارة الشّؤون الإسلاميّة والأوقاف والدّعوة والإرشاد، المملكة العربية السّعودية، ط٥، ١٤٢٠هـ.

٣. أصول الفقه الإسلامي في نسيجه الجديد، أ.د.مصطفى إبراهيم محمّدأمين الزّلمي: (١٩٢٤ـ ٢٠١٦م)، ط١٠، مكتب التّفسير، أربيل، ١٤٢٣هـ/ ٢٠٠٣م.

٤. إعلام الموقّعين عن ربّ العالمين، أبو عبد الله شمس الدّين محمّد بن أبي بكر بن أيّوب بن سعد الزّرعي الدّمشقي، ابن قيمّ الجوزيّة (٦٩١ـ ٧٥١هـ)، تحقيق: طه عبد الرّؤوف سعد، دار الجيل، بيروت، ١٩٧٣م.

٥. البحر المحيط في أصول الفقه، بدر الدّين محمّد بن بهادر بن عبد الله الزّركشي: (٧٤٥ـ ٧٩٤هـ)، ضبط نصوصه وخرج أحاديثه وعلّق عليه: د. محمد محمد تامر، دار الكتب العلمية، لبنان، بيروت، ط١، ١٤٢١هـ/ ٢٠٠٠م.

٦. تفسير البيضاوي، أبو سعيد عبدالله بن عمر بن محمّد الشّيرازي ناصر الدّين البيضاوي: (ت ٦٨٥هـ)، دار الفكر، بيروت، (د.ط)، و (د.ت).

٧. تفسير روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسّبع المثاني، العلامة أبي الفضل شهاب الدّين السّيد محمود الألوسي البغدادي: (١٢٧٣- ١٣٤٢هـ)، دار إحياء التّراث العربي، بيروت، (د.ط).

٨. تفسير الطّبري: (جامع البيان عن تأويل آي القرآن)، محمد بن جرير بن يزيد بن كثير الطّبري أبو جعفر: (٢٢٤- ٣١٠هـ)، دار الفكر، بيروت، ١٤٠٥هـ، (د.ط).

٩. تفسير فتح القدير الجامع بين فنّي الرّواية والدّراية من علم التّفسير، محمّد بن علي بن محمّد الشّوكاني: (١١٧٣- ١٢٥٥هـ)، دار الفكر، بيروت، (د.ط)، و (د.ت).

١٠. تفسير القاسمي: (محاسن التّأويل)، محمّد جمال الدّين بن محمّد سعيد بن قاسم الحلاق القاسمي (ت ١٣٣٢هـ)، تحقيق: محمّد باسل عيون السود، دار الكتب العلميّة، بيروت، ط١، ١٤١٨هـ.

١١. تفسير القرطبي: (الجامع لأحكام القرآن)، أبو عبد الله محمّد بن أحمد بن أبي بكر بن فرج الأنصاري القرطبي: (ت ٦٧١هـ)، دار الشعب، القاهرة، (د.ط).

١٢. تفسير ابن كثير: (تفسير القرآن العظيم)، إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي الدّمشقي أبو الفداء عماد الدّين: (٧٠١- ٧٧٤هـ)، دار الفكر، بيروت، ١٤٠١هـ، (د.ط).

١٣. تفسير المنار: (تفسير القرآن الحكيم)، محمّد رشيد بن علي رضا بن محمّد شمس الدّين بن محمّد بهاء الدّين بن منلا علي خليفة القلموني الحسيني (١٨٦٥- ١٩٣٥م)، الهيئة المصرية العامّة للكتاب، ١٩٩٠م، (د.ط).

١٤. تفسير النّسفي، عبدالله بن أحمد بن محمود النسفي: (٧١٠هـ)، (د.ط)، و (د.ن).

١٥. التّفسير والمفسّرون، الدّكتور محمّد السّيد حسين الذّهبي (ت ١٣٩٨هـ)، مكتبة وهبة، القاهرة، (د.ط)، (د.ت).

١٦. تەفسیری گوڵشەن، نظام الدّين عبد الحميد، دار الإحسان، ط١، ٢٠٠٤م.

١٧. جامع بيان العلم وفضله، يوسف بن عبد البرّ النّمري، دار الكتب العلميّة، بيروت، ١٣٩٨هـ، (د.ط).

١٨. حەدیسی زەعیف، ژمارەی جۆرەكانی، فراوانی بوارەكانی، مەترسی دەستێوەردانی، مەلا عومەر سوێری، ط١، ٢٠١٥م.

١٩. خۆلاصەی تەفسیری نامی، مەلا عبد الكريمي مدرّس، ط٣، منشورات ئارا، السّليمانيّة، ٢٠١٢م.

٢٠. فيض الباري شرح البخاري، محمّد أنور شاه بن معظم شاه الكشميري الهندي: (١٢٩٢ـ ١٣٥٢هـ)، (د.ط)، و (د.ت).

٢١. دفاع عن السّنَّة وردّ شبة المُسْتَشْرِقِينَ والكتّاب المعاصرين، محمّد بن محمّد بن سويلم أبو شُهبة (ت ١٤٠٣هـ)، مجمع البحوث الإسلامية، القاهرة، ط٢، ١٤٠٦هـ/ ١٩٨٥م.

٢٢. سنن ابن ماجه، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، محمد بن يزيد أبو عبدالله القزويني (ت ٢٧٣هـ)، دار الفكر، بيروت، (د.ط).

٢٣. سنن أبي داود، سليمان بن الأشعث أبو داود السّجستاني الأزدي (٢٠٢ـ ٢٧٥هـ)، تحقيق: محمد محيي الدين عبد الحميد، دار الفكر، (د.ط).

٢٤. سنن البيهقي الكبرى، أحمد بن الحسين بن علي بن موسى أبو بكر البيهقي: (ت ٤٥٨هـ)، تحقيق: محمد عبد القادر عطا، مكتبة دار الباز، مكّة المكرمة، ١٤١٤هـ، ١٩٩٤م.

٢٥. السّنّة ومكانتها في التّشريع الإسلامي، مصطفى بن حسني السّباعي (١٩١٥ـ١٩٦٤م)، المكتب الإسلامي: دمشق، سوريا، بيروت، لبنان، ط٣، ١٤٠٢هـ/ ١٩٨٢م.

٢٦. سنن البيهقي الكبرى، أحمد بن الحسين بن علي بن موسى أبو بكر البيهقي (ت ٤٥٨هـ)، تحقيق: محمد عبد القادر عطا، مكتبة دار الباز، مكّة المكرمة، ١٤١٤هـ، ١٩٩٤م، (د.ط).

٢٧. سنن التّرمذي: (الجامع الصّحيح)، محمّد بن عيسى أبو عيسى التّرمذي السّلمي (ت ٢٩٧هـ)، تحقيق: أحمد محمد شاكر وآخرون، دار إحياء التّراث العربي، بيروت، (د.ط).

٢٨. سنن الدّارقطني، علي بن عمر أبو الحسن الدارقطني البغدادي: (٣٠٦ـ ٣٨٥هـ)، تحقيق: السيد عبد الله هاشم يماني المدني، دار المعرفة، بيروت، ١٣٨٦هـ/ ١٩٦٦م.

٢٩. سنن الدّارمي، عبدالله بن عبدالرّحمن أبو محمد الدّارمي السّمرقندي: (١٨١ـ ٢٥٥هـ)، تحقيق: فواز أحمد زمرلي ، خالد السبع العلمي، دار الكتاب العربي، بيروت، ط١، ١٤٠٧هـ.

٣٠. شَاعِرُ المَلْيُون أَخْطَاءٌ شَرْعِيَّةٌ، ومُغَالَطَةٌ شِعْرِيَّةٌ، أبو صفوان ذياب بن سعد بن علي بن حمدان بن أحمد بن محفوظ آل حمدان الغامدي الأزدي نسبًا، ثمّ الطّائفي مولدًا، ط١، ١٤٢٩هـ.

٣١. الشّبهات الثّلاثون المثارة لإنكار السّنة النبويّة عرض وتفنيد ونقض، عبد العظيم إبراهيم محمد المطعني (ت ١٤٢٩هـ)، مكتبة وهبة، ط١، ١٤٢٠هـ، ١٩٩٩م.

٣٢. صحيح البخاري: (الجامع الصّحيح المختصر)، محمّد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري الجعفي (١٩٤ـ ٢٥٦هـ)، تحقيق: د. مصطفى ديب البغا، دار ابن كثير، اليمامة، بيروت، ط٣، ١٤٠٧هـ، ١٩٨٧م.

٣٣. صحيح مسلم، تأليف: مسلم بن الحجاج أبو الحسين القشيري أبوالحسين النيسابوري (٢٠٦ـ ٢٦١هـ)، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التّراث العربي، بيروت، (د.ط).

٣٤. الصّفات الإلهيّة في الكتاب والسّنة النّبوية في ضوء الإثبات والتّنزيه، أبو أحمد محمد أمان بن علي جامي علي (ت ١٤١٥هـ)، المجلس العلمي بالجامعة الإسلاميّة، المدينة المنورة، المملكة العربية السعودية، ط١، ١٤٠٨هـ.

٣٥. الضّعفاء الكبير، أبو جعفر محمد بن عمر بن موسى العقيلي: (ت ٣٢٢هـ)، تحقيق: عبد المعطي أمين قلعجي، دار المكتبة العلميّة، بيروت، ط١، ١٤٠٤هـ، ١٩٨٤م.

٣٦. قورئانى پیرۆز وەرگێڕانى هەژار، وەرگێڕانى عەبدوڕەحمان شەڕەفکەندی (مامۆستا هەژار): (١٩٢١ـ ١٩٩١م)، ط١، (د.ت).

٣٧. الكامل في ضعفاء الرّجال، عبدالله بن عدي بن عبدالله بن محمد أبو أحمد الجرجاني (٢٧٧ـ ٣٦٥هـ)، تحقيق: يحيى مختار غزاوي، ط٣، دار الفكر، بيروت، ١٤٠٩هـ/ ١٩٨٨م.

٣٨. كتابات أعداء الإسلام ومناقشتها، عماد السّيد محمد إسماعيل الشّربينى، ط١، ١٤٢٢هـ، ٢٠٠٢م.

٣٩. كيف نتعامل مع السّنّة النّبويّة، أ.د.يوسف بن عبدالله القرضاوي، دار الشّروق ـ القاهرة، ط٢، ٢٠٠٢م.

٤٠. محبّة الرّسول بين الاتّباع والابتداع، عبد الرؤوف محمد عثمان، رئاسة إدارة البحوث العلميّة والإفتاء والدعوة والإرشاد إدارة الطبع والترجمة، الرّياض، ط١، ١٤١٤هـ.

٤١. مسند الإمام أحمد بن حنبل، أحمد بن محمّد بن حنبل أبو عبدالله الشّيباني (١٦٤ـ ٢٤١هـ)، مؤسّسة قرطبة، مصر، (د.ط)، و (د.ت).

٤٢. مسند الحميدي، عبدالله بن الزّبير أبو بكر الحميدي (ت ٨٣٤هـ)، تحقيق: حبيب الرحمن الأعظمي، دار الكتب العلميّة، مكتبة المتنبّي، بيروت ـ القاهرة، (د.ط).

٤٣. المستدرك على الصّحيحين، محمّد بن عبدالله أبو عبدالله الحاكم النيسابوري (٣٢١ـ ٤٠٥هـ)، تحقيق: مصطفى عبد القادر عطا، دار الكتب العلميّة ـ بيروت، ١٤١١هـ/ ١٩٩٠م، ط١.

٤٤. المفردات في غريب القرآن، أبو القاسم الحسين بن محمّد المعروف بالرّاغب الأصفهانى (ت ٥٠٢هـ)، تحقيق: صفوان عدنان الدّاودي، دار القلم، الدّار الشامية، دمشق ـ بيروت، ط١، ١٤١٢هـ.

٤٥. مسند الشّافعي، محمد بن إدريس أبو عبد الله الشافعي (١٥٠ـ ٢٠٤هـ)، دار الكتب العلمية، بيروت، (د.ط).

٤٦. مسند الشّاميين، سليمان بن أحمد بن أيوب أبو القاسم الطّبراني (٢٦٠ـ ٣٦٠هـ)، تحقيق: حمدي بن عبدالمجيد السلفي، مؤسسة الرّسالة، بيروت، ١٤٠٥هـ/ م١٩٨٤، ط١.

٤٧. مصنّف ابن أبي شيبة، الكتاب المصنّف في الأحاديث والآثار، أبو بكر عبد الله بن محمد بن أبي شيبة الكوفي: (١٥٩ـ ٢٣٥هـ)، تحقيق: كمال يوسف الحوت، مكتبة الرّشد ـ الرّياض، ط١، ١٤٠٩هـ.

٤٨. المعجم الكبير، سليمان بن أحمد بن أيوب أبو القاسم الطّبراني (٢٦٠ـ ٣٦٠هـ)، تحقيق: حمدي بن عبدالمجيد السلفي، مكتبة الزّهراء ـ الموصل، ١٤٠٤هـ/ ١٩٨٣م، ط٢.

٤٩. الموافقات، إبراهيم بن موسى بن محمّد اللّخمي الغرناطي الشهير بالشّاطبي (ت ٧٩٠هـ)، تحقيق: أبو عبيدة مشهور بن حسن آل سلمان، دار ابن عفان، ط١، ١٤١٧هـ/ ١٩٩٧م.

٥٠. موسوعة التّفسير قبل عهد التّدوين، محمّد عمر الحاجى، دار المكتبي ـ دمشق، ط١، ١٤٢٧هـ/ ٢٠٠٧م.

٥١. موطّأ الإمام مالك، مالك بن أنس أبو عبدالله الأصبحي (٩٣ـ ١٧٩هـ)، تحقيق: محمّد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التّراث العربي ـ مصر، (د.ط)، و (د.ت).

٥٢. ميزان الاعتدال في نقد الرّجال، شمس الدّين محمّد بن أحمد بن عثمان الذّهبي (٦٧٣ـ ٧٤٨هـ)، تحقيق: الشّيخ علي محمد معوّض والشّيخ عادل أحمد عبدالموجود، دار الكتب العلميّة ـ بيروت، ط١، ١٩٩٥م.

٥٣. نقد القوميّة العربيّة على ضوء الإسلام والواقع، عبد العزيز بن عبد الله بن باز (ت ١٤٢٠هـ)، الرّئاسة العامة لإدارات البحوث العلميّة والإفتاء والدّعوة والإرشاد، ط٦، ١٤١١هـ.

٥٤. يغالطونك إذ يقولون، أ.د. محمّد سعيد رمضان البوطي (١٩٢٩ـ ٢٠١٣م)، الصّدّيق للعلوم ـ دمشق، ٢٠١٠م، (د.ط).

# گومانەکانی سەر صەحیحی بوخاری و موسلیم
# لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانەی شیکاری فیقهیە
# ـ بۆ چەند فەرموودەیەك بە نموونە ـ

**پ. ی. د. کەمال صادق یاسین**
**زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر/ کۆلیژی زانستە ئیسلامیەکان**

ئەوەی ئاشکرایە لەلای هەموو مسوڵمانێك کە فەرموودە و سوننەت و ژیاننامەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) سەرچاوەی دووەمی شەریعەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، لە دوای سەرچاوەی یەکەم، کە قورئانی پیرۆزە، بۆیە نەیارانی ئیسلام هەر لە کۆنەوە، هەوڵی زۆریان داوە تانە و تەشەر لە سەرچاوەی دووەمی ئیسلام بدەن، چونکە بە تانەلێدان لە فەرموودەکان و سەرچاوەکانی فەرموودە، گورزی خۆیان ئاڕاستەی ئایینی ئیسلام دەکەن، بە وروژاندنی هەندێك بابەت بۆ گومان خستنە ناو دڵی شوێنکەوتووانی، یەکێك لە هەوڵەکانی ناحەزانی ڕێبازی ئیسلام، ڕەخنەگرتنە لە فەرموودەکان.

ئەم توێژینەوەیە باسکردنی چەند فەرموودەیەکە بە نموونە، وەك فەرموودەی (أم حرام) لەگەڵ وەڵامدانەوەیان، پاش وردبوونەوە و تێڕامان ڕوون دەبێتەوە کە ئاڵۆزیی لە تێگەیشتنی فەرموودەی (أم حرام) و (أم سليم) لە دوو لایەنەوەیە:

یەکەمیان: ڕووکەشی فەرموودەکە ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەتەنها بووە لەگەڵ ئوم حەرام، زانراویشە کە تەنها بوونی پیاو لەگەڵ ئافرەتی بێگانە ڕێپێنەدراوە بە کۆدەنگی زانایان، هەروەك لە کاتی خۆیدا باس دەکرێت.

دووەمیان: لەم فەرموودەیەدا "ثم جلسَت تفلي رأسه...." واتە: (ئوم حەرام دانیشت پشکنینی سەری پیرۆزی پێغەمبەری (دروودی خوای لەسەر) دەکرد)، ئایا ڕێ پێدراوە بۆ ئافرەت دەست لە لاشەی پیاوی بێگانە بدات؟ ئەم ئاڵۆزیە دوو دەستەی خاوەن ئارەزووی دڵخۆشکردووە:

دەستەی یەکەم: ئەم فەرموودەیان کردووەتە پاساو بۆ تانەدان لە ڕاسترین دوو پەڕتووکەکە پاش قورئانی پیرۆز، کە ئەوانیش (صحیح البخاری) و (صحیح مسلم)ن، ئەوانە دەڵێن: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پارێزراو بووە، ناکرێت ئەم ڕیوایەتانە ڕاست بێت، بە بیانووی بەرگریی لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، بۆیە تانە دەدەن لەم ڕیوایەتانەی صەحیحی بوخاری و موسلیم، تۆماتباریان دەکەن کە شتی نەشیاویان ڕیوایەت کردووە، ئەمەش بەهۆی کەم ئاستی تێگەیشتنیان، نازانن ئەمەی دەیڵێن تانەدانە لە خودی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر).

دەستەی دووەم: ئەوانە ئەهلی ئارەزووەکانن، ئەوانەی کە خوای گەورە لە بارەیانەوە فەرموویەتی: ﴿وَيُرِيدُ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الشَّهَوَاتِ أَنْ تَمِيلُوا مَيْلًا عَظِيمًا﴾ (النساء: ٢٧)، واتە: (ئەو کەسانەی دەکەونە شوێن ئارەزوو، دەیانەوێت ئێوە بەتەواوی لە خشتەبەرن و لاڕێ بن، دەیانەوێت دوای ئەوان بکەون و ڕێگای چەوت

بگرن)، دەستیان بەم شتانە گرتووە کە یەکگیرە لەگەڵ ئارەزووەکانیان، پشتیان لەوە کردووە کە پێچەوانەی دەقەکانە لە قورئان و فەرموودە.

لە کاتی وردبینی و جێبەجێکردنی پێوەری زانستیی دروست (المنهج العلمی الصحیح) لە بەدواداچوونی ئەم بابەتە ڕوون دەبێتەوە کە هەردوو دەستەکە هیچ بەڵگەیەکی دروستی بەهێزیان نییە لەسەر بۆچوونەکانیان.

گرنگیی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەیەك لە وەڵامدانەوەی بابەتی گومانی تانەلێدەران لە فەرموودەی (نوستنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەلای (أم سلیم) و (أم حرام)، لەوەدایە، فەرموودەکە لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە، هەوڵی شیکردنەوەی دراوە بە پێوەری زانستی، لەگەڵ چەند هەڵوێستەیەك لەسەر گومانەکانی کە باسکراوە سەبارەت بەم فەرموودەیە. تێنەگەیشتنی ڕاست لە فەرموودەکەی (أم حرام) و (أم سلیم)، کە یەکێکە لە فەرموودە ڕاستە پیرۆزەکانی ئیمام بوخاری و موسلیم لەبەر چەند هۆیەك:

١- ئەم فەرموودەیە ئاماژەگەلێکی هەڵگرتووە لە بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی، ئەم بەڵگانەش شایەنی وردبوونەوە و ڕوونکردنەوەن.

٢- لەم فەرموودەیەدا تێکەڵیەك هەیە پێویستی بە ڕوونکردنەوە و دەرخستن هەیە، ئەمەش لە ڕووکەشی فەرموودەکە وا گومان دەبرێت کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) تەنها بووە لەگەڵ ئوم حەرام، هەروەها دەرهێنانی تۆشك لەسەری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەلایەن ئوم حەرامەوە لەم تێکەڵیە هەندێك بۆچوونەکان لایانداوە لە تێگەیشتنی دروست، کۆمەڵێك نکوڵییان لە فەرموودەکە کردووە و تانەیان لە دوو پەڕتووکە ڕاستەکە داوە.

**تەخریجی فەرموودەکە و ڕوونکردنەوەیەکی پێویست و گرنگ دەربارەی وەڵامدانەوەی گومانەکانی سەر فەرموودەی ئوم حەرام و ئوم سولەیم:**

پێش وەڵامدانەوە و ڕەواندنەوەی ئەم گومانانە، وا باشە ڕوونکردنەوەیەکی پێویست و گرنگ باس بکرێت دەربارەی وەڵامدانەوەی فەرموودەی ئوم حەرام بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم: دەرهێنانی فەرموودەکە لە کتێبی زانایان:**

ئەم فەرموودە چوار کەس لە (أُمِّ حَرَام)ەوە گێڕاویانەتەوە: ئەنەسی کوڕی مالیك، عومەیر کوڕی ئەسوەد، یەعلای کوڕی شەدداد و عەتائی کوڕی یەسار (ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لەسەر بێت). لە هەمووان تەواوتر و تۆکمەتر فەرموودەی هاوەڵی بەڕێز ئەنەسی کوڕی مالیکە، چونکە ئوم حەرام پوری بووە، لە ماڵێکدا بەیەکەوە بوون.

ئەم فەرموودەیە ئەم زانایانەی فەرموودەناس گێڕاویانەتەوە لە کتێبەکانیاندا، بەم شێوەی خوارەوە:

١ـ مالك في الموطأ، كتاب الجهاد، باب الترغيب في الجهاد (٢/ ٤٦٤ برقم ٣٩) .

٢ـ عبد الله بنُ المبارك، في الجهاد (١٥٧ برقم ٢٠١).

٣ـ محمد بن سعد في الطبقات الكبري (٨/ ٤٣٥).

٤ـ أحمد بن حنبل في مسنده (٣/ ٢٤٠).

٥ـ البُخاري في صحيحه في مواضع: كتاب الجهاد والسير، باب الدعاء بالجهاد والشهادة للرجال والنساء (٣/ ١٠٢٧ برقم ٢٦٣٦)، وكتاب التعبير، باب رؤيا النهار (٦/ ٢٥٧٠ برقم ٦٦٠٠)، كتاب الاستئذان، باب من زار قوما فقال عندهم (٥/ ٢٣١٦ برقم ٥٩٢٦).

٦ـ مُسلِم في صحيحه، كتاب الإمارة، (٣/ ١٥١٨ برقم ١٩١٢).

٧ـ أبو داود في سننه، كتاب الجهاد، باب فضل الغزو في البحر (٣/ ٦ برقم ٢٤٩١).

٨ـ الترمذي في جامعه، كتاب فضائل الجهاد، باب ما جاء في غزو البحر (٤/ ١٧٨ برقم ١٦٤٥).

٩ـ النسائي في سننه (المجتبى)، كتاب الجهاد، فضل الجهاد في البحر (٦/ ٤٠).

١٠ـ أبو عوانة في مستخرجه، كتاب الجهاد، بيان فضل الغزو في البحر (٤/ ٤٩٤ برقم ٧٤٥٩).

١١ـ ابن حبان في صحيحه، كما في الإحسان (١٥/ ٥١ برقم ٦٦٦٧).

١٢ـ اللالكائي في شرح أصول اعتقاد أهل السنة (٨/ ١٣٨).

١٣ـ أبو نُعَيم في حلية الأولياء (٢/ ٦١) ومعرفة الصحابة (٦/ ٣٤٨١ برقم ٧٨٩٤)، وفي دلائل النبوة (٢/ ٥٥٥).

١٤ـ البيهقي في السنن الكبرى، كتاب السير، باب فضل من مات في سبيل الله (٩/ ١٦٥).

١٥ـ ابن عساكر في تاريخ مدينة دمشق (٧٠/ ٢١١).

**دووەم: زانایان كۆدەنگن كە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) تایبەتمەندكراوە بە هەندێك لە یاساكانی شەریعەت:**

بە واتایەك كە كەس بەشدارنەبووە لەگەڵیدا لە بوارەكانی فەرز و حەرام و حەڵاڵ، وەك بەخششێكی تایبەت بۆی بەسەر ئوممەتەكەیەوە، پلەیەكە ئەوی پێ تایبەتمەند كراوە. هەندێ شتی بەسەردا فەرزكراوە لەسەر غەیری ئەو فەرز نەكراوە، هەندێك شت و كرداری لەسەر حەرام كراوە جگە لەو لەسەر كەسی تر حەرام نەكراوە، هەندێك شتی بۆ حەڵاڵ كراوە بۆ خەڵك حەڵاڵ نەكراوە، هەیانە لەمانە زانایان كۆدەنگن لەسەری، هەشیانە زانایان بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەبارەیانەوە. ئەم تایبەتمەندیانە هەیانە بە قورئان جێگیر كراوە و هەیانە بە سوونەت، هەیانە لە دەقەكاندا وای لێ دەخوێندرێتەوە، هەشیانە لێی تێدەگەی لە ئەنجامی كۆكردنەوە و بەراورد لەنێوان دەقەكاندا.

پێشەوا ئەحمەد دەڵێت: "پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) تایبەتمەندکراوە بە هەندێك لە ئەرکەکان و قەدەغەکردنەکان و ڕێپێدراوەکان و ڕێزلێنانەکان"[1]. زانایان پەرتووکی زۆریان نووسیوە لە بواری تایبەتمەندیەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر). زۆربەی فیقهزانەکان تایبەتمەندیەکان لە بەشی هاوسەرگیری باس دەکەن، لەبەرئەوەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) تایبەتمەند کراوە لە بابەتی هاوسەرگیریی بە تایبەتمەندی زۆر، بەشێوەیەك کە لە هیچ بابەتێکی فیقهی ئەم ڕێژەیە لە تایبەتمەندی تێدا کۆنەبووەتەوە. ئیبن کەسیر دەڵێت: "بەشی هاوسەرگیریی، هەموو یاساکانی تایبەتمەندیەتی پێغەمبەرایەتی لەخۆگرتووە"[2]. سوودی ناوهێنانی تایبەتمەندی لەوەدایە، بۆ ئەوەی وا نەزانرێ هەرشتێك کە بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دروست بێت، یا ڕێپێدراو بێت، بۆ ئێمەش ڕێپێدراوە.

ئەوەی کە کۆدەنگی لەسەرە: ڕێپێدانیەتی بە هاوسەرگیری پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە زیاتر لە چوار ئافرەت، هاوسەرگیریەتی بەبێ مارەیی، وەك خوا دەفەرموێت: ﴿وامْرَأَةً مُؤْمِنَةً إِنْ وهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِي إِنْ أَرادَ النَّبِي أَنْ يسْتَنكِحَهَا خَالِصَةً لكَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ﴾ (الأحزاب: ٥٠)، حەرامکردنی هێنانی هاوسەرەکانیەتی لە دوای وەفاتی خۆی، وەك خوا دەفەرموێت: ﴿ومَا كَانَ لكُمْ أَنْ تُؤْذوا رَسُول اللَّهِ ولا أَنْ تَنْكِحُوا أَزْواجَهُ مِنْ بَعْدِهِ أَبَدًا إِنَّ ذلِكُمْ كَانَ عِنْدَ اللَّهِ عَظِيمًا﴾ (الأحزاب: ٥٣). جگە لەمانەش بابەتی تریش زۆرە، ئێرە شوێنی ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە نییە.

ئەصڵ لە کردارەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و وتەکانی و یاساکانی، نەبوونی تایبەتمەندیە هەتا بە بەڵگە تایبەت دەکرێت، چونکە خوا دەفەرموێت:

---

[1] الفروع (٥/ ١٢١)، والإنصاف (٢٠/ ٨٨).

[2] الفصول لابن كثير (٣٢٥).

﴿لقَدْ كَانَ لكمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوة حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يرْجُو اللَّهَ والْيومَ الآخِرَ وذكَرَ اللَّهَ كَثِيرا﴾ (الأحزاب: ٢١). ئەمەش دەبێتە بەڵگە كە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پێشەنگە بۆ ئوممەت لە هەموو شتێكدا، بۆیە هاوەڵان لە كاتی كێشە و ئاڵۆزی لە بابەتەكان دەگەڕانەوە سەر كردەوەكانی و شوێنی دەكەوتن.

ئیبن قەیم دەڵێت: "ئەگەر بینیمان هاوەڵانی نێردراوی خوا (دروودی خوای لەسەر) جیاوازبوون لە شتێكدا كە بەڕاستی لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پێمان گەیشتووە كردوویەتی، یان فەرمانی پێ كردووە، هەندێكیان دەڵێن: ئەمە مەنسوخە یان تایبەتە، هەندێكیان دەڵێن: ئەمە ماوەتەوە هەتا هەتایە، وتەی ئەوەی بانگەشەی نەسخ یان تایبەتمەندی دەكات، پێچەوانەی ئەصڵەكەیە، لێی وەرناگیرێت تەنها بە بەڵگە نەبێت"[1].

ئەم پێشەكیە باس كرا بۆ ئەوەی ڕوون بێتەوە، ئەوەی دەڵێت ئەوەی ڕوویداوە لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەگەڵ ئوم حەرام لە تایبەتمەندیەكانی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر) ڕێی تێ دەچێت، هەرچەندە بۆچوونی ڕاست لەم بارەیەوە ئەوەیە كە ئوم حەرام پووری شیریی پێغەمبەر بووە، هەروەك لەدوایدا باسی دەكەین.

١ـ باسكردنی بەڵگەكانی ئاماژەدار بە حەرامی تەنهابوون لەگەڵ ئافرەتی بێگانە و ڕوونكردنەوەی كۆدەنگی زانایان لەبارەیەوە، چونكە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: "با پیاو خەڵوەت لەگەڵ ئافرەت نەكات و ئافرەت گەشت نەكات تەنها ئەگەر كەسێكی مەحرەمی لەگەڵ بێت"، پیاوێك هەستایەوە و وتی:

---

[1] زاد المعاد (٢/ ١٩٣).

ئەی پێغەمبەری خوا من ناوم نووسیوە بۆ بەشداری لە فلانە جەنگ و ئافرەتەکەم دەچێت بۆ حەج، فەرمووی: "برۆ حەج لەگەڵ خێزانەکەت بکە"[1].

٢- فەرموودەی ئەبولخەیر لە عوقبەی کوڕی عامیرەوە، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: "ئاگاداربن مەڕۆنە ژوورەوە لای ئافرەتان"، پیاوێك لە ئەنصاریەکان وتی: ئەی پێغەمبەری خوا بۆچوونت چییە سەبارەت بە شووبرا؟ فەرمووی: "شووبرا مردنە"[2].

٣- جابیر (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: "ئاگادار بن هیچ پیاوێك با شەو لای ئافرەتێکی بەشوودراو نەمێنێتەوە تەنها ئەگەر خاوەن خێزان بێت، یان مەحرەمی بێت"[6]. قورتووبی دەڵێت: "ئەم فەرموودەیە بەڵگەی تیا نییە بۆ وتن بەهیچ جۆرێك، چونکە خەڵوەت لەگەڵ ئافرەتانی بیانی شووی نەکردبێت یان کردبیەتی، شەو بێ یان ڕۆژ، حەرامە بە بەڵگەی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت "[3]. نەوەوی لە ڕوونکردنەوەی وتوویەتی: "بەشوودراوی تایبەتکردووە، چونکە زیاتر خەڵکی دەچنە لای ئەوان، بەڵام شوونەکردوو پارێزراوە و خۆپارێزە بەگشتی، خۆی بەدوور دەگرێت لە پیاو بەتووندی، بۆیە پێویستی بە باسکردنی ئەمە نەکردووە، لەبەرئەوەی زیاتر بۆ ئاگادارکردنەوەیە، ئەگەر قەدەغەی چوونە لای بەشوودراوەکانی کردبێت کە خەڵکی گوێ نادەن بە چوونە لایان بە گشتی، ئەوا بێشووەکان لەپێشترن کە نەچنە لایان..."[4].

---

[1] أخرجه البخاري في صحيحه، كتاب: الجهاد والسير، باب: من اكتتب في جيش فخرجت امرأته حاجة وكان له عذر هل يؤذن له (٣/ ١٠٩٤) رقم (٢٨٤٤)، ومسلم في صحيحه، كتاب: الحج (٢/ ٩٧٨) رقم (١٣٤١).

[2] أخرجه: البخاري في صحيحه، كتاب: النكاح، باب: لا يخلون رجل بامرأة إلا مع ذو محرم والدخول على المغيبة (٥/ ٢٠٠٥) رقم (٤٩٣٤)، ومسلم في صحيحه، كتاب: السلام (٤/ ١٧١١) رقم (٢١٧٢).

[3] صحيح مسلم، كتاب السلام (٤/ ١٧١٠) رقم (٢١٧١).

[4] شرح النووي علي صحيح مسلم (١٤/ ١٥٣).

٤ـ فەرموودەی عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص کە تێیدا هاتووە: (خەڵکانێك لە نەوەی هاشیم چوونە لای ئەسمای کچی عومەیس، ئەبوبەکری صدیق ـ کە ئەم ئافرەتە خێزانی بوو لەم کاتەدا- چووە ژوورێ و بینیانی پێی ناخۆش بوو، ئەمەی باس کرد بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و وتی: تەنها چاکەم بینیوە، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: "بەڕاستی خوا پاکانەی ئەمی کرد لەمە"، پاشان پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) چوو بۆ سەر مینبەر و فەرمووی: "با هیچ پیاوێك نەچێتە لای ئافرەتێك کە پیاوی لە ماڵدا نەبێت، یا یەکێك لە مەحرەمەکانی لەوێ نەبن، تەنها ئەگەر پیاوێکی تر، یان دوو پیاوی تری لەگەڵ بێ")[1]. قورتوبی دەڵێت: "ئەم چوونە لە کاتێکدا بوو کە ئەبوبەکر (خوا لێی ڕازی بێت) لەوێ نەبوو، بەڵام هەر لە شارەکەی بوو لە سەفەر نەبوو، ئەوانیش بەشێوەیەك بوون کە ئەهلی چاکە و خێر بوون، لەگەڵ ئەو شتانەی پێش ئیسلام لەسەری بوون کە لە ڕەوشتبەرزی سەرچاوەی گرتووە، وەك ڕەتکردنەوەی تۆمەت و گومان، بەڵام ئیمامی ئەبوبەکر نکوڵی لەمانە کرد بەهۆی غیرەتی خواڕسکی و ئایینی... پاش ئەوەی ئەمەی بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) باس کرد ـ باسی حاڵی ئەم کەسانەی کرد کە چوونەتە ژوورەوە و ئەوەی لێی چوونە ژوورێ ـ فەرمووی: غەیری چاکەم لێ نەبینیوە، واتە: لە هەردوو دەستەکە، ئەمەش شتێکی شاراوە نەبوو لای هەموو کەس، لەبەرئەوەی لە مسوڵمانانی نەوەی هاشیم بوون، پاشان ئەسمای تایبەتمەند کرد بە شایەدی، فەرمووی: "خوا بەڕاستی پاکانەی کردووە لەمە"، واتا: لەوەی کە کەوتبووە دەروونی ئەبوبەکر، ئەمەش بەخششێکە لە گەورەترین بەخششەکانی... لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر بەمە نەوەستا، تا خەڵکی

[1] أخرجه: مسلم في صحيحه، كتاب السلام (١٧١١/٤) رقم (٢١٧٣) وهذا لفظه، وفي رواية للنسائي في السنن الكبرى (٥/ ١٠٤)، والطبراني في المعجم الأوسط (٨/ ٣٣٩)، والبيهقي في شعب الإيمان (٤/ ٣٧٠): (أنَّ أبا بكر الصديق تزوج أسماء بنت عميس بعد جعفر بنِ أبي طالب...).

کۆکردەوە چووە سەر مینبەر، قەدەغەی ئەمەی لێکردن و تێی گەیاندن ئەوەی ڕێپێدراوە، فەرمووی: "با پیاو نەچێتە لای ئافرەتێك کە کەسوکارەکەی لای نییە مەگەر لەگەڵ پیاوێکی تر، یان دووان"، ئەمەش بۆ ڕێگرتن بوو لە خەڵوەت و دوورخستنەوەی شتێك کە سەردەکێشێت بۆ تۆمەت، باسی تەنها لەگەڵ پیاوێك، یان دوو پیاوی کردووە لەبەر چاکی ئەم قەومە، چونکە تۆمەت نامێنێت بەم ئەندازەیە، بەڵام لەم ڕۆژگارەدا ئەم ئەندازەیە بەس نییە، بەڵکو دەبێت کۆمەڵێکی زۆربن، لەبەر زۆری خراپە و خراپی مەبەستەکان ...هتد"[1].. تا کۆتایی وتە بەنرخەکانی. لەڕاستیدا ڕوونکردنەوەی پێشەوا قورتوبی لەسەر صەحیحی موسلیم زیاتر و باشترە لە ڕوونکردنەوەی نەوەوی (خوا لە هەردووکیان خۆشبێت).

زانای فەرموودەزان (عبد الله السعد) ـ خوا موەفەقی بکات ـ دەڵێت: "لەوانەیە بۆیە چووبنە لای ـ زانیاری لای خوای گەورەیە ـ ئەسما خێزانی جەعفەری کوڕی ئەبو تالیب بوو تا شەهید بوو، لەوانەشە ئەم کەسانە لە نەوەکانی هاشیم بووبن نزیکانی جەعفەر، ویستوویانە سیلەی ڕەحم جێبەجێ بکەن لەگەڵ منداڵەکانی جەعفەر، لەبەر نزیکییان لە جەعفەر و پەیوەندی ئەسمای کچی عومەیس بە نەوەکانی هاشیم توندوتۆڵ بووە، ئەم خوشکی مەیمونەی کچی حارس خێزانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بووە لە دایکیەوە و خوشکی لوبابە بووە، ئوم فەزڵ خێزانی عەبباسی کوڕی عەبدولموتەڵیب، هاتووە لە فەموودەیەکی تر کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئەسمای کچی عومەیسی مارە کرد لە ئەبوبەکر لە ڕۆژی حونەین، پاشان ئیمامی عەلی (خوا لێی رازی بێت) مارەی کرد دوای وەفاتی ئەبوبەکر. ئەمەش پەیوەندی ئەسمای کچی عومەیس نیشان دەدات بە نەوەکانی هاشیم. لەگەڵ ئەم پەیوەندیە بەهێزەی، ئیمامی ئەبوبەکر نکوڵی کرد لە چوونە

---

[1] المفهم فيما أشكل من صحيح مسلم (٥/ ٥٠٠).

ژوورەوەیان بۆ لای خێزانی و هەواڵی بە پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر)، ئەمیش وتاری بۆ خەڵك خوێندەوە"[1].

نەوەوی دەڵێت: "لەم فەرموودەیە و ئەو فەرموودانەی تریش دوای ئەمە، حەرامکردنی تیایە بە ئافرەتانی بێگانە و ڕێدانە بە خەڵوەت بە ئافرەتی مەحرەم و ئەم دوو شتە زاناكان كۆدەنگن لەبارەیانەوە"[2]. ئیبن حەجەر و ئەوانی تر باسیان لە كۆدەنگی كردووە لەسەر ئەم بابەتە.

لە كۆتایی ئەم تەوەرەدا نابێت ئەمە لەبیر بكەین و پێویستە بزانین كە یەكێك لە بنەماكان كە كۆدەنگی زانایانی لەسەرە بریتییە لەوەی: كە تێكڕای مسوڵمانان یەكڕان لەوەی كە سەرجەم پێغەمبەران پارێزراون لە هەموو گوناهێك، چونكە ئەمە پێچەوانەیە لەگەڵ هەڵبژاردنیان لەلایەن خواوە، لەبەرئەوەی خوای گەورە پەیامی مرۆڤایەتی پێ سپاردوون، دەبێ پێشەنگ بن بۆ نەتەوەكانیان، فەرمانیان پێ كراوە كە خەڵكی ئاگادار بكەنەوە بەوەی دووربن لە بێباوەڕی و تاوان و گوناح، ئەگەر شتێكیان لێ بەدەركەوتبێت لەم جۆرە تاوانانە، ئەوا دوژمنانیان زاڵ دەبوون بەسەریان بە تانە لێدان لێیان و تەشەردان لە پەیامەكانیان، ئەمەش پێچەوانەی دانایی خوای گەورەیە، كە بە بەزەیی خۆی پاراستوونی لە ئەنجامدانی هەر جۆرە سەرپێچی و تاوانێك، بەڵام هەندێكیان هەڵەیان كردووە بەشێوەی ئیجتیهادكردن، بەڵام دواتر خوای گەورە بۆی ڕاستكردوونەتەوە و بەردەوام نەبوون لەسەری، ئەمەش نابێتە لەكە بۆ ڕاستییان و پێچەوانەی پێغەمبەرایەتی نییە، بەڵكو ئەمە نیشانەی مرۆڤ بوونیانە، هیچ یەكێكیان زانستی نادیار و غەیبیان نەزانیوە تا پەروەردگار ئاگاداری نەكردبنەوە، دروست نییە سیفاتی پەروەردگاریەتیان پێ ببەخشرێت.

---

[1] إشكال وجوابه في حديث أم حرام بنت ملحان (٣٧).

[2] شرح النووي علي صحيح مسلم (١٤/ ١٥٣).

**وەڵامی زانایانی شەریعەت سەبارەت بە تانە و گومانەکان:**

سەبارەت بە گومانی خەڵوەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەگەڵ ئافرەتێك، ڕووکەشی فەرموودەکە وا نیشان دەدات کە خەڵوەت بووە، لە وەڵامی ئەمەدا دەگوترێت: ئەم فەرموودەیە هیچ ئاماژەیەکی بە خەڵوەت یان خەڵوەت نەبوونی تێدا نییە، ئینجا ئەگەر بەم شێوەیە بێت، ئەوە دەگەڕێینەوە سەر بنەماکە کە بریتییە لە حەرامکردنی بەتەنها بوون لەگەڵ ئافرەتی بێگانەدا لەلایەن پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر). ئەمەش ئیمام (ابن عبد البر) ئاماژەی پێکردووە، پاش باسکردنی مەحرەمبوونی ئەو ئافرەتە لەگەڵ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر): "بەڵگە لەسەر ئەمە ـ فەرموودەی جابیر و عومەری کوڕی خەتاب و ئیبن عەبباس و عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص و عوقبەی کوڕی عامیری هێناوە لە قەدەغەی تەنهابوون لەگەڵ ئافرەتی بێگانە، ئەم بابەتە زانراو و ئاشکرایە کە لە قەدەغەکراوەکانن و ئەستەمە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) شتێك بکات کە بەخۆی قەدەغەی کردووە"[1].

دیمیاتی دەڵێت: "ئەم فەرموودەیە هیچ بەڵگەیەکی تێدا نییە بۆ تەنهابوون لەگەڵ ئافرەتەکە، لەوانەیە منداڵێك، یان خزمەتکارێکی، یان ژن، یان شوێنکەوتوویەکی لەگەڵ بووە و عادەتیش وا پێویست دەکات خزمەتکراو و کەسوکاری خزمەتکار تێکەڵ بن، بەتایبەتیش ئەمان بەتەمەن بوون، لەگەڵ جێگیربوونی (عصمەت) دورە تاوانی بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)"[2]. ئیبن حەجەر دەڵێت: "ئەمە ئەگەرێکی بەهێزە"[3].

---

[1] فتح الباري (١١/ ٧٨).

[2] عمدة القاري (١٤/ ٨٦).

[3] فتح الباري (١١/ ٧٨).

دەربارەی گومانی ئەوەی کە ئوم حەرام تۆشکی دەرهێناوە لەسەری پیرۆزی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) زانایانی شەریعەت بۆچوونی جۆراوجۆریان لەم بارەیەوە هەیە، لەوانە:

**ڕای یەکەم:** ئەم کارە لە تایبەتمەندیەکانی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر) ڕێپێدراوە بە سەیرکردنی بێگانە و تەنهابوون لەگەڵیان و سواربوونی وڵاغ لە پشتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بۆ سەر هۆکارانی گواستنەوەی ئەم سەردەمە، دەرهێنانی تۆشك و شتانی تریش دەچنە ناو ئەم بابەتەوە. (ابن عبد البر) ئاماژەی بەمە داوە و وتوویەتی: "کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پارێزراوە، وەك کەسانی تر نەبووە کەسی لەسەر ناپێورێت". واتە: هیچ کەس وەکو ئەو نابیٚ[1].

ئیبن حەجەر دەڵێت: "پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پارێزراو بووە، خۆگربوو بەرامبەر ئافرەتەکانی خۆی، چ جای ئافرەتانی تر، کە پێغەمبەر بەپاك گیراوە لێی. پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەریئە لە هەر کارێکی ناشیرین و وتەیەکی نابەجیٚ، ئەمە لە تایبەتمەندیەکانی بوو". هەروەها دەڵێت: "باشترین وەڵام بۆ ئەم بابەتە بوترێت ئەمە تایبەتمەندیە، بوونی ئەم تایبەتمەندیە ڕەتناکرێتەوە، بەوەی بڵێین بەڵگەی لەسەر نییە، چونکە بەڵگە لەسەر ئەمە ڕوونە"[2]. هەروەها دەڵێت: "ئەوەی بۆمان ڕوونبۆتەوە بە بەڵگەی بەهێز ئەوەیە کە لە تایبەتمەندیەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕێپێدرانی تەنهابوون بە ئافرەتانی بیانی و سەیرکردنیان بۆ دراوە، ئەمە وەڵامی ڕاستە لە چیرۆکی ئوم حەرامی کچی میلحان بۆ چوونە لای و نوستنی لەلای، چونکە لەنێوانیان نە

---

[1] الاستذكار (٥/ ١٢٥).

[2] فتح الباري (١١/ ٧٩).

مەحرەمیەت و نە هاوسەرگیری هەبووە".[1] هەروەها (العینی) بەهەمان شێوەی ئیبن حەجەری گوتووە[2].

سیوطی دەڵێت: "بەشی تایبەتمەندیەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە ڕێگەپێدرانی بە سەیرکردنی بێگانە و تەنهابوون لەگەڵیان، بوخاری دەری هێناوە لە خالیدی کوڕی زەکوان، لە ڕوبەیعی کچی مەعوەزی کوڕی عەفرا، وتوویەتی: (پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هاتە لام - لەو کاتەی گوازرابوومەوە بۆ لای پیاوەکەم - و دانیشت لەسەر ڕایەخەکەم هەروەك تۆ دانیشتووی)، کێرمانی وتوویەتی: "ئەم فەرموودەیە - دەخرێتە سەر ئەوەی کە ئەم ڕووداوە پێش دابەزینی ئایەتی حیجاب بووبێ، یان ڕێپێدراوە سەیرکردن بۆ پێویستی یان لە دڵنیابوون لە فیتنە..."[3].

گفتوگۆ و وەڵام:

موبارەکفوری دەڵێت: "ئەگەر سەلمێندرا بە بەڵگەی بەهێز کە لە تایبەتمەندیەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕێپێدرانیەتی بە تەنهابوون لەگەڵ ئافرەتی بێگانە و سەیرکردنیان، ئەوا وەڵامەکەمان دەست دەکەوێت بەبێ زۆر لەخۆکردن، ئەمەش چارەسەرە"[4].

لێرەدا ئەوەی ئەم تێڕوانینە لاواز دەکات قەدەغەکردنی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر) لە تەوقەکردن لەگەڵ ئافرەتان لە کاتی پەیمان وەرگرتنە ئیکتفاکردنیەتی بە قسە، ئەم قەدەغەکردنەی لەو کاتەی کە پێویستیەتی - کە کاتی

---

[1] فتح الباري (٩/ ٢٠٣).

[2] بڕوانە: عمدة القاري (٢٠/ ١٣٦).

[3] الخصائص الكبري (٢/ ٢٤٧).

[4] تحفة الأحوذي (٥/ ٢٢٩).

پەیمان ـ بەڵگەیە لەسەر نەبوونی تایبەتمەندیەتی، ئەگەرنا بەچی ئەم قەدەغەکردنە ڕاڤە دەکرێت لەم کاتەی کە وای دەخواست کە قەدەغە نەبێت؟!

بەهەمان شێوە فەرموودەی ئیمام عەلی کوڕی حوسێن، کە دەگێڕێتەوە خاتوو صەفیەی خێزانی پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر) کە هات بۆ لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) سەردانی کرد لە (ئیعتکاف) و مانەوەی لە مزگەوت لە دەی کۆتایی ڕەمەزان، ساتێك دووا لەگەڵیدا، پاشان هەستا و ڕۆیشت، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هەستا و بە دوایدا ڕۆیشت، تاوەکو گەیشت بە دەرگای مزگەوت لەلای دەرگای دایکی سەلەمە دوو پیاو تێپەڕین لە ئەنصاریەکان، سڵاویان لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کرد، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: "لەسەرخۆبن ئەمەیان صەفیەی کچی حویەییە". وتیان: پاکی بۆ خوا ئەی نێردراوی خوا. لەسەر دڵیان زەحمەت بوو، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: "بێگومان شەیتان دەگات بەم شوێنەی کە خوێن پێی دەگات، من ترسام شتێك بخاتە ناو دڵتانەوە"[1]. ئەگەر ئەم قسەیە جێگیر بوایە لەلای هاوەڵان، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پێویستی بەوە نەبوو ئەمە بە هاوەڵەکانی بڵێت.

هەروەها ئیمامی شافیعی ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ ئاڕاستەکردنێکی جوانی بۆ ئەم فەرموودەیە هەیە، وەك ئیبراهیمی کوڕی محەمەدی شافیعی دەگێڕێتەوە دەڵێت: "ئێمە لە لای ئیبن عویەینە دانیشتبووین ـ شافیعیش ئامادەبوو ـ ئیبن عویەینە گێڕایەوە لە زوهریەوە لە عەلی کوڕی حوسەینەوە: جارێك پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پیاوێك بەلایدا تێپەڕی لە شەوێکدا، ئەویش لەگەڵ (صفیە)ی خێزانی بوو، فەرمووی: "وەرە ئەمە صەفیەی خێزانمە"، پیاوەکە وتی: پاکی بۆ نێردراوی خوا!، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: "شەیتان

---

[1] صحيح البخاري، كتاب الاعتكاف، باب هل يخرج المعتكف لحوائجه إلى باب المسجد (٢/ ٧١٥) رقم (١٩٣٠)، وصحيح مسلم، كتاب السلام (٤/ ١٧١٢) رقم (٢١٧٥).

ئەڕوا بە ناو مرۆڤدا بە ڕێرەوی خوێندا"، ئیبن عویەینە بە شافیعی وت: تێگەیشتنی ئەم فەرموودەیە چۆنە ئەی باوکی عەبدوڵڵا؟ فەرمووی: ئەگەر ئەم پیاوە تۆمەتی لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دابێت، ئەوا بەم تۆمەتە بێباوەڕ دەبێت، بەڵام پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ویستی کەسانی دوای خۆی تەمبێ کرد، فەرمووی: ئەگەر بەم شێوەیە بوون، ئەوا بەم شێوەیە ڕەفتار بکەن تاوەکو کەسێك گومانی خراپتان پێ نەبات، نەوەك پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) تۆمەتبار بکرێت، چونکە ئەم ئەمینداری خوایە لەسەر زەویەکەیدا. ئیبن عویەینە وتی: خوا پاداشتی خێرت بداتەوە باوکی عەبدوڵڵا، لەتۆوە تەنها ئەو شتانە دەگات بەئێمە کە پێمان خۆشە"[1].

**ڕای دووەم:** ئەم کارە تایبەتە بە ئوم حەرام و خوشکەکەی، ئوم سولەیم: (ابن الملقن) دەڵێت: "کەسێك کە شارەزایی هەبێ لە ڕەچەڵەکی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و ڕەچەڵەکی ئوم حەرام، دەزانێت کە مەحرەمیەت لە نێوانیاندا نییە. حافیز شەرەفەدینی دومیاتی ئەمەی ڕوونکردۆتەوە لە نامیلکەیەکی تایبەت (جزء مفرد) وتوویەتی: ئەمە تایبەتە بە دایکی حەرام و دایکی سولەیم، ئەمەم باسکردووە لە پەڕتووکی ناونراوم بە (العدة في معرفة رجال العمدة)"[2].

بەڵام ئەم قسەیە ڕەتکراوەتەوە بە ڕەتکردنەوەکانی پێشوو، ئەمەشی بۆ زیاد دەکرێت: کە بۆچی ئوم سولەیم و خوشکەکەی تایبەتمەند دەکرێن بەم تایبەتمەندیە؟ ئەگەر بوترێت: لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) : "من بەزەیی پێ دەکەم (زگم پێدەسوتێ)، چونکە براکەی لەگەڵ مندا کوژرا"[3]، (العیینی) دەڵێت: "وتەکەی: (قتل أخوها معي) براکەی حەرامی کوڕی میلحان بوو

---

[1] مناقب الشافعي للبيهقي (١٤٣)، وتاريخ مدينة دمشق لابن عساكر (٥١/ ٣٠٥).

[2] غاية السول لابن الملقن (١٣٧).

[3] صحيح البخاري، كتاب الجهاد والسير، باب فضل من جهز غازيا أو خلفه بخير (٣/ ١٠٤٦) رقم (٢٦٨٩).

کوژرا لە ڕۆژی بیری مەعونە، مەبەست لە وتەکەی (لەگەڵمدا) بە واتای لە سەربازەکانم بوو، یان لەگەڵم بوون بۆ سەرخستنی ئایین، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە شەڕی بیری مەعونەدا نەبوو"[1].

لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە: "پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نەدەچووە لای ئافرەتێك لە ئافرەتان تەنها بۆ لای خێزانەکانی و تەنها بۆ لای ئوم سولەیم نەبێت، پێی وترا لەم بارەیەوە، فەرمووی: "بەزەیی پێدا دێتەوە (زگم پێ دەسوتێ)، براکەی، حەرام لەگەڵ من بوو کوژرا"[2]. لێرەدا تایبەتمەندیەکەی ڕوون بویەوە بەمە ئەگەر هۆکارێکی تر هەبوایە باسی دەکرد، چونکە دواخستنی ڕوونکردنەوە لە کاتی پێویستی ڕێپێدراو نییە، ئەمەش هۆکارێکی هاوبەشە لەنێوان ئەم و خوشکەکەی کە ئوم حەرامە.

ئەمەش وەفاداری و ڕێزگرتنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەردەخات کە سەردانی ماڵی شەهیدەکانی دەکرد کە کەسوکاریان لەپێناو ئایینی خوا و سەرخستنی پێغەمبەری خوا بوونە قوربانی، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) خۆی دەفەرموێت: "من جَهزَ غَازِيا فِي سَبِيلِ اللهِ فَقَد غَزَا، ومَنْ خَلفهُ فِي أَهْلِهِ بِخَيرٍ فَقَد غَزَا"[3]. واتە: (هەرکەسێك خزمەتی خانەوادەی موجاهدێك بکات پاداشتی وەك ئەوە وایە بەخۆی لە جیهادکردندا بێت).

**ڕای سێیەم:** پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) مەحرەم بوو بۆ ئوم حەرام، چونکە لەنێوانیاندا نزیکیی ڕەچەڵەك، یان شیر خواردن هەبووە. قسەی زانایان لەم بارەیەوە:

---

[1] عمدة القاري (١٤/ ١٣٨).

[2] صحيح البخاري، كتاب الجهاد والسير، باب فضل من جهز غازيا أو خلفه بخير (٣/ ١٠٤٦) رقم (٢٦٨٩).

[3] صحيح مسلم، كتاب فضائل الصحابة رضي الله عنهم (٤/ ١٩٠٨) رقم (٢٤٥٥).

(ابن عبد البر) دەڵێت: "هیچ مسوڵمانێك گومانی نییە كە ئوم حەرام مەحرەمی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بووە، بۆیە ئەمە باسكراوە لەم فەرموودەیەدا ـ خوا زاناترە ـ زیاد لە یەكێك لە شێخەكانمان پێیان ڕاگەیاندووین كە (محمد الباجي عبدالله)ی كوڕی محەمەدی كوڕی عەلی، كە محەمەدی كوڕی فوتەیس هەواڵی پێ داوە لە یەحیای كوڕی ئیبراهیمی كوڕی مەزیین وتوویەتی: بۆیە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕێگای بە ئوم حەرام داوە تۆشك لە سەری دەربێنێت، لەبەرئەوەی لە مەحرەمەكانی بوو لەلایەن پلكەكانی، چونكە دایكی عەبدولموتەلیبی كوڕی هاشیم لە نەوەكانی بەنی نەججار بوون و وتوویەتی: یونسی كوڕی عەبدولئەعلا وتوویەتی: ئیبن وەهب پێی وتین: ئوم حەرام یەكێك بووە لە پلكەكانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە شیرخواردندا، بۆیە لەلای دەمایەوە و دەنووست و تۆشكی لەسەری پیرۆزی دەردەهێنا"[1].

هەروەها (ابن عبد البر) دەڵێت:"هەرچی بێ ئوم حەرام مەحرەمی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بووە، بەڵگەش بۆ ئەمە، فەرموودەی جابیر و عومەری كوڕی خەتاب و ئیبن عەبباس و عەبدوڵڵای كوڕی عەمری كوڕی عاص و عوقبە كوڕی عامیری هێناوەتەوە لە قەدەغەكردنی (خەڵوەت) بەتەنها بوون، ئەم فەرموودانە جێگیرن بە قەدەغەكردن لەم شتە، ئەستەمە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) شتێك بكات كە خۆی قەدەغەی كردووە"[2].

نەوەوی دەڵێت: "زانایان كۆدەنگن كە ئەم ئافرەتە مەحرەمی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بووە، بەڵام ڕای جیاوازیان هەیە لە چۆنیەتیەكەی، جگە لە (ابن عبد البر) وتوویانە: یەكێك بووە لە پلكەكانی بە شیرخواردن، هەندێكی تر دەڵێن: بەڵكو پلكی باوكی بووە، یان پلكی باپیری بووە، چونكە دایكی

---

[1] التمهيد (١/ ٢٢٦)، والاستذكار (٥/ ١٢٥).

[2] التمهيد (١/ ٢٢٧).

عەبدولموتەلیب لە بەنی نەججارِ بووە"[1]. هەروەها دەڵێت: "ئەم ئوم سولەیمە خۆی و ئوم حیرامی خوشكی دوو پلكی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بوون لەلایەنی شیرخواردنەوە".[2]

ئیبن حەجەر دەڵێت: "ئەبولقاسمی جەوهەری و داوودی و موهەلەب دووپاتی دەكەنەوە لەوەی ئیبن بەتتاڵ گێراویەتیەوە لەوەی كە ئیبن وەهەب وتوویەتی: جگە لەم وتوویانە ئوم حەرام پلكی باوكی بووە، یان عەبدولموتەلیبی باپیری، ئیبن جەوزیش دەڵێت: "لە هەندێك لە فەرموودەناسانم بیست دەیانووت: ئوم سولەیم خوشكی ئامینەی كچی وەهەبی دایكی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بوو لە شیردا"[3].

## گفتوگۆ و وەڵام:

(ابن الملقن) بەدوای وتەكانی نەوەوی دەڵێت: "ئەوەی وتوویەتی لە كۆدەنگی زانایان كە مەحرەمی بووبێت جێ تێڕامانە، هەركەسێك كە زانیاری هەبێت سەبارەت بە ڕەچەڵەكی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و ڕەچەڵەكی ئوم حەرام دەزانێت كە مەحرەمیەت لەنێوانیاندا نییە، ئەمەش (الحافظ شرفُ الدين الديمياطي) لە نووسینێكی تایبەت ئاماژەی پێ كردووە"[4].

لە وەڵامدا دەگوترێت: وتنی مەحرەمیەت بە ڕەچەڵەك لەنێوانیان جێی پرسیارە، چونكە بزری نزیكی ڕەچەڵەك ئەم ئەگەرە دوور دەخاتەوە، بەپێچەوانەی شیرخواردن، چونكە شیرپێدان بە بێگانە بڵاو بووە لەو سەردەمەدا، لەوانەیە ئەمە شاراوە بێ لەلایەن نزیكترین كەسانی، بۆیە كۆمەڵێك لە زانایان وای بۆ دەچن كە

---

[1] شرح النووي على صحيح مسلم (١٣/ ٥٧).

[2] شرح النووي على صحيح مسلم (١٣/ ٥٧).

[3] فتح الباري (١١/ ٧٨).

[4] غاية السول (١٣٧).

شایەدی تەنها ئافرەتێك وەرگیراوە لە شیرخواردن ئەگەر جێی متمانە و ڕەزامەندی بێت، ئەمە بۆچوونی هەریەك لە ئیبن عەبباس و طاووس و زوهری و ئەوزاعی و زانایانی تریشە[1].

مەرداوی دەڵێت: "ئەوەی پیاوان زانیارییان نییە لەسەری، وەك عەیبەکانی ژێر کراسی ئافرەت، شیرخواردن، سەرەمانگ، بەشوودراو، کچێنی، حەیز و هاوشێوەکانی، شایەدی ئافرەتێك وەردەگیرێت، ئەم ڕێبازەش مەزهەبی تەواوی ئیمامی ئەحمەدە بێ گومان".[2]

لەو نموونانەی کە هاتووە لە نادیاریی شیرخواردن و شیرپێدان لە فەرموودەکاندا:

ـ فەرموودەی مەسروقە کە دەڵێت: عائیشە (ڕەزای خوای لەسەر) فەرمووی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هاتە لام، پیاوێکم لەلا دانشتبوو، ئەمە زۆر توونە بوو لەسەر دڵی، توڕەییم بینی لە رووی، فەرمووی: وتم: ئەی نێردراوی خوا ئەمە برامە لە شیریی، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: "سەیری براکانتان بکەن لە شیرخواردنەوە، چونکە شیرخواردن لە برسێتیەوەیە"[3]. جا لێرەدا وردبینی دەوێت، چۆن کاری شیرخواردن شاراوە بووە لە کەسێك کە پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر) و نزیکترین کەس بووە لێی، کە ئەویش خێزانەکەیەتی.

ـ لە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو مەلیکەوە، لە عوقبەی کوڕی حارسەوە، ئەو پیاوە کچێکی باوکی ئیهابی کوڕی عەزیزی هێنا، ئافرەتێك هاتە لای وتی: من شیرم داوە بە عوقبە و ئەوەی مێردی پێ کردووە، عوقبە وتی: من نەم زانیوە تۆ شیرت بە من

---

[1] بڕوانە: مختصر اختلاف العلماء للطحاوي (٣/ ٣٤٨)، المبسوط للسرخسي (٣٠/ ٣٠٢)، المغني لابن قدامة (٨/ ١٥٣)، الطرق الحكمية لابن القيم (١١٥).

[2] الإنصاف في معرفة الراجح من الخلاف (١٢/ ٨٥).

[3] صحيح البخاري، كتاب الشهادات، باب الشهادة علي الأنساب والرضاع المستفيض (٢/ ٩٣٦) رقم (٢٥٠٤).

دابێت، هەواڵیشت پێ نەداوم، یەکسەر سوار وڵاغ بوو چووە لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە مەدینە پرسیاری لێ کرد، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: "چۆن دەکرێت!! بەڕاستی ئەمە وتراوە!! (واتە ناکرێت زەواجتان بەردەوام بێت کاتێك باسی ئەو شیرخواردنە کراوە)"، بۆیە عوقبە لێی جیابویەوە، ئەویش مێردێکی تری کرد [1].

ـ هەروەها لە جابیری کوڕی زەید، لە ئیبن عەبباسەوە، دەفەرمووێت: داواکرا لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کە کچی حەمزەی مامی بهێنێت ـ کە ئامۆزای خۆی دەکات ـ فەرمووی: "ئەو بۆ من حەڵاڵ نییە و ناشێت، ئەمە کچی برامە لە شیرخواردن، بە شیرخواردن حەرام دەبێت ئەوەی بە ڕەحم حەرامە" [2].

(العینی) دەڵێت: "ئیبن تین وتوویەتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) سەردانی ئوم سولەیمی دەکرد، چونکە پلکی بوو لە شیرخواردن" [3].

### ڕای پەسەند و هەڵبژێرداوی زانایان لەم بابەتەدا:

دوای خوێندنەوەی وتەی زانایان و بەڵگەکانیان، بۆمان دەردەکەوێت و ڕوون دەبێتەوە، کە لەنێوان پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و ئوم حەرام پورایەتی هەیە لە ڕێگای شیرخواردنەوە.

لەڕاستیدا بابەتی بەرکەوتنی دەستی ئوم حەرام بە لەشی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر): ئەوەی وردبێتەوە لە دەقە هاتووەکان و جوان بیخوێنێتەوە دەربارەی هەڵسوکەوتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەگەڵ ئوم سولەیم و ئوم حەرام، دەبینێت کە ئوم سولەیم و ئوم حەرامی خوشکی تایبەتمەندییێکیان هەبووە

---

[1] صحيح البخاري، كتاب العلم، باب الرحلة في المسألة النازلة وتعليم أهله (١/٤٥) رقم (٨٨).

[2] صحيح مسلم، كتاب الرضاع، باب تحريم ابنة الأخت من الرضاعة، برقم (١٤٤٤).

[3] عمدة القاري (١١/ ٩٨ـ ٩٩).

جگە لە ئافرەتانی تر، جگە لە خێزانەکانی، ناگونجێت ئەمە رووبدات تەنها لەنێوان مەحرەماندا نەبێت لەبەر ئەم فەرموودانەی خوارەوە:

١ـ لە ئیسحاقی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی ئەبی تەڵحە، لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (خوا لێی ڕازی بێت) فەرموویەتی: "پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەچووە ماڵی ئوم سولەیم لەسەر ڕایەخەکەی دەنووست، ئەمیش لەوێ نەبوو، فەرمووی: ڕۆژێك هات نووست لەسەر جێگاکەی چوونە لای و پێی وترا: ئەمە پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر) نووستوە لە ماڵت لەسەر جێگات، کاتێك ئوم سولەیم هات، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئارەقی کردبوو کۆببوەوە لەسەر پارچەیەك لە پێست لەسەر ڕایەخ، ئوم سولەیم سەندوقەکەی کردەوە ئارەقەکەی کۆدەکردەوە، پاشان ئەیگوشیە ناو کوپێك، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەخەبەر هات و ترسا و فەرمووی: "ئەوە چی دەکەی ئەی ئوم سولەیم؟" فەرمووی: ئەی نێردراوی خوا هیوامان بەرەکەتیەتی بۆ منداڵەکانمان، فەرمووی: "پێکات"[1].

(المهلب) دەڵێت: "لەم فەرموودەیە مەشروعیەتی قەیلولەی ـ نووستنی نیوەڕۆ ـ تێدایە بۆ گەورەیەك لە ماڵی ناسراوانی، چونکە ئەمە دەبێتە جێگیربوونی خۆشەویستی و دووپاتکردنەوەیەتی"[2]. لێرەدا (د. الحبیشی) دەڵێت: "وردبەرەوە لە وتەی ئەنەس: (پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەچووە ماڵی ئوم سولەیم ئەنووست لەسەر جێگاکەی، لەکاتێکدا ئوم سولەیم لەناو جێگاکەی خۆی نەبووە) ئایا ڕێی تێ دەچێت، کە بێباوەڕ و دووڕووەکان ئەم هەڵوێستەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وازلێبێنن و نەیقۆزنەوە بۆ تانەدان لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و پێغەمبەرایەتی؟ ئەوانەی تانەیان لە دایکی باوەڕداران عائشە (ڕەزای

---

[1] صحيح البخاري، كتاب الاستئذان، باب من زار قوما فقال عندهم (٥/ ٢٣١٦) رقم (٥٩٢٥)، وصحيح مسلم، كتاب الفضائل (٤/ ١٨١٥) رقم (٢٣٣١).

[2] فتح الباري (١١/ ٧٢).

خوای لیّ بیّت) دا تەنها بە گومانیّکی پوچەڵ!! بە بەردەوام فیّڵ و پلان و درۆ هەڵدەبەستن، بۆچی قسەیان لە سەر ئوم سولەیم و ئوم حەرامی خوشکی نەکرد، هەروەك لەسەر عائشەیان کرد (ڕەزای خوایان لیّ بیّت)؟!"[1].

٢ـ فەرموودەی ئەنەس (خوای لیّی ڕازی بیّت): پیّغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نەدەچووە هیچ مالیّك لە مەدینە تەنها مالّی ئوم سولەیم و مالّی خیّزانەکانی نەبیّت، پیّی وترا (هۆکاری ڕۆشتنی بۆ مالّی ئوم سولەیم)، فەرمووی: "من بەزەیی پیّ دەکەم، براکەی لەگەڵ من کوژرا". ئیبن حەجەر دەلّیّت: "وتەکەی: (نەدەچووە مالّی کەس لە مەدینە تەنها مالّی ئوم سولەیم)، ئیمام (الحمیدی) دەلّیّت: لەوانەیە مەبەستی بەردەوامی بیّت، ئەگەرنا دەچووە مالّی ئوم حەرامیش. ئیبن تین دەلّیّت: مەبەستیەتی کە زۆر دەچووە لای ئوم سولەیم، ئەگەرنا چووەتە مالّی خوشکەکەی ئوم حەرام، لەوانەیە ئوم سولەیم خوشکی ڕاستەقینەی کوژراوەکە بوو بیّت، یان زیاتر بەزەیی پیا هاتۆتەوە لە ئوم حەرام، چونکە حالّی زۆر پەریّشانتر بووە لە خوشکەکەی. لیّرەدا پیّویستی بەم جۆرە تەئویلە نییە، چونکە مالّی ئوم حەرام و ئوم سولەیم یەك بوو، هیچ ڕیّگریەك نییە کە دوو خوشکە، کە لە مالّیّك بن بۆ هەردووکیان جیاکەرەوەیەك هەبووە، جاریّك دراوەتە پالّ ئەمیان، جاریّکی تر پالّ ئەوەی تر"[2]. لە جوانترین ئەم قسانەی کە وتراون ئەوەیە کە ئیبن تین بەدەری خستووە لە پرسیارلیّکردنی لە زۆری چوون بۆ لایان، نەك تەنها ڕۆشتن بۆلایان.

نەوەوی دەلّیّت: "فەرموودەی (پیّغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نەدەچووە لای کەس لە ئافرەتان تەنها خیّزانەکانی و ئوم سولەیم نەبیّت، پرسیاری لیّکرا لەبارەی، فەرمووی: "من بەزەییم پیّدا دیّت براکەی لەگەڵ من کوژرا"، ئوم حەرام و ئوم سولەیمی خوشکی هەردووکیان پوری پیّغەمبەر بوون (دروودی خوای لەسەر)،

---

[1] السنة في مواجهة أعدائها للدكتور طه الحبيشي (١٢٧).

[2] فتح الباري (٦/ ٥١).

مەحرەمی بوون، یان لە شیرخواردن یان لە ڕەچەڵەك، تەنهابوون لەگەڵیان ڕێپێدراو بوو بۆی، بەتایبەتی دەچووە لایان، نەدەچووە لای ئافرەتانی تر، تەنها خێزانەکانی نەبێت. زانایان دەڵێن: لەمەوە ڕوون دەبێتەوە کە ڕێپێدراوە کەسێك بچێتە لای مەحرەمەکەی و ئاماژەی ئەمەی تێدایە کە نابێت پیاو بچێتە لای ئافرەتی بێگانە، هەرچەند مرۆڤێکی باش بێت، پێشتر لە چەندین فەرموودەی ڕاستی دیار، باس لە حەرامی تەنهابوون لەگەڵ بێگانە کراوە، زانایان دەڵێن: مەبەستیەتی لە قەدەغەکردنی پیاوانی ئومەتەکەی لە چوونە لای ئافرەتانی بێگانە"[١].

ئیمام (العینی) دەڵێت: "کیرمانی وتوویەتی: چۆن کوژرانی برا بۆتە هۆی چوونە لای بێگانە؟ دەڵێم: ئەم ـ ئوم سولەیم ـ بێگانە نەبوو، بەڵکو پلکی شیریی پێغەمبەر بوو (دروودی خوای لەسەر)، گوتراویشە: لە ڕەچەڵەك خزمی بووە، لێرەدا مەحرەمیەت هۆکارە بۆ چوونە لای و تەنهابوون لەگەڵی"[٢].

٣ـ سابت دەگێڕێتەوە لە ئەنەسەوە کە وتوویەتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هاتە لامان کەس لەوێ نەبوو تەنها من و دایکم و ئوم حەرامی پلکم نەبێت، فەرمووی: "هەستن با نوێژتان پێ بکەم"، لە کاتی نوێژی فەرزدا نەبوو نوێژی پێ کردین. پیاوێك بە سابتی وت: ئەنەسی لە کوێ ڕاوەستا؟ فەرمووی لەلای ڕاستی، پاشان نزای بۆ ئەندامانی ماڵ کرد بە هەموو چاکەیەکی دونیا و دواڕۆژ، دایکم وتی: ئەی پێغەمبەری خوا خزمەتکارەکەت ـ ئەنەس ـ نزای بۆ بکە لە خوا، فەرمووی: نزای بۆ کردم بۆ هەموو چاکەیەك، لە کۆتاییشدا نزاکانی کە بۆی کردم فەرمووی: "خوایە ماڵ و منداڵی زۆر بکەی و بەرەکەتیان تێبخەی"[٣].

---

[١] شرح النووي علي صحيح مسلم (١٦/ ١٠).

[٢] عمدة القاري (١٤/ ١٣٨).

[٣] صحيح مسلم، كتاب الصلاة (١/ ٤٥٧) رقم (٦٦٠).

٤ـ له ئەنەسەوە گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) چووە لای ئوم حەرام، ڕۆن و خورمایان بۆ هێنا، فەرمووی: "ئەمە بخەنە ناو قاپەکە و ئەمەش بخەنە ناو دەفرەکە، من بەڕۆژووم"، پاشان هەڵسا دوو ڕکات نوێژی سونەتی بۆ کردین، ئوم سولەیم و ئوم حەرام لەپشتمان وەستان..."[1].

٥ـ له گێرانەوەیەکی تردا هاتووە: ئەنەسی کوڕی مالك وتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) سەردانی ئوم سولەیمی دەکرد، کاتی نوێژ دەهات هەندێ جار، نوێژی دەکرد لەسەر ڕایەخێکمان کە حەسیرێك بوو بە ئاو ئەمان ڕشاند"[2].

٦ـ دیسان له ئەنەسەوە گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: "پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئەگەر چووبایە قوبا دەچووە ماڵی ئوم حەرامی کچی مەلحان، نانی دەخوارد، پاشان پشووی دەدا و لەوێ دەنووست"[3].

دوای خوێندنەوی ئەم فەرموودانە دەردەکەوێت کە ئەنەسی کوڕی مالیك ـ کە کوڕی ئوم سولەیمە ـ دایکی کردوویەتی بە خزمەتکاری پێغەمبەر، ئەویش خزمەتی پێغەمبەری خوای (دروودی خوای لەسەر) کردووە بۆ ماوەی دە ساڵ، تاوەکو وەفاتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر). ئیمامی (الدمیاطي) دەڵێت: "عادەت وا دەخوازێت کە کەسوکاری خزمەتکار و خزمەتکراو تێکەڵ بن لەگەڵ یەکتری، بەتایبەتی ئەگەر بەتەمەن بن"[4]. دواتر ئەگەر خوێنەر و توێژەری بەویژدان وردبێتەوە لەم فەرموودانە دەبینێت هەڵسوکەوتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەگەڵ ئوم سولەیم و ئوم حەرامی خوشکی، هەڵسوکەوتی مەحرەمەکانە، هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی تر.

---

[1] سنن أبي داود، کتاب الصوم، باب الرجلین یؤم أحدهما صاحبه کیف یقومان (١/ ١٦٥) رقم (٦٠٨).

[2] سنن أبي داود، کتاب الصلاة، باب الصلاة علي الحصیر (١/ ١٧٧) رقم (٦٥٨)، وإسنادهُ صحیحٌ.

[3] صحیح البخاري. بَاب مَنْ زَارَ قَوْمًا فَقَال عِنْدَهُمْ، رقم (٦٢٨١).

[4] عمدة القاري (١٤/ ٨٦).

تێبینی: سەرەڕای ئەمەش چەند شتێکی گرنگی تریش هەیە لەسەر ئەم بابەتە لەوانە:

أـ نەبوونی تەنانەت یەك دەق ـ وتەیی یان کرداریی ـ ئاماژە بێ بۆ تایبەتمەندی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە تەنها بوون، یان نەزەرکردن، یان بەرکەوتنی ئافرەتی نامەحرەم هەروەك لەپێشەوە باس کرا.

ب ـ قەدەغەکردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە تۆقەکردن لەگەڵ ئافرەتدا لە کاتی پەیمان وەرگرتن و ئیکتیفاکردن بە قسە، هەروەك لەپێشتر باس کرا .

شەنقیطی دەڵێت: "تۆقەنەکردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەگەڵ ئافرەتان لە کاتی پەیمان وەرگرتن، بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر ئەوەی کە پیاو نابێت تەوقە لەگەڵ ئافرەتدا بکات، هیچ پارچەیەکیش لە لاشەی نابێت بە بەشێك لە لاشەی بکەوێت، چونکە سووکترین بەریەککەوتن بریتییە لە تەوقەکردن، ئەگەر پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) قەدەغەی کردبێت لەو کاتەی کە پێویستی کردووە، ئەویش لە کاتی پەیماندا، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ڕێپێدراو نییە، کەسیش بۆی نییە سەرپێچی بکات، چونکە ئەم شەرعدانەرە بۆ ئوممەتەکەی بە قسەکانی و کردارەکانی و دانپیانەکانی".[1]

جوانترین وەڵام ئەوەیە بگوترێت: کە بوونی مەحرەمیەت لەنێوان پێغەمبەر و ئوم حەرام و ئوم سولەیم پاڵپشتی زۆری هەیە لە وتەی زانایانی پێشینانی چاك، بەپێچەوانەی کە بگوترێت: بوونی تایبەتمەندی هەیە بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە ڕێپێدانی بە تەنهابوون لەگەڵ ئافرەتانی بیانی و نەزەرکردنیان و هاوشێوەی ئەمە. ئەگەر کەسێك بڵێت: وتەی بوونی مەحرەمی بەشیرەخۆری پێویستی بە دەقی ڕوون هەیە و بوونی نییە؟ لە وەڵامدا دەگوترێت: پێغەمبەر

---

[1] أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن (٦/ ٢٥٦).

(دروودی خوای لەسەر) هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئوم سولەیم و ئوم حەرامی خوشکی هەڵسوکەوتی مەحرەمەکانە لەگەڵ یەکتر.

نەبوونی هیچ دەقێکیش ـ وتەیی یان کرداری ـ کە باسی تایبەتمەندی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بدات بە تەنهابوون لەگەڵ ئافرەت، یان سەیرکردنیان، یان بەرکەوتنیان ـ هەروەك لەپێشتر باس کرا ـ، ئەوە دەسەلمێنێت. هەروەها قەدەغەکردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە تۆقەکردن لەگەڵ ئافرەت لە کاتی پەیماندان و ئیکتیفاکردن بە قسە ـ هەروەك باسکرا ـ بەهەمان شێوە وتەکەی بۆ دوو هاوەڵەکە (لەسەرخۆبن ئەمە صەفیەی کچی حویەییە، خێزانمە"، ئەم هەموو دەقانە لەلایەن زانایانی پێشینان لە فەرموودەناسان و فیقهزانەکان و تێگەیشتنی ئەوان لەم دەقانە، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، ئاشکراشە تێگەیشتنی ئەوان ڕاسترین تێگەیشتنە.

ئیمامی شاطیبی جوانی هێناوە کاتێك فەرموویەتی: "لەبەر هەموو ئەمانە، پێویستە لەسەر هەموو تێبینیکارێك لە بەڵگەی شەرعی چاودێری تێگەیشتنی پێشینان بکات و ئەوەی لەسەری بوون لە کارکردن، ئەمە شایانترە لە ڕاستی و تەندروستترە لە زانست و کاردا".[1] پاشان بابەتی شیرپێدان لە نێوان ئافرەتانی بێگانە کارێکی بڵاو بووە لەم سەردەمەدا، لەوانەیە کارەکە شاراوەبێت لە نزیکترین کەسەکانی، چەند فەرموودەیەکی صەحیحی بەڵگەداریشمان لەمبارەیەوە هێنایەوە.

ئەم کۆمەڵە زانیارییە بەهێزانە هەمووی ئەژمێردرێت بە کەڵەکەبوونی بەڵگە لەسەر ئەم بابەتە، کە هەڵە قەبوڵ ناکات، ئەم بەڵگانەش دەبنە هۆی دڵنیایی تەواو لەوەی، کە مەحرەمیەت هەبووە لەنێوان پێغەمبەر (درووی خوای لەسەر) و ئوم حەرام بەبێ هیچ گومانێك.

---

[1] الموافقات في الشريعة (٣/٧٧).

دوای تاوتوێکردنی ئەم وتانە و پێشکەشکردنی بەڵگە دەردەکەوێت کە ڕاستی ئەم بابەتە ئەمەیە: کە ئەوەی دەقە هاتووەکان بخوێنێتەوە بەجوانی سەبارەت بە هەڵسوکەوتکردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەگەڵ ئوم سولەیم و ئوم حەرامی خوشکەکەی و چوونە لایان، بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ئوم سولەیم و ئوم حەرامی خوشکی جگە لە ئافرەتانی تر ـ جگە لە خێزانەکانی ـ تایبەتمەندییان هەبووە، کە ناگونجێ ئەم هەڵسوکەوتانە تەنها لەگەڵ کەسانی مەحرەم نەبێت، ئایا باوەڕ بەوە دەکرێت، کە بێباوەڕان و دووڕووانی سەردەمی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئەم بابەتەیان وازلێهێنابێت و نەیانقۆستبێتەوە بۆ تانەدان لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و لە پەیامە پیرۆزەکەی، ئەوان کە تانەیان لە عائیشەی دایکی بڕواداران دا (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەمیش بە پاڵپشت بە گومانێکی پووچەڵ! بە بەردەوام پلان و قسەی لەکەدارکەریان هەڵدەچنی! کەواتە بۆچی هاوشێوەی ئەمە، قسەیان لەسەر ئوم سولەیم و ئوم حەرامی خوشکی نەکرد هەروەك قسەیان لەسەر عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) کرد.

## چەند هەڵوێستەیەك دەربارەی ئەم فەرموودەیە

**هەڵوێستەی یەکەم:** ئەمیش ئاماژەکردنە بە وتەیەکی جوانی (د. طه الحبيشي) تیایە، کە بەرپەچی هاشوهوشەکانی (أحمد صبحي منصور) و ئەوانەی قسەکانی ئەم ئەکەن، سەبارەت بە فەرموودەی ئوم حەرام، دەڵێت: "چیرۆکی ئوم حەرام (١٣) جار لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە، بە کورتی و درێژی هاتووە، ئەوەی نووسەر (أحمد منصور) باسی ئەکا واتاکەی نازانێت، کە ماڵێکی تر هەبووە کە ماڵی ئوم سولەیم بووە، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەچووە ژوورەوە و خواردنی دەخوارد و هەندێکجاریش لە کاتی نیوەڕۆ دەنووست، ئارەقەی زۆریشی دەکرد لەسەر پارچەیەك لە پێست دەتکا، ئوم سولەیم کۆی دەکردەوە لەسەر

پێستەکە و دەیخستە ناو شوشەبۆنەکەی، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەخەبەر هات، ئەمەی دەزانی و نکوڵی و ڕێگریی نەدەکرد[1]. بەداخەوە هەندێك کەس ئەم فەرموودەیە دەکەن بە پاڵپشتێك بۆ شێواندنی کەسایەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، وا نیشانی خەڵکی سادەی دەدات کە ئەوان لە خۆشەویستانی پێغەمبەرن و لەوانەن بەرگری لێ دەکەن، لەکاتێکدا نازانێت باسکردنی کەموکوڕی کەسانی کامڵ و تەواو، کەموکوڕیە لە خودی خۆیدا، یان ئەمە دەقۆزێتەوە بۆ شێواندنی شێوەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و کەمکردنەوەی هەیبەتی لە دەروونی شوێنکەوتووانی، بەڵام سوپاس بۆ خودا نەیانتوانی بەمە بەسەر پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) زاڵ بن، نەشیانتوانی گەورەیی دیواری بەرزی شکۆی پێغەمبەری پێ لەکەدار بکەن"[2].

ئەم شتەی ئەم جۆرە کەسانە نەیانزانیبوو ئەوەیە: کە گێڕانەوەی فەرموودەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) زۆر دەچووە لای ئوم سولەیم و ئوم حەرام بۆ خواردن و خواردنەوە. توێژەری دانا و بەویژدان پرسیار دەکات: ئایا هیچ پەیوەندیەك هەبووە لەنێوان ئەم دوو ئافرەتە بەڕێزەدا؟ ئوم سولەیم دایکی ئەنەسی کوڕی مالیکە (خوایان لێ ڕازی بێت)، ئوم حەرامیش پووریەتی. ئەنەسی کوڕی مالیك لە منداڵیەوە خزمەتی پێغەمبەری دەکرد بۆ ماوەی دە ساڵ، پێغەمبەر بەجۆرێك هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد کە گونجاو بوو لەگەڵ هەڵسوکەوتی پێغەمبەرایەتی. ئەنەس دەفەرمووێت: "دە ساڵ خزمەتی پێغەمبەرم کرد، پێی نەوتم بۆ شتێك کردبێتم بۆ کردت، شتێکم نەکردبێ بۆ نەتکرد"[3].

---

[1] صحيح مسلم، كتاب الفضائل، باب طيب عرق النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ والتبرك به، رقم (٢٣٣١).

[2] السنة في مواجهة أعدائها للدكتور طه الحبيشي (١٢٩).

[3] صحيح مسلم، كتاب الفضائل، باب كان رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ أحسن الناس خلقا، برقم (٢٣٠٩).

ئەم سێ هاوەڵە بەڕێزە لە هاوەڵە نەناسراوەکان نەبوون، چی وای لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کردبوو، کە پەیوەندیەکەی لەم ئاستەدا بێت لە گرنگیدان پێیان و زۆر پرسیارکردن دەربارەیان؟ ئەم هاتوچۆکردن و سەردانانەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نابێت تەنها لە یەك بار نەبێت، ئەویش ئەوەیە کە پلەیەك هەبووە لە نزیکیی کە دوو ئافرەتەکەی کردۆتە مەحرەمی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، ئینجا ئەمە لەلایەنی ڕەچەڵەك بێ، هەروەك هەندێك لە مێژوونووسان وتوویانە، یان لە لایەنی شیرخواردن بێ، هەروەك هەندێکی تر وتوویانە. ئەگەرنا ئایا دەچێتە عەقڵەوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پێچەوانەی خەڵکی بکات لە شتێك کە خۆی قەدەغەی لێ کردوون؟! ئایا دەچێتە عەقڵەوە یان دەگونجێت کە پەیوەندی ناشەرعی (پاك و بێگەردی بۆ ئەو) لەنێوان ئەم و دوو خوشك لەیەك کاتدا هەبێت؟!

ئایا لۆژیك و عادەت ڕێگا بەمە دەدەن کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕێگا بە منداڵێك بدات کە دە ساڵی ڕێك لە ماڵەکەی خزمەتی بکات ئەگەر لە نزیکانی نەبێت؟ ئایا دەچێتە عەقڵەوە کە بێباوەڕ و دووڕووانی سەردەمی پێغەمبەر ئەم هەڵوێستەیان واز هێنابێ و نەیانقۆستبێتەوە بۆ تانەدان لە پێغەمبەر محەمەد (دروودی خوای لەسەر) و لە پێغەمبەرایەتیەکەی؟

ئەمانە هەموو بەڵگەی ڕاستن و حاشا هەڵنەگرن و ئاماژەن بۆ دروستکردنی دڵنیایی تەواو کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نزیك بووە بە نزیکیەك، کە هەریەك لە ئوم سولەیم و ئوم حەرام مەحرەمی خۆی بوونە، بەتایبەتیش لە هەندێك لە فەرموودەکان هاتووە: دەڵێن پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەچووە ماڵی ئوم سولەیم دەنووست لەسەر ڕایەخەکەی، لە گێڕانەوەیەکیش دەفەرمووێت:" پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نووست، هەستایەوە ئەمیش سەری ئەشوشت، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هەڵسایەوە بەپێکەنینەوە، ئافرەتەکە فەرمووی:

ئەی نێردراوی خوا (دروودی خوای لەسەر) ئایا بە سەری من پێ دەکەنی؟ فەرمووی نەخێر"(١).

دووبارە لەوانەیە کەسێك بڵێ: نزیکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ناسراوبوون، نە ئوم سولەیم نە ئوم حەرامی تێدا نییە؟ وەڵامی ئەمە: لێرەدا قسە لە کۆمەڵگایەك دەکرێت تۆماری نزیکانیان تێدا نەبووە، بەتایبەتی ئەگەر نزیکیەکە لەلایەن ئافرەتانەوە بێ، زۆر لە نزیکان هەن مێژوو لەبیری کردوون لەم کۆمەڵگایەدا و ڕاویەکانیش فەرامۆشیان کردوون(٢).

هەروەها (د. الحبیشی) دەڵێت: "مرۆڤ گوێی لە فەرموودەیەکی ڕاست دەبێت تێی دەگات بەشێوەیەکی دروست ئەگەر خاوەن دەروونێکی ساغ بێت، باشی لەخۆ گرتبێت، بەڵام لە واتای ڕاستی فەرموودەکە لادەدات ئەگەر مرۆڤێکی دەروون خوار و نەخۆش بێت، ئایا بیری ساغ شتێك دەردەدات جگە لەوەی تیایەتی، ئایا دەگونجێت داوا لە ئاو بکەین ئاگرمان پێ بدات؟ یان ئاو لە ئاگر بهێنینە دەر؟ لەمێژە وتوویانە: هەموو دەفرێك ئەوەی تیایەتی دەری دەدا، شاهێدی دەدەم کە خوای گەورە سەبارەت بە پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: ﴿وإِنَّكَ لعَلي خُلُقٍ عَظيمٍ﴾ (القلم: ٤)، واتە: (بەڕاستی تۆ لەسەر ڕەوشتێکی زۆر گەورە و بەرزیت)"(٣).

**هەڵوێستەی دووەم:** ئەوەی تانەی داوە لە بوخاری و صەحیحەکەی بەهۆی هێنانەوەی ئەم فەرموودانە، ئەمە وا دەخوازێت کە تانە لە هەموو ئەوانە بدات کە فەرموودەکەیان گێڕاوەتەوە، ئەوانەی بەر لە بوخاری و ئەوانەی دوای بوخاری گێراویانەتەوە، چونکە لە فەرموودەکە ـ بەپێی وتەی ئەوان ـ تانەی تیایە لە پێغەمبەر

---

١ سنن أبي داود، باب فضل الغزو في البحر، رقم (٢٤٩٤).

٢ إشكال وجوابه (٢٦).

٣ صحيح البخاري، باب من زار قوما فقال عندهم، رقم (٦٢٨١)، والإصابة في تمييز الصحابة (٨/ ٢٢٣).

(دروودی خوای لەسەر). بۆیە لێرەدا هەموو ئەوانەی فەرموودەکەیان هێناوەتەوە لە فەرموودەناسەکان باسی ئەو فەرموودە دەکەن کە بێجگە لە ئیمامی بوخاری لە (١٤) کتێبی فەرموودەدا هاتوو، بەباشی بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ئەوانەی ئیمامی بوخاریان کردۆتە مەبەستی تانە و تەشەرەکانیان ئەوپەڕی بێئاگایی و شوێنکەوتەی هەوا و ئارەزووی خۆیانن، نەك وێڵ بن بە دوای ڕاستیەکان.

ئەوانەی فەرموودەکەیان باسکردووە کە پێش بوخاری وەفاتیان کردووە:

١ـ مالك بن أنس (لە ساڵی ١٧٩ك وەفاتی کردووە) لە (الموطأ)دا.

٢ـ عبد الله بنُ المبارك (لە ساڵی ١٨١ك وەفاتی کردووە) لە (الجهاد)دا.

٣ـ أبو إسحاق الفزاری (لە ساڵی ١٨٤ك وەفاتی کردووە) لە (السیر)دا.

٤ـ عبد الرزاق بن همام (لە ساڵی ٢١١ك وەفاتی کردووە) لە (المصنف)دا.

٥ـ الحمیدی (لە ساڵی ٢١٩ك وەفاتی کردووە) لە موسنەدەکەیدا.

٦ـ محمد بن سعد (لە ساڵی ٢٣٠ك وەفاتی کردووە) لە (الطبقات الکبری)دا.

٧ـ ابن معین (لە ساڵی ٢٣٥ك وەفاتی کردووە) لە تاریخەکەیدا (روایة الدوريّ).

٨ـ أحمد بن حنبل (لە ساڵی ٢٤١ك وەفاتی کردووە) لە موسنەدەکەیدا.

ئەوانەی دوای بوخاریش فەرموودەکەیان گێڕاوەتەوە، (٧) زانای ترن کە لە تەوەری یەکەمی توێژینەوەکە باس کراون.

مەبەست لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر قسەی بوخاری تەواو نەبێت، دەبێت قسەی ئەم هەموو زانایانەش بەڕاست نەزانرێت و بەدرۆ بخرێنەوە، چونکە ئەمانیش هەمان فەرموودەیان گێڕاوەتە و باسیان کردووە و دەبێت تانە لەوانیش بدرێت؟

کەواتە ناکرێت تانە بدرێت لەو هەموو زانایە، بەڵکو پێویستە هەموو ڕیوایەتێك بە پێوەرێکی وردی زانستیی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، سەرەتا لە ڕووی سەنەد و گێڕانەوە و سەرچاوەکان و ڕاویەکان، دواتر لە ڕووی مانا و لێکدانەوە و بەراوردی نێوان ڕیوایەتەکان بکرێت و ڕاڤە و وتەی زانایان لەسەر فەرموودەکان سەیر بکرێت.

**هەڵوێستەی سێیەم:**

ئینکاری دروستیی ئەم فەرموودەیە شاردنەوەی یەکێك لە گەورە موعجیزەکانی پێغەمبەرە، کە باسی ڕۆیشتنی خاتوو ئوم حەرام دەکات بۆ جیهادکردن و سواربوونی کەشتی ناو دەریا لە شێوەی پاشایانی سەردەم و هاتنەجێی ڕاستیی ئەم ڕووداوە مێژووییە بە چەندین ساڵ پاش کۆچکردنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) وەك ئەنەسی کوڕی مالیك (خوای لێ ڕازی بێت) باسی دەکات و دەفەرمووێت: "جارێکیان نێردراوی خوا چووە ماڵی ئوم حەرامی کچی میلحان، نانی خوارد، پاشان پشوی داو لەوێ دەنووست، پاشان بەخەبەر هات و پێدەکەنی، ئوم حەرام وتی: بە چی پێدەکەنی ئەی نێردراوی خوا؟، فەرمووی: "خەڵکانێك لە ئوممەتی من بۆ جیهاد ڕۆشتن لەپێناوی خوا، سواری کەشتی بوون لەناو ئەو دەریایە، وەکو پادشا لەسەر تەختی خۆی". ئوم حەرام وتی: ئەی نێردراوی خوا، دوعام بۆ بکە، خوا بمکات بەیەکێك لەو کەسانە. جا پێغەمبەری خوا دوعای بۆ کرد، پاشان سەری داناوە سەر جێگا و نووستەوە، پاشان بەخەبەر هات و پێئەکەنی، ئوم حەرام وتی: بە چی پێدەکەنی ئەی نێردراوی خوا؟، فەرمووی: "خەڵکانێك لە ئوممەتی من بۆ جیهاد ڕۆشتن لەپێناوی خوا، سواری کەشتی ئەو دەریایە دەبن وەکو پادشا لەسەر تەختی خۆی"، ئوم حەرام وتی: ئەی نێردراوی خوا، دوعام بۆ بکە، خوا بمکات بەیەکێك لەو کەسانە، جا پێغەمبەری خوا فەرمووی: "ئەتۆ لەگەڵ یەکەمەکانی". ئەنەس دەڵێ: ئوم حەرام لەگەڵ پیاوەکەی عوبادەی کوری صامیت ڕۆیشت بۆ جیهادکردن لە سەردەمی موعاویە، پاشان سواری کەشتی بوون لەناو دەریا، پاشان گەیشتنە وشکانی لەسەر وڵاغەکەی کەوتە خوارەوە و وەفاتی کرد لە ساڵی (٢٩ك) لە تەمەنی (٨٦) ساڵیدا، لەوێ لە وڵاتی قوبرص نێژراوە[1]. ئێستا گۆڕی ناو دەبردرێت بە گۆڕی ئافرەتە چاکەکە (المرأة الصالحة). لە مێژووی

---

[1] بروانە: الإصابة في تمييز الصحابة (٨/ ٢٢٣).

ئیسلامدا ناوی ئەم ئافرەتە پاڵەوانە ناسراوە بە شەهیدی ناو دەریا (شهیدة البحر)[1].

ئاشكراشە مژدەدانی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) بە ئوم حەرام بۆ ئەم بابەتە هەواڵێك بووە لەلایەن خواوە بە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) دراوە، پاشان هەروەك چۆن پێغەمبەری خوا فەرمووی ئەوا هاتەدی ڕاست و تەواو، چونكە خوا دەفەرموێ: ﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى * إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى﴾ (النجم: ٣ـ٤)، واتە: (قسە و گوتاری پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) بە هەوا و هەوەس و كەیفی خۆی نییە، هەرچی دەیڵێت و هەواڵی پێدەدات لە ڕێگای (وەحی) یە، وە هەر لەلایەن خواوەیە).

كەواتە ئەو كەسانەی ڕەخنە دەگرن لە فەرموودەكە، چی دەڵێن بەرامبەر ئەم ڕاستیە، كە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هەواڵی شتێكی داوە (١٩) ساڵ دوای وەفاتی خۆی هاتووەتە دی؟ بۆ ئەوان ئەم بەشەی ڕیوایەتەكە دەرناخەن و بیكەنە بەڵگە لەسەر ڕاستیی ڕیوایەتەكە و ڕاستیی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر).

هەروەها تەمەنی ئوم حەرام لەم ڕیوایەتە دەردەكەوێت، ئەگەر ساڵی (٢٩ك)، (٨٦) ساڵ بووبێت، كەواتە كاتی كۆچی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بۆ مەدینە تەمەنی (٥٧) ساڵ بووە، تا كاتی وەفاتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) تەمەنی (٦٧) ساڵ بووە، بۆیە ئافرەتێك لەم تەمەنە بەهیچ جۆرێك جێگای گومان و تانە نیە.

---

[1] رواه الطبراني في المعجم الكبير (٢٥/ ١٣٠).

# کۆتایی

گومانبەران لە ناسینی ڕێچکە و ژیاننامەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە زانایانی ئیسلام نین، هەندێکیان شارەزان لە بواری ئەندازیاریی، یان بازرگانی، یان فەلسەفە، یان یاسا، یان هەر بوارێکی تر، کە پەیوەندییان بە زانستی ئیسلامیەوە نییە ، بۆچوونی ئەمانە سەنگێکی نییە لە بوارێك کە پەیوەست نییە بە پسپۆڕیەکانیان، بەرنامەکەیان لەکەدارە بۆ تێگەیشتن لە ئیسلام، چونکە لە دەرگای خۆی نادەن بۆ چوونە ژوورەوە، ئیسلام دەخوێننەوە لە نووسراو و پەڕتووکی ناحەزانیەوە، ئەوان ناگەڕێن بە شوێن ڕاستییەکاندا، چونکە بیر و بۆچوونی خۆیان کردووەتە بنەما بۆ سەلماندنی هەموو شتێك، دەقەکان ڕاڤە دەکەن بەپێی ئارەزووەکانیان، بەپێوەری بیری خۆیان چۆن دەیانەوێت، بەبێ گەڕانەوە بۆ بنچینەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی و مەنهەجی بەدواداچوونی ڕەسەن و ڕاستەقینە.

**پوختەی گومانەکانی سەر فەرموودەکان:**

١. گومانی ئەوە کە چۆن پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەتەنها بووە لەگەڵ ئوم حەرام لەماڵەوەیان و لەوێ نوستووە، لەکاتێکدا زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی، کە دروست نییە پیاو لەگەڵ ئافرەتی بێگانە بەتەنها بێت.

٢. چۆن ڕێپێدراوە و دروستە بۆ ئافرەتێك دەست لە لاشەی پیاوی بێگانە بدات، وەك ئەوەی کە ئوم حەرام دەستی داوە لەسەری پیرۆزی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر).

لە وەڵامی زانایان بۆ ئەم تانانە، سێ بۆچوون هەیە:

بۆچوونی یەکەم: ئەم کارە لە تایبەتمەندیەکانی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر)، چونکە ئەو ڕێپێدراوە بە سەیرکردنی بێگانە و تەنهابوون لەگەڵیان.

بۆچوونی دووەم: ئەم کارە تایبەتە بە ئوم حەرام و ئوم سولەیمی خوشکی.

بۆچوونی سێیەم: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) مەحرەم بوو بۆ ئوم حەرام، چونکە لەنێوانیاندا نزیکیی ڕەچەڵەك یان شیرخواردن هەبوو.

دوای خوێندنەوەی وتەی زانایان و بەڵگەکانیان، بۆمان دەردەکەوێت و ڕوون دەبێتەوە کە ڕای پەسەند و هەڵبژێرداوی زانایان لەم بابەتەدا ئەمەیە: کە لەنێوان پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و ئوم حەرام، پلکایەتی هەیە لە ڕێگای شیرخواردنەوە. ئەو کەسانەی ڕەخنە دەگرن لە فەرموودەکە چی دەڵێن بەرامبەر ڕاستی ئەم موعجیزەیە؟ کە پێغەمبەر هەواڵی شتێکی داوە (١٩) ساڵ دوای وەفاتی خۆی هاتووەتە دی، بۆ ئەوان ئەم بەشەی ڕیوایەتەکە دەرناخەن و بیکەنە بەڵگە لەسەر ڕاستیی ڕیوایەتەکە و ڕاستیی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر).

هەروەها لەم فەرموودەیەدا دەردەکەوێت کە تەمەنی ئوم حەرام، ئەگەر ساڵی (٢٩ك)، (٨٦) ساڵ بووبێت، کەواتە کاتی کۆچی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بۆ مەدینە تەمەنی (٥٧) ساڵ بووە، تا کاتی وەفاتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) تەمەنی (٦٧) ساڵان بووە، بۆیە ئافرەتێك لەم تەمەنە بەهیچ جۆرێك جێگای گومان و تانەلێدان نییە. ئەوەی تانەشی داوە لە بوخاری و صەحیحەکەی بەهۆی هێنانەوەی ئەم فەرموودانە، ئەمە وادەخوازێت کە تانە لە هەموو ئەو زانایانە بدات کە فەرموودەکەیان گێڕاوەتەوە، ئەوانەی بەر لە بوخاری و ئەوانەی دوای بوخاری گێڕاویانەتەوە، چونکە لە فەرموودەکەدا - بەپێی وتەی ئەوان - تانەی تێدایە لە پێغەمبەر، بۆیە لێرەدا هەموو ئەوانەی فەرموودەکەیان هێناوەتەوە لە فەرموودەناسەکان باسی ئەو فەرموودەیە دەکەن کە بێجگە لە ئیمامی بوخاری لە (١٤) کتێبی فەرموودەدا هاتووە. بە باشی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەوانەی ئیمام بوخاریان کردووەتە مەبەستی تانە و تەشەرەکانیان، لەوپەڕی بێئاگاییدان و شوێنکەوتەی ئارەزووی خۆیانن، نەك وێڵ بن بە دوای ڕاستییەکاندا.

# سەرچاوەکان


١. الاستذكار الجامع لمذاهب فقهاء الأمصار وعلماء الأقطار فيما تضمنه الموطأ من معاني الرأي والآثار وشرح ذلك كله بالإيجاز والاختصار، أبو عمر يوسف بن عبد الله بن عبد البر النمري الأندلسي (ت ٤٦٣هـ)، دار الوعي ـ القاهرة، ط١، ١٤١٤هـ.

٢. الإصابة في تمييز الصحابة لأحمد بن علي بن حجر أبو الفضل العسقلاني الشافعي (ت ٨٥٢هـ)، تحقيق: علي محمد البجاوي، دار الجيل ـ بيروت، ط١، ١٤١٢هـ/ ١٩٩٢م.

٣. إشكال وجوابه في حديث أم حرام بنت ملحان للشيخ علي بن عبد الله بن شديد الصياح المطيري، ط١، دار المحدث، ١٤٢٥هـ.

٤. أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن، محمد الأمين بن محمد المختار الجكني الشنقيطي (ت ١٣٩٣هـ)، مكتبة ابن تيمية ـ القاهرة، الطبعة: بدون، ١٤١٥هـ.

٥. الإنصاف في معرفة الراجح من الخلاف، علاء الدين علي بن سليمان بن أحمد المرداوي (ت ٦٨٢هـ)، تحقيق: د. عبد الله التركي، دار هجر، ط١، ١٤١٧هـ.

٦. تاريخ ابن معين ـ رواية عثمان الدارمي، يحيى بن معين أبو زكريا، تحقيق: د. أحمد محمد نور سيف، دار المأمون للتراث ـ دمشق، ١٤٠٠.

٧. تاريخ مدينة دمشق، ابن عساكر (ت ٥٧١هـ)، تحقيق: علي شيري، دار الفكر، ١٤١٥هـ.

٨. تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي، محمد عبد الرحمن بن عبد الرحيم المباركفوري (ت ١٣٥٣هـ)، دار الكتب العلمية ـ بيروت، الطبعة والسنة: (بدون).

٩. التمهيد لما في الموطأ من المعاني والأسانيد: للحافظ أبي عمر يوسف بن عبد الله بن عبد البر النمري الأندلسي (ت ٤٦٣هـ)، وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية بالمملكة المغربية، ط٣، ١٤٠٨هـ.

١٠. حلية الأولياء وطبقات الأصفياء للحافظ أبي نُعَيم الأصفهاني (ت ٤٣٠هـ) ط: مطبعة الأنوار المحمدية.

١١. الجهاد لعبد الله بن المبارك، تحقيق: نزيه حماد، التونسية للنشر ـ تونس، ١٩٧٢.

١٢. الخصائص الكبرى، أبو الفضل جلال الدين عبد الرحمن أبي بكر السيوطي، تحقيق: د . محمد خليل هراس، دار الكتب الحديثة.

١٣. دراسة تأصيلية تطبيقية تبين المنهج العلمي في الإجابة عن الإشكالات التي ربما تعرض في بعض الأحاديث لأبي عمرعلي بن عبد الله بن شديد الصياح المطيري، دار المحدث للنشر والتوزيع، ط١، ذو القعدة ١٤٢٥هـ.

١٤. زاد المعاد في هدي خير العباد، ابن قيم الجوزية (ت ٧٥١هـ)، تحقيق: شعيب الأرنؤوط، وعبد القادر الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة ـ بيروت، ط١، ١٤١٧هـ.

١٥. السنة في مواجهة أعدائها، د. طه الدسوقي الحبيشي، مكتبة رشوان بالقاهرة، ط١، ١٤١٦هـ/ ١٩٩٥م.

١٦. سنن أبي داود، لأبي داود سليمان بن الأشعث السجستاني (ت ٢٧٥هـ)، وعليه تعليقات: محمد ناصر الدين الألباني، مكتبة المعارف ـ الرياض، ط١.

١٧. سنن الترمذي، لأبي عيسى محمد بن عيسى بن سورة الترمذي (ت ٢٧٩هـ)، وعليه تعليقات: محمد ناصر الدين الألباني، مكتبة المعارف ـ الرياض، ط١.

١٨. سنن الدارمي، لعبد الله بن عبد الرحمن أبو محمد الدارمي (١٨١ـ ٢٥٥هـ)، تحقيق: فواز أحمد زمرلي وخالد السبع العلمي، دار الكتاب العربي ـ بيروت، ط١، ١٤٠٧هـ.

١٩. السنن الكبرى، للحافظ أبي بكر أحمد بن الحسين البيهقي (ت ٤٥٨هـ)، تحقيق: محمد عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية، ط١، ١٤١٤هـ.

٢٠. شرح صحيح مسلم، لأبي زكريا يحيى بن شرف الدين النووي (ت ٦٧٦هـ)، تحقيق: خليل مأمون شيحا، دار المعرفةـ بيروت، ط٧، ١٤٢١هـ.

٢١. شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة، للإمام الحافظ أبي القاسم هبة الله بن الحسن بن منصور الطبري اللالكائي، تحقيق: د. أحمد بن سعد بن حمدان الغامدي، دار طيبة، ط٤، ١٤١٦هـ/ ١٩٩٥م.

٢٢. صحيح البخاري المسمى بالجامع الصحيح، لأبي عبد الله محمد بن إسماعيل البخاري (ت ٢٥٦هـ)، دار السلام ـ الرياض، ط٣، ١٤٢١هـ.

٢٣. الطبقات الكبرى، لابن سعد (ت ٢٣٠هـ)، تحقيق: محمد عبد القادر عطا، دار صادر، بيروت ـ لبنان.

٢٤. الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، ابن قيم الجوزية، تحقيق: محمد جميل غازي، مطبعة المدني ـ القاهرة.

٢٥. عمدة القاري شرح صحيح البخاري، لبدر الدين محمود بن أحمد بن موسى العيني (ت ٨٥٥هـ)، دار إحياء التراث العربي ـ بيروت، الطبعة والسنة: (بدون).

٢٦. غاية السول في خصائص الرسول ـ صلى الله عليه وسلم ـ، تحقيق: عبد الله بن بحر الدين عبد الله، دار البشائر الإسلامية ـ بيروت، ١٩٩٣.

٢٧. فتح الباري شرح صحيح البخاري، للحافظ أحمد بن علي بن حجر العسقلاني (ت ٨٥٢هـ)، دار المعرفة ـ بيروت.

٢٨. الفروع، لشمس الدين أبي عبد الله محمد بن مفلح (ت ٧٦٣هـ)، دار عالم الكتب ـ بيروت، ط٣، ١٤٠٢هـ.

٢٩. الفصول فى سيرة الرسول ـ صلى الله عليه وسلم ـ، لأبي الفداء إسماعيل ابن عمر بن كثير الدمشقى، دار الكتب العلمية ـ بيروت.

٣٠. المبسوط، لأبي بكر محمد بن أبي سهل السرخسي (ت ٤٩٠هـ)، دار الفكر ـ بيروت، الطبعة: (بدون)، ١٤٠٩هـ.

٣١. مختصر اختلاف العلماء، لأبي بكر أحمد بن علي الرازي الجصاص (ت ٣٧٠هـ)، تحقيق: د. عبد الله أحمد نذير، دار البشائر الإسلامية ـ بيروت، ط١، ١٤١٦هـ.

٣٢. مستخرج أبي عوانة، أبو عوانة يعقوب بن إسحاق بن إبراهيم بن يزيد الإسفراييني (ت ٣١٦هـ)، تحقيق: أيمن بن عارف الدمشقي، دار المعرفة ـ بيروت، ط١، ١٤١٩هـ/ ١٩٩٨م.

٣٣. مسند الحميدي، عبد الله بن الزبير أبو بكر الحميدي، تحقيق: حبيب الرحمن الأعظمي، دار الكتب العلمية ـ بيروت.

٣٤. مصنف عبد الرزاق، لأبي بكر عبد الرزاق بن همام الصنعاني (ت ٢١١هـ)، تحقيق: حبيب الرحمن الأعظمي، المكتب الإسلامي ـ بيروت، ط٢، ١٤٠٣هـ.

٣٥. المغني، لموفق الدين أبي محمد عبد الله بن أحمد بن محمد بن قدامة المقدسي الدمشقي (ت٦٢٠هـ)، تحقيق: الدكتور عبد الله التركي، دار هجر ـ مصر، ط٢، ١٤١٢هـ.

٣٦. مناقب الشافعي، لأبي بكر البيهقي، تحقيق: السيد أحمد صقر، مكتبة دار التراث ـ القاهرة، ١٩٧٠م.

٣٧. الموطأ، لإمام دار الهجرة مالك بن أنس الأصبحي (ت ١٧٩هـ)، برواية أبي مصعب الزهري المدني (ت٢٤٢هـ)، تحقيق: د. بشار عواد معروف ومحمود محمد خليل، مؤسسة الرسالة ـ بيروت، ١٤١٨هـ.

٣٨. الموافقات في أصول الشريعة، لإبراهيم بن موسى بن محمد الشاطبي (ت ٧٩٠هـ)، دار ابن عفان ـ السعودية، ط١، ١٤١٧هـ.

# دیدی موعتەزیلە بۆ فەرموودە و
# جێکەوتەکانی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا
## ـ توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی ئوصولی ـ

**پ. ی. د. کامەران ئەوڕەحمان مەجید**
**زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان**

ئەوەی لە فەرموودە لە دێر زەمانەوە جێگەی قسە و باس بووە زیاتر جۆری (ئاحاد)ە، کە هەم لە ڕووی گێڕانەوە و زنجیرەی گێڕەرانەوە ڕووبەڕووی بڕیاری ناکۆك و ناتەبا بۆتەوە، بەلای پسپۆڕێك ڕاست و دروست و یەکێکی تر نادروست بووە، هەم لە ڕووی جێگیری بەشێوەی جێی گومان یاخود دڵنیاکەر، جیاوازی بووە، وەلێ ئەوەی زیاتر جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە هەندێ ڕێڕەوی هزری و قوتابخانەی ئیسلامی فەرموودەی بەم بیانووانە ڕەت نەکردووەتەوە، بەڵکو ڕەتکردنەوەی بە بەهانەی ناتەبایی و ناکۆکی بووە لەگەڵ ژیریی! کە ئەمە جێی سەرنجە، ئەو بۆچوونەش هەر جارنەجارێ لە دووتوێی بەرگێکی نوێ دەیەوێت خۆی بهاوێتەوە ناو کۆڕی لێکۆڵەر و توێژەران.

بێگومان ئەم توێژینەوەیە هەوڵێك نییە بۆ خاڵیکردنی موعتەزیلە لە چاکی و باشیەکانیان لەمەڕ هەر بابەتێك کە بیر و کۆششی ئەوان بە مرۆڤایەتی ناساندبێت، هەر هیچ نەبێت ئەو هەموو پرسیارگەلەی کە نزیکە لە دەروونی زۆر کەسدا بووبێت و دەستەوسان بووبووبن لە داڕشتنی لەسەر شێوەی پرسیار، ئەوان ورووژاندوویانە و وەڵامیان بۆ سازکراوە، هێندە هەیە لە توێژینەوەی رەخنەییدا چاو تەنها لەسەر نەنگی و نەوییەکانە، لێرەدا دەبێت هەمان دەستوور ڕەچاو بکەین، هەوڵ دراوە بۆ ساغکردنەوەی بابەتەکان سەرچاوەکانی خۆیان بەکاربێنم.

## کورتەیەك سەبارەت بە موعتەزیلە و گرنگترین تایبەتمەندییەکانیان

بێگومان باسی موعتەزیلە و سەرەتای سەرهەڵدانی دەمانگێڕێتەوە بۆ پتر لە هەزار ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، ئەو دەمەی هێواش هێواش تەرزی هزری مسوڵمانان لە ئاکامی ڕووداوەکان لە جووڵە و بڵاوبوونەوە و بگرە پەرتبووندا بوو، شەڕ و هەرا لە جیهانی ئیسلامی ئەو دەم و ڕژانی خوێن لە شەڕی ناوخۆ، زۆرێك لە خەڵکی نیگەران کردبوو، ئەگەرچی لە سەردەمی سەرهەڵدانی موعتەزیلە ئەو بابەتانە ببوونە بەشێك لە مێژوو، بەڵام دیسان لە ڕووی هزریەوە ئامادەگی هەبوو.

موعتەزیلە لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی ئەمەوییەکان و سەرەتای سەرهەڵدانی دەسەڵاتی عەبباسی گەشەیان کرد و بەدەرکەوتن، دواتر و لە دوای چەند نشێوی و نەدیوی ناویان کرد و هاتنە سەر شانۆی بیر و هزری ژیان. سەبارەت بە سەرهەڵدان و گەشەکردنی موعتەزیلەش چەند حیکایەتێك دەوترێت، لەوانە:

١) ئیمام حەسەنی بەصری، گەورە تابعی، بازنەیەکی فراوانی فێرکردنی زانستی هەبوو، ڕۆژێك قەتادەی کوڕی دەعامەی سەدوسی کە پیاوێکی نابینا و فەرموودەناس بوو، ڕووی کردە ئیمام بەصری و چەند پرسیارێکی ئاڕاستە کرد، یەك لەو پرسیارانە بریتی بوو، لە مرۆڤێك کە تاوانی گەورە ئەنجام دەدات، دەڵێت:

هەندێك پەیدا بوون دەڵێن ئەو تاوانکارە نە کافرە و نە مسوڵمان! !، واصلی کوڕی عەتا، یاخود عەمری کوڕی عوبەید، کە هەمووان فێرخوازی بەصری بوون، لێ نەگەڕان ئیمام وەڵام بداتەوە، لەکاتێك پرسیار ئاڕاستەی ئەو کرابوو، یەك لەوان هاتە گۆ و وتی: منیش دەڵێم ئەنجامدەری تاوانی گەورە لەنێوان ئیسلام و کوفردایە، نە مسوڵمانە و نە کافر! !. ئیمامیش فەرمووی کەواتە بڕۆ لە بازنەکەی ئێمە گۆشەگیربە، لێرەوە ئەو ناوەیان لێ نرا، چونکە لەم ڕووداوەدا وشەی (اعتزل) بەکارهێنرا[1]. ئەگەرچی بۆچوونی جیا هەیە لەسەر وردەکاری ناونانەکە، هەندێك دەڵێن ئەبو حەسەن وشەی موعتەزیلەی بەکار هێنا، لەکاتێکدا هەندێکی تر وا دەبینن ئەوەی پرسیارەکەی کرد هەر ئەویش وشەکەی بەکارهێنا[2]. هەروەها هەندێك لە گێڕانەوەکان دەڵێن ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە پێش بەصری، واصل بوو، لەکاتێکدا هەندێکی تر دەڵێن عەمر بوو[3]. سەرەڕای بوونی ئەو جیاوازیانەش، ئەم بۆچوونە بەهێزترینە سەبارەت بە سەرەتای سەرهەڵدانی ئاشکرای موعتەزیلە[4].

٢) هەندێك لە نووسەر و توێژەران بیریان وایە موعتەزیلە پەیوەندیەکی هزری بە ئالۆزیەکانی پێشترەوە هەیە، ئەوەی لەنێوان عەلی کوری ئەبو تالیب، خەلیفەی فەرمی و موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان بەرپابوو[5].

٣) کۆمەڵێکی دیکە بڕوایان وایە خودی موعتەزیلە ئەو ناوەیان بۆ خۆیان بژاردەکردووە، ئنجا یان لەبەر خۆجیاکردنەوەیان لە گومڕایان بێ، کە مەبەستیان

---

[1] الفرق بين الفرق، البغدادي، فصل الاعتزال (٢٠- ٢١).

[2] وفيات الأعلام لابن خلكان (٤/ ٨٥)، ودراسات في الفرق والعقائد الإسلامية، د. عرفان (٨٥).

[3] الخطط، لابن منبه (٥٠).

[4] الملل والنحل للشهرستاني (١/ ٥٢)، والفرق بين الفرق للبغدادي (٢٠- ٢١)، ودراسات في الفرق والعقائد الإسلامية (٨٤).

[5] فضل الاعتزال، القاضي عبد الجبار (١٣- ١٤).

ئەهلی سوونە و خەواریجە، یاخود لەبەر کەنارگیریان و خۆ تەرخانکردنیان بۆ پەرستش و بەندایەتی[1]، بۆیە زەرکەلی دەگێڕێتەوە کە واصلی کوڕی عەتا خۆی هاوەڵەکانی ناودەبردن بە موعتەزیلە، لەبەر کەنارگیری لە وانەکانی بەصری[2]. دیارە قسە و باسی دیکەش لەسەر ناوی موعتەزیلە هەیە، بەڵام ئێمە گرنگترینمان باس کرد[3].

**بنەماکانی هزری موعتەزیلە:**

لە ڕووی هزریەوە موعتەزیلە چەند بنەمایەکیان نەخشەکێشاوە، کە لە ڕووکەشدا هەندێکیان ڕازاوە و نایابن، بەڵام گرێ و گۆڵی فرە لە وردکردنەوە و شرۆڤە و لێکدانەوەیاندایە. پێنج پایە و مەشخەڵە گرنگەکانی موعتەزیلە کە جێی کۆدەنگی هەموو گرۆهەکانیانن بریتین لە:

١) تەنها پەرستی (التوحید): ئەوەی بۆ خوایە و ئەوەشی بۆ خوا دەست نادات هەر کەس پێچەوانەی بکات و نکوڵی لێ بکات ئەوە لە ئایین دەردەچێت، وەك بڵێی ئەم بنەمایەیان بۆ وەڵامدانەوەی هەندێ گرووپی هزریی ئەو دەمە داناوە، وەك: موشەبیهە و قەدەرییە و موجەسیمە و ئەوانیتر. ئەگەرچی ڕواڵەتی ئەم بنەمایە ڕاست و ڕەوانە، بەڵام لە مەبەست و ناوەرۆکدا لادانە لە تێکستەکانی قورئانی پیرۆز، بۆ نموونە سیفاتی خوا ڕەتدەکەنەوە لە خەیاڵی خۆیاندا نەبادا سەربکێشێ بۆ فرە خوایی[4].

٢) داد (العدل): لە دوای خوا بەتەنها گرتن و ناسینی، بابەتی داد دێننە پێشەوە، مەبەستیشیان کردەوەکانی خوایە. قازی عەبدولجەبار دەڵێت: "بنەمای

---

[1] فضل الاعتزال (١٢).

[2] الأعلام للزركلي (٩/ ١٢٢).

[3] تاريخ الجهمية والمعتزلة (٤٢)، الفرق بين الفرق (٩٤).

[4] فضل الاعتزال وطبقات المعتزلة (١٩٧).

دووەم قسەکردنە لەسەر داد، ئەویش سەبارەت بە کردەوەکانی خوایە و چی بۆ ئەو ڕەوایە و چیش ناڕەوایە بدرێتە پاڵی[1]. لەم بنەمایەدا مەبەستیانە بیسەلمێنن کە کردەوەی مرۆڤ بەدیهێنراوی خودا نییە، چونکە لەناو کردەوەی مرۆڤدا خراپە و سەرپێچی و قێزەونی هەیە ناکرێت بدرێتە پاڵ خودا[2].

٣) بەڵێن و هەڕەشە (الوعد والوعيد): لە پێناسەیدا دەڵێن: "بەڵێن (وەعد) هەواڵێکی مژدە ئامێزە یاخود قوتاربوونە لە بەڵا و شەڕێك لە داهاتوودا بۆ کەسی مەبەست، مەرج نییە چاك بێت یان خراپ"[3]. هەڕەشە (الوعيد) تەواو پێچەوانەی بەڵێنە، هەواڵێکی هەڕەشە ئامێزە لە داهاتوودا بۆ کەسی مەبەست[4]. لەم بنەمایەشدا مەبەستیانە بڵێن ئەوەی خودا بەڵێنی داوە دەبێت جێبەجێی بکات، خۆ ئەوەشی هەڕەشەی دەرهەق کردووە بەهەمان شێوە دەبێت بیسەپێنێت، زیاتر ئامانجیان سزادانی بکەری تاوانە گەورەکانە.

٤) مەنزڵێ نێوان دوو مەنزڵ: دەڵێن ئەوەی تاوانی گەورە ئەنجام دەدات نە مسوڵمانە و نە کافر، ناوی لەنێوان ئەو دووانەیە و حوکمیشی لەنێوان هەردووکیانە[5]. قازی عەبدولجەبار سەبارەت بەم بنەمایە دێتە گۆ و دەڵێت: "بکەری تاوانی گەورە ناوێکی هەیە لەنێوان کافر و مسوڵمان حوکمیشی بەهەمان شێوەیە، ئەو فاسیقە"[6].

٥) فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە: مەبەست لە چاکە کە فەرمانی پێ دەکرێت ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی پەی بە چاکیەتیەکەی دەبات بە ژیرییەکەی، یاخود

---

١ شرح الأصول الخمسة للقاضي عبد الجبار (١٣٥)، وفضل الاعتزال وطبقات المعتزلة (١٤١) وما بعدها.

٢ بڕوانە: فضل الاعتزال وطبقات المعتزلة (١٤١ـ ١٤٢) وما بعدها.

٣ شرح الأصول الخمسة للقاضي عبدالجبار (١٣٥).

٤ المصدر نفسه.

٥ شرح الأصول الخمسة (٥٩٧)، والمنية والأمل لابن المرتضى (٦).

٦ شرح الأصول الخمسة للقاضي عبدالجبار (٦٩٧).

نیشانی دەدرێت لەلایەن مرۆڤێکی ترەوە، هەرچۆن ئەو خراپەی ڕێگری لێدەکرێت ئەوەیە ژێری ڕێنموویی مرۆڤی بۆ دەکات، یاخود مرۆڤێکی هاوشێوی نیشانی دەدات[1]. بەم بنەمایەشیان مەبەستیان دەسکراوەییانە بۆ بەگژداچوونەوەی دەسەڵات و فەرمانڕەوا و ناحەزەکانیان بەئاسانی هەرکات تاوانی گەورەیان لێ دەرکەوت. تەنها ئەم پێنج بنەمایە کۆدەنگی موعتەزیلەی لەسەرە، زیاد و کەم دەبێتە دەرچوون لە ڕیزی موعتەزیلە، هەروەك ئەبو حەسەنی خەیات دەڵێت: "هیچ کەس شایستەی ناوی موعتەزیلە نییە هەتا دان بە پێنج بنەماکەدا نەنێت"[2].

ئەگەر بمانەوێت سەرنجی هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم بنەمایانە بدەین لەلای موعتەزیلە، بێگومان کاتی زۆری دەوێت، ئەوەندە هەیە زۆر بە کورتی دەتوانین بڵێین موعتەزیلە لە دوای زنجیرەیەك گرووپی هزریی سەریهەڵدا و مۆرکی هزری ئەوان تا ڕادەیەك ئامادەگی دیارە لە سەر موعتەزیلە، هەر بۆیەش جاروبار ناوی هەندێکیان دەکرانە کاڵای باڵای موعتەزیلە[3].

ئەگەرچی وا مەشهورە موعتەزیلە گرفتی گەورەی لەگەڵ فەرموودە هەیە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوان بەگشتی لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ ژیریی و دەق و تێکستەکان هاوسەنگ نەبوون، ئەمەش بەئاشکرا هەستی پێدەکرێت کاتێك قازی عەبدولجەبار بە ڕاشکاوی لە ڕیزبەندی سەرچاوەکانی تەشریعدا عەقڵ لە پلەی یەکەم دادەنێت،

---

[1] شرح الأصول الخمسة للقاضي عبدالجبار (١٤١)، والمعتزلة وأصولهم الخمسة وموقف أهل السنة منها، عواد بن عبد الله المعتق (١٨١).

[2] فضل الاعتزال (١٧).

[3] وەك: قەدەرییە کە گرووپێك بوون بڕوایان بە قەدەر نەبوو، مرۆڤیان بە بەدیهێنەری کردەوە دەزانی، ئنجا موعتەزیلە هەمان بابەتیان لەوان وەرگرتبوو، بۆیە بە موعتەزیلەش دەوترا قەدەرییە، هەروەها پێیان دەوترا جەهمیە، چونکە وتەی ئەوانیان سەبارەت بە نەفی سیفات و خەلقی قورئان و نکوڵی بینینی خودایان دەکرد لە ڕۆژی دوایی بۆ بڕواداران و چەندین ناو و نازناوی تر. بڕوانە: هدی الساری (٢/ ٢٣٢)، وفتح الباری (١٤/ ٢٩١)، ومنهاج السنه (٢/ ٤٨٤)، وأدب المعتزله (١٢٢).

دواتر قورئان و سوننەت ناو دەبات، پاشان لە وەڵامی پرسیارێکی چاوەڕوانکراودا دەڵێت: "دوور نییە هەندێك تووشی سەرسووڕمان بن لەم ڕیزبەندییە، گومانیان وا بێت سەرچاوەکان یەکەم قورئانە و دواتر سوننەت و کۆدەنگیە، یاخود گومانیان وابێت ژیریی ئەگەر سەرچاوەش بێت دوادەخرێت، بەڵام ڕاستیەکەی وا نییە، چونکە خوا تەنها فەرمانی بۆ خاوەن ژیرییەکان ناردووە[1]. ئەم وتانە و چەندینی تر، بە ڕوونی پەردە لەسەر کەمبایەخی موعتەزیلە لادەدەن دەرهەق بە تێکستە شەرعیەکان، وەلیّ ئەو بابەتە باسی چڕوپڕی بەشی دواترە و لەویّ قسەوباسی گەرم بەخۆوە دەبینێت.

## دیدی موعتەزیلە بۆ ژیریی و دەق و فەرمووده بەتایبەتی

لەبەرئەوەی موعتەزیلە تەنها خاوەنی یەك یەکە و نەخشەی هزریی نەبوون، تەنها ئەو پێنج مەشخەڵە باڵایە نەبێت کە باسکران، بەڵکو فرەیی لە بۆچوون و دەربڕین و تێڕوانینەکانیان بەرچاوە، بۆیە دژوارە بە چەند دەستەواژە و ڕستەیەك دید و بۆچوونیان لەمەڕ هەر بابەتێك بخرێتە ڕوو، هەربۆیە هەوڵم داوە زیاتر پشت بە وتەی زانا دیار و گەورەکانی موعتەزیلە ببەستم بۆ یەکاڵاکردنەوەی هەر بابەتێك، هەرچۆن خۆم نەبواردووە لە بەکارهێنانی سەرچاوەکانی خۆیان، ئەوەندەی پەییم پیّ بردبن. بێگومان بوونی جیاوازیی لەناو قوتابخانەی موعتەزیلە ئەوە دەردەخات کە ئەوان ئەگەرچی گلەیی زۆریان لەسەرە دەربارەی مامەڵەکردنیان بەرامبەر ناکۆکەکانیان لە هزر و بیردا، بەڵام لەناوخۆدا تا ڕادەیەك بۆچوونی جیاوازیان هەبووە، ئەگەرچی جیاوازیبەکە ڕێکخراو نەبووە، هەربۆیە لە توونودوتیژی ناوخۆیی بێبەش نەبوون.

---

[1] فضل الاعتزال، القاضي عبد الجبار (١٣٩).

**یەکەم: دیدی موعتەزیلە بۆ ژیریی:**

ئەوان زۆر کەیفیان بە باسی ژیریی دێت و زۆریش بە شان و شکۆی ژیرییدا هەڵدەدەن، لە ڕووی بەرامبەرەکانشیاندا خۆیان بە خانەخوێی ژیریی وێنا دەکەن، بێگومان ئەمەش وایکردووە سەرنجی زۆرێك لە توێژەران بەلای خۆیاندا کەمەندکێش بکەن، بگرە زۆرێك لە زانایانی پێشین و ئێستاش دان بە شکۆی ژیرییدا بنێن لای موعتەزیلە، بە سانایی پێیان بڵێن موعتەزیلە دۆست و پەنا و پارێزەری ژیریین!![1]

گومان لەوەدا نییە، کە موعتەزیلە و پێشەوا بەنامێکانیان لە کاتی گفتوگۆ و جەدەلەکانیان وردەکاری زۆریان بەخەرج داوە و زۆر جار ڕکەبەرەکانیان لە نامسوڵمانەکان خانەی هزر و خەیاڵیان خاڵی دەبوو لە سین و جیم، ناچار دەبوون مل بدەن بە بانگ و بورهانیان، ئامین بکەن بۆ نزاکانیان![2] بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەندەی سەرنجم داوە و پەڕتووکیانم شەن کردووە و وتەکانیانم لە کەو داوە و چاوم لە خودی سەرچاوەکانی خۆیان ڕاناوە و تەباو ناتەبام لە بەرامبەر یەکتر داناوە، بەو ئاکام و سەرەنجامە گەیشتووم کە موعتەزیلە بانگ و هاواریان بۆ ژیریی ڕەها نەبووە، ئەم وتەش پێویستی بە بەڵگە و بورهانە، بەبێ بەڵگەش هاواری ئاوا ناڕەوانە، ئنجا جێی خۆیەتی بەراوردی چەند بابەتێك بکەین بۆ ساغکردنەوەی بانگەشەکەمان، لە بەشی یەکەم و باسی بنەماکانی موعتەزیلە لە پەراوێزی هەر بڕگەیەك، ئاماژەیەك بە ئامانجیان خرایە ڕوو، وەلێ لێرە بە ڕوونتر چەند وێنەیەك بەیاد دەخەینەوە:

---

[1] بڕوانە: الكشاف للزمخشري (٢/ ٤٤١)، الإرشاد للجويني (٢٢٨)، الملل والنحل للشهرستاني (١/٥٥)، تمهيد الأوائل وتلخيص الدلائل للباقلاني (٢٩٢)، الفتاوى لابن تيمية (٨/ ٢٤٨)، منهج المدرسة العقلية الحديثة في التفسير للرومي (١/ ٤٤).

[2] الانتصار والرد على على ابن الراوندي، الخياط، تحقيق: نيبرج السويدي (٧٢)، نقلا عن: دراسات في الفرق والعقائد، د. عرفان عبد الحميد (١٠٩ـ ١١٠).

**یەکەم: هەندێ** بابەت موعتەزیلە خۆیان پێوە سەرقاڵ کردووە و خەڵکیشیان پێ گیرۆدە کردووە، **هیچ** بەهرەیەکی کردەیی لە ژیان نەبووە و تەنها لە خانەی تیۆر و جەدەلی نەزۆکدا قەتیس ماوە، جوانترین وێنەش بۆ ئەوە، بابەتی (خلق القرآن)ە: قورئان وتەی خواوەندە بێگومان، بەڵام ئایا سیفەتی خوایە وەك لە مێژەوە خەڵکی بڕوایان وا بووە؟ یاخود نەخێر ئەویش یەکێکی ترە لە بەدیهێنراو و درووستکراوەکان، وەك موعتەزیلە دەیبینن. ئەم بابەتە هەویرێکی ئاوکێشە، من تەنها مەبەستمە چەند پرسیارێك بوروژێنم و وەڵامی بۆ خوێنەر جێ دەهێڵم.

ئەگەر سەرنج بدەین موعتەزیلە ئەم بابەتەیان هاویشتە ناو ئاییندااران، لەکاتێکدا خەڵکی دەرهەق بەوە گرفتێکیان نەبوو شایەنی باس بێت، ئەوانیش تەنها بەهۆی بنەما هزریەکانی خۆیان ئەو بەزمەیان نایەوە، نەك ژیریی[1]، ئنجا لێرەدا هەڵوێستەیەك پێویستە، ئایا ژیریی مرۆڤی ئاییندار هان دەدات بیر و هزری خۆ قەتیس بکات لە بابەتە تیۆرییە بێ بەهرەکاندا، یاخود خۆ سەرقاڵ بکات بەوانەی بەسوودن و جێکەوتیان هەیە لە ژیانی مرۆڤەکاندا؟ ئەمە لەکاتێکدا خودی ئایینی ئیسلام ئایینێکی کردەویستە، یاخود بڵێین موعتەزیلە لە مەتەڵی خەلقی قورئان توانیان چ ئامانجێکی باڵای ئایینی و بگرە ژیریش بپێکن؟

**دووەم:** موعتەزیلە خۆ لە واتا و مانای هەندێ تێکست لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکان دەدزێتەوە و لە لاڕێوە مانایان بۆ دەتاشێت، وەك ئەو دەقانەی تکای ڕۆژی دوایی دەسەلمێنن، ئەو بڕوایەشیان بۆ ناتەبایی واتای ئەو دەقانە دەگێڕنەوە لەگەڵ ژیریی، بەڵام ڕاستیەکەی ژیریی هیچ دژواریەك لەو سەلماندنە نابینێت، چونکە ئەگەر ئاستەنگ لەو سەلماندنە هەبوایە هەمووان درکیان دەکرد، بۆ تەنها ژیریی ئەوان پەی بەو لەنگیە برد، لەکاتێکدا خەڵکیش وەك ئەوان خاوەن ژیرین و

---

[1] بڕوانە سەرەتای بڵاوکردنەوەی بیری بە مەخلوقکردنی قورئان بۆ یەکەمجار بە بیری مەئموون و بەجاڕی موعتەزیلە. بڕوانە: تأريخ الرسل والملوك، الطبري (٨/ ٥٧٤)، والمحنة، فهمي جدعان (١٣٧).

پەڕتووك و وردەكاریەكانیان لە زانستە جیاوازەكان گەواهی ئەو ڕاستیە دەدەن، بەتایبەتیش كە چەندین دەق بە ڕاشكاوی ڕەواییان بە تكا داوە.

**سێیەم:** گەورەترین لەنگیی موعتەزیلە ئەوەیە كە خودی ژیریی پێی قەڵسە و هەراسانە و بەهیچ پێودانگێك پێی قوت ناچێت، مامەڵەیانە لەمەڕ دەق و تێكستە شەرعیەكان، بەجۆرێك وەك لە دواتریش دەیبینین تێكستی ئاحادی دروست ڕەت دەكەنەوە بە بیانووی ناتەبایی لەبەرابەر ژیرییدا، بەڵام كاتێك سەرنجی پەڕتووكەكانیان دەدەیت، دەبینی هەندێ ڕیوایەت و گێڕانەوە دەكەنە بەڵگەی بانگەشەیەكیان لە لاوازید هاوتای نییە!! ئەمەش تەنها دەبێت لە بەرامبەریدا بڵێی بانێكە و دوو هەوا!!.

**چوارەم: ژیریی سڕەرەوەی دەقەكان دادەنێن:** موعتەزیلە بەهەمان ڕێبازی خۆیان بڕوایان وایە كە ژیرییەكەی ئەوان هەرچۆن سەرچاوەكانی سەلماند، ئاواش دەكرێت تێكستەكان بسڕێتەوە. سەبارەت بەم بابەتە نەززامی موعتەزیلی دەڵێت: "بێگومان لایەنی ژیریی هەندێ جار تێكستەكان دەسڕێتەوە"[1]. وتەكانی قازی عەبدولجەباریش پشتیوانی هەمان واتا دەكات، چونكە ژیریی دەیسەلمێنێ كە قورئان و فەرموودە بەڵگەن و سەرچاوەن، كەواتە هەر ئەویش توانای تایبەتكردن و سڕینەوەشی دەبێت[2]. دیارە تەنها ئەو دەقانە بەر سڕینەوە دەكەون كە بەربەستن لەبەردەم بنەما هزریەكانی ئەوان، كەواتە ئەوەی ئەو ناوزەدی دەكات بە ژیریی تەنها قایمكاریی و هەوڵدانە بۆ پاراستنی بنەما هزریەكانی ئەوان بەناوی ژیرییەوە!! چونكە وەك دواتریش باس دەكرێت، ئەوان هەندێ جار نەك فەرموودەی دروست و (ئاحاد)، بەڵكو بە لاواز و تەنانەت دانراویش دەژەنن ئەگەر

---

[1] تأويل مختلف الحديث لابن قتيبة (٣٢).

[2] فضل الاعتزال (١٣٩)، والأصول الخمسة للقاضي عبدالجبار (٦٦).

پشتیوانی مەرامەکانیان بکات[1]، بەسانایش دەتوانین نموونەی ئەو جۆرە ڕەفتارەیان بهێنینەوە، وەك ڕەتکردنەوەیان بۆ فەرموودەی لەتبوونی مانگ و سەرەتای قۆناغەکانی دروستبوونی مرۆڤ لە سکی دایکیەوە، وەك باسکرا، بەڵام دەبینیت ڕیوایەتی وا دەکەنە بەڵگە بۆ پشتیوانی بۆچوونەکانیان لە هیچ پەڕتووکێکی تایبەت بە فەرموودە دەستت ناکەوێت[2].

لای موعتەزیلە تەنها ژیریی ئەوان بایەخی هەیە، جگە لەوان هیچ گرنگییەکی نییە: وەك دەبینین موعتەزیلە تەواوی داکۆکیان بە خەیاڵی خۆیان لەسەر ژیرییە، بەڵام تەنها ژیریی ئەوان دەبێت چاوساغی هەمووان بێت، ئەوەتا تانە لەوانە دەدەن فەتوا بە ژیریی دەدەن، پێشتر باسی گاڵتەجاڕی عەمری کوڕی عوبەید کرا لە بەرامبەر فەتواکەی هاوەڵی پەیامبەری خوا (دروودی خوای لەسەر)، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود (خوا لێی ڕازی بێت)، بەهەمان شێوە نەززام کاتێك فەتوایەکی خەلیفەی مسوڵمانان عەلی کوڕی ئەبو تالیب دەبیستێت، دەڵێت: "ئینجا ئەو کێیە هەتا بڕیار بە ڕا و بۆچوونی بدات!!"[3] لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە موعتەزیلە، ئەگەرچی باس لە شکۆی ژیریی دەکەن، نە مەبەستیان خودی ژیرییە و نە ژیریی هەموانیشیان لا پەسەندە، بەڵکو دەبێت تەنها ژیرییەك ئەوان پەسەندی بکەن و تەنهاش دەبێت لە قازانجی ئەوان بەکاربهێنرێت.

لێرەوە: ئەوەی بۆ خوێنەری پەڕتووك و وتەکانی موعتەزیلە ئاشکرا دەبێت ئەوەیە ئەوان پارێزەری ژیریی نین، بەڵکو داکۆکی کاری سەرسەختن لە بنەما هزرییەکانی خۆیان لە سایەی پەردەی ژیریی، هەر بۆیە لە هەر جێگەیەك و هەر جۆرە تێکست و دەقێك ڕووبەڕووی بنەماکانیان بێتەوە لە بەرامبەری ڕادەوەستن و

[1] بۆ بە بەڵگەدانانی فەرموودە و ڕیوایەتی لاواز لەلایەن موعتەزیلە، بڕوانە: فضل الاعتزال (١٣٩) و دواتر.

[2] بڕوانە: فضل الاعتزال وطبقات المعتزلة (١٣٩) و دواتر.

[3] الفرق بين الفرق، للبغدادي (١٣٤).

تەئویلی بۆ دەدۆزنەوە، بە لاڕێدا دەیبەن، خۆ ئەگەر هیچ لەوانە دەستی نەدا ئەوکات سەرلەبەری دەقەکە ڕەت دەکەنەوە، نەك لەبەرئەوەی لەگەڵ ژیریی تەبا نییە، وەك ئەوان دەڵێن، بەڵکو لەبەر ئەوەی بنەماکانی ئەوان دەهەژێنێ و لەبن دەریاندێنێت، وەك دواتر لە عەمری کوڕی عوبەید، گەورەترینی پێشەواکانی موعتەزیلە، دەبینین تووشی چ تایەك دەبێت کاتێك فەرموودەیەك سەبارەت بە سەلماندنی قەدەر دەدوێت، ئەوەی باسی سەرەتای مرۆڤ دەکات هەر لە ڕۆح بەبەرداکردن هەتا مردن، وەك دواتر لە باسی دیدیان دەرهەق بە فەرموودە باس دەکرێت[1].

١ مەبەست لە فەرموودەی بەنامێ و مەشهور: "إنَّ خلق أحدكم يجمع في بطن أمه أربعين يومًا نطفة...."، أخرجه البخاري، كتاب القدر، رقم (٦٥٩٤)، ومسلم، كتاب القدر، باب كيفية خلق الآدمي في بطن أمه، رقم (٢٦٤٣).

**دووەم: دیدی موعتەزیلە بۆ دەق و فەموودە:**

مەبەست لە دەق، تێکڕای تێکستە شەرعیەکانە لە قورئان و سوونەت و موتەواتیر و ئاحاد. لە جیاوازییە زۆر دیارەکانی موعتەزیلە لە دید و تێڕوانین و مامەڵەیان لەگەڵ دەق[1]:

**یەکەم: نەبوونی مەنهەج و میتۆدی تۆکمە لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ سەرچاوەکان، فەرموودە بەتایبەتی:**

لە ڕیزبەندی سەرچاوەکانی تەشریع و یاساداناندا، هاتوون ژیرییان وەك سەرچاوەی یەکەم جێگیر کردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بڕوای ئەوان بەوەی چاکە و خراپە بە ژیریی درك دەکرێن پێش هاتنی ئایین، هەر ئەو درککردنەش مرۆڤ دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی و ڕاپەڕاندنی ئەوانەی ژیریی بە چاکی زانی و دوورکەوتنەوەش لە پێچەوانەکانیان، بەمەش ئەو ژیریەی ئەوان باسی دەکەن پێویستە پێشەنگی سەرچاوەکانی تەشریع بێت و ناکرێت دوابخرێت.

قازی عەبدولجەبار دەڵێت: "بزانە کە بەڵگەکان چوارن: یەکەم دانەیان بەڵگەی ژیرییە، دواتر قورئان و سوونەت و کۆدەنگیە"[2]. دواتریش، وەك وەڵامێك بۆ گازندەیەکی چاوەڕانکراو دەبێژێت: "مرۆڤ بە بەڵگەی ژیریی نەبێت بە ناسینی خوا ناگات"، هەروەها لە جێگەیەکی تردا، بۆ پارسەنگی ڕیزبەندییەکەی، دەڵێت: "بۆیە

---

[1] نامەوێ ڕاستیەك بشارمەوە، کە بێگومان یەکێك لە کێشە و ئاستەنگەکانی ئەم توێژینەوە ئەوەیە، کە هەندێ لە زانا موعتەزیلیەکان، یا پەڕتووکەکانیان نەماون، یاخود ئەگەر هەشبن لەچاپ نەدراون، ئەمەش توێژەر ناچار دەکات لە پەڕتووکی زانایانی ترەوە وتەکانیان نەقڵ بکات. ئەگەرچی متمانە بە ڕاستگۆیی زانایان هەیە لە دروستیە گواستنەوە و نەقڵ، بەڵام دیسان لە ڕووی ڕێباز و میتۆدی توێژینەوەوە نەنگیە و نابەجێیە، ئەگەرچی ئەوەندەی لوابێت هەوڵم داوە زیاتر سەرچاوەکانی خۆیان بەکاربهێنم، بەڵام هەندێ نەقڵ لە پەڕتووکی ئەوان چنگ نەکەوتبێت، بەناچاری ڕووم لە سەرچاوەکانی تر کردووە، ئەوەندە هەیە، ناچاریی دەرگای حەرام واز دەکات. توێژەر.

[2] شرح الأصول الخمسة (٨٨).

ژیریی بە یەکەم سەرچاوەی تەشریع دادەنرێت، چونکە چاکە و خراپە بەو جیا دەکرێتەوە و بەڵگەبوونی قورئان و سوونەت و کۆدەنگی لە سایەی ئەودا درك دەکرێت، کەواتە ژیریی بنەمای سەرەکیە لە سەرچاوەی تەشریعدا، گەرچی ئێمە دەڵێین قورئان ئەسڵە و بنەمایە، مەبەستمان ئەوەیە قورئان بەئاگامان دێنێتەوە لەوەی کە ژیریی دەیخوازێت"[1]. ئەو وتەیەی: بەهۆی ژیرییەوە خوا دەناسرێت، وتەیەکی دروستە، بەڵام هەر خودی ئەو وتە ئەوە دەردەخات کە ژیریی هۆکارە نەك خودی سەرچاوەکە، مرۆڤی بێ پەیامیش ژیاوە و زۆربەیان دڕندەکانیان شەرمەزار کردووە هێندە خوێنخۆر و نالەبار بوون، هەروەها لەبری خوا ناسین خۆیان بە خوا خەملاندووە ! ! دەکرێت بڵێین ژیرییان نەبووە ؟ !

بێگومان ئەو ڕیزبەندیەی قازی پێچەوانەی داب و نەریتی زانایانە لە کۆی ئایینزاکانی تر، کە شتی ئاوهایان نەوتووە، بەڵکو یان قورئانی پیرۆز بە یەکەم سەرچاوە دادەنێن، یاخود کۆدەنگی یەقینی[2].

ئەوەی جێگەی سەرنجە، هەندێ نووسەر لە سۆنگەی وتەکانی ئەبو لحوسەینی بەصریەوە، سەبارەت بە ڕیزبەندی سەرچاوەکانی تەشریع، دەڵێن موعتەزیلە لە ڕیزبەندی سەرچاوەکاندا ژیریی پێش نەخستووە و ئەوە ڕاست نییە و دراوەتە پاڵیان، وەڵام بۆ ئەوان ئەو وتانەی قازی عەبدولجەبارە کە مامۆستای ئەبو حوسەینی بەصریە و پێشەوای سەرەکی موعتەزیلە بووە لە سەردەمی خۆیدا[3].

---

[1] شرح الأصول الخمسة (٨٨)، وفضل الاعتزال وطبقات المعتزلة (١٣٩).

[2] بروانە: المستصفى في علم الأصول للغزالي (٣٧٤)، وأصول الفقه للقاضي أبي بكر بن العربي (١٣٥).

[3] العقل عند الأصوليين، أ.د. عبد العظيم الأديب (٦١١) و دواتر. دواتریش ئەبولحوسەین لە سەرەتای پەڕتووکەکەی (المعتمد)دا باسەکەی بەتەواوی تایبەت نییە بە ڕیزبەندی سەرچاوەکانی تەشریع وەك تەواوی ئوصولیەکان، بەڵکو باسی ڕیزبەندی باسەکانی زانستی ئوصولی فیقهـ دەکات، هەروەها لەوەشی باسی کردووە بەهەمان شێوە وتەکانی زۆر ڕوون نین. المعتمد (١/ ٨).

**دووەم:** بەهەمان شێوە موعتەزیلە تەنها بەڵگەی ژیریی بە دەلیل و بەڵگەی یەقینی ئەژمار دەکات، کە ئەمەش یەکێکی ترە لە تایبەتمەندییەکانی موعتەزیلە، ئەگەرچی ئەوان لەو کاروانە تەنها نین و هەندێ لە دۆستانی زانستی کەلامیش ئەوەیان دووپات کردووەتەوە. جاحیز (الجاحظ) لە موعتەزیلە، دەڵێت: "کاروبارەکان دوو حوکمیان هەیە: حوکمێکی ڕووکەش بۆ هەستەکان، هەروەها حوکمێکی ناوەکی کە تایبەتمەندی ژیرییە و ئەو حوکمی تێدا دەدات، تەنها ژیریی بەڵگەیە"[1]. هەربەم شێوەیە جاحیز بەردەوام دەبێت: "حوکمی یەکالاکەرەوە و دڵنیاکار تەنها بۆ زیهنە و ڕوونخوازی دروست تەنها بۆ ژیرییە"[2]. وتەکانی پێشتری قازی عەبدولجەباریش دەست دەدات ببێتە پشتیوانی ئەم بۆچوونەی جاحیز، کە سەرەتا بەڵگەیی بوونی تەواوی سەرچاوەکان بۆ ژیریی دەگێڕێتەوە، دەبێت ئەو ژیرییەی ئەو خەیاڵی بۆ دەکات پێگەی گرنگتر بێت، دەنا بۆ ئەو ژیرییە سەرچاوەبوونی سەرچاوەکانی تەشریع دەسەلمێنێت؟ لەم وتانەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت شتێك هەیە کە ئەوان بە ژیریی ناوزەدی دەکەن و پێگەی باڵاتر لە پێگەی تێکستی شەرعی دەبینن، بەڵام ئایا بە دروستی ئەوەی ئەوان بە ژیریی لە قەڵەمی دەدەن ژیرییە؟

لە ئاکامی پێداچوونەوە بە پەڕتووك و وتەکانیان، مرۆڤ دەگاتە ئەو بڕوایەی موعتەزیلە لە ئاکامی بڕوا تایبەتیەکانیان ئەم سەرنجانەیان بۆ درووست بووە و ئەو بنەما هزریانەی خۆیان دایانناوە، بەو شێوەی لێکیان داوەتەوە لایان بووەتە شتانێك قابیلی هیچ نکوڵی و ڕەخنەیەك نەبن، ئیتر لێرەوە لە پێناو پاراستنی بنەماکانیان ئامادەیی بەگژاچوونی هەموو شتێکی تر بوون، خۆ ئەگەر پێچەوانەی بنەماکەیان تێکستێکی (متواتر)ی قورئانیی بووبێت نەلواوە بۆیان وەك تێکستێکی

---

[1] كتاب الحيوان، للجاحظ، (١/ ٢٠٧). هەروەها بڕوانە: الإبهاج، السبكي (١/ ٣٢٣).

[2] رسائل الجاحظ، رسالة التربيع والتدوير (٣/ ٥٨).

(ئاحادی) مامەڵەی لەگەڵ بکەن و بەسانایی خۆیانی لێ قووتار بکەن، بەڵکو هاتوون بەجۆرێك ڕاڤە و لێکدانەوەیان بۆ کردووە کە هەندێ جار دەقەکە واتای دروستی خۆی لەدەست داوە. هاوشێوەی ئەو تێکستانەی باس لە سیفاتی خواوەند و قەدەر و بەڵێن و هەڕەشە، تەنها بەهانە و بیانوویان بۆ ئەو جۆرە مامەڵەیە، خۆیان گووتەنی: "لەگەڵ حوکمی ژیرییدا نایەتەوە، بۆیە پێویستە لەسەر ڕێ لابدرێ و بکرێتە قوربانی بۆ بنەما هزرییەکەی ئەوان"[1].

با بەیەکەوە گوێ لە قازی عەبدولجەباری پێشەوای بێ وێنەیان بگرین، لە دوای گرنگی ژیریی و پێگەی: "هەر بەهۆی ئەوەوە حوکمی کارەکان و بکەرەکان جیا دەکەینەوە، ئەو نەبوایە نەماندەزانی کام کەمتەرخەم خەتاکارە و کام بکەریش تاوانبارە، کێ سەرزەنشت دەکرا و کێ سوپاس"، هەروەها سەبارت بە بنەمای داد (العدل) دەڵێت: "ژیریی گەواهی لەسەر دەدات و دەیسەلمێنێت"[2]. لێرەوە دەزانرێت موعتەزیلە گرفتیان لەگەڵ فەرموودەی (ئاحاد) بەناوبانگە، دەنا بەشێوەیەکی گشتی، وەك لە باسی پێشتر ڕابورد، لە بەرامبەر تەواوی دەقەکان بێ گرێ نەبوون.

**موعتەزیلە و فەرموودەی ئاحاد:**

سەبارەت بە پێناسەی سوونە، دیارە چەند پێناسەیەك باس دەکرێت، زانایانی سوننە بە جۆرێك پێناسەی دەکەن و فوقەها و ئوصولیەکان بە هەندێ جیاوازیی. فەرموودەناسان لە پێناسەی فەرموودەدا دەڵێن: "بریتیە لەوەی دەدرێتە پاڵ پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر) لە وتە و کردار و بێدەنگی لەمەڕ ڕەفتاری

---

[1] بڕوانە: التأويل خطورته وآثاره، د. عمر الأشقر (٦٠) و دواتر.

[2] فضل الاعتزال (١٣٩ـ ١٤١).

بەرامبەر و خووە زگماکی و ڕەوشتیەکانی[1]. ئوصولیەکانیش بەو شێوەیە تەنها خووە زکماکیەکان فەرامۆش دەکەن، چونکە ئەوان عەودالّی حوکمن، لە خووە زگماکییەکانیش ئەو حوکمەی ئەوان دەیانەوێت نییە، بۆیە ئەو بڕگەیان باس نەکردووە[2].

لە پێناسەی موعتەزیلە بۆ فەرموودە، جیاوازییەکی ئەوتۆت بەرچاو ناکەوێت، تەنها مامەڵەی ناهاوسەنگی ئەوان بەرامبەر فەرموودە جێگەی سەرنجە. قازی عەبدولجەبار لە ئاماژەیەکیدا فەرموودە تەنها بە فەرمان و وتە و کرداری پەیامبەر پێناسە دەکات[3]، بەڵام بە لەیەکدانی وتەکانی ئەبو حوسەینی بەصری موعتەزیلی، فەرموودە بریتیە لە وتە و کردار و بێدەنگبوون و ویستی پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر)[4]. بەشێوەیەکی درشت و دواتر وردەکاریی زۆریان هەیە.

زۆر جار باسی سوننەتی پەیامبەر، بەتایبەت جۆرێکی تایبەت لە سوننەت دەبیستین، کە (خەبەری ئاحادە)، ڕاستەوخۆ ناوی موعتەزیلە و سەرنجیان لەمەڕ ئەو جۆرە لە فەرموودە بەخەیاڵدا دێت، وەلێ لە خستنەڕووی دید و بیریان وادەزانم هەندێك گرێ و گۆڵ هەیە پێویستە بە شێوەیەکی زانستیانە و دوور لە دەمارگیریی و سەرپێی، گوفتار و مامەڵەیان لە بێژنگ بدرێت، ئەوجا لەنگی و نەوییەکانیان و دروستیی و ڕەواییەکانیان، هەردووك پێشکەش خوێنەرانی کورد زمان بکرێت.

سەرەتا، بۆ پێناسەی فەرموودە: هەمان پێناسەی پێشوو بۆ فەرموودە بەگشتی باسکرا، بۆ ئەم جۆرەش لە فەرموودە دەست دەدات، تەنها جیاوازی ئەم جۆرە

---

[1] فتح المغيث للسخاوي (١/ ٦).

[2] شرح الكوكب المنير (٢/١٦٠)، وإجابة السائل شرح بغية الآمل، الصنعاني (٨١).

[3] فضل الاعتزال وطبقات المعتزلة (١٥٨ـ ١٥٩).

[4] المعتمد، أبو الحسين البصري (١/ ٣٣٤) (٢/ ٢٠).

ئەوەیە کە زنجیرەی گێڕەرەوانی ناگەنە ئاستی موتەواتیر، هەروەها لە ئاستی فەرموودەی مەشهوریشدا نین بە زاراوەی حەنەفیەکان[1].

بێگومان جێی خۆیەتی ئەوە بووترێت، کە فەرموودەی (ئاحاد) لە مێژووی فەرموودەدا زۆرترین قسە و باسی لەسەر کراوە و بۆ خۆشی بێگومان فەزایەکی فراوانە، لەلایەکی تریشەوە گرێ و گۆڵی گەورە لەناو ئەم جۆرە لە فەرموودە چێنرابوو لەلایەن ناحەزان. دەتوانین بڵێین کاروانی وتووێژ و جەدەل لەسەر ئەم فۆڕمە لە تێکست بەردەوام لە جووڵەدایە و نەوەستاوە، گەرچی لە دەمێك بۆ دەمێکی تر جیاوازیی هەیە. هەر لەبەر ئەوەشە زۆریك لە ئایینزاکان هەریەك لە ڕاستی خۆی سەرباری وتە و هەڵسەنگاندنی فەرموودەناسان هاتوون ئیحتیاتی خۆیان کردووە، هەریەك بە گوێرەی مەنهەجی لە هەڵهێنجان و ڕێبازی مامەڵەکردنی چەندین مەرجی داناوە بۆ کارکردن بە هەندێ لە جۆرەکانی فەرموودەی (ئاحاد)[2]،

---

[1] أصول البزدوي، كنز الوصول الى معرفة الأصول (١٥٢)، وأصول الشاشي (٢٧٢)، البحر المحيط في أصول الفقه (٣/ ٢١٢).

[2] سەرباری مەرجە گشتیەکان بۆ وەرگرتنی فەرموودە، کە خۆی لە: تەکلیف و دادگەری و (ضبط) دەبینێتەوە و هەریەکیش لەوانە لق و پۆی هەیە و وردەکاری بەدواوەیە. ئایینزاکان مەرجی تایبەتیشیان هەیە، حەنەفیان دەڵێن: ١) نابێت لەو بابەتانە بێت زۆر بڵاو بووە لەنێو خەڵکیدا و کەچی بە ئاحاد ریوایەتی کرابێت (تعم به البلوى). ٢) ڕاوی پێچەوانەی خەبەرەکە ڕەفتار نەکات. ٣) نابێت پێچەوانەی قیاس بێت. ٤) نابێت ڕاوی نکوڵی ڕیوایەتەکە بکات. گەرچی ئەمانە بەمەرجی حەنەفیان بەنامێن، بەڵام هەندێ زانای دیکەش ملیان بۆ داوە.

مالیکیەکان مەرجیان بۆ وەرگرتنی فەرموودەی ئاحاد ئەوەیە: نابێت پێچەوانەی نەریتی شاری مەدینە بێت.

شافیعییان دوو مەرجی سەرەکیان هەیە: ١: ڕاستی سەنەدە، ٢: پەیوەستی زنجیرەی گێرەرەوان.

حەنبەلیەکانیش لە مەرجی یەکەمی شافیعیەکان هاوڕان. چەندین مەرج و سەرنجی دیکەش هەن، بەڵام ئەمانە زیاتر ناوبانگیان هەیە. بڕوانە: رفع الحاجب عن مختصر ابن الحاجب، لابن السبكي (٢/ ٣٥٢)، التبصرة، الشيرازي (٣١٦)، المستصفى، الغزالي (١٣٥)، المسودة، آل تيمية (٢١٥)، روضة الناظر، ابن

بۆ نموونە، هەندێ لە زانا بەنامێکانی مالکی بەرژەوەندی (مصلحة) پێش فەرموودە دەخەن و هەرچۆن هاوڕای حەنەفیەکانیشن لە پێشخستنی قیاس لەسەر فەرموودە، بەڵام لەڕاستیدا کە دەچیتە بنج و بنەوانی وتەی هەریەك لە زانایانی ئەو دوو ئاییزایە بۆت دەردەکەوێت ئەو بابەتە ئاوها بەڕەهایی نییە، بەڵکو هەریەکەیان چەندین هۆکاری تر دەخەنە ڕوو ئەگەر لەجێگەیەك کارێکی وەها ڕووی دابێت[1].

بۆ ئەوەی زیاتر هەوڵەکان چڕکەینەوە بۆ خستنەڕووی دید و لەنگیەکانی موعتەزیلە بخەینە ڕوو لەمەڕ فەرموودەی ئاحاد دەڵێین:

**یەکەم:** موعتەزیلە وەك هەر گرووپ و ڕێڕەوێکی تر فەرموودەیان وەك یەك لە سەرچاوەکان ناساندووە و مامەڵەیان لەگەڵ کردووە، ئەگەرچی وەك پێشتر ڕابوورد میتۆدیان ڕوون و ڕەوان نەبووە بەڕەتکردنەوەی هەندێ فەرموودەی دروست و لە ئامێزگرتنی ڕیوایەتی بێ بنەما و بێ زنجیرەی گێڕانەوە، بە بیانووی ناتەبایی لەگەڵ ژیریی[2].

**دووەم:** هەندێ لە موعتەزیلە بە ڕوونی دەڵێن کارکردنمان بە فەرموودە لەبەرئەوە نییە بە بەڵگەی بزانین، بەڵکو بەخاتری پشتگیری ژیرییە لە واتا و ماناکەی، بە واتایەکی تر هەر فەرموودەیەك تەبا نەبێت لەگەڵ ژیریی ئەوە فەرامۆش دەکرێت، وەك ئەبولحوسەینی بەصری، پێشەوای موعتەزیلەی سەردەمی خۆی لە بەغداد، دەڵێت: "ئەو تێکستانەی خوازیاری کردەوەن ئەوە کاریان پێ

---

قدامة (١/ ١١) وما بعدها، التقرير والتحبير لابن أمير (٤/ ٢٥٢، ٣٠٥) وما بعدها، وإرشاد الفحول للشوكاني (١/ ١٣٩).

١ البرهان في أصول الفقه، أبو المعالي الجويني (١/ ٢٩٥)، البحر المحيط في أصول الفقه (٢/ ٥٣٣)، شرح حديث "لا ضرر ولا ضرار" ملحق برسالة (المصلحة في التشريع الإسلامي)، نجم الدين الطوفي (١٦-٤٦)، شرح التنقيح، القرافي (٣٨٧)، شرح الكوكب المنير (٢/ ٣٦٧)، التقرير والتحبير (٢/ ٣٨٦- ٣٨٩)، المدخل، ابن بدران (٣٤٥).

٢ بروانە: المغني للقاضي عبد الجبار.

دەکرێت ئەگەر ژیریی قەبوڵی بوو، بەڵام ئەو تێکستانەی خوازیاری کردەوە نین، بەڵکو زانینیان لەئامێز گرتووە، ئەمانە یان تەبان لەگەڵ ژیریی یاخود ناتەبان، ئەوەی تەبا بێت ئەوە دروستە پەیامبەر فەرمووبێتی، بەڵام ئەوەی ناتەبابێت ئەوە ئەگەر بێ زۆر لەخۆکردن کرا مانایەکی بۆ بتاشین لێکدانەوەیەکی بۆ بکرێت، ئەوە پێویستە بۆی بکرێت، خۆ ئەگەر دەستی نەدا ئەو جۆرە مانای بۆ بکرێت، ئەوکات دەڵێین پەیامبەر نەیفەرمووە و وتەی ئەو نییە"[1].

**سێیەم:** یەکێکی تر لە گرفتە گەورەکانی موعتەزیلە: تانەدانە لە هاوەڵانی پەیامبەر و تۆمەتبارکردنیانە بە نادادگەریی لەوانەی دەیگێڕنەوە لە پەیامبەر (درودی خوای لەسەر). دیارە وەك لە پەڕتووکەکانی (فرق)دا هاتووە کە بڕیاری جەهەنمیبوون بۆ زۆرێك لە هاوەڵانیان داوە وەك بەشداربووانی هەرا و جەنگی (جمل) و (صفین)[2]. ئەمەش ڕووبەڕووی گەورەترین ئاستەنگیان دەکاتەوە کە تێکڕای فەموودەکان بەو وتەی ئەوانە لەڕێی هاوەڵانەوە پێمان گەیشتووە، کەواتە چۆن قەبووڵ دەکرێن؟! جوانترین نموونەش: گوێ گرتنمانە لە عەمری کوڕی عوبەید، گەورەترینی پێشەواکانی موعتەزیلە، تووشی چ تایەك دەبێت کاتێك فەرموودەیەك سەبارەت بە سەلماندنی قەدەر دەدوێت، ئەوەی باسی سەرەتای مرۆڤ دەکات هەر لە روح بە بەرداکردن هەتا مردن[3]، بزانە چی دەڵێت: "ئەگەر لە ئەعمەشم ببیستایە بە درۆم دەخستەوە! خۆ ئەگەر لە زەیدی کوڕی وەهەبم بژنەفتایە وەڵامم دەدایەوە (یاخود خۆشم نەدەویست)، ئەوجا ئەگەر لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودم ببیستایە لێم قەبوڵ نەدەکرد! گەر لە پەیامبەرم ببیستایە ڕەدم

---

[1] المعتمد في أصول الفقه لأبي الحسين البصري (٢/ ٧٩).

[2] الفرق بين الفرق، عبد القاهر البغدادي (٣٠٥ـ ٣٠٧).

[3] مەبەست لە فەرموودەی بەنامێ و مەشهور: "إنَّ خلق أحدكم يجمع في بطن أمه أربعين يومًا نطفة...."، أخرجه البخاري، كتاب القدر، رقم (٦٥٩٤)، ومسلم، كتاب القدر، باب كيفية الخلق الآدمي في بطن أمه، رقم (٢٦٤٣).

دەدايەوە!! خۆ ئەگەر لە خوام ببيستايە ئەمە دەڵێت، پێم دەوت لەسەر ئەمە بەڵێنت لیَ وەرنەگرتووين!!"، زەهەبی لە ژيانی عەمردا باسی کردووە[1].

هەر لەم بابەتەدا، تانەدان لە زانايان و لە زنجيرەی گێرەڕەوان و بەدرۆ لەقەڵەمدانی گێڕاوەکانيان لە هەموو ئاستەکان، سەرنج بدە قسەی نەززام، چۆن ڕيوايەتەکەی عەبدوڵلای کوڕی مەسعود — سەبارەت بە لەتبوونی مانگ - بەدرۆ دەزانێت: "ئيبن مەسعود گومانی وايە مانگ لەت بووە! ئەويش ئەو لەتبوونەی بە چاوی خۆی بينيوە!، ئا ئەوە درۆيەکی ئاشکرا و حاشا هەڵنەگرە!! چونکە خودا نە بۆ ئەو و نە بۆ کەسی تر مانگ لەت ناکات، بەڵکو ئەگەر لەتی بکات بۆ ئەوە ئەو کارە دەکات تا ببێتە بەڵگە بۆ خەڵکی و دەليل بێت بۆ پەيامبەران و ژيرکاری بەندەکان بێت.. چۆن تەواوی خەڵکی بەو ڕووداوەيان نەزانی و خەڵکی ساڵەکەيان تۆمار نەکرد و شاعيرەکان شانامەيان پێدا نەگووت و باسيان نەکرد، هيچ بێبڕوايەك مسوڵمان نەبوو، هەروەها هيچ ئاييندارێك بەرامبەر بیَ باوەڕێك وەك بەڵگە باسی نەکرد"[2].

بەهەمان شێوە، بڕوانە تانەی نەززام دەرهەق بە هاوەڵی پەيامبەری خوا، عەبدوڵلای کوڕی مەسعود، چی دەڵێت کاتێك فەتوايەکی فەرمووە: "ئەگەر ئيبن مەسعود لەبری فەتوا سەرنجی بدايە مرۆڤ چۆن بەدبەخت دەبێت، هەروەها چۆن بەختەوەر دەبێت، چاکتر بوو بۆ ئەو وەك لەوە کە قسەی ناپاك بەناوی خواوە بکات و هەڵەی قورسی بکردايە"[3].

---

[1] بڕوانە: ميزان الاعتدال، للذهبي (٣/ ٢٧٨)، هەروەها: تاريخ الإسلام للإمام الذهبي (٩/ ٢٣٩)، وتأريخ بغداد للخطيب (١٢/ ١٧٠). هەروەها بڕوانە: سير أعلام النبلاء للذهبي (٦/ ١٠٤، ١٠٥)، والبداية والنهاية (٨١/١٠ـ ٨٢).

[2] تأويل مختلف الحديث لابن قتيبة (٢١)، بۆ وەڵامی گومانەکانی نەززام و شوێنکەوتووانی، بڕوانە: منهج المدرسة العقلية للدكتور فهد الرومي (٢/ ٥٧٩ـ ٥٩١).

[3] تأويل مختلف الحديث، ابن قتيبة (٢١).

ئەمانە تەنها بابەت و نموونە نین بەم جۆرە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، بەڵکو چەندین بابەتی تر هەن هەمان خوێندنەوەیان بۆی هەیە کە هەندێك لەوانە دەقی قورئانین[1].

**چوارەم:** بەلای ئەبو هوزەیلی موعتەزیلی و هاوەڵەکانی و خوشکەزاکەی (جاحظ) جاحزیش موتەواتر لە هەڵە پارێزراو نییە و ناڕاستیی و درۆ ڕوودەدات بەسانایی هەرچەند ژمارەی گێڕەرەوانی زۆربن، سەرباری ئەو ناتەباییەی لەنێوانیان بەرپابووە، هەندێکیان دەڵێن: تەنها ئەو کاتە لەم مەترسیە پارێزراوە ئەگەر لەنێو زنجیرەی گێڕەرەوان کەسێك یاخود زیاتر لە ئەهلی بەهەشت هەبێت، بە خەیاڵی ئەویش ئەو دۆستانی خوایە هەمیشە باقین لەم زەمینە، دەکرێت لە زنجیرەی ڕیوایەتەکەدا هەبن ئەوکاتیش لەڕاستیدا هەر خۆیان و وتەیان دەبنە بەڵگە، نەك ڕیوایەتە موتەواتیرەکە[2]، ئەگەرچی هەموویان ئەم بۆچوونەیان دووپات نەکردووەتەوە، بەڵام ڕەت نەکراوەتەوە و وەڵامیش نەدراوەتەوە. ئەمەش بەڕاستی جێگەی تێڕامانە، چونکە ئەگەر وابێت کەواتە خودی ڕیوایەت و فەرموودە هیچ بەهایەکی نامێنێت، بەڵگە تەنها وتەی کابرای بەهەشتیە، ئێ خۆ ئەویش جگە لە چەند هاوەڵێکی پەیامبەر مژدەی پێ داون، دەستنیشانکردنی بەهەشتیی تر ئاستەمە، تەنانەت ئەوانەی پەیامبەریش مژدەی داونەتێ بە ڕیوایەت پێمانگەیشتووە و دوور نییە ئەو بوێژە موعتەزیلیە هەر متمانەشی پێ بکات، ئیتر بۆ ناسینی بەهەشتی دەبێت تەنها ئەو خۆی زەحمەت ببینێ بۆمان دیاریی بکات

[1] بۆ وێنە وتەی عەمر سەبارەت بە دەقی قورئانی پیرۆز: ﴿تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ﴾، هەروەها ﴿ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا﴾، دەڵێت: ئەم دووانە لە لەوحی پارێزراودا نەبوون (لم يكونا في اللوح المحفوظ)"، وەك ئەوەی بیەوێت بڵێت خوای گەورە و زانا نەیدەزانی ئاکامی ئەبو لەهەب چ دەبێت و کێش تەنها و تاك دەبێت.

[2] الفرق بين الفرق، عبد القاهر البغدادي (١٠٩- ١١٠)، والملل والنحل، الشهرستاني (١/ ٥٣)، وتأويل مختلف الحديث (٤٣).

کیٚ بەهەشتیە!! خۆ دیاریشە هەر هاوبیری ئەویش بەهەشتیە، کەواتە هەر ئەویش دەتوانێت فەرموودەی مەقبول جیا بکاتەوە، هەروەها دەکرێت ڕیوایەتی (ئاحاد)ی بەهەشتیەك بەهێزتر بێت لە موتەواترێکی زنجیرە خاڵی لە بەهەشتی!!

دیدی زانایانی ئیسلام بەرامبەر تێکستە موتواتیرەکان ئەوەیە، کە موتەواتیر تێکستێکی بێگومانە و یەقین بەخشە لە ڕووی سەنەدەوە، وەك هەریەك لە فەخرەدینی ڕازی و سەیفەدینی ئامەدی دەڵێن: "کۆدەنگی زۆرینەی زانایان لەسەر ئەوەیە کە فەرموودەی موتەواتیر یەقین و زانست دەبەخشێت"[1].

**پێنجەم: هەڵبەستنی فەرموودە بەدەم پەیامبەرەوە (دروودی خوای لەسەر):** جۆرێکی تر لە دووفاقی و پەرتەوازەیی لە میتۆددا، ئەگەر چی ئەوان خۆیان گوتەنی بە ژیریی تێکستەکان دەسڕنەوە، بەڵام لە لایەکی ترەوە هەندێك لە گەورەکانیان تۆمەتبارن بەوەی لەپێناو جێگیرکردنی پایە هزریەکانیان درۆ بەدەم پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر) و زانایانەوە بکەن، وەك زەهەبی سەبارەت بەم بابەتە بە ڕوونی عەمری کوڕی عوبەیدی پێشەوای موعتەزیلە بەو سیفەتە ناودەبات[2]. هەروەها قازی عەبدولجەبار بۆ پیرۆزی ناوی موعتەزیلە ڕیوایەتێك دەهێنێت لە هەگبەی هیچ زانایەك دەستت ناکەوێت، بەهاکەی ئەوەندەیە لە ڕیزی مەوزوعەکان نەبێت باس ناکرێت، بەڵام قازی دوور و نزیك بەلای بیٚ بنەماییەکەیدا ناچێت، بێگومان دیارە خۆشی چاك دەزانێت درۆ زیاتر هیچی تر نییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە خزمەت بە مەرامی ئەوان دەکات، ئەوە تەنها یەك نموونە دەنا زۆری ترت دەست دەکەویٚ، کە ئەو ڕەفتارەی قازی چەندین جار دووبارە دەبێتەوە[3]. هەرچۆن لە پێشەکی پەڕتووکی (صحيح)ی موسلیمدا هاتووە کە عەمری کوڕی

---

[1] بڕوانە: المحصول للرازي (٤/ ٣٢٨)، الإحكام للآمدي (٢/ ٣٠).

[2] بڕوانە: ميزان الاعتدال للذهبي (٣/ ٢٧٣- ٢٧٤).

[3] فضل الاعتزال (١٦٦).

عوبەید فەرموودەی دروست دەکرد بەدەم پەیامبەرەوە (دروودی خوای لەسەر)، یەك لەوانە گوایە پەیامبەر فەرمویێتی:" ئەگەر موعاویەتان بینی لەسەر مینبەرەکەی من بیکوژن"[1]، کە هیچ بنەمای نییە.

**شەشەم: هەندێك لە موعتەزیلە چەندین مەرجی جیاوازیان داناوە بۆ کارکردن بە فەرموودە:**

١) فەرموودە تەنها لە پەرستشدا کاری پێ دەکرێت: ئەبو عەلی کوڕی خەللادی موعتەزیلی دەڵێت: "فەرموودە تەنها لە پەرستشدا کاری پێ دەکرێت، ئێمە پەرستش دەکەین بە شوێنکەوتنی پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر) لە کردەوەکانی تەنها لە پەرستشدا"[2]، بۆ ئەم بۆچوونەشی چەند بەڵگەیەکی هێناوە، لەوانە:

أ- پەرستش گومانی تێدا نییە کە تەشریعە، بەڵام جگە لەو لەوانەیە کارێکی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی ئەنجام دابێت، کەواتە نابێتە تەشریع بۆ ئوممەت.

ب - هەروەها دروستە فەرمانمان پێ کراوە بە شوێنکەوتنی، بەڵام هەڵدەگرێ فەرمانەکە مەبەست لێی شوێنکەوتن بێت لە کاردا، یاخود لە وتاردا، کەواتە دڵنیا نین کە کامیان مەبەستە، لەوانەشە تەنها وتە بێت[3]. دیارە ئەمانە بەڵگە دیارەکانی بوون، دەنا چەند بەڵگەیەکی تریشی باس کردووە، کە بەپێویست نەزانرا هەموان باس بکرێت[4].

بێگومان بەچەند بەڵگەیەك وەڵامی ئەم بۆچوونە دراوەتەوە لەلایەن زانایان و پسپۆڕانەوە، بەڵگەش هێنراوەتەوە کە فەرمان بە شوێنکەوتن گشتی و پێویستە

---

[1] بڕوانە: أحاديث مختارة من موضوعات الجوزقاني، وابن الجوزي شمس الدين الذهبي (١/ ٩٢).

[2] المعتمد لأبي الحسين البصري (١/ ٣٥٤)، التمهيد لأبي الخطاب (٢/ ٣١٤)، الإحكام للآمدي (١/ ٢٤٢)، المحصول للرازي (٣/ ٣٧٣).

[3] المعتمد لأبي الحسين (١/ ٣٥٤)، والتمهيد لأبي الخطاب (٢/ ٣١٤).

[4] بڕوانە هەمان سەرچاوەکانی پێشوو.

بەگشتیش پەیڕەو بکرێت، تەنها لەو جێگایانە نەبێت بەڵگە لەسەر تایبەتبوونی هەیە بەخودی پەیامبەرەوە (دروودی خوای لەسەر)[1].

٢) زنجیرەی گێڕەرەوان دەبێت زیاد لە دانەیەك بن: بۆ ئەوەی دەقە تاکەکان (ئاحاد) کاری پێ بکرێت، پێویستە زنجیرەی گێڕەرەوان لە یەك کەس زیاتربن، ئەبو عەلی جوبائی گێڕانەوەی تاك (خبر الواحد) ڕەت دەکاتەوە ئەگەر یەك لەم مەرجانەی لەخۆ نەگرتبێت:

- بەپێویستی داناوە بۆ وەرگرتنی خەبەر دەبێت ژمارەی گێڕەرەوانی لە یەك زیاتر بێت. ئەگەر پرسیار بکەیت پێویستە ژمارەیان چەند بێت، ئەوە لە خودی جوبائی زیاد لە وەڵامێك دەبیستیت، لەوانە: ئەگەر بابەتەکە شەرعیات بوو، ئەوە ژمارەکە دەبێت لانی کەم دوو مرۆڤی دادپەروەربن. لە وەڵامێکی تردا، پێویستە چوار کەس کەمتر نەبێت[2]. جگە لەویش چەندین وتەی تر هەیە سەبارەت بە ژمارەی ڕاویەکان[3]. بەهەمان شێوەی خەللاد، ئەمیش چەند بەڵگەیەك لەسەر دروستیی بۆچوونەکانی دەخاتە ڕوو، کە بە سانایی وەڵامیان دەدرێتەوە لەلایەن پسپۆڕانەوە، دواتریش هەندێکیان دەخەینە ڕوو[4]. لەناو ئەو وەڵامانە لە بەرامبەر بۆچوونی ئەم زانا موعتەزیلە، زانایان لە ئاییمزا جیاوازەکان دەڵێن باسی ژمارە و بەمەرجگرتنی تەنها قسەی موعتەزیلەیە و پێش سەرهەڵدانی کۆدەنگی لەسەر قەبوڵکردنی فەرموودەی دروست و ڕاست هەبووە. حافزی حازمی و ئیبن حەزم دەڵێن: "هەتا سەرهەڵدانی

---

[1] بڕوانە هەمان سەرچاوەکانی پێشوو.

[2] بڕوانە ئەم سەرچاوانە: المغني للقاضي عبد الجبار (١٧/ ٣٨٠)، المعتمد (٢/ ١٣٨)، التبصرة للشيرازي (٣١٢)، البرهان للجويني (١/ ٢٣١)، المسودة في أصول الفقه لآل تيمية (٢٣٦، ٢٣٨)، تدريب الراوي (١/ ٧٢).

[3] تدريب الراوى (١/ ٧٥)، هەروەها بڕوانە: آراء المعتزلة الأصولية دراسة وتقويمًا للدكتور علي بن سعد (٣٣٣).

[4] بڕوانە هەمان سەرچاوەکانی پێشووتر.

موعتەزیلە هیچ کەس و کۆمەڵ و تاقمێك مەرجی ژمارەی بۆ وەرگرتنی فەرموودە تاکەکان نەبووە و کۆدەنگی لەسەر وەرگرتنی ڕیوایەتی کەسی سەر ڕاست و متمانەپێکراو لە پەیامبەرەوە هەبوو، ئەوان یەکەم کۆمەڵ بوون ئەو بابەتەیان خستە ناو باسان و ئەو مەرجەیان بە گرەنتی وەرگرتنی دانا، بەو کارەشیان کۆدەنگیان شکاند و کەلێنیان دروست کرد"[1]. خەتیبی بەغدادی، سەبارەت بەهەمان بابەت دەڵێت: "تەواوی تابعین و ئەوانەی لە دوای ئەوانیش هاتن لە تەواوی شاری مسوڵمانان، هەتا ئەم دەمەی ئێمە، کۆدەنگبوون لەسەر وەرگرتن و کارکردن بە گێڕانەوەی تاك، هیچ کەسیش نەبووە نکوڵی لەوە بکات و گازندەی هەبێت"[2].

ـ ئەگەر مەرجی پێشوو جێبەجێ نەبوو، ئەوا پێویستە: هاوتا بێت لەگەڵ ڕووکەشی دەقی قورئانی[3]، خۆ ئەگەر ناکۆك و ناتەبا بوو لەگەڵ ڕووکەشی دەقی قورئانی پیرۆز، ئەوە بێ هیچ هەوڵێك بۆ وەلانانی ناکۆکیەکە فەرموودەکە لەکاردەخرێت، چونکە ئەوە بەڵگەیە لەسەر نادروستیی فەرموودەکە. سەبارەت بەوەی کە نابێت ناکۆکی لەگەڵ ڕووکەشی قورئاندا هەبێت، هەمووان دەزانین ناتەبایی ڕووکەش چارەسەری هەیە و هۆکارەکەشی جاروبار خودی مرۆڤە، یاخود بەکارهێنانی وشە و زمانە، کاهێکیش هەندێ بابەتی پەیوەندیدارە بەو دووەی پێشوو، ئەمە وەك ناتەبایی حەقیقی نییە، ئەم مەرجەش یەکێکە لە بنەماکانی موعتەزیلە و هەندێ کۆمەڵی تر وەك خەواریج و جەبریە و جەهمیە بۆ فەرموودە، هەروەك هەریەك لە ئیبن قەیم و شاطبی و ئیبن قوتەیبە لێیان دەگێڕنەوە[4].

---

[1] الفصول في الأصول، الجصاص (٣/ ٨٥)، والإحكام لابن حزم (١/ ١٠٨).

[2] الكفاية في علم الرواية، الخطيب البغدادي (٣١).

[3] المعتمد لأبي الحسين (٢/ ١٣٨).

[4] المعتمد لأبي الحسين (٢/ ١٣٨)، إعلام الموقعين (٢/ ٢٧٥، ٢٧٦). والاعتصام، باب في مأخذ أهل البدع بالاستدلال (١/ ١٩٩)، وتأويل مختلف الحديث (٨٤) وما بعدها. هەروەها بڕوانە: الخلافة ونشأة الأحزاب الإسلامية (٢١٠ـ ٢١٢).

- یەکێکی تر لە مەرجەکانی ئەبو عەلی ئەوەیە ئەگەر مەرجەکانی پێشوو بەرجەستە نەبوو، ئەوا پێویستە کۆمەڵێك لە هاوەڵان کار بەو فەرموودە (ئاحادە) بکەن، یان هەر نەبێت ئیجتیهاد پشتیوانی بکات، ئەگەرنا بەنامیٚ بێت لەناو خەڵکی، ئەوجا کاری پیٚ بکرێت، دەنا وەلا دەنرێت[1].

لە بەڵگەکانی جوبائی بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی:

یەکەم: بۆ وەرگرتنی ئەم جۆرە فەرموودە شەرع بنەمایە، خودی پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر) گێڕانەوەی تاکەکەسی قەبوڵ نەکردووە، هەتا دڵنیا نەبۆتەوە بە دووپاتکردنی خەبەرەکە لە کەسانی تر، وەك متمانە نەبوونی بە هاواری هاوەڵی بەنامێی بە زولیەدەین (ذو اليدين) کاتێك هەواڵی سەهوی پیٚ ڕاگەیاند لە نوێژەکەیدا، پرسیاری کرد ئەوجا خەبەرەکەی قەبووڵ کرد[2].

دووەم: هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێت) ژمارەیان ڕەچاو کردووە بۆ وەرگرتنی فەرموودە، ئەبوبەکر (خوا لێی ڕازی بێت) فەرموودەی موغیرەی وەرنەگرت لە میراتی نەنێدا هەتا محومەدی کوڕی مەسلەمە دووپاتی نەکردەوە[3]، بەهەمان شێوە عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی ڕازی بێت) فەرموودەی ئەبو موسای قەبوڵ نەکرد سەبارەت بەبیٚ وەڵامی خانەخویٚ دوای جاری سێهەم لە دەرگادان و مۆڵەت

---

[1] المعتمد لأبي الحسين (٢/ ١٣٨).

[2] تەواوی فەرموودەکە: روى أبو هريرة، فقال: صلى بنا النبي - صلى الله عليه وسلم - الظهر ركعتين، ثم سلم ثم قام إلى خشبة في مقدم المسجد، ووضع يده عليها، وفي القوم يومئذ أبو بكر وعمر، فهابا أن يكلماه، وخرج سرعان الناس، فقالوا قصرت الصلاة، وفي القوم رجل كان النبـي - صلى الله عليه وسلم - يدعوه ذا اليدين فقال: يا نبي الله أنسيت أم قصرت؟، فقال: "لم أنس ولم تقصر"، قالوا بل نسيت يا رسول الله، قال صدق ذو اليدين، فقام: فصلى ركعتين ثم سلم ثم ...الحديث. أخرجه البخاري (٤٨٢)، ومسلم (٥٧٣، ٥٧٤) بنحوه.

[3] أخرجه أبو داود، كتاب الفرائض، باب في الجدة، الرقم (٢٨٩٤)، والترمذي، كتاب الفرائض، باب ما جاء في ميراث الجدة، الرقم (٢١٠٠)، وابن ماجه، كتاب الفرائض، باب ميراث الجدة، الرقم (٢٧٢٤).

خواستن بۆ چوونە ماڵ، هەتا هاوەڵان دڵنیایان کردەوە[١]. ئەمە گرنگترین بەڵگەکانی بوون. دیارە وەك پێشتر ڕابورد زانایان وەڵامی تەواوی بەڵگەکانیان داوەتەوە تەنانەت خودی موعتەزیلەش بە بەڵگەکانی ناوبراو ـ جوبائی ـ قایل نین. زانایانمان دەڵێن فەرموودە هەچ کات مرۆڤی دادپەروەری خاوەن توانا گێڕایەوە پێویستە کاری پێ بکرێت[٢].

**ـ هەندێکی تر لە موعتەزیلە مەرجیان بۆ وەرگرتنی فەرموودە بریتیە لە:**

١) پێچەوانەی ژیریی نەبێت، خۆ ئەگەر پێچەوانە بوو، ئەوە بێگومان کاری پێ ناکرێت و وەلا دەنرێت: ئەبولحوسەین دەڵێت: "ئەگەر فەرموودەیەك لە ڕووکەشدا ناتەبا بوو لەگەڵ ژیریی ئەوە فەرموودەکە وەرناگیرێت و ڕەت دەکرێتەوە[٣]. ئەمیش دەبێت بزانرێت کە ناکرێت و نالوێت تێکست پێچەوانەی ژیریی بێت، یاخود بەپێچەوانەوە، ئەم بابەتەش فرە وردە و وریاییەکی باشی دەوێت، دەزانین ژیریی یەکێکە لە تایبەتکرانی تێکستی گشتی (مخصص العام) بەلای ئوصولیەکانەوە و مەرجە بۆ بەرقەراربوونی داوا شەرعیەکان (تکالیف) بۆ ئەستۆی مرۆڤ، بەڵام ئیشکالی گەورە ئەوەیە موعتەزیلە کام ژیرییەی مەبەستە؟ بێگومان ژیریی ڕەها و ئازادیان مەبەست نییە، بەڵکو ئەوەی ئەوان مەبەستیانە و ناویان ناوە ژیریی و لە سایەیدا بنەماکانی خۆیان قایم کردووە، نەك ژیریی ڕەها و ئازاد؟

٢) کۆدەنگی لەسەر واتاکەی دابمەزرێت: جارێکی تر ئەبولحوسەینی بەصری دەڵێت: "بەڵام (خبر الواحد) ئەگەر کۆدەنگیی ئوممەت لەسەر واتاکەی بوو لەسەر ڕاستی فەرموودەکە بوو، ئەوە بە یەقینی و بێگومان بە ڕاست وەردەگیرێت، چونکە

---

[١] القصة معروفة، والحديث أخرجه البخاري في صحيحه، الرقم (٥٨٩١)، ومسلم في صحيحه (٥٧٥١).

[٢] التبصرة للشيرازي (٣١٢)، والتمهيد لابن برهان (٣/ ٧٥)، والمعتمد لأبي الحسين (٢/ ١٣٨).

[٣] المعتمد فى أصول الفقه (٢/ ٥٤٩)، هەروەها بڕوانە: شرح الأصول الخمسة (٥٦٥).

ئوممەت لەسەر هەڵە کۆ نابێتەوە، خۆ ئەگەر کۆدەنگی دروست نەبوو، ئەوە بەلای کۆمەڵێکیان نابێتە بەڵگە"[1].

**حەوتەم:** لە هەڵبەستنی فەتوا بەناوی زانایانەوە، ئەمەش جارێکی تر گومان لەسەر ڕاستی و دڵسۆزیان بەرپا دەکات: دەگێڕنەوە عەمری کوڕی عوبەید دەڵێت: "لە پێشەوا حەسەنی بەصریم بیستووە کە مەستبوو، داری حەدی لێ نادرێت!، ئەبو ئەیوبی سەختیانی دەڵێت: ڕاست ناکات، من خۆم لە ئیمامم بیست، کە حەدی لەسەرە"[2].

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین، گرنگە نە ئەوەی موعتەزیلە گرنگیدانە بە ژیریی و پایەی و نە ئەوەی بەرامیەریشیان بێڕێزی و نکوڵییە لە گرنگی و پێگەی ژیریی. بەڵگە لەسەر گرنگیدانی ئایینزاکانی تر بە ژیریی، بوونی ئەو هەزاران پەڕتووکی فیقهی و فەتوایەیە، ئەو هەموو ڕوونکردنەوەی ڕێگاکانی ئیجتیهاد و هەڵهێنجانەیە، ئەو هەموو تاوتوویی نێوان خودی دەقە جیاوازەکانە، یەکخستن و ئاڕاستەی درووست هەر دەقێك بەجۆرێك ناتەبایی و ناهەمواری ڕوو نەدات، هەموو ئەوانە ئەگەر ژیریی تێدا بەکار نەبرایە و بیر و هۆشی قوڵ و دووری لەپشت نەبوایە، چۆن ئاوها ڕێك و ڕەوان خۆیان پیشان دەدا، چونکە بۆ موعتەزیلە جگە لەو ڕیزبەندیە - پێشخستنی ژیری - ڕووبەڕووی دژوارییەکی کەم وێنەیان دەکاتەوە، مەگەر ئەوان ناڵێن تەنها بە بوونی ژیریی مرۆڤ پێویستە چاکەکاربێت و دوورەپەرێز بێت لە خراپە، کەواتە هەر لەوێ خۆیان وابەستەکردووە بەوەی ژیریی پێشەنگی سەرچاوەکانت بێت.

---

[1] المعتمد في أصول الفقه (٢/ ٨٤).

[2] إكمال المعلم شرح صحيح مسلم، للقاضي عياض (١/ ١٢١).

**جێکەوتی دیدی ئەوان ( موعتەزیلە ) لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا :**

موعتەزیلە کە لە چەقی گفتوگۆ هزریەکان بوو، بیری ئەوان چاوساغی دەوڵەت و میرەکان بوو، لادان لە بازنەی هزریی ئەوان ئاکامەکەی یان کوشتن بوو، یاخود زیندان و سزادان، ناحەز و ناتەباکانیان ناچارکران ڕوو لە کونج و سوچ و پەنا بکەن، زۆر بە زوویی پەناگایەك وەچنگ بخەن و خۆحەشار بدەن، نەك لەبەر هێزی هزر و بەیانیان، یاخود بەڵگە و بورهانیان، بەڵکو لەبەر ئاپۆڕای ڕاپۆرتی بەپەلەیان بۆ دیوەخانی میرەکان، ئەوان کە لەو بوارە بێ بوارەدا هێزی زمان و قەڵەمیان چەند باڵا بوو، لە باڵەخانەی میر و خەلیفەکان بۆ تێوەگلانی هەرکەس مەیلی مەیلان نەبوایە بۆ بیر و هۆش و هزریان، دەبوو چاوەڕوانی ئاکامی توقێنەر و تاریك و تار بکات، وەلێ ئەو ڕۆژگارە چەندی خایاند. کۆتاجار ڕووبەڕووی کودەتای زەمانە بوویەوە و قەڵای قایم و مەحکەمیان لەبن هات، تووناوتوون بوو. ئەگەرچی موعتەزیلە تەواو پاشەکشەی کرد و بگرە هێدی هێدی لە نشێوی و پوکانەوەدا، تا دواجار بووە ناوەخنی هەندێ گرووپ و کۆمەڵی تری فیکری[1].

ئەوەندە هەیە تەرزی هزری موعتەزیلە لە زۆر سەردەم و زەماندا لە بەرگی نوێ و فۆرمی جیاوازدا خۆی دەنوێنێت، لە هەموو سەردەم و زەمانێکدا بە سانایی نەخشی هزری موعتەزیلە بە ڕوخساری چینێك لە نوێخوازەکان بەدی دەکرێت، ئا لێرەوە دەکرێت بڵێین موعتەزیلە بەردەوامە و هەرجارە لە سایە و سێبەری نوێگەریدا خۆی دەنوێنێت. هێندە هەیە ئەوانەی پریشکی هزر و بیری موعتەزیلەیان بەرکەوتووە و بارگاوی بوون بە دید و سەرنجەکانیان و کەیفیان بە دەنگ و سەدای ئەوان سازە، تەنها جۆر و چەشن و خاوەن یەك ڕووگە و مەنهەج نین، بەڵکو

---

[1] بۆ ئاوێتەبوونی موعتەزیلە و گرووپەکانی تر بروانە: تاريخ الجهمية والمعتزلة، جمال الدين القاسمي (٤٢)، الملل والنحل، الشهرستاني (٢/ ١٠ـ ١١)، والعقيدة والشريعة في الاسلام، كولدزيهر، ترجمة: محمد يوسف، علي عبدالقادر (٢٢٣).

هەمەچەشن و فرە دەنگ و ڕەنگن، گەر بمانەوێت دانە دانە باسیان بکەین کاتی زۆر و کاری گرانیان دەوێت، بۆیە هەوڵ دەدەین سیما گشتیەکان و خووە دیارەکان و ڕێچکە باوەکانیان لە چەند خاڵێك خڕ بکەینەوە:

**یەکەم:** نیشانەی بارگاوی بوون بە پێڕەوی موعتەزیلە، گوێنەدان و بێ ئاگاییە لە دروستیی و نادروستیی فەرموودە و ڕیوایەت، لە کتێب و پەڕتووکەکانیان ڕیوایەتی وا دەبینی، چەند خۆت ماندوو بکەیت تا لە سەرچاوەیەك چنگت بکەوێت، بەدەستی بەتاڵ دەگەڕێیتەوە، لە هیچ لایەك خەبەرێك لەو خەبەرە نییە، هەندێ جاریش پێچەوانەی ئەم دیاردە بەرچاو دەکەوێت، فەرموودەی ڕاست و ڕەوان ڕەت دەکەنەوە، ئینجا ئەوانەی بەم شێوە مامەڵە لەگەڵ فەرموودە دەکەن یەك دیدگا کۆی نەکردوونەتەوە، هەندێ بۆی بووە بە خوو، نەك هۆگری ڕێبازی ئەوان بێت، زۆرێك لە کتێبە فیقهیەکان ئەم دیاردەیان لەسەر دیارە. بەشێوەیەکی گشتی ئەم حاڵەتە زیاتر موعتەزیلە هۆگری بوون وەك پێشتر باسی قازی عەبدولجەبار کرا. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا هەندێك نووسەر دەبینین ملیان لە هەمان ڕێچکە و نەریت ناوە، لەگەڵ ئەوەی هەندێك لەمانە هەڵاوی ئایینداری لە ڕەفتاریان بەدی ناکرێت.

**دووەم:** خوویەکی تریان ئەوانەی لە نووسینەکانیان دەق بێ بایەخ دەکەن، شانازی بە پشتگوێخستنی دەکەن و فەتوا بە پێچەوانەی تێکستە شەرعیەکان دەفەرموون، ئەوەش شاگردی قوتابخانەکەی ئەوانن.

**سێیەم:** ئەوانەی ڕاستەوخۆ بانگی دژایەتی فەرموودەیان داوە و خامە و چامەیان خستوەتە خزمەت ئەو ئامانجە، کە دیارترینیان بریتین لە هەریەك لە:

- د. ئیسماعیل ئەدهەم، خاوەنی پەڕتووکی (مێژووی فەرموودەیە)، لە ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمە چەندین فەرموودەی ڕاست و دروستی بە درۆ داناوە، د. محەمەد موستەفای ئەعزەمی هەستاوە بە وەڵامدانەوەی.

ـ د. مەحمود ئەبو ڕییە، خاوەنی پەڕتووکی (أضواء على السنة المحمدية)، ئەمیان جگە لە بەناڕاست زانینی هەندێ فەرمووده، زۆرێك درۆ و بوهاتان و تانەی دەرهەق بە هاوەڵانی پەیامبەر (دروودی خوا لەو و ڕەزاش بۆ هاوەڵانی) زیاد کردووه، دکتۆر موستەفا سیباعی وەڵامی داوەتەوە لە پەڕتووکی (السنة ومكانتها في التشريع الإسلامي)، بەهەمان شێوە محەمەد عەبدولڕەزاق حەمزە لە وەڵامی ئەبو ڕییە پەڕتووکی (ظلمات أبي رية)ی بڵاوکردەوه، هەروەها عەبدولڕەحمانی یەحیای موعەللیمی لە وەڵامی ئەبو ڕییە پەرتووکی: (الأنوار الكاشفة لما في كتاب أضواء على السنة من الزلل والتضليل والمجازفة)ی نووسی.

لەم کۆتاییانەشدا عەبدولجەواد یاسین خۆی گەیاندە ئەو کاروانە بەخۆی و کتێبەکەی بەناوی (السلطة في الإسلام، العقل الفقهي السلفي بين النص والتأريخ). هەروەها کەسێکی تریش بەناوی زەکەریا ئۆزۆن، کە ناوێکی خوازراوه، بەهەمان شێوە پەڕتووکی (جناية البخاري، إنقاذ الدين من إمام المحدثين)ی خستە بازاڕەوە، دواتر هەڵە و چاوبەستیەکانی بە کۆششی نووسەران ئاشکرا کران. دکتۆر حاکم مەتیری پەڕتووکی (جناية أوزون)ی پێشکەش بە خوێنەرانی کرد، دیارە هەموو ئەوانە وەك وتمان وەڵامیان دراوەتەوه.

ئەگەرچی زۆرێك لە موعتەزیلە ئاییندریان بەتەواوی پێوە دیار بوو، زانایان گەواهییان بۆ دەدەن، بەڵام هەندێك لەمانە ئەو سنوورەیان تێپەڕاندووه و هیچ دڵسۆزی و ڕاستگۆیی و ئاییندارى لە کاریان هەنا ناکرێت.

**چوارەم:** تانەدان لە زانایانی ئوممەتی ئیسلامی و بە کەم سەیرکردنی ڕەنج و کۆششیان، بگرە گاڵتەکردن بە فەتوا و ئیجتیهادیان، وەك لە میانەی ئەم توێژینەوەیەدا هەندێك لەوانەمان بەچاوی خۆمان بینی، ئەوەش لە نیشانە و سیماکانی موعتەزیلەیە.

**پێنجەم:** ئەوانەی زۆر بە شان و باڵی ژێریدا هەڵدەدەن، سەرسامی خۆیان پیشان دەدەن، زۆر ئەوە دووپات دەکەنەوە لە کاتی ناتەبایی دەق و ژیریی، ژیریی وەپێش دەخرێت، بێ ئەوەی چەند وێنەیەکی بەرجەستەیان لەبەردەست بێت، جاروباریش ئەو کارە دەدەنە پاڵ زۆرینەی ڕەهای زانایان، وەك یەك لەوان دەڵێت: "هەموو میللەتی ئیسلامی یەك دەنگن تەنها کەمێك نەبێت کە حسابیان بۆ ناکرێت، کە هەرکات ژیریی و دەق ناتەبا بوون کار بە بەڵگەی ژیریی دەکریت"[1]. هەر لەسەر هەمان ڕێباز، نووسەرێکی تر دەڕوات و دەڵێت: "ئەوەی مسوڵمانانی لەسەرە لە ئەهلی سوننە و ئەوانی تریش ئەوانەی کە حساب بۆ ئیسلامەتیان دەکرێت، کاتێك بەڵگەی ژیریی ناتەبایی هەبوو لەگەڵ ڕووکەشی شەرع، کار بە بەڵگەی ژیریی دەکرێت"[2].

---

[1] الإسلام والنصرانية، محمد عبدة (٥٦).

[2] شبهات النصارى وحجج الإسلام، محمد رشيد رضا (٧١ـ ٧٢).

## کۆتایی

ناکرێت ڕۆڵی ئەرێنی موعتەزیلە لەبەرچاو نەگیرێ، گفتوگۆ و کۆڕی گەرمی مناقەشە و باس و خواسیان لە سەردەمی خۆیان، بەتایبەت بەرامبەر نامسوڵمانەکان، ئەو ڕەنجانەیان جێگای ڕێزە. ناکرێت بۆ هەر بابەتێك بە سەرپێیەوە بڕیاری گشتی بەسەر موعتەزیلە بسەپێنی بەهۆی وتەی تەنها زانایەکیان یاخود بوێژێکیان، چونکە موعتەزیلە قوتابخانەیەکی فراوان بووە، تەنها پێنج بنەماکە نەبێت، زۆر شتی تر جێگەی ناکۆکییان بووە.

لەناو نووسەرە موعتەزیلەکان مرۆڤی خاوەن شکۆ و ئەدەب هەیە، وەك ئەبولحوسەینی بەصری، هی ئەوتۆشیان هەیە کاری سەرەکی هێرش و کەم سەیرکردنی هەمووانە کە موعتەزیلە نین. بێگومان هەندێ لە ڕێبەرانیان زیادەڕەوی و کەمتەرخەمی بێ وێنەیان هەبووە.

ئەوەی تێگەیشتم لەم گەڕانەم ئەوەی ئەوان بە ژیریی ناوی دێنن لەڕاستیدا لە دێوجامەیەك زیاتر هیچی تر نییە. لێرەوە گلەییم لەوانەیە کە موعتەزیلە بەوە ناو دەبەن کە ژیرییان بەلاوە زۆر گرنگە، چونکە ڕاستیەکەی موعتەزیلە هەوڵیان داوە بنەماکانیان بەناوی ژیرییەوە بپارێزن. ئەوان بە بیری خۆیان سەرەتا بنەما هزرییەکانیان بونیاد ناوە، دواتر هاتوون دەقیان بۆ پشتیوانی لەو بنەمایانە بەکارهێناوە و وتەکانی قازی عەبدولجەباریش باشترین بەڵگەیە.

هەرچۆن موعتەزیلە لە سەردەمی زوودا ڕۆڵی گەورەیان هەبووە، بەردەوام بوونیان هەیە لە فۆرم و بەرگی نوێدا. مەرج نییە هەچ نووسەر و توێژەرێك لە بەرامبەر دەق قەڵس و نیگەران بێت ئەوە شەیدای دیدی موعتەزیلە بێت، چونکە موعتەزیلە نە وتوویانە کار بە دەق ناکرێت، نە وتووشیانە فەرموودە وەلا دەنێین، بەڵکو تەنها شتێك کە ئەوان بە ژیریی ناوی دەبەن پێش دەقی دەخەن لە دوای دەستەوسانبوون لە هەموو هەوڵەکان بۆ دروستکردنی تەبایی.

پێویسته ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە موعتەزیلە تەنها نین بە خاتری هۆکارێك جۆرێك لە دەق ڕەت بکەنەوە، بەڵکو لە میانەی ئەم توێژینەوەیەدا چەند ئایینزای تریش پەنجەیان بۆ ڕادەکێشرێ و ئاماژەیان بۆ دەکرێت کە بەتایبەت فەرموودەی ئاحاد ڕەت دەکەنەوە ئەگەر ناتەبایی لەگەڵ بەرژەوەندی یاخود قیاس یان کردەوەی خەڵکی جوگرافیایەکی تایبەت هەبوو.

موعتەزیلە خاوەنی مەنهەجێکی تۆکمە و پتەو نەبوون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ فەرموودە، هەربۆیە بەسانایی فەرموودەی دروست ڕەت دەکەنەوە و ڕیوایەتی دروستکراو و مەوزوعیش پەسەند دەکەن!! جێگەی نیگەرانیە موعتەزیلە وەك پاڵەوانی ژیریی و داکۆکیکار و پارێزەری ژیریی ناوزەد دەکرێت، چونکە ڕاستیەکەی ئەوان ناوی ژیریی بەکاردەبەن بۆ بەهێزکردنی بابەتە هزریەکانیان و بۆ چوونە تایبەتەکانیان، هەندێ شت ئەوان دەیڵێن و ژیریی پیشتیوانی دەکات، خەڵکانی تریش هەمان بۆچوونیان هەبووە.

جورئەت و زیادەڕەوی هەندێك لە گەورەکانی موعتەزیلە لە بەرابەر دەق و هاوەڵان جێگەی سەرسوڕمانە و بێ بنەما و شەرمەزاریە، ترسناکترینیان بابەت دروستکردن و هەڵبەستنی فەرموودە و فەتوایە بە دەم پەیامبەر و بەناوی زانا پایە بەرزەکانەوە، کە هەندێك لە موعتەزیلە پەنایان بۆ بردووە.

جگە لە موعتەزیلە زانایانی تریش ڕۆڵی ژیریی و پێگەیان فەرامۆش نەکردووە، هەندێکیان وەك سەرچاوەی تەشریع ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەخۆ ئەژماریان کردووە، هیچ زانایەکیش نەبووە و نییە کە ژیریی بە بنەمای سەرەکی ئەژمار نەکردبێت بۆ وابەستەبوون بە ئەحکامە شەرعیەکان. ئەوەی کە باس دەکرێت ناتەبایی لەنێوان ژیریی و دەقدا بێگومان دیارە بوێژی ئاوها تاووتوێکاری ورد نییە و توێژەر قووڵ نەبۆتەوە، دەنا ناکرێت دەقێك تەنها لەبەر ئەوە ئاڕاستەی مرۆڤ کراوە کە خاوەن ژیرییە ئێستە ناتەبایی دروست بێت لەنێوانیاندا.

# سەرچاوەکان

دوای قورئانی پیرۆز:

١. الإبهاج في شرح المنهاج على منهاج الوصول إلى علم الأصول للبيضاوي، علي بن عبد الكافي السبكي، تحقيق: جماعة من العلماء، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط١، ١٤٠٤هـ

٢. أدب المعتزلة، د. عبد الحليم بليغ، مطبعة الرسالة بمصر، ط٢، ١٩٦٩م.

٣. أحاديث مختارة من موضوعات الجوزقاني وابن الجوزي، شمس الدين الذهبي.

٤. الإحكام في أصول الأحكام، علي بن أحمد بن حزم الأندلسي أبو محمد، دار الحديث ـ القاهرة، ط١، ١٤٠٤.

٥. الإحكام في أصول الأحكام، علي بن محمد الآمدي أبو الحسن، دار الكتاب العربي ـ بيروت، ط١، ١٤٠٤هـ.

٦. أصول الفقه المسمى إجابة السائل شرح بغية الآمل، محمد بن إسماعيل الأمير الصنعاني، تحقيق: القاضي حسين بن أحمد السياغي والدكتور حسن محمد مقبولي الأهدل، مؤسسة الرسالة ـ بيروت، ط١، ١٩٨٦.

٧. أصول البزدوي، كنز الوصول الى معرفة الأصول، علي بن محمد البزدوي الحنفيى، مطبعة جاويد بريس ـ كراتشي.

٨. أصول الشاشي، أحمد بن محمد بن إسحاق الشاشي أبو علي، دار الكتاب العربي ـ بيروت، ١٤٠٢.

٩. الأصول الخمسة للقاضي عبدالجبار، تحقيق: د فيصل بدير عون، مطبوعات جامعة الكويت، ١٩٩٨م.

١٠. أصول الفقه المسمي بالفصول في الأصول، للامام أحمد بن علي الرازي الجصاص (ت ٣٧٠هـ)، دراسة وتحقيق: د. عجيل جاسم النمشي، ط١، ١٤٠٥هـ/ ١٩٨٥م.

١١. إعلام الموقعين عن رب العالمين، محمد بن أبي بكر أيوب الزرعي أبو عبد الله، تحقيق: طه عبد الرءوف سعد، دار الجيل ـ بيروت، ١٩٧٣.

١٢. الاعتصام، للشاطبي، موافق للمطبوع، أبو إسحاق الشاطبي، المكتبة التجارية الكبرى ـ مصر.

١٣. إرشاد الفحول لتحقيق الحق من علم الأصول، محمد بن علي بن محمد الشوكاني، دار الكتاب العربي، ط١، ١٤١٩هـ/ ١٩٩٩م.

١٤. الإسلام والنصرانية، محمد عبدة، ط٧، دار المنار، ١٣٦٧هـ.

١٥. إكمال المعلم شرح صحيح مسلم، القاضي أبو الفضل عياض اليحصبي (ت ٥٤٤ هـ).

١٦. الأعلام قاموس تراجم لأشهر الرجال والنساء من العرب، والمستعربين والمستشرقين، خير الدين الزركلي، دار العلم، للملايين، ط٥، ١٩٨٠.

١٧. آراء المعتزلة الأصولية، دراسة وتقويمًا، د. علي بن سعد بن صالح، مكتبة الرشد بالرياض، ط٢، ١٤١٧هـ/ ١٩٩٦م.

١٨. البداية والنهاية، إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي أبو الفداء، مكتبة المعارف ـ بيروت.

١٩. البحر المحيط في أصول الفقه، بدر الدين محمد بن عبد الله بن بهادر الزركشي (ت ٧٩٤هـ)، المحقق: محمد محمد.

٢٠. البرهان في أصول الفقه، عبد الملك بن عبد الله بن يوسف الجويني أبو المعالي، الناشر: الوفاء، المنصورة ـ مصر، ط٤، ١٤١٨هـ، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ط١، ١٤٢١هـ/ ٢٠٠٠م.

٢١. تأويل مختلف الحديث، عبد الله بن مسلم بن قتيبة أبو محمد الدينوري، تحقيق: محمد زهري النجار، دار الجيل ـ بيروت، ١٩٧٢.

٢٢. تأريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان الذهبي، دار الكتاب العربي، لبنان ـ بيروت، ١٤٠٧هـ/ ١٩٨٧م.

٢٣. تأريخ بغداد أو مدينة السلام، تأليف الإمام الحافظ أبي بكر أحمد بن علي الخطيب البغدادي (ت ٤٦٣هـ)، دراسة وتحقيق: مصطفى عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

٢٤. تأريخ الجهمية والمعتزلة، جمال الدين القاسمي، مؤسسة الرسالة، ١٩٧٩م.

٢٥. التقرير والتحبير، محمد بن محمد ابن أمير الحاج الحنبلي، دراسة وتحقيق: عبد الله محمود محمد عمر، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط١، ١٤١٩هـ/ ١٩٩٩م.

٢٦. التبصرة في أصول الفقه، إبراهيم بن علي بن يوسف الفيروزآبادي الشيرازي أبو إسحاق، تحقيق: د. محمد حسن هيتو، دار الفكر ـ دمشق، ط١، ١٤٠٣هـ.

٢٧. تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي، عبد الرحمن بن أبي بكر السيوطي، تحقيق: عبد الوهاب عبد اللطيف، مكتبة الرياض الحديثة ـ الرياض.

٢٨. التمهيد لأبي الخطاب، تحقيق: د. مفيد أبو عمشة، ط/ مركز البحث العلمي ـ جامعة أم القرى، ط١، ١٤٠٦هـ.

٢٩. التأويل خطورته وآثاره، د. عمر الأشقر، ط١، ١٤١٢هـ.

٣٠. الخلافة ونشأة الأحزاب السياسية، د. محمد عمارة، مطبعة المؤسسة العربية للدراسات والنشر ـ بيروت، ط١، ١٩٧٧م.

٣١. دراسات في الفرق والعقائد الاسلامية، د. عرفان عبد الحميد، مطبعة الإرشاد ـ بغداد، ط١، ١٩٦٧م.

٣٢. رسائل الجاحظ، رسالة التربيع والتدوير، لعمرو بن بحر الجاحظ، مكتبة الخانجي بالقاهرة، ١٩٧٩م.

٣٣. رفع الحاجب عن مختصر ابن الحاجب، تاج الدين أبي النصر عبد الوهاب بن علي بن عبد الكافي السبكي، عالم الكتب، لبنان ـ بيروت، ط١، ١٤١٩هـ/ ١٩٩٩م.

٣٤. سنن ابن ماجه، للحافظ أبي عبد الله محمد بن يزيد القزويني ابن ماجه (٢٠٧ـ ٢٧٥هـ)، حقق نصوصه ورقم كتبه وأبوابه وأحاديثه وعلق عليه: محمد فؤاد عبد الباقي، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع.

٣٥. سنن أبي داود، سليمان بن الأشعث أبو داود السجستاني الأزدي، دار الفكر، تحقيق: محمد محيي الدين عبد الحميد.

٣٦. سنن الترمذي، وهو الجامع الصحيح، للإمام الحافظ أبى عيسى محمد بن عيسى بن سورة الترمذي (٢٠٩ ـ ٢٧٩هـ)، حققه وصححه: عبد الوهاب عبد اللطيف، دار الفكر للطباعة والنشر.

٣٧. سير أعلام النبلاء، شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد الذَهَبي، المحقق: مجموعة محققين بإشراف شعيب الأرناؤوط، مؤسسة الرسالة، الطبعة : غير متوفر.

٣٨. شبهات النصارى وحجج الإسلام، محمد رشيد رضا، ط٢، دار المنار، ١٣٦٧هـ.

٣٩. شرح الأصول الخمسة للقاضي عبدالجبار، تحقيق: د. فيصل بدير عون، ط١، ١٩٩٨م.

٤٠. شرح الكوكب المنير، تقي الدين أبو البقاء محمد بن أحمد بن عبد العزيز بن علي الفتوحي المعروف بابن النجار (ت ٩٧٢هـ)، المحقق: محمد الزحيل ونزيه حماد، مكتبة العبيكان، ط٢، ١٤١٨هـ/ ١٩٩٧م.

٤١. شرح تنقيح الفصول في اختصار المحصول في الأصول، القرافي، دار الفكر ـ القاهرة، تحقيق: طه عبد الرؤوف، ط١، ١٩٧٣.

٤٢. شرح حديث "لا ضرر ولا ضرار" ملحق برسالة (المصلحة في التشريع الإسلامي)، نجم الدين الطوفي.

٤٣. صحيح البخاري، الجامع الصحيح المختصر، محمد بن إسماعيل أبو عبد الله البخاري الجعفي، تحقيق: د. مصطفى ديب البغا أستاذ الحديث وعلومه في كلية الشريعةـ جامعة دمشق، دار ابن كثير، اليمامة ـ بيروت، ط٣ ، ١٤٠٧هـ/ ١٩٨٧م.

٤٤. صحيح مسلم، مسلم بن الحجاج أبو الحسين القشيري النيسابوري، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي ـ بيروت.

٤٥. العقل عند الأصوليين، أ.د. عبد العظيم الأديب، خال عن غيرها موجود على النت على شكل (pdf).

٤٦. العقيدة والشريعة في الإسلام، كولدزيهر، ترجمة: محمد يوسف، علي عبدالقادر، ط٢، ١٩٥٩م.

٤٧. فتح الباري شرح صحيح البخاري، أبو الفضل أحمد بن علي بن محمد بن أحمد بن حجر العسقلاني (ت ٨٥٢هـ)، المحقق: عبد العزيز بن عبد الله بن باز ومحب الدين الخطيب، رقم كتبه وأبوابه وأحاديثه وذكر أطرافها: محمد فؤاد عبد الباقي، دار الفكر (مصور عن الطبعة السلفية).

٤٨. فتح المغيث شرح ألفية الحديث، شمس الدين محمد بن عبد الرحمن السخاوي، دار الكتب العلمية ـ لبنان، ط١، ١٤٠٣هـ

٤٩. الفرق بين الفرق، عبد القاهر بن طاهر بن محمد البغدادي أبو منصور، دار الآفاق الجديدة ـ بيروت، ط٢، ١٩٧٧.

٥٠. فضل الاعتزال وطبقات المعتزلة، لأبي القاسم البلخي، والقاضي عبد الجبار، والحاكم الجشمي، تحقيق: فؤاد سيد، الدار التونسية ـ بتونس، ١٣٩٤هـ/ ١٩٧٤م.

٥١. الكفاية في علم الرواية، الامام الحافظ المحدث أبى أحمد بن علي المعروف بالخطيب البغدادي (ت ٤٦٣هـ)، تحقيق وتعليق: د. أحمد عمر هاشم، أستاد الحديث بجامعة الأزهر وعميد كلية أصول الدين بالزقازيق، دار الكتاب العربي ـ بيروت، ط١، ١٤٠٥هـ/ ١٩٨٥م.

٥٢. المحصول في أصول الفقه، للقاضي أبي بكر بن العربي المعافري المالكي ٤٦٨ـ ٥٤٣هـ)، تحقيق: حسين علي اليدري ـ سعيد فودة، دار البيارق ـ عمان، ١٤٢٠هـ/ ١٩٩٩م.

٥٣. المحصول في علم الأصول، محمد بن عمر بن الحسين الرازي، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية ـ الرياض، ط١، ١٤٠٠هـ.

٥٤. المدخل إلى مذهب الإمام أحمد بن حنبل، عبد القادر بن أحمد بن مصطفى بن عبد الرحيم بن محمد بدران (ت ١٣٤٦هـ)، المحقق: محمد أمين ضناوي، دار الكتب العلمية، ط١، ١٤١٧هـ/ ١٩٩٦م.

٥٥. المستصفى في علم الأصول، محمد بن محمد الغزالي أبو حامد، تحقيق: محمد عبد السلام عبد الشافي، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط١، ١٤١٣هـ.

٥٦. المسودة في أصول الفقه، عبد السلام + عبد الحليم + أحمد بن عبد الحليم آل تيمية، تحقيق: محمد محيى الدين عبد الحميد، المدني ـ القاهرة.

٥٧. المعتزلة وأصولهم الخمسة وموقف أهل السنة منها، عواد بن عبدالله المعتق، مكتبة الرشد ـ الرياض، ط٢، ١٩٩٥م.

٥٨. المعتمد في أصول الفقه، محمد بن علي بن الطيب البصري أبو الحسين، تحقيق: خليل الميس، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط١، ١٤٠٣هـ.

٥٩. المغني في أبواب التوحيد والعدل للقاضي عبدالجبار، قوم نصه ابراهيم الابياري، باشراف د. طه حسين.

٦٠. مقالات الإسلاميين واختلاف المصلين، لأبى الحسن الأشعري، تحقيق: محمد محيى الدين عبد الحميد، مكتبة النهضة المصرية، ط٢، ١٣٨٩هـ/ ١٩٨٤م.

٦١. الملل والنحل، محمد بن عبد الكريم بن أبي بكر أحمد الشهرستاني، تحقيق: محمد سيد كيلاني، دار المعرفة ـ بيروت، ١٤٠٤هـ.

٦٢. منهاج السنة النبوية في نقض كلام الشيعة والقدرية، أحمد بن عبد الحليم بن تيمية الحراني أبو العباس، تحقيق: د. محمد رشاد سالم، مؤسسة قرطبة، ط١، ١٤٠٦هـ.

٦٣. المنية والأمل في شرح كتاب الملل والنحل، لابن المرتضى، أحمد بن يحيى، طبع في دار المعارف السلطانية، ط٢، ١٩٩٠م.

٦٤. ميزان الاعتدال في نقد الرجال، تأليف أبي عبدالله محمد بن أحمد بن عثمان (ت ٧٤٨هـ)، تحقيق: علي محمد البجاوي، دار المعرفة للطباعة والنشر بيروت ـ لبنان.

٦٥. وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، لأبي العباس أحمد بن محمد بن خلكان، تحقيق: د. إحسان عباس، دار الثقافة ـ بيروت، بدون تاريخ.